پوختەی میژووی تەبەری

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

نووسینی
موحەممەدی کوڕی جەریری تەبەری
(٢٢٤ - ٣١٠) کۆچی

پوختەکردنی
د. رجب محمود ابراهیم بخیت

وەرگێڕانی
عبدالله گەرمیانی

TISHK

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

پوختەی

مێژووی تەبەری

(مێژووی ئوممەتان و پادشایان)

تاريخ الطبري

(تاريخ الأمم والملوك)

موحەممەدی کوڕی جەریری تەبەری

(کۆچکردووی ٣١٠)ی کۆچی

پوختەکار: د. رجب محمود إبراهيم بخيت

وەرگێڕانی: عبدالله گەرمیانی

TISHK

ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب: پوختەی مێژوی تەبەری
- نوسینی: موحەممەدی کوری جەریری تەبەری
- وەرگێڕانی: عبدالله گەرمیانی
- دیـــــــزایـــــن: هونەر عوسمان
- پێوانە: ١٧*٢٤ سم
- ژمارەی لاپەڕە: ٧٠٥ لاپەڕە
- نـــۆبـــەتی چاپ: چاپی یەکەم
- شـــوێنی چـــاپ: ناوەندی تیشك- سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان،
ژمارەی سپاردن (١٥٣٧) ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە

مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ ناوەندی تیشك

پێشەکی وەرگێڕ

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە کە یارمەتیدەرمان بوو بۆ وەرگێڕانی ئەم پوختکراوە نایابەی کتێبی مێژووی تەبەری، سەلآت و سەلامیش بۆ سەر گیانی پاکی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و یار و یاوەران و ئەوانەی بەچاکە و باوەڕەوە شوێنی دەکەون.

گرنگ بوو ئەم کتێبە مێژووییە وەربگێڕین کە دایکی کتێبە مێژووییەکانی موسڵمانانە، بەتایبەت ئەم پوختەکراوەیەی کە پوختی کردووەتەوە لەهەموو ئەو کۆکراوانەی تانە و گێڕانەوەی درۆ و هەڵبەستراوی زۆریان تێدا هەیە، خودی پێشەوا تەبەرییش هۆکاری ئەوانەی باسکردووە و سەرچاوەی گێڕانەوەکانیشی باس کردووە تاوەکو خوێنەر بەبەرچاوڕوونییەوە بڕوانێت.

ئەم کتێبە هەموو ئەو هەڵبەستراوانەی دەرکردووە و پوختەیەکی وەرگرتووە کە دەکرێت خوێنەری موسڵمان سوودێکی باشی لێ وەربگرێت سەبارەت بەدەرکەوتنی ئیسلام تاوەکو ئەو کاتەی کە پێشەوا تەبەریی تۆماری کردووە. خودی پوختەکار ئەوەی باس کردووە، لەبەر نەبوونی بوار و خۆبەدوورگرتن لەدرێژە پێدان، لێکۆڵینەوەی تیادا نەکردووە، ئەبینی لەبارەی هەندێ رووداوەوە دوو و سێ جۆر گێڕانەوە هاتووە و لەنێوانیاندا تەرجیح نەدراوە، ئەوەش عەیبەیەك ناهێنێتە سەر ئەو کارەی لەم کتێبەدا ئەنجامی داوە، ئەوەشی کردوویەتی، کورتکردنەوەی کتێبەکەیە نەك دووبارە دارێژانەوەی. لەوە زیاتر لەبارەی ئەم کتێبەوە درێژەی پێ نادەین، چونکە د. رەجەب کە ئەم کتێبەی پوخت کردووەتەوە، پوختەیەکی جوانی لەبارەی پێشەوا تەبەری و ئەم کتێبە نایابەیەوە نووسیووە و لەم کتێبەدا دەیخوێنەوە. خوای گەورە هەموو لایەکمان

سەرکەوتوو بکات و ئەم کارەمان بۆ بگێڕێ بەخێر و خێر و چاکەی دونیا و قیامەتمان بهێنێتە ڕێ و چاو لەسۆز و بەزەیی ئەوین، بەهیوای دوعاتان.

عبدالله فازڵ حەسەن(گەرمیانی)

٢٠٢٣/٨/٢١ سلێمانی

پێشەکی

سوپاس بۆ خوای گەورە و سەلآت و سەلام لەسەر بەندە هەلّبژێردراوەکانی خۆی، سوپاسێك بەرانبەر بێ بەنازو نیعمەتەکانی، بەتایبەت سەلآت لەسەر پەیامبەری هەلّبژێردراومان و هاوەلآن و ئەوانەی شوێن پێی ئەویان هەلّگرت و تابیعینیش بەدوایاندا، خوای گەورە ئێمەش سەرکەتوو بکات کە رێگەی ئەوان بگرینەبەر... پاشان:

لەرێگەی کارەکەمەوە، بۆم دەرکەوت کە خەلّکیی پێویستییان بەکورتکردنەوەیەکی سادەی کتێبەکانی مێژووی گشتی و سەربوورەی زانایان هەیە، کورتکردنەوەیەکی پوختی کتێبە قەبارە گەورەکان کە مێژووی سەردەمانێکی دوورووددرێژیان لەخۆیاندا هەلّگرتووە، بەجۆرێ دووبارە بوونەوەی تێدا نەبێ و تیایدا پارێزگاریی لەحەقیقەتە گرنگەکانی مێژوو بکرێت، هەروەها باسکردنی لایەنی باش و خراپی ئەو کەسەی باس دەکرێت، چونکە لەم سەردەمەدا بەهۆی قەرەبالّغیکردنی زانیارییەکان لەتەواوی زانستەکاندا، کات زۆر کەم بووەتەوە، سەردەمەکە بەجۆرێکە یارمەتیدەر نییە خوێنەری ناپسپۆڕ کتێبێك بخوێنێتەوە گەورە و فرە بەش بێ و کاتی زۆر بخایەنێ، ناکرێ مرۆڤی ژیری ناپسپۆڕ سادە و ئاسان خۆی بخزێنێتە کتێبێکەوە لەچەند بەش و بەرگێکی گەورە پێکاهتبێ، بۆیە بەباشم زانی ئەم کتێبە بەجۆرێ کورت بکەمەوە،پێویستیی ئەو کەسە بەجێبهێنێ کە دەیەوێ شارەزای کتێبێکی رەسەنی مێژووی گشتی و کەسە بەناوبانگەکانی مێژووی مرۆڤایەتیی بێ نەك تەنیا بۆ موسلّمانان. کتێبێك بێ بەشێکی گەورەی مێژوو لەخۆبگرێ کە تایبەتمەندە بەڕەسەنایەتی مێژوویی و هاوکاتبوونی رووداوی مێژوویی.

لەبەر ئەوەی کتێبی"مێژووی تەبەری یان مێژووی ئوممەتان و پادشایان"ی موحەممەدی کوڕی جەریری تەبەری، گێڕانەوەی کۆن و هاوسەردەمی کۆکردووەتەوە لەگەلّ تایبەتمەندبوونی بەتۆکمەکردنی ئەو زانیارییەی کە لەبارەی رووداوی مێژوویی و سەربوورەی کەسەکان یان سەرچاوەی زانیارییەکانەوە هێناوێتییەوە، ئەوە لای مێژوونووسان کەسێکی متمانەدار و ناسراوە، ئەگەرچی خودی تەبەری، لەبارەی

رووداوی مێژوویی و ئەو کەسەی ناساندوویەتی، هیچ بۆچوونێکی نەخستووەتەروو. یەکێکی تر لەو هۆکارانەی بەها و نرخی زیاتری بەکتێبە مێژووییەکەی تەبەریی داوە،ئەو ناکۆکییە تووندەی نێوان مێژوونووسان و فەرموودەناسانە سەبارەت بەو تۆمەتەی لەسەر تەبەریی هەیە بەوەی شیعەگەر بووە نەك رافیزیی، بەو رووداوانەی گێڕاوێتییەوە، خراپەی کردووە بەرانبەر هاوەلآن(خوایان لێ رازیی بێ) و لەوەدا لەئاست تەواوی سوونە مەزهەبەکاندا هەرایەکی ناوەتەوە.

ئەوەی خوێنەر لەم کورتکردنەوەیەدا دەیبینێ، هەمووی قسەی تەبەرییە، تەواو پەیوەست ماومەتەوە بەدەقی گێڕانەوەکانی تەبەرییەوە، هیچم زیاتر نەکردووە مەگەر ئەوەی پێویست بووبێ بۆ پێکەوە بەستنەوەی قسەی تەبەری، هەندێ شتم زیاتر کردووە، وەکو(و) و هاوشێوەکانی، تاوەکو کتێبە رەسەنەکەی تەبەری بەشێوازی سادە و ئاسانیی خۆی بمێنێتەوە. ئەوەی من لەم کتێبەدا ئەنجامم دابێ، بەزۆری لەم بوارانەدایە:

١-لادانی ئەو شتانەی پێویست نین و تەبەری باسیکردوون، لەسالّی مردن یان رووداوێك کە خوێنەری ناپسپۆڕ پێویستی پێ نییە، یان ئەو شتانەم لابردووە کە لەخوێنەری سادە تێکدەچێ و ئالۆزیی بۆ دروست دەکات، جا بۆ ئەو کەسەی تەواوی ئەو شتانەی دەوێ، دەکرێ بگەڕێتەوە بۆ کتێبە بنچینەییەکە.

٢-ئەگەر زانیارییەکی مێژوویی یان ئایینیی یان سیاسیی کە دانەر بۆ کەسێك یان یەك رووداوێ دووبارەی کردبێتەوە، من تەنیا یەك جار هێناومەتەوە و دووبارەکردنەوەکانم لابردووە، بەتایبەت ئەگەر بۆ شتێك بێ کە دووبارەکردنەوەی پێویست نەکات.

٣-ئەوەی لەبارەی ژیانی پەیامبەری خواوە بێ موحەممەد(صلى الله عليه وسلم)، ئەوە وەك خۆی بەبێ لادان و دەستکاریکردن هێشتوومەتەوە، مەگەر گێڕانەوەیەك کە ڕیوایەت و سەنەدی نەبووبێ، سەبارەت بەگەورە هاوەلآن و تابیعینیش هەر هەمان شتم کردووە.

٤-پێویست بوو تەخریجی فەرموودەکانم بکردبایە و هەندێ زاراوەم پێناسە بکردبایە، بەڵام وەهام زانی کتێبە کە گەورەتر و دوورودرێژتر دەبێتەوە، بۆیە بەداوای لێبووردنەوە ناچار بووم ئەوە نەکەم.

٥-ئەو گێڕانەوە و فەرموودانەم لابردووە کە تەبەری لەسەر بنەمای ئەوەی بۆ خۆینەری ناپسۆڕ هێناوێتییەوە و پێویست نین، نەك بۆ ئەم کورتکراوەیە،بەڵکو بۆ خودی کتێبە رەسەنەکەش پێویست نین.

٦-تەنیا لەژیاننامەی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) ەوە هێناومانەتەوە و رووداوەکانی پێشترمان لابردووە.

٧-لەم کورتکردنەوەیەدا کارمان لەسەر چاپی یەکەمی خانەی(الكتب العلمية)ی بەیروت کردووە کە لەساڵی١٤٠٧ی کۆچییدا چاپ کراوە.

٨-بەپێی توانا هەندێ لەو رووداوە مێژوویی و ئایینیانەمان لابردووە کە تەبەری گێڕاونێتییەوە و پڕن بەهەڵە و ناشیرینکردنی ئەهلی سوونە و جەماعە.

لەکۆتاییدا:

داوای تەوبە و لێخۆشبوون لەخوای گەورە دەکەم، لێمان خۆش بێ و بەزەیی پێماندا بێتەوە، شایەتیی دەدەین کە خوا و پەیامبەرەکەی و تەواوی پەیامبەران و باوەڕدارانمان خۆشدەوێت و رقمان دەبێتەوە لەبێباوەڕان...

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

بەندەی هەژار بە لێخۆشبوون و رازیبوونی خوای گەورە

رجب محمود إبراهيم بخيت

تەبەری و ژیانە زانستییەکەی

لەولاتی تەبرستان..ولاتی زانست و ئەدەب و فیقە و لەجوانترین شارەکانی کە شاری دێرینی(ئامول)ی پایتەختی تەبرستان بووە و ئێستا دەکەوێتە دەوڵەتی ئازەربێجانەوە لەباشووری دەریای قەزوین، زانای زانستەکان و زانای زانایانی سەردەمی خۆی، پێشەوا موحەممەدی کوڕی جەریری تەبەری لەسالی٢٢٤ی کۆچی، لەدایك بووە،نازناوی تەبەریی پێ دراوە، چونکە تەواوی خەلکی تەبەری، بەوە نەسەب دەدرێن و بۆ ئەوە دەگەڕێنرێنەوە و بەهەر یەکێکی ئەوترێ:تەبەری، واتا خەلکی تەبەری. خەلکی تەبەریی شەڕ و شۆڕی زۆریان هەبووە، بۆیە هەریەکە و چەکی خۆی بەدەستەوە بووە بریتی بووە لەتەور(الطبر).

تەبەری نەگەیشتبووە تەمەنی وەرگرتنی زانست، باوکی خستیەلای زانایانی ئامول و خێرا عەقڵ و هۆشی کرایەوە و نیشانەکانی پێگەیشتنی لێ دەرکەوت، ئەم پێگەیشتنە سەرەتایی و زووە، بووە هاندەری باوکی کە فێرکردنی کوڕەکەی تەواو بکات، بەتایبەت خەوێکی بینی، لەلێکدانەوەی ئەو خەوەدا زۆر گەشبین بوو، تەبەری ئەڵێ: (باوکم لەخەودا بینیبووی کە لەبەردەستی پەیامبەری خوادام(صلى الله عليه وسلم) تووڕەکەیەکم پێیە پڕە بەبەرد و ئەیخەمە بەردەم پەیامبەری خوا و بەرگریی لێ دەکەم). ئەم خەوەی بۆ لێکدەرەوەی خەو گێڕابووەوە، لێکدەرەوەی خەو پێیووتبوو: ئەم کوڕەت کە گەورە بێ، لەئایینی پەیامبەردا دڵسۆز دەبێ و بەرگریی لەشەریعەتەکەی دەکات،بۆیە باوکیشم پێداگربوو لەوەی یارمەتییم بدات بۆ گەشتی وەرگرتنی زانست، لەکاتێکدا منداڵ بووم.

ئیبن جەریری تەبەری لەبەغدا فیقهی وەرگرت و لەکوفە فێری مەغازی و سیرە بوو، پاشان رووبکردە میسر و لەڕێگەی گەیشتن بەمیسر، بەبەیروتدا تێپەڕ بوو، چەند ڕۆژێك تیایدا مایەوە و قورئانی بەگێڕانەوەی خەڵکی شام خوێندەوە،پاشان درێژەی بەگەشتەکەی دا و لەمیسردا زانستی وەرگرت، لەزانایانی میسر خوێندنەوەی قورئانی بەشێوازی حەمزە و وەرش وەرگرت و جارێکی تر گەڕایەوە بەغدا و دابڕا بۆ زانست و

توێژینەوە و نووسینەوەی کتێب، زۆربەی کاتەکانی بۆ ئەوە تەرخان کرد، هەندێ کاتیشی دانا بۆ بازرگانیکردن تاوەکو رزق و رۆزییەك لەو رێگەیەوە پەیدا بکات.

تەبەری کەسێکی هیممەت بەرز و زۆر هەوڵدەر بووە، لەبارەیەوە ئەگێڕدرێتەوە: پیاوێك هاتووەتەلای و پرسیاری لێکردووە لەبارەی زانستی عەروز کە تایبەتە بەشیعر، تەبەریش شارەزایی زۆری بەو زانستە نەبووە، بۆیە پێیووتووە: نابێ ئەمڕۆ لەبارەی عەروزەوە هیچ شتێك بڵێم، بەیانی وەرەوە پێت دەڵێم. کتێبێکی عەروز پەیدا دەکات و ئەو شەوە بەخوێندنەوەیەوە سەرقاڵ دەبێ. خۆی ئەڵێ: ئێوارە لەعەروزم نەدەزانی، بەیانییەکەی بوومە عەروز زان.

ئیبن جەریر لەزانستەکاندا بەتوانا بوو، ئەسپی خۆی تاو دەدا تاوەکو بێ ئەوەی رکەبەرێکی هەبێ، بووە پێشەوای سەردەمی خۆی، لەبارەیەوە ئەوترێ: وەك ئەو زانایەی قورئان بوو کە هەر لەقورئاندا زانستی هەبێ، وەك ئەو فەرموودەناسە بوو کە تەنیا لەفەرموودەدا زانستی هەبێ، وەك ئەو شەرعناسەی کە تەنیا لەشەرعناسییدا زانستی هەبێ، وەك ئەو نەحوییەی کە تەنیا لەنەحودا زانستی هەبێ. تەبەری بۆ چل ساڵ هەموو رۆژێك چل پەڕەی دەنووسییەوە، بەوە تەنیا رازیکردنی خوا و سوودی ئیسلام و موسڵمانانی دەویست، بەڕەحمەت بێ لەبەندە دونیانەویستەکان بووە، خاوەنی شەونوێژ و رواڵەت و ناخ پاك و نەرم و هەڵسوکەوت شیرین و پاك و خاوێن بووە لەهەموو کاروبارەکانیدا.

دانراوەکانی تەبەری:

تەبەری یەکێك بوو لەزۆرترین زانایانی سەردەمی خۆی کە چالاکبوو لەنووسینەوەدا و بەناوبانگترین کتێبێکیشی، تەفسیرە بەناوبانگەکەیەتی بەناوی تەفسیری تەبەری(تفسير الطبري) و کتێبی مێژووی ئوممەتان و پادشایان(تاريخ الأمم والملوك). لێیەوە گێڕدراوەتەوە کە وتوویەتی: ئیستیخارەم بەخوای گەورە کرد و داوام کرد یارمەتیم بدات

بۆ ئەو نییەتەی هێنابووم بۆ دانانی تەفسیری قورئان، ئەمە و پێش سێ ساڵ لەدەستپێکردن بەو کارە،خوای گەورەش یارمەتیی دام[1].

حاکم ئەڵێ: گوێم لەئەبو بەکری کوڕی بالویهی بوو ئەیووت: ئەبو بەکری کوڕی خوزەیمە پێیووتم: پێمگەیشتووە کە تۆ تەفسیرت لەموحەممەدی کوڕی جەریرەوە نووسیووەتەوە. وتی: بەڵێ، بەخوێندنەوەوە و بۆی لێیەوە نووسیوومەتەوە. وتی: هەمووی؟ وتم: بەڵێ. وتی: لەچی ساڵێك؟ وتم: لەساڵی دووسەد و هەشتا و سێ بۆ ساڵی دووسەد و نەوەت. ئەڵێ: ئەبو بەکر لێیخواستم و دوای دوو ساڵ بۆی گەڕاندمەوە و وتی: لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی تەماشام کرد، نازانم کەسێك لەسەر زەویی هەبێت و لەموحەممەدی کوڕی جەریر زاناتربێ[2].

ئەبو موحەممەد ئەلفەرغانی ئەڵێ:ئەگەر هەر زانایەك بڵێ دەتوانێ لەهەر بەرگە تەفسیرێکی تەبەرییدا دە زانست دەربهێنێ، ئەوە دەتوانێ[3].

پاشان کتێبە مێژووییەکەی تاوەکو سەردەمی خۆی و پاشان کتێبی(تاریخ الرجال من الصحابة والتابعین) مێژووی پیاوانێ لەهاوەڵان و تابیعین تاوەکو ئەو زانایانەی خۆی کە پێیگەیشتووە، پاشان کتێبی(لطیف القول في أحکام شرائع الإسلام) کە مەزهەبی هەڵبژێردراوی خۆی بوو، بەبەڵگەی کردووە و هەشتا و سێ بەش و بواره، پاشان کتێبی(القراءات والتنزیل والعدد) پاشان کتێبی(اختلاف علماء الأمصار) و کتێبی(الخفیف في أحکام شرائع الإسلام) کە کورتکردنەوەی کتێبی(لطیف)ە و کتێبی(التبصیر) کە نامەیەکێتی بۆ خەڵکی تەبرستان و تیایدا شیکردنەوی ئەو بنەمایانەی ئایین دەکات کە خۆی داناوە و ئینجا دەستیکردە نووسینەوەی کتێبی(تهذیب الآثار) کە لەسەیرترین کتێبەکانێتی و تیایدا سەنەدی سەحیحی نووسیووەتەوە و عیللەت و رێگە و شێوازەکانی

---

١) الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٢٩٥/١١.

٢) الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٢٩٤/١١.

٣) الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٢٩٤/١١.

هەموو فەرموودەیەکی نێو ئەو کتێبەی هێناوەتەوە و پاشان فیقهو جیاوازیی زانایان و بەڵگە و بیانووەکانیان و ئەو واتا و وشە نامۆیانەی کە تیایدایە و ڕەتدانەوەی مولحیدان، لەوەشەوە موسنەدی عەشرە و ئالو بەیت و مەوالی و هەندێ موسنەدی ئیبن عەباسی نووسیوەتەوە، بەڵام پێش ئەوەی تەواوی بکات، کۆچی دوایی کردووە. ئەگەر بهاتبایە تەواوی بکردبایە، ئەوە سەد بەرگ دەبوو، ئەو هەر لەکتێبی(البسیط) لەبەشی تەهارەتدا هەزار و پێنجسەد پەڕەی نووسیووەتەوە، چونکە لەهەر بەش و باسێکدا جیاوازیی هاوەڵان و تابیعین و بەڵگەی هەریەکەیانی هێناوەتەوە، هەروەها بەشی زۆری بەشی نوێژی تەواو کردووە و ئادابی ئەحکام و کتێبی(المحاضر والسجلات) نووسیووەتەوە و کتێبی(ترتیب العلماء) کە کتێبێکی بەنرخە و سەرەتا لەئەدەبی دەروون و قسەی سۆفییەکانەوە دەستپێکردووە و تەواوی نەکردووە، هەروەها کتێبی(المناسك) و کتێبی(شرح السنة) کە کتێبێکی بەنرخە و مەزهەب و باوەڕی خۆی تێدا ڕوونکردووەتەوە، هەروەها کتێبی(المسند المخرج) تیایدا باسی هەموو ئەو سەحیح و لاوازانە دەکات کە لەهاوەڵانەوە گواڕاوەتەوە، بەڵام تەواوی نەکردووە. کاتێك هەواڵی پێگەیشتووە کە ئەبو داوود لەبارەی فەرموودەی(غدیر خم)ەوە قسەی کردووە، ئەو دەستیکردووە بەنووسینەوەی کتێبی(الفضائل) و سەرەتا لەفەزڵ و گەورەیی ئەبو بەکرەوە دەستپێکردووە پاشان فەزڵی عومەر و لەبارەی فەزڵی عەلییەوە قسەی کردووە، قسەی کردووە لەبارەی تەسحیحکردنی فەرموودەی(غدیر خم)ەوە، بەڵام لەو بارەیەوە کتێبی نەنووسیووە.

زانایەك وتوویەتی: ئەگەر کەسێك سەفەر بکات بۆ چین بۆ دەستخستن و فێربوونی تەفسیرەکەی تەبەری، ئەوە شتێکی زۆری نەکردووە.

شێوازی لەنووسینەوەی کتێبدا:

ئەحمەد ئیبن خەلەکان ئەڵێ: ئەبو جەعفەر لەنووسینەکانیدا دەستەواژە و ڕەوانبێژییەکی دەگمەنی هەبووە، ئەو لەبارەی حاڵی بەندەوە وتوویەتی: پێویستە بەندە ڕەچاوی دۆخ و حاڵی خۆی بکات، هەر کارێك دەیکات، بۆ خوای گەورەی بکات، نابێ

مرۆڤی باوەڕدار بێ ئاگا بێ لەو دوژمنەی دانراوە بۆ بەلاڕێدا بردنی، دەبێ بەپارانەوەی لەخوا دژی بووەستێتەوە، بەگرتنەبەری رێگای خوا، خۆی بەدوربگرێ لەو رێگەیانەی کە دوژمنی نەفرەتیی تیایدا بۆسەی بۆ داناوە،هەروەك خوای گەورە پلانی ئەو نەفرەتییەی بۆ روونکردووینەتەوە و فەرموویەتی:﴿ لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَٰطَكَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴿١٦﴾ ثُمَّ لَءَاتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ ﴾ الأعراف: ١٦ - ١٧، واتا: شەیتان وتی:بێگومان بۆیان(بۆ ئادەم و نەوەکانی) دادەنیشم لەڕێگە ڕاستەکەی تۆدا. ئەمجا سوێندبێ بێگومان بۆیان دەچم لەپێشیانەوە و لەدوایانەوە.

خۆی بەدوور دەگرێ لەڕاستخستنەوەی ئەو گومانەی شەیتان کە بەپەروەردگاری وتووە:﴿ لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٦٢﴾ ﴾ الإسراء: ٦٢، واتا:ئەگەر دوام بخەیت تاڕۆژی دوایی(نەمرم) بەڕاستی زاڵ ئەبم بەسەر نەوەکانیدا(بە گومڕاکردن) کەمێك لەوان نەبێت(کە بەندە تایبەتیەکانی خوان).

بۆیە پێویستە هەموو مرۆڤێکی ژیری فامیدە بەوەی لەتوانایدایە هەوڵ بدات، ئەو گومانەی شەیتان بەدرۆ بخاتەوە و بێ ئومێدی بکات، هیچ شتێك نییە داخ بکاتە دڵی ئەو نەفرەتییە سەختتر لەوەی کە ببینێ بەندەی باوەڕدار گوێڕایەڵی خوای گەورەیە و لەفرمانی ئەو یاخییە، هیچ شتێکیش بەقەد ئەوە دڵخۆشی ناکات کە ببینێ بەندە لەفرمانی خوا یاخییە و شوێن فرمانی ئەو کەوتووە. بێگومان قسە و وتەی ئەبو جەعفەر لەم جۆر و بوارەدا زۆر زۆر و بەسوودە.

ئەبو سەعیدی ئەلدەینەوەری بەموستەملی[1] لەئیبن جەریرەوە ئەگێڕێتەوە ئەڵێ:" ئەبو جەعفەر موحەممەدی کوڕی جەریری تەبەری هەواڵی پێداون لەبارەی بیروباوەڕی خۆی و یەکێك لەوانە ئەوە بوو:

١-المستلمی: گەیاندنی قسەی زانایەکە بەقوتابییەکانی و کەسانی تر.

ئەوەندە بەسە بۆ مرۆڤ کە بزانێ پەروەردگاری لەسەر عەرش قەرارى گرت(استوى)، هەرکەسێ لەوە زیاتر بڕوات، ئەوە دۆڕاو و زیانی کردووە، ئەم تەفسیرەی ئەو پێشەوایە لەئایاتی سیفاتدا پڕە بەقسەی زانایانی سەلەف، نە ئیستیوا رەت دەکاتەوە و نە تەئویلیشی دەکات و نە ئەوەی بەهیچ جۆرێك لەسیفەتی مەخلوقات دەچێ".

ستایش و پیاهەڵدانی زانایان بۆ تەبەری:

ئەبو سەعیدی کوڕی یونس ئەڵێ: موحەممەدی کوڕی جەریر خەڵکی ئامول بوو، لەمیسر نووسی و گەڕایەوە بەغدا و کتێبە جوان و چاکەکانی نووسییەوە کە بەڵگەن لەسەر زانستی فراوانی ئەو.

خەتیبی بەغدادی ئەڵێ:موحەممەدی کوڕی جەریری کوڕی یەزیدی کوڕی کەسیری کوڕی غالیب یەکێك بوو لەزانایانی پێشەوا و قسەی بەحوکم دەهێنرێتەوە و بۆ بۆچوونی دەگەڕێینەوە، چونکە مەعریفە و فەزڵی هەبووە، لەکۆمەڵێ زانستدا نووسیوێتی و کۆیکردوونەتەوە کە هیچ زانایەکی سەردەمی خۆی شانی لەشانی نەداوە، ئەزبەردەکاری قورئان و شارەزا بوو بەقیرائات و بەرچاوڕوون بوو بەواتاکان و شەرعناس بوو لەئەحکامی قورئان و زانا بوو بەفەرموودە و رێگە و شێوازەکانی سەحیح و لاواز و ناسیخ و مەنسوخ لەفەرموودە، شارەزا بوو بەقسەی هاوەلان و تابیعین و رۆژگار و هەوالّ و باسەکانی خەڵکی. تاقانەی سەردەم بوو لەزانست و ژیری و نووسینی زۆر، بەدەگمەن چاوەکان، نمونەی دەبینن.

کۆمەڵێ هەڵوێستە لەژیانی تەبەریدا

ئەلموکتەفی، ویستی وەقفێك دەستبەسەردا بگرێت کە قسەی زانایانی زۆر لەبارەوە هەبوو،ئیبن جەریری بۆ ئامادە کرا و وەلاّمی دایەوە، ئەویش دیارییەکی بۆ دەرهێنا، بەلاّم ئیبن جەریر قبوڵی نەکرد. ئەویش وتی: دەبێ پێویستییەك یان داوایەکت هەبێ. تەبەریش وتی: داوا لەئەمیری ئیمانداران دەکەم سوالّکردنی رۆژی جومعە نەهێڵێ.

ئەلموکتەفیش داواکەی قبوڵ کرد، وەزیریش داوای لێکرد کتێبێکی بۆ بنووسێ لەبواری فیقهدا. تەبەریش کتێبێکی بچووکی بۆ نووسی، ئەویش هەزار دیناری بۆ نارد، بەڵام تەبەریی رەتیکردەوە.

موحەممەدی کوڕی ئەحمەد ئەلسەحاف ئەلسجستانی ئەگێڕێتەوە ئەڵێ: گوێم لەئەبو ئەلعەباس ئەلبەکریی بوو ئەیووت: رۆیشتنی نێوان ئیبن جەریر و ئیبن خوزەیمە و موحەممەدی کوڕی نەسر ئەلمروزی و موحەممەدی کوڕی هارون ئەلڕویانی لەمیسر پێکەوە بوون، هیچ خۆراکێکیان پێ نەما و برسێتیی زیانی پێگەیاندن، بۆیە شەوێك لەماڵێکدا مانەوە کە کردبوویانە شوێنی حەوانەوە و ئارامی، رێککەوتن لەسەر ئەوەی تیروپشك بکەن، کێ دەرچوو، بۆ هاوڕێکانی داوای خۆراك بکات. تیروپشکەکە بۆ ئیبن خوزەیمە دەرچوو، ئەویش بەهاوڕێکانی وت: مۆڵەتم بدەن تاوەکو نوێژێکی ئیستیخارە دەکەم، چووە نوێژەوە، لەپڕێکدا چرایەکیان بینی بەدەست پیاوێك لەلایەن والیی میسرەوە هاتبوو، لەدەرگای دا، دەرگایان کردەوە، کابرا وتی: کام لەئێوە موحەممەدی کوڕی نەسرە؟ وترا: ئا ئەوەیە. ئەویش کیسەیەکی دەرکرد کە پەنجا دیناری تێدا بوو، دای بەموحەممەدی کوڕی نەسر و پاشان وتی: کام لەئێوە موحەممەدی کوڕی جەریرە؟ پەنجا دیناریشی بەو دا، هەروەها بەئەلڕویانی و ئیبن خوزەیمەش هەروا. پاشان وتی: ئەمیر لەخەودا بینی پێی وترا: چاکەکاران وا برسییانە، ئەویش یەکسەر ئەم پارەیەی بۆ ناردن و سوێندی لەسەر خواردوون ئەگەر ئەم پارەیە تەواو بوو، دەبێ یەکێ لەئێوە بێت بۆلام.

ئەبو موحەممەد ئەلفەرغانی لەپەراوێزی مێژووەکەی لەسەر مێژووی تەبەری ئەڵێ: ئەبو عەلی هارونی کوڕی عەبدولعەزیز بۆی باسکردم، کاتێك ئەبو جەعفەر هاتە بەغداوە، کەلوپەلێکی هەبوو خۆراك و پێویستییەکانی تێدا دادەنا، لێیان دزی، بەحاڵ و بارودۆخێ گەیشت بەرگ و پۆشاکی بفرۆشێ، قەمیسەکەی دڕابوو، هەندێ هاوڕێی پێیانووت: کەمێ خۆت کۆبکەرەوە تۆ بۆ تەمبێکردن و فێرکردنی رەوشتی منداڵی وەزیر ئەچی ئەبو ئەلحەسەن عوبەیدوواللەی کوڕی یەحیای کوڕی خاقان. ئەویش وتی: بەڵێ باشە. رۆیشت

بۆلای، ئەویش کاروباری بۆ رێکخست، وەزیر لەخۆی نزیکی خستەوە و دە دینار مانگانەی بۆ تەرخان کرد و مەرجی لەسەر کرد کاتەکانی تەرخان بکات بۆ وەرگرتنی زانست و نوێژ و پشوودان. داوای لێکرد خۆراکی مانگێکی پێ بدات، ئەویش بۆی دابین کرد. چووە ژووری وانە و پەروەردەکردنەوە، منداڵەکە هات بۆلای کە ئەبو یەحیا بوو، کە خزمەتکار تابلۆکەی لێ وەرگرت، بەخۆشحاڵییەوە هاتنە ژوورەوە و هیچ ژنێکی خزمەتکار نەمایەوە ئیللا هەموویان بەسینییەکی پڕ درهەم و دینارەوە دیاریان بۆ هێنا، بەڵام ئەو رەتیکردنەوە، وتی: مەرجم کردووە تەنیا ئەوە وەربگرم کە لەسەری رێککەوتووم، زیاتر لەوە وەرنەگرم. وەزیر تێگەیشت و بانگیکردە لای خۆی و لەو بارەیەوە لێی پرسی. ئەویش وتی: ئەوانە کۆیلەن و هیچ شتێکیان نییە. ئەوەی لەسەر دڵ قورس بوو.

هەندێجار دیاریی هاوڕێ و دۆستانی قبوڵ دەکرد،لەبەر مەردایەتییەکەی، بەباشتر لەوە پاداشتی دەدانەوە، دەرهەق بەوتنی حەق و راستی، لەسەرزەنشتی هیچ کەسێك نەدەترسا، ئەمەو ئەگەرچی ئازار و درۆی گەورەشی بۆ هەڵدەبەسترا لەلایەن کەسانی نەفام و حەسود و مولحیدەوە، سەبارەت بەخواناسان، ئەوە زانستی ئەویان رەت نەدەکردەوە و دانیان بەوەدا دەنیا کە تەبەری دونیانەویستە و لا ناکاتەوە بەلای دونیادا، قەناعەتی بەوە هەبوو بەو بەشەی باوکی لەتەبرستان بۆی بەجێهێشتبوو، لەپای ئەوەدا شتێکی کەمی بۆ دەهات، لەوەدا ئەڵێ:

إذا أعسرت لم يعلم رفيقي وأستغني فيستغني صديقي
حيائي حافظ لي ماء وجهي ورفقي في مطالبتي رفيقي
ولو أني سمحت بماء وجهي لكنت إلى العلى سهل الطريق
وله خلقان لا أرضى فعالهما بطر الغنى ومذلة الفقر
فإذا غنيت فلا تكن بطرا وإذا افتقرت فتهْ على الدهر

واتا: کە نەبوو و هەژار کەوتووم،خۆم دەوڵەمەند دەرخستووە و هاوڕێکەشم بەهەبوو لێم گەیشتووە. شەرم رێگر بووە لەوەی عەرەقی شەرمی نێوچەوانم بسڕم و نەهێڵێ

هاوڕێکەشم لەداواکردن پەشیمان بکاتەوە. ئەگەر ڕێگەم بدابایە عەرەقی نێوچەوانم بسڕم، ئەوە ڕێگەی ئاسان هەبوو بۆ دەوڵەمەندی و بالآبوون. ئەوە دوو ڕەوشتی هەیە و رازیی نابم بەکردەوەیان کە بریتیە لەخۆباییبوون لەدەوڵەمەندی و ریسوایی هەژاریی، جا ئەگەر دەوڵەمەندبووی،ئەوە لەخۆبایی مەبە و کە هەژاریش کەوتی، مەبە بەبار بەسەر ژیانەوە.

ئەبو ئەلقاسمی کوڕی عەقیل ئەلوەڕاق ئەڵێ: ئەبو جەعفەری تەبەری بەهاوڕێکانی وت: ئایە ئەتوانن میژوویەك بۆ جیهان بنووسنەوە لەئادەمەوە تاوەکو کاتی ئێمە؟ وتیان: چەند پەڕە بێ؟ وتی: نزیکەی سی هەزار پەڕە. ئەوانیش وتیان: پێش ئەوەی تەواوی بکەین، لەدونیا نەماوین. ئەویش وتی: مردن بۆ ئێمە ئەگەر وڕە و هیممەتمان بمرێ. ئەوەی لەنزیکەی سی هەزار پەڕەدا کورتکردەوە، کاتێك ویستی تەفسیرەکەی بنووسێ، هەمان شتی پێ وتن، پاشان بەنزیکەی ئەو پەڕانەی بۆ میژووەکەی تۆماری کرد، تەفسیرەکەی نووسییەوە[1].

تەبەری نەچووە ژێر باری قبوڵکردنی پۆست و پایەکانی دەسەڵات، چونکە لەلایەکەوە دەترسا بەو کارەی لەزانست دووربکەوێتەوە، لەلایەکی ترەوە نەریتی زانایان ئەوە بوو دوور لەدەسەڵاتداران بن. ئەلمەراغی گێڕاوێتییەوە. کاتێ ئەلخاقانیی وەزارەتی گرتەدەست، سەروەتێکی زۆری بۆ ئەبو جەعفەری تەبەریی نارد، بەڵام تەبەری ڕەتیکردەوە. پێشنیاری بۆ تەبەری کرد دادوەرێتیی بگرێتەدەست، بەڵام تەبەری ڕەتیکردەوە، ئینجا پۆستی گێڕانەوەی مافەکان(المظالم)ی بۆ پێشنیار کرد، ئەویشی ڕەتکردەوە. بۆ ئەوە هاوڕێ و دۆستەکانی گلەییان لێ کرد و پێیانووت: بەوەرگرتنی ئەو پۆست و پایەیە لای خوای گەورە پاداشت وەردەگریت و سوونەت زیندوو دەکەیتەوە و خۆیشت باش ئەوە دەزانی. زۆریان بۆ هێنا قبوڵی بکات، ڕۆیشتن بۆڵای تاوەکو لەگەڵیاندا سواری ئەسپ بێ و بڕوات قبوڵی بکات، بەڵام چوو بەگژیاندا و وتی: وەهام

---

١) الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٢٩٤/١١- ٢٩٧

گومان دەکرد ئەگەر من قبوڵی بکەم، ئێوە رێگرییم لێ بکەن. بۆیە بەشەرمەوە بڵاوەمان لێ کرد.

کۆچی دوایی کردنی:

ئەبو موحەممەد ئەلفەرغانی ئەڵێ: ئەبو بەکر ئەلدەینەوەریی بۆی باسکردم وتی: کاتێ نوێژی نیوەڕۆ هات لەڕۆژی دووشەممە کە لەکۆتاییەکەیدا تەبەریی کۆچی دوایی کرد، داوای کرد ئاوی بۆ بهێنن تاوەکو دەستنوێژەکەی تازە بکاتەوە بۆ ئەنجامدانی نوێژی نیوەڕۆ. پێیان وت: کاتی نوێژی نیوەڕۆ درەنگ کەوتووە، بۆیە لەگەڵ عەسردا کۆی بکەرەوە، بەڵام رەتیکردەوە، نوێژی نیوەڕۆی بەجیا کرد و نوێژی عەسری لەکاتی خۆیدا کرد بەجوانترین و تەواوترین نوێژێ. لەکاتی مردنیدا کۆمەڵێك ئامادە بوون کە ئەبو بەکری کوڕی کامیلیان تێدا بوو، پێش ئەوەی گیانی دەربچێ پێیان وت:ئەی ئەبو جەعفەر تۆ زانا و گەورەی ئێمەی و رێنماییکاری ئێمەی لەکاروباری ئایینەکەماندا، هیچ وەسێت و رێنماییەکت بۆ ئێمە هەیە سەبارەت بەئایینەکەمان کە بۆ دونیا و ئاخیرەتمان سەلامەتییمان بۆ دەستەبەر بکات؟ ئەویش وتی: ئەوەی من ئایینداریی پێ دەکەم، ئەوەیە کە لەکتێبەکانمدا هەیە، بۆیە کاری پێ بکەن. ئینجا زۆر شایەتومانی دەهێنا و یادی خوای دەکرد، دەستی هێنا بەدەموچاویدا و بەدەستی خۆی چاوەکانی داخست و دەستەکانی درێژ کرد و گیانی دەرچوو.

ئەحمەدی کوڕی کامیل ئەڵێ: ئیبن جەریر لەشەوی یەکشەممەدا کۆچی دوایی کرد کە دوو رۆژی شەوال مابوو لەساڵی سێسەد و دە دا، لەخانووەکەی خۆیدا نێژرا لەپەحەبە یەعقوب، واتا لەبەغدا،زۆربەی مووی ریشی رەش بوو، ئەسمەرێکی تۆخی مەیلە و رەش و لاشە لاواز و باڵا بەرزبوو، ئەوەندە خەڵکیی لەبەرێکردنی تەرمەکەیدا ئامادە بوون، تەنیا خوا دەزانێ ژمارەیان چەند بوو.

حەقیقەتی شیعەگەریی تەبەری:

حەز دەکەین ئەوە بسەلمێنین، ئەو کەسەی لەکۆندا ئەو تۆمەتەی وروژاندووە، ئەلحافز ئەحمەدی کوڕی عەلی ئەلسولەیمانییە، ئەوە وتوویەتی کە تەبەری، لەبەرژەوەندیی رافیزەکاندا فەرموودەی هەڵبەستووە. جا لەبارەی ئەو قسەیەوە، ئەلحافز ئەبو حەییان وتوویەتی: ئیبن جەریر زانایەك بووە لەزاناکانی شیعەی ئیمامی. پێش ئەوەی بچینە سەر هۆکارەکانی ئەو تۆمەتانە، حەز دەکەم بۆچوونی زانایانی جەرح و تەعدیل بهێنمەوە تاوەکو حەقیقەتی ئەو تۆمەتە روونببێتەوە:

ئەلحافز ئەبو ئەلوەفاء ئەلحەلەبی ئەلتەبەرابلوسی(کۆچکردووی ٨٤١ك) ئەڵێ:

"موحەممەدی کوڕی جەریر ئەلتەبەریی پێشەوا و راڤەوان، ئەبو جەعفەر شێخی ئیسلام و خاوەن دانراوە رازاوەکان، سالّی سێسەد و دە کۆچی دوایی کردووە، کەسێکی متمانەداری راستگۆ بووە و شیعەگەری و دۆستایەتییەکی هەبووە کە زیان نادات"[1].

ئەلحافزی مێژوونووس شەمسەدین ئەلزەهەبی (کۆچکردووی٧٤٨ی ك) ئەڵێ:"موحەممەدی کوڕی جەریری کوڕی یەزید ئەلتەبەری، پێشەوای پایەبەرز و راڤەوان، ئەبو جەعفەر خاوەن دانراوە نایاب و دانسقەکان، کەسێکی متمانەداری راستگۆ بووە، شیعەگەرییەکی کەمی هەبووە کە زیان نادات. خراپی وتووە ئەحمەدی کوڕی عەلی ئەلسولەیمانیی ئەلحافز کە وتوویەتی فەرموودە و باسی بۆ رافیزەکان نووسیووەتەوە. ئەمە قسەیەکی درۆیە و لەخۆوە تۆمەتبارکردنێکی ناڕاستە، بەڵکو ئیبن جەریر یەکێکە لەپێشەوا متمانەپێکراوەکانی ئیسلام، ئێمە ناڵێین بێ هەڵە بووە، بەڵام رەواش نییە بەباتڵ و هەوا و ئارەزووەوە ئازاری بدەین. دەبێ زانایان نەرم لەبارەی یەکترەوە قسە بکەن، بەتایبەت لەنمونەی پێشەوایەکی گەورەدا"[2].

---

١) أبوالفواء الحلبي الطرابلسي،الكشف الحثيث، مكتبة النهضة العربية،بيروت، ٢٢١/١.

٢) الذهبي،ميزان الإعتدال، دار الكتب العلمية،بيروت،٩٠/٦

بەڵام چۆن زانایەکی حافزی نمونەی ئەلسولەیمانیی ڕێزدارێکی وەک ئیبن جەریری تەبەریی تۆمەتبار دەکات؟! بەڵگەی بۆ ئەوە چییە؟!

هەر ئەلحافز شەمسەدین ئەلزەهەبیی وەڵامی ئەو تۆمەتە دەداتەوە:

"ڕەنگە مەبەستی ئەلسولەیمانی، موحەممەدی کوڕی جەریری کوڕی ڕۆستەم بێ ئەبو جەعفەری تەبەریی ڕافیزیی، کە کۆمەڵێ نووسینی هەیە، لەوانە کتێبی گێڕانەوەی لەبارەی ئالوبەیتەوە و عەبدولعەزیز ئەلکەتانیی بەڕافیزیی داناوە"[1].

هەرچی ئەلحافز ئیبن حەجەری عەسقەلانیی کۆچکردووی(٨٥٢)ی کۆچییە، ئەوە لەبارەی تەبەرییەوە ئەڵێ: "موحەممەدی کوڕی جەریری کوڕی یەزید ئەلتەبەری، پێشەوای پایەبەرز و ڕاڤەوان، ئەبو جەعفەر خاوەن دانراوە نایاب و دانسقەکان، کەسێکی متمانەداری ڕاستگۆ بووە، شیعەگەرییەکی کەمی هەبووە کە زیان نادات. خڕاپی وتووە ئەحمەدی کوڕی عەلی ئەلسولەیمانیی ئەلحافز کە وتوویەتی فەرموودە و باسی بۆ ڕافیزەکان نووسیووەتەوە. ئەمە قسەیەکی درۆیە و لەخۆوە تۆمەتبارکردنێکی ناڕاستە، بەڵکو ئیبن جەریر یەکێکە لەپێشەوا متمانەپێکراوەکانی ئیسلام، ئێمە نالێین بێ هەڵە بووە، بەڵام ڕەواش نییە بەباتڵ و خەوا و ئارەزووەوە ئازاری بدەین. دەبێ زانایان نەرم لەبارەی یەکترەوە قسە بکەن، بەتایبەت لەنمونەی پێشەوایەکی گەورەدا. ڕەنگە مەبەستی ئەلسولەیمانی، موحەممەدی کوڕی جەریری کوڕی ڕۆستەم بێ ئەبو جەعفەری تەبەریی ڕافیزیی، کە کۆمەڵێ نوسینی هەیە، لەوانە کتێبی گێڕانەوەی لەبارەی ئالوبەیتەوە و عەبدولعەزیز ئەلکەتانیی بەڕافیزیی داناوە". من وەهای دەبینم، ئەلسولەیمانیی کە حافزێکی لێهاتوو بووە، مەبەستی بەتەبەریی، موحەممەدی کوڕی جەریری کوڕی ڕۆستەم بێ ئەبو جەعفەری تەبەریی ڕافیزییە، ئەگینا لەنمونەی پێشەوا تەبەرییدا ئەو تانەیە نادات.

---

١) الذهبي،ميزان الإعتدال، دار الكتب العلمية،بيروت،٩٠/٦

ئەبو حەییانی مامۆستای مامۆستایانمان بەو قسەیەی ئەلسولەیمانیی لەخشتە چووە، لەقسەکردنی لەسەر سیرات لەسەرەتاکانی تەفسیرەکەیدا ئەڵێ: ئەبو جەعفەری تەبەری کە پێشەوایەکە لەپێشەواکانی ئیمامیی، ئەوەی وتووە. ئاگادارم کردەوە کە بەهۆیەوە بەخشتە نەچێ، چونکە پێشەوایانی نەقڵی زانست ئەوەیان گواستووەتەوە و بەو جۆرە وەسفیان نەکردووە، ئەوەی زیانی داوە، هاوبەشیی ناوی خۆی و باوکی و نیسبەت و کونیە و هاوسەردەمی و زۆریی دانراوی هەردووکیانە وەهای کردووە ئەو دوو کەسەیان لێ تێکەڵ بێ[1].

ئەوە شایەتیی ئەلحافز ئەحمەدی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو بەکر ئەلخەتیب ئەلبەغدادیی کۆچکردووی(٤٦٣)ی کۆچییە، کە لەمێژووەکەیدا بەدوورودرێژیی سەربووردەی تەبەریی هێناوەتەوە و ئێمەش ئەوەی لێ وەردەگرین کە لێرەدا دایدەنێین:

شێخ ئەبو بەکر ئەڵێ:"ئەلتەبەری لەبەغدا نیشتەجێ بوو، تاوەکو کاتی کۆچی دوایی تیایدا مایەوە، یەکێك بوو لەپێشەوایان و پێشەوا و قسەی بەحوکم دەهێنرێتەوە و بۆ بۆچوونی دەگەڕێینەوە، چونکە مەعریفە و فەزڵی هەبووە، لەکۆمەڵێ زانستدا نووسیوێتی و کۆیکردوونەتەوە کە هیچ زانایەکی سەردەمی خۆی شانی لەشانی نەداوە، ئەزبەردەکاری قورئان و شارەزا بوو بەقیرائات و بەرچاوڕوون بوو بەواتاکان و شەرعناس بوو لەئەحکامی قورئان و زانا بوو بەفەرموودە و رێگە و شێوازەکانی سەحیح و لاواز و ناسیخ و مەنسوخ لەفەرموودە و شارەزا بوو بەقسەی هاوەڵان و تابیعین و زۆڕگار و هەواڵ و باسەکانی خەڵکی. تاقانەی سەردەم بوو لەزانست و ژیری و نووسینی زۆر، بەدەگمەن چاوەکان، نمونەی دەبینن. کتێبێکی بەناوبانگی هەیە لەمێژووی ئوممەتان و پادشایان و کتێبێکیشی هەیە لەڕافەی قورئانی پیرۆزدا کە هیچ کەسێك هاوشێوەی نەنووسیووە و کتێبێکیشی هەیە ناوی لێناوە(تهذيب الآثار) کە لەڕووی واتادا هاوشێوەی نەبینراوە، بەڵام تەواوی نەکردووە، لەئوسوڵی فیقهو و لقە فیقهییەکاندا کتێبی زۆری

١) ابن حجر العسقلاني،لسان الميزان، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات،بيروت،٥/١٠٠.

هەیە و هەڵبژاردەی قسەی شەرعناسانی هەڵبژاردووە و کۆمەڵێ بابەتی بەتەنیا باس کردووە و لێیەوە پارێزراوە، عەلی کوڕی عوبەیدوواللەی کوڕی عەبدولغەفاری لوغەویی ناسراو بە ئەلسمسانیی بوو ئەیووت: ئەگێڕدرێتەوە کە موحەممەدی کوڕی جەریر بۆ چل ساڵ هەموو رۆژێك چل پەڕەی نووسیووەتەوە. پێمگەیشتووە لە ئەبو حامد ئەحمەدی کوڕی ئەبی تاهیری ئەلفەقیهی ئەلئیسفرائینییەوە کە وتوویەتی: ئەگەر پیاوێك بچێ بۆ چین بۆ دەستخستنی کتێبی تەفسیرەکەی موحەممەدی کوڕی جەریر، زۆری نەکردووە. ئەلقازیی ئەبو عبداللە موحەممەد هەواڵ پێدام وتی: عەلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئەلسوناع عوبەیدوواللەی کوڕی ئەحمەد ئەلسمسار و باوکم بۆی باسکردین کە ئەبو جەعفەر ئەلتەبەری بەهاوڕێ و دۆستەکانی وتووە: ئایە ئەتوانن مێژوویەك بۆ جیهان بنووسنەوە لەئادەمەوە تاوەکو کاتی ئێمە؟ وتیان: چەند پەڕە بێ؟ وتی: نزیکەی سی هەزار پەڕە. ئەوانیش وتیان: پێش ئەوەی تەواوی بکەین، لەدونیا نەماوین. ئەویش وتی: مردن بۆ ئێمە ئەگەر ورە و هیممەتمان بمرێ. ئەوەی لەنزیکەی سی هەزار پەڕەدا کورتکردەوە، کاتێك ویستی تەفسیرەکەی بنووسێ، هەمان شتی پێ وتن، پاشان بەنزیکەی ئەو پەڕانەی بۆ مێژووەکەی تۆماری کرد، تەفسیرەکەی نووسییەوە[1].

لەبەر رۆشنایی ئەوەی رایبوورد، دەتوانین ئەم ئەنجامانەی خوارەوە پوخت بکەینەوە:

-ناتوانین ئەو تۆمەتانە بسەلمێنین کە خراونەتە پاڵ زانای دیار و بەناوبانگ ئیبن جەریری تەبەری، بەوەی شیعەگەریی کردووە و رافیزە بووە و لەبەرژەوەندیی ئالوبەیتدا فەرموودەی هەڵبەستووە.

-ئەگەرێ ئەلحافیز ئەلسولەیمانیی لێی تێکچووبێ و وەهای گومان کردبێ کە کابرای شیعە بەناوی ئەبو جەعفەر موحەممەدی کوڕی جەریری کوڕی رۆستەم خودی ئەبو جەعفەری کوڕی جەریر ئەلتەبەریی خاوەن کتێبی مێژووی تەبەری و راڤەیە.

---

١) الذهبي، سير أعلام النبلاء، ١١/٢٩٤- ٢٩٧

–هەرچی ئەو پیاوەیە کە ناو و کونیە و نازناوی لەگەڵ ئیبن جەریری سوونن مەزهەبدا گونجاوە، ئەلحافیز ئیبن حەجەر ئەڵێ: موحەممەدی کوڕی جەریری کوڕی رۆستەم ئەبو جەعفەر ئەلتەبەری، رافیزیی مەزهەبە و کۆمەڵێ کتێبی نووسیووە، لەوانە کتێبی گێڕەرەوان لەبارەی ئالوبەیتەوە، عەبدولەزیز ئەلکەتانیی بەڕافیزیی وەسفی کردووە.

ئەبو ئەلحەسەن بن بابویهی لەکتێبی(تاریخ الري) باسی کردووە لەدوای باسکردنی سەربوورەی موحەممەدی کوڕی جەریری پێشەوا و ئەڵێ: ئامولییە، هاتە رەی و لەکۆی موتەکەلیمینی موعتەزیلە بوو، کۆمەڵێ دانراوی هەیە و ئەلشەریف ئەبو موحەممەد ئەلحەسەنی کوڕی حەمزە ئەلرەعینی لێیەوە گێڕاوێتییەوە، هەروەها ئەبو عوسمان ئەلمازنی و کۆمەڵێك لێیەوە گێڕاویانەتەوە، هەروەها ئەبو ئەلفەرەج ئەلئەسفەهانی لەسەرەتای ناساندنی ئیبن ئەلئەسوەد. مامۆستەکەشمان لە(الذیل) باسی کردووە و وەك ئەوەی لەدەستنووسەکەیدا نەمابێ، وەك ئەوەی ئەلسولەیمانیی نەیزانیبێ لەناوی خۆی و باوکی و رەچەڵەکیدا کەسی تر هەیە و تەنیا لەناوی باپیرەیاندا لەیەکتر جیاوازن، رەنگە ئەوەش بووبێتە هۆکاری ئەوەی بەڕافیزیی وەسف کرابێ، کە لێیەوە گێڕدراوەتەوە لەدەستنوێژگرتندا ئەوەندە بەسە مەسحی قاچ بکرێت، ئەوەش بۆچوونێکی مەزهەبی رافیزەکانە[1].

–تەبەری یەکێکە لەپێشەوایانی ئەهلی سوونن،ئەوەش بەشایەتیی زانایانی جەرح و تەعدیل و شارەزایانی موسڵمانان بەحاڵی پیاوان، لەنمونەی زەهەبی و ئیبن حەجەر و بەغدادی و تەرابلوسی و ئەوانی تر.

–ئەوەی شیعەگەرییەکی سادەی تێدا هەبووە، شتێکە و زیان نادات، واتا سەر بەبیروباوەڕی لادەری شیعە نەبووە، تەبەری وەك هەندێ لەزانایانی تر لەبابەت ناکۆکیی نێوان عەلی و موعاویەدا(خوایان لێ رازیی بێ)، لایەنگیری عەلی بووە و هەر ئەوەندە،جا ئەو وەسفە هەندێ زانا بەکاریانهێناوە لەنمونەی ئیبن قوتەیبە بەپیاوێك یان

---

١) لسان المیزان، ١٠٣/٥

گێڕەرەوەیەکیان وتووە شیعە تەنیا بەوەی لایەنگیری عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و ئالوبەیت بووە بێ ئەوەی لەپێگەی ئەبو بەکر و عومەری کەم کردبێتەوە یان زیادەڕۆیی لەئالوبەیتدا کردبێ یان جنێو و قسەی بەتێکڕای هاوەڵان وتبێ،بەڵام ئەگەر لەم سنوورەدا تێپەڕ بوو گەیشتە ئاستی زیادەڕۆیی، ئەوە زاراوەکە لەشیعە بوونەوە دەبێتە رافیزی، ئەوانەی دەرچوون لەمەنهەجی ئەهلی سوونە و جەماعە. لەکۆندا ئەوە مەبەست بوو بەزاراوەی شیعە، بەڵام دوای پەرەسەندنی ئەو زاراوەیە دوای ئەو سەردەمە جیاوازانەی مێژووی ئیسلام، ئەوە ناوەڕۆك و مەبەستیشی گۆڕاوە لەئێستادا، بووەتە زاراوەیەکی دژ بەبەرنامە و مەنهەجی ئەهلی سوونە و جەماعە، بۆیە تێڕوانین ناکرێ لەم کاتەی ئێستاماندا بەکاربهێنرێت و بکرێتە وەسف و ناساندنی زانایەکی ئەهلی سوونە بەوەی لایەنگیری عەلی و ئالوبەیتە بۆیە بەشیعە ناوزەد بکرێت، چونکە لەئێستادا وشەی شیعە جیاوازە لەواتا زاراوەییەکەی لەکۆندا.

حەقیقەتی تۆمەتبارکردنی تەبەری بەوەی لەگێڕەرەوانی لاوازی تۆمەتبار لەلایەن زانایانی جەرح و تەعدیلەوە گواستووەتەوە، لەنمونەی ئەبو موخنەف و موجەممەدی کوڕی ئەلسائیب ئەلکەلبی و ئیبن هیشام و ئەوانی تر

ئەوەی گومانی تێدا نییە، تەبەری لەئەبو موخنەف و ئیبن ئەلکەلبییەوە گێڕاوێتییەوە، ئێمەش هەڵوێستەمان هەیە لەبارەی ئەو جۆرە کەسانەوە، ئەوەش دوای تیشکخستنەسەر گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە تەبەری لەمێژووەکەیدا پشتی پێ بەستوون.

یەکەم: مێژووی تەبەری لەسەرەتای دروستبوونەوە باس دەکات تاوەکو رووداوەکانی ساڵی۳۰۲ی کۆچی.

دووەم: سەرچاوەکانی تەبەری لەمێژووی پەیامبەراندا، بریتییە لەئیبن ئیسحاق و کتێبەکانی وەهبی کوڕی مەنبیە.

سێیەم: لەمێژووی عەرەب لەپێش ئیسلام، پشتی بەستووەتە گێڕانەوەکانی عوبەیدی کوڕی شریە و موحەممەدی کوڕی کەعب ئەلقورەزی و هیشام ئەلکەلبی و ئیبن ئیسحاق.

چوارەم: لەسیرەی پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) ، پشتی بەستووەتە گێڕانەوەکانی ئەبانی کوڕی عوسمان و عوروەی کوڕی زوبەیر و موسای کوڕی عوقبە و عاسمی کوڕی عومەر و ئەلزوهری و ئیبن ئیسحاق و شەرحەبیلی کوڕی سەعد.

پێنجەم: گێڕانەوەکانی لەباری شەڕی هەڵگەڕاوان، لەگێڕانەوەکانی سەیفی کوڕی عومەر و ئەلمەدائینییەوە هێناوەتەوە.

شەشەم: هەرچی سەرچاوەی گێڕانەوەکانێتی لەبارەی شەڕی جەمەل٣٦ی کۆچی و شەڕی صەفین لەساڵی٣٧ی کۆچی، ئەوە پشتی بەستووەتە گێڕانەوەکانی ئەبو موخنەف و موحەممەدی کوڕی ئەلسائیب و هیشام ئەلکەلبیی کوڕی و سەیفی کوڕی عومەر.

حەوتەم:سەرچاوەکانی لەبارەی دەوڵەتی ئوممەوی، پشتی بەستووەتە گێڕانەوەکانی عوانەی کوڕی ئەلحەکەم و ئەبو موخنەف و ئەلواقیدی و ئیبن ئەلکەلبی و عومەری کوڕی شبە.

هەشتەم: گێڕانەوەکانی سەبارەت بەسەردەمی عەباسی، پشتی بەستووەتە گێڕانەوەکانی ئەحمەدی کوڕی ئەبی خەیسەمە و ئیبن زوهەیر و ئەلمەدائینی و عومەری کوڕی راشید و ئەلهەیسەمی کوڕی عەدی و ئەلواقیدی.

تێبینی دەکەین کە تەنیا پشتی نەبەستووەتە گێڕانەوەکانی ئەبو موخنەف و هەردوو کوڕانی ئەلکەلبی، بەڵکو وەك دیارە، سەرچاوەکانی هەمەجۆر کردووە، بەڵام لەڕاستییدا مەترسیدارترین سەرچاوەکانی، گێڕانەوەکانی ئەبو موخنەفن لەبارەی هەردوو شەڕی جەمەل و صەفینەوە، چونکە ئەو گێڕانەوانانە ساختەکراو و کرداری ناشیرینن دەرهەق بەهاوەڵان هەڵبەستراون، مرۆڤ کە لەگێڕانەوەکانی سەبارەت بەو دوو رووداوە دەبێتەوە، وەهای بۆ دەردەکەوێت کە هاوەڵان(خوایان لێ رازیی بێ) کۆمەڵێ کەسی دونیا ویست بوونە و لەسەر دەسەڵاتی لەنێوچوو شەڕیان کردووە و جنێویان بەیەکتر داوە، لەکاتێکدا

هاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەدوور بوونە لەو گێڕانەوە درۆیانەی کە ئەبو موخنەف و دوو کوڕەکەی ئەلکەلبیی گێڕاویانەتەوە، پاشان لەسەر ئێمە پێویستە تیشکێك بخەینە سەر سەرچاوەکانی ئەو هەواڵگێڕەوانە:

ئەبو موخنەف، لوطی کوڕی یەحیا(ك١٥٧ك):

ئیبن حەجەری عەسقەلانی لەبارەیەوە ئەڵێ:"هەواڵسازێکی پووچی متمانەپێ نەکراوە، ئەبو حاتەم و ئەوانی تر وازیان لێهێناوە، دارەقوتنی ئەڵێ: لاوازە. یەحیای کوڕی مەعین ئەڵێ: متمانەپێ کراو نییە. موڕە ئەڵێ: هیچ نییە. ئیبن عەدی ئەڵێ: شیعەیەکی داخ لەدڵی سووتاوە. ئەبو عوبەید ئەلئاجوریی ئەڵێ: لەبارەیەوە لەئەبو حاتەم پرسی، دەستی دا بەیەکدا و وتی: کەسێك هەبێ و لەبارەی ئەو کابرایەوە بپرسێ. لەلاوازاندا باسی کردووە[1].

ئەلحافز عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبی حاتەم ئەلڕازی(کۆچکردووی٢٧٢کۆچی) لەبارەیەوە ئەڵێ: بۆ ئەلعەباسی کوڕی موحەممەد ئەلدوریی خوێندراوەتەوە وتوویەتی: گوێم لەیەحیای کوڕی مەعین بوو ئەیووت: ئەبو موخنەف جێی متمانە نییە، عەبدولڕەحمان بۆی باسکردین وتی: گوێم لەباوکم بوو ئەیووت: کەسێکی مەتروکە(بەرەلاکراوە)[2].

ئەلحافز ئەبو ئەحمەد عبدالله‌ی کوڕی عەدی(کۆچکردووی٢٦٥ی کۆچی) ئەڵێ: بەکونیە و ناوی خۆیەوە بەناوبانگە، کۆمەڵێ هەواڵی لەبارەی پێشینی چاکەکارەوە باس کردووە و بەدوور نازانرێ مەبەستی عەیبدارکردنیان بووە، شیعەیەکی داخ لەدڵ و هەواڵسازیان بووە[3].

---

١) لسان الميزان،٤٩٣/٤

٢) عبد الرحمن بن أبي حاتم،الجرح والتعديل، دار إحياء التراث،بيروت،١٨٢/٧.

٣) ابن عدي،الكامل في ضعفاء الرجال، دار الفكر،بيروت،٩٣/٦.

سەبارەت بەموحەممەدی کوڕی ئەلسائیب ئەلکەلبی(ك١٤٦ی کۆچی):

زەهەبی ئەڵێ: ئەلعەللامەی هەواڵگێڕەرەوە، ئەبو ئەلنەزر موحەممەدی کوڕی ئەلسائیبی کوڕی ئەلموفەسیر، هەروەها زانابوو لەڕەچەڵەکناسییدا، بەڵام شیعە بووە و قسەکانی وازلێهێنراوە، هیشامی کوڕی و کۆمەڵێك لێیەوە گێڕاویانەتەوە[١].

هەر زەهەبی لە(میزان الإعتدال)دا لەبارەی موحەممەدی کوڕی ئەلسائیب ئەلکەلبیی ئەڵێ: یەزیدی کوڕی زورەیع وتی: کەسێکی سەبەئیی بووە. ئەبو موعاویە وتی: ئەلئەعمەش وتی: لەم سەبەئییە خۆت بپارێزە، من بەخەڵکانی پێشوو گەیشتووم، بەمانەیان دەوت درۆزنەکان. ئیبن حیبان لەبارەی ئیبن ئەلکەلبییەوە وتوویەتی: سەبەئییە و یەکێکە لەوانە ئەڵێن عەلی نەمردووە، بەڵکو دەگەڕێتەوە دونیا و دونیا پڕ دەکات لەدادپەروەریی هەروەك چۆن پڕ بووە بەستەم. کە هەورێکیان ببینایە، ئەیانووت: ئەمیری ئیماندارانە لەنێو ئەو هەورەدایە. ئەلجوزەجانی و کەسانی تریش وتوویانە: زۆر درۆزنە. دارەقوتنی و کۆمەڵێك وتوویانە: مەتروکە(بەرەڵاکراوە). ئیبن حیبان وتوویەتی: ڕێچکە و ڕێبازی لەئاییندا زۆر ڕوون دیارە کە درۆزن بووە، ئەوەندە ڕوونە کە پێویست نەکات لەوەسفکردنیدا ڕۆنەچی[٢].

ئیبن حەجەر لە(تقریب التهذیب)دا ئەڵێ: موحەممەدی کوڕی ئەلسائیب ئەبو ئەلنەزر ئەلکوفی، ڕەچەڵەکناس و ڕافەوان، تۆمەتبارە بەدرۆ و ڕافیزەبوون[٣].

سەبارەت بەئیبن هیشامی کوڕی ئەلسائیبی ئەلکەلبی(کۆچکردووی٢٠٤)ی کۆچی:

ئیبن حەجەر لەبارەیەوە ئەڵێ: هیشامی موحەممەدی کوڕی ئەلسائیب ئەبو ئەلنەزر ئەلکوفی، ڕەچەڵەکناس و عەللامە، لەباوکی ڕافەوانی و موجالیدەوە گێڕاوێتییەوە،

---

١) الذهبي، سير أعلام النبلاء، ٢٤٨/٦

٢) ميزان الإعتدال،١٦١/٦

٣) ابن حجر العسقلاني، تقريب التهذيب، دار الرشيد، سوريا، ٤٧٩/١.

کۆمەڵێکیش لەوەوە گێڕاویانەتەوە. ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ئەڵێ: هاودەمی شەوچەرە و رەچەڵەکناسیی بووە و گومان ناکەم کەسێك لێیەوە گێڕابێتیەوە. دارەقوتنی و کەسانی تریش وتوویانە: کەسێکی مەتروکە(وازلێهێنراوە)، ئیبن عەساکیریش ئەڵێ: کەسێکی رافیزییە و جێی متمانە نییە[1].

ئەلخەتیب ئەلبەغدادی دوای ئەوەی بەسەنەدی خۆی هێناوێتی ئەڵێ: عبداللەی کوڕی ئەحمەد بۆی باسکردین وتی:گوێم لێبوو باوکم ئەیووت: هیشامی کوڕی موحەممەد چی کەسێك لێیەوە ئەگێڕێتەوە؟ ئەو هاودەمی شەوچەرە و رەچەڵەکناسیی بووە و گومان ناکەم کەسێك لێیەوە گێڕابێتیەوە.

هەوالّم پێگەیشتووە کە هیشام سالّی دووسەد و چوار مردووە. وتراوە: دووسەد و شەش[2].

ئیبن عەدی لەکتێبەکەیدا(الکامل في ضعفاء الرجال) ئەڵێ: هیشامی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەلسائیب و موحەممەدی کوڕی ئەلسائیبی باوکیشی کە خاوەن(التفسیر–راڤە)یە، گوێم لەئیبن حەماد بوو ئەیووت: عبدالله بۆی باسکردم وتی: گوێم لێبوو باوکم ئەیووت: هیشامی کوڕی موحەممەد چی کەسێك لێیەوە ئەگێڕێتەوە؟ ئەو هاودەمی شەوچەرە و رەچەڵەکناسیی بووە و گومان ناکەم کەسێك لێیەوە گێڕابێتیەوە. بەو جۆرەی ئەحمەد وتوویەتی، هیشام بەزۆریی هەوالّ و شەوچەرەیی و رەچەڵەکی بەسەردا زالّبووە و نازانم موسنەدی هەبووبێ[3].

پوختەی قسە:

ئەبو موخنەف کەسێکی هەوالگێڕی رافیزیی پووچی تۆمەتبارە بەدرۆزن، شیعەیەکی داخ لەدلّ بووە، هەرچی موحەممەدی کوڕی ئەلسائیب و هیشامی کوڕێتی، ئەوە دوو

---

١) لسان الميزان،٦/١٩٦.

٢) تاريخ بغداد، ١٤/٤٥.

٣) الكامل في ضعفاء الرجال،٧/١١٠.

کەسی هەواڵگێڕی تۆمەتبارن بەڕافیزە و شیعەگەریی و هەڵبەستنی گێڕانەوە میژوویییەکان.

بەڵام دەمێنێتەوە پرسیارێکی زیندوو، ئەویش ئەوەیە: بۆچی تەبەریی لەو کەسانەوە هەواڵی گواستووەتەوە سەرەڕای ئەوەی زانایان ئەو کەسانەیان خستووەتەبەر نەشتەر و عەیبەکانیانیان دەرخستووە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە، لەپێشەکی میژووی تەبەرییدا دەبینین کە بەمەوو روونییەکەوە، میتۆدی خۆی بۆ ئێمە روونکردووەتەوە و وتوویەتی: "هەرچی لەو هەواڵانەی لەم کتێبەمدا هەیە لەبارەی خەڵکانی رابردوو، کە بینەر و خوێنەری رەتیدەکاتەوە بەهۆی ئەوەی بەڕاستی نازانێ و لەواقیعدا رووی نەداوە، با بزانێ ئەو هەواڵ و باسە لەلایەن ئێمەوە نەهاتووە، بەڵکو لەڕێگەی گوازەرەوانی ئەو هەواڵانەوە بەئێمە گەیشتوون، چۆن هاتوون، ئێمەش ئاوەها گەیاندوومانە"[1].

ئا بەو شێوەیە، تەبەری هەرچی عەیب و عارێك هەبێ ئەیخاتە گەردنی گێڕەرەوەوە، چونکە دەزانێ بەوەی ناوی گێڕەرەوە و هەواڵگێڕی ئەو باس و فەرموودەیەی هێناوەتەوە، ئەوە ئەمانەتی بەجێهێناوە و دەستپاکیی خۆی گەیاندووە، چونکە ئەو کەسەی کە حاڵ و رەوشتی گێڕەرەوە دەزانێ بەتایبەت ئەوانەی جەرح و عەیبدار کراون، ئەو درۆیە قبوڵ ناکات. ئەوە شێوازی زۆرێك لەزانایانی پێشین بووە لەڕابردوودا، بەسەر خۆیانەوە بەمەرجیان نەکردووە تەنیا گێڕانەوە سەحیحەکان بگێڕنەوە، ئەگەرچی هەزمان دەکرد تەبەری قسەی خۆی هەبووایە لەسەر ئەو هەواڵ و ئەفسانە و درۆیانەی دەرهەق بەهاوەڵان(خوایان لێ ڕازیی بێ) وتراون، بەتایبەت لەهەردوو رووداوی جەمەل و صەفین، ئەو گێڕانەوانانەی هەرکەس ویستبێتی لەپایەی هاوەڵان کەم بکاتەوە، پشتیان پێ بەستووە، هەتا ئەوەی لای هەندێ کاڵفام بووەتە باوەڕێك، ئەو باسانە شتێکی راستەقینە و حاشا هەڵنەگرن، چونکە ئەو باس و هەواڵانە لەلایەن ئیبن جەریرەوە

---

١) ابن جريرالطبري، تاريخ الطبري، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، بيروت، ١/٥.

گێڕدراونەتەوە، سەرچاوەی سەرەکیی هەموو ئەو کتێبانەیە کە مێژووی سەرەتایان خستووەتە بەرباس و هەمووی هەواڵسازی چەپەڵ ئەبو موخنەف و هەردوو کوڕانی ئەلکەلبیی گێڕاویانەتەوە[1].

ئەمانەوێ بڵێین: تۆمەتبارکردنی تەبەری بەشیعەگەریی، قسەیەکە و نەسەلماوە، ئەمەو ئەگەرچی نووسینەکانی زۆرجار گواستنەوەیە لەکەسانێك تۆمەتبارن بەشیعەگەری و رافیزەبوون و درۆ هەڵبەستن بۆ ناشیرینکردنی هاوەڵانی پاك و سەربووردە جوان، بۆیە پێویستە خوێنەر و توێژەری بواری نووسینەکانی تەبەریی بەئاگا و وریابن لەبەرانبەر گێڕانەوەکانی، بەتایبەت لەو لایەنە ناکۆکییەی لەنێوان هاوەڵان و ئەهلی سوونە و جەماعە و شیعەدا هەیە.

ئەمەوێ بەو قسەیە کۆتایی پێبهێنم، ئەوەی لەم کورتکردنەوە و پوختکردنەوەیەدا هاتووە ئەگەرچی هەمووی هی تەبەرییە و هەر ناشیرینییەك بەرانبەر هاوەڵان(خوایان لێ رازیی بێ) هاتبێ یان قسە و تانەیەك لەئەهلی سوونە، ئەوە من پێی رازیی نییم و بەری و بێ تاوانم.

ئێستاش خوێنەری بەڕێز و سەنگین بەجێدەهێڵم لەگەڵ پێشەوا تەبەری و کتێبەکەیدا(مێژووی تەبەری یان مێژووی ئوممەتان و پادشایان).

باسکردنی لەدایکبوونی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم):

عوسمانی کوڕی عەفان، پرسیاری لەقەباسی کوڕی ئەشیەمی بۆای نەوەی عەمری کوڕی لەیس کرد: تۆ گەورەتری یان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم). ئەویش وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لە من گەورەترە، من لەتەمەندا لەو گەورەترم. لەدوای ئەو بەساڵێ پاشەڕۆی فیلم بینی. ئومەیەی کوڕی عەبد شەمسم بەپیریی بینی، کۆیلەیەکی دەستی گرتبوو. کوڕەکەی وتی: ئەی قوباس تۆ باشتر دەزانی چی دەڵێی.

---

١) هاني السباعي،مدير مركز المقريزي للدراسات التاريخية بلندن، من مصادر السيرة النبوية.

لەئەبو ئەلحوەیریسەوە ئەڵێ: گوێم لەعەبدولمەلیکی کوڕی مەروان بوو بەقوباسی کوڕی ئەشیەمی ئەلکینانیی ئەللەیسیی وت: تۆ گەورەتری یان پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ؟ ئەویش وتی: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لە من گەورەترە، من لەتەمەندا لەو گەورەترم. بیرمە دایکم لەسەر تەپاڵە و پاشەڕۆی فیلەکان رایگرتبووم.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەڕۆژی دووشەممە لەسااڵی فیل کە دوانزە ڕۆژ لەمانگی ڕەبیعی یەکەم تێپەڕ ببوو، لەدایکبووە، وتراوە: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەو ماڵەدا لەدایکبووە کە بەماڵی کوڕی یوسف(ابن یوسف) ناسراوە. وتراوە: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئەو شوێنەی بەعەقیلی کوڕی ئەبو تاڵیب بەدیاریی دابوو، لەدەستی عەقیلدا بوو تاوەکو مرد، پاشان کوڕەکەی عەقیل فرۆشتی بەموحەممەدی کوڕی یوسف برای حەجاجی کوڕی یوسف و ئەو خانووەی تیادا دروست کرد کە پێیدەوترێ خانووەکەی کوڕی یوسف و ئەو ماڵەی خستەسەر تاوەکو خەیزەرانی دەرکرد و کردیە مزگەوت و نوێژی تیادا دەکرد.

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: وەك ئەوەی خەڵکیی دەیڵێن و وەهای دادەنێن و خوای گەورە خۆی زاناترە، کە ئامینەی کچی وەهبی دایکی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کاتێ سکپڕ بووە بەپەیامبەری خۆشەویست، لەخەودا پێی وتراوە: تۆ سکپڕی بەگەورەی ئەم ئوممەتە، کاتێ لەدایك بوو بڵێ: پەنای دەدەم بەخوای تاقانە لەشەڕی هەموو حەسودێك و پاشان ناوی لێ بنێ موحەممەد. کاتێ پێی سکپڕ بوو لەخەودا بینی، نوورێکم لێیەوە دەرچوو کۆشکەکانی بوسرا لەخاکی شامی ڕووناککردەوە. کاتێك هێنایە دونیاوە، هەواڵی نارد بۆلای عەبدولموتەلیبی باپیرەی و پێیووت: کە کوڕێکت بۆ هاتووەتە دونیاوە و تەماشای بکە. تەماشای کرد و بۆی باسکرد کە کاتێك پێی سکپڕ بووە، ئەو خەوانەی بینیووە و فرمانی پێ کراوە ئەو ناوەی لێ بنێت.

لەعوسمانی کوڕی ئەبی ئەلعاصەوە ئەڵێ: دایکم بۆی باسکردم کە بینیوێتی ئامینەی کچی وەهب پەیامبەری خوای هێناوەتە دونیاوە، ئەو شەوەی لەدایکبوو هەموو لایەکی

مالّەکە رووناك بوو، ئەمرۆانییە ئەستێرەکان ئەوەندە نزیك بوون هەتا ئـەوەی دەمـووت: وا دەکەون بەسەرمدا.

ئینجا عەبدولموتەلیبی باپیری رۆیشت ئافرەتێکی شیردەری بۆ بـەکرێ گـرت لەنـەوەی سەعدی کـوڕی بـەکر و پێیـدەوترا حەلیمـەی کچـی ئـەبی زوەیـب و نـاوی خوشـك و بـرا شیرییەکانیشی ئەمانە بوون، عبداللەی کوڕی ئەلحاریس و ئەنیسـەی کچـی ئـەلحاریس و خوزامـەی خوشـکی بـوون کـە نـاوی شـەیمائی بەسـەردا زاڵ بـوو، ئـەوترێ شـەیماء و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێکەوە شیری حەلیمەیان خواردووە.

لەبوڕەی کچی ئەبی تەجزیئەوە ئەڵێ: یەکـەمین ئافرەتێـك شـیری بەپەیامبـەری خـوا دابێ، سوەیبە(ثویبة)بوو لەشیری کوڕەکەی خۆی پـێ دا کـە نـاوی مەسـروح بـوو پـێش ئەوەی حەلیمە بێت، بەچەند رۆژێك شیری پێ دا، پـێش ئـەو شـیری بەحـەمزەی کـوڕی عەبدولموتەلیب دابوو، دوای ئەویش شیری دا بەئـەبو سـەلەمەی کـوڕی عەبدولئەسـەدی مەخزومی.

لەعبداللەی کوڕی جەعفەری کوڕی ئەبو تاڵیبەوە ئەڵێ: حەلیمەی کچـی ئـەبی زوەیـبی ئەلسەعدی، دایکی شیریی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) باسی کردووە کە لەگەڵ مێردەکەم و کوڕە بچووکەکەمدا کـە شـیرم پێـدەدا لەگـەڵ ئافرەتـانێکی نـەوەی سـەعد دەرچـووین و بـەدوای منالّـەوە بـووین تـا لەبەرانبـەر کرێیەکـدا شـیردان و بـەخێوکردنی بگرینە ئەستۆ، سالّێکی گرانی بوو هیچ شتێکمان بۆ نەمابوویەوە، بەسواری گوێدرێژێکی لاواز و تەمبەلّەوە دەرچووین و بزنێکمان پێبوو کە قەت شیردەر نەبوو،ئەو شەوە لەبـەر گریانی منداڵەکەمان خەومان لێ نەکـەوت کـە لەبرسـاندا دەگریـا و منـیش هـیچ شـیرێکم نەبوو پێی بدەم و بزنەکەش هیچ شیرێکی تێدانەبوو پێیبدەم، بەڵام ئومێدی فریاکەوتن و هاتنی خۆشی و رزگاربوون بووین لەو حاڵەدا، دەرچووین و لەمەککـەدا بەشـوێن منـدالّی شیردەرەوە بووین، هـەموو ژنـانی کاروانەکـەی ئێمـە موحەممەد(صـلى الله عليـه وسـلم) پیشان دەدرا تا بـەخێوی بکـات، بـەڵام رەتیـان دەکـردەوە منـدالّی هـەتیوو وەربگـرن، چـونکە ئومێـدی پـارە و دیـاریی بـووین لـەباوکی منداڵەکـە، هـەموو ئـەو ئافرەتانـەی

لەگەڵماندا بوو منداڵیان بۆ بەخێوکردن پەیداکرد، تەنیا من نەبێ، کە ئامادەبووین بۆ گەڕانەوە بەمێردەکەمم وت: سوێند بەخوا حەزناکەم بەبێ منداڵی شیر پێدەر بگەڕێمەوە، سوێند بەخوا دەچم و ئەو منداڵە هەتیوە ئەهێنم، مێردەکەم وتی: ئەتوانی ئەوە بکەی بەڵکو خوای گەورە بۆمانی بەرەکەتدار بکات، منیش رۆیشتم و هێنام، ئەوەی وەهای کرد بیهێنم ئەوە بوو منداڵی دیکەم دەستنەکەوت، کە بردم و خستمە کۆڵەوە مەمکەکانم پڕ شیربوون، تێر شیری لێخوارد و براکەشی لەگەڵیدا شیری خوارد، پاشان خەوت، مێردەکەم رۆیشت سەیری بزنەکە بکات تەماشایکرد گوانەکانی پڕ شیرن، گوانەکانی دۆشی و پێکەوە تێرمانخوارد و برسێتییمان نەما، ئەو شەوەمان بەخۆشیی کردەوە، کە بەیانی بوویەوە مێردەکەم پێیوتم: ئەی حەلیمە ئەزانیی، سوێند بەخوا کۆرپەیەکی پیرۆزمان دەسکەوتووە، منیش وتم: سوێند بەخوا منیش ئەو ئومێدەم هەیە، پاشان دەرچووین و سواری گوێدرێژەکەمان بووین و موحەممەدیشم لەگەڵ خۆمدا سەرخست، سوێند بەخوا گوێدرێژەکە پێش باشترین وەلاخیان دەکەوت و هاوڕێ ژنەکانم پێیاندەوتم: ئەی کچی ئەبی زوەیب لەبار دایکت بچێ چیە پێشمان کەوتی و تێر شیر و خێران، ئەمە هەر ئەو گوێدرێژە نییە کە پێیەوە لەگەڵماندا دەرچوون؟وتم: بەڵێ، سوێند بەخوا هەر ئەو گوێدرێژەیە، وتیان: دەسا سوێند بەخوا ئەم منداڵە پلەیەکی گەورەی هەیە، پاشان گەیشتینە شوێن و ماڵەکانمان لەولاتی بەنی سەعد، زەویەك نەبوو بەقەد زەوی هۆزەکەمان وشك و بێ لەوەڕبێ، دوای ئەوەی ئەو منداڵەمان برد مەڕەکانی ئێمە کە دەچوونە دەر، گوانیان پڕ شیردەبوو، خەڵکانی تر نە شیریان لەمەڕیان دەدی و نەهەیانبوو بیخۆنەوە، تا ئەوەی بەشوانەکانیان دەوت: لەنێوبچن، لەو شوێنانە مەڕ بلەوەڕێنن کە شوانەکەی کچەکەی ئەبی زوەیب دەیلەوەڕێنێ. مەڕەکانیان بەبێ شیر دەگەڕانەوە و مەڕەکانی ئێمەش پڕ شیر، لەماوەی دوو ساڵی شیر پێدانیدا خێرو بەرەکەتی خوامان دەبینی و منداڵێکی زیرەك و لەش دامەزراوی لێ دروستبوو، بردمانەوە لای دایکی و ئێمەش پێداگربووین لای خۆمانی بهێڵینەوە لەبەر ئەو بەرەکەتاریيەی لەو منداڵەمان ئەبینی، دایکی بەمنی وت و منیش پێموت: ئەگەر ئەم

کوڕەمان لا بهێڵیتەوە تا گەورە دەبێ، لەنەخۆشی و پەتای مەککە دەترسم تووشی نەخۆشیی بکات، ئەویش لەگەڵماندا گەڕاندیەوە، دوای گەڕانەوەمان بەچەند مانگێك، لەگەڵ براکەیدا و لەپشی ماڵەکانمانەوە لەگەڵ بەرخەکاندا یاریی دەکرد، براکەی بەشێوە هەڵبزورکاویەوە هاتەوە ماڵ و بەمن و باوکی وتی: دوو پیاوی بەرگ سپی براکەمیان بردو دایان بەزەویداو سکیان درێ، من و باوکی منداڵەکەم بەرەو رووی رۆیشتین بینیمان بەپێوە راوەستاوە و شێوەی تێکچووە، من و باوکی باوەشمان پێداکرد و وتمان: چی بووە کوڕی شیرینم؟وتی: دوو پیاوی بەرگ سپی هاتن و خستمیان سەر زەوی و سکیان درێم و شتێکیان لێ دەرهێنا کە نازانم چی بوو، ئێمەش بردمانە دەوارەکەمانەوە و مێردەکەم پێیوتم: ئەی حەلیمە زۆر ترسام ئەم منداڵە تووشی شتێك بووبێت، پێش ئەوەی شتێکی بەسەردابێ بیگەڕێنەوە بۆ کەسوکارەکەی، منیش گەڕاندمەوە لای دایکی، ئەویش وتی:ئەی دایەنی بەسۆز تۆ پێداگربووی تاوەکو لات بمێنێتەوە، چیبوو وا هێناتەوە؟منیش وتم: شتێکی وەها بەسەر کوڕە شیرینەکەمدا هاتووەو ئەترسم رووداوێکی خراپی بەسەردابێ و چۆنت حەز لێبێ وەها هێناومەتەوە، وتی: ئەمە کەی کاری تۆیە راست بڵێ هۆکار چییەو منیش وەك خۆی باسەکەم بۆ گێڕایەوە،وتی:ئەترسی شەیتان زیانی لێدابێ؟وتم: بەڵێ، وتی: نەخێر سوێند بەخوا شەیتان هیچ دەسەڵاتێکی بەسەردا نییە، ئەم کوڕەی من پلەو پایەیەکی گەورەی هەیە، ئایە ئەتەوێ بۆتی باسبکەم؟ وتم: بەڵێ بۆ نامەوێ. وتی: کاتێ سکپڕبووم لەخەودا بینیم روناکییەکم لێ دەرکەوت کۆشکەکانی بوصرای شامی بۆ روناك کردمەوە، پاشان بەم منداڵە سکپڕبووم، سوێند بەخوا هیچ سکپڕییەکم نەبینیووە بەقەد ئەم سکپڕیە سووك بێ، کە هاتە دونیاشەوە هەردوو دەستی خستەسەر زەوی و سەری بۆ ئاسمان بەرزکردەوە. بیهێڵەو بەبێ خەم برۆ، ئەم منداڵە هیچ ترسێکی بۆ نییە.

لەشەدادی کوڕی ئەوسەوە ئەڵێ: لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دانیشتبووین، پیاوێکی بەتەمەنی بەنی عامیر کە گەورەیان بوو هات، ئەوەندە بەتەمەن بوو خۆی دابوو بەسەر گاڵۆکەکەیدا و لەبەردەم پەیامبەری خوا راوەستا و دایەوە پاڵ

باپیرەی و وتی: ئەی کوڕی عەبدولموتەلّیب، من هەواڵم پێگەیشتووە کە وەهای دادەنێی پەیامبەری خوای بۆ خەڵکی و خوای گەورە بەو پەیامە تۆی ڕەوانە کردووە کە ئیبراهیم و موسا و عیسا و پەیامبەرانی تری پێ ڕەوانە کردووە،بەڵام ئەوەی تۆ ئەیڵێی شتێکی گەورەیە، بەڵکو پەیامبەرایەتی و جێنشینێتی لەدوو بنەماڵەی بەنو ئیسرائیلدایە، تۆش لەو بنەماڵەیەی کە ئەم بەرد و بتانەیان پەرستووە، تۆ لەکوێ و پەیامبەرایەتیی لەکوێ، بەڵام هەموو قسەیەك حەقیقەتێکی هەیە، حەقیقەتی ئەو قسەیەتم پێ بڵێ و باسی خۆت بکە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەو قسەیەی سەرسام بوو، پاشان فەرمووی: ئەی برای نەوەی عامیر، ئەو باسەی تۆ لەبارەیەوە لە من دەپرسی، هەواڵی خۆی هەیە و پێویست دەکات دابنیشی بۆ گوێگرتن لەو بارەیەوە. کابرا پەلەکانی درێژکرد وەك پەل درێژکردنی وشتر، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ڕووی تێکرد و قسەی بۆ کرد و فەرمووی:ئەی برای نەوەی عامیر، حەقیقەتی قسە و بانگەشە و سەرەتای کاروباری من، ئەوەیە من بەرەنجامی پاڕانەوەی ئیبراهیمی باوکم و مژگێنیی عیسای برامم عیسای کوڕی مەریەم. من لەسکی دایکمدا بووم و دایکم بە من ئەوەندە بارقورس بووە، قورستر لەهەر شتێك هەڵبگیردرێت، لای ژنانی هاوڕێی شەکوای ئەو حاڵەی خۆی کردووە،پاشان خەوی بینیووە و لەخەویدا بینیوێتی ئەو شتەی کە لەسکیدایە نوور و ڕووناکییە، وتوویەتی: ڕووناکییەکە دەرچوو چاوی من لەگەڵیدا پێشبڕکێی دەکرد و پێشی دەکەوت تاوەکو ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوای زەویی ڕووناك کردەوە. پاشان کە منی هێنایە دونیاوە و پێگەیشتم، ڕقم دەبوویەوە لەبتەکانی قورەیش و شیعر، شیرەخۆرە بووم لەنەوەی لەیسی کوڕی بەکر، ڕۆژێکیان دوور لەکەسوکارم لەگەڵ منالاّندا یارییمان دەکرد، سێ کەس هاتن بۆلام تەشتێکی ئالتوونییان پێ بوو پڕ بوو لەبەفر، لەنێو هاوتەمەنەکانمدا منیان گرت و ئەوانیش لەترسا بەشیوەکەدا هەڵهاتن، پاشان لایان کردەوە بەلای سێ کەسەکەدا و وتیان: چی کارتان بەسەر ئەو منداڵەوە هەیە؟ ئەو منداڵە لەئێمە نییە، کوڕی گەورەیەکی قورەیشە و لای ئێمە شیری پێ دەدرێ و بەخێودەکرێت، بێ باوکە، بۆچی دەتانەوێ بیکوژن؟ لەو منداڵە چیتان دەستدەکەوێ؟ ئەگەر هەر دەیکوژن، ئەوە

یەکێك لەئێمە بکوژن. کێ لەئێمەتان دەوێ دێت و بیکوژن و واز لەو منداڵە بهێنن، بێ باوکە. کاتێ منداڵەکان بینییان ئەو سێ کەسە لایان بەلادا ناکەنەوە، لەترسا بەخێرایییەوە هەڵهاتن بۆلای ماڵەکان و بەهاوارەوە رووبان کردە لای خەڵکەکە. یەکێك لەو سێ کەسە منی دا بەزەوییدا بەزەویدانێکی نەرم و لەسەرخۆ، پاشان لەسەر سنگم تاوەکو خوار ناوکمی شەق کرد، منیش وا تەماشای دەکەم، هەستم بەهیچ ئازارێك نەدەکرد، پاشان ناوسکی دەرکردم و بەو بەفرە شۆردی بەجوانترین شۆردنێك و پاشان خستیەوە شوێنی خۆی. پاشان کەسی دووەمیان هەڵسا و بەهاوڕێکەی وت: لەسەری لاچۆ. لاچوو، پاشان دەستی خستە سکمەوە و دڵی دەرهێنام و منیش وا سەیری دەکەم، شەقی کرد و پاشان پارچەیە رەشی لێ دەرهێنا و فڕەی دا، پاشان بەوەی دەستە راستی وت وەك ئەوەی شتێکی بەدەستەوە بوو، بینینم نوورێکی لەدەستە کە بینەر کەمەندکێش دەکات، بەوە دڵی مۆر کردم و پڕی کرد لەنوور و رووناکی، ئەوەش نووری پەیامبەرایەتی و حیکمەت بوو، پاشان گەڕاندیەوە شوێنی خۆی و بەوە بۆ ماوەیەك هەستم بەفێنکیی کرد لەدڵمدا. پاشان کەسی سێیەم بەهاوڕێکەی وت: لەسەری لاچۆ. شەقکردنی سکمی دووریەوە بەمۆڵەتی خوا و پاشان دەستی گرتم و لەشوێنی خۆم هەڵیساندم بەهەڵساندنێکی نەرم و لەسەرخۆ. پاشان بەوەی یەکەمی وت کە سکی شەق کردم: بیکێشە بە دە کەسی ئوممەتەکەی. بە دە کەسی ئوممەتەکەم منیان کێشانە و پێوانە کرد، من قورستر بووم. پاشان وتی: بە سەد کەسی ئوممەتەکەی کێشی بکە. کێشیانەیان کردم، من قورستر بووم پاشان وتی: بە هەزار کەسی ئوممەتەکەی کێشی بکە. کێشیانەیان کردم، من قورستر بووم. پاشان وتی: وازی لێبهێنە، ئەگەر بەتەواوی ئوممەتەکەشی بکێشی، ئەم بارسەنگتر دەبێ.

پاشان باوەشیان پێداکردم و منیان نووساند بەسنگیانەوە و سەر و نێوچەوانمیان ماچ کرد و پاشان وتیان:ئەی خۆشەویست تۆ نەترانیووە چی خێر و خۆشییەك چاوەڕێی تۆیە، ئەگەر دەترانی، ئەوە دڵنارام دەبووی. ئەفەرموێ: ئا لەوەدا بووین، خەڵکەکە بەدوای هاواری منداڵەکاندا بەڕاکردن هاتن، دایکم لەبەردەم خەڵکەکەدا قیژە و هاواری

کردبوو وتبووی: هەی هاوار منداڵەکەم. کەوتن بەسەرمدا و سەر و نێوچەوانیان ماچ کردم و پاشان وتیان: وامەزانە تەنیا و بێ کەسی، تۆ بێکەس نییت، بێگومان خوا و فریشتەکانی و باوەڕدارانی زەویی لەگەڵ تۆدان. پاشان دایەنەکەم پێی وتم: ئەی بێ باوکەکەم، تۆ لەنێو هاورێکانتدا لاوازترین بووی بۆیە ویستیان بتکوژن، ئینجا ئەو سێ کەسە کەوتن بەسەرمدا و منیان گوشی بەسنگیانەوە و سەر و نێوچەوانیان ماچ کردم و وتیان: تۆ بێ باوك نیت، ئای خوای گەورە چی رێزێکی لێ ناوی، ئەگەر دەتزانی خوای گەورە چی خێر و خۆشییەکی بۆ تۆ دەوێ. منیان برد بۆ سەرووی شیوەکە. کە دایکە دایەنەکەم تەماشای کردم وتی: کوڕی شیرینم وەها نابینم زیندوو بتبینم. هات و خۆی دا بەسەرمدا و باوەشی پێداکردم، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، لەباوەشیدا بووم و دەستم لەدەستی ئەو سێ کەسەدا بوو، لامکردبوویەوە بەلایاندا و وەهام دەزانی ئەو خەڵکە دەیانبینن، کەچی ئەوانیان نەدەبینی، تا ئەوەی هەندێ لەخەڵکەکە وتیان: ئەم منداڵە دەستی جنۆکەی لێ وەشێنراوە، بیبەن بۆلای کاهینەکەمان تاوەکو چارەسەری بکات. منیش وتم: ئەوە باسی چیی دەکرێت،من عەیبم نییە و بیر و هۆشم لای خۆمە. باوکم، مێردی دایەنەکەم بوو وتی: ئە نابینن قسەی رێك و تەواوە ! من ئومێد دەکەم کوڕە شیرینەکەم هیچی بەسەر نەهاتبێ، بەڵام ئەوان هەر یەکدەنگ بوون لەسەر ئەوەی بمبەن بۆلای کاهین(جادووبان)، هەڵیانگرتم و بردمیان بۆلای و بەسەرهاتی منیان بۆ گێڕایەوە. ئەویش وتی: بێدەنگ بن با لەمنداڵەکەوە قسە ببیستیم، ئەو لەئێوە باشتر دەزانێ چی بەسەرهاتووە. پرسیاری لێکردم و منیش بەسەرهاتەکەم لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی بۆ باسکرد. کە گوێی لەقسەکەم بوو، کەمێ واقی وڕما و ئینجا نووساندمی بەسنگی خۆیەوە و دواتر بەوپەڕی دەنگی هاواری کرد: ئەی عەرەب ئەی عەرەب ئەم کوڕە بکوژن و منیشی لەگەڵدا بکوژن. سوێند بەلات و عوزا ئەگەر وازی لێبهێنن و نەیکوژن، ئەوە کە پێگەیشت ئایینەکەتان دەگۆڕێت و عەقڵی خۆتان و باوباپیرانتان پووچ دەکات و پێچەوانەتان دەکات، ئایینێکتان بۆ دەهێنێ کە هەرگیز لەپێشتردا گوێتان لێ نەبووە. دایەنەکەم منی لەکۆشی دەرکرد و وتی: تۆ لەکوڕەکەی

من خراپترت بەسەرهاتووە، شێت بووی، ئەگەر بمزانییایە ئەم قسەیە دەکەی، ئەوە نەمدەهێنایە لای تۆ، ئەتوانی بۆ خۆت داوا بکەی کەسێك بتکوژێت، ئەگینا من ئەم منداڵە ناکوژم. پاشان هەڵیانگرتم و بردمیان بۆلای کەسوکارم و بەو کردارەی کابرای جادووگر کردی، ترسام و ئیتر ئەو سنگ درینە لەجەستەمدا وەك دەزوویەك دیارە، ئەوەش حەقیقەتی قسەی من و سەرەتای پەیامبەرایەتیی منە ئەی برای نەوەی عامر.

کابرای عامریی وتی: شایەتیی دەدەم بە اللە کە هیچ خوایەکی تر بوونی نییە جگە لەخۆی، ئەم پەیامەت راستییە، وەڵامی چەند پرسیارێکم بدەرەوە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بپرسە". پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێشتر بەخاوەن پرسیار دەیفەرموو:"چۆنت ویست بپرسە". یان" چۆن بۆت هات بپرسە". بەڵام ئەو رۆژە بەو کابرا عامرییەی فەرموو:"لەبارەی چی شتێك بوو، بپرسە". ئەوە شێوەی قسە کردنی نەوەی عامر بوو. کابرا عامریی پێیوت: ئەی کوڕی عەبدولموتەڵیب پێم بڵێ، چی شتێك زانست زیاد دەکات؟ فەرمووی:"فێربوون". وتی: ئەی پێم بڵێ چی شتێك رێنیشاندەرە بۆ زانست و رێنمایی دەکات؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: "پرسیارکردن". کابرا وتی: ئەی پێم بڵێ چی شتێك شەڕ و خراپە زیاتر و بەردەوامتر دەکات؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"زۆر لەسەر رۆیشتن و درێژە پێدان".

کابرا وتی: پێم بڵێ ئایە لەدوای خراپەکردن، چاکە سوودی هەیە؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بەڵێ، تەوبەکردن، تاوان دەسڕێتەوە، چاکەکارییەکان، خراپەکان دەسڕنەوە، ئەگەر بەندە لەکاتی خۆشییدا یادی خوای گەورەی کرد، ئەوە خوای گەورە لەکاتی بەڵا و ناخۆشییدا فریای دەکەوێت". کابرای عامریی وتی: ئەوە چۆن ئەی کوڕی عەبدولموتەڵیب؟وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:" ذلك بأنّ الله يقول: لا وعزّتي وجلالي، لا أجمع لعبدي أمْنَين، ولا أجمع له أبدًا خوْفَين، إن هو خافَني في الدنيا، أمِنَني يومَ أجمعُ فيه عِبادي عندي في حظيرة الفردوس، فيدومُ له أمْنُه..."، واتا: خوای گەورە ئەفەرموێت: سوێند بەعیزەت و

شکۆداریی خۆم، بۆ هیچ بەندەیەکم دوو ئارامیی کۆناکەمەوە، بۆ هیچ بەندەیەکم دوو ترس کۆناکەمەوە، بەندەیەك لەدونیادا لە من ترسابێ، لەڕۆژی قیامەتدا لەڕۆژی کۆکردنەوەی بەندەکانمدا لەفیردەوس، ئارامیی پێ دەدەم و ئارامیی بۆ بەردەوام دەبێ، کابرای عامریی وتی: پێم بڵێ تۆ بانگەواز بۆ چی شتێك دەکەی؟ فەرمووی:" أدعو إلى عبادة الله وحْدهُ لا شريكَ لَهُ، وأن تَخْلَع الأنْدَاد، وتكْفُرَ باللّات والعزَّى، وتقرَّ بما جاء من الله من كتاب أو رسول، وتصلّي الصلوات الخمس بحقائقهنّ، وتصوم شهرًا من السنة، وتؤدي زكاةَ مَالِكَ، يطهّرك اللهُ بها، ويُطَيِّب لك مالكَ، وتحجّ البيتَ إذا وجَدْت إليه سبيلًا، وتغتسل من الجنابة، وتؤمن بالموْت، وبالبَعْث بعد الموت، وبالجَنَّة، والنار "،واتا: بانگەواز دەکەم بۆ پەرستنی خوای گەورە بەتاك و تەنیایی بێ هیچ هاوبەش بڕیاردانێك، دەستبەرداری هاوارکردن بۆ غەیری خوا ببی، بێباوەڕ بی بەلات و عوزا، دان بەوەدا بنێی کە لەقورئاندا هاتووە یان ئەوەی پەیامبەر هێناوێتی، پێنج نوێژەکە بەحەقی خۆیان ئەنجام بدەی، لەساڵێکدا مانگێ بەڕۆژوو ببی، زەکاتی مالّ و سامانت دەربکەی کە خوای گەورە بەو کارە تۆ پاك دەکاتەوە و سەروەتەکەت بۆ پاك دەکاتەوە، حەج بکەی ئەگەر توانای ئەنجامدانی حەجت هەبێ، لەلەش گرانییدا خۆت بشۆری، باوەڕت بەمردن و زیندووبوونەوەی دوای مردن و بەهەشت و دۆزەخ هەبێ. کابرای ئەعرابیی وتی: ئەگەر ئەوانەم کرد، چیم بۆ هەیە؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:﴿جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ جَزَاءُ مَنْ تَزَكَّى﴾،واتا:بەهەشتانێکە جێگای مانەوەی هەمیشەییە ڕوبارەکان دەڕۆن بە ژێریاندا بێ بڕانەوە دەمێننەوە تێیدا ئەوە پاداشتی کەسێکە خۆی پاك و خاوێن ڕابگرێت(لە کوفر و تاوان).

کابرا وتی:ئەی کوڕی عەبدولموتەلّیب، لەگەڵ ئەوەدا شتێك، خۆشییەك لەدونیا دەبینی؟(کابرا حەزی بەهەندێ خۆشیی ژیان هەبوو). پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بەڵێ، سەرکەوتن و توانادارییون لەولاّت دێتەدی. کابراش بووە موسڵمان.

لەخالیدی کوڕی مەعدان ئەلکەلاعییەوە کە چەند هاوەڵێکی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) وتیان: ئەی پەیامبەری خوا لەبارەی خۆتەوە هەواڵمان پێ بدە. ئەویش فەرمووی:" نعم أنا دعوة أبي إبراهيم وبشرى عيسى ورأت أمي حين حملت بي أنه خرج منها نور أضاء لها قصور بصرى من أرض الشام واسترضعت في بني سعد بن بكر فبينا أنا مع أخ لي خلف بيوتنا نرعى بهما لنا أتاني رجلان عليهما ثياب بيض بطست من ذهب مملوءة ثلجا فأخذاني فشقا بطني ثم استخرجا منه قلبي فشقاه فاستخرجا منه علقة سوداء فطرحاها ثم غسلا بطني وقلبي بذلك الثلج حتى أنقياه ثم قال أحدهما لصاحبه زنه بعشرة من أمته فوزنني بهم فوزنتهم ثم قال زنه بمائة من أمته فوزنني بهم فوزنتهم ثم قال زنه بألف من أمته فوزنني بهم فوزنتهم ثم قال دعه عنك فلو وزنته بأمته لوزنها "،واتا: بەڵێ، من ئەنجامی پارانەوەکەی ئیبراهیمی باوکم و مزگێنییەکەی عیسام، دایکم کاتێ لەسکییدا بووم خەوی بینیبوو کە نور و رووناکییەکی لێیەوە دەرچووە کۆشکەکانی بوسرای لەخاکی شام روونـاک کردووەتەوە، شیرەخۆرە بووم لای نەوەی سەعدی کوڕی بەکر، لەگەڵ برایەکمدا بووم لەپشتەوەی ماڵەکان دوو پیاوی بەرگ سپیی هاتن بەتەشتێکی ئاڵتوونیی پڕ بەفرەوە، منیان گرت و سنگیان شەق کردم،پاشان دڵیان دەرهێنام و شەقیان کرد، پارچەیەکی رەشیان لێ دەرکرد و فڕەیان دا، پاشان سکم و دڵمیان بەو بەفرە شۆردەوە تاوەکو پاکیان کردەوە، یەکێکیان بەوی تر وت: بیکێشە بە دە کەس لەئوممەتەکەی. منی کێشا بە دە کەسی ئوممەتەکەم. کێشی من زیاتر بوو. پاشان وتی: بە سەد کەسی ئوممەتەکەی کێشی بکە. منی کێشا بارسەنگتر بووم. پاشان وتی: کێشی بکە بە هەزار کەس لەئوممەتەکەی. منی بەهەزار کەسی ئوممەتەکەمی کێشانە کرد، من بارسەنگتر بووم. وتی: وازی لێ بهێنە، ئەگەر بەتەواوی ئوممەتەکەی کێشی بکەی، بارسەنگتر دەبێ.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: عبداللەی کوڕی عەبدولموتەڵیبی باوکی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) مرد، دایکیشی کە ئامینەی کچی وەهبی کوڕی عەبدمەناف کوڕی زوهرە بوو، بەپەیامبەری خوا سکپڕ بوو.

هەرچی هیشامە وتوویەتی: دوای ئەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بیست و هەشت مانگ لەدایك ببوو، عبداللەی باوکی مرد.

ئیبن حومەید باس دەکات و ئەڵێ: سەلمە بۆی باسکردین لەئیبن ئیسحاقەوە ئەویش لەعبداللەی کوڕی ئەبی بەکری کوڕی موحەممەدی کوڕی عەمری کوڕی حەزم ئەلئەنساریيەوە، کە ئامینەی دایکی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) مرد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تەمەنی شەش ساڵ بوو، لەئەبواءدا مرد لەنێوان مەککە و مەدینەدا،لەمەدینەوە پەیامبەری خوای دەهێنایەوە کە لەسەردانی خاڵوانیدا بوو لەنەوەی عەدی کوڕی ئەلنەجار، لەگەڕاندنەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ مەککە، لەڕێگەدا مرد.

لەئەلعەباسی کوڕی عبداللەی کوڕی مەعبەدی کوڕی ئەلعەباس ئەویش لەهەندێ کەسوکاریەوە، کە عەبدولموتەلیب مرد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەشت ساڵان بوو، هەندێکیشیان وتوویانە دە ساڵان بووە، عەبدولموتەلیب مردووە.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: لەدوای مردنی عەبدولموتەڵیب، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەماڵی ئەبو تاڵیبدا مایەوە، کوڕانی عەبدولموتەڵیب کە بەیانییان دەکردەوە و لەخەو هەڵدەستان، رەنگیان زەرد بوو، بەڵام پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) روومەتێکی گەشاوە و پڕ چالاکیی هەبوو.

باسکردنی رەچەڵەکی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و باسکردنی هەندێ هەواڵی باوباپیرانی

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ناوی موحەممەدە، کوڕی عەبدوللەی کوڕی عەبدولموتەڵیبی کوڕی هاشمی کوڕی عەبد مەناف کوڕی کیلابی کوڕی موڕەی کوڕی کەعبی کوڕی لوئەی کوڕی فیهری کوڕی مالیکی کوڕی ئەلنەزری کوڕی کینانەی کوڕی خوزەیمەی کوڕی مەدرەکەی کوڕی موزەری کوڕی نزاری کوڕی مەعدە.

ئێستاش دەگەڕێینەوە بۆ باسی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هۆکارەکانی:

عەبدولموتەلێب بەهەشت ساڵ دوای ساڵی فیل، مرد، ئاوەهای باسکردووە موحەممەدی کوڕی ئیسحاق لەلایەن عبداللەی کوڕی ئەبی بەکرەوە، عەبدولموتەلێب وەسێتی بەئەبو تاڵیبی مامی پەیامبەری خوا کرد(صلى الله عليه وسلم) ، ئەرکی بەخێوکردنی پەیامبەری خوا بگرێتە ئەستۆ، چونکە ئەبو تاڵیب و عبداللەی باوکی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ دایك و باوکیی یەکتر بوون، ئەبو تاڵیب لەدوای مردنی عەبدولموتەلێبی باوکی کە دەیکردە باپیرەی پەیامبەری خوا، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی پەیامبەری خوای گرتە ئەستۆ. لەگەڵ خۆیدا بۆ شوێنانی دەبرد، پاشان ئەبو تاڵیب لەکاروانێکی قورەیشدا بەبازرگانیی دەرچوو بۆ شام، کە ئامادە بوو بۆ دەرچوون، پەیامبەری خوا پێیەوە نووسا، ئەبو تاڵیبیش وتی: سوێند بەخوا هەرگیز لەخۆمی دوور ناخەمەوە. لەگەڵ خۆیدا سەریخست، کاتێك دابەزینە بوسرا لەخاکی شام، راهیبێکی تێدا بوو پێیدەوترا بوحەیرا و لەقوولەیەکدا بوو، زانای گاورەکان بوو، زانای گاورەکان لەوێوە دەردەچوون و پێدەگەیشتن، کاتێك ئەو ساڵە کاروانەکەی قورەیش لای دایە لای بوحەیرا، خواردنێکی زۆری بۆ ئامادە کردن، چونکە لەنێو قوولەکەیەوە پەیامبەری خوای بینیبوو لەنێو قەومەکەیدا، هەور تەنیا سێبەری بۆ ئەو کردووە و هاتن تاوەکو لەسێبەری دارێك نزیك لە ئەو لایان دا، تەماشای هەورەکەی دەکرد تاوەکو چوونە ژێر سێبەری درەختەکە. کاتێ بوحەیرا ئەوەی بینی، لەقوولەکەی دابەزی و پاشان ناردی بەشوێنیاندا و هەموویانی بانگهێشت کرد. کاتێك بوحەیرا پەیامبەری خوای بینی(صلى الله عليه وسلم)، تێبینیی وردی خستە سەری و سەیر هەندێ شوێنی جەستەی کرد تاوەکو بەوە سیفەتی بناسێتەوە. کاتێك قورەیشییەکان لەخواردن بوونەوە و بلاوەیان لێکرد، لەبارەی حاڵەتی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەکاتی خەوتن و بەئاگاییەوە پرسیاری لەموحەممەد(صلى الله عليه وسلم) کرد، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) هەواڵی پێ دا، بوحەیراش بینی هەواڵەکانی پڕاو پڕە بەسیفەتەکانی، پاشان تەماشای پشتی کرد، لەنێو شانیدا مۆری پەیامبەرایەتیی بینی. پاشان بوحەیرا بەعەبدولموتەلێبی مامی پەیامبەری خوای وت: ئەم منداڵە چی

تۆیە؟ وتی: کوڕمە. بوحەیرا پێیووت: ئەمە کوڕی تۆ نییە، ناکرێ باوکی زیندوو بێ. ئەبو تاڵیبیش وتی: برازامە. بوحەیرا وتی: باوکی کەی مردووە؟ ئەبو تاڵیب وتی: ئەم منداڵە لەسکی دایکیدا بوو، باوکی مرد. بوحەیرا وتی: راستت وت، بیگەڕێنەوە ولاتی خۆی و وریای جولەکە بە، سوێند بەخوا ئەگەر بیبینن دەیناسنەوە و شەڕ و خراپەی دەرهەق دەکەن، ئەمە پلە و مەقامێکی گەورەی هەیە، خێرا بیگەڕێنەوە. ئەبو تاڵیبی مامیشی دەریهێنا و خێرا هێنایەوە بۆ مەککە.

هیشامی کوڕی موحەممەد ئەڵێ: ئەبو تاڵیب، پەیامبەری خوای دەرکرد بۆ بوسرا لەخاکی شام کە نۆ ساڵان بوو.

لەئەبو موساوە ئەڵێ: ئەبو تاڵیب دەرچوو بۆ شام، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) لەگەڵیدا دەرچوو کۆمەڵێ پیاوی قورەیشیش لەگەڵیدا دەرچوو، کاتێ لەڕاهیبەکەوە دەرکەوتن و دابەزین و کۆڵ و باریان دانا، راهیبەکە دەرچوو بۆلایان، پێشتر بەلایدا تێپەڕ دەبوون و دەرنەدەچووە لایان و لای نەدەکردەوە بەلایاندا، بەڵام ئەمجارە وا دەردەچێتە لایان و لەنێوانیاندا دێت و دەچێ و ئەوان خەریکی داگرتنی کۆڵ و بارن، لەنێویاندا روانی تاوەکو دەستی پەیامبەری خوای گرت(صلى الله عليه وسلم) و وتی: ئەمە گەورەی جیهانیانە، ئەمە پەیامبەری خوایە بۆ جیهان، خوای گەورە بەسۆز و بەزەیی بۆ جیهان دەینێرێت. گەورەکانی قورەیش وتیان: بەچیدا دەزانی؟ وتی: ئێوە کاتێ لەعەقەبەوە هاتن، هیچ دار و درەختێك نەما نەچێتە سوجدە، ئەوەش تەنیا بۆ پەیامبەری ئەنجام دەدەن، من بەوەدا دەیناسمەوە مۆری پەیامبەرایەتی پارچە گۆشتێك لەشێوەی سێوێك لەنێو شانیدایە. پاشان گەڕایەوە و خواردنێکی بۆ دروستکردن، کە خواردنەکەی بۆ هێنان، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەلەوەڕاندنی وشترەکاندا بوو. وتی: بنێرن بەدوایدا. رۆیشتن بەدوایدا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هات و پەلە هەورێکی بەسەرەوە بوو. بوحەیرا وتی: تەماشا بکەن پەلە هەورێك بەسەریەوەیەتی و سێبەری بۆ کردووە. کە لەخەڵکەکە نزیك بوویەوە، بینی خەڵکەکە پێش ئەو چوونەتە ژێر سێبەری دارەکەوە، کە دانیشت، دارەکە بەلای ئەودا

خواربوویەوە. بوحەیرا وتی: بڕوانن درەختەکە بەلای ئەودا خواربوویەوە. بەسەر سەریانەوە راوەستابوو تکای لێ دەکردن نەیبەن بۆ ڕۆم، چونکە ڕۆم دەیناسنەوە بەو سیفەتانەی هەیەتی و دوایی دەیکوژن. لای کردەوە بینی حەوت کەسی ڕۆم وا دێن، ڕۆیشت بەرەو پیرییانەوە و وتی: چی شتێك ئێوەی هێناوە؟ وتیان: هاتووین بۆ ئەوەی دەزانین لەم مانگەدا پەیامبەر دەردەچێت، هەر ڕێگەیەك هەبێ، هەندێ خەڵکمان بۆ ناردووە، باشترین کەسمان هەڵبژاردووە بۆ سەر ئەم ڕێگەیەی تۆ. ئەویش پێیووتن: کەس ماوەتەوە لەئێوە باشتر بێ؟ وتیان: نە، باشترین کەسمان بۆ ئەم ڕێگەیەی تۆ هەڵبژێردراوە. ئەویش وتی: ئەگەر خوای گەورە بڕیاری شتێکی دابێ، هیچ کەسێ دەتوانێ بەرپەرچی بداتەوە و بەری پێ بگرێت؟ وتیان: نە. لای مانەوە. بوحەیراش هات و وتی: بەخوا تکاتان لێ دەکەم کێ خاوەن ئەم منداڵەیە؟ وتیان: ئەبو تاڵیب. ئەویش زۆر لەگەڵیدا دوا تاوەکو گەڕاندیەوە، ئەبو بەکر(خوای لێ ڕازیی بێ) بیلاڵی لەگەڵدا ناردەوە و ڕاهیبەکە چۆرەك و زەیتی پێ دا.

لەعەلی کوڕی ئەبو تاڵیبەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:"ما هممتُ بشيء ممّا كان أهلُ الجاهليّة يعملون به غيرَ مرَّتين، كلّ ذلك يحول الله بيني وبين ما أريد من ذلك. ثمّ ما هممتُ بسوء حتى أكرَمني الله عَزّ وجلّ برسالته" فإنّي قد قلت ليلة لغلامٍ من قريش كان يرعى مَعي بأعلى مكة: لو أبصرتَ لي غَنَمي حتى أدخلَ مكّة، فأسمرَ بها كما يسمُر الشباب! فقال: أفعل" فخرجتُ أريد ذلك" حتى إذا جئتُ أوّلَ دارٍ من دُور مكّة، سمعت عَزْفًا بالدّفوف والمزامير، فقلت: ما هذا؟ قالوا: فلان بن فلان تزوّج بفلانة بنت فلان. فجلست أنظر إليهم، فضرب الله على أذني فنمْت فما أيقظني إلّا مَسّ الشمس" قال: فجئت صاحِبي، فقال: ما فعلت؟ قُلت: ما صنعت شيئًا، ثم أخبرتُه الخبر. قال: ثم قلتُ له ليلةً أخرى مثلَ ذلك، فقال: أفعل، فخرجتُ فسمعتُ حين جئت مكّة مثلَ ما سمعت حين دخلتُ مكّة تلك اللّيلة، فجلستُ أنظر، فضرب الله على أذني" فوالله ما أيقظني إلّا مَسُّ الشمس" فرجعت إلى صاحبي فأخبرتُه الخبر. ثم ما هممتُ بعدها بسوء حتى أكرمني الله عَزّ وجلّ برسالته"،واتا: هیچ کاتێك هیچ

شتێکی سەردەمی نەفامیم بەخەیاڵدا نەهاتووە تەنیا دووجار نەبێ، لەو دووجارەشدا خوای گەورە ڕێگری کردووم و نەیهێشتووە پێی بگەم و ئیتر دوای ئەوە بەخەیاڵمدا نەهاتووە تائەوەی خوای گەورە بەپەیامەکەی ڕێزی لێنام، شەوێکیان کە غولامێکم لەگەڵمدا بوو مەڕو مالاتی دەلەوەڕاند پێمووت: چاوت بەمەڕەکانمەوە بێ تا دەچمە مەککە و لەگەڵ گەنج و لاوەکاندا یاریی دەکەم و خۆشیی بەسەر دەبەم، مەڕەکانم لا بەجێهێشت و هاتم تا گەیشتمە یەکەم مالّ و خانووی شاری مەککەو گوێم لەدەف و زورنا بوو کە شاییان بوو، بۆ ئەوە دانیشتم، خوای گەورە گوێیەکانمی ماندوو کرد و خەوم لێکەوت، گەرمیی خۆری بەیانیی بەئاگای هێنامەوە و نەگەشتمە شاییەکە. ئیتر هیچ شتێکی لەو جۆرەم بەخەیاڵدا نەهات تاوەکو خوای گەورە بەپەیامداریی خۆی ڕێزی لێگرتم.

باسی هاوسەرگیریکردنی پەیامبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ خەدیجەدا(خوای لێ ڕازیی بێ)

هیشامی کوڕی موحەممەد ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خەدیجەی مارە کرد تەمەنی بیست و پێنج سالّ بوو، خەدیجەش چل سالّ بوو.

لەئیبن ئیسحاقەوە: خەدیجەی کچی خوەیلدی کوڕی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوزای کوڕی قوصەی، ئافرەتێکی بازرگانی خاوەن ناوبانگی و ڕێز و پارەدار بوو، پارەی بەپیاوان دەدا کاری بازرگانیی بۆ بکەن و لەبەرانبەردا پشکێکی پێ دەدان، قورەیشیش قەومێکی بازرگان بوون، کە باسی پەیامبەری خوای پێگەیشتبوو بەوەی ڕاستگۆ و دەستپاك و بەڕەوشتە، ناردی بەدوایدا و پێشنیاری بۆ کرد بەسەروەتی ئەو بەبازرگان دەربچێ بۆ شام و باشتر لەوەی بەبازرگانەکانی تری داوە، بەوی بدات، خزمەتکارێکیشی لەگەڵدا بنێری کە پێیدەوترێ مەیسەرە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) قبوڵی کرد، بەسەروەتی خەدیجەوە دەرچوو، مەیسەرەی خزمەتکاری خەدیجەش لەگەڵیدا دەرچوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەسێبەری درەختێکی نزیك بەقوولەی

راهیبێك دابەزی، راهیبەکە سەری دەرهێنا بۆلای مەیسەرە و وتی: ئەم پیاوە کێیە کە لەژێر سێبەری ئەو درەختەدایە؟ مەیسەرە وتی: پیاوێکی قورەیشییە و خەڵکی حەرەمە. راهیبەکەش وتی: هیچ کەسێك لەسێبەری ئەو درەختەدا دانەنیشتووە تەنیا پەیامبەر نەبێ. پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کەلوپەلەکانی فرۆشت و شتی تری کڕی و کاروانی بەڕێخستەوە بەرەو مەککە و مەیسەرەشی لەگەڵدا بوو، وەك دەڵێن، کە گەرما بووایە، دوو فریشتە سێبەریان بۆ پەیامبەری خوا دەکرد لەکاتێکدا بەسەر وشترەکەیەوە دەڕۆیشت، کە هاتە مەککە و سەروەت و سامانەکەی بۆ خەدیجە هێنایەوە، چەند جارەی خەڵکانی تر قازانجی کردبوو، مەیسەرە قسەی ئەو راهیبە و سێبەری دوو فریشتەکەی بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ، بۆ خەدیجە گێڕایەوە. خەدیجە ئافرەتێکی بەڕێز و ژیر بوو، خوای گەورە ئەیەویست بەهۆی رێزی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) لەویش رێز بگرێ، هەرکە مەیسەرە ئەو هەواڵەی بۆ گێڕایەوە، ناردی بەدوای پەیامبەری خوادا و وتی: ئەی کوڕی مام بەهۆی خزمایەتی و دادگەری و ئەمانەت و رەوشت جوانی و راستگۆییتەوە مێردت پێ بکەم؟ ئەوکات خەدیجە بەناوبانگترینی ئافرەتانی قورەیش بوو لەڕووی رەچەڵەك و بەڕێز و دەوڵەمەندییەوە،هەموو قەومەکەی هەوڵیان دەدا مارەی بکەن. کاتێ ئەوەی بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) باسکرد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەوەی بۆ مامەکانی باسکرد، حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلێب لەگەڵیدا دەرچوو تاوەکو چوونە لای خەدیجەی کچی خوەیلدی کوڕی ئەسەد و خوازبێنیی کرد بۆ موحەممەدی بەرازای، موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) مارەی کرد و جگە لەئیبراهیم، هەموو منداڵەکانی تر لەو بوون، زەینەب و روقیە و ئوم کەلسوم و فاتیمە و ئەلقاسم و ئەلقاسم بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بووە کونیە، هەروەها ئەلتاهر و ئەلتەیب، ئەلقاسم و ئەلتاهر و ئەلتەیب لەسەردەمی نەفامییدا مردن، بەڵام هەموو کچەکانی بەسەردەمی ئیسلام گەیشتن و بوونە موسڵمان و لەگەڵیدا کۆچیان کرد.

واقیدی ئەڵێ: ئەوەی لای ئێمە پارێزراوە لەفەرمووەی موحەممەدی کوڕی عبداللەی کوڕی موسلیم ئەویش لەباوکییەوە ئەویش لەموحەممەدی کوڕی جەبیری کوڕی موتعیمەوە و لەفەرمووەی ئیبن ئەبی ئەلزەناد ئەویش لەهیشامی کوڕی عوروەوە ئەویش لەباوکیەوە ئەویش لەعائیشەوە و لەفەرمووەی ئیبن ئەبی حەبیبە ئەویش لەداوودی کوڕی ئەلحوصەینەوە ئەویش لەعیکریمەوە ئەویش لەئیبن عەباسەوە، کە عەمری کوڕی ئەسەدی مامەی خەدیجە، خەدیجەی لەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) مارە کردووە، خوەیلدی باوکی خەدیجە، پێش ئەلفوجار مردبوو.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: مالّەکەی خەدیجە، هەمان ئەو مالّەیە کە لەمڕۆدا دەیناسین،ئەوتریّ مالّەکەی خەدیجە، موعاویە کڕیوێتی، وەك باس دەکرێت کردوویەتییە مزگەوت و خەڵکیی نوێژیان تێدا کردووە و بەو جۆرە بوونیاتی ناوە کە ئەمڕۆ هەیە و هیچی لێ نەگۆڕدراوە، ئەو بەردەش کە لەبەر دەرگای خانووەکەیە لەلای چەپی چوونە ژوورەوە، ئەوە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەسەری دادەنیشت و خۆی دەپاراست لەو بەردانەی لەمالّی ئەبو لەهەب و مالّی عەدی کوڕی حەمراء ئەلسەقەفییەوە بۆی دەهاوێژران لەپشتەوەی مالّی ئیبن عەلقەمە. تاشەبەردەکە بالّێك و بستێ بەبالّێکە.

باسی هەواڵ و باسی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێش بوونی بەپەیامبەر

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: بە دە ساڵ دوای ئەو ساڵەی کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خەدیجەی مارە کرد، قورەیش کەعبەیان رووخاند و پاشان بوونیاتیان نایەوە، لەوەدا ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: لەتەمەنی سی و پێنج ساڵەی پەیامبەری خوادا بوو(صلى الله عليه وسلم).

هۆکاری ئەوەی کەعبەیان رووخاند،ئەوەیە کە ئیبن حومەید بۆمان باسیکرد و وتی: سەلەمەی لەئیبن ئیسحاقەوە بۆی باسکردین کە درزێ کەوتبووە دیواری کەعبەوە، ویستیان بەرزی بکەنەوە و سەری بگرنەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی چەند کەسێکی

قـورەیش و کەسـانی تـر گەنجینـەی کەعبـەیان دزیبـوو، کـە لەبیرێکدا بـوو لـەژێرەوەی کەعبەدا.

لەهیشامی کوڕی موحەممەدەوە کـاتێ قـەومی نـوح خنکـان، بەرزکرابوویـەوە، خـوای گەورە فرمانی کردە ئیبراهیمـی خۆشەویسـتی خـۆی و ئیسـماعیلی کـوڕی ئیـبراهیم کـە کەعبە لەسەر بناغەی سـەرەتای دروسـت بکەنـەوە، ئـەوانیش دروسـتیان کـردەوە وەك ئەوەی لەقورئاندا هـاتووە، کـاتێ ئیـبراهیم و ئیسـماعیل دیوارەکـەیان دروسـت دەکـرد، دەپارانەوە و دەیانووت:﴿ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّآ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿١٢٧﴾ ﴾ البقرة: ١٢٧، واتا: خوایـە گیـان ئەمـەمان لـێ قبـوڵ بکـە، بێگومـان هـەر خـۆت بیسـەری. لەسـەردەمی نوحەوە(سەلامی خوای لەسەربێ) روخابوو، پاشان خوای گەورە فرمانی کردە ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی دروستی بکەنەوە و ئیسماعیلیش لەوێدا نیشتەجێ ببێ، چونکە خوای گـەورە ئەیەویسـت ئـەو رێـزەی پـێ ببەخشـێ و بیبەخشـێتە موحەممـەدی پەیامبەریشی(صلى الله عليه وسلم) ، ئەوکات مەککە بێ خانوو بوو، جورهوم و عەمالیقە لەدەوروویـەری مەککـە هـەبوون، ئیسماعیل(سـەلامی خـوای لەسـەربێ) ئـافرەتێکی جورهومی مارە کرد، لەوەدا عەمری کوڕی ئەلحارسی کوڕی مەزاز وتوویەتی:

وصاهرنا من أكرم الناس والدا فأبناؤه منا ونحن الأصاهر

واتا:ژنمان مارە کرد لەبەڕێزترینی خەڵك، کوڕەکانی لەئێمەن و ئێمەش خەزوورانین.

لەدوای ئیبراهیم، ئیسماعیل سەروکاری بەیتی گرتەدەست، لەدوای ئیسماعیلیش،نەبت و دایکە جورهومییەکەی، لەدوای مردنی نبت و بەهۆی ئـەوەی ئیسـماعیل منـدالّی زۆری نـەبوو، جورهـوم زاڵ بـوو بەسـەر سەرپەرشـتیکردنی بەیتـدا، لـەوەدا عـەمری کـوڕی ئەلحارسی کوڕی مەزاز وتوویەتی:

وكنا ولاة البيت من بعد نابت نطوف بذاك البيت والخير ظاهر

واتـا: لـەدوای نابـت، ئێمـە سەرپەرشـتیی کەعبـەمان دەکـرد، بـەدەور کەعبـەدا دەسووڕاینەوە و خێر و خۆشییش دیار بوو.

مەزاز یەکەمین کەس بوو لەجورهومدا سەرپەرشتیی کەعبەی کرد، دوای خۆیشی کوڕەکانی، گەورەتر لەگەورەتریەوە وەریاندەگرت تاوەکو جورهوم لەمەککەدا ستەمیان کرد و پیرۆزیی مەککەیان شکاند و ئەو سەروەتەی بەدیاریی بۆ کەعبە هێنرابوو، خواردیان و بەستەمەوە بردیان، بەوەشەوە دەستیان هەڵنەگرت، هەتا ئەوەی ئەگەر پیاوێکیان ویستی هەبووایە داوێنپیسیی بکردبایە، لەناو کەعبەدا داوێنپیسیی دەکرد، ئەوتریّ کە ئەساف لەگەڵ نائیلەدا لەناو کەعبەدا داوێنپیسیی کردووە و خوای گەورە کردوونی بە دوو بەرد. مەککە لەسەردەمی نەفامییدا ستەم و داوێنپیسیی تیادا نەبوو، هەرکەسیّ پیرۆزیی بشکاندبایە، خوای گەورە لەنێوی دەبرد، پێیدەوترا: النّاسّة و پێیدەوترا بەککە(بکة)، داوێنپیسان و ستەمکارانی ئەخستە گریان.

ئەڵێ: کە جورهوم لەخراپەکاریی دەستی هەڵنەگرت و کوڕانی عەمری کوڕی عامر لەیەمەندا بلاّوەیان لێکرد، بەنو حاریسەی کوڕی عەمر لەتوهامە نیشتەجیّ بوون و ناوی خوزاعەش هاتە بوون کە نەوەی عەمری کوڕی رەبیعەی کوڕی حاریسە بوون و ئەسلەم و مالیك و مەلکانی دوو پادشای نەوەی ئەفسای کوڕی حاریسە بوون، خوای گەورە خۆێن و مێرووڵەی نارده سەر جورهوم و لەنێوی بردن، خوزاعە کۆبوونەوە بۆ شەڕی ئەوانەی لەجورهوم مابوونەوە، کە عامری کوڕی ئەلحاریسە هەستی کرد دۆڕاوە، پەنای برده بەر کەعبە و داوای تەوبەی دەکرد و ئەیووت:

لا هم إن جرهما عبادك ... الناس طرف وهم تلادك ... بهم قديما عمرت بلادك

واتا: ئەوانە جورهمن و بەندەی تۆن، ئەوان بوون شوێنی تۆ کەوتن و لەکۆندا ولاّتی خۆتت بەوان ئاوەدان کردەوە.

تەوبەکەی قبوڵ نەکرا، بۆیە هەردوو غەزالەی کەعبە و حیجری روکنی خستە زەمزەمەوە و شاردییەوە و لەگەڵ پاشماوەی جورهومدا دەرچوو بۆ خاکی جوهەینە، لەوێدا لافاو دای بەسەریاندا و لەنێوی بردن، لەوەدا ئوممەیەی کوڕی ئەبی ئەلسەڵت ئەڵێ:

وَجُرْهُمْ نَمَّنُوا تِهَامَةَ فِي الدَّهْرِ فَسَالتْ بِجَمْعِهِمْ إِضَمُ

واتا: جورهوم تیاچوون، ئەوانەشیان مانەوە هەڵهاتن بۆ ئیزەم لەخاکی جوهەینە، لەوێشدا لافاوی ئیزەمیان بەسەردا هات و ئەوانیش تیاچوون.

کەعبە، لەلایەن عەمری کوڕی رەبیعەوە بەڕێوەبرا، نەوەی قوسەی وتیان: عەمری کوڕی ئەلخارس ئەلغوبشانیی سەرپەرشتیی کردووە و وتوویەتی:

وَنَحْنُ وَلِينا البَيتَ مِنْ بَعْدِ جُرْهُمٍ لِنَعْمُرَهُ مِنْ كُلِّ باغٍ ومُلحِدِ

واتا: لەدوای جورهوم ئێمە سەرپەرشتیی کەعبەمان کردووە و لەهەموو داوێنپیس و ستەمکار و بێباوەڕێك دوورمان راگرتووە.

وتوویەتی:

وإنْ حَرَامٌ طَيرُهُ وَوَحْشُهُ نحْنُ وُلَاتُهُ فَلا نَغُشُّهُ

واتا:دۆلێك کە راوکردنی باڵندە و ئاژەڵی حەرام بێ، ئەوە ئێمە سەرپەرشتیی دەکەین و فێڵ و ساختەی لێ ناکەین.

عامری کوڕی ئەلحاریس وتوویەتی:

كَأَنْ لَمْ يَكُنْ بَينَ الحَجُونِ إلى الصَّفَا أنِيسٌ ولم يَسمُرْ بمَكَّةَ سامِرُ

بَلَى نَحْنُ كُنَّا أهْلَهَا فأبادَنَا صُرُوفُ اللَّيالِي والجُدُودُ العَوائِرُ

واتا: وەك ئەوەی لەنێوان ئەلحەجون بۆ سەفا دڵدەرەوەیەك بوونی نەبێ و لەمەککەدا کەسێك نەمابێتەوە بۆ دڵدانەوە و رەواندنەوەی خەم، ئێمە هەموو کەسی یەك بووین و سەردەم و رۆژگار لەیەکی دابڕاندین.

هەروەها وتوویەتی:

يا أيها النَّاسُ سِيرُوا إنَّ قَصْرَكُمُ أنْ تُصبِحُوا ذَاتَ يَوْمٍ لَا تَسيرونَا

كُنَّا أُناسًا كما كُنْتُمْ فغَيَّرَنا دهْرٌ، فأنْتُمْ كَمَا كُنَّا تَكُونُونا

حُثُّوا المَطِيَّ وأرْخُوا من أزِمَّتَها قَبْلَ المماتِ وَقَضوا ما تُقَضُّونا

واتا:ئەی خەڵکینە ئێوە دەستپێشخەریی بکەن و پشکی خۆتان لەدونیا پێش بخەن بۆ ئاخیرەتتان، چۆن ئێمە مردین و تیاچووین، ئێوەش ئاوەها دەمرن، بۆیە بۆ ئاخیرەتتان کار بکەن و کاروباری دونیاتان رێك بخەن.

خوزاعە کاروباری بەیتی بەرێوە برد، بەڵام لەهۆزەکانی موزەردا سێ شت رووی دا: لەعەرەفەوە لەکاتی حەجدا مۆڵەتی خەڵکیان دەدا بۆ بڵاوەپێکردن. دووەم ئیفازەکردن بوو بۆ کەسێك بەیانیی رۆژی قوربانیی لەمینادا کۆبکاتەوە. سێیەم ئەوە بوو مانگە پیرۆزەکانیان دوادەخست و ئەو کارەیان یەك بەدوای یەك بەکەسانێك دەسپارد.

ئیسلام کۆتایی پێهێنا و مانگە حەرامکراوەکانی گەڕاندەوە شوێنی خۆیان، خوای گەورە ئەو رێنماییانەی جێگیر کرد و دواخستنی کاتی مانگەکانی هەڵوەشاندەوە، کە مەعەد زۆر بوونەوە، بڵاوەیان لێکرد، لەوەدا موهەلهەل ئەڵێ:

غَنِيَتْ دارُنا تِهامَةُ فِي الدَّ هـ ـــــر وفِيها بنو مَعَدّ حُلُولا

واتا:تیهامە بەدرێژایی سەردەمەکان لەمەککە گیرسانەوە، بەڵام نەوەی مەعەد بۆ سالانێك تیادا مانەوە.

هەرچی قورەیشە، ئەوە لەمەککە دوورنەکەوتنەوە، کاتێك ئەبو تاڵیب زەمزەمی هەڵکەند، دوو غەزاڵەیی کەعبەی دۆزییەوە کە جورهوم لەوێدا شاردبوویانەوە، هەردووکی دەرکرد. دوەیکای خزمەتکاری نەوەی موڵەیحی کوڕی عەمر لەخوزاعە، گەنجینەکەی لا دۆزرایەوە، بۆیە قورەیش دەستی بڕی، لەوانەی لەو کارەدا تۆمەتباربوون، بڕیتی بوون لەئەلحارسی کوڕی عامری کوڕی نەوفەل و ئەبو ئیهابی کوڕی عوزەیری کوڕی قەیسی کوڕی سوەید ئەلتەمیمی کە برای ئەلحارسی کوڕی عامری کوڕی نەوفەلی کوڕی عەبد مەناف بوو لەدایکییەوە و ئەبو لەهەبی کوڕی عەبدولموتەڵیبیشیان لەگەڵ بوو، ئەوانە بوون کە قورەیش وەهای دادەنا، گەنجینەکانی کەعبەیان لای دوەیکی خزمەتکاری نەوەی موڵەیح داناوە، کاتێك قورەیش ئەوانی تۆمەتبار کرد، وتیان دوەیك بردوویەتی، بۆیە دەستی دوەیك بڕدرا، ئەوتریّ: ئەوە ئەوان بوون گەنجینەکانیان لای دوەیەك دانابوو. باسدەکەن کە قورەیش کاتێ دڵنیابوویەوە گەنجینەکە لای ئەلحارسی کوڕی

عامری کوڕی نەوفەلی کوڕی عەبد مەناف بووە، دەریان کرد و بردیان بۆلای ژنە جادووگرێکی عەرەب، وتی نابێ بەهۆی شکاندنی پیرۆزیی کەعبەوە بۆ ماوەی دە ساڵ بچێتە مەککەوە. ئەڵێن دەریان کرد لەمەککە و بۆ ماوەی دە ساڵ نزیکی مەککە نەکەوتەوە، دەریا کەشتییەکی بازرگانێکی رۆمیی تێکشکاندبوو خستبوویە قەراغی دەریا، تەختەکانیان هێنا و بۆ سەقف و بنمێچەکەی ئامادەیان کرد، پیاوێکی قیپتیی دارتاش لەمەککە هەبوو بنمێچەکەی بۆ چاک کردن، مارێک لەبیری کەعبەوە کە دیارییەکانی تێکرابوو، رۆژانە دەردەچوو بەدیواری کەعبەدا هەڵدەشاخا، خەڵکیی زۆر لێی دەترسان، هەرکەسێ لێی نزیکببوویایەتەوە، دەمی لێ پان دەکردەوە و دەیفیشکاند، رۆژێکیان وەک جاری جاران دەرچوو بەدیواری کەعبەدا بەرزبوویەوە، خوای گەورە باڵندەیەکی بۆ نارد و فڕاندی و بردی،قورەیش وتی: ئومێد دەکەین خوای گەورە بەویستی ئێمە رازیی بووبێ، کرێکارێکی کۆیلە و تەختەشمان هەیە و خوای گەورە ئەو مارەی لەکۆڵ کردینەوە، ئەوەش دوای ئەلفوجار بوو بەپانزە ساڵ و ئەوکات پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سی و چوار ساڵ تەمەنی بوو.

کاتێک کۆبوونەوە بۆ رووخاندنی و دووبارە دروستکردنەوەی،ئەبو وەهبی کوڕی عەمری کوڕی عائیزی کوڕی عیمرانی کوڕی مەخزوم هەڵسا و بەردێکی لەکەعبە هەڵکەند و ئینجا خستیە شوێنی خۆی و وتی: ئەی کۆمەڵی قورەیش بەشدار نەبن لەبوونیاتنانی کەعبەدا مەگەر بەپارە و سەروەتی حەلاڵتان نەبێ، نەکەن بەمارەیی داوێنپیس و سووخۆری و ستەمکردن لەخەڵک بەشدارین لەبوونیاتنانەوەیدا.

لە عبداللەی کوڕی سەفوانی کوڕی ئومەییەی کوڕی خەڵەفەوە کە کوڕێکی جەعدەی کوڕی هوبەیرەی کوڕی ئەبی وەهبی کوڕی عەمری کوڕی عائیزی کوڕی عیمرانی کوڕی مەخزومی بینی بەدەور کەعبەدا تەواف دەکرد. لەبارەیەوە پرسی، پێیووترا: کوڕی جەعدەی کوڕی هوبەیرەیە. ئەوکات وتی:عبداللەی کوڕی سەفوانی باپیرەی ئەم کوڕە، واتا ئەبو وەهب، ئەو بوو کاتێ قورەیش کۆبوویەوە بۆ بوونیاتنانی کەعبە، بەردێکی لەکەعبە هەڵگرت و پێیووتن: ئەی کۆمەڵی قورەیش بەشدار نەبن لەبوونیاتنانی کەعبەدا

مەگەر بەپارە و سەروەتی حەلاڵتان نەبێ، نەکەن بەمارەیی داوێنپیس و سووخۆری و ستەمکردن لەخەڵك بەشدارین لەبوونیاتنانەوەیدا.

ئەبو وەهب خاڵۆی پەیامبەری خوا بوو(صلی الله علیه وسلم) ، پیاوێکی گەورە و بەڕێز بوو. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێ: قورەیش کەعبەی دابەشکرد، رووی دەرگای بۆ نەوەی عەبد مەناف و زوهرە بوو، لەنێوان رۆکنی ئەسوەد و رۆکنی یەمانییدا کەوتە بەشی نەوەی مەخزومی تەیم. کۆمەڵێ هۆزی قورەیشیش چوونە پاڵیان، سەرووی کەعبە کەوتە بەشی نەوەی جومەح و نەوەی سەهم، لای حیجریش بووە بەشی نەوەی عەبدولداری کوڕی قوسەی و نەوەی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوزای کوڕی قوسەی و نەوەی عەدی کوڕی کەعب.

پاشان خەڵکیی ئەو کارەیان بەلاوە قورس و گران بوو، بلاّوەیان لێکرد و بوێرییان نەکرد، ئەلوەلیدی کوڕی ئەلموغەیرە وتی: من سەرەتا دەستپێدەکەم، پاچی هەڵگرت و چووە سەر کەعبە و ئەیووت: خوایە گیان بەم کارە خێر و چاکەمان دەوێ. رووی نێوان هەردوو رۆکنی رووخاند و خەڵکییش ئەو شەوە چاویان لەسەر بوو، وتیان: ئەرواینین ئەگەر بەر سزا کەوت، ئەوە لێی ناڕوخێنین و وەك جاری جارانی لێ دەکەینەوە، ئەگەر تووشی هیچ نەهات، ئەوە خوای گەورە رازییە بەو کارەی کردوومانە. ئەو شەوە ئەلوەلید لەکاری خۆیدا بەردەوام بوو، خەڵکییشی لەگەڵدا بوون هەتا بناغەی کەعبە رووخاندیان و گەیشتنە بەردێکی سەوز وەك نوکی شمشێر بوو.

ئیبن حومەید بۆمان باسیکرد و وتی: سەلەمە بۆی باسکردین و وتی: موحەممەدی کوڕی ئیسحاق بۆی باسکردین لەهەندێ لەوانەی فەرموودەیان گێڕاوەتەوە، کە پیاوێکی قورەیشی لەوانەی کەعبەیان دەڕووخاند، دابەزییە نێوان دوو بەرد تاوەکو یەکێکیان هەڵکەنێ، کە بەردەکە جوولاّیەوە، تەواوی مەککە هاتە لەرزین، ئیتر لەو بناغەیەدا دەستیان هەڵگرت.

پاشان هۆزەکان بەردەکانیان کۆکردەوە،هەر هۆزێك بۆ خۆی کۆی دەکردەوە تاوەکو دیوارەکەیان دروس کرد و گەیشتنە شوێنی رۆکن، ئیتر هەر هۆزێك و پێداگریی دەکرد

بەخۆی بەردە رەشەکە بخاتە شوێنی خۆی، حاڵەتەکە گەیشتە هەڕەشە و ئامادە بوون بۆ شەڕ و کوشتار، نەوەی عەبدولدار تەشتی پڕ خوێنیان کردە قوربانی و خۆیان و نەوەی عەدی کوڕی کەعب رێککەوتن لەسەر مردن، دەستیان کردە نێو ئەو خوێنەدا و ناویان لێنا(لیسانەوەی خوێن– لعقة الدم). قورەیش چوار شەو یان پێنج شەو مایەوە، پاشان کۆبوونەوە و راوێژیان کرد چی بکەن؟ هەندێ گێڕەرەوە ئەڵێن، ئەبو ئومەیەی کوڕی ئەلموغیرە ئەوکات بەتەمەنترینی نێو قورەیش بوو، وتی: ئەی کۆمەڵی قورەیش، لەنێو خۆتاندا رێکبکەون یەکەمین کەس لەو دەرگایە هاتە ژوورەوە، دادوەرییتان لەنێواندا بکات. یەکەمین کەسێکیش لەو دەرگایە هاتەلایان، پەیامبەری خوا بوو(صلی الله علیه وسلم)، کە بینییان، وتیان: ئەمە ئەمین و دەستپاکە، پێی رازین بڕیارمان لەنێواندا بدات، ئەمە موحەممەدە. کاتێك پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) گەیشتە لایان و باسەکەیان بۆ گێڕایەوە، فەرمووی: بەرگێکم بۆ بهێنن و بەردە رەشەکەی بخەنە سەر و هەر هۆزێك چمکێکی بگرێ و هەمووتان بەرزی بکەنەوە تاوەکو دەگاتە ئاست شوێنی خۆی. پاشان بەدەستی خۆی، خستیە شوێنی خۆی و بوونیاتی لەسەر دروست کرد. قورەیش لەپێش دابەزینی وەحیدا، بەپەیامبەری خوای دەوت دەستپاك(الأمین).

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: بوونیاتنانی کەعبە لەدوای ئەلفوجار بوو بەپانزە ساڵ، لەنێوان ساڵی فیل و ساڵی ئەلفوجاردا، بیست ساڵ هەبوو.

پێشین جیاوازن لەبارەی تەمەنی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کاتێك وەحی بۆ هات، هەندێکیان ئەڵێن دوای پێنج ساڵ لەبوونیاتنانی کەعبە لەلایەن قورەیشەوە، وەحی بۆ هاتووە، دوای ئەوەی تەمەنی بووە چل ساڵ.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) تەمەنی چل ساڵ بوو، بەپەیامبەرایەتیی رەوانە کرا.

عەمری کوڕی عەلی و ئیبن ئەلموسەنا بۆی باسکردین وتیان: یەحیای کوڕی موحەممەدی کوڕی قەیس بۆی باسکردین وتی: گوێم لە رەبیعەی کوڕی عەبدولڕەحمان

بوو باسی دەکرد لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە، کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەچل سالّییدا بووەتە پەیامبەر.

ئەنەسی کوڕی مالیك بۆی باسکردین کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەچل سالّییدا بووەتە پەیامبەر.

لەیەحیای کوڕی جەعدەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەفاتیمەی فەرمووە: هەموو سالّێك یەکجار قورئانم پێ دەور کراوەتەوە، بەلاّم ئەمسالّ دوو جار پێم دەور کراوەتەوە، وەهام بەمێشکدا دێت مردنم هاتووە، یەکەمین کەسێك لەکەسوکارەکەم لەدوای مردنم بە من بگاتەوە، تۆی. هەر پەیامبەرێك نێردرابێ، ماوەکەی نیوەی ماوەی پەیامبەرایەتیی ئەوەی پێش خۆی هەبووە، عیسا بۆ چل سالّ نێردراوە و منیش بۆ بیست سالّ.

لەئیبن عەباسەوە ئەلّێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەتەمەنی چل سالّییدا بەپەیامبەرایەتیی رەوانە کرا، سیانزە سالّ لەمەککەدا مایەوە لەدوای پەیامبەرایەتی.

لەئیبن عەباسەوە ئەلّێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەتەمەنی چل سالّییدا بەپەیامبەرایەتیی رەوانە کرا و قورئانی بەسەردا دابەزی، سیانزە سالّ لەمەککەدا مایەوە لەدوای پەیامبەرایەتی.

ئەگەڕێینەوە بۆ باسی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەسەرەتای ڕێزلێنانی لەلایەن خوای گەورەوە کە جبریلی نارد لای

لەدایکمان عائیشەوە(خوای لێ ڕازی بێ) چیرۆکی دەستپێکردنی وەحی بۆمان دەگێڕێتەوەو ئەلّێ: یەکەمین شتێك پەیامبەرایەتی موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) دەستپێکرد خەوی ڕاست بوو، هەر خەوێکی دەدی وەك ڕۆشنایی بەربەیان ڕووی دەدا، پاشان حەزی بەخەڵوەتکردن کرد، لەئەشکەوتی حەڕائدا خەڵوەتی دەکرد، چەندان شەو لەوێدا پەرستنی دەکرد و پاشان دەگەڕایەوە لای خێزانی، پاشان دەگەڕایەوە ئەشکەوتەکەو ئینجا دەگەڕایەوە لای خەدیجەو چێژی لەو خواپەرستییە ئەکرد، تا

ئەوەی راستی و پەیامداریی ئاسمانی بۆهات لەئەشکەوتی حەڕاندا. فریشتەکە هاتەلای و وتی: بخوێنە، فەرمووی:"من خوێندەوار نییم، پاشان پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەفەرمووێ: یەخەی توند گرتم و وەختە هەناسەم لێ ببڕێ و پاشان وتی: بخوێنە، وتم:((من خوێندەوارم نییە))،بۆ دوەمجار یەخەی گرتم و توند گۆشیمی و وەختە هەناسەم لێ ببڕێت، ئینجا وتی: بخوێنە، منیش وتم:((من خوێندەوارم نییە))، بۆ جاری سێیەم یەخەی گرتم و توند گۆشیمی و وەختە هەناسەم لێ ببڕێت، پاشان وتی:﴿ ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ۝٣ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ۝٤ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ ۝٥ ﴾ (العلق: ١ - ٥) واتا:ئەی موحەممەد بخوێنە بەناوی پەروەردگارتەوە کە هەموو شتێکی دروست کردووە،مرۆڤی دروست کردووە لەخوێنێکی بەستوو،بخوێنە پەروەردگاری تۆ لەهەموو کەس بەخشندەترە، ئەوەی کە مرۆڤی فێری نووسین کردووە بەقەڵەم، مرۆڤی شارەزا کردووە بەوشتانەی کە نەیدەزانی.

پەیامبەری خوا رووەو مااڵ گەڕایەوەو دڵی دەلەرزی و چووە ماڵەوە لای خەدیجە و فەرمووی:"دامپۆشن دامپۆشن"، دایانپۆشی تاوەکو ترس و لەرزەکەی نەما، باسەکەی بۆ خەدیجە گێڕایەوە و فەرمووی:"ترسام شتێکم لێ بقەومێ"، خەدیجە فەرمووی: نەخێر سوێند بەخوا هەرگیز خوای گەورە تۆ ریسوا ناکات، تۆ پەیوەندیی خزمایەتیی بەجێدەهێنی و هاوکاریی هەموان و ماندووان و نەبووان دەدەی و رێز لەمیوان دەگری،ماندوویەتی دەکێشی، نەبووە هاوکاری دەکەی و ئیرادەت بەهێزە و پاڵپشتی رەوا دەبی.

پاشان یەکەمین شتێك لەقورئان بۆ سەر پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەدوای "اقرأ"دابەزی، بریتی بوو لە﴿ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ ۝١ مَا أَنْتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ ۝٢ وَإِنَّ لَكَ لَأَجْرًا غَيْرَ مَمْنُونٍ ۝٣ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ۝٤ فَسَتُبْصِرُ وَيُبْصِرُونَ ۝٥﴾ و ﴿يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ ۝١ قُمْ فَأَنْذِرْ﴾، و ﴿وَالضُّحَىٰ ۝١ وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَىٰ ۝٢﴾.

وەهبی کوڕی کیسان خزمەتکاری بنەماڵەی زوبەیر باسیکردووە وتوویەتی: گوێم لێبوو عبداللەی کوڕی زوبەیر بەعوبەیدوللەی کوڕی عامری کوڕی قەتادە ئەللەیسیی ئەوت: ئەی عوبەید بۆمان بگێڕەوە یەکەمین شتێك چی بوو لەبابەت پەیامبەرایەتییەوە دابەزی کاتێك جبریل هێنای؟

عوبەید قسەی کرد و منیش ئەوکات ئامادە بووم و قسەی بۆ عبداللەی کوڕی زوبەیر و ئەو خەڵکە کرد کە لەگەڵیدا بوون و وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەسالێکدا مانگێ لەحەڕاء ئەمایەوە،قورەیش وەك پیرۆزیی و تەبەڕوك بەکاریدەهێنا. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەهەموو سالێکدا لەو مانگەدا خواردنی بەهەژاران دەدا. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دوای تەواوکردنی ئەو مانگە، لەگەڕانەوەدا پێش ئەوەی بچێتە ماڵی خۆی، حەوت جار یان ئەوەی خوا ویستی بووایە تەواف دەوری کەعبەی دەکرد و پاشان دەگەڕایەوە ماڵەوە هەتا ئەو مانگە هات کە خوای گەورە ویستی تیایدا لەو سالەدا رێزی لێ بگرێت، ئەویش لەمانگی رەمەزان بوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بۆ حەڕاء، هەتا ئەو شەوە هات کە خوای گەورە تیایدا بەپەیامی خۆی و بەزەیی هاتنەوەی بەبەندەکانیدا رێزی لێنا، جبریل بەفرمانی خوای گەورە هات بۆلای، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: جبریل هات بۆلام و منیش خەوتبووم، بەبەرگێکی ئاورێشمییەوە کە کتێبێکی تێدا بوو، وتی: بخوێنە. وتم: من خوێندەوار نییم. تووند گوشیمی هەتا ئەوەی وەهام گومان کرد دەمرم، پاشان بەریدام و ئینجا وتی: بخوێنە. وتم: من خوێندەوار نیم. دیسان وەك ئەوەی پێشووی پێکردمەوە، وتی ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ﴾ هەتاوەکو فەرمایشتی:﴿عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾،منیش خوێندمەوە، کە لێبوومەوە، لێم دوورکەوتەوە و لەخەوەکەم راچەڵەکیم وەك ئەوەی لەدڵمدا نووسرابێ لەبەرم کردبوو. فەرمووی: هیچ کەسێ بەقەد من رقی نەدەبوویەوە لەشاعیر یان شێت، توانام نەبوو سەیر ئەو دوو کەسە بکەم. نابێ قورەیش بەیەکێك لەو دوو شتە باسم بکەن، ئەگەر وەهابێ دەچمە سەر بەرزترین چیا و خۆم دەکوژم و لەم فشارە خۆم رزگار دەکەم. دەرچووم و ئەوەم دەویست تاوەکو

گەیشتمە ناوەڕاستی چیاکە، گوێم لەدەنگێ بوو لەئاسمانەوە ئەیووت: ئەی موحەممەد تۆ پەیامبەری خوای و منیش جبریلم، کە سەرم هەڵبڕی بۆ ئاسمان، جبریلم بینی لە شێوەی پیاوێکدا لەبەرزیی ئاسماندا هەردوو قاچی درێژ کردبوو ئەیووت: ئەی موحەممەد تۆ پەیامبەری خوای و منیش جبریلم. فەرمووی: راوەستام و سەیرێم دەکرد و سەرقاڵبووم بەوەی ئەمەویست ئەنجامی بدەم، بەڵام نە دەمتوانی بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵبگرم یان بگەڕێمە دواوە، ئەمەویست رووی لێ وەربگێڕم و رووم دەکردە هەر شوێنێکی ئاسمان، تەنیا ئەوم دەبینی، هەر وا لەشوێنی خۆمدا راوەستابووم و نە دەمتوانی بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵبگرم یان بگەڕێمە دواوە، هەتا ئەوەی خەدیجە کەسانێکی بەدوامدا ناردبوو، گەڕابوونەوە مەککە و منیش لەشوێنی خۆمدا راوەستابووم، پاشان رووم لێ وەرگێڕا و خۆم گەیاندەوە لای کەسوکار و هاتمە لای خەدیجە و لەپاڵ رانیدا دانیشتم. خەدیجە وتی: ئەی ئەبو ئەلقاسم لەکوێ بووی؟ من کەسانێکم بەدواتدا نارد و بێ هەواڵ گەڕانەوە لای من. منیش وتم:ئەکرێ من شاعیر بم یان شێت بووبم! خەدیجە وتی: بەخوا پەنات پێ دەگرم لەو شتە بی ئەی ئەبو ئەلقاسم، خوای گەورە قەت ئەوەت بەسەردا ناهێنێ بەوەی دەزانم تۆ راستگۆی و ئەمانەتپارێزی و رەوشت جوانی و پەیوەندیی خزمایەتی دەگەیەنی، ئەی کوڕە مام رەنگە شتێکت بینیبێ؟ پێمووت: بەڵێ. ئەوەم بۆ گێڕایەوە کە بینیبووم، بۆیە وتی: ئەی کوڕە مام مزگێنی بدە، سوێند بەو کەسەی گیانی خەدیجەی بەدەستە، ئومێد دەکەم پەیامبەری ئەم ئوممەتە بی. پاشان هەڵسا و خۆی کۆکردەوە و پاشان ڕۆیشت بۆلای وەرەقەی کوڕی نەوفەلی کوڕی ئەسەد کە کوڕە مامی خەدیجە بوو، وەرەقە گاور بوو، کتێبەکانی خوێندبووەوە و گوێبیستی ئەهلی تەورات و ئینجیل بوو. خەدیجە ئەوەی بۆ گێڕایەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەواڵی پێ دابوو. وەرەقە وتی: سوێند بەو کەسەی گیانی وەرەقەی بەدەستە، ئەگەر ئەوە ڕاست بێ کە تۆ بۆ منت گێڕایەوە ئەی خەدیجە، ئەوە پیرۆزیی گەورەیە، جبریلە(سەلامی خوای لەسەربێ) کە دەهات بۆلای موسا، موحەممەد پەیامبەری ئەم ئوممەتەیە، پێی بڵێ با دامەزراو بێ. خەدیجە گەڕایەوە لای پەیامبەری

خوا(صلى الله عليه وسلم) قسەی وەرەقەی بۆ گێڕایەوە و هەندێ خەم و پەژارەی لەسەر سووك بوویەوە. جارێکی تر ئەمە بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دووبارە بوویەوە، پەیامبەری خوا سەرەتا تەواق کەعبەی کرد و وەرەقەی کوڕی نەوفەل پێیگەیشت کە لەتەوافدا بوو، وتی: ئەی برازا پێم بڵێ چیت بینی یان چیت گوێ لێبووە؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆی باسکرد کە رووداوەکە چۆن بووە. وەرەقەش پێیووت: سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، تۆ پەیامبەری ئەم ئوممەتەی، ئەوەش هاتووە بۆلای تۆ فریشتەی گەورەیە کە هاتبوو بۆلای موسا، لەلایەن قەومەکەتەوە بەدرۆزنت دەزانن و ئازارت دەدەن و دەرت دەکەن و شەڕی تۆ دەکەن، ئەگەر من بە کاتی ناردنی پەیامبەرایەتیی تۆ گەیشتم، پشتیوانیی ئایینی خوا دەکەم، پاشان سەری دانواند و سەری پەیامبەری خوای ماچکرد، پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رۆیشت بۆ ماڵەوە.

ئەو قسەیەی وەرەقە زیاتر دامەزراوتری کرد و خەم و پەژارەی لەسەر کەم کردەوە، ئیبن حومەید بۆمان باس دەکات و ئەڵێ: سەلەمە بۆی باسکردین وتی: موحەممەدی کوڕی ئیسحاق بۆی باسکردین لەئیسماعیلی کوڕی ئەبی حەکیمی خزمەتکاری بنەماڵەی زوبەیرەوە وتی: لەبارەی خەدیجەوە دوا کە بەپەیامبەری خوای وت لەوکاتەی خوای گەورە ڕێزی لەپەیامبەری خوا گرت(صلى الله عليه وسلم) بەدەستنیشانکردنی بەپەیامبەر و وتی: ئەی کوڕە مام ئەگەر ئەو کەسەی بینیووتە هات بۆلات، ئەتوانی ئاگادارم بکەیتەوە؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: بەڵێ. خەدیجە وتی: ئەگەر هات بۆلات، ئاگادارم بکەرەوە. جبریل(سەلامی خوای لەسەربێ) هات بۆلای وەک چۆن جارانی پێشوو دەهات بۆلای. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ئەی خەدیجە ئەوە جبریلە هات بۆلام. خەدیجە وتی: باشە، ئەی برازا هەڵسە لەسەر رانی چەپم دابنیشە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەڵسا و لەسەر رانی چەپی دانیشت. وتی: ئێستا دەیبینی؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: بەڵێ دەیبینم. خەدیجە وتی: هەڵسە لەسەر رانی ڕاستم دابنیشە. پەیامبەری خوا(صلى الله

علیه وسلم) هاتەسەر رانی راستی. وتی: ئێستا دەیبینی؟ فەرمووی:بەڵێ دەیبینم. وتی: لەباوەشم دابنیشە. لەباوەشی دانیشت. وتی: ئێستا دەیبینی؟ وتی: بەڵێ دەیبینم. خەدیجە سەرپۆشەکەی لابرد و پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەباوەشیدا بوو. خەدیجە وتی: ئێستا دەیبینی؟ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: نە، نایبینم. خەدیجە وتی: ئەی کوڕە مام دامەزراو بە و مزگێنی بدە، سوێند بەخوا ئەوەی دەیبینی فریشتەیە و شەیتان نییە.

ئەبو سەلەمەی کوڕی عەبدولڕەحمان هەواڵی داوە کە جابری کوڕی عبداللەی ئەلئەنساریی وتی: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) باس ماوەی وەحیی دەکرد و فەرمووی:" ڕێم دەکرد گوێم لەدەنگێك بوو لەئاسمان، سەرم هەڵبڕی، وا ئەو فریشتەیەیە کە لەحەڕائدا بینینم لەسەر کورسییەك دانیشتبوو لەنێوان ئاسمان و زەوی. تووش لەرزێك هاتم خۆم گەیاندە ماڵ و وتم: دامپۆشن دامپۆشن. خوای گەورە ئەمانەی دابەزاند ﴿يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ (١) قُمْ فَأَنْذِرْ (٢) وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ﴾ إلى قوله: ﴿وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ﴾پاشان وەحی بەدوای یەکدا هات".

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: کاتێ خوای گەورە فرمانی بەموحەممەدی پەیامبەری خۆی کرد کە قەومەکەی ئاگادار بکاتەوە بەسەرەنجامی سزایەك لەبەردەوامییان لەسەر ئەو بێ باوەڕییەی تیایدان بەرانبەر بەخوای گەورە و خواوەندەکان و بتەکان لەجیاتیی الله دەپەرستن کە ئەوانی دروست کردووە و رزق و ڕۆزییان دەدات، فرمانیشی پێکرد باسی ناز و نیعمەتەکانی خوای گەورە بەسەرخۆیەوە بکات، وەك ئیبن ئیسحاق ئەوە بەسەرەتای پەیامبەرایەتیی دادەنێت.

لەئیبن ئیسحاقەوە، خوای گەورە فرمانی بەپەیامبەری خوا کرد(صلی الله علیه وسلم) باسی نیعمەتی بەخشندەیی و نیعمەتی خوای و ڕێزگرتنی خوای بکات کە بەپەیامبەرایەتیی ڕێزی لێنا و بەنهێنی لەکەسوکارەکەیەوە دەستپێبکات کە لێیان دڵنیایە، یەکەمین مەخلوقێکی خوا بەڕاستیخستەوە و باوەڕی پێهێنا، خەدیجەی خێزانی بوو(بەڕەحمەت بێ).

واقیدی ئەڵێ: هاوەڵانمان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی، یەکەمین کەسێکی ئەهلی قیبلە بەدەم بانگەوازی پەیامبەری خواوە چووبێ(صلى الله عليه وسلم)، خەدیجەی کچی خوەیلد بووە(بەڕەحمەت بێ).

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: پاشان یەکەمین شتێك خوای گەورە لەشەریعەتی ئیسلام فەرزی کرد بەسەر پەیامبەری خواوە لەدوای داننان بەیەکتاپەرستنی و خۆبەرییکردن لەبتەکان و تکاکردن لەغەیری خوا، نوێژکردن بوو.

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێ: زانایەك بۆی باسکردم، کاتێك نوێژ لەسەر پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرزکرا، جبریل هات بۆلای کە لەبەرزاییەکانی مەککەدا بوو، لەڕوویەکی دۆڵی عەقەبەوە لێی دەرکەوت و چاوگە ئاوێك تەقی و جبریل دەستنوێژی لێ گرت و پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) تەماشای دەکرد تاوەکو لێیەوە فێری چۆنێتی دەستنوێژ شۆردن بێ بۆ نوێژ. پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەستنوێژی گرت بەجۆری دەستنوێژەکەی جبریل(سەلامی خوای لەسەربێ)، پاشان جبریل(سەلامی خوای لەسەربێ) هەڵسا و نوێژی کرد و پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) بەجۆری ئەو، نوێژی کرد، پاشان جبریل رۆیشت و پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) هات بۆلای خەدیجە و دەستنوێژی بۆ گرت تاوەکو فێری بکات چۆن دەستنوێژ بگرێت بۆ نوێژ بەو جۆرەی لەجبریلی بینیبوو(سەلامی خوای لەسەربێ)، پاشان نوێژی کرد بەو جۆرەی جبریلی بینی نوێژی کرد.

لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ئەڵێ: کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بوو بەپەیامبەر و لەدەوری کەعبە دەخەوت و قورەیشیش بەدەوری کەعبەدا دەخەوتن، دوو فریشتە کە جبرەئیل و میکائیل بوون هاتن بۆلای و وتیان: لەکامەیانەوە دەستپێبکەین؟ وتیان: فرمانمان پێکراوە لەگەورەکەیانەوە دەستپێبکەین. پاشان رۆیشتن و پاشان لەڕووی قیبلەوە هاتن و سێ کەس بوون، دەورەیان لێ دا لەکاتێکدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خەوتبوو، خستیانەسەر پشت و سکیان درێ و پاشان ئاویان لەزەمزەم هێنا و چی لەسکیدا هەبوو لەگومان یان هاوبەش پەیداکردن و نەفامی و

گومڕایی شۆردیانەوە، پاشان تەشتێتی ئاڵتوونیی پڕ ئیمان و حیکمەتیان هێنا و پڕیان کرد لەئیمان و حیکمەت و پاشان بەرزیان کردەوە بۆ ئاسمانی دونیا، جبریل لەدەرگای دا. وتیان: کێ لەدەرگا دەدات. وتی: جبرەئیلم. وتیان: کێت لەگەڵدایە؟ وتی: موحەممەد. وتیان: بەپەیامبەرایەتیی نێردراوە؟ وتی: بەڵێ. وتیان: بەخێر بێت. بۆی پاڕانەوە. کە چووە ژوورەوە، پیاوێکی چوارشانەی جوانی بینی، فەرمووی: ئەی جبرەئیل ئەمە کێیە؟ وتی: ئەمە ئادەمی باوکتە. پاشان بردیان بۆ ئاسمانی دووەم، لەدەرگای دا، وەک ئەوەی پێشوو پرسیاری لێکرا. وتیان: لەهەموو ئاسمانەکاندا ئەو پرسیار و وەڵامانە رووی دا. لەچوونە نێو ئاسمانی دونیادا دوو پیاوی بینی،فەرمووی: ئەی جبریل ئەم دوو کەسە کێن؟ وتی: یەحیا و عیسای کوڕە پوریێتی(خوشکی دایکی)، پاشان بردیان بۆ ئاسمانی سێیەم، پیاوێکی بینی، فەرمووی: ئەی جبرەئیل ئەم پیاوە کێیە؟ فەرمووی: ئەمە یوسفی براتە، بەجوانیی فەزڵ درا بەسەر خەڵکییدا هەروەک مانگ لەشەوی چواردەیدا فەزڵ دراوە بەسەر هەسارەکاندا. پاشان بردرا بۆ ئاسمانی چوارەم، لەوێدا پیاوێکی بینی، فەرمووی: ئەم پیاوە کێیە ئەی جبرەئیل؟ فەرمووی: ئەمە ئیدریسە، پاشان سەلامی لێ کرد و بەرزیان کردەوە بۆ پێگەیەکی بەرز.

پاشان بردرا بۆ ئاسمانی پێنجەم، پیاوێکی بینی، فەرمووی: ئەمە کێیە ئەی جبرەئیل؟ فەرمووی: ئەمە هارونە. پاشان بردرا بۆ ئاسمانی شەشەم، پیاوێکی بینی، فەرمووی: ئەم پیاوە کێیە ئەی جبرەئیل؟ فەرمووی: ئەمە موسایە. پاشان بردرا بۆ ئاسمانی حەوتەم و پیاوێکی بینی، فەرمووی: ئەم پیاوە کێیە ئەی جبرەئیل؟ جبرەئیل فەرمووی: ئەمە ئیبراهیمی باوکتە. پاشان ڕۆیشت بۆ بەهەشت، ڕووبارێکی تێدا بوو زۆر سپی بوو، سپی تر لەشیر خۆشتر لەهەنگوین، لەقەراغیدا پەرداخی گەوهەر و یاقووت هەبوو، فەرمووی: ئەمە چییە ئەی جبرەئیل؟ فەرمووی: ئەمە کەوسەرە کە پەروەردکارت بە تۆی بەخشیووە و ئەوەش شوێنەکانی تۆیە. جبرەئیل بەدەستی خۆی چنگێ خۆڵی هەڵگرت میسکێکی بۆن خۆش بوو، پاشان دەرچوو بۆلای سیدرەتولمونتەها کە درەختی نەبوگە، گەورەترینی نمونەی گۆزەیەک بوو و بچووکترینی نمونەی هێلکەیەکە،

پەروەردگارت لێی نزیکبوویەوە بەئەندازەی نێوان دوو کەوان و کەمتر، لەنزیکبوونەوەی پەروەردگاریدا سیدرە داپۆشرا نمونەی گەوهەر و یاقوت و زوبرجد بەجۆرەها رەنگ، خوای گەورە وەحی کرد بۆ بەندەکەی و تێگەیاند و فێری کرد و پەنجا نوێژی بەسەردا فەرز کرد، بەلای موسادا تێپەڕ بوو، موسا فەرمووی: چی شتێك بەسەر ئوممەتەکەتدا فەرز کرا؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: پەنجا نوێژ. موسا(سەلامی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بگەڕێرەوە لای پەروەردگارت و داوای لێ بکە کەمی بکاتەوە بۆ ئوممەتەکەت،چونکە ئوممەتەکەت لەتەواوی ئوممەتانی تر هێزی کەمتر و تەمەنی کەمترە. باسی ئەوەی کرد کە بەسەر بەنی ئیسرائیلدا هاتووە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەڕایەوە لای خوای گەورە و دە نوێژی لەسەر کەم کردەوە. پاشان بەلای موسادا تێپەڕبوو، موسا فەرمووی: بگەڕێرەوە لای پەروەردگارت و داوای کەمکردنەوەی بکە. بەردەوام ئەوە دووبارە بوویەوە تاوەکو بووە پێنج نوێژ. موسا فەرمووی: بگەڕێرەوە لای پەروەردگارت و داوا بکە کەمی بکاتەوە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ناگەڕێمەوە". خوای گەورە خستیە دڵی کە نەگەڕێتەوە لای. ئینجا خوای گەورە فەرمووی: هیچ شتێ قسەی من ناگۆڕێت و قەزا و فەرزی من رەتناکاتەوە. خوای گەورە یەك لەسەر دەی ئەو فەرزەی لەسەر ئوممەتەکەم فەرز کرد. ئەنەس ئەڵێ: هیچ زاوایەکم نەبینیووە بۆنی لەبۆنی پێستی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خۆشتربێ. پێستم نووساند بەپێستی پەیامبەری خواوە و بۆنم کرد.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: پاشان سەلەف جیاوازن لەوەی کێ لەدوای خەدیجەی خێزانی(خوای لێ رازیی بێ) باوەڕی بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هێناوە و شوێنی کەوتووە، هەندێکیان ئەڵێن یەکەمین کەسێك کە باوەڕی پێهێنابێ و پەیامی خوای گەورەی بەڕاستخستبێتەوە، عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بووە(خوای لێ رازیی بێ).

ئیسماعیلی کوڕی ئیاسی کوڕی عەفیف باسیکردووە ئەویش لەباوکیەوە ئەویش لەباپیرەیەوە ئەڵێ: پیاوێکی بازرگان بووم، لەڕۆژانی حەجدا هاتم و چووم بۆلای ئەلعەباس، لای بووین، پیاوێك دەرچوو لای کەعبە نوێژی دەکرد، پاشان ئافرەتێك

دەرچوو لەگەڵیدا قامەتی کرد و نوێژی کرد، تازە لاوێکیش دەرچوو لەگەڵ پیاوەکەدا قامەتی کرد، وتم: ئەی عەباس ئەمە چی ئایینێکە؟ وتی: ئەمە موحەممەدی کوڕی عبداللەیە، وەها دادەنێت خوای گەورە بەپەیامبەری ناردووە و گەنجینەکانی کیسرا و قەیسەری دەخاتەبەردەست و ئەو شوێنانەی بۆ فەتح دەکات، ئەوەش ژنەکەیەتی کە خەدیجەی کچی خوەیلدە و باوەڕی پێهێناوە، ئەو تازە لاوەش کوڕە مامەکەیەتی، عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب کە باوەڕی پێهێناوە. عەفیف وتی: خۆزگە منیش ئەو رۆژە باوەڕم پێدەهێنا و ئەبوومە چوارەمین کەسی موسڵمانبوو.

لەئیسماعیلی کوڕی ئیاسی کوڕی عەفیف ئەلکیندییەوە، عەفیف بۆی دایکیی ئەلئەشعەسی کوڕی قەیس ئەلکیندیی بوو، کوڕە مامەکەی لەباوکییەوە ئەویش لەعەفیفی باپیرەیەوە ئەڵێ: عەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیب لەمینا بوو، پیاوێك هات و دەستنوێژی گرت بەدەستنوێژێکی جوان، پاشان هەڵسا دەستی کردە نوێژ کردن، ئافرەتێك دەرچوو دەستنوێژی گرت و دەستی کردە نوێژکردن، پاشان تازە لاوێك دەرچوو دەستنوێژی گرت و پاشان هەڵسا و لەپاڵیدا نوێژی کرد، وتم: لەبار دایکت بچی ئەی عەباس، ئەمە چییە؟ وتی: ئەمە برازاکەمە، موحەممەدی کوڕی عبداللەی کوڕی عەبدولموتەڵیب ئەڵێ کە خوای گەورە بەپەیامبەری ناردووە و ئەوەش برازامە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب کە دوای کەوتووە لەئایینەکەیدا و ئەوەش ژنەکەیەتی کە خەدیجەی کچی خوەیلدە و ئەویش شوێن ئایینەکەی کەوتووە. عەفیف دوای ئەوەی بووە موسڵمان و ئیسلام لەدڵیدا جێگەی گرت، وتی: خۆزگە چوارەمین کەس دەبووم لەموسڵمانبووندا.

ئیبن حومەید باسدەکات ئەڵێ: عیسای کوڕی سوادەی کوڕی ئەلجەعد بۆی باسکردین وتی: موحەممەدی کوڕی ئەلمونکەدیر و رەبیعەی کوڕی ئەبو عەبدولڕەحمان و ئەبو حازم ئەلمەدەنی و ئەلکەلبیی بۆی باسکردین وتیان: عەلی یەکەمین کەس بوو بووە موسڵمان. ئەلکەلبی ئەڵێ: عەلی بووە موسڵمان و تۆ سااڵن بوو.

لەموجاهیدی کوڕی جەبری کوڕی ئەبو ئەلحەجاجەوە ئەڵێ: ئەوە ناز و نیعمەتی خوا بوو بەسەر عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبەوە و خوای گەورە خێر و چاکەی بۆ ویست، ئەوە بوو

قورەیش تووشی نەبوونەبیەکی سەخت هاتن، ئەبو تالّیبیش خاوەن منداڵێکی زۆر بوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەعەباسی مامی فەرموو کە لەنێو بەنو هاشمدا دەوڵەمەندترین بوو: ئەی عەباس، ئەبو تالّیبی برات منداڵی زۆری بەسەردا کەوتووە و هەژاری و برسێتییش رووی لەخەڵکیی کردووە،وەرە با بڕۆین بۆلای و من بەخێوکردنی یەکێ لەکوڕەکانی بخەمە ئەستۆی خۆم و تۆش یەکێ لەکوڕەکانی بگرە ئەستۆی خۆت. عەباسیش وتی: زۆر باشە. ڕۆیشتن تاوەکو گەیشتنەلای ئەبو تالّیب و وتیان: ئەمانەوێ ئەرکی منداڵەکانت بەسەرتەوە سووک بکەین تاوەکو خەڵکیی لەم نەبوونەیی و هەژارییە ڕزگاریان دەبێ. ئەبو تالّیبیش پێیووتن: عەقیلم بۆ بهێڵنەوە، چی دەکەن بیکەن. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) عەلی بردە لای خۆی ، عەباسیش، جەعفەری بردە لای خۆی، عەلی لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) مایەوە تاوەکو خوای گەورە موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) ی بەپەیامبەر ڕەوانە کرد و عەلیش شوێنی کەوت و باوەڕی پێهێنا و بەڕاستیخستەوە، جەعفەریش لای عەباس مایەوە تاوەکو بووە موسڵمان و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستا.

ئەوانی تر ئەڵێن: یەکەمین کەسێك لەپیاوان بووە موسڵمان، ئەبو بەکری سدیق بوو(خوای لێ ڕازیی بێ)، پاشان خوای گەورە فرمانی کردە موحەممەدی پەیامبەری خۆی(صلى الله عليه وسلم) لەدوای سێ ساڵ لەناردنی بەپەیامبەر، بەوەی پەیامی خوا بگەیەنێ و بانگەوازی خەڵکیی بکات، سێ ساڵ پێش ئەوە نهێنییی بوو، دواتر فرمانی پێکرد عەشیرەت و نزیکانی خۆی ئاگادار بکاتەوە و نەرم و لێبووردە بێ بەرانبەر ئەوانەی شوێنی دەکەون لەباوەڕداران، ئەگەر ئەوان لەبەرانبەرت یاخیی بوون، بڵێ من بەری و دوورم لەوەی ئێوە ئەنجامی دەدەن. هاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کاتێ نوێژیان دەکرد، ئەچوون بۆ دۆڵ و شیوەکان و دوور لەچاوی قەومەکانیان ئەنجامیان دەدا، ئا لەوەدا سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس لەگەڵ چەند هاوەڵێکی پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) لەدۆڵێك لەدۆڵەکانی مەککەدا بوون و سەرقاڵ نوێژ بوون، چەند کەسێکی هاوبەش پەیداکەرانیان لێ دەرکەوت، ئەمەیان ڕەتکردەوە و

ئەو کارەیان بەعەیب و شورەیی لەسەریان وەرگرت، بووە شەڕیان، سەعدی کوڕی ئەبو وەقاس ئەو رۆژە بەڕەشمەی وشتر پیاوێکی هاوبەش پەیداکەری لێدان کرد، ئەوە یەکەمین خوێنێك بوو لەئیسلامدا رژێنرا.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رۆژێکیان چووە سەر سەفا و فەرمووی:"بەئاگابێنەوە و وەرن(یا صباحاه)". قورەیش لای کۆبوونەوە و وتیان: ئەوە چیتە؟ فەرمووی:"ئەگەر هەواڵتان پێ بدەم کە دوژمن لەبەیانیی زووا یان لەئێوارەدا پەلامارتان دەدات، بەڕاستم دەخەنەوە؟" وتیان: بەڵێ بێگومان بەڕاستت دەزانین. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"دەی بزانن من بەوریاییکەرەوە بۆ ئێوە هاتووم". ئەبو لەهەب وتی: دەستت بشکێ، تۆ بۆ ئەم شتە ئێمەت بانگکرد و کۆکردەوە. ئیتر خوای گەورە سورەتی(تبت يدا أبي لهب وتب)ی دابەزاند.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: کاتێ ئەو ئایەتە و (وأنذر عشيرتك الأقربين)دابەزی، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو تاوەکو سەرکەوتەسەر سەفا و بانگیکرد کۆببنەوە، وتیان: ئەوە کێیە بانگ دەکات؟ وتیان: موحەممەدە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بانگیکرد ئەی نەوەی عەبدولموتەلێب، ئەی نەوەی عەبد مەناف. لای کۆبوونەوە. فەرمووی:"ئەگەر هەواڵتان پێ بدەم کۆمەڵێ سوار لەخوار ئەو چیایەوەن بدەن بەسەرتاندا، ئێوە بەڕاستم دەخەنەوە؟" وتیان: ئێمە درۆمان لە تۆ نەبینیووە. فەرمووی:"دەبی بزانن من بەوریاکردنەوەی ئێوە نێردراوم و سزایەکی سەخت لەلایەن خوای گەورەوە". ئەبو لەهەب وتی:دەستت بشکێ، تۆ بۆ ئەمە ئێمەت کۆکردەوە، بۆیە سورەتی(تبت يدا أبي لهب وتب) دابەزی.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) قەومەکەی ئاگادار کردەوە بەبانگەوازکردنیان بۆ ئیسلام، لێی دوورنەکەوتنەوە و وەلأمی ناخۆشیان پێ نەبوو بەرانبەری تاوەکو وەك پێم گەیشتووە، تاوەکو باسی خواوەندەکانیانی کرد و عەیبداری کردن لەو کارەی ئەنجامی دەدەن، بەوە سەغڵەت بوون و یەکیانگرت بۆ

پێچەوانەکردن و دژایەتیکردنی، مەگەر کەسێك خوای گەورە بەئیسلام پاراستبوونی و ئەوانیش کەم و شاراوە بوون، ئەبو تالێبی مامی بەرگریی لێ کرد و پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) بەردەوام بوو لەسەر گەیاندنی پەیامی خوا بەئاشکرا و بێ ترس و هیچ شتێك لەوەدا بۆی نەبووە رێگر. کاتێك قورەیش بینی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەردەوامە لەعەیبدارکردنی خۆیان و خواوەندەکانیان و ئەوەی ئەبو تالێب بەرگریی لێ دەکات و رادەستیان ناکات، کۆمەڵێ لەپیاوماقوڵانی قورەیش چوون بۆلای ئەبو تالێب، لەنمونەی عوتبەی کوڕی رەبیعە و شەیبەی کوڕی رەبیعە و ئەبو ئەلبوختری کوڕی هیشام و ئەلئەسوەدی کوڕی ئەلموتەلێب و ئەلوەلیدی کوڕی موغیرە و ئەبو جەهلی کوڕی هیشام و ئەلعاص کوڕی وائیل و نەبیە و مونبیهی کوڕانی ئەلحەجاج و کەسانی تر بوون. وتیان: ئەی ئەبو تالێب، برازاکەت قسە بەخواکانمان ئەڵێ و ئایینەکەمان عەیبدار دەکات و خەونەکانمان ساویلکانە دەردەخات و تێکیداوین، منداڵەکانی بۆ لەخشتەبردووین، یان لەکۆڵمانی بکەرەوە، یان بهێڵە خۆمان چارەی بکەین، تۆش وەك ئێمە لەسەر باوەڕی ئەو نیت، لەکۆڵی تۆیشی دەکەینەوە. ئەبو تالێب بەقسەی نەرم و وەلأمێکی جوان پێیووتن: بەڵکو ئێوە وازی لێبهێنن. ئیتر پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەگەیاندنی پەیامی خوای گەورە بەردەوام بوو، پاشان ناکۆکیی سەخت کەوتە نێوان موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) و قورەیشەوە، لێی بێزاربوون، بۆیە جارێکی تر رۆیشتن بۆلای ئەبو تالێب و وتیان: تۆ لەهەموومان بەتەمەنتر و پایەدارتری، برازاکەت دەست هەڵناگرێ لەسەر ئێمە، سوێند بەخوا ئارام ناگرین لەسەر قسە وتنی بەباوباپیرانمان و لەنێوبردنی خەون و ئومێدمان،یان وەهای لێ دەکەی دەستمان لەسەر هەڵبگرێ، یان شەڕی دەکەین تاوەکو یەکێکمان لەنێو دەچێ. پاشان رۆیشتن و ئەمە قورس بوو لەسەر دڵی ئەبو تالێب کە قەومەکەی لێی جیابوونەوە و دوژمنایەتییان بۆ دەرخست، لەهەمان کاتدا دڵ ئارام نەبوو ببێتە موسڵمان،هەروەها نەیدەویست پشت لەپەیامبەری خوا بکات.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: کاتێ ئەبو تاڵیب نەخۆش کەوت، چەند کەسێکی قورەیش هاتنەلای کە ئەبو جەهلیشیان تێدا بوو، ئەبو جەهل وتی: برازاکەت قسە بەخواکانمان دەڵێ و ئەوە و ئەوە دەڵێ و ئەوە و ئەوە دەکات. ئەگەر بکرێ بنێری بەدوایدا و رێگریی ئەو کارەی لێ بکەیت. ئەبو تاڵیبیش ناردی بەدوای پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم)، پەیامبەری خۆشەویست(صلى الله عليه وسلم) هات و لەنێوان ئەبو جەهل و ئەبو تاڵیبدا شوێن دانیشتن پیاوێك هەبوو، ئەبو جەهل ترسا ئەگەر لەپاڵ ئەبو تاڵیب دابنیشێ، دڵی ئەبو تاڵیب بۆی نەرم بێت، بۆیە پاڵی لێ دایەوە و شوێنی دانیشتن نەمایەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) شوێنێکی نزیك بەمامی نەدۆزییەوە، بۆیە لای دەرگاکەوە دانیشت. ئەبو تاڵیب پێیووت: ئەی برازا گیان، ئەوە چییە قەومەکەت گلەییت لێ دەکەن و ئەڵێن قسە بەخواوەندەکانیان دەڵێی و ئەوە و ئەوە ئەڵێی؟ ئەوانیش قسەی زۆریان وت. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"مامە گیان من ئەمەوێ یەك وشەم بۆ بڵێن کە هەموو عەرەب دەبنە گوێڕایەڵیان،عەجەمیش جزیەیان پێ بدەن". بەو قسەیە سەرسام بوون و تۆقین، وتیان: تەنیا یەك وشە؟ ئەوە دە وشە بۆ تۆ. ئەبو تاڵیب وتی: ئەوە وشەیە چییە ئەی برازا؟ فەرمووی:" لا إله إلا الله". بەتۆقین و تووڕەییەوە هەڵسان و کراسەکانیان دا بەسەریاندا و ئەیانووت: خواکانی کردە یەك خوا، بەڕاستی ئەمە شتێکی سەیرە.

ئەگەڕێینەوە بۆ باسەکەی ئیبن ئیسحاق، ئیبن حومەید بۆی باسکردین و وتی: سەلەمە بۆی باسکردین و وتی: موحەممەدی کوڕی ئیسحاق بۆی باسکردین و وتی: یەعقوبی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەلموغیرەی کوڕی ئەلئەخنەس بۆی باسکردم کاتێك قورەیش ئەو باسەیان بۆ ئەبو تاڵیب کرد، ناردی بەدوای پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) و وتی: ئەی برازا قەومەکەت هاتوون بۆلام و ئەوە و ئەوە ئەڵێن، لەسەر خۆت و خۆمیش بارگرانیی دروست مەکە و لەسەرووی توانای خۆمم مەخەرەسەر. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) وەهای گومان کرد کە مامەی دەیەوێ پشتی تێ بکات و لاواز کەوتووە لەوەی پشتی بگرێت و بەرگریی لێ بکات، بۆیە فەرمووی:"يَا عَمِّ وَاللهِ لَوْ وَضَعُوا الشَّمْسَ

فِي يَمِينِي، وَالْقَمَرَ فِي يَسَارِي عَلَى أَنْ أَتْرُكَ هَذَا الْأَمْرَ حَتَّى يُظْهِرَهُ اللهُ أَوْ أَهْلِكَ فِيهِ مَا تَرَكْتُه"،واتا: مامە گیان،سوێند بەخوا ئەگەر خۆر بخرێتە لای راستم و مانگیش لای چەپم بۆ ئەوەی دەستبەرداری ئەم پەیامە ببم، ئەوە دەستبەردار نابم تاوەکو خوای گەورە ئەم پەیامەی خۆی سەردەخات یان لەپێناویدا لەنێودەچم". پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گریا و هەڵسا. کە پشتی هەڵکرد، ئەبو تاڵیب بانگی کرد و وتی: وەرە پێش ئەی برازا. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رووی تێکرد و مامی وتی: ئەی برازا، بڕۆ چیت پێ خۆش بوو ئەوە بڵێ، سوێند بەخوا هەرگیز رادەستت ناکەم و پشتت تێ ناکەم.

پاشان کە قورەیش بۆیان دەرکەوت، ئەبو تاڵیب پشت لەپەیامبەری خوا ناکات، بۆ ئەوە بەخستنەڕووی پێشنیاری مامەڵەکردن لەسەر عەمارەی کوڕی ئەلوەلیدی کوڕی ئەلموغیرەوە بۆی ڕۆیشتن، پێیانووت: ئەی ئەبو تاڵیب پێمان گەیشتووە کە عەمارەی کوڕی ئەلوەلیدی کوڕی ئەلموغیرەی گەنجێکی ژیر و شاعیر و ڕەوانبێژی قورەیشە، لەهەموو گەنجانی تر جوانتر و ڕەوانبێژترە، وەرە بیکەرە کوڕی خۆت و ئەم برازایەتمان رادەست بکە کە پێچەوانەی ئایینی خۆت و باوباپیران و قەومەکەت ئەکات، کە پەرتەوازەیی خستووەتە نێوان قەومەکەت و خەون و ئومێدی ئەوانی شێواندووە، ئەیکوژین و لەبری پیاوێك، پیاوێکی ترت پێ دەدەین. ئەویش وتی: قێزەونترین مامەڵەیەکم لەگەڵدا دەکەن، کوڕەکەی خۆتانم پێ دەدەن نان و خۆراکی پێ بدەم و کوڕەکەی خۆمتان پێ بدەم بیکوژن! سوێند بەخوا هەرگیز ئەمە ڕوونادات.

موتعیمی کوڕی عەدی کوڕی نەوفەلی کوڕی عەبد مەناف وتی: سوێند بەخوا ئەی ئەبو تاڵیب، قەومەکەت دادپەروەرییان لەگەڵدا کردووی و هەوڵ دەدەن ڕزگارت بکەن لەشتێك کە حەزی پێ نەکەی و ئازارت بدات، وا ئەبینم ناتەوێ هیچ شتێکیان لێ قبوڵ بکەی. ئەبو تاڵیب بەموتعیمی وت: سوێند بەخوا دادپەروەرییان لەگەڵدا کردووم، بەڵام تۆ ئەوانت کۆکردووەتەوە بۆ شەرمەزارکردنی من و پشت کردن لە من و سەرخستنیان بەسەر منداا، کەوابوو چیت دەوێ ئەوە بکە.

ئەڵێ: لەوەدا پەیوەندیی نێوانیان تێکچوو، دوژمنایەتیی سەریهەڵدا، قورەیش لەگەڵ ئەو هۆز و عەشیرەتانەدا قسەی کرد کە لەپیزەکانیاندا خەڵکانێك ببوونە موسڵمان، ئەوانیش دەستیان کردە ئازاردانیان و ناچارکردنیان تاوەکو دەستبەرداری ئیسلام بـبن. خوای گەورە ڕێگریی کرد دەستیان بەپەیامبەری خوا بگات بەپاراستنی لەلایەن ئەبو تاڵیبی مامەیەوە، کاتێ ئەبو تاڵیب بینیی وا قورەیش چی دەکات دەرهەق نەوەی هاشم و ئەلموتەڵیب، بانگەوازی کردن بۆ بەرگریکردن لەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، ئەوان لای پەیامبەر کۆبوونەوە تەنیا ئەبو لەهەب نـەبێ، ئـە لەمـەدا کاتێك ئـەبو تاڵیـب بینی وا قەومەکەی لەگەڵیدا ڕاوەستاون، پێیان دڵخۆش بوو، دەستی کردە پیاهەڵدانیان و فەزڵ و گەورەیی پەیامبەری خوای تیایاندا بـاس دەکـرد تـاوەکو تووندوتۆڵیان بکـات لەبەرگریکردنیان لێی.

لەعوروەوە کە نووسیوێتی بۆ عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان: پاشان، کاتێك پەیامبـەری خوا قەومەکەی بانگەواز کرد دوای ئەوەی لەلایەن خوای گەورەوە ئەو نور و ڕێنوێنییەی هێنـا کـە بەسـەریدا دابـەزیبوو، هـەموویان گوێیـان لـێ دەگـرت تەنانـەت زۆردار و تاغوتەکانیشیان، دواتر هەرچییان کرد بۆ ئەوەی پەشیمانی بکەنـەوە، سـوودی نـەبوو، ئینجا ڕقیان بوویەوە لەوەی بانگـەوازی بـۆ دەکـرد و سـتەمیان دەکـرد لەوانـەی بـەدەم بانگەوازەکەوە دەڕۆیشتن، دووریان لێگرت تەنیا کەسانێکی کەم نەبێ کە خـوای گـەورە پاراسـتنی، بەئەنـدازەی ئـەوەی خـوا ویسـتی، ماوەیـەك ئاوەهـا تێپـەڕی، پاشـان گـەورەکانیان کۆبوونـەوە بـۆ لەخشـتەبردن و ناچـارکردنی ئەوانـەی لـەکوڕان و بـرا و هۆزەکانیان ببوونە موسڵمان، لەئیسلام پاشگەزببنەوە، فیتنەیەکی سەخت بوو بۆ سـەر ئەوانەی ببوونە موسڵمان، هەندێك بەو فیتنەیـەدا چـوون و هەندێکی تـر بەویسـتی خـوا پارێزراو مانەوە، کاتێك زۆرداریی بەرانبەر موسڵمانان زۆر بوویەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلن) فرمـانی بەموسـڵمانان کـرد دەربچـن بـۆ خـاکی حەبەشـە، لەحەبەشـەدا پادشایەکی چاك هەبوو پێیدەوترێ نەجاشی و لەپەنای ئەودا لەخاکەکەیدا ستەم لـەهیچ کەسێك ناکرێت. ستایشی پادشای حەبەشەی دەکرد بەوەی چاکەکارە، خاکی حەبەشـە

شوێنی بازرگانیی قورەیش بوو، شوێنێکی سەلامەت بوو بۆ بازرگانی، بۆیە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فرمانی پێکردن بچن بۆ ئەوێ کاتێک لەمەککەدا دەچەوسێنرانەوە، ئەترسا لەئایینی خۆیان پاشگەزبکرێنەوە بەهۆی ئازار و ئەشکەنجەی سەختەوە. سالانێك تێپەڕی و تووند بوون بەرانبەر بەوانەیان کە دەبوونە موسڵمان،پاشان ئیسلام لەنێویاندا بڵاوبوویەوە و کۆمەڵێ گەورە پیاوانیشیان بوونە موسڵمان.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: جیاوازیی هەیە لەبارەی ژمارەی ئەوانەی لەهیجرەتی یەکەمدا دەرچوون بۆ خاکی حەبەشە، هەندێکیان ئەڵێن: یانزە پیاو و چوار ئافرەت بوون.

لەئەلحارسی کوڕی ئەلفوزەیلەوە ئەڵێ: ئەوانەی کۆچی یەکەمیان کرد، بەدزییەوە دەرچوون و یانزە پیاو و چوار ئافرەت بوون، بەدزییەوە دەرچوون تاوەکو گەیشتنە ئەلشوعەیبییە بەسواری و پیادەییەوە، خوای گەورە یارمەتیی دان لەکۆتا ساتی دەرچوونی دوو کەشتییدا گەیشتنە سەر دەریا، بازرگانەکان بەنیو دینار ئەوانیان سەرخست بۆ خاکی حەبەشە. دەرچوونیان لەمانگی رەجەبدا بوو لەسالّی پێنجەمی پەیامبەرایەتییدا. قورەیش بەدوایاندا دەرچوون تاوەکو گەیشتنە دەریا، بەلاّم دەستیان بەوان نەگەیشت و پێش گەیشتنیان، لەکەشتییەکان سەرکەوتبوون.

ئەڵێن: هاتینە خاکی حەبەشە و باشترین میوانداریيەك کراین، سەلامەت کراین لەئایندایی خۆماندا، خوامان دەپەرست بێ ئەوەی ئازار بدرێین و گوێمان لەقسەیەکی ناخۆش بێ.

ئەوانی تر ئەڵێن: ئەوانەی کۆچیان کرد بۆ حەبەشە لەموسڵمانەکان، جگە لەمندالّەکانیان کە لەگەلّ خۆیاندا دەریانیان کرد، هەشتا و دوو پیاو بوون، ئەگەرچی عەممارى کوڕی یاسریان تێدا بوو، گومانی لەوەدا هەیە.

لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە ئەڵێ: کاتێك پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بینی چی ئازار و بەلاّیەك بەسەر هاوەلاّنیدا دێت، خۆیشی لەلایەن خوا و ئەبو تالّیبی مامەیەوە پارێزراوە و هیچی پێ ناکرێ بەرانبەر موسڵمانەکان،پێیفەرموون:"خۆزگە

دەردەچوون بۆ خاکی حەبەشە، لەوێدا پادشایەك هەیە هیچ کەسێك لەپەنایدا ستەمی لێ ناکرێت، خاکی راستگۆییە تاوەکو دواتر خوای گەورە دەروویەکتان لێ دەکاتەوە". ئەوکات موسڵمانان لەهاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوون بۆ خاکی حەبەشە لەترسی فیتنە و هەڵهاتن بۆ پاراستنی ئایینەکەیان. ئەوە یەکەمین کۆچێك بوو لەئیسلامدا، یەکەمین کەسێکیش لەموسڵمانان دەرچوو. لەبەنی ئومەییەی کوڕی عەبد شەمسی کوڕی عەبد مەناف بوو کە عوسمانی کوڕی عەفانی کوڕی ئەبی ئەلعاصی کوڕی ئومەییە بوو هاوسەرەکەشی لەگەڵ بوو کە روقیەی کچی پەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم)، هەر لەبەنی عەبد شەمس، ئەبو حوزەیفەی کوڕی عوتبەی کوڕی رەبیعەی کوڕی عەبد شەمسی کوڕی عەبد مەناف هەبوو کە خێزانەکەشی لەگەڵ بوو بەناوی سەهلەی کچی سوهەیلی کوڕی عەمر کە یەکێك بوو لەنەوەی عامری کوڕی لوئەی، لەنەوەی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوزای کوڕی قوسەیش، زوبەیری کوڕی عەوام بوو.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: دە کەس بوون، ئەو دە کەسە یەکەمین ئەو موسڵمانانە بوون کە دەرچوون بۆ خاکی حەبەشە وەك ئەوەی پێمگەیشتووە.

ئەڵێ: پاشان جەعفەر دەرچوو، موسڵمانەکان بەدوای یەکدا دەرچوون تاوەکو لەخاکی حەبەشەدا کۆبوونەوە و هەندێکیان بەژن و منداڵەوە دەرچووبوون و هەندێکیان بەسەڵتی و تەنیا و هەشتا و دوو کەسی تر بەو دە کەسە گەیشتن، لەوێدا چەند منداڵێکی موسڵمانان لەدایکبوون.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: کاتێ ئەوەی لەهاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەکۆچەریی دەرچوو بۆ خاکی حەبەشە و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمەککەدا مایەوە بەنهێنی و ئاشکرا بانگەوازی دەکرد بۆ ئایینی خوای گەورە، خوای گەورە بە ئەبو تاڵیبی مامی و پشتیوانەکانی لەعەشیرەتەکەی، بەرگریی لێ کرد، قورەیش بینی رێگە و چارەیەکیان نییە بەوەی پێی بگەن، هەڵسان بەساحیر و جادووباز و شێت تۆمەتباریان کرد، وتیان شاعیرە، لەهەرکەسێ بترسابایەن پێی کاریگەربێ، نەیاندەهێشت گوێی لێ بگرێت، جا سەختترین شتێك کە پێیگەیشتن، ئەوەیە لەعبداللەی

کوڕی عەمری کوڕی ئەلعاصەوە باسکراوە ئەڵێ: پێمووت: زۆرترین شتێك بینیبێتت قورەیش لەدەست پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سەغڵەت و بێزارهاتبێ و بەهۆیەوە دوژمنایەتییان بۆی دەرخستبێ، چی شتێك بووە؟ ئەویش وتی: لەکۆبوونەوەیەکی گەورەکانی قورەیشدا ئامادە بووم، رۆژێك لەحیجر کۆبوونەوە و وتیان: ئەوەندە لەسەر ئەو پیاوە ئارامان گرت، هەتا گەیشتە ئەوەی خەون و خەیاڵمان بشێوێنێ و قسە بەباوك و باپیرانمان بڵێ و ئایینەکەمان عەیبدار بکات و ریزەکانمان پەرتەوازە بکات و قسە بەخواکانمان بڵێ، بەڕاستی لەسەر کارێکی گەورە، خۆڕاگرییمان بەرانبەر کردووە.

ئا لەو قسە و باسەدا بوون، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرکەوت، هات تاوەکو گەیشتە لای روکن و پاشان بەتەوافکردن بەدەور کەعبەدا بەلایاندا تێپەڕی. کاتێ تێپەڕی بەلایاندا، بەهەندێ وشە تانە و توانجیان لێ گرت، بەڕووی پەیامبەری خوا بینینم پێی سەغڵەت بوو، پاشان بۆ جاری دووەم بەلایاندا تێپەڕی و دیسان بەهەندێ وشە تانە و توانجیان لێ گرت، بەڕووی پەیامبەری خوا بینیم پێی سەغڵەت بوو، پاشان بۆ جاری سێیەم بەلایاندا تێپەڕی و دیسان هەمان شت رووی دا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) راوەستا و فەرمووی:"ئەی کۆمەڵی قورەیش ببیستن، سوێند بەو کەسەی گیانی موحەممەدی بەدەستە، من بۆ ئەوە هاتووم ئێوە سەربڕم". ئەو فەرمایشتەی پەیامبەر خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەوەندە سەخت بوو بەسەریانەوە، هەناسەی لێ بڕین، وشك بوون وەك ئەوەی باڵندە بەسەر سەریانەوە راوەستابێ. ئەوەی پێشتر زۆر رقی لێ بوو، بەزەیی پێدا هاتەوە و وتی: ئەی ئەبا ئەلقاسم لێرە بڕۆ، تۆ کابرایەکی نەزان نەبووی.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ڕۆیشت، لەبەیانییدا لای حیجر کۆبوونەوە و منیش لەگەڵیان بووم، هەندێکیان بەهەندێکی تریان وت: لەیادتتانە دوێنێ چی پێ وتن و ئێوەش قسەیەکتان نەکرد، هەتا ئەوەی شتانێکی وت جێی سەغڵەتی و بێزارییتان بێ؟

ئا لەمەدا بوون و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرکەوت، بۆی هەڵسانە سەر پێ و دەورەیان لێ دا و وتیان: ئەوە تۆ ئاوەها و ئاوەهات وت بەرانبەر خواکانمان و

ئایینەکەمان؟ پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) ئەیفەرموو:"بەڵێ من ئەوەم وت". پیاوێکیانم بینی کراسەکەی گرت و ئەبو بەکریش هەڵسا ئەو خەڵکەی لێ دوورەدەخستەوە و ئەگریا و ئەیووت: لەنێوبچن، ئەتانەوێ پیاوێك بکوژن کە ئەڵێ الله خوامە. پاشان لێی دوورکەوتنەوە. ئەوە سەختترین شتێك بوو قورەیشم پێیەوە بینی کە پێشتر وەها نەبوو.

لە ئەبو سەلەمەی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە ئەڵێ: بەعبداللەی کوڕی عەمرم وت: بۆم باسبکە سەختترین جارێك بینیبێتت هاوبەش پەیداکەران بەرانبەر بەپەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئەنجامیان دابێ؟ ئەویش وتی: عوقبەی کوڕی موعیت هات و پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لای کەعبە بوو، کراسەکەی پەیامبەری خوای لەقوڕگی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) گیر کرد بۆ خنکاندن، ئەبو بەکر لەپشتییەوە هەڵسا و دەستی خستبووە سەر شانی و لەپەیامبەری خوای دوور دەخستەوە پاشان ئەبو بەکر وتی: ئایە پیاوێك دەکوژن کە ئەڵێ الله خوامە....هەتا گەیشتە ئەوەی: خوای گەورە هیدایەت و ڕێنمایی کەسێك ناکات کە زیادەڕۆ و درۆزنە.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: پیاوێك کە بووە موسڵمان و بەئاگابووە لەوەی ڕووی داوە بۆی باسکردم: کە ئەبو جەهلی کوڕی هیشام بەلای پەیامبەری خوادا(صلی الله علیه وسلم) تێپەڕبوو کە لای سەفا دانیشتبوو،ئازاری پەیامبەر خوای دا و جنێوی پێ دا و عەیبەی لەئایینەکەی گرت، پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) وەلامی نەدایەوە، ژنە خزمەتکارێکی عبداللەی کوڕی جەدعان ئەلتەمیمی لەخانووەکەیدا بوو لەسەرووی سەفاوە گوێبیستی ئەو قسانەی ئەبو جەهل بوو. پاشان ئەبو جەهل ڕۆیشت و گەیشت بەدانیشتنێکی قورەیش لای کەعبە، لایان دانیشت، زۆری پێ نەچوو حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلێب هات و کەوانەکەی لەملدا بوو لەڕاوەوە دەهاتەوە. نەریتی وەهابوو کە لەڕاو دەهاتەوە، سەرەتا تەواف کەعبەی دەکرد ئینجا دەگەڕایەوە ماڵ، لەتەوافیشدا بەلای هەر مەجلیسێکی قورەیشدا تێپەڕببوایە، دەوەستا و سەلامی لێ دەکردن و قسەی لەگەڵدا دەکردن. شکۆدارترینی قورەیش بوو، کاتێ بەلای ژنە خزمەتکارەکەدا

تێپەڕبوو کە پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) ڕۆیشتبوو بۆ ماڵەوە. ژنەکە وتی: ئەی ئەبو عەمارە، ئەگەر دەتبینی ئەبو ئەلحەکەمی کوڕی هاشم چی بەموحەممەدی برازات کرد کەمێك پێش ئێستا، موحەممەد ئا لێرەدا دانیشتبوو ئەو هات و جنێو و قسەی ناخۆشی زۆری پێ وت، پاشان ڕۆیشت و موحەممەدیش هیچ قسەیەکی پێ نەوت. بەو قسانە حەمزە گڕی گرت و تووڕە بوو، خوای گەورە ویستی هەبوو ڕێزی لێ بنێت، بەتووڕەییەوە دەرچوو، بەلای هەر کۆمەڵێکدا تێپەڕ دەبوو لای نەدەکردەوە بەلایاندا و ڕۆیشت تاوەکو گەیشتە ئەو مەجلیسەی کە ئەبو جەهل تیایدا دانیشتبوو، ڕووی کردە ئەبو جەهل و لەسەر سەری ڕاوەستا، کەوانەکەی لەملی کردەوە و تووند دای بەسەریدا و سەری شکاند و وتی: جنێو بەموحەممەد دەڵێی؟ من وا لەسەر ئایینی ئەوم و ئەوە ئەڵێم کە ئەو ئەیڵێی، دەی ئەگەر دەتوانی وەڵامی من بدەرەوە. پیاوانێکی بەنی مەخزوم بۆ پشتیوانیکردنی ئەبو جەهل بۆ سەر حەمزە هەڵسانە سەر پێ. ئەبو جەهل وتی: واز بێنن لەئەبو عەمارە، سوێند بەخوا من جنێوی زۆر ناشیرینم بەبرازاکەی وت. ئیتر حەمزە بووە موسڵمان، بۆ قورەیش دەرکەوت کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەموسڵمانبوونی حەمزە پشتگیریی بۆ دروست بووە و حەمزە ناهێڵێ کەس دەستی پێ بگات، ئیتر ئازار و ناڕەحەتییەکانیان کەمێك لەسەر پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کەم کردەوە.

یەحیای کوڕی عوروەی کوڕی زوبەیر ئەویش لەباوکییەوە باسیکردووە ئەڵێ: لەدوای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) یەکەم کەسێك بەئاشکرا لەمەککەدا قورئانی خوێندبێتەوە، عبداللەی کوڕی مەسعود بوو. ڕۆژێکیان هاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کۆبوونەوە و وتیان: سوێند بەخوا نەمانبینیووە ڕۆژێك بەئاشکرا قورئان بەگوێی قورەشدا بدرێت، ئاخۆ چی کەسێك ئەوە دەکات؟ عبداللەی کوڕی مەسعود وتی: من ئەوە دەکەم. وتیان: ئەترسین شتێکت بەسەردا بهێنن، ئێمە ئەمانەوێ کەسێك ئەوە بکات، عەشیرەتی هەبێ و لەدەست ئەوانە بیانپارێزێ. عبداللەی کوڕی زوبەیر وتی: خوا دەمپارێزێ. لەبەیانییدا لەکاتی چێشتەنگاودا کوڕی زوبەیر هات و گەیشتە لای مەقام و

قورەییش لەمەجلیسی خۆیاندا دانیشتبوون، گەیشتە لای مەقام و پاشان وتی بسم الله الرحمن الرحیم و بەدەنگی بەرز ﴿الرَّحْمَنُ (١) عَلَّمَ الْقُرْآنَ (٢) خَلَقَ الْإِنْسَانَ (٣) عَلَّمَهُ الْبَيَانَ﴾ی دەخوێندەوە. پاشان رووی کردە مەجلیسەکەیان و ئەیخوێندەوە. ئەوانیش لێی وردبوونەوە وتیان: کوڕەکەی ئوم عەبد لەوە دەخوێنێتەوە کە موحەممەد هێناوێتی، دەستیان کردە لێدانی و ئەویش هەر دەیخوێندەوە. پاشان رۆیشت بۆلای هاوەلانی و دەموچاوی خوێناویی بوو، وتیان: ئا ئەمە بوو ئێمە لێی دەترسایین. ئەویش وتی: ئا ئێستا ترسم لەدوژمنانی خوا شکاوە، ئەگەر بتانەوێ، بەیانی دەچین و هەمان شت دووبارە دەکەینەوە. ئەوانیش وتیان: ئەوەندە بەسە شتێکت بەگوێیاندا دا بێزار و تووڕەیان بکات.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: کاتێ ئاییندارییی ئەوانەی کۆچیان کرد بۆ خاکی حەبەشە سەلامەت بوو، لەخاکی نەجاشیی گیرسانەوە، قورەیش لەنێو خۆیاندا پیلانیان داڕشت دژ بەو موسڵمانانەی حەبەشە و عەمری کوڕی ئەلعاص و عبدالله‌ی کوڕی ئەبی ڕەبیعەی کوڕی موغیرەی ئەلمەخزومییان بەکۆمەڵێ دیاریی زۆرەوە بۆ نەجاشی و داوەدەستەکەی، ڕەوانەی لای نەجاشیی کرد، فرمانیان بەهەردووکیان کرد، داوا لەنەجاشیی بکەن ئەو موسڵمانانەی لای ئەوانیان رادەست بکات. عەمر و عبدالله‌ش رۆیشتن بۆلای نەجاشی و ئەوەیان جێبەجێ کرد کە قەومەکەیان بەوانیان سپاردبوو، بەڵام بەو ئامانجە نەگەیشتن کە بەهۆیەوە ڕەوانە کرابوون، بۆیە بەسەرکزییەوە گەڕانەوە، عومەری کوڕی خەتابیش بووە موسڵمان کە پیاوێکی ئازا و چاونەترس بوو، پێش ئەویش حەمزەی کوڕی عەبدولموتەڵیب ببووە موسڵمان، بەوە موسڵمانەکان هەستیان کرد وا هێزیان پەیدا کردووە و وەهای کرد ئیسلام لەنێو هۆزەکاندا بڵاوببێتەوە، نەجاشییش دالدەی ئەو موسڵمانانەی ولاتی خۆی دا، قورەیش پیلانی داڕشت لەنێوخۆیاندا نووسراوێك بنووسن و لەسەری یەکبگرن کە ژن و ژنخوازیی لەگەڵ نەوەی هاشم و عەبدولموتەڵیبدا نەکەن و کڕین و فرۆشتنیان لەگەڵدا نەکەن، ئەوەیان لەسەر پێستێك نووسی و سوێندیان لەسەر خوارد و لەناو کەعبەدا هەڵیانوواسی، وەك جەختکردنەوە لەسەر پابەندبوونیان بەو

سوێند و رێککەوتنەوە، کە قورەیش ئەو کارەی کرد، نەوەی هاشم و نەوەی عەبدولموتەلێب چوونە پاڵ ئەبو تاڵیب و لەگەڵیدا چوونە دۆڵی ئەبو تاڵیبەوە، لەنەوەی هاشم، ئەبو لەهەب عەبدولعوزای کوڕی عەبدولموتەلێب چووە پاڵ قورەیش و دوو ساڵ یان سێ ساڵ بەو جۆرە مانەوە هەتا ئەوەی کەوتنە سەغڵەتییەکی تووندەوە و بەشاراوەیی لەهەندێ کەسی قورەیشییەوە شتیان پێ دەگەیشت. باس دەکرێت کە ئەبو جەهل دەگات بەحەکیمی کوڕی حیزامی کوڕی خوەیلدی کوڕی ئەسەد کە خزمەتکارێکی لەگەڵدا دەبێ گەنمی هەڵگرتووە و ئەیەوێ بیگەیەنێ بەپوورەکەی کە خەدیجەی کچی خوەیلد بوو، خێزانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو دۆڵ و شیوەدا بوو لەگەڵ پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم)، هەڵشاخا بەڕوویدا و وتی: ئەو خواردنە بۆ نەوەی هاشم دەبەیت، سوێند بەخوا ناهێڵم بەو خواردنەوە بڕۆی تاوەکو لەمەککەدا شەرمەزارت نەکەم. ئەبو ئەلبوختری کوڕی هیشامی کوڕی ئەلحارسی کوڕی ئەسەد پێیگەیشت و وتی: ئەوە هەردووکتان چیبتانە؟ وتی: وا خواردن بۆ نەوەی هاشم ئەبات. ئەبو ئەلبوختری پێیووت: خواردنێکە و بۆ پوورەکەی دەبات کە خێزانی موحەممەدە، ئایە رێگریی لێ دەکەیت؟! بەری پێ بەربدە با بڕوات. ئەبو جەهل کۆڵی نەدا تاوەکو کەوتنە لێدانی یەکتر. ئەبو ئەلبوختری رەشمەی وشترەکەی گرت و لێدانێکی سەختی کرد، حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلێبیش نزیکیان بوو ئەوەی دەبینی، حەزیان نەدەکرد ئەو هەواڵە بەپەیامبەری خوا بگات تاوەکو پێی دڵخۆش نەبێت، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) شەو و رۆژ بەنهێنی و ئاشکرا بانگەوازی قەومەکەی دەکرد،وەحی خوای گەورە بەدوای یەکدا بەفرمان و نەهی و هەڕەشەوە دادەبەزی.

پـلان و نەخشـەی دوژمنـەکانی پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) بـۆ پەیامبەر و بەڵگەی پەیامبەری خواش بۆ ناکۆکەکانی

باس دەکرێت کە گەورەکانی قەومەکەی رۆژێکیـان لەگەڵیـدا کۆبوونـەوە، وەك لـەئیبن عەباسـەوە باسـکراوە کـە قـورەیش بـەڵێنیان بەپەیامبـەری خـوا دا(صـلی الله علیـه وسلم)،بەڵێنیان پێ دا کە ئەوەندە سەروەتی بـۆ کۆبکەنـەوە لەهـەموویان دەوڵەمەندتر ببێ لەمەککەدا و چی ژنێکی بوێ لێی مارە بکەن. وتیان: موحەممەد هەموو ئەوانەت بۆ دەکەین لەبەرانبەردا دەست هەڵبگرە لەقسە وتن بەخواکانمان و بەخراپ باسیان مەکـە، ئەگەر ئەوەش ناکەی، ئەوە پێشنیارێکی ترت پێ دەدەین کە بۆ تۆ و بۆ ئێمەش باشـە. فەرموی: ئـەو پێشـنیارە چـیـیە؟ وتیـان: سـاڵێك لات و عـوزای خواوەنـدمان بپەرسـتە و سـاڵێکیش خواکـەی تـۆ دەپەرسـتین. لەلایـەن خـوای گـەورەوە وەحـی دابـەزی کـە سورەتی(الکافرون) بوو.

لەموحەممەدی کـوڕی ئیسـحاقەوە ئـەڵێ: سـەعیدی کـوڕی مینـائی خزمـەتکاری ئـەبو ئـەلبوختری بـۆی باسـکردم وتـی: وەلیـدی کـوڕی مـوغیرە و ئەلعاصـی کـوڕی وائیـل و ئەلئەسوەدی کوڕی عەبدولموتەڵیب و ئومەییەی کـوڕی خەڵـەف گەیشـتن بەپەیامبـەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و وتیان: ئەی موحەممەد وەرە با ئێمە خوای تۆ بپەرسـتین و تۆش خوای ئێمە بپەرستین و لەتەواوی کاری خۆماندا بەشدارت دەکەین، ئەگەر ئـەوەی تۆ هێناوتە خێر و خۆشیی تێدا بێ، ئەوە ئێمـەش لـەو خێـر و خۆشـییەدا بەشـداری تـۆ دەبین، پشکی خۆمان لێ وەردەگرین، ئەگـەریش هـاتوو ئـەوەی ئێمـە خێـر و چـاکتربێ لەوەی تۆ، ئەوە تۆش بەشدار دەکەین و پشـکی خـۆتی تێـدا دەدەین،خـوای گـەورەش سورەتی(الکافرون)ی دابەزاند.

پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) پێداگربوو لەسەر چاککردنی قەومەکـەی، حـەزی دەکرد نزیکیان بخاتەوە چونکە خزم و کەسی بوون، خۆزگەی ئەخواست رێگەیەك هەبێ نزیکیان بخاتەوە. ئەوەیە کە ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین

وتـی: موحەممـەدی کـوڕی ئیسـحاق بـۆی باسـکردین لەیەزیـد ئەلمەدەنییـەوە ئـەویش لەموحەممەدی کوڕی کەعبی ئەلقورەزییەوە ئەڵێ: کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بینی قەومەکەی پشتیان لێکـرد، ئـەو دوورکەوتنـەوەیانی لەسـەر دڵ گـران بـوو، لەدڵی خۆیدا خۆزگەی دەخواست لەلایەن خوای گەورەوە وەحییەك بێت و نێوان خۆی و قەومەکەی نزیك بخاتەوە، حەزی دەکـرد هەندێجار نـەرمییان بەرانبـەر بنوێنێـت، بۆیـە خـوای گـەورە فـەرمووی: ﴿ وَٱلنَّجْمِ إِذَا هَوَىٰ ۝١ مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَىٰ ۝٢ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ ۝٣ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ ۝٤ عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلْقُوَىٰ ۝٥ ذُو مِرَّةٍ فَٱسْتَوَىٰ ۝٦ وَهُوَ بِٱلْأُفُقِ ٱلْأَعْلَىٰ ۝٧ ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّىٰ ۝٨ فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَىٰ ۝٩ فَأَوْحَىٰٓ إِلَىٰ عَبْدِهِۦ مَآ أَوْحَىٰ ۝١٠ مَا كَذَبَ ٱلْفُؤَادُ مَا رَأَىٰٓ ۝١١ أَفَتُمَٰرُونَهُۥ عَلَىٰ مَا يَرَىٰ ۝١٢ وَلَقَدْ رَءَاهُ نَزْلَةً أُخْرَىٰ ۝١٣ عِندَ سِدْرَةِ ٱلْمُنتَهَىٰ ۝١٤ عِندَهَا جَنَّةُ ٱلْمَأْوَىٰٓ ۝١٥ إِذْ يَغْشَى ٱلسِّدْرَةَ مَا يَغْشَىٰ ۝١٦ مَا زَاغَ ٱلْبَصَرُ وَمَا طَغَىٰ ۝١٧ لَقَدْ رَأَىٰ مِنْ ءَايَٰتِ رَبِّهِ ٱلْكُبْرَىٰٓ ۝١٨ أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ ۝١٩ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلْأُخْرَىٰٓ ۝٢٠ ﴾ النجم: ١ - ٢٠)ی دابەزانـد، واتا:سوێند بە ئەستێرە کاتێك ئاوا دەبێت. هاوڕێکەتان(موحەممەد صلى الله عليه وسلم) گومڕا نەبووە وە لە ڕاستی لای نـەداوە. لەهـەواو هەوەسـەوە قسـە ناکـات کـە قورئـان دەخوێنێت. هەرچی دەیڵێ (قورئان و) سـرووش دەکـرێ بـۆی. جـوبرەئیلی زۆر بـەتوانا فێری کردووە، خاوەنی بـێر و هۆشـی بـەهێزە جـا لەسـەر شـێوەی خـۆی ڕاوەسـتا، لـە کاتێکدا ئەو بە ئاسۆی هەرە بەرزی ئاسمانەوە بوو. پاش نزیك بوویـەوە لە(موحەممـەد (صلى الله عليه وسلم)) ئینجا هاتە خوارەوە. ئینجا بە ئەندازەی دوو کەوان یـان کـەمتر ماوە بوو لەگەڵ موحەممـەد (صـلى اللـه عليـه وسـلم)دا. ئینجـا خـوا سرووشـی کـرد بـۆ بەندەی خۆی ئەوەی کە بۆی کرد. ئەوەی موحەممـەد (صـلى اللـه عليـه وسـلم) بەچـاو بینی دڵی بڕوای پێ کرد و بە درۆی نەزانی، جا ئایا بێ باوەڕان ئێوە دەمەقاڵەی لەگـەڵ دەکـەن دەربـارەی ئـەوەی کـە بەچـاوی خـۆی دەیبـینێ، سـوێند بـەخوا جـارێکی تـر جوبرەئیلی بینیوە، لای درەختی سیدەر تـول مونتـەها، کـە لای ئەوەوەیـە بەهەشـتی

نیشتەجێ بوون، کاتێ کە سیدەری داپۆشی ئەوی کە دایپۆشی، چاوی ئەو موحەممەد (صلی الله علیه وسلم) بەم لاولادا نەیدەنواڕی لە مەبەست تێ نەدەپەڕی. سوێند بەخوا بێگومان بینی گەورەترین بەڵگە و نیشانەی پەروەردگاری. دەی پێم بڵێن ئایا لات و عوززا(کە دوو بتن). وە بتی سێهەم کە مەناتە(ئایا هیچیان پێ دەکرێت).

شەیتان ئەوەی بۆ قورەیش دروست کرد بەو گومانەی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی(الغرانیق العلا)، قورەیش زۆر خۆشحاڵ بوون، کاتێك پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) چووە سوجدە، باوەڕدارەکانیش بەباوەڕبوونیان بە الله و راستخستنەوەی پەیامی پەیامبەرەکەیان، چوونە سوجدە، هاوبەش پەیداکەرانیش بەو گومانەی شەیتان بۆیانی دروست کردبوو، بەوەی پەیامبەر ناوی خواکەی ئەوانی هێناوە، ئەوانیش چوونە سوجدە، تەنیا وەلیدی کوڕی موغیرە نەبێ کە بەتەمەن بوو نەیتوانی بچێتە سوجدە و چنگێ خۆڵی هەڵگرت و سەری خستەسەری، پاشان خەڵکیی لەمزگەوت بڵاوەیان لێکرد و قورەیش بەخۆشحاڵییەوە دەرچوون بەوەی پەیامبەر ناوی خواوەندەکەیانی هێناوە و ئەیانوت: موحەممەد بەجوانترین شێوە ناوی خواوەندەکەیانی هێناوە. ئەو سوجدە بردنە گەیشتە خاکی حەبەشە بەهاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و وترا: قورەیش بوونەتە موسڵمان. بۆیە پیاوانێکیان هەڵسان و هەندێکیان مانەوە. جبریل هات بۆڵای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و فەرمووی: ئەی موحەممەد تۆ چیت کرد؟ شتێکت بۆ خەڵکیی خوێندەوە کە لەلایەن خوای گەورەوە بۆ تۆ نەهاتووە. ئەوکات پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) زۆر خەفەتبار بوو، زۆر لەخوای گەورە ترسا، بۆیە خوای گەورە بەبەزەیی پێداهاتنەوەیدا ئایەتی دابەزاند و دڵدانەوەی کرد بەوەی هەموو پەیامبەرێکی پێش ئەو خۆزگەی بردبێ، شەیتان دەستی خستووەتە خۆزگەکەیەوە و خستوویەتییە سەر زمانی پەیامبەرەکە، هەروەك خستیە سەر زمانی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، بۆیە خوای گەورە قسەکەی شەیتانی هەڵوەشاندەوە و ئایەتەکەی جێگیر کرد.

خوای گەورە خەفەتی لەسەر پەیامبەرەکەی لابرد کاتێك فەرمووی:

﴿ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلْأُخْرَىٰٓ ﴿٢٠﴾ أَلَكُمُ ٱلذَّكَرُ وَلَهُ ٱلْأُنثَىٰ ﴿٢١﴾ تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ ضِيزَىٰٓ ﴿٢٢﴾ إِنْ هِىَ إِلَّآ أَسْمَآءٌ سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ ۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهْوَى ٱلْأَنفُسُ ۖ وَلَقَدْ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلْهُدَىٰٓ ﴿٢٣﴾ أَمْ لِلْإِنسَٰنِ مَا تَمَنَّىٰ ﴿٢٤﴾ فَلِلَّهِ ٱلْءَاخِرَةُ وَٱلْأُولَىٰ ﴿٢٥﴾ ۞ وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ لَا تُغْنِى شَفَٰعَتُهُمْ شَيْـًٔا إِلَّا مِنۢ بَعْدِ أَن يَأْذَنَ ٱللَّهُ لِمَن يَشَآءُ وَيَرْضَىٰٓ ﴿٢٦﴾ ﴾ النجم: ٢٠ - ٢٦.

واتا: بتی سێیەم کە مەناتە(ئایا هیچیان پێ دەکرێت). ئایا راستە ئێوە کوڕان بۆ خۆتان و کچان بۆ خودا بەڕەوا و چاك دەزانن؟ ئەگەر وابێت دابەشکردنێکی نادروست دەبێ. ئەم بتانە هەر ناوانێکی پوتن کە ئێوە و باو و باپیرانتان لێتان ناون(بەبێ ناوەڕۆك)خوا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر پەرستراوی ئەوان نەناردووەتە خوارەوە، تەنها شوێنی گومان و ئەو شتە دەکەون کە نەفسی خۆیان حەزی لێیەتی، لەکاتێکدا کە بەڕاستی لەلایەن پەروەردگارییانەوە هیدایەتیان بۆ هاتووە. ئایا مرۆڤ ئارەزووی هەرچی کرد بۆی دێتە دی(نەخێر). چونکە هەر خوایە خاوەنی دونیا و دواڕۆژە. وە چەندەها فریشتە کە لەئاسمانەکاندا هەن تکا و شەفاعەتیان هیچ سوودی نیە، مەگەر دوای ئەوەی کە خوا مۆڵەت بدات بۆ هەر کەسێك کە خۆی بیەوێت و ڕازی بێت پێی.

کاتێ ئەو قسەیەی شەیتان لابرا، قورەیش وتی موحەممەد لەپیاهەڵدانی خواکەمان پەشیمان بووەتەوە، ئێتر رق و تووڕەییان ڕژاند بەسەر موسڵمانانداا، لەولاشەوە هاوەڵانی پەیامبەری خوا بەهەواڵی موسڵمانبوونی خەڵکی مەککە لەخاکی حەبەشە دەرچوون و هاتن بەرەو مەککە، هەرکە لەمەککە نزیکبوونەوە، هەواڵیان پێگەیشت کە نەخێر قورەیشییەکان نەبوونەتە موسڵمان، بۆیە ئەوانەی هاتنە مەککەوە، یان خۆیان دایە پەنای کەسێك یان بەشاراوەیی هاتنەوە، هەندێ لەوانەی هاتنەوە و لەمەککە مانەوە و ئینجا کۆچیان کرد بۆ مەدینە و بەشداری بەدر بوون لەنەوەی عەبد شەمسی کوڕی عەبد مەناف کوڕی قوصەی، عوسمانی کوڕی عەفانی کوڕی ئەبی ئەلعاص

کوڕی ئومەییە بوو خێزانەکەشی لەگەڵ بوو کە ڕوقیەی کچی پەیامبەری خوا بوو(صلی الله علیه وسلم) و ئەبو حوزەیفەی کوڕی عوتبەی کوڕی ڕەبیعەی کوڕی عەبد شەمسیش کە سەهلەی کچی سوهەیلی خێزانی لەگەڵ بوو، کۆمەڵێکی تریش کە ژمارەیان سی و سێ پیاو بوو.

لەئیبن حومەیدەوە ئەڵێ: سەلەمە بۆی باسکردین لەئیبن ئیسحاقەوە لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو نووسراوەی کە قورەیش لەنێوان خۆیاندا نووسیبوویان دژ بە نەوەی هاشم و نەوەی ئەلموتەڵیب، باشترین کەسانی نێو قورەیش، هیشامی کوڕی عەمری کوڕی ئەلحارس ئەلعامری لەعامری کوڕی لوئەی بوو، برازای نەزلەی کوڕی هاشمی کوڕی عەبد مەناف بوو لەدایکەوە، ڕۆیشت بۆلای زوهەیری کوڕی ئەبی ئومەییەی کوڕی موغیرەی کوڕی عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی مەخزوم بوو، دایکی ناوی عاتیکەی کچی عەبدولموتەڵیب بوو، وتی: ئەی زوهەیر ڕازییت خواردنی خۆش بخۆیت و بەرگ لەبەر بکەیت و لەخێزانەکەت نزیکبیتەوە لەکاتێکدا دەزانیت لەگەڵ خاڵۆکانتدا کڕین و فرۆشتن ناکرێت و ژن و ژنخوازییان لەگەڵدا ناکرێت؟ سوێند بەخوا ئەگەر ئەوە بەسەر خاڵوانی مندا بهاتبایە لەئەبی ئەلحەکەمی کوڕی هاشم و داوای ئەوەم لێ بکرابایە کە لە تۆ داوا کراوە پەیوەندییان لەگەڵدا بپچڕی، ئەوەم نەدەکرد.

زوهەیر وتی: لەباردایکت بچی ئەی هیشام، ئەی من چی بکەم؟ من تەنیا پیاوێکم، سوێند بەخوا ئەگەر کەسێکی ترم لەگەڵدا دەبوو، ئەو پەیماننامەیەم هەڵدەوەشاندەوە. ئەویش وتی: وا پیاوێکت دۆزیوەتەوە لەگەڵتدا بێ. وتی: کێیە؟ وتی: منم.

زوهەیر پێیووت: با بچین کەسی سێیەم پەیدا بکەین. ڕۆیشت بۆلای موتعیمی کوڕی عەدی کوڕی نەوفەلی کوڕی عەبد مەناف و پێیووت: ئەی موتعیم ئایە ڕازییت دوو لقی نەوەی عەبد مەناف تیابچن و تۆش بۆ خۆت ڕاوەستاوی و تەماشا بکەی و لەوەدا هاودەنگی قورەیش بی؟ ئەویش وتی: لەباردایکت بچی ئەی هیشام، ئەی من چی بکەم؟ من تەنیا پیاوێکم، سوێند بەخوا ئەگەر کەسێکی ترم لەگەڵدا دەبوو، ئەو پەیماننامەیەم هەڵدەوەشاندەوە. ئەویش وتی: وا پیاوێکت دۆزیوەتەوە لەگەڵتدا بێ. وتی: کێیە؟ وتی:

منم. وتی: با کەسی سێیەم پەیدا بکەین. وتی: پەیدام کردووە. وتی: کێیە؟ وتی: زوهەیری کوڕی ئەبی ئومەییە. وتی: دەی با کەسی چوارەم پەیدا بکەین. رۆیشت بۆلای ئەبو ئەلبوختری کوڕی هیشام و هەمان شتی وت کە بەموتعیمی کوڕی عەدیی وتی. ئەویش وتی: دەی کەسی تر هەیە بۆ ئەم کارە پاڵپشت و پشتیوان بێ؟ وتی: بەڵێ. ئەبو ئەلبوختری وتی: کێیە؟ وتی: زوهەیری کوڕی ئەبو ئومەییە و موتعیمی کوڕی عەدی و منیش لەگەڵتم. وتی: با کەسی پێنجەم پەیدا بکەین. رۆیشت بۆلای زەمعەی کوڕی ئەلئەسوەدی کوڕی ئەلموتەڵیبی کوڕی ئەسەد و قسەی لەگەڵدا کرد و خزمایەتی و مافی نەوەی هاشم و عەبدولموتەڵیبی بۆی باسکرد. ئەویش وتی: دەی بۆ ئەم کارەی منی بۆ بانگ دەکەن، کەسی تر هەیە پشتگیر بێ؟ وتی: بەڵێ. ناوی کەسەکانی هێنا. لای(خطم الحجون)کە لەبەرزترین شوێنی مەککەوە بوو بەیەکگەیشتن و یەکدەنگ بوون لەسەر ئەوەی، ئەو نووسراوە هەڵوەشێننەوە. زوهەیر وتی: من سەرەتا باسی ئەوە دەکەم، من یەکەمین کەسی ئێوە دەبم لەو بارەیەوە قسە دەکەم. کە بەیانیی بوویەوە، رۆیشتن بۆ شوێنی دانیشتنەکانی قورەیش، زوهەیری کوڕی ئەبو ئومەییە عەبایەکی بەسەرشانەوە بوو حەوت جار تەواف دەوری کەعبەی کرد، پاشان رووی‌کردە خەڵکەکە و وتی: ئەی خەڵکی مەککە، ئێمە دەخۆین و دەخۆینەوە و بەرگ لەبەر دەکەین و نەوەی هاشمیش خەریکە لەنێو دەچن و کڕین و فرۆشتنیان لەگەڵدا ناکرێت، سوێند بەخوا دانانیشم تاوەکو ئەو نووسراوە ستەمکارانە نەدڕێت. ئەبو جەهل کە لەسووچێکی مزگەوتەکەدا بوو وتی: درۆت کرد، سوێند بەخوا نابێ بدڕێنرێت. زەمعەی کوڕی ئەلئەسوەد وتی: سوێند بەخوا تۆ درۆت کرد، کاتێك ئەو نووسراوەتان نووسی ئێمە پێی رازیی نەبووین. ئەبو ئەلبوختری وتی: زەمعە راستی کرد، ئێمە بەو نووسراوە رازیی نیین و دانی پێدا نانێین. موتعیم وتی: هەردووکتان راستتان کرد و درۆی کرد ئەوەی شتی تر وت، لای خوای گەورە خۆ بەدوور دەگرین لەوەی لەو نووسراوەدا هاتووە. هیشامی کوڕی عەمریش هاوشێوەی ئەوەی وت.

ئەبو تالێب لەلایەکی مزگەوتدا دانیشتبوو، موتعیمی کوڕی عەدی هەڵسا تاوەکو نووسراوەکە بدرێنێ، بینی مۆرانە لەنووسراوەکەی داوە و هەمووی خواردووە جگە لە(باسمك اللهم) کە سەرەتا نووسینی قورەیش بوو، هەر نووسراوێکیان بنووسیبایە، لەسەرەتادا دەیانووسی(باسمك اللهم).

ئەڵێ: ئەو کەسەی نووسراوەکەی قورەیشی نووسی وەك پێمگەیشتووە کە لەدژی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و کۆمەڵێکی نەوەی هاشم و نەوەی ئەلموتەلێب نووسییان، مەنسووری کوڕی عیکریمەی کوڕی هاشمی کوڕی عەبد مەناف کوڕی عەبدولداری کوڕی قوصەی بوو، ئەو دەستەی ئیفلیج بوو.

لەخاکی حەبەشەدا مانەوە تاوەکو پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) عەمری کوڕی ئومەییەی ئەلزەمەریی ناردە لای نەجاشی و لەدوو بەلەمدا سەریخستن و هێنانی بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کە لەخەیبەردا بوو لەدوای حودەیبییە، تەواوی ئەوانەی لەو دوو بەلەمەدا بوون، شانزە پیاو بوون.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمەککەدا مایەوە و بەنهێنی و ئاشکرا و ئارامگرانە بانگەوازی دەکردن و ئارامی دەگرت لەسەر ئەوەی بەدرۆزنیان دەزانی و گاڵتەیان پێ دەکرد، تەنانەت هەندێکیان سەخوڕ و ریخۆڵەی ئاژەڵیان دەخستەسەری کاتێ لەنوێژدا دەبوو.

لەعوروەی کوڕی زوبەیرەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەماڵ دەردەچوو، بەسەر ئەو پیساییەدا دەردەچوو کە فڕێ دەدرایە بەردەم ماڵەکەی و ئەیفەرموو: ئەی نەوەی عەبد مەناف ئەمە چی جۆرە هاوسێتییەکە؟

پاشان وەك ئەوەی ئیبن ئیسحاق باسیکردووە، ئەبو تالێب و خەدیجە بەسێ ساڵ پێش کۆچکردن بۆ مەدینە، کۆچی دواییان کرد، مردنی هەردووکیان کۆست و مەینەتیی پەیامبەری خوایان سەختتر کرد، ئیتر ئەبو تالێب لەبەردەم قورەیشدا بەرێگر نەما کە پێشتر بەهۆی پاڵپشتیی ئەبو تالێبەوە رێگرییان بۆ دروست دەبوو، هەندێکیان خۆڵیان دەکرد بەسەر پەیامبەری خوادا.

ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین و وتی: هیشامی کوڕی عوروە بۆی باسکردین ئەویش لەباوکیەوە وتی: کاتێك ئەو گەمژەیە خۆڵی کرد بەسەر پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم)، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەسەری خۆڵاوییەوە گەڕایەوە ماڵ و یەکێك لەکچەکانی هەڵسا و بەگریانەوە سەری پەیامبەری باوکی شۆرد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێیفەرموو:"کچە شیرینەکەم مەگری، بێگومان خوای گەورە باوکت دەپارێزێ". ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەیفەرموو:"قورەیش نەیتوانی ئازارم بدات تاوەکو ئەبو تاڵیب لەدونیادا مابوو".

کاتێك ئەبو تاڵیب مرد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بۆ تائیف تاوەکو لای سەقیف پشتیوانیی بدۆزێتەوە و باس دەکرێت کە بەتەنیا دەرچوو بۆلای سەقیف.

ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین وتی: ئیبن ئیسحاق بۆی باسکردین وتی: یەزیدی کوڕی زیادی بۆی باسکردین لەموحەممەدی کوڕی کەعب ئەلقورەزییەوە وتی: کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەیشتە تائیف، رووی کردە لای چەند کەسێکی سەقیف، گەورە و ناودارانی ئەوکاتی سەقیف سێ برا بوون، عەبد یالەیلی کوڕی عەمری کوڕی عومەیر و مەسعودی کوڕی عەمری کوڕی عومەیر و حەبیبی کوڕی عەمری کوڕی عومەیر بوون،ئافرەتێکیی قورەیشیشیان لا بوو لەنەوەی جومەح. لایان دانیشت و بانگەوازیکردن بۆ لای خوا و قسەی لەگەڵدا کردن کە پشتیوانیی بکەن و پشتی بگرن دژ بەوانەی پێچەوانەی دەکەن لەقەومەکەی. یەکێکیان وتی: بەرگی کەعبە لێ بێتەوە ئەگەر خوا تۆی رەوانە کردبێ، دووەمیان وتی: خوا کەسی نەدۆزییەوە بەپەیامبەری بنێرێ تەنیا تۆ نەبێ؟ سێیەم وتی: سوێند بەخوا هەرگیز لەگەڵ تۆدا قسە ناکەم، ئەگەر تۆ پەیامبەر بی وەك ئەوەی ئەیڵێی، ئەوە گەورەترین مەترسییەکی کە بەرپەرچت بدەمەوە، ئەگەر بەدەم خوای گەورەشەوە درۆ بکەی، ئەوە بۆ من نییە قسەت لەگەڵدا بکەم.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لایان هەڵسا و بێ ئومێد بوو لەخێری سەقیف، پێیفەرموون:"ئەگەر رەتیدەکەنەوە، ئەوە ئەم بابەتە ئاشکرا مەکەن". پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) حەزی نەدەکرد ئەو هەواڵە بەقەومەکەی بگات. بەڵام ئەوان ئەوەیان نەکرد، ساویلکە و نەفام و کۆیلەکانی خۆیانیان هان دا جنێوی پێ بدەن و هات و هاواری لەسەر بکەن و لێی کۆببنەوە و دوای بکەون تاوەکو بیگەیەننە دیواری باخەکەی عوتبەی کوڕی ڕەبیعە و شەیبەی کوڕی ڕەبیعە کە لەباخەکەیاندا بوون، ئا لەوێدا نەفامەکانی سەقیف لێی دوورکەوتنەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چووە ژێر سێبەری دار مێوێك و دانیشت، هەردوو کوڕەکەی ڕەبیعە تەماشایان دەکرد و بینییان گەمژە و نەفامەکانی سەقیف چی کردەوەیەکیان بەرانبەر کرد. وەك بۆم باسکرا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەو ئافرەتە قورەیشییە گەیشت و فەرمووی:"لەدەست خەزوورانت چی ڕەفتارێکمان بینی!".

کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەدەستیان ڕزگاری بوو، ئارام بوویەوە، فەرمووی: :" اللَّهُمَّ إِلَيْكَ أَشْكُو ضَعْفَ قُوَّتِي، وَقِلَّةَ حِيلَتِي، وَهَوَانِي عَلَى النَّاسِ يَا أَرْحَمَ الرَّاحِمِينَ أَنْتَ رَبّ الْمُسْتَضْعَفِينَ وَأَنْتَ رَبِّي، إِلَى مَنْ تَكِلُنِي؟ إِلَى بَعِيدٍ يَتَجَهَّمُنِي؟ أَمْ إِلَى عَدُوٍّ مَلَّكْتَهُ أَمْرِي؟ إِنْ لَمْ يَكُنْ بِك عَلَيّ غَضَبٌ فَلَا أُبَالِي، غَيْرَ أَنَّ عَافِيَتَك أَوْسَعُ لِي، أَعُوذُ بِنُورِ وَجْهِك الَّذِي أَشْرَقَتْ لَهُ الظُّلُمَاتُ، وَصَلُحَ عَلَيْهِ أَمْرُ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ، أَنْ يَحِلّ عَلَيّ غَضَبُك أَوْ أَنْ يَنْزِلَ بِي سَخَطُكَ، لَك الْعُتْبَى حَتَّى تَرْضَى، وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِك"،واتا: خوایە گیان شەکوای لاوازیی و نەبوونی ڕێگە چارەم دەهێنمە لای تۆ، ئەوەی خەڵکم بەسەردا زاڵە و ئازارم دەدەن و چارەم نییە، ئەی بەبەزەیی بەبەزەییان، تۆ پەروەردگاری لاوازان و پەروەردگاری منی، بۆلای کێ ڕادەستم دەکەی و بەکێم دەسپێری؟ بۆ کەسێکی دوور کە پەلامارم دەدات و ئازارم دەدات یان دوژمنێك بوارم نادات، ئەگەر تۆ لە من تووڕە نەبی، ئەوە من خەمم نییە بەوەی چیم بەسەردێ، بەڵام عافیێت و سەلامەتیی خۆتم بۆ فراوان بکە، پەنا دەگرم بەنور و ڕووناکیی خۆت کە تاریکاییەکانت بۆ ڕووناك کردووەتەوە و کاری دونیا و ئاخیرەتت لەسەری چاك و لەبار کردووە، تکات لێ دەکەم

ئەگەر تووڕەییەکت لەسەرم هەیە لایبدەی، لەدەرگای تۆ دەدەم هەتا رازیی دەبی و بەتۆوە هێزی گۆڕانکاریی بوونی هەیە.

کاتێ عوتبە و شەیبەی کوڕانی ڕەبیعە بینییان چی هەڵسوکەوتێك بەرانبەر پەیامبەری خوا کرا، بەزەییان پێدا هاتەوە، بانگیان لەخزمەتکارێکی گاوری خۆیان کرد پێیدەوترا عەداس و پێیانووت: هێشووە ترێیەك بکەرەوە و بیخەرەسەر سینییەك و بۆ ئەو پیاوەی ببە و پێی بڵێ بیخوات. عەداسیش ئەوەی کرد و هێشووە ترێیەکەی برد و لەبەردەست پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دانا. کە دانا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەستی بۆ برد و فەرمووی:"بسم الله" و پاشان لێی خوارد. عەداسیش سەیری دەموچاوی دەکرد، پاشان وتی: سوێند بەخوا ئەو قسەیەی تۆ کردت، خەڵکی ئەم شارەدێیە نایکات. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێیفەرموو:"ئەی عەداس تۆ خەڵکی کام ولاتی و چی ئایینێکت هەیە؟ عەداس وتی: من گاورم، خەڵکی نەینەوام. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێیفەرموو:"خەڵکی دێی پیاو چاکەکەی یونسی کوڕی مەتا؟" عەدلس وتی: تۆ چۆن یونسی کوڕی مەتا دەناسی؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەو برامە و پەیامبەر بوو، منیش پەیامبەرم". عەداس کەوت بەسەر دەست و قاچی پەیامبەری خوادا و دەست و قاچ و سەری ماچ دەکرد. یەکێك لەکوڕانی ڕەبیعە بەبراکەی تری وت: وا خزمەتکارەکەی تۆی لێت هەڵگەڕاندەوە. کاتێك عەداس هاتەوە بۆلایان. پێیانووت: ئەی عەداس لەنێوبچی، ئەوە چی بوو دەست و قاچ و سەری ئەو پیاوەت ماچ دەکرد؟

عەداس وتی: گەورەم، هیچ کەسێ نییە لەسەر ڕووی زەوییدا لەم پیاوە چاکتر بێ، ئەو هەواڵێکی پێدام کە تەنیا کەسێك دەیزانێ کە پەیامبەر بێ. ئەوانیش وتیان: لەباردایکت بچی ئەی عەداس، مەهێڵە لەئایینی خۆتت دوورباتەوە، ئایینەکەی خۆت لەئایینەکەی ئەو باشترە.

پاشان کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەسەقیف بێ ئومێد بوو، لەتائیف دەرچوو بۆ ئەوەی بگاتەوە مەککە، لەنەخلە بوو لەنیوەی شەودا نوێژی دەکرد، کۆمەڵێ لەو جنۆکانە بەلایدا تێپەڕ بوون کە خوای گەورە باسیکردوون.

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێ: وەک ئەوەی بۆم باسکراوە، حەوت جنۆکەی خەڵکی نەسیبینی یەمەن بوون گوێیان لێگرتووە، کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەنوێژەکەی بوویەوە، گەڕانەوە لای قەومی خۆیان بەورياکردنەوەیان، خۆیانیش باوەڕیان هێنابوو، خوای گەورە ئەو هەواڵەمان بۆ دەگێڕێتەوە و ئەفەرموێت:

﴿ وَإِذْ صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقُرْءَانَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓا۟ أَنصِتُوا۟ ۖ فَلَمَّا قُضِىَ وَلَّوْا۟ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ ﴿٢٩﴾ قَالُوا۟ يَٰقَوْمَنَآ إِنَّا سَمِعْنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٣٠﴾ يَٰقَوْمَنَآ أَجِيبُوا۟ دَاعِىَ ٱللَّهِ وَءَامِنُوا۟ بِهِۦ يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣١﴾ وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِىَ ٱللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءُ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٣٢﴾ ﴾ الأحقاف: ٢٩ - ٣٢.

واتا: (بیریان بخەرەوە)کاتێك چەند جنۆکەیەکمان نارد بۆ لات تا گوێ لەقورئان بگرن جا کاتێك ئامادەی گوێ گرتن لە قورئان بوون ووتیان(بەیەکتری)بێ دەنگ بن(و گوێ بگرن) جا کە(قورئان خوێندنەکە) تەواو بوو هەموویان گەڕانەوە بۆلای قەوم و هۆزەکەیان بەترسێنەر. وتیان ئەی هۆز و قەومەکەمان بەڕاستی ئێمە گوێ بیستی کتێبێك بووین کە لەپاش موسا نێردراوەتە خوارەوە پەڕاوەکانی پێش خۆی بەڕاست دادەنێت(خەڵك) ڕێنموونی دەکات بۆ هەق و ڕێبازی ڕاستی. ئەی قەومەکەمان وەلامی بانگخوازی خوا(موحەممەد صلى الله عليه وسلم) بدەنەوە و باوەڕی پێ بهێنن(خوا) لە تاوانەکانتان خۆش دەبێت و دەیسڕێتەوە وە لەسزای سەخت دەتان پارێزێت. هەرکەسێش وەلامی بانگخوازی خوا(کە موحەممەدە صلى الله عليه وسلم) نەداتەوە،

ئەوە بەهیچ جۆرێك ناتوانێ لە زەویدا لە دەست خوا دەرچێ و خۆی قوتار کات وە جگە لەخوا یارمەتیدەر و پشتیوانێکی نیە، ئا ئەوانە لە گومڕاییەکی ئاشکرادان.

ئەڵێ: وەك ئەوەی پێمگەیشتووە، ئەو چەند جنۆکەیەی گوێبیستی وەحیِ بوونە، ناویان حەسسا و مەسسا و شاسر و ناسر و ئەینا ئەلئەرد و ئەینین و ئەحقەم بووە.

پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هاتەوە مەککە و قەومەکەشی لەجاری جاران سەختتر بوون بەرانبەری.

هەندێکیان باس دەکەن، کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەتائیف دەرچوو بۆ گەیشتنەوە بەمەککە، یەکێکی خەڵکی مەککە پێیگەیشت و پەیامبەری خوا پێیفەرموو:"پەیامێکم هەیە دەتوانی بیگەیەنی؟" وتی: بەڵێ. فەرمووی:"برۆ بۆلای ئەخنەسی کوڕی شورەیق و پێی بڵێ: موحەممەد ئەڵێ: ئایە پەنام دەدات تاوەکو پەیامی پەروەردگارم بگەیەنم؟" کابرا رۆیشت و ئەوەی پەسەندکرد وتی: پەنادراو نابێ کە بەئاشکرا قسەی خۆی بەخەڵك بگەیەنێ. کابرا گەڕایەوە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هەواڵەکەی پێگەیاند. فەرمووی: دەگەڕێیتەوە؟ وتی: بەڵێ. فەرمووی:"برۆ بۆلای سوهەیلی کوڕی عەمر و پێی بڵێ: موحەممەد ئەڵێ: ئایە پەنام دەدات تاوەکو پەیامی پەروەردگارم بگەیەنم؟" کابرا رۆیشت و ئەوەی بەسوهەیل وت. ئەویش وتی: ئەوەی عامری کوڕی لوئەی دڕ بەئەوەی کەعب پەنای هیچ کەسێك نادەن. کابرا گەڕایەوە لای پەیامبەری خوا و هەواڵەکەی پێگەیاند. فەرمووی:"دەگەڕێیتەوە؟" وتی: بەڵێ. فەرمووی:"برۆ بۆلای موتعیمی کوڕی عەدی و پێی بڵێ: موحەممەد ئەڵێ: ئایە پەنام دەدات تاوەکو پەیامی پەروەردگارم بگەیەنم؟" کابرا رۆیشت و ئەوەی بەموتعیم وت. ئەویش وتی: بەڵێ با بێتە مەککەوە. کابرا گەڕایەوە لای پەیامبەری خوا و موتعیم و کوڕەکانی و برازاکانی چەکیان هەڵگرت و چوونە مزگەوتەوە. کاتێك ئەبو جەهل، پەیامبەری خوای لەمزگەوتدا بینی، وتی: دادێدە دراوی یان نە؟ فەرمووی:"دادێدە دراوم". ئەویش وتی: دادێدەدانەکەمان قبوڵ کرد.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چووە مەككەوە و تیایدا مایەوە، رۆژێكیان چووە مزگەوتی حەرامەوە و هاوبەش پەیداكەرانیش لای كەعبە بوون، كە ئەبو جەهل ئەوی بینی، وتی: ئەی نەوەی عەبد مەناف ئەمە پەیامبەرەكەی ئێوەیە. عوتبەی كوڕی رەبیعە وتی: ئەی تۆ پێت ناخۆشە لەئێمەدا پەیامبەرێك یان پادشایەك هەبێت. ئەو قسە و باسە بەپەیامبەری خوا گەیشت یان خۆی گوێی لێبوو، هات بۆلایان و فەرمووی:"ئەی عوتبەی كوڕی رەبیعە، تۆ ئەو قسەیەت كرد لەبەر خوا و پەیامبەرەكەی نەبوو، بەڵكو لەبەر بنەماڵەیی بوو، تۆش ئەی ئەبو جەهلی كوڕی هیشام بزانە، تەمەنێكی كەمت ماوە، كەم پێدەكەنی و زۆر دەگرێی، ئێوەش ئەی گەورەكانی قورەیش، سوێند بەخوا زۆری نەماوە ناچارانە بێنە نێو ئایینەكەمەوە".

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەوەرزەكاندا ئەچووە لای هۆزەكان و بانگەوازی دەكردن بۆ لای خوا و سەرخستنی، هەواڵی پێدەدان كە پەیامبەرێكی نێردراوە و داوای لێیان دەكرد بەڕاستی بخەنەوە و پارێزگاریی لێ بكەن تاوەكو ئەوە بگەیەنێ كە لەلایەن خواوە پێیەوە رەوانە كراوە.

حوسێنی كوڕی عوبەیدوللەی كوڕی عبدالله‌ی كوڕی عەباس باسیكردووە ئەڵێ: گوێم لەڕەبیعەی كوڕی عەبباد بوو قسەی بۆ باوكم دەكرد و ئەیووت: گەنج بووم و لەگەڵ باوكمدا بووم لەمینا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لای شوێنی لادانی هۆزەكانی عەرەب راوەستا بوو ئەیفەرموو:"ئەی نەوەی فلاڵن من پەیامبەری خوام بۆ ئێوە رەوانەكراوم، خوای گەورە فرمانی پێكردوون بەتاك و تەنیا بیپەرستن و هیچ شتێكی بۆ نەكەنە هاوبەش و دەستبەرداری هاوار و تكا بردنە بەر غەیری الله بن، باوەڕ بە من بهێنن و بەڕاستمبخەنەوە و پارێزگارییم لێ بكەن تاوەكو ئەو پەیامە بگەیەنم كە لەلایەن خوای گەورەوە بۆ من هاتووە".

ئەڵێ: پیاوێكی چاو خێڵی خاوەن دوو پرچ لەپشتییەوە وەستا بوو عەبایەكی عەدەنیی بەسەر شانەوە بوو، كە پەیامبەری خوا لەقسەكردنی بۆ هەر مەجلیس دەبوویەوە، ئەیووت: ئەی نەوەی فلاڵن، موحەممەد بانگەوازتان دەكات تاوەكو لات و عوزا لەگەردنی

خۆتان بکەنەوە و دووربکەونەوە لەهاوپەیمانەکانتان لەجنۆکەی نەوەی مالیکی کوڕی ئەقیش و گومڕایی و بیدعەی هێناوە، بۆیە بەگوێی مەکەن و گوێی لێ مەگرن. ئەڵێ: بەباوکم وت: باوکە گیان ئەم پیاوە کێیە وا دوای کەوتووە و لەدژی قسە دەکات؟ وتی: ئەمە مامەیەتی، عەبدولعوزا ئەبو لەهەبی کوڕی عەبدولموتەلێب.

موحەممەدی کوڕی موسلیمی کوڕی شیهابی ئەلزوهری باسیکردووە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هاتە لای کیندە لەشوێنی پشوودانیان و گەورەکەیان تێدا بوو کە پێیدەوترا مولەیح، بانگەوازی کردن بۆلای خوای گەورە و خۆی پێ ناساندن، بەڵام ئەوان رەتیانکردەوە.

موحەممەدی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی عبداللەی کوڕی حوصەین باسیکردووە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هاتەلای تیرەیەکی کەلب لەشوێنی پشوودانیان کە پێیاندەوترا نەوەی عبدالله، بانگەوازی کردن بۆلای خوا و خۆی پێ ناساندن، پێیانی فەرموو:"ئەی نەوەی عبدالله، خوای گەورە ناوێکی جوانی بۆ باوکتان هەڵبژاردووە". بەڵام ئەوان بانگەوازەکەیان رەتکردەوە.

لەعبداللەی کوڕی کەعبی کوڕی مالیکەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هاتەلای نەوەی حەنیفە لەشوێنی پشوودانیان و خۆی پێناساندن، لەعەرەبدا کەسانێکی نەبوو لەوان ناشیرینتر وەڵامی بدەنەوە.

موحەممەدی کوڕی موسلیمی کوڕی شیهاب ئەلزوهری باسیکردووە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هاتووەتە لای نەوەی عامری کوڕی سەعسەعە و بانگەوازی کردوون بۆلای خوا و خۆی پێ ناساندوون، پیاوێکیان کە ناوی بەیحەرەی کوڕی فیراس و وتی: سوێند بەخوا ئەگەر ئەم گەنجەی قورەیش هی من دەبوو، هەموو عەرەبم پێ دەخوارد و دەمخستە ژێر دەستی خۆمەوە. پاشان بەپەیامبەری خوای وت: ئەگەر ئێمە شوێنت کەوتین و دواتر خوای گەورە تۆی سەرخست بەسەر دوژمنەکانتدا، لەدوای تۆ دەسەلآت بۆ ئێمە دەبێ؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بڕیار لای خوایە، بە کێی بووێ بەوی دەدات". ئەویش وتی: گەردنی ئێمە ئەخەیتە بەردەم عەرەب

و کە سەرکەوتی دەسەلآت بەغەیری ئێمە بدەی، ئەوە ئێمە پێویستمان بە تۆ نییە. رەتیانکردەوە. کە خەڵکیی گەڕانەوە، نەوەی عامریش گەڕانەوە لای گەورەیەکیان کە پیاوێکی بەتەمەن بوو، بەهۆی بەسالآچوونەوە نەیدەتوانی لەگەڵیاندا بەشداری حەج ببێ و لەگەڕانەوەدا دەڕۆیشتنە لای و چی لەو وەرزەدا رووی دابایە، بۆیان دەگێڕایەوە، ئەمجارە کە ڕۆیشتنەوەلای،لێیانی پرسی ئەم وەرزە چی رووی دا و دەنگوباس چی بوو؟ وتیان: گەنجێکی قورەیشی کە نەوەیەکی عەبدولموتەلّیبە هات بۆلامان و وەهای دادەنا پەیامبەری خوایە و داوای دەکرد بەرگریی لێ بکەین و لەگەڵ خۆماندا بیهێنین بۆ ولآتەکەمان. گەورە بەسالآچووەکەیان دەستی خستە سەر سەری و پاشان وتی: ئەی نەوەی عامر ئەوە چی لەدەستچوونێکە ! سوێند بەو کەسەی گیانی فلآنە کەسی بەدەستە، ئەوەی ئەو ئیسماعیلییە وتوویەتی راستییە، ئەوە چی بۆچوونێك بووە ئێوە بەرانبەری هەتانبووە !

عاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادە ئەلزەفریی باسیکردووە لەگەورەکانی قەومەکەی خۆیەوە وتوویانە: سوەیدی کوڕی سامت بۆای نەوەی عەمری کوڕی عەوف هات بۆ مەککە بۆ حەج یان عومرە. سوەید لەلایەن قەومەکەیەوە ناودەبرا بە ئەلکامیل بەهۆی ڕەچەڵەك و گەورەیی و شیعر و ئازایەتییەوەی، ئەو بوو کە ئەیووت:

مَقَالتَهُ بالْغَيبِ ساءَك ما يَفْرِي أَلا رُبَّ مَنْ تَدْعُو صَدِيقًا وَلَو تَرَى
وبالغَيبِ مأْثورٌ على ثغْرَةِ النَّحْر مَقَالتُهُ كالشَّحْمِ ما كان شاهدًا
نَميمَةُ غِشٍّ تَبْتَرِي عَقِبَ الظَّهرِ يَسُرُّك باديهِ وتحْتَ أديمه
ولا جِنَّ بالبَغْضَاءِ والنَّظَرِ الشَّزْرِ تُبِينُ لك العَينانِ ما هُوَ كاتِمٌ

واتا:هەندێجار کەسێك خۆی بەدۆست و هاوڕێ پیشان دەدات، بەلآم قسەی پشتە ملی ئازارت دەدات. لەبەردەم خۆتدا پیاهەڵدانت دەکات و کە خۆیشت دیار نەبی چەقۆت دەخاتە گەردن. بەڕواڵەت دڵخۆشت دەکات و لەژێرەوەش فێڵی کەمەرشکێنت بۆ

دەنێتەوە، ئەگەرچی بەڕواڵەت خۆی بەدۆست و هاوڕێ پیشان دەدات، بەڵام لەچاوانیدا رق و کینەی دەبینی.

لەگەڵ هەندێ شیعری دیکەی زۆریدا کە دەیووت. ئەڵێ: کاتێ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەبارەیەوە بیستبووی، هاتە بەردەمی و بانگەوازی کرد بۆ ئیسلام. سوەید پێیووت: رەنگە ئەوەی تۆ دەیزانی، نمونەی ئەوەی من بێ. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"لای تۆ چی هەیە؟ سوەید وتی: حیکمەتی لوقمان. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"لەو حیکمەتەم بۆ باس بکە". ئەویش هەندێ شتی وت. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"ئەو حیکمەتەی تۆ دەیزانی، قسەیەکی جوانە، بەڵام باشتر لەوە، قورئانە کە خوای گەورە بۆ سەر من دابەزاندووە و هیدایەت و رووناکییە". هەندێ لەقورئانی بۆ خوێندەوە و بانگەوازی کرد بۆ ئیسلام. لێی دوورنەکەوتەوە و وتی: بێگومان قسەیەکی جوان و شیرینە. پاشان رۆیشت و چوو بۆ مەدینە، زۆری پێ نەچوو خەزرەج کوشتی. ئەگەرچی قەومەکەی دەڵێن بەموسڵمانێتیی کوژراوە، بەڵام کوشتنەکەی لەپێش بوعاس(بُعاث)بووە.

لەمەحمودی کوڕی لەبیدی برای نەوەی ئەلئەشهەلەوە ئەڵێ: کاتێ ئەبو ئەلحەیسەر ئەنەسی کوڕی نافیع هات بۆ مەککە و چەند تازە لاوێکی نەوەی عەبد ئەلئەشهەلی لەگەڵدا بوو، ئیاسی کوڕی مەعازیشیان تێدا بوو، هاتن بۆ ئەوەی هاوپەیمانێتی قورەیش بەدەستبخەن بۆ سەر خەزرەجی قەومانی خۆیان، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) گوێبیست بوو کە هاتوون،هات بۆلایان و لایان دانیشت و فەرمووی:"ئایە شتێکتان دەوێ چاکتر بێ لەوەی بۆی هاتوون؟" وتیان: ئەوە چی شتێکە؟ فەرمووی:"من پەیامبەری خوام و خوای گەورە منی رەوانە کردووە بۆلای بەندەکانی و بانگەوازیان دەکەم بۆ لای پەرستنی خوای گەورە و بڕیار نەدانی هیچ شتێك بەهاوبەشی خوای گەورە، خوای گەورە کتێبێکی بۆ سەرم دابەزاندووە". پاشان باسی ئیسلامی بۆ کردن و قورئانی بەسەردا خوێندن. ئیاسی کوڕی مەعاز کە ئەوکات تازە لاوێك بوو وتی: ئەی قەوم، سوێند بەخوا ئەمە باشترە لەوەی بۆی هاتوون. ئەڵێ: ئەبو ئەلحەیسەر ئەنەسی کوڕی رافیع چنگە

خۆڵێکی هەڵگرت و دای بەنێوچاوی ئیاسی موپی مەعازدا و وتی: وازمان لێ بهێنە، سوێند بێ ئێمە بۆ شتێکی تر هاتووین نەك ئەم بابەتە. ئیاس بێدەنگ بوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەڵسا و ئەوانیش بەرەو مەدینە ڕۆیشتن. ئەوکات شەپی بوعاسی نێوان ئەوس و خەزرەج بوو. ئەڵێ: پاشان زۆری نەخایاند ئیاسی کوڕی مەعاز مرد. مەحمودی کوڕی لەبید ئەڵێ: لەوانەی قەومەکەی کە لەسەرەمەرگیدا ئامادەی بوون هەواڵی پێدام کە لەسەرەمەرگدا بەردەوام گوێیان لە (لا إله إلا الله و الله أكبر و الحمد لله و سبحان الله)ی ئیاس بووە تاوەکو کۆچی دوایی کردووە. گومانیان لەوەدا نەبوو کە بەموسڵمانێتی مردووە. لەو مەجلیسەدا گوێی لەپەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم) هەستی بەئیسلامەتیی کرد.

ئەڵێ: کاتێ خوای گەورە ویستی ئایینەکەی دیاربخات و شکۆداری بکات و بەڵێنی خۆی بەدیبهێنێ، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو لەو وەرزەی حەجدا کە چاوی کەوت بەچەند کەسێکی پشتیوانان(ئەنسار)، خۆی بەهۆزە عەرەبەکان ناساند هەروەك لەوەرزەکانی تریشدا ئەوەی دەکرد، لەعەقەبە بوو بەچەند کەسێکی خەزرەج گەیشت، خوای گەورە خێر و چاکەی بۆیان دەویست.

عاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادە لەکۆمەڵێ پیاوی بەتەمەن و گەورەی قەومەکەیەوە باسیکردووە کە وتوویانە: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێیان گەیشت و پرسی:"ئێوە کێن؟" وتیان: چەند کەسێکی خەزرەجین. فەرمووی:" دۆست و لایەنگری جولەکەن؟" وتیان: بەڵێ. فەرمووی: ئەی دادەنیشن تاوەکو قسەیەك پێکەوە بکەین؟" وتیان: بەڵێ بۆنا. ئەڵێ: لەگەڵیدا دانیشتن و بانگەوازی کردن بۆلای خوا و ئیسلامی بۆیان باسکرد و قورئانی بەسەردا خوێندنەوە. لەوەی کە خوای گەورە بۆیانی کرد لەئیسلامدا، ئەوە بوو لەشار و شوێنی خۆیاندا جولەکەیان لەگەڵدا بوو، جولەکەکان ئەهلی کیتاب و ئەمانیش بتپەرست بوون، کاتێ ناخۆشییەکیان لەنێواندا ڕووی دابایە، جولەکەکان ئەیانووت: وا دەرکەوتنی پەیامبەرێك نزیکە،کەی دەرکەوت، شوێنی دەکەون و شەپی عاد و ئیرەمی ئەوان دەکەن. جا کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ

ئەو چەند کەسە قسەی کرد و بانگەوازی کردن بۆلای خوا. ئەو چەند کەسە بەیەکتریان وت: ئەزانن، سوێند بەخوا ئەمە ئەو پەیامبەرەیە کە جولەکە هەڕەشەی ئێمەی پێ دەکات، مەهێڵن جولەکە پێشتان بکەون و پێش ئێوە پێی بگەن،بۆیە بەدەم بانگەوازەکەیەوە رۆیشتن و باوەڕیان هێنا و وتیان: ئێمە قەوم و کەسی خۆمانمان بەجێهێشتووە، شەڕ و ناخۆشییمان لەنێواندا هەیە، بەڵکو خوای گەورە بە تۆ کۆمان بکاتەوە و ئازاوەمان لەنێواندا نەهێڵێ، ئەگەڕێینەوە لایان و بۆ لای ئەم پەیامەی تۆ بانگەوازیان دەکەین و ئیسلامیان بۆ دەخەینەڕوو، ئەگەر خوای گەورە بۆ شوێنکەوتنی تۆ کۆیان بکاتەوە، هیچ کەسێك نابێ لە تۆ شکۆدارتربێ.

ئەڵێ: گەڕانەوە مەدینە بۆلای قەومەکانیان و باسی پەیامبەری خوایان بۆ کردن و بانگەوازیانیان کرد بۆلای ئیسلام، ئیسلام تیایاندا بەجۆرێ بلاوبوویەوە لەهیچ ماڵێکی ئەنساردا نەبوو باسی پەیامبەری خوا نەکرێت(صلى الله عليه وسلم)، هەتا ئەوەی وەرزی حەجی سااڵی داهاتوو هات و دوانزە پیاوی ئەنسار هاتن و لەعەقەبەدا چاویان بەپەیامبەری خوا کەوت و ئەوە عەقەبەی یەکەم بوو، بەیعەتیان دا بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەجۆری بەیعەتی ژنان، ئەوەش پێش فەرزبوونی شەڕ بوو بەسەریانەوە.

لەعوبادەی کوڕی سامتەوە ئەڵێ: یەکێك بووم لەوانەی ئامادەی عەقەبەی یەکەم بوون، دوانزە پیاو بووین و بەیعەتمان بەپەیامبەری خوا دا(صلى الله عليه وسلم) بەبەیعەتی ژنان، ئەوەش پێش فەرزبوونی جیهاد بوو، بەیعەتمان دا کە هیچ شتێك نەکەینە هاوبەش بۆ خوای گەورە و داوێنپیسیی نەکەین و منداڵەکانمان نەکوژین و بوهتان نەکەین بەهیچ کەسێك و لەچاکەدا لەقسەی دەرنەچین. ئەگەر بەوەوە وەفاداربووین، ئەوە بەهەشتمان بۆ هەبێ، ئەگەر لێی دەرچووین، لەدونیادا حەددمان لێ بدرێت و بکرێتە کەفارەتی ئەو تاوانە، جا ئەگەر تاوانەکە بەشاراوەیی مایەوە تاوەکو رۆژی قیامەت، ئەوە سەرەنجامی ئەو تاوانەمان لای خوای گەورەیە، بیەوێ سزامان دەدات و بیەوێ لێمان خۆش دەبێ.

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: کاتێ ئەو قەومە گەڕانەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) موسعەبی کوڕی عومەیری کوڕی هاشمی کوڕی عەبد مەناف کوڕی عەبدولداری کوڕی قوسەی لەگەڵدا ناردن و فرمانی پێکردن کە قورئانیان بۆ بخوێنێتەوە و فێری ئیسلامیان بکات و ئایینەکەیان ایبگەیەنێ، موسعەب لەمەدینەدا بەقورئانخوێن(المقرئ) ناسرا، لەماڵی ئەسعەدی کوڕی زورارەی کوڕی عەدەس ئەبو ئومامە دەمایەوە.

لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە کە ئەسعەدی کوڕی زورارە، موسعەبی کوڕی عومەیری لەگەڵدا خۆیدا برد و ئەیەویست ببیات بۆ ماڵی نەوەی عەبدولئەشهەل و نەوەی زوفەر، سەعدی کوڕی موعازی کوڕی ئەلنوعمانی کوڕی ئیمروئولقەیس کوڕە پوور(خوشکی دایکی) ئەسعەدی کوڕی زورارە بوو، بردیە لای دیواری بێستانێك لەبێستانەکانی نەوەی زوفر لەسەر بیرێك کە پێیدەواترا بیری(مەرق) و لەوێدا دانیشتن، لەو پیاوانەی موسڵمان ببوون لەگەڵیاندا دانیشتن، سەعدی کوڕی موعاز و ئوسەیدی کوڕی حوزەیر ئەو رۆژانە گەورەی قەومی خۆیان بوون لەنەوەی عەبدول ئەشهەل و هاوبەشی پەیداکەر بوون، کە گوێیان لەو کۆبوونەوەیە بوو، سەعدی کوڕی موعاز بەئوسەیدی کوڕی حوزەیری وت: لەباردایکت بچی، هەڵسە با بچین بۆلای ئەو دوو کەسەی هاتوونەتە ماڵەکەمان و دەیانەوێ ساویلکە و لاوازەکانمان هەڵخەڵەتێنن، هەڵسە با بچین بەگژیاندا و ڕێگرییان بکەین و نەهێڵین لەماڵەکەماندا ئەوە بکەن. ئەگەر ئەسعەدی کوڕی زورارە کوڕە پوورم نەدەبوو، خۆم ئەوەم دەکرد و بە تۆم نەدەوت، ناتوانم هیچی بەزانبەر بکەم. ئوسەیدی کوڕی حوزەیریش حەربەکەی هەڵگرت و هات، کاتێ ئەسعەدی کوڕی زورارە ئەوی بینی بەموسعەبی وت: ئەوە گەورەی قەومەکەیەتی، ئەگەر هات بۆلات، وەهای لێبکە شوێنی ئیسلام بکەوێت. موسعەب وتی با دابنیشێ تاوەکو قسەی لەگەڵ بکات. ئەڵێ: ئوسەید بەسەر سەریانەوە راوەستا و وتی: چی شتێك وەهای لێکردن بێن بۆلای ئێمە و ساویلکە و لاوازەکانمان هەڵبخەڵەتێنن؟ موسعەب پێیووت: ئەکرێ دابنیشی گوێبیستی قسەیەکم بی، ئەگەر قبوڵت کرد، ئەوە باشە، ئەگەرنا بێتاقەتت ناکەینەوە. ئەویش وتی: زۆر باشت وت. حەربەکەی خستەوە شوێنی

خۆی و لایان دانیشت. موسعەب باسی ئیسلامی بۆ کرد و قورئانی بەسەردا خوێندەوە. وەک ئەوەی لەهەردووکیانەوە باس دەکرێت، وتوویانە: سوێند بەخوا پێش ئەوەی قسە بکات، ئیسلاممان لەڕوومەتیدا بینی، پاشان وتی: ئەمە چەند جوان و شیرینە، باشە ئەگەر کەسێک بێتە ناو ئەم ئاییندەوە، چۆن دەبێ؟ چی دەکات سەرەتا؟ پێیانووت: خۆت دەشۆری و بەرگێکی خاوێن لەبەر دەکەیت و شایەتومانی بەحەق دەهێنی و پاشان دوو رکات نوێژ دەکەی. هەڵسا خۆی شۆرد و بەرگی خۆی خاوێن کردەوە و شایەتمانی بەحەقی هێنا و دوو رکات نوێژی کرد و وتی: پیاوێکی تر هەیە چاوەڕێی منە، ئەگەر دواتان بکەوێت، هیچ یەکێک لەقەومەکەی دواناکەوێ و هەموویان دەبنە موسڵمان و ئێستا سەعدی کوڕی موعاز دەنێرمە لای ئێوە. پاشان حەربەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت بۆلای سەعدی کوڕی موعاز و قەومەکەی کە لەدێوەخانەکەیاندا دانیشتبوون. کاتێ سەعدی کوڕی موعاز تەماشای کرد وا ئوسەید دێتەوە، وتی: بەخوا سوێند دەخۆم، ئوسەیدی کوڕی حوزەیر بەو ڕوومەت و دەموچاوەوە نەگەڕایەوە کە پێی ڕۆیشت. کاتێ لای مەجلسەکە ڕاوەستا، سەعد پێیووت: چیتکرد؟ وتی: قسەم لەگەڵ ئەو دوو پیاوەدا کرد، سوێند بەخوا هیچ خراپەیەکم لەو دوو پیاوەدا نەبینی، من ڕێگرییم لێ کردن، ئەوانیش وتیان: ئەوە دەکەین کە تۆ دەتەوێ. نەوەی حاریسە هەڵسان بۆ سەر سەعدی کوڕی زوارە تاوەکو بیکوژن و وتیان: ئەزانن کوڕە پوورتە ئەیانەوێ هانت بدەن. سەعد بەتووڕەییەوە هەڵسا و دەستپێشخەریی کرد بۆ ئەوەی نەوەی حاریسە وتیان. حەربەکەی لەدەست وەرگرت و پاشان وتی: سوێند بەخوا وەها نابینم شتێکت کردبێ، پاشان دەرچوو بۆلایان. کە سەعد بینی هەردووکیان ئارامن، زانی ئوسەید ویستوویەتی گوێیان لێ بگرێت، لەسەر سەریان ڕاوەستا و پاشان بەئەسعەدی کوڕی زوارەی وت:ئەی ئەبو ئومامە، ئەگەر ئەو خزمایەتییە نەدەبوو کە لەنێوان من و تۆدا هەیە، نەمدەهێشت ئاوەها لەماڵ و گەڕەکماندا بێتاقەتمان بکەی. ئەسعەد بە موسعەبی وت: ئەمە گەورەی قەومەکەی خۆیەتی، ئەگەر بێتو ببێتە موسڵمان، هەموو قەومەکەی دوای دەکەوێت.

موسعەب پێیووت: ئەکرێ دابنیشی گوێبیستی قسەیەکم بی، ئەگەر قبوڵت کرد، ئەوە باشە، ئەگەرنا بێتاقەتت ناکەینەوە. ئەویش وتی: زۆر باشت وت. حەربەکەی خستەوە شوێنی خۆی و لایان دانیشت. موسعەب باسی ئیسلامی بۆ کرد و قورئانی بەسەردا خوێندەوە. وەك ئەوەی لەهەردووکیانەوە باس دەکرێت، وتوویانە: سوێند بەخوا پێش ئەوەی قسە بکات، ئیسلاممان لەڕوومەتیدا بینی، پاشان وتی: ئەمە چەند جوان و شیرینە، باشە ئەگەر کەسێك بێتە ناو ئەم ئاییئەوە، چۆن دەبێ؟ چی دەکات سەرەتا؟ پێیانووت: خۆت دەشۆری و بەرگێکی خاوێن لەبەر دەکەیت و شایەتومانی بەحەق دەهێنی و پاشان دوو رکات نوێژ دەکەی. هەڵسا خۆی شۆرد و بەرگی خۆی خاوێن کردەوە و شایەتمانی بەحەقی هێنا و دوو رکات نوێژی کرد. پاشان حەربەکەی هەڵگرت و بەڕێکەوت بۆلای مەجلیسی قەومەکەی و ئوسەیدی کوڕی حوزەیریشی لەگەڵدا بوو، کاتێ قەومەکەی بینی وا دەگەڕێتەوە، وتیان: سوێند بەخوا بەو ڕوومەت و دەموچاوەوە نەگەڕایەوە کە پێی ڕۆیشت،کە لەسەر سەریان راوەستا وتی: ئەی نەوەی عەبد ئەلئەشهەل من چۆن دەبینن؟ وتیان: تۆ گەورەی ئێمەی، لەهەموومان بۆچوونت باشتر و جوامێرتری. ئەویش وتی: حەرام بێ لەسەرم قسە لەگەڵ هیچ پیاو و ئافرەتێکتاندا بکەم تاوەکو باوەڕ نەهێنن بەخوا و پەیامبەرەکەی. ئەڵێ: ئێوارە نەهات هەموو پیاو و ئافرەتانی نەوەی عەبدو لئەشهەل بوونە موسڵمان.

پاشان موسعەب و ئەسعەد گەڕانەوە مالّی ئەسعەدی کوڕی زوزارە و لای زوزارە مایەوە بانگەوازی خەڵکی دەکرد بۆ ئیسلام، هەتاوەکو ئەوەی هیچ مالێکی ئەنسار نەمایەوە ئیسلامی تێ نەچێ و نەبنە موسڵمان، تەنیا کەسانی بەنی ئومەییەی کوڕی زەید و خەتەمە و وائیل و ئەوس نەبێ کە لەئەوسی کوڕی حاریسە بوون، ئەبو قەیسی کوڕی ئەلئەسلەتیان تێدا بوو کە گەورە و شاعیریان بوو، گوێیان لێ دەگرت، بووە ڕێگر لەوەی ببنە موسڵمان تاوەکو پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کۆچی کرد بۆ مەدینە و شەڕی بەدر و ئوحود و خەندەقیش تێپەڕی.

ئەڵێ: پاشان موسەبی کوڕی عومەیر دەرچوو بۆ مەککە و هەندێ لەموسڵمانانی ئەنساری لەگەڵ خۆیدا بەحاجیی هێنا بۆ وەرزی حەج لەگەڵ هاوبەش پەیداکەرانی مەدینەدا، تاوەکو گەیشتنە مەککە و لای عەقەبە لەناوەڕاستی ڕۆژانی تەسریقدا هاتنە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و خوای گەورە ویستی هەبوو ڕێزی لێ بگرێت و پەیامبەرەکەی سەربخات بەوان و ئیسلام و موسڵمانان شکۆدار بکات و هاوبەش پەیداکردن و هاوبەش پەیداکەرانیش سەرکز بکات.

مەعبەدی کوڕی کەعبی کوڕی مالیکی کوڕی ئەبی کەعبی کوڕی ئەلقەین بڕای نەوەی سەلەمە باسیکردووە براکەی کە عبداللەی کوڕی کەعبە و یەکێك بووە لەزاناترینەکانی ئەنسار، بۆی باسکردووە کە کەعبی کوڕی مالیك کە دەکاتە باوکی بۆی باسکردووە، کەعب یەکێك بووە لەوانەی ئامادەی عەقەبە بووە و بەیعەتی بەپەیامبەری خوا داوە(صلى الله عليه وسلم)،وتی: لەگەڵ حاجییانی قەومەکەماندا دەرچووین و نوێژمان دەکرد و لەئایینەکەمان تێدەگەیشتین، ئەلبەڕائی کوڕی مەعرورمان لەگەڵدا بوو کە گەورەمان بوو، کاتێ ڕوومان کردە کۆڵوبارەکانمان و لەمەدینە دەرچووین، ئەلبەڕاء پێیووتین: ئەی قەوم، سوێند بەخوا بۆچوونێکم هەیە نازانم لەگەڵمدا هاودەنگن یان نە؟ وتمان: چی بۆچوونێك؟ وتی: وەهای دەبینم ڕووە و کەعبە نوێژ بکەم. ئێمەش وتمان: سوێند بەخوا ئەوەی لەپەیامبەرەکەمانەوە پێمان گەیشتووە، ئەوەیە ڕووە و شام نوێژ بکەین، نامانەوێ پێچەوانەی ئەو بکەین. ئەو وتی: من ڕووە و کەعبە نوێژ دەکەم. ئەڵێ: پێمان وت: بەڵام ئێمە وەها ناکەین. کاتێ کاتی نوێژ هات،ئێمە ڕووە و شام نوێژمان کرد و ئەویش ڕووە و کەعبە تاوەکو گەیشتینە مەککە. ئێمە هەر سەرزەنشتمان دەکرد لەسەر ئەو کارەی و ئەویش لەسەر بۆچوونی خۆی پێداگری دەکرد. کاتێ گەیشتینە مەککە،پێیووتم: برازا بمبە بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تاوەکو لەبارەی ئەوەوە لێی بپرسم کە لەسەفەرەکەمدا ئەنجامم داوە، سوێند بەخوا لەدڵمدا نائارامییەك دروست بووە لەسەر ئەوەی پێچەوانەی ئێوەم کردووە. ئەڵێ: دەرچووین و لەبارەی پەیامبەری خواوە دەمانپرسی، چونکە نەماندەناسی و پێشتر نەمانبینیبوو، بەپیاوێکی

خەڵکی مەککە و لەبارەی پەیامبەری خواوە لێمان پرسی. وتی: دەیناسن؟ وتمان:نە. وتی: عەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیب دەناسن کە مامێتی؟ وتمان: بەڵێ. ئێمە پێشتر عەباسمان دەناسی و بەبازرگان دەهاتەلامان. وتی: ئەگەر چوونەلای کەعبە، دەبینن پیاوێك لەگەڵ عەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیب دانیشتووە، ئەوە موحەممەدە. چووینە لای کەعبە و بینیمان عەباس دانیشتووە و پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) دانیشتووە، سەلاممان کرد و پاشان لای دانیشتین. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەعەباسی فەرموو:"ئەی ئەبو ئەلفەزڵ، ئەم دوو پیاوە دەناسی؟" وتی: بەڵێ، ئەمە ئەلبەرائی کوڕی مەعروری گەورەی قەومی خۆیەتی و ئەوەش کەعبی کوڕی مالیکە. کەعب ئەڵێ: سوێند بەخوا فەرمایشتەکەی پەیامبەری خوام لەبیر نەکردووە کە فەرمووی: کەعبی کوڕی مالیك، ئەوە شاعیرەکە؟ عەباس وتی: بەڵێ. ئەلبەرائی کوڕی مەعرور وتی: ئەی پەیامبەری خوا، من لەم سەفەرەمدا دەرچووم و خوای گەورە هیدایەتی دام بۆ ئیسلام، وەهام بینی لەنوێژەکانمدا روو بکەمە ئەم کەعبەیە و بەو جۆرە نوێژم کرد، هاوڕێکانم پێچەوانەی منیان کرد، بۆیە لەو بارەیەوە نائارامییەك کەوتووەتە دەروونمەوە، تۆ چی دەفەرمووی ئەی پەیامبەری خوا؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"تۆ روو بەقیبلە بووی ئەگەر کەمێك ئارامی لەسەر بگری". بۆیە ئەلبەڕاء هاتەوە سەر قیبلەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و لەگەڵ ئیمەدا روو بەشام نوێژی دەکرد. کەسوکارەکەی وەهای دادەنێن روو بەکەعبە نوێژی کردووە تاوەکو کۆچی دوایی کردووە، بەڵام وەها نییە، ئێمە لەوان باشتر دەیناسین،پاشان دەرچووین بۆ حەج و لای عەقەبە لەناوەڕاستی رۆژانی تەشریقدا چاومان بەپەیامبەری خوا کەوت، کە لەحەج بووینەوە لەشەودا چاومان بەپەیامبەری خوا کەوت و عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی حەرام ئەبو جابرمان لەگەڵدا بوو،ئەوەمان لەهاوبەش پەیداکەرانی قەومەکەمان شاردەوە، بە ئەبو جابرمان وت: ئەی ئەبو جابر تۆ یەکێکی لەگەورە و بەڕێزەکانی ئێمە، حەزناکەین ببیتە سووتەمەنیی دۆزەخ، بانگەوازمان کرد بۆ ئیسلام و هەواڵمان پێ دا کە لەعەقەبەدا دیدارمان لەگەڵ پەیامبەری خوا هەیە. بووە موسڵمان و

لەگەڵماندا بەشداری عەقەبە بوو، یەکێك بوو لەنەقیب و هەڵبژاردەکان. ئەو شەوە لەگەڵ قەومەکەماندا بووین لەگەڵ کۆڵوبارەکانماندا تاوەکو سێ یەکی شەو تێپەڕی، پاشان بەلەسەرخۆیی و هێواش هێواش بەدزییەوە دەرچووین تاوەکو لای عەقەبە کۆبووینەوە و حەفتا پیاو و دوو ئافرەت بووین، نوسەیبەی کچی کەعب ئوم عەممارە کە یەکێك بوو لەئافرەتانی نەوەی مازنی کوڕی ئەلنەجار و ئەسمائی کچی عەمری کوڕی عەدی لەئافرەتانی نەوەی سەلەمە کە ئوم مەنیعە. لەشیوەکە کۆبووینەوە و چاوەڕوانی پەیامبەری خوا بووین(صلى الله عليه وسلم)، هەتاوەکو لەگەڵ مامیدا کە عەباسی کوڕی عەبدولموتەلێب بوو هات بۆ لامان، ئەوکات عەباس لەسەر ئایینی قەومەکەی بوو، بەڵام حەزی دەکرد ئامادەی کاری برازاکەی بێت و دڵنیایی بۆ وەربگرێت. کاتێ دانیشت، یەکەم کەسێك کە قسەی کرد، عەباسی کوڕی عەبدولموتەلێب بوو وتی: ئەی کۆمەڵی خەزرەج(عەرەب ئەو کۆمەڵەیەی ئەنساری بەخەزرەج ناو دەبرد، ئەنسار لەخەزرەج و ئەوس پێکهاتبوو) وتی: ئەی کۆمەڵی خەزرەج، موحەممەد لە ئێمەیە، وەك دەزانن بەرگریی لێ دەکەین و ناهێڵین قەومی خۆمان دەستی پێ بگات، لەنێو قەومی خۆیدا شکۆدارە و لەشار و ولاتی خۆیدا بەرگریی لێ دەکرێت، بەڵام پێداگرە بێت بۆڵای ئێوە، ئەگەر دەزانن بەرانبەر بەو بانگەوازەی ئێوەی پێ بانگەواز کردووە وەفادارن و لەبەرانبەر دژەکانی دەپارێزن، ئەوە با ئێستا بیزانین، ئەگەریش ئەزانن دوای ئەوەی دەرچوو بۆلاتان و ناتوانن بەرگریی لێ بکەن و رادەستی دەکەن و پشتی لێ دەکەن، با ئێستا بیزانین، ئێستا دەستی لێ هەڵبگرن کە لەنێو قەوم و شاری خۆیدا پشت و پەنای هەیە و شکۆدارە.

ئێمەش وتمان: گوێمان لەقسەکانت بوو، تۆ قسە بکە ئەی پەیامبەری خوا، بۆ خۆت و پەروەردگارت چیت پێ خۆشە بیڵێ. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) قسەی کرد، قورئانی خوێندەوە و بانگەوازی کرد بۆلای خوای گەورە و هاندانی کرد بۆ ئیسلام و پاشان فەرمووی:"بەیعەتتان لێ وەردەگرم بەوەی بەرگرییم لێ بکەن هەروەك چۆن بەرگری لەژنان و منالانتان دەکەن". ئەلبەرائی کوڕی مەعرور دەستی گرت و پاشان

وتـی: سـوێند بـەو کەسـەی تـۆی بەحـەق نـاردووە، بـەگیانمان بـەرگریی لـێ دەکـەن. بەیەتمان لێ وەربگرە ئـەی پەیامبـەری خـوا، ئێمـە ئـەهلی جـەنگ و لێـدانین و گـەورە لەگەورە وەرمـانگرتووە. ئەلبـەڕاء قسـەی دەکرد، ئـەبو ئەلهەیسـەمی کـوڕی ئـەلتیهان هاوپـەیمانی نـەوەی عەبـد ئەلئەشـهەل وتـی: ئـەی پەیامبـەری خـوا ئـەی ئەگـەر ئێمـە پشتیوانی تۆ بووین و پاشان خوای گەورە تۆی سەرخست، دەگەڕێیتەوە لای قەومەکەت و پشـت لەئێمـە دەکـەی؟ پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـە وسـلم) بزەیـەکی کـرد و فەرمووی:"بەڵکو خوێنم لەگەڵ خوێنی ئێوەدایە، ئێوە لە منن و منیش لەئێوەم،جەنگی ئەو کەسە دەکەم کە ئێوە جەنگی دەکەن و ئاشتەوایی لەگەڵ ئـەو کەسـەدا دەکـەم کـە ئێوە ئاشتەوایی لەگەڵدا دەکەن". پەیامبەری خوا(صلی الله علیـە وسـلم) فەرمووی:"لـە نێو خۆتاندا دوانزە کەس هەڵبژێرن تاوەکو ببنە گەورەی(نقیب)ی قەومـەکانیان". بۆیـە دوانزە کەسیان هەڵبژارد، نۆ لەخەزرەج و سێ کەس لەئەوس.

عبداللـەی کـوڕی ئـەبو بـەکری کـوڕی موحەممـەدی کـوڕی عـەمری کـوڕی حـەزم باسـیکردووە کـە پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـە وسـلم) بـەو کەسـە هەڵبژێردراوانـەی فەرمووە:"ئێوە لەنێو قەومەکانتدا کەفیل و لەئەستۆ گـرن وەك حەواریـیەکانی عیسـای کوڕی مەریەم و منیش کەفیلی سەر قەومی خۆمم". ئەوانیش وتیان: بەڵێ باشە.

عاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادە بۆی باسکردین، کاتێك ئەو کەسانە کۆبوونەوە بۆ بەیعەتـدان بەپەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـە وسـلم)، عەباسـی کـوڕی عوبـادەی کـوڕی نەزلـەی ئەلئەنسـاریی پاشـان بـرای نـەوەی سـالمی کـوڕی عـەوف وتـی: ئـەی کۆمـەڵی خەزرەج دەزانن لەسەر چی شتێك بەیعەت دەدەن؟ وتیـان: بـەڵێ. وتـی: ئێـوە بەیعـەت دەدەن لەسەر جەنگکردنی سوور و ڕەشی خەڵکی، ئەگەر دەزانن بەتیاچوونی سـەروەت و کوژرانی گەورەکانتان ڕادەستی دەکـەن، ئـەوە ئێسـتا دەسـتهەڵبگرن، سـوێند بـەخوا ئەگەر دواتر ڕادەسـتی بکـەن، شـەرمەزاریی دونیـا و قیامـەت بەسـەرتاندا دێـت، ئەگـەر دەشزانن بەتیاچوونی سەروەت و کوژرانی گەورەکانیشتان پشتی لێ ناکەن و ڕادەسـتی ناکـەن، ئـەوە لەگـەڵ خۆتانـدا بیبـەن، سـوێند بـەخوا ئـەوکات خێـر و چـاکەی دونیـا و

قیامەتتان بۆ دەبێت. ئەوانیش وتیان: پێشیدەخەین بەسەر تیاچوویتی سەروەت و کوژرانی گەورەکانماندا. ئەی پەیامبەری خوا ئەگەر بەرگرییت لێ بکەین و سەرتبخەین، چی پاداشتێکمان بۆ هەیە؟ فەرمووی:"بەهەشت پاداشتی ئێوە دەبێ". ئەوانیش وتیان: دەستت بێنە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەستی درێژ کرد و ئەوانیش بەیعەتیان پێ دا.

هەرچی عاسمی کوڕی عومەری قەتادەیە ئەڵێ: سوێند بەخوا عەباس بۆیە ئەوەی وت، تاوەکو بەڵێنێکی تۆکمە بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەدیبهێنێ و بیخاتە گەردنیان. عبداللەی کوڕی ئەبو بەکریش وتی: سوێند بەخوا عەباس بۆیە ئەوەی وت، تاوەکو ئەو قەومە دوابکەون بەئومێدی ئەوەی عبداللەی کوڕی ئەبی سەلول ئامادە بێ و بەوە کاریان بەهێز دەبێ. نەوەی ئەلنەجار وەهای دادەنێن کە ئەبو ئومامە ئەسعەدی کوڕی زوارە یەکەمین کەس بوو دەستی خستەسەر دەستی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، نەوەی عەبدولئەشهەلیش ئەڵێن: بەڵکو ئەبو ئەلهەیسەمی کوڕی ئەلتیهان یەکەمین کەسێ بوو بەیعەتی پێ دا.

لەکەعبی کوڕی مالیکەوە ئەڵێ: یەکەمین کەسێك دەستی خستە سەر دەستی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم)، ئەلبەڕائی کوڕی مەعرور بوو، پاشان ئەو قەومە یەك بەدوای یەك بەیعەتیان دا. کاتێ بەیعەتمان بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دا،شەیتان لەوپەڕی عەقەبەوە هاواری کرد و گوێم لەدەنگی بوو ئەیووت:ئەی خەڵکی مالأنی ئەم شوێنە، ئایە هیچ هەڵوێستێکتان نییە بەرانبەر ئەو سەرزەنشتکراوە وا لەئایین دەرچووان لەگەڵیدا کۆبوونەتەوە بۆ شەڕی ئێوە!

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەو دوژمنەی خوا (ئەزب)شەیتانی عەقەبەیە، ئەوە کوڕی ئوزەییە، ئەی دوژمنی خوا گوێ بگرە، سوێند بەخوا بۆ تۆ یەکلادەبمەوە". پاشان فەرمووی:بڕۆنەوە بۆلای کۆڵوبارەکانتان". عەباسی کوڕی عوبادەی نەزڵە وتی: سوێند بەو کەسەی تۆی بەحەق ناردووە، ئەگەر بتەوێ بەیانی بەشمشێرەکانمانەوە دەچینەسەر خەڵکی مینا. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)

فەرمووی:"فرمانی ئەوەمان پێ نەکراوە، بەڵکو بگەڕێنەوە لای کۆڵوبارەکانتان". ئەڵێ: گەڕاینەوە لای کۆڵوبارەکانمان و خەوتین تاوەکو بەیانییمان کردەوە، کە بەیانییمان کردەوە کۆمەڵێکی قورەیش هاتن بۆلامان و وتیان: ئەی کۆمەڵی خەزرەج، هەواڵمان پێگەیشتووە کە ڕۆیشتوون بۆلای موحەممەد تاوەکو لەنێو ئێمە دەریبکەن و بەیعەتی پێ بدەن لەسەر جەنگکردنی ئێمە، سوێند بەخوا حەز ناکەین جەنگی ئێوە بکەین. ئەڵێ: هاوبەش پەیداکەرانی قەومەکانمان دەرچوون بۆلایان و بەخوا سوێندیان بۆیان خوارد کە هیچ شتێکی لەو بابەتە ڕووی نەداوە و ئاگایان لەشتی لەو جۆرە نەبووە.

ئەڵێ: ئەوانیش ئەوەیان بەڕاست زانی و ئێمەش تەماشای یەکترمان کرد.

ئەوە باسی کەعبی کوڕی مالیك بوو لەبارەی عەقەبەوە و ئەوەی تیایدا ئامادە بوو.

ئەبو جەعفەر کە لەپێشەوەی ئەوانە بوو هاتەپێش بۆ بەیعەتدان بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەنێو ئەنسارەکان لەزی ئەلحیجەدا ئەڵێ: دوای ئەوە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمەککە مایەوە و لەمانگی ڕەبیعی یەکەمدا کۆچی کرد بۆ مەدینە و لەڕۆژی دوو شەممەدا بەمەدینە گەیشت کە دوانزە شەو لەو مانگە تێپەڕ ببوو.

لەعوروەوە کە وتوویەتی: کاتێ لەخاکی حەبەشەوە گەڕایەوە لەگەڵ ئەوانەی کۆچیان بۆ کردبوو پێش کۆچی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ مەدینە، ئەهلی ئیسلام لەزۆربوونداً بوون، خەڵکێکی زۆر لەمەدینەدا بوونە موسڵمان،پۆل پۆل موسڵمانانی مەدینە دەهاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، قورەیش کە ئەوەی بینی زۆر بێزار بوو، گوشاریان بۆ سەر موسڵمانان هێنا، کۆچی هەندێ لەموسڵمانان بۆ حەبەشە و هاتنی موسڵمانان لەمەدینەوە، ئەوانی تەواو تووڕە کرد و مەینەتیی زۆریان بۆ سەر موسڵمانان هێنا لەمەککەدا.

پاشان لەمەدینەوە حەفتا سەرمەشق(نقیب) لەپێشەوەی موسڵمانان هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەنێو شاندی حاجیاندا، لەعەقەبەدا بەیعەتیان پێ دا و پەیمانیان پێ دا کە ئەوان لەون و ئەویش یەکێکە لەوان، تۆ یان هەر هاوەڵێکت هات

بۆلامان،بەگیانی خۆمان بەرگریی لێ دەکەین. قورەیش بەوە تووندتر بوویەوە، بۆیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی بەهاوەلانی کرد کۆچ بکەن بۆ مەدینە، ئەوە کۆتا مەینەتیی بوو کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هاوەلانی لێی دەرچوون و دەرچوو بۆ مەدینە و شەپی بێباوەڕانی کرد تاوەکو هەموو ئایینداریيەك بۆ خوای گەورە یەکلابێتەوە.

عبداللەی کوڕی ئەبو بەکری کوڕی موحەممەدی کوڕی عەمری کوڕی حەزم باسیکردووە کە قورەیشییەکان هاتن بۆلای عبداللەی کوڕی سەلول و ئەوەیان وت کە کەعبی کوڕی مالیك باسیکردووە، ئەویش پێیووتن: بەڕاستی ئەم کارە سەختە کە قەومەکەم ئەویان بەسەر منداپێشخستووە، با خەڵکیی لێی بڕەوێتەوە. خەڵکیی لەمینادا بلاوەیان لێکرد، قەومەکەی بەدوای هەواڵەکەدا ڕۆیشتن، بەدوایاندا گەڕان، لای ئەلحاجیر بەسەعدی کوڕی عوبادە و ئەلمونزیری کوڕی عەمری بڕای نەوەی ساعیدەی کوڕی کەعبی کوڕی ئەلخەزەج گەیشتن، هەردووکیان نەقیب بوون، ئەلمونزیر لەدەستیان هەڵهات، بەڵام سەعدیان دەستگیر کرد و دەستیان بەگەردنییەوە بەستەوە و بەلێدانەوە هێنایانە مەککەوە، قڕێکی درێژی هەبوو، سەعد ئەڵێ: سوێند بەخوا لەدەستیان بووم هەندێ قورەیشیی دەرکەوتن پیاوێکی سپی ڕوومەت گەشاوەیان تێدا بوو، وتم: ئەگەر لەنێو ئەمانەدا کەسێکی باش هەبێ، ئا ئەم پیاوەیە، لێم نزیکبوویەوە و زللەیەکی تووندی لێدام، لەدڵی خۆمدا وتم: سوێند بەخوا لەدوای ئەمە، چاکەیان تێدا نییە. سوێند بەخوا رایاندەکێشام یەکێکیان لێم نزیکبوویەوە و وتی: لەباردایکت بچی، ئایە لەنێوان خۆت و کەسێکی قورەیشییدا دانّدەدان و پەیمانێك نییە؟ وتم: بەڵێ بۆنا، سوێند بەخوا دانّدەدەری جوبەیری کوڕی موتعیمی کوڕی عەدی کوڕی نەوفەلی کوڕی عەبد مەناف بوومە لەبازرگانییدا و نەمهێشتووە لەولاتی خۆمدا کەس ستەمی لێ بکات، هەروەها دانّدەدەری ئەلحارسی کوڕی ئومەییەی کوڕی عەبد شەمسی کوڕی عەبد مەناف بوومە. وتی: لەباردایکت بچی هاوار بکە ئەو دوو پیاوە و باس بکە کە لەنێوان تۆ و ئەواندا چی چاکەیەك هەبووە. ئەڵێ: ئەوەم کرد، پیاوێك لەنێویاندا دەرچوو بۆلای ئەو

دوو پیاوە و لای کەعبە پێیانگەیشت و پێیانی وتبوو: پیاوێکی خەزرەج لەئەبتەح وا لێدان دەکرێ و بانگ دەکاتە هەردووکتان و باس دەکات کە وەخی خۆی دالدەی داون. وتیان: ئەو کەسە کێیە؟ وتی: سەعدی کوڕی عوبادە. وتیان: سوێند بەخوا راستەکات، ئەو لەبازرگانییدا دالدەدەی دەداین و نەیدەهێشت لەولاتی خۆیدا ستەممان لێ بکرێت. هاتن و سەعدیان لەدەستیان رزگار کرد.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: کە هاتنەوە مەدینە، ئیسلامیان لەمەدینەدا ئاشکرا کرد، لەنێو قەومەکانیاندا کەسانێکی گەورە هەبوون هاوبەش پەیداکەر بوون،لەوانە عەمری کوڕی ئەلجەموحی کوڕی زەیدی کوڕی حەرامی کوڕی کەعبی کوڕی غەنەمی کوڕی سەلەمە، کوڕەکەی کە موعازی کوڕی عەمر بوو بەشداری عەقەبە بوو، لەگەڵ کۆمەڵێ لاویاندا بەیعەتی بەپەیامبەری خوا دا، لەعەقەبەی کۆتاییدا لەگەڵ ئەوانەی ئەوس و خەزرەجدا بەیعەتیان دا بەشەڕکردن کاتێ خوای گەورە مۆڵەتیان بدات، بەکۆمەڵێ مەرجی جگە لەمەرجەکانی عەقەبەی یەکەم، لەبەیعەتی یەکەمدا بەیعەتی ئافرەتان بوو وەک ئەوەی هەواڵەکە باسیکردووە لەلایەن عوبادەی کوڕی سامتەوە و پێشتر باسمان کرد، بەڵام بەیعەتی دووەمی عەقەبە بەیعەت کردن بوو لەسەر جەنگکردنی هەموو کەسێك شەڕی پەیامبەری خوا بکات وەک ئەوەی لەلایەن عوروەی کوڕی زوبەیرەوە باسکراوە. ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین وتی: موحەممەدی کوڕی ئیسحاق بۆی باسکردین وتی: عوبادەی کوڕی ئەلوەلیدی کوڕی عوبادەی کوڕی سامت بۆی باسکردین ئەویش لەباوکییەوە لەئەلوەلیدەوە ئەویش لەعوبادەی کوڕی سامتەوە کە یەکێك بوو لەسەرمەشقەکان(نەقیبەکان) وتی: بەیعەتمان بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دا بەیعەتی جەنگ. عوبادە یەکێك بوو لەو دوانزە کەسەی لەعەقەبەی یەکەمدا بەیعەتیان دا.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: کاتێ خوای گەورە مۆڵەتی دا بەپەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) بۆ جەنگکردن و فەرمایشتی دابەزی:﴿ وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِ ﴾ البقرة: ١٩٣،

واتا:جەنگیان لەگەڵ بکەن تا دوژمنایەتی بۆ ئاین و هاوەڵ بڕیاردان نەمێنێ وە ئاین و ملکەچی هەر بۆ خوا دەبێت.

ئەنسارەکان بەیعەتیان دا بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەنمونەی ئەو بەیعەتەی لەمەککەدا موسڵمانەکان دایان بەکۆچکردن و دەرچوون بۆ مەدینە و گەیشتن بەبرا ئەنسارییەکانیان. موسڵمانەکانیش پۆل پۆل لەمەککە دەردەچوون، یەکەمین کەسێکیش لەقورەیش لەمەککەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە و لەنەوەی مەخزوم بوو، ئەبو سەلەمەی کوڕی عەبدولئەسەدی کوڕی هیلالی کوڕی عبداللەی کوڕی عومەری کوڕی مەخزوم بوو، بەسااڵێ پێش بەیعەتی عەقەبە، کۆچی کرد بۆ مەدینە، لەخاکی حەبەشەوە گەڕایەوە بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و قورەیش ئازاری دا، کە هەواڵی پێگەیشت خەڵکانێك لەمەدینە بوونەتە موسڵمان، بەکۆچەریی دەرچوو بۆ مەدینە.

پاشان لەدوای ئەبو سەلەمە ئەو کەسەی بەکۆچەریی هات بۆ مەدینە، عامری کوڕی ڕەبیعەی هاوپەیمانی نەوەی عەدی کوڕی کەعب بوو، ژنەکەشی لەگەڵدا بوو کە لەیلای کچی ئەبی حەسەمەی کوڕی غانمی کوڕی عبداللەی کوڕی عەوف کوڕی عوبەیدی کوڕی عوەیجی کوڕی عەدی کوڕی کەعب بوو پاشان عبداللەی کوڕی جەحشی کوڕی ڕیئاب و ئەبو ئەحمەدی کوڕی جەحش بوون، ئەبو ئەحمەدی کوڕی جەحش پیاوێکی نابینا بوو، بەبێ هیچ ڕێنیشاندەرێك بەرزایی و نزماییەکانی مەککەی دەگەڕی،پاشان هاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەستە دەستە کۆچیان دەکرد بۆ مەدینە.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەدوای کۆچی هاوەڵانی بۆ مەدینە، لەمەککەدا مابوویەوە و چاوەڕێی مۆڵەتی خوای گەورەی دەکرد کە ڕێگەی بدات بۆ کۆچکردن، ئەو هاوەڵانەی لەمەککەدا مابوونەوە، تەنیا ئەوانە مابوونەوە کە بەندکرابوون یان لەژێر ئەشکەنجەدا بوون، ئەوەی سەربەست مابوویەوە، عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و ئەبو بەکری کوڕی ئەبی قوحافە بوون. ئەبو بەکر زۆرجار داوای لەپەیامبەری خوای دەکرد مۆڵەتی کۆچکردنی پێ بدات، بەاڵم پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێیدەفەرموو:"پەلە

مەکە، بەڵکو خوای گەورە هاوەڵێکت بۆ پەیدا بکات"، ئەبو بەکریش ئومێدی دەکرد ئەو هاوەڵە پەیامبەری خوا بێ(صلى الله عليه وسلم).

کاتێ قورەیش بینی کە پەیامبەری خوا لەخەڵکانی غەیری ولاتەکەیان پشتیوانیی بۆ دروستبووە و ئەیانبینی وا هاوەلانی بۆ لای ئەو کەسانە کۆچ دەکەن، دەیانزانی وا موسڵمانانی مەککە دابەزیوونەتە مەدینە و لەوێدا هێزیان بۆ دروستبووە، بۆیە هۆشداریان دەدا کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەربچێ بۆلایان، ئەیانزانی گەیشتنی پەیامبەر بۆلای ئەوان، بۆ شەڕکردنی ئەوانە، بۆیە لەدار ئەلنەدوە کۆبوونەوە کە خانەی قوسەی کوڕی کیلاب بوو، قورەیش بەبێ راوێژکردنیان لەو شوێنە، هیچ بڕیارێکیان نەدەدا، کاتێ ترسیان لێ نیشت، لەو بارەیەوە لەو شوێنەدا کۆبوونەوە.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ و ئەلکەلبییش بۆی باسکردووم لەئەبی سالحەوە ئەویش لەئیبن عەباس و ئەلحەسەنی کوڕی عەممارەوە ئەویش لەئەلحەکەمی کوڕی عوتەیبەوە ئەویش لەمیقسەمەوە ئەویش لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: کاتێ بۆ ئەوە کۆبوونەوە و بڕیاریان دا لەدار ئەلنەدوە کۆببنەوە و راوێژ بکەن لەبارەی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم)، لەبەیانیی ئەو رۆژەدا ناویان لێنا(الزحمة–گردبوونەوە و قەرەبالغی)، شەیتان لەشێوەی پیاوێکی بەتەمەنی ڕێزدار لەبەر دەرگاکە راوەستا،کاتێ بینییان پیاوێکی بەتەمەن لەبەر دەرگا راوەستاوە، وتیان: ئەم پیاو ماقوولە کێیە؟ وتی: پیاو ماقوولێکی خەڵکی نەجدم، کاتێ گوێم لێبوو بۆ ئەو بابەتە کۆدەبنەوە، بڕیارم دا منیش ئامادە بم بزانم بڕیاری چی دەدەن، بەڵکو لەدەستم بێت بۆچوونێکتان پێ بدەم.

وتیان: هەر زۆر باشە، وەرە ژوورەوە. ئەویش لەگەڵیاندا چووە ژوورەوە، تەواوی گەورەکانی قورەیش کۆبوونەوە لەتەواوی هۆزەکان، لەنەوەی عەبد شەمس، شەیبە و عوتبەی کوڕانی ڕەبیعە ئامادە بوون، هەروەها ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب، لەنەوەی نەوفەلی کوڕی عەبد مەناف، تەمیعەی کوڕی عەدی و جوبەیری کوڕی موتعیم و ئەلحارسی کوڕی عامری کوڕی نەوفەل ئامادە بوون، لەنەوەی عەبدولداری کوڕی قوسەیش، ئەلنەزری کوڕی ئەلحارسی کوڕی کلدە و لەنەوەی ئەسەدی کوڕی

عەبدولعوزاش، ئەبو ئەلبوختری کوڕی هیشام و زەمعەی کوڕی ئەلئەسوەدی کوڕی عەبدولموتەلّیب و حەکیمی کوڕی حیزام ئامادەبوون، لەنەوەی مەخزومیش ئەبو جەهلی کوڕی هیشام ئامادە بوو، لەنەوەی سەهمیش، نەبیە و مونبیهی کوڕانی ئەلحەجاج ئامادە بوون، لەنەوەی جومەحیش ئومەییەی کوڕی خەلّەف ئامادە بوو، قورەیشییەکی زۆری دیکە ئامادە بوون و وتیان: لەم پیاوە دلّنیانین و پەلامارمان دەدات بەوانەی شوێنی کەوتوون، باشتر وایە بەزنجیر بیبەستینەوە و وەک شاعیران لەپێش ئەو لەنمونەی زوهەیر و نابیغە لەشوێنێکی داخراودا بیبەستینەوە و وەک ئەوانی بەسەر بهێنین هەتا دەمرێت. بەتەمەنەکەی نەجد وتی: سوێند بەخوا ئەوە بۆچوون نییە، ئەگەر وەک ئەوەی دەیلّێن بیبەستنەوە، لەپشت ئەو دەرگایەی لەسەری دادەخەن، دەردەچێ و دەگاتەوە هاوەلانی و ئەوکات پەلامارتان دەدات و ئەوەی لەژێر دەستی ئێوەیە لێتانی دەستێنێ و بەسەرتاندا زاڵ دەبێت، جا بۆیە ئەمە بۆچوونێکی باش نییە، بەڵکو رێگە چارەی دیکە بدۆزنەوە.

پاشان راوێژیان کرد و یەکێکیان وتی: لەنێوماندا دەریدەکەین و لەوڵاتی خۆمان دووری دەخەینەوە، سوێند بەخوا ئەوکات خەممان نابێ بۆ کوێ دەچێ، کە دوورکەوتەوە ئەوکات لێی رزگارمان دەبێ. پیاوە بەتەمەنە نەجدییەکە وتی: سوێند بەخوا ئەمەش بۆچوون نییە، ئەی نابینن قسەی چەند شیرین و کاریگەرە و لەگەڵ هەرکەسێکدا قسە بکات، دڵی کەمەندکێش دەکات، ئەگەر وەها بکەن، دوور نییە هەموو ناوچەکانی عەرەب نەخاتە ژێر دەستی خۆی و بیهێنێتە سەرتان، ئینجا چی شتێکی بووێ ئەوەتان پێ بکات، بەڵکو بەشوێن رێگە چارەی تردا بگەڕێن. ئەبو جەهلی کوڕی هیشام وتی: سوێند بەخوا من بۆچوونێکم لەبارەوە هەیە و وەها دەزانم هاوەڵنگم بن. وتیان: ئەو بۆچوونە چییە ئەی ئەبا ئەلحەکەم؟ وتی: بۆچوونم وەهایە لەهەر هۆزێك گەنجێکی چوست و چالاك هەڵبژێرن و هەریەکە و شمشێرێکی تیژیان پێ بدەین و بەیەکجار پەلاماری بدەن و بیکوژن، ئەوکات لەدەستی رزگارمان دەبێ، خوێنیشی لەنێو تەواوی هۆزەکاندا ون دەبێ و نەوەی عەبد مەنافیش ناتوانن شەڕی هەموو هۆزەکان بکەن و بەخوێنبایی رازیی دەبن

و ئێمەش خوێنباییان پێ دەدەین. بەتەمەنە نەجدییەکە وتی: بۆچوونی ئەم پیاوە بۆچوون و ڕێگەچارەیە نەك ئەوەی ئێوە وتتان. لەسەر ئەو بۆچوونە بلاّوەیان لێ کرد و لەسەر جێبەجێکردنی ئەو پلانە یەکدەنگ بوون. جبریل هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و وتی: ئەمشەو لەسەر ئەو جێگەیە مەخەوە کە شەوان لەسەری دەخەوی. ئەلّێ: کە شەو داهات، قورەیشییەکان لەبەردەم دەرگاکەی کۆبوونەوە و چاوەڕێیان دەکرد کەی خەوت، پەلاماری بدەن. جا کاتێك پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئەوەی بینی،بە عەلی کوڕی ئەبو تالّیبی فەرموو:"لەسەر جێگەکەی من بخەوە و ئەو چەرچەفە حەزرەمییە سەوزە بەسەر خۆتدا بدە، دلّنیابە ناتوانن شتێکی ناخۆشت بەسەردا بهێنن". پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کە دەخەوت، ئەو چەرچەفەی بەسەردا دەدا.

ئەبو جەعفەر ئەلّێ: هەندێکیان لەم چیرۆکە و لەم شوێنەدا ئەوەیان زیاتر کردووە کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بە عەلی فەرمووە:"ئەگەر کوڕی قوحافە هات،پێی بلّێ من ڕوومکردووەتە سەور و لەوێ بە من بگات، خواردنم بۆ بنێرە و ڕێبەرێکم بۆ بەکرێ بگرە ڕێگەی مەدینەم پیشان بدات، وشترێکیشم بۆ بکرە".

پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دەرچوو، خوای گەورە چاوی ئەوانەی کوێر کرد کە بۆسەیان بۆ دانابوو چاوەڕێیان دەکرد بیکوژن، بەلایاندا تێپەڕی و نەیانبینی.

لەموحەممەدی کوڕی کەعبی قورەزییەوە ئەلّێ: کۆبوونەوە بۆ کوشتنی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و ئەبو جەهلی کوڕی هیشامیشیان لەگەلّدا بوو، لەبەر دەرگای مالّی پەیامبەری ئازیزدا بوون و ئەبو جەهل وتی: موحەممەد وەهای دادەنێت ئەگەر شوێن پەیامەکەی بکەون، دەبنە پادشایانی عەرەب و عەجەم و لەدوای مردنتان زیندوو دەکرێنەوە و بەهەشتتان پێ دەدرێت، ئەگەر شوێنیشی نەکەون ئەوە سەردەبڕدرێن و دوای مردنتان زیندوو دەکرێنەوە و دەخرێنە دۆزەخەوە و تیایدا دەسووتێنرێن.

پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دەرچوو، چنگە خۆڵێکی هەڵگرت و فەرمووی:"بەڵێ من ئەوە ئەڵێم". خوای گەورە بینایانی نەهێشت و پەیامبەری خوایان

نەبینی، پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) چنگە خۆڵەکەی کرد بەسەریاندا و ئایەتەکانی سەرەتای سورەتی(یس)ی دەخوێندەوە تاوەکو گەیشتە: ﴿ وَجَعَلْنَا مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَٰهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ ﴿٩﴾ ﴾ یس: ٩، واتا: بەربەستمان لەبەردم و پشتیانەوە داناوە پەردەشمان داوە بەسەر چاویاندا بۆیە ئەوان(ڕاستی)نابینن.

کاتێ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەو ئایەتانە بوویەوە، هەموویان خۆڵیان بەسەر خۆیاندا بینی. ڕۆیشت، پاشان یەکێك لەوانەی لەگەڵیاندا نەبوو هات و وتی: چاوەڕێی چی دەکەن؟ وتیان: موحەممەد. وتی: خوا ئێوەی بێ ئومێد کرد، سوێند بەخوا موحەممەد دەرچوو خۆڵی کرد بەسەر هەموواندا و کەس لەئێوە نییە خۆڵی بەسەردا نەکرابێ، ئەوەی کرد و دەرچوو، ئەی خۆتان نابینن؟ هەریەکە و دەستی هێنا بەسەر خۆیدا، راستە وا خۆڵیان بەسەرەوەیە، پاشان سەیریان کرد ئەوە عەلییە لەنێو جێگەکەدا خەوتووە و چەرچەفی پەیامبەری خوای بەسەردا داوە،وتیان: سوێند بەخوا ئەوە موحەممەدە خەوتووە و چەرچەفی خۆی بەسەردا داوە، ئاوەها مانەوە تاوەکو بەیانیی بوویەوە و عەلی لەنێو جێگەکە هەڵسایەوە. وتیان: سوێند بەخوا ئەو پیاوەی شەو قسەی بۆ کردین ڕاستییەکەی وت. ئەو ڕۆژە ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿ وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ ۚ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ ٱللَّهُ ۖ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَٰكِرِينَ ﴿٣٠﴾ ﴾ الأنفال: ٣٠، واتا: کاتێك ئەوانەی بێ باوەڕ بوون پیلانیان لە دژت دەگێڕا تا بەند و کۆتت بکەن یان بتکوژن یان(لە مەککە)دەرت بکەن وە ئەوانە(بەردەوام)پیلان دەگێڕن و فڕو فێڵ دەکەن وە خوایش لەبەرامبەر ئەواندا پیلان دەگێڕێت بۆ پووچەڵ کردنەوەی پیلان و فڕو فێڵەکانیان وە خوا چاکترینی پیلان گێڕانە(بەرامبەر پیلان گێڕان).

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: خوای گەورە مۆڵەتی کۆچکردنی بەپەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) دا. لەعوروەوە ئەڵێ: کاتێ هاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دەرچوون بۆ مەدینە پێش ئەوەی خۆی دەربچێ(واتا پەیامبەری خوا صلی الله علیه وسلم) و پێش ئەوەی ئەو ئایەتە دابەزێ کە فرمانی جەنگکردنیان تێدا پێ درا، ئەبو بەکر داوای کرد

لەپەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کە مۆڵەتی بدات کۆچ بکات، بەڵام پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فرمانی پێ نەکرد لەگەڵ هاوەڵانی تردا کۆچ بکات، بەڵکو گلی دایەوە و پێیفەرموو:چاوەڕێ بکە بەڵکو مۆڵەتی خۆیشم بدرێ دەربچم. ئەبو بەکر دوو وشتری کڕیبوو ئامادەی کردبوو لەگەڵ هاوەڵانی پەیامبەری خوادا پێی دەربچێ بۆ مەدینە، بەڵام کاتێك پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) داوای لێکرد چاوەڕێ بکات و هەواڵی پێ دا کە ئومێد دەکات خوای گەورە مۆڵەتی دەرچوونی ئەویش بدات، ئەبو بەکر هەردوو وشترەکەی دابەستە کرد و چاوەڕێی دەکرد هاوسەفەری پەیامبەری خوا بێ(صلی الله علیه وسلم)، بەپەیامبەری خوای وت: ئومێد دەکەی خوای گەورە مۆڵەتت بدات؟ فەرمووی:"بەڵێ". ئیتر ئەویش چاوەڕێی کرد.

خاتوو عائیشە(خوای لێ رازیی بێ) باسی کۆچی پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) و ئەبو بەکری باوکیمان بۆ دەکات(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) هەڵەی نەدەکرد کە لەسەر لەبەیانی یان ئێوارەی هەموو رۆژێك دەهات بۆ مااڵی ئەبو بەکر، هەتا ئەو رۆژەی مۆڵەتی پەیامبەری خوا درا کۆچ بکات و لەمەککە لەنێو قەومەکەیدا دەربچێ، لەدوای نیوەڕۆ یان عەسر کە نەریتی نەبوو ئەو کاتە بێت بۆ مااڵمان، هات، کە ئەبو بەکر بینی وتی: ئەوەی لەم کاتەدا پەیامبەری خوای هێنابێ(صلی الله علیه وسلم) بۆ ئێرە، تەنیا لەبەر کارێکی گرنگە. ئەڵێ: کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)هاتە ژوورەوە، ئەبو بەکر کەمێ لەجێگەکەیەوە دوور بوو، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دانیشت و لەژوورەکەدا تەنیا من و ئەبو بەکر و ئەسمائی خوشکم هەبووین، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"هەر خۆت لەژووردا بمێنەرەوە و ئەوانی تر بکەرە دەرەوە". ئەبو بەکر وتی: ئەی پەیامبەری خوا، دایك و باوکم بەفیدات بێ تەنیا دوو کەچەکەم لەژووردان. پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"مۆڵەت دراوم دەربچم و کۆچ بکەم". ئەبو بەکر وتی:ئەتوانم هاوسەفەرت بم ئەی پەیامبەری خوا؟ فەرمووی:"بەڵێ هاوەڵم دەبی". عائیشە ئەڵێ:سوێند بەخوا هەتا ئەو رۆژە هەستم نەکردووە کەسێك هەبێ و لەخۆشییدا بگری

هەتا ئەبو بەکرم بینی لەخۆشییدا دەگری. ئەبو بەکر وتی: ئەی پەیامبەری خوا وا دوو وشترم ئامادەکردووە. عبداللەی کوڕی ئورەیقتیان بەکرێ گرت کە پیاوێك بوو لەنەوەی ئەلدەجلی کوڕی بەکر، دایکی لەنەوەی سەهمی کوڕی عەمر بوو، هاوبەش پەیداکەربوو وەك رێنیشاندەر و چاوساغی رێگە بەکرێیان گرت، هەردوو وشترەکەیان پێ سپارد کە دەیلەوەڕاندن و ئامادەی دەکردن بۆ کاتی خۆی.

عائیشە ئەڵێ: بەباشترین شێوازێك هەردووکیانمان ئامادە کرد، خواردەمەنییمان لەتورەکەیەکدا بۆ ئامادەکردن و ئەسمائی کچی ئەبو بەکر کەمەربەندەکەی کردە دوو کەرتەوە و پێیەوە گرێی دا و بەو هۆیەوە ناونرا:خاوەن دوو کەمەربەند(ذات النِّطاقین) پاشان لەچیای سەوردا گەیشت بەپەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و ئەبو بەکر، سێ شەو تیایدا خۆیان شاردەوە، عبداللەی کوڕی ئەبو بەکر شەوان لایان دەمایەوە کە گەنجێکی ژیر و وریا بوو، بەڕۆژ هەواڵی مەککەی وەردەگرت و بەشەوان پێیانی دەگەیاند و بەیانیی زوو خۆی دەگەیاندەوە ناو مەککە بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ. بەڕۆژیش عامری کوڕی فەهیرە مەڕ و مالاتەکانی دەهێنایە ئەو دەوروبەرە و بەدرێژایی ئەو سێ شەوە، شیری بۆیان دابین دەکرد. لەدوای ئەو سێ شەوە، رێنیشاندەر کە لەسەر ئایینی قورەیش بوو، لەگەڵ عامری کوڕی فەهیرەدا هات و بەڕێیکردن بەڕێگای کەنار دەریادا. هیچ کەسێ بەدەرچوونی پەیامبەری خوای نەدەزانی جگە لەعەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و ئەبو بەکری سدیق و خێزانەکەی ئەبو بەکر، کاتی دەرچوون هات، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەکوخەکەی ئەبو بەکرەوە لەنیوەڕۆیەکدا بەدزییەوە دەرچوون تاوەکو قورەیش پێیان نەزانن و لەو گەشتە پیرۆزە رێگرییان بکەن،ئامادەییان کرد لەدوای شەوی سێیەم، لەئەشکەوتی سەوردا عبداللەی کوڕی ئورەیقت بێتە لایان. لەکاتی دەرچوون لەمەککەوە بۆ مەدینە، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) پاڕایەوە، لەدەرچوونی لای حەزورە لای بازاڕی مەککە، راوەستا و فەرمووی:" ئەی مەککە، سوێند بەخوا تۆ باشترین زەویی خوایت، خۆشەویسترین زەویی خوایت بەلای خوای گەورەوە، سوێند بەخوا ئەگەر دەرنەدەکرام، هەرگیز تۆم بەجێنەدهێشت".

پاشان پەیامبەری خوا و ئەبو بەکر دەرچوون، هاوبەش پەیداکەرانیش هەولّیان دا شوێن پێیان هەلّبگرن تاوەکو گەیشتنە (چیای سەور)، سەرکەوتنە سەر چیاکە و بەدەوری ئەشکەوتەکەدا سووڕانەوە و لەسەر دەرگای چیاکە تەنی جالّجالّۆکەیان بینی وتیان: ئەگەر کەسێك بچووبایەتە ناویەوە، ئەوە ئەم تەنی جالّجالّۆکەیە بوونی نەدەبوو لەبەر دەرگاکەی. ئەو جالّجالّۆکانە سەربازی خوا بوون:﴿وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلاَّ هُوَ﴾[المدثر: ٣١] ،واتا:کەس ژمارەی لەشکر و سەربازانی پەروەردگاری تۆ نازانێت مەگەر خۆی نەبێت.

کاتێك هاوبەش پەیداکەران دەوری ئەشکەوتەکەیان دا، تەواو لێیانەوە نزیك بوونەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەبو بەکری دڵنیاکردەوە کە خوای گەورەیان لەگەڵە: ئەبو بەکری سدیق(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ: لەنێو ئەشکەوتەکەدا بووم بەپەیامبەری خوام وت(صلى الله عليه وسلم): ئەگەر یەکێك لەوان سەیر بەرپێی خۆی بکات، ئەوە ئێمە دەبینێ، ئەویش فەرمووی: "ئەی ئەبو بەکر، گومانت چییە بەدوو کەس کە خوای گەورە سێیەمیان بێ؟".

خوای گەورە ئەو دیمەنەی تۆمار کردووە و فەرموویەتی:﴿إِلاَّ تَنْصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لاَ تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا فَأَنْزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ *﴾ [التوبة: ٤٠]،واتا:ئەگەر ئێوە یارمەتی ئەو(پەیامبەرە صلى الله عليه وسلم)نەدەن ئەوە بێگومان خوا یارمەتی داوە کاتێك بێ بڕوایان دەریان کرد لەمەککە پەیامبەر یەکێك بوو لەو دوو کەسە کاتێك ئەو دووانە(پەیامبەر و ئەبو بەکر) لەئەشکەوتی(ثور)دا بوون ئەو کاتە بەهاوەڵەکەی(بە ئەبو بەکری صدیقی)ووت خەم مەخۆ بێگومان خوا لەگەڵمانە ئەمجا خوا ئارامی و ئاسایشی بۆ ناردە خوارەوە، وە یامەتیدا بە سەربازانێك کە نەتاندەبینن ووتەی بێ باوەڕانی گێڕا بەژێر کەوتوو و ووتەی خوا هەر بەرز و بڵندە وە خوا زاڵ و بالآدەست و کاردروستە.

لەدوای مانەوەی سێ رۆژی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەنێو ئەشکەوتەکەدا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ ئەبو بەکری هاوڕێیدا لەنێو ئەشکەوتەکە دەرچوو، بارودۆخ ئارام بوویەوە، هاوبەش پەیداکەران بێ ئومێد ببوون لەگەیشتن بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم). وەك وتمان: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و ئەبو بەکر پیاوێکی نەوەی ئەلدەجلیان بەکرێ گرتبوو کە ناوی عبداللەی کوڕی ئورەیقەت بوو، هاوبەش پەیداکەر بوو،ئەڵێ: بەئەمانەتپارێزمان دەزانی، هەردوو وشترەکەمان پێ دا و دوای سێ شەو خۆی گەیاندە ئەشکەوتی سەور، لەکاتی دیاریکراودا گەیشتە شوێنی دیاریکراو، بەڕێگەیەکی تردا بردنی کە باو نەبوو، ئەوەش بۆ ئەوەی بیشارێتەوە لەو بیباوەڕانەی قورەیش کە بەدوایانەوە بوون. کەس نەیدەزانی رووبان کردووەتە کوێ، هەتاوەکو جنۆکەیەك لەوپەڕی مەککەوە بەگۆرانیی عەرەبییەوە کە هەموان گوێیان لێ بوو، بەگۆرانییەوە ئەیووت:

جزى الله رب الناس خير جزائه رفيقين حلا خيمتي أم معبد

هما نزلاها بالهدى واغتدوا به فأفلح من أمسى رفيق محمد

ليهن بني كعب مكان فتاتهم ومقعدها للمؤمنين بمرصد

واتا: خوای گەورە کە پەروەردگاری خەڵکییە باشترین پاداشتی ئەو دوو هاوڕێیە بداتەوە کە لەدەواری ئوم مەعبەددا بوون و لەوێدا بەیانییان کردەوە، بەختەوەر بوو ئەو کەسەی هاودەمیی موحەممەدی کرد و با نەوەی کەعب دڵخۆش بن بەپێگەی گەنجەکەیان.

عائیشە ئەڵێ: کە گوێمان لەقسەکەی بوو، زانیمان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رووی کردووەتە مەدینە و چوار کەس بوون، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و ئەبو بەکر و عامری کوڕی فەهیرە و عبداللەی کوڕی ئەرقەد کە ڕێبەری ڕێگەیان بوون.

لە عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوەیمی کوڕی ساعیدەوە ئەڵێ: پیاوانێك لەقەومەکەم لەهاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆیان باسکردم وتیان: کاتێ گوێمان

لە دەرچوونی پەیامبەری خوا بوو(صلی الله علیه وسلم) لەمەککە، هەموو بەیانیانێك دەهاتینە دەشتی مەدینە و چاوەڕوانییمان دەکرد تاوەکو گەرمای نیوەڕۆ، هەموو رۆژێك وەهامان دەکرد، رۆژێك کە چاوەڕوانییمان زۆری کێشا و گەڕابووینەوە ماڵەکانمان، پیاوێکی جولەکە لەقوڵە و سەربانێکی بەرزی خۆیانەوە تەماشای دەکرد و چاوی کەوتە سەر پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، بینی دوو پیاوی بەرگ سپی کە تراویلکەکە نەیدەهێشت باش بیانبینێ، بەڕێگاوەن بەرەو مەدینە دێن، خۆی پێ رانەگیرا و بەدەنگی بەرز هاواری کرد: ئەی کۆمەڵی عەرەب وا باپیرە و گەورەکەتان هات، ئەوەی ئێوە چاوەڕوانیی دەکەن، دەرچووین بۆلای پەیامبەری خوا و لەژێر سێبەری دار خورمایەکدا بوو ئەبو بەکریشی لەگەڵدا بوو لەتەمەنی ئەودا بوو، زۆربەمان پێشتر پەیامبەری خوامان نەبینیبوو، لەئەبو بەکرمان جیا نەدەکردەوە تاوەکو سێبەرەکە لای دا و ئەبو بەکر هەڵسا بەعەباکەی سێبەری بۆ کرد، ئەوکات ناسیمانەوە. وەك باس دەکەن، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دابەزییە مالّی کەلسومی کوڕی هەدم بۆرای نەوەی عەمری کوڕی عەوف، ئەوتریّ بەڵکو دابەزییە لای سەعدی کوڕی خەیسەمە.

ئەو کەسەی ئەوەی باس کردووە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دابەزییە مالّی کەلسومی کوڕی هەدم، کە دەردەچوو بۆ بینینی خەڵك لەمالّی سەعدی کوڕی خەیسەمە دادەنیشت، چونکە کوڕی خەیسەمە سەڵت و بێ کەسوکار بوو، کۆچەرە سەڵتەکانی هاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەوێ بوون، جا ئەوەی لەوێ بووە وتوویەتی، دادەبەزییە مالّی سەعدی کوڕی خەیسەمە، بەمالّی سەعد ئەوترا مالّی عازەبان.

ئەبو بەکر دابەزییە مالّی خوبەیبی کوڕی ئیساف لەئەلسونح، بۆرای نەوەی ئەلحارسی کوڕی ئەلخەزرەج. عەلی کوڕی ئەبو تالّیب(خوای لێ رازیی بێ) سێ شەو و رۆژ لەمەککە مایەوە تاوەکو ئەو ئەمانەتانەی خەڵکیی بگێڕێتەوە کە لای پەیامبەری خوا دانرا بوون، بۆ ئەوەی ئەوانە بگێڕێتەوە و خۆی بگەیەنێ بەپەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و لەگەڵیدا دابەزێتە مالّی کەلسومی کوڕی هەدم. عەلی دەیووت مانەوەی لەقوباء بووە لای

ئافرەتێکی موسڵمانی بێ مێرد بۆ ماوەی شەوێ یان دوو شەو، ئەیووت: دابەزیمە قوبا بۆلای ئافرەتێکی موسڵمانی بێ مێرد و لەتاریکایی شەودا کەسێك دەهات و لەدەرگای ماڵەکەی دەدا و ئەویش دەردەچوو بۆلای و کابرا شتێکی پێ بوو پێی دەدا، بۆیە پێمووت: ئەی بەندەی خوا ئەم پیاوە کێیە هەموو شەوێك لەدەرگات دەدات و تۆیش دەردەچی بۆلای و شتێکت پێ دەدات؟ نازانم کێیە و تۆیش ئافرەتێکی موسڵمانی بێ مێردی. ئەویش وتی: ئەوە سەهلی کوڕی حونەیفی کوڕی واهیبە، ئەزانێ ئافرەتێکی بێ کەسم، شەوان دەچێتەسەر بتەکانی قەومەکەی و دەیانشکێنێ و وردیان دەکات و بۆ منی دەهێنێ تاوەکو بۆ سووتەمەنیی بەکاریانبهێنم. عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب ئەو کارەی سەهلی کوڕی حونەیفی گێڕایەوە کاتێك لەعێراقدا شەهید بوو.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەقوبائدا لەڕۆژانی دووشەممە و سێشەممە و چوارشەممە و پێنجشەممەدا لەماڵی نەوەی عەمری کوڕی عەوف مایەوە مزگەوتەکەی بۆیان دروستکرد و پاشان خوای گەورە لەڕۆژی جومعەدا لەنێویاندا بەڕێیکرد. نەوەی عەمری کوڕی عەوف وەهای دادەنێن کە زیاتر لەو ڕۆژانە تیایاندا ماوەتەوە، خواش زاناترە. هەندێکیان ئەڵێن دە ڕۆژ و شتێك لەقوبائدا ماوەتەوە.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: زانایانی پێشین جیاوازن لەبارەی ماوەی مانەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەدوای بوونی بەپەیامبەر، هەندێکیان ئەڵێن: ماوەی مانەوەی لەمەککە تاوەکو کۆچکردنی بۆ مەدینە، دە ساڵ بووە.

لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەچل ساڵییدا بووە بەپەیامبەر، دە ساڵ لەمەککەدا مایەوە.

لەئەبی سەلەمەی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە ئەڵێ: عائیشە و ئیبن عەباس هەواڵیان پێدام کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دە ساڵ لەمەککەدا مایەوە و قورئانی بۆ دادەبەزی.

هەندێکی تر ئەڵێن: بەڵکو لەدوای بوون بەپەیامبەر، سیانزە ساڵ لەمەککەدا ماوەتەوە.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سیانزە ساڵ لەمەککەدا مایەوە و وەحی بۆ دادەبەزی.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەچل ساڵییدا بووە پەیامبەر و سیانزە ساڵ لەمەککەدا مایەوە.

هەندێکی تر ئەڵێن: پانزە ساڵ لەمەککەدا ماوەتەوە.

لەئەلشەعبییەوە ئەڵێ: ئیسرافیل بۆ ماوەی سێ ساڵ پەیامبەرایەتیی بەگوێدا چرپاندووە بەڵام بەچاو نەیبینیووە، پاشان جبریل(سەلامی خوای لەسەربێ) ئەوەی بەگوێدا چرپاندووە. واقیدیی ئەڵێ: ئەوەم بۆ موحەممەدی کوڕی ساڵحی کوڕی دینار باسکرد، ئەویش وتی: ئەی برازا، سوێند بەخوا گوێم لەعبداللەی کوڕی ئەبو بەکری کوڕی حەزم و عاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادە بوو لەمزگەوتدا قسە و باسیان دەکرد و پیاوێکی خەڵکی عێراقیش ئەوەی بۆ باسکردن، هەردووکیان ئەوەیان ڕەتکردەوە و وتیان: نەمانبیستووە و نەمانزانیووە تەنیا ئەوە نەبێ کە جبریل بەگوێیدا چرپاندووە و لەڕۆژێ بەپەیامبەربوونیدا تاوەکو ڕۆژێ کۆچی دوایی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، وەحی بۆ پەیامبەری خوا هێناوە.

باسکردنی ئەو کاتەی کە مێژووی تێدا بەکارهێناوە

لەئیبن شیهارەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کاتێ هات بۆ مەدینە و لەمانگی ڕەبیعی یەکەمدا بوو، فرمانی کرد مێژوو بنووسرێت.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: باس دەکرێ کە لەهاتنیەوە مانگ و دوو مانگیان ژماردووە تاوەکو ساڵەکە تەواو بووە. ئەوترێ یەکەمین کەسێك لەئیسلامدا فرمانی کردبێ مێژوو بنووسرێتەوە، عومەری کوڕی خەتاب بووە(خوای لێ ڕازیی بێ)، ئەم باسە لەئەلشەعبییەوە هاتووە ئەڵێ: ئەبو موسای ئەشعەری نامەی بۆ عومەر نارد کە نامە لەلایەن تۆوە دێت و مێژووی لەسەر نییە. عومەریش خەڵکی کۆکردەوە بۆ ڕاوێژکردن، هەندێکیان وتیان: مێژووی بوون بەپەیامبەر بوونی موحەممەد(صلى الله عليه وسلم)

بکەرە سەرەتای مێژوو، هەندێکی تر وتیان: کۆچکردنی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بکەرە سەرەتای مێژوو، عومەریش وتی: کۆچکردنی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ مەدینە دەکەینە سەرەتای مێژوو، چونکە کۆچکردنەکەی، جیاکردنەوەی نێوان حەق و ناحەق(باتل) بوو.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رۆژی دووشەممە لەدایکبووە، رۆژی دووشەممە بووە پەیامبەر و رۆژی دووشەممە بەردە رەشەکەی بەرزکردەوە و رۆژی دووشەممە کۆچی کرد بۆ مەدینە و رۆژی دووشەممە گەیشتە مەدینە و رۆژی دووشەممەش کۆچی دوایی کرد.

باسکردنی ئەو کاروبارانەی لەیەکەم ساڵی کۆچییدا باسکراون

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: پێشتر باسمان کرد لەبارەی هاتنی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ مەدینە و ئەو شوێنەی کە تیایدا دابەزی و دابەزییە لای کێ و ماوەی مانەوەی لەوێ و کاتی رۆیشتنی، جا ئێستا با باس لەوە بکەین کە پێشتر باسمان نەکردووە لەبابەت ساڵی هاتنییەوە، واتا ساڵی یەکەمی کۆچ، لەوانە، ئەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو رۆژی جومعەیەی کە تیایدا قوبائی بەجێهێشت، هاوەڵانی کۆکردەوە، لەرۆژی جومعەدا کە هاوەڵانی بەجێهێشت و رووە و مەدینە رۆیشت، لەنەوەی سالمی کوڕی عەوف لەنێو دۆڵ و شیوەکەیدا بەکاتی نوێژی جومعە گەیشت،وەک ئەوەی هەواڵم پێگەیشتووە، لەو شوێنەدا مزگەوتێکی دروستکرد و ئەوە یەکەمین جومعەیەک بوو لەئیسلامدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەنجامی دا و وتاری تێدا خوێند، وەک وتراوە یەکەمین وتارێک بوو لەمەدینەدا خوێندییەوە.

وتاری پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەیەکەمین جومعەی لەمەدینەدا

سەعیدی کوڕی عەبدولڕەحمان ئەلجومەحیی باسیکردووە کە پێیگەیشتووە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) یەکەمین وتارێکی جومعەی ئەنجامی دابێ و نوێژی

تێدا کردبێ، لەمەدینەدا بووە لەنەوەی سالمی کوڕی عەوف و ئەم وتارە بووە:"الحمد لله أحمده وأستعينه وأستغفره وأستهديه وأؤمن به ولا أكفره وأعادي من يكفره وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأن محمدا عبده ورسوله أرسله بالهدى والنور والموعظة على فترة من الرسل وقلة من العلم وضلالة من الناس وانقطاع من الزمان ودنو من الساعة وقرب من الأجل من يطع الله ورسوله فقد رشد ومن يعصهما فقد غوى وفرط وضل ضلالا بعيدا وأوصيكم بتقوى الله فإنه خير ما أوصى به المسلم المسلم أن يحضه على الآخرة وأن يأمره بتقوى الله فاحذروا ما حذركم الله من نفسه ولا أفضل من ذلك نصيحة ولا أفضل من ذلك ذكرا وإن تقوى الله لمن عمل به على وجل ومخافة من ربه عون صدق على ما تبغون من أمر الآخرة ومن يصلح الذي بينه وبين الله من أمره في السر والعلانية لا ينوي بذلك إلا وجه الله يكن له ذكرا في عاجل أمره وذخرا فيما بعدالموت حين يفتقر المرء إلى ما قدم وما كان من سوى ذلك يود لو أن بينها وبينه أمدا بعيدا ويحذركم الله نفسه والله رؤوف بالعباد والذي صدق قوله وأنجز وعده لا خلف لذلك فإنه يقول عز و جل ما يبدل القول لدي وما أنا بظلام للعبيد . فاتقوا الله في عاجل أمركم وآجله في السر والعلانية فإنه من يتق الله يكفر عنه سيئاته ويعظم له أجرا ومن يتق الله فقد فاز فوزا عظيما وإن تقوى الله يوقي مقته ويوقي عقوبته ويوقي سخطه وإن تقوى الله يبيض الوجوه ويرضي الرب ويرفع الدرجة خذوا بحظكم ولا تفرطوا في جنب الله قد علمكم الله كتابه ونهج لكم سبيله ليعلم الذين صدقوا ويعلم الكاذبين فأحسنوا كما أحسن الله إليكم وعادوا أعداءه وجاهدوا في الله حق جهاده هو اجتباكم وسماكم المسلمين ليهلك من هلك عن بينة ويحيا من حي عن بينة ولا قوة إلا بالله فأكثروا ذكر الله واعملوا لما بعد اليوم فإنه من يصلح ما بينه وبين الله يكفه الله ما بينه وبين الناس ذلك بأن الله يقضي على الناس ولا يقضون عليه ويملك من الناس ولا يملكون منه الله أكبر ولا قوة إلا بالله العظيم.

واتا: سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەکەم و داوای لێخۆشبوون و هیدایەتی لێ دەکەم، باوەڕم پێی هەیە و بێباوەڕیی بەرانبەر ناکەم، دوژمنایەتیی ئەو کەسە دەکەم کە بێباوەڕیی بەرانبەر دەکات، شایەتیی دەدەم کە هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە

جگە لە اللە و موحەممەدیش بەندە و پەیامبەری خۆیەتی، بەهیدایەت و رووناکی و ئامۆژگارییەوە ناردوویەتی لەدوای هەموو پەیامبەران و کەمیی زانست و گومڕایی خەڵک و لەسەردەمی نزیك لەقیامەت و مردن، هەرکەسێك گوێڕایەڵی خوا و پەیامبەر بێ، ئەوە هیدایەتی وەرگرتووە، هەرکەسێکیش سەرپێچییان بکات، ئەوە لادەر و وێڵ و گومڕا بووە بەگومڕاییەکی دوور، وەسێتتان پێ دەکەم بەلەخواترسان، ئەوە باشترین وەسێتێکە مرۆڤی موسڵمان وەسێتی موسڵمانی پێ بکات و هاندانی بۆ بکات بۆ ئاخیرەت و فرمانی پێ بکات بەتەقوای خوا، ئاممان وریابن لەوەی خوای گەورە دەرهەق بەخۆی وریایی پێ داون، باشترێکی تر لەو دڵسۆزی و یادکردنەوەیە بوونی نییە، تەقوای خوا بۆ ئەو کەسەیە بەدڵ لەخوا دەترسێ و بەڕاستییەوە بۆ ئاخیرەت تێدەکۆشێ، هەرکەسێك دڵسۆزانە نێوان خۆی و خوا چاك بکات لەنهێنی و ئاشکرادا، ئەوە لەدونیادا یادی جوان و لەئاخیرەتیشدا گەنجینەی زۆری هەیە لەو کاتەی مرۆڤ پێویستی بەو کارە هەیە کە پێشیخستووە. خوای گەورە هۆشدارییتان پێ دەدات دەرهەق بەمافی خۆی، بەسۆز و بەزەییشە بەرانبەر بەبەندەکانی و بەڵێن و پەیمانی خۆی بەدیدەهێنێ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَا يُبَدَّلُ ٱلْقَوْلُ لَدَىَّ وَمَآ أَنَا۠ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٢٩﴾﴾ق: ٢٩. بۆ دونیا و قیامەتتان لەنهێنی و ئاشکرادا لەخوا بترسێن، هەرکەسێك لەخوا بترسێ، تاوانەکانی لەسەر هەڵدەوەرێت و پاداشتی گەورەش دەدرێت، بردنەوەیەکی گەورەی بۆ هەیە، تەقوای خوا ئەو کەسە دەپارێزێ لەتووڕەیی و سزای خوای گەورە، رووەتی باوەڕدار پێی جوان دەبێ و مایەی رازیبوونی خوای گەورە و بەرزبوونەوەی پلەو پایەیە، بۆیە پشکی خۆتان لەتەقوا وەربگرن و خەمساردیی مەکەن، خوای گەورە وا فێری قورئانی خۆی کردوون و رێگەی خۆی بۆ رووبکردوونەتەوە تاوەکو راستگۆ و درۆزنان لەیەك جیابکرێنەوە، بۆیە چاکە بکەن هەروەك خوای گەورە چاکەی بەرانبەر کردوون، دوژمنایەتیی دوژمنەکانی بکەن و لەپێناو خوای گەورە جیهاد بکەن و مافی جیهاد و تێکۆشانی بدەن، ئەوە خوای گەورەیە ئێوەی باو داوە و ناوی لێناون موسڵمانان، با تیابچێ ئەو کەسەی بەم بەڵگە

رووبە تیادەچێ و بژێ ئەو کەسەی بەم بەڵگە رووبە دەژێ، هەموو هێز و گۆڕانکارییەک بەبوونی خوای گەورەوە بوونی هەیە،بۆیە زۆر یادی خوای گەورە بکەن و کار بکەن بۆ ئاخیرەت، بێگومان هەرکەسێك نێوان خۆی و خوای گەورە چاك بکات، خوای گەورە نێوان ئەو بەندەیە و خەڵکیی چاك دەکات، ئەو بەسەر خەڵکییدا زاڵ دەکات و خەڵکیی بەسەردا زاڵ ناکات، الله أكبر ولا قوة إلا بالله العظيم.

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سەرکەوتەسەر وشترەکەی و جڵەوەکەی بەردا و بەلای هەر مااڵێکی ئەنساردا تێپەڕ دەبوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆی دەپاڕایەوە، خەڵکەکە داوایان لێ دەکرد لای ئەوان دابەزێت و ئەیانووت: ئەی پەیامبەری خوا، وەرە هەموو شتێکت لەسەر ئێمەیە. ئەویش دەیفەرموو:"بەر بەوشترەکە مەگرن، جڵەوی بەربدەن، خۆی فرمان پێکراوە بۆ کوێ بچێت". رۆیشت تاوەکو گەیشتە شوێن مزگەوتەکەی ئەمڕۆی، لەبەر دەرگاکەی دانیشت، لەو رۆژانەدا ئەو شوێنە(شوێنی بەستنەوەی ئاژەڵی) دوو تازە لاوی بێ باوکی نەوەی ئەلنەجاڕ بوو لەماڵی موعازی کوڕی عەفراء بوون، یەکێکیان ناوی سەهل بوو، ئەوی تریشیان سوهەیل، کوڕانی عەمری کوڕی عەبدادی کوڕی سەعلەبەی کوڕی غەنەمی کوڕی مالیکی کوڕی ئەلنەجاڕ، ئەبو ئەیووب کۆڵوبارەکەی هەڵگرت و لەماڵی خۆی داینا، ئەنسارەکان داوایان لێکرد لابداتە لای ئەوان، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"مرۆڤ لەگەڵ کۆڵ و بارەکەیدا دەبێ". دابەزییە لای ئەبو ئەیووب خالیدی کوڕی زەیدی کوڕی کولەیب لەنەوەی غەنەمی کوڕی ئەلنەجاڕ.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەبارەی ئەو شوێنەوە پرسی کە هی کێیە؟ موعازی کوڕی عەفراء وتی: ئەوە هی دوو هەتیووە و لای منن و خۆم رازییان دەکەم. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی پێ کرد مزگەوتێك دروست بکات و دابەزییە لای ئەبو ئەیووب تاوەکو مزگەوتەکە و خانووەکانی دروستکرد. ئەوتریش کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) شوێنی مزگەوتەکەی کڕی و پاشان دروستیکرد، راست و رەوان لای ئێمە ئەوەیە کە ئەنەسی کوڕی مالیك گێڕاوێتییەوە و ئەڵێ: شوێنی

مزگەوتەکەی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) هی نەوەی ئەلنەجارِ بوو، دار خورما و کشتوکاڵی و هەندێ گۆڕی سەردەمی نەفامیی تێدا هەبوو، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) پێیفەرموون:"بۆم بینرخێنن". وتیان: ئێمە هیچ نرخێکمان ناوێ جگە لەپاداشتی لای خوای گەورە. پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) فرمانی کرد بەبڕینەوەی دارخورماکان و لابردنی گۆڕەکان.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەخۆی و هاوەڵانی لەکۆچەران و پشتیوانان مزگەوتەکەی دروستکرد لەو ساڵەی کە مزگەوتی قوبائی دروستکرد. وەک باس دەکرێت یەکەمین کەسێك مردبێ دوای هاتنی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بۆ مەدینە، خاوەن ماڵەکەی بووە کە کەلسومی کوڕی ئەلهەدم بوو،بەچەند رۆژێکی کەم دوای هاتنی، کۆچی دوایی کرد، پاشان زۆری نەخایاند لەساڵی هاتنیدا ئەبو ئومامە کۆچی دوایی کرد، ئەسعەدی کوڕی زورارە، پێش ئەوەی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەبوونیاتنانی مزگەوتەکەی ببێتەوە، بەنەخۆشیی دڵ و هەناسە تەنگیی کۆچی دوایی کرد.

عاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادە ئەلئەنساریی باسیکردووە، کاتێك ئەبو ئومامە ئەسعەدی کوڕی زورارە کۆچی دوایی کرد، نەوەی ئەلنەجارِ لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کۆبوونەوە، ئەبو ئومامە گەورە و سەرمەشقیان بوو، وتیان: ئەی پەیامبەری خوا، وەک دەزانی ئەو پیاوە لەنێو ئێمەدا خاوەن پێگە بوو، یەکێك لەخۆمان هەڵبژێرە جێی ئەومان بۆ بگرێتەوە، پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"ئێوە خاڵوانی منن، من لە ئێوە و هەڵبژاردەی ئێوەم". پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) حەزی نەکرد یەکێکیان تایبەت بکات بەسەر ئەوانی تریاندا،بۆیە یەکێك لەفەزڵ و گەورەییەکانی نەوەی ئەلنەجارِ ئەوە بوو، پەیامبەری خوا بووە هەڵبژاردە و سەرمەشقیان.

لەو ساڵەدا ئەبو ئەحەیحە بەسەروەتەکەیەوە لەتائیف تیاچوو، وەلیدی کوڕی موغیرەی کوڕی وائیل ئەلسەهمیی لەمەککەدا مرد، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)

دوای هاتنی بۆ مەدینە بەهەشت مانگ، عائیشەی گواستەوە، هەندێك دەڵێن دوای حەوت مانگ و لەمانگی شەوالدا بوو.

لەعەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبی ئەلزەحاکەوە ئەویش لەپیاوێکی قورەیشییەوە ئەویش لەعەبدولڕەحمانی کوڕی موحەممەدەوە کە عبداللەی کوڕی سەفوان پیاوێکی لەگەڵدا بوون هاتن بۆلای عائیشە. عائیشە وتی: گوێت لەفەرموودە و باسەکەی حەفسە بووە؟ وتی: بەڵێ ئەی دایکی ئیمانداران. عبداللەی کوڕی سەفوان وتی: ئەو قسەیە چییە؟ عائیشە وتی: نۆ تایبەتمەندیی بۆ من هەیە لەهیچ ئافرەتێکدا نییە و تەنیا خوای گەورە بەخشیوێتی بەمەریەمی کچی عیمران،سوێند بەخوا ئەمە بۆ شانازی و خۆهەڵکێشان نایڵێم بەسەر ژنانی دیکەی پەیامبەری خوادا. عبدالله وتی: ئەو تایبەتمەندییانە چین؟ عائیشە وتی: فریشتە لەشێوەی منداڵدابەزی و پەیامبەری خوا لەشەش سالاندا مارەی کردم و لە نۆ سالاندا پێشکەشی کرام و هیچ کەسێك لەوەدا بەشدار نەبوو، وەحی بۆ دەهات و من و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەژێر یەك چەرچەفدا بووین، ئایەتی قورئان لەبارەی منەوە دابەزی لەکاتێدا نزیك بوو ئوممەت تیابچێ، جبریلم بینی و جگە لە من، هیچ خێزانێکی پەیامبەری خوا ئەوی نەبینی، لەمانگی منداڵ کۆچی دوایی کرد و تەنیا فریشتەی گیانکێشان و من ئامادەبیمان هەبوو.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: وتراوە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەشەوال و لەڕۆژی چوارشەممە لەمانگی ئەبو بەکر لەئەلسونەح گواستنەوەی کردووە و چووەتە لایەوە، هەر لەو ساڵەدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) زەیدی کوڕی حاریسە و ئەبا رافیعی نارد بۆ مەککە تاوەکو کچەکانی و سەودەی کچی زەمعە کە خێزانی بوو بهێنن بۆ مەدینە. وەك باس دەکرێت کاتێك عبداللەی کوڕی ئورەیقت گەڕایەوە مەککە و هەواڵی ئەبو بەکری بەعبداللەی کوڕی ئەبو بەکر گەیاند، عبداللەش خێزان و مااڵ و منداڵی باوکی دەرکرد، تەڵحەی کوڕی عوبەیدوللەش ئوم رومانی خستە تەکیان کە دایکی عائیشە و عبداللەی کوڕی ئەبو بەکر بوو، دەرچوون تاوەکو گەیشتنە مەککە،لەو ساڵەدا دوو رکات بۆ نوێژی کەسێك زیاتر بوو کە لەشار و شوێنی خۆیدا ئەنجامی دەدا(واتا لەدوو رکاتەوە

بووە چوار رکات)، پێشتر نوێژی رێبوار و خەڵکی شوێنەکە دوو رکات بوو، ئەوەش دوای هاتنی پەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم) بۆ مەدینە بەمانگێك و لەمانگی رەبیعی دووەمدا کە دوانزە شەوی لێ ڕۆیشتبوو، واقیدیی وەهای داناوە کە لەنێوان خەڵکی حیجازدا لەو بارەیەوە ناکۆکیی نییە. هەندێکیان ئەڵێن لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی زوبەیر لەدایك بووە، بەقسەی واقیدیی لەساڵی دووەمدا بووە، لەساڵی دووەمی هاتنی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ مەدینە لەمانگی شەوالدا.

موحەممەدی کوڕی عومەری واقیدیی ئەڵێ: کوڕی زوبەیر بەبیست مانگ دوای کۆچکردن بۆ مەدینە لەدایکبوو، ئەبو جەعفەر ئەڵێ: یەکەمین منداڵێکی کۆچەران بوو لەولاتی کۆچ لەدایکبوو، وەك دەوترێت هاوەلانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەو لەدایکبوونە(الله أكبر)یان کرد، چونکە موسڵمانەکان ئەوە باس دەکەن، جولەکەکان دەیانووت سیحریان لێکردوون منداڵیان نەبێ، بۆیە لەخۆشیی بەدرۆخستنەوەی خوا بۆ جولەکە(الله أكبر)یان کرد. وتوویانە: وتراوە ئەسمائی کچی ئەبو بەکر بەسکپڕبوون بەعبداللەوە کۆچی کردووە بۆ مەدینە. هەروەها وتراوە: نوعمانی کوڕی بەشیر لەو ساڵەدا لەدایکبوو، یەکەمین منداڵێکی لەدایکبووی ئەنسار بووە لەدوای کۆچی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆڵای ئەنسار. واقیدیی ئەوەی رەتکردووەتەوە.

واقیدیی وەهای داناوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو ساڵە و لەمانگی رەمەزان لەسەرەتای حەوتەمین مانگی کۆچکردنیدا، ئالآیەکی سپیی بەحەمزەی کوڕی عەبدولموتەڵیب داوە سەرکردایەتی سی پیاوی کۆچەران بکات بۆ ڕێگرتن لەکاروانی وشترەکانی قورەیش، حەمزەش بەئەبو جەهل گەیشتووە کە سێسەد پیاوی لەگەڵدا بووە و مەجدیی کوڕی عەمری ئەلجوهەنیی کەوتووەتە نێوانیانەوە و نەیهێشتووە شەڕیان لەنێواندا ڕووبدات، ئیتر بلآوەیان لێکردووە، ئەبو مەرسەد ئالآهەڵگری حەمزە بوو، هەروەها پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەسەرەتای هەشتەمین مانگی کۆچکردنیدا ئالآیەکی سپیی بە عوبەیدەی کوڕی ئەلحارسی کوڕی ئەلموتەڵیبی کوڕی عەبد مەناف داوە و فرمانی پێکردووە بەڕێبکەوێ بۆ رابغ و ئالآکەی لەدەست میستەحی

کـوڕی ئوساسـە بوو،بەشەسـت کۆچـەرییەوە کـە هـیچ ئەنسـارییەکیان لەگەڵـدا نـەبوو، گەیشـتە کەنـدەلآنی ئـەلموڕە لای ئەلجوحفـە، لەسـەر ئاوێـك کـە پێیـدەوترا(أحیـاء) بەهاوبـەش پەیداکـەران گەیشـتن و تـەنیا تـیر لەیـەکتر هاوێشـتنیان لەنێواندا رووی دا، جیاوازبوونە لەسەر ئەوەی کێ ئەمیری هاوبەش پەیداکەران بووە، هەندێکیان وتوویانە ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب بووە، هەندێکی تر وتوویانە بەڵکو میکـرەزی کـوڕی حـەفس بووە. واقیدیی ئەڵێ: دڵنیاییم بینیووە کە ئـەبو سـوفیانی کـوڕی حـەرب ئـەمیر بـووە و سەرکردەی دوو سەد هاوبەش پەیداکەر بووە. هەروەها پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسلم) ئاڵایەکی سپیی بەسەعدی کوڕی ئەبو وەقاس داوە بۆ چـوونە ئەلخـەرار لـەمانگی زی ئەلقەعیدە و ئەلمیقدادی کـوڕی عـەمر ئاڵاهـەڵگر بـووە. لـەعامری کـوڕی سـەعدەوە ئەویش لەباوکییەوە ئەڵێ: بەبیست پیاو بەپیادە دەرچـووین یـان وتـی بەبیسـت و یـەك پیاو، بەڕۆژ بۆسەمان دادەنا و بەشەو رێگەمان دەبڕی، تاوەکو لەئەلخەرار بەیانیی زووی پێنجهەمین رۆژمان کردەوە، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەڵێنی لێ وەرگرتم کە ئەلخەرار تێنەپەڕێنم، بەڵآم کاروانی وشترەکان رۆژێ پێش من بەوێ گەیشـتبوو شەسـت کەس بوون، هەموو ئەوانەی لەگەڵ سەعد بوون، کۆچەران بوون.

سالّی دووەمی کۆچی

لەقسەی تەواوی ئەهلی سـیرەدا هـاتووە، کـە پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) لەمانگی رەبیعـی یەکەمـدا بـەخۆی چـووە سـەر ئـەبواء، ئـەوترێ وەدانیش،لەنێوانیانـدا شەش میل هـەبوو، لـەخوارەوەی بـوو، پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) لـەکاتی دەرچوونی لەمەدینە،سەعدی کوڕی عوبادەی کوڕی دولەیمی بەسەرپەرشـتیاری مەدینـە بەجێهێشـت، ئاڵاهەڵگریشـی لـەو غەزایـەدا حـەمزەی کـوڕی عەبدولموتـەڵیب بـوو، وەك باسدەکرێت ئاڵاکەی سپیی بووە.

واقیدیی ئەڵێ: پانزە شەو لەوێدا مایەوە پاشان گەڕایەوە مەدینە.

واقیدیی ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەدوو سەد هاوەڵییەوە لەمانگی ڕەبیعی یەکەمدا دەرچوو بۆ غەزا تاوەکو گەیشتە بوات(بواط) بۆ ڕێگرتن لەکاروانی وشترەکانی قورەیش، ئومەییەی کوڕی خەڵەف و سەد پیاوی قورەیش بەهەزار و پێنجسەد وشترەوە هاتبوون، پاشان گەڕایەوە و پێیان نەگەیشت،لەو غەزایەدا سەعدی کوڕی موعازی بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشتبوو،پاشان لەمانگی ڕەبیعی یەکەمدا لەگەڵ هەندێ لەکۆچەران دەرچوو بۆ دەستگیرکردنی کرزینی کوڕی جابری فەهریی کە پەلاماری ئاژەڵانی مەدینەی دابوو، لەئەنجامدا ئاژەڵی دەلەوەڕاند و ئەو پەلامارەی ئەنجام دابوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەدوایدا ڕۆیشت تاوەکو گەیشتە بەدر و چنگی نەخست، ئالأهەڵگری لەو غەزایەدا عەلی کوڕی ئەبو تالێب بوو(خوای لێ ڕازیی بێ)، زەیدی کوڕی حاریسەشی بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشتبوو. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو مانگەدا دەرچوو بۆ ڕێگرتن لەکاروانەکانی قورەیش کە بەرەو شام دەڕۆیشت، کۆچەران لەو غەزایەدا بەشداربوون و ناونرا غەزوەی زات ئەلعەشیرە(ذات العشيرة) تاوەکو گەیشتە یەنبوع، ئەبا سەلەمەی کوڕی عەبد ئەلئەسەدی بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشت، حەمزەی کوڕی عەبدولموتەڵیبیش ئالأهەڵگری بوو. لەعەمماری کوڕی یاسرەوە ئەڵێ: من و عەلی دوو هاوڕێ بووین لەگەڵ پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) لەغەزای ئەلعەشیرەدا، لامانداینە شوێنێك بینیمان هەندێ پیاوی نەوەی مودلیج لەدارخورماکانی خۆیان کاریان دەکرد، وتمان با بڕۆین تەماشایان بکەین بزانین چی دەکەن؟ ڕۆیشتین و کاتژمێرێك تەماشامانکردن و پاشان خەومان دەهات، چوویینە سێبەر دار خورمایەك و لەسەر خۆڵەکە لێی خەوتین، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هات هەڵیساندین و بەقاچەکانی عەلیی جولاند و فەرمووی:"ئەی ئەبا تۆراب هەڵسە،ئایە پێت بڵێم بەدبەختترینی خەڵکیی کێیە، سوورەکەی سەمود کە وشترەکەی سەربڕی و ئەو کەسەی ئەی عەلی لێرەت دەدا و خوێناویی ئەمە دەکات"ڕیشی گرت.

بەسەهلی کوڕی سەعد وترا: ئەمیرێکی مەدینە دەیەوێ نامەت بۆ بنێرێ لەسەر ئەوەی لەسەر مینبەرەوە جنێو بەعەلیی دەدەی. وتی: چی ئەڵێم؟ وتی: ئەڵێی ئەبا تـوراب. ئەویش وتی: سوێند بەخوا ئەو ناوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لێی ناوە. وترا: چۆن؟ وتی: عەلی چـووەلای فاتیمـە و پاشـان دەرچـوو لەمزگـەوت خەوت،پاشـان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هـات بـۆلای فاتیمـە و فـەرمووی:"کوڕە مامەکـەت لەکوێیـە؟" فاتیمـە وتـی: ئـەوەتا لەمزگـەوت خـەوتووە. پەیامبـەری خـوا هـات و بینـی عەباکەی لەسەر پشت لاچووە و پشتی خـۆڵاوی بـووە، دەسـتی کـردە سـڕینی خـۆڵ و تۆزی سەر پشتی و ئەیفەرموو:"دابنیشـە ئـەی ئـەبا تـوراب". جـا سـوێند بـەخوا ئـەوە پەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم) ئەو ناوەی لێنـا و هـیچ ناوێـك نـەبوو بەلایـەوە خۆشتر بێ لەو ناوە.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: لەو سالّەدا و لەمانگی سەفەردا کـە چـەند شـەوێکی مـابوو، عـەلی کوڕی ئەبو تالّیب(خوای لێ رازیی بێ) فاتیمەی مارە کرد(خـوای لـێ رازیـی بـێ). کـاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەڕۆیشتن بۆ دەستگیرکردنی کورزی کوڕی جـابری ئەلفیهریی گەڕایەوە مەدینە،ئەوەش لەمانگی جەمادی کۆتاییدا بوو.

لەمانگی رەجەبەدا عبداللەی کوڕی جەحشی بەهەشت کۆچەرییەوە نـارد بـۆ ئوحـود و ئەنساریيان تێدا نـەبوو هـەروەك عـوروەی کـوڕی زوبـەیر ئـەوەی باسـکردووە. هەرچـی واقیدییە، ئەوە وەهای داناوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) عبداللـەی کـوڕی جەحشی بەدوانزە کۆچەرییەوە رەوانە کردووە.

لەعوروەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نووسراوێکی بـۆ نووسـی، واتـا بۆ عبداللەی کوڕی جەحش و فرمانی پێکـرد چـاوەڕوانیی نـەکات تـاوەکو دوو رۆژ رێگـە دەبڕێت و پاشان چاوەڕوانیی بکات و ئەوە بکات کـە فرمـانی پـێ کـردووە و زۆر لـەهیچ هاوەڵێکی نەکات. کاتێ عبداللەی کـوڕی جـەحش دوو رۆژ رێگـەی بـڕی، نووسـراوەکەی کردەوە و تەماشایەکی کرد و تیایدا نووسـرابوو: ئەگـەر سـەیری ئـەم نووسـراوەی منـت کرد، بەڕێکەوە تاوەکو لەنێوان مەککـە و تـائیف دادبـەزی و لەوێدا بۆسـە بـۆ قـورەیش

دابنێ، هەواڵی ئەوانمان بۆ بهێنە". کاتێ عبدالله تەماشای کرد، وتی: وا گوێڕایەڵی فرمانت بووم. پاشان بەهاوڕێکانی وت: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی پێکردووم بەڕێکەوم بۆ نەخلە و لەوێدا بۆسە بۆ قورەیش دابنێم و هەواڵی ئەوانی بۆ ببەم، ڕێگریی کردووم زۆر لەهیچ کەسێکتان بکەم، هەرکەسێ لەئێوە شەهیدبوونی دەوێ و حەز لەشەهیدبوون دەکات، با بەڕێکەوێ، هەرکەسێکیش حەزناکات و نایەوێ، ئەوە با بگەڕێتەوە، من وا بەردەوام دەبم لەجێبەجێکردنی فرمانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم). بەڕێکەوت و هاوەڵەکانی لەگەڵیدا بەڕێکەوتن و کەس بەجێی نەهێشت، ڕێگەی حیجازی گرتەبەر تاوەکو گەیشتە مەعدەن لەشوێنێك پێیدەوترا بەحران، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس و عوتبەی کوڕی غەزوان وشترەکانی خۆیانیان لێ ونببوو بەدوایاندا دەگەڕان،عبدالله‌ی کوڕی جەحش و تەواوی هاوەڵەکانی تری لەگەڵیدا بەڕێکەوتن تاوەکو دابەزییە نەخلە، کاروانی وشترەکانی قورەیش بەلایدا تێپەڕبوون کە مێووژ و خواردەمەنی و بازرگانیی قورەیشیان هەڵگرتبوو، عەمری کوڕی ئەلحەزرەمی و عوسمانی کوڕی عبدالله‌ی کوڕی ئەلموغیرە و براکەی تێدا بوو کە نەوفەلی کوڕی عبدالله‌ی کوڕی ئەلموغیرەی مەخزومیی بوو، هەروەها ئەلحەکەمی کوڕی کیسانی خزمەتکاری هیشامی کوڕی موغیرە، کاتێ ئەوانیان بینی، ترسان، چونکە نزیك لەوان دابەزین، عوکاشەی کوڕی موحصەن بۆیان دەرکەوت کە سەری تاشیبوو،کە ئەوانیان بینی، داوای سەلامەتییان کرد، عەممار پێیووتن: مەترسن. لەبارەیەوە ڕاوێژیان کرد، ئەوەش لەکۆتا ڕۆژی ڕەجەبدا بوو، بۆیە وتیان: ئەگەر بهێڵێن ئەم شەویان بەسەردا تێپەڕ ببێ، ئەچنە ناو حەرەمەوە و لەدەستمان دەردەچن، ئەگەر نەچنە ناو حەرەمەوە هەر لەمانگی حەرامدا دەکوژرێن. لەوەدا دوودڵ بوو، بۆیە پەلامارانیان دا، واقیدی کوڕی عبدالله ئەلتەمیمی، تیرێکی گرتە عەمری کوڕی ئەلحەزرەمیی و کوشتی، عوسمانی کوڕی عبدالله و ئەلحەکەمی کوڕی کیسان دەستبەسەر کران و نەوفەلی کوڕی عبدالله لەدەستیان هەڵهات. عبدالله‌ی کوڕی جەحش و هاوەڵانی بەبارە وشترەکان و ئەو دوو دیلەوە هاتن و گەیشتنە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمەدینە. ئەڵێ:لەبنەماڵەی عبدالله‌ی

کوڕی جەحش باسیان کردووە کە عبداللەی کوڕی جەحش بەهاوەڵەکانی وتووە: لەوەی دەستتان دەکەوێ، پێنج یەکی بۆ پەیامبەری خوایە(صلى الله عليه وسلم)، ئەوەش پێش ئەوە بوو کە خوای گەورە پێنج یەك لەغەنیمەتدا فەرز بکات. پێنج یەکی بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرکرد و ئەوی تری بەسەر هاوەڵەکانی خۆیدا دابەشکرد. کاتێ گەیشتنە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، پێی فەرموون:" کەی فرمانم پێکردن لەمانگی حەرامدا شەڕ بکەن". کاروانەکە و دوو دیلەکەی راگرت و قبوڵی نەکرد هیچ شتێك وەربگرێت. کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەوەی فەرموو، هەموو ئەوەی لەدەست ئەو هێزەدا بوو کەوت و وەهایان زانی تازە تیاچوون، موسڵمانەکان زبرییان بەرانبەریان نواند بەو کارەی کردبوویان و وتیان: شتێکتان کردووە کە فرمانی ئەوەتان پێ نەکراوە و لەمانگی پیرۆزدا شەڕتان کردووە. قورەیش ئەو کارەیان گەورە کردەوە و وتیان: موحەممەد و هاوەڵەکانی پیرۆزیی مانگی پیرۆزیان شکاندووە، سەروەت و سامانەکانیان بردووە و پیاوانیان دیل کردووە. ئەو موسڵمانانەی لەمەکە بوون وەڵامیانیان دایەوە بەوەی: لەشەعباندا ئەوەیان پێ کراوە. جولەکەش بەو کارە دڵخۆش بوون و حەزیان دەکرد ئەوە لەدەست موسڵمانەکان قەوماوە، بەڵام خوای گەورە دڵتەنگی کردن و ئایەتی دابەزاند بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم):،واتا:﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ﴾ البقرة: ٢١٧،واتا:پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی مانگی حەرام جەنگ کردن تیایدا.

دابەزینی ئەو ئایەتە، دڵتەنگیی لەسەر موسڵمانان نەهێشت، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) کاروانەکە و دوو دیلەکەی وەرگرت. قورەیش سەروەتی بۆ رزگاریی عوسمانی کوڕی عبدالله و ئەلحەکەمی کوڕی کیسان نارد. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"هیچ بەرانبەرێك وەرناگرین تاوەکو دوو هاوەڵەکەمان نەگەنەوە(واتا سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس و عوتبەی کوڕی غەزوان) ئەترسین شتێکتان بەسەریاندا هێنابێ، ئەگەر ئەوانتان کوشتبێ، ئەوە ئێمەش ئەم دوو کەسەتان دەکوژین". سەعد و

عوتبە گەیشتنەوە مەدینە و پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) خوێنباییانی وەرگرت، بەڵام ئەلحەکەمی کوڕی کیسان بووە موسڵمان بەجوانترین موسڵمانبوونێك و لای پەیامبەری خوا مایەوە تاوەکو لەڕۆژی بیری مەعونەدا شەهید بوو.

پاشماوەی ئەو رووداوانەی لەسالّی دووەمی کۆچییدا رووییان دا

لەوانە،خوای گەورە قیبلەی موسڵمانانی لەشامەوە بۆ کەعبە گۆڕی، ئەوەش لەسالّی دووەمی کۆچی پەیامبەری خوادا بوو(صلى الله عليه وسلم) بۆ مەدینە و لەمانگی شەعباندا بوو. پێشین جیاوازن لەبارەی ئەو کاتەی کە قیبلەی تێدا گۆڕدرا، هەندێکیان کە کۆڕای گەورەترینن ئەڵێن: لەنیوەی شەعبانی سەرەتای هەژدە مانگی هاتنی پەیامبەری خوادا بوو بۆ مەدینە.

لەهاوەڵانێکی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) کە خەڵکیی پێشتر رووە و بەیت ئەلمەقدیس نوێژیان دەکرد، بەڵام کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هات بۆ مەدینە و لەسەرەتای هەژدە مانگی کۆچکردنی بۆ ئەو شارە، کە نوێژی دەکرد سەری بەرزدەکردەوە بۆ ئاسمان تاوەکو بزانێ فرمانی چی پێ دەکرێت و پێشتر رووبەبەیت ئەلمەقدیس نوێژی دەکرد و خوای گەورە بۆی گۆڕی بەکەعبە.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) حەزی دەکرد رووبەکەعبە نوێژ بکات، بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی بۆ دابەزاند:﴿ قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِ ﴾البقرة: ١٤٤، واتا: بەڕاستی ئێمە گەڕانی ڕووخسارت ڕوو بەئاسمان دەبینین. لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: لەمانگی شەعبان لەسەرەتای هەژدە مانگ لەهاتنی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ مەدینە، قیبلە گۆڕدرا.

ئەڵێ ئیبن وەهب هەواڵی دا و وتی: گوێم لەئیبن زەید بوو ئەیووت: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ شانزە مانگ ڕوو بەبەیت ئەلمەقدیس نوێژی دەکرد، هەواڵی پێگەیشت کە جولەکەکان ئەڵێن: سوێند بەخوا موحەممەد و هاوەڵەکانی نازانن قیبلەیان کوێیە تاوەکو ئێمە بیرۆکەی ئەوەمان پێ دان. ئەو قسەیە ئازاری بەپەیامبەری خوا

گەیاند و سەری بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و خوای گەورەش فەرمووی:﴿ قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِ ﴾ البقرة: ١٤٤،واتا: بەڕاستی ئێمە گەڕانی ڕووخسارت ڕوو بەئاسمان دەبینین.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: لەو ساڵەدا وەک باس دەکرێت، ڕۆژوو فەرز کرا، وتراوە لەمانگی شەعباندا ڕۆژوو فەرز کراوە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کاتێ هات بۆ مەدینە، بینی جولەکە ڕۆژووی عاشورا دەگرن، لەو بارەیەوە لێی پرسین، ئەوانیش وتیان: ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە بنەماڵەی فیرعەون خنکان و موسا و ئەوانەی لەگەڵی بوون ڕزگاریان بوو. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئێمە لەوان لەپێشترین بەموسا". فرمانی بەخەڵک کرد بەڕۆژوو بن لەو ڕۆژەدا، بەڵام کاتێک ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان فەرزکرا، نە فرمانی ڕۆژووی عاشورای بەخەڵکیی کرد نە ڕێگرییشی لێ کردن. لەو ساڵەدا فرمانی بەخەڵکیی کرد زەکاتی سەرفیترە دەربکەن. وتراوە: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەڕۆژێ یان دوو ڕۆژ پێش جەژن وتاری بۆ خەڵک دا و فرمانی پێ کردن سەرفیترە بدەن.

لەو مانگەدا دەرچوو بۆ موسەلاّ و نوێژی جەژنی بەخەڵکیی کرد، ئەوەش یەکەم دەرچوونێک بوو خەڵکیی دەرکرد بۆ موسەلاّ بۆ نوێژی جەژن. هەروەها باس دەکرێت لەو ساڵەدا(العنزة–گۆچانی سەر ئاسنین)ی بۆ هەڵگیرا بۆ موسەلاّ و ڕووە و ئەو نوێژی کرد. هی زوبەیری کوڕی عەوام بوو کە نەجاشیی بۆی کردبوو بەدیاریی و لەجەژنەکاندا لەبەردەستی هەڵدەگیرا، لەمڕۆدا وەک هەواڵم پێگەیشتووە لای هەردوو بانگدەرەکەیە لەمەدینە، هەر لەو ساڵەدا شەڕی گەورەی بەدر لەنێوان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و بێباوەڕانی قورەیشدا ڕووی دا، ئەوەش لەمانگی ڕەمەزاندا بوو.

باسی شەڕی گەورەی بەدر

لەعوروەوە کە نامەی بۆ عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان نووسی: پاشان، تۆ نامەت بۆ نووسیووم لەبارەی ئەبو سوفیان و دەرچوونییەوە، لێم ئەپرسی پلەو پایە و بەسەرهاتی چۆن بووە، ئەوە هەیە ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب لەشامەوە بەحەفتا پیاوی هۆزی قورەیشەوە هات کە هەموویان بازرگان بوون، هەموویان هاتن و سەروەت و سامان و بازرگانییەکانیان پێ بوو، ئەو هەواڵە بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی گەینرا، پێشتر شەڕ لەنێوانیاندا رووی دابوو، کوژراو هەبوو، ئیبن ئەلحەزرەمی و کەسانی تریش لەنەخلەدا کوژران و لەقورەیش دیل هەبوو، هەندێکیان لەنەوەی موغیرە بوون و کوڕی کیسانی خزمەتکاریشیان لەنێواندا بوو کە عبداللەی کوڕی جەحش دیل و کوژراوی لێیان کرد. واقید هاوپەیمانی نەوەی عەدی کوڕی کەعب بوو لەگەڵ کەسانێك لەهاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ عبداللەی کوڕی جەحشدا ناردبوونی. ئەو رووداوە، گڕی بەردایە شەڕی نێوان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و قورەیش، ئەوە یەکەمین شەڕێك بوو بەرانبەر یەکتر کردیان، ئەوەش پێش دەرچوونی ئەبو سوفیان و هاوڕێکانی بوو بۆ شام،پاشان دوای ئەوە ئەبو سوفیان لەگەڵ سوارەکانی قورەیشدا لەشامەوە گەڕایەوە و رێگەی کەنار دەریای گرتەبەر، کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گوێی لەو هەواڵە بوو، هاوەڵانی هاندا و کەمیی سەروەت و سامان و ژمارەیانی بۆ باسکردن، بۆیە دەرچوون بۆ گیان ئەبو سوفیان و هاوڕێکانی و دەسکەوتەکانیان، وەهایان نەدەزانی شەڕێکی گەورەیان لەنێواندا روو بدات ئەگەر هاتوو گەیشتن بەیەکتر، ئەوە بوو کە خوای گەورە لەبارەیەوە ئایەتی دابەزاند: ﴿وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ الشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ﴾الأنفال: ٧، واتا:ئێوە ئەوەتان پێ خۆشە کە ئەو دەستکەوتە بێ چەکە،(کاروانە بازرگانیەکە)بۆ ئێوە بێت.

کاتێ ئەبو سوفیان گوێبیستی ئەوە بوو هاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوونە بۆ ئەوەی رێی پێ بگرن، نامەی نارد بۆ قورەیش و ئەو هەواڵەی پێ گەیاندن،

هـەواڵی پـێ دان(فریـای کـاروانی بازرگانییەتـان بکـەون). کـاتێ ئـەو هەواڵـە بـەقورەیش گەیشت و لەکاروانەکەی ئەبو سوفیاندا کەسانی نێو کەعبی کوڕی لوئەی هـەبوو، هـەموو خەڵکی مەککە راپەڕین، کاتێ بەوە زانـرا هـەموو قـورەیش راپـەڕیوون، کـە پەیامبـەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەیشتە بەدر و ئەوکات خۆی و هاوەڵانی بەو هەواڵەیان زانی.

سوار و کاروانەکەی قورەیش رێگەی کەنار دەریای گرتبووە بەر، ئـەبو سـوفیان خـۆی بەدوور گرت لەبەدر، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هـات و نزیـک بـەدر دابـەزی، زوبـەیری کـوڕی عـەوامی لەگـەڵ هەنـدێ هاوەڵـدا نـارد بـۆ سـەر ئـاوی بـەدر و وەهایـان نەدەزانی قورەیش لەدژیان راپەڕیوون و هاتوون. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نوێـژی دەکـرد و هەنـدێ لەقورەیشـییەکان گەیشـتنە سـەر ئـاوی بەدر،یـەکێك لەوانـە خزمەتکارێکی نەوەی ئەلحـەجاج بـوو، لەوانـەی پەیامبـەری خوا(صـلى الله عليـه وسـلم) لەگەڵ زوبەیردا ناردبوونی بۆ سەر ئاوی بەدر، ئەویان دەستگیر کرد، هاوڕێکانی هەڵهاتن رووە و لای قورەیش. هاوەڵان ئەو خزمەتکارەیان هێنا بۆلای پەیامبـەری خوا(صـلى الله عليه وسلم) کە لەنێو خێوەتەکەیدا بوو، لێیان پرسی لەبارەی ئەبو سوفیان و هاوڕێکانی و وەهایـان دەزانـی لەگـەڵ کاروانەکـەی ئـەبو سـوفیاندایە، بـەڵام خزمەتکارەکـە باسـی قورەیش و هاتنی گەورە و سەربازانی قورەیشـی کـرد، ئـەوە ناخۆشـترین هـەواڵێك بـوو بۆیان، ئەوان بۆ سـەر ئـەبو سـوفیان و هاوڕێکـانی هـاتبوون نـەك بـۆ شـەڕی قـورەیش، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نوێژی دەکرد و گـوێی لـەوەش بـوو بەندەکـە چـی دەڵێ، کاتێ باسی ئەوەی دەکرد قورەیش بۆ سەر ئـەوان هـاتوون، هـاوەڵان لێیـان دا و بـەدرۆیان دەزانـی و ئـەیانووت: ئەمـە هـەواڵی ئـەبو سـوفیان و هاوڕێکانیمـان لـێ دەشارێتەوە. بۆیە دەستیان کردە لێدانی و پرسیاری ئـەبو سوفیان و هاوڕێکانیـان لـێ دەکرد، نەیاندەزانی ئەمە یەکێکە لەئاوگێڕەکانی قورەیش و ئاویان بۆ دابین دەکات،بۆیە وتی: بەڵێ ئەمە ئەبو سوفیان و کاروانەکەیە. ئەوکات لەدەستیان رزگاری بـوو. خـوای گـەورە فـەرمووی:﴿ إِذْ أَنتُم بِٱلْعُدْوَةِ ٱلدُّنْيَا وَهُم بِٱلْعُدْوَةِ ٱلْقُصْوَىٰ وَٱلرَّكْبُ أَسْفَلَ مِنكُمْ ۚ وَلَوْ

﴿ وَلَوْ تَوَاعَدتُّمْ لَاخْتَلَفْتُمْ فِي الْمِيعَادِ وَلَٰكِن لِّيَقْضِيَ اللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا ﴾ الأنفال: ٤٢،
واتا: کاتێک ئێوە لای خواری(شیوەکەی)نزیک(مەدینە)دا بوون و ئەوانیش لەلای سەروی(شیوەکەی)دوورتر(لەمەدینە)دا بوون کاروانەکەش لەخوارتری ئێوە بوو وە ئەگەر بەلێنتان بەیەکتر بدایە بێگومان جیاواز دەبوون لەبەلێنەکەدا(جەنگتان نەدەکرد)بەلام(کۆی کردونەتەوە)بۆ ئەوەی خوا کارێك بەدی بهێنێت هەر بەدی دێت.

کۆیلەکە بیوورتبایە ئەمە قورەیشە هاتوونەتە سەر ئێوە، لێدانیان دەکرد، کە وتی: بەڵکو ئەبو سوفیانە، ئەوان وازیان لێ هێنا. کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئاگاداری ئەو کارەیان بوو، لەنوێژەکەی بوویەوە و فەرمووی:"سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە کە راستی وت لێدانتان کرد و کە درۆی کرد وازتان لێهێنا، ئەو ئەوەمان بۆ باس دەکات کە قورەیش هاتووە، ئەگەر وەهابێ، ئەوە قورەیش هاتووە بۆ رزگارکردنی کاروانەکەی". بۆیە بانگی خزمەتکارەکەی کرد و خزمەتکارەکە هەواڵی قورەیشی پێ دا و وتی: لەبارەی ئەبو سوفیانەوە هیچ نازانم. لێی پرسی:"ژمارەی قورەیش چەندە؟" وتی: نازانم، بەس بەخوا ژمارەیان زۆرە. وەهای دادەنێن کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویێتی:"دوێنێ ئێوارە کێ خواردنی بۆ لێنان؟" ئەویش ناوی چێشت لێنەرەکەی بردبێ. فەرمووی:"چەند وشتر سەر دەبڕن؟" ئەویش وتی: دە. بۆیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەندازەی کردووە قورەیش نۆسەد بۆ هەزار کەس بێ. ئەو رۆژە قورەیش نۆسەد و پەنجا کەسی هاتبوو. بۆیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەڕێکەوت و دابەزییە سەر ئاوی بەدر و ئەوانی تری پڕ کردەوە، کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەیشتە بەدر، فەرمووی:"ئەمە شوێنی تیاچوونیانە". قورەیش کاتێ گەیشت، بینی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێشیانکەوتووە. ئەلێن پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:"خوایە گیان ئەمە قورەیشە بەخۆهەڵکێشان و لەخۆباییبوونەوە هاتووە تەحەدات بکات و پەیامبەرەکەت بەدرۆزن دەزانێ، خوایە گیان داوای ئەوەت لێ دەکەم کە خۆت بەلێنت پێ داوم". کاتێ قورەیش هات، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رووی تێکردن و

خۆڵی کرد بەچاویاندا و خوای گەورە شکست و دۆڕانی بەسەردا هێنان. پێش ئەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێیان بگات، سوارێك لەلایەن ئەبو سوفیانەوە پێیان گەیشتبوو کە بگەڕێنەوە جەحفە، بەڵام ئەوانەی قورەیش وتبوویان: سوێند بەخوا ناگەڕێینەوە تاوەکو سێ شەو لەبەدر نەمێنینەوە و دەبێ خەڵکی حیجاز بمانبینن و ئیتر هیچ یەکێ لەعەرەب بوێریی نەکات شەڕی ئێمە بکات، ئەوە ئەوان بوون کە خوای گەورە لەبارەیانەوە فەرموویەتی:

﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ خَرَجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِم بَطَرًا وَرِئَآءَ ٱلنَّاسِ ﴾ الأنفال: ٤٧.واتا: وەك ئەوانەی(وەك بت پەرستەکان)مەبن دەرچوون لەماڵ و ولاتی خۆیان بەفیزو و پووپامایی بۆ خەڵك کردن.

ئەوان و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەرانبەر یەکتر وەستانەوە، خوای گەورە پەیامبەرەکەی خۆی سەرخست و گەورەکانی بێباوەڕیی ریسوا کرد و ئاگری دەروونی موسڵمانان دامرکایەوە.

لەحاریسەوە ئەویش لەعەلییەوە(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ: کاتێ هاتینە مەدینە، بەمیوەی مەدینە نەخۆشکەوتین، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەبەدردا هەوالی لەبارەی قورەیشەوە وەردەگرت، کە هەوالمان پێگەیشت وا هاوبەش پەیداکەران دێن، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەڕێکەوت بۆ بەدر، بەدر ئاو بوو، هاوبەش پەیداکەران پێش ئێمە بەوێ گەیشتبوون، دوو پیاوی ئەوانمان لەوێدا بینی،قورەیشییەك و خزمەتکارێکی عوقبەی کوڕی ئەبی موعیت، قورەیشییەکە رزگاری بوو، خزمەتکارەکەی عوقبەمان دەستگیر کرد، ئەمانووت: ژمارەیان چەندە؟ ئەویش دەیووت: سوێند بەخوا ژمارەیان زۆرە و بەهێزن. وەهای کرد موسڵمانەکان لێدانی بکەن تاوەکو هێنرایە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم). پێیفەرموو:"ئەو قەومە ژمارەیان چەندە؟" ئەویش وتی: سوێند بەخوا ژمارەیان زۆرە و بەهێزن. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەولی دەدا ژمارەکەیان بڵێ. کابرا نەیدەوت. پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لێی پرسی:"چەند وشتر سەردەبڕن؟". وتی: هەموو رۆژێ دە وشتر

سەردەبڕن. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"هەزار کەسن". شەوەکەی باران دایگرتین و رۆیشتینە ژێر دار و کەندڕ تاوەکو بارانمان بەر نەکەوێ،ئەو شەوە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) هەر دەپارایەوە و لەپەروەردگاری دەپارایەوە و ئەیفەرموو:"خوایە گیان ئەگەر ئەم دەستەیەی لەگەڵ منداتیابچن، ئیتر لەزەویدا پەرستنی تۆ ناکرێت". کە بەیانیی بوویەوە، جارێ نوێژکردن درا، خەڵکیی لەژێر دارو درەخت و کەندڕەکانەوە هاتن و پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) نوێژی پێ کردین و هاندانی کرد بۆ شەڕ، پاشان فەرمووی:"کۆمەڵەکەی قورەیش لەو لوتکەیەی ئەم چیایەدان". کاتێ نزیکبوونەوە و تەماشامانکردن بزانە ئەیاننناسین، پیاوێك لەسەر وشترێکی سوور بوو لەنێویاندا رێی دەکرد. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"ئەی عەلی، بانگی حەمزەم بۆ بکە". حەمزە نزیکترین کەسی موسڵمانان بوو لەهاوبەش پەیداکەرانەوە نزیکتر بوو، ئەیزانی کێ لەسەر ئەو وشترە سوورەیە و چی شتێکیان پێ ئەڵێ. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"ئەگەر کەسێك هەبێ لەو قەومەدا فرمانی چاکیان پێ بکات، ئەگەر هەیە خاوەن ئەو وشترە سوورە بێ". حەمزە هات و وتی: ئەوە عوتبەی کوڕی ڕەبیعەیە و رێگرییان دەکات لەشەڕ کردن و پێیان ئەڵێ: من وەهای دەبینم بەرانبەر بۆ شەڕی مان و نەمان هاتین، ناتوانن زیانیان لێ بدەن، دەست هەڵبگرن و بگەڕێنەوە، ئەگەر وێستتان بڵێن عوتبەی کوڕی ڕەبیعە ترساوە، ئەشزانن من ترسنۆك نیم. کە ئەبو جەهل گوێی لەوە بوو وتی: ئەوە تۆی وەها ئەڵێی! سوێند بەخوا ئەگەر کەسێکی تر وەهای بووتبایە تەمبێم دەکرد، تۆ هەموو ناوسکت پڕ ترس و تۆقین بووە. عوتبە وتی: ئەوە من عەیبدار دەکەی ئەی کاڵفام، دەبێ بزانی ئەمڕۆ کامەمان دەترسێین. ئەڵێ: لەتووڕەییدا عوتبەی کوڕی ڕەبیعە و شەیبەی کوڕی ڕەبیعە کە برای بوو هەروەها ئەلوەلیدی کوڕی دەرچوون و وتیان: کێ بەرانبەر بەئێمە دێتە گۆڕەپان؟ شەش گەنجی ئەنسار دەرچوون. عوتبە وتی: ئێمە ئەمانەمان ناوێ، ئەمانەوەێ ئامۆزاکانمان لەنەوەی عەبدولموتەلیب دەربچن. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"ئەی عەلی هەڵسە، ئەی حەمزە هەڵسە، ئەی

عوبەیدەی کوڕی ئەلحاریس هەڵسە". خوای گەورە،عوتبەی کوڕی ڕەبیعە و شەیبەی کوڕی ڕەبیعە و ئەلوەلیدی کوڕی عوتبەی کوشت، عوبەیدەی کوڕی ئەلحاریس بریندار بوو، حەفتا کەسمان لێیان کوشت و حەفتا دیلیشمان کرد. ئەڵێ: پیاوێکی کورتە بالأی ئەنسار، عەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیبی بەدیلیی هێنا. عەباس وتی: ئەی پەیامبەری خوا، سوێند بەخوا ئەم کابرایە منی دیل نەکردووە، بەڵکو پیاوێك منی دیلکرد جوانترین کەس بوو لەسەر ئێستڕێکی دێز بوو کە ئێستا لەناو ئەم خەڵکەدا نایبینم. کابرای ئەنساریی وتی: من دیلم کردووە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بەڵکو خوای گەورە بەفریشتەیەکی بەڕێز هاوکاریی کردووی".

عەلی ئەڵێ: لەنەوەی عەبدولموتەڵیب، عەباس و عەقیل و نەوفەلی کوڕی ئەلحاریس دیل کران".

لەعەلییەوە ئەڵێ: کاتێ ڕۆژی بەدر هات و شەڕەکە ئەوەندە سەخت بوویەوە، خۆمان دایە پەنای پەیامبەری خوا، لەهەموو خەڵکیی تۆکمەتر بوو، هیچ کەسێ لەئێمە لەو نزیکتر نەبوو بەدوژمن.

لەحاریسەی کوڕی موزەڕیبەوە ئەویش لەعەلییەوە ئەڵێ: گوێم لێبوو: لەڕۆژی بەدردا میقدادی کوڕی ئەلئەسوەد شۆڕەسواری ئێمە بوو، لەو شەوەدا هەموومان خەوتین تەنیا پەیامبەری خوا نەبێ کە لەژێر درەختێکدا نوێژی دەکرد و دەپاڕایەوە تاوەکو بەیانیی کردەوە.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: وەك ئەوەی پێمگەیشتووە لەجگە لەئیبن ئیسحاقەوە، سێ شەو لەمانگی ڕەمەزان تێپەڕ ببوو پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەسێسەد و شتێ لەهاوەلأنییەوە دەرچوو، جیاوازیی هەیە لەوەی ئەو شتە لە دە کەس زیاتر بووبێ، هەندێکیان ئەڵێن: سێسەد و سیانزە کەس بوون.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: کۆچەران لەڕۆژی بەدردا حەفتا و حەوت پیاو بوون، لەئەنساریش دووسەد و سی و شەش پیاو بوون، عەلی کوڕی ئەبو تالێب(خوای لێ ڕازیی بێ) ئالأهەڵگری پەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم)، لەئەنساریش سەعدی کوڕی

عوبادە ئالأهەلگر بوو. ئەوانی تر ئەڵێن: سێسەد و چواردە کەس بەشدار بوون. ئیبن حومەید ئەوەی باسکردووە و ئەڵێ: سەلەمە بۆی باسکردین ئەویش لەئیبن ئیسحاقەوە وتی: هەندێکیان وتوویانە: سێسەد و هەژدە کەس بوونە، هەندێکی وتوویانە: سێسەد و حەوت کەس بوونە، بەڵام تێکڕای سەلەف وتوویانە: سێسەد و دە و شتێ بوونە.

ئەگەڕێینەوە سەر باسەکەی ئیبن ئیسحاق، ئەڵێ:چەند شەوێ لەمانگی ڕەمەزان تێپەڕ ببوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ هاوەڵانیدا دەرچوو، کۆکردنەوەی هەوالّی سپاردە قەیسی کوڕی سەعسەعەی بۆ نەوەی مازنی کوڕی ئەلنەجار، بەڕێکەوت تاوەکو نزیك بوویەوە لەئەلسەفراء، بەسبەسی کوڕی عەمری ئەلجوهەنی هاوپەیمانی نەوەی ساعیدە و عەدی کوڕی ئەبی ئەلززەغبائی ئەلجوهەنی هاوپەیمانی نەوەی ئەلنەجارِی نارد بۆ بەدر تاوەکو هەوالّی ئەبو سوفیان و کاروانەکەی بۆ بهێنن، پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەڕێکەوت و هەردووکیانی پێشخست، کاتێ ڕووی کردە ئەلسەفراء کە دێیەك بوو لەنێوان دوو چیادا،لەناوی ئەو دوو چیایەی پرسی، وتیان: ئەمە چیای(مُسْلِح)ە و ئەویش(مُخرِیء –ریسواکەر)، لەبارەی خەلّکەکەویەوە پرسی، وتیان: نەوەی ئەلنار(ئاگر) و نەوەی حراق(سووتێنەر) دوو لقی غەفار بوون، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) حەزی بەو ناوانە نەکرد و حەزی نەکرد بەنێوان ئەو دوو چیایەدا تێپەڕ بببێ، بۆیە ئەو ڕێگەیەی واز لێهێنا و لای چەپ ئەلسەفرائی بەجێهێشت و لای ڕاستی گرت بەسەر دۆلّێکدا پێیدەوترا(ذَفِران)، لەوێ دەرچوو دابەزی، هەوالّی لەبارەی قورەیشەوە پێگەیشت کە بەڕێکەوتوون بۆ پارێزگاریکردنی کاروانەکەیان. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ڕاوێژی بەخەلّکەکە کرد، ئەبو بەکر(خوای لێ ڕازیی بێ) هەلّسا و جوانترین قسەیەکی کرد، پاشان عومەر قسەی کرد و جوانترین قسەیەکی کرد، پاشان میقدادی کوڕی عەمر هەلّساو وتی: ئەی پەیامبەری خوا بەردەوامبە لەڕۆیشتن لەسەر ئەو شتەی کە خوای گەورە فرمانی پێکردووی، ئێمە لەگەلّتداین، سوێند بەخوا ئەوە نالّێین کە بەنو ئیسرائیل بەموسایان وت: تۆ و پەروەردگارت بڕۆن بجەنگن و ئێمە لێرەدا دانیشتووین، بەلّکو ئەلّێین: بڕۆ خۆت و

پەروەردگارت بجەنگن و ئێمەش لەگەڵتاندابن دەجەنگین، سوێند بەو کەسەی تۆی بەحەق ناردووە، ئەگەر بەڕێمان بخەی بۆ شاری ئەلغەماد واتا شاری حەبەشە، لەگەڵتدا دەبین تاوەکو پێی دەگەی. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دوعای خێری بۆ کرد.

لەعبداللەی کوڕی مەسعودەوە ئەڵێ: لەگەڵ میقداددا بەشداری شەڕێك بووم، ئەگەر ببوومایەتە هاوڕێی بەلامەوە خۆشتر بوو لەهەموو شتێکی سەر رووی زەوی،شۆڕسوار بوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کە تووڕە ببووایە و گۆنای لەتووڕەییدا سوور ببووایەتەوە، میقداد دەهات و ئەیووت: مزگێنی بدە ئەی پەیامبەری خوا، سوێند بەخوا ئەوە نالێین کە بەنو ئیسرائیل بەموسایان وت: تۆ و پەروەردگارت بڕۆن بجەنگن و ئێمە لێرەدا دانیشتووین، بەڵکو سوێند بەو کەسەی تۆی بەحەق ناردووە لەبەردەستت دەبین و ئەملاو ئەولات دەگرین تاوەکو خوای گەورە سەرکەوتنت پێ دەبەخشێت.

پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی خەڵکینە بۆچوونی خۆتانم پێ بدەن". مەبەستی ئەنسار بوو، چونکە زۆرینەی ئەو خەڵکە بوون و پاشان لەعەقەبەدا بەیعەتیان دابوو بەوەی:کاتێ پاراستنت لەئەستۆی ئێمەیە کە بگەیتە ولاتەکەمان، کە گەیشتیتە مەدینە، لەئەستۆی ئێمەدای و بەرگرییت لێ دەکەین هەروەك چۆن بەرگری لەژن و منداڵەکانمان دەکەین. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەگەری دەکرد لەدەرەوەی مەدینە، ئەنسارەکان پشتیوانیی نەکەن، چونکە بەیعەتی دەرەوەی مەدینەیان نەدابوو. کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەوەی فەرموو، سەعدی کوڕی موعاز وتی: ئەی پەیامبەری خوا، سوێند بەخوا ئەوە دەفەرمووی وەك ئەوەی مەبەستت ئێمە بێ، بەڵێ ئێمە باوەڕمان بە تۆ هێناوە و بەڕاستت دەخەینەوە و شایەتییمان داوە ئەوەی تۆ هێناوتە راستە و لەسەر ئەوەش بەیعەتی گوێڕایەڵییمان بە تۆ داوە، چۆنت دەوێ ئاوەها هەنگاو هەڵبگرە، سوێند بەو کەسەی تۆی بەحەق ناردووە، ئەگەر بمانخەیتە ئەو دەریایەشەوە دەچینە ناوییەوە لەگەڵتدا و هیچ یەکێکمان جیاوازیی ناکات و دڵگران نین بەیانیی رووبەڕووی دوژمن

ببینەوە، ئێمە بۆ جەنگ ئارامگرین و بۆ رووبەڕووبوونەوە ڕاستگۆین، بەڵکو خوا بەئێمە شتانێکت پیشان بدات دڵخۆشت بکات، لەسەر بەرەکەتی خوا بەڕێکەوە.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەو قسەیەی سەعد دڵخۆش بوو، چالاك بوویەوە، پاشان فەرمووی:"لەسەر بەرەکەتی خوا بەڕێکەون و مزگێنی بدەن، خوای گەورە بەڵێنی یەکێك لەو دووانەی پێ داوم، سوێند بەخوا وەك ئەوەیە ئێستا بڕوانمە تیاچوونی ئەو قەومە". پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لە(ذَفِران)ەوە بەڕێکەوت و کەندەڵانێکی گرتەبەر پێیدەوترا(ئەلئەسافر)، پاشان لەوێوە خواربوویەوە بۆ شارێك پێیدەوترا ئەلدەدەبە و بەلای ڕاستدا ئەلحەنانی بەجێهێشت کە تەپۆلکەیەکی گەورە بوو وەك چیا بوو، پاشان لەنزیك بەدر لای دا، خۆی و هاوەڵێکی سەرکەوتن هەروەك موحەممەدی کوڕی یەحیای کوڕی حیبان باسیکردووە تاوەکو لەسەر پیاوێکی بەتەمەنی عەرەب ڕاوەستا و لەبارەی قورەیش و موحەممەد و هاوەڵانی موحەممەد و ئەو هەواڵانەی پێیگەیشتووە لێی پرسی. کابرا وتی: هەواڵتان پێ نادەم تاوەکو نەڵێن ئێوە کێن؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەگەر هەواڵمان پێ بدەی، ئێمەش پێت دەڵێن ئێمە خەڵکی کوێین".

کابرای بەتەمەن وتی: هەواڵم پێگەیشتووە کە موحەممەد فلانە ڕۆژ دەرچووە، ئەگەر ڕاست بێ ئەو ڕۆژە دەرچووبێ، ئێستا لە فلانە شوێنە. ئەو شوێنەی وت کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێیگەیشتبوو. هەواڵیشم پێگەیشتووە کە قورەیش فلانە ڕۆژ دەرچووە، ئەگەر ڕاست بێ لەو ڕۆژەدا دەرچووبێ، ئەوە ئێستا لەفلانە شوێنە. بەو شوێنە گەیشتبوون کە ئەو پێشبینی کردبوو. کاتێ لەقسەکانی بوویەوە، وتی: ئەی ئێوە کێن؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئێمە لەئاوین(ماء)". پاشان ڕۆیشتن. کابرای بەتەمەن ئەیووت: ئایە خەڵکی(ماء)ی عێراقن یان کوێ!

پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەڕایەوە لای هاوەڵەکانی، کە ئێوارە هات، عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و زوبەیری کوڕی عەوام و سەعدی کوڕی ئەبو وەقاسی لەگەڵ چەند هاوەڵێکی تریدا نارد بۆ سەر ئاوی بەدر تاوەکو هەواڵی بۆ بهێنن. لەوێدا دوو

خزمەتکاری ئاوگێڕی قورەیشیان دەستگیر کرد کە یەکێکیان ئەسلەمیْ خزمەتکاری نەوەی ئەلحەجاج بوو، ئەوی دیکەشیان عەریز ئەبو یەساری خزمەتکاری نەوەی ئەلعاس کوڕی سەعید بوو. هەردووکیانیان هێنا بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەپێوە راوەستابوو نوێژی دەکرد. لێیانیان قرسی، ئەوانیش وتیان: ئێمە دوو ئاوگێڕی قورەیشین و ئێمەیان ناردووە بۆ ئەوەی ئاویان بۆ ببەین. هاوەڵان ئەوەیان رەتکردەوە و ئومێدیان دەکرد ئاوگێڕی ئەبو سوفیان بن،بۆیە لێدانیان کردن، کە ئازاریان پێگەیشت، وتیان: ئێمە ئاوگێڕی ئەبو سوفیانین. ئەوکات وازیان لێیان هێنا. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چووە رکوع و دوو سوجدەی برد و سەلامی دایەوە و ئینجا فەرمووی:"کە راستیان کرد، ئێوە لێدانتان کردن، کە درۆیان کرد، وەهاتان زانی راستیان وتووە و وازتان لێهێنان، سوێند بەخوا ئاوگێڕی قورەیشن، هەردووکتان پێم بڵێن قورەیش لەکوێیە؟" وتیان: لەپشت ئەو تەپۆڵکانەوەن کە لەئەلعودوەتو ئەلقوسوا و تەپۆڵکەی ئەلعەقەنقەلەوە دەبینرێت. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ژمارەیان چەندە؟" وتیان: زۆرە. فەرمووی:"بەژمارە چەندن؟" وتیان: نازانین. فەرمووی:"هەر رۆژێ چەند وشتر سەردەبڕن؟" وتیان: رۆژێ نۆ و رۆژێ دە وشتر. فەرمووی:"ژمارەیان لەنێوان نۆسەد بۆ هەزار کەسە". پاشان پێیفەرموون:"لەگەورەکانی قورەیش کێیان تێدایە؟" وتیان: عوتبەی کوڕی رەبیعە و شەیبەی کوڕی رەبیعە و ئەبو ئەلبوختری کوڕی هیشام و حەکیمی کوڕی حیزام و نەوفەلی کوڕی خوەیلد و ئەلحاریسی کوڕی عامری کوڕی نەوفەل و تەعمەی کوڕی عەدی کوڕی نەوفەل و ئەلنەزری کوڕی ئەلحاریسی کوڕی کەلەدە و زەمعەی کوڕی ئەلئەسوەد و ئەبو جەهلی کوڕی هیشام و ئومەییەی کوڕی خەڵەف و نەبیە و مونبیهی کوڕانی ئەلحەجاج و سوهەیلی کوڕی عەمر و عەمری کوڕی عەبد وەد. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رووی کردە خەڵکەکە و فەرمووی:"ئەوە مەککەیە جەرگەکانی خۆی خستووەتە بەردەستی ئێوە".

ئەڵێن: بەسبەسی کوڕی عەمر و عەدی کوڕی ئەبی ئەلزەغباء رۆیشتن تاوەکو گەیشتنە بەدر و لەپاڵ تەپۆڵکەیەکی نزیك بەئاوەکە خۆیان مەڵاس دا، پاشان سەتڵێکیان هەڵگرت و ئاویان لێ هەڵدەهێنجا و مەجدیی کوڕی عەمری ئەلجنیی لەسەر ئاوەکە بوو، عەدی و بەسبەس گوێیان لەدەمەتەقێی دوو ژنە خزمەتکاری خەڵکی ئەو شوێنە بوو یەکێکیان بەوی تری دەوت: بەیانی یان دوو بەیانی کاروانەکە دەگات، کاریان بۆ دەکەم و قەرزەکەت دەدەمەوە. مەجدیی وتی راست دەکەی، رێکی خستنەوە. عەدی و بەسبەس گوێیان لەو دەمەتەقێیە بوو، سەرکەوتنە سەر وشترەکانیان و پاشان دەرچوون تاوەکو گەیشتنە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه و سلم) ئەوەیان بۆ گێڕایەوە کە گوێیان لێ بوو. ئەبو سوفیان هات و کاروانەکە بەوریاییەوە دەهات تاوەکو گەیشتە سەر ئاوەکە، ئەبو سوفیان بەمەجدیی کوڕی عەمری وت: هەستت بەهیچ کەسێك نەکردووە؟ هیچ کەسێکت نەبینیووە؟ وتی: کەسێکم نەبینی هەست بەناخۆشییەك بکەم، بەڵام دوو سوارم بینی دابەزینە ئەم تەپۆڵکەیە و بەسەتڵەکەی خۆیان ئاویان هەڵکێشا و پاشان رۆیشتن. ئەبو سوفیان رۆیشتە شوێنی دابەزینی ئەو دوو کەسە و لەپشقلی وشترەکانیانی هەڵگرت، بینی ناوکە خورمای تێدایە، بۆیە وتی: سوێند بەخوا ئەمە ئالیکی یەسریبە، بۆیە خێرا گەڕایەوە لای هاوڕێکانی و رێگەی کاروانەکەی گۆڕی و رێگەی کەنار دەریای گرتەبەر و بەلای چەپدا بەدری بەجێهێشت، پاشان پەلەی کرد و رووبکردە قورەیش کە دابەزیبوونە ئەلجوحفە، لەوێدا جوهەیمی کوڕی ئەلسەڵتی کوڕی مەخرەمەی کوڕی عەبدولموتەڵیبی کوڕی عەبد مەناف خەوی بینیبوو، وتی: لەخەومدا لەنێوان خەوتوو و بەئاگاییدا بووم، چاوم کەوتەسەر پیاوێك بەسەر ئەسپێکەوە وا دێت تاوەکو راوەستا و وشترێکیشی پێ بوو، پاشان وتی: عوتبەی کوڕی رەبیعە و شەیبەی کوڕی رەبیعە و ئەبو ئەلحەکەمی کوڕی هیشام و ئومەییەی کوڕی خەڵەف و فلاّن و فلاّن کوژران، ئەو پیاوە گەورانەی قورەیشی ژمارد کە کوژران، بینیم دای لەدڵی وشترەکەی و پاشان بەرەڵای کردە ناو سەربازگەکە، پرشی خوێنی بەر هەموو گەورەکانی سەربازگەکە

کەوت. ئەم خەوەم بەئەبو جەهل گەیاند، ئەویش وتی: ئەمەش پەیامبەرێکی تری نەوەی ئەلموتەلیبە و ئەزانێ بەیانیی کێ دەکوژرێت ئەگەر رووبەڕووبوونەوە.

کاتێ ئەبو سوفیان بینیی کاروانەکەی رزگار کردووە، نامەی بۆ قورەیش نارد،ئێوە بۆ ئەوە دەرچوون کاروانەکە و پیاوان و سەروەت و سامانی نێو کاروانەکە رزگار بکەن، دەی وا خوا رزگاری کردوون و بگەڕێنەوە. کەچی ئەبو جەهلی کوڕی هیشام وتی: سوێند بەخوا ناگەڕێینەوە تاوەکو ئەچینە بەدر. بەدر شوێنی وەرزی بازاڕی سالانەی عەرەب بوو. دەبێ لەوێدا سێ رۆژ بمێنینەوە و وشتر سەربڕین و خواردن ساز بکەین و عەرەق بخۆینەوە و گۆرانییمان بۆ بووترێت و عەرەب گوێبیستی ئەم کارەمان بێ و بۆ هەمیشە لێمان بترسێن. دەی بەڕێکەون.

ئەلئەخنەسی کوڕی شەریقی کوڕی عەمری کوڕی وەهب ئەلسەقەفیی هاوپەیمانی نەوەی زوهرە بوو کە لەئەلجوحفە بوون، وتی: ئەی نەوەی زوهرە، خوای گەورە وا سەروەتەکەتانی رزگار کرد و مەخرەمەی کوڕی نەوفەلی گەورەشتانی پاراست، ئێوە دەرچوون تاوەکو بازرگانییەکەتان و گەورەکەتان بپارێزن، عەیبەی ترسنۆکییتان بخەنە سەر من، بۆیە بگەڕێنەوە و پێویست ناکات گوێ بەقسەی ئەمە بدەن واتا ئەبو جەهل و خۆتان مەخەنە کێشەوە. بۆیە هیچ کەسێکی زوهریی ئامادەی بەدر نەبوو، ئەخنەس بەلایانەوە پیاوێکی گوێ لێ گیراو بوو. تەنیا لەنەوەی عەدی کوڕی کەعب و نەوەی زوهرە بەشداری بەدر نەبوون، ئەگینا هەموو لقەکانی قورەیش بەشدار بوون. نەوەی زوهرە لەگەڵ ئەلئەخنەسی کوڕی شەریقدا گەڕانەوە و بەشداری بەدر نەبوون، ئەوان رۆیشتن.

ئەڵێ: لەنێوان تالێبی کوڕی ئەبو تالێب کە لەنێو ئەو قەومەدا بوو لەگەڵ هەندێ قورەیشییدا گفتوگۆیەك رووی دا، ئەوان وتیان: ئەی نەوەی هاشم، سوێند بەخوا دەزانین ئەگەرچی لەگەڵ ئێمە دەرچوونە، بەڵام دڵتان لای موحەممەدە. ئیتر تالێب لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵیدا بوو گەڕانەوە مەککە.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: سەبارەت بەئیبن ئەلکەلبی، ئەوەی وتووە وەک ئەوەی لەبارەوە قسەم کردووە، تاڵیبی کوڕی ئەبو تاڵیب بەناچاریی لەگەڵ هاوبەش پەیداکەران دەرچوو بۆ بەدر، نە لەنێو دیلەکاندا بوو نە لەنێو کوژراوەکاندا، نەشگەڕایەوە لای کەسوکاری، شاعیر بوو، ئەو بوو وتوویەتی:

يـا رب إمـا يغـزون طالـب في مقنب من هذه المقانـب

فليكن المسلوب غير السالب وليكن المغلوب غير الغالب

واتا: ئەی پەروەردگارا ئەو کۆمەڵە سوار و چەکدارانە وا هاتوونەتە سەر تاڵیب، وەهایان بەسەر بهێنە ببننە دەسکەوت و دەسکەوتیان نەبێ، دۆڕاو بن نەک سەرکەوتوو.

ئەگەڕێینەوە لای باسی ئیبن ئیسحاق و ئەڵێ: قورەیش ڕۆیشت تاوەکو دابەزییە لای ئەلعودوەتو ئەلقوسوا لای شێوەکە لەپشتی ئەلعەقەنقەل،خوای گەورە هەوری ئاسمانی هێنا و شیوەکە پڕ بوو بەقووڕ، بەو هۆیەوە پەیامبەر و هاوەڵان لەدیووی خۆیان و هاوبەش پەیداکەرانیش لەدیووی خۆیاندا توانای جموجوڵیان نەما، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێش ئەوان خۆی گەیاندە سەر ئاوی بەدر و لەنزیکترین شوێنیدا دابەزی.

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێ: لەلایەن پیاوانێکی نەوەی سەلەمەوە بۆم باسکراوە وتوویانە، ئەلحوببابی کوڕی ئەلمونزیری کوڕی ئەلجەموح وتوویەتی: ئەی پەیامبەری خوا، ئایە بەبۆچوونی خۆت دابەزیووتە ئەم شوێنە یان بەفرمانی خوای گەورە؟ چونکە شوێنێکە توانای ئەوەمان نییە تیایدا بجوڵێینەوە. یان ئەمە بۆچوون و شەڕ و پیلانە؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بەڵکو بۆچوون و شەڕ و فێڵە". ئەویش وتی: ئەی پەیامبەری خوا ئەمە شوێنی تۆ نییە، خەڵکەکە بەڕێبخە تاوەکو دادەبزینە نزیکترین ئاوێک لەقورەیشەوە، دەوری دەگرین و دەیکەینە حەوز و بیرەکانی تر پڕ دەکەینەوە، پاشان کاتێ دەکەوینە شەڕی قورەیش، ئێمە ئاومان هەیە بیخۆینەوە و ئەوانیش بێ ئاوی خواردنەوەن. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بەڕاستیی بۆچوونی بەجێت وت". پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و

خەڵکەکە لەگەڵیدا هەڵسان و بەڕێکەوتن و لەنزیکترین ئاوێکی نزیك بەقورەیش دابەزیین، پاشان فرمانی کرد و لەدەور ئاوەکە حەوزی لێ درا و بیرەکانی تر پڕ کرانەوە.

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێ: عبداللەی کوڕی ئەبو بەکر بۆی باسکردم کە سەعدی کوڕی موعاز وتی: ئەی پەیامبەری خوا کەپرێکت بۆ دروست نەکەین لەچڵی دار خورما؟ تاوەکو تیایدا دابنیشی و کەلوپەلەکانمان تیایدا دابنێین و پاشان رووبەڕووی دوژمنمان ببینەوە؟ ئەگەر خوای گەورە ئێمەی شکۆدار کرد و بەسەر دوژمندا سەرخست، ئەوە ئەو شتەیە کە حەزمان پێی هەیە، ئەگەر ئەوی تریش بوو، ئەوە سەرکەوە سەر ولاخەکەت و خۆت بگەیەنە بەوانەی لەقەومەکەمان ماونەتەوە، بێگومان خۆشەویستیی ئەوان بۆ تۆ کەمتر نییە لەخۆشەویستیی ئێمە بۆ تۆ، زیاتر لەئێمە، تۆیان خۆش دەوێت، ئەگەر بیانزانیبایە تووشی شەڕ دەبی، ئەوە لەمەدینە نەدەمانەوە و لەگەڵتدا دەهاتن. بێگومان ئەوان پارێزگارییت لێ دەکەن و بۆت دڵسۆز دەبن و لەگەڵتدا جیهاد دەکەن. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پیاهەڵدانی کرد و دوعای خێری بۆ کرد. پاشان بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کەپرێك دروستکرا و تیایدا بوو، لەبەیانییدا قورەیش رۆیشت و ئینجا رووی کردە لای موسڵمانەکان، کە پەیامبەری خوا بینی قورەیش لای تەپۆڵکەکەوە دێت رووە و شیوەکە، فەرمووی:"خوایە گیان ئەوە قورەیشە وا بەهەموو لووتبەرزی و خۆنازینێکەوە دێت و تەحەددای تۆ دەکات و پەیامبەرەکەت بەدرۆ دەزانێ، خوایە گیان ئەو سەرکەوتنەمان پێێ بدە کە خۆت بەڵێنت پێ داوم". پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) قسەی دەکرد و عوتبەی کوڕی ڕەبیعەی لەنێو ئەو قەومەدا بینی بەسەر وشترێکی سوورەوە و فەرمووی:"ئەگەر لای ئەو قەومە خێرێك هەبێ، ئەوە لای ئەو خاوەن وشترە سوورەیە، ئەگەر بەگوێی بکەن، سەرەنجامی باش وەردەگرن".

کاتێ بەلای خەفاف کوڕی ئیمائی کوڕی ڕەحەزەی ئەلغەفاریدا تێپەڕبوون یان باوکی کە ئیمائی کوڕی ڕەحەزە بوو، کوڕێکی بەکۆمەڵێ وشترەوە بۆ قورەیش نارد وەکو دیاریی و پێی وتن: ئەگەر حەزتان کرد، ئەوە بەچەك و پیاوەوە هاوکارییتان دەکەم.

ئەوانیش لەگەڵ کوڕەکەیدا ئەوەیان پێگەیاند: تۆ چاکە و خزمایەتیی خۆتت بەجێهێنا، سوێند بێ ئەوەندە هێزمان هەیە شەڕی چەندان بەرانبەر خۆمان بکەین، ئەگەر شەڕی خواش بکەین وەك ئەوەی موحەممەد وەهای دادەنێت، ئەوە هیچ کەسێ توانای خوای نییە.

کاتێ خەڵکیی دابەزین، چەند کەسێکی قورەیش هاتن تاوەکو گەیشتنە لای حەوزەکەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، حەکیمی کوڕی حیزامیشیان لەگەڵ بوو بەئەسپێکەوە هاتبوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بهێڵن ئاو بخۆنەوە". جا هەرکەسێکیان ئەو رۆژە ئاوی خواردەوە، کوژرا، جگە لەحەکیمی کوڕی حیزام کە بەسەر ئەسپەکەیەوە رزگاری بوو، ئەسپەکەی پێیدەوترا(الوجيه) و دوای ئەوە بووە موسڵمان بەجوانترین موسڵمانێتییەك،جا دواتر کە دڵنیاییانە سوێندی بخواردبایە دەیووت: نە، سوێند بەو کەسەی رۆژی بەدر منی رزگار کرد.

ئیسحاقی کوڕی یەسار و زانایانی تر لەگەورەکانی ئەنسارەوە باسیان کردووە وتوویانە: کاتێ قورەیش دڵنیابوونەوە، عومەیری کوڕی وەهب ئەلجومەحییان نارد تاوەکو هاوەڵانی موحەممەد بپشکنێ و رێژەیان بزانێ. ئەویش بەئەسپەکەیەوە بەدەور سەربازگەی موسڵمانەکاندا سووڕایەوە و پاشان گەڕایەوە لایان و وتی: سێسەد کەس و کەمێ زیاتر یان کەمترن، بەڵام مۆڵەتم بدەن تاوەکو بڕوانم ئایا بۆسەیان هەیە یان هاوکارییان بۆ دێت. رۆیشتە شیوەکەوە و تاوەکو دوور ئەوانەی پشکنی و هیچ شتێکی نەبینی، ئینجا گەڕایەوە لایان و وتی: هیچ شتێکم نەبینی،بەڵام ئەی قورەیش ئەوەم بینی کە سەربازانی یەسریب مەرگیان پێیە، ئەوان قەومێکن هیچ پشتیوان و پەناگەیەکیان نییە جگە لەشمشێرەکانیان، سوێند بەخوا وەهای دەبینم هیچ کەسێکیان ناکوژرێ بەبێ ئەوەی یەکێك لەئێوە نەکوژن، ئەگەر بێتو بەژمارەی خۆیان لەئێوە بکوژن،ئیتر خێر و خۆشیی لەژیاندا نامێنێ، بۆیە بۆچوونی خۆتان بڵێن،کاتێ حەکیمی کوڕی حیزام گوێبیستی ئەوە بوو، لەنێو خەڵکەکەدا رۆیشت و هات بۆلای عوتبەی کوڕی رەبیعە و وتی: ئەی ئەبا ئەلوەلید، تۆ ئەمشەو گەورەی قورەیشی و گوێت لێ

دەگیردرێت،ئایە ناتەوێ شتێ بکەی تاوەکو دونیا مابێ بەچاکە باس بکرێیت؟ وتی: ئەو شتە چیبە ئەی حەکیم؟ حەکیم وتی: ئەوەیە خەڵکەکە بگێڕێتەوە و خوێنی عەمری کوڕی ئەلحەزرەمیی هاوپەیمانت بگریتە ئەستۆ. ئەویش وتی: ئەوە منیش ئەوەم کرد و بەڵێنی من بێ بۆ تۆ، ئەو هاوپەیمانی من بوو، خوێنەکەی و ئەوەی بەسەر سەروەتەکەیدا هاتووە لەسەر منە، بڕۆ بۆلای کوڕی ئەلحەنزەلییە، من ترسم هەیە کە جگە لە ئەو، واتا ئەبو جەهلی کوڕی هیشام، کەسێکی تر نییە خەڵکیی هان بدات بۆ شەڕ.

ئەگەڕێینەوە بۆ باسەکەی ئیبن ئیسحاق، پاشان عوتبەی کوڕی ڕەبیعە هەڵسا و وتارێکی دا و وتی: ئەی کۆمەڵی قورەیش، سوێند بەخوا ئێوە ناتانەوێ بەوەستانەوەتان بەرانبەر موحەممەد و هاوەڵانی هیچ شتێك ڕوو بدات، سوێند بەخوا ئەگەر شتێکی بەسەر بهێنن، هێشتا لەڕووتاندا دیارە هیچ کەسێکتان حەزناکات کوڕە مامەکەی یان کوڕە خاڵۆکەی یان پیاوێکی عەشیرەتەکەی خۆی بکوژێت، بۆیە بگەڕێینەوە و واز لەموحەممەد بهێنن لەگەڵ تەواوی عەرەبی تردا چی دەکات با بیکات، ئەگەر عەرەبی تر لەنێویان برد، ئەوە ئەو شتەیە کە ئێوە ویستووتانە، ئەگەر ئەویش سەرکەوت، ئەوە لەگەڵتاندا باش دەبێت و زیانی بۆ ئێوە نابێت. حەکیم ئەڵێ: دەرچووم بۆ ڕۆیشتن بۆلای ئەبو جەهل، بینینم قەڵغانەکەی دەرهێناوە و ئامادەی دەکات، وتم: ئەی ئەبا ئەلحەکەم، عوتبە منی ناردووە بۆلای تۆ بۆ فلانە شت و فلانە شت. ئەویش وتی:سیحر لێکردنەکەی هەڵهاتووە، سوێند بەخوا بەبینینی موحەممەد و هاوەڵەکانی جادووی لێ کراوە، سوێند بەخوا لێرە ناڕۆین و ناگەڕێینەوە تاوەکو خوای گەورە نێوان ئێمە و موحەممەد و هاوەڵەکانی یەکلانەکاتەوە، نەدەبوو عوتبە وەها بڵێ، بەڵام کە موحەممەد و هاوەڵەکانی بینیووە و کوڕەکەی لەنێویاندا بینیووە، ترساوە کوڕەکەی بکوژرێ بۆیە وەهای وتووە، پاشان پەیامی بۆ عامری کوڕی ئەلحەزرەمیی نارد و وتی: ئەوە دۆست و هاوپەیمانەکەتە ئەیەوێ خەڵکیی بگەڕێنێتەوە،تۆ بەچاوی خۆت وا تۆڵەی خۆت دەبینی، بۆیە هەڵسا و داوای تۆڵەی براکەت بکە، بۆیە عامری کوڕی ئەلحەزرەمیی هەڵسا و سنگی

خۆی دادڕی و کردیە هاوار و شیوەن، بەوە جەنگ گەرم بوو، خەڵکەکە دامەزراو بوونەوە لەسەر ئەو خراپەیەی بۆی دەرچووبوون، ئەو بۆچوون و هاوارە پشتگوێ خرا کە عوتبەی کوڕی رەبیعە بانگەوازی بۆ کرد.

کاتێ قسەکەی ئەبو جەهل بە عوتبەی کوڕی رەبیعە گەیشت کە وتی: سیحر و جادوولێکردنەکەی دەرکەوتووە. وتی: دەبێ ئەو کاڵفامە بزانێ جادووی کامەمان پێگەیشتووە و دەرکەوتووە. پاشان ویستی کلاوی ئاسنین بکاتە سەر،بەڵام بەهۆی گەورەیی سەریەوە لەنێو سوپادا کلاوێکی نەبینییەوە بۆ سەری ئەو گونجاو بێ، کە بینی دەستی ناکەوێ، بەعەبایەکی مێزەری بەست. ئەلئەسوەدی کوڕی عەبدولئەسەد ئەلحەزرەمیی پیاوێکی دڕی رەوشت ناشیرین بوو، دەرچوو وتی: بەڵێن بەخوا دەدەم دەبێ یان لەسەر حەوزەکەی ئەوان ئاو بنۆم یان بمرم.

کاتێ دەرچوو، حەمزەی کوڕی عەبدولموتەڵیب بەرانبەری دەرچوو، حەمزە یەك لێدانی کرد، قاچێکی لەنیوەی رانی لێکردەوە، بەو حاڵەوە بەگاوڵکێ دەیەویست بەحەوزەکە بگات و وەهای دەربخات سوێندەکەی بەجێهێناوە، بەڵام حەمزە دوای کەوت و لای حەوزەکە کوشتی. پاشان عوتبەی کوڕی رەبیعە لەنێوان شەیبەی کوڕی رەبیعە کە برای بوو هەروەها ئەلوەلیدی کوڕی عوتبە کە کوڕی بوو دەرچوو، کە لەڕیزەکانی خۆیان دەرچوون، عوتبە داوای کرد لەموسڵمانان بەرانبەریان دەربچن، سێ گەنجی ئەنساریی دەرچوون کە عەوف و میعەویزی کوڕی ئەلحاریس بوون و دایکیان ناوی عەفراء بوو، پیاوێکی تریش کە پێیدەوترا عبدالله‌ی کوڕی رەواحە.

عوتبە وتی: ئێوە کێن؟ وتیان: سێ کەسی ئەنساریین. وتی: پێویستمان بەئێوە نییە. پاشان یەکێکیان بانگی کرد: ئەی موحەممەد لەهاوشانەکانی خۆمانمان بۆ دەربکە لەوانەی قەومەکەمان. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"هەڵسە ئەی حەمزەی کوڕی عەبدولموتەڵیب، هەڵسە ئەی عوبەیدەی کوڕی ئەلحاریس و هەڵسە ئەی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب". کە هەڵسان و لێیان نزیکبوونەوە، وتیان: ئێوە کێن؟ عوبەیدە وتی: من عوبەیدەم. حەمزە وتی: من حەمزەم. عەلی وتی: من حەمزەم.

وتیان: بەڵێ باشە،بەرانبەرێکی رێزدارن. عوبەیدەی کوڕی ئەلحاریس بەرانبەر بەبەتەمەنترینی ئەو قەومە بوویەوە کە عوتبەی کوڕی رەبیعە بوو، حەمزەش بەرانبەر شەیبەی کوڕی رەبیعە بوویەوە، عەلیش بەرانبەر بەئەلوەلیدی کوڕی عوتبە بوویەوە، هەرچی حەمزە بوو، ئەوە مۆڵەتی شەیبەی نەدا و یەکسەر کوشتی، عەلیش مۆڵەتی ئەلوەلیدی نەدا و یەکسەر کوشتی، بەڵام عوبەیدە و عوتبە شەڕیان دەکرد و بەدوو لێدان خۆیانیان بەرانبەر یەکتر سەلماند، بۆیە حەمزە و عەلی بەشمشێرەکانیان پەلاماریان دا و عوتبەیان کوشت و عوبەیدەیان رزگار کرد، هێنایان بۆلای هاوەڵەکانیان، قاچی برابوویەوە و مۆخی لێ دەردەچوو. کاتێ عوبەیدەیان هێنا بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، عوبەیدە وتی: ئایە شەهید نیم ئەی پەیامبەری خوا؟ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"بەڵێ بێگومان". عوبەیدە وتی: ئەگەر ئەبو تاڵیب ئێستا زیندووبووایە، دەیزانی من شیاو و شایستەم بەوەی وتوویەتی:

ونسلمه حتی نصرع حوله ونذهل عن أبنائنا والحلائل

واتا:رادەستی ناکەین تاوەکو هەموومان بەدەوریدا خۆ بەکوشت دەدەین و بەژن و منداڵمانەوە بەرگریی لێ دەکەین.

عاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادە باسیکردووە کە عوتبەی کوڕی رەبیعە بەو گەنجانەی ئەنساری وت لەقەومی خۆمان کەسانێك دەربچن و پاشان خەڵکەکە لەیەکتر نزیك بوونەوە، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فرمانی بەهاوەڵانی دا پەلامار نەدەن تاوەکو فرمانیان پێ دەکات و پێی فەرموون: کە نزیکبوونەوە تیربارانیان بکەن. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەنێو کەپرەکەدا بوو، ئەبو بەکریشی لەگەڵ بوو. ئەبو جەعفەر ئەڵێ: رووداوی بەدر لەڕۆژی جومعەدا بوو لەبەیانیی زووی حەفدەی رەمەزان.

لەهەندێ پیاوی گەورەی قەومەکەیەوە کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەڕۆژی بەدردا ریزەکانی رێکدەخست و پەرداخێکی بەدەستەوە بوو خەڵکەکەی پێ رێکدەخست. بەلای سەوادی کوڕی غەزیەدا تێپەڕی کە هاوپەیمانی نەوەی عەدی کوڕی

ئەلنەجارِ بوو لەپیزەکە دەرچووبوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەپەرداخەکە دای لەسکی. سەواد وتی: ئەی پەیامبەری خوا ئازارت پێم گەیاند،خوای گەورە تۆی بەحەق ناردووە دەبێ مافی خۆم بدەیتەوە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سکی خۆی خستەدەر و پاشان فەرمووی:"وەرە تۆڵەی خۆت بکەرەوە". سەواد باوەشی پێدا کردە و سکی ماچ کرد. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بۆ وەهات کرد ئەی سەواد؟" سەواد وتی: ئەی پەیامبەری خوا، وا دەبینی شەڕ نزیکە و دڵنیایی نییە سەلامەت دەربچین، بۆیە ویستم کۆتا شتێك ئەوە بێ کە پێستم لەپێستت بدات. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) دوعای خێری بۆ کرد. پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەپیزەکان لاچوو گەڕایەوە کەپرەکە و ئەبو بەکریش لەگەڵیدا رۆیشتە ژوورەوە و تەنیا خۆی و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەوێ بوون، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەستی کردە پاڕانەوە لەپەروەردگاری و داوای بەڵێنی سەرکەوتنی دەکرد و ئەیفەرموو:"خوایە گیان، ئەگەر ئەم دەستەیەی موسڵمانان ئەمڕۆ بکوژرێن، ئیتر تۆ ناپەرسترێیت". ئەبو بەکریش پێیدەوت: ئەی پەیامبەری خوا تۆ لەپەروەردگارت پاڕایتەوە، بێگومان خوای گەورە ئەو بەڵێنەت بۆ بەجێدەهێنێ کە بە تۆی داوە.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەنێو کەپرەکەدا بێ هۆشییەکی بەسەردا هات و پاشان بەئاگاهاتەوە و فەرمووی:"ئەی ئەبو بەکر ئەوە سەرکەوتنی خواییت بۆ هات، ئەوە جبریلە بەسەر ئەسپەکەیەوە لەکەندەڵانەکەوە دەرکەوت و جڵەوی ئەسپەکەی گرتووە".

تیرێك هاوێژرا و میهجەعی خزمەتکاری عومەری کوڕی خەتاب پێیەوەی بوو، کوژرا، ئەو یەکەمین کوژراوی موسڵمانەکان بوو، پاشان تیرێ هاوێژرا لەحاریسەی کوڕی سوراقە کە یەکێك بوو لەنەوەی عەدی کوڕی ئەلنەجارِ و لەسەر حەوزەکە ئاوی دەخواردەوە، بەو تیرە کوژرا، پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بۆلای خەڵکەکە و هانی دان و فەرمووی:"سوێند بەو کەسەی گیانی موحەممەدی بەدەستە، هەر پیاوێك

ئەمڕۆ ئارامگرانە بجەنگێ و چاوی لەپاداشتی خوایی بـێ و هەڵنەیـەت و رانـەکات، ئـەوە خوای گەورە ئەیخاتە بەهەشتەوە". عومـەیری کـوڕی ئـەلحومام بـرای نـەوەی سـەلەمە چەند دەنکە خورمایەکی بەدەستەوە بوو دەیخوارد وتی: بەخ، واتا ئەوەی لەنێوان من و بەهەشتدا ماوە ئەوەیە ئەوانە من بکوژن. خورماکانی لەدەست فـرێ دا و شمشـێرەکەی هەڵگرت و شەڕی بێباوەڕانی کرد تاوەکو کوژرا و بەدەم شەڕەوە ئەیووت:

ركضـا إلى الله بغـير زاد التقى وعمـل المعـاد

والصبر في الله على الجهاد وكل زاد عرضة النفاد

غير التقى والبر والرشاد

واتا: بەبێ تووێشوو بۆلای خوا رابکە و کاری قیامەت کۆبکەرەوە، ئارام بگـرە لـەپێناو خوا لەجیهاددا و هەموو تووێشوویەکی دونیا تیادەچێ جگە لە لـەخوا ترسـان و چـاکە و رێنمایی و رێنیشاندەریی.

لەعاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادەوە، عەوف کـوڕی ئـەلحاریس کـە دەکاتـە ئـیبن ئەلعەفراء وتی: ئەی پەیامبەری خوا چی شتێکی بەندە، خوای گەورە ئەخاتە پێکەنین؟ فەرمووی:"ئەوەی بەتووندییەوە دەستی لەدوژمن گیر کردووە و پاشان قەڵغانەکەی فرێ دەدات و شمشێرەکەی هەڵدەگرێت و شەڕیان دەکات تاوەکو دەکوژرێت".

لەعبداللەی کوڕی سەعلەبەی کوڕی سوعەیر ئـەلعوزریی هاوپـەیمانی نـەوەی زوهـرەوە ئەڵێ: پاشـان خەڵکەکـە بەیەکگەیشـتن و لەیـەکتر نزیکبوونـەوە، ئـەبو جـەهل ئـەیووت: خوایـە گیـان لـەخزمانی خۆمانمـان مەخـەرە بـەردەم، کەسـانێکمان بخـەرە پـێش کـە نەیناسین تاوەکو خوێناویی بکەم. دوعاکەی بەسەر خۆیدا گیرا کرد. پاشـان پەیامبـەری خوا(صـلى الله عليـه وسـلم) چـنگە خـۆڵێکی هـەڵگرت و رووی کـردە قـورەیش و پاشـان فـەرمووی:"رەش بـن ئـەو رووانـە". ئینجـا بەڕوویانـدا فـووی پێـدا کـرد. پاشـان فـەرمووی:"ئامادە و تووندوتۆڵ بـن". خـوای گـەورە ئـەوەی ویسـتی لەگـەورەکانی قورەیشی کوشت و ویستی بوو کـێ دیـل بکـەوێ، دیـل کـەوت. کـاتێ لـەبێباوەڕان دیـل کەوتن و پەیامبەری خوا(صـلى الله عليـه وسـلم) لـەنێو کەپرەکـەدا بـوو سـەعدی کـوڕی

موعازیش شمشێری هەڵکێشابوو لەبەردەم دەرگای کەپرەکەدا لەگەڵ هەندێ ئەنساریدا راوەستا بوو نەوەك دوژمن لەپشتەوە پەلامار بدات. وەك بۆم باسکراوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەپوومەتی سەعدی کوڕی موعازدا بینی پێی ناخۆشە ئەوانە دیل دەکرێن، بۆیە فەرمووی:"ئەی سەعد، وەك ئەوەی دەبینم پێت ناخۆشە دیل دەکرێن؟" وتی: بەڵێ ئەی پەیامبەری خوا، ئەمە یەکەمین شەڕێکە خوای گەورە هاوبەشی پەیداکەران بدۆڕێنێ، گەوزانیان لەکوشتن و خوێندا بەلامەوە خۆشتر و بەچێژترە لەمانەوەیان.

لەئیبن عەباسەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەو رۆژە بەهاوەڵانی فەرموو:"من دەزانم پیاوانێك لەنەوەی هاشم و کەسانی تر بەناچاریی هێنراون و پێویستییان بەشەڕی ئێمە نییە، بۆیە ئەگەر یەکێ لەئێوە بەیەکێکی نەوەی هاشم گەیشت، نەیکوژێ، هەرکەسێ بەئەلبوختریی کوڕی هیشامی کوڕی ئەلحاریسی کوڕی ئەسەد گەیشت نەیکوژێ، هەرکەسێ بەعەباسی کوڕی عەبدولموتەلێبی مامی پەیامبەری خوا گەیشت، نەیکوژێ، چونکە بەناچاریی دەرکراوە و هێنراوە".

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆیە رێگریی کرد ئەبو ئەلبوختری بکوژرێت، چونکە لەمەککەدا نەیدەهێشت ئازاری پەیامبەری خوا بدرێت، بەهیچ شتێك ئازاری پەیامبەری خوای نەدا، یەکێك بوو لەوانەی پەلاماری دا بۆ درپینی ئەو نووسراوەی قورەیش لەدژی نەوەی هاشم و عەبدولموتەلێب نووسیبوویان،جا ئەلمجزری کوڕی زیاد ئەلبەلەوی(المجذر بن ذياد البلوي)هاوپەیمانی ئەنسار لەنەوەی عەدیی پێیگەیشت و وتی: ئەی ئەبو ئەلبوختری، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رێگری کردووە لەکوشتنت. لەگەڵ ئەبو ئەلبوختریدا هاوڕێیەکی هەبوو لەمەککەوە پێکەوە دەرچووبوون کە جونادەی کوڕی مەلیحەی کچی زوهەیری کوڕی ئەلحاریسی کوڕی ئەسەد بوو، جونادە پیاوێکی نەوەی لەیس بوو، بوختریی ناوی ئەلعاسمی کوڕی هیشامی کوڕی ئەلحاریسی کوڕی ئەسەد بوو، وتی:هاوڕێکەشم ناکوژن؟ ئەلمجزر وتی: نە، سوێند بەخوا هاوڕێکەت بەرەڵا ناکەین، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی کردووە تەنیا تۆ نەکوژین.

ئەبو ئەلبوختریيش وتی: دەی واللەی منیش وەك ئەوان دەبێ بمرم، نابێ ژنانی قورەیشی خەڵکی مەککە باس بکەن کە بۆ ژیانی خۆم، وازم لەهاوڕێکەم هێناوە. جا کاتێك ئەلمجزر بەرانبەر بە ئەبو ئەلبوختریی وەستابوویەوە و ئەبو ئەلبوختریيش تەنیا کوشتنی ئەویست و ئەم شیعرەی دەوتەوە:

لن يسلم ابن حرة أكيله حتى يموت أو يرى سبيله

واتا:کوڕی ئافرەتی سەربەست هاوڕێی خۆی رادەست ناکات، یان لەپێناویدا دەمرێ یان رێگەی رزگاربوونی بۆ دەکاتەوە.

دەستیان کردە شەڕکردن و ئەلمجزر ئەوی کوشت، پاشان ئەلمجزر هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و وتی: سوێند بەو کەسەی تۆی بەحەق ناردووە، هەوڵی تەواوم دا دیلی بکەم و بیهێنم بۆلای تۆ، بەڵام ئەو رەتیکردەوە و شەڕی دەویست، بۆیە لەشەڕی بەرانبەردا کوشتم.

لەعەبدولڕەحمانی کوڕی عەوفەوە ئەڵێ: ئومەییەی کوڕی خەڵەف لەمەککەدا هاوڕێم بوو، ناوم عەمر بوو، بەڵام کاتێ بوومە موسڵمان، ناو دەبرام بەعەبدولڕەحمان، لەمەککەدا بووین ئومەییە کە پێمدەگەیشت ئەیووت: ئەی عەمر، حەزت بەناوێك نییە کە باوکت ئەو ناوەی لێ ناویت؟ ئەمووت: بەڵێ. ئەویش ئەیووت: ئەی من ئەلڕەحمان ناناسم، ناوێك لەنێوان خۆم و خۆتدا دابنێ پێی بانگت بکەم، تۆ ئێستا بەناوی سەرەتات وەڵام نادەیتەوە و منیش بەم ناوەی کە ناینناسم بانگت ناکەم. بۆیە کە بانگیدەکردم ئەیووت ئەی عەبد عەمر، منیش وەڵامم نەدەدایەوە، پێمووت تۆ بە ئەبا عەلی بانگم بکە ئەگەر ویستت. ئەویش وتی: تۆ عەبدولئیلاهی؟ وتم: بەڵێ. بۆیە کاتێ بەلایدا تێپەڕ دەبووم ئەیووت: ئەی عەبدولئیلاه. منیش وەڵامم دەدایەوە و قسەم لەگەڵدا دەکرد تاوەکو رۆژی بەدر هات و بەلایدا تێپەڕ بووم، راوەستا بوو لەگەڵ عەلیی کوڕیدا و دەستی گرتبوو، منیش قەڵغانەکانم هەڵگرتبوو، کە منی بینی وتی: ئەی عەبد عەمر. منیش وەڵامم نەدایەوە، بۆیە وتی: ئەی عەبدولئیلاه. وەڵامم دایەوە. وتی: ئایە هیچ پێویستییەکت پێم هەیە، من لەو قەڵغانانەی بە تۆیە باشترم بۆ تۆ. وتم: بەڵێ،

قەڵغانەکانم لەدەستم فڕێ دا و دەستی خۆی و عەلی کوڕیم گرت و ئەویش ئەیووت: هەرگیز نمونەی ئەمڕۆم نەبینیووە،من وتم پێویستتان بەماست هەیە. ئەڵێ: پاشان هەردووکیانم بەڕێکردن دەرکرد.

لەعەبدولڕەحمانی کوڕی عەوفەوە ئەڵێ: لەنێوان ئومەییەی کوڕی حەڵەف و کوڕەکەیدا بووم و دەستی هەردووکیانم گرتبوو، ئومەییە پێیوتم: ئەی عەبدولئیلاھ ئەو پیاوەی نێو ئێوە کێیە کە پەڕی وشتر ملی بەسنگییەوە ناوە؟ وتم: ئەوە حەمزەی کوڕی عەبدولموتەڵیبە. وتی: ئا ئەوەیە وا هەراسانی کردووین. عەبدولڕەحمان ئەڵێ: سوێند بەخوا دەستی هەردووکیانم گرتبوو، بیلال لەگەڵ منداا ئەوی بینی کە لەمەککەدا ئەشکەنجەی بیلالی دابوو بۆ ئەوەی دەستبەرداری ئیسلام ببێ، ئەیبردە دەشتی مەککە و لەقرچەی هاویندا داخی دەکرد و بەردی دەخستە سەر سنگی تاوەکو لەئاییینی موحەممەد وازبهێنێ، کەچی بیلال ئەیووت أحد أحد، بیلال کە ئەوی بینی وتی: ئەی گەورەی بێباوەڕان ئومەییەی کوڕی خەڵەف، بژیم ناهێڵم رزگارت بێ. وتم: ئەی بیلال دیلی منە. بیلال وتی: بژیم ناهێڵم رزگارت بێ. وتم: گوێبگرە ئەی کوڕی ژنە ڕەشەکە. وتی: بژیم ناهێڵم رزگارت بێ. پاشان بەدەنگی بەرز هاواری کرد و وتی: ئەی ئەنسارەکان ئەمە گەورەی بێباوەڕییە ئومەییەی کوڕی خەڵەف، نابێ بژیم ئەگەر ئەو رزگاری بێ. دەورەیان لێ داین و هەرچیم دەکرد دووریان بخەمەوە، پیاوێك شمشێری دا لەکوڕەکەی و خستی، ئومەییەی هاوارێکی کرد هەرگیز نمونەی ئەو هاوار و قیژەیەم گوێ لێ نەبووە، وتم: خۆت رزکار بکە و رزگاربوونیش نییە، سوێند بەخوا هیچم پێ ناکرێ بۆ تۆی بکەم. بەشمشێرەکانیان لێدانی خۆی و کوڕەکەیان کرد تاوەکو لێیبوونەوە. عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف ئەیووت: خوای گەورە بەزەیی بەبیلالدا بێتەوە، قەڵغانەکانم لەدەست دا و بەدوو دیلەکەشم منی تۆقاند.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: پیاوێکی نەوەی غەفار بۆی باسکردم وتی: من و کوڕە مامێکم هاتین تاوەکو سەرکەوتینە سەر چیایەك ئەیڕوانییە بەدر، ئێمە هاوبەش پەیداکەربووین و تەماشامان دەکرد کێ دەیباتەوە، بچین لەگەڵیدا تالانی لایەنی دۆڕاو بکەین، ئێمە لەسەر

چیایەکە بووین و هەورێکمان لێ نزیکبوویەوە و گوێمان لەحیلەی ئەسپ بوو لەناو هەورەکەدا،گوێمان لەدەنگێك بوو ئەیووت: پێشکەوە ئەی حەیزوم. ئەڵێ: بەو دەنگ و حاڵەتە کوڕە مامەکەم یەکسەر دڵی راوەستا و مرد، منیش وەخت بوو بمرم بەزۆر خۆم جڵەو کرد.

لەئەبو داوود ئەلمازنییەوە کە بەشداری بەدر بوو ئەڵێ: لەڕۆژی بەدردا دوای پیاوێك کەوتم تاوەکو لێی بدەم، پێش ئەوەی شمشێرەکەم پێی بگات، ئەو کەوت، ئەوکات زانیم کەسی تر ئەوی کوشتووە.

لەئەبو ئومامەی کوڕی سەهلی کوڕی حەنیفەوە ئەڵێ: باوکم پێیووتم: کوڕی شیرینم، لەڕۆژی بەدردا هەریەکێك لەئێمە کە شمشێری روو دەکردە هاوبەش پەیداکەرێ، پێش ئەوەی شمشێرەکەی پێ بگات، سەری هاوبەش پەیداکەرەکە لەجەستەی جیادەبوویەوە.

لەعبداللەی کوڕی عەباسەوە ئەڵێ: لەڕۆژی بەدردا فریشتەکان مێزەری سپییان بەستبوو، لەپشتەوە بەریان دابوویەوە، لەڕۆژی حونەینیشدا مێزەری سوور، فریشتەکان لەهیچ شەڕێکدا شەڕیان نەکرد تەنیا رۆژی بەدر نەبێ، لەشەڕەکانی تردا هاوکارییان دەگەیاند نەك لێدان.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ:لەعبداللەی کوڕی عەباسەوە و عبداللەی کوڕی ئەبو بەکریش بۆی باسکردم وتیان: موعازی کوڕی عەمری کوڕی ئەلجەموح بۆ ئەیووت: کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ کاری دوژمنەکانی یەکلابوویەوە، فرمانی کرد بۆ ئەبو جەهل بگەڕێین و فەرمووی:" خوایە گیان لەدەستی تۆ رزگاری نابێ". ئەڵێ: یەکەمین کەسێك بە ئەبو جەهل گەیشت، موعازی کوڕی عەمری کوڕی ئەلجەموح بوو، گوێم لێیان بوو کە ئەبو جەهل لەپێچێکدا بوو ئەیانووت: کەس نەگاتە ئەبا ئەلحەکەم. بۆیە منیش رووم کردە ئەو و پەلاماریم دا و بەیەك لێدان، قاچم لێ کردەوە. عیکریمەی کوڕی شمشێرێکی دا لەشانم و باڵی لێکردمەوە بەپێستەوە کەوتە پشتم و لێی دووری خستمەوە، ئەو رۆژە کە شەڕم دەکرد، باڵی بڕاوم بەدوای خۆمدا

کێش دەکرد، موعاز بەو جۆرە ژیا تاوەکو سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفان. ئەڵێ: پاشان موعەویزی کوڕی عەفراء بەڵای ئەبو جەهلدا تێپەڕی کە قاچی بڕابوو، شمشێرێکی لێدا و وازی لێهێنا کە گیانی دەدا. موعەویز شەڕی کرد تاوەکو کوژرا، پاشان عبداللەی کوڕی مەسعود بەڵای ئەبو جەهلدا تێپەڕی کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی دابوو نێو کوژراوەکان بگەڕێن. وەك پێمگەیشتووە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی دابوو بگەڕێن نەوەك بەکاریگەریی بڕیارەکەی قاچی لەنێو کوژراواندا خۆی لەئێوە شاردبێتەوە. عبداللەی کوڕی مەسعود ئەڵێ: بینیم لەکۆتا ساتی سەرەمەرگدا بوو، قاچم خستەسەر ملی، جارێکیان لەمەککە ئازارێکی سەختی دابووم و مشتێکی تووندی لێ دام، پاشان پێموت: ئەی دوژمنی خوا، خوا ریسوای کردی. وتی: بەچی ریسوای کردم، پێم بڵێ ئەمڕۆ سەرکەوتن بۆ کێ بوو؟ وتم: بۆ خوا و پەیامبەرەکەی.

پیاوانێك لەنەوەی مەخزوم وەهایان داناوە کە ئیبن مەسعود ئەیووت: ئەبو جەهل پێیووتم: ئەی شوانی مەڕ سەخت پێگەیشتووی، پاشان سەرم لێکردەوە و هێنام بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و وتم: ئەی پەیامبەری خوا، ئەمە سەری ئەبو جەهلی دوژمنی خوایە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"سوێند بێ بەو خوایەی هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لەخۆی؟" ئەوە سوێندخواردنی پەیامبەری خوا بوو. وتم: بەڵێ بەو خوایەی کە هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لە خۆی. پاشان سەری ئەبو جەهلم خستە بەردەستی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و ئەویش سوپاسی خوای گەورەی کرد.

لەعائیشەوە ئەڵێ: کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی کرد کوژراوەکان بخرێنە قولەیبەوە، ئومەییەی کوڕی خەڵەف ئاوسابوو، قەڵغانەکەی لێ نەکرایەوە، بۆیە بەو جۆرە خۆڵ و بەردیان بەسەردا دا، کاتێك خرانە قولەیبەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) راوەستا و فەرمووی:"ئەی ئەهلی قولەیب بەوە گەیشتن کە خوای گەورە بەڵێنی پێ دان؟ من وا بەوە گەیشتم کە خوای گەورە بەحەق بەڵێنی پێ دابووم"

هاوەڵانی وتیان: ئەی پەیامبەری خوا تۆ لەگەڵ کەسانێکی مردوودا قسە دەکەی؟ فەرمووی:"بێگومان زانیتان و بەوە گەیشتن کە بەحەق و راستیی بەڵێنتان پێ درابوو".

لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ئەڵێ: گوێم لەهاوەڵانی پەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم) کە پەیامبەر ئەیفەرموو:"ئەی ئەهلی قولەیب، ئەی عوتبەی کوڕی ڕەبیعە، ئەی شەیبەی کوڕی ڕەبیعە، ئەی ئومەییەی کوڕی خەڵەف، ئەی ئەبو جەهلی کوڕی هیشام(ناوی ئەوانەی تری قولەیبی هێنا کە لەگەڵ ئەواندا کوژرابوون) بەوە گەیشتن کە پەروەردگارتان بەحەق و ڕاستییەوە بەڵێنی پێ دابوون؟ من بەوە گەیشتم کە پەروەردگارم بەحەق بەڵێنی پێ دابووم". موسڵمانەکان وتیان: ئەی پەیامبەری خوا تۆ لەگەڵ قەومێکدا قسە دەکەی کە تەنیا کۆمەڵە لاکێکن. ئەویش فەرمووی:"ئەوەی من ئەیڵێم لەئێوە باشتر گوێیان لێیەتی، بەڵام ناتوانن وەڵامم بدەنەوە".

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێ: زانایەك بۆی باسکردم کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەو ڕۆژە ئەو فەرمایشتەی فەرموو:"ئەی ئەهلی قولەیب، ئێوە خراپترینی عەشیرەتەکەی پەیامبەر بوون بۆ پەیامبەرەکەتان، ئێوە منتان بەدرۆزن زانی و خەڵکیی منیان بەڕاستگۆ زانی، ئێوە منتان دەرکرد و خەڵکیی دانّدە و پەنایان دام، ئێوەی شەڕی منتان کرد و خەڵکییش پشتیوانیی منیان کرد" پاشان فەرمووی:"ئایە بەوە گەیشتن و بینییتان کە خوای گەورە بەحەق بەڵێنی پێ دابوون؟"

کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی پێکردن تەرمی بێباوەڕان بخرێتە قولەیبەوە، عوتبەی کوڕی ڕەبیعە ڕاکێشرا بۆ قولەیب، وەك پێمگەیشتووە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تەماشایەکی دەموچاوی ئەبو حوزەیفەی کوڕی عوتبەی کرد، بینی خەمبارە و ڕەنگی گۆڕاوە، بۆیە فەرمووی:"ئەی ئەبا حوزەیفە ڕەنگە لەبارەی باوکتەوە شتێکت هەبێ" یان شتێ لەو جۆرەی فەرموو. ئەبو حوزەیفە وتی: نە نە سوێند بەخوا ئەی پەیامبەری خوا، گومانم لەباوکم و تیاچوونی نەبووە، بەڵام بۆچوون و سۆز و نەرمییەکم لەباوکم دەدی ئومێدم دەکرد ئەوە هیدایەتی بدات بۆ ئیسلام، بەڵام کە بینینم چۆن لەسەر بێباوەڕیی مرد و منیش ئومێدی شتێکی ترم بۆ

دەکرد، ئەوە خەفەتباری کردم. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دوعای چاکەی بۆ ئەبو حوزەیفە کرد و چاکی بۆ فەرموو. پاشان پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فرمانی کرد ئەوەی لەنێو سەربازگەکەدا هەیە کۆبکرێتەوە، موسڵمانەکان لەوەدا ناکۆك بوون کێ کۆیکردووەتەوە؟ ئەوەی کۆیکردبووەوە دەیووت من کۆمکردووەتەوە. ئەوانەی شەڕی دومنیان کردبوو وتیان: ئەگەر ئێمە شەڕی دوژمنمان نەکردبایە، ئێوە ئەو شتانەتان کۆنەدەکردەوە، ئێمە دوژمنمان سەرقاڵ کرد و ئێوە توانییتان ئەو شتانە کۆبکەنەوە. ئەوانەشی کە پاسەوانیی پەیامبەری خوایان کرد وتیان: ئێمە پاسەوانێتیی پەیامبەری خوامان کرد تاوەکو دوژمن دەستی پێ نەگات، سوێند بەخوا ئێوە لەئێمە مافدارتر نین بەو شتانە.

لەئەبو ئومامەی باهیلییەوە ئەڵێ: لەعوبادەی کوڕی سامتەوە پرسیم لەبارەی دەسکەوتی جەنگەوە، وتی: کۆمەڵی بەدرمان تێدا بوو کاتێ لەبارەی ئەو دەسکەوتانەوە ناکۆکییمان بۆ دروست بوو، بۆیە خوای گەورە لەدەستی ئێمەی دەرکرد و خستیە دەست پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) یەکسان لەنێوان موسڵمانانداا دابەشی کرد، ئەوەش تەقوای خوا و گوێڕایەڵیکردنی پەیامبەری خوا و ئاشتەوایی نێوان موسڵمانانی تێدا بوو. ئەڵێ: پاشان پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەگەڵ ئەو فەتحەدا عبداللەی کوڕی رەواحەی نارد بۆ لای خەڵکی ژوورو بۆ گەیاندنی مزگێنیی فەتح و زەیدی کوڕی حاریسەشی نارد بۆلای خەڵکی خوارو بۆ گەیاندنی مزگێنیی ئەو فەتحەی کە خوای گەورە بەپەیامبەرەکەی بەخشی. ئوسامەی کوڕی زەید ئەڵێ: کاتێ خۆڵمان دەکرد بەسەر روقیەی کچی پەیامبەری خوادا(صلی الله علیه وسلم) کە کۆچی دوایی کردبوو خێزانی عوسمانی کوڕی عەفان بوو، ئەو هەواڵەمان پێگەیشت، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)لەگەڵ عوسماندا منی بەجێهێشت بۆ چاودێریکردنی، زەیدی کوڕی حاریسە هات و رۆیشتم بۆلای و لەئەلموسەلاّ راوەستابوو خەڵکیی دەورەیان لێدابوو، ئەیووت: عوتبەی کوڕی رەبیعە و شەیبەی کوڕی رەبیعە و ئەبو جەهلی کوڕی هیشام و زەمعەی کوڕی

ئەلئەسوەد و ئەبو ئەلبوختری کوڕی هیشام و ئومەییەی کوڕی خەڵەف و نەبیە و مونبیهی کوڕانی ئەلحەجاج کوژران. منیش وتم: باوکم ئەوە راستە؟ وتی: بەڵێ،سوێند بەخوا ئەوە راستییە ئەی کوڕی شیرینم. پاشان پەیامبەری خوا(صلی الله علیە وسلم) بەرەو مەدینە گەڕایەوە بەو دەسکەوتانەی کە لەهاوبەش پەیداکەرانی پەیدا کردبوو، عبداللەی کوڕی کەعبی کوڕی زەیدی کوڕی عەوفی کوڕی مەبزولی کوڕی عەمری کوڕی مازنی کوڕی ئەلنەجاڕی کردبووە بەرپرسی دەسکەوتەکان، هات تاوەکو لەنۆکەندی ئەلسەفراء دەرچوو دابەزییە سەر تەپۆلکەیەکی نێوان نۆکەندەکە و ئەلنازیە و پێی دەوترا بەڕێبکەوە، بەڵام لەوێدا دەسکەوتەکانی یەکسان بەسەر موسڵمانانداا دابەش کرد و لەئاوێك کە پێیدەوترا ئەلئەوراق ئاوی خواردنەوەی بۆ هێنرا. پاشان پەیامبەری خوا(صلی الله علیە وسلم) بەڕێکەوت تاوەکو گەیشتە ئەلڕەوحاء و موسڵمانان هاتن پیرۆزبایی ئەو فەتحەیان لەپەیامبەری خوا و موسڵمانان دەکرد کە لەگەڵیدا بوون. سەلەمەی کوڕی سەلامەی کوڕی وەقش وتی: پیرۆزبایی چی دەکەن، سوێند بەخوا هەر شتێکی سادەمان دەسکەوتووە، وەك وشتری لاواز و خواردوومانە. پەیامبەری خوا(صلی الله علیە وسلم) بزەیەکی کرد و فەرمووی:"برازا ئەی ئەو خەڵکە". ئەڵێ: لەگەڵ پەیامبەری خوادا(صلی الله علیه وسلم) دیلەکانی هاوبەش پەیداکەران هێنرابوون کە چل و چوار دیل بوون، کوژراویشیان هەبوو،لەنێو دیلەکاندا ئەمانە هەبوون: عوقبەی کوڕی ئەبی موعیت و ئەلنەزری کوڕی ئەلحاریسی کوڕی کەلەدە.

لەیەحیای کوڕی عبداللەی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی سەعدی کوڕی زوارەوە ئەڵێ: دیلەکان هێنران و سەودەی کچی زەمعەی خێزانی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لای بنەماڵەی عەفراء بوو پێش ئەوەی حیجابیان بەسەردا فەرز بکرێ. ئەڵێ: سەودە ئەڵێ: سوێند بەخوا من لایان بووم کە ئەو دیلانە هێنران، گەڕامەوە ماڵەوەم و پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەماڵەوە بوو، بینینم وا ئەبو یەزید سوهەیلی کوڕی عەمر لەسووچێکدایە و بەحەبل دەستی بەستراوەتەوە بەگەردنییەوە،کە ئەوەم بینی خۆم پێ رانەگیرا و وتم: ئەی ئەبا یەزید ناچارانە دەستی خۆتانتان رادەست کرد و

نەتاندەتوانی رێزدارانە بێنە پێش. سوێند بەخوا بەفەرمایشتی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەئاگاهاتمەوە کە فەرمووی:"ئەی سەودە، ئەمەت لەدژی خوا و پەیامبەرەکەی کرد!" منیش وتم: ئەی پەیامبەری خوا، سوێند بەو کەسەی تۆی بەحەق ناردووە، کە ئەبا یەزیدم بینی بەحەبل دەستی بەگەردنییەوە بەستراوەتەوە خۆمم پێ رانەگیرا و ئەوەم وت.

نەبیهی کوڕی وەهب برای نەوەی عەبدولدار باسیکردووە کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کاتێک بەدیلەکانەوە هات، دابەشیکردن بەسەر هاوەلاندا و فەرمووی:"لەگەڵ دیلەکاندا باش مامەڵە بکەن". ئەڵێ: ئەبو عەزیزی کوڕی عومەیری کوڕی هاشم برای باوک و دایکیی موسعەبی کوڕی عومەیر لەنێو دیلەکاندا بوو، ئەبو عەزیز ئەڵێ: براکەم موسعەبی کوڕی عومەیر بەلامدا تێپەڕی و پیاوێکی ئەنساریی دیلی دەکردم، موسعەب بەپیاوە ئەنساریيەکەی وت: دەستی تووند ببەستەرەوە، دایکی دەوڵەمەندە بەڵکو رزگاربییەکی باش بدات لەبەرانبەری. ئەڵێ: لەنێو چەند کەسێکی هاوەلاندا بووم کاتێک منیان لەبەدرەوە هێنا، جا کاتێک خواردنی بەیانی و ئێوارەیان بۆ بهاتبایە، نانەکەیان بە من دەدا و خۆیان خورمایان دەخوارد لەبەر ئەو وەسێتەی کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) پێیانی کردبوو سەبارەت بە ئێمە. لەدەست هەرکەسێکیان پارچە نانێک بکەوتبایە، بۆ منیان هەڵدەگرتەوە، منیش شەرمم دەکرد رەتیبکەمەوە.

یەکەمین کەسێک گەیشتە مەککە و کۆستی گەورەی قورەیشی بەمەککە گەیاند،ئەلحەیسەمانی کوڕی عبدالله‌ی کوڕی ئیاسی کوڕی زەبیعەی کوڕی مازنی کوڕی کەعبی کوڕی عەمری ئەلخوزاعیی بوو. ئەبو جەعفەر ئەڵێ:واقیدی وتوویەتی: ئەلحەیسەمانی کوڕی حابس ئەلخوزاعی. وتیان: چی هەواڵێکن پێیە؟ وتی: عوتبەی کوڕی رەبیعە و شەیبەی کوڕی رەبیعە و ئەبو ئەلحەکەمی کوڕی هیشام و زەمعەی کوڕی ئەلئەسوەد و ئەبو ئەلبوختری کوڕی هیشام و نەبیە و مونبیهی کوڕانی ئەلحەجاج کوژراون. جا کاتێک کەوتە ژمارەکردنی کوژرانی گەورەکانی قورەیش، سەفوانی کوڕی

ئومەییە لەحیجردا دانیشتبوو وتی: سوێند بەخوا ئەگەر ئەمە راست بێ، ئەوە لەبارەی منەوە لێی بپرسن. وتیان: ئەی سەفوانی کوڕی ئومەییە چی بەسەرهات؟ وتی: ئەوەیە لەحیجردا دانیشتووە، سوێند بەخوا بینیم کاتێ باوك و براکەی کوژران.

لەعیکریمەی خزمەتکاری ئیبن عەباسەوە ئەڵێ: ئەبو رافیعی خزمەتکاری پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) وتی: خزمەتکاری عەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیب بوو، ئیسلام تێکەڵی ئالو بەیت ببوو، ئوم ئەلفەزڵ ببووە موسڵمان و عەباسیش قەومەکەی بەگرنگ دەزانی و حەزی نەدەکرد پێچەوانەیان بکات، موسڵمانبوونەکەی شاردبووەوە، سەروەتێکی زۆری هەبوو لەنێو قەومەکەیدا دابەش ببوو، ئەبو لەهەبی دوژمنی خوا نەیتوانی بەشداری بەدر بێ و لەجیاتیی خۆی، ئەلعاصی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرەی نارد، هەر پیاوێك نەیتوانی بەشدار ببێ، یەکێکی لەجیاتیی خۆی دەنارد،کاتێ هەواڵی شکست و کۆستی کوژرانی گەورەکانی قورەیشیان پێگەیشت شەرمەزارتر بن، ئێمە لەدەروونی خۆماندا هەستمان بەشانازی و هێز دەکرد، من پیاوێکی لاواز بووم و پەرداخم شۆڕکردبووەوە ناو زەمزەم، سوێند بەخوا من دانیشتبووم پەرداخەکەم شۆڕکردبووەوە ناو ئاوی زەمزەم و ئوم ئەلفەزڵیش دانیشتبوو، بەو هەواڵە خۆشحاڵ بووین و ئەبو لەهەبی فاسیقی خراپەکاریش هات و لەپاڵ حیجر دانیشت و پشتی دا بەپشتمەوە، دانیشتبوو خەڵکیی وتیان: وا ئەبو سوفیان هات. ئەویش وتی: وەرە ئەی برازا هەواڵتان لا هەیە؟ ئەبو سوفیان لای ئەبو لەهەب دانیشت و خەڵکییش بەپێوە راوەستابوون، ئەبو لەهەب وتی: برازا پێم بڵێ هەواڵ چییە؟ دەنگوباسی ئەو خەڵکە چییە؟ ئەبو سوفیانیش وتی: هیچ شتێك نییە، سوێند بەخوا هەرکە نزیکیان بووینەوە، چۆنیان ویست لێیان کوشتین و دیلیان لێ کردین، من سەرزەنشتی کەسانی خۆمان ناکەم، چونکە بەپیاوانێك گەیشتین لەسەر ئەسپی بەڵەك بوون لەنێوان ئاسمان و زەوییەوە دادەبەزین، هیچ شتێکمان پێ نەدەکرا. ئەبو رافیع ئەڵێ: خەریك ئاوم هەڵدەکێشا وتم: ئەوانە فریشتە بوونە. ئەبو لەهەب دەستی بەرزکردەوە و یەك زللەی تووندی دا بەنێو چەوانمدا و پەلاماری دام و خستمیە سەر زەوی و لەقەی دونیای لێ دام، منیش پیاوێکی لاواز بووم،

ئوم فەزڵ هەڵسا و بەردێکی هێنا دای بەسەریدا خراپ سەری شکاند و وتی:لەبەر ئەوەی گەورەکەی لێرە نییە ئاوەها سووکایەتیی پێ دەکەی. شەرمەزارانە هەڵسایە سەر پێ، سوێند بەخوا هەر حەوت شەو دوای ئەوە ژیا، خوای گەورە تووشی نەخۆشیی پێستی کرد و دوو کوڕەکەی بۆ دوو شەو یان سێ شەو لەماڵدا وازیان لێهێنا تاوەکو بۆگەنی کرد، قورەیش خۆی لەو نەخۆشییە دەپاراست و لەو کەسانە خۆی بەدوور دەگرت هەروەک چۆن خەڵکیی خۆیان بەدوور دەگرن لەتاعون. هەتا ئەوەی پیاوێکی قورەیشیی پێی وتن: لەباردایکتان بچن، هەردووکتان شەرم ناکەن باوکتان لەماڵەکەیدا بۆگەنی کردووە و نایناێژن! وتیان:لەو پەتا و دەردە ئەترسین. ئەویش وتی: بەڕێکەون منیش لەگەڵتان دەبم. هاتن و لەدوورەوە ئاویان کرد بەسەریدا و دەستیان لێ نەدا، پاشان هەڵیانگرت و لەسەرووی مەککەوە خستیانە چاڵ و بەردیان غلۆر کردەوە بەسەریدا تاوەکو شاردیانەوە.

لەعبداللەی کوڕی عەباسەوە ئەڵێ: کاتێ موسڵمانەکان لەڕۆژی بەدردا ئێوارەیان کردەوە و دیلەکانیش کۆت و بەند کراو بوون، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سەرەتای شەو بەخەبەر بوو، هاوەڵانی وتیان: ئەی پەیامبەری خوا چییە بۆ ناخەوی؟ فەرمووی:"گوێم لێبوو عەباس بەکۆت و بەندکردنەکەی بەئازارە". ئەوانیش رۆیشتن بۆلای عەباس و کۆت و بەندەکەیان لێ کردەوە، ئینجا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خەوت.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: ئەو کەسەی عەباسی دیلکردبوو، ئەبو ئەلیوسر بوو کەعبی کوڕی عەمری برای نەوەی سەلەمە، پیاوێکی کورتەبالا بوو، بەڵام عەباس پیاوێکی کەڵەگەت بوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەئەبو ئەلیوسری فەرموو:"ئەی ئەبا ئەلیوسر، چۆن عەباست دیل کرد؟"ئەویش وتی: ئەی پەیامبەری خوا پیاوێك هاوکاریی کردم پێشتر نەمبینیووە و نێستاش نایبینم،شێوەی ئاوەها و ئاوەها بوو. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەوە فریشتەیەکی بەڕێز هاوکاریی کردووی".

لەعوبادەوە ئەڵێ:قورەیش بۆ کوژراوەکانیان شیوەن و گریانیان دەستپێکرد، پاشان وتیان: وا مەکەن، چونکە ئەمە بەموحەممەد و هاوەڵانی دەگات و بەم مەینەتییەتان خۆشحاڵ دەبن، مەنێرن بەدوای دیلەکاندا تاوەکو خۆیان بێزار دەبن و بەوە هیچیان دەستناکەوێ.

ئەڵێ: ئەلئەسوەدی کوڕی عەبدولموتەڵیب بەکوژرانی سێ کوڕی کۆستی کەوتبوو، زەمعەی کوڕی ئەلئەسوەد و عەقیلی کوڕی ئەلئەسوەد و ئەلحاریسی کوڕی ئەلئەسوەد، حەزی دەکرد بۆ کوڕەکانی بگری، ئا لەو حاڵەدا بوو لەشەودا گوێی لەشیوەن و گریانی ئافرەتێك بوو، لەبەر ئەوەی خۆی نابینابوو، بەخزمەتکارێکی وت بڕوانە بزانە شوەنکردن ئاسایی بووەتەوە و قورەیش بۆ کوژراوەکای دەگرین بەڵکو منیش بگریم بۆ ئەبو حەکیمە، واتا بۆ زەمعە. وا جەرگم وەختە بتوێتەوە، ناخم دەکوڵێ. خزمەتکارەکەی گەڕایەوە وتی: گریانی ئافرەتێکە وشترەکەی ونکردووە و بۆ ئەوە دەگری، ئەوکات ئەویش وتی:

أتبكي أن يضل لها بعير ويمنعها من النوم السهود
فلا تبكي على بكر ولكن على بدر تقاصرت الجدود
على بدر سراة بني هصيص ومخزوم ورهط أبي الوليد
وبكي إن بكيت على عقيل وبكي حارثا أسد الأسود
وبكيهم ولا تسمي جميعا فما لأبي حكيمة من ندید

واتا: ئەی ئافرەت بۆ ونبوونی وشترێك دەگری، ئەو ونبوونی وشترێك وەهای لێکردووە خەو نەچێتە چاوی، بۆ بەکر مەگری، بەڵکو بۆ بەدر بگری، بۆ ئەوانەی لەبەدردا کوژراون، بۆ کوژراوانی نەوەی هەسیس و مەخزوم و ئەبو ئەلوەلید و بۆ عەقیل و بۆ حاریسی شێرانی شێران، بۆیان بگری و ناوی هەموویان مەهێنە، ئەبو حەکیمە کەسێك نییە بۆی بگری.

ئەڵێ: لەنێو دیلەکاندا ئەبو وەداعەی کوڕی زوبەیرەی ئەلسەهمیی هەبوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"دوو کوڕی بازرگانی پڕ کیسەی پارە و سەروەت و

سامانی هەیە، دێن و بۆ رزگاریی باوکیان رزگاربایی دەهێنن". بەڵام کاتێ قورەیش وتی: پەلە مەکەن بۆ رزگاربایی دیلەکانتان تاوەکو موحەممەد و هاوەڵەکانی لەسەرتان گرانی نەکەن. ئەلموتەڵیبی کوڕی وەداعە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەبارەی ئەوانەوە ئەوەی فەرموو، وتی:راست دەکەن پەلە مەکەن. پاشان لەشەودا دزەی کردە مەدینەوە و بەچوار هەزار درهەم، باوکی خۆی رزگار کرد، پاشان هێنایەوە. پاشان قورەیش هاتنە پێش بۆ رزگاربایی دیلەکانیان،میکرەزی کوڕی حەفسی کوڕی ئەلئەخیف بۆ رزگارکردنی سوهەیلی کوڕی عەمر هات کە مالیکی کوڕی ئەلدوخشەم بۆای نەوەی سالمی کوڕی عەوف دیلی کردبوو.

موحەممەدی کوڕی عەمری کوڕی عەتائی کوڕی عەیاشی کوڕی عەلقەمە بۆای نەوەی عامری کوڕی لوئەی بۆی باسکردم کۆ عومەری کوڕی خەتاب بەپەیامبەری خوای وت:ئەی پەیامبەری خوا، دوو ددانی خوارەوەی سوهەیلی کوڕی عەمر بکێشە تاوەکو ئیتر نەتوانێ لەهیچ شوێنێکدا قسەت لەسەر بکات. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەتکی ناکەم، دوایی خوای گەورە بەو جۆرەم بەسەر دەهێنێ با پەیامبەریش بم".

ئەڵێ: پێمگەیشتووە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو فەرموودەیەدا بەعومەری فەرمووە:"بەڵکو بەپێگەیەك بگات سەرزەنشتی نەکەی". میکرەز لەگەڵیاندا رێککەوت و رازییانی کرد و وتی: لەشوێن قاچی ئەو، قاچی من کەلەپچە بکەن و ئەو بەرەڵا بکەن تاوەکو پارەی رزگاریی خۆیتان بۆ دەهێنێ. سوهەیلی ئازاد کرد و لەشوێنیدا میکرەزیان بەند کرد.

لەئیبن عەباسەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەعەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیبی فەرموو کاتێك هێنرا بۆ مەدینە:"ئەی عەباس، رزگاربایی خۆت و براکەت عەقیلی کوڕی ئەبو تاڵیب و نەوفەلی کوڕی ئەلحاریس و هاوپەیمانەکەت عوقبەی کوڕی عەمری کوڕی جەحدەمی بۆای نەوەی ئەلحاریسی کوڕی فیهر بدە، چونکە خاوەن پارەی. ئەویش وتی: ئەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) من پێشتر موسڵمان

بووم و قورەیش بەزۆر و ناچاریی منیان هێنا بۆ بەدر. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"خوا خۆی بەموسڵمانبوونی تۆ دەزانێ، ئەگەر ئەوەی ئەیڵێی راست بێ، ئەوە خوای گەورە بەو موسڵمانبوونە پاداشتت دەداتەوە، بەڵام بەپوالّەت دەبینین تۆ دژی ئێمە بووی، بۆیە لەبەرانبەر رزگاربوونتدا پارە بدە". پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بیست ئۆقیەی ئالّتوونی لێ وەرگرت. عەباس وتی: ئەوە بەمایەی رزگاریی لێمی وەربگرە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەوە بەشێك نییە لەڕزگاریی تۆ، ئەوە خوای گەورەیە لە تۆوە بە ئێمەی داوە". ئەویش وتی: ئەی پارەم نییە لەکوێی بهێنم؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی ئەو سەروەتە لەکوێیە کە کاتێ لای ئوم ئەلفەزڵی کچی ئەلحاریس دەرچووی و کەسی ترتان لەگەڵ نەبوو، پێت وت: ئەگەر لەم سەفەرەمدا مردم، ئەوە ئەوە و ئەوە بۆ ئەلفەزڵ و ئەوە و ئەوە بۆ عبدالله و ئەوە و ئەوە بۆ قوسەم و ئەوە و ئەوە بۆ عوبەیدوالله. عەباس وتی: سوێند بەو کەسەی تۆی بەحەق ناردووە، تەنیا من و ئوم ئەلفەزڵ بووین و کەسی ترمان لەگەڵ نەبوو، ئەشزانم تۆ پەیامبەری خوای. عەباس پارەی رزگاربوونی خۆی و دوو براکەی و هاوپەیمانەکەی دا.

عەمری کوڕی ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب دیل بوو لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و یەکێك بوو لەدیلەکانی بەدر، بە ئەبو سوفیان وترا: پارەی رزگاربوون بۆ عەمر بدە. ئەویش وتی:خوێنم رۆیشت و پارەکەشم بڕوات، حەنزەلە کوژرا و ئێستا پارەی رزگاربوونی عەمر بدەم! بهێڵن با لایان بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی حەزی پێ دەکەن.

لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گل درابوویەوە، سەعدی کوڕی ئەلنوعمانی کوڕی ئەکال برای نەوەی عەمری کوڕی عەوف و پاشان یەکێکی نەوەی موعاویە بەعەمرەکار دەرچوو، ئافرەتێکی لەگەڵبوو،پیاوێکی بەتەمەنی موسڵمان بوو بەمەڕ و مالاّتییەوە گەیشتە ئەلنەقیع و لەوێوە بۆ عەمرە دەرچوو، نەترسا لەوەی چی بەسەر دەهێنرێت، گومانیشی نەکرد لەمەککە گل دەدرێتەوە، چونکە ئەو بۆ عومرە دێت، قورەیشیش بەڵێنی دابوو کە ڕێ بەهیچ کەسێك نەگرێت کە بۆ حەج یان عومرە بێتە

مەککەوە، بەڵام ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب ستەمی لێکرد و لەجیاتیی کوڕەکەی خۆی کە عەمری کوڕی ئەبو سوفیان بوو، لەمەککەدا بەندی کرد، پاشان ئەبو سوفیان وتی:

أرهط ابن أكال أجيبوا دعاءه تعاقدتم لا تسلموا السيد الكهلا
فإن بني عمرو لئام أذلة لئن لم يفكوا عن أسيرهم الكبلا

واتا: خەڵکانێك لەکوڕانی ئەکال بەدەم داوا و هاواریەوە رۆیشتوون و بەڵێنیان داوە نەهێڵن گەورەکەیان رادەست بکەن، جا ئەگەر نەوەی عەمر کۆت و بەندی دەستی دیلەکەیان نەکەنەوە، ئەوە شەرمەزارن و رووپۆشی زەلیلییان بەستووە.

نەوەی عەمری کوڕی عەوف رۆیشتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هەواڵی ئەوەیان بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەیاند، داوایان لێکرد عەمری کوڕی ئەبو سوفیانیان پێ بدات تاوەکو لەبەرانبەردا گەورەکەیانیان پێ ئازاد بکرێ. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)یش ئەوەی کرد، ئەوانیش عەمریان نارد بۆلای ئەبو سوفیان و ئەبو سوفیانیش سەعدی ئازاد کرد. لەنێو دیلەکاندا ئەبو ئەلعاص کوڕی ئەلڕەبیعی کوڕی عەبدولعوزای کوڕی عەبد شەمس هەبوو، زاوای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کە دەیکردە مێردی زەینەبی کچی. ئەبو ئەلعاص یەکێك بوو لەپیاوە حساب بۆکراوەکانی مەککە لەسەروەت و سامان و دەستپاکی و بازرگانییدا،بازرگانیی دەکرد بۆ هالەی کچی خوەیلد و خەدیجە پووری بوو(خوشکی دایکی). خەدیجەی داوای لەپەیامبەری خوا کرد کە یەکێك لەکچەکانی لێ مارە بکات، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەقسەی خەدیجە دەرنەدەچوو، ئەوەش پێش ئەوکاتە بوو کە پەیامی ئاسمانیی بۆ دابەزێت. پەیامبەری خوا کچەکەی لێ مارە کرد، وەك کوڕی خۆی حسابی بۆ دەکرد، کاتێکیش خوای گەورە رێزی لێنا و کردیە پەیامبەر، ئامینە و کچەکانی باوەڕیان پێهێنا و بەڕاستیان زانی و شایەتییان دا کە پەیامەکەی حەقە و بوونە موسڵمان، بەڵام ئەبو ئەلعاص لەسەر بێباوەڕیی خۆی دامەزراو مایەوە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) روقیە یان ئوم کەلسومی لەعوتبەی کوڕی ئەبو لەهەب مارە

کردبوو، بەڵام کاتێك قورەیش سەرسەختیی کرد لەگەڵ پەیامی خوا و موحەممەد(صلى الله عليه وسلم)یان لەخۆیان دوورخستەوە، وتیان: ئێوە خەم و پەژارەتان لەسەر موحەممەد هەڵگرتووە، باشتر وەهایە کچەکانی بدەنەوە بەسەردا و بەخەم و پەژارەی ئەوانەوە سەرقاڵی بکەن، رۆیشتن بۆلای ئەبو ئەلعاص کوڕی ئەلڕەبیع و وتیان: لەژنەکەت جیابببەرەوە، تۆ چی ئافرەتێکی قورەیشت بوێ لێتی مارە دەکەین. ئەویش وتی: نە سوێند بەخوا لەخێزانەکەم جیانابمەوە، هیچ ئافرەتێکی قورەیش نییە لەخێزانەکەم بەلامەوە خۆشەویستربێ.

وەك ئەوەی پێمگەیشتووە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پیاهەڵدانی ئەو زاوایەی کردووە. پاشان رۆیشتن بۆلای خراپەکاری کوڕی خراپەکار کە عوتبەی کوڕی ئەبو لەهەب بوو، پێیان وت: کچەکەی موحەممەد تەڵاق بدە، چی کچێکی قورەیشت دەوێ لێتی مارە دەکەین. ئەویش وتی: ئەگەر کچەکەی ئەبانی کچی سەعدی کوڕی ئەلعاص یان کچەکەی سەعیدی کوڕی ئەلعاصم لێ مارە بکەن، من کچەکەی موحەممەد تەڵاق دەدەم. ئەوانیش کچەکەی سەعیدی کوڕی ئەلعاصیان لێ مارە کرد و ئەویش کچەکەی پەیامبەری خوای تەڵاق دا. ئەو دوژمنەی خوا هێشتا کچەکەی پەیامبەری خوای نەگواستبووەوە، خوای گەورە وەك ڕێزێك بۆ ئەو کچە و شەرمەزارییەك بۆ ئەو دوژمنەی خوا، کچەکەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کردە خێزانی عوسمانی کوڕی عەفان.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمەککەدا نەیدەتوانی پشتیوانیی هیچ کەسێك بکات، ئیسلام بەموسڵمانبوونی زەینەبی کچی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، زەینەب و ئەبو ئەلعاصی کوڕی ئەلڕەبیعی لەیەك جیاکردبوویەوە، بەڵام پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نەیدەتوانی ئەوە جێبەجێ بکات، زەینەب بەموسڵمانێتی و مێردەکەشی بەهاوبەش پەیداکەر مابوویەوە تاوەکو پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کۆچی کرد بۆ مەدینە و قورەیش بەڕێکەوت بۆ بەدر و ئەبو ئەلعاص کوڕی

ئەلڕەبیعیشیان لەگەڵدا بوو، لەڕۆژی بەدردا دیل کرا و لای پەیامبەری خوا بوو لەمەدینەدا.

لەعائیشەی خێزانی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) ئەڵێ: کاتێك خەڵکی مەککە پارە و سەروەتیان برد ئازادکردنی دیلەکانیان نارد، زەینەبی کچی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سەروەتێکی بۆ پەیامبەری خوا نارد کە گوارەکانیشی تێدا بوو بۆ ئازادکردنی ئەبو ئەلعاص کوڕی ئەلڕەبیع کە خەدیجە لەگواستنەوەیدا پێی دابوو، کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) زەینەبی کچی بەو جۆرە بینی، زۆر بەزەیی پێدا هاتەوە و فەرمووی:"چی دەڵێن ئەگەر دیلەکەی ئازاد بکەن و سەروەتەکەی بۆ بگێڕنەوە؟". هاوەڵانیش ئەوەیان کرد و وتیان: بەڵێ ئەی پەیامبەری خوا ئێمەش ئەوە دەکەین. لەبەرانبەردا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەڵێنی لێ وەرگرت یان ئەو بەڵێنی دا کە بەتەڵاقدان، زەینەب ئازاد بکات. ئەویش ئەو بەڵێنەی دا. نە خۆی و نە پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) ئەو بەڵێنەیان دەرنەخست. کاتێ ئەبو ئەلعاصی ئازاد کرد و ئەبو ئەلعاص دەرچوو بۆ مەککە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) زەیدی کوڕی حاریسە و پیاوێکی ئەنساریی لەگەڵدا نارد کە لەدۆڵی یەئجج بن تاوەکو زەینەب دەهێنێتە لاتان و ئێوەش بیگەیەنن بە من. زەید و ئەو پیاوە ئەنساریە دەرچوون کە مانگێ یان زیاتر بوو لەدوای بەدر. کاتێ ئەبو ئەلعاص گەیشتە مەککە، فرمانی بەزەینەب کرد کە خۆی بگەیەنێتەلای باوکی، ئەویش خۆی ئامادە کرد.

لەزەینەبەوە ئەڵێ: سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بووم لەمەککەدا تاوەکو بگەم بەباوکم، هیندی کچی عوتبە پێمگەیشت و وتی: ئەی کچی موحەممەد، هەواڵم پێ گەیشتووە ئەتەوێ خۆت بگەیەنی بەباوکت. وتم: نە نیازی ئەوەم نییە. ئەویش وتی: ئەی کچە مام وەها مەککە، ئەگەر هەر پێویستییەکی کەلوپەل یان یان پارەت پێویست بوو بۆ سەفەرەکەت تاوەکو پێی بەباوکت بگەی، پێم بڵێ و من بۆ تۆی جێبەجێ دەکەم، ئەو رق و کینەی لەنێو پیاواندا هەیە لەنێو ژناندا نییە. زەینەب ئەڵێ: سوێند بەخوا ئەو قسەیەی بەڕاست وت، بەڵام لێی ترسام بۆیە رەتمکردەوە نیازی گەیشتنم هەبێ بەباوکم.

کاتێك زەینەبی کچی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئامادە بوو بۆ رۆیشتن، شووبراکەی کە کینانەی کوڕی ئەلرەبیع بوو دەیکردە برای ئەبو ئەلعاص، وشترێکی هێنا و سەریخست و تیر و کەوانەکەی خۆی هەڵگرت و لەڕۆژدا بەڕێیخست، زەینەب لەنێو کەژاوەی وشترەکەدا بوو، پیاوانێکی قورەیش باسی ئەو دەرچوونەیان کرد و دەرچوون بەدوایدا تاوەکو لەزی تەوا پێیگەیشتن، یەکەمین کەسانێك پێیگەیشتن،هەبباری کوڕی ئەلئەسوەدی کوڕی عەبدولموتەلێبی کوڕی عەبدولعوزا و نافیعی کوڕی عەبدولقەیس بوون، هەببار بەڕمەکەی زەینەبی ترساند وەك دەوترێت سکپڕ بوو، سکی دای بەکەژاوەی سەر وشترەکەدا، شووبراکەی دابەزی و کەوانەکەی هەڵگرت و تیرەکانی خستە بەردەمی خۆی و وتی: سوێند بەخوا هەر پیاوێك نزیکبێتەوە، تیری تێ دەگرم. ئیتر خەڵکەکە دوورکەوتنەوە تاوەکو ئەبو سوفیان لەگەڵ چەند پیاوێکی قورەیشییدا هات و وتی: ئەی پیاو تیرەکانت لەبەرانبەرمان لا بدە تاوەکو قسەت لەگەڵ بکەین. ئەویش دەستی هەڵگرت و ئەبو سوفیان هاتەپێش تاوەکو لەسەر سەری راوەستا و وتی: تۆ بەئاشکرا بەپێش چاوی ئەو پیاوانەوە ئەم ئافرەتەت دەرکردووە و ئەشزانی چی کۆست و کارەساتێکمان بەسەردا هاتووە لەلایەن موحەممەدەوە، خەڵکیی وەها دەزانن ئەوەی بەئاشکرا کچەکەی موحەممەدت لەنێو ئێمەدا دەرکردووە بەهۆی بێ دەسەلاتیی و ئەو کۆست و مەینەتییەوەیە کە بەسەرماندا هاتووە، سوێند بێ پێویستمان بەوە نییە ئەم ئافرەتە لەباوکی دووربخەینەوە و بەم ئافرەتە تۆڵە لەباوکی بکەینەوە، بەڵام ئەم ئافرەتە بگێڕەوە مەککە تاوەکو ئەم هەرایە کپ دەبێتەوە و بەنهێنی و شاراوەییەوە دەربیکە و بیگەیەنە بەباوکی. ئەویش وەهای کرد تاوەکو هەرای خەڵکیی کپ بوویەوە و شەو بەدزییەوە دەریکرد و گەیاندیە لای زەیدی کوڕی حاریسە و هاوڕێ ئەنساریییەکەی، ئەوانیش گەیاندیانە لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم).

زەینەب نەمەدینە مایەوە لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و ئەبو ئەلعاصیش لەمەککەدا مایەوە، ئیسلام لەیەکی جیاکردنەوە،هەتا ئەوەی بەماوەیەکی کەم لەپێش فەتح ئەبو ئەلعاص بەبازرگانیی دەرچوو بۆ شام، پیاوێکی جێی متمانە بوو، سەروەتی

پیاوانێکی قورەیشی لەگەڵ بوو، کە لەبازرگانییەکەی بوویەوە و کۆڵۆباری پێچایەوە و لەگەڕانەوەدا بوو، سریەیەکی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێیگەیشت، ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون پێکران، بەڵام ئەو هەڵهات، کاتێ سریەکە سەروەت و سامانەکەیان هێنایەوە بۆ مەدینە، ئەبو ئەلعاص لەشەودا خۆی گەیاندە مەدینە و چووە لای زەینەبی کچی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و خۆی دایە پەنای ئەو تاوەکو سەروەتەکەی بۆ بگێڕدرێتەوە.

کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بۆ نوێژی بەیانی و(الله أكبر)ی کرد و خەڵکییش لەگەڵیدا(الله أكبر)یان کرد، زەینەب وەك سیفەتی ژنان قیژاندی و وتی: من وا دادێدە و پەنای ئەبو ئەلعاصی کوڕی ئەلڕەبیعم داوە. کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سەلامی دایەوە رووی کردە خەڵکەکە و فەرمووی:"ئەی خەڵکینە گوێتان لەوە بوو کە من گوێم لێبوو؟" وتیان: بەڵێ. فەرمووی:"سوێند بەو کەسەی گیانی موحەممەدی بەدەستە بەوەم نەزانیووە تاوەکو لەگەڵ ئێوە گوێم لێبوو، هەریەکێ لەموسڵمانان پەنای کەسێك بدات، ئەو کەسە بووەتە پەنادراوی هەموو موسڵمانان". پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ڕۆیشت بۆلای کچەکەی و فەرمووی:"کچە شیرینەکەم ڕێزی لێبگرە، بەڵام لێت نزیك نەبێتەوە، چونکە بۆ ئەو حەڵاڵ نیت".

عبداللەی کوڕی ئەبو بەکر باس دەکات کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ناردی بۆلای ئەو سریەیەی سەروەتەکەی ئەبو ئەلعاصیان دەستبەسەر کردبوو، پێیانی فەرموو:"ئەم پیاوە لە ئێمەیە و ئەزانن سەروەتێکی ئەمتان چنگ خستووە، ئەگەر ویستتان چاکەی لەگەڵدا بکەن و سەروەتەکەی پێ بدەنەوە، ئێمەش حەز بەوە دەکەین، ئەگەر قبوڵیشی ناکەن ئەوە فەیئو دەسکەوتێکە خوا پێی داون و ئێوە پێی مافدارترن". ئەوانیش وتیان: ئەی پەیامبەری خوا بەڵکو بۆی دەگێڕینەوە. سەروەتەکەیان بۆ گێڕایەوە، پیاوی وا هەبوو گوریسێکی بەرکەوتبوو بۆی هێنایەوە و هەریەکێ چی بردبوو، بۆیان هێنایەوە تاوەکو کاروانەکەی هیچ ناتەواوییەکی نەما و پاشان بەڕێکەوت بۆ مەککە

و سەروەتی هەر قورەیشییەکی پێ بوو، رادەستی کردەوە و پاشان وتی: ئەی کۆمەڵی قورەیش، ئایە هیچ شتێکتان لای من ماوە و وەرتان نەگرتبێتەوە؟

وتیان: نە، خوا پاداشتت بداتەوە تۆ ئەمەکدار و بەڕێزی.

وتی: دەی من شایەتیی دەدەم کە هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لە اللە و موحەممەدیش بەندە و نێردراوی خوایە. ئەوەی بووە رێگر لەوەی لەمەدینە ببمە موسڵمان، ترسام بڵێن بۆ ئەوەی سەروەت و سامانی ئێمە بخوات بۆیە بووەتە موسڵمان، دەی من وا مافی ئێوەم گێڕایەوە ئینجا بوومە موسڵمان.

پاشان دەرچوو تاوەکو گەیشتە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم).

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەنیکاحی یەکەم، زەینەبی بۆ گێڕایەوە و لەدوای شەش ساڵ، هیچی تری نەکرد.

عومەیری کوڕی وەهب شەیتانێك بوو لەشەیتانەکانی قورەیش، یەکێك بوو لەوانەی ئازاری پەیامبەری خوا و هاوەڵانی دەدا و ناخۆشیی زۆریان لەدەست بینیبوو لەمەککەدا، وەهبی کوڕی لەنێو دیلەکانی بەدردا بوو، باسی کوژراوەکانی قولەیب و کۆست و مەینەتییەکانیانی کرد کە بەسەریاندا هاتووە. سەفوان وتی: سوێند بەخوا لەدوای ئەوان، ژیان تام و خۆشیی نەماوە. عومەیر وتی: راست دەکەی، سوێند بەخوا ئەگەر ئەو قەرزە نەدەبوو کە لەسەرمە و بژێویی مانّ و منداڵم نەدەبوو، ئەوە سەردەکەوتمە سەر ولأت بۆ لای موحەممەد تاوەکو دەمکوشت، ئەوان دەردیان بە من داوە و کوڕەکەم دیلی دەستی ئەوانە. سەفوانی کوڕی ئومەییە هەڵی قۆستەوە و وتی: من قەرزەکەت دەدەمەوە و وەك مانّ و منداڵی خۆم، خەرجیی کەسوکارت دەکەم. عومەیریش وتی: دەی ئەمە بشارەوە با کەس نەیزانێ. ئەویش وتی: باشە. پاشان عومەیر شمشێری هەڵگرت و دەرچوو تاوەکو گەیشتە مەدینە، عومەری کوڕی خەتاب(خوای لێ ڕازیی بێ) لەنێو کۆمەڵێ لەموسڵمانانداا بوو باسیان لەشەڕی بەدر دەکرد و باس و خواسی ئەو ڕێزەی خوامان دەکرد کە لەوانی گرتبوو کە چییان بەسەر دوژمنەکانیاندا هێنابوو، عومەر چاوی کەوتە سەر عومەیری کوڕی وەهب وا وشترەکەی لەبەر دەرگای مزگەوت

راگرتووە و شمشێرەکەی هەڵکێشاوە، وتی: ئەم سەگەی دوژمنی خوا عومەیری کوڕی وەهب بۆ خراپە هاتووە و بۆ تۆڵەی بەدر هاتووە، پاشان عومەر چووە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و وتی: ئەی پەیامبەری خوا،ئەمە دوژمنی خوایە عومەیری کوڕی وەهب و شمشێری بەدەستەوە کێشاوە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: بیهێنە بۆلام.

عومەر هێنای و پەتی شمشێرەکەی گرتبوو، بەوانەی ئەنسار کە لەگەڵی بوون وتی: بچن لای پەیامبەریْ خوا(صلى الله عليه وسلم) دابنیشن و ئاگاتان لەم پیسە بێ، ئەمە جێی متمانە نییە. پاشان بردی بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، کاتێ پەیامبەری خوا بینی عومەر پەتی شمشێرەکەی لەگەردنی گیر کردووە، فەرمووی:"ئەی عومەر بەری بدە و عومەیر تۆش وەرە پێشەوە". عومەیر هاتە پێشەوە و وتی: بەیانیتان باش. ئەوە سلاوی خەڵکانی نەفام بوو لەنێو خۆیاندا. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی عومەیر، خوای گەورە بەسلاوێك باشتر لەو سلاوەی تۆ رێزی لێگرتووین، بەسەلامی ئەهلی بەهەشت رێزی لێگرتووین". عومەیریش وتی: ئەی موحەممەد سوێند بەخوا ئەمە بۆ من تازەیە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی عومەیر بۆچی هاتووی؟" وتی: بۆ ئەو دیلەی لەژێر دەستی ئێوەدایە و چاکەی بەرانبەر بکەن. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی ئەو شمشێرە چییە وا لەملتدایە؟" وتی: خوا ببڕێ، تۆ هیچ شتێکت بۆ هێشتووینەتەوە؟! پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"راستم لەگەڵ بڵێ، بۆچی شتێك هاتووی؟" وتی: تەنیا بۆ ئەوە هاتووم. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بەڵکو تۆ و سەفوانی کوڕی ئوممەیە لەحیجر دانیشتبوون و باسی کوژراوانی قورەیشتان دەکرد کە خرانە قولەیبەوە، پاشان وتت:ئەگەر قەرزەکەی سەرم و وەزعی مالّ و منداڵم نەدەبوو، ئەوە دەڕۆیشتم بۆ کوشتنی موحەممەد، سەفوانی کوڕی ئوممەیەش قەرزەکەی خۆت و خەرجیی کەسوکارتی گرتە ئەستۆ تەنیا بۆ ئەوەی منی بۆ بکوژی، بەڵام خوای گەورە نەیهێشت بەوە بگەی".

عومەیر یەکسەر وتی: شایەتیی دەدەم تۆ پەیامبەری خوای، ئەی پەیامبەری خوا ئێمە پێشتر تۆمان بەدرۆزن دەزانی کاتێ هەواڵی ئاسمانت بۆ دەهێناین و ئەو وەحیەش کە بۆ سەر تۆ دادبەزی، بەڵام ئەم باسە تەنیا لەنێوان من و سەفواندا بوو، سوێند بەخوا دەزانم ئەوەی ئەم هەواڵەی بە تۆ گەیاندووە تەنیا (الله)یە، سوپاس بۆ خوای گەورە کە هیدایەتی دام بۆ ئیسلام و بەپێیەکانی خۆم بەئێرەی گەیاندم. پاشان شایەتومانی بەحەقی هێنا و پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"براکەتان فێری ئایین و قورئان بکەن و دیلەکەشی ئازاد بکەن. هاوەڵانیش ئەوەیان کرد".

ئەڵێ: ئەوانیش کوڕەکەیان ئازاد کرد.

عومەیر وتی: ئەی پەیامبەری خوا، من پێشتر زۆر تێکۆشاوم بۆ کوژاندنەوەی نووری خوا و زۆر ئازاری موسڵمانانم داوە، حەز دەکەم رێگەم بدەی بگەڕێمەوە مەککە و بانگەوازیان بکەم بۆلای ئایینی خوا، بەڵکو خوای گەورە هیدایەتیان بدات یان ئازارم بدەن بەو جۆرەی کە من ئازاری هاوەڵانتم داوە بەهۆی ئایینەکەیانەوە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) مۆڵەتی دا. خۆی گەیاندە مەککە. جا کاتێك عومەیری کوڕی وەهب لەمەککە دەرچوو، سەفوان بەقورەیشی وتبوو مزگێنی بدەن چەند رۆژێکی تر رووداوێك رووبەدات، خەم و کۆستی بەدر لەبیرتان دەباتەوە.

سەفوان لەسوارەکان پرسیاری دەکرد لەبارەیەوە تاوەکو سوارێك گەیشت و هەواڵی پێ دا کە عومەیر بووەتە موسڵمان، ئەویش سوێندی خوارد کە قسەی لەگەڵدا نەکات و هیچ سوودێکی پێ نەگەیەنێ. کاتێك عومەیر گەیشتە مەککە، تیایدا مایەوە و بانگەوازی دەکرد بۆ ئیسلام و ئازاری زۆری کردە دڵی خەڵکانێکەوە، خەڵکانێکی زۆر لەسەر دەستی بوونە موسڵمان، کاتێك کاری بەدر کۆتاییهات، خوای گەورە تەواوی سورەتی(الأنفال)ی دابەزاند.

عومەری کوڕی خەتاب باسیکردووە ئەڵێ: کاتێ لەڕۆژی بەدردا بەیەکگەیشتن، خوای گەورە، هاوبەش پەیداکەرانی بەشکست گەیاند، حەفتا پیاویان لێ کوژرا و حەفتا کەسی تریشیان لێ کوژرا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەو رۆژە راوێژی کرد بەئەبو

بەکر و عەلی و عومەر. ئەبو بەکر وتی: ئەی پەیامبەری خوا، ئەوانە کوڕە مام و ڕۆڵەی عەشیرەتی خۆمانن، من وەهای دەبینم پارەی ڕزگاربوونیان لێ وەربگیردرێت و ئەوە بۆ ئێمە دەبێتە هێز و توانا و بەڵکو خوای هیدایەتیان بدات و بۆ ئێمەش ببنە پشت و توانا.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بۆچوونی تۆ چییە ئەی عومەر؟"

عومەر ئەڵێ: منیش وتم: سوێند بەخوا من بۆچوونی ئەبو بەکرم نییە، بۆچوونی من ئەوەیە بهێڵی لەگەردنی فلانە کەس بدەم و حەمزەش لەگەردنی براکەی بدات و عەلیش لەگەردنی عەقیل بدات تاوەکو لای خوای گەورە دەربکەوێ کە لەدڵماندا هەستێ بەرانبەر ئەو بێباوەڕانە بوونی نییە، ئەوانە گەورە و سەرانی بێباوەڕانن. بەڵام پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) حەزی کرد بۆچوونی ئەبو بەکر وەربگرێ و حەزی بەبۆچوونی من نەبوو. کە بەیانیی هات، ڕۆیشتم بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و بینینم لەگەڵ ئەبو بەکردا دانیشتوون و دەگرین. وتم: ئەی پەیامبەری خوا پێم بڵێ بۆچی خۆت و هاوەڵەکەت دەگرین؟ ئەگەر شتێك هەیە بۆ گریان با منیش بگریم. ئەگەر منیش هۆکار نەبینمەوە با هەر بۆ گریانی هەردووکتان بگریم.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"لەبەر ئەو پێشنیاری ڕزگاربایەی کە هاوەڵەکانت خستیانەبەردەم من، سزای سەر ئێوەم پیشان درا لەو درەختە نزیکتر بوو بەئێوە، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند:﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنۡيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ٦٧ لَّوۡلَا كِتَٰبٞ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمۡ فِيمَآ أَخَذۡتُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ٦٨ ﴾ الأنفال: ٦٧ - ٦٨، واتا:بۆ هیچ پێغەمبەرێك ڕەوا نیە کە دیلی (لە دوژمنان) هەبێت و ڕایان بگرێت هەتا کوشتاری زۆریان لێ نەکات و دەسەلاتی نەچەسپێت لەزەویدا ئایا ئێوە مالّی دونیاتان دەوێت(بە وەرگرتنی فیدیە)؟ (لەکاتێکدا) خوای گەورە(پاداشتی)ڕۆژی دوایی دەوێت(بۆ ئێوە) وە خوا بەتوانا و زاڵ و کار دروستە. ئەگەر نووسراو(و بڕیاری)ێك لەلایەن خواوە پێش نەکەوتایە(کە حەلاڵ بوونی

دەستکەوت و غەنیمەتی جەنگە) بێگومان لەبەر ئەو(فیدیە)ی کە وەرتان گرت(لەبەرامبەر ئازادکردنی دیلەکاندا)تووشتان دەبوو سزایەکی گەورە.

پاشان خوای گەورە غەنیمەتی بۆیان حەلاڵ کرد. لەسااڵی داهاتوو لەئوحوددا سزا دران بەوەی ئەنجامیان دا، حەفتا لەهاوەاڵنی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کوژران و حەفتا کەسیشیان لێ دیلکرا، ددانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) شکێنرا و کاڵوە ئاسنینەکەی لەسەری شکێنرا و خوێن بەڕوومەتیدا هاتە خوارەوە، هاوەاڵنی هەڵهاتن و سەرکەوتنە سەر چیا، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند:﴿ إِذْ تُصْعِدُونَ وَلَا تَلْوُۥنَ عَلَىٰٓ أَحَدٍ وَٱلرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ فِىٓ أُخْرَىٰكُمْ فَأَثَٰبَكُمْ غَمًّۢا بِغَمٍّ لِّكَيْلَا تَحْزَنُوا۟ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا مَآ أَصَٰبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٥٣﴾ ثُمَّ أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّنۢ بَعْدِ ٱلْغَمِّ أَمَنَةً ﴾ آل عمران: ١٥٣ - ١٥٤، واتا:کاتێك دووردەکەوتنەوە(سەردەکەوتن بەکێوی ئوحوددا) وە بەڕێی کەس نەئەوەستان و لاتان نەدەکردەوە بەلایدا لەکاتێکدا پێغەمبەر بانگی لێ دەکردن لە دواتانەوە جا(خوا)پاداشتی غەم و خەفەتی هەر بە غەم و خەفەت دانەوە بۆ ئەوەی غەمبار نەبن لەسەر ئەوەی لە دەستان چووە، وە(غەمبار نەبن بە)ئەوەی دووچارتان بووە خواش ئاگاداری بەوەی کە دەیکەن. پاشان دابەزاند بە سەرتاندا(بۆی ناردن)لە پاش ئەو غەمەی(کە چەشتان) ئارامیی.

لە عبداللەوە ئەڵێ: کاتێك لەڕۆژی بەدردا دیلەکان هێنران، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"لەبارەی ئەو کەسە دیلکراوانەوە چی دەڵێن؟" ئەبو بەکر وتی: ئەی پەیامبەری خوا، ئەوانە قەوم و کەسی خۆتن، نەرمییان بەرانبەر بنوێنە و ئازادیان بکە بەڵکو خوای گەورە لێیان خۆش ببێ؟ عومەر وتی: ئەی پەیامبەری خوا، ئەوانە تۆیان بەدرۆزن زانی و تۆیان لەشاری خۆت وەدەرنا، بۆیە لەگەردنیان بدە. عبداللەی کوڕی رەواحە وتی: ئەی پەیامبەری خوا، دۆڵێکی پڕ گڕ و گیا و داری وشك هەڵبڕێرە و فڕێیان بدەرە ناوییەوە ئاگریان تێ بەربدە. عەباس پێیووت: بەزەیی و خزمایەتییت نەهێشتووە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بێدەنگ بوو وەاڵمی کەسانی

نەدایەوە، پاشان چووە ژوورەوە. خەڵکانێك وتیان: بۆچوونی ئەبو بەکر وەردەگرێت. خەڵکانێکی تر وتیان: بەڵکو بۆچوونی عومەر وەردەگرێت. خەڵکانێکی تریش وتیان: بەڵکو بۆچوونی عبداللەی کوڕی رەواحە وەردەگرێت. پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بۆلایان و فەرمووی:"خوای گەورە دڵی پیاوانێکی نەرم کردووە تاوەکو لەشیر و ماست نەرمتر بێ، دڵی پیاوانێکیشی تووند کردووە کە لەبەرد رەقترن، تۆ ئەی ئەبو بەکر نمونەی ئیبراهیمی کە فەرمووی: ئەوەی دوامدەکەوێ ئەوە بەشێکە لە من، ئەوەشی لەقسەم دەردەچێ و یاخیی دەبێ، تۆ لێخۆشبووی بەبەزەییت. ئەی ئەبو بەکر نمونەی عیسای کە فەرمووی: ئەگەر سزایان بدەی، ئەوە ئەوان بەندەی خۆتن، ئەگەر لێیشیان خۆش بی، ئەوە لێخۆشبوو و خاوەن دەسەلآت و دانای. تۆش ئەی عومەر نمونەی نوحی کە فەرمووی: خوایە گیان لەسەر زەوییدا بێباوەڕ مەهێڵە. نمونەی موسای کە فەرمووی: پەروەردگارا سەروەتیان لەنێو بدە و دڵیان تووند و ناڕەحەت بکە و باوەڕ نەهێنن بەڵکو سزای سەخت و بەئازار بچێژن". پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئێوە ئەمڕۆ رزگارتان نابێ، یان دەبێ سەروەتی رزگاربوون بدەن یان لەگەردنتان بدرێت".

عبداللەی کوڕی مەسعود ئەڵێ: تەنیا گوێم لەسوهەیلی کوڕی بەیزاء بوو باسی بوونە موسڵمانی کرد. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بێدەنگ بوو. هیچ رۆژێ نەبوو وەك ئەوە رۆژە ترسابم لەوەی لەئاسمانەوە بەرد بکەوێ بەسەرمدا هەتا ئەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"تەنیا سوهەیلی کوڕی بەیزاء نەبێ". ئەڵێ: خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾ تاوەکو کۆتایی سێ ئایەتەکە.

ئیبن حومەید ئەڵێ:سەلەمە بۆی باسکردین وتی:موحەممەدی کوڕی ئیسحاق بۆی باسکردین وتی: کاتێ ئەو ئایەتە دابەزی،پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەگەر بهاتبایە لەئاسمانەوە سزا دابەزیبایە، تەنیا سەعدی کوڕی موعاز لێی رزگاری دەبوو کە وتی:ئەی پەیامبەری خوا، خوێناویبوون لەکوشتندا بەلامەوە خۆشترە

لەکۆیلەکردنی ئەو پیاوانە". ئەبو جەعفەر ئەڵێ: تەواوی ئەو کۆچەرانەی لەبەردرا ئامادە بوون و ئەوانەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پشکی بۆ دانان، هەشتا و سێ پیاو بوون، لەوانەی ئەوس کە لەگەڵیدا بەشداربوون و پشکی بۆ دانان، شەست و یەک پیاو بوون، تەواوی خەزرەجیش کە لەگەڵیدا بەشداربوون، سەد و حەفتا پیاو بوون، تەواوی ئەو موسڵمانانەی لەو رۆژەدا شەهید بوون، شەش پیاوی کۆچەر و هەشت پیاوی پشتیوانان بوون، هاوبەش پەیداکەران نۆسەد و پەنجا جەنگاوەر بوون، سەد ئەسپیان پێ بوو. وەک واقیدیی ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو رۆژەدا کۆمەڵێکی گەڕاندەوە لەبەر ئەوەی تەمەنیان منداڵ بوو، لەوانە عبداللەی کوڕی عومەر و رافیعی کوڕی خەدیج و بەڕائی کوڕی عازب و زەیدی کوڕی سابت و ئوسەیدی کوڕی زوهەیر و عومەیری کوڕی ئەبی وەقاس، پاشان دواتر رێگەی بەعومەیر دا و کوژرا.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێش ئەوەی لەمەدینە دەربچێ، تەڵحەی کوڕی عوبەیدوالله و سەعیدی کوڕی زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیلی رەوانەی سەر رێگەی شام کرد تاوەکو هەواڵی کاروانی وشترەکانی قورەیش بهێننەوە و پاشان بگەڕێنەوە مەدینە، جا لەڕۆژی بەدر گەیشتنەوە مەدینە و لە تربان کە خواراییەکە لەنزیک بەدر پێشوازییان لەپەیامبەری خوا کرد.

واقیدیی ئەڵێ: دەرچوونی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمەدینەوە بەسێسەد و پێنج پیاوەوە بوو، حەفتا و چوار پیاویان کۆچەریی بوون و ئەوانی تریان ئەنسار بوون، پاداشتی هەشت کەسی دا و لەگەڵیاندا دەرنەچووبوون، سێ پیاوی کۆچەران یەکێکیان عوسمانی کوڕی عەفان بوو کە بۆ چاودێریی خێزانەکەی مابوویەوە کە دەیکردە کچی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و لای مایەوە تاوەکو کۆچی دوایی کرد، هەروەها تەڵحەی کوڕی عوبەیدوالله و سەعیدی کوڕی زەید کە هەردووکیانی ناردبوو بۆ هێنانی هەواڵی کاروانی وشترەکان و پێنج پیاوی ئەنساریش، ئەبو لوبابەی کوڕی بەشیری کوڕی عەبدولمونزیری بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشت و عاسمی کوڕی عەدی کوڕی ئەلعەجلانی بەسەرپەرشتیاری بەرزاییەکان(العالیة) بەجێهێشت و

ئەلحاریسی کوڕی حاتەبیش کە لەئەلڕەوحائەوە گەڕاندیەوە بۆلای نەوەی عەمری کوڕی عەوف بۆ ئەوەی هەواڵ و پەیامێکی ئەویان پێبگەیەنێ.

حەفتا وشتر و دوو ئەسپ بوون هی میقدادی کوڕی عەمر و ئەسپێك هی مەرسەدی کوڕی ئەبی مەرسەد بوو، ئەبو جەعفەر ئەڵێ: گێڕدراوەتەوە لەئیبن سەعدەوە ئەویش لەموحەممەدی کوڕی عومەرەوە ئەویش لەموحەممەدی کوڕی هیلالەوە ئەویش لەباوکیەوە ئەویش لەئەبو هورەیرەوە ئەڵێ: لەڕۆژی بەدردا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بینرا شمشێری هەڵکێشابوو بەدوای هاوبەش پەیداکەراندا دەڕۆیشت و ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە: ﴿ سَيُهْزَمُ ٱلْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ ٱلدُّبُرَ ﴿٤٥﴾ ﴾ القمر: ٤٥، واتا:بێگومان کۆمەڵەکەیان دەشکێنرێت و هەڵدێن.

ئەڵێ: لەغەزای بەدردا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) شمشێری زو ئەلفەقاری دەسکەوت کە پێشتر هی مونەبیهی کوڕی ئەلحەجاج بوو. ئەڵێ: لەبەدردا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) وشترە مەهرییەکەی ئەبو جەهلی بەدەستکەوت بەرکەوت و شەڕی لەسەر دەکرد.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەبەدەرەوە گەڕایەوە مەدینە، پێشتر لەدەرچووندا پەیمانی لەجولەکە وەرگرتبوو کە یارمەتیی هیچ کەسێك نەدەن لە دژی، ئەگەر لەمەدینەدا دوژمن هاتەسەری، ئەوان پشتگیریی پەیامبەر بکەن، بەڵام کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەبەدردا لەهاوبەش پەیداکەرانی کوشت، حەسودی و رق و ستەمیان دەرخست و وتیان: موحەممەد بەرانبەر کەسانێك شەڕی کردووە کە شارەزایان نییە لەشەڕدا، جا ئەگەر شەڕی ئێمەی بکردبایە، هاوشێوەی نەدەبینی. بەوە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی نێوانیانیان دەرخست.

غەزوەی بەنو قینوقاع

لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە ئەڵێ: یەکێك لەهەواڵ و باسەکانی بەنو قینوقاع ئەوە بوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەوانی لەبازارێکی بەنو قینوقاعدا کۆکردەوە

و پاشان فەرمووی:"ئەی کۆمەڵی قورەیش وریای تووپەیی خوا بن کە نمونەی ئەو سزایەتان بەسەردا دابەزێنێ کە بەسەر قورەیشدا دابیبەزاند، ببنە موسڵمان، بێگومان دەزانن کە من پەیامبەری خوام و ئەوە لەپەرتووکەکەتاندا نووسراوە و خوای گەورە بۆ ئەوە پەیمانی لێ وەرگرتوون". ئەوانیش وتیان: ئەی موحەممەد تۆ دەبینی کە ئێمە وەک قەومەکەی تۆ نین، بۆیە لەخشتە مەچۆ، تۆ رووبەڕووی قەومێك هاتووی کە شارەزای جەنگ نین و هەڵێکت لێیان دەستخستووە. سوێند بەخوا ئەگەر شەڕی ئێمە بکەی، ئەوکات دەزانی چی خەڵکێکین.

لەعاسمی کۆڕی عومەری کوڕی قەتادەوە ئەڵێ: نەوەی قینوقاع یەکەمین کۆمەڵی جولەکە بوون پەیمانی نێوان خۆیان و پەیامبەری خوایان هەڵوەشاندەوە، لەنێوان بەدر و ئوحوددا شەڕیان کرد.

لەعوروەوە ئەڵێ:جبریل بەم ئایەتە دابەزی بۆ لای پەیامبەری خوا:﴿ وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوْمٍ خِيَانَةً فَانبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَىٰ سَوَاءٍ ۚ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْخَائِنِينَ ﴿٥٨﴾ ﴾ الأنفال: ٥٨، واتا:ئەگەر بەڕاستی مەترسیت کرد لەناپاکی دەستەیەك(کە پەیمانەکەیان بشکێنن)ئەو کاتە(پەیمانەکە)فڕێ بدەرەوە بۆیان بەڕێك و پێکی تا بەرامبەر بن بەڕاستی خوا ناپاکانی خۆش ناوێت.

عوروە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەو ئایەتەوە بەڕێکەوت و پانزە شەو گەمارۆی دان و کەسیان لێ دەرنەکەوت، پاشان هاتنە سەر بڕیاری پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و ملکەچ بوون. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەیەویست بیانکوژێ، لەبارەیانەوە عبداللەی کوڕی ئوبەی تکای کرد.

دێینەوە سەر باسەکە لای عاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادە و ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەمارۆی دان و ناچار ملکەچی فرمانی پەیامبەری خوا بوون(صلى الله عليه وسلم)، بۆیە عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول لەوکاتەی کە خوای گەورە پەیامبەری خۆی بەسەریاندا زاڵکرد، هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و وتی: ئەی موحەممەد چاکە بکە بەرانبەر دۆست و مەواڵییەکانم. ئەو

جولەکانە هاوپەیمانی خەزەج بوون. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گوێی پێ نەدا، بەڵام ئەو دەستی خستە گیرفانی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) و وازی نەهێنا، بۆیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: بەرمدە. پەیامبەری خوا توورە کرد تاوەکو بینییان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەتووڕەییدا رەنگی گۆڕا، پاشان فەرمووی:"لەبارەیکت بچی بەرمدە". ئەویش وتی: نە سوێند بەخوا وازت لێ ناهێنم تاوەکو چاکە بەرانبەر بەدۆست و مەواليیەکانم نەکەی، ئەوان بەچوارسەد چەکدار و سێسەد قەڵغان بەدەستەوە بەرگرییان لە من کردووە بەرانبەر بەهەموو کەسێ، سوێند بەخوا من لەشەرمەزاریی دەترسێم ئەگەر بیانکوژی. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەو بۆ تۆ ئازادن". پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بەرەڵایان بکەن نەفرەتی خوایان لێ بێت" لەگەڵ ئەواندا نەفرەتی ئەویشی کرد، ئەوانیان بەرەڵاکرد و فرمانی کرد دەربکرێن. خوای گەورە سەروەت و سامانەکانیانی کردە دەسکەوت بۆ پەیامبەرەکەی و موسڵمانان. ئەوان زەوی و زاریان نەبوو، بەڵکو زەرەنگەر بوون، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چەکی زۆر و کەرەستەی زەرەنگەرییەکەیانی لێ وەرگرت. ئەو کەسەی سەرپەرشتیی دەرکردنی خۆیان و منداڵەکانیانی کرد لەمەدینەدا، عوبادەی کوڕی سامت بوو، بەڕێیخستن تاوەکو گەیاندنی بە دباب. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەبو لوبابەی کوڕی عەبد ئەلمونزیری بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشتبوو، لەوێدا یەکەمین پێنجیەکییەک پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەریکرد و چوار بەشەکەی بەسەر هاوەڵانیدا دابەشکرد. بەیداخ و ئاڵای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو رۆژەدا ئاڵایەکی سپیی بوو بەدەست حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیبەوە بوو،هەر ئەو ئاڵایە هەبوو نەک کۆمەڵە ئاڵایەک. پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەڕێکەوت بۆ مەدینە و ئامادەی قوربانیی بوو. باس دەکرێت کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و ئەو هاوەڵانەی پارەدار بوون، لە دەی زی ئەلحیجە قوربانییان کرد، خەڵکیی دەرکرد بۆ موسەلا و نوێژی بۆیان کرد، ئەوەش یەکەمین نوێژێک بوو پەیامبەری خوا(صلى الله عليه

وسلم) لەموسەلأدا نوێژی جەژنی بەخەڵکیی کرد لەمەدینەدا، لەموسەلأدا بەدەستی خۆی، دوو شەك مەڕی سەربڕی. وتراوە: شەك مەڕێکی سەربڕیووە. لەئەبو موبەشیرەوە ئەڵێ: گوێم لەجابری کوڕی عبدالله بوو ئەیووت: کاتێك لەنەوەی قینوقاع گەڕاینەوە، لەبەیانیی زووی دەی زی ئەلحیجەدا قوربانییمان کرد، ئەوەش یەکەمین قوربانییەك بوو کە موسڵمانان بینییان، لەنەوەی سەلەمەشدا قوربانییمان کرد، لەنەوەی سەلەمەدا حەڤدە قوربانییم ژمارد.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: هەرچی ئیبن ئیسحاقە، ئەوە مێژووی دانەناوە بۆ ئەو غەزایەی کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەنەوەی قینوقاعدا ئەنجامی دا، جگە لەوەی وتوویەتی کە ئەو رووداوە، لەنێوان غەزوەی ئەلسەویق و دەرچوونی پەیامبەری خوا بووە(صلى الله عليه وسلم) لەمەدینە بۆ شەڕی قورەیش تاوەکو گەیشتووەتە بەنی سولەیم و بەحران لەحیجاز لەڕووی ئەلفەرعەوە، هەندێکی تریان وتوویانە کە لەنێوان غەزای یەکەمی بەدر و غەزای نەوەی قینوقاعدا سێ غەزا و سریە ناردن هەبووە، ئەو کەسەی ئەوەی وتووە وەهای داناوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دوای تێپەڕبوونی نۆ شەو لەمانگی سەفەری ساڵی سێی کۆچیی چووەتە سەریان، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دوای ئەوەی لەبەدر گەڕایەوە و گەڕایەوە مەدینە و لەڕۆژی چوارشەممەدا کە هەشت شەو لەمانگی رەمەزان مابوو، تەواوی ئەو رۆژانەی لەمانگی رەمەزان مابوویەوە لەمەدینە مایەوە و پاشان رۆیشت بۆ غەزای قەرقەرەتو لکودر، چونکە هەواڵی پێگەیشت کە نەوەی سولەیم و غەتفان کۆبوونەتەوە، بۆیە لەڕۆژی جومعەدا لەگەڵ بەرزبوونەوەی خۆردا لەمەدینەوە دەرچوو، لەشەوالی ساڵی سێی کۆچییدا بۆی دەرچوو.

هەرچی ئیبن حومەیدە بۆمان باس دەکات لەسەلەمەوە ئەویش لەئیبن ئیسحاقەوە کە ئەڵێ: کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەبەدر گەڕایەوە بەرەو مەدینە، لێبوونەوەشی لەبەدر دوابەدوای مانگی رەمەزان بوو یان لەسەرەتای مانگی شەوال، تەنیا حەوت شەو لەمەدینەدا مایەوە و بەخۆی دەرچوو بۆ غەزا و مەبەستی چوونەسەر

نەوەی سولەیم بوو، تاوەکو گەیشتە یەکێکە لەسەرچاوە ئاوەکانیان کە پێیدەوترێ ئەلکودر، سێ شەو لەوێ مایەوە پاشان گەڕایەوە مەدینە و هیچ شەڕێکی نەهاتەڕێ، پاشماوەی شەوال و زو ئەلقەعیدە تیایدا مایەوە و زۆربەی دیلەکانی قورەیشی بەپارە رزگار کرد، هەرچی واقیدییە وەهای دادەنێت کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەموحەڕەمی ساڵی سێی کۆچییدا غەزای ئەلکودری ئەنجام داوە، ئالاکەشی لەلایەن عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبەوە هەڵگیرابوو، ئیبن ئوم ئەلمەکتوم ئەلمیعەیسیی بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشت.

هەندێکی تریان ئەڵێن: کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەغەزای ئەلکودرەوە گەڕایەوە مەدینە و هیچ شەڕێکی نەهاتەڕێ، گەڕانەوەی لەوێدا بەبۆچوونی ئەوان، دە رۆژ لەمانگی شەوال تێپەڕیبوو، غالیبی کوڕی عبدالله ئەللەیسیی لەڕۆژی یەکشەممەدا کە دە رۆژ لەمانگی شەوال تێپەڕیبوو،لەسریەیەکدا نارد سەر نەوەی سولەیم و غەتفان و کوشتاری لێکردن و کۆمەڵێ وشتری لێیان دەسکەوت و گەڕایەوە مەدینە، گەڕانەوەشی لەڕۆژی شەممەدا بوو کە چواردە شەو لەمانگی شەوال مابوو، سێ کەس لەموسڵمانەکان شەهید بوون، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) تاوەکو زی ئەلحیجە لەمەدینە مایەوە و لەڕۆژی یەکشەممە کە حەوت شەو لەمانگی زی ئەلحیجە مابوو، غەزای ئەلسەویقی ئەنجام دا.

غەزای ئەلسەویق

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەغەزای ئەلکودرەوە گەڕایەوە مەدینە و تەواوی رۆژەکانی دیکەی مانگی شەوال و زو ئەلقەعیدەی ساڵی دووی کۆچیی تیایدا مایەوە، پاشان ئەبو سوفیانی کوڕی ئەلحەرب غەزوەی ئەلسویقی ئەنجام دا لەمانگی زی ئەلحیجەدا، هاوبەش پەیداکەران سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەیان کرد.

لەعوبەیدوواللەی کوڕی کەعبی کوڕی مالیکەوە کە زاناترینی ئەنسار بووە ئەڵێ: ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب کاتێك گەڕایەوە مەککە و سوپای دۆڕاوی قورەیش لەبەدرەوە گەڕایەوە مەککە، نەزری کرد کە سەری نەشۆڕێ بەجووتبوونی لەگەڵ هاوسەرەکەی و غوسڵی لەشگرانیی دەر نەکات تاوەکو شەڕی موحەممەد نەکات، بۆیە بە دووسەد سواری قورەیشییەوە دەرچوو تاوەکو سوێندەکەی ببات سەر، ڕێگەی نەجدییەی گرتەبەر تاوەکو لەسەرەتای جۆگەیەك دابەزی بەرەو چیایەك کە پێیدەوترێ تەیت و بەریدێ ڕێگە یان نزیك بەوە لەمەدینەوە دوورە، پاشان لەشەودا دەرچوو تاوەکو لەتاریکایی شەودا گەیشتە بەنی نەزیر و هات بۆلای حویەیەی کوڕی ئەختەب و لەدەرگای دا، دەرگای لێ نەکردەوە و لێی ترسا، بۆیە ئەبو سوفیان ڕۆیشت بۆلای سەللامی کوڕی میشکەم و گەورەی نەزیری سەردەمی خۆی بوو، خاوەنی گەنجینەکەیان بوو، داوای چوونە ژوورەوەی کرد، سەللام ڕێگەی دا و ڕێزی لێگرت و نان و ئاوی پێ دا و هەواڵەکەی لەخەڵك شاردەوە، پاشان لەو شەوەدا ئەبو سوفیان دەرچوو تاوەکو گەیشتە لای هاوڕێکانی، ئینجا پیاوانێکی قورەیشی نارد بۆ مەدینە، پیاوەکانی هاتن بۆ گەڕەکێکی مەدینە کە پێیدەوترێ ئەلعورەیز و کەپر و کۆمەڵێ داریان سووتاند و دوو پیاوی ئەنساریان بینی کە کشتوکاڵییان دەکرد و سەرقاڵی جوتیاریی بوون، هەردووکیانیان کوشت و پاشان گەڕانەوە، خەڵکیی بەو کارەیان تۆقین، بۆیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەدوایاندا دەرچوو تاوەکو گەیشتە قەرقەرەتولکودر و لەوێدا بۆی دەرکەوت کە ئەبو سوفیان و هاوڕێکانی لەدەستی دەرچوونە، لەکۆڵوباری ئەوانیان دۆزییەوە کە بۆ ئەوەی زوو ڕزگاریان بێ، هەندێ لەکۆڵوباریان فڕێ دابوو. موسڵمانەکان وتیان: ئایە ئەمە بەغەزا دابنێین؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: "بەڵێ".

ئەبو سوفیان لەئامادەسازبوونی دەرچوون لەمەککەوە بۆ مەدینە، کۆمەڵە دێڕێکی شیعری بۆ هاندانی قورەیش وتبوو کە ئەمانەن:

كُرُّوا علـى يثـرِبَ وجَمْعِهـم فـإنَّ مـا جمَّعـوا لكُـمْ نَقَـلُ

إنْ يكُ يـومُ القَليـبِ كـان لهـمْ فـإنَّ مـا بعـده لكُـم دُوَلُ
آلَيــتُ لا أقْــرَبُ النِّســاءَ ولا يَمَسُّ رَأسي وجلْديَ الغُسُلُ
حتَّى تُبيرُوا قبائلَ الأوْس والْـ ـخَزْرج، إنَّ الفُؤادَ مُشْتَعلُ

واتا: پەلاماری یەسریب و کۆمەڵکانیان بدەن، چونکە ئەوەی کۆیان کردووەتەوە بۆ ئێوە دەسکەوتە. ئەگەر رۆژێ قوڵەیب سەرکەوتن بۆ ئەوان بوو، لەدوای ئەو رۆژە سەرکەوتنەکان بۆ ئێوەیە. سوێندم خواردووە نزیکی ئافرەت نەکەومەوە و ئاو بەر جەستەم نەکەوێ بۆ خۆشۆردنی جووتبوون و دەرکردنی لەشگرانیی، تاوەکو پەلاماری هۆزەکانی ئەوس و خەزرەج نەدەن و دڵمان وا گڕ دەگرێ و دەسووتێ.

هەرچی واقیدییە، ئەوە وەهای داناوە کە غەزوەی ئەلسەویق لەمانگی زی ئەلقەعیدەی ساڵی دووی کۆچیی رووی داوە و ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەدووسەد هاوەڵی کۆچەر و پشتیوانانەوە دەرچوو، پاشان باس ئەو بەسەرهاتەی ئەبو سوفیان دەکات کە وێنەی ئەوەی ئیبن ئیسحاق باسی کردووە، تەنیا ئەوە نەبێ کە ئەڵێ: ئەبو سوفیان بەڵای پیاوێکدا تێپەڕبوو کە کرێکارێکی لەگەڵ بوو پێیدەوترا مەعبەدی کوڕی عەمر و هەردووکیانی کوشت و کۆمەڵێ ماڵ و کاودانی لەوێدا سووتاند و وەهای بینی کە سوێندەکەی بەجێهێناوە،کەسێك هاواری هێنا بۆڵای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و خەڵکیی راپەڕین و بەدوایدا ڕۆیشتن، بەڵام رزگاری ببوو. ئەڵێ: ئەبو سوفیان و هاوڕێکانی بۆ ئەوەی زوو هەڵبێن، بارە گەنم و ئاردەکانیان فڕێ دابوو تاوەکو باریان سووك بێ، بۆیە ناونرا غەزای ئەلسەویق.

واقیدیی ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەبو لوبابەی کوڕی عەبدولمونزیری بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشت.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: لەو ساڵەدا، مەبەستم ساڵی دووی کۆچی،لەمانگی زی ئەلحیجەدا عوسمانی کوڕی مەزعون کۆچی دوایی کرد،پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەبەقیعدا ناشتی و بەردێکی لەسەر سەری دانا وەك نیشانەیەك بۆ گۆڕەکەی. وتراوە:

حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالێب(سەلامی خوای لەسەربێ) لەو ساڵەدا لەدایکبووە، ئەبو جەعفەر وەهای وتووە. هەرچی واقیدییە وەهای دادەنێ، کە کوڕی ئەبی سەبرە بۆی باسکردووە لەئیسحاقی کوڕی عبداللەوە ئەویش لەئەبو جەعفەرەوە کە عەلی کوڕی ئەبو تالێب لەمانگی زی ئەلحیجەی سەرەتای بیست و دوو مانگ لەهیجرەت، فاتیمەی گواستووەتەوە. ئەبو جەعفەر ئەڵێ: ئەگەرچی ئەم گێڕانەوەیە راستە،ئەوە قسەی یەکەم باتڵە، وتراوە لەو ساڵەدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)(المعاقل)ی نووسیووەتەوە کە بەشمشێرەکەیەوە هەڵیواسیوون.

پاشان سالّی سێی کۆچیی هات

لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە ئەڵێ: کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەغەزای ئەلسەویق گەڕایەوە، پاشماوەی رۆژانی زی ئەلحیجە و موحەڕەم یان نزیك بەوە لەمەدینە مایەوە، پاشان غەزای نەجدی ئەنجام دا بەمەبەستی چوونەسەر غەتفان کە غەزای زی ئەمەر بوو، تەواوی مانگی سەفەر یان نزیك بەوە لەنەجد مایەوە پاشان گەڕایەوە مەدینە و تووشی هیچ شتێك نەبوو، تەواوی مانگی ڕەبیعی یەکەم چەند رۆژێکی کەمی نەبێ، لەمەدینە مایەوە، پاشان غەزای ئەنجام دا بۆ سەر قورەیش و نەوەی سولەیم تاوەکو گەیشتە بەحران(مەعدەن لەحیجاز لەڕووی ئەلفەرعەوە)، مانگی ڕەبیعی دووەم و جەمادی یەکەم لەوێدا مایەوە پاشان گەڕایەوە مەدینە و هیچ شەڕێکی نەهاتەڕێ.

هەوالّی کەعبی کوڕی ئەشرەف

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: لەو ساڵەدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سریەیەکی ناردە سەر کەعبی کوڕی ئەشرەف، واقیدیی وەهای دادەنێت کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمانگی ڕەبیعی یەکەمی ئەو ساڵەدا ئەو سریەیەی ناردووە.

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: لەباسی کوڕی ئەشرەفدا ئەوە هەیە، کاتێ ئەوە لەبەردرا رووی دا، زەیدی کوڕی حاریسە هات بۆلای خەڵکانی خواروو،عبداللەی کوڕی رەواحەش بۆلای خەڵکانی سەروو بەموژدەوە هاتن، کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەمزگێنییەوە ناردبوونی بۆلای موسڵمانانی مەدینە کە مزگێنیی سەرکەوتنیان پێبگەیەنن و لەوەی لەهاوبەش پەیداکەران چی کوژراوە،کەعبی کوڕی ئەشرەف کە پیاوێکی تەبیئ و پاشان یەکێك بوو لەنەوەی نەبهان و دایکیشی لەنەوەی نەزیر بوو، کە ئەو هەواڵەی پێگەیشت وتی: لەناوبچن، رەوایە گوێتان لەم قسەیە بێ کە موحەممەد ئەو پیاوانەی کوشتووە وا ئەم دوو پیاوە باسی دەکەن، مەبەستی زەیدی کوڕی حاریسە و عبداللەی کوڕی رەواحە بوو، ئەوانە گەورەکانی عەرەب و پادشایانی خەڵکن، سوێند بەخوا ئەگەر موحەممەد ئەوانەی کوشتبێ، ئەوە ژێر زەوی باشترە لەسەر زەوی.

کاتێك ئەو دوژمنەی خوا لەو هەواڵە دڵنیابوویەوە، دەرچوو تاوەکو گەیشتە مەککە و دابەزییە لای ئەلموتەڵیبی کوڕی ئەبو وەداعەی کوڕی زوبەیرەی ئەلسەهمی و عاتیکەی کچی ئوسەیدی کوڕی ئەبی ئەلعیسی کوڕی ئومەییەی کوڕی عەبد ئەلشەمسی لا بوو، ئەویش دایبەزاند و رێزی لێنا، دەستی کردە هاندان لەدژی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و شیعری دەوت و بۆ کوژراوانی بەدریان دەگریا کە خرابوونە قولەپیەوە، پاشان کەعبی کوڕی ئەشرەف گەڕایەوە مەدینە و بەشیعر قسەی ناخۆشی بەئافرەتانی موسڵمانان وت تاوەکو ئازاری موسڵمانانی دا، بۆیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"کێ کوڕی ئەشرەفم بۆ لەکۆڵ دەکاتەوە؟" موحەممەدی کوڕی مەسلەمە، برای نەوەی عەبد ئەلشەهەل وتی: من بۆ تۆی لەکۆڵ دەکەمەوە ئەی پەیامبەری خوا، من دەیکوژم. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەوە بکە ئەگەر توانات بەسەریدا هەبوو".

موحەممەدی کوڕی مەسلەمە گەڕایەوە سێ ڕۆژ مایەوە هیچ خواردن و خواردنەوەیەکی نەخوارد و هەر بیری لێ دەکردەوە، ئەوە بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) باس کرا، بۆیە بانگیکرد و پێیفەرموو:"بۆچی دەستت لەخواردن و خواردنەوە هەڵگرتووە؟"

ئەویش وتی: ئەی پەیامبەری خوا قسەیەکم وتووە نازانم بەجێیدەهێنم یان نە". پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:" تەنیا هەوڵدانت لەسەرە". وتی: ئەی پەیامبەری خوا پێویستە بۆ ئەمە رێگە چارە و شتێك بدۆزینەوە. فەرمووی:"چۆنتان پێ باش بوو ئەوە بکەن".

ئەڵێ: موحەممەدی کوڕی مەسلەمەو سیلکانی کوڕی سەلامە کە بۆ کەعب بوون لەشیرەوە و عوبادی کوڕی بیشر و حاریسی کوڕی ئەوس و ئەبو عەبسی کوڕی جەبری نەوەی حاریسە بوو بۆ کوشتنی کۆبوونەوەو بۆی بەڕێکەوتن. کە نزیکی کۆشکەکەی بوونەوە سیلکانی کوڕی سەلامە ئەبا نائیلەیان خستە پێشەوە و ڕۆیشتە کۆشکەکەی کەعب و کەعبی هێناو کاتژمێرێك پێکەوە دانیشتن و پێکەوە قسەیانکرد و شیعریان دەوت: دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات ئەی کوڕی ئەشرەف، بۆ کارێکی پێویست هاتووم و ئەمەوێ بۆتی باس بکەم، بەڵام بیشارەوە و بۆ کەسی مەگێڕەوە، وتی: بڵێ، وتی: هاتنی ئەمانە بۆ مەدینە بەڵاو نەهامەتی بوون بۆ ئێمە و عەرەب بەیەك تیر ئێمەیان پێکاو ستەمیان لێکردین و ڕێگەیان لێ بڕین تا هەموو شتێکمان لەدەستچوو، هەناسەمان لێ بڕا، کەعب وتی: من کوڕی ئەشرەفم، سوێند بەخوا کوڕی سەلامە خەریك بوو ئەوەت پێ بڵێم کارەکە خەریکە بەو جۆرە دەبێ کە ئەیڵێی، سیلکان وتی:ئەمەوێ خواردنمان پێ بفرۆشی و گرنتیت ئەخەینە بەردەست کە جێی متمانەت بێ، کەعب وتی: ژن و منداڵەکانتانم ئەخەنە دەست و ڕەهنی منی ئەکەن؟سیلکان وتی: ئەتەوێ شەمەزارمان بکەی، هاوەڵ گەلێکم هەیە هەمان بۆچوونی منیان هەیە، ویستم بیانهێنمە لات و خواردنیان پێ بفرۆشە و چاکەیان لەگەڵدا بکە و چەك و قەڵغانەکانیان دەکەنە ڕەهن و گرنتی، کە بینی چەکیان پێیە ویستی سڵ نەکاتەوە و هەست بەشتێك بکات، بە کەعبی وت:لەنێو بارەکەیاندا چەك هەیە، گەڕایەوە لای هاوڕێکانی و باسەکەی بۆ گێڕانەوە و فەرمانی پێدان چەك هەڵبگرن پاشان بڕۆن و لای کۆببنەوە.

ئیبن عەباس ئەڵێ: پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) لەگەڵیاندا بەڕێکەوت تاوەکو گەیشتنە بەقیع، پاشان ڕووی لێکردن و فەرمووی:"خوایە گیان یارمەتیان بدە"، پاشان

پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) رۆیشت و ئەوانیش بەرێکەوتن تا گەیشتنە قەلاکەی کەعب، ئەبو نائیلە، سیلکانی بانگ کرد و ئەویش لەجێگەکەی دەرچوو هاتەخوارەوە، بەرەو دەرەوە دەرۆیشت، ژنەکەی دەستی گرت و پێیوت: تۆ پیاوێکی جەنگاوەری، چۆن دەکرێ لەم کاتە درەنگەدا بچیتە دەرەوە؟بە ژنەکەی وت: ئەوە ئەبو نائیلەیە ئەگەر بیزانیبایە خەوتووم لەخەوی نەدەکردم. ژنەکەی پێیوت: سوێند بەخوا لەدەنگیدا دەزانم خراپەی پێیە، کەعب گوێی بەقسەکەی نەدا. دابەزی و لەگەڵ ئەبو نائیلەدا هەندێك قسەیان کرد، پاشان ئەبو نائیلە پێیوت: ئەی کوڕی ئەشرەف بۆ نایەی کەمێك لەدۆڵی ئەلعەجوز پیاسە بکەین و شەو بەسەر بەرین؟کەعب وتی: ئاساییە چۆن دەتەوێ. دەرچوون و پیاسەیان کرد، کاتژمێرێك پیاسەیان کرد و پاشان ئەبو نائیلە دەستی خستە نێو قژی(لاجانگی)کەعب و توندگرتی و وتی: هەرگیز نەمبینیووە وەك ئەم شەوە گولاّوت لەخۆت دابێ، پاشان هەندێ پیاسەیانکرد و هەم دەستی خستە لاجانگی و ئەوەی وت تاوەکو کەعب دڵنیابوویەوە، پاشان وهایکرد تا دڵنیابوویەوە، پاشان هەندێك پیاسەیانکرد و هەمان شتی کردەوەو کەعب دڵنیابوویەوە، سیلکان وتی: لەم دوژمنەی خوا بدەن، بەیەکجار لێماندا هیچ سوودی نەبوو، چەقۆیەکم دەرهێناو کردم بەنێو قەدیدا، ئەو دوژمنەی خوا هاوارێکی کرد بەهۆیەوە هەموو چراو مەشخەڵەکانی کۆشك هەڵکران، کەوتەسەر زەوی و مرد، ئێمەش خێرا هەڵهاتین و رۆیشتین. لەوکاتەی کە شمشێرەکەمان وەشاند یەکێك لەهاوەڵەکانمان بریندار بوو، هەڵمانگرت و خۆینی لەبەردەچوو، هەڵمانگرت تا گەیاندمانە مەدینە و پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم)مان بینی و سەلاممان لێکرد، ئەویش هاتەدەرەوە بۆلامان و هەواڵمان پێدا کە دوژمنی خوا کوژراو تفی کردە سەر بریندی هاوەڵەکەمان و یەکسەر خوای گەورە شیفایدا، ئینجا گەڕاینەوە ماڵەکانی خۆمان و بەیانیمان کردەوە و هەموو جولەکەیەك لەگیانی خۆی دەترسا.

ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"هەر پیاوێکی جولەکەتان بینی و چنگتان کەوت، بیکوژن. موحەیسەی کوڕی مەسعود پەلاماری ئیبن سونەینەی دا کە پیاوێکی بازرگانی جولەکە بوو بەرگی پێ دەدان و کڕین و فرۆشتنی لەگەڵدا دەکردن،

کوشتی. حوەیسەی کوڕی مەسعود جارێ موسڵمان نەبوو، لەموحەیسە بەتەمەنتر بوو، کە بینی حوەیسە سونەنینەی کوشت، دەستی کردە لێدانی موحەیسە و ئەیووت: ئەی دوژمنی خوا کوشتت، سوێند بەخوا ئەو چەوری و بەزەی لەسکی تۆدایە بەپارە و سەروەتی ئەو پەیدات کردووە. موحەیسە ئەڵێ: وتم: سوێند بەخوا، ئەو کەسەی کە فرمانی پێکردووم بەکوشتنی، ئەگەر فرمانم پێ بکات تۆش بکوژم، ئەوە لەگەردنت دەدەم. ئەڵێ: ئەوە سەرەتای موسڵمان بوونی حوەیسە بوو. حوەیسە وتی: ئەگەر موحەممەد فرمانت پێ بکات من بکوژی، دەمکوژی؟ موحەیسە وتی: بەڵێ، سوێند بەخوا ئەگەر فرمانی کوشتنی تۆم پێ بدات، لەگەردنت دەدەم.

حوەیسە وتی: ئایینێك تۆ بەم ئاستە بگەیەنێ، سوێند بەخوا ئایینێکی سەرسامکەرە. بۆیە حوەیسە بووە موسڵمان.

واقیدیی ئەڵێ: سەری کوڕی ئەشرەفیان بۆ پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) هێنا. واقیدیی وەهای دادەنێت کە لەڕەبیعی یەکەمی ئەو ساڵەدا، عوسمانی کوڕی عەفان، ئوم کەلسومی کچی پەیامبەری خوای مارە کرد و لەجەمادی دووەمدا گواستییەوە. لەڕەبیعی یەکەمی ئەو ساڵەدا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) غەزای ئەنماری ئەنجام دا، پێشی دەوترێ زی ئەمەر. پێشتر قسەی واقیدییمان لەو بارەوە باس کرد. واقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵەدا ئەلسائیبی کوڕی یەزیدی کوڕی ئوخت ئەلننەمیر لەدایکبوو.

غەزای ئەلقەردە

واقیدیی ئەڵێ: لەجەمادی دووەمی ئەو ساڵەدا غەزای ئەلقەردە رووی دا، وەك باس دەکرێت، ئەمیری ئەو سریەیە، زەیدی کوڕی حاریسە بووە. ئەڵێ: ئەوە یەکەمین سریەیەك بوو زەیدی کوڕی حاریسە بەئەمیرێتیی تیایدا دەربچێ، یەکێك لەبەسەرهاتەکانی ئەو سریەیە، ئەوەیە کە ئیبن حومەید بۆمان باسی دەکات و ئەڵێ: سەلەمە بۆی باسکردین لەئیبن ئیسحاقەوە وتی: ئەو سریەیەی زەیدی کوڕی حاریسە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تیایدا ناردی بۆ بەرگرتن لەکاروانەکەی قورەیش کە

ئەبو سوفیانی کوڕی حەربی تێدا بوو بۆ سەر ئەلقەرد کە ئاوێك بوو لەئاوەکانی نەجد، یەکێك لەبەسەرهاتەکانی ئەوە بوو، قورەیش لەو رێگەیە دەترسا کە بەسرووشت لەڕۆیشتن بۆ شام ئەیگرتەبەر و لەڕوداوی بەدرەوە ئەو ترسەیان بۆ دروست بوو، بۆیە رێگەی عێراقیان گرتەبەر، کۆمەڵێ بازرگانیان دەرچوون کە ئەبو سوفیانی کوڕی حەربیشیان تێدا بوو، زیووێکی زۆریان پێبوو، ئەوە گەورەترین بازرگانییان بوو، پیاوێکی بەکری نەوەی وائیلیان بەکرێگرت پێیدەوترا فوراتی کوڕی حەییان تاوەکو رێگەیان پیشان بدات، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) زەیدی کوڕی حاریسەی نارد و لەسەر ئەو ئاوە پێیان گەیشت، کاروانەکەی تەواو دەستبەسەردا گرت و پیاوانی کاروانەکە دەرەقەتی نەهاتن، هەمووی هێنا بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، ئەبو جەعفەر وەها ئەڵێ، هەرچی واقیدییە وەهای داناوە کە هۆکاری ئەو غەزایە، ئەوە بوو قورەیش وتی: موحەممەد بازرگانیی ئێمەی شێواندووە و لەسەر رێگەکەمانە. ئەبو سوفیان و سەفوانی کوڕی ئومەییە وتیان: ئەگەر لەمەککە بەم شێوەیە دابنیشین و نەجوڵێین بۆ رێگەیەك بازرگانیی پێوەی بکەین، ئەوە سەرمایەکەشمان دەخۆین. ئەبو زەمعەی کوڕی ئەلئەسوەد وتی: ئایە پیاوێکتان پیشان بدەم رێگەی نەجددتان پیشان بدات، ئەگەر بەچاونوقاندنیشەوە پێیدا بڕوات رێگە دەدۆزێتەوە؟ سەفوان وتی: ئەو کەسە کێیە؟ بێگومان پێویستییەکی کەممان بەئاو دەبێ و لەوەرزی زستاندایین.

ئەویش وتی: ئەو کەسە فوراتی کوڕی حەییانە. بانگیان کرد و بەکرێیان گرت، لەزستاندا دەریکردن و رێگەی زات عیرقی پێ گرتنەبەر و پاشان دەریکردن بەسەر غەمرەدا تێپەڕی، ئەم هەواڵەی کاروانی قورەیش بەپەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) گەیشت، هەواڵی پێگەیشت کە سەروەتێکی زۆر و کۆمەڵێ قاپ و دەفری زیووی تێدایە و سەفوانی کوڕی ئومەییە هەڵیگرتووە، بۆیە زەیدی کوڕی حاریسە دەرچوو بۆ ئەوەی بەری پێ بگرێت، دەستی بەسەر کاروانەکەدا گرت و گەورەکانی قورەیش هەڵهاتن، بیست و پێنج هەزار بوو،پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بیست و چوار هەزاری بەسەر سریەکەدا دابەشکرد، فوراتی کوڕی حەییان ئەلعیجلیی بەدیلکراویی هێنرا،

پێیووترا ئەگەر ببیتە موسڵمان،پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ناتکوژێ. کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بانگیکرد، بووە موسڵمان و بەو هۆیەوە ئازادی کرد.

کوژرانی ئەبو رافیعی جولەکە

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: لەو ساڵەدا ئەبو رافیعی جولەکە کوژرا، وتراوە هۆکاری کوشتنەکەی وەک ئەوەی باس دەکرێت، ئەوە بوو: پشتیوانیی کەعبی کوڕی ئەشرەف دەکرد لەدژی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم). وەک ئەوەی باس دەکرێت، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەنیوەی دووەمی جەمادی دووەمی ئەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی عەتیکی نارده سەر. هارونی کوڕی ئیسحاق ئەلهەمەدانی بۆی باسکردین وتی: موسعەبی کوڕی ئەلمیقدام بۆی باسکردین وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پیاوانێکی لەئەنسار نارده سەر ئەبو رافیعی جولەکە کە لەخاکی حیجازدا بوو، عبداللەی کوڕی عوقبە یان عبداللەی کوڕی عەتیکی کردە ئەمیری ئەو پیاوانە. ئەبو رافیع ئازاری پەیامبەری خوای دەدا و ستەمی لەدژ دەکرد و لەقەڵایەکی خۆیدا بوو لەخاکی حیجاز، جا کاتێک لێی نزیکبوونەوە کە خۆرئاوا ببوو و خەڵکیی لەپشوودا بوون، عبداللەی کوڕی عوقبە یان عبداللەی کوڕی عەتیک پێیووتن: لەشوێنی خۆتان دابنیشن و من ئەڕۆم بۆلای دەرگاکان بەڵکو بچمە ژوورەوە. ئەڵێ: ڕۆیشت تاوەکو لەدەرگاکە نزیکبوویەوە و دەموچاوی پێچایەوە و وەهای دەرخست سواڵ دەکات. خەڵکیی چوونە ژوورەوە و دەرگاوان پێیووت: ئەی بەندەی خوا ئەگەر دەتەوێ بێیتە ژوورەوە، وەرە ژوورەوە، من دەمەوێ دەرگاکە دابخەم. عبدالله ئەڵێ: چوومە ژوورەوە و لەژێر کورتانی گوێدرێژێکدا خۆمم مەلاس دا، کە دەرگاکەی داخست، کلیلەکانی هەڵواسی، ئینجا من ڕۆیشتم و کلیلەکانم هەڵگرت و دەرگاکەم کردەوە. ئەبو رافیع لەکۆشکی بەرزیدا سەرقاڵی شەوچەرەیی بوو، کاتێک ئەوانەی دەوروبەری کە لەگەڵیدا مەجلیسیان گەرم کردبوو ڕۆیشتن،بۆی چوومە سەرەوە، هەر دەرگایەکم دەکردەوە، لەدوای خۆم کلیلم دەدا، وتم:

ئەمانە چاویان خستووەتە سەرم، نابێ پێم بگەن تاوەکو دەیکوژم. کاتێک پێیگەیشتم، لەنێو ژوورێکی تاریکدا بوو لەنێو مالێ و منداڵیدا و نەمدەزانی کامە خۆیەتی، بۆیە وتم: ئەی ئەبو رافیع. وتی: ئەوە کێیە؟ منیش رووە و دەنگەکە پەلامارم دا و شمشێر لەدوای شمشێرم لێ دەدا و هاواری کرد. چوومە دەرەوە و زۆری پێنەچوو گەڕامەوە لای و وتم: ئەو دەنگە چی بوو ئەی ئەبو رافیع؟ وتی: دایکت شیوەنت بۆ بکات پیاوێك لەماڵەکەدایە و کەمێ پێش ئێستا بەشمشێر لێی دام. ئەڵێ منیش لێم دا و خەڵتانی خوێنم کرد و شمشێرەکەم لەسکی تووند کرد تاوەکو لەشتی دەرچوو، دڵنیا بووم کوشتوومە، ئیتر دەرگا لەدوای دەرگام کردەوە تاوەکو گەیشتمە پلیکانە لەدوای پلیکانە و کەوتمە خوارەوە، قاچم شکا و بەمێزەرەکەم بەستمەوە، رۆیشتم تاوەکو گەیشتمە لای دەرگاکە و لەوێ دانیشتم و وتم: سوێند بەخوا ئەمشەو لێرە ناڕۆم تاوەکو نەزانم کوشتوومە یان نە. هەتا ئەوەی کەڵەشێر خوێندی و هەواڵدەری مەرگ لەسەر شوراکانەوە هاواری کرد: ئەی خەڵکی حیجاز هەواڵی مردنی ئەبو رافیعتان پێ رادەگەیەنم.

ئینجا رۆیشتم بۆلای هاوەڵەکانم و وتم: رزگارمان بوو،خوای گەورە ئەبو رافیعی کوشت. رۆیشتم تاوەکو گەیشتمە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و بۆم باسکرد. فەرمووی:"قاچت درێژ بکە". قاچم درێژکرد و دەستێکی بەسەردا هێنا وەك ئەوەی هیچ کاتێ ئازاری نەبووبێ،چاك بوویەوە. ئەبو جەعفەر ئەڵێ: هەرچی واقیدییە وەهای داناوە، ئەو سریەیەی کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رەوانەی لای ئەبو رافیع سەلامی کوڕی ئەبی ئەلحوقەیقی کرد، لەمانگی زی ئەلحیجەی سااڵی چواری کۆچییدا بووە، ئەوانەی کە ئاراستەی لای ئەوی کردن، ئەویان کوشت، ئەوانیش بریتی بوون لە ئەبو قەتادە و عبداللەی کوڕی عەتیك و مەسعودی کوڕی سینان و ئەلئەسوەدی کوڕی خوزاعی و عبداللەی کوڕی ئەنەیس. هەرچی ئیبن ئیسحاقە ئەوە چیرۆکی ئەو سریەیەی باسکردووە کە ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە لەوەوە بۆی باسکردین کە سەلامی کوڕی ئەبی ئەلحوقەیق کە ئەکاتە خودی ئەبو رافیع، لەپێڕی کۆمەڵ و ئەو حیزبانەی دژ بەپەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم). هۆزی ئەوس

لەپێش شەڕی ئوحود، کەعبی کوڕی ئەشرەفیان کوشت بەهۆی ئەوەی دوژمنایەتیی پەیامبەری خوای دەکرد و خەڵکی لەدژ هان دەدا، بۆیە هۆزی خەزرەج داوای مۆڵەتیان کرد لەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کە رێگەیان بدات سەلامی کوڕی ئەلحوقەیق بکوژن کە لەخەیبەردا بوو، پەیامبەریش(صلى الله عليه وسلم) مۆڵەتی دان.

لەعبداللەی کوڕی کەعبی کوڕی مالیکەوە ئەڵێ: یەکێك لەو کارانەی کە خوای گەورە بۆ پەیامبەری خوای کرد، ئەوە بوو ئەو دوو گەڕەکەی ئەنسار ئەوس و خەزرەج نەیاندەهێشت هیچ کەسێك دەمدرێژیی بکات بەرانبەر بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و وەك بەران پەلاماریان دەدا، هەر کارێکی گرنگ ئەوس بۆ پەیامبەری خوای بکردبایە، خەزرەجیش دەیووت نابێ ئەو فەزڵ و گەورەییەمان لەدەست دەربچێ، بۆیە ئەوانیش نمونەی ئەو کارەیان دەکرد.

ئەگەر خەزرەجیش کارێکی گرنگی بکردبایە، ئەوسیش دەیووت دەبێ ئێمەش نمونەی ئەو کارە بکەین، جا کاتێك ئەوس، کەعبی کوڕی ئەشرەفیان کوشت بەهۆی ئەوەی دوژمنایەتیی پەیامبەری خوای دەکرد، خەزرەجیش وتی: هەرگیز نابێ بەو فەزڵە لەئێمەی ببەنەوە، بۆیە بیری خۆیانیان هێنایەوە چی کەسێکی تر هەیە نمونەی کوڕی ئەشرەف دوژمنایەتیی پەیامبەری خوا بکات؟ بیریان چووە سەر کوڕی ئەبی ئەلحوقەیق کە لەخەیبەردا بوو،بۆیە رۆیشتن و داوایان لەپەیامبەری خوا کرد(صلى الله عليه وسلم) مۆڵەتیان بدات کوڕی ئەبی ئەلحوقەیق بکوژن. ئەویش مۆڵەتی دان. کۆمەڵێك لەخەزرەج ئینجا لەنەوەی سەلەمە بۆی دەرچوون کە پێنج کەس بوون، عبداللەی کوڕی عەتیك و مەسعودی کوڕی سینان و عبداللەی کوڕی ئەنەیس و ئەبو قەتادە ئەلحاریسی کوڕی رەبعی و خوزاعیی کوڕی ئەلئەسوەد هاوپەیمانیان بوون لەوانەی ببوونە موسڵمان. دەرچوون و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) عبداللەی کوڕی عەتیکی کردە ئەمیریان، رێگریی لێ کردن منداڵ و ژن بکوژن. دەرچوون تاوەکو گەیشتنە خەیبەر و لەشەودا هاتنەلای ئیبن ئەبی ئەلحوقەیق و بەهەر خانوویەکی کۆشکەکەدا دەچوونە پێش، دەرگایان لەپشتەوەی خۆیان دادەخست،ئەڵێ: بەگالیسکەیەکی رۆمیی هاتن و

پشتی خۆیانیان تیایدا قایم کرد تاوەکو خۆمان گەیاندە دەرگاکەی و لەدەرگامان دا، ژنەکەی دەرچوو بۆلامان و وتی: ئێوە کێن؟ وتمان: چەند کەسێکی عەرەبین و هاتووین بۆ لای میرە(گەورە). ئەویش وتی: ئەوە گەورەکەتانە بچنە لای. کاتێک چووینەلای، دەرگامان لەسەر ژنەکەی و خۆی داخست، ترساین لەنێوان ئێمە و ئەودا دەنگ و هەرا دروست ببێ، ژنەکەی قیژاندی، خۆیشی ویستی پەلامارمان بدات کاتێ لەسەر جێگەکەی بوو، بەشمشێرەکانمانەوە لەسەر جێگەکەی رامانگرت، سوێند بەخوا بەهۆی سپی پێستبوونییەوە لەو شەوە تاریکەدا هەستمان پێکرد، وەک گەردانەی قیپتیی بوو، جا کاتێک ژنەکەی قیژاندی، یەکێک لەئێمە شمشێری لەسەر سەری بەرزکردەوە و نەهیکردنەکەی پەیامبەری خوای بیرکەوتەوە کە نەهیکرد ژن و منداڵ بکوژرێت، بەوە دەستی هەڵگرت، ئەوە نەبووایە، ئەو شەوە لەکۆڵمان دەکردەوە. کاتێک بەشمشێرەکانمان لەکوڕی ئەلحوقەیق دەدا،عبداللەی کوڕی ئەنەیس بەشمشێرەکەیەوە چووە سەری و کردی بەسکیدا و کوڕی ئەلحوقەیقیش دەیووت:ئای بڕ بڕەی پشتم. ئەڵێ: پاشان دەرچووین و عبداللەی کوڕی عەتیک چاوی کز بوو، بۆیە لەسەر قادرمەکە کەوتە خوارەوە و قاچێکی سەخت ئازاری پێگەیشت و شکا، هەڵمانگرت تاوەکو لەبەرچاویان ئاشکرا نەبین، ئەوان مەشخەڵەکانیان داگیرساندبوو، هەموو شوێنێکیان توند گرتبوو بەدوای ئێمەدا دەگەڕان، جا کاتێک لەدەستگیرکردنی ئێمە بێ ئومێد بوون، گەڕانەوە لای گەورەکەیان و هەڵیانگرت،هەڵیانگرتبوو لەنێویاندا گیانی دەدا. وتمان: ئەی چۆن بزانین ئەو دوژمنەی خوا مردووە؟ پیاوێک لەئێمە وتی: من دەڕۆم و ئەڕوانم دەنگوباس چییە؟ ڕۆیشت و تێکەڵ بەخەڵکەکە بوو، وتی: بینینم پیاوانێکی جولەکەی لایە و ژنەکەشی چرایەکی بەدەستەوەیە و ئەڕەوانێتە دەموچاوی کوڕی ئەبی ئەلحوقەیق، پاشان ژنەکە قسەی بۆ دەکرد و ئەیووت: سوێند بەخوا گوێم لەدەنگی کوڕی عەتیک بوو، وتم: کوڕی عەتیک لەم ولاتە چی دەکات؟! پاشان ڕووم کردە کوڕی ئەبی ئەلحوقەیق و ژنەکە وتی:سوێند بەخوای جولەکە مردووە. پاشان ئەو پیاوە هەواڵەکەی بۆ هێناین و ئێمەش هاوەڵەکەمان هەڵگرت و هاتین بۆلای پەیامبەری

خوا(صلى الله عليه وسلم) و هەواڵی کوشتنەکەمان پێ دا، لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بووە مشتومڕمان و هەریەکە و کوشتنەکەی ئەخستە پاڵ خۆی، بۆیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"شمشێرەکانتانم پێ بدەن". شمشێرەکانمان خستەبەردەمی و سەیرێکی شمشێرەکانی کرد و فەرمووی:"شمشێرەکەی عبداللەی کوڕی ئەنەیس کوشتوویەتی، شوێنەواری خۆراکی پێوەیە".

حەسسانی کوڕی سابت بەشیعر باسی کوژرانی کەعبی کوڕی ئەشرەف و سەلامی کوڕی ئەبی ئەلحوقەیق دەکات و ئەڵێ:

لله دَرُّ عِصـــابَةٍ لاقَيـــتَهُمْ يابنَ الْحُقيقِ وَأنتَ يابنَ الأشرَف
يسْرُون بالبيض الخفاف إليكُمُ مرحًـا كأُسْـدٍ في عـرِينٍ مُغْـرف
حتـى أتـوكُمْ في محـلِّ بِلادكُـمْ فسـقَوْكُمُ حتْفًـا ببـيضٍ ذُفَّـف
مُسْتَبْصرِين لنَصْر دين نبِيِّهِمْ مُستضْـعفِينَ لكـلِّ أمـرٍ مُجْحِـف

واتا:ئەی کوڕی ئەلحوقەیق و ئەی کوڕی ئەلئەشرەف بزانن، ئێوە رووبەڕووی چی دەستەیەك بوونەتەوە، ئەوان بەشمشێرەوە هاتوونەتەسەرتان، وەك شێرێ نێو لانە، لەنێوجەرگەی ولاتی خۆتان هاتوونەتە سەرتان مردنیان بەئێوە چەشت، بەرچاوڕوون و لەسەرپێن بۆ سەرخستنی ئایینی پەیامبەرەکەیان و بۆ هەموو کارێکی سەخت چوست و چالاکن.

لەئەممیهی کچی عبداللەی کوڕی ئەنەیس کە بۆی باسکردووە لەعبداللەی کوڕی ئەنەیسەوە، ئەو چەند کەسەی کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ناردنی بۆ سەر ئیبن ئەبی ئەلحوقەیق تاوەکو بیکوژن،بریتی بوون لە عبداللەی کوڕی عەتیك و عبداللەی کوڕی ئەنەیس و ئەبو قەتادە و هاوپەیمانێکیان و پیاوێکی ئەنساری، لەشەودا هاتنە خەیبەر و ئەڵێ: هاتینە دەرگاکانیان و لەدەرەوە دامان دەخستن و کلیلەکانمان لەگەڵ خۆماندا هەڵدەگرت تاوەکو تەواوی دەرگاکانمان داخست و فرێمان دایە نێو جۆگە ئاوێك

و ئینجا هاتین بۆ ئەو مەیخانەیەی کە ئیبن ئەبی ئەلحوقەیقی تێدا بوو، من و عبداللەی کوڕی عەتیك چووینە سەرەوە و هاوەڵەکانمان لەسەر دیوارەکە دانیشتن. عبداللەی کوڕی عەتیك مۆڵەتی خواست و لەدەرگای دا. ژنەکەی ئیبن ئەبی ئەلحوقەیق وتی: ئەوە دەنگی عبداللەی کوڕی عەتیکە. ئیبن ئەبی ئەلحوقەیق وتی: لەباردایکت بچی، عبداللەی کوڕی عەتیك لەیەسریبە و لەم کاتەدا چی دەکات لای تۆ! ؟ دەرگای لێ بکەرەوە، لام کاتەدا مرۆڤی گەورە هیچ کەسێك لەبەر دەرگاکەی رەتناکرێتەوە. ئەویش هەڵسا و دەرگاکەی کردەوە. من و عبداللە چووینە لای ئیبن ئەبی ئەلحوقەیق، ئەویش وتی: عبداللەی کوڕی عەتیك ئەوە تۆی. ئەڵێ: منیش شمشێرم لێ هەڵکێشا و بەشمشێر لێدانم کرد. بیرم کەوتەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نەهیکرد ژن و منداڵ بکوژین، بۆیە لەژنەکەیم نەدا. عبداللەی کوڕی عەتیك چووەسەر ئیبن ئەبی ئەلحوقەیق و لەمەیخانە تاریکەکەیدا ئەیڕوانیە سپییە زۆرەکەی، جا کاتێك خۆم و شمشێرەکەی بینی، سەرینەکەی هەڵگرت و خۆی پێ دەپاراست،ئەمەویست لەدەموچاوی بدەم نەمدەتوانی، بۆیە بەشمشێرەکەم لێم دا تاوەکو سەرینەکەی فڕێ دا و پاشان عبداللەی کوڕی ئەنەیس هات بۆلام و وتی: بیکوژم. وتم: بەڵێ. عبداللەی کوڕی ئەنەیس پەلاماری دا و کوشتی. ئەڵێ: لەگەڵ عبداللەی کوڕی عەتیك دەرچووین و ژنەکەی دەستیکردە قیژە و هاوار و شیوەن،عبداللەی کوڕی عەتیك لەسەر قادرمەکە کەوت و وتی: ئای قاچم ئای قاچم. عبداللەی کوڕی ئەنەیس هەڵیگرت تاوەکو لەسەر زەوییەکە داینا. کوڕی ئەنەیس ئەڵێ: وتم بەڕێکەوە قاچت کێشەی نییە. بەڕێکەوتین تاوەکو گەیشتینە لای هاوڕێکانمان و پاشان بیرمکەوتەوە کەوانەکەم لەسەر قادرمەکان بەجێهێشتووە، بۆیە گەڕامەوە کەوانەکەم هەڵبگرم، ئەبینم خەڵکی خەیبەر تێکپڕژاون و هەر ئەڵێن کێ کوڕی ئەبی ئەلحوقەیقی کوشتووە ؟ کێ کوڕی ئەبی ئەلحوقەیقی کوشتووە ؟ وەهام کرد نە سەیری کەس بکەم و نە کەس سەیرم بکات و منیش ئەمووت: کێ کوڕی ئەبی ئەلحوقەیقی کوشتووە ؟ پاشان بەسەر قادرمەکاندا سەرکەوتم و خەڵکیی سەیری سەرەوەیان دەکرد و دادەبەزین،کەوانەکەم لەشوێنی خۆی هەڵگرت و پاشان رۆیشتم بەهاوەڵەکانم

گەیشتمەوە. لەڕۆژدا خۆمانمان مەلآس دەدا و لەشەودا رێگەمان دەبڕی، چاوساغێکی رێگەمان هەبوو دەڕۆیشت و بەئاماژەی ئەو، بەڕێدەکەوتین تاوەکو گەیشتینە بەیزاء. موسا ئەڵێ: من چاوساغی ئەوان بووم. عەباسیش ئەڵێ: من چاوساغیان بووم، ئاماژەم پێ دان دەرچوون بۆ جەمزا و منیش بەدوایاندا رۆیشتم تاوەکو نزیك مەدینە بووینەوە و پێیانگەیشتم. وتیان: هیچ شتێکت بینی؟ وتم: نە، بەلآم زانیم هیلاك و ماندوون، حەزمکرد کەمێك بتانترسێنم و زوو بگەنەوە.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: لەو ساڵە و لەمانگی شەعباندا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) حەفسەی کچی عومەری مارە کرد، پێشتر لەسەردەمی نەفامییدا خێزانی خونەیسی کوڕی حوزافەی ئەلسەهمیی بوو، ئەو مێردەی مردبوو، هەر لەو ساڵەدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) غەزای ئوحودی ئەنجام دا لەمانگی شەوال و لەڕۆژی شەممەدا کە حەوت شەو لەو مانگە تێپەڕببوو، وتراوە: لەساڵی سێی کۆچییدا بووە.

غەزای ئوحود

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: ئەوەی غەزای ئوحودی بڵێسەدار کرد لەنێوان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هاوبەش پەیداکەرانی قورەیش، شەڕی بەدر بوو،لەشەڕی بەدردا گەورە و سەرانی قورەیش کوژران. سەلەمە بۆمان باسدەکات لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە ئەڵێ: موحەممەدی کوڕی موسلیمی کوڕی عوبەیدوللەی کوڕی شیهاب ئەلزوهری بۆی باسکردم و موحەممەدی کوڕی یەحیای کوڕی حیبان و عاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادە و ئەلحوصەینی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی عومەری کوڕی سەعدی کوڕی موعاز و ئەوانی تری زانایانمان، هەموویان هەندێ باسیان لەبارەی شەڕی ئوحودەوە بۆ کردووین. وەك لەفەرموودەکەدا هاتووە، هەموویان یەك دەنگن لەبارەی ئەوەی کە قورەیش لەبەدردا تووشی مەینەتیی گەورە هات، گەورەکانیان کوژران و خرانە بیری قولەیبەوە، دۆڕاوەکانیان گەڕانەوە مەککە و ئەبو سوفیانی کوڕی حەربیش

بەکاروانە وشترەکەیەوە گەڕایەوە مەککە، عبداللەی کوڕی ئەبی رەبیعە و عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل و سەفوانی کوڕی ئومەییە لەگەڵ پیاوانێکی قورەیشییدا کە باوك و برا و کەسوکاریان کوژرابوو، رۆیشتن بۆلای ئەبو سوفیان و قسەیان لەگەڵ ئەبو سوفیان و ئەوانەدا کرد کە لەو کاروانە بازرگانییەدا بوون،وتیان: ئەی کۆمەڵی قورەیش، موحەممەد چاکترینی نێو پیاوەکانی ئێوەی کوشت،بۆیە بەم سەروەتەی خۆتان هاوکارییمان بکەن بۆ شەڕی موحەممەد، بەڵکو تۆڵەی ئەم کۆستەمان بکەینەوە. بەوە قورەیش یەکدەنگ بوون و کۆبوونەوە بۆ شەڕی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، ئیتر ئەبو سوفیان و خاوەنانی کاروانە وشترەکان و ئەوانەی گوێڕایەڵیان بوون لەهۆزەکانی کینانە و خەڵکی تیهامە، هەموویان ئەو کارەیان کرد و ئامادەسازییان کرد بۆ شەڕکردنی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم). ئەبو عەززە عەمری کوڕی عبداللەی ئەلجومەحی، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەڕۆژی بەدردا منەتی خستەسەر، هەژار و خاوەن کۆمەڵێ کچ بوو، لەنێو دیلەکاندا بوو، وتی: ئەی پەیامبەری خوا من کەسێکی هەژار و خاوەن مالّ و منداڵم و ئەزانی پێویستییان بە منە. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) منەتی خستەر. سەفوانی کوڕی ئومەییە پێیووت: ئەی ئەبو عەززە تۆ شاعیری، بەزمانت هاوکارییمان بکە و لەگەڵمان دەربچۆ. ئەویش وتی: موحەممەد منەتی خستووەتەسەرم و بێ بەرانبەر ئازادی کردووم، نامەوێ لەدژی هیچ بکەم. سەفوان وتی: تۆ بەخۆت یارمەتییمان بدە، سوێند بەخوا ئەگەر گەڕایتەوە بەسەلامەتی، ئەوە دەوڵەمەندت دەکەم، ئەگەریش کوژرای، ئەوە کچەکانی تۆ لەگەڵ کچەکانی خۆمدا دەژێنم و جیاوازییان ناکەم. بۆیە ئەبو عەززەش دەرچوو لەگەڵ تیهامەدا بەڕێکەوت و بانگەوازی نەوەی کینانەی کرد و موسافیعی کوڕی عەبد مەنافی کوڕی وەهبی کوڕی حوزافەی کوڕی جومەح دەرچوو بۆلای نەوەی مالیك لەکینانە و هانی دەدان و بانگەوازی دەکردن بۆ شەڕکردنی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم). جوبەیری کوڕی موتعیم خزمەتکارێکی خۆی بانگ کرد پێیدەوترا وەحشی و خەڵکی حەبەشە بوو، ورد رمی دەهاوێشت و دەگمەن بوو هەڵە بکات و نەپێکێ، بە وەحشیی وت: لەگەڵ خەڵکەکەدا

دەربچۆ، ئەگەر لەبری کوژرانی مامم کە توعەیمەی کوڕی عەدییە توانیت مامەی موحەممەد بکوژی، ئەوە ئازاد و سەربەستی. قورەیش بەتەواوی سەرباز و هاوپەیمانەکانییەوە لەنەوەی کینانە و تیهامە دەرچوو، ژنانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا تاوەکو بەهۆی ئەوانەوە هەڵنەیەن، ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب دەرچوو کە سەرکردەی ئەو خەڵکە بوو، خێزانەکەی لەگەڵ بوو کە هیندی کچی عوتبەی کوڕی رەبیعە بوو، عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهلی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرە دەرچوو، خێزانەکەشی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە ئوم حەکیمی کچی ئەلحاریسی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرە بوو، ئەلحاریسی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرە دەرچوو بەهێنانی فاتیمەی کچی ئەلوەلیدی کوڕی موغیرە و سەفوانی کوڕی ئومەییەی کوڕی خەڵەفیش بەرزەی لەگەڵ خۆیدا هێنا. ئەبو جەعفەر ئەڵێ: وتراوە بەڕەی کچی مەسعودی کوڕی عەمری کوڕی عومەیری سەقەفی کە دایکی عبداللەی کوڕی سەفوان بوو. عەمری کوڕی ئەلعاصی کوڕی وائیلیش رەیتەی کچی مونەبیهی کوڕی ئەلحەجاجی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە دایکی عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی ئەلعاص بوو، تەڵحەی کوڕی ئەبو تەڵحە هات و ئەبو تەڵحە عبداللەی کوڕی عەبدولعوزای کوڕی عوسمانی کوڕی عەبدولدار بەسولافەی کچی سەعدی کچی شەهیدەوە هات کە دایکی موسافیع و ئەلجولاس و کیلاب بوو کوڕانی تەڵحە کە ئەو رۆژە خۆیان و باوکیشیان کوژران.

خوناسی کچی مالیکی کوڕی ئەلموزەریب کە یەکێك بوو لەژنانی نەوەی مالیکی کوڕی حیسل لەگەڵ کوڕەکەیدا هات کە ئەبو عەزیزی کوڕی عومەیر بوو، دایکی موسعەبی کوڕی عومەیر بوو، عەمرەی کچی عەلقەمە کە یەکێك بوو لەژنانی نەوەی ئەلحاریسی کوڕی عەبد مەناتی کوڕی کینانەش دەرچوو. هیندی کچی عوتبەی کوڕی رەبیعە هەرچکاتێ بەلای وەحشییدا تێدەپەڕی یان وەحشیی بەلای ئەودا تێدەپەڕی، ئەیووت: ئەی ئەبو دەسمە، داخی دڵی خۆت برێژە و خۆت رزگار بکە. وەحشی کونیەی ئەبا دەسمەی هەبوو. هاتن تاوەکو دابەزینە دوو چاوگە ئاوی پاڵ چیا لەکەنار ئەو دۆڵەوە لەخوار مەدینە، کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و موسڵمان گوێبیستی ئەو

هەواڵە بوون، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەموسڵمانانی فەرموو:" لەخەودا مانگایەکم بینی بەخێر لێکم دایەوە، لەنوکی شمشێرەکەمدا کەل و شکاوییەکم بینی و بینیم دەستم خستووەتە نێو قەڵغانێکی تۆکمەوە، لێمك دایەوە بەمەدینە، ئەگەر بەباشی بزانن لەمەدینە بمێننەوە و لێرەدا شەڕیان بکەین".

قورەیش لەڕۆژی چوارشەممەدا دابەزینە ئوحود، ئەو ڕۆژە و پێنجشەممە و جومعە لەوێدا مانەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دوای ئەنجامدانی نوێژی جومعە، بەڕێکەوت و لەدۆڵێکی ئوحوددا بەیانیی کردەوە و لەڕۆژی شەممە لەنیوەی شەوالدا بەرانبەر وەستانەوە.

بۆچوونی عبداللەی کوڕی ئوبەی سەلولیش بەجۆری بۆچوونی پەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم)، ئەویش بەباشی دەزانی لەمەدینە بمێننەوە و نەچنە دەرەوەی مەدینە،پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) حەزی بەدەرچوونە دەرەوەی مەدینەی نەدەکرد، بەڵام پیاوانێك لەموسڵمانان کە خوای گەورە لەڕۆژی ئوحوددا شەهیدبوونی پێ بەخشین و ئەوانەی شانازیی بەدریان لەدەستچوو، وتیان: ئەی پەیامبەری خوا بەڕێمانبخە بۆلای دوژمنانمان با وەهای لێك نەدەنەوە لێیان دەترسێین و لاوازین. عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول وتی: ئەی پەیامبەری خوا لەمەدینە بمێنەرەوە و دەریان مەکە، سوێند بەخوا هەرچکاتێ بۆلای دوژمن دەرچووبین، زیانمان لێ دراوە، بەڵام کە دوژمن هاتبێتە سەرمان، ئێمە زیانمان لەو داوە، ئەی پەیامبەری خوا بەدەم داوایانەوە مەچۆ، لێرەدا سەنگەر بگرن و ژنان و منداڵانیش لەسەربانەکانەوە بەردبارانیان بکەن، ئەگەر نەشهاتن و گەڕانەوە، ئەوە بێ ئومێدانە دەگەڕێنەوە و چۆن هاتوون ئاوەها دەگەڕێنەوە. بەڵام خەڵکیی دەستیان هەڵنەگرت و هەر تکا و داوایان دەکرد لەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و حەزیان دەکرد ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوە، وازیان نەهێنا تاوەکو پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) قەڵغانی پۆشی، ئەوەش لەڕۆژی جومعەدا بوو دوای لێبوونەوە لەنوێژی جومعە، لەو ڕۆژەدا پیاوێکی ئەنسار کۆچی دوایی کرد پێیدەوترا مالیکی کوڕی عەمر کە یەکێك بوو لەنەوەی نەجار،

پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) نوێژی لەسەرکرد، پاشان دەرچوو بۆلای خەڵکەکە، خەڵکەکە پەشیمان بوون و وتیان: زۆرمان هێنا بۆ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بۆ دەرچوون و ئەو بۆچوونەی نەبوو.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: هەرچی ئەلسودییە، ئەوە شتێکی تری وتووە، ئەڵێ: موحەممەدی کوڕی ئەلحوسەین بۆی باسکردم وتی: ئەحمەدی کوڕی ئەلموفەزەڵ بۆی باسکردین وتی: ئەسبات لەئەلسودییەوە بۆی باسکردین کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کاتێ گوێی لەوە بوو هاوبەش پەیداکەرانی قورەیش و شوێنکەوتەکانیان دابەزیوونەتە ئوحود. بەهاوەڵانی فەرموو:"بۆچوونی خۆتانم پێ بدەن چی بکەم؟" وتیان: ئەی پەیامبەری خوا دەرمان بکە بۆلای ئەو سەگانە. ئەنسار وتیان: ئەی پەیامبەری خوا لەپێشترِدا هەرگیز دوژمن بەسەرماندا زاڵ نەبووە کە هاتبێتە ولأتمانەوە، ئێستا چۆن دەدۆڕێین کە تۆ لەنێوانماندای.

پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بانگی عبداللەی کوڕی ئەبی سەلولی کرد کە پێشتر بۆ هیچ شتێك بانگی نەکردبوو، راوێژی پێکرد، ئەویش وتی: ئەی پەیامبەری خوا بەڕێمان بخە. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) خۆی حەزی دەکرد لەمەدینە بمێننەوە و دوژمن بێت و لەکوچە و کۆڵأنەکانی مەدینەدا شەڕی دوژمن بکەن. نوعمانی کوڕی مالیکی ئەنساریی هات و وتی: ئەی پەیامبەری خوا لەبەهەشت بێ بەشم مەکە، سوێند بەو کەسەی تۆی بەحەق ناردووە دەبێ بچمە بەهەشتەوە. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"بەچی شتێك دەچیتە بەهەشتەوە؟" وتی: بەشایەتیدانم بەوەی هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لە الله و تۆش پەیامبەری خوای، لەشەڕیش هەڵنایەم. فەرمووی:"راستتفەرموو". ئەو رۆژەش کوژرا.

پاشان پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) داوای قەڵغانەکەی کرد و لەبەری کرد، کە بینییان چەکی هەڵگرتووە، پەشیمانییان کێشا و وتیان: خراپترین کارێکمان کرد ئەو پێشنیارەمان بەپەیامبەری خوا دا لەکاتێکدا وەحی بۆ دێت. هاتن و عوزریان بۆ هێنایەوە و وتیان: بۆچوونی خۆت چۆنە ئاوەها بکە. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه

وسلم) فەرمووی: "هەر پەیامبەرێك خۆی بەستبێ، نابێ چەك دابنێت تاوەکو نەجەنگێ". پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەهەزار پیاوەوە دەرچوو بۆ ئوحود و بەڵێنی سەرکەوتنی پێ دان ئەگەر ئارامگربن. کاتێ دەرچوو، عبداللەی کوڕی ئەبی سەلول بەسێسەد کەسەوە گەڕایەوە، ئەبو جابر ئەلسولەمیی دوایان کەوت و داوای لێبان کرد نەگەڕێنەوە و بەردەوام بن لەڕۆیشتن بۆ ئوحود، بەڵام ئەوان وتیان: وەهای نابینین شەڕ رووبدات، باشترە بەگوێی ئێمە بکەی و لەگەڵماندا بگەڕێتەوە، خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿إِذْ هَمَّت طَّآئِفَتَانِ مِنكُمْ أَن تَفْشَلَا﴾ آل عمران: ١٢٢، واتا:لەو کاتەدا کە دوو کۆمەڵ لە ئێوە خەریك بوون سست بن و تێك بشکێن و(بگەڕێنەوە).

ئەوانیش نەوەی سەلەمە و نەوەی حاریسە بوون و گەڕانەوە کاتێك عبداللەی کوڕی ئەبی سەلول گەڕایەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەحەوسەد کەسەوە مایەوە.

ئەگەڕێنەوە لای گێڕانەوەی ئیبن ئیسحاق و ئەڵێ: کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بۆلایان، وتیان: ئەی پەیامبەری خوا ئێمە تۆمان ناچار بەدەرچوون کرد، ئەگەر دەتەوێ لەمەدینە دەرناچین.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: "هەر پەیامبەرێك خۆی بەستبێ، نابێ چەك دابنێت تاوەکو نەجەنگێ". بۆیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەهەزار هاوەڵەوە دەرچوو تاوەکو گەیشتنە نێوان ئوحود و مەدینە، عبداللەی کوڕی ئەبی سەلول بەیەك لەسەر سێی ئەو خەڵکە لای دایەوە و وتی: ئەو بەگوێی ئەوانی کرد و لەقسەی من دەرچوو، ئەی خەڵکینە، سوێند بەخوا نازانین لەسەر چی شتێك ئا لەوێدا خۆمان بەکوشت دەدەین. بۆیە لەو خەڵکەی لەقەومی خۆی بوو لەدووڕووان و بەدگومانان لەگەڵیدا گەڕانەوە، عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی حەرام بۆای نەوەی سەلەمە دوایانکەوت و وتی: ئەی قەوم خواتان بێردەهێنمەوە ئامماں پشت لەپەیامبەرەکەتان و قەومەکەتان مەکەن لەو وەختەی دوژمنەکانیان لەدژیان ئامادەن. ئەوانیش وتیان: ئەگەر بمانزانیبایە ئێوە شەڕ دەکەن، ئەوە ئێمە نەدەگەڕاینەوە، ئێمە

وەهـای نـابینین شـەڕ رووبـدات. جـا کاتێـك بـەگوێیان نـەکرد و سەرسـەختییان کـرد، پێیووتن: خوای گەورە دوورتان بخاتەوە ئەی دوژمنانی خوا، خوای گەورە کارێك دەکات موسڵمانان پێویستییان بە ئێوە نەبێت.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: موحەممەدی کوڕی عومەری واقیدیی وتی: عبداللەی کوڕی ئوبـەی لەئەلشەیخەیندا بەسێسەد کەسەوە لەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) جیابوویەوە، پەیامبـەری خوا(صـلى الله عليـه وسـلم) حەوسـەد کەسـی لەگـەڵ مایـەوە و هاوبـەش پەیداکەران سێ هەزار سەرباز و دوو سەد سوار و پانزە ئـافرەت بـوون، لـەنێو هاوبـەش پەیداکەراندا حەوسـەد قـەڵغان بەدەسـت هـەبوو، موسـڵمانان سـەد قـەڵغان بەدەسـتیان هەبوو، تەنیا دوو ئەسپیان پێ بوو، ئەسپێکی پەیامبـەری خوا(صـلى الله عليـه وسـلم) و ئەسپێکی ئەبو بوردەی کـوڕی نیـار ئەلحاریسـی،پەیامبەری خوا(صـلى الله عليـه وسـلم) سەرەتای شەو لەئەلشەیخەینەوە بەڕێکەوت کاتێ سورایی شەو دەرکەوت، دوو تەپۆڵکە بوون پیاو و ئافرەتێکی نابینا کە جولەکە ببـوون و لەوێدا وەختـی خـۆی دەمەتـەقێیان کردبوو، شوێنەکە نـاونرابوو ئەلشـەیخەین(دوو پیرەکـە) و لەدەورووبـەری مەدینـە بـوو. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەدوای مەغریب جەنگاوەرانی نمایشـکرد، مۆڵـەتی هەندێکی دا و هەندێکی تری گەڕاندەوە، لەوانـەی گەڕاندنییـەوە، ئەمانـە بـوون: زەیـدی کوڕی سابت و عبداللەی کوڕی عومەر و ئوسەیدی کوڕی زوهەیر و بەرائی کوڕی عـازب و عەرابەی کوڕی ئەوس. عەرابە بوو کە ئەلشەماخ لەبارەیەوە وتوویەتی:

رأيتُ عَرَابةَ الأوسيَّ يَنْمِي إلى الخَيراتِ مُنْقطعَ القَرين

إذا ما رايـةٌ رُفِعَـتْ لمَجْـدٍ تلقَّاهـا عَرَابـةُ بـاليمين

واتا: عەرابەی ئەوسییم بینی رووە و هەموو چاکەکان دەڕێشت و گەڕانـەوەی نـەبوو، کە ئالآیەکی شکۆداریی هەڵبکرایە، عەرابە خۆی دەگەیاندە لای.

ئەڵێ: ئەبو سەعیدی خودریی گێڕایەوە و مۆڵەتی سەمرەی کـوڕی جونـدوب و رافیعـی کوڕی خەدیجی دا. پەیامبەری خوا(صـلى الله عليـه وسـلم) رافیعـی بەمنـدالێ دانـا، بۆیـە کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەوی بینی، مۆڵەتی دا.

موحەممەدی کوڕی عومەر ئەڵێ: دایکی سەمرەی کوڕی جوندوب ژنی موڕەی کوڕی سینانی کوڕی سەعلەبە بوو، مامی ئەبو سەعیدی خودری، موڕەی زێ باوکی سەمرە بوو. کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بۆ ئوحود و هاوەڵانی ڕیز کرد. هەموو ئەوانەی گێڕایەوە کە بەمندااڵی دەبینین، سەمرەی کوڕی جوندوبی گێڕایەوە. مۆڵەتی رافیعی کوڕی خەدیجیش دا. سەمرە بەزێ باوکەکەی وت کە موڕەی کوڕی سینان بوو: باوکە گیان، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) مۆڵەتی رافیعی کوڕی خەدیج داوە و منی گێڕایەوە، لەکاتێکدا دەتوانم زۆران لەگەڵ رافیعی کوڕی خەدیج بگرم و بیدەم بەزەوییدا. ئەڵێ: موڕەی کوڕی سینانیش وتی: ئەی پەیامبەری خوا تۆ کوڕەکەی منت گێڕاوەتەوە و ڕێگەت بەرافیعی کوڕی خەدیج داوە لەگەڵتاندا دەربچێ، لەکاتێکدا کوڕەکەم دەتوانێ زۆرانی لەگەڵدا بگرێت. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) بە رافیع و سەمرەی فەرموو:"زۆران بگرن". زۆرانیان گرت و سەمرە، رافیعی دا بەزەوییدا، ئیتر ڕێگەی بەسەمرە دا بەشداربێ. سەمرە لەگەڵ موسڵمانانداوە بەشداری ئوحود بوو. ڕێنیشاندەری پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، ئەبو حەسەمەی ئەلحاریسیی بوو.

ئەگەڕێینەوە لای باسەکەی ئیبن ئیسحاق و ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو تاوەکو ڕێگەی گەڕەکی نەوەی حاریسەی گرتەبەر،ئەسپێك کلکی لەشمشێری دەستی پیاوێك دا، شمشێرەکە کەوت، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"شمشێرەکە تووند بگرە، من ئەبینم شمشێرەکان ئەمڕۆ پاڵەوانێتیی پیشان دەدەن". پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەهاوەڵانی فەرموو:"کێ بۆ ئێمە دەردەچێ تاوەکو هەواڵی ئەو قەومەمان بۆ بهێنێ؟" ئەبو حەسەمە برای نەوەی حاریسەی کوڕی ئەلحاریس وتی: ئەی پەیامبەری خوا من دەڕۆم.

ئەلمەربەعی کوڕی قەیزیی کە هەستی بەهاتنی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و موسڵمانەکان کرد،چنگە خۆڵێکی هەڵگرت و هەڵسا پڕژاندی بەدەموچاویاندا و ئەیووت: ئەگەر تۆ پەیامبەری خوا بی، ئەوە نابێ بێیتە باخەکەوە. وتی:ئەی موحەممەد ئەگەر دەمزانی ئەم چنگە خۆڵە بەر روخسارت ناکەوێ، ئەوە دەهاتم و بەڕوخسارتم دەدا.

موسڵمانەکان پەلامارياں دا بيکوژن، بەڵام پەيامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"وەها مەکەن، ئەمە کابرايەکی نابينا و دڵ کوێرە". کاتێ پەيامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نەهيکرد بيکوژن، سەعدی کوڕی زەيدی برای نەوەی عەبد ئەلئەشهەل بۆی ڕۆيشت و بەکەوانەکە دای بەسەريدا و سەری شکاند.

پەيامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەڕێگەی خۆيدا ڕۆيشت تاوەکو دابەزيە دۆڵی لای ئوحود لەسەرەتای لای دۆڵی لای چياکە، پشتی خۆی و سەربازگەکەی کردە ئوحود و فەرمووی:"هيچ کەسێ شەڕ نەکات تاوەکو فرمانی شەڕی پێ دەکەين".

قورەيش خۆی و ولاخەکانی بەرەلاکردبووە ناو کشتوکاڵيی موسڵمانەکان،پەيامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئامادەسازيی کرد بۆ جەنگ و حەوسەد سەربازی هەبوو، قورەيشيش ئامادەسازيی کرد بەسێ هەزار پياو و دووسەد سوار، خاليدی کوڕی وەليد فەرماندەی لای ڕاستی سوارەکان بوو، عيکريمەی کوڕی ئەبو جەهليش فەرماندەی لای چەپ بوو. پەيامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، عبداللەی کوڕی جوبەيری برای عەمری کوڕی عەوف کردە سەرپەرشتياری تيرهاوێژەکان،ئەو ڕۆژە مێزەرەێکی سپيی بەستبوو، تيرهاوێژەکانيش پەنجا کەس بوون و فەرمووی:"بەتير، سوارەکانمان لێ دووربخەرەوە تاوەکو لەپشتەوە نەدەن بەسەرماندا، جا سەرکەوتين يان شکستماننێنا تۆ شوێنی خۆت بەجێ نەهێڵێ". پەيامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) لەنێوان دوو کەواندا بوو.

لەبەرائەوە ئەڵێ: کاتێ لەڕۆژی ئوحوددا پەيامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هاوبەش پەيداکەران ڕووبەڕووبوونەوە، پەيامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پياوانێکی خستە سەر تيرهاوێشتنەکان و عبداللەی کوڕی جوبەيری کردە سەرپەرشتياريان و پێيفەرموون:" لەشوێنی خۆتاندا نەجوڵێن ئەگەر بينيتان بەسەرياندا سەرکەوتين يان ئەوان بەسەرماندا سەرکەوتن، ئێوە شوێنەکانی خۆتان چۆڵ نەکەن و نەيەن پشتيوانييمان لێ بکەن". جا کاتێك شەڕ ڕووی دا، هاوبەش پەيداکەران دۆڕان تائەوەی ژنانمان دەبينی ڕايانەکرد و قاچ و خرخاڵی خۆيانيان بەدەرخست. ئيتر تيرهاوێژەکان ئەيانووت با بگەينە دەسکەوتەکان، دەسکەوتەکان. عبداللە وتی: لەسەرخۆبن، ئەی

نازانن پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەڵێنی لێ وەرگرتین لەشوێنی خۆمان نەجوڵێین؟ بەڵام ئەوان گوێیان نەگرت و ڕۆیشتن، لەدابەزینییاندا حەفتا لەموسڵمانەکان کوژران.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: سێ شەو لەمانگی شەوال ڕۆیشتبوو ئەبو سوفیان هات تاوەکو دابەزییە ئوحود، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو جاڕی دا لەناو خەڵکدا و خەڵکییش کۆبوونەوە، زوبەیری کردە سەرپەرشتیاری ئەسپسوارەکان و ئەو ڕۆژە میقدادی کوڕی ئەلئەسوەدی ئەلکیندیی لەگەڵبوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئالاکەی دایە دەست پیاوێکی قورەیشیی بەناوی موسعەبی کوڕی عومەیر و حەمزەی کوڕی عەبدولموتەڵیبیش سەرپەرشتیی سەربازە بێ قەڵغانەکانی دەرکرد. حەمزەی لەپێش خۆیەوە ڕەوانە کرد، خالیدی کوڕی وەلید بەئەسپسوارەکانی هاوبەش پەیداکەرانەوە هات و عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهلیشی لەگەڵدا بوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) زوبەیری نارد و پێیفەرموو:"بەرانبەر بەخالیدی کوڕی وەلید بە و چاوی لێ غافڵ نەکەی تاوەکو مۆڵەتت دەدەم"، فرمانی بەسوارەکانی تەنیشتەکەی تر کرد و فەرمووی:"شوێنی خۆتان بەجێنەهێڵن تاوەکو مۆڵەتتان نەدەم". ئەبو سوفیان هات و لات و عوزای هەڵگرتبوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پەیامی بۆ زوبەیر نارد کە پەلامار بدات، زوبەیریش پەلاماری خالیدی کوڕی وەلیدی دا و خوای گەورە خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوو شکستپێهێنا،بۆیە فەرمووی:﴿ وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥٓ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَٰزَعْتُمْ فِى ٱلْأَمْرِ وَعَصَيْتُم مِّنۢ بَعْدِ مَآ أَرَىٰكُم مَّا تُحِبُّونَ ﴾ آل عمران: ١٥٢، واتا:سوێند بێت بێگومان خوا بەجێی هێناوە بۆتان بەڵێنەکەی کاتێك(سەرەتای جەنگی ئوحود)هەستتان لێ بڕین(دەتان کوشتن) بەفەرمانی خوا هەتا کاتێك(لە ناکاو)سست بوون ئاژاوە و دووبەرەکیتان کرد لەکاری جەنگدا وە بێ فەرمانیتان کرد لەپاش ئەوەی کە خوا نیشانیدان ئەوەی (لە جەنگەکەدا)پێتان خۆش بوو(کە سەرکەوتن لەسەرەتای جەنگەکەدا).

خوای گەورە بەڵێنی بەباوەڕداران دابوو کە سەریان دەخات و لەگەڵیاندایە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خەڵکانێکی نارد بۆ پشتەوە و فەرمووی:"ئا لێرە بن و ئەوانمان لێ دووربخەنەوە و لەپشتەوە پاسەوانییمان بکەن". جا کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و ئەو هاوەڵانەی لەگەڵیدا بوون ئەو قەومەیان دۆڕاند، موسڵمانانی پشتەوە بەیەکتریان وت کە بینییان ژنان بەچیاکەدا بەرزدەبنەوە و دەسکەوتەکانیان بینی، وتیان: با بچین بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و فریای دەسکەوتەکان بکەوین، کۆمەڵێکی تریان وتیان: نەخێر، بەڵکو گوێڕایەڵی پەیامبەری خوا دەبین و لەشوێنی خۆمان دەمێنینەوە، بۆیە لەبارەیانەوە فەرمووی: لەنێوتاندا هەیە دونیای دەوێ، مەبەستی ئەوانە بوو کە غەنیمەتیان دەویست و فەرمووی: لەنێوتاندا هەیە ئاخیرەتی دەوێ، مەبەستی ئەوانە بوو کە وتیان: گوێڕایەڵی پەیامبەری خوا دەبین و لەشوێنی خۆماندا دەمێنینەوە. ئیبن مەسعود ئەیووت: هەستم نەدەکرد هیچ هاوەڵێکی پەیامبەری خوا هەبێ و دونیای بووێ تەنیا لەو رۆژەدا نەبێ.

لەئەلسودییەوە ئەڵێ: کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەئوحوددا بۆ هاوبەش پەیداکەران دەرکەوت، فرمانی بەتیرهاوێژەکان کرد لەلوتکەی چیاکەدا بن و بەڕووی ئەسپسوارەکانی هاوبەش پەیداکەراندا جێگیر بمێننەوە و لەشوێنی خۆتان مەجوڵێن ئەگەر بینیتان ئەوانیشمان دۆڕاند، ئێمە سەرکەوتوو دەمێنینەوە تائەو کاتەی ئێوە لەشوێنەکانی خۆتاندا بن، عبدالله‌ی کوڕی جوبەیری برای خەوواتی کوڕی جوبەیری کردە سەرپەرشتیاریان، پاشان تەڵحەی کوڕی عوسمانی ئاڵاهەڵگری هاوبەش پەیداکەران هەڵسا و وتی: ئەی هاوەڵانی موحەممەد، ئێوەی وەهای دادەنێن کە خوای گەورە بەمشێڕی ئێوە ئێمە دەخاتە دۆزەخەوە و بەشمشێڕی ئێمەش ئێوە دەخاتە بەهەشتەوە، ئایە هیچ یەکێ لەئێوە هەیە پەلەی بێ تاوەکو بەشمشێرەکەی من خوا بیخاتە بەهەشتەوە یان بەشمشێڕی ئەو رەوانەی دۆزەخم بکات؟ عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب(خوای لێ ڕازیی بێ) هەڵسا و وتی: سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، وازت لێ ناهێنم یان بەشمشێڕی من، دەچیتە دۆزەخەوە یان بەشمشێڕی تۆ دەچمە بەهەشت.

عەلی شمشێرێکی لێ دا قاچی بڕییەوە و داوێنی بەدەرکەوت و وتی: بۆ خوا و خزمایەتیی داوات لێ دەکەم ئەی کوڕە مام. عەلیش وازی لێهێنا و پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) (الله أکبر)ی کرد و بەعەلی فەرموو:"بۆچی نەچوویتەسەری؟" عەلی وتی: کوڕە مام لەوکاتەی داوێنی بەدەرکەوت، تکای لێکردم، منیش شەرمم کرد. پاشان زوبەیری کوڕی عەوام و میقدادی کوڕی ئەسوەد پەلاماری هاوبەش پەیداکەرانیان دا و پاشەکشەیان پێکردن و پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و هاوەلانیش هەڵمەتیان برد و ئەبو سوفیانیان دۆراند، خالیدی کوڕی وەلید کە سەرپەرشتیاری ئەسپسوارەکانی هاوبەش پەیداکەران بوو، کاتێك ئەو هەڵمەتەی بینی، هەڵمەتی برد، بەلاّم تیرهاوێژەکانی موسڵمانان تیربارانیان کرد، دواتر کاتێك تیرهاوێژەکان بینییان وا پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و هاوەلاّن لەناوەڕاستی سەربازگەی هاوبەش پەیداکەرانن و دەسکەوت کۆدەکەنەوە، ئەوانیش دەستپێشخەرییان کرد بڕۆن بۆ کۆکردنەوەی دەسکەوت، هەندێکیان وتیان: ئێمە دەستبەرداری فرمانی پەیامبەری خوا نابین(صلی الله علیه وسلم)، بەلاّم زۆرینەیان رۆیشتن و گەیشتنە سەربازگەکە، بەلاّم کاتێك خالید بینی وا تیرهاوێژەکانی موسڵمانەکان کەمبوونەتەوە، هاواری کردە سوارەکانی و پاشان هەڵمەتی برد، تیرهاوێژەکانی کوشت و پەلاماری هاوەلاّنی پەیامبەری خوای دا، کاتێك هاوبەش پەیداکەران بینییان وا سوارەکانیان شەڕ دەکەن، هاواریان کردە یەکتر و پەلاماری موسڵمانەکانیان دا و موسڵمانەکانیان شکست پێهێنا و کوشتاری موسڵمانەکانیان کرد.

بیشری کوڕی ئادەم بۆی باسکردم وتی: عەمری کوڕی عاسمی ئەلکیلابیی بۆی باسکردین وتی: عوبەیدوالله‌ی کوڕی ئەلوازیع بۆی باسکردین لەهیشامی کوڕی عوروەوە ئەویش لەباوکیەوە وتی: زوبەیر وتی: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەڕۆژی ئوحوددا شمشێرێکی بەدەستەوە بوو.فەرمووی:"چی کەسێك ئەم شمشێرە وەردەگرێت و حەقی خۆی پێ دەدات؟". هەڵسام و وتم: من ئەی پەیامبەری خوا. پشتی تێکردم و پاشان فەرمووی:"چی کەسێك ئەم شمشێرە وەردەگرێت و حەقی خۆی پێ دەدات؟". هەڵسام و وتم: من ئەی پەیامبەری خوا. پشتی تێکردم و پاشان فەرمووی:"چی کەسێك

ئەم شمشێرە وەردەگرێت و حەقی خۆی پێ دەدات؟". ئەبو دوجانە سەماکی کوڕی خەرەشە هەڵسا و وتی: من حەقی خۆی پێ دەدەم ئەی پەیامبەری خوا، حەقی ئەم شمشێرە چییە؟ فەرمووی:"حەقی ئەم شمشێرە ئەوەیە، شەڕی هیچ موسڵمانێکی پێ نەکەی و پێیەوە لەبەردەم هیچ بێباوەڕێك هەڵنەیەیت". ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) شمشێرەکەی پێ دا، کاتێ بیویستبایە شەڕ بکات، بەوە دەمانزانی مێزەری دەبەستەوە،منیش وتم:ئەمڕۆ ئەڕوانم بزانە چی دەکات. هەرشتێك بهاتبایەتە بەردەمی، خەڵتانی خوێنی دەکرد، لەسەرووی چیاکە کۆمەڵێ ئافرەت هەبوون دەفیان پێ بوو، ئافرەتێکیان لەگەڵبوو ئەیووت:

نحن بنات طارق .... إن تقبلوا نعانق

ونبسط النمارق ... أو تدبروا نفارق ... فراق غير وامق ...

ئێمە کچانی تاریقین، ئەگەر ئێوە رووبەڕوویان بووەستنەوە، کە گەڕانەوە باوەشتان پێدا دەکەین و مەجلیسی خۆشتان بۆ ساز دەکەین، بەڵام ئەگەر پشتتان هەڵکرد، جیابوونەوەیەك لێتان جیادەبینەوە گومانی تێدا نەبێ.

ئەڵێ: شمشێری بەرزکردەوە لێی بدات، دەستی لەسەر هەڵگرت. ئەڵێ: وتم: ئەمڕۆ هەموو کارەکانتم بینی، بینیم شمشێرەکەت لەسەر ئەو ئافرەتە هەڵگرت کە ویستت لێی بدەی. ئەویش وتی: ڕێزم لەشمشێری پەیامبەری خوا گرت لەوەی نابێ ئافرەتێکی پێ بکوژم.

ئەگەڕێینەوە بۆ باس و فەرموودەکەی ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"کێ ئەم شمشێرە وەردەگرێت و حەقی خۆی پێ دەدات؟". پیاوانێك هەڵسان بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، بەڵام شمشێرەکەی بەوان نەدا، هەتا ئەوەی ئەبو دوجانە سەماکی کوڕی خەرەشە برای نەوەی ساعیدە هەڵسا بۆلای و وتی: ئەی پەیامبەری خوا، حەق و مافی ئەو شمشێرە چییە؟ فەرمووی:"بەجۆرێ پێی لەدوژمن بدەی، بیچەمێنیتەوە". ئەبو دوجانە وتی: من ئەو حەقەی دەدەم ئەی پەیامبەری خوا. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم)

شمشێرەکەی پێ دا. ئەبو دوجانە پیاوێکی ئازا و لێزان بوو لەکاتی شەڕدا. مێزەرێ سووری هەبوو کاتێ بەسەریەوە دەیبەستەوە، خەڵکیی دەیانزانی شەڕ دەکات، جا کاتێک شمشێرەکەی لەدەست پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) وەرگرت. مێزەرەکەی بەستەوە و لەنێوان هەردوولادا شانازیی دەکرد.

جەعفەری کوڕی عبدالله‌ی کوڕی ئەسلەم خزمەتکاری عومەری کوڕی خەتاب لەپیاوێکی ئەنساریی نەوەی سەلەمەوە باسی کردووە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کاتێک بینی ئەبو دوجانە بەخۆهەڵکێشانەوە دێت و دەچێ، فەرمووی:"ئەمە ڕۆیشتنێکە کە خوای گەورە ڕقی لێ دەبێتەوە تەنیا لەنمونەی ئەم شوێنەدا نەبێ". ئەبو سوفیان کەسێکی نارد و وتی: ئەی کۆمەڵی ئەوس و خەزرەج، مەکەونە نێوان ئێمە و کوڕە مامەکەمان، دواتر ئێمە لێرە دەڕۆین و هەقمان بەسەر ئێوەوە نییە و پێویستمان بەشەڕی ئێوە نییە. بەڵام بەجۆرێ وەڵامیان دایەوە بێتاقەت و بێزاری کرد.

لەعاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادەوە کە ئەبا عامر عەبد عەمری کوڕی صەیفیی کوڕی مالیکی کوڕی نوعمان کوڕی ئەمە یەکێک بوو لەنەوەی زوبەیعە، لەدژی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بۆ مەککە و پەنجا تازە لاوی ئەوسی لەگەڵبوو. لەنێویاندا عوسمانی کوڕی حەنیف هەبوو، هەندێ کەس ئەڵێن: پانزە کەس بوون. پشتیوانی قورەیش بوو، لەدوژمندارییی موحەممەدا(صلى الله عليه وسلم) ناکۆک نەبوون. جا کاتێک خەڵکەکە ڕووبەڕووی یەکتر وەستانەوە، ئەبو عامر لەنێو پشتیوانانی قورەیشدا هاواری کرد و وتی: ئەی کۆمەڵی ئەوس منم ئەبو عامر. کۆمەڵی ئەوس وتیان: دەی بەخێر نەیەی ئەی خراپەکار(فاسق).

ئەبو عامر لەسەردەمی نەفامییدا پێیدەوترا(الراهيب)، بەڵام پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ناویلێنا(الفاسق–خراپەکار). کاتێک ئەبو عامر گوێی لەو وەڵامدانەوەیەی ئەوس بوو، وتی: قەومەکەم لەدوای من تووشی خراپە هاتوون. هەتا توانیی شەڕێکی سەختی کردن و پاشان بەردبارانی کردن.

ئەبو سوفیان بەئالاهەڵگرانی قەومەکەی خۆی وت لەبەنی عەبدولدار کاتێك هانی دەدان بۆ شەڕ و وتی: ئەی نەوەی عەبدولدار، لەڕۆژی بەدردا ئالاکانم بەئێوە سپاردبوو، کەچی بینییتان چیمان بەسەرهات، خەڵکیی بەهۆی ئالاکانیانەوە سەردەکەون یان دەدۆڕێن، ئالاکە بکەوێ ئەوانیش دەکەون، باشترە ئەو ئالایە بدەینە ئەبو عامر و لەکۆڵی ئێوەی دەکەینەوە، بۆیە رۆیشتن بۆلای و بەڵێنیان پێ دا و وتیان: ئالاکانمان بە تۆ دەسپێرین و بەیانیی لەڕووبەڕووبوونەوەدا دەبینی چی دەکەین. ئەوە بوو کە ئەبو سوفیان دەیەویست، کاتێك خەڵکەکە ڕووبەڕووی یەکتر وەستانەوە و لەیەکتر نزیکبوونەوە، هیندی کچی عوتبە کە لەگەڵ کۆمەڵێ ژناندا بوو لەپشت پیاوانەوە دەفیان لێ دەدا و هانی پیاوانیان دەدا، هیند دەیووت:

نحن بنات طارق .... إن تقبلوا نعانق

ونبسط النمارق ... أو تدبروا نفارق ... فراق غير وامق ...

ئێمە کچانی تاریقین، ئەگەر ئێوە ڕووبەڕوویان بووەستنەوە، کە گەڕانەوە باوەشتان پێدا دەکەین و مەجلیسی خۆشتان بۆ ساز دەکەین، بەڵام ئەگەر پشتتان هەڵکرد، جیابوونەوەیەك لێتان جیادەبینەوە گومانی تێدا نەبێ.

هەروەها ئەیووت:

ويها بني عبد الدار ... ويها حماة الأدبار ...

ضربا بكل بتار

واتا: ئەی نەوەی عەبدولدار، ئەی پارێزەرانی شکۆ، لێدانێکیان بکەن لێدانی سەخت و هەموو شمشێرە تیژەکانتان بخەنەکار بەلێدانی بڕەر.

خەڵکیی شەڕیان کرد تاوەکو جەنگ گەرم بوو، ئەبو دوجانە بەجۆرێ دەجەنگا تاوەکو تێکەڵی خەڵکەکە بوو، حەمزەی کوڕی عەبدولموتەڵیب و عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبیش لەگەڵ پیاوانێکی موسڵمانەکاندا شەڕی سەختیان دەکرد،هەتا ئەوەی خوای گەورە سەرکەوتنی خۆی بۆ دابەزاندن و بەڵێنی خۆی هێنایەدی و هاوبەش پەیداکەرانی بەڕاکردن و هەڵهاتن گەیاند، بێگومان سەرکەوتن هی موسڵمانان بوو.

لەیەحیای کوڕی عەببادی کوڕی عبداللەی کوڕی زوبەیرەوە ئەویش لەباوکیەوە ئەویش لەباپیرەیەوە ئەڵێ: زوبەیر وتی: سوێند بەخوا ئەمڕوانییە ژنە خزمەتکارەکانی هیندی کچی عوتبە چۆن چمکی کراسەکانیان گرتبوو هەڵدەهاتن هەتا ئەوەی تیرهاوێژەکان لەسەر چیاکە هاتنە خوارەوە بۆ دەسکەوت و پشتمانیان چۆڵکرد بۆ سوارەکان و لەپشتەوە بۆ ئێمە هاتن و کەسێك هاواری کرد: موحەممەد وا کوژرا، ئێمە دەستمان هەڵگرت و ئەوانیش دەستیان لەسەر ئێمە هەڵگرت.

لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە ئەویش لەهەندێ زاناوە ئەڵێ: ئالاکە کەوتبوو تاوەکو سەمرەی کچی عەلقەمەی حاریسیی هات و هەڵیگرت بۆ قورەیش کە قووڕاویی کرابوو،پێشتر ئەو ئالایە لای سەوابی خزمەتکاری نەوەی ئەبی تەڵحە بوو، حەبەشیی بوو، کۆتا کەس بوو لێیانی وەرگرت و شەڕی کرد تاوەکو هەردوو دەستی بڕایەوە و خۆی دا بەسەریدا و بەسنگ و ملییەوە گرتی تاوەکو لەسەری کوژرا و ئەیووت:خوایە گیان عوزری ئەمەم لێ وەربگرە و ئەوەندە توانام هەیە.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: کاتێك لەپشتەوە بۆ موسڵمانەکان هاتن و هاوبەش پەیداکەران لەموسڵمانەکانیان کوشت، موسڵمانەکان بوونە سێ بەشەوە، بەشێکیان کوژران و بەشێکیان بریندار بوون و بەشێکیان هەڵهاتن، بەجۆرێ شەڕ سەخت بوویەوە سەربازی موسڵمان نەیدەزانی چی بکات، دوو ددانی خوارەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) شکا، لێوی بریندار بوو، گۆنای بریندار بوو. ئیبن قەمیئە شمشێری دا لەلای راستی و عوتبەی کوڕی ئەبی وەقاسیش بریندار کرد.

لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ئەڵێ: کاتێك لەڕۆژی ئوحوددا کلاوە ئاسنینەکەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) شکا و چوو بەگۆنای پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) و خوێن بەڕوومەتیدا هاتە خوارەوە و خوێنەکەی دەسڕی و ئەیفەرموو:"چۆن قەومێ بەختەوەر دەبێ کە گۆنای پەیامبەرەکەیان خوێناویی بکەن لەکاتێکدا بانگەوازیان دەکات بۆلای خوای گەورە؟" خوای گەورەش ئەم ئایەتەی

ـابەزاند: ﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ ﴾ آل عمران: ١٢٨ ،واتا: دەربارەی هەڵهاتووەکانی شەڕی ئوحود بە ڕاستی بەدەست تۆ نییە(ئەی موحەممەد صلى الله عليه وسلم).

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: کاتێك ڕژان بەسەر پەیامبەری خوادا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"چی کەسێك بۆ بەرگریکردن لەئێمە خۆی بەخوا دەفرۆشێ؟".

لەمەحمودی کوڕی عەمری کوڕی یەزیدی کوڕی ئەلسەکینەوە ئەڵێ: زیادی کوڕی ئەلسەکین لەگەڵ پێنج ئەنساری هەڵسان، هەندێ کەس ئەڵێن: عەممارەی کوڕی زیادی کوڕی ئەلسەکین بوو، لەپێناو پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) شەڕیان کرد تاوەکو هەموویان کوژران، کۆتا ئەو کەسەیان کە کوژرا، زیاد یان عەممارەی کوڕی زیادی کوڕی ئەلسەکین بوو، شەڕی کرد هەتا کۆتا هەناسە و ئینجا کۆمەڵێ لەموسڵمانەکان هاتن و بێباوەڕەکانیان لێ دوورخستەوە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"لە منی نزیکبخەنەوە". نزیکیانخستەوە و قاچی درێژکرد، مرد و گۆنای لەسەر قاچی پەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم). ئەبو دوجانە خۆی دابووە بەر ئەو تیرانەی بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەهاوێژران و خۆی دابوو بەسەر پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) هەتا ئەوەی پشتی هەمووی تیری پێوە بوو. سەعدی کوڕی ئەبو وەقاسیش لای پەیامبەری خواوە تیری دەهاوێژت. سەعد ئەڵێ: پەیامبەری خوا تیری پێ دەدام و پێیدەفەرموم:"بیهاوێژە دایك و باوکم بەفیدات بێ" تیری پێ دەدام و ئەیفەرموو:"بیهاوێژە"

عاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادە باسدەکات کە: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەکەوانەکەی تیری دەهاوێشت تا ئەوەی کەوانەکەی شکا. قەتادەی کوڕی نوعمان وەریگرت، ئەو ڕۆژە چاوی قەتادەی کوڕی نوعمان بریندارببوو، هەتا ئەوەی بەسەر گۆنایدا شۆڕهاتبووەوە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەدەستی خۆی خستیە شوێنی خۆی و بووە چاوێك باشتر لەچاوەکەی تری.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: موسعەبی کوڕی عومەیر بەبەرگریکردن لەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) شەڕی کرد و ئالاکەی پێ بوو، شەڕی کرد تاوەکو کوژرا، ئەو کەسەی

موسعەبی کوشت، ئیبن قەمیئەی لەیسیی بوو، وەهای گومان دەکرد پەیامبەری خوایە بۆیە کوشتی. گەڕایەوە لای قورەیش و وتی: موحەممەدم کوشت.

جا کاتێك موسعەبی کوڕی عومەیر کوژرا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئالاکەی دایە دەست عەلی کوڕی ئەبو تالێب(خوای لێ رازیی بێ)، حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلێب شەڕی کرد هەتاوەکو ئەرتەئەی کوڕی عەبد شەرحەبیلی کوڕی هیشامی کوڕی عەبد مەناف کوڕی عەبدولداری کوڕی قوسەی کوژرا، یەکێك بوو لەوانەی ئالاکەی هەڵدەگرت، پاشان سیباعی کوڕی عەبدولعوزا ئەلغیشیانیی بەلایدا تێپەڕ بوو خاوەن کونیەی ئەبو نیار بوو، حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلێب پێیووت: وەرە ئەی کوڕی قیتکە بڕ. ئوم ئەنماری دایکی خزمەتکاری شەریقی کوڕی عەمری کوڕی وەهب بوو، لەمەککەدا خەتەنەی کچانی دەکرد، کاتێ رووبەڕووبوونەوە، حەمزە شمشێرێکی لێ دا و کوشتی. وەحشیی خزمەتکاری جوبەیری کوڕی موتعیم ئەڵێ: سوێند بەخوا سەیری حەمزەم دەکرد بەشمشێرەکەی هەموو ئەوانەی دەکوشت کە دەهاتنە بەردەمی، سیباعی کوڕی عەبدولعوزا پێش من بۆی ڕۆیشت، حەمزە پێیووت: وەرە پێش ئەی کوڕی قیتکە بڕ، بەجۆرێ لێی دا وەك ئەوەی سەری لێکردبێتەوە، منیش ڕمەکەم جوڵاند و تێمگرت، بەری کەوت، بەرەو ڕووم هات و کەوت، مرد ئینجا چوومە سەری و ڕمەکەم هەڵگرت و گەڕامەوە لای سەربازگەکە، من تەنیا ئەو پێویستییەم هەبوو، تەنیا کوشتنی ئەو.

عاسمی کوڕی سابتی کوڕی ئەبی ئەلئەقلەح بڕای نەوەی عەمری کوڕی عەوف،موسافیعی کوڕی تەڵحە کوشت، هەروەها کیلابی کوڕی تەڵحەی برایشی، سەلافەی دایکی هات و سەری خستە کۆشی و ئەیووت: کوڕی شیرینم کێ لە تۆی دا؟ ئەویش وتی: پیاوێك کاتێ تیری تێگرتم ئەیووت: بیگرە من کوڕی ئەلئەقلەحم. ئەویش وتی: ئەقلەحیی بوو، دەی سوێندبێ وا نەزر دەکەم ئەگەر بتوانم لەکەللە سەری عاسم عەرەق بخۆمەوە. عاسمیش بەڵێنی بەخوا دابوو کە هەرگیز نە دەست لەهاوبەش پەیداکەر بدات نە بهێڵێ هاوبەش پەیداکەرێ دەستی لێ بدات.

ئەلقاسمی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی رافیعی بـرای نـەوەی عـەدی کـوڕی ئەلنـەجارِ ئەڵێ: ئەنەسی کوڕی ئەلنەزر مامی ئەنەسی کـوڕی مالیـك گەیشتە لای عومـەری کـوڕی خـەتاب و تەڵحـەی کـوڕی عوبەیدوالـلـە بـەپیاوانێکی کۆچـەران و پشـتیوانانەوە و چەکەکانیان فڕێ دابوو. عومەر وتی: بۆچـی چـەکتان فـڕێ داوە؟ وتیـان: موحەممـەدی پەیامبەری خوا کوژراوە. ئەویش وتی: ئیتر دوای ئەو ژیـان چـی سـوودێکی هەیـە، دەی ڕاپەڕن و ئێوەش ڕێزدارانە بمرن لەپێناو ئەوەی، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەپێناویدا کوژراوە.

لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ئەڵێ: ئەو ڕۆژە حەفتا لێدانمان لەجەستەی ئەنەسی کـوڕی ئەلنەزردا بینی، کەس لە ئێمە نەیناسییەوە تەنیا خوشکەکەی ئەوی ناسییەوە، ئەوەش بەهۆی جوانیی نینۆکەکانییەوە.

لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە ئەڵێ: یەکەمین کەسێك لەدوای شکستی موسڵمانان، پەیامبەری خوای ناسییەوە و یەکەمین قسەی خەڵکییش لـەوەی پەیامبـەری خوا(صـلى الله عليـه وسـلم) کـوژراوە، ئەوەیـە کـە وەك ئـیبن شـیهابی ئـەلزوهریی لەکـەعبی کـوڕی مالیکەوە، کەعبی کوڕی مالیـك بـرای نـەوەی سـەلەمە، وتـی: لـەژێر قەڵغانـەوە هـەردوو چاوی پەیامبەری خوام بینی بریسکەیان دەهات، بۆیە بەوپەڕی دەنگمەوە هـاوارم کـرد: ئەی کۆمەڵی موسڵمانان مزگێنیی بێ ئەوە پەیامبەری خوایە. پەیامبـەری خوا(صـلى الله عليه وسلم) ئاماژەی پێ دام کە بێدەنگ بم. جـا کاتێـك موسـڵمانان پەیامبـەری خوایـان ناسییەوە، هەڵسان بۆلای و ئەویش هەڵسا ڕووە و نێو شیوەکە و عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و ئەبو بەکری کوڕی قوحافە و عومەری کـوڕی خـەتاب و تەڵحـەی کـوڕی عوبەیدوالـلـە و زوبـەیری کـوڕی عـەوام و ئەلحارێسـی کـوڕی ئەلصصـیمە لەگـەڵ چـەند کەسـێك لەموسڵمانان لەگەڵیدا هاتن،کاتێـك پەیامبـەری خوا(صـلى الله عليـه وسـلم) پشـتی دایـە شیوەکەوە، ئومەییەی کوڕی خەڵەف هات و ئەیووت: موحەممەد لەکوێیە، یان دەبێ تۆ بمری یان من، دەبێ یەکێکمان ڕزگاری بێ. موسڵمانەکان وتیـان: ئـەی پەیامبـەری خـوا یەکێك لەئێمە بڕوات و پـەلاماری بـدات؟ فـەرمووی:"وازی لێبهێـنن". کـە نزیکبوویـەوە،

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) حەربەی لەئەلحاریسی کوڕی ئەلصصەممە وەرگرت، وەك بۆیان باسکردووم، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کە حەربەکەی وەرگرت، بەجۆرێ پەلاماری دا و رووی کردە ئومەییە و حەربەکەی بەگەردنیدا کرد. چەند جارێك ئەسپەکەی رایوەشاند. ئوبەی کوڕی خەلەف هەروەك لەسالحی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوفەوە بۆمان باسکراوە، لەمەککەدا بەپەیامبەری خوا دەگەیشت و ئەیووت: ئەی موحەممەد وشترێکم هەیە هەموو ڕۆژێ دەنکەگەنمە شامیی پێ دەدەم و بەسەر ئەو وشترەوە تۆ دەکوژم. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) ئەیفەرموو:"من تۆ دەکوژم إن شاء الله". کە گەڕایەوە لای قورەیش، لەگەردنیدا ڕووشانێك هەبوو گەورە نەبوو، خوێنی لێ دەڕۆیشت، وتی: سوێند بەخوا موحەممەد منی کوشت. ئەوانیش وتیان: سوێند بەخوا عەقڵت لەدەستداوە، تۆ ڕووشانێکی کەمت هەیە. ئەویش وتی: لەمەککەدا پێی دەوتم دەتکوژم، سوێند بەخوا بە تفیش بووایە منی هەر دەکوشت. لەگەڕانەوە بۆ مەککە، ئەو دوژمنەی خوا لەسەریف مرد.

کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەیشتە سەرەتای شیوەکە، عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب دەرچوو لەناو سەتڵێکی دەسك داردا ئاوی هێنا بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تاوەکو لێی بخواتەوە،هەستی بەبۆنێك کرد و لێی نەخوارد، خوێنی دەمووچاوی پێ شۆرد و کردی بەسەریدا و ئەیفەرموو:"سزای خوا بۆ سەر کەسێك ڕوومەتی پەیامبەرەکەی خوێناویی بکات".

لەسەعدی کوڕی ئەبو وەقاسەوە کە ئەیووت: سوێند بەخوا هەرگیز ئەوەندە سوور نەبوومە بۆ کوشتنی کەسێك وەك سوور و پێداگربووم بۆ کوشتنی عوتبەی کوڕی ئەبو وەقاص ئەگەرچی نەمبینیبوو ڕەوشتی ناشیرین و بێزراوی قەومەکەی بێ تەنیا بەهۆی ئەو فەرمایشتەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم):"سزای خوا بۆ سەر کەسێك ڕوومەتی پەیامبەرەکەی خوێناویی بکات".

لەئەلسودییەوە ئەڵێ: ئیبن قەمیئەی ئەلحاریسیی کە یەکێك بوو لەنەوەی ئەلحاریسی کوڕی عەبد مەناتی کوڕی کینانە هات و بەردێکی گرتە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، لووت و کلاوە ئاسنینەکەی پەیامبەری خوای شکاند و کلاوەکە لەپوومەتی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گیر بوو، هاوەلانی لێی دوورکەوتبوونەوە، هەندێکیان رۆیشتبوونە مەدینەوە، هەندێکیان چووبوونە سەر تاوێری چیاکە و لەسەری بوون، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بانگیکردە خەڵکی:"ئەی بەندەکانی خوا بگەنە لای من، ئەی بەندەکانی خوا بگەنە لای من". سی پیاو لای کۆبوونەوە، لەبەردەستیدا دەرۆیشتن، هیچ کەسێك رانەوەستا جگە لە تەڵحە و سەهلی کوڕی حەنیف، تەڵحە پاراستی، تیرێکیان هاوێشتە دەستی و دەستی وشك بوو، ئوبەی کوڕی خەڵەف ئەلجومەحیی هات و سوێندی خوارد دەبێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بکوژێ. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بەڵکو دەبێ من ئەو بکوژم". هەڵمەتی هێنا و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لێی دا و سووك بریندار کرد، کەچی ئوبەی وەك گا ئەیقۆراند و ئەیبۆراند، هەڵیانگرت و وتیان: بریندێکی وەها نییە و ئازاری نییە. ئەویش وتی: ئەی نەیووت: دەتکوژم. ئەگەر دەکرا بەتەواوی رەبیعە و موزەر ئەوانم دەکوشت. رۆژێ یان چەند رۆژێ مایەوە و بەو بریندوە مرد.

لەنێو خەڵکییدا بلاوبوویەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کوژراوە، بۆیە یەکێ لەوانەی خۆیان گەیاندبووە سەر تاوێرەکەی سەر چیاکە وتبووی: خۆزگە یەکێکمان دەنارد بۆلای عبدالله‌ی کوڕی ئوبەی تاوەکو لەئەبو سوفیان سەلامەتیی بۆ ئێمە وەردەگرت، ئەی قەوم بگەڕێنەوە لای قەومەکانی خۆتان پێش ئەوەی پێتان بگەن، چونکە هەر دەستیان بەئێوە گەیشت، دەتانکوژن. ئەنەسی کوڕی ئەلنەزر وتبووی: ئەی قەوم، ئەگەر موحەممەد کوژرابێ، ئەوە خوای موحەممەد ناکوژرێت، بۆیە بجەنگن لەپێناو ئەوەی موحەممەدی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەسەری کوژراوە، خوایە گیان من خۆم بەدوور دەگرم لەوەی ئەمانە ئەیڵێن. پاشان شمشێرەکەی تووند گرت و شەڕی کرد تاوەکو کوژرا. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بانگی

خەڵکی دەکرد تاوەکو گەیشتە لای ئەوانەی لای تاوێرەکە، جا کاتێك پەیامبەری خوایان بینی، پیاوێك تیرێکی خستە کەوانەکەی و وێستی بیهاوێژێ، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"منم پەیامبەری خوا"، بەوە دڵخۆشبوون کە بینییان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) زیندووە، پەیامبەری خواش خۆشحاڵبوو کە هاوەڵانی ماون و بەرگریی لێ دەکەن، کاتێك کۆبوونەوە و پەیامبەری خوایان تێدا بوو، خەفەتیان نەما، دەستیانکردە باسی ئەو فەتحە و ئەوەی بووە هۆکاری لەدەستچوونی ئەو سەرکەوتنە، باسی ئەو هاوەڵانەیان کرد کە کوژرابوون، خوای گەورە بەوانەی فەرموو کە وتبوویان موحەممەد کوژراوە، بۆیە بگەڕێنەوە لای قەومەکانی خۆتان: ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ انقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ﴾ (آل عمران ، ١٤٤) ، واتا: موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) تەنها پێغەمبەرێکە (نەمر نی یە) بێگومان لەپێش ئەو پێغەمبەرانی تر رابوردون جا ئایا ئەگەر وەفاتی کرد یان کوژرا دەگەڕێنەوە بۆ دواوەی خۆتان (پاشگەز دەبنەوە).

ئەبو سوفیان هات تاوەکو تەماشای کردن، کە تەماشای ئەبو سوفیانیان کرد، حاڵی خۆیانیان بیرچوویەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەهاوەڵانی فەرموو:"نابێ بەسەر ئێمەدا سەرکەون، خوایە گیان ئەگەر ئەم دەستەیە بکوژرێن، ئیتر پەرستنی تۆ ناکرێت". پاشان هاوەڵانی هان دا و بەردبارانی ئەبو سوفیانیان کرد تاوەکو ناچارانە دایانبەزاندن،ئەبو سوفیان وتی: مەزنە هوبەل، حەنزەلە بەرانبەر بەحەنزەلە، ئەمرۆ بەرانبەر بەڕۆژی بەدر.

ئەو رۆژە حەنزەلەی کوڕی ئەلڕاهیب کوژرا، فریشتەکان شۆردیانەوە، حەنزەلەی کوڕی ئەبو سوفیانیش لەڕۆژی بەدردا کوژرا. ئەبو سوفیان وتی: ئێمە عوزامان هەیە و ئێوە عوزاتان نییە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەعومەری فەرموو بڵێ:"ئێمە الله دۆست و پشتیوانی ئێمەیە و ئێوە پشتیوان و دۆستتان نییە". ئەبو سوفیان وتی: ئایە موحەممەدتان لەنێواندایە؟ بزانن لەتەرمەکانتان شێوێندراوە، نە فرمانم بەو کارە کردووە و نە ڕێگرییم لێ کردووە، نە پێی دڵخۆشم و نە دڵتەنگ. خوای گەورە خۆ دەرخستنی

ئەبو سوفیانی بۆ سەریان باسکردووە و فەرموویەتی:﴿ فَأَثَٰبَكُمْ غَمًّۢا بِغَمٍّ لِّكَيْلَا تَحْزَنُوا۟ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا مَآ أَصَٰبَكُمْ ﴾ آل عمران: ١٥٣، واتا: (خوا) پاداشتی غەم و خەفەتی هەر بە غەم و خەفەت دانەوە بۆ ئەوەی غەمبار نەبن لەسەر ئەوەی لە دەستان چووە، وە(غەمبار نەبن بە) ئەوەی دووچارتان بووە.

خەم و خەفەتی یەکەم، لەدەستچوونی غەنیمەت و سەرکەوتن بوو، خەفەتی دووەم: ئەوە بوو کە ئەبو سوفیان چووە سەریان و خۆی پیشاندان، ئەوەش بۆ ئەوەی خەفەت نەخۆن بۆ لەدەستچوونی غەنیمەت و ئەو کوشتنەی لێیان کرا، ئەوەی ئەبو سوفیان بەقسەکانی خۆی ئەوانی سەرقاڵکرد، بۆ بیرچوونەوەی ئەو دوو خەفەتە بوو.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و چەند هاوەڵێکی لەنێو شیوەکەدا بوون، کۆمەڵێکی قورەیش چوونە سەرەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"خوایە گیان نابێ ئەوانە بەسەر ئێمەدا سەرکەون"، بۆیە عومەری کوڕی خەتاب و چەند کەسێکی کۆچەران کە لەگەڵیدا بوون شەپیان کرد تاوەکو ئەو دەستەیەی قورەیشیان ناچار بەدابەزین کرد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەڵسا بۆلای تاوێری سەر چیاکە تاوەکو بچێتە سەری، لەنێوان دوو قەڵغاندا بوو، کە ویستی هەڵبستێ نەیتوانی، بۆیە تەڵحەی کوڕی عوبەیدوالله چووە ژێر باڵی و هەڵسا و چووە سەر تاوێرەکە.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: حەنزەڵەی کوڕی عامری شۆردراو(الغسيل)، خۆی و ئەبو سوفیان بەرانبەر یەکتربوونەوە، کاتێك حەنزەلە بەسەریدا سەرکەوت، شەدادی کوڕی ئەلئەسوەد کە پێیدەوترا ئیبن شعوب و بینی حەنزەلە ئەبو سوفیانی داوە بەزەویدا، لەحەنزەلەی دا و کوشتی، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"هاوڕێکەتان واتا حەنزەلە، فریشتەکان دەیشۆرنەوە، لەخێزانەکەی بپرسن بزانە هۆکار چییە". هاوەڵەکانی حەنزەلە ئەو پرسیارەیان لەخێزانەکەی کرد، ئەویش وتی: کاتێك گوێی لەبانگی جیهاد بوو،

بەلەشگرانییەوە دەرچوو. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"ئا لەبەر ئەوە بوو فریشتەکان شۆردیانەوە".

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: هیندی کچی عوتبە و ئەو ژنانەی لەگەڵبیدا بوون راوەستان و دەستیانکردە لووت و گوێ بڕینی هاوەڵە کوژراوەکانی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، هەتا ئەوەی لەلووت و گوێ بڕاوەکان گوارەی دروستکرد و دایە خزمەتکارەکانی و وەحشیی کۆیلەی جوبەیری کوڕی موتعیم. سکی حەمزەی دڕی و جگەری دەرکرد بیخوات، بەڵام نەیتوانی بیجوێ، تفاندییەوە، پاشان چووەسەر تاوێرێکی بەرز و قیژاندی و بەدەنگی بەرز هەندێ دێڕی شیعری وت بەهۆی سەرکەوتنیان بەسەر هاوەڵانی پەیامبەری خوادا(صلی الله علیه وسلم).

لەبەڕائەوە ئەڵێ: ئەبو سوفیان هات و پرسی: ئایە موحەممەدتان تێدایە؟ دووجار ئەم بانگەی کرد. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"وەڵامی مەدەنەوە" پاشان سێ جار وتی:ئایە کوڕی ئەبو قوحافەتان تێدایە؟ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"وەڵامی مەدەنەوە". پاشان وتی: ئایە کوڕی خەتابتان تێدایە؟ سێ جار ئەم بانگەی کرد. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"وەڵامی مەدەنەوە" پاشان گەڕایەوە لای هاوڕێکانی و وتی: ئەو سێ کەسە کوژراون، ئەگەر زیندووبوونایە،ئەوە وەڵامیان دەدایەوە. عومەری کوڕی خەتاب خۆی پێ رانەگیرا و وتی درۆت کرد ئەی دوژمنی خوا، خوا ئەوانەی بۆ هێشتوویتەوە کە شەرمەزارت بکات. ئەبو سوفیان وتی: مەزنە هوبەل، مەزنە هوبەل. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم فەرمووی:"وەڵامی بدەنەوە". وتیان: چی بڵێین؟ فەرمووی:"بڵێن: الله بەرز و مەزنە" ئەبو سوفیان وتی: ئێمە عوزامان هەیە و ئێوە عوزاتان نییە. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"وەڵامی بدەنەوە". وتیان: چی بڵێین؟ فەرمووی:"بڵێن: الله دۆست و پشتیوانی ئێمەیە و ئێوە پشتیوانتان نییە". ئەبو سوفیان وتی: ئەمڕۆ لەتۆڵەی بەدر، شەڕیش بەردەوام و بڵێسەدارە، بەڵام بزانن لەکوژراوەکانتاندا شتانێك دەبینن نە فرمانم بەو کارانە کردووە و نە پێی بەداخیشم.

لەئیبن ئیسحاقەوە لەدرێژەی باسەکەیدا ئەڵێ: کاتێك عومەر وەلأمی ئەبو سوفیانی دایەوە، ئەبو سوفیان وتی: ئەی عومەر وەرە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بڕۆ بۆلای بزانە چی دەوێ؟" عومەر هات بۆلای و ئەبو سوفیان وتی: ئەی عومەر بەخوا سوێندت دەدەم، ئایە موحەممەدمان کوشتووە؟ عومەر وتی: نە سوێند بەخوا، ئێستا وا گوێی لەقسەی تۆیە. ئەبو سوفیانیش وتی: تۆ لای من راستگۆتری لەئیبن قەمیئە کُە ئەڵێ موحەممەدم کوشتووە. پاشان ئەبو سوفیان بانگیکرد و وتی: لەکوژراوەکانتان هەیە لووت و گوێی بڕاوە، نە بەو کارە رازیی بوومە و نە تووڕە، نە رێگرییم لێکردووە و نە فرمانیشم پێ کردووە.

ئەلحولەیسی کوڕی زەببان بڕای نەوەی ئەلحاریسی کوڕی عەبد مەنات ئەو رۆژە گەورەی ئەحباشەکان بوو، بەلای ئەبو سوفیاندا تێپەڕی و بینی ئەبو سوفیان بەڕمەکەی لەدەمی حەمزە دەدات و ئەیووت بخۆ. ئەلحولەیس وتی: ئەی نەوەی کینانە، ئەوە گەورەی قورەیشە و ئاوەها بەکوڕە مامەکەی دەکات وەك دەیبینن لەیەك خوێنیشن. ئەویش وتی: ئەمە بشارەوە هەڵەیەك بوو.

کاتێك ئەبو سوفیان و ئەوانەی لەگەڵیدابوون رۆیشتن، وتی: سالێکی تر لەبەدردا بەیەکتر دەگەینەوە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەپیاوێك لەهاوەلأنی فەرموو:"بڵێ باشە، ئەوکاتە لەنێوان هەردوولاماندا بێت".

پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) عەلی کوڕی ئەبو تالێبی نارد و فەرمووی:"بەدوایاندا بڕۆ بزانە چی دەکەن و چییان دەوێ،ئەگەر سوار ئەسپەکان نەبوون و وشتریان بەکارهێنا، ئەوە ئەیانەوێ بگەڕێنەوە مەککە، بەلأم ئەگەر ئەسپەکانیان بەکارهێنا و وشترەکانیان رادا، ئەوە ئەیانەوێ بچنەسەر مەدینە، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر نیازی ئەوەیان هەبێ بچنە سەر مەدینە، بۆیان بەڕێدەکەوم و لەمەدینەدا ئەیانکوژم.

عەلی ئەڵێ: بەدوایاندا رۆیشتم بزانە چی دەکەن. کە دوورکەوتنەوە لەسواربوونی ئەسپ و سواری وشترەکان بوون، رووبانکردە مەککە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه

وسلم)، فەرمووی:"هەواڵەکە هەرچی بوو، بیشارەوە تاوەکو دەگەیتە لای من". عەلی(سەلامی خوای لێ بێ) ئەڵێ: کە بینینم رووپانکردە مەککە، گەڕامەوە و بەدەنگی بەرز هاوارم کرد و لەخۆشییدا نەمتوانی بیشارمەوە وەك ئەوەی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فرمانی پێکردبووم، لەخۆشییدا هاوارم کرد کە بینیم رووپانکردە مەککە و لەمەدینە دوورکەوتنەوە و خەڵکیی تۆقیبوون لەوەی بیانکوژن. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:" کێ بۆم تەماشا دەکات بزانێ سەعدی کوڕی ئەلڕەبیع بۆای نەوەی ئەلحاریسی کوڕی ئەلخەزرەج زیندووە یان مردوو؟ پیاوێکی ئەنساریی وتی: من بۆت تەماشا دەکەم ئەی پەیامبەری خوا. تەماشای کرد و بینی لەنێو کوژراواندا بریندارە و لەسەرەمەرگدایە. کابرای ئەنساریی وتی: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فرمانی پێکردووم بڕوانم زیندووی یان مردوو؟ ئەویش وتی: من لەڕیزی مردووواندام، پێیشی بڵێ: سەعدی کوڕی ئەلڕەبیع پێیوتووی: خوای گەورە باشترین پاداشتت بداتەوە لەبری ئەوەی بەئوممەتەکەتت گەیاند، سەلامی من بەقەومەکەت بگەیەنە و بڵێ:سەعدی کوڕی ئەلڕەبیع پێیوتوون: لای خوای گەورە هیچ عوزرێکتان نییە ئەگەر دەستی دوژمن بگاتە پەیامبەرەکەتان. پاشان زۆری پێنەچوو کۆچی دوایی کرد، هاتم بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و هەواڵەکەم پێ گەیاند.

وەك ئەوەی پێمگەیشتووە، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دەرچوو بۆ بینینی تەرمی حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلێب و بەدوایدا دەگەڕا، لەنێو شیوەکەدا تەرمەکەی دۆزییەوە و سکی درابوو، جگەری دەرکرابوو، لووت و گوێی بڕابوو.

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: موحەممەدی کوڕی جەعفەری کوڕی ئەلزوبەیر بۆی باسکردم کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کاتێك تەرمی حەمزەی بەو جۆرە بینی. فەرمووی:"ئەگەر سەفییە خەمبار نەدەبوو یان دوای خۆم نەدەبووە سوونەت، ئەوە تەرمەکەیم بەجێدەهێشت تاوەکو لەسکی درندە و باڵندەدا بووایە، ئەگەر خوای گەورە بەسەر قورەیشدا سەریخستم، سی پیاویان لووت و گوێ بڕاو دەکەم".

کاتێك موسڵمانەکان بینییان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چەند خەمبار و تووڕەیە بەوەی بەسەر مامیدا هاتووە، وتیان: سوێند بەخوا هەرچکاتێ خوای گەورە بەسەر ئەواندا سەریخستین، دەبێ بەجۆرێ ئەتکی تەرمەکانیان بکەین، عەرەب هەرگیز ئەوەی گوێ لێ نەبووبێ.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: خوای گەورە لەبارەی ئەو فەرمایشتەی پەیامبەری خواوە ئەم ئایەتەی دابەزاند تاوەکو کۆتایی سورەتەکە: ﴿وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُوا۟ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِۦ ۖ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِّلصَّٰبِرِينَ ﴿١٢٦﴾﴾ النحل: ١٢٦، واتا: ئەگەر تۆڵەتان سەندەوە ئەوە بە ئەندازەی ئەو ستەمەی بەرامبەرتان کراوە تۆڵە بکەنەوە، وە ئەگەر ئارام بگرن ئەوە باشترە بۆ ئارام گران.

ئیتر پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لێبوورەیی کرد و ئارامی گرت و نەهێکرد لەئەتککردنی تەرم.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: وەك ئەوەی پێمگەیشتووە، سەفیەی کچی عەبدولموتەلێب هات تاوەکو تەماشای حەمزە بکات، خوشکی دایك و باوکیی حەمزە بوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەزوبەیری کوڕی سەفیەی فەرموو کە زوبەیری کوڕی عەوام بوو:" پێی بڵێ دایکە گیان، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانت پێ دەکات بگەڕێیتەوە". ئەویش وتی:بۆچی بگەڕێمەوە، هەواڵم پێگەیشتووە ئەتکی تەرمی براکەم کراوە، ئەوە کەمە لەپێناو خوای گەورەدا، بۆیە چاو لەپاداشتی خوام و ئارام دەگرم. کاتێك زوبەیر هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و ئەو هەواڵەی پێ دا. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بهێڵە با بێت". هات و تەماشای تەرمی حەمزەی کرد و نوێژی لەسەرکرد و گەڕایەوە و داوای لێخۆشبوونی بۆ کرد. پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی کرد حەمزە نێژرا.

لەمەحمودی کوڕی لەبیدەوە ئەڵێ: کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بۆ ئوحود، حوسەیلی کوڕی جابر(کە یەمان بوو باوکی حوزەیفەی کوڕی یەمان)

و سابتی کوڕی وەقشی کوڕی زەعوراء لەگەڵ ژنان و منالآندا مانەوە، هەردووکیان دوو پیاوی بەتەمەن بوون، یەکێکیان بەوی تری وت: لەباردایکت بچی چاوەڕێی چیت، سوێند بەخوا ئەوەی لەتەمەنی ئێمەدا مابێتەوە تەنیا تەمەنی ئارامگریی گوێدرێژێکە بۆ ئاو خواردنەوە،ئێمە گەورەی ئەمڕۆ یان بەیانیین، ئەی بۆ شمشێرەکانمان هەڵنەگرین و خۆمان نەگەیەنین بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، بەڵکو خوای گەورە شەهیدبوونمان پێ ببەخشێ لەگەڵ پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم). بۆیە هەردووکیان شمشێرەکەیان هەڵگرت و دەرچوون و تێکەڵی خەڵکەکە بوون و کەس پێیانی نەزانی، سابتی کوڕی وەقش لەلایەن هاوبەش پەیداکەرانەوە کوژرا، بەڵام حوسەیلی کوڕی جابر ئەلیەمان بەشمشێری هەڵەی موسڵمانەکان کوژرا و نەیانناسییەوە، حوزەیفە وتی: ئەوە باوکمە. موسڵمانەکان وتیان: سوێند بەخوا نەماننناسیووەتەوە. راستیشیان کرد نەیاننناسی. حوزەیفە وتی: خوای گەورە لێتان خۆش بێ و خوا بەبەزەییترینە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ویستی خوێنبایی بدات، بەڵام حوزەیفە کردیە سەدەقەی موسڵمانان، بەوە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خێردارتر بوو.

لەعاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادەوە ئەڵێ: لەنێوماندا پیاوێك هەبوو کەس نەیدەزانی لەکوێوە هاتووە و پێیدەوترا(قوزەمان). کاتێك بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) باس دەکرا، ئەیفەرموو:"لەئەهلی دۆزەخە". لەڕۆژی ئوحوددا شەڕێکی سەختی کرد، هەر خۆی هەشت یان نۆ هاوبەش پەیداکەری کوشت،پیاوێکی بەهێز و ئازا بوو، سەخت بریندارببوو، هەڵگیرا بۆ ماڵی نەوەی ئەلزەفر، پیاوانی موسڵمانان ئەیانووت ئەی قوزەمان تۆ ئەمڕۆ شەڕی سەختت کرد مزگێنیی بدە. ئەویش وتی: مزگێنیی چی بدەم؟ سوێند بەخوا من لەبەر شکۆی قەومەکەم شەڕم کردووە، ئەگەر ئەوە نەبوایە من شەڕم نەدەکرد. بۆیە کاتێك ئازاری بریندارییەکەی سەخت هاتەوە، تیرێکی لەتیردانەکەی دەرکرد و دەمارە ئەستوورەی دەستی خۆی یان قاچی خۆی بڕی و خوێنی لەبەر ڕۆیشت و مرد. ئەو هەواڵە بەپەیامبەری خوا درا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)

فەرمووی:"شایەتیی دەدەم کە بەڕاستیی پەیامبەری خوام". یەکێك لەوانەی لەڕۆژی ئوحوددا کوژرا،موخەیریقی جولەکە بوو، یەکێك بوو لەنەوەی سەعلەبەی کوپی ئەلفیتەیون، لەو ڕۆژەدا وتی: ئەی کۆمەڵی جولەکە سوێند بەخوا دەزانن بەحەق پێویستە پشتیوانیی موحەممەد بکەن. ئەوانیش وتیان: ئەمڕۆ شەممەیە. ئەویش وتی: ئەمڕۆ ڕۆژی پشت لێکردنەوە و پشوودان نییە. شمشێر و پێویستییەکانی هەڵگرت و وتی:ئەگەر کوژرام، موحەممەد چی ویست با وەها بکات لەتەرمەکەم. پاشان ڕۆیشت بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و شەڕی کرد تاوەکو کوژرا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"وەك ئەوەی پێمگەیشتووە، موخەیریق باشترینی نێو جولەکەکان بووە".

موحەممەدی کوپی ئیسحاق ئەڵێ: خەڵکانێك لەموسڵمانان تەرمی کوژراوەکانیان هەڵگرت بۆ مەدینە و لەوێدا ناشتنیان، پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نەهی کرد لەو کارە و فەرمووی:"لەکوێدا کوژران، لەوێدا بیانناێژن".

لەبەتەمەنەکانی نەوەی سەلەمەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کاتێك ئەو ڕۆژە فرمانی کرد کوژراوەکان بنێژرێن، فەرمووی:"بڕوانن عەمری کوپی ئەلجموح و عبداللەی کوپی عەمری کوپی حەرام لەدونیادا هاوڕێ بوون و لەیەك گۆڕدا بیاننێژن". جا کاتێك موعاویە جۆگە ئاوەکەی لێ دا، تەرمی هەردووکیانی دەرکرد وەك ئەوەی دوێنێ نێژرابن ئاوەها بوون. ئەڵێ: پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ڕۆیشت و گەڕایەوە مەدینە،وەك ئەوەی بۆم باسکراوە، گەیشت بەحەمنەی کچی جەحش و سەرخۆشیی لێکرد بەهۆی کوژرانی براکەیەوە کە عبداللەی کوپی جەحش بوو، ئەویش بۆی بەداخ بوو، داوای لێخۆشبوونی لێکرد، پاشان سەرخۆشیی لێکرد بەهۆی کوژرانی خاڵۆیەوە کە حەمزەی کوپی عەبدولموتەڵیب بوو، خەفەتبار بوو، داوای لێخۆشبوونی بۆ کرد. پاشان سەرخۆشیی لێکرد بەهۆی کوژرانی مێردەکەیەوە کە موسعەبی کوپی عومەیر بوو. بەوە حەمنە دەستی کردە قیژە و شیوەن. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه

وسلم) فەرمووی:"میرد لای ئافرەت شوێن و کاریگەریی هەیە، لەبیستنی هەواڵی کوژرانی برا و خاڵۆکەی جلەوی خۆی کرد، بەڵام لەبیستنی کوژرانی میردەکەی، قیژاندی".

ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەلای مااڵنەکانی ئەنسار لەنەوەی عەبدولئەشهەل و زەفردا تێپەڕی، گوێی لەگریان و هاوار بوو بۆ کوژراوەکانیان، چاوی پڕ فرمێسك بوو گریا، پاشان فەرمووی:"بەڵام کەس نییە بۆ حەمزە بگری". پاشان کاتێك سەعدی کوڕی موعاز و ئوسەیدی کوڕی حوزەیر گەڕانەوە ماڵی نەوەی عەبدئەلشەهەل. فرمانیان بەژنەکانیان کرد خۆیان کۆبکەنەوە و بڕۆن بۆ کوژرانی مامی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بگرین.

لەئیسماعیلی کوڕی موحەممەدی کوڕی سەعدی کوڕی ئەبو وەقاسەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەلای ئافرەتێکی نەوەی دینارردا تێپەڕی کە مێردەکەی و براکەی و باوکی لەئوحوددا کوژرابوون، سەرەخۆشییان لێدەکرد و ئەویش دەیووت: ئەی هەواڵی پەیامبەری خوا چییە؟ وتیان: ئەو سەلامەتە ئەی دایکی فلاّن، ئەو سەلامەتە وەك ئەوەی تۆ حەز دەکەی. ئەویش وتی: دەی پیشانم بدەن. پێشانیان دا و پەیامبەری خوای بینی، وتی: هەموو کۆستێك ئاسانە کە تۆ سەلامەتی.

ئەبو دوجانە ئەڵێ: کاتێك شمشێرەکەم لەدەستی پەیامبەری خوا وەرگرت(صلى الله عليه وسلم) و شەڕێکی سەختم پێکرد، مرۆڤێکم بینی لووت و گوێی کوژراوەکانی دەبڕی. خۆمم بۆ ئامادەکرد و پەلامارم دا، هەڵهات و بینیم ئافرەتە، بۆیە ڕێزم لەشمشێرەکەی پەیامبەری خوا گرت کە پێی لەئافرەت بدەم. ئەبو دوجانە ئەڵێ:

أنا الَّذي عاهَدَني خَليلي ونحْنُ بالسَّفْح لَدَي النَّخيلِ

أَلَّا أَقُومَ الدَّهْرَ في الكَيُّول أضرِب بِسَيفِ الله والرَّسول

واتا:ئەوە منم کە خۆشەویستم بەڵێنی پێ دام و لای ئەلنەخیل بووین، بەڵێنم دا هەرگیز دەستەوەستان نەبم و دەبێ بەشمشێری خوا و پەیامبەر لەبێباوەڕ بدەم.

گەڕانەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ مەدینە، ڕۆژی شەممە بوو، ڕۆژی شەڕی ئوحود بوو.

لەعیکریمەوە ئەڵێ: رۆژی ئوحود، رۆژی شەممە بوو نیوەی مانگی شەوال، کە بەیانیی رۆژی ئوحود هات کە رۆژی یەکشەممە بوو شانزە شەو لەمانگی شەوال تێپەڕیبوو، جارێدەری پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەنێو خەڵکدا جارێی دا بۆ رۆیشتن بەدوای دوژمن و جارێدەر جارێی دا: تەنیا ئەو کەسانە لەگەڵماندا دەربچن کە دوێنێ لەگەڵمان دەرچوون. جابری کوڕی عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی حەرام قسەی لەگەڵ پەیامبەری خوادا کرد(صلى الله عليه وسلم) و وتی: ئەی پەیامبەری خوا، باوکم لەدوای خۆی نۆ خوشکی بۆ بەجێهێشتووم. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"کوڕی شیرینم، بۆ من و بۆ تۆش نەهاتووە ئەو ئافرەتانە بەبێ بوونی پیاوێك بەجێبهێڵرێن، بۆیە لای خوشکەکانت بمێنەرەوە". بۆیە لای خوشکەکانی مایەوە و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەو مۆڵەتەی دا. دەرچوونی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ ترساندنی دوژمن بوو، بۆ ئەوەی پێیان بگەیەنێ کە بەدوایاندا دەرچووە و گومان بکەن هێزی بۆ پەیدا بووە و شکستی ئوحود لەخۆبایبیان نەکات.

لەئەبو ئەلسائیبی خزمەتکاری عائیشەی کچی عوسمانەوە کە هاوەڵێکی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەنەوەی عەبدولئەشهەل کە بەشداری ئوحود بووە وتوویەتی: خۆم و برایەکم لەگەڵ پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) بەشداری ئوحود بووین و بەبرینداربییەوە گەڕاینەوە. کاتێك جارێدەری پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) جارێی دا بۆ دەرچوون بەدوای دوژمندا، ئەوەم بەبراکەم وت، ئەویش وتی:ئەی ئەکرێ دەرچوون لەگەڵ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەدەستمان دەربچێ؟ سوێند بەخوا ولاخێکمان نییە لەسەری سەرکەوین و برینداربییەکەشمان قورسە. لەگەڵ پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) دەرچووین و برینداربییەکەی من لەبرینەکەی ئەو سووکتر بوو،کە ئازاری هەبووایە ماوەیەك بەکۆڵی خۆم هەڵمدەگرت و ماوەیەکیش بەپێ رێی دەکرد تاوەکو گەیشتنە ئەو شوێنەی کە موسڵمانەکان پێیگەیشتن. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو تاوەکو گەیشتە حەمراء ئەلئەسەد کە هەشت میل

لەمەدینەوە دوور بوو، سێ رۆژ لەوێدا مایەوە، دووشەممە و سێشەممە و چوارشەممە و پاشان گەڕایەوە مەدینە.

لەعبداللەی کوڕی ئەبی بەکری کوڕی موحەممەدی کوڕی عەمری کوڕی حەزم مەعبەد ئەلخوزاعییەوە، خوزاعە بەموسڵمان و هاوبەش پەیداکەریانەوە هاوکاری پەیامبەری خوا بوون، مەعبەد ئەو رۆژە هاوبەش پەیداکەر بوو، وتی: ئەی موحەممەد، سوێند بەخوا دڵگرانین بەوەی بەرانبەر بەهاوەڵەکانت رووی داوە، خۆزگەمان دەخواست سەلامەت بوونایە. پاشان لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەحەمراء ئەلئەسەدەوە رۆیشت تاوەکو گەیشتنە ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لە ئەلڕەوحاء و کۆهاتبوونەوە بۆ گەڕانەوە و چوونەسەر پەیامبەری خوا و هاوڵەکانی و وتیان: تووندیی هاوەڵەکانی و سەرکردە و گەورەکانیمان شکاند،گەڕاینەوە پێش ئەوەی لەڕیشەیان بهێنین، دەبێ پاشماوەکانیشیان لەنێو ببەین. جا کاتێك ئەبو سوفیان، مەعبەدی بینی، وتی: ئەی مەعبەد هەواڵی چیت پێیە؟ وتی: موحەممەد بەهاوەڵەکانییەوە دەرچووە بۆ هاتنە سەر ئێوە، ئەوەندە سەربازی کۆکردووەتەوە و بەجۆرێك گڕیان گرتووە بۆ کوشتنتان، هیچ کەسێکیان لێ دوانەکەوتووە و پەشیمانن لەوەی ئێوە ئەوەتان بەسەریاندا هێنا و ئێوە سەلامەت دەرچوون، نمونەی ئەو گردبوونەوە و داخ لەدڵییەم نەبینیووە. ئەبو سوفیان وتی: لەبارداریکت بچی بۆچوونی چیت هەیە؟ وتی: سوێند بەخوا وەهای بەباش دەزانم لێرە بڕۆی پێش ئەوەی ئەسپەکانت لێ دەرکەوێ. ئەبو سوفیان وتی: سوێند بەخوا خۆمان ئامادە کردووە بەجۆرێ پەلاماریان بدەین پاشماوەکانیشیان لەنێو بدەین. ئەویش وتی: من ڕێگریی ئەوەم لێت کرد، سوێند بەخوا ئەوەی من بینیم،سوپاکەی ئەحمەد لەوە گەورەتر و بەهێزترە بەدەم بووترێت.

ئەڵێ: ئەو قسەیە وەهای کرد ئەبو سوفیان و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، لەنیازی پەلاماردان پەشیمان ببنەوە و بگەڕێنەوە مەککە. کاروانێکی عەبدولقەیس بەلایاندا تێپەڕی و وتی: ئەتانەوێ بۆ کوێ بچن؟ وتیان:ئەمانەوێ برۆینە مەدینە. وتی: بۆچی؟

وتیان: بۆ کڕینی خواردن دەچین. وتی: ئەگەر پەیامێکتان پێ بدەم دەیگەیەننە موحەممەد و بەیانی لەعوکازدا پڕ بەوشترەکانتان مێوژتان بۆ بار بکەم ئەگەر ئەو کارەم بۆ بکەن؟ وتیان: بەڵێ. وتی: ئەگەر بەموحەممەد گەیشتن پێی بڵێین،ئێمە وا کۆبووینەتەوە بۆ ئەوەی بێینەسەر خۆی و هاوەڵەکانی و پاشماوەکانیان لەپیشە بکێشین. جا کاروانەکە بەلای پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) تێپەڕی کە لەحەمراء ئەلئەسەد بوو،ئەو قسەیەی ئەبو سوفیانیان بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەیاند، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی فەرموویان:"حسبنا الله ونعم الوكيل"،واتا: خوامان بەسە و باشترین پشتیوانە.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەدوای رۆژی سێیەم، رۆیشت بۆ مەدینە. هەندێ گێڕەرەوەی هەواڵ وەهای دادەنێن، کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەڕۆیشتن بۆ حەمراء ئەلئەسەد، موعاویەی کوڕی موغیرەی کوڕی ئەبی ئەلعاص و ئەبو عەزەی ئەلجومەحیی دەستگیر کردووە. لەدەرچوون بۆ حەمراء ئەلئەسەد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئیبن ئوم مەکتومی بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشت، لەو ساڵەدا مەبەستم ساڵی سێی کۆچی، لەنیوەی مانگی رەمەزاندا حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب لەدایکبوو، هەر لەو ساڵەدا فاتیمە، بەحوسێن سکی پڕ بوو(خوای گەورە لەهەردووکیان رازیی بێ)، وتراوە:لەنێوان هێنانە دونیای حەسەن و سکپڕبوونی بەحوسێن، تەنیا پەنجا شەو ماوە هەبووە،وەك وتراوە لەو ساڵەدا جەمیلەی کچی عبداللەی کوڕی ئوبەی، لەمانگی شەوالدا سکپڕ بووە بە عبداللەی کوڕی حەنزەڵەی کوڕی ئەبو عامرەوە.

باسکردنی ئەو رووداوانەی لەساڵی چوارەمی کۆچییدا رووبان داوە

پاشان ساڵی چوارەمی کۆچیی هات، غەزای ئەلڕەجیع لەمانگی سەفەری ئەو ساڵەدا رووی دا، یەکێك لەبەسەرهاتەکانی ئەو رووداوە، ئەوەیە کە عاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادە بۆی باسکردم وتی:دوای ئوحود، چەند کەسێکی عەزەل و ئەلقارە هاتن بۆلای

پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و وتیان: لەنێوماندا ئیسلام و خێر و خۆشیی بلاوبووەتەوە، بۆیە چەند هاوەڵێکتمان لەگەڵدا بنێرە فێری ئایینمان بکات و قورئانمان بۆ بخوێنن و شەریعەتی ئیسلاممان فێر بکەن، پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) شەش لەهاوەڵەکانی نارد کە مەرسەدی کوڕی ئەبی مەرسەد ئەلغەنەوی دۆست و هاوپەیمانی حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلێب و خالیدی کوڕی ئەلبوکەیری هاوپەیمانی نەوەی عەدی کوڕی عەمری کوڕی عەوف و عاسمی کوڕی سابتی کوڕی ئەبی ئەلئەقلەحی برای عەمری کوڕی عەوف و خوبەیبی کوڕی عەدی برای نەوەی جەحجەبی کوڕی کولفەی کوڕی عەمری کوڕی عەوف و زەیدی کوڕی ئەلدەسینەی برای نەوەی بەیازەی کوڕی عامر و عبداللەی کوڕی تاریقی هاوپەیمانی نەوەی زەفر لەبەلیی نارد،دەرچوون تاوەکو گەیشتنە سەر ئەلڕەجیع(کە ئاوێکی هوزەیل بوو لەرووی حیجاز لە صدور الهدأة) لەوێدا غەدر و خیانەتیان لەهاوەڵانی پەیامبەری خوا کرد(صلی الله علیه وسلم) و هاواریان کردە هوزەیل لەدژیان، شمشێری دەست ئەوانەی ناو کاروانەکەیان وەرگرت، ئەوان وتیان: سوێند بەخوا نامانەوێ بتانکوژین، بەڵکو دەمانەوێ بەڕادەستکردنتان بەخەڵکی مەککە، شتێکمان لەخەڵکی مەککە دەستکەوێ، ئەوە بەڵێن و پەیمانی خوا بێ ناتانکوژین. بەڵام مەرسەد و خالیدی کوڕی ئەلبوکەیر و عاسمی کوڕی سابت کوڕی ئەبی ئەلئەقلەح وتیان: سوێند بەخوا بەڵێن و پەیمانی هیچ هاوبەش پەیداکەرێك قبوڵ ناکەین. شەڕیان کرد تاوەکو هەموویان کوژران، بەڵام زەیدی کوڕی ئەلدەسینە و خوبەیبی کوڕی عەدی و عبداللەی کوڕی تاریق نەرمییان نواند و حەزیان دەکرد بژین، بۆیە خۆیانیان رادەستکرد، پاشان هەموویانیان دەرکرد بۆ مەککە تاوەکو لەوێدا بیانفرۆشن، لەزەهران بوون عبداللەی کوڕی تاریق کۆت و بەندی دەستی خۆی کردەوە و شمشێرەکەی هەڵگرت و هەوڵی راکردنی دا، بەڵام بەردبارانیان کرد تاوەکو کوژرا و گڕەکەی لەزەهرانە، هەرچی خوبەیبی کوڕی عەدی و زەیدی کوڕی ئەلدەسینەیە، ئەوە هێنایانیان بۆ مەککە و لەوێدا بەشتێك فرۆشتنیان،خوبەیب لەلایەن حوجەیری کوڕی ئەبی ئیهاب ئەلتەمیمی هاوپەیمانی نەوەی نەوفەلی کوڕی عوقبەی

کوڕی ئەلحاریسی کوڕی نەوفەلەوە کڕدرا، حوجەیر برای دایکیی ئەلحاریسی کوڕی عامر بوو، خوبەیبی کڕی، تاوەکو لەبری کوشتنی باوکی، بیکوژێت. هەرچی زەیدی کوڕی ئەلددەسینە بوو، ئەوە سەفوانی کوڕی ئومەییە ئەوی کڕی، تاوەکو لەبری کوشتنی ئومەییەی کوڕی خەڵەف باوکی بیکوژێت. هوزەیل کاتێ عاسمی کوڕی سابتتان کوشت، ویستیان سەری عاسم بفرۆشن بەسەلافەی کچی سەعدی کوڕی شەهید، چونکە کاتێ کوڕەکەی لەڕۆژی ئوحوُددا کوژرا، نەزری کرد ئەگەر کەللەسەری عاسمی دەستکەوێ، ئەوە لەناویدا عەرەق دەخواتەوە، زەردەوالّە نەیهێشت بتوانن لێی نزیکببنەوە، بۆیە وتیان: وازی لێ بهێنن تاوەکو دەگاتە کاتی ئێوارە و زەردەوالّەکان دەڕۆن، بەلاّم خوای گەورە لافاوێکی ناردە سەر شیوەکە و لافاو تەرمی عاسمی برد. بێگومان عاسم سوێندی بەخوا خواردبوو نابێ هەرگیز دەست لەهیچ هاوبەش پەیداکەرێك بدات و هیچ هاوبەش پەیداکەرێکیش دەستی لێ بدات، چونکە هاوبەش پەیداکەر پیسە.

عومەری کوڕی خەتاب کاتێ هەواڵی ئەوەی پێگەیشت کە زەردەوالّە نەیهێشتووە بێباوەڕان نزیکی تەرمەکەی بکەونەوە، ئەڵێ: سەیرە خوای گەورە چۆن بەندەی باوەڕدار دەپارێزێ، عاسم نەزری کرد هەرگیز لەژیانیدا نە ئەو دەست لەهاوبەش پەیداکەرێ بدات و نە هیچ هاوبەش پەیداکەرێك دەستی لێ بدات، خوای گەورە چۆن لەژیانیدا نەیهێشت و پاراستی، لەمردنیشدا پاراستی و نەیهێشت بێباوەڕان دەست لەتەرمەکەی بدەن.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: کەسی جگە لەئیبن ئیسحاق چیرۆکی جیاواز لەم چیرۆکەی ئەو دەستەیەی هێناوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەبو هورەیرە باسیکردووە، کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دە کەسی نارد و عاسمی کوڕی سابتی کردە ئەمیریان، دەرچوون تاوەکو گەیشتنە ئەلهەدئە، بۆ گەڕەك و شوێنێکی نەوەی هوزەیل کە پێیاندەوترا بەنو لیحیان باسکران کە چەند کەسێك هاتوون، سەد پیاوی تیرهاوێژیان ناردە سەریان، هاتنە شوێنەکەیان، بینییان خورمایان خواردووە، وتیان: ئەمە ناوکە خورمای یەسریبە. بەدوایاندا ڕۆیشتن تائەوەی عاسم و هاوەڵەکانی هەستیان پێیان کرد

و خۆیان گەیاندە چیایەك، گەمارۆیانیان دا و داوایان لێکردن دابەزن، بەڵێنیان دا هیچیان بەسەر نەهێنن. عاسم وتی: سوێند بەخوا لەسەر پەیمان و بەڵێنی بێباوەڕ دانابەزم. خوایە گیان لەبارەی ئێمەوە هەواڵ بەپەیامبەرەکەت بدە. ئیبن ئەلددەسینەی ئەلبەیازی و خوبەیب و پیاوێکی تر لەسەر بەڵێن و پەیمانی ئەوان، دابەزین،کەچی ئەوانە بێ پەیمانییان کرد و قۆڵیانیان بەستەوە، یەکێك لەو سێ کەسەیان بریندار کرد، وتی: سوێند بەخوا ئەمە غەدر و خیانەت بوو کردتان، شوێنتان ناکەوم، بۆیە لێدانیان کرد و کوشتیان، خوبەیب و ئیبن ئەلددەسینەیان برد بۆ مەککە، خوبەیبیان فرۆشت بەنەوەی ئەلحاریسی کوڕی عامری کوڕی نەوفەلی کوڕی عەبد مەناف، خوبەیب بوو ئەلحاریسی لەئوحوددا کوشتبوو. خوبەیب لای کچانی ئەلحاریس بوو، داوای گوێزانێکی کرد تاوەکو خۆی پاك بکاتەوە بۆ ئەو کاتەی دەکوژرێت. ئافرەتەکە تۆقی کە بینی منداڵەکەی لەباوەشی خوبەیبە و خوبەیبیش گوێزانەکەی بەدەستەوەیە، قیژاندی. خوبەیب وتی: ئەترسی بیکوژم! بزانە غەدر لەسیفەتی ئێمە نییە.

ئافرەتەکە دواتر ئەڵێ: هیچ دیلێکم نەبینی لەخوبەیب باشتر بێ، لەمەککەدا هیچ میوەیەك نەبوو، کەچی دەمبینی لای ئەو هێشووەترێ هەیە و لێی دەخوات، ئەوە تەنیا رزق و رۆزییەك بوو خوای گەورە بەخوبەیبی دەدا.

گەڕەکێکی قورەیش ناردیان تاوەکو لەپارچە گۆشتی عاسمیان بۆ بهێنرێت، چونکە عاسم لێدانی خراپی پێ کردبوون لەئوحوددا و کەسی لێ کوشتبوون، بەڵام خوای گەورە زەردەوالەی نارد و تەرمی عاسمی پاراست و ئەوانیش نەیانتوانی هیچ پارچەیەك لەتەرمەکەی ببەن. کاتێك خوبەیبیان لەحەرەمەوە دەرکرد تاوەکو بیکوژن، وتی: بهێڵن دوو رکاتی تێدا بکەم. ئەوانیش هێشتیان دوو رکات نوێژی تێدا بکات، ئیتر ئەوەش بووە سوونەت بۆ هەرکەسێك بەلەسەرخۆیی بکوژرێت، دوو رکات نوێژ بکات. پاشان خوبەیب وتی: ئەگەر نەیاندەوت دەترسێ، ئەوە نوێژی زیاترم دەکرد و گوێم بەمردنم نەدەدا:

وذلك في ذاتِ الإله وإن يَشَأْ يُبَارِكْ على أوصالِ شِلْوٍ مُمَزَّعِ

واتا: مادام مردنێك لەبەر خوایە، ئەوە با خوای گەورە ئەو جەستەیە بەرەکەتدار بکات بەوەی لەپێناو خۆیدا پارچە پارچە ببێ.

خوایە گیان یەك یەك بیانژمێرە و لەنێویان بدە. پاشان ئەبو سیروەعەی کوڕی ئەلحاریسی کوڕی عامری کوڕی نەوفەلی کوڕی عەبد مەناف دەریکرد و لێی دا و کوشتی.

جەعفەری کوڕی عەمری کوڕی ئومەییە هەواڵی داوە کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەتەنیا ناردی بۆ وەرگرتنی هەواڵ لەبارەی قورەیشەوە، ئەڵێ: هاتم بۆلای ئەو تەختەیەی خوبەیب پێیوە هەڵواسرابوو، لەچاوی خەڵکی دەترسام، خۆمم بەتەختەکەدا بەرزکردەوە و گوریسەکەم کردەوە و خوبەیب کەوتەسەر زەوی، کەمێ دوورکەوتمەوە و پاشان لامکردەوە بەلای خوبەیبدا، تەماشام کرد خوبەیب دیاری نەما وەك ئەوەی زەویی قووتی دابێ، ئیتر باسی تەرمەکەی نەما.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: هەرچی زەیدی کوڕی ئەلددیسنەیە، ئەوە سەفوانی کوڕی ئومەییە لەگەڵ خزمەتکارێکدا کە پێیدەوترا نیستاس، ناردی بۆ ئەلتەنعیم. لەحەرەم دەریکرد بۆ ئەوەی بیکوژێ، چەند کەسێکی قورەیش لای کۆبوونەوە کە ئەبو سوفیانی کوڕی حەربیشیان تێدا بوو، کاتێ هێنرا بۆ ئەوەی بکوژرێت، ئەبو سوفیان پێیووت: بەخوا سوێندت دەدەم، حەزت نەدەکرد ئێستا موحەممەد لەجێگەی تۆ بوایە و لەگەردنی بدرایە و تۆش لەنێو مالّ و منداڵی خۆتدا بوویتایە؟ زەید وتی: سوێند بەخوا حەزناکەم موحەممەد درکێ بەپێیدا بچەقێ و منیش لەنێو مالّ و منداڵی خۆمدا بم. ئەبو سوفیانیش ئەیووت: لەنێو خەڵکییدا هیچ کەسێکم نەبینیووە نمونەی هاوەلانی موحەممەد چۆن موحەممەدی گەورەیان خۆشدەوێ،خەڵکێك هەبێ و گەورەی خۆیانیان خۆشبووێ. پاشان نیستاس کوشتی.

باسکردنی هەوالّ لەبارەی عەمری کوڕی ئومەییەی ئەلزەمری کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) رەوانەی کردبوو بۆ کوشتنی ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب:

کاتێ هەوالّ گەیشت بەوەی ئەو کەسانە کوژراون کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) رەوانەی لای عەزل و ئەلقارەی کردوون، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) عەمری کوڕی ئومەییەی ئەلزەمری لەگەلّ پیاوێکی ئەنساریدا نارد بۆ مەککە و فرمانی پێکردن ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب بکوژن.

عەمری کوڕی ئومەییە ئەلّێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەدوای کوشتنی خوبەیب و هاوەلانی، لەگەلّ پیاوێکی ئەنساریدا منی رەوانە کرد و فەرمووی: "برۆن بگەنە لای ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب و بیکوژن". ئەلّێ: من و هاوڕێکەم دەرچووین و من وشترێکم پێ بوو، هاوڕێکەم وشترێ پێ نەبوو، قاچی دەردەدار بوو، لەسەر وشترەکەی خۆم سەرمدەخست تاوەکو گەیشتینە دۆلّی یەئجەج، لەنێو شیوەکەدا وشترەکەمان بەستەوە و بەهاوڕێکەمم وت: بمانبە بۆلای مالّی ئەبو سوفیان، من هەولّدەدەم بیکوژم، تۆش بڕوانە ئەگەر دەستگیرکرام یان لەشتێك ترسای، خۆت بەوشترەکەت بگەیەنە و سەرکەوە و خۆت بگەیەنە مەدینە، خۆت بگەیەنەرە لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و هەواڵەکەی پێ بگەیەنە، ئەوکات واز لەمن بهێنە. من شارەزام بەم ولاتە و قاچم ساغە.

جا کاتێك چووینە ناو مەککەوە و خنجەرێکم پێ بوو ئامادەم کردبوو بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێك باوەشم پێدا بدات، بەو خنجەرە بیکوژم. هاوڕێکەم پێیووتم: بەلاتەوە چۆنە سەرەتا هەفتەیەك تەوافی بەیت بکەین و دوو رکات نوێژ بکەین. منیش وتم: من لە تۆ زیاتر شارەزای مەککەم، کە ستەم بکەن، هەموو شتێك دەشێوێنن، من دەزانم خەڵکی مەککە لەشەواندا حەوشەیان ئاو پرژێن دەکەن و پاشان تیایدا دادەنیشن، من لەئەسپی دێز شارەزاترم بەمەککە. ئەلّێ: بەردەوام دەیووتەوە تاوەکو هاتینە بەیت و تەوافمان کرد و دوو رکات نوێژمان کرد، پاشان دەرچووین تاوەکو بەلای یەکێك لەمەجلیسەکانیاندا تێپەڕبووین، یەکێکیان منی ناسییەوە و بەوپەڕی دەنگی بەرزی

هاواری کرد: ئەوە عەمری کوڕی ئومەییەیە. ئەڵێ: خەڵکی مەکەکە پەلاماری ئێمەیان دا و وتیان: سوێند بەخوا عەمر بۆ خێر و خۆشیی نەهاتووە. عەمر لەسەردەمێکی نەفامییدا پیاوێکی تووند و بەهێز بوو. جا ئەڵێ: هەڵسان بەدوای من و هاورێکەمدا. بەهاورێکەمم وت: خۆت رزگاربکە، سوێند بەخوا ئەمە ئەوە بوو کە وڕیاییم لەبارەوە دەدا، دەی خۆت رزگار بکە. ئەڵێ: بەخێراییەوە دەرچووین تاوەکو بەچیاکەدا بەرزبووینەوە و چووینە ئەشکەوتێکەوە و شەو لەوێدا ماینەوە. دەستیان بەئێمە نەگەیشت و ئێمەیان نەدۆزییەوە، بۆیە گەڕانەوە. کاتێك چوومە ناو ئەشکەوتەکەوە، خۆم دایە پەنای هەندێ بەرد و تاوێر و بەهاورێکەمم وت: مۆڵەتم بدە تاوەکو دەستهەڵدەگرن لەگەڕان بەدواماندا،سوێند بەخوا شەو و رۆژێ بەدواماندا دەگەڕێن تاوەکو بێ ئومێد دەبن. ئا لەمەدا بووین عوسمانی کوڕی مالیکی کوڕی عوبەیدوللەی ئەلتەمیمی بەئەسپەکەیەوە هات تاوەکو بەسەر سەرمانەوە راوەستا لەبەردەم دەرگای ئەشکەوتەکە، بەهاورێکەمم وت: سوێند بەخوا ئەمە کوڕی مالیکە، ئەگەر بێتو ئێمە ببینێ، ئەوە تەواوی خەڵکی مەککە بە ئێمە دەزانن. ئەڵێ: دەرچووم بۆلای و بەخنجەر چوومە سەری و لەژێر سنگەوە خنجەرێکم لێ دا هاوارێکی کرد، خەڵکی مەککە گوێیان لەهاوارەکەی بوو، بەرەو لای دەنگەکە هاتن و منیش گەڕامەوە شوێنەکەی خۆم لەنێو ئەشکەوتەکە و بەهاورێکەمم وت: لەشوێنی خۆت بمێنەرەوە نەجوڵێی. خەڵکی مەککە رووە و دەنگەکە هاتن و بینییان وا لەسەرەمەرگدایە، وتیان: مالێ کاول کێ لە تۆی داوە؟ وتی: عەمری کوڕی ئومەییە. پاشان مرد و نەیتوانی شوێنی ئێمەیان پێ بڵێ. وتیان: سوێند بەخوا زانییمان بۆ خێر نەهاتووە، جا تەرمەکە ئەوانی سەرقاڵکرد و بەدوای ئێمەدا نەگەڕان. تەرمەکەیان هەڵگرت و ئێمەش دوو رۆژ لەنێو ئەشکەوتەکەدا ماینەوە تاوەکو بارودۆخەکە ئارام بوویەوە و وازیان هێنا لەگەڕان بەدواماندا. پاشان دەرچووین بۆ ئەلتەنعیم و ئەو تەختەیەی کە خوبەیبی لەسەر هەڵواسرابوو، لەوێدا بوو. هاورێکەم پێی وتم: ئەتەوێ خوبەیب لەسەر سێدارەکە دابگرێت؟ وتم: لەکوێیە؟ وتی: ئا ئەوەیە. وتم: باشە، کەمێك مۆڵەتم بدە و لە من دوورببەوە، پاسەوانی بەدەورە و پاسەوانیی دەکەن.

عەمری کوڕی ئومەییە ئەڵێ: بەپیاوە ئەنساریيەکەم وت: ئەگەر لەشتێك ترسای، ئەوە رێگە بگرەبەر بۆلای وشترەکەت، سەرکەوە و خۆت بگەیەنە بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هەواڵەکەی پێ بگەیەنە. خۆم گەیاندە تەختەدارەکە و چوومە سەرەوە و تەرمەکەم خستە سەر پشتم، سوێند بەخوا نزیکەی چل هەنگاو هەنگاوم نا، ئەوجا زانییان و دوامکەوتن و تەرمەکەم فڕێ دا و تووند بەدوامدا هاتن، رێگەی ئەلسەفرانە گرتەبەر و خۆم ونکرد، ئەوانیش گەڕانەوە شوێنی خۆیان، هاوڕێکەشم خۆی گەیاندە وشترەکەی و سەرکەوت و پاشان گەیشتە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕابوویەوە. دەستمکردە رێکردن تاوەکو گەیشتمە ئەلغەلیل، غەلیل زەجنان و چوومە ئەشکەوتێکی ئەوێ و کەوان و تیرم پێ بوو، لەنێو ئەشکەوتەکەدا بووم پیاوێکی نەوەی ئەلدیلی کوڕی بەکر، یەك چاوی درێژ کە مەڕی دەلەوەڕاند، هاتە نێو ئەشکەوتەکەوە، وتی: تۆ کێی؟ وتم: پیاوێکی نەوەی بەکرم. وتی: منیش نەوەی بەکرم ئینجا ئەلدیل، لەنێو ئەشکەوتەکەدا لەگەڵمدا پاڵکەوت و گۆرانیی دەوت و ئەیووت:

ولسْتُ بمسْلِمٍ ما دمتُ حَيًّا ... ولستُ أدينُ دينَ الْمُسْلِمينَا

واتا: هەتا ئەوکاتەی زیندووبم، موسڵمان نابم و ناچمە سەر ئایینێك ئایینی موسڵمانان بێ.

منیش وتم: دوایی تێتدەگەیەنم.

زۆری نەخایاند کابرای ئەعرابیی خەوت، منیش بەخراپترین شێوە کوشتم و دەرچووم. لەڕێگەدا بەدوو پیاوی خەڵکی مەککە گەیشتم کە قورەیش ناردبوونی بۆ وەرگرتنی هەواڵ لەبارەی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم)، هەردووکیانم دەناسی، پێموتن: خۆتان رادەست بکەن. وتیان: خۆمان رادەستی تۆ بکەین! ؟ تیرم گرت لەیەکێکیان و کوشتم، بەوی تر وتم: خۆت بدە بەدەستەوە. خۆی رادەست کرد و منیش قۆڵم بەستەوە و بردم بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم).

لەعەمری کوڕی ئومەییەوە ئەڵێ: کاتێ گەیشتمە مەدینە، بەشوێنی پیاوماقوڵانی ئەنساردا تێپەڕبووم، وتیان: سوێند بەخوا ئەمە عەمری کوڕی ئومەییەیە. منداڵ و تازە

پێگەیشتووان گوێیان لەو قسەیەی ئەوان ببوو، خێرا خۆیان گەیاندبووە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و ئەو هەواڵەیان پێ دابوو، پەنجەی دیلەکەم بەقەڵغانەکەمەوە تووند کردبوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تەماشایەکی کرد و پێکەنی تاوەکو ددانەکانی دەرکەوتن، پاشان لێی پرسیم و منیش هەواڵەکەم بۆ گێڕایەوە، قسەی خێر و دوعای چاکی بۆ کردم.

لەو ساڵەدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) زەینەبی کچی خوزەیمەی مارە کرد، دایکی هەژاران، کە لەنەوەی هیلال بوو، لەمانگی رەمەزان مارەی کرد و گواستییەوە، دوانزە ئۆقیەی بۆ کردە مارەیی، پێشتر خێزانی تۆفەیلی کوڕی ئەلحارس بوو تەلاقی دابوو.

باسکردنی هەواڵی بیری مەعونە

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: لەو ساڵەدا، مەبەستم ساڵی چواری کۆچییە، ئەو سریەیەی کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رەوانەی کردن، لای بیری مەعونە کوژران، هۆکاری ئەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رەوانەی کردن، ئەوە بوو کە ئیبن حومەید باسیدەکات و ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پاشماوەی مانگی شەوال و زو ئەلقەعیدە و زو ئەلحیجە و موحەڕەم لەمەدینە مایەوە، حەجی ئەو ساڵە، هاوبەش پەیداکەران بەڕێوەیان برد، پاشان لەمانگی سەفەردا هاوەڵانی بیری مەعونەی رەوانە کرد لەسەرەتای چواردە مانگی دوای ئوحود، لەباس و بەسەرهاتی ئەو هاوەڵانە، ئەوەیە کە ئیبن ئیسحاق باسی دەکات و ئەڵێ: ئەبو بەراء عامری کوڕی مالیکی کوڕی جەعفەر ملاعب الأسنة هات کە گەورەی نەوەی عامری کوڕی سەعسەعە بوو، هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمەدینە و دیاریی هێنا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دیاریيەکەی رەتکردەوە و قبوڵی نەکرد،فەرمووی:"ئەی ئەبو بەراء من دیاریی کەسی هاوبەش پەیداکەر قبوڵ ناکەم، ئەگەر ئەتەوێ دیاریيەکەت قبوڵ بکەم، ئەوە ببەرە موسڵمان". پاشان باسی ئیسلامی بۆ کرد و ماف و پاداشتی مُوسڵمانی بۆ

باس کرد و ئەو پاداشتانەی کە خوای گەورە بەلێنی بەباوەڕداران داوە. قورئانی بۆ خوێندەوە، بەلأم نە بووە موسلمان و نە سەرسەختیی کرد، وتی: ئەی موحەممەد ئەم پەیامەی تۆ بانگەوازی بۆ دەکەی، شتێکی جوان و شیرینە، چی دەبێ چەند هاوەڵێکت بنێری بۆلای خەڵکی نەجد تاوەکو بانگەوازیان بکەن، ئومێدی ئەوەم هەیە بەدەم بانگەوازەکەتەوە بێن. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەترسم خەڵکی نەجد زیانیان پێ بگەیەنن". ئەبو بەراء وتی: من پەنایان دەدەم،بیانێرە تاوەکو بۆ پەیامەکەت بانگەواز بکەن. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) ئەلمونزیری کوڕی عەمر برای نەوەی ساعیدە ئەلموعەنیقی بەچل هەڵبژاردەی ناو موسلمانانەوە نارد کە ئەمانەیان تێدا بوو: ئەلحاریسی کوڕی ئەلسەممە و حەرامی کوڕی میلحان بۆ نەوەی عەدی کوڕی ئەلنەجار و عوروەی کوڕی ئەسمائی کوڕی ئەلسەڵت ئەلسولەمی و نافیعی کوڕی بودەیلی کوڕی وەرقاء ئەلخوزاعی و عامری کوڕی فەهیرەی خزمەتکاری ئەبو بەکر، لەگەڵ کۆمەڵێ پیاو لەهەڵبژاردەی موسلمانان نارد کە ناویان هێنراوە.

لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ئەڵێ: پەیامبەی خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەلمونزیری کوڕی عەمری بەحەفتا سوارەوە نارد، بەرێکەوتن تاوەکو گەیشتنە بیری مەعونە کە زەوییەکە لەنێوان زەوی نەوەی عامر و مالّەکانی نەوەی سولەیمدایە، نزیکترە بەمالّ و گەڕەکی نەوەی سولەیمەوە، جا کاتێک دابەزینە ئەوێ، حەرامی کوڕی میلحانیان بەنامەی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) نارد بۆلای عامری کوڕی ئەلتوفەیل. کاتێ حەرام هات بۆلای، عامر سەیری نامەکەی نەکرد و حەرامی کوشت، پاشان هاواری کرد بەسەر نەوەی عامردا، بەلأم ئەوان بەدەم داواکەیەوە نەڕۆیشتن و وتیان: ئێمە ئەبو بەراء شەرمەزار ناکەین، ئەو بەلێنی پێ داون و پەنای داون. بۆیە هاواری کرد و هۆزەکانی عەسیە و رەعل و زەکوانی لەبەنی سولەیم بانگکرد و بەدەم بانگەکەیەوە ڕۆیشتن، دەرچوون و دەورەیان لەموسلمانەکان دا، کە موسلمانەکان ئەوانیان بەو جۆرە بینی، شمشێرەکانیان هەڵکێشا و شەڕیان کرد و یەک بەدوای یەک کوژران، تەنیا کەعبی کوڕی زەیدی برای نەوەی ئەلدیناری کوڕی ئەلنەجار نەبێ کە لەسەرەمەرگدا وازیان

نیهێنا و لەنێو کوژراوەکاندا فرێیان دا، بەڵام ژیا و بەوە نەمرد تاوەکو لەشەڕی خەندەقدا کوژرا.

عەمری کوڕی ئومەییەی ئەلزەمری و پیاوێکی ئەنساریی لەنەوەی عەمری کوڕی عەوف لەناوچەی ئەو قەومەدا بوون، ئاگادار نەبوون چی بەسەر هاوڕێکانیاندا هاتووە هەتا ئەوکاتەی بینییان باڵندە بەسەر سەریانەوە دەسووڕێتەوە، وتیان: سوێند بەخوا ئەو باڵندانەی بەو شوێنەدا دەسووڕێنەوە، نیشانەی شتێکە. بۆیە ڕۆیشتن تاوەکو بڕوانن باسەکە چییە. ڕۆیشتن و بینییان هاوەڵان خوێناوین و ئەو ئەسپسوارانەش کە ئەوانیان کوشتووە، ڕاوەستاون. پیاوە ئەنساریەکە بە عەمری کوڕی ئومەییەی وت: چی بکەین؟ وتی: وەهای بەباش دەزانم خۆمان بگەیەنین بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هەواڵەکەی پێ بگەیەنم. بەڵام پیاوە ئەنساریەکە وتی: لەشوێنێك کە ئەلمونزیری کوڕی عەمر بکوژرێ، ئارەزووی سەلامەتیی ناکەم. شەڕی کرد تاوەکو کوژرا و عەمری کوڕی ئومەییەشیان دەستگیر کرد. کاتێ عەمر هەواڵی پێدان لەهۆزی موزەڕە، عامری کوڕی توفەیل ڕزگاری کرد و لەپاداشتی ئازادیی دایکیدا، ئەوی ئازاد کرد. عەمر لەقەرقەرە بوو لەسەرەتای چاوگە ئاوەکە، دوو پیاوی نەوەی عامر هاتن و لەسێبەرێکدا لەکەڵیدا لایاندا، لەگەڵ عامرییەکاندا پەیمان و پەنادان هەبوو کە عەمری کوڕی ئومەییە بەوە ئاگادار نەبوو، جا کاتێك لایاندایە لای عەمر، عەمر لێی پرسین: هەردووکتان لەچی هۆزێکن؟ وتیان: لەنەوەی عامرین. بۆیە عەمری کوڕی ئومەییە مۆڵەتی دان تاوەکو خەوتن و هەڵسا هەردووکیانی کوشت. وەهای زانی تۆڵەی هاوەڵانی بیری مەعونەی کردووەتەوە. کاتێك عەمر گەڕایەوە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هەواڵەکەی پێ دا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"دوو کەست کوشتووە دەبێ خوێنبایيان بدەم، ئەمە کاری ئەبو بەراء بوو، حەزم بەم کارە نەکرد و ترسام".

ئەو هەواڵە بەئەبو بەراء گەیشت و بەداخ بوو بۆ ئەوەی عامر شەرمەزاری کردووە و چی بەسەر پەیامبەری خوادا هاتووە(صلى الله عليه وسلم) کە بەهۆی پەنادانی ئەوەوە ئەوە ڕووی دا.

لەهیشامی کوڕی عوروەوە ئەویش لەباوکییەوە کە عامری کوڕی توفەیل ئەیووت: یەکێك لەو پیاوانەی کە کوژران، کاتێ کوژرا بینیم بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان، وتیان: ئەوە عامری کوڕی فوهەیرەیە.

ئەنەسی کوڕی مالیك لەبارەی ئەو هاوەلانەی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رەوانەی کردن بۆلای خەلکی بیری مەعونە. ئەڵێ: نازانم چل کەس بوون یان حەفتا، لەسەر ئەو ئاوە، عامری کوڕی ئەلتوفەیلی ئەلجەعفەریی هەبوو، ئەو هاوەلانەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هاتن تاوەکو گەیشتنە ئەشکەوتێك کە دەیڕوانیە سەر ئەو ئاوە، لەوێدا دانیشتن، پاشان بەیەکتریان وت: کێ لەئێمە پەیامی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بگەیەنێتە خەلکی ئەم ئاوە؟ ئەڵێ: وەهای دەبینم کوڕی میلحانی ئەنساریی وتی: من پەیامی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەگەیەنم. دەرچوو تاوەکو گەیشتە لای مالّەکان و لەبەردەم مالّەکان راوەستا و وتی: ئەی خەلکی بیری مەعونە، من نێردراوی پەیامبەری خوام بۆلای ئێوە، شایەتیی دەدەم هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لە الله و موحەممەدیش بەندە و پەیامبەری خوایە، بۆیە باوەڕبهێنن بەخوا و پەیامبەرەکەی. یەکێك لەوەی لەمالّێکەوە دەرچوو، بەڕمێکەوە هات و کردیە بەکەلاکەیدا و لەدیووەکەی تڕەوە دەریکرد، کوڕی میلحان وتی: الله أكبر، سوێند بەپەروەردگاری کەعبە بردمەوە. بەدواید هاتن تاوەکو هاتنە لای هاوڵەکانی لەناو ئەشکەوتەکەدا،عامری کوڕی توفەیل هەموویانی کوشت.

ئیسحاق ئەڵێ: ئەنەسی کوڕی مالیك بۆی باسکردم، کە خوای گەورە ئایەتی لەبارەوە دابەزاندن:(بلغوا عنا قومنا أنا قد لقينا ربنا فرضي عنا ورضينا عنه)،واتا: بەقەومەکەمان بگەیەنن کە ئێمە وا بەپەروەردگارمان گەیشتینەوە، ئەو لەئێمە رازیی بوو، ئێمەش لە ئەو رازیی بووین. پاشان ئەو ئایەتە نەسخ بوویەوە و لابرا دوای ئەوەی ماوەیەك دەمانخوێندەوە و خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند:﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ

أَمْوَٰتًۢا بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ آل عمران: ١٦٩، واتا:هەرگیز وا گومان مەبەن ئەوانەی کە کوژران لەڕێی خوادا مردوون(نەخێر وانیە)بەڵکو ئەوانە زیندوون لای پەروەردگاریان رۆزی دەدرێن.

لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) حەفتا پیاوی ئەنساریی نارد لای عامری کوڕی ئەلتوفەیلی ئەلکیلابی، ئەمیری ئەو حەفتا کەسە وتی: ئێوە لەشوێنی خۆتاندا بمێننەوە تاوەکو هەواڵی ئەو قەومەتان بۆ دەهێنم. رۆیشت بۆلایان و وتی: ئایە سەلامەتییم پێ دەدەن تاوەکو پەیامی پەیامبەری خواتان پێ بگەیەنم؟ وتیان: بەڵێ. لەنێویاندا بوو، پیاوێك رمی کرد بەسکیدا، ئەویش وتی: سوێند بەپەروەردگاری کەعبە بردمەوە. کوژرا. عامر وتی: وەهای نابینم خۆی تەنیا بێ، ئەمە هاوڕێی دیکەی هەیە، بۆیە بەشوێنەواریدا بگەڕێن، بەجێ پێیەکەیدا هاتن تاوەکو هاوڕێکانیان دۆزییەوە و هەموویانیان کوشت، تەنیا یەك پیاو لەدەستیان رزگاری بوو. ئەنەس ئەڵێ: لەوەی نەسخ بوویەوە، ئەمە بوو کە دەمانخوێندەوە:(بلغوا عنا قومنا أنا قد لقينا ربنا فرضي عنا ورضينا عنه)،واتا: بەقەومەکەمان بگەیەنن کە ئێمە وا بەپەروەردگارمان گەیشتینەوە، ئەو لەئێمە رازیی بوو، ئێمەش لە ئەو رازیی بووین. هەر لەو ساڵەدا مەبەستم ساڵی چواری کۆچی، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەنو نەزیری لەوێ دەرکرد.

دەرکردنی بەنو نەزیر

هۆکاری ئەمە، ئەوە بوو کە پێشتر باسمان کرد لەباسی کوشتنی دوو پیاو لەلایەن عەمری کوڕی ئومەییەی ئەلزەمرییەوە کە لەکاتی گەڕانەوە بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) باسمان کرد. ئەو دوو پیاوە لەلایەن پەیامبەری خواوە پەیمان و پەنایان هەبوو،وتراوە: عامری کوڕی توفەیل نامەی بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نووسیووە: تۆ دوو پیاوت کوشتووە کە خۆت پەنات داوون و پەیمانت پێیان داوە، بۆیە خوێنبابیان بدە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رۆیشت بۆ قوبا و پاشان لای دا

بۆلای بەنو نەزیر و داوای کرد لەو خوێنەدا هاوکاریی بکەن، چەند هاوەڵێکی کۆچەر و پشتیوانانیشی لەگەڵ بوو، ئەبو بەکر و عومەر و عەلی و ئوسەیدی کوڕی حوزەیریشیان تێدا بوو.

ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین وتی: موحەممەدی کوڕی ئیسحاق بۆی باسکردین وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بۆلای بەنو نەزیر تاوەکو هاوکاریی بکەن لەخوێنبایی ئەو دوو پیاوەی نەوەی عامر کە عەمری کوڕی ئومەییەی ئەلزەمریی کوشتبوونی، چونکە لەلایەن پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) پەنادانیان هەبوو، هەروەك یەزیدی کوڕی رومان بۆی باسکردم، لەنێوان نەوەی نەزیر و نەوەی عامردا هاوپەیمانی و پەیمان هەبوو، جا کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هات بۆلایان و داوای لێکردن لەو خوێنبایيەدا هاوکاریی بکەن، وتیان: بێگومان ئەی ئەبا ئەلقاسم هاوکارییت دەکەین بەو جۆرەی تۆ پێت خۆشە. پاشان پێکەوە مانەوە و بەیەکتریان وت: لەم حاڵەتەدا باشتر نییە کە ئەم پیاوەی تێدایە، ئەمە هەلێکی باشە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەپاڵ دیواری خانوویەکیاندا دانیشتبوو، یەکێکیان وتی: کێ دەچێتە سەربانی ئەم خانووە و بەردێکی گەورە دەدات بەسەریدا و بیکوژێ و لەکۆڵمانی بکاتەوە؟ عەمری کوڕی جیحاشی کوڕی کەعب کە لەخۆیان بوو، وتی من ئەوە دەکەم. چووە سەر بان تاوەکو بەردەکە بخاتە سەر پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ چەند هاوەڵێکیدا بوو کە ئەبو بەکر و عومەر و عەلیشیان تێدا بوو، لەئاسمانەوە هەواڵ بۆ پەیامبەری خوا هات کە ئەو قەومە نیازی چییان هەیە، بۆیە هەڵسا و بەهاوەڵەکانی فەرموو:"لێرە مەجوڵێن تاوەکو دەگەڕێمەوە لاتان". دەرچوو بەگەڕانەوە بۆ مەدینە، جا کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ماوەیەك بەسەر رۆیشتنیدا تێپەڕ بوو، هاوەڵانی هەڵسان بەدوایدا و بەپیاوێك گەیشتن لەمەدینەوە دەهات، لەبارەی پەیامبەری خواوە لێیان پرسی، وتی: بینیم رۆیشتە مەدینەوە. هاوەڵانیشی هاتن تاوەکو گەیشتنە لای و

ئەویش هەوالّی پێدان کە جولەکەکان نیازی چی کارێکیان هەبووە و ویستوویانە غەدر و ناپاکیی پێ بکەن.

پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فرمانی پێکردن خۆیان ئامادە بکەن بۆ شەڕکردنی ئەو جولەکانە و رۆیشتن بۆ سەریان، پاشان لەگەلّ خەلّکدا بۆیان بەڕێکەوت تاوەکو دابەزییە سەریان، ئەوانیش لەقەلاّکانیاندا سەنگەریان گرت، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فرمانی کرد دار خورماکان ببڕنەوە و ئاگری بدەن. ئەوانیش هاواریان کرد: ئەی موحەممەد تۆ ڕێگرییت دەکرد لەتێکدان، ئەی بۆ دارخورماکان دەبڕیتەوە و دەیانسووتێنی؟

هەرچی واقیدییە، ئەوە باسدەکات کە نەوەی ئەلنەزیر کاتێك پیلانیان گێڕا بەوەی بەردێکی گەورە بدەن بەسەر پەیامبەری خوادا(صلی الله علیه وسلم)، سەللامی کوڕی میشکەم ڕێگریی لێکردن و لەشەڕ ترساندنی و وتی: ئەو بەم کارە دەزانێ و ئەزانێ نیازی چیتان هەیە. بەلاّم ئەوان بەگوێی سەللامیان نەکرد و عەمری کوڕی جیحاش چووە سەربان تاوەکو بەردەکە غلۆر بکاتەوە، لەئاسمانەوە هەواڵ بۆ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دابەزی. هەلّسا وەك ئەوەی بیەوێ سەرئاوێك بکات، هاوەلاّنیشی چاوەڕێیان دەکرد، گەڕانەوەی درەنگ کەوت و وەهای کرد جولەکەکان بلّێن: چی شتێك ئەبا ئەلقاسمی دواخست؟! هاوەلاّنیشی رۆیشتن. کینانەی کوڕی صوریا وتی: هەواڵی ئەوەی پێگەیشتووە کە نیازتان هەبوو ئەنجامی بدەن. ئەلّێ: کاتێ هاوەلاّنی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) گەڕانەوە و گەیشتنە لای کە لەمزگەوتدا دانیشتبوو، وتیان: ئەی پەیامبەری خوا ئێمە لەچاوەڕوانیی تۆدا بووین و تۆش رۆیشتی. فەرمووی:"جولەکە ویستی بمکوژن و خوای گەورە بەو کارە ئاگاداری کردمەوە، موحەممەدی کوڕی مەسلەمەم بۆ بانگ بکەن". موحەممەدی کوڕی مەسلەمەیان بانگکرد و پێی فەرموو:"بچۆ بۆلای ئەو جولەکانە و پێیان بلّێ: دەربچن لەوڵاتەکەی من و ئیتر لێرەدا نیشتەجێ نەبن،ویستم تۆڵەی ئەو غەدرەیان لێ بکەمەوە".

موحەممەدی کوڕی مەسلەمە رۆیشت بۆلایان و پێیووتن: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی پێکردوون لەخاکی ولاتەکەی دەربچن.

وتیان: ئەی موحەممەد، ئێمە وەها گومانمان نەدەکرد ئەم پیاوەی ئەوس بنێریتە لای ئێمە. موحەممەدی کوڕی مەسلەمە وتی: وا دڵەکان گۆڕان. وتیان: باشە قبوڵمانە، بەڵام عبداللەی کوڕی ئوبەی نامەی بۆ ناردن و وتی: دەرمەچن، عەرەب و قەومەکەم لەوانەی لەگەڵمدان دوو هەزار کەسن و لەگەڵ منداندا، لەشوێنی خۆتان بمێننەوە و منیش دێمە ریزتانەوە و قورەیزەش دێتە ریزی ئێوەوە. ئەوەی بە کەعبی کوڕی ئەسەدی خاوەن پەیمانی نەوەی قورەیزە گەیاند، ئەویش وتی: هەتا من زیندووبم، هیچ پیاوێکی نەوەی قورەیزە پەیمان هەڵناوەشێنێتەوە. سەللامی کوڕی میشکەم بەحویەی کوڕی ئەختەبی وت: ئەوە قبوڵ بکە کە ئەم کابرایە ئەیڵێ. موحەممەد وتی: قبوڵی بکەن تاوەکو لەوە خراپتر بڕیارتان لەسەر نەدرێت. وتی: لەمە خراپتر چییە؟ وتی: سەروەت و سامانتان دەبرێت و ژن و منداڵتان بەکۆیلە دەکرێت و جەنگاوەرەکانیشتان دەکوژرێت. حویەی ئەو پێشنیارەی رەتکردەوە، بۆیە جوودەیی کوڕی ئەختەبی نارد بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و وتی: ئێمە مافی خۆمان چۆڵ ناکەین، چیت پێ خۆش بوو ئەوە بکە. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم)(الله أكبر)ی کرد و موسڵمانان(الله أكبر)یان کرد و فەرمووی:"جولەکە شەڕی راگەیاند". جوودەیی رۆیشت بۆلای کوڕی ئوبەی بۆ داوای هاوکاریی، بینی کوڕی ئوبەی لەنێوان چەند هاوڕێیەکیدا دانیشتووە و پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) جاڕی چەك هەڵگرتن دەدات، عبداللەی کوڕی عبداللەی کوڕی ئوبەی هاتە ژوورەوە و منیش لای دانیشتبووم، چەکەکەی هەڵگرت و بەپەلە دەرچوو، لەهاوکارییکردنی بێ ئومێد بووم، هەموو ئەوانەم بەحویەی گەیاند، ئەویش وتی: ئەمە فێڵێکە لەلایەن موحەممەدەوە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆیان کشا و پانزە رۆژ گەمارۆی دان تاوەکو رێککەوتن لەسەر ئەوەی نەکوژرێن و تەنیا سەروەت و سامان و چەکی ئاسایی ببەن.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەمارۆی دان، واتا گەمارۆی بەنو نەزیر، پانزە رۆژ گەمارۆی دان تاوەکو بێزار بوون و ئەوەیان دا کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەیەویست، لەگەڵیاندا رێککەوت نەیانکوژێ و لەخاك و نیشتیمانی خۆی دەربانبکات و بەرێیان بخات بۆ ئەزریعاتی شام و بۆ هەر سێ کەسێکیان، وشترێك و جەوەنەیەك ئاوی هێشت.

لەئەلزوهرییەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) شەپی کردن تاوەکو لەگەڵیاندا رێککەوت لەوێ نەمێنن و دووریخستنەوە بۆ شام و تەنیا ئەوە دەربکات کە وشتر دەتوانێ بیگوازێتەوە و چەك.

ئەگەرێینەوە بۆلای باسەکەی ئیبن ئیسحاق و ئەڵێ: چەند کەسێکی نەوەی عەوفی کوڕی ئەلخەزرەج کە ئەمانەشی تێدا بوو: عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول و وەدیعە و مالیکی کوڕی ئەبی قەوقەل و سوەید و داعس، نامەیان بۆ بەنو نەزیر نارد کە لەشوێنی خۆتان جێگیر بمێننەوە و مل نەدەن، ئێمە ناهێڵین بەسەرتاندا زاڵ بن و ئەگەر شەڕیش کران، شان بەشانی ئێوە شەڕ دەکەین، ئەگەر دەریشکران، ئەوە لەگەڵتاندا دەردەچین، بۆیە بمێننەوە و خۆتان رادەست نەکەن. کەچی ئەوەشیان نەکرد. خوای گەورە ترسی خستە دڵی بەنو نەزیرەوە و داوایان لەپەیامبەری خوا کرد(صلى الله عليه وسلم) دووریان بخاتەوە و نەیانکوژێ و تەنیا باری وشتر و چەکی سووك دەربکەن.

ئەوەی بەوشترەکانیان هەڵگیرا، لەسەروەت و سامانی خۆیانیان بارکرد، بەدەستی خۆیان خانووەکانیان رووخاند و دەرگاکانیان لێ دەکردەوە و ئەیانخستە سەر پشتی وشترەکانیان و دەڕۆیشتن، هەندێکیان رووبانکردە خەیبەر و هەندێکیان رووبانکردە شام،لەو گەورانەیان کە رووبانکردە خەیبەر وەکو سەلامی کوڕی ئەبی ئەلحوقەیق و کینانەی کوڕی ئەلڕەبیعی کوڕی ئەلحوقەیق و حویەی کوڕی ئەختەب، کاتێك دابەزینە خەیبەر، خەڵکی خەیبەر بۆیان ملکەچ بوون.

لەعبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە کە باسیکردووە، ژنان و منداڵان و سەروەت و سامانیان لەگەڵ خۆیان بەرێخست و دەف و زورنا و ژنانی گۆرانیبێژیان لەگەڵدا بوو

لەدواوەیان گۆرانییان دەوتەوە، ئەو رۆژە ئوم عەمری خێزانی عوروەی کوڕی ئەلوەرد ئەلعەبسیی بوو، یەکێك بوو لەژنە گەورەکانی نەوەی غەفار.

ئەو سەروەت و سامانانەی دیکەیان بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەجێهێشت، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەسەر کۆچەرانی سەرەتادا دابەشی کرد نەك ئەنسار، تەنیا سەهلی کوڕی حەنیف و ئەبو دوجانە سەماکی کوڕی خەرەشە نەبێ کە باسی دەستکورتیی خۆیانیان کرد و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێی بەخشین. لەبەنو نەزیردا تەنیا دوو پیاو بوونە موسڵمان، ئەوانیش یامینی کوڕی عومەیری کوڕی کەعبی کوڕە مامی عەمری کوڕی جیحاش و ئەبو سەعدی کوڕەی وەهب بوون، بوونە موسڵمان و سەروەتەکەیان بۆ پارێزرا. ئەبو جەعفەر ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کاتێك دەرچوو بۆ شەڕی بەنو نەزیر، وەك دەوترێت ئیبن ئوم مەکتومی کردە سەرپەرشتیاری مەدینە، ئالاکەی لەو رۆژەدا لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بوو(سەلامی خوای لەسەربێ).

لەو ساڵە و لەمانگی جەمادی یەکەمدا عبداللەی کوڕی عوسمانی کوڕی عەفان لەتەمەنی شەش ساڵییدا کۆچی دوایی کرد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نوێژی لەسەر کرد و عوسمانی کوڕی عەفان دابەزییە نێو گۆڕەکەی. هەر لەو ساڵەدا کە چەند شەوێك لەمانگی شەعبان تێپەڕ ببوو، حوسێن(سەلامی خوای لەسەربێ) لەدایکبوو. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەدوای غەزای بەنو نەزیر، مانگی رەبیعی یەکەم و هەندێ لەمانگی جەماد لەمەدینە مایەوە ئینجا دەرچوو بۆ غەزای نەجد بەنیازی چوونەسەر نەوەی موحاریب و نەوەی سەعلە لەغەتفان تاوەکو دابەزییە نەخل، ئەوەیە کە پێیدەوترێ غەزوەی زات ئەلڕیقاع، لەوێدا بەکۆمەڵێکی غەتفان گەیشت، بەرانبەر بوونەوە بەڵام شەڕ رووی نەدا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نوێژی ترسی بەموسڵمانەکان کرد، پاشان موسڵمانەکان رۆیشتن، هەرچی واقیدییە وەهای داناوە، کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەموحەرەمی ساڵی پێنجی کۆچییدا غەزای زات ئەلڕیقاعی ئەنجام داوە، چونکە ئەو چیایەی کە زات ئەلڕیقاعی پێ ناونراوە، چیایەکە

خاکەکەی رەش و سپی و سوورە بۆیە غەزاکەش بەناوی ئەو چیایەوە ناونراوە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو غەزایەدا، عوسمانی کوڕی عەفانی بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشت.

لەئەبو هورەیرەوە ئەڵێ: لەگەڵ پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) دەرچووین بۆ نەجد تاوەکو گەیشتینە زات ئەلرِیقاع لە نەخل، بەکۆمەڵێکی غەتفان گەیشت، شەڕمان لەنێواندا رووی نەدا، تەنیا ئەوە نەبێ هەندێ کەس ئەوانیان ترساند و نوێژی ترس دابەزی، هاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بوونە دوو ریزەو، ریزێك بەرەو رووی دوژمن راوەستا و کۆمەڵێکیش لەپشت پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) راوەستان، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) (الله أكبر)ی کرد و هەمووان(الله أكبر)یان کرد، پاشان رکوع و سجودی بەوانەی پشتەوەی خۆی برد، کە هەڵسانەوە بەرەو دواوە گەڕانەوە بۆ ریزی هاوەڵەکانیان و ئەوانی تر گەڕانەوە بۆ خۆیان رکاتێکی تریان کرد، پاشان هەڵسانەوە و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رکاتێك نوێژی پێکردن و دانیشتن، ئەوانەی لەڕووی دوژمندا بوون گەڕانەوە رکاتی دووەمیان کرد و هەمووان دانیشتن و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەسەلامدانەوەدا هەمویانی یەکخست، هەموویان سەلامیان دایەوە.

موحەممەدی کوڕی بەشار ئەڵێ: موعازی کوڕی هیشام بۆی باسکردم وتی: باوکم بۆی باسکردم لەقەتادەوە ئەویش لەسولەیمان ئەلیەشکوریيەوە کە پرسیاری لەجابری کوڕی عبدالله کردووە لەبارەی ئەوەی لەچی رۆژێکدا نوێژ کورتکراوەتەوە؟ جابریش وتی: رۆیشتین بۆ رێگرتن لەکاروانی وشترەکانی قورەیش کە لەشامەوە دەگەڕایەوە تاوەکو گەیشتینە نەخل، پیاوێك لەو قەومە هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و وتی:ئەی موحەممەد. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بەڵێ". وتی: لە مەن دەترسێی؟ فەرمووی:"نە". وتی: ئەی چی شتێك تۆ لە من دەپارێزێ؟ فەرمووی:"خوای گەورە من دەپارێزێ". ئەڵێ: شمشێری هەڵکێشا و هەڕەشەی کرد، پاشان جارێ رۆیشتنی دا. بانگ درا و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نوێژی

بەکۆمەڵێك كرد و كۆمەڵێكی تر پاسەوانییان دەكرد، دوو ركاتی پێ كردن، پاشان ئەوانی تر هاتن دوو ركاتیان كرد و ئەوانەی سەرەتا پاسەوانییان كرد، پاشان سەلامی دایەوە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چوار ركات نوێژی كرد و دوو كۆمەڵەكە هەریەكە و دوو ركاتیان كرد، ئەو رۆژە خوای گەورە ئایەتی دابەزاند لەبارەی كورتكردنەوەی نوێژ و چەك هەڵگرتن.

لەجابری كوڕی عبداللەی ئەنساریيەوە كە پیاوێكی نەوەی موحاریب پێیدەوترا فلانی كوڕی ئەلحاریس، بەقەومی خۆی لەغەتفان و موحاریبی وت: موحەممەدتان بۆ بكوژم؟ وتیان: بەڵێ، بەس چۆن دەیكوژی؟ وتی: فێڵی لێ دەكەم. هات بەرەو لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەكاتێكدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دانیشتبوو. شمشێرەكەشی لەباوەشدا بوو. وتی: ئەی موحەممەد سەیری ئەو شمشێرەت بكە. فەرمووی:"بەڵێ". پێی بردە شمشێرەكەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و پەلاماری دا. وتی: ئەی موحەممەد لە من ناترسێی؟ فەرمووی:"نە، لە تۆ ناترسێم". وتی: چۆن ناترسێی لەكاتێكدا شمشێرەكە لە دەستی مندایە؟ فەرمووی:"نە، چونكە خوا من دەپارێزێ لەدەستی تۆ". پاشان كابرا شمشێرەكەی گەڕاندەوە بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاند:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذْكُرُواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ هَمَّ قَوْمٌ أَن يَبْسُطُوٓاْ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ فَكَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ ﴾ المائدة: ١١، واتا:ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە یادی چاكە و بەهرەی خوا بكەنەوە بەسەرتانەوە كاتێك كۆمەڵێك نیازیان كرد كە دەست درێژ بكەن بۆتان.

باسی غەزای ئەلسەویق كە غەزای دووەمی بەدر بوو پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەنجامی دا بۆ چوونەسەر وەختی بەڵێنی ئەبو سوفیان:

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: كاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەغەزای زات ئەلرِیقاعەوە هاتەوە مەدینە، پاشماوەی جەمادی یەكەم و جەمادی دووەم و رەجەب

لەمەدینەدا مایەوە پاشان لەشەعباندا دەرچوو بۆ بەدر بۆ چوونە سەر وەختی ئەو کاتەی کە ئەبو سوفیان بۆ رووبەڕووبوونەوە داینابوو، دەرچوو تاوەکو گەیشتە ئەو شوێنە و هەشت شەو لەوێدا مایەوە و چاوەڕوانی ئەبو سوفیان بوو، ئەبو سوفیانیش لەگەڵ خەڵکی مەککەدا دەرچوو تاوەکو دابەزییە مەجەننە لەڕووی ئەلزەهران، هەندێ خەڵکیش ئەڵێن عەسفانی بڕیبوو، پاشان وەهای بەباش زانی بگەڕێتەوە و وتی: ئەی کۆمەڵی قورەیش، ئەم شەڕە ئێستا بۆ ئێوە باش نییە، بۆ سالێکی پڕ پیت و بەرەکەت باشە، گژ و گیا زۆر بێ بۆ لەوەڕی ئاژەڵەکانتان و ئێوەش شیری ئاژەڵەکان بخۆن، بەڵام ئەم سالە وشکە سالییە، من وا دەگەڕێمەوە و ئێوەش بگەڕێنەوە. خەڵکییش گەڕانەوە. خەڵکی مەککە ناویان لێنا سوپای ئەلسەویق، ئەیانووت: ئێوە دەرچوون بۆ سەویق خواردن. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەبەدر مایەوە و چاوەڕێی ئەوەی دەکرد ئەبو سوفیان بێتە سەر وەختی بەڵێنی خۆی، مەخشیی کوڕی عەمری ئەلزەمەریی هات، ئەو بوو لەغەزوەی وەداندا بەگەورەی نەوەی زەمرە بەجێیهێشت، وتی: ئەی موحەممەد هاتووی بۆ ئەوەی لەسەر ئەم سەرچاوە ئاوە رووبەڕووی قورەیش بیتەوە؟ فەرمووی:"بەڵێ ئەی برای نەوەی زەمرە، ئەگەر ئەشتەوێ پەیمانی نێوان هەردوولات بۆ دەگەڕێنمەوە تاوەکو خوای گەورە لەنێوان ئێمە و ئێوەدا بڕیار دەدات. ئەویش وتی: نە سوێند بەخوا ئەی موحەممەد ئێمە پێویستمان بەوە نییە.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەوێدا مایەوە و چاوەڕوانی ئەبو سوفیانی کرد، مەعبەدی کوڕی ئەبی مەعبەدی ئەلخوزاعیی بەلایدا تێپەڕی و شوێنی پەیامبەری خوای بینی(صلى الله عليه وسلم) و وشترەکەی خستی، وتی:

قد نَفَرَتْ من رُفقَتَي مَحمَّدِ وعَجوَةٍ من يَثْرِبٍ كالعُنْجُدِ
تَهْوي على دِينِ أبيها الأتْلَدِ قد جَعَلَتْ ماءَ قُدَيد مَوْعِدِي
وماءَ ضَجْنان لها ضُحَى الْغَدِ

واتا:هـەڵهات لەکۆچـەران و پشـتیوانانی هـاوەڵی موحەممـەد و لـەخورمای عـەجوەی یەسریب کە وەك مێوژی رەشە. ئەو ئارەزووی مانەوەی هەیە لەسەر ئایینی باوباپیرانی و ئاوی قەدید و ئاوی زەجنانی بەسات و مەوعیدی چێشتەنگاوی بەیانیی بۆ خۆی داناوە.

هەرچی واقیدییە، ئەوە وەهای باس دەکات کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هاوەڵانی هان دا بۆ غەزوی بەدر بۆ چوونە سەر ئەو وەعد و بەڵێنەی کە ئـەبو سـوفیانی کـوڕی حـەرب لـەڕۆژی ئوحـوددا دای کـە سـاڵی داهـاتوو لەزولقەعـدەدا لەبـەدر بەیـەك دەگەنەوە. ئەڵێ: نوعەیمی کوڕی مەسعودی ئەلئەشجەعیی عومرەی کرد و رۆیشت بۆلای قـورەیش، وتیـان: ئـەی نوعـەیم لـەکوێوە هـاتی؟ وتـی: لەیەسـرییەوە. وتیـان: بینیـت موحەممەد جموجوڵ بکات؟ وتی: کاتێ موحەممەدم بەجێهێشت، خەریکی ئامادەسازیی بوو بۆ شەڕکردنی ئێوە. ئەوە پێش ئەوە بوو نوعەیم ببێتە موسڵمان. جا ئەبو سـوفیان پێیـووت: ئـەی نوعـەیم ئەمسـاڵ وشـکە سـاڵییە،شـەڕکردن لەسـاڵێکی لـەم جـۆرەدا لەبەرژەوەندیی ئێمە نییە، سـاڵێك باشە کە وشترەکان لەوەڕیان هەبێ بۆ خواردن و بکرێ ئێمەش لەشیرەکەیان بخۆینەوە، ئێستاش کاتی موحەممەد هاتووە، بۆیە خۆت بگەیەنـە بەمەدینە و هەوڵبدە ساردیان بکەیتەوە و وەهایان تێبگەیەنە کە ئێمە کۆمەڵێکی زۆریـن و دەرەقەتی ئێمەی نییە، وەهایان لێبکە دەرنەچن، حەز ناکەم پێش ئێمە بەوێ بگـەن. ئەگەر توانیت ساردیان بکەیتەوە دەرنەچن، ئەوە دە وشترت بۆ دادەنـێم لای سـوهەیلی کوڕی عەمر. سوهەیلی کوڕی عـەمر هـات بۆلایـان، نوعـەیم بەسـوهەیلی وت: ئـەی ئـەبو یەزید، ئایـە دەسـتەبەری ئـەو وشـترانەم بـۆ دەکـەی تـاوەکو بچـم بـۆلای موحەممـەد و پاشگەزی بکەمەوە لەدەرچوون؟ وتـی: بـەڵێ. بۆیـە نوعـەیم دەرچـوو تـاوەکو گەیشتە مەدینە، بینی وا خەڵکیی خۆیان ئامادە دەکەن، هەوڵی دا پاشـگەزیان بکاتـەوە و وتـی: ئەمە بۆچوون نییە، ئایە موحەممەد هێشتا بریندار نییە؟ ئایە هاوەڵانی نەکوژران؟ ئەڵێ: خەڵکیی سـارد کـردەوە تـاوەکو گەیشـتە لای پەیامبـەری خوا(صـلى الله عليه وسلم) و قسەی کرد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"سوێند بەو کەسەی گیـانی منی بەدەستە، ئەگەر هیچ کەسێ لەگەڵمدا دەرنەچێ، بەتەنیاش بێ دەردەچم". پاشان

خوای گەورە بەرچاوڕوونیی دا بەموسڵمانان و بەکۆمەڵێ بازرگانییەوە دەرچوون، بۆ هەر درهەمێك دوو درهەمیان دەسکەوت، بەدوژمن نەگەیشتن و گەیشتنە بەدری شوێنی بەیەکگەیشتن و ڕووبەڕووبوونەوە، لەسەردەمی نەفامییدا شوێنی بازارگە بوو، هەموو ساڵێك هەشت ڕۆژ لەوێدا کۆدەبوونەوە. ئەبو جەعفەر ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) عبداللەی کُوڕی ڕەواحەی بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشت.

واقیدیی ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو ساڵەدا ئوم سەلەمەی کچی ئەبی ئومەییەی لەمانگی شەوالدا مارە کرد و گواستییەوە. لەو ساڵەدا فرمانی بەزەیدی کوڕی سابت کرد کە فێری نووسینی جولەکە ببێ و فەرمووی:"من دڵنیانیم لەوەی نووسراوەکانم ساختە نەکەن". لەو ساڵەدا هاوبەش پەیداکەران سەرپەرشتیی حەجیان کرد.

ساڵی پێنجەمی کۆچی

لەو ساڵەدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) زەینەبی کچی جەحشی مارە کرد.

واقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵەدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمانگی ڕەبیعی یەکەمدا غەزای دەومەتولجەندەلی ئەنجام دا، هۆکاری ئەو غەزایە، ئەوە بوو پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەواڵی پێگەیشت کە کۆمەڵێك لەدەومەتولجەندەل و دەوروبەری لەدژی کۆبوونەتەوە، بۆیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو لەدژیان تاوەکو گەیشتە دەومەتولجەندەل و تووشی هیچ شەڕێك نەبوو، سیباعی کوڕی عیرفیتەی ئەلغەفاریی بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشت.

واقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵەدا دایکی سەعدی کوڕی عوبادە مرد و عوبادە لەگەڵ پەیامبەری خوادا بوو(صلى الله عليه وسلم) لەدەومەتولجەندەل و لەمردنیدا ئامادە نەبوو.

باسێك لەبارەی غەزای خەندەقەوە

لەو ساڵە و لەمانگی شەوالدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) غەزای خەندەقی ئەنجامدا،ئەوەی بووە هۆکاری ئەو غەزایە و پەیامبەری خوای راکێشایە ئەو شەڕەوە و وەك وتراوە، ئەوە بوو کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەنو نەزیری لەشوێنی خۆیان دەرکرد.

لەعوروەی کوڕی زوبەیرەوە: یەکێك لەباس و خواسەکانی خەندەق، ئەوە بوو چەند کەسێکی جولەکە لەوانە سەللامی کوڕی ئەبی ئەلحوقەیقی ئەلنەزری و حوییەی کوڕی ئەختەبی ئەلنەزری و کینانەی کوڕی ئەلڕەبیعی کوڕی ئەبی ئەلحوقەیقی ئەلنەزری و هەوزەی کوڕی قەیس ئەلوائیلی و ئەبو عەمار ئەلوائیلی لەگەڵ کۆمەڵێکی بەنو نەزیر و چەند کەسێکی نەوەی وائیل بوون کە کۆمەڵەکانیان هێنایەسەر پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، دەرچوون رۆیشتن بۆلای قورەیش لەمەککە و داوایان لێیان کرد دەربچن بۆ شەڕی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و وتیان: ئێمە پشتیوانتان دەبین تاوەکو ریشە کێشەکردنی. قورەیش وتیان: ئەی کۆمەڵی جولەکە ئێوە کەسانی یەکەمی ئەهلی کیتابن، پێمان بڵێن، لەم ناکۆکییەی نێوان ئێمە و موحەممەدا ئایینی ئێمە باشترە یان ئایینەکەی موحەممەد؟ وتیان: ئایینەکەی ئێوە لەئایینەکەی موحەممەد باشترە و ئێوە لەو لەپێشترن بەئایین. ئەڵێ: ئەوە ئەوان بوون کە خوای گەورە لەبارەیانەوە ئەم ئایەتەی دابەزاند:﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يُؤْمِنُونَ بِٱلْجِبْتِ وَٱلطَّٰغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ هَٰٓؤُلَآءِ أَهْدَىٰ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ سَبِيلًا ﴿٥١﴾ ﴾ النساء: ٥١، واتا:ئا ئاوڕێکت نەداوەتەوە لەوانەی بەشێك لەنامەی خواییان پێدراوە بڕوا ئەهێنن بەشی بێ نرخ و بەرنامەی غەیری خوا(بە جادووگەران و بەشەیتان) وە ئەڵێن بەوانەی کە بێ بڕوان ئەوانە ڕێبازیان ڕاسترە لەوانەی کە باوەڕیان هێناوە.

جا کاتێك ئەوەیان بەقورەیش وت، قورەیش بەو قسەیە دڵخۆش و خۆشحاڵ بوون. چالاکبوونەوە بۆ بانگەوازی جولەکە بۆ شەڕی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم).

بۆیە بۆ ئەو کارە کۆبوونەوە و ئامادەسازییان کرد، ئەو چەند کەسەی جولەکە دەرچوون تاوەکو هاتنەلای غەتفان لەقەیس عیلان و بانگی ئەوانیشیان کرد بۆ جەنگکردنی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، هەوالّیان پێدان کە لەگەلّیان دەبن لەدژی پەیامبەری خوا و قورەیشیش بۆ ئەوە بەدەم داوایانەوە هاتوون،ئەوانیش کۆبوونەوە و بەدەم داواکەیانەوە هاتن، قورەیش و ئەبو سوفیانی کوڕی حەربی سەرکردەیان دەرچوون، غەتفان وُ سەرکردەکەیان کە عویەینەی کوڕی حوصنی کوڕی حوزەیفەی کوڕی بەدر بوو بەنەوەی فەزارەوە دەرچوون، ئەلحاریسی کوڕی عەوفی کوڕی ئەبی حاریسەی ئەلموڕی بەنەوەی موڕەوە دەرچوو، مەسعودی کوڕی روخەیلەی کوڕی نوەیرەی کوڕی تەریفی کوڕی سومحەی کوڕی عبدالله‌ی کوڕی هیلالی کوڕی خەلاوەی کوڕی ئەشجەعی کوڕی رەیسی کوڕی غەتفان بەوانەی دوای کەوتبوون لەئەشجەعی قەومی، دەرچوو.

کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) گوێبیستی دەرچوونیان بوو، بۆچوونی ئەوەیان پێ دا بەدەوری مەدینەدا خەندەق لێ بدات. بۆم باسکراوە لەلایەن موحەممەدی کوڕی عومەرەوە ئەلّێ: ئەو کەسەی ئاماژەی بەپەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دا خەندەق لێ بدات، سەلمان بوو، یەکەمین شەرێك بوو سەلمان تیایدا بەشدار بوو لەگەلّ پەیامبەری خوادا(صلی الله علیه وسلم) و ئەو رۆژە کەسێکی ئازاد بوو، وتی: ئەی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئێمە لەفارسدا کاتێ گەمارۆ دەدراین، بەدەور خۆماندا خەندەقمان لێ دەدا. گەڕاوەتەوە بۆ باس و فەرموودەکەی ئیبن ئیسحاق. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئەو کارەی کرد بۆ هاندانی موسلّمانان بۆ دەستخستنی پاداشتی خوایی، بۆیە موسلّمانەکان چالاکانە کاریان تێدا دەکرد، پیاوانێکی دووڕوو خۆیان دواخست لەهاوکاریکردنی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و موسلّمانان، لاوازییان دەردەخست و بەدزییەوە دەچوونەوە لای مالّ و منداڵیان بێ پرسکردن بەپەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)،لەبەرانبەردا ئەگەر موسلّمانێك کارێکی پێویستی هەبوایە و دەبوایە ئەنجامی بدات، دەچوو بۆ پەیامبەری خوای باس دەکرد و

پەیامبەریش(صلى الله عليه وسلم) مۆڵەتی دەدا بچێت کارە پێویستەکەی ئەنجام بدات، دواتر دەگەڕایەوە سەر کاری خۆی و چاو لەپاداشتی خوایی کاری دەکرد، بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَإِذَا كَانُوا۟ مَعَهُۥ عَلَىٰٓ أَمْرٍ جَامِعٍ لَّمْ يَذْهَبُوا۟ حَتَّىٰ يَسْتَـْٔذِنُوهُ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَـْٔذِنُونَكَ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۚ فَإِذَا ٱسْتَـْٔذَنُوكَ لِبَعْضِ شَأْنِهِمْ فَأْذَن لِّمَن شِئْتَ مِنْهُمْ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمُ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٦٢﴾﴾ النور: ٦٢، واتا: بەڕاستی ئیمانداران تەنها ئەوانەن کە بڕوایان بەخوا و پێغەمبەرەکەی هێناوە وە هەر کاتێك لەگەڵ ئەو(پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم)دابن لەکارێکی گرنگدا کە کۆیان دەکاتەوە(وەك غەزا و جومعە و جەژن) ناڕۆن بە هیچ لایەکدا هەتا مۆڵەت لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)وەرنەگرن بێگومان ئەوانەی مۆڵەتت لێ وەردەگرن ئەوانە کەسانێکن کە بڕوایان هەیە بەخوا و پێغەمبەرەکەی جا هەر کاتێك ئەوانە داوای مۆڵەتیان لێ کردیت بۆ هەندێ ئیش و کاری تایبەتی خۆیان ئەوە هەر کامیان خۆت ویستت مۆڵەتی بدە و داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکە لەخوا بەڕاستی خوا لێبووردە و میهرەبانە.

ئەم ئایەتە دابەزی بۆ هەموو ئەو باوەڕدارانەی چاو لەپاداشتی خوایی بوون و حەزی کاری چاکە و گوێڕایەڵیکردنی خوای گەورە و پەیامبەری خوایان هەبوو(صلى الله عليه وسلم)، پاشان هاتەسەر باسی ئەو دوو ڕووانەی بەبێ پرس و مۆڵەت و بەدزییەوە دەڕۆیشتن: ﴿لَّا تَجْعَلُوا۟ دُعَآءَ ٱلرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَآءِ بَعْضِكُم بَعْضًا ۚ قَدْ يَعْلَمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمْ لِوَاذًا ۚ فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾ أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ قَدْ يَعْلَمُ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ ۖ وَيَوْمَ يُرْجَعُونَ إِلَيْهِ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌۢ ﴿٦٤﴾﴾ النور: ٦٣ - ٦٤، واتا: بانگ کردنی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)لەناو خۆتاندا دامەنێن(نابێت)وەك بانگ کردنی خۆتان لەیەکتری بێت(دەبێت بەڕێزەوە بانگ بکرێت وەك ئەی پێغەمبەر، یا رسول الله صلى الله عليه وسلم)بەڕاستی خوا دەزانێ و ئاگاداڕە بەوانەی لەئێوە(بەبێ مۆڵەت)لەپەنای خەڵکی تڕەوە دەردەچن بەدزییەوە جا بابترسن ئەوانەی کە پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەکەن کە

لەدونیادا بەلاّو تاقیکردنەوەیەکیان تووش ئەبێ یا سزایەکی سەختیان تووش ببێ لەدوارۆژدا. بێداربنەوە بەڕاستی تەنها بۆ خوایە ئەوەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە بێگومان خوا ئاگاداری بەتەواوی ئەو شتانەی ئێوەی لەسەرن، وە بەو(کارانەشی کە دەیکەن) ئەو ڕۆژەش کە دەگەڕێنرێنەوە لای خوا ئەوسا ئاگاداریان دەکاتەوە بەو کردەوانەی کردوویانە وە خوا بەهەموو شتێك ئاگادارە.

موسڵمانەکان کاریان تێدا کرد تاوەکو تۆکمەیان کرد، گاڵتەیان لەگەڵ پیاوێکی موسڵمانان دەکرد کە پێیدەوترا جوعەیل و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ناوی لێنا عەمر، وتیان:

سَمَّاهُ مِنْ بعدِ جُعَيلٍ عَمْرَا وكانَ للْبَائِس يَومًا ظَهْرَا

واتا:دوای ئەوەی ناوی جوعەیل بوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ناوی گۆڕیی بۆ عەمر و بۆ موسڵمانان پشت و هاوکار بوو.

کاتێك بەلای عەمردا تێپەڕبوونایە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەیفەرموو:"عمرا"،ئەگەر بیانووتبایە هێز و پشتیوان(ظَهْرَا) پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) ئەیفەرموو:" هێز و پشتیوان(ظَهْرَا)".

کەسێری کوڕی عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی عەوفی ئەلموزەنی ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەسااڵی گردبوونەوەی کۆمەڵەکاندا لەئەجوم ئەلشەیخەین لەدەوروبەری نەوەی حاریسەوە خەندەقی لێ دا تاوەکو گەیشتە ئەلمەزاز پاشان لەنێوان هەر دە کەسێکدا چل باڵ ئەو خەندەقەی بڕی. کۆچەران و پشتیوانان لەبارەی سەلمانی فارسییەوە مڕومشتیان بوو، سەلمان پیاوێکی بەهێز بوو، ئەنسارەکان ئەیانووت: سەلمان لەئێمەیە. کۆچەران ئەیانووت: سەلمان لەئێمەیە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"سەلمان لەئێمەی ئال و بەیتە".

عەمری کوڕی عەوف ئەڵێ: من و سەلمان و حوزەیفەی کوڕی یەمان و نوعمانی کوڕی موقەڕین ئەلموزنی و شەش ئەنسار چل بااڵمان هەڵکەند لەخواروی زویابەوە، گەیشتینە تاوێژێکی سپیی سەخت، پاچ و قوڵنگەکانمان شکا، تەواو سەخت هاتەوە بەسەرمانەوە،

وتمان: ئەی سەلمان، دەربچۆ برۆ بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هەوڵی ئەم تاوێرە بەردەی پێ بگەیەنە، یان وازی لێبهێنین یان چاڵەکە بەلایەکی تردا ببەین بە فرمانی شتێکمان پێ بکات، حەز ناکەین بێ پرسی خۆی، لەهێڵ و نەخشەکەی لابدەین سەلمان لەنێو خەندەقەکەدا دەرچوو تاوەکو گەیشتە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کە کەپرێکی شێوە گومەزیان بۆ دروستکردبوو،وتی: ئەی پەیامبەری خوا بەدایت و باوکەوە بەفیدات بین، لەنێو چاڵەکەدا بەردێکی گەورەی سەخت دەرکەوتووە پاڵ و قوڵنگەکانیشی شکاندووین و شکاندنی بەسەرمانەوە سەخت هاتووەتەوە، فرمانی خۆت چییە؟ ئێمە حەز ناکەین لەو هێڵ و نەخشەیە لابدەین کە خۆت کێشاوتە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و سەلمان دابەزینە نێو خەندەقەکە و ئێمەی نۆ کەسەکە دەرچوونە قەراغ خەندەقەکە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پاچەکەی لەسەلمان وەرگرت و یەك لێدانی بەردەکەی کرد، کردیە دوو پارچەوە و تیشکێکی لێ دەرچوو ئەمدیوو و ئەودیووی مەدینەی رووناك کردەوە، وەك ئەوەی چرایەك بێت و لەماڵێکی تاریکدا هەڵکرابێ، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تەکبیرەی فەتحی کرد و موسڵمانەکانیش(الله أكبر)یان کرد. بۆ جاری دووەم لێی دا و کردیە دوو پارچەوە و تیشکێکی لێ دەرچوو دەورووبەری مەدینەی رووناك کردەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تەکبیرەی فەتحی کرد و موسڵمانەکانیش(الله أكبر)یان کرد. بۆ جاری سێیەم لێی دا و کردیە دوو پارچەوە و تیشکێکی لێ دەرچوو دەورووبەری مەدینەی رووناك کردەوە، وەك ئەوەی چرایەك بێت و لەماڵێکی تاریکدا هەڵکرابێ، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تەکبیرەی فەتحی کرد و موسڵمانەکانیش(الله أكبر)یان کرد. پاشان دەستی سەلمانی گرت و لەچاڵەکە دەرچوو. سەلمان وتی: ئەی پەیامبەری خوا بەدایك و باوکەوە بەفیدات بم، شتێکم بینی هەرگیز نەمبینیووە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لای کردەوە بەلای ئەو کەسانەدا و فەرمووی:"ئەوەتان بینی کە سەلمان باسی دەکات؟" وتیان: بەڵێ ئەی پەیامبەری خوا بەدایك و باوکمانەوە بەفیدات بین، بینییمان لەبەردەکەت دا و تیشکێك دەرچوو، بینیمان (الله أكبر)ت کرد و ئێمەش(الله أكبر)مان

کرد. تەنیا ئەوەمان بینی. فەرمووی:"راستتان وت، لێدانی یەکەمم وەشاند کە ئێوە بینیتان و تیشکی لێ دەرچوو، کۆشکەکانی حیرە و مەدائینی کیسرام پێ بینی وەک ئەوەی کەڵپەی سەگ بن، جبریل هەواڵی پێدام کە ئوممەتەکەم بەسەریاندا سەردەکەوێت، پاشان لێدانی دووەمم کرد و ئەو تیشکە دەرچوو کە ئێوە بینییتان، کۆشکە سوورەکانی خاکی رۆمم لێ دەرکەوت وەک کەڵپەی سەگ بوو،جبریل هەواڵی پێدام کە ئوممەتەکەم بەسەریدا سەردەکەوێت، پاشان لێدانی سێیەمی بەردەکەم کرد و ئەو تیشکە دەرکەوت کە ئێوە بینییتان، کۆشکەکانی سەنعام لێ دەرکەوت وەک کەڵپەی سەگ بوون، جبریل هەواڵی پێدام کە ئوممەتەکەم بەسەریاندا سەردەکەوێ. مژدە بدەن سەرکەوتن دەگات، مژدە بدەن سەرکەوتن دەگات، مژدە بدەن سەرکەوتن دەگات". موسڵمانەکان مژدەیان دا و خۆشحاڵ بوون و وتیان: سوپاس بۆ خوا بەڵێنێکی راستگۆیانە و سەرکەوتنی دوای تەنگانەییە. بۆیە کاتێ سەرەتای سوپای ئەحزاب دەرکەوت، باوەڕداران وتیان:﴿ هَٰذَا مَا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَصَدَقَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ ۚ وَمَا زَادَهُمْ إِلَّآ إِيمَٰنًا وَتَسْلِيمًا ﴿٢٢﴾ ﴾ الأحزاب: ٢٢، واتا:وتیان ئەمە ئەو بەڵێنەیە خوا و پێغەمبەرەکەی بە ئێمەیان دابوو خوا وە پێغەمبەرەکەی ڕاستیان فەرموو(هاتنی ئەو هەموو هێزەی کوفر)باوەڕداران تەنها ئیمان و ملکەچیان پێی زیادی کرد.

دووڕووەکانیش وتیان: ئەرێ پێتان سەیر نییە خەون و ئومێدی پووچتان پێ دەدات، لەیەسریبەوە کۆشکەکانی حیرە و مەدائینی کیسرا دەبینێ! ئەو شوێنانەتان بۆ فەتح دەکات و ئێوەش خەریک چاڵکەندنن! ناتوانن دەرکەونە مەیدان! خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند لەبارەیانەوە:﴿ وَإِذْ يَقُولُ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ مَّا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ إِلَّا غُرُورًا ﴿١٢﴾ ﴾ الأحزاب: ١٢ ، واتا: کاتێک دووڕووەکان و ئەوانەی لە دڵیاندا نەخۆشی هەبوو ووتیان خوا و پێغەمبەرەکەی بێجگە لە تەفرەدان هیچ بەڵێنێکیان پێنەداین.

ئەبو هورەیرە ئەڵێ: ئەو شارانە لەسەردەمی عومەر و عوسمان و دوای ئەوان فەتح کران، جا سوێند بەو کەسەی گیانی ئەبو هورەیرەی بەدەستە، هەر شارێك لەئێستا و ئەوەی تاوەکو قیامەت فەتحی دەکەن،پێشتر کلیلی فەتحکردنی بەموحەممەد دراوە.

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: خەڵکانی خەندەق سێ هەزار کەس بوون، کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)لەهەڵکەندنی بوویەوە، قورەیش هات تاوەکو دابەزییە ئەسیال لەڕومەوە لەنێوان جەرف و غابەوە بەدە هەزار ئەحباش و شوێنەکەوتەکانیان لەکینانە و توهامەوە دابەزین، غەتفان و شوێنکەوتەکانیان لەخەڵکی نەجد هاتن تاوەکو دابەزینە زنب نەقمی لەتەنیشتی ئوحود، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و موسڵمانەکان دەرچوون تاوەکو بەسێ هەزار موسڵمانەوە پشتیان کردە سەلع، لەوێدا سەربازگەی لێ دا و فرمانی کرد منالأن و ئافرەتان بچنە سەر تەپۆڵکەکان. حوێەی کوڕی ئەختەبی دوژمنی خوا دەرچوو تاوەکو هاتە لای کەعبی کوڕی ئەسەدی ئەلقورەزیی خاوەن پەیمانی بەنو قورەیزە کە لەنێوان کەعب و پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) پەیمان هەبوو، کاتێك کەعب گوێبیست بوو حوێەی کوڕی کەعب هاتووە، دەرگای قەڵاکەی بەڕوودا داخست، مۆڵەتی چوونەژوورەوەی خواست، مۆڵەتی نەدا. بۆیە حوێەی بانگیکرد: ئەی کەعب دەرگام بۆ بکەرەوە. کەعب وتی: لەباردایکت بچی ئەی حوێەی تۆ مرۆڤێکی بێ خێر و شوومی، من پەیمانم بە موحەممەد داوە و پەیمانی نێوانمان هەڵناوەشێنمەوە، تەنیا راستگۆیی و وەفاداریم لەموحەممەد بینیووە. حوێەی وتی: لەباردایکت بچی دەرگا بکەرەوە قسەت لەگەڵدا دەکەم. وتی: دەرگات لێ ناکەمەوە. حوێەی وتی: سوێند بەخوا دەرگام لێ ناکەیتەوە لەبەر چرووکییتە، ناتەوێ نانت لەگەڵ بخۆم. ئەم قسەیە کاری کردەسەر کەعب و دەرگای بۆ کردەوە.

وتی: ئەی کەعب لەبار دایکت بچی، من شکۆی سەردەمم بۆ تۆ هێناوە، قورەیشم بۆ تۆ هێناوە بەسەرکردە و گەورەکانییەوە و دامبەزاندوونەتە مجتمع الأسیال لەڕومە و غەتفانیشم بەسەرکردە و گەورەکانیەوە هێناوە تاوەکو دامبەزاندوونەتە زنب نقمی لەقەدپاڵی ئوحود،بەڵێن و پەیمانیان پێ داوم کە لەشوێنی خۆیان نەترازێن و

خوورنەکەونەوە تاوەکو موحەممەد و ئەوەی لەگەڵدایە لەپیشە نەهێنن. کەعب پێیووت: سوێند بەخوا تۆ شکستی رۆژگار و لافاوی خوێنت بۆ هێناوم، لەبار دایکت بچی وازم لێبهێنە لەگەڵ موحەممەد لەسەر بەڵێن و پەیمانی خۆمان بین، سوێند بەخوا تەنیا راستگۆیی و وەفادارییم لەموحەممەد بینیووە.

حوێەی هەر وازی لێ نەهێنا و بەڵێنی سەیری پێ دەدا تاوەکو لەخشتەی برد و پەیمانی پێ دا ئەگەر قورەیش و غەتفانیش گەڕانەوە و موحەممەدیان لەنێو نەبرد ئەوە منیش لەگەڵتدا دێمە قەلاکەتەوە و سەرەنجامی تۆم دەبێ، بۆیە کەعبی کوڕی ئەسەدیش لەپەیمانی خۆی پەشیمان بوێەوە و رێککەوتنی نێوان خۆی و پەیامبەری خوای هەڵوەشاندەوە، جا کاتێك ئەو هەواڵە بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و موسڵمانان گەیشت، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سەعدی کوڕی موعازی کوڕی ئەلنوعمانی کوڕی ئیمرونولقەیس یەکێك لەنەوەکانی عەبد ئەلئەشهەل کە ئەو رۆژگارە گەورەی ئەوس بوو، هەروەها سەعدی کوڕی عوبادەی کوڕی دولەیمی یەکێك بوو لەنەوەی ساعیدەی کوڕی کەعبی کوڕی ئەلخەزرەج کە ئەو رۆژگارە گەورەی خەزرەج بوو، بەهاوڕێیەتی عبداللەی کوڕی رەواحەی برای ئەلحاریسی کوڕی ئەلحەزرەج خواتی کوڕی جوبەیری کوڕی عەمری کوڕی عەوف نارد و فەرمووی:"بڕۆن تاوەکو دەڕوانن ئایە ئەو هەواڵەی لەبارەی ئەو قەومەوە بەئێمە گەیشتووە راستە یان نە؟ ئەگەر راستبوو، بەجۆرێ بە منی بیلێن خۆم بیزانم و وردەی خەڵکی پێ مەشکێنن، ئەگەر لەسەر وەفا و بەڵێنی خۆیان مابوونەوە، ئەوە بۆ خەڵکیی ئاشکرای بکەن". ئەوانیش دەرچوون و بینییان لەسەر ئەو چەپەڵییەن کە پێیانگەیشتووە و قسەی ناخۆشیان بەپەیامبەری خوا وتەوە و وتیان: هیچ پەیماننامەیەك لەنێوان ئێمە و موحەممەددا نییە. بۆیە سەعدی کوڕی عوبادە قسەی ناخۆشی پێووتن و ئەوانیش قسەی ناخۆشیان پێووت. سەعدی کوڕی عوبادە هەندێ تووندیی هەبوو، بۆیە سەعدی کوڕی موعاز پێیووت: واز بێنە لەقسە وتن بەوانە، ئەوەی لەنێوان ئێمە و ئەواندا هەیە زۆر گەورەترە لەجنێودان بەیەکتر. پاشان هەردوو سەعد و ئەوانەی لەگەڵیاندا بوون هاتنەوە لای پەیامبەری

خوا(صلى الله عليه وسلم) و سەلامیان لێ کرد و پاشان وتیان: عەزل و ئەلقارە. واتە غەدر و خیانەتی عەزل و ئەلقارەیان کردووە. ئەوانەی عەزل و ئەلقارە کە هاوەلانی پەیامبەری خوایان کوشت، هاوەلانی ئەلرەجیع خوبەیبی کوڕی عەدی و هاوەڵەکانی. بۆیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"الله أكبر، ئەی موسڵمانان مزگێنیی بدەن". ئەوکات حاڵەتەکە سەختتر هاتەوە، دوژمن لەهەموو لایەکەوە دەورەیان لێیان دابوو، هەتا ئەوەی باوەڕداران تەواو شپرزبوون و دووڕوویی هەندێ دووڕوو بەئاسایی دەرکەوت، هەتا ئەوەی موعەتتیبی کوڕی قوشەیری برای نەوەی عەمری کوڕی عەوف ئەیووت: موحەممەد بەڵێنی ئەوەمان پێ دەدات گەنجینەکانی کیسرا و کۆشکەکانی بۆ ئێمە بێ و کەسمان ناتوانێ بچێت سەرئاوێ بکاتەوە. هەتا ئەوەی ئەوسی کوڕی قەیزیی یەکێك لەنەوەکانی حاریسەی کوڕی ئەلحاریس وتی: ئەی پەیامبەری خوا، ماڵەکانمان دیوار و حەوشەی نییە و لەدوژمن پارێزراو نییە، مۆڵەتمان بدە بگەڕێینەوە ماڵەکانمان.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هاوبەش پەیداکەران بیست و شتێ شەو نزیك بەمانگێ نزیك بەیەکتر مانەوە، تەنیا تیرهاوێشتن و گەمارۆدان هەبوو نەك شەڕ، جگە کاتێك سەختی و ناڕەحەتیی زۆری هاتەوە سەر خەڵکیی، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نامەی نارد بۆ عویەینەی کوڕی حوصن و ئەلحاریسی کوڕی عەوف کوڕی ئەبی حاریسەی ئەلمورِی کە دوو سەرکردەی غەتفان بوون، بەڵێنی پێدان یەك لەسەر سێی بەروبوومی مەدینەیان پێ بدات بەمەرجێ بەوانەی لەگەڵ خۆیانیان هێنابوو بۆ سەر پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هاوەلانی، بیانگێڕنەوە. لەنێوانیاندا وتووێژ و رێککەوتن هاتەدی و نووسراویان کرد، شایەتییدان لەسەر ئاشتەواییی نەبوو، تەنیا وەرگرتنی کات بوو، بۆ ئەوە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کاتێ ویستی ئەوە بکات، ئەوەی گەیاند بەسەعدی کوڕی موعاز و سەعدی کوڕی عوبادە، ئەوەی بۆ باسکردن و راوێژی پێکردن، ئەوانیش وتیان: ئەی پەیامبەری خوا. ئەمە کارێکە خۆت حەز دەکەی ئەنجامی بدەی یان فرمانی خوایە و دەبێ جێبەجێی بکەی؟ یان کارێکە و لەبەر ئێمەی دەکەی؟ فەرمووی:"نە، بەڵکو لەبەر ئێوەی دەکەم.

سوێند بەخوا بۆیە ئەمەوێ ئەو کارە بکەم، ئەبینم عەرەب هەموویان کۆبوونەتەوە و ئەیانەوێ بەیەکجار بدەن بەسەرتاندا، بەم کارە ئەمەوێ هێزی ئەوان لەبەرانبەر ئێوەدا بشکێنم و کەمێ کات وەربگرن". سەعدی کوڕی موعاز وتی: ئەی پەیامبەری خوا، ئێمە و ئەو قەومە هاوبەش پەیداکەر و بتپەرستبووین و خوامان نەدەپەرست و نەماندەناسی، ملمان بۆیان کەچ نەدەکرد و بەبێ ویستی خۆمان یان بەفرۆشتن، دەنکە خورمایەکی ئێمەیان پێ نەدەخورا، ئێستا وا خوای گەورە بەئیسلام رێزی لێناوین و هیدایەتی داوین و بە تۆ شکۆداری کردووین، ئا ئێستا سەروەتی خوامانیان پێ بدەین، پێویستمان بەوە نییە، سوێند بەخوا تەنیا شمشێریان پێ دەدەین تاوەکو خوای گەورە لەنێوان ئێمە و ئەواندا بڕیار دەدات. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەوە تۆ و نووسراوەکە". سەعد نووسراوەکەی هەڵگرت و سڕییەوەی و پاشان وتی: با بێنە سەرمان. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و موسڵمانان مانەوە و دوژمنیش گەمارۆی دابوون، شەڕ لەنێوانیاندا رووی نەدا، تەنیا ئەوە نەبێ کۆمەڵێ سواری قورەیش کە عەمری کوڕی عەبد وەد ئەبی قەیس برای عامری کوڕی لوئەی و عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل و هەبیرەی کوڕی ئەبی وەهب کە هەردووکیان مەخزومیی بوون و نەوفەلی کوڕی عبدالله و زەراری کوڕی ئەلخەتابی کوڕی میرداس برای نەوەی موحارىبی کوڕی فیهر خۆیان بەست بۆ شەڕکردن و بەئەسپەکانیان دەرچوون و بەلای نەوەی کینانەدا تێپەڕبوون و وتیان: ئەی نەوەی کینانە ئامادەساز بن بۆ شەڕکردن، ئەمڕۆ دەبینن کێ شۆڕەسواره. پاشان رووبان کردە خەندەق تاوەکو لەسەری راوەستان، کە روانییان وتیان: سوێند بەخوا ئەمە فێڵێکە عەرەب لەکۆندا ئەمەی ئەنجام نەداوە، پاشان بەدەور خەندەقدا گەڕان و شوێنێکی بەرتەسکیان دۆزییەوە و بەزۆر پەڕینەوە و کەوتنە ئەلسسەبخە لەنێوان خەندەق و سەلع،عەلی کوڕی ئەبو تالێب لەگەڵ چەند کەسێکی موسڵمانادا دەرچوو کەلێنەکەی لێیان گرت، ئینجا بەرەو رووبان رۆیشت، عەمری کوڕی عەبد وەد لەڕۆژی بەدردا شەڕی کرد و بریندار بوو، لەئوحود بەشدار نەبوو، بۆ خەندەق دەرچوو مێزەری بەستبووەوە تاوەکو ببینرێت پاڵەوانە، کاتێك خۆی و سوارەکان

راوەستان، عەلی پێیووت: وتی: ئەی عەمر، تۆ بەڵێنت بەخوا داوە ئەگەر هەر پیاوێکی قورەیشی بۆ هەڵبژاردنی دوو شت بانگت بکات، یەکێکیان هەڵبژێری. وتی: بەڵێ. عەلی پێیووت: باشە من بانگەوازت دەکەم بۆلای خوا و پەیامبەرەکەی و ئیسلام. عەمر وتی: پێویستم بەوە نییە. عەلی وتی: دەی وەرە با بەرانبەر بینەوە. عەمر وتی: بۆچی ئەی برازا؟ سوێند بەخوا حەزناکەم بتکوژم. عەلی پێیووت: بەڵام من حەز دەکەم تۆ بکوژم. عەمر بەو قسەیە گڕی گرت، لەسەر ئەسپەکەی دابەزی و ئەسپەکەی سەربڕی و پاشان رووبکردە عەلی، پێکەوە شەڕیان کرد و عەلی(خوای لێ رازیی بێ) عەمری کوشت. ئەسپسوارەکانیشیان بەدۆڕانەوە هەڵهاتن و لەخەندەقەکەوە هەڵهاتن. لەگەڵ عەمردا. مونەبیهی کوڕی عوسمانی کوڕی عوبەیدی کوڕی ئەلسسەببائی کوڕی عەبدولدار تیرێکی بەرکەوت و بەهۆیەوە لەمەکە مرد، لەنەوەی مەخزومیش نەوفەلی کوڕی عبداللەی کوڕی ئەلموغیرە کوژرا، ویستی لەخەندەقەکە بپەڕییەوە و کەوتە ناوییەوە و بەردبارانیان کرد. وتی: ئەی کۆمەڵی قورەیش کوشتن باشترە لەمە. بۆیە عەلی بۆی دابەزییە نێو خەندەقەکە و کوشتی. تەرمەکەی کەوتە دەست موسڵمانەکان، بۆ ئەوە داوایان لەپەیامبەری خوا کرد(صلى الله عليه وسلم) رێگەیان بدات تەرمەکەی لەبەرانبەر پارەدا رادەست بکەنەوە،بەڵام پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"پێویستمان بەتەرمەکەی و پارەی تەرمەکەی نییە، وازی لێبهێنن".

لەئەبو لەیلاوە عبداللەی کوڕی سەهلی ئەنساریی پاشان یەکێك لەنەوەی حاریسە، کە عائیشەی دایکی ئیمانداران لەقەڵای نەوەی حاریسە بووە لەڕۆژی خەندەقدا، یەکێك بوو لەتۆکمەترین قەڵاکانی مەدینە. ئوم سەعد لەو قەڵایەدا لەگەڵیدا بوو. عائیشە ئەڵێ: پێش ئەوەی جیابوونەوە لەپیاوانمان بەسەردا فەرز ببێ، سەعد بەلامانداو تێپەڕی و قەڵغانێکی کورتی لەبەردا بوو،تەواوی قاچی لێ دەرچووبوو، حەربەیەك بەدەستییەوە بوو ئەمدیوو و ئەودیوی دەکرد و ئەیووت:

لَبِّثْ قليلًا يَشْهَدِ الهَيجَا حَمَلْ لا بَأْسَ بالمَوْتِ إذَا حانَ الأجَلْ

وتا: کەمێك راوەستە وا حەمل بەشەپەکە دەگات، مردنێ کێشەی نییە ئەگەر لەوەخت و ساتی خۆیدا بێ.

دایکی وتی: کوڕی شیرینم خۆت بگەیەنە، سوێند بەخوا دواکەوتی.

عائیشە ئەڵێ: بەدایکی سەعدم وت: ئەی دایکمی سەعد، سوێند بەخوا قەڵغانەکەی سەعد کورت بوو. ئەویش وتی: کاتێ تیرەکەی بەرکەوت، لەوە ترسام. سەعد تیرێکی بەرکەوت و دەماری قاچی بڕی، حیببانی کوڕی ئەلعیرقە کە یەکێك بوو لەنەوەی عامری کوڕی لوئەی تیرێکی تێگرت و بریندار کرد، لەگەڵ ئەوەی تیرەکەی تێگرت وتی: بیگرە من کوڕی ئەلعیرقەم. سەعدیش وتی: خوای گەورە لەدۆزەخدا دەموچاوت گەرم و عەرەقدار بکات. خوایە گیان ئەگەر شتێك لەشەڕی قورەیش ماوە، ئەوە بمهێڵەرەوە تاوەکو ئەوەش تەواو دەبێ، چونکە هیچ شتێك بەلامەوە خۆشتر نییە لەجیهادکردنی قەومێك کە ئازاری پەیامبەرەکەتیان دابێت و لەخاکی خۆی دەریانکردبێت، خوایە گیان ئەگەر شەڕی نێوان ئێمە و ئێوانت کۆتایی پێهێناوە، ئەوە شەهیدبوونم پێ ببەخشە، نەمرێنی تاوەکو بەتۆڵەکردنەوە لەنەوەی قورەیزە دڵنارامم دەکەیت و ئارامییم پێ دەبەخشی.

لەعائیشەوە ئەڵێ: لەڕۆژی خەندەقدا دەرچووم و سەیری شوێنەواری ئەو خەڵکەم دەکرد، ڕێم دەکرد گوێم لەخشەیەکی لەسەرخۆبوو، لام کردەوە ئەبینم ئەوە سەعدە، دانیشتم ئەبینم برازاکەشی لەگەڵە کە ئەلحاریسی کوڕی ئەوس بوو کە لەگەڵ پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) بەشداری بەدر بوو.

لەعبداللەی کوڕی زوبەیرەوە ئەویش لەعەببادی باوکییەوە ئەڵێ: سەفیەی کچی عەبدولموتەلیب لەفارغ بوو(قەلای حەسسانی کوڕی سابت) و وتی: حەسسانمان لەگەڵدا بوو لەگەڵ ژنان و منالاندا. سەفیە وتی: پیاوێکی جولەکە بەلاماندا تێپەڕی و بەدەوری قەلاکەدا دەسووڕایەوە، نەوەی قورەیزە شەڕیان ڕاگەیاند و پەیمانی نێوان خۆیان و پەیامبەری خوایان هەڵوەشاندەوە، کەسێ نەبوو بەرگرییمان لێ بکات و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و موسڵمانان ڕووبەڕووی دوژمن وەستابوونەوە و نەیاندەتوانی

لەڕووی دوژمن لابچن و بێن بەرگریی لەئێمە بکەن، منیش وتم: ئەی حەسسان وەك دەبینی ئەو جولەکەیە بەدەوری قەلاکەدا دەسووڕێتەوە، سوێند بەخوا لێی دڵنیانیم و ئەیەوێ جولەکەکانی ترمان بهێنێتەسەر، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانیشی بەشتی تڕەوە سەرقاڵن، بۆیە بۆی دابەزە و بیکوژە. وتی: ئەی کچی عەبدولموتەڵیب خوا لێت خۆش بێ، سوێند بەخوا من دەزانم توانای ئەو کابرایەم نییە. ئەڵێ: کە حەسسان ئەوەی وت و بینینم کابرا هیچ شتێکی پێ نییە، خۆمم شاردەوە و پاشان ئاسنێکم هەڵگرت و لەقەلاکە بۆی دابەزیم، بەئاسنەکە لێم دا تاوەکو کوشتم، کە لێی بوومەوە گەڕامەوە نێو قەلاکە و وتم: ئەی حەسسان دابەزە رووتی بکەرەوە، ئەوەی نەیهێشت خۆم ئەوە بکەم، لەبەر ئەوەیە کە پیاوە بۆیە ئەوەم نەکرد. حەسسانیش وتی: چی پێویستم بەڕووتکردنەوەی هەیە ئەی کچی عەبدولموتەڵیب.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: نوعەیمی کوڕی مەسعود دەرچوو تاگەیشتەلای نەوەی قورەیزە- کە لەسەردەمی نەفامیدا دۆستایەتی لەگەڵیاندا هەبوو-وتی: ئەی نەوەی قورەیڤە باش دەزانن کە دۆستی بەرەی ئێوەم،بەتایبەت ئێوەی نەوەی قورەیزە،وتیان: راستدەگەی تۆ لای ئێمە تۆمەتبار نییت. پێیوتن:قورەیش و غەتفان وەك ئێوە نین، ئەم شارو ناوچەیە شارو ناوچەی ئێوەیە، مالێ و منداڵ و ژنەکانتانی تێدایە و ئەم ناوچەیەتان لەدەستدەچێ، قورەیش و غەتفان کە بۆ جەنگی موحەممەد و هاوەڵانی هاتوون و ئێوەش پشتیوانی ئەوانن دژ بەموحەممەد، شارو مالێ و منداڵ و خێزانیان لەشوێنێکی ترداید، ئەوان وەك ئێوە نین، هەلێك ببینننەوە دەیقۆزنەوە، ئەگەر نا دەگەڕێنەوە ولاتی خۆیان و دەست لەهاوکاری ئێوەش هەڵدەگرن و ئێوەش هیچتان پێناکرێ، بۆیە جەنگ مەکەن تاوەکو لەگەورەکانی قورەیش و غەتفان گرنتیەك وەردەگرن ئینجا جەنگی موحەممەدی بکەن، ئەوانیش پیانووت: باشترین بۆچوونێکت دەبڕی.

پاشان لایان رۆیشت تاوەکو هاتەلای قورەیش و بەئەبو سوفیانی کوڕی حەرب و ئەوانەی لەگەڵیدابوون لەقورەیشییەکانی وت:دەزانن چەندە دۆستی ئێوە و دوژمنی موحەممەدم، هەواڵێکم پێگەیشتووە بەپێویستی دەزانم بەئێوەشی بگەیەنم، جا ئەمە

دڵسۆزییەکە و دەبێ بیشارنەوە کە من نەمگێڕاوەتەوە،وتیان:باشە نایگێڕینەوە. وتی: بزانن کۆمەڵی جولەکە لەو پەیمان شکاندنەیان پەشیمان بوونەتەوەو نامەیان بۆ موحەممەد ناردووە: پەشیمانین لەسەر ئەو کارەی کردمان، ئاخۆ رازیدەبی پیاوانێکی گەورەی قورەیش و غەتفانت بۆ بهێنین تاوەکو لەگەردنیان بدەی و پاشان لەگەڵتدابین و لەڕیشەیان بهێنین؟ بەتەمان بێن و بەپیاوانێك لەتۆ گرنتی وەربگرن، ئەگەر هاتن یەك پیاویشیان لەگەڵدا مەنێرە.

پاشان لای قورەیش دەرچوو تاگەیشتەلای غەتفان و وتی: ئەی کۆمەڵی غەتفان، ئێوە کەسوکار و عەشیرەتی منن و خۆشەویسترین خەڵکین بەلای منەوە و لای ئێوەش تۆمەتبار نیم، وتیان: راستدەگەی تۆ لای ئێمە هیچ تۆمەت و لەکەیەکت لەسەر نییە،وتی: باشە چیتان پێدەڵێم باسی نەکەن کە من گێڕاومەتەوە،وتیان:باشە، چیت پێیە ؟ئەوەی بۆ گێڕانەوە کە بەقورەیشی وت و وریای کردنەوە.

رێوشوێنگرتنی خوایی بۆ پەیامبەرەکەی و باوەڕدارەکان تاوەکو لەو ناخۆشیەیان دەربازیان بکات، ئەوەبوو ئەبو سوفیان کەسێکی نارد و پیاوانێکی غەتفان لەشەوی شەممەدا رۆیشتنەلای نەوەی قورەیزە و پێیان وتن:ئێمە لەشوێنی خۆمان نیین، خۆراك و تفاقمان نەما، بۆیە ئامادەی جەنگ بن تاوەکو موحەممەد لەنێوببەین و یەکلابینەوە، ئەوانیش پەیامیان بۆ ناردن: ئەمڕۆ رۆژی شەممەیە و لەم رۆژەدا هیچ شتێك ناکەین، هەندێکمان شتانێکیان کرد بەهۆیەوە گیرۆدەبوون و ئێوەش باش دەیزانن، ئێمە وەك ئەوانە نیین کە جەنگی موحەممەد دەکەن، ناجەنگێین تا پیاوانێکمان نەخەنەدەست و دڵنیانەبین ئەوجار دڕ بەموحەممەد جەنگتان لەگەڵدا دەکەین، ئێمە لەوە دەترسین ئەگەر بدۆڕێن و بڵاوەی لێبکەن و بگەڕێنەوە ولاتی خۆتان ئێمە خراپمان بەسەردێ،موحەممەد لەشوێن و ولاتی ئێمەدایە و توانای جەنگی ئەومان نییە ئەوکات.

کە شاندەکە گەڕایەوە لای قورەیش و مەرجەکانی نەوەی قورەیزەیان گێڕایەوە،وتیان: سوێند بەخوا ئەوەی نوعەیمی کوڕی مەسعود باسیکرد راست بوو،بۆیە پەیامیان بۆ نەوەی قورەیزە نارد:سوێند بەخوا یەك پیاویشمان ناخەینە دەستی ئێوە، ئەگەر

جەنگتان دەوێ فەرموون بجەنگن، کە ئەم قسەیە بە نەوەی قورەیزە گەیشت وتیان ئەوەی نوعەیم باسیکرد راستەرچوو، ئەمانە هەر جەنگیان دەوێ، هەلێك بەدەستبخەن دەیقۆزنەوە، ئەگەریش بدۆڕێن دەگەڕێنەوە ولاتی خۆیان و ئێمە دەخەنە بەردەم شەڕ و نەهامەتیی موحەممەد و موسڵمانەکان،بۆیە نامەیان بۆ قورەیش و غەتفان نارد و وتیان:سوێند بەخوا لەگەڵتانـدا جەنگی موحەممەد ناکەین تا گرنتیمان پێ نەدەن،ئەوانیش رەتیان کردەوە و خوای گەورە لەنێو یەکتردا بێ متمانەی کردن،بۆیە پێداگری شەڕکردن نەبوون، لەشەوێکی ساردی زۆر سەختدا خوای گەورە رەشەبایەکی بەسەردا هەڵکردن،بەجۆرێك ئاگردانەکانی کوژاندنەوە و خێمەکەیانی لەزەوی هەڵدەکەند و نەیانتوانی لەوێدا بمێننەوە،بۆیە بڕیاریاندا خێرا بگەڕێنەوە شارو ناوچەکانی خۆیان،گەڕانەوە و هیچ شتێکیان خێر نەکرد و خوای گەورە پەیامبەرەکەی و باوەڕدارانی لەشەڕیان بەدوورگرت. حوزەیفەی کوڕی یەمان کە باسی بینینی سەربازگەی ئەبو سوفیانمان بۆ دەگێڕێتەوە و لەو شەوە ساردەدا کە لەوێ بووە و ئەبو سوفیان بڕیاری خێرا رۆیشتن و بەجێهێشتنی گەمارۆکەی داوە.

ئەڵێ پیاوێکی خەڵکی کوفە لێی پرسی: ئەی ئەبا عبدالله ئێوە پەیامبەری خواتان دەبینی و هاوەڵێتیتان دەکرد؟ ئەڵێ: بەڵێ ئەی برازا،وتی: ئەی ئێوە چیتاندەکرد کە دەتانبینی و هاوەڵێتی ئەوتان دەکرد؟ئەڵێ: سوێند بەخوا تێدەکۆشاین و جیهادمان دەکرد، پرسیارکار بەحوزەیفە ئەڵێ: سوێند بەخوا ئەگەر بەزەمەن و سەردەمی ئەو بگەشتنایە، نەماندەهێشت بەپێ بەسەر زەویدا بڕۆشتبایە و دەمانخستەسەر شانمان. حوزەیفەش ئەڵێ:ئەی برازا، سوێند بەخوا لەگەڵ پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم بەشداری خەندەق بووین و لەبەشێکی شەودا نوێژی کرد پاشان رووی لێکردین و فەرمووی:"کێ هەیە بتوانێ بڕواتە لای قورەیش و بڕوانێ نیازی چیان هەیە و پاشان بگەڕێتەوە؟" پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) مەرجی کرد بگەڕێتەوە:"لەخوا داوا دەکەم هاوڕێی من بێ لەبەهەشتدا" لەسەختی ترس و برسێتی و سەرمادا کەس رانەپەڕی، کە کەس هەڵنەستا، پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم)بانگیکردم، تا بانگی نەکردم نیازی

رۆیشتنم نەبوو،خۆشەویست(صلی الله علیه وسلم)فەرمووی":ئەی حوزەیفە بڕۆ و بڕوانە قورەیشییەکان چیدەکەن و چی نیازێکیان هەیە و هیچ نەکەی و نەڵێی تا دێیتەلای خۆم". ئەڵێ:رۆیشتم و خۆم گەیاندە ناو سوپای قورەیش، رەشەباو سەربازانی خوا(فریشتە)کاری سەختی پێدەکردن و هەراسان هاتبوون،نەئاگریان دەگیرساو نە خێمەشیان بۆ راگیردەکرا، ئەبو سوفیان هەستاو پشتی دایە ئاگرەکەوە و وتی: ئەی کۆمەڵی قورەیش بڕوانن ئەوانەی تەنیشتی یەکتر بناسنەوە؟ حوزەیفە ئەڵێ دەستی پیاوەکەی تەنیشتی خۆمم گرت و وتم: تۆ کێیت؟وتی: فلانی کوڕی فلان، پاشان ئەبو سوفیان هەستاو وتی: ئەی کۆمەڵی قورەیش ئێوە ناتوانن لێرەدا بەیانی بکەنەوە، توانا و توێشوومان پێ نەما، نەوەی قورەیزەش درۆیان لەگەڵداکردین و پەیمان شکێنییان کرد و هەواڵی ناخۆشیان پێ گەیاندین،وەک دەبینن ئەم رەشەبایە سەختەشمان تووش بووە کە دەیبینن و ئاگردانێکی بۆ بەگیرساویی نەهێشتووینەتەوە و خێمەیەکیشی بەراگیراویی بۆ نەهێشتووین، بەڕێبکەون بۆ گەڕانەوە،من دەگەڕێمەوە،پاشان رووبکردە وشترەکەی کە بەسترابووەوە،لەسەری دانیشت و لێیدا،سێ بازی پێدا،سوێند بەخوا هەر کە حەبلەکەی بەردا بەپێوە راوەستا،ئەگەر بەڵێن وەرگرتنی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) نەبووایە لێم بەوەی هیچ نەکەم:"هیچ نەکەی و نەڵێی تا دەگەڕێیتەوە لای خۆم". پاشان ویستم بەتیرێك بیکوژم، ئەڵێ: گەڕامەوە لای پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) کە لەنێو پەردەیەکدا بەهەندێ لەخێزانەکانی نوێژی دەکرد، کە بینیمی هێنامیە نێوان هەردوو قاچی و بەشێك لەپەردەکەی پێدا داینەوە، پاشان چووە رکوع و کڕنووش و منیش لەنێو قاچەکانیدابووم، کە سەلامی نوێژیدایەوە هەواڵەکەم پێگەیاند. غەتفانیش پێی گەیشت قورەیش چی کردووە بۆیە ئەوانیش لەبەربەیاندا گەڕانەوە ولاتی خۆیان.

لەوێدا خۆشەویست (صلی الله علیه وسلم)فەرمووی:"لەئێستاوە ئێمە جەنگی ئەوان دەکەین و ئەوان جەنگی ئێمە ناکەن". بەڕاستی هەروەهابوو ئیتر قورەیش جەنگی پەیامبەریان نەکرد، بەڵکو پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) بوو لەنێو شاری خۆیاندا جەنگیکردن و چووە مەککەوە بۆ سەریان. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێ: کاتێ

پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)بەیانیی کردەوە،خۆی و موسڵمانان گەڕانەوە مەدینە و چەکیان دانا.

غەزای بەنو قورەیزە

کە کاتی نیوەڕۆ هات، جبریل(سەلامی خوای لەسەربێ)هات کە عەمامەیەکی ئاورێشمیی بەسەرەوە بەستبوو بەسەر ئەسپێکی زین کراوەوە هات و وتی:((ئەی پەیامبەری خوا ئێوە چەکەکانتان داناوە ؟فەرمووی:"بەڵێ" جیبریل فەرمووی:"فریشتەکان جارێ شمشێریان دانەناوە،ئێستا بۆ سەر نەوەی قورەیزە هاتووین،ئەی موحەممەد خوای گەورە فەرمانت پێدەدات بۆ سەر ئەوان بەڕێبکەوی.من رووەو ئەوان دەچم و ئەیانلەرزێنمەوە و ناهێڵم دامەزراوبن".

پەیامبەری خۆشەویست(صلی الله علیه وسلم) بەدەم فەرمانی پەروەردگاریەوە رۆیشت و کۆڕی ئوم مەکتومی بەسەرپەرشتیاری مەدینە دیاریکرد و فەرمانی دایە کۆڕە مامەکەشی کە عەلی کۆڕی ئەبی تاڵیب بوو ئالاکەی پێدا تا بەرەو نەوەی قورەیزە پێشڕەوی بکات و بڕوانێ حاڵوباریان چۆنە و چی نیاز و توانایەکیان هەیە. جارێدەی پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) لەنێو خەڵکیدا جارپیدا کە خێرا لای پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) ئامادەبن، ئەوانیش ئامادەبوون، فەرمانی پێدان رووە و نەوەی قورەیزە بەڕێبکەون و پێیفەرموون:"هیچ کەسێك لەئێوە نوێژی عەسر نەکات لەنەوەی قورەیزەنەبێ". دەرچوون و کاتی نوێژی عەسر هات و هەندێکیان تەئویلی فەرمایشتی پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) کرد و نوێژی عەسریان کرد، هەندێکی تریان بەکارکردنی بەڕواڵەتی دەقەکە لەشەودا نوێژەکەیان ئەنجامدا. بۆ هەردوو کۆمەڵەکە پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) کەسیانی عەیبدار نەکرد،چونکە هەمووان بەگوێڕایەڵی پەیامبەر (صلی الله علیه وسلم)کاریانکرد.

خۆشەویست(صلی الله علیه وسلم) لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دەرچوو، عەلیش(خوای لێ رازی بێ) لەشوێنی نەوەی قورەیزە گەڕایەوە و بەخۆشەویستی فەرموو کە لەو کەسە

جەپەلآنە نزیك نەبێتەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)فەرمووی:" بۆچی،گومان ـەکەم خراپەیەکت لێیان بینیبێ بەرانبەر بەمن". وتی: بەڵێ،فەرمووی:"ئەگەر من ببینن ئەوان هیچ شتێك نالێن" چونکە کە عەلی لێیان نزیکبووەوە و قسەی لەگەڵداکردبوون، قسەی خراپیان بەرانبەر پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) وتبوو. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەڕێگەوت و لەقەلآکانیان نزیکبوویەوە و بانگی لێکردن:"ئەی برایانی مەیمون،ئاخۆ خوای گەورە شەرمەزاری نەکردن و نەهامەتیی بەسەرتاندا دانەبەزاند!"،وتیان: ئەی ئەبا قاسم تۆ نەزان نەبووی.

لەکاتی رۆیشتنی خۆشەویستدا بەرەو نەوەی قورەیزە، بەلای هەندێ لەهاوەلآنیدا تێپەڕی و لێیپرسین:" کەس بەلای ئێوەدا تێپەڕ نەبووە؟"وتیان: ئەی پەیامبەری خوا دوحیەی کوڕی خەلیفەی کەلبی بەسەر ئەسپێکی سپیەوە تێپەڕیوو کە پارچەیەك ئاورێشمی لەسەربوو، خۆشەویست(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەوە جبریل بوو بۆلای نەوەی قورەیزە نێردرا تا قەلآکانیان بهەژێنێ و ترسیان بخاتە دڵەوە". پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ هاوەلآنیدا دابەزیە سەر یەکێك لەبیرەکانی نەوەی قورەیزە کە پێیدەوترا(أنا)یان(أنِی)، کە موسڵمانەکان گەیشتن، پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) گەمارۆی دان و داوای لێکردن لەقەلآکان دابەزن،بەلآم رەتیانکردەوە، کە گەمارۆکە توندو بەردەوام بوو دڵنیابوون پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) دەستیان لەسەر هەڵناگرێ، بۆیە کەعبی کوڕی ئەسەد کە یەکێك بوو لەگەورەکانیان و خاوەن بۆچوونیان بوو هەستاو پێیوتن: ئەی کۆمەڵی جولەکە دەبینن دۆخەکەمان چۆنەو گەمارۆدراوین، من سێ شتتان بۆ پێشنیار دەکەم دواتر خۆتان بڕوانن و یەکێکی لێ هەڵبژێرن،وتیان: پێشنیارەکانت چییە؟وتی: دوای موحەممەد دەکەوین و راستیدەخەینەوە کە پەیامبەرە و سوێند بەخوا بۆ ئێوەش روونبووەتەوە کە پەیامبەرێکی نێردراوە و لەتەوراتەکەتاندا دەیبینن، بەوە خۆێنی خۆتان و سەروەت و منداڵ و خێزانەکانتان دەپارێزن،وتیان: هەرگیز حوکمی تەورات بەجێناهێڵین و بەکتێبێکی تری ناگۆڕینەوە،وتی: ئەگەر ئەوەش قبوڵناکەن وەرن بەیەکجار ژن و منداڵەکانمان بکوژین و ئینجا بەشمشێرەوە بەرەو

موحەممەد و هاوەڵانی دەردەچین و لەدوای خۆمان شتێکی قورس بەجێناهێڵین تا خوای گەورە کاری نێوان ئێمە و موحەممەد یەکلادەکاتەوە، بەم کارە یان لەنێو دەچین و هیچ وەچەیەک بەجێناهێڵین لێی بترسین، یان سەردەکەوین و دواتر ژن و منداڵ دەخەینەوە. وتیان: ژن و منداڵە داماوەکانمان بکوژین، ئاخۆ ئەگەر وەهامان کرد ژیان لەدوای ئەوان خێرو خۆشی چی هەیە؟وتی: ئەگەر ئەم پێشنیارەش قبوڵناکەن، ئەوە ئەمشەو شەوی شەممەیە پێدەچێ موحەممەد و هاوەڵانی دڵنیابن لەم شەوەدا پەلاماریان نادەین بۆ بدەین بەسەریاندا، وتیان: دوایی شەممەکەمان خراپمان بەسەردێنێ و شتێکی تێد روودەدات لەوانی پێشووی خۆمان رووبنەدابێ،وەک ئەوەی بوونە مەیموون و بەراز لای تۆش شاراوە نییە؟ وتی: هیچ پیاوێ لەئێوە نییە لەوەتەی دایکی هێناوێتییە دونیاوە. شەوێکی بەپێداگرییەوە کردبێتەوە. ئەڵێ: پاشان ناردیان بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کە پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) پێشنیارەکەی ئەوانی رەتکردەوە. ناردیان تاوەکو خۆشەویست (صلی الله علیه وسلم)ئەبو لوبابەیان بنێرێتە لا تا راوێژی بکەن لەبابەت ملکەچبوون بەفەرمانی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ،ئەبو لوبابە لەهۆزی ئەوس بوو،قورەیزەش پێشتر دۆست و هاوپەیمانی ئەوس بوون. پەیامبەرێش(صلی الله علیه وسلم) ئەبو لوبابەی ناردنەلا و رۆیشتە قەڵاکەیان، هەرکە ئەبا لوبابەیان بینی پیاوان بەرەو رووی رۆیشتن و ژن و منداڵانیش گریانیان لێ بەرزبوویەوە، ئەبو لوبابە بەزەیی پێیاندا هاتەوە، ئەوانیش پیانووت: ئەی ئەبو لوبابە. ئێمە ملکەچی فەرمانی موحەممەد بین؟وتی: بەڵێ و بەدەستیشی ئاماژەی کردە گەروی واتا سەرتاندەبڕێ.

ئەبو لوبابە لایان دەرچوو،ئەڵێ: سوێند بەخوا پێکانم لەشوێنی خۆیاندا بوون زانیم ناپاکییم بەخواو پەیامبەرەکەی کردووە، بۆیە رۆیشت و نەهاتە لای پەیامبەر (صلی الله علیه وسلم)و خۆی بەستوونی مزگەوتەکەوە بەستەوە و وتی: ئەم شوێنە بەجێناهێڵم تاوەکو لەو تاوانەی کردم خوا لێم خۆش نەبێ و سوێندی خوارد ئیتر هەرگیز نەچێتەلای نەوەی قورەیزە و لەشوێنێکدا نەبینرێتەوە ناپاکیی بەخواو پەیامبەرەکەی تێداکرابێ.

کە پەیامبەر (صلی الله علیه وسلم)ئەو هەواڵەی ئەبو لوبابەی پێگەیشت نەڕۆیشتەلای و هەرمووی:"ئەگەر بهاتبایەتەلای من، ئەوە داوای لێخۆشبوونم بۆ دەکرد، ئەو خۆی نەوەی کردووە و لەتوانای منذا نییە لەستوونەکە بیکەمەوە تاوەکو خوای گەورە لێی خۆشدەبێ". ئەبو لوبابە هەندێ ڕۆژ بەبەستراویی خۆی هێشتەوە و خێزانەکەی لەکاتی نوێژدا دەهات و ئەیکردەوە و دوای نوێژەکە دەیبەستەوە.

ئەیەزیدی کوڕی عبدالله‌ی کوڕی قوسەیتەوە کە تەوبەی ئەبو لوبابە لەکاتێکدا بۆ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دابەزی، کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەماڵی ئوم سەلەمەدا بوو. لەبەربەیانی شەوی شەشەمی بەستنەوەیدا، ئوم سەلەمە پێکەنینی پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم)ی گوێ لێبوو، پێیوت: ئەی پەیامبەری خوا بەچی پێدەکەنی؟وا خوای گەورە ددانتی خستەدەر! !فەرمووی:"خوای گەورە لەئەبو لوبابە خۆشبوو" ،وتی: ئەی پەیامبەری خوا موژدەی پێبدەم–ئەوکات پەردە نەدرابووە نێوان خێزانەکانی پەیامبەرو باوەڕداران–فەرمووی:"بلی"،بەڵێ موژدەی پێبدە، ئوم سەلەمە چووە بەردەرگای ژوورەکەی و وتی: ئەی ئەبو لوبابە مزگێنی بدەو موژدەبێ خوای گەورە لێت خۆشبوو، خەڵکیی ڕاپەڕین بیکەنەوە، ئەبو لوبابە وتی: نەخێر سوێند بەخوا نابێ کەس بمکاتەوە بەدەستی پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) نەبێ، پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) کە بۆ نوێژی بەیانی دەرچوو بەلایدا تێپەڕی و لەستوونەکەی کردەوە.

لەشەوی دابەزینی نەوەی قورەیزە ملکەچبوون بەفەرمان و بڕیاری پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)،خوای گەورە ڕێزی لەچوار جولەکە گرت و موسڵمان بوون، سیانیان لەنەوەی قورەیزە نەبوون،یەکێك لەو چوار کەسە لەنەوەی قورەیزە بوون، ئەوانەی قورەیزەیی نەبوون ئەمانە بوون: سەعلەبەی کوڕی سەعیە و ئوسەیدی کوڕی سەعیە و ئەسەدی کوڕی عوبەید بوون لەنەوەی هەدل نەوەك قورەیزی و نەچری. قورەیزیەکەش عەمری کوڕی سەعدی قورەیزیی بوو،رازیی نەبوو بەشداری قورەیزییەکان بێ لەناپاکیکردن لەگەڵ پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) داو وتی هەرگیز ناپاکی بەرانبەر

موحەممەد ناکەم. لەشەودا بەلای ئێشکگرەکەی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) ـ تێپەڕبوو که موحەممەدی کوڕی مەسلەمە بوو، موحەممەد ئەوی ناسی و وتی:خوایە گیان بێبەشم نەکەی لەلادانی سەختی و گرانیی سەرشانی بەڕێزان و ڕێی پی بەربەدەی،ئینجا ڕۆیشت تاگەیشتە مزگەوتی پەیامبەر (صلى الله عليه وسلم) و ئەو شەوە لەوێدا مایەوە، پاشان ڕۆیشت و ئیتر نەزانرا ڕوویکردە کوێ، کە بۆ پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) باسکرا فەرمووی:"ئەو پیاوێك بوو خوای گەورە بەئەمەکداریپەکەی ڕزگاری کرد".

ئیبن ئیسحاق و هەندێ کەس ئەڵێن: کە بەیانی بوویەوە و نەوەی قورەیزە ملکەچبوونیان بۆ فەرمانی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) ڕاگەیاند، پیاوانی هۆزی ئەوس شاند لەدوای شاند دەهاتنەلای پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و وتیان:ئەوان دۆست و هاوپەیمانی ئێمەن، تۆ چاکەت بەرانبەر دۆست و هاوپەیمانەکانی برا خەزرەجیەکانمان کرد–کاتێك کوڕی ئوبەی خەزرەجیی تکای ڕزگارکردنی نەوەی نەزریی کرد– بەرانبەر ئەم دۆست و هاوپەیمانانەی ئێمەش چاکە بکە،پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)پێیفەرموون:"ئەی کۆمەڵی ئەوس ڕازیی نابن یەکێك لەخۆتان بڕیاریان لەسەر بدات؟"وتیان: بەڵێ بۆ نا، فەرمووی:"ئەو پیاوەش سەعدی کوڕی موعازە".

سەعدی کوڕی موعاز لەجەنگی خەندەقدا تیرێك بەر شادەماری قۆڵی کەوتبوو،لەخو پارایەوە کە نەیمرێنێ تاوەکو کۆست و بەڵێی نەوەی قورەیزەی ناپاکی ستەمکار دەبینێ، کە خوای گەورە هاوبەشی پەیداکەرانی شکست پێهێناو ڕۆیشتن و پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و باوەڕداران گەڕانەوە مەدینە، پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) سەعدی کوڕی موعازی لەخێمەی ڕوفەیدەی ئەلسولەمییە لەمزگەوتی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)داینا کە کردبوویە نەخۆشخانە و تیماری هەژار و لاوازانی موسڵمانانی تێدادەکرد بەئومێدی پاداشتی پەروەردگار لەڕۆژی قیامەتتدا و فەرمانید سەعد لەوێدا دابنرێ تاوەکو لەنزیکەوە بەسەری بکاتەوەو لێپەوەی نزیك بێ.

کە پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) سەعدی کردە بڕیاردەری نەوەی قورەیزە، خزمەکانی لەهۆزی ئەوس هاتن و خستیانەسەر گوێدرێژێك و راخەرێکیان خستە ژێر، پاشان لەگەڵیدا بەڕێکەوتن بۆلای پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) و پیانووت: ئەی باوکی عەمر لەبڕیارتدا چاکە و پیاوەتیی بخەرە سەر هاوپەیمانەکانت، پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) بۆیە تۆی بۆ ئەم بڕیاردانە دیاریکردووە تاوەکو چاکەیان بەرانبەر بکەی، کە زۆریان وت،وتی: کاتی ئەوە هاتووە خوای گەورە سەرزەنشتی نەکات و لەسەری وەرینەگرێ. لێرەدا هۆزەکەی تێگەیشتن کە سەعد نیازی نییە بەزەیی بەرانبەریان بنوێنێ، کە سەعد گەیشت، پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"هەستن بۆلای گەورەکەتان" ئەوانیش بۆلای رۆیشتن و لەسەر گوێدرێژەکە دایانگرت و پێیانووت: ئەی باوکی عەمر پەیامبەری خوا تۆی بۆ کاری هاوپەیمانەکانت هەڵبژاردووە تاوەکو بڕیاریان لەسەر بدەی، سەعد پێیوتن: باشە ئەوەتان بۆ دەکەم،ناتانەوێ بەبڕیاری خوا بڕیار بدەم؟،وتیان: بەڵێ:بەبڕیاری ئەوەی ئێرە-ئاماژەی کردە پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) کە دانیشتبوو وەك رێزێك رووی لەپەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) وەرگێڕابوو،خۆشەویست فەرمووی:"بەڵێ". سەعد وتی: من وەها بڕیاریان لەبارەوە دەدەم پیاوەکانیان بکوژرێ و سەروەتەکانیان دابەش بکرێت و ژن و منداڵەکانیشیان بکرێنە سەبایە.

لەعەلقەمەی کوڕی وەقاسی لەیسییەوە: پەیامبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"بەحوکمی خوا بڕیارت لەبارەیانەوە دا کە لەسەرووی حەوت ئاسمانەوە ئەو بڕیارەی لەسەر دراون".

کاتێك لەسەر زمانی سەعدی کوڕی موعاز حوکمی خوایان لەبارەوە دابەزی و پەیامبەری خواو هاوەڵانیش تێکڕا لەسەری رەزامەند بوون، قورەیزییەکان لەقەڵاکانی خۆیان بوون و رەتیانکردەوە بەو حوکمەی سەعد رازیبن و دابەزن، عەلی هاواریکرد و وتی: ئەی کەتیبەی باوەڕ-خۆی و زوبەیری کوڕی عەوام رۆیشتنە پێشەوە-وتی: سوێند بەخوا یان وەك حەمزەمان بەسەردێ یان دەچمە قەڵاکانیانەوە، جولەکەکان

هاواریانکردو وتیان: ئەی موحەممەد بەبڕیارەکەی سەعدی کوڕی موعاز رازین و لەقەلاکان دادەبەزین،دابەزین و بەستراوەو و بەرەو مەدینە هێنران و لەمالّی کچی حاریسدا بەندکران–ئافرەتێکی نەوەی نەجارِ بوو، پێیدەوترا:نوسەیبەی کچی حاریس.

پاشان پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) دەرچووە بازاڕی مەدینەو فەرمانیدا تیاید کۆمەڵە چاڵێك هەڵبکەندرێت، پاشان فەرمانیدا کۆمەڵ کۆمەڵ پیاوانی جولەکە بهێندرێ و لەگەردنیان دەدراو دەخرانە نێو ئەو چاڵانەوە و نزیکەی حەوسەد پیاو بوون. لەنێویاندا کەعبی کوڕی ئەسەدی گەورەیان و دوژمنی خوا حوێی کوڕی ئەختەبی کۆکەرەوەی کۆمەڵەکان بوو بۆ جەنگی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و باوەڕداران لەشەڕی خەندەقدا، پیاوە جولەکەکان کە لەگەڵ کەعبدا دەهێندران بەکەعبیان وت: ئەی کەعب بۆ کوێ دەبردرێین؟ پێیوتن: ئێوە لەهەموو شوێنێکدا فام ناکەنەوە ؟نابینن ئەم کەسە دەستهەڵناگرێ و هەرکەس لەئێوە ببردرێت ناگەڕێتەوە ؟سوێند بەخوا بۆ کوشتن دەبردرێین! !حوێی کوڕی ئەختەبی دوژمنی خوا هێنرا کراسێکی فقاحیی لەبەردابوو. لەهەموو لایەکیەوە درێبووی تاوەکو موسڵمانەکان سوودی لێ نەبینن، لەگەڵ کۆمەڵێک هێنرا دەستیان بەگەردنیانەوە بەستراببووەوە، کە روانیە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) وتی: سوێند بەخوا لەدوژمنایەتیکردنی تۆدا خۆم سەرزەنشت نەکردووە، بەڵام خوای گەورە هەرکەسێکی بوێ سەرشۆڕی دەکات، پاشان رووبکردە خەڵك و وتی:ئەی خەڵکینە خەم لەکاری خوا ناخورێت، ئەمە قەدەرێکی نووسراوە و داستانێکە خوای گەورە بۆ سەر نەوەی ئیسرائیل نووسیوێتی، پاشان دانیشت و لەگەردنی درا. جەبەلی کوڕی جەوال ئەلسەعلەبییش وتوویەتی:

لَعَمْرُك مَا لامَ ابْنُ أَخْطَبَ نَفْسَهُ ولكنه مَنْ يَخْذُل اللهَ يُخْذَلِ

لَجَاهَدَ حتَّى أَبْلَغَ النَّفْس عُذْرَهَا وقَلْقَلَ يَبْغِي العِزَّ كلَّ مُقَلْقَلِ

واتا: سوێند بێ کوڕی ئەختەب سەرزەنشتی خۆی نەکردووە، بەڵام کە خوای گەورە کەسێك شەرمەزار بکات، ئەوە شەرمەزاری دەکات. هەر تێکۆشا و دوژمنایەتیی کرد تاوەکو خۆی شکۆدار بکات کەچی خۆی بەمەرگ گەیاند.

لەعائیشەوە ئەڵێ:لەئافرەتانی نەوەی قورەیزە تەنیا یەك ئافرەتیان لێ کوژرا، سوێند بەخوا پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) لەبازاڕدا پیاوانیانی دەکوشت ئەم لەگەڵ منـدا قسەی دەکرد و پێدەکەنی و لەپێکەنیندا لەسەر پشت دەکەوت، بانگکرا:فلانـە ئـافرەت لەکوێیە؟ وتی:سوێند بەخوا منم، وتم: لەنێوبچی چیت بەسەرهاتووە؟ وتی:دەکوژرێم، وتم:بۆچی دەکوژرێی؟ وتی: رووداوێکم کردووە، رۆیشت و لەگەردنی درا، عائیشە ئـەڵێ: سوێند بـەخوا نـەمبینیووە کـەس لـەو زیـاتر دڵئـارامترو زۆر پێکـەنین بـێ و ئەشـیزانی دەکوژرێت.

ئەو پیاوە قورەیزییە سەیرتربوو لەو ئافرەتە سەیرەی هۆزی قورەیزە، ئەویش زەبیری کوڕی باتا بوو، یەکێك بوو لەگـەورە پیـاوانی نـەوەی قـورەیزە. لەسـەردەمی نەفامییـدا لەجـەنگی بوعـاس منـەتی خستبووەسـەر سـابتی کـوڕی قەیسـی کـوڕی شـەممـاس، کـە ئـازادیکرد، سـابت هـات–کـە بەتەمـەن بـوو–وتـی: ئـەی ئـەبو عەبـدولڕەحمان دەمناسـیتەوە؟وتی: ئـاخۆ نمونـەی مـن، نمونـەی تـۆ لەبیردەباتـەوە و نەیناسـێ؟وتی: ئەمەویست بەدەستی خۆم پاداشتت بدەم، زەبیر وتـی: کەسـی بـەڕێز پاداشـتی بـەڕێز دەدات.

پاشان سابت هاتە لای پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و وتـی: ئـەی پەیامبـەری خـوا زەبـیری کـوڕی باتـا منـەتێکی بەسـەرمەوە هەیـە حەزدەکـەم پیـاوەتی و منـەتی بدەمـەوە،تکا دەکـەم خـوێنیم پـێ ببەخشـە، پەیامبەر(صـلى الله عليـه وسـلم) فەرمووی:"باشە با بۆ تۆ بێت" هاتەلای و پێیوت: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تۆی بەمن بەخشیووە،زەبیر وتی: پیاوێکی بەتەمەنی بێ ژن و کوڕ ژیانی بۆ چییە؟سابت هاتـەوەلای پەیامبەر(صـلى الله عليـه وسـلم) و وتـی: دایـك و بـاوکم بەفیـدات بـێ ئـەی پەیامبـەری خـوا، ژن و کوڕەکەشـیم پێبـدە، خۆشەویسـت فـەرمووی:"ئـەوەش بـۆ تۆ"ئەویش هەردووکیانی هێناو وتی: پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) هەردووکیانی پێدام ئـەوە ژن و کوڕەکـەت، زەبـیر وتـی: خێزانێکـی بـێ پـارەو سـەروەت لـەحیجازدا چـۆن دەتوانن بژێن و بمێننەوە؟سابت هاتەوە لای پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و وتی: ئەی

پەیامبەری خوا سەروەتەکەشی بدەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەوەش بۆ تۆ" سابت هاتەوەلای و وتی: پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) سەروەتەکەشتی بۆ گەڕاندەوە، ئەوەش سەروەتەکەت،وتی سابت: کەعبی کوڕی ئەسەد چی بەسەرهات کە رووەتی لەدەفری دەکرد و رووی پاکەکانی گەڕەکی لێ دەبینرا؟وتی: کوژرا. وتی:ئەی گەورەی شارو دەشت چی بەسەرهات حویەی کوڕی ئەختەب؟وتی: کوژرا، وتی:ئەی پێشڕەوەکەمان و دامەزراوەکەمان کە ئێمە هەڵدەهاتین لەکاتی سەختیدا چی بەسەرداهات،عەزالی کوڕی سەموئل؟ وتی: کوژرا. وتی: ئەی دوو مەجلیسەکەی نەوەی کەعبی کوڕی قورەیزە و نەوەی عەمری کوڕی قورەیزە چییان بەسەرهات؟ وتی: کوژران. وتی: ئەی سابت منیش پەلکێشی مردن بکە، ناتوانم دوای ئەوان بژیم و ئارامم نییە تا بەو خۆشەویستانەم نەگەم، سابت پێشیخست و لەگەردنی درا. بەئەبو بەکر گەیشت کە زەبیر وتوویەتی بەخۆشەویستانم بگەم،ئەبو بەکریش وتویەتی: سوێند بەخوا لەدۆزەخدا بەنەمریی بەوان دەگات. سابتی کوڕی قەیسی کوڕی شەمماس لەو بارەدا وتوویەتی و باسی زەبیری کردووە و ئەڵێ:

وَفَتْ ذِمّتي أنِّي كريمٌ وأنني

صبُورٌ إذا ما القومُ حَادُوا عن الصَّبر وكان زَبِيرٌ أعظم النَّاس مِنَّةً

عَلَـيَّ فلمَّـا شُـدَّ كُوعـاهُ بالأسْـر أتيتُ رسولَ الله كَيما أفُكَّهُ

وكان رسولُ الله بَحْرًا لنا يَجْرِي

واتا: من ئەوەی لەئەستۆمدا بوو پێیەوە وەفادار و ئارام گربووم کاتێ ئەو قەومە ئارامگرییان نەمابوو، زەبیری لەهەموو کەس زیاتر منەتی بەسەرمەوە هەبوو بۆیە لەکاتی دیلبوونیدا دەبوو وەفادار بم، بۆیە هاتمە لای پەیامبەری خوا تاوەکو لەدیلبوون ئازادی بکەم، پەیامبەری خواش لەبەخشندەیی و ڕێزدا وەک دەریا بوو بۆ ئێمە و بەخشندەیی لەبەر دەڕۆیشت.

ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی کرد بەکوشتنی هەر نێرینەیەکی جولەکە کە مووی لێ هاتبێ.

ـەئیووبی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی عبدالله‌ی کوڕی ئەبی سەعسەعەی برای نەوەی عەدی کوڕی ئەلنەجارەوە کە سەلمای کچی قەیس ئوم ئەلمونزیری خوشکی سەلیتی کوڕی قەیس یەکێك بوو لەپوورەکانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و خوشکی دایکی بوو، رووە و هەردوو قیبلە نوێژی کردبوو، بەیعەتی ژنانی دا،داوای لەپەیامبەری خوا کرد کە رەفاعەی کوڕی شەمویلی ئەلقورەزی ئازاد بکات،رەفاعە پەنای بۆ ئەو هێنابوو، رەفاعە وەهای دانابوو نوێژ دەکات و گۆشتی وشتر دەخوات. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆی ئازاد کرد.

بەپشت بەستن بەحوکمی سەعدی کوڕی موعاز، کە ڕێك بوو بەحوکمی خوا لەبارەی نەوەی قورەیزە و جێی ڕەزامەندیی پەیامبەری خوا بوو موحەممەد(صلى الله عليه وسلم)، ئەوە وەك ژن و وەچەکانیان منداڵەکانیشیان بەسەر موسڵمانەکاندا دابەشدەکرێت، بۆیە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) دابەشیکردن، بۆ هەر سوارێك سێ پشك و بۆ پیادەش پشکێ، ئەمەش دوای دەرکردنی پێنج یەك بۆ خواو پەیامبەرەکەی و خزمان و هەتیوو هەژارو ڕێبواران، بەم سوونەتە دەسکەوتەکان لەئیسلامدا دابەشدەکران، بەڵام هەندێ پێشەوا وەهای بۆچوون دەکەن سوار، دوو پشکی هەیەو پیادەش پشکێك.

پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) ڕەیحانەی کچی عەمری کوڕی خونافەی بۆ خۆی هەڵیبژارد کە یەکێك بوو لەئافرەتانی نەوەی عەمری ئەلقورەزی و پێشنیاری هاوسەرگیری خستەبەردەم و حیجابی بخاتەسەر، ڕەیحانە ڕەتیکردەوە و وتی: ئەی پەیامبەری خوا لەماڵ و مووڵکی خۆتدا بمهێڵەوە ئەوە باشترە بۆ من و بۆ خۆتیش، پەیامبەریش وازی لێهێنا، پێشنیاری موسڵمانبوونی خستەبەردەم، بەڵام ڕەتیکردەوە جگە جولەکایەتی ئایینێکی تر هەڵبژێرێ، بۆیە وازی لێهێنا و ئەوەشی لەدەروونی خۆیدا بینی بۆ ئەو وازلێهێنانە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەنێو هاوەڵانیدا بوو دەنگی دوو نەعلی لەپشتەوەی خۆی گوێ لێبوو فەرمووی:"ئەمە هی سەعلەبەی کوڕی سەعیەیە موژدەی موسڵمان بوونی ڕەیحانەم پێدەدات"، هات و وتی: ئەی پەیامبەری

خوا رەیحانە موسڵمان بوو،ئەو هەواڵە خۆشەویستی خۆشحاڵکرد،(خوای لێ رازی بێ لای پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) بوو لەموڵکیدا مایەوە.

دوای ئەوەی سەعدی کوڕی موعاز لەبارەی نەوەی قورەیزەوە حوکمی دا و رێك و گونجاو بوو بەحوکمی خواو پەیامبەرەکەی و گەڕاندیانەوە خێمەی رۆفەیدەی نێو مزگەوتی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) بۆ چارەسەرو تیمارکردن.

کە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) لەنەوەی قورەیزە بوویەوە کە پیاوەکانی کوشتن و سەروەت و ژن و منداڵەکانیانی دابەشکرد،لەشەوێکدا سەعد خوێن بەربوونی بۆ دروست بوو کە خوای گەورە چاو و دڵنارمی کرد بە لەنێووچوونی نەوەی قورەیزە وەك ئەوەی لەپەروەردگاری پاڕایەوە نەیمرێنێ تاوەکو کوشتنی نەوەی قورەیزە بەچاو دەبینێ،جیبریل هاتەلای پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و بەپەیامبەری فەرموو: ئەی موحەممەد ئەم مردووە کێیە کە دەرگاکانی ئاسمانی بۆ کرایەوە و عەرش بۆی لەریەوە ؟پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) خێرا هەستاو عەباکەی رادەکێشا تا بگاتەلای سەعد، ئەبو بەکرو عومەریش پێیگەیشتن، بینی سەعد بەشەهیدیی مردووە لەکاریگەریی ئەو برینەی کە لەڕۆژی خەندەقدا بەتیرێك پێکرا. عائیشە(خوای لێ رازی بێ) ئەڵێ: گریانی ئەبو بەکر و عومەرم لەسەر سەعد گوێ لێبوو،لەژووری خۆمدا بووم گریانی ئەبو بەکرم لەگریانی عومەر جیا دەکردەوە.

عائیشە ئەڵێ: ئەوان بەو جۆرە بوون کە خوای گەورە فەرموویەتی:لەنێوان خۆیاند بەبەزەیین.

عەلقەمە وتوویەتی: دایکە گیان، ئەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چی دەکرد؟ ئەویش ئەڵێ: بۆ هیچ کەسێ فرمێسك بەچاویدا نەدەهاتە خوار، بەڵام ئەگەر بۆ یەکێك زۆر بەداخ بووایە و خەفەتی زۆری بۆ بخواردبایە و دڵی تەنگ ببووایە، ریشی خۆی دەگرت.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: لەڕۆژی خەندەقدا لەموسڵمانەکان تەنیا شەش کەس کوژرا. لەهاوبەش پەیداکەرانیش سێ کەس، لەڕۆژی نەوەی قورەیزەشدا خەلادی کوڕی

ـــوەیدی کـوڕی سـەعلەبەی کـوڕی عـەمری کـوڕی بلحاریسـی کـوڕی ئەلخـەزرەج کـە ـمستاڕیان بەردایەوە بەسەریدا و سەخت بریندارى کرد و کۆچـی دوایـی کـرد، هـەروەها ـمو سینانی کوڕی میحصەنی کوڕی حورسان براى نـەوەی ئەسـەدی کـوڕی خوزەیمـە. یـەیامبـەری خوا(صلى الله علیه وسلم) بەنو قورەیزەی گـەمارۆ دابـوو، بۆیـە لەگۆڕسـتانی ـموەی قورەیزەدا نێژرا.

کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله علیـه وسـلم) لەخەنـدەق رۆیشـت، فەرمووی:"لەمـەولا ئێمە پەلاماری قورەیش دەبەیـن و ئـەو پـەلاماری ئێمـە نـادات". ئـیتر بـەو جـۆرە بـوو تاوەکو خوای گەورە مەککەی بۆ پەیامبەر(صلى الله علیه وسلم) فەتح کرد.

فەتحی بەنو قورەیزە لەزولقەعیدە یان سەرەتای زی ئەلحیجە بوو بەپێی قسـەی ئـیبن ئیسحاق، هەرچی واقیدییـە ئـەڵێ: دوو شـەو لـەمانگی زو ئەلقەعیـدە مـابوو پەیامبـەری خوا(صـلى الله علیـه وسـلم) چووەسـەر بـەنو قـورەیزە. وەهـای دانـاوە کـە پـەیامبـەری خوا(صلى الله علیه وسلم) فرمانی کردووە چاڵ لـێ بـدرێ بـۆ بـەنو ئیسـرائیل و عـەلی و زوبەیریش لەبەردەستی ئەودا لەگەردنی پیاوانی بەنو قورەیزەیان داوە، وەهایشی داناوە ئـەو ئافرەتـەی کـە پـەیامبـەری خوا(صـلى الله علیـه وسـلم) فرمـانی داوە لـەو رۆژەدا بکوژرێت، ئافرەتێك بوو بەناوی بونانـە و خێزانـی ئەلحەکـەمی قـورەزیی بـووە، چـونکە لەسـەربانەوە دەسـتاپی خسـتبوو بەسـەری خـەللادی کـوڕی سـوەید و کوشـتی، بۆیـە پـەیامبـەری خوا(صـلى الله علیـه وسـلم) داوای کـرد بهێنرێـت و لـەبری خـەللادی کـوڕی سوەید، لەگەردنی درا.

جیاوازیی هەیە لەبارەی کاتی غەزای پەیامبـەری خوا(صـلى الله علیـه وسـلم) بـۆ سـەر نەوەی ئەلموستەلیق، کە پێیشی دەوترێـت غـەزای ئەلموریسـیع، ئەلموریسـیع نـاوی ئاوێکە لەئاوەکانی خوزاعە لەڕووی قودەیـد و نزیـك بەکەناراو(الساحل). ئـیبن ئیسـحاق ئەڵێ: وەك ئەوەی ئیبن حومەید بۆی باسکردووین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین لەبارەی پەیامبـەری خواوە(صـلى الله علیـه وسـلم) کـە پـەیامبـەری خوا(صـلى الله علیـه وسـلم) لەمانگی شـەعبانی سـاڵی شەشـی کۆچییدا غـەزای بـەنی ئەلموسـتەلیقی ئـەنجام داوە،

واقیدییش ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەمانگی شەعبانی ساڵی پێنجی کۆچییدا غەزای ئەلمورەیسیعیی ئەنجام داوە. وەهای داناوە کە شەڕی خەندەق و بەنو قورەیزەش لەدوای ئەلمورەیسیع بۆ شەڕی بەنی ئەلموستەلیق لەخوزاعە ئەنجام داوە ئیبن ئیسحاقیش وەهای داناوە کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەدوای لێبوونەوەی لەبەنو قورەیزە و لەکۆتایی زوئەلقەعیدە یان سەرەتای زو ئەلحیجە رۆیشتووە و زو ئەلحیجە و موحەڕەم و سەفەر و هەردوو رەبیعیش لەمەدینە ماوەتەوە. هاوبەش پەیداکەران حەجی ساڵی پێنجی کۆچییان بەڕێوە بردووە.

باسکردنی ئەو رووداوانەی لەساڵی شەشی کۆچییدا رووییان داوە، غەزای بەنی لیحیان

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەجەمادی یەکەم لەسەرەتای شەش مانگ بەسەر فەتحی بەنو قورەیزەدا، رووبکردە نەوەی لیحیان بۆ تۆڵەی هاوەڵانی ئەلڕەجیع، خوبەیبی کوڕی عەدی و هاوەڵەکانی، وەهای دەرخست کە دەیەوێ بچێتە شام تاوەکو لەپڕێکدا پەلاماری نەوەی لیحیان بدات. لەمەدینە دەرچوو ڕێگەی غورابی گرتەبەر(چیایەکە لەدەرووبەری مەدینەدا لەسەر ڕێگەی شام) پاشان ڕێگەی مەخیز پاشان بەتراء و پاشان ڕێگەی لای چەپ پاشان ڕێگەی یەین و پاشان سوخەیرات ئەلیەمام و پاشان ڕێگەی ئەلمەحەججەی ڕێگەی مەککە و خێرا ڕێگەی دەبڕی تاوەکو دابەزییە غوران کە شوێن و ماڵەکانی نەوەی لیحیان بوو، غوران دۆڵێکە لەنێوان ئەمەج و عوسفان و نزیك بەشار و ولاتێك پێیدەوترێ سایە. لەوێدا بینی وریابیان کردووە و لەسەر چیاکان خۆیان قایم کردووە، جا کاتێك پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دابەزییە ئەوێ و بینی ئەوەی ویستیان لێ هەبوو، ڕووی نەدا، بۆیە فەرمووی:"چی دەبێ ئەگەر دابەزینە عوسفان و خەڵکی مەککە وەها بزانن ئەمانەوێ ڕووبکەینە مەککە". بۆیە بەدووسەد سوار لەهاوەڵانی دەرچوو تاوەکو دابەزییە عوسفان. پاشان دوو سواری لەهاوەڵانی نارد تاوەکو گەیشتنە کوراع ئەلغەمیم و پاشان ڕۆیشتن.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هات و تەنیا چەند شەوێکی کەم مایەوە تاوەکو عویەینەی کوڕی حیصنی کوڕی حوزەیفەی کوڕی بەدری ئەلفەزاری بەکۆمەڵێ سواری غەتفانەوە پەلاماری وشترەکانی پەیامبەری خوای دا لە ئەلغابە و پیاوێکی نەوەی غەفار و ژنەکەشی لەگەڵ وشترەکان بوو، پیاوەکەیان کوشت و ژنەکەیان لەگەڵ وشترەکاندا برد.

غەزای زی قەرەد

لەعوبەیدوواللەی کوڕی کەعبی کوڕی مالیکەوە، هەموو ئەوەی لەبارەی غەزای زی قەرەدەوە هاتووە، چەند فەرموودە و باسێکە، یەکەمین کەسێك کە چاوی خستنەسەر، سەلەمەی کوڕی عەمری کوڕی ئەلئەکوەع ئەلئەسلەمیی بوو، رۆیشت و ویستی بگاتە ئەلغابە و کەوان و تیری هەڵگرتبوو، خزمەتکارێکی تەڵحەی کوڕی عبداللەشی لەگەڵدا بوو، هەرچی گێڕانەوەی سەلەمەی کوڕی ئەلئەکوەعە لەم غەزایەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دوای گەڕانەوەی بۆ مەدینە لەدوای سالّی حودەیبییە کە نەچووە مەککەوە و گەڕایەوە مەدینە، ئەگەر گێڕانەوەیەکی دروست بێ، ئەوە پێویستە ئەوەی لەسەلەمەی کوڕی ئەلئەکوەعەوە گێڕدراوەتەوە، دەبێ یان لەمانگی زی ئەلحیجەی سالّی شەشی کۆچیی بێ یان لەسەرەتای سالّی حەوت، ئەوەش دوای ئەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سالّی حودەیبییە لەمەککەوە گەڕایەوە مەدینە، ئەوەش لەمانگی زی ئەلحیجەی سالّی سالّی شەشی کۆچی و لەنێوان ئەو کاتە بووە کە ئیبن ئیسحاق داینناوە بۆ غەزای زی ئەلقەرەد و ئەو کاتەی کە گێڕدراوەتەوە لەسەلەمەی کوڕی ئەلئەکوەعەوە نزیك بەش مانگ بووە. لەئیاسی کوڕی سەلەمەوە ئەویش لەباوکیەوە ئەڵێ: لەگەڵ پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) گەڕاینەوە مەدینە، واتا دوای ئاشتەوایی حودەیبییە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ رەباح خزمەتکاری خۆیدا وشترەکانی نارد، منیش لەگەڵیدا بەئەسپەکەی تەڵحەی کوڕی عوبەیدوواللەوە رۆیشتم، کە بەیانییمان کردەوە، عەبدولڕەحمانی کوڕی عویەینە پەلاماری

وشترەکانی پەیامبەری خوای دا(صلی الله علیه وسلم)، هەمووی برد و شوانەکەشی کوشت، وتم: ئەی رەباح ئەم ئەسپە ببە و بەتەڵحەی بگەیەنە و هەواڵەکەش بەپەیامبەری خوا بدە کە هاوبەش پەیداکەران پەلاماری وشترەکانیان داوە. پاشان رۆیشتمە سەر تەپۆڵکەکەیەك و سێ جار بەدەنگی بەرز هاوارم کردە خەڵکی مەدینە کە فریابکەون ئینجا دەرچووم بەشوێن ئەو کەسانەدا و بەتیر، تیربارانم دەکردن و دوورەدەکەوتمەوە و ئەمووت: من کوڕی ئەلئەکوەعم و ئەمڕۆ رۆژی تیاچوونی سووك و ریسوایە، ئەڵێ: سوێند بەخوا تیرم بۆیان دەهاوێشت و رێگەم لێ دەگرتن، کە سوارێك بۆم گەڕایەوە، خۆم گەیاندە درەختێك و لەژێریدا دانیشتم و تیرم تێگرت تاوەکو بریندارم کرد، کە چیاکەیان بەرووداسەخت هاتەوە، خۆیان خستە کەندەلانێك و منیش چوومە سەر چیاکە و بەرەو بەسەریاندا دەخستە خوارەوە، سوێند بەخوا بەردەوام بووم لەو کارەدا تاوەکو هەموو وشترەکانی پەیامبەری خوام لێیان دوورخستەوە و بەتەنیا خۆیانم هێشتەوە، سی تیر و سی عەبایان لەدوای خۆیان بەجێهێشت و هەڵهاتن تاوەکو گەیشتنە کەندەلانێك و عویەینەی کوڕی حیصنیان پێگەیشت و منیش لەسەر چیاکەوە تەنگم پێیان هەڵچنیبوو. عویەینە وتی: ئەوە چی دەبینم؟ وتیان:سوێند بەخوا لەبەیانییەوە ئەم کابرایە لەکۆڵەنابێتەوە و هیچی پێ نەهێشتووین و بەبەرد و تیر تەنگی پێهەڵچنیووین. ئەویش وتی: بە چوار کەس لەئێوە بچێت بۆلای. چوار کەسیان هات، کە قسەیان لەگەڵدا کردم وتە ئەزانن من کێم؟ وتیان: تۆ کێیت؟ وتم: سەلەمەی کوڕی ئەلئەکوەع کە رووی موحەممەدەرەوشاوە دەکەم، بەمەوێ بەهەرکەسێکتان بگەم، بواری نادەم، هیچ کەسێ لەئێوەش دەستی بە من ناگات. یەکێکیان وتی: بێگومان دەزانم. ئینجا گەڕانەوە و منیش شوێنی خۆم بەجێنەهێشت تاوەکو سوارەکانی پەیامبەری خوام بینی(صلی الله علیه وسلم لەنێو درەختەکانەوە هاتن،یەکەمیان ئەلئەخرەم ئەلئەسەدیی بوو، بەشوێنی ئەودا ئەبو قەتادەی ئەلئەنساریی و دوای ئەویش ئەلمیقدادی کوڕی ئەلئەسوەدی ئەکیندی. جلەوی ئەسپەکەی ئەلئەخرەمم گرت و بەرەو دواوە گەڕانەوە وتم: ئەی ئەلئەخرەم ئەوانە کەمن. بۆیە وریایان بە لێت دانەبڕێن تاوەکو پەیامبەری خوا و هاوەڵانی پێمان دەگەن. ئەویش

ڕێی: ئەی سەلەمە ئەگەر باوەڕت بەخوا و ڕۆژی قیامەت هەیە و دەزانی بەهەشت و دۆزەخ ڕاستە، ئەوە مەکەوە نێوان من و شەهیدبوون. ئەڵێ: منیش ڕێگەم دا. خۆی و عەبدولڕەحمانی کوڕی عویەینە بەیەکگەیشتن، ئەلئەخرەم ئەسپەکەی خۆی سەربڕی، عەبدولڕەحمان شمشێرێکی لە ئەلئەخرەم دا و کوشتی، چووە سەر ئەسپەکەی، بەڵام ئەبو قەتادە پێیگەیشت و لێی دا و کوشتی. عەبدولڕەحمان، بەئەبو قەتادە ئەسپەکەی سەربڕی و ئەبو قەتادە چووە سەر ئەسپی ئەلئەخرەم. ئینجا دەرچوون و هەڵهاتن. سەلەمە ئەڵێ: سوێند بەو کەسەی موحەممەدی ڕێزدار کردووە،بەپێ دوایان کەوتم و هیچ هاوەڵێکی پەیامبەری خوام لەدوای خۆم نەبینی. پێش خۆرئاوابوون لایان دایە شیوێك ئاوی تێدا هەبوو پیێیدەوترا(زو قەرەد) و ئاویان لێخواردەوە و تینوویان بوو، تەماشای منیان کرد وَ چێژی دڵۆپە ئاوێکیان لێ نەکرد خۆیان گەیاندە کەندەلانێك، یەکێکیان بۆم هەڵگەڕایەوە و منیش تیربارانم کرد تاوەکو شانیم پێکا و وتم: بیگرە من کوڕی ئەلئەکوەعم، ئەمڕۆ ڕۆژی تیاچوونی سووك و ریسوایە.

دەستنوێژم گرت و نوێژم کرد و ئاوم خواردەوە و پاشان هاتم بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەسەر ئەو ئاوە بوو کە لەزو قەرەد نەمهێشت پشوو بدەن، بینینم پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەموو ئەو وشتر و تیر و عەبایانەی کۆکردووەتەوە کە لەدوژمنم کردبوون و ناچارم کردبوون بەجێیان بهێڵن. بینینم بیلال وشتێرێك لەو وشترانەی سەربڕیووە و بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەجگەر و کۆپانەی دەبرژێنێ،وتم: ئەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بهێڵە سەد پیاو هەڵبژێرم و دوای ئەوانە بکەوم و چاوێکی ساغیان تێدا نەهێڵمەوە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێکەنی تاوەکو لەبەر ڕووناکیی ئاگرەکەدا ددانەکانی دەرکەوتن، پاشان فەرمووی:"ئەوە تۆ وەهات پێکردوون؟" وتم: بەڵێ بەو کەسەی کە ڕێزی لێگرتووی.

کە بەیانییمان کردەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەوان ئێستا لەخاکی غەتفاندا گیرساونەتەوە". پیاوێکی غەتفان هات و وتی: ئەی فلانە کەس وشترێکیان بۆ سەربڕە. کاتێك پێستیان کەند، تەپوتۆزێکیان بینی، وتیان: کاتێك ئێوە

هاتن، ئەوان هەڵهاتن. کە بەیانییمان کردەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"باشترینی سوارەکانی ئەمڕۆمان، ئەبو قەتادەیە، باشترین پیادەکانی ئەمڕۆشمان، سەلەمەی کوڕی ئەلئەکوەعە". پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دوو پشکی پێدام، پشکی سوار و پشکی پیادە و هەردووکی بۆ کۆکردمەوە و پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەپشتی خۆی سەریخستم لەسەر ئەلعەزباء و گەڕاینەوە مەدینە. بەڕێگاوە بووین پیاوێکی ئەنساریی وتی: هیچ کەسێ هەیە بیەوێ تاوەکو مەدینە پێشبڕکێ بکەین؟ چەند جارێك ئەوەی وت، کە گوێم لێبوو وتم: ئەی ڕێر لەهیچ بەڕێزێك ناگری؟ وتی: مەگەر ئەو کەسە پەیامبەری خوا بێ، ئەگینا بۆ کەسی تر نا. وتم: ئەی پەیامبەری خوا بەدایك و باوکەوە بەفیدات بم، ڕێگەم بدە لەگەڵ ئەم پیاوەدا پێشبڕکێ بکەم. فەرمووی:"چۆنت دەوێ ئاوها بکە". پێشبڕکێم لەگەڵدا کرد و هەنگاوێ یان دووان پێشی کەوتم و دام بەنێو شانیدا و وتم: سوێند بەخوا و بردمەوە،ئەویش وتی: منیش وا گومان دەکەم، پێشیکەوتم بۆ مەدینە. سێ ڕۆژ لەمەدینەدا نەماینەوە تاوەکو دەرچووین بۆ خەیبەر. باسەکە دەگەڕێتەوە لای ئیبن ئیسحاق...خزمەتکارێکی تەڵحەی کوڕی عوبەیدوالڵەی لەگەڵدا بوو واتا لەگەڵ سەلەمەی کوڕی ئەلئەکوەعدا ئەسپێکی پێبوو رایدەنا تاوەکو چووەسەر سەنەیەت ئەلوەداع و ڕوانیە هەندێ لەئەسپەکانیان، بۆیە چووە لای سەلع و سێ جار هاواری کرد و ئینجا وەت شێر بەدواياندا ڕۆیشت تاوەکو پێیان گەیشت و دەستی کردە تیرباران کردنیان، هەر تیرێکی تێدەگرتن ئەیوت: بیگرە من کوڕی ئەلئەکوەعم و ئەمڕۆ ڕۆژی تیاچوونی سووت و ریسوایە.

ئەڵێ: یەکێکیان وتی: ئەمە لەسەرەتای ڕۆژەوە ئازارمان دەدات و ڕۆیشتنی لێ سەخت کردووین.

ئەڵێ: هاواری کوڕی ئەلئەکوەع بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەیشت لەمەدینەدا ترس بلاوبوویەوە و ئەسپسوارەکان گەیشتنە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، یەکەمین کەسێك کە لەسوارەکان گەیشتە لای پەیامبەری خوا(صلى الله

عیە وسلم)، ئەلمیقدادی کوڕی عەمر بوو، لەدوای ئەلمیقداد، عەببادی کوڕی بیشری خەبی وەقشی کوڕی زوغبەی کوڕی زەعورا بوو برای نەوەی عەبد ئەلئەشهەل و سەعدی خەبی زەید کە یەکێك بوو لەنەوەی کەعبی کوڕی عەبد ئەلئەشهەل و ئوسەدی کوڕی وهەیری برای ئەسەدی کوڕی خوزەیمە و ئەبو قەتادە ئەلحاریسی کوڕی ربیعیی برای هوەی سەلیمە و ئەبو عەییاش،کە عوبەیدی کوڕی زەیدی کوڕی سامت برای نەوەی وورەیق بوون، کە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کۆبوونەوە، سەعدی کوڕی زەیدی کردە ئەمیریان و پاشان فەرمووی:"بەدوای ئەواندا بڕۆ تاوەکو خەڵکیی پێت ەگەن".

وەك لەپیاوانێکی نەوەی زورەیقەوە پێمگەیشتووە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەئەبو عەییاشی فەرمووە:"ئەی ئەبا عەییاش، ئەگەر بکرێ ئەم ئەسپەت بدەیتە دەستی کەسێك لە تۆ سوارتربێ تاوەکو بەو قەومە بگات". ئەبو عەییاشیش ئەڵێ: ئەی پەیامبەری خوا من لەهەموو خەڵکیی ئەسپسوارترم. پاشان لەئەسپەکەم دا، سوێند بەخوا پەنجا باڵ نەڕۆیشتم ئەسپەکەم منی خستە خوارەوە، بۆیە سەیرم لێ هات کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)فەرمووی: "ئەی ئەبا عەییاش، ئەگەر بکرێ ئەم ئەسپەت بدەیتە دەستی کەسێك لە تۆ سوارتربێ تاوەکو بەو قەومە بگات". منیش وتم: ئەی پەیامبەری خوا من لەهەموو خەڵکیی ئەسپسوارترم.

پیاوانێك لەبەنی زورەیق وەهای دادەنێن کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەسپەکەی ئەبو عەییاشی داوەتە دەست موعازی کوڕی ماعس یان عائیزی کوڕی ماعسی کوڕی قەیسی کوڕی خەلدە–هەشتەمین کەس بوو– هەندێ کەسیش سەلەمەی کوڕی عەمری کوڕی ئەلئەکوەع بەیەکێك لەهەشت کەسەکە دەژمێرن و ئوسەیدی کوڕی زوهەیری برای نەوەی حاریسە دەردەکرێت. سەلەمە ئەو رۆژە ئەسپسوار نەبوو، یەکەمین کەسێك بوو لەسەر قاچەکانی بەو کەسانە گەیشت، ئینجا سوارەکان دەرچوون بەدوای ئەو کەسانەدا تاوەکو پێیانگەیشتن.

لەعاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادەوە، یەکەمین کەسێك بەوانە گەیشت، موحریزی کوڕی نەزلەی بۆ نەوەی ئەسەدی کوڕی خوزەیمە بوو، وتراوە موحریز ئەلئەخزەە و پێیشی وتراوە قومەیر. کاتێك ئەسپسوارەکان بۆ مەحمودی کوڕی مەسلەمە دەرکەوتن لەنێو بێستانەکەدا کاتێك گوێی لەدەنگی ئەسپەکان بوو، ئەڵێ: ژنێك لەژنانی نەوەی عەبد ئەلئەشهەل کاتێك بینیی ئەسپسوارەکان لەنێو بێستانەکاندا دەسووڕێنەوە. ئەسپێکی هەبوو بەدارخورمایەکەوە بەسترابوویەوە، وتی: ئەی قومەیر دەتوانی سەرکەویتە سەر ئەم ئەسپە،وەك دەبینی چی رووی داوە تاوەکو بگەی بەپەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و موسڵمانەکان و هەواڵی پێ بدەی؟ وتی: بەڵێ. ئەویش ئەسپەکەی پێ دا و قومەیر پێیەوە دەرچوو، هەر ئەوەندەی پێچوو کەوتە بەردەستی ئەسپسوارەکان، بۆیە پێیووتن: ئەی کۆمەڵێ لوکەیع بووەستن تاوەکو ئەوانەی دواوەە لەکۆچەران و پشتیوانان پێتان دەگەن. ئەڵێ: پیاوێك لەوانە پەلاماری دا و کوشتی. نەیانتوانی ئەسپەکە ببەن تاوەکو خۆی گەیاندە شوێنی دابەستنی ئاژەڵان لەنەوەی عەبد ئەلئەشهەل و لەموسڵمانان تەنیا قومەیر کوژرا. ناوی ئەسپەکەی مەحمود بوو ئەللمە بوو.

ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین وتی: موحەممەدی کوڕی ئیسحاق بۆی باسکردم لەکەسێکەوە کە تۆمەتبار نییە ئەویش لەعوبەیدواللەی کوڕی کەعبی کوڕی مالیکی ئەنساریییەوە کە موحریز لەسەر ئەسپێکی عوکاشەی کوڕی میحصەن بووە پێیووتراوە ئەلجناح. موحریزیان کوشت و ئەلجناحیان برد، ئینجا کاتێ ئەسپسوارەکان بەرانبەر بوونەوە، ئەبو قەتادە ئەلحاریسی کوڕی ربیعیی برای سەلەمە. حەبیبی کوڕی عویەینەی کوڕی حیصنی کوشت و بەعەباکەی داپۆشی، پاشان خۆی گەیاندە خەڵکەکە، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و موسڵمانان هاتن و تەرمی حەبیبیان بینی بەعەباکەی ئەبو قەتادە داپۆشرابوو. خەڵکەکە خەفەتبار بوون و وتیان: ئەبو قەتادە کوژراوە. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"ئەمە تەرمی ئەبو

قەتادە نییە، بەڵکو کەسێکی ترە و بەدەستی ئەبو قەتادە کوژراوە و عەباکەی بەسەردا ـوە تاوەکو بزانرێ کوژراوی دەستی ئەوە".

عوکاشەی کوڕی میحصەن گەیشت بەئەوبار و کوڕەکەی کە عەمری کوڕی ئەوبار بوو، هەردووکیان بەسەر یەك وشترەوە بوون، هەردووکیانی تیرباران کرد و کوشتنی، هەندێ وشتریان رزگار کرد و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەڕێکەوت تاوەکو دابەزییە چیایەك لەزی قەرەد و خەڵکیی پێیگەیشتن. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ شەو و رۆژێك دابەزییە ئەوێ، سەلەمەی کوڕی ئەلئەکوەع وتی: ئەی پەیامبەری خوا ئەگەر سەد پیاوم بدەیتە دەست، تەواوی وشترەکانت بۆ رزگار دەکەم و گەردنی ئەو کەسانەشت بۆ دەگرم کە ئەو کارەیان کردووە. بەڵام پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئێستا ئەوان لەغەتفانن". پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ هەر سەد کەسێ لەهاوەڵەکانی وشترێکی سەربڕی و خواردیان و پاشان گەڕایەوە مەدینە و لەو رۆژانەی لەجەمادی دووەم مابوو لەگەڵ رەجەبدا لەمەدینە مایەوە پاشان لەمانگی شەعبانی ساڵی شەشی کۆچییدا غەزای موستەلێقی کرد لەخوزاعە.

باسکردنی غەزای نەوەی ئەلموستەلێق

لەموحەممەدی کوڕی یەحیای کوڕی حیبانەوە ئەڵێ: پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) هەواڵی پێگەیشت کە نەوەی موستەلێق لەخوزاعە بەسەرکردایەتی حاریسی کوڕی زرار باوکی جوەیریەی خێزانی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) لەشوێنێکدا گردبوونەتەوە پێیدەوترێ: ئەلموریسیع لەپووی قەدید، بۆیە ناونرا جەنگی نەوەی موستەلێق یان ئەلموریسیع. پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەبو زەڕی غەفاری لەدوای خۆی بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشت و بەکۆمەڵێ لەکۆچەر و پشتیوانان بۆیان دەرچوو،لەئەلموریسیع بۆیان دابەزی و جەنگیکردن و خوای گەورە هاویەش پەیداکەرانی شکست پێهێنا.

موسڵمانەکان هێشتا لەئەلمورەیسیع بوون و سەربازگەیان کردبووەوە دوو کەس هاواریان کرد: یەکێکیان وتی: ئەی پشتیوانان! !ئەوی تریش وتی: ئەی کۆچەران! !خەڵکی راپەڕین بینیان جەهجاهی غەفاری کڕێگرتەی عومەری کوڕی خەتتاب و سنانی جەهەنی هاوپەیمانی خەزرەجە لەسەر ئاوەکە شەڕیانە، هەر یەکەو هاوپەیمانی پشتیوانی خۆی بانگکرد، بۆ ئەوەش سەرکردەی دووڕووان عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول تووڕە بوو، کۆمەڵێ داروەدستەی هۆزەکەی خۆی لەدەوری بوون، لەوانە زەیدی کوڕی ئەرقەم بوو–تازە لاو بوو–کوڕی ئوبەی وتی: ئەوەیان کرد! !وا لەولاتی خۆمدا شەڕمان دەکەن و تەنگمان پێ هەڵدەچنن، سوێند بەخوا کە گەڕاینەوە مەدینە بەرزترین شارەدا دەریان دەکەین، پاشان رووبکردە داروەدستەکەی و وتی: ئەمە ئا ئەوەیە بەخۆتانتان کرد، ولاتی خۆتانتان تالانکرد و لەگەڵ ئەمانەدا سەروەت و ژیانی خۆتانتان دابەشکرد،کە زەید ئەم قسەیەی عبداللەی کوڕی ئوبەی گوێ لێبوو رۆیشت بۆلای پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و قسەکەی کوڕی ئوبەی بۆ گێڕایەوە،عومەری کوڕی خەتابیش لای پەیامبەری خوا بوو،وتی: ئەی پەیامبەری خوا فەرمان بدە عوبادی کوڕی بیشر بیکوژێت، پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"چۆن وەها بکەم کە خەڵکی بڵێن موحەممەد هاوەڵانی خۆی دەکوژێ" بەڵکو فەرمانی گەڕانەوە بدە بۆ مەدینە لەکاتێکدا گەڕانەوە کە نیازی گەڕانەوەی تێدا نەبوو، ئەوەش تاوەکو بیرکردنەوە لەئاژاوەیە لەبیری خەڵک نەهێڵێت، ئەوەش هیدایەتی پەیامبەرایەتیی بوو کە هیچ شتێک پێبیناگات.

ئوسەیدی کوڕی حوزەیر هات و سەلامی لەپەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) کرد وتی:ئەی پەیامبەری خوا لەکاتێکدا گەڕایتەوە کات و نیازی گەڕانەوەت تیایە نەبوو! !خۆشەویست فەرمووی:"ئەی نازانی و پێت نەگەیشتووە عبداللەی کوڕی ئوبەی چی وتووە؟" ئوسەید وتی: سوێند بەخوا ئەگەر بتەوێ تۆ لەم شارە دەریدەکەی. تۆ گەورە و دەسەلاتداری و ئەویش سەرکز، پاشان وتی: ئەی پەیامبەری خوا بەزەیت پێدابێتەوە، سوێند بەخوا خوای گەورە مننەتی خستووەتەسەرت، قەومەکەی

تەدەسازییان کردبوو تاجی پادشایەتی بخەنەسەر، ئەو وەهای دەبینێ تۆ بووبێتە مایەی لەدەستچوونی تاجی پادشایەتییەکەی.

کوڕی ئوبەی هەوالّەکەی بیستەوە و بەڕاکردن خۆی گەیاندە لای پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) و سوێندی خوارد کە هیچ شتێکی نەوتووە لەوەی زەید باسیدەکات. کوڕی ئوبەی کە گەورەبوو لەنێو قەومەکەیدا، قەومەکەی وتیان: ئەی پەیامبەری خوا بەڵکو زەید هەڵەی کردبێ و هەڵەی بیستبێ، بۆیە خوای گەورە سورەتی(المنافقین-سوورەوان)ی دابەزاند.

عبدالله‌ی کوڕی عبدالله‌ی کوڕی ئوبەی کە گەنجێکی خواپەرست بوو، پێیگەیشت کە باوکی چی نیازبووە، هاتەلای پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) و وتی: ئەی پەیامبەری خوا هەوالّم پێگەیشتووە لەکاتی گەڕانەوەت بۆ مەدینە دەتەوێ باوکم بکوژی، ئەگەر ئەو نیازەت هەیە بەخۆم فەرمان بدە بیکوژم و سەریت بۆ بهێنم، ئەترسم فەرمان بەیەکێکی تر بدەی بیکوژێ و نەتوانم بەبینینی بکوژی باوکم ئارام بم و ناچاربم بیکوژم، لەجیاتی بێباوەڕێك باوەڕدارێك بکوژم و بەو هۆیەشەوە بچمە دۆزەخەوە، پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"نەخێر نایکوژین، بەڵکو لێیدەبورین و باش هاوەڵێتی دەکەین تاوەکو لەنێومانـدا مابێتـەوە و لەژیاندابێ". ئیتر دوای ئەوە، هەر رووداوێکی بخولقاندبایە قەومەکەی سەرزەنشتیان دەکرد و توند دەبوون بەرانبەری و هەڕەشەیان لێ دەدا.

پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) زۆرێك سەبایەی دەستخست و بەسەر موسڵمانەکاندا دابەشیکردن، لەنێو ئەو سەبایانەشدا جوەیریەی دایکی باوەڕداران بوو(خوای لێ رازی بێ) کە کەوتە بەشی سابتی کوڕی قەیسی کوڕی شەماس یاخود کەوتە بەشی ئامۆزاکەی سابت.

کە جوەیریە کەوتە بەشی سابت-کچی گەورەی هۆزەکە بوو حاریسی کوڕی ئەبی زەرار-داوای لەخاوەنەکەی کرد نووسراوێکی لەگەڵدا واژوو بکات تاوەکو ئازاد بێ،هاتەلای پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) تاوەکو پشتگیری بکات لەنووسینی بەڵگەی ئازادبوونی، پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) پێیفەرموو:"لەوە باشترت ناوێ؟"وتی:

ئەوەی کە باشترە چییە ئەی پەیامبەری خوا؟فەرمووی:" خۆم پارەی ئازادیەکەت بدەمە سابتی کوڕی قەیس و مارەت بکەم؟"،وتی: بەڵێ ئەی پەیامبەری خوا رازیم پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) دوای دانی پارەی ئازادییەکەی مارەیکرد، کە موسڵمانەکانیش بیستیانەوە پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) جوەیریەی کچی گەورەی نەوەی موستەلیقی مارەکردووە،وتیان: ئەوان ئێستا خەزووراني پەیامبەری خوان! !ئەی چۆن ئێمە خاوەنیان بین؟بۆیە هەرچی سەبایەی نەوەی موستەلیقیان لابوو ئازادیانکرد کە نزیکەی سەد کەس دەبوون، عائیشەی دایکی باوەڕداران(خوای لێ رازی بێ) ئەیووت ئافرەتێکم نەبینیووە بەقەد جوەیریە بۆ هۆزەکەی بەرەکەتداربووبێ! !

پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) کە زانی لەدوای ئەو رووداوە، قەومەکەی کوڕی ئوبەی چۆن تەماشای کوڕی ئوبەی دەکەن و سەرزەنشت و هەڕەشەی دەکەن،ئیتر خۆی و هاوەڵانیش دەستیان لێ هەڵگرت،پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەعومەری کوڕی خەتاب دەفەرمووێ:"ئەی عومەر ئەمە چۆن دەبینی؟" سوێند بەخوا ئەگەر ئەو رۆژە بمکوشتبایە کە تۆ فەرمانت دا، ئەوە هەموو ئەوەی ئەمڕۆ ئامادەن بیکوژن،ئەوکات دەمارگیریی دەیگرتن بۆ تۆڵەکردنەوەی کوشتنی کوڕی ئوبەی. عومەر وتی: فەرمانی پەیامبەری خوا بەرەکەتدارترە لەفەرمانی من.

میقیەسی کوڕی صبابەی لەیسیی کە لەو جەنگەدا هیشامی کوڕی صبابەی برای کوژرا، پیاوێکی پشتیوانی دەستەکەی عوبادەی کوڕی صامت لەجەنگەکەدا بەهەڵە تیرێکی لێداو کوشتی، وا ئەمڕۆ میقیەس دێت و وەهای دەردەخات موسڵمانە و دڵی خوێنی براکەی دەکات کە هیشامی کوڕی صبابەی لەیسی بوو، پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) خوێنبایی براکەی پێداو شەوێك لای پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) مایەوە و چووە سەر بکوژی براکەی و کوشتی، پاشان بەهەڵگەڕاوەییەوە دەرچوو بۆ مەککە و ئەیووت:

حللتُ بها نذري وأدركت ثُؤْرتي وكنتُ إلى الأصنام أوّل راجع

وتا: وا نەزری خۆمم پێ هێنایەدی و بەتۆڵەی خۆم گەیشتم، من یەکەم کەسم بۆ تیەرستیی دەگەڕێمەوە.

ڕووداوی ئیفک

سەکاتی گەڕانەوەی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی لەجەنگی نەوەی موستەڵیق و نزیک بەمەدینە، پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) کەمێك لایداو پاشان ڕۆیشت، لەوێدا شتێك ڕوویداو با بهێڵێن دایکی باوەڕداران عائیشە(خوای لێ ڕازی بێ) کە خاوەن چیرۆکەکەیە خۆی بەدوورودرێژی بۆمانی بگێڕێتەوە وەك خاوەن سوونەن و تەفسیرەکان گێڕاویانەتەوە.

دایکی باوەڕداران(خوای لێ ڕازی بێ) ئەڵێ: پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) کە نیازی گەشتی هەبووایە، لەنێو خێزانەکانیدا تیروپشکی دەکرد، ناوی هەر کەسێکیان دەرچووبایە ئەوی لەگەڵ خۆی دەخست،کە جەنگی نەوەی موستەڵیق هات لەنێو خێزانەکانیدا تیروپشکی کردو لەو تیروپشکەدا ناوی من دەرچوو،ئافرەتان بەهۆی نەخواردنی گۆشت و چەوری و خواردنی سووکەوە لاشەیان سووك بوو، منیش کاتێك وشترەکەم بگەشتبایە دەچوومە نێو کەژاوەکەمەوە و پاشان ئەوانە دەهاتن کە وشترەکەمیان دەگەیاند، بەکەژاوەکەمەوە هەڵیاندەگرتم و دەیانخستمەسەر وشترەکەو جڵەوی وشترەکەیان دەگرت و بەڕێدەکەوتن. ئەڵێ: پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) گەشتەکەی لەنزیك مەدینەدا ڕاگرت و چەند شەوێك لەوێدا مایەوە،پاشان لەگەڵ خەڵکیدا ڕۆیشت، منیش بەدوای ملوانکەیەکی ئاڵتوونیی زەفاریدا کە لێم ونبووبوو دەگەڕام، گەڕامەوە ئەو شوێنەی لێ دەماینەوە، ئەوانە هاتبوون کە کەژاوەکەمیان دەخستەسەر وشترەکە و منی تێدا نەبووم، نەیانزانیبوو من بەدوای ملوانکەکەدا ڕۆیشتووم و لەنێو کەژاوەکەدا نیم،کەژاوەکەیان خستبووەسەر وشترەکە و وەك نەریت بەڕێکەوتبوون، کە گەڕامەوە سەربازگەکە بینیم کەسی لێ نەماوەتەوە، خۆمم بەعەباکەمەوە پێچایەوە و خەوتم، صەفوانی کوڕی ئەلمەعتەڵ سولەمیی بەوێدا تێپەڕی کە بەهۆی

پێویستییەکەیەوە لەسەربازگەکە دواکەتبوو شەو لەگەڵ خەڵکیدا نەبوو تابزانێ دەرۆ
کە رەشاییەکەی منی بینی هاتەپێشەوە تا بەسەرمەوە راوەستا بمناسێتەوە،ئەوەتە
پێش فەرزبوونی پەردەپۆشی بوو ناسیمیەوە،بۆیە گەڕایەوە وتی: چیت لی
بەجێماوە ؟قسەم لەگەڵدا نەکرد، وشترەکەی نزیك کردەوەو وتی: سەربکەوە،
و ئەویش خێرا جڵەوی وشترەکەی گرت. کە کاروانی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و
خەڵکی گەیشتبوو جڵەو گیرانی وشترەکەم رۆیشتن و منی تێدا نەبووم، درۆزنەکە
(رووداوی ئیفك)ئەوەی ویستیان وتبوویان، سەربازگەکە شڵەژابوو، گەڕابوون هیچیان
نەدۆزیبوەوە لەبارەی منەوە، پاشان گەیشتینە مەدینە سەرئێشەیەکی تۆندم بۆ
دروستبوو، باسەکە گەیشتبووە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و دایك و باوکمیش و
هیچیان بۆ باس نەکردم، تەنیا هەندێ گلەیی لەچاوانی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم)
نەبێ کە سۆزی وەهای بۆم نەبوو، کە دایکم لام بوو چارەسەری دەکردم، پەیامبەر(صلى
الله عليه وسلم) دەهاتە ژوورەوە و تەنیا دەیفەرموو:"تاکەی چۆنە؟" و هیچی تری
نەدەفەرموو، لەدڵی خۆمدا عاجزیی خۆشەویستی خوام هەستپێکردبوو، بۆیە مۆڵەتم
لێخواست برۆمە لای دایکم تا چاوی پێمەوە بێت و چارەسەرم بکات،مۆڵەتی دام،رۆیشتم
و هیچم لەو دەنگو باس و درۆیە نەزانی تا دوای بیست شەو ئەویش دوای ئەوەی
لەنەخۆشییەکە چاك بوومەوە، عائیشە(خوای لێ رازی بێ) ئەفەرموێ: ئێمەی عەرەب
خۆڵو خاشاکمان لەماڵدا نەدەهێشتەوە کە بۆگەنی لێدەهات، بەڵکو لەشەواندا ژنە
فرێیان دەدا، منیش شەوێکیان لەگەڵ دایکی موسەتیح کچی ئەبی روهمی کوڕی موتەلیب
دەرچووم، کە دایکی دەیکردە پووری ئەبو بەکری باوکم،سوێند بەخوا رێی دەکەم
پێیهەڵکەوت وتی: موسەتیح بەدبەخت و لەنێوبچێ،وتم: سوێند بەخوا قسەیەکی خراپت
کرد بەپیاوێکی کۆچەریی کە ئامادەی جەنگی بەدربووە،وتی: ئەی هەوالەکەت
پێنەگەیشتووە ؟وتم:چی هەوالێك؟ئەویش رووداوەکەی بۆ گێڕامەوە کە چی رووداوێکە
لەسەر دروستکراوە، سوێند بەخوا کە ئەوەم بیست نەمتوانی شتەکان برێژم و خێر
گەڕامەوە و هەر دەگریام تا ئەوەی گومانمکرد گریان جگەرم بتوێنێتەوە،بەدایکم وت

ـحکی شتی وەهـام لـەبارەوە ئـەڵێن و تـۆش هیچـم بـۆ ناگێڕیتـەوە؟! پێیوتم: کچـە ـحـبـەکەم سارد ببەرەوە، سوێند بەخوا هیچ ئافرەتێکی چاك و جوانی پیاوێك نـەبووە ـحـیَ و خەڵکی رقیان لێ نەبێ. ئەڵێ: پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) هەستابوو وتـاری ـح حەڵکی دابوو کە من ئاگام لێ نـەبوو، سـوپاس و ستایشـی خـوای گـەورەی کردبـوو، ـحـــن فـەرموویووی:"ئـەی خەڵکینـە ئەوانـە چـی حاڵێکیـان هەیـە و چـی مـرۆڤێکن ـحقـەکردن لەسـەر خێزانـەکانم ئـازارم دەدەن و ناحـەقییان بەرانبـەر دەکـەن، سـوێند ـحـوا لەچاکە زیاتر شتی تریان بُەرانبەر نازانم و هـەر لەچـاکەدا بوونـە، قسـە بـەپیاوێك ـمکەن تەنیا چاکەم لـێ بینیـوە و نەچـوومەتە هـیچ یـەك لەماڵەکانمـەوە ئـەوم لەگەڵـدا ـمـووبێ". ئەڵێ: عبدالله‌ی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول لەنێو پیاوانی خەزرەجدا ئـەوەی گـەورە کردبووەوە لەگـەڵ موسـەتیح و حمنـەی کچـی جەحش،زەینـەب خوشـکی حمنـە ـوو-زەینەب خێزانی پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) بوو، هیچ خێزانێکی پەیامبەر نـەبوو ـمقەد زەینەب کێبرکێم بکات و بیەوێ پێگەی منی لای پەیامبەر(صلی الله علیـه وسـلم) هەبێ،زەینەب هیچی لەسەر من نەوتبوو چاکە نەبێ، بەڵام حمنە دەنگۆکەی بڵاوکردەوە تاوەکو لەبەرژەوەندی خوشکەکەی زیانم لێبدات،بەوەش بەدبەختییکرد.

خـەڵکانێکیش لەمزگەوتـدا باسـیان لـەبارەوە کردبـوو تـا ئـەوەی ببـووە ئـازاوە، پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) دابەزی و هاتە لای من و بانگی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیـب و ئوسامەی کوڕی زەیدی کرد و لەوەدا راوێژیکردن، عەلی وتی: پرسیار لەو جاریە بکە کـە بریرە بوو،لێی پرسی و لێیداو ئەویش سوێندی دەخـوارد کـە لـەبارەی عائیشـەوە تـەنیا چاکە دەزانێ تـەنیا ئـەوە نـەبێ بریـرە هـەوێر لـێ دەنـێ و عائیشـە فـەرمانی پێدەکات بیپـارێزێ بـەڵام بـەدیار هەویرەکـەوە خـەوی لێدەکـەوێ و مـەڕ دێت و لێـی دەخـوات و عائیشە سەرزەنشتی دەکات.

پاشان پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) هاتە دیوەکەی من کە دایك و باوکم و ئافرەتێکی پشتیوانانم لابوو پێکەوە دەگریاین،دانیشت و سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کـرد و هەندێ قسەی کرد کە حاڵی چۆن بووە و ئەوەم وت کە یوسف وتبـووی: وتـی جـا ئـارام

دەگرم بەئارام گرتنێکی چاك و پەسەند،خواش یارمەتی دەرمە لەسەر ئەوەی باسی دەکەن.

پاشان ئەڵێ: سوێند بەخوا پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) لەشوێنی خۆی نەجوڵێ بێهۆشیی بەسەرداهات،پۆشاکەکەی پێوەی پێچرایەوە و سەرینێکی خرایە ژێر سەر. من کە ئەوەم بینی سوێند بەخوا نەترسام و خەمم نەماو زانیم بێ تاوانم و خوای گەورە ستەمم لێناکات،هەرچی دایك و باوکیشمە، ئەوە سوێند بەو کەسەی گیانی عائیشەی بەدەستە وەختە دڵیان دەربچێ کە لەوەحی خوای گەورەدا قسەکەی خەڵکیی بسەلمێنێ و ئەوە بێ کە خەڵکی دەیڵێن.

پاشان پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) هۆشی هاتەوە و وەك مرواریی رۆژی سەردەو سۆڵە عەرەق بەڕوومەتیدا دەتکاو دەستیکردە سڕینی عەرەقی نێوچەوانی و فەرمووی:"موژدە بدە ئەی عائیشە خوای گەورە بێتاوانیی تۆی راگەیاند و دابەزاند"،ئەڵێ:وتم: سوپاس بۆ خوای گەورە، پاشان پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بۆ نێو خەڵك و وتاری بۆ دان و ئەو ئایەتانەی بۆ خوێندنەوە کە لەو رووداوە دابەزی، پاشان فەرمانیدا موسەتیحی کوڕی ئەساسە و حەسسانی کوڕی سابت و حمنەی کچی جەحش کە ئەو دەنگۆیەیان دروستکردبوو لێدانی حەد کران. دەگێڕدرێتەوە کە کاتێك ئایەتی بێ تاوانیی عائیشە دابەزیووە، دایك و باوکی بەعائیشەیان وتووە سوپاسی پەیامبەری خوا بکە،وتوویەتی: تەنیا سوپاسی خوا دەکەم کە بێ تاوانیی منی سەلماند، پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم)یش فەرموویەتی:"بێگومان خاوەن حەق و شیاوی سوپاسکردنت ناسی".

لەموحەممەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی ئەلحاریسی ئەلتەیمییەوە کە سابتی کوڕی قەیس کوڕی ئەلشەماس برای بلحاریسی کوڕی ئەلخەزرەج پەلاماری سەفوانی کوڕی ئەلموعەتتەلی داوە بەهۆی ئەوەی لەحەسسانی داوە. چنگی لەبیناقاقەی سەفوان گیرکردووە و بردوویەتی بۆ ماڵی نەوەی ئەلحاریسی کوڕی ئەلخەزرەج، لەڕێگەدا عبدالله‌ی کوڕی رەواحە پێیدەگات و ئەڵێ: ئەمە چییە؟ ئەڵێ: ئەی پێت سەیر نییە

حەشیر لەحەسسانی کوڕی سابتی داوە ! سوێند بەخوا وەهای دەبینم کوشتبێتی. عەلەی کوڕی ڕەواحەش ئەڵێ:ئایە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەم کارەی تۆ ناگات؟ وتی: نە سوێند بەخوا. وتی: دەبێ یەخەی بەربدەم. هەموومان هاتین بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و پەیامبەریش(صلى الله عليه وسلم) بانگی حەسسان و سەفوانی کوڕی ئەلموعەتتەلی کرد. کوڕی ئەلموعەتتەل وتی: ئەی پەیامبەری خوا، ئەو ئازاری داوم و جنێوی پێ داوم، بۆیە منیش تووڕە بووم و لێم دا. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەحەسسانی فەرموو:" ئەی حەسسان تۆ قەومەکەمت ناشیرین کردووە لەکاتێکدا خوای گەورە هیدایەتی داون بۆ ئیسلام؟ پاشان فەرمووی:"ئەی حەسسان ئەو کەسە ببەخشە کە لێدانتی کردووە. ئەویش وتی: ئەوە بۆ تۆ ببەخشیم.

لەموحەممەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی ئەلحاریسەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەبەرانبەر ئەو لێدانەی لەحەسسان کرابوو، کۆشکێکی نەوەی حودەیلەی پێ دا لەمەدینەدا کە هی ئەبو تەڵحەی کوڕی سەهل بوو کردبووی بەسەدەقە و رادەستی پەیامبەری خوای کردبوو، هەروەها پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سیرینی ژنە جاریەی قیپتیی بەحەسسان دا و حەسسانی کوڕێکی لێبوو بەناوی عەبدولڕەحمانەوە.

عائیشە ئەڵێ: لەبارەی سەفوانی کوڕی ئەلموعەتتەلەوە پرسیان، بینییان توانای ژن و مێردایەتیی نییە و خەساوە، پاشان شەهید بوو.

پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) مانگی ڕەمەزان و شەوال لەمەدینە مایەوە و لەمانگی زی ئەلقەعیدەی ساڵی شەشدا بۆ عومرە دەرچوو.

باسی ئەو عومرەیەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کە هاوبەش پەیداکەران ڕێگرییان لێکرد و بەسەرهاتی حودەیبییەی لێ دروستبوو

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: لەزی ئەلقەعیدە، پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بەنیازی عومرە و بۆ شەڕ دەرنەچوو، تەواوی عەرەبی دەوروبەر پێداگریوو بۆ

سەردانیکردنی کەعبەی پیرۆزو موسڵمانانی دەوری خۆی هاندا بۆ دەرچوون لەگەڵیـ تاوەك لەمانگی حەرامدا عەمرەی مـاڵی خـوا بکـەن، هەنـدێ خـەڵك راپـەڕین و هەنـدێکی تریش تەمبەڵ بوون،زۆربەی ئەوانەی سستییان نواند ئەو ئەعرابیانە بوون کە دابەزیبوونە دەوروبەری مەدینە.

پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و ئەوانـەی لەگەڵیـدابوون بەنیـەتی عـەمرە ئیحرامیـ بەست و بەڕێگەدا بەرەو مەککە بەڕێکەوتن، هەواڵی دەرچوونی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی کە هەزار و چوارسەد پیاو بوو بـەقورەیش گەیشـت و نزیکـەی حـەفتـ وشتریشیان لەگەڵدابوو، بەوە روون بوویەوە کە پەیامبەر(صـلى الله عليـه وسـلم) نیـازی جەنگی نییە و تەنیا عەمرەکردنی نیازە.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: ئەهلی بەیعەتی ژێر درەختەکە، هەزار و پێنجسـەد و بیسـت و پێنج کەس بوونە.

لەعەمری کوڕی موڕەوە ئەڵێ: گوێم لێبوو عبدالله‌ی کوڕی ئەبی ئـەوفا ئـەیووت: ڕۆژی درەختەکە هەزار و سێسەد کەس بووین.

ئەلزوهریی ئەڵێ: کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەیشـتە عەسـفان، بیشـری کوڕی سوفیانی کەعبیی پێگەیشت و پێیوت:قورەیش کە دەرچوون و بەڕێکـەوتنی تـۆی بیستووە بەوشـتری تـازە شـیرو وشـتری بەچـکەدارەوە دەرچـوونەو پێسـتی پڵنگیـ لەبەرکردووەو دابەزیوونەتە ژی گول و بەڵێنیان بـەخوا داوە کـە هـەرگیز نـەهێڵن بچیتە مەککەوەو خالیدی کوڕی وەلیدیش لەئەسپسوارەکانیانە.

کە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) قسەی بیشری بیسـت فـەرمووی:"دایك ڕۆڵـە ڕۆ بـۆ هۆزی قورەیش بکات،ئەوان جەنگ لەنێوی بردن،چی ئەبێ ئەگەر دەستم لەسەر هەڵبگرـ و لەگەڵ خەڵکیدا کاری خۆم یەکلابکەمەوە،ئەگەر ئەو خەڵکە بمکوژن ئەوا ئەوان بەنیازی خۆیان گەیشتوون،ئەگەریش خوای گەورە سەریخستم ئەوا ئەوانیش بەزۆریەوە دێنە نێو ئیسلامەوە،سوێند بەخوا جیهادیان دەکەم لەسەر ئەوەی خوای گەورە منی پێ نـاردووە تاوەکو خوای گەورە ئیسلام سەردەخات یان لەو پێناوەدا دەمرم".

ئیبن شیهاب ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی دا لەو رێگەیە لابدەن کە نیازی بوو،بەلادا ڕۆیشت و رێگەی حودەیبییەی گرتەبەر و لەناکاودا وشترەکەی چۆکی خستە زەوی، خەڵکیی وتیان: چۆکیدا، پەیامبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"خۆی چۆکی دانەدا و چۆك دادان سیفەتی ئەم وشترە نییە، بەڵکو ئەو خوایە رایگرتووە کە ئەو فیلەی ڕاگرت ویستیان کەعبەی پێ بڕوخێنن". کە ئەو بەربەستەی نێوان چیا سەختەکانیان بڕی و گەیشتنە دۆڵێکی ناوچەکە، پێیفەرموون:"بڵێن: لەخوا داوای لێخۆشبوون دەکەین و بۆلای ئەویش دەگەڕێینەوە"،هاوەڵانیش ئەوەیان وت،ئینجا فەرمووی:"سوێند بەخوا ئەم یادە، ئەو تاوانە دەسڕێتەوە کە خرایە بەردەم نەوەی ئیسرائیل بیڵێن تاوەکو لەتاوانەکانیان لێخۆشبوون بکرێ کەچی نەیانووت". فەرمووی:"دابەزن".

لەئەلمیسوەر کۆڕی مەخرەمە و مەروانی کۆڕی حەکەمەوە وتوویانە: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دابەزییە ئەوپەڕی حودەیبییە لەشوێنێك کە ئاوی کەم بوو، زۆری پێ نەچوو ئاو نەما،وترا:ئەی پەیامبەری خوا لەم دۆڵەدا بیرە ئاوێك بوونی نییە تاوەکو دابەزین، پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) لەتیردانەکەی تیرێکی دەرهێناو دایە هاوەڵێکی تاوەکو بیکاتە چاڵێکدا کە لەو دۆڵەدابوو، کردیە چاڵەکەدا ئاو بڵقیدا تائەوەی خەڵکی بەدەوریدا دابەزین و ئاویان خواردەوەو دەستنوێژیان گرت وەك ئەوەی لەدەور رووبارێك دابەزیبن. ئەسپسوارەکانی قورەیش کە بینیان پەیامبەر (صلى الله عليه وسلم) لەڕێگەی مەککە لایداوە،گەڕانەوە مەککە.

کە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) لەو شوێنەدا گیرسایەوە، شاندێکی هۆزی خوزاعە بەسەرکردایەتی بودەیل کۆڕی وەرقائی خوزاعی هاتنەلای و قسەیان لەگەڵدا کرد لەبارەی هۆی هاتنی،پێی ڕاگەیاندن کە بەنیازی جەنگ نەهاتووە، بەڵکو بەسەردانی مااڵی خوا هاتووە، پاشان ئەوەی پێوتن کە بەبیشری کۆڕی سوفیانی وت،شاندەکە وەك نێوەندکار هاتەلای قورەیش و بەقورەیشی وت: ئەی کۆمەڵی قورەیش ئێوە لەبڕیار لەسەر موحەممەد پەلە دەکەن، موحەممەد بۆ جەنگ نەهاتووە، بەڵکو بەسەردانیکردنی

کەعبە هاتووە،بەڵام تۆمەتباریان کردوو رەتیانکردەوە و وتیان:سوێند بەخوا ئەگەر شەڕیشی نیاز نەبووبێ،هەرگیز نابێ بەناچارکردنی ئێمە بێتە سەردانی و عەرەب لەسەر ئێمەی بگرێ و عەیبداری ئێمەی پێ بکات لەکاتێکدا ئێمە لەژیاندا بین و ئەو بێتە مەککەوە.

قورەیش نێردراوی خۆی نارد کە مکرزی کوڕی حەفسی کوڕی ئەخیف بوو، کە گەیشت پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) بینی بەرەو رووی دێتە پێشەوە فەرمووی:" ئەمە پیاوێکی ناپاك و ستەمکارە"، کە گەیشتەلای پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و قسەی کرد، پەیامبەری خوا هەمان قسەی پێوت کە بەبودەیلی کوڕی وەرقاء و هاوڕێکانی فەرموو، نێردراوی ستەمکار گەڕایەوە لای قورەیش و پەیامی پەیامبەری خوای پێگەیاندن.

لەئەلزوهرییەوە ئەڵێ: نێردراوێکی تریان نارد کە حولەیسی کوڕی عەلقەمە-یان ئیبن زەببان-ی گەورەی ئەحباشەکان بوو ، کە گەیشت و پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەوی بینی فەرمووی:"ئەمە یەکێکە لەوانەی پەرستن دەکەن،بۆیە قوربانییەکەی پیشان بدەن" گەڕایەوە لای قورەیش و لەبەر گەورەیی و رێزدانان نەگەڕایەوە لای پەیامبەری خوا کە ئەوەی بینی،ئەوەی پێ وتن کە بینیبووی،بەڵام ئەوان وتیان: دانیشە تۆ عەرەبێکی دەشتەکیت و هیچ زانستێکت نییە.

لەعبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە: کە قورەیش ئەوەیان وت و بەنەزان تۆمەتباریان کرد، بەتووڕەییەوە پێیوتن: ئەی کۆمەڵی قورەیش سوێند بەخوا لەسەر ئەمە نەبوومەتە هاوپەیمانتان و لەسەر ئەمە سوێندم لەگەڵتاندا نەخواردووە، ئەکرێ رێ لەکەسێ بگیردرێ بیەوێ بۆ مەزن راگرتنی مالّی خوا سەردانی مالّی خوا بکات؟!سوێند بەو کەسەی گیانی حولەیسی بەدەستە دەبێ رێگە بەموحەممەد بدەن سەردانی کەعبە بکات یان بەیەکجار ئەحباشەکانتان لەدڕ رادەپەڕێنم. قورەیش کە پێداگریی ئەو کارەی لەحولەیس بینی و بۆ خوا تووڕە بووە،وتیان: بێدەنگ بە، دەستمان لەسەر هەڵبگرە

نەی حولەیس تا بۆ خۆمان شتێك بکەین و تۆیش پێی رازی بی، ئەیانووبست هەندێ تحانج یاخود مەرج بەدەست بهێنن تاوەکو بەپوودا وەستانی حولەیس نەهێڵن.

قورەیش عوروەی کوڕی مەسعودی سەقەفیی نارد، زۆری پێنەچوو گەڕایەوە لایان و وتی: ئەی کۆمەڵی قورەیش پێشتر بینیوومە چۆن نێردراوەکانتان تۆمەتبار دەکرد و قسەی زبرتان پێ دەوتن،دەزانن ئێوە باوکن و منیش کوڕو ئەوەم بیستووە کە ناڕەحەتیکردوون، ئەو کەسانەی قەومەکەم کۆکردووەتەوە کە بەگوێم دەکەن و منیش هاتووم تاوەکو بەخۆم ئارامتان بکەمەوە و پشتیوانتان بم،وتیان: راستگۆیت و لای ئێمە تۆمەتبار نیت بەهیچ شتێك، ئینجا دەرچوو تا گەیشتەلای پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و لەبەردەستیدا دانیشت و وتی: ئەی موحەممەد ئەم خەڵکە تێکەڵەت کۆکردووەتەوە و هێناوتن تاوەکو قەوم و شاری خۆتی پێ بشکێنی، ئەوە قورەیشە وشتری شیردەریان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە و پێستی پڵنگیان لەبەرکردووە و سوێندیان خواردووە هەرگیز بەناچاریی نەچیتە مەککەوە تا ئەوان مابن،ئەبو بەکر لەپشتی پەیامبەری خواوە دانیشتبوو،وتی:شیری لات بخۆرەوە،خۆ ئێمە نایخۆینەوە ها؟وتی: ئەمە کێیە ئەی موحەممەد؟ فەرمووی:"ئەمە کوڕی ئەبی قوحافەیە"،وتی: سوێند بەخوا ئەگەر ئەو ماف و چاکەیەت نەبوو کە بەسەرمەوە هەیتە دەنا وەڵامم دەدایتەوە، بەڵام ئەمە بەرانبەر بەو چاکەیە، پاشان دەستی بەڕیشی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) دا دەهێنا و قسەی لەگەڵدا دەکرد،موغیرەی کوڕی شوعبەش بەشمشێرێکەوە بەسەر پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) هەوە راوەستابوو شمشێرەکەی دەدایە سەر دەستی و ئەیووت: دەستت لەڕیشی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) دوورېگرە تاوەکو ئەم شمشێرەم لێ نەداوی،عوروەش ئەیووت: لەنێوبچی چەندە تووڕەو زبری! !پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) یش بزەیەکی کرد و عوروە وتی: ئەمە کێیە ئەی موحەممەد؟ فەرمووی:"ئەمە برازاکەتە موغیرەی کوڕی شوعبەیە". پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) چی بەنێردراوانی پێشووی فەرموو، ئەوەشی بەو گەیاند کە بۆ جەنگ نەهاتووە و هۆی هاتنی تەنیا بەنیازی عەمرەیە.

عوروەی کوڕی یوسفی سەقەفی نێردراوی هاوبەش پەیداکەران گەڕایەوە دوای ئەوەی بەچاوی خۆی بینی هاوەلانی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) چەندە ڕێز و گەورەییان بۆ پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) هەیە، دەستنوێژ دەشوات پەلاماری دەستنوێژەکەی دەدەن، تف دەکات پەلامارو پڕ دەبەنە تفەکەی، هەر تاڵەموویەکی سەری بکەوێ هەڵیدەگرن. گەڕایەوە لای قورەیش و پێیوتن:ئەی کۆمەڵی قورەیش ڕۆیشتوومەتە لای کیسرا لەشانشینەکەی خۆیدا و قەیسەر و نەجاجیش لەکۆشکی پادشانشیینەکەیاندا. سوێند بەخوا هیچ پادشایەکم نەبینیووە بەنمونەی موحەممەد، هاوەلانی ئەوەندە ڕێزی بگرن و گەورەی ڕاگرن و ملکەچی فەرمانەکانی بەن، بۆچوونی خۆتانە ئیتر خۆتان دەزانن.

هەرچی ئیبن ئیسحاقە، ئەوە باسیکردووە کە قورەیش کاتێك سوهەیلی کوڕی عەمری ناردووە، کە پێشتر پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) عوسمانی کوڕی عەفانی ناردووەتە لایان. ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە وتی: هەندێ ئەهلی زانست بۆی باسکردم وتیان: پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) خراشی کوڕی ئومەییەی خوزاعیی نارده لای قورەیش لەمەککە و بەوشترێك ناردی پێیدەوترا:ئەلسەعلەب تاوەکو گەورەکانی قورەیش ئاگادار بکاتەوە کە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) بۆچی نیازێك هاتووە، بەلأم ئەوان وشترەکەی پەیامبەریان سەربڕی و ویستیان نێردراوەکەش بکوژن، بەلأم ئەحابیشەکان نەیانهێشت بیکوژن و بەریان پێ بەردا تا هاتەوەلای پەیامبەر (صلى الله عليه وسلم).

لەقەتادەوە ئەڵێ:بۆمان باسکراوە کە هاوەلێکی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێیووتراوە زونەیم، لەدەلاقەی حودەیبییەوە دەرکەوت و هاوبەش پەیداکەران تیریان تێگرت و کوشتیان، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کۆمەڵە سوارێکی نارد و دوانزە سواری بێباوەڕانیان دەستگیر کرد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێیفەرموون:"ئایە هیچ پەیمانێك لەنێوان ئێمە و ئێوەدا هەیە؟" وتیان: نە. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) بەرەلأی کردن و خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند:

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم بِبَطْنِ مَكَّةَ مِنۢ بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا ﴿٢٤﴾ ﴾ الفتح: ٢٤، واتا: خوا ئەو زاتەیە کە دەستی ئەوانی(کافران)لەئێوە گرت، دەستی ئێوەشی لەوان(کۆتاکرد بەڕێکەوتنی حودەیبیە)لەناوجەرگەی مەککەدا لەپاش ئەوەی ئێوەی بەسەر ئەواندا زاڵ کرد وە خوا بەهەرچی ئێوە دەیکەن بینایە.

پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) ماندوو نەبوو لەهێنانەدیی ڕێککەوتن و کۆڕاندنەوەی ئاگری ئەو جەنگەی هاوبەش پەیداکەران گڕیان پێ دەدا، بانگی عومەری کرد تاوەکو وەک وتوێژکار بچێتەلای قورەیش-پێشتر خراشی کوڕی ئومەییەی خوزاعیش ڕۆیشت-بەڵام عومەر داوای لێبووردنی کرد کە ناتوانێ ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێ و وتی: ئەی پەیامبەری خوا ئەترسم قورەیش شتێکم بەسەربهێنن، چونکە لەنەوەی عەدی کوڕی کەعب لەمەککەدا کەسێك نییە پشتیوانیم بکات،قورەیشیش دوژمنی منە و منیش لێیان تووڕەم، بەڵام پیاوێکت پێ پێشان دەدەم لە من بەتواناترە و پشتیوانی زیاترە، ئەویش عوسمانی کوڕی عەفانە،پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) عوسمانی کوڕی عەفانی بانگکرد و ناردی بۆ لای ئەبو سوفیان و گەورەکانی قورەیش تا ئاگاداریان بکاتەوە بەنیازی جەنگ نەهاتووە، تەنیا بۆ سەردانیکردنی کەعبەو گەورە ڕاگرتنی هاتووە.

عوسمان بەسیفەتی نێردراوی پەیامبەر (صلى الله عليه وسلم) بەرەو مەککە بەڕێکەوت، هەرکە گەیشتە مەککە، ئەبانی کوڕی سەعیدی کوڕی عاص پێیگەیشت و بەهۆی خزمایەتیانەوە عوسمانی لەباوەش گرت و ڕێزی زۆری لێناو خستیە پەنای خۆی تاوەکو پەیامی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) بگەیەنێ، لەگەڵ خۆیدا بردی تا گەیشتەلای ئەبو سوفیان و گەورەکانی قورەیش و ئەوەی پێگەیاندن کە بۆی نێردراوە و ڕێگەیان دا بەدەوری کەعبەدا بسوڕێتەوە و ڕێز لەمالّی خوا بنێ،بەڵام ڕەتیکردەوەو وتی: من ئەمە ناکەم تاوەکو پەیامبەری خوا بەدەوریدا نەسووڕێتەوە، قورەیش عوسمانی لای خۆی

هێشتەوە،بەڵام دەنگۆی ئەوە بڵاوبوویەوە کە قورەیش عوسمانی نێردراوی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) ی کوشتووە.

هەرکە دەنگۆی کوشتنی عوسمان بڵاوبوویەوە،پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) لەنێو هاوەڵانیدا هەستایەسەرپێ و ویستی خۆی راگەیاند لەکوشتارکردنی هاوبەش پەیداکەران و فەرمووی:"لێرە ناڕۆین تا شەڕو کوشتاریان نەکەین" داوای بەیعەتدانی لەخەڵک کرد و لەژێر داربڕکدا بەیعەتی لێ وەرگرتن کە لەڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا هەڵنەیەن،ئەوەش بوو بەیعەتی رزوان و قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی پێکردووە:﴿ لَّقَدْ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿١٨﴾ ﴾ الفتح: ١٨، واتا:سوێند بەخوا بێگومان خوا رازی بوو لەو ئیماندارانەی کە پەیمانیان پێ دایت لەحودەیبیە جا خوا ئاگادار بوو بەوەی لەدڵیاندایە بۆیە دڵنیایی و ئارامی بۆ ناردن وە پاداشتی دانەوە بەسەرکەوتنێکی نزیك کە ئازادکردنی خەیبەر بوو.

هیچ کەسێ لەم بەیعەتەدا دوانەکەوت، تەنیا ئەلجدی کوڕی قەیس برای بەنی سەلەمە نەبێ کە جابری کوڕی عبدالله ئەڵێ: روانیم لەبن باڵی وشترەکەدا خۆی شاردووەتەوە و خۆی لەخەڵکی مەلاسداوە. یەکەمین کەسێك بەیعەتی دا، ئەبو سینانی ئەسەدیی برای عوکاشەی کوڕی محصن بوو،پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) لەجیاتی عوسمان بەیعەتی دا، دەستی خستە نێو دەستەکەی تری و فەرمووی: ئەمەش بەیعەتی عوسمانە.

دوای کەمێك ڕوونبوویەوە کە عوسمان نەکوژراوە و ئەوەی باسکراوە بێ بنەما بووە، ئەوەش دوای کەمێك دوای لێبوونەوە لەو بەیعەتدانە،سوپاس بۆ خوای گەورە.

لەئیاسی کوڕی سەلەمەی کوڕی ئەلئەکوەعەوە ئەویش لەباوکیەوە: کە قورەیش زانی بەیعەتی کوشتارکردنی دراوە،ترسا،بۆیە نوێنەری خۆی نارد کە سوهەیلی کوڕی عەمر بوو بۆ داوای ئاشتی،قورەیش پییانووت: بڕۆرە لای موحەممەد و ئاشتیی لەگەڵدا بکە،هەوڵبدە ئەمساڵ نەیەتە مەککەوە تا شەرمەزار نەبن و عەرەقی شەرمەزاریی بسڕن،چونکە وتبوویان: سوێند بەخوا هەرگیز نابێ عەرەب باسی بکەن ئێمە

جەرماتووین و هێشتوومانە بێتە مەککەوە، نێردراوەکە هاتەلای پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) ،خۆشەویست کە بینی بەرەو لای ئەو دێن فەرمووی:"قورەیش ئاشتیی دەوێ کە لەو پیاوەیان نارد ووە". سوهەیل گەیشتەلای پەیامبەرو قسەی کرد و درێژەی پێدا،گەڕایەوە پاشان ئاشتیی نێوانیان ئەنجامدرا و مایەوە رێکەوتنەکە تۆمار بکەن کە لەو رێکەوتن و ئاگر بەستە پیرۆزەی لێ هاتەبەر.

کە وتوویژەکان بە ئاشتیی کۆتاییان هات و عومەر بیستی رێکەوتنەکە چۆنە، هاتەلای ئەبو بەکر و وتی:ئەی ئەبو بەکر باشە موحەممەد(صلی الله علیه وسلم) پەیامبەری خوا نییە؟وتی: بەڵێ پەیامبەری خوایە،وتی: ئایە ئێمە موسڵمان نین؟بەڵێ. ئەی ئەوان هاویەش پەیداکەر نین؟وتی: بەڵێ بۆ نا،وتی: کەواتا بۆچی لەبەرانبەر ئایینەکەماندا سەرکزیی بنوێنین؟ئەبو بەکر وتی:پابەندی بڕیاری پەیامبەری خوا ببە و پێچەوانەی مەکە، من شایەتیی دەدەم کە پەیامبەری خوایە،عومەر وتی منیش شایەتیی دەدەم کە پەیامبەری خوایە،پاشان هاتەلای پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) و هەمان قسەی کرد کە لای ئەبو بەکر کردی،پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:" من بەندە و نێردراوی خوام و هەرگیز پێچەوانەی فەرمانی خوا ناکەم و خواش من زایە ناکات".

عومەر وتوویەتی: تاوەکو ئێستا صەدەقە دەکەم و نوێژ و رۆژوو دەگرم و کۆیلە ئازاد دەکەم بۆ لێخۆشبوونم لەو قسەیەی ئەو رۆژە کردم و ئومێدی چاکەشم پێی هەبوو.

پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم)، عەلی کوڕی ئەبو تالێبی بانگکرد تاوەکو دەقی ئاشتیەکە بنووسێتەوە و فەرمووی:":بنووسە بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان" سوهەیلی نێردراوی قورەیش وتی:من ئەم ناوە ناناسم، بەڵکو بنووسە(باسمك اللهم))پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: باشە بەو جۆرەی بنووسە،عەلیش ئەوەی نووسی،پاشان فەرمووی:"بنووسە ئەمە دەقی ئەو رێکەوتنەیە کە موحەممەدی پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) لەسەری ئاشتەوایی سوهەیلی کوڕی عەمری کردووە"، سوهەیل وتی:ئەگەر شایەتییم بدابایە کە تۆ پەیامبەری خوای،ئەوە جەنگمان نەدەکردی ،بەڵکو ناوی خۆت و باوکت بنووسە،پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"بنووسە

ئەمە دەقی ئەو رێکەوتن و ئاشتییەیە کە موحەممەدی کوڕی عبدالله لەسەری، ئاشتیی لەگەڵ سوهەیلی کوڕی عەمردا ئیمزا کردووە، کە بۆ ماوەی دە ساڵ جەنگ نەکەن و خەڵکی لەئاسایشییدا بێ و دەست لەسەر یەکتر هەڵبگرن: هەر قورەیشییەک بەبێ مۆڵەتی سەرپەرشتیارەکەی هاتەلای موحەممەد و موسڵمان بوو، دەبێ وەری نەگرێ و بۆ قورەیشی بگێڕێتەوە، هەر کەسێکیش لای موحەممەد هاتەوە لای قورەیش نابێ بۆی بگێڕدرێتەوە و دڵمان بەو رێکەوتنەوە بەندە و فێڵ و تەڵەکەی لەسەر ناکەین،هەر هۆزێک ویستی لەگەڵ موحەممەددا رێکەوتن و هاوپەیمانیی هەبێ، با ئەنجامی بدات، هەر هۆزو تیرەیەکیش ویستی لەگەڵ قورەیشدا رێکەوتن و هاوپەیمانیی هەبێ با ئەنجامی بدات و لەم رێککەوتنەدا سەلامەتیی بۆ هەیە". بەکردارییش خوزاعە هاتن و وتیان: ئێمە دەبینە هاوپەیمانی موحەممەد و نەوەی بەکریش هاتن و وتیان: ئێمە هاوپەیمانی قورەیشین((ئەبێ ئەمساڵ بگەڕێیتەوە و نەیەیتە مەککەوە،بەڵکو ساڵێکی تر ئێمە مەککە چۆڵدەکەین تۆش بەخۆت و هاوەڵانتەوە بچیتە مەککەوە و سێ رۆژ تیاید بمێنەرەوە و تەنیا شمشێری سوارتان پێ بێت نەوەک شمشێری جەنگ))،جا زۆرێک لەموسڵمان و هاوبەشی پەیداکەران ئەم رێکەوتنەیان بینی، بۆیە چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەڵگەنامەی رێکەوتنەکە حیبرەکەی وشک نەبوویەوە ئەبو جەندەڵی کوڕی سوهەیلی کوڕی عەمری نێردراوی هاوبەش پەیداکەران هات و کەلەپچەکراو بوو لەدەستی هاوبەش پەیداکەران هەڵهاتبوو، باوکی بەرەو لای هەستاو رۆیشت و کەوتە لێدانی رووخساری و وتی: ئەی موحەممەد پێش ئەوەی ئەمە بۆ ئێرە بێت، رێکەوتنەکەمان لەنێواند ئەنجامدرا؟فەرمووی:"راستدەکەی"،ئیتر ئەبو جەندەڵی رادەکێشا بەرەو لای قورەیش و ئەبو جەندەلیش بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد: ئەی کۆمەڵی موسڵمانان دەمگەڕێیننەوە لای هاوبەش پەیداکەران تاوەکو لەئایینەکەم دوورمخەنەوە ! موسڵمانەکان بەو دیمەنە زۆر خەفەتبار بوون،بۆیە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی ئەبا جەندەل ئارام بگرەو چاوەڕێی پاداشتی خوا بە، خوای گەورە بۆ تۆ و لاوازانی موسڵمانان

-مرووبەکی خێری داناوە، ئێستا لەنێوان ئێمەو ئەواندا ئاشتییمان کردووە و پەیمانمان بێدلون و ئەوانیش پەیمانی خوایان پێداوین و ناپاکییان بەرانبەر ناکەین".

موحەممەدی کوڕی عەبدئەلئەعلا ئەلّێ: موحەممەدی کوڕی سەور بۆی باسکردین ئەویش لەموعەممەرەوە ئەویش لەئەلزوهرییەوە ئەویش لەعوروەی کوڕی ئەلزوبەیرەوە ئەویش لەئەلمیسوەری کوڕی مەخرەمەوە وتی: یەعقوبی کوڕی ئیبراهیم بۆی باسکردم وتی: یەحیای کوڕی سەعید بۆی باسکردین وتی: عبداللەی کوڕی موبارەك بۆی باسکردین وتی: موعەممەر لەئەلزوهرییەوە ئەویش لەعوروەی کوڕی ئەلزوبەیرەوە ئەویش لەئەلمیسوەری کوڕی مەخرەمە و مەروانی کوڕی حەکەمەوە لەباسی بەسەرهاتی حودەیبییەدا وتوویەتی: کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەڕێککەوتنی حودەیبییە بوویەوە، سێ جار بەهاوەلآنی فەرموو:"هەلّسن قوربانییەکانتان بکەن و سەریشتان بتاشن" هیچ کەسێ هەلّنەستا،بۆیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چووە خێمەکەی ئوم سەلەمە و ئوم سەلەمە(خوای لێ رازی بێ) بەپەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) ی فەرموو: خۆت قوربانیەکەت سەربڕەو قژتیش بتاشە و ئیحرام لەخۆت بکەوە،ئوم سەلەمە بۆچوونەکانی بەجێبوو، کە هاوەلآن بینییان پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەوەی ئەنجامدا، هەندێکیان سەریان تاشی و هەندێکی تریان تەواو کورتیان کردەوە. لەئیبن عەباسەوە:پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بەزەیی خوا بۆ سەرتاشراوان"،وتیان: کورتکراوانیش ئەی پەیامبەری خوا؟فەرمووی:" خوا بەزەیی بەسەرتاشراوان بکات"،وتیان: قژ کورتکراوانیش ئەی پەیامبەری خوا؟فەرمووی:"خوای گەورە بەزەیی بەسەر تاشراوان بکات" لەچوارەمدا فەرمووی:"قژ کورتکراوانیش"، پرسیار کرا بۆ بەزەییەکە بۆ سەرتاشراوان بەهێزترە تاوەکو قژ کورتکراوان؟ فەرمووی:"ئەوان گومانیان نەکرد". پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و هاوەلآن خۆیان کۆکردەوەو گەڕانەوە مەدینە و لەکاتی بەڕێ رۆیشتندا سورەتی فەتحی بەسەردا دابەزی کە باسی رووداوەکانی حودەیبیە و ئەوانە دەکات لەدوای رزگارکردنی خەیبەر و سەرکەوتنی موسلّمانان بەدەسکەوتەکانی و موژدەی قەزاکردنی عومرەکەیان لەدوای

سالێکی تر، بەوەش موژدەی خوای گەورە هاتەدی بۆ پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و باوەڕداران بەوەی بەبێ ترس دەچنە مەککەوە.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: لەسالّی حودەیبیەدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)لەنێو ئەو وشترانەی کردیە قوربانیی، وشترێکی ئەبو جەهلیشی کردە قوربانیی- ئەڵقەیەکی زیووی بەسەرەوە بوو، بۆ ئەوەی هاوبەش پەیداکەران تووڕە بکات.

پاشان دەگەڕێینەوە بۆلای فەرموودەکەی ئەلزوهری کە پێشتر باسمان کرد، پاشـ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەڕایەوە مەدینە. ئیبن حومەید زیاتری کردووە لەسەلەمەوە ئەویش لەفەرموودەیەکدا لەئیبن عەباسەوە ئەویش لەئەلزوهرییەوە ئەڵێ ئەلزوهریی وتی: لەپێش ئیسلام هیچ فەتحێ نەبوو لەوە گەورەتر بێ، پێشتر شەڕ هەبوو- بەڵام کە بەهۆی حودەیبیەوە رێکەوتن هاتەدی و شەڕ نەما و کۆمەڵەکان لەیەکتر دڵنیـ و ئارام بوونەوە، هەرکەسێ قسامی هەبوایە و باسی ئیسلامی بۆ بکرابایە، دەبووە موسڵمان، لەو دوو سالّەدا ئەوەندە خەڵکیی بوونە موسڵمان نمونەی سالانی پێشتر و زیاتریش هاتنە نێو ئیسلامەوە.

هەموویان لەگێڕانەوەیان لەئەلزوهرییەوە ئەویش لەعوروەوە ئەویش لەئەلمیسوەر و مەروانەوە وتوویانە: کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەڕێکەوت بۆ مەدینە- ئەبو بەسیر پیاوێکی قورەیشیی بوو هات بۆلای، ئیبن ئیسحاق لەباسکردنیدا ئەڵێ: ئەبو بەسیر عوتبەی کوڕی ئوسەیدی کوڕی جاریە، موسڵمان بوو، لەمەدینە بەند بوو، جـ کاتێك ئەبو بەسیر هات بۆلای پەیامبەی خوا(صلى الله عليه وسلم)، ئەزهەری کوڕی عەبـ عەوف و ئەلئەخنەسی کوڕی شورەیقی کوڕی عەمری کوڕی وەهب ئەلسەقەفیی نامەیان نووسی بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و پیاوێکی نەوەی عامری کوڕی لوئەیـ نارد لەگەڵ خزمەتکارێکی خۆیاندا و ئەو دوو کەسە بەنووسراوی ئەلئەزهەر و ئەلئەخنەسەوە هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی ئەبا بەسیر، وەك دەزانی ئێمە بەڵێنمان بەو خەڵکە داوە و لەئایینی ئێمەدا غەدر و ناپاکیی شیاو نییە، بزانە خوای گەورە بۆ تۆ و

سەر تورتەی لەگەڵتدان دەرووی خێر دەکاتەوە" ئەڵێ: لەگەڵیاندا دەرچوو تاوەکو گەیشتە زو ئەلخەلیفە و لەپاڵ دیوارێکدا دانیشت و ئەو دوو کەسەش دانیشتن. ئەبو سوفیان وتی: ئەی برای ئەوەی عامر شمشێرەکەت تیژ و بڕەرە؟ وتی: بەڵێ. ئەڵێ: حەشاریەکی کرد. وتی: ئەتەوێ بیدەمە دەستت و تەماشای بکەی؟ ئەبو بەسیر هەڵگرت و پاشان بەرزی کردەوە شمشێرێکی لەکابرا دا و کوشتی، خزمەتکارەکە خێرا دەرچوو تاوەکو گەیشتە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کە لەمزگەوتدا دانیشتبوو. کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خزمەتکارەکەی بینی، فەرمووی:"بێگومان ئەو کابرایە شتێکی ترسناکی بینیووە".

کاتێ گەیشتە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"لەباردایکت بچی هاوڕێکەت کوا؟" وتی: هاوەڵەکەی تۆ هاوڕێکەی منی کوشت. سوێند بەخوا کابرا نەجوڵا ئەبو بەسیر گەیشت و شمشێرەکەی هەڵکێشا بوو، لەسەر سەری پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) راوەستاو وتی: ئەی پەیامبەری خوا ئەوەی لەئەستۆی خۆت بوو بەجێتگەیاند و منت رادەستی ئەوان کردەوە، پاشان خوای گەورە منی لەدەست ئەوان رزگار کرد. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: "وەیل بۆ ئەو کەسەی ئاگری شەڕ هەڵدەگیرسێنێ". ئیبن ئیسحاق لەفەرموودەکەیدا ئەڵێ:"ئەمە ئەگەر پیاوانێکی لەگەڵ دەبێ، ئاگری شەڕ هەڵدەگیرسێنێ". کە ئەوەی گوێ لێ بوو، زانیی بۆیانی دەگێڕێتەوە. ئەڵێ: ئەبو بەسیر دەرچوو تاوەکو دابەزیە ئەلعیص لای زی ئەلمەروە لەسەر کەناری دەریای سوور لەسەر ڕێگەی قورەیش کە لەوێوە دەچوون بۆ شام، ئەبو جەندەلی کوڕی سوهەیلی کوڕی عەمریش خۆی لەدەست باوکی رزگار کرد و خۆی گەیاند بەئەبو بەسیر، نزیکەی حەفتا پیاو لای کۆبوونەوە تا ئەوەی تەنگیان بەقورەیش هەڵچنی، سوێند بەخوا هەر ئەوەندە گوێیان لێ ببووایە کاروانێکی وشتری قورەیش دەرچووە بۆ شام، بۆی دەردەچوون و ڕێگەیان پێ دەگرت و پیاوەکانیان دەکوشت و سەروەتەکەیان دەبرد، بۆیە قورەیش نامەیان نارد بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و تکایان لێ کرد بۆ خوا و

خزمایەتیی بیانهێنێتە لای خۆی، هەرکەسێك بێتەلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، سەلامەتە. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) سەلامەتیی پێیان دا، بۆیە ئەوانیش هاتن بۆ مەدینە بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم).

ئیبن ئیسحاق لەباسکردنەکەیدا ئەوەی زیاتر کردووە: کاتێك هەوالّ بەسوهەیلی کوڕی عەمر گەیشت کە ئەبو بەسیر پیاوە عامرییەکەی کوشتووە، پشتی دایە کەعبەوە و وتی پشتم لەکەعبە لانادەم تاوەکو تۆڵەی ئەو پیاوەم بۆ نەکەنەوە. ئەبو سوفیان وتی: سی جار وتی: ئەمە بڕیارێکی گەمژانەیە، سوێند بەخوا تۆڵە ناکرێتەوە. ئیبن عەبد ئەلەعلا و یەعقوب لەباسکردنیاندا ئەڵێن: پاشان هەندێ ئافرەتی موسڵمان هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٍ فَٱمْتَحِنُوهُنَّ ۖ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَٰنِهِنَّ ۖ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَٰتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلْكُفَّارِ ۖ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ ۖ وَءَاتُوهُم مَّآ أَنفَقُواْ ۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ ۚ وَلَا تُمْسِكُواْ بِعِصَمِ ٱلْكَوَافِرِ ﴾ الممتحنة: ١٠.

واتا:ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر ئافرەتانی ئیماندار هاتن بۆلاتان بە کۆچ کەری تاقیان بکەنەوە خوا بەباوەڕی ئەوان زاناترە، ئەمجا ئەگەر زانیتان ئەو(ئافرەتانە باوەڕدارن ئەوە مەیانگێڕنەوە بۆلای(مێردە)بێ بڕواکانیان، نە ئەو ئافرەتانە حەلاڵن بۆ ئەو مێردە بێ باوەڕانە وە نە ئەو مێردانەش بۆ ئەو ئافرەتانە حەلاڵن وە ئەوەی(مێردەکانیان)خەرجیان کردووە، بیاندەنەوە هیچ گوناهێکتان لەسەر نیە کە ئەو ئافرەتانە مارە بکەن ئەگەر مارەییەکانیان بدەنێ، ژنە کافرە(با پەرستەکان)لای خۆتان ڕامەگرن(ئەوانەی کە لە مەککە بەبێ باوەڕی ماونەتەوە).

ئەڵێ: ئەو ڕۆژە عومەری کوڕی خەتاب دوو ئافرەتی ڕزگار کرد کە لەکاتی هاوبەشی پەیداکردندا مولکی ئەو بوون. ئەڵێ: نەیهێشت بیانگەڕێنەوە. فرمانی دا مارەییان بۆ دابنرێت. پیاوێك بەئەلزوهریی وت: ئایە بۆ حەلاڵکردن بوو؟ وتی: بەڵێ. موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان یەکێکیانی مارە کرد و ئەوی تریشیان سەفوانی کوڕی ئومەییە

مـارەی کـرد. ئـیبن ئیسـحاق لەباسـەکەیدا ئـەوەی زیـاتر کـردووە: لـەو ماوەیـەدا ئـوم کەلسومی کچی عوقبەی کوڕی ئەبو موعیت کۆچی کرد بۆلای پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم)، بۆیـه هـەردوو براکـەی کـه عـەمماره و ئەلوەلیـدی کـوڕی عوقبـه بـوون، ـەرچوون تاوەکو گەیشتنه لای پەیامبەری خوا و داوایـان لێکـرد بـەپێی ئـەو پەیمانـەی ـەنێوان پەیامبـەری خـوا و قورەیشـدا ئـەنجام دراوە لەحودەیبییـەدا، خوشـکەکەیان رادەست بکاتەوە، بەلآم پەیامبەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) رادەسـتی نـەکردەوە و خوای گەورە ئەوەی رەتکردەوە.

لەباسکردنیدا ئەڵێ: عومـەری کـوڕی خـەتاب، قەریبـەی کچـی ئـەبو ئومەییـەی کـوڕی ئەلموغیرەی تەلآق دا و دواتر مێردی کردە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان و هەردووکیان لەسەر هاوبەش پەیداکردنی خۆیان بوون لەمەککەدا. ئوم کەلسومی کچی عـەمری کـوڕی جەروەلی ئەلخوزاعیی ئوم عوبەیدوالله‌ی کوڕی عەمر مێردی کـردە ئـەبو جـەهمی کـوڕی حوزافەی کوڕی غانم کە خزم و قەومی یەکتر بوون و هاوبەش پەیداکەربوون لەمەککەدا. ئەلواقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵە و لەمانگی رەبیعی دووەمدا، پەیامبەری خوا(صـلی الله علیـه وسلم) عوکاشەی کوڕی میحصـەنی بەچـل پیـاوەوە نـارد بـۆ ئەلغـەمر، لـەنێو ئـەو چـل پیاوەدا سابتی کوڕی ئەقرەم و شوجاعی کوڕی وەهب هەبوون. بەڕێکەوتن و ئەو قەومە هەستیان کرد هاتوونەتە سەریان، بۆیە هەڵهاتن و هاوەڵانیش چوونە سـەر ئاوەکـەیان و چاوساغ و سیخوڕیان نارد، شـوێنی مـەڕ و مالآتیانیـان پیشـان دان، دوو سـەد وشـتریان دۆزییەوە و بەڕێیانخستن بۆ مەدینە.

ئـەڵێ: لـەو سـاڵەدا پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم)، موحەممـەدی کـوڕی مەسلەمەی بە دە کەسەوە لەمانگی رەبیعی یەکەمدا رەوانە کرد، ئەو قەومە بۆسەیان بۆ دانابوون، ئەمانیش بێ ئەوەی هەست بەهیچ شتێك بکەن، خـەوتن، دایـان بەسـەریاندا و هاوڕێکانی موحەممەدی کـوڕی مەسـلەمەیان کوشـت و موحەممـەد بەبریندارییی رزگـاری بوو.

ئەلواقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵە و لەمانگی ڕەبیعی دووەمدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سریەی ئەبو عوبەیدەی کوڕی ئەلجەڕاحی بەچل کەسەوە ڕەوانەی زی ئەلقیسەی کرد. شەو بەپیادە بەڕێدەکەوتن و لەگەڵ تاریکیی بەربەیاندا بەزی ئەلقیسە گەیشتن. هەڵیانکوتایە سەریان و ناچاریان کردن هەڵبێن بۆ چیاکان، کۆمەڵێ وشتریان دەستکەوت و پیاوێکیشیان دەستگیر کرد، پیاوەکە بووە موسڵمان و پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) ئازادی کرد.

ئەڵێ: لەو ساڵەدا سریەی زەیدی کوڕی ئەلحاریسە هەبوو بۆ ئەلجموح، ئافرەتێکی موزینەی دەستگیرکرد کە پێیدەوترا حەلیمە، ئەو ئافرەتە شوێنی نەوەی سولەیمی پیشان دان، کۆمەڵێ وشتر و مەڕ و مااڵت و دیلیان دەستکەوت، لەنێو ئەو دیلانەدا مێردەکەی حەلیمەش هەبوو، کاتێ گەیشتنەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەو ئافرەتە موزینەیەی ئازاد کرد و مێردەکەشی پێ بەخشییەوە.

هەر لەو ساڵە و لەمانگی جەمادی یەکەمدا سریەی زەیدی کوڕی حاریسە دەرچوو بۆ ئەلعیص، دەستی گرت بەسەر ئەو سەروەت و سامانانەی لەگەڵ ئەبو ئەلعاص کوڕی ئەلڕەبیعدا بوو،ئەبو ئەلعیص پەنای بردەبەر زەینەبی کچی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و زەینەبیش پەنای دا. ئەڵێ: هەر لەو ساڵە و لەمانگی جەمادی دووەمد سریەی زەیدی کوڕی حاریسە بەپانزە پیاوەوە چووە سەر ئەلتەرف بۆ سەر بەنی سەعلەبە، ئەعرابەکان هەڵهاتن و ترسان کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ هاتنە سەریان بەڕێکەوتبێ، بیست وشتریانی دەستبەسەر کرد و چوار شەو مایەوە.

ئەڵێ: لەو ساڵە و لەمانگی جەمادی دووەمدا سریەی زەیدی کوڕی حاریسە چووە حیسما. ئەڵێ: یەکەمین شتێك وەك ئەوەی موسای کوڕی موحەممەد بۆی باسکردم ئەویش لەباوکییەوە وتی: دوحیەی کەلبیی لای قەیسەر هاتەوە و سەروەت و بەرگی گرانبەهای بەدوحیە دابوو، دوحیە بەڕێکەوت تاوەکو گەیشتە حیسما، خەڵکانێکی جوزام هاتن و ڕێگەیان لێگرت و هیچ شتێکیان پێ نەهێشت، ئەویش پێش ئەوەی بچێتە مااڵی

خۆی، هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و ئەو هەواڵەی پێگەیاند، پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) زەیدی کوڕی حاریسەی نارد بۆ حیسما.

ئەڵێ: لەو ساڵەدا عومەری کوڕی خەتاب، جەمیلەی کچی سابتی کوڕی ئەبی ئەلئەقلەحی مارە کرد کە خوشکی عاسمی کوڕی سابت بوو، عاسمی کوڕی عومەری بۆ هێنایە دونیاوە، عومەر تەلاقی دا و دوای ئەو، زەیدی کوڕی جاریە مارەی کرد و بۆ زەید، عەبدولڕەحمانی کوڕی زەیدی هێنایە دونیاوە، عەبدولڕەحمان دەکاتە بۆ دلیکیی عاسم. ئەڵێ: لەو ساڵە و لەمانگی رەجەبدا سریەی زەیدی کوڕی حاریسە چووە وادی ئەلقورا. ئەڵێ: لەو ساڵە و لەمانگی شەعباندا سریەی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف چوو بۆ دەومەتو لجەندەل، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) پێیفەرموو:"ئەگەر بەدەم داوای تۆوە هاتن، ئەوە کچی پادشاکەیان مارە بکە". ئەو قەومە بوونە موسڵمان و عەبدولڕەحمانیش تومازەری کچی ئەلئەسبەغی مارە کرد کە ئوم ئەبی سەلەمەیە، باوکی ئەو ئافرەتە گەورە و پادشایان بوو.

ئەڵێ: ئەو ساڵە وشکەساڵییەکی سەخت رووی دا، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەمانگی رەمەزاندا نوێژە بارانەی بەخەڵکیی کرد.

ئەڵێ: لەو ساڵە و لەمانگی شەعباندا سریەی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب(سەلامی خوای لەسەربێ) چووە فەدەک. لەیەعقوبی کوڕی عوقبەوە ئەڵێ: عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بەسەد پیاوەوە دەرچوو بۆ فەدەک بۆ گەڕەک و مالاتێکی نەوەی سەعدی کوڕی بەکر، چونکە هەواڵ بەپەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) گەیشت کە گردبوونەوەیەکیان ئەنجام داوە و ئەیانەوێ هاوکاریی جولەکەی خەیبەر بکەن، بۆیە لەشەودا بۆیان بەڕێدەکەوت و لەڕۆژدا بۆسەی دادەنا، کەسێکی چنگخست و سەلماندی کە نامەیان بۆ خەیبەر ناردووە، ئامادەن پشتیوانییان بکەن بەمەرجی ئەوەی بەرووبوومی خەیبەریان پێ بدەن.

ئەڵێ: لەو ساڵە و لەمانگی رەمەزاندا سریەی زەیدی کوڕی حاریسە دەرچوو بۆ سەر ئوم قیرفە، کە فاتیمەی کچی رەبیعەی کوڕی بەدر بوو، بەتوندترین شێوە کوشتی،

هەردوو قاچی بەحەبل بەستەوە و بەدوو وشتر رایکێشا تاوەکو کردیە دوو پارچەوە. پیرەژنێکی بەتەمەن بوو، لەچیرۆك و باسی ئەو ژنە وەك ئەوەی ئیبن حومەیدی بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین وتی: ئیبن ئیسحاق بۆی باسکردم ئەویش لەعبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە وتی: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) زەیدی کوڕی حاریسەی نارد بۆ وادی ئەلقورا، نەوەی فەزارە رووبەڕووی بوونەوە و هەندێ لەهاوەڵانی کوژران، زەیدی کوڕی حاریسە لەنێو کوژراواندا زیندوو مایەوە، لەو پەلامارەدا وردی کوڕی عەمری نەوەی سەعدی کوڕی هوزیمیش لەنێو کوژراوەکاندا بوو، یەکێکی نەوەی بەدر کوشتی، جا کاتێك زەید هاتەوە، نەزری کرد نزیکی خێزانی نەکەوێتەوە تاوەکو پەلاماری نەوەی فەزارە نەدات، بۆ ئەوە لەوادی ئەلقورا پێیانگەیشت و کەسانێکی لێبڕکوشت، لەوانە قەیسی کوڕی ئەلموسەححەر ئەلیەعموری مەسعەدەی کوڕی حەکەمەی کوڕی مالیکی کوڕی بەدر و ئوم قەرفەی دیلکرد کە فاتیمەی کچی رەبیعەی کوڕی بەدر بوو، ژنی مالیکی کوڕی حوزەیفە بوو، پیرەژن بوو، هەروەها دوو کچیشی و عبداللەی کوڕی مەسعەدەشی دیلکرد. زەیدی کوڕی حاریسە فرمانی کرد ئوم قەرفە بکوژرێت بەکوشتنێکی سەخت، هەردوو قاچی بەدوو وشترەوە بەستەوە و کردیە دوو کەرتەوە(ئەم گێڕانەوەیە سەنەدی نییە)، پاشان کچەکەی ئوم قەرفە و عبداللەی کوڕی مەسعەدەیان هێنا بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، کچەکەی ئوم قەرفە هی سەلەمەی کوڕی عەمری کوڕی ئەلئەکوەع بوو، کەوتبووە بەشی ئەو، ئافرەتێکی مالێکی گەورە بوو. عەرەب بەنمونە بەئافرەتانی تر ئەیانووت: ئەگەر لەئوم قیرفە ڕێزدارتر بووایەی، ئەوە دەبوو. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) داوای کرد لەسەلەمە پێی بدات، ئەویش بەپەیامبەری خوای بەخشی، پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) کردیە دیاریی بۆ خاڵۆکەی کە حەزنی کوڕی وەهەب بوو، عەبدولڕەحمانی کوڕی حەزنی بۆ هێنایە دونیاوە. هەرچی گێڕانەوەی دیکەیە لەسەلەمەی کوڕی ئەلئەکوعەوە لەبارەی ئەو سریەوە، ئەوە ئەمیری ئەو سریەیە، ئەبو بەکری کوڕی قوحافە بووە. ئەلحەسەنی کوڕی یەحیا بۆی باسکردین وتی: ئەبو عامر بۆی باسکردین وتی: عیکریمەی کوڕی

عەمار بۆی باسکردین لەئیاسی کوڕی سەلەمەوە ئەویش لەباوکیەوە وتی: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئەبو بەکری کردە ئەمیرمان و غەزای خەڵکانێکی نەوەی فەزارەمان کرد، کاتێ لەئاوەکە نزیکبووینەوە، ئەبو بەکر فرمانی پێکردین لابدەین، کە نوێژی بەیانییمان کرد، ئەبو بەکر فرمانی پێکردین و پەلامارمان دا، هاتینە سەر ئاوەکە و کێمان دەسکەوت کوشتمان، تەماشام کرد خەڵکانێك کە ژن و منداڵیان تێدایە رادەکەن رووە و چیاکە، منیش تیرم ڤەهاوێشتە نێوان ئەوان و چیاکە، کە تیرەکانیان بینی، لەشوێنی خۆیان راوەستان، هاتم و ئەوانم رادا بەرەو لای ئەبو بەکر،ئافرەتێکی نەوەی فەزارەیان تێدابوو بەرگێکی لەپێست دروستکراوی بەسەر خۆیدا دابوو، کچێکی لەگەڵبوو جوانترینی عەرەب بوو. ئەبو بەکر کچەکەی پێ دام. ئەڵێ: هاتم بۆ مەدینە و پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەبازاڕدا پێمگەیشت و فەرمووی:"ئەی سەلەمە،ئەو ئافرەتەم پێ بدە". منیش وتم: ئەی پەیامبەری خوا خۆشەویستیی ئەو ئافرەتەم بۆ دروست بووە و نزیکی نەکەوتوومەتەوە. ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) قسەی نەکرد و ڕۆیشت. ئەڵێ: بۆ بەیانییەکەی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەبازاڕدا پێمگەیشتەوە و فەرمووی:"ئەی سەلەمە،ئەو ئافرەتەم پێ بدە". منیش وتم: ئەی پەیامبەری خوا خۆشەویستیی ئەو ئافرەتەم بۆ دروست بووە و نزیکی نەکەوتوومەتەوە، بەڵام ئەوە بۆ تۆ بێ. پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) ناردی بۆ مەککە و ئەو دیلە موسڵمانانەی پێ ڕزگارکرد کە لەدەست هاوبەش پەیداکەراندا بوون. ئەوە ئەو گێڕانەوەیە بوو لەسەلەمەوە.

موحەممەدی کوڕی عومەر ئەڵێ: لەو ساڵەدا سریەی کوزی کوڕی جابری ئەلفیهریی ڕۆیشت بۆ سەر ئەلعورنییەکان کە شوانەکەی پەیامبەری خوایان کوشت و وشترەکانیان بردبوو لەشەوالی ساڵی شەشدا، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەبیست سوارەوە ڕەوانەی کرد. ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) هەندێ شاندی نارد و لەزی ئەلحیجەدا ساڵی شەشدا سێ کەسی نارد بەهاوەڵێتیی حاتەبی کوڕی ئەبی بەلتەعە لەلوخمی هاوپەیمانی نەوەی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوزای نارده لای ئەلموقەوقیس و

شوجاعی کوڕی وەهب لەنەوەی ئەسەدی کوڕی خوزەیمەی هاوپەیمانی حەربی کوبری ئومەییە کە بەشداری بەدر بوو نارەدە لای ئەلحاریسی کوڕی ئەبی شەمیر ئەلغەسسانی و دوحیەی ئەلکەلبیی نارەدە لای قەیسەر و سەلیتی کوڕی عەمری ئەلعامریی عامری کوبری لوئەی نارەدە لای هوزەی کوڕی عەلی ئەلحەنەفی و عبدالله‌ی کوڕی حوزافە ئەلسەهمیی نارەدە لای کیسرا و عەمری کوڕی ئومەییە ئەلزەمریی نارەدە لای نەجاشی. هەرچی ئیبن ئیسحاقە وەک ئەوەی وەهای داناوە، ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە لەوەوە بۆی باسکردین وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەندێ لەپیاوانی خۆی نارەدە لای پادشایانی عەرەب و عەجەم و بانگەوازی کردن بۆلای خوا، ئەوەش لەماوەی نێوان حودەیبییە و کۆچی دواییدا.

لەیەزیدی کوڕی ئەبی حەبیب ئەلمیسرییەوە کە نووسراو و کتێبێکی دۆزیووەتەوە ناوی ئەوانەی تێدایە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ناردبوونی بۆلای پادشاماوەکان(الخائبین) و ئەوەشی بەهاولاتی فەرمووە لەکاتی رەوانەکردنیاندا، ئەو نووسراوەی لەگەڵ متمانەدارێکی خەڵکی ولاتی خۆیدا بۆلای ئیبن شیهابی ئەلزوهریی ناردووە،ئەویش کتێبەکەی ناسیووەتەوە.

لەو کتێبەدا هاتووە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەیانیانێکی دەرچووە بۆلای هاوەلانی و پێیفەرموون:"من بەبەزەیی و بۆ تەواوی خەڵکیی رەوانە کراوم. رەحمەتی خواتان لێ بێ ئەو رەحمەتەی من بەهەموان بگەیەنن و لەگەڵمدا ناکۆک مەبن وەک ئەوەی حەواریییەکان بەگوێی عیسای کوڕی مەریەمیان نەکرد". وتیان: بەگوێ نەکردنی ئەوان چۆن بوو ئەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)؟

فەرمووی:"داوای لێکردن وەک ئەوەی من داواتان لێ دەکەم، ئەگەر داواکە بۆ نزیکبوایە ئەنجامیان دەدا، بەڵام ئەگەر بۆ دووربووایە، ئەوە نەیاندەکرد، عیسا لای خوای گەورە گلەیی لێکردن،لەو شەوەدا یەکێك لەحەواریییەکان بەزمانی ئەو قەومە قسەی دەکرد کە بۆیان نێردرابوو، عیسا وتی: ئەمە کارێکە و خوای گەورە کردوویەتییە ئەرك بەسەرتانەوە، بۆیە برۆن و هەوڵی بۆ بدەن.

ـیین ئیسحاق ئەڵێ: پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هاوەڵەکانی ـبەشکرد، سەلیتی کوڕی عەمری کوڕی عەبد شەمشی کوڕی وەددی برای نەوەی عامری کوڕی لوئەی ناردە لای هوزەی کوڕی عەلی فەرمانڕەوای یەمامە. ئەلعەلائی کوڕی ئەلحەزرەمیی ناردە لای ئەلمونزیری کوڕی ساوای برای نەوەی عەبدولقەیس فەرمانڕەوای بەحرەین، عەمری کورڕی ئەلعاصی ناردە لای جیفری کوڕی جولەندەی و عەببادی کوڕی جولەندەیی ئەزدیی کە دوو برای فەرمانڕەوای عوممان بوون، حاتەبی کوڕی ئەبی بەلتەعەی ناردە لای ئەلموقەوقیسی فەرمانڕەوای ئەسکەندەرییە و نووسراوی پەیامبەری خوای پێگەیاند، ئەلموقەوقیسیش چوار جارییەی بەدیاریی بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نارد، یەکێکیان ماریەی دایکی ئیبراهیمی کوڕی پەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم). دوحیەی کوڕی خەلیفە ئەلکەلبی پاشان ئەلخەزرەجیی ناردە لای قەیسەری پادشای ڕۆم. کاتێ نووسراوی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەیشتە لای قەیسەر، تەماشای کرد و پاشان خستیە نێوان ران و کەمەری.

ئەبو سوفیان وتوویەتی: لەگەڵ چەند بازرگانێکی قورەیشییدا دەرچووین بۆ شام بەمەبەستی شت کڕین لەغەززەدا، لەغەززەوە هاتین کاتێك هیرقەل بەسەر خاکی فارسدا سەرکەوتبوو و خاچە گەورەکەی لێیان سەندبووەوە کە پێشتر لێیان داگیرکردبوو، پێیگەیشتوو کە خاچەکەی بۆ رزگارکراوە، حیمس شوێنی نیشتەجێبوونی بوو، بەپێ دەرچوو بوو وەك سوپاسگوزارییەك بۆ خوای گەورە بۆ ئەوەی خاچەکەی بۆ گێڕاوەتەوە و دەرچوو بوو تاوەکو بەپێی بگاتە بەیت ئەلمەقدیس و نوێژی تێدا بکات و بەدیداری خەڵکی ڕێگە و بانەکان بگات، کاتێ گەیشتە ئیلیاء نوێژی تێدا کرد و دەورووبەر و گەورەکانی ڕۆمیشی لەگەڵدا بوو،بەیانیانێکی پەژارەی هەبوو تەماشای ئاسمانی دەکرد، ئەوانەی دەورووبەری پێیانوت: ئەی پادشا ئەم بەیانییە خەمبار دیاری. وتی: بەڵێ: ئەمشەو لەخەومدا پادشای خەتەنەکەر دەرکەوتبوو. وتیان: ئەی پادشا ئەوەی بزانین تەنیا جولەکە خەتەنە دەکەن و ئەوانیش لەژێر دەسەلاتی تۆدان و ملکەچی فرمانی تۆن، بۆیە بنێرە لەگەردنی هەموو جولەکەکانی ژێر دەسەلاتت بدرێت. ئا لەوەدا بوون

نێردراوی فەرمانڕەوای بوسرا پیاوێکی عەرەبی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو هات، پادشا هەواڵی نێوان خۆیانیان ئاڵوگۆڕ دەکرد، کابرا وتی: ئەی پادشا، ئەم پیاوەی عەرەب شاعیر و وشترلەوانە، باس لەشتێکی سەیر دەکات لەوڵاتەکەیدا رووی داوە، بۆیە لەبارەیەوە لێی بپرسە. کاتێك هێنرایە لای هیرقەل، هیرقەل بەوەرگێڕەکەی وت: لێی بپرسە ئەو شتە چییە کە لەوڵاتەکەیدا رووی داوە؟ ئەویش وتی: لەنێوماندا پیاوێک دەرچووە دەڵێ پەیامبەرم و خەڵکانێك شوێنی کەوتوون و بەڕاستیانخستووەتەوە و خەڵکانێکیش دژی وەستاونەتەوە،شەڕی زۆریان لەنێواندا رووی داوە و کە بەجێمهێشتوون هەر دوژمنداری یەکتر بوون. هیرقەل وتی: شەڕوڵەکەی دابکەنە شەڕوڵەکەیان داکەند، ئەبینن خەتەنەکراوە. هیرقەل وتی:سوێند بەخوا ئەمە خەوەکەیە کە من بینیوومە و ئەوە نییە کە ئێوە ئەڵێن جولەکەکانن، شەڕوڵەکەی پێ بدەنەوە بە بڕوات. پاشان بانگی کرد لەبەرپرسی پۆلیس و پێیووت: شامم بۆ سەرو ژوور بکە تاوەکو پیاوێك لەقەومی ئەو کابرایەم بۆ دەهێنی، مەبەستی پەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم).

ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین ئەویش لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە ئەویش لەئیبن شیهابی ئەلزوهرییەوە ئەویش لەعوبەیدوواللەی کوڕی عبداللەی کوڕی عوتبەی کوڕی مەسعودەوە ئەویش لەعبداللەی کوڕی عەباسەوە وتی ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب بۆی باسکردم وتی: ئێمە قەومێکی بازرگان بووین و شەڕ و کوشتار لەنێوان ئێمە و پەیامبەری خوادا بوو(صلى الله عليه وسلم)، گەمارۆی دابووین تاوەکو سەروەتمان تیاچووبوو، رێککەوتن لەنێوان ئێمە و پەیامبەری خوادا هەبوو. لەگەڵ چەند کەسێکی قورەیشدا بەنیازی بازرگانیی بۆ شام دەرچووین، لەغەزە بووین سەرباز و پۆلیسەکانی هیرقەل هێرشیان کردە سەرمان و وتیان ئێوە لەخزمی ئەو پیاوەن کە لەحیجازە(واتا پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم)؟ وتمان: بەڵێ.

ئەڵێ: ئێمەیان بردەلای پادشا، کە گەیشتینەلای پادشا وتی: کێ لەئێوە لەخزمایەتیبە لێیەوە نزیکترینە؟وتم: من. وتی: نزیکی بخەنەوە. لەبەردەستی داینام و هاورێکانی

ـووەم دانا، وتی: من هەندێ پرسیاری لێ دەکەم(واتا لەئەبو سوفیان)، ئەگەر بەدرۆ ـەڵمی دایەوە ئێوە رەتی بکەنەوە.

ـەبو سوفیان ئەڵێ: سوێند بەخوا ئەگەر درۆم بکردبایە هاوڕێکانم وەڵامی منیان ـەدایەوە، من پیاوێکی گەورە بووم بەرزترم لەوەی درۆم بکردبایە و زانیم درۆ بکەم ـوتر لەبارەمەوە باسی دەکەن، بۆیە درۆم لەگەڵ هیرقەلدا نەکرد.

هیرقەل وتی: لەبارەی ئەو پیاوەوە قسەم بۆ بکە کە لەنێوتاندا دەرکەوتووە و ـنگەشەی ئەو شتانە دەکات، منیش کارو پایەی کارەکەیم بۆ کەم دەکردەوە و پێموت: ئەی پادشا کاری ئەو بەلای تۆوە چی گرنگییەکی هەیە و پێگەی ئەو بە تۆ ناگات، بەڵام ئەو گوێی بەمن نەداو وتی: چیم لێت پرسی وەڵامم بدەرەوە، وتم: چی دەپرسی بپرسە.

وتی: رەچەڵەکی لەنێوتاندا چۆنە؟

وتم: رەچەڵەکێکی مامناوەندی هەیە.

وتی: پێم بڵێ ئاخۆ هیچ یەکێکی بنەماڵەکەی لەپێشتردا وەها بانگەشەیەکی کردووە و ئەم وەك ئەو دەکات؟

وتم: نە.

وتی: باس لەشوێنکەوتەکانی بکە چۆنن لەنێوتاندا؟

وتم: لاواز و هەژار و هەرزەکار و ژنانن، بەتەمەن و گەورەکانی قەومەکەی شوێنی نەکەوتوون.

وتی: بۆم باس بکە لەبارەی ئەوانەی دوای دەکەون، خۆشیان دەوێ و لەگەڵی دەمێننەوە یان رقیان لێ دەبێتەوە و لێی هەڵدەگەڕێنەوە؟(لەگێڕانەوەیەکی تردا: بەڕقبوونەوە لەئایین لێی هەڵدەگەڕێنەوە؟

وتم: هیچ کەسێك نییە شوێنی بکەوێ و دواتر لێی هەڵگەڕێتەوە.

وتی: ناپاکی(غەدر) ئەکات؟

ئەبو سوفیان ئەڵێ: هیچ شتێکم نەبینییەوە بیکەمە تانە بەسەرییەوە، بۆیە وتم: ڕێکەوتنمان لەنێواندا هەیە و لەغەدری دڵنیا نین.

ئەبو سوفیان وتی: سوێند بەخوا لەوەدا رووی نەگێڕایەوە بەلامدا، پاشان قسەی لەگەڵمدا دووبارە کردەوەو وتی:((پرسیاری رەچەڵەکیم لێتکرد، وتت لەنێوتاندا مامناوەندە، خوای گەورەش لەنێو مامناوەندەکاندا پەیامبەری خۆی هەڵدەبژێرێ، لێتم پرسی هیچ کەسێك هەیە لەبنەماڵەکەی هەمان قسەو بانگەشەی کردبێ تاوەکو لاسایی ئەو بکاتەوە، وتت نە شتی وەها رووی نەداوە، لێتم پرسی پادشا و دەسەلاتدارتان بووە و دەسەلاتەکەیتان لێ سەندووەتەوە تاوەکو ئەم قسەو باسە بهێنێ و بەوە بیەوێ دەسەلاتەکەی وەربگرێتەوە، وتت نە شتی وەها نەبووە، شوێنکەوتووانی پەیامبەرانیش لەهەموو سەردەمێکدا هەر وەها بوونە، لێتم پرسی ئەو کەسەی شوێنی بکەوێ خۆشی دەوێ یان رقی لێ دەبێتەوە و لێی جیادەبێتەوە، وتت کەس لێی جیانابێتەوە، چێژی باوەڕیش بەو شێوەیەیە چووە هەر دڵێکەوە لێی دەرناچێ. وتم ناپاکیی دەکات، وتت ناپاکیی ناکات، ئەگەر راست بن ئەوانەی بەمنت وت، ئەوە دەگاتە ئەم تەختەی لەژێر هەردوو قاچمدایە، خۆزگە لای دەبووم و هەردوو قاچیم دەشۆرد، بڕۆیشتم سەر کاری خۆت.

ئەبو سوفیان ئەڵێ: لای هەڵسام و بەدەستێکم دەمدایە سەر دەستەکەی ترم و ئەمووت: ئای بەندەی خوا، کوڕەکەی ئەبی کەبشە چیی کرد .

ئیبن شیهابی ئەلزوهریی ئەڵێ: قەشەیەکی گاورەکان کە لەسەردەمی عەلبدولمەلیکی کوڕی مەرواندا پێیگەیشتم، بۆی باسکردم لەبارەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هیرقەل و عەقڵی و وتی: کاتێك نووسراوی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ هیرقەل هات و دوحیەی کوڕی خەلیفە بۆی هێنا، هیرقەل نامەکەی وەرگرت و لەنێوان ران و کەمەری داینا و پاشان نامەی نووسی بۆ پیاوێك لەڕۆمیە کە کتێب و نووسراوی عیبرانیی دەخوێندەوە، تاوەکو وەسف و باسی پەیامبەری خوای بۆ بکات. لەکابرای ڕۆمیەوە وەلامی بۆ هاتەوە، ئەوە ئەو پەیامبەرەیە کە چاوەڕوانییمان دەکرد، بێگومان خۆیەتی، بۆیە شوێنی بکەوە و بەڕاستیبخەرەوە، هیرقەل فرمانی کردە دارو دەستەکەی و هەموویانی لەگۆڕەپانێکدا کۆکردەوە کە دەروویەری خانوو بوو، دەرگاکانی بەڕوودا

ـحسێن و پاشان لەسەربانەوە خۆی پیشان دا و لەخۆی دەترسا و وتـی: ئـەی کۆمـەڵی ـەـ من ئێوەم بۆ هەواڵێك کۆکردووەتەوە، لەلایەن ئەم پیاوەوە نووسراوێکم بۆ هاتووە و ـسگەوازم دەکات بـۆلای ئاییەنەکـەی و بـەوەی ئـەو پەیامبەرەیـە کـە ئێمـە چـاوەڕوانیی ـمکـەین و لەکتێبەکەماندا دەیبینین، وەرن بـا شـوێنی بکـەوین و بەڕاسـتیبخەینەوە، ـموکات ئایین و ئاخیرەتی خۆمان دەپارێزین. ئەڵێ: بەیەکجار هاوار و هەوڵی شـکاندنیان ـ و پەلاماری دەرگاکانیان دأ تاوەکو بچنە دەرەوە، بینییان وا داخراون. ئەڵێ:کاتێ بەو هەوێستەیان لەژیانی خۆی ترسا، وتی: ئەی کۆمـەڵی رۆم مـن ئـەوەم وت تـاوەکو بـزانم جەندە لەسەر ئاییەنی خۆتان سوور و پێداگرن، بەڵام ئـەو هەڵوێسـتەی ئێـوەم بینـی کـە جێی دڵخۆشییم بێ. بەوە هەموویان بۆی چەمینەوە و چوونە کڕنۆش و ئـەویش فرمـانی ـ دەرگاکانیان بۆ کرایەوە و رۆیشتن.

لەهەندێ ئەهلی زانستەوە هاتووە کە هیرقەل بەدوحیەی کوپی خەلیفەی وتووە کاتێك ـوحیە نامەی پەیامبەری خوای بۆ هێناوە: لـەباردایکت بچـی، مـن دەزانم گەورەکـەتان پەیامبەری خوایە و ئەو پەیامبەرەیە کە ئێمە چاوەڕێمان دەکرد و لەکتێبەکەماندا باسی هاتووە، بەڵام لەوە دەترسێم رۆم بمکوژن، ئەگەر ئەوە نەبووایە، ئەوە شوێنی دەکەوتم، بۆیە بڕۆ بـۆلای سـەغاتیری ئەسـقەف و کـاری پەیامبەرەکـەتانی بـۆ بـاس بکـە، سـوێند بەخوا، لای رۆم، ئەو لە مـن مـەزنترە و لای ئـەوان، قسـەی ئـەو قەشـەیە لەقسـەی مـن لەپێشترە. بڕوانە بزانە ئەو چی ئەڵێ. ئەڵێ:دوحیە هات بۆلای و ئەو هەواڵەی پەیامبەری خوای پێگەیاند کە بۆ هیرقەڵی هێنابوو، بانگەوازی بـۆ چـی کردبـوو، سـەغاتیریش وتـی: سـوێند بـەخوا گەورەکـەت پەیامبـەری خوایـە و بەسـیفەتییەوە دەیناسـینەوە و لەکتێبەکەماندا بـەناوی خۆیـەوە ئـەیبینین، پاشـان چـووە ژوورەوە و بـەرگێکی رەشـی لەبەردابوو دایکەند و بەرگێکی سپی لەبەرکرد و پاشان گاڵۆکەکـەی هـەڵگرت و دەرچـوو بـۆلای رۆمـەکان کـە لەکڵێسـەدا بـوون و وتـی: ئـەی کۆمـەڵی رۆم، لەئەحمـەدەوە نووسراوێکمان پێگەیشتووە و لەنووسراوەکەدا بانگەوازمان دەکات بۆلای خوای گـەورە، منـیش شـایەتیی دەدەم بـەوەی هـیچ خوایـەکی بەحـەق بـوونی نییـە جگـە لـە اللە و

ئەحمەدیش بەندە و پەیامبەری خوایە. بەیەکجار پەلاماریان دا و لێدانیان کرد تاوەکو کوشتیان.

کاتێك دوحیە گەڕایەوە لای هیرقەل و ئەو هەواڵەی پێ دا، ئەویش وتی: من پێموونە ئەترسم بمانکوژن، سوێند بەخوا سەغاتیر لای ئەوان لە من مەزنتر و قسە رۆیشتووتر بوو.

لەخالیدی کوڕی یەسارەوە ئەویش لەپیاوێکی بەتەمەنی خەڵکی شامەوە ئەڵێ: کاتێك هیرقەل ویستی لەخاکی شامەوە دەربچێ بۆ قوستەنتینییە و فرمان و کاری پەیامبەری خوای پێگەیشت، رۆمی کۆکردەوە و وتی: ئەی کۆمەڵی رۆم من هەندێ شتتان دەخەمە پێش چاو، بڕوانن و تێفکرن چیم دەوێ. وتیان: ئەو شتانە چین؟ وتی: سوێند بەخوا ئەزانن ئەو پیاوە پەیامبەرێکی رەوانە کراوە و لەکتێبەکەماندا بەو سیفەتەیە و ئەیبینین که بۆمان وەسفکراوە، وەرن با شوێنی بکەوین و دونیا و ئاخیرەتمانی رادەست بکەین ئەوانیش وتیان: بکەوینە ژێر دەستی عەرەب لەکاتێکدا پادشایەتییمان لەپادشایەتیی هەموو کەسێ مەزنترە و پیاومان زۆرە و باشترین وڵاتمان هەیە!؟ وتی: دەی با هەموو ساڵێ جزیە بدەین و لێی ئارام بین، بەو پارەیەی کە دەیدەین لەشەڕ و جەنگ بەدوورین. وتیان: پارە و سەروەتمان بدەینە عەرەبی زەلیل و بچووك لەکاتێک ڕێژەمان لەهەموو کەس زیاترە و مەزنترین پادشا و سەختترین وڵاتمان هەیە!؟ نە سوێند بەخوا هەرگیز کاری لەو شێوەیە ناکەین. ئەویش وتی: دەی وەرن با خاکی سوریای پی بدەین و بهێڵێ خاکی شاممان لەدەست بێ. ئەڵێ: خاکی سوریا بریتی بوو لەفەڵەستین و ئوردن و دیمەشق و حیمس و خوارەوەی دەروازە و ڕێگە(الدرب) لەخاکی سوریا، لەووی سەرەوەی لای ئەوان شام بوو. وتیان: خاکی سوریای پێ بدەین لەکاتێکدا خۆت دەزانی کاکڵە و ناوکی شامە، سوێند بەخوا هەرگیز کاری لەو جۆرە ناکەین. کاتێ زانیی مر نادەن، وتی: دەی سوێند بەخوا بەم هەڵوێستەتان لەشاری خۆتان دەردەکرێن. پاشە سەرکەوتە سەر ئێستەرەکەی و ڕۆیشت تاوەکو گەیشتە سەر ڕێگە(الدرب) و ڕووی کردە

خاکی شام و وتی: سەلامت لێ بێ ئەی خاکی سوریا، سەلامی خواحافیزیی. پاشان غاری دایە ئێستڕەکەی تاوەکو چووە قوستەنتینییەوە.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) شوجاعی کوڕی وەهبی برای نەوەی ئەسەدی کوڕی خوزەیمەی نارد لای ئەلمونزیری کوڕی ئەلحاریسی کوڕی ئەبی شەمر ئەلغەسسانیی فەرمانڕەوای دیمەشق، موحەممەدی کوڕی عومەری ئەلواقیدیی ئەڵێ: ئەم نامەیەی لەگەڵیدا نارد:"سەلامی خوا بۆ ئەو کەسەی شوێنی هیدایەت دەکەوێ و باوەڕی پێ دەهێنێ، من بانگەوازت دەکەم بۆ باوەڕهێنان بەخوای گەورە بەتاك و تەنیایی و بێ هیچ هاوبەش بۆ بڕیاردانێك،ئەگەر وەهات کرد، ئەوە دەسەلآتەکەت بۆ دەمێنێتەوە".

شوجاعی کوڕی وەهب نامەکەی بۆ هێناو بۆیانی خوێندەوە، ئەویش وتی: ئەو، دەسەلآتم لێ دەستێنێ، وا بۆی بەڕێکەوتم. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"دەسەلآتەکەی وا تیاچووە".

ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین وتی: ئیبن ئیسحاق بۆی باسکردین وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) عەمری کوڕی ئومەییەی ئەلزەمریی نارەلای نەجاشی لەبارەی جەعفەری کوڕی ئەبو تالێب و هاوڕێکانی و تیایدا فەرمووی:" بەناوی خوای گەورەی میهرەبان، لەموحەممەدی پەیامبەری خواوە بۆ نەجاشیی گەورەی حەبەشە،سەلام بۆ سەر ئەو کەسەی شوێنی هیدایەت کەوتووە،پاشان سوپاسی خوای گەورە دەکەم کە تەنیا ئەو خوایە،(الملك)و(القدوس)و(السلام)و(المؤمن)و(المهيمن)ە، شایەتی دەدەم کە عیسای کوڕی مەریەم ڕوح و کەلیمەی خوایە بەخشیوێتی بە مەریەمی ڕەوشت بەرزی داوێن پاك و دووگیان بوو پێی،هەروەك خوای گەورە ئادەمی بەدەستی خۆی دروستکرد،من بانگەوازت دەکەم بۆ تەنیا پەرستنی خوا(الله)و بێ هاوبەش و،سوورە لەسەر گوێڕایەڵیکردنی و شوێنم بکەوەو باوەڕ بهێنە بەوەی پێی هاتووم، من نێردراوی خوام و خۆت و سەربازەکانتان بانگەواز دەکەم بۆلای ئایینی خوای گەورە و من پەیامبەری

خوام، وا کوڕە مامەکەم جەعفەر و چەند کەسێ لەموسڵمانان دەنێرمە لای تۆ، ئەگەر هاتنەلات،ئەوە جێگیریان بکە و ستەم و زۆرداریان بەسەرەوە مەکە، خبۆت و سەربازەکانت بانگەواز دەکەم بۆلای خوای گەورە،من پەیامەکەم گەیاند و ئامۆژگاریم کردی و ئامۆژگاریەکەم قبوڵ بکە،سەلام لەو کەسەی شوێنی هیدایەت دەکەوێ".

نەجاشییش نامەی بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نووسی: بەناوی خوای گەورەی میهرەبان، بۆ موحەممەدی پەیامبەری خوا لەنەجاشیی ئەلئەصحەمی کوڕی ئەبجەرەوە،سەلامت لێ بێ ئەی پەیامبەر و بەزەیی خوا، ئەو (الله)ی کە هیچ خوایەت نییە جگە لەخۆی و هیدایەتی داوم بۆ ئیسلام، پاشان: من وا نووسراوی تۆم پێگەیشت ئەی پەیامبەری خوا وەك ئەوەی لەبارەی عیساوە باست کردووە، سوێند بەپەروەردگاری ئاسمان و زەوی، عیسا لەوە زیاتر نییە کە تۆ باستکردووە، ئەوەمان زانیی کە بۆلای من ناردووتە، کوڕە مامەکەت و هاوەڵەکانیمان لای خۆمان جێگیر کردووە، راستگۆیانە شایەتیی دەدەم تۆ پەیامبەری راستەقینەی خوای گەورەی. بەیعەتم بە تۆ و کوڕە مامەکەت داوە و بۆ پەروەردگاری جیهانیان، لەسەر دەستی ئەو بوومە موسڵمان، وا کوڕەکەی خۆم دەنێرمە لات ئەرهای کوڕی ئەلئەصحەمی کوڕی ئەبجەر، من تەنیا دەسەلآتی خۆمم هەیە، ئەگەر بتەوێ دێم بۆلات، شایەتیی دەدەم هەرچی دەیڵێی حەق و راستییە، سەلام لەسەر پەیامبەری خوا.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: بۆم باسکراوە کە نەجاشیی، کوڕەکەی خۆی لەگەڵ شەست حەبەشییدا رەوانە کردووە، لەناوەڕاستی دەریادا بەکەشتییەکەیانەوە خنکاون.

لەموحەممەدی کوڕی عومەرەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نامەی نارد بۆ نەجاشی تاوەکو ئوم حەبیبەی کچی ئەبو سوفیانی بۆ مارە بکات و لەگەڵ ئەو موسڵمانانەی کە لەوێدان، بۆی رەوانە بکات. نەجاشیش ناردی بەدوای ئوم حەبیبەدا و هەواڵی پێدا کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خوازبێنیی کردووە، جاریەیەکیشی پێدا کە پێیدەوترا ئەبرهە، لەخۆشییشدا کۆمەڵێ دیاریی پێ دا، فرمانی پێکرد کەسێك بکاتە بریکاری خۆی، ئوم حەبیبەش خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی ئەلعاصی کردە

ـرگـردەری خۆی، نەجاشییش بۆ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) خوازبێنیی ئـوم حـبـیـبـەی کـرد لەخالید و لەپەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) مـارە کـرا، پاشـان ـەحـشی بانگی کـرد چوارسـەد دینـار وەك مـارەیی هێنـرا و دایـه دەسـت خالیـد، کـاتێ ـ ـمکان و ئەبرهە بۆ ئوم حەبیبە هێنرا، پەنجا مسقالّی دایە ئەبرهە و وتی: من وا ئەوەم ـیـت دا و هیچ شتێکی ترم لەدەست نییە. ئەبرهە وتـی: پادشـا فرمـانی پێکـردووم هـیچ ـتـێکت لێ وەرنەگرم و هەرچیُم لێت وەرگرت بیگێڕمـەوە، مـن سـەرپەرشـتیاری رۆن و ـەرگی پادشام، موحەممەدی پەیامبـەری خـوام بەڕاسـت زانیـووە و بـاوەڕم پێیهێنـاوە، ـێـویستیی من بە تۆ ئەوەیە، سەلامی منـی پـێ بگەیـەنی. وتـی: باشـە. پادشـا فرمـانی ـەژنەکانی کردبوو بخورد و عەنبەری بـۆ ببـەن. پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) ـەوەی بەئوم حەبیبەوە دەبینی و رەتی نەدەکردەوە. ئوم حەبیبە ئەڵێ: بەدوو کەشتی ـمرچووین و کەشتییەوانی لەگەڵدا ناردین تاوەکو گەیشتینە ئـەلجار، پاشـان بەسـواریی ـەڕێکەوتین تـاوەکو گەیشـتینە مەدینـە، لەخەیبـەردا بەپەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) گەیشـتین. لەمەدینـە مامـەوە تـاوەکو پەیامبـەریی خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) گەڕایـەوە مەدینـە و رۆیشـتمە لای و لـەبارەی نەجاشـییەوە لێـی دەپرسـیم و سـەلامی ئەبرهەم پێگەیاند و پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) وەلامی سەلامەکەی دایەوە.

کاتێك هەوالّ بەئەبو سوفیان گەیشت کـە پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) ئـوم حەبیبەی کچی مارە کردووە، وتی: دەستەهڵناگرێت.

لەو ساڵەدا پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) نامـەی بـۆ کیسـرا نووسـی و لەگـەڵ عبدالله‌ی کوڕی حوزافـەی ئەلسـەهمیی نـاردی، تیایـدا هـاتووە:" بـۆ کیسـرای پادشـای فارس:بەناوی خوای گەورەی میهرەبـان، لەموحەممـەدی نێـردراوی خـواوە بـۆ کیسـرای گەورەی فارس،سەلامی خوا بۆ ئـەو کەسـەی شـوێنی هیدایـەت دەکـەوێ و بـاوەڕ بـەالله دەهێنێ و پەیامبەرەکەی و شایەتی دەدات جگە لـە الله هـیچ خوایـەکی دیکـەی بەحـەق بوونی نییە و موحەممەدیش بەندە و پەیامبەری خوایە و بانگەوازت دەکەم بۆ موسـڵمان بوون،من نێردراوی خوام بۆ تەواوی خەڵکی و وریاکەرەوەی زیندووانم و بۆ بێبـاوەڕانیش

بیانوو نەهێڵمەوە، بۆیە موسڵمان ببە سەلامەت دەبی، ئەگەر رەتی بکەیتەوە ئەوە گوناهباریی مەجوس لەگەردنی تۆدا دەبێ". کیسرا نامەی پەیامبەری خوێ دڕی،پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"وا دەسەلآتەکەی پارچە پارچە بووە".

لەیەزیدی کوڕی حەبیبەوە ئەڵێ: عبداللەی کوڕی حوزافەی کوڕی قەیسی کوڕی عەدی کوڕی سەعدی کوڕی سەهمی نارد بۆلای کیسرای کوڕی هورمزی پادشای فارس بەنووسراوێکەوە کە ئەمە بوو:" بۆ کیسرای پادشای فارس:بەناوی خوای گەورەی میهرەبان، لەموحەممەدی نێردراوی خواوە بۆ کیسرای گەورەی فارس،سەلامی خوا بۆ ئەو کەسەی شوێنی هیدایەت دەکەوێ و باوەڕ بەالله دەهێنێ و پەیامبەرەکەی و شایەتی دەدات جگە لە الله هیچ خوایەکی دیکەی بەحەق بوونی نییە و موحەممەدیش بەندە و پەیامبەری خوایە و بانگەوازت دەکەم بۆ موسڵمان بوون،من نێردراوی خوام بۆ تەواوی خەڵکی و وریاکەرەوەی زیندووانم و بۆ بێباوەڕانیش بیانوو نەهێڵمەوە، بۆیە موسڵمان ببە سەلامەت دەبی، ئەگەریش رەتی بکەیتەوە ئەوە گوناهباریی مەجوس لەگەردنی تۆدە دەبێ". کیسراش وتی: کەسێك ئەمەم بۆ دەنووسێ کە کۆیلەی خۆمە.

لەئەبی سەلمەی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوفەوە کە عبداللەی کوڕی حوزافە بەنووسراوی پەیامبەری خواوە(صلی الله علیه وسلم) هات بۆلای کیسرا، کاتێك کیسر خوێندییەوە، نامەکەی دڕی. کە ئەو هەواڵە بەپەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم گەیشت، فەرمووی:"خوای گەورە دەسەلآتەکەی پارچە پارچە کرد". پاشان دەگەڕێتەوە بۆلای فەرموودە و باسەکەی یەزیدی کوڕی ئوم حەبیب و ئەڵێ: پاشان کیسرا نامەی بۆ بازان نووسی کە سەرپەرشتیاری یەمەن بوو:دوو پیاوی بەهێزی لای خۆت بنێرە بۆ سەر ئەو پیاوەی لەحیجازە و بۆم بیهێنن. بازانیش قەهرەمانەی خۆی نارد کە بابەوەیهیی بوو، نووسەر و ژمێریار بوو بەنووسراوی فارس و بەپیاوێکی فارسەوە بەناوی خورخسرە نارد لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و فرمانی پێکرد لەگەڵیاندا بچێت بۆلای کیسرا. بەبابەوەیهیی وت: بچۆ بۆ ولآتی ئەو پیاوە و

ـــەی لەگەڵدا بکە و هەواڵەکەیم بۆ بهێنەوە. هەردووکیان دەرچوون تاوەکو گەیشتنە ـــنیف، لەخاکی تائیفدا بەهەندێ پیاوی قورەیش گەیشتن و لەبارەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پرسییان، ئەوانیش وتیان: لەمەدینەیە. بەو پرسیارە ـــخۆش و شاگەشکە بوون و بەپەکتریان وت: مزگێنیی بدە وا کیسرای پادشای پادشایان ـــی کەوتووەتە جوڵە، بۆ ئێوەی لەکۆڵ دەکاتەوە. هەردووکیان دەرچوون تاوەکو گەیشتنە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و بابەوەیهیی قسەی لەگەڵدا کرد و وتی: شاهنشاهی پادشای پادشایان کیسرا نامەی بۆ پادشا بازان نوسیووە و فرمانی پێکردووە کەسێکت بنێرێتە لای و تۆ ببات بۆلای ئەو، وا منی ناردووە و لەگەڵمدا بەڕێکەوە، جا ئەگەر بەگوێم بکەی، ئەوە شتێکت بۆ دەنووسێ بۆ پادشای پادشایان کە سوودت پێبگەیەنێ و زیانی بۆ تۆ نەبێ، بەڵام ئەگەر رەتتکردەوە، ئیتر خۆت دەزانی خۆت و قەومەکەت لەنێو دەبات و ولاتەکەت کاول دەکات.

هەردووکیان هاتنە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و ریشیان تاشیبوو سمێڵیان شۆڕکردبووەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) حەزی نەکرد سەیریان بکات، پاشان رووی تێکردن و فەرمووی:"لەباردایکتان بچن چی کەسێك ئەو فرمانەی پێکردوون؟" وتیان:پەروەردگارمان"مەبەستیان کیسرا بوو. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بەڵام پەروەردگاری من فرمانی پێکردووم ریش بهێڵمەوە و سمێڵم کورت بکەمەوە". پاشان پێیفەرموون:"برۆن و بەیانیی بێنەوە لام". لەئاسمانەوە هەواڵ بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەیشت کە خوای گەورە شیرەوەیهیی کوڕی کیسرای زاڵکردووە بەسەر کیسرای باوکیدا لەفلانە مانگ و فلانە شەودا دەیکوژێ. دوای ئەوەی ئەو شەوانە تێپەڕی کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) باسیکردبوو، شیرەویهیی کیسرای باوکی خۆی کوشت. واقیدیی ئەڵێ: شیرەوەیهیی لەشەوی سێشەممەدا کیسرای باوکی خۆی کوشت کە دە شەو لەمانگی جەمادی یەکەمی ساڵی حەوت تێپەڕ ببوو، شەش کاتژمێر لەو شەوە تێپەڕببوو.

ئەگەڕێینەوە لای موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەویش لەیەزیدی کوڕی ئەبی حەبیبەوە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) هەردووکیانی بانگ کرد و هەواڵی پێدان. ئەوانیش وتیان: ئایە دەزانی چی دەڵێی! ئێمە بەهۆی کەمتر لەوە تووڕەین لەدژت، ئایە ئەمەی ئەیڵێی بۆ پادشای بنووسین و لەبارەتەوە هەواڵی پێ بدەین؟ فەرمووی:"بەڵێ هەواڵی پێ بدەن و پێیشی بڵێن: خوای گەورە ئایین و دەسەلاتی من بەهەموو ئەو شوێنانە دەگەیەنێ کە دەسەلاتی کیسرا پێیگەیشتووە، پێیشی بڵێن: ئەگەر ببێتە موسڵمان ئەوە هەموو ئەوەی پێ دەدەم کە لەژێر دەسەلاتیدایە و ئەیکەمە گەورەی قەومی خۆی". هەردووکیان ڕۆیشتن تاوەکو گەیشتنە لای بازان و ئەو هەواڵەیان بەبازان گەیاند. ئەویش وتی: سوێند بەخوا ئەوە لەقسەی پادشا ناچێ، وەهای دەبینم ئەو کابرایە پەیامبەر بێ،چاوەڕێ دەکەین ئەوەی وتوویەتی دێتەدی، ئەگەر وەها دەرچوو، ئەوە پەیامبەرێکی ڕەوانەکراوە، ئەگەر وەهاش نەبوو، ئەوە بۆچوونی خۆمان لەبارەیەوە دەدەین. زۆری پێ نەچوو نووسراوی شیرەوەیەیی بەبازان گەیشت: پاشان، من و کیسرام کوشت، کوشتنەکەشی لەبەر تووڕەیی فارس بوو، خوێنی گەورەکانی فارسی حەڵاڵکرد، جا ئەگەر ئەم نامەیەم پێتگەیشت، ئەوە گوێڕایەڵیی ئەوانەی لای خۆتم بۆ وەربگرە و چاوەڕێ بکە لەبارەی ئەو پیاوەی کە کیسرا لەبارەیەوە نامەی بۆ تۆ نووسی، قسەی پێ نەڵێی تاوەکو فرمانی منت پێ دەگات لەبارەیەوە. جا کاتێك نامەی شیرەوەیەیی بەبازان گەیشت، بازان وتی: ئەو پیاوە پەیامبەرە. خۆی و ئەو فارسانەی لەگەڵیدا بوون لەیەمەن بوونە موسڵمان. بابەوەیەیی بەبازانی وت: هەتاوەکو ئێستە قسەم لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەکردووە بەئەندزەی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) گەورە و بەشکۆ بێ.

واقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵەدا پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) نامەی بۆ ئەلموقەوقیسی گەورەی قیپت نارد و بانگەوازی کرد بۆ ئیسلام، بەڵام ئەلموقەوقیس نەبووە موسڵمان. ئەبو جەعفەر ئەڵێ: کاتێك پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەغەزوەی حودەیبیەوە گەڕایەوە بۆ مەدینە، زی ئەلحیجە و چەند ڕۆژێکی موحەڕەم

سیەوە لەمەدینەدا. وەك ئیبن حومەید بۆی باسكردین وتی: سەلەمە بۆی باسكردین عنیبن ئیسحاقەوە وتی: لەو سالّەدا هاوبەش پەیداكەران سەرپەرشتیی حەجیان كرد.

باسكردنی رووداوەكانی سالّی حەوتی كۆچی

غەزای خەیبەر

پاشان سالّی حەوتی كۆچیی هات، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەپاشماوەی غەزەكانی موحەرەم دەرچوو بۆ خەیبەر و سیباعی كوڕی عورفوتەی ئەلغەفاریی بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشت. رۆیشت تاوەكو بەسوپاكەیەوە دابەزییە شیوێك پێیدەوترێ ئەلرەجیع، دابەزییە نێوان خەلّكی خەیبەر و غەتفان. وەك ئیبن حومەید بۆی باسكردین وتی: سەلەمە بۆی باسكردین ئەویش لەئیبن ئیسحاقەوە، دابەزییە ئەوێ تاوەكو نەهێلّی غەتفان هاوكاریی خەلّكی خەیبەر بكەن،چونكە پشتیوانیان بوون لەدژی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم).

ئەلّێ: پێمگەیشتووە كە غەتفان گوێبیست بوون پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دابەزیووەتە خەیبەر، بۆی كۆبوونەوە و دەرچوون تاوەكو پشتیوانیی جولەكە بكەن لەدژی و بەرێكەوتن، ترسی مالّ و منداڵیان بۆ دروستبوو كە خەلّكانی تر هەلّبكوتنە سەریان، ناچار گەڕانەوە و لای كەسوكار و سەروەت و سامانی خۆیان مانەوە و نەكەوتنە نێوان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و خەیبەرەوە، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) قەلاّ لەدوای قەلاّ فەتحی دەكرد و یەكەمین قەلاّیەك كە فەتحی كرد، قەلاّی ناعم بوو، لەوێدا مەحمودی كوڕی مەسلەمە كوژرا بەهۆی ئەوەی لەسەربانەوە دەستارێك درا بەسەریدا و كوژرا، پاشای قەلاّی ئەلقموس كە قەلاّی ئیبن ئەبی ئەلحوقەیق بوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) كۆمەڵێ سەبایەی لێیان دەستخست كە یەكێك لەوانە سەفیەی كچی حویەی كوڕی ئەختەب بوو، خێزانی كینانەی كچی ئەلرەبیعی كوڕی ئەبی ئەلحوقەیق بوو، كچە مامی بوو. پەیامبەری خوا(صلى الله

علیه وسلم) سەفیەی بۆ خۆی هێشتەوە. پاشان پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و قەلاّ و سەروەت و سامانەکانیانی دەستخست.

لەعبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە کە یەکێك لەنەوەی سەهم بۆی باسکردووە لەوانەی بوونە موسڵمان و هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و وتیان: ئەی پەیامبەری خوا هەرچی شتێکمان هەبوو کۆتاییهات و هیچمان نییە. لای پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) هیچ شتێك نەبوو بەوانی بدات، بۆیە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"خوایە گیان خۆت حاڵی ئەوان دەزانی و منیش هیچم لەتوڵ نییە و هیچم لەبەردەستدا نییە پێیانی بدەم، خوایە گیان قەلاّیەکیان بۆ فەتح بکە گەورەترین قەلاّ و زۆرترین خواردنی تێدا هەبێ". بەیانییەکەی خوای گەورە قەلای ئەلسەعبی کوڕی موعازی بۆ فەتحکردن کە لەخەیبەردا قەلاّیەك نەبوو لەو قەلاّیە خواردنی زۆرتر بێ. جا کاتێك پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) قەلاکانیانی فەتحکرد و سەروەتەکانیانی کۆکردەوە، گەیشتنە قەلای ئەلوەتیح و ئەلسولالم کە کۆتا قەلای خەیبەر بوو، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دە شەو و شتێ گەمارۆی دا.

لەجابری کوڕی عبداللەی ئەلئەنساریيەوە ئەڵێ: مەرحەبی جولەکە بوو کە لەقەلاکە دەرچوو شمشێرەکەی رادەوەشاند و ئەیووت:

قد علمت خيبر أني مرحبْ شاكي السلاح بطل مُجرّبْ

أطعن أحياناً وحيناً أضربْ الليـوث أقبلـت تحـرّبْ

واتا: خەیبەر باش دەزانێ کە من مەرحەبم، چەکم هەڵگێشاوە و پاڵەوانێکی ئەزمونکراوم و وەك شێر لێدان دەکەم.

عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب(خوای لێ ڕازی بێ) وەلاّمیدایەوە:

أنا الذي سمتني أُمّي حَيْدره كليث غابات شديد القسورة

أكيلكم بالصاع كيل السندره

واتا: ئەوە منم کە دایکم ناوی لێناوم حەیدەر، وەک شێری دارستان کە شێوە ترسناکە. بەجۆرێك لێتان دەدەم هەروەك چۆن تەرازووی سندە قەبارەی گەورە دەکێشێ، منیش بەیەکجار هەمووتان بەشمشێر دەکوژم و کێشانە و پێوانەتان دەکەم.

وتی:کێ زۆرانبازی و بەرانبەرم دەوەستێتەوە؟

پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"کێ بۆ ئەمە دەردەچێ؟"موحەممەدی کوڕی مەسلەمە وتی: من ئەی پەیامبەری خوا،من تۆڵەسێن و بەقینم لێی، دوێنێ بوو براکەمی کوشت،پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)فەرمووی:" کەواتا بۆی هەستە، خوایە گیان موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی بەسەردا زاڵ بکەی" هەندێك یەکتریان هێناو برد و بەرانبەر بوونەوە،خوای گەورە بۆ بەدیهێنانی داوای پەیامبەرەکەی، موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی بەسەردا زاڵ کرد و کوشتی،دوای کوژرانی مەرحەب یاسری برای دەرچوو وتی:کێ بەرانبەرم دەوەستێتەوە و دێتە مەیدان؟

لەهیشامی کوڕی عوروەوە کە زوبەیری کوڕی عەوام دەرچوو وتی: من بەرانبەرت دێمە مەیدانەوە. سەفیەی دایکی وتی:نە ئەی پەیامبەری خوا با زوبەیر نەڕواتە بەرانبەری، زوبەیر دەکوژێ، پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) پێی فەرموو:"بەڵکو بەویستی خوا کوڕەکەت ئەو دەکوژێت". بەرانبەر بوونەوە و زوبەیر یاسری جولەکەی کوشت و دوای زۆرانبازی و شەڕی گۆڕەپان، خەڵکەکە شەڕیان کرد و ئاڵاکە لای ئەبو بەکر بوو(خوای لێ رازی بێ) و دروشمەکەیان ئەوکات ئەمە بوو: (ئەی سەرکەوتوو بمرێنە بمرێنە)،شەڕێکی سەختیکرد پاشان ئازاری بۆ دروستبوو نەخۆشکەوت و عومەر(خوای لێ رازی بێ) ئاڵاکەی لێ وەرگرت و لەئەبو بەکر شەڕی سەختتری کرد،پاشان ئەویش نەخۆشکەوت،هەواڵەکە بەپەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) گەیشت،فەرمووی:"سوێند بەخوا ئەم ئاڵایە دەدەمە دەست کەسێك خوا و پەیامبەری خوای خۆشدەوێ و خواو پەیامبەرەکەشی ئەویان خۆشدەوێ،خوای گەورە لەسەر دەستی ئەو فەتحی دەکات و هەڵهاتنی لێ نابێ". پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) عەلی بانگکرد، عەلی چاوەکانی ریپۆقی کردبوو،تفی کردە چاوەکانی و پاشان فەرمووی:"ئەم ئاڵایە بگرە و پێیەوە بڕۆ

و روو وەرمـەگێڕە تـاوەکو خـوای گـەورە قەلاکـەت بـۆ فـەتح دەکـات". عـەلی دەرچـوو،هەروەلەی بەئالاکـە دەکـرد تـاوەکو لەسـەر بـەردێکی خـوارەوەی قەلاکـە چەقاندی، جولەکەیەك لەسەرووی قەلاکەوە سەری دەرهێناو تەماشای کردو وتی: تۆ کێی؟ وتی: عـەلی کـوڕی ئـەبو تـالێبم،وتی: سوێند بـەوەی بـۆ موسـا دابـەزی ئێـوە سـەرکەوتن. عـەلی نەگەڕایـەوە تـاخوای گـەورە قەلاکـەی لەسەردەسـت فـەتح کـرد و مُوسڵمانەکان چوونە شارەکەوە، بەوەش فەتحی خەیبەر کۆتایی هات.

عبداللـەی کـوڕی بورەیـدە باسـیکردووە ئـەویش لەباوکییـەوە کـە وتـی: پەیامبـەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رەنگە سەرئێشەی گرتبێ بۆیـە رۆژێ یـان دوو رۆژ مایـەوە و دەرنەچوو، کە دابەزییە خەیبەر، سەرئێشە گرتی و دەرنەچـووەلای خـەڵك، ئـەبو بـەکر ئالاکەی پەیامبەری خوای هەڵگرت و شەڕێکی سـەختی کـرد و پاشـان گەڕایـەوە، ئینجـ عومـەر ئالاکـەی هـەڵگرت و شـەڕێکی سـەختی کـرد سـەختتر لەشـەڕی یەکـەم، پاشـان گەڕایـەوە و ئـەو هەواڵـەی بەپەیامبـەری خـوا دا(صـلى الله عليـه وسـلم)، پەیامبـەریش فەرمووی:" بەیانیی ئەم ئالایـە رادەسـتی پیاوێـك دەکـەم، خـوای گـەورە ئـەو قەلایـەی لەسەر دەست فەتح دەکات، خـوا و پەیامبەرەکـەی خۆشدەوێ و خـوا و پەیامبـەریش ئەویان خۆشدەوێ. ئـەو شـەوە خـەڵکیی تـاووتوێی ئـەوەیان دەکـرد ئـاخۆ ئـەو ئالایـە بەکامـەیان دەدرێـت؟ کـە بـەیانیی بوویـەوە، هـەمویان هـاتن بـۆلای پەیامبـەری خـوا و هەریەکە و ئومێدی دەکرد ئەو کەسە ئەو بێت. پەیامبەری ئازیز فەرمووی:"عەلی کـوڕی ئەبو تاڵیب لەکوێیە ؟" وتیان:چاوئێشەی گرتووە. فەرمووی:"بنێرن بەدوایدا". هێنایان. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تفی کردە چاوی و بـۆی پاڕایـەوە، بـەجۆرێ چـاك بوویەوە وەك ئەوەی چاوئێشەی نـەگرتبێ. عـەلی وتـی: ئـەی پەیامبـەری خـوا شـەڕیان دەکەم تاوەکو وەك ئێمە دەبنە موسڵمان. فەرمووی:"لەسەر خۆت بچۆرە پێش تـاوەکو دادەبەزیتە گۆڕەپانەکەیان، پاشان بانگەوازیان بکە بۆ ئیسلام و هـەواڵیان پـێ بـدە کـە مافی خوا چییە بەسەریانەوە، سوێند بەخوا ئەگەر خوای گەورە لەسەر دەسـتی تـۆ یـەك

ئەمیر هیدایەت بدات، ئەوە بۆ تۆ باشترە لەوشتری سوور". ئەویش چووە پێش تاوەکو خۆی گەورە خەیبەری لەسەر دەست فەتحکرد.

هۆنینەی پاڵەوانێتیی عەلی، ئەوە بوو میرحەبی پادشایان بەرانبەری دەرچوو ئەیووت:

قد علمت خيبر أني مرحبُ شاكي السلاح بطلٌ مُجرَّبُ

إذا الحروب أقبلت تَلَهَّبُ

وتا: خەیبەر دەزانێ کە من میرحەبم، کە شمشێر لەدەستم بێزارە و پاڵەوانێکی مەزموونم لەوکاتەی کە جەنگ بڵێسە دەدات.

عەلیش وتی:

أنا الذي سَمَّتني أمي حيدره كليث غاباتٍ كريهِ المنظره

وتا: ئەوە منم کە دایکم ناوی لێناوم حەیدەر، وەک شێری دارستان کە شێوە ترسناکە.

شمشێرێکی دا لەسەر میرحەب و کوشتی، فەتحی ئەو قەلایە لەسەر دەستی عەلی بوو.

ئەبی رافعی خزمەتکاری پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) ئەڵێ: لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبدا دەرچووین کاتێک پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەئالاکەی خۆیەوە رەوانەی کرد، کە لەقەلاکە نزیک بوویەوە، خەڵکەکەی بۆی دەرچوون و شەڕیان کرد، پیاوێکی جولەکە لێی دا و قەڵغانەکەی لەدەست فڕێ دا، عەلیش(خوای لێ رازیی بێ) دەرگایەکی قەلاکەی گرت و پێیەوە بەرگریی لەخۆی دەکرد، بەردەوام بوو لەشەڕکردن تاوەکو خوای گەورە بۆی فەتحکرد ئینجا لەدەستی فڕێی دا. لەگەڵ حەوت کەسدا کە خۆم هەشتەمینیان بووم، هەرچی هەوڵماندا دەرگاکە هەڵگێڕینەوە نەمانتوانی.

ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین لەئیبن ئیسحاقەوە وتی: کاتێک خوای گەورە ئەلقموسی قەلای ئیبن ئەبی ئەلحوقەیقی بۆ فەتحکردین، سەفیەی کچی حویەی کوڕی ئەختەب و ئافرەتێکی تریش کە لەگەڵیدا بوو هێنران بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، بیلال بەسەر تەرمی کوژراوانی جولەکەدا

هێنایانی،کاتێ ئەو ژنەی لەگەڵ سەفیەدا بوو ئەو تەرمانەی بینی، قیژاندی و دەستی کردە شیوەن و خۆڕنین، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کە ئەوەی بینی فەرمووی:"ئەو شەیتانەم لێ دووربخەنەوە". سەفیەی لەپشتەوەی خۆی دانا و عەباکەی خۆی بەسەردا دا، ئەوکات موسڵمانان زانییان کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بۆ خۆی هەڵیبژاردووە.

وەک ئەوەی پێمگەیشتووە، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کاتێ ئەو ئافرەتە جولەکەیەی بینی، بەبیلالی فەرموو:"ئەی بیلال تۆ سۆز و بەزەییت لێ داڕنراوە کە ئەو ئافرەت بەسەر تەرمی پیاوەکانیاندا تێدەپەڕێنی؟".

سەفیە کە ژنی کینانەی کوڕی ئەلڕەبیعی کوڕی ئەبی ئەلحوقەیق بوو، لەخەو بینیبووی مانگ کەوتووەتە باوەشی، ئەم خەوەی بۆ مێردەکەی گێڕابووەوە، مێردەکەی وتبووی: حەزت چووەتەسەر موحەممەدی پادشای حیجاز! زللەیەکی لێدابوو لاچاوی شین کردبووەوە. کاتێ هێنرا بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) شوێنەواری ئەو زللەیەی پێوە مابوو، لەو بارەوە لێی پرسی، ئەویش ئەو هەواڵەی بۆ گێڕایەوە.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: کینانەی کوڕی ئەلڕەبیعی کوڕی ئەبی ئەلحوقەیق هێنرا بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کە گەنجینەی نەوەی ئەلنەزیری لابوو، بۆ ئەوە لێی پرسی، بەڵام کینانە نکۆڵیی لێ کرد و رەتیکردەوە بزانێ لەکوێیە. پیاوێکی جولەکە هێنرا بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و بەپەیامبەری وت: من کینانەم بینی هەموو بەیانییەک بەدەور ئەم کەلاوەیەدا دەسووڕایەوە. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەکینانەی فەرموو:"ئەی ئەگەر دۆزییمانەوە بتکوژم؟" وتی: بەڵێ. پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) فرمانی کرد ئەو شوێنە چاڵ بکرێت،چاڵیان کەند و هەندێ گەنجینەی بەنو نەزیریان لێ دۆزییەوە، بۆیە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لێی پرسی ئەوانی تر لەکوێیە، بەڵام رەتیکردەوە شوێنەکەی بڵێت، بۆیە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فرمانی کرد زوبەیری کوڕی عەوام کە ئەشکەنجەی بدات تاوەکو شوێنی گەنجینەکە ئاشکرا دەکات، زوبەیریش نوکی شمشێرەکەی ئەکردە

سـنگیدا تـاوەکو پەکیخست، ئینجـا پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) رادەسـتی موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی کرد بۆ ئـەوەی لەتۆڵـەی براکەیـدا کـه مـەحمودی کـوڕی مەسـلەمه بوو، لەگەردنی بدات.

پەیامبەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) خـەڵکی خەیبـەری لەقەڵاکـەیان لەئـەلوەتیح و نەسـولالم گـەمارۆدا تـاوەکو دڵنیـابوون تیادەچـن. داوایـان لەپەیامبـەری خـوا کـرد مەیانکوژێ، پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) ئـەوەی کـرد، تـەواوی سـەروەت و سـامانەکانیانی برد، تەنیا ئەو دوو قەڵایە نـەبێ، جـا کاتێـك خـەڵکی فـەدەك گوێبیسـتی ئەوە بوون، ناردیان بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و داوایـان کـرد هـەمان مامەڵە بکرێن،یەکێك لەوانەی لەنێوان هەردوولادا بوو، موحەیسەی کوڕی مەسـعود بـوو، جا کاتێك خەڵکی خەیبەر هاتنەسەر بار، داوایان لەپەیامبەری خوا کـرد (صـلی الله علیـه وسلم) لەسەروەت و ساماندا نیوە مامەڵە بکرێن،پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) ئەگەڵیانـدا رێککـەوت و ئەگـەر ویسـتمان لێـرە دەرتـان دەکـەین، ئـەوانیش رازیـی بوون،خەڵکی فەدەکیش بەوە رازیی بوون.

خەیبەر فەیئ بوو بۆ موسڵمانان و فەدەك تایبەت بوو بۆ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، چونکه سوار و پیادەی موسڵمانان نەچـووە سـەری و فـەتحی بکـات، کاتێـك پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دڵنیابوویەوە، زەینەبی کچی ئەلحاریسی خێزانـی سەللامی کوڕی میشکەم شەك مەڕێکی برژێنراوی هێنا. پرسیبووی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) حەزی بەچی شوێنێکی ئەو ئاژەڵە هەیە، پێی وترابوو: حەزی بەدەستە. ئەویش ژەهری زۆری کردبوو بەدەستی شـەك مەڕەکـەوە و تـەواوی شـەك مەڕەکەشـی ژەهراویی کردبوو، ئینجا هێنای و لەبەردەستی پەیامبەری خوادا(صـلی الله علیـه وسـلم) داینا. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دەستەکەی گرت و پارووپەکی خسته دەمـی و فرێی دا، بیشری کوڕی ئەلبـەرائی کـوڕی مـەعروری لەگەڵدابوو، ئـەویش بەئەندازەی پەیامبەری خوای لێ خسته دەم، بەڵام ئەو قووتی دابوو، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) تفاندییـەوە و فرێـی دا، پاشـان فەرمووی:"ئـەم ئێسـکە هـەوالّم پـێ دەدات کـه

ژەهراویی کراوە". پاشان بانگی ئافرەتەکەی کرد و ئافرەتەکە دانیپێدانا،پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)پێیفەرموو:"بۆچی وەهات کرد". ئەویش وتی: ئەوەت بەسە قەومەکەمدا هێنا کە لێت شاراوە نییە، بۆیە وتم: ئەگەر پەیامبەری بێ، ئەوە لەئاسمانەوە ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر پادشاش بێ، ئەوە لەکۆلّمان دەبێتەوە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لێی خۆشبوو،بەلاّم بیشری کوڕی ئەلبەڕاء بەو پاروویەی کە خواردی، کۆچی دوایی کرد.

ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە ئەویش لەمەروانی کوڕی عوسمانی کوڕی ئەبی سەعیدی کوڕی ئەلموعەللاوە وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو نەخۆشییەی کە تیایدا کۆچی دوایی کرد و دایکی بیشری کوڕی ئەلبەڕاء سەردانی کرد، فەرمووی:"ئەی دایکی بیشر، ئێستا دەبینم دەمارم بڕاوە بەهۆی ئەو خواردنەی لەگەلّ کوڕەکەتدا لەخەیبەر خواردم" موسلّمانان وەهای دەبینن کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەشەهیدبوون کۆچی دوایی کردووە و ئەوەش رێزێکە خوای گەورە لەپاڵ پەیامبەرایەتییدا لێی ناوە.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەخەیبەر بوویەوە. ڕۆیشت بۆ وادی ئەلقورا و بۆ شەوانێك گەمارۆی خەڵکەکەی دا و پاشان گەڕایەوە مەدینە.

باسکردنی غەزای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ سەر وادی ئەلقورا

لەئەبو هورەیرەوە ئەڵێ: کاتێك لەگەلّ پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) لەخەیبەرەوە ڕۆیشتین بۆ وادی ئەلقورا، لەگەلّ خۆرئاوابووندا دابەزین، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خزمەتکارێکی لەگەلّدا بوو کە ڕەفاعەی کوڕی زەیدی ئەلجوزامیی پاشان ئەلزەبیی بۆی کردبووە دیاری،سوێند بەخوا خەریکی داگرتنی کۆلّوباری پەیامبەری خوا بووین(صلى الله عليه وسلم) تیرێکی وێلّ هات و بەر ئەو خزمەتکارە کەوت و کوشتی، وتمان: پیرۆزی بێ بەهەشتی بۆ مسۆگەر بوو. پەیامبەری

ـو صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"نەخێر، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ـیـتا بووەتـە بـەرگی ئـاگرین لەبەریدا". لەدەسکەوتی موسڵمانان لەخەیبـەردا شتی ـرسبوو. ئـەڵێ: گـوێم لێبـوو هـاوەڵێکی پەیامبـەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رۆیشت ـەیری تەرمەکەی کرد و هات و وتی: ئەی پەیامبـەری خـوا دوو پـەتی نـەعلی بـردووە. یـەیامبـەری خوا(صـلى الله عليـه وسـلم) فەرمووی:"بـەئاگری دۆزەخ تۆڵـەی لـێ ـەکرێتەوە".

ـەو سەفەرەدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی خەویان لێکـەوت و بـۆ ـوێژی بەیانیی بەئاگا نەهاتنەوە تاوەکو خۆرهەڵآت. ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتـی: ـەڵەمە بۆی باسکردین لەئیبن ئیسحاقەوە ئـەویش لەئەلزوهرییـەوە ئـەویش لەسـەعیدی کوڕی ئەلموسەیبەوە وتـی: کاتێـک پەیامبـەری خوا(صـلى الله عليـه وسـلم) لەخەیبـەردا ـۆیشت و هەندێ رێگەی بڕیبوو، لەکۆتایی شەودا فەرمووی:"کێ بەخەبەر دەبێ تـاوەکو بۆ نوێژی بەیانیی لەخەو هەڵمانبستێنێ بـەڵکو کـەمێ بخـەوین؟" بـیلال وتـی: مـن ئـەی پەیامبەری خـوا، مـن ناخـەوم. بۆیـە پـەیامبـەری خوا(صـلى الله عليـه وسـلم) دابـەزی و خەڵکیش دابەزین. خەوتن، بیلالیش هەتا خوای گەورە ویستی نوێژی کرد، پاشان پـاڵی دایە وشترەکەیەوە و بەیانیبوونەوە نزیک بوو، خـەو زۆری بـۆ هێنـا و خـەوی لێکـەوت و تینـی خـۆری بـەیانیی ئـەوانی بەخەبـەر هێنـا. پەیامبـەری خوا(صـلى الله عليـه وسـلم) یەکەمین کەس بوو بەخەبەر هاتەوە، فەرمووی:"ئەوە چیتکرد ئەی بیلال؟" بیلال وتـی: ئـەی پەیامبـەری خـوا، ئـەو خـەوەم بەسـەردا زاڵ بـوو کـە بەسـەر تۆیشـدا زاڵ بـوو. فەرمووی:"راستت کرد". پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کەمێك رۆیشت و ئینجا لای دا و دەستنوێژی گرت و خەڵکییش دەستنوێژیان گرت و پاشان فرمانی کـردە بیلال قامەتی نوێژ بکات و نوێژی بۆ خەڵك کرد، پاشان کە سـەلامی دایـەوە رووی کـردە خەڵکەکە و فەرمووی:"ئەگەر نوێژتان بیرچوویەوە، چی کاتێك بەبیرتان هاتەوە ئەنجامی بدەن، خـوای گـەورە ئەفـەرموویت:﴿ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكۡرِي ﴿١٤﴾ ﴾ طـه: ١٤،واتا:بـە چـاکی نوێژ بەجێ بهێنە تا منت بیتەوە یاد.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: خەیبەر لەمانگی سەفەردا فەتح کرا. ئەڵێ: لەگەڵ پەیامبەر خوادا(صلى الله عليه وسلم) هەندێ ئافرەتی موسڵمان بەشداری فەتح بوون،ئەمەی بەشی دان و پشکی بۆ دانەنان. ئەڵێ: کە خەیبەر فەتحکرا، ئەلحەجاجی کوڕی عیلات ئەلسولەمی پاشان ئەلبەهزیی بەپەیامبەری خوای وت:ئەی پەیامبەری خوا، لەمەککە سەروەت و سامانم لای ژنەکەمە ئوم شەیبەی کچی ئەبی تەڵحە و سەروەتێکی بازرگەی پەرش و بڵاوم لای خەڵکی مەککەیە، رێگەم بدە بچم وەریانبگرمەوە. پەیامبەر خواش(صلى الله عليه وسلم) رێگەی دا.

ئەلحەجاج ئەڵێ: دەرچووم تاوەکو گەیشتمە مەککە و لە سەنیەت ئەلبەیزاء پیاوێکی قورەیشم بینی هەوازیان لەبارەی پەیامبەری خواوە وەردەگرت و لەبارەیەوە ئەیانپرسی هەوازیان پێگەیشتبوو بۆ خەیبەر بەڕێکەوتووە، خەیبەریش دێ و بەشێکی حیجارە و هێز و بەرگریی هەیە، بۆیە هەوازیان وەردەگرت، کە منیان بینی، وتیان: ئەی ئەلحەجاجی کوڕی عیلات(بەموسڵمانبوونم ئاگادار نەبوون) سوێند بەخوا هەوالٌ لای ئەو هەیە، هەوالّی چیت لا هەیە لەبارەی موحەممەدەوە؟ هەوازیان پێگەیشتووە چووەتەخەیبەر کە شارەدێیەکی جولەکە و دێی حیجازە. وتم: منیش ئەو هەوالّەم پێگەیشتووە و هەوالّی وەهام لا هەیە خۆشحاڵتان بکات. ئەوانیش رەشمەی وشترەکەمیان گرت و ئەیانووت: ئەی حەجاج بڵێ هەوالّی چیت لا هەیە؟ وتم: بەجۆرێ شکستیان پێهێنووە هەرگیز گوێتان لەشکستی لەو جۆرە نەبووە، بەجۆرێ کوشتاری هاوەڵەکانیان کردووە کوشتاری وەهاتان گوێ لێ نەبووە، موحەممەدیشیان دیلکردووە و وتوویانە: نایکوژین بەڵکو رەوانەی مەککەی دەکەین تاوەکو لای ئەوانەی بەدەستی موحەممەد کەسوکاریان کوژراوە، بکوژرێت. ئەڵێ: ئەوانیش راپەڕین و لەمەککەدا جارپان دا و وتیان: وا هەوالّتان بۆ هات، ئەوە موحەممەدە دەهێنرێت بۆ نێو ئێوە و لەنێو ئێوەدا دەکوژرێت و ئەو هەوالّەتان پێگەیشت کە چاوەڕێتان دەکرد. منیش وتم: هاوکارییم بکەن بۆ کۆکردنەوەی پارە و سامانەکەم لەوانەی لەمەککەدا قەرزدارمن، چونکە دەمەوێ پێش بازرگانانی تر بگەمە خەیبەر بۆ کڕینی ئەوەی لەموحەممەد و هاوەڵەکانی دەسکەوت کراوە.

ئەڵێ: ئەوانیش خێرا پارە و سامەنەکەمیان بۆ کۆکردەوە و هاتم بۆلای ژنەکەم و وتم: کۆ سەروەتەکەم(سەروەت و سامانم لا دانابوو) تاوەکو بگەم بەخەیبەر و شت بکڕم پێش ئەوەی بازرگانەکان پێشمبکەون؟ کە عەباسی کوڕی عەبدولموتەلێب گوێی لەو مەوزە بوو، هات بۆلام و لەپاڵم راوەستا کە لەخێمەیەکی بازرگانانداا بووم. وتی: ئەی حەجاج ئەم هەواڵە چیبە وا هێناوتە؟ ئایە هیچ شتێکی شاراوە هەیە؟ وتم: بەڵێ، کەمێ مابێکەوە تاوەکو بەتەنیا بتبینم، من وا دەبینی خەریکم سەروەتەکەم کۆدەکەمەوە. چیە رۆیشت تاوەکو هەموو شتێکم کۆکردەوە و ئامادە بووم بۆ دەرچوون، بەعەباس گەیشتم، وتم: ئەی باوکی ئەلفەزڵ ئەم قسەیەم نەگێڕیتەوە، من دەترسێم بەدوامدا بێن. سێ جار ئەوەم وت. ئەویش وتی: چیت دەوێ بیڵێ و مەترسە. وتم: سوێند بەخوا من هزاڕاکەتم بەجێهێشت کچی پادشای جولەکەی گواستبووەوە و زاوا بوو، واتا سەفیەی کچی حویەی کوڕی ئەختەب، خەیبەری فەتحکردووە و تەواوی خەیبەر هی خۆی و هاوەڵانێتی. وتی: ئەی حەجاج تۆ چی ئەڵێی؟! وتم: بەخوا راست دەڵێم، ئەمە نەگێڕیتەوە، من بوومەتە موسڵمان و بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامانەکەم هاتووم. ئەگەر سێ رۆژ بەسەر رۆیشتنمدا تێپەڕی، ئەم باسە ئاشکرا بکە.

ئەڵێ: کە لەڕۆژی سێیەمدا بوو عەباس عەبایەکی گرانبەهای لەبەرکرد و عەتری لەخۆی دا و گاڵۆکەکەی هەڵگرت و دەرچوو تاوەکو گەیشتە کەعبە،تەواف کەعبەی کرد، کاتێک عەباسیان بەو جۆرە بینی، وتیان: ئەی عەباس، سوێند بە اللە ئەم بەرگ و کەشخەییە هی گڕ و ئازاری کۆست و موسیبەتەکەیە. ئەویش وتی: نە سوێند بەو کەسەی سوێندتان پێخوارد، موحەممەد خەیبەری فەتحکردووە و کچی پادشاکەشیانی گواستووەتەوە و هەموو سەروەت و سامانی خەیبەریش بووەتە بەشی خۆی و هاوەڵەکانی. وتیان: کێ ئەم هەواڵەی بۆ هێناوی؟ وتی: ئەو کەسەی کە هەواڵەکەی بۆ ئێوە هێنابوو، ئەو بەموسڵمانێتیی هات بۆلای ئێوە و سەروەتەکەی کۆکردەوە تاوەکو بگاتەوە بەپەیامبەری خوا و هاوەڵەکانی. وتیان: ئەی دوژمنی خوا ئەگەر ئەوەمان

دەزانی، نەماندەهێشت ئەو سەروەت و سامانەی ببات. زۆری نەخایاندا هەواڵە راستەکە گەیشت.

عبداللەی کوڕی ئەبو بەکر باسیکردووە ئەڵێ: دابەشکردنی سەروەتەکانی خەیبەر لەسەر دابەشکردنی نیوەیی و بەش بوو،پێنج یەکی خوا و پەیامبەر و خزمان و بێ باوکان و هەژاران و ڕێبواران و خواردنی هاوسەرانی پەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم)، پیاوانێکیش بۆ ئاشتەوایی و ڕێککەوتن لەنێوان پەیامبەری خوا و خەڵکی فەدەکدا هاتووچۆیان کرد، لەوانە موحەیسەی کوڕی مەسعود و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سێ وەسەق جۆ و سێ وەسەق خورمای پێ دا، خەیبەری بەسەر بەشداربووانی حودەیبیەدا دابەشکرد کە بەشداری خەیبەریش ببوون، تەنیا جابری کوڕی عبداللەی کوڕی حەرام ئەلئەنساریی لەخەیبەردا بەشدار نەبوو،پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) وك ئەوانی تر بەشی بۆ دانا. کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەخەیبەر بوویەوە، خوای گەورە ترسی خستە دڵی خەڵکی فەدەکەوە کاتێ هەواڵیان پێگەیشت لەبارەی خەڵکی خەیبەرەوە، بۆیە خەڵکیان نارد بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ ڕێککەوتن لەسەر پێدانی نیوەی فەدەك. نوێنەرانی لەخەیبەر یان لەتائیف یان دواتر بوو هات بۆ مەدینە و ئەوەی پێشنیار کرد، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) قبوڵیکرد. فەدەك بووە بەشی تایبەتی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، چونکە موسڵمانان چی بەسواریی و چی بەپیادەیی نەچوونە سەر و بۆی بەڕێنەکەوتن.

ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین وتی: موحەممەدی کوڕی ئیسحاق بۆی باسکردین لەعبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) عبداللەی کوڕی ڕەواحەی ئەنارد لای خەڵکی خەیبەر بۆ ئەندازەکردنی خورمای خەیبەر لەپووی تازە و کۆنە و خەملاندنی لەنێوان موسڵمانان و جولەکەدا. ئەگەر جولەکەکان بیانووتبایە: مافی ئێمەت خواردووە، عبدالله ئەیووت: ئەگەر دەتانەوێ ئەم بەشە بۆ ئێوە، ئەگەر ناشتانەوێ ئەوە ئێمە هەڵیدەگرین. ئەوانیش دەیانووت: بەم

ـێومیە ئاسمانەکان و زەویی راوەستاوە. دوای ئەوەی عبداللەی کوڕی رەواحە لەموئتە ـەهید بوو،جەباری کوڕی سەخری کوڕی خەنساء بۆ ئەوەی سەلەمە ئەوەی بۆ ـەکردن،جولەکە کێشەی دروست نەکرد تاوەکو لەسەردەمی پەیامبەری خوادا(صلی الله عیه وسلم) دەستدرێژییان کردە سەر عبداللەی کوڕی سەهلی بۆ ئەوەی حاریسە و کوشتیان، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و موسڵمانەکان بەو کوشتنە، جولەکەی حەیبەریان تۆمەتبار کرد.

ئەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: لەئیبن شیهاب ئەلزوهرییم پرسی: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) چۆن دارخورماکانی خەیبەری دایەوە بەجولەکە و شێوازەکەی چۆن بوو؟

ئیبن شیهابیش هەواڵی پێدام و وتی: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەدوای شەڕ، بەزەبری هێز خەیبەری فەتحکرد. خەیبەر، خوای گەورە کردیە فەیئ بۆ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و پێنج یەکی بۆ پەیامبەری خوا بوو، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئەودوای لەنێوان موسڵمانەکاندا دابەش کرد، لەدوای شەڕ، خەڵکەکە خۆیان دا بەدەستەوە و لەڕۆیشتندا بوون، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بانگیکردن و پێیفەرموون:"ئەگەر بتانەوێ ئەم مولکانەتان دەدەینە دەست و کاری تێدا بکەن و بەرووبوومەکەی لەنێوان ئێمە و ئێوەدا دابەش دەکەین و بمێننەوە تا ئەوکاتەی خوای گەورە ویستی لێ بێ"، ئەوانیش ئەو داوایەیان قبوڵکرد و مانەوە و کاریان تێدا دەکرد، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) عبداللەی کوڕی رەواحەی دەنارد و بەرووبوومەکانی دابەش دەکرد و لەخەملاندن و ئەندازەکردندا یەکسانیی دەکرد، جا کاتێك پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کۆچی دوایی کرد، ئەبو بەکر لەدوای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئەوانی هێشتەوە و هەمان مامەڵەی سەردەمی پەیامبەری لەگەڵیدا کرد تاوەکو کۆچی دوایی کرد، پاشان عومەری کوڕی خەتاب لەسەرەتای خیلافەتەکەیدا هەمان کاری کرد تاوەکو پێیگەیشت کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەنەخۆشیی سەرەمەرگدا فەرموویەتی:"دوو ئایین لەدوورگەی عەرەبدا پێکەوە کۆنابنەوە". عومەری کوڕی خەتاب لەوەدا لێکۆڵینەوەی کرد و بۆی

سەلما راستە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئەوەی فەرمووە، بۆیە پەیامی بۆ جولەکە نارد کە خوای گەورە بڕیاری رۆیشتنی ئێوەی داوە، پێمگەیشتووە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی:"لەدوورگەی عەرەبدا دوو ئایین پێکەوە کۆنابنەوە"، جا ئەگەر هەرکەسێك پەیمانێکی لەلایەن پەیامبەری خواوە پێی دراوە. بە بێتو بۆی جێبەجێ بکەم، ئەوەشی پەیمانێکی پێ نەدراوە، با ئامادەبێ بۆ رۆیشتن.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: پاشان پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) گەڕایەوە بۆ مەدینە. ئەلواقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵە و لەمانگی موحەڕەمدا پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)زەینەبی کچی گەڕاندەوە بۆ ئەبی ئەلعاصی کوڕی ئەلڕەبیع. ئەڵێ: لەو ساڵەدا حاتەبی کوڕی ئەبی بەلتەعە لای ئەلموقەوقیسەوە بەماریە و سیرینی خوشکیەوە هات و دەلالی ئێستر و یەعفوری گوێدرێژیشی هێنا، هەروەها بەرگ و پۆشاك و خزمەتکارێکی خەسێنراوی ماریە و سیرین. پێش ئەوەی بەمەدینەیان بگەیەنێ، حاتەب داوای لەماریە و سیرین کردبوو ببنە موسڵمان، ئەوانیش ببوونە موسڵمان. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) هەردووکیانی دابەزاندە لای ئوم سولەیمی کچی میلحان. ماریە سپی پێست بوو ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) سیرینی خوشکی ماریەی نارد بۆ حەسسانی کوڕی سابت، عەبدولڕەحمانی کوڕی حەسسانی بۆ حەسسان هێنایە دونیاوە.

ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەو ساڵەدا ئەو مینبەرەی دروستکرد کە لەسەری وتاری بۆ خەڵك دەدا، دوو پایە و شوێنی دانیشتنی دروستکرد.

ئەڵێ: وتراوە لەساڵی هەشتدا ئەوەی ئەنجامداوە. ئەڵێ: ئەوەی سەلماوە لای ئێمە. لەو ساڵەدا پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) عومەری کوڕی خەتابی بەسی پیاوەوە ناردە سەر هوازن، عومەریش بەچاوساغێکی ڕێگە لەنەوەی هیلالەوە دەرچوو، بەشەو ڕێگەیان دەبڕی و بەڕۆژیش بۆسەیان دادەنا، هەواڵ بەهوازن گەیشت و هەڵهاتن، بۆیە سریەکە تووشی هیچ شەڕێك نەهاتن و گەڕانەوە. ئەڵێ: لەو ساڵە و لەمانگی شەعباند سریەی ئەبو بەکری کوڕی ئەبی قوحافە چووە نەجد. سەلەمەی کوڕی ئەلئەکوەع ئەڵێ: لەگەڵ ئەبو بەکر لەو ساڵەدا غەزامان ئەنجام دا. ئەبو جەعفەر ئەڵێ: هەواڵەکە پێش

واقیدیی باس کرا. واقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵە و لەمانگی شەعباندا سریەی بەشیری کوڕی سەعد بەسێ کەسەوە چووە سەر نەوەی موڕە لەفەدەك، پیاوەکانی کوژران و خۆیشی لەنێو کوژراوەکاندا بەبریندارییی مایەوە پاشان گەڕایەوە مەدینە. ئەبو جەعفەر ئەڵێ: لەو ساڵە و لەمانگی ڕەمەزاندا سریەی غالیبی کوڕی عبدالله ڕۆیشت بۆ ئەلمەیفەعە.

ئیبن حومەید بۆی باس کردین و وتی: سەلەمە بۆی باسکردین و وتی: موحەممەدی کوڕی ئیسحاق بۆی باسکردم ئەویش لەعبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) غالیبی کوڕی عبدالله ئەلکەلبیی ناردە خاکی نەوەی موڕە، ئەوێدا میرداسی کوڕی نەهیك لەئەلحورقە لەجوهەینە کوشت کە هاوپەیمانی نەوەی موڕە بوو، ئوسامەی کوڕی زەید و پیاوێکی ئەنساریی کوشتیان. ئوسامە ئەڵێ: کاتێ ویستمان بیکوژین، وتی: أشهد أن لا إله إلا الله، بەڵام وازمان لێ نەهێنا تاوەکو کوشتمان. کاتێ گەڕاینەوە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و ئەو هەواڵەمان پێگەیاند،فەرمووی:"ئەی ئوسامە چی دەکەی بەرانبەر بە لا إله إلا الله.

واقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵەدا سریەی غالیبی کوڕی عبدالله ڕۆیشتە سەر نەوەی عەبدی کوڕی سەعلەبە. باسدەکات کە عبداللەی کوڕی جەعفەر بۆی باسکردووە لەئیبن ئەبی عەونەوە ئەویش لەیەعقوبی کوڕی عوتبەوە وتی:یەساری خزمەتکاری پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) وتی: ئەی پەیامبەری خوا من شارەزای شوێنی نەوەی عەبدی کوڕی سەعلەبەم. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) بەسەد و سی پیاوەوە لەگەڵ غالیبی کوڕی عبداللەدا ناردی و پەلاماری نەوەی عەبدی کوڕی سەعلەبەیان دا و وشتر و مەڕو مالاتەکەیان رادا بۆ مەدینە. ئەڵێ: هەر لەو ساڵە و لەمانگی شەوالی ساڵی حەوتی کۆچییدا سریەی بەشیری کوڕی سەعد چووەسەر یومن و جیناب. باسدەکات کە یەحیای کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی سەعید بۆی باسکردووە لەسەعدی کوڕی عوبادەوە ئەویش لەبەشیری کوڕی موحەممەدی کوڕی عبداللەی کوڕی زەیدەوە ئەڵێ: ئەوەی ئەو سریەیەی هان دا، ئەوە بوو کە حوسەیلی کوڕی نوەیرە ئەلئەشجەعیی کە چاوساغی ڕێگەی پەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم) بۆ خەیبەر، هات بۆلای پەیامبەری خوا

و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"هەواڵی چیت پێیە؟" وتی: کە هاتە کۆمەڵێکی غەتفان لەئەلجیناب بوون، عویەینەی کوڕی حیصن نامەی بۆ ناردووە بەڕێبکەون بۆ سەر ئێوە. بۆیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بانگیکرد لەبەشیری کوڕی سەعد و حوسەیلی کوڕی نوەیرە کە چاوساغی ڕێگە بوو لەگەڵیدا دەرچوو. کۆمەڵێ وشتر و مەڕو مالاتیان دەستکەوت، کۆیلەیەکی عویەینەی کوڕی حیصنیان پێگەیشت و کوشتیان، پاشان ڕوبەڕووی کۆمەڵەکەی عویەینە بوونەوە و ئەوانیشیان تێکشکاند، ئینجا ئەلحاریسی کوڕی عەوف ڕووبەڕوویان بوویەوە و دۆڕا، وتی: ئەی عویەینە ئێستا کاتی ئەوەیە تێبگەی و ببینی.

ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین لەئیبن ئیسحاقەوە وتی: کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەخەیبەرەوە گەڕایەوە مەدینە، مانگی ڕەبیعی یەکەم و دووەم و جەمادی یەکەم و دووەم و ڕەجەب و شەعبان و مانگی ڕەمەزان و شەوال لەمەدینەدا مایەوە، پاشان لەمانگی زی ئەلقەعیدەدا دەرچوو لەو مانگەی کە هاوبەش پەیداکەران ڕێگەیان لەبەردەمدا گرت و دەرچوو بۆ عومرەی قەزا.

لە عبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کاتێک لەو عومرەیەدا هاتە مەککەوە، عبداللەی کوڕی ڕەواحەی جڵەوی وشترەکەی پەیامبەری خوای گرتبوو ئەیووت:

خَلُّوا بني الكُفّارِ عن سَبِيلِهْ إنِّي شَهِيدٌ أنَّه رَسُولُهْ
خَلوا فكلُّ الخَيرِ في رسولهْ يا رَبِّ إنِّي مُؤْمِنٌ بقيلهْ
أعْرِفُ حَقَّ الله في قَبُولهْ نحْنُ قَتَلْناكم علي تأويلهْ
كما قَتَلْناكم علي تَنْزِيلهْ ضَرْبًا يُزِيلُ الهَامَ عن مَقِيلِهْ
ويُذْهِلُ الخَلِيلَ عن خَلِيلِه

واتا: ئەی نەوەی بێباوەڕان ڕێگەی لەبەردەم چۆڵ بکەن، من شایەتیی دەدەم کە پەیامبەری خوایە. ڕێگەی بەردەن، بێگومان هەموو خێر و خۆشییەك لەپەیامبەری

حەدیە، خوایە گیان بزانە من باوەڕم بەفەرمایشتەکانی هەیە. ئێمە لەسەر لێکدانەوەی سەکانی شەڕی ئێوەمان کردووە. بەجۆرێ لەسەر قورئانەکەی شەڕمان کردووە، کە خۆشەویست سەرسام و دۆشداماو ئەبێ بەرانبەر بەخۆشەویستەکەی.

هێبن عەباسەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو سەفەرەیدا لەئیحرامدا بوو مەیمونەی کچی ئەلحارێسی مارە کرد، عەباسی کوڕی عەبدولموتەلێب بۆی مارە کرد. ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمەککەدا سێ ڕۆژ مایەوە، حوەیتبی کوڕی عەبدولعوزای کوڕی ئەبی قەیسی کوڕی وەددی کوڕی نەسری کوڕی حیسل لەگەڵ چەند کەسێکی قورەیشییدا لەڕۆژی سێیەمدا هاتنە لای پەیامبەری خوا، قورەیش حوەیتبی ڕاسپارد بوو بۆ دەرکردنی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمەککە. پێیانووت: کاتت تەواو بوو، بۆیە لەمەککە دەربچۆ. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەکرێ بهێڵن لێرە ژن بگوازمەوە و لەنێوتاندا خواردنێ ئامادە بکەین و ئێوەش لەو خواردنەدا ئامادەبن؟" وتیان: پێویستمان بەخواردنی تۆ نییە، بۆیە لەنێومانداد دەربچۆ". پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو، ئەبو ڕافیعی خزمەتکاری بەجێهێشت و مەیمونەی بۆ هێنایە سەرف و لەوێدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) مەیمونەی گواستەوە، فرمانی پێکردن لەوێدا لەجیاتیی وشتر کە دەستنەکەوت، ولاخی تر سەربڕن،بۆیە مۆڵەتی دان مانگا سەربڕن. پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمانگی زی ئەلحیجەدا ڕۆیشت بۆ مەدینە و پاشماوەی زی ئەلحیجە لەمەدینەدا مایەوە و هاوبەش پەیداکەران سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەیان کرد، هەروەها مانگی سەفەر و هەردوو ڕەبیعیش لەمەدینەدا مایەوە، لەجەمادی یەکەمدا ئەوانەی نارد بۆ شام کە لەموئتەدا تووشی شەڕ هاتن.

واقیدی ئەڵێ: ئیبن ئەبی زیئب بۆی باسکردم لەئەلزوهرییەوە وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی پێکردن لەبری عومرەی حودەیبیە، عومرە قەزا بکەنەوە و قوربانیی بکەن. ئەڵێ: عبداللەی کوڕی نافیع بۆی باسکردم ئەویش لەباوکیەوە ئەویش لەئیبن عومەرەوە وتی: ئەو عومرەیە قەزاکردنەوە نەبوو، بەڵکو مەرج

بوو بەسەر موسڵمانەوە لەو مانگەدا عومرە بکەن کە لەسالّی رابردوو و لەو مانگە هاوبەش پەیداکەران نەیانهێشت پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و موسڵمانەکە عومرەی تێدا بکەن. واقیدیی ئەڵێ: قسەی ئیبن ئەبی زیئبمان بەلاوە خۆشترە، چونکە موسڵمانەکان رێگرییان لێ کرا و نەگەیشتنە کەعبە.

لەموحەممەدی کوڕی ئیبراهیمەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەعومرەی قەزادا شەست وشتری هێنا. ئەڵێ: موعازی کوڕی موحەممەد ئەلئەنساری بۆی باسکردم لەعاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادەوە وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چەك و رم و تیری هەڵگرت و سەد سواری بەڕێخست و بەشیری کێشی سەعدی کردە سەرپەرشتیاری چەك و موحەممەدی کوڕی مەسلەمەشی کردە سەپەرشتیاری ئەسپەکان. ئەو هەواڵە بەقورەیش گەیشت، بەوە ترسان، بۆیە میکرەزی کوڕی حەفسی کوڕی ئەلئەخیەفیان نارد لای پەیامبەری خوا کە لە مەر ئەلزەهران بوو. پێیووت: دەبێ ئەمەکداربی. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەمویستووە چەك ببمە سەریان، بەڵام وەك پێویست پێمە و لەنزیکم بن" ئەویش گەڕایەوە لای قورەیش و ئەو هەواڵەی پێ دان.

واقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵە و لەمانگی زی ئەلقەعیدەدا غەزوەی کوڕی ئەبی ئەلعەوجا ئەلسولەمیی رووبدا بۆ سەر نەوەی سولەیم، لەدوای گەڕانەوە لەمەککە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەپەنجا پیاوەوە رەوانەی کردە سەریان. ئەبو جەعفەر ئەڵێ وەك ئەوەی ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین لەئیبن ئیسحاقەوە ئەویش لەعبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە، نەوەی سولەیم پێیگەیشتن و خۆی و هاوەڵەکانیان هەموو کوشت. ئەبو جەعفەر ئەڵێ: هەرچی واقیدییە، ئەوە وەهای داناوە کە ئیبن ئەبی ئەلعەوجاء رزگاری بووە و گەڕاوەتەوە مەدینە و هاوەڵەکانی کوژراون.

پشان سالّی هەشتەمی کۆچیی هات

هەو سالّەدا وەك واقیدیی وەهای داناوە، زەینەبی کچی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کۆچی دوایی کرد. لەو سالّە و لەمانگی سەفەردا پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) غالیبی کوڕی عبداللەی ئەللەیسیی ناردە ئەلکەدید بۆ سەر نەوەی ئەلملوح. ئەبو جەعفەر ئەلّێ: یەکێك لەهەوالّەکانی ئەو سریەیە و غالیبی کوڕی عبداللەی کوڕی جوندوبی کوڕی مەکیس ئەلجوهەنی، ئەلّێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) غالیبی کوڕی عبدالله ئەلکەلبیی ئەللەیسیی ناردە سەر نەوەی ئەلملوح لەئەلکەدید و فرمانی پێکرد پەلاماریان بدات. من لەسریەکەیدا بووم، بەڕێکەوتێن تاوەکو گەیشتینە قەدید و ئەوێدا بەئەلحاریسی کوڕی مالیك گەیشتین کە ئێبن ئەلبەرساء ئەللەیسیی بوو،دەستگیرمان کرد، وتی: من تەنیا بۆ ئەوە هاتووم ببمە موسلّمان. غالیبی کوڕی عبداللەش وتی: ئەگەر بەموسلّمانێتی هاتووی، ئەوە بەستنەوەی شەو و ڕۆژێك زیانت پێ ناگەیەنێ، ئەگەر وەهاش نەبێ، ئەوە لە تۆ دڵنیا دەبین. بۆیە بەستیەوە و نیمچە پیاوێکی ڕەشمان بەدیاریەوە دانا کە لەگەڵماندا بوو. وتی: لەگەڵیدا بمێنەرەوە تاوەکو دێینەوە. ئەگەر بێدەنگ نەبوو پەلامارتی دا، ئەوە لەسەری بدە. ئەلّێ: پاشان ڕۆیشتین تاوەکو گەیشتینە دۆڵی ئەلکەدید و لەدوای عەسر دابەزینە عوشەیشییە، هاوەڵەکانم وەك چاوساغ و سیخوڕ منیان نارد بۆ وەرگرتنی هەواڵ. چوومە سەر تەپۆڵکەیەك کە دەیڕوانیە ئەو دەوروبەرە، ئەوەش کەمێك پێتش خۆرئاوابوون بوو. پیاوێك لەوان دەرچوو منی بینی، منیش لەسەر تەپۆڵکەکە خۆم درێژکردەوە و لەسەر سنگ خۆمم دا بەزەویدا. کابرا کە منی بینی بەژنەکەی وت: سوێند بەخوا لەسەر ئەو تەپۆڵکەیە ڕەشییەکم بینی کە لەسەرەتای ڕۆژ ئەوەم نەبینی، تەماشایە بکە نەك سەگ بێت و هاتبێ بۆ خواردنی چێشتەکەت. ژنەکەشی وتی: سوێند بەخوا هیچ شتێکم بەجێ نەهێشتووە. ئەلّێ: کابرا وتی: دەی تیرو کەوان و دوو تیرم پێ بدە. تیرێکی تێگرتم، بەر شانم کەوت. دەرمکرد و نەجولاّمەوە، تیرێکی تێگرتم بەر سەرووی شانی کەوت و دەرمکرد و نەجولاّمەوە. کابرا وتی: سوێند بەخوا هەردوو تیرەکەم لەو ڕەشییە دا،

ئەگەر سیخوڕ بووایە ئەوە دەجولایەوە، کە بەیانیی بوویەوە بچۆ ئەو دوو تیرەی بهێنەرەوە با سەگ دەمی لێ نەدات. ئەڵێ: ئێمەش مۆڵەتمان دان تاوەکو چوونە ماڵەکانی خۆیانەوە و سەرەتای شەو رۆیشت، ئینجا هێرشمان کردە سەریان هەرکەسێ بهاتبایەتە پێشمان دەمانکوشت و وشترەکانمان هێنا و بەڕێکەوتین. ئەم کاتەدا کەسێك لەو قەومە هاواری بردە بەر قەومەکەی تر و داوای فریاکەوتنی دەکرد تاوەکو بەلای ئەلحاریسی کوڕی مالیکی کوڕی ئەلبەرساء و هاوڕێکدا تێپەڕبوون ئەوانمان بەڕێخست و هاواری ئەو خەڵکە پێمان گەیشت و نزیکبوونەوە کە دەرەقەتیان نەدەهاتین، ئەوەی لەنێوان ئێمە و ئەواندا بوو، دۆڵی قەدید بوو، خوای گەورە هەورێکی نارد کە پێشتر نمونەی لەو شێوەیەمان نەبینیبوو، بارانێکی بێ وێنە داباری، ئەمانبینی تەماشای ئێمەیان دەکرد و بەهۆی لافاوی نێو شیوەکەوە هیچ کەسێکیان نەیدەتوانی هەنگاو هەڵبگرێ و بێتە پێشەوە، ئێمەش خواربوونەوە و ئەوانیش نەیانتوانی دەستێ بەئێمە بگات.

لەپیاوێکی موسڵمانەوە ئەویش لەپیاوێکی بەتەمەنی خۆیانەوە، کە دروشمی ئەو شەوەی هاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بریتی بوو لە(مەرگ مەرگ واقیدیی ئەڵێ: سریەکەی غالیبی کوڕی عبدالله دە کەس و شتێ بوو. ئەڵێ: لەو ساڵەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەلعەلائی کوڕی ئەلحەزرەمیی نارد لای ئەلمونزیری کوڕی ساوا بەنامەیەکەوە کە تیایدا هاتووە:" بەناوی خوای گەورەی میهرەبان لەموحەممەدی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) بۆ مونزیری کوڕی ساوا.

ستایش و سوپاسی خوا دەکەم کە هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە خۆی. شایەتیی دەدەم کە هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە الله و موحەممەدیش بەندەو نێردراوی خۆیەتی، پاشان من خوای گەورەت بیر دەخەمەوە، هەرکەسێ ئامۆژگاریی وەربگرێ خۆی ئامۆژگاریی کردووە و هەرکەسێ گوێڕایەڵی نێردراوەکانم بێ و شوێنی فەرمانەکانیان بکەوێ، ئەوە گوێڕایەڵی من بووە، هەرکەسێ بۆیان دڵسۆز و گوێڕایەڵیی

ـەرگریّ ئامۆژگاریی منی وەرگرتووە، نێردراوەکانم بەباشە ستایشی تۆیان لام کردووە، ـێش لەنێو قەومەکەی خۆتدا تۆم هەڵبژاردووە و دەستبەرداری ئەوانە بە کە موسڵمان ـەو رێگرییان مەکە و بووراوم لەتاوانباران و تۆش قبوڵیان بکە، لەسەر کاری خۆشت ـەتهێڵمەوە و هەرکەسێك لەسەر ئایینی جولەکایەتیی خۆی یان مەجوسییەت مایەوە ـزیەی لێ وەربگرە".

ئەڵێ: لەو ساڵە و لەمانگی ڕەبیعی یەکەمدا سریەی شوجاعی کوڕی وەهب بەبیست و ـور کەسەوە نارد سەر نەوەی عامر، کۆمەڵێ وشتر و مەڕ و مالاتیان دەستخست، هەر ـیەك پانزە وشتری بەرکەوت. ئەڵێ: لەو ساڵەدا سریەی عەمری کوڕی کەعب ـەغەلفاریی بەپانزە پیاوەوە دەرچوو بۆ زات ئەتلاح و بەو شوێنە گەیشت و بەخەڵکێکی ـەر گەیشت، بانگەوازی کردن بۆ ئیسلام، بەڵام ڕەتیانکردەوە و تەواوی هاوەڵانی عەمریان کوشت، خۆیشی بەحاڵی خراپ بەمەدینە گەیشتەوە. واقیدیی ئەڵێ: زات ئەتلاح ـرووی شامە، قوزاعە بوون، گەورەکەیان پێیدەوترا سەدوس.

ئەو ساڵەدا عەمری کوڕی ئەلعاس بەموسڵمانێتی هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)،لەگەڵیدا عوسمانی کوڕی تەڵحە ئەلعەبدەری و خالیدی کوڕی ئەلولیدی کوڕی ئەلموغیرە هاتن، لەسەرەتای سەفەردا هاتنە مەدینە.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: هۆکاری موسڵمانبوونی عەمری کوڕی ئەلعاص لەحەبیبی کوڕی ئەوسەوە وتی: عەمری کوڕی ئەلعاس بۆی باسکردم وتی: کە لەشەڕی ئەحزاب لەخەندەق بلاوەمان لێکرد و ڕۆیشتین، پیاوانێك لەقورەیشم کۆکردەوە و بۆچوونی خۆم بۆیان باس دەکرد و ئەوان گوێیان لە من دەگرت،پێمووتن: سوێند بەخوا ئەم پەیامەی موحەممەد سەردەکەوێ و پێدەگات با لای ئێمەش ناخۆش بێ، بۆچوونێکم هەیە بزانە ئێوە چی ئەڵێن؟ وتیان: بۆچوونت چییە؟ وتم: وەهای بەباش دەزانم بچین و پەیوەندیی بکەینە نەجاشییەوە،ئەگەر موحەممەد بەسەر قەومەکەماندا سەرکەوت، ئەوە ئێمە لای نەجاشیین، بەڵامەوە خۆشترە لەژێر دەستی نەجاشیی بم نەك لەژێر دەستی موحەممەد، ئەگەر قەومەکەشمان سەرکەوت، ئەوە ئێمە هەر ناسراوەکەی پێشترین و تەنیا هەوالّ و

مامەڵەی چاکمان پێ دەگات لەلای ئەوانەوە. وتیان: ئەمە بۆچوونێکی چاکە. منیش وتم کەوابوو شتێکی بۆ کۆبکەنەوە بەدیاریی پێ بدەین، ئەو حەزی دەکرد لەخاکی ئێمە پێستەی خۆشەکراوی بەدیاریی پێ بدرێت، بۆیە زۆرێکمان بۆ کۆکردەوە، پاشە دەرچووین تاوەکو رۆیشتین بۆلای،سوێند بەخوا ئێمە لای بووین عەمری کوڕی ئومەییەی ئەلزەمری هات کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سەبارەت بەجەعفەر و هاوەڵانی جەعفەر نارد بووی. ئەڵێ: عەمری کوڕی ئومەییەی ئەلزەمەری هاتەلای و پاشە دەرچوو. ئەڵێ: منیش بەهاوڕێکانم وت: ئەوە عەمری کوڕی ئوممەیە بوو، چی دەبێ بچمە لای نەجاشی تاوەکو رادەستم بکات و لەگەردنی بدەم، ئەگەر ئەوە بکەم، ئەوە قورەیش پاداشتم دەکات کاتێ نێردراوی موحەممەدم کوشتبێ. ئەڵێ: چوومە لای نەجاشی و سوجدەم بۆ برد وەک چۆن پێشتر ئەوەم دەکرد، وتی: بەخێربێی هاوڕێکەم ئایە هیچ دیارییەکی ولاتەکەتت بۆ هێناوم؟ وتم: بەڵێ پێستەیەکی زۆرم بۆ هێناوی پاشان پێستە خۆشەکراوەکانم لێ نزیك کردەوە، پاشان پێموت: ئەی پادشا، بینینم پیاوێك لای تۆ دەرچوو کە نێردراوی دوژمنەکەی ئێمەیە، ئەگەر رادەستمان بکەی تاوەکو بیکوژین، بێگومان زۆرێك لەکەسە گەورەکانی ئێمەیان کوشتووە. ئەڵێ: نەجاشی تووڕە بوو، پاشان بەهەموو هێزێك دای بەلووتی خۆیدا تا ئەوەی وەهام گومان کرد لووتی خۆی شکاندووە. وتی:ئەگەر زەویی شەق ببێ لەترس ئەو داوایە دەچمە ناوی پاشان وتم: ئەی پادشا وەهام گومان دەکرد ئەگەر ئەو داوایە بکەم رەتی ناکەیتەوە ئەویش وتی: تۆ داوام لێ دەکەی نێردراوی پیاوێکت رادەست بکەم کە شەریعەتێکی گەورەی بۆ هاتووە وەک ئەوەی بۆ موسا هاتووە؟ وتم: ئەی پادشا، موحەممەد بەو جۆرەیە؟ وتی: لەبار دایکت بچی ئەی عەمر، بەگوێم بکە و دوای بکەوە، سوێند بەخو موحەممەد لەسەر حەقە، سەری دەخات بەسەر ئەوانەی دوژمنایەتی دەکەن هەروەک چۆن موسای سەرخست بەسەر فیرعەون و سەربازەکانیدا. ئەڵێ: وتم: لەسەر موسڵمانبوون بەیعەتت پێ بدەم؟ وتی: بەڵێ. دەستی درێژکرد و منیش لەسەر موسڵمانبوون بەیعەتم پێ دا، پاشان دەرچووم بۆلای هاوڕێکانم و بۆچوونی پێشترم

ـــــوو. بـەلأم موسـلّمانبوونم لـەهاوڕێکانم شـاردەوە، پاشـان دەرچـووم بـۆ ئـەوەی ـــــنبوونم بەپەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) بگەیەنم، بەخالیدی کوڕی وەلید گەیشتم ـــــمیـەکی کـەم لـەپێش فـەتح و لەمەککـەوە دەهـات، وتم: بـۆ کـوێ ئـەی بـاوکی ـــــمان؟ وتـی: سـوێند بـەخوا ڕێگەکـە ڕوون بووەتـەوە، سـوێند بـەخوا ئـەو پیـاوە ـــــبەرە و ئەڕۆم موسلّمانێ دەبم، هەتاوەکو کەی موسـلّمان نـەبم؟ وتم: سـوێند بـەخوا ـــــێتر بۆ ئەوە هاتووم ببمە موسلّمان. هاتین بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ـ ـــــیدی کوڕی ئەلوەلید پێشکەوت و بووە موسلّمان و بەیعەتی دا، منیش نزیکبوومەوە ـ وتم: ئەی پەیامبەری خـوا مـن بەیعـەتت پـێ دەدەم بەمـەرجی ئـەوەی خـوای گـەورە ـــــوانـەکانی پێشـترم خـۆش بـێ. بیرمچـوو بڵـێم تاوانـەکانی دواتریشـم. پەیامبـەری ـــــو(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:" ئەی عـەمر بەیعـەت بـدە، ئیسـلام تـاوانی پێشـتر ـــــسڕێتەوە، کۆچکردن تاوانی پێشتر دەسڕێتەوە". ئەڵێ: بەیعەتم دا و پاشان ڕۆیشتم.

ئینن حومەید بـۆی باسـکردین وتـی: سـەلەمە بـۆی باسـکردین لەموحەممـەدی کـوڕی ئیسحاقەوە لەوانەی تۆمەتبار نین، کە عوسمانی کوڕی تەڵحەی کوڕی ئەبی تەڵحە لەگەڵ هەردووکیاندا بوو کاتێك بوونە موسلّمان.

باسی ئەو ڕووداوانەی لەساڵی هەشتی کۆچییدا ڕوویان داوە

لەوانـە، پەیامبـەری خوا(صـلى الله عليـه وسـلم) لەجـەمادی کۆتاییـدا عـەمری کـوڕی ئەلعاصی بەسێ سەد کەسەوە نارده زات ئەلسەلاسیل لەوڵاتی قوزاعە، وەك باس کراوە، دڵیکی ئەلعاسی کوڕی وائیل قوزاعیی بووە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ویستی بەو کارە مەیلیان ڕابکێشێ، بۆیە لەگـەڵ گـەورەکانی کۆچـەران و پشـتیواناندا ڕەوانـەی کرد، پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هاوکاریی کرد بەئەبو عوبەیدەی کوڕی ئەلجـەڕاح لەسـەرکردایەتیکردنی دووسـەد کۆچـەر و پشـتیواندا، کـە ئـەبو بـەکر و عومەریشیان تێدا بوو، هەموویان پێنجسەد کەس بوون.

لەعبداللەی کوڕی ئەبی بەکرەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، عـەمری کوڕی ئەلعاصی نارده زەوی بەلی و عـوزره بـۆ بانگـەوازکردنی خـەڵکی بـۆ ئیسـلام،ئوم

عەمر لە بەلی بوو بۆیە پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) نەرمی و ئاشنایەتیانی کرد،عەمر بەڕێکەوت تاوەکو گەیشتە ئاوی جوزام کە بەسلاسل ناودەبرێ،بەوەش ناونرا جەنگی زات ئەلسەلاسیل،کە ترسی هەبوو پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاحی بەکۆمەڵێکەوە بۆ هاوکاری نارد کە ئەبو بەکر و عومەریشیان تێدابوو،پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) بەئەبو عوبەیدەی فەرموو:"خۆت و عەمر ناکۆکییتان نەبێ". ئەبو عوبەیدە لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵیدا بوو دەرچوو، کە گەیشتەلای عەمر، عەمر وتی: ئەی ئەبو عوبەیدە تۆ تەنیا بۆ یارمەتی من هاتووی، ئەبو عوبەیدە وتی: ئەی عەمر پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی کە من و تۆ جیاوازیی نەکەین ئەگەریش سەرپێچیم بکەی من گوێڕایەڵت دەبم،وتی: کەواتا من ئەمیری تۆم،ئەبو عوبەیدە وتی:باشە تۆ ئەمیر بە،بۆیە عەمر بەخەڵکەکە و ئەوانەی بۆ هاوکاریی هاتبوون پێشنوێژیکرد.

واقیدی ئەڵێ: لەو ساڵەدا غەزای ئەلخەبەت(الخَبَط) رووی دا، ئەمیری ئەو سریەیە ئەبو عوبەیدەی کوڕی ئەلجەڕاح بوو، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەڕەجەب بەسێسەد کۆچەری و ئەنسارەوە رەوانەی کرد،تووشی برسێتییەکی سەخت هاتن هەتا ئەوەی دەنکە خورمایان دەکردە دوو کەرتەوە و دابەشیان دەکرد.

جابری کوڕی عبدالله ئەڵێ: بەسێسەد کەسەوە دەرچووین و ئەبو عوبەیدەی کوڕی ئەلجەڕاح ئەمیرمان بوو، تووشی برسێتییەك هاتین هەتا ئەوەی بۆ سێ مانگ گەلای دارمان ئەخوارد، گیانلەبەرێك لەدەریا دەرچوو پێیدەوترێ ئەلعەنبەر، نیو مانگ لەو گیانلەبەرەیان خوارد، پیاوێکی ئەنساریی وشتری سەربڕی، لەبەیانییشدا وشترێکی تری سەربڕی، ئەبو عوبەیدە رێگریی لێ کرد، ئەویش دەستی هەڵگرت.

عەمری کوڕی دینار ئەڵێ: گوێم لەزەکوان ئەبو ساڵح بوو وتی: ئەو ئەنساریيە قەیسی کوڕی سەعد بوو.

عەمر وتی: بەکری کوڕی سەوادە ئەلجوازمیی بۆی باسکردم لەئەبو جەمرەوە ئەویش لەجابری کوڕی عبداللەوە بەنزیك بەوە، تەنیا ئەوەی وت: برسێتییەکی سەختیان

سەرەهات، قەیسی کوڕی سەعد ئەمیریان بوو، نۆ وشتری سواریی بۆ سەربڕین، کاتێ گەیشتوە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و ئەوەیان بۆ باس کرد کە قەیسی کوڕی سەعد ئاوەهای کردووە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"مەردایەتیی سیفەت و رەوشتی ئەو بنەماڵەیەیە". لەبارەی نەهەنگەکەوە کە ئەگەر پێش تەواو بوون بمزانیبایە دەگەیننەوە لای، ئەوە کەزمان دەکرد بەشێك لەگەڵ خۆماندا بهێنینەوە، باسی ئەلخەبەتی نەکردووە.

هەر ئەلزوبەیر هەوالّی داوە کە گوێی لە جابری کوڕی عبدالله بوو هەوالّی دەدا و دەیووت: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)کیسەیە خورمای پێ داین، ئەبو عوبەیدە هەیەکەو چنگێکی پێ دەداین، پاشان کردیە یەکی خورمایەك و دەمانمژی و ئاومان بەسەردا دەخواردەوە تاوەکو ئەوەش نەما، ئینجا گەلاّی دارمان دەخوارد و برسێتییەکی سەختمان بەسەردا هات. ئەلێ: پاشان دەریا نەهەنگێکی مردارەوە بووی بۆ خستنیە کەنار دەریا. ئەبو عوبەیدە وتی: ئێوە برسین و لێی بخۆن، ئێمەش لێمان خوارد. ئەبو عوبەیدە دارێکی کردبوو بەباڵەکانیدا و سوار بەوشترەکەیدا بەژێریدا دەڕۆیشت و پێنج کەس لەشوێنی چاوی دادەنیشت. لێمان دەخوارد و جەستەی خۆمانمان پێ چەور دەکرد تاوەکو جەستەمان هێزی هاتەوەبەر، کە گەڕاینەوە مەدینە، جابر وتی: با ئەوە بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) باس بکەین. پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بخۆن، ئەوە رزقێکە خوای گەورە بۆ ئێوەی دەرهێناوە، هیچ بەشێکی لێ ماوەتەوە؟" هەندێ بەشمان لەگەڵ خۆمان هەڵگرتبوو،لەوانەی لەگەڵمان بووین بۆیان هێنا و ئەویش لێیخوارد.

واقیدیی ئەلێ: بۆیە ناونرا(الخَبَط–گەلاّی دار)،لەبەر ئەوەی ئەوەندە گەلاّی خوساویان خوارد، هەتا ئەوەی شەویلکەیان وەك شەویلگەی وشتری پووش و پەلاّش خۆری لێهات.

ئەلێ: لەو ساڵە و لەمانگی شەعباندا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سریەیەکی رەوانە کرد و ئەبو قەتادە ئەمیری ئەو سریەیە بوو.

لەموحەممەدی کوڕی ئیبراهیمەوە ئەویش لەعبداللەی بڕای ئەبو حەدرەد ئەلئەسلەمییەوە وتی: ئافرەتێکی قەومی خۆمم مارە کرد و دووسەد درهەم کرە مارەیی، هاتم بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تاوەکو هاوکارییم بکات لەدابینکردنی ئەو مارەییەدا. فەرمووی:"چەند مارەییت بۆ داناوە؟". وتم: ئەی پەیامبەری خوا دووسەد درهەمم بۆ دیاریی کردووە؟ فەرمووی:"سبحان الله، بۆ لەنێو ئەم شیوەدا درهەم دەر دەکەن بۆیە ئەوەندە زۆرتان داناوە؟ سوێند بەخوا ئەوەم لا نییە تاوەکو هاوکارییت بکەم". ئەڵێ:چەند رۆژێك مامەوە و پیاوێکی نەوەی جوشەمی کوبێ موعاویە هات پێیدەوترا ریفاعەی کوڕی قەیس یان قەیسی کوڕی ریفاعە و خەڵکێکی زۆری جوشەمی لەگەڵدا بوو تاوەکو بەقەومەکەی و ئەوەی لەگەڵیدا بوو دابەزییە ئەلغابە ئەیەویست قەیس کۆبکاتەوە لەدژی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم). ئەو پیاوە لەنێو جوشەمدا ناودار و بەڕێز بوو. ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) من و دوو پیاوی موسڵمانی بانگکرد و فەرمووی:"بڕۆن بۆلای ئەو پیاوە و بیهێنن بۆلام بە هەواڵی ئەوانمان بۆ بهێنن". وشترێکی لاوازی بۆ هێناین، یەکێکمان هەڵمەتی بردەسەر و بەیارمەتیی ئەوانی تر لەپشتەوە بەستمانەوە، پاشان دەرچووین و تیر و شمشێرەکانمان پێ بوو، هاتین تاوەکو نزیك بەخۆرئاوابوون لەنزیکیان دابەزین، من لەلایەکەوە بۆسەم دانا و فرمانم بەدوو هاوڕێکەی ترم کرد لەڕوویەکی ترەوە بۆسە دابنێن، پێموتن: ئەگەر گوێتان لە من بوو(الله أكبر)م کرد و پەلاماری سەربازگەکەم دا، ئێوەش(الله أكبر) بکەن و هێرش بکەنە سەریان. ئەڵێ: سوێند بەخوا ئاوەها ماینەوە تاوەکو سەرەتای شەو تێپەڕی، شوانێکیان هەبوو لەو ناوەدا مەڕو مالاتەکەیانی دەلەوەڕاند، هاتنەوەی بۆلای ئەوان درەنگ کەوتبوو، ترسیان لێ نیشت شتێکی بەسەردا هاتبێ، بۆیە گەورەکەیان کە ریفاعەی کوڕی قەیس بوو هەڵسا و شمشێرەکەی هەڵگرت و خستیە سەر گەردنی خۆی و پاشان وتی: سوێند بەخوا دەڕۆم بەشوێن شوانەکەماندا، رەنگە ناخۆشییەکی هاتبێتە ڕێ. هەندێ لەوانەی لەگەڵیدا بوون وتیان: سوێند بەخوا تۆ ناڕۆی، ئێمە دەڕۆین و تۆ بمێنەرەوە. ئەویش وتی: سوێند بەخوا کەس ناڕوات جگە لەخۆم. وتیان: باشە ئێمەش

لەگەڵتدا دێین. وتی: سوێند بەخوا هیچ کەسێ لە ئێوەم لەگەڵدا نایەت. ئەڵێ: دەرچوو تاوەکو بەلای مندا تێپەڕی، کە توانام بەسەریدا زاڵ بوو، تیرێکم تێگرت سەر دڵی گرت، سوێند بەخوا لەقسەی بڕی، پەلامارم دا و سەرم بڕی، پاشان لەڕووی سەربازگەوە پەلامارم دا و (الله أكبرم) کرد و دوو هاوڕێکەشم(الله أكبر)یان کرد و هێرشیان بردە سەر سەربازگەکە، سوێند بەخوا هەر ئەوەندەیان پێ کرا ژن و منداڵ و سەروەتی سووکی خۆیان رزگار بکەن و هەڵهاتن. ئەڵێ: وشتر و مەڕو مالاتێکی زۆرمان دا لەبەر و هێنامانەوە بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و لەگەڵ خۆمدا سەری ریفاعەم هێنایەوە. پەیامبەر ی خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو وشترانە سیانزە وشتری پێ دام و منیش کۆمکردەوە بۆلای کەسوکارەکەم.

هەرچی واقیدییە ئەوە باسیکردووە کە موحەممەدی کوڕی یەحیای کوڕی سەهلی کوڕی ئەبی حەسەمە بۆی باسکردووە ئەویش لەباوکیەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئیبن ئەبی حەدرەدی لەو سریەیەدا لەگەڵ ئەبو قەتادە نارد‌ووە، سریەکە شانزە کەس بووە، پانزە شەو دوورکەوتنەوە و پشکیان دوانزە وشتر بوو، لەبری هەر وشترێ دە مەڕی پێدان، چوار ئافرەتیان دەسکەوت، کچێکی سپی پێستیان تێدا بوو کەوتە بەشی ئەبو قەتادە،مەحمیەی کوڕی ئەلجەزء بۆ ئەو کچە قسەی لەگەڵ پەیامبەری خوادا کرد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەبارەیەوە لەئەبو قەتادەی پرسی. ئەبو قەتادە وتی: لەبری پشك کڕیوومە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بە منی ببەخشە". ئەویش بەپەیامبەری خوای بەخشی، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) ئەو کچەی بەخشییە مەحمیەی کوڕی جەزء ئەلزوبەیدی.

ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سریەی ئەبو قەتادەی نارد دۆڵی ئیزەم. ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین لەئیبن ئیسحاقەوە ئەویش لەیەزیدی کوڕی عبداللەی کوڕی قوسەیتەوە ئەویش لەئەبو ئەلقەعقاعی کوڕی عبداللەی کوڕی ئەبی حەدرەدی ئەلسولەمییەوە و هەندێکیان لەئیبن ئەلقەعقاعەوە وتوویانە ئەویش لەباوکییەوە ئەویش لەعبداللەی کوڕی حەدرەدەوە وتی: پەیامبەری خوا(صلى

الله علیه وسلم) ناردنی بۆ ئیزەم، منیش لەگەڵ چەند کەسێکی موسڵماناندا دەرچووم و ئەبو قەتادەی کوڕی ربیعیی و موحلەمی کوڕی جەسامەی ئەللەیسیی تێدا بوو. دەرچووین تاوەکو گەیشتینە ئیزەم، ئەوەش پێش فەتح بوو، عارمی کوڕی ئەلئەزیەت ئەلئەشجەعیی بەلاماندا تێپەڕی و ئێمەش دانیشتبووین، سەلامی لێکردین بەسەلامی ئیسلام، موحلەکی کوڕی جەسامە بەهۆی ناکۆکییەکی نێوان خۆی و ئەوەوە پەلاماری دا، کوشتی و وشتر و کەلوپەلەکەی برد، جا کاتێک گەڕاینەوە لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، ئەو هەواڵەمان پێ دا، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاندە خوارەوە ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبْتُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ ﴾ النساء: ٩٤.

واتا:ئەی کەسانێک کە بڕواتان هێناوە کاتێک دەرچوون(بۆ جیهاد کردن) لەڕێگەی خوا هەموو شتێک ڕوون بکەنەوە.

واقیدیی ئەڵێ:پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئەو سریەی نارد کاتێک لەمانگی ڕەمەزاندا دەرچوو بۆ فەتحی مەککە، سریەکە هەشت کەس بوون.

باسکردن لەبارەی غەزای موئتەوە

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: لەوەی ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین وتی: کاتێ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەخەیبەرەوە گەڕایەوە مەدینە، هەردوو مانگی ڕەبیع لەمەدینە مایەوە و پاشان لەجەمادی یەکەمدا ئەوانەی نارد بۆ شام کە لەموئتەدا تووشی شەڕ هاتن.

لەعوروەی کوڕی زوبەیرەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەجەمادی یەکەمی ساڵی هەشتدا کۆمەڵێکی نارد بۆ موئتە و زەیدی کوڕی حاریسەی کردە ئەمیریان، فەرمووی:"ئەگەر زەیدی کوڕی حاریسە کوژرا، ئەوە جەعفەری کوڕی ئەبو تاڵیب ببێتە ئەمیری ئەو خەڵکە، ئەگەر جەعفەریش کوژرا، ئەوە عبدالله‌ی کوڕی ڕەواحە ببێتە ئەمیری ئەو خەڵکە". خەڵکەکە ئادەسازییان کرد و ئامادە بوون بۆ دەرچوون. سێ هەزار کەس بوون، ئەمیرەکانی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) خوا حافیزییان

محمەك كرد، عبداللەی كوڕی رەواحە كاتێ لەگەڵ ئەمیرەكان و خەڵكییدا خواحافیزییان كرد. گریا. وتیان: ئەی كوڕی رەواحە بۆ دەگریێ؟ وتی: سوێند بەخوا لەبەر خۆشویستنی دونیا و بەجێهێشتنی ئێوە ناگریم، بەڵكو بۆ ئەوە دەگریم گوێم لەپەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم) كاتێك ئایەتێكی خوێندەوە باسی دۆزەخی تێدا دوو: ﴿ وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴿٧١﴾ ﴾ مریم: ٧١، واتا:كەس نیە لە ئێوە ڕەوات و تێنەپەڕێت بەسەر دۆزەخدا(ئەو تێپەڕینە) بڕیارێكی بڕاوەیە لە یەروەردگارتەوە.

ئێتر نازانم چۆن لەدوای تێپەڕبوون بەسەریدا ڕزگارم دەبێ؟

موسڵمانەكانیش وتیان: خوای گەورە یار و یاوەرتان بێت، خوای گەورە بەچاكەكارییەوە ئێوە بۆلای ئێمە بگەڕێنێتەوە.

پاشان ئامادە بوون بۆ دەرچوون، عبداللەی كوڕی رەواحە هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و خواحافیزیی لێكرد، پاشان خەڵكەكە دەرچوون و پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو تاوەكو بەڕێیان بخات، خواحافیزیی لێیان كرد و ڕۆیشت، عبداللەی كوڕی رەواحەش وتی:

خَلَفَ السَّلامُ على امْرِيءٍ ودَّعْتُهُ في النَّخْلِ خَيرَ مُشَيِّعٍ وخَلِيلِ

واتا:لە ئەلنەخلدا سەلام و خواحافیزیی كرد لەباشترین مالئاواییكار و خۆشەویستێك.

پاشان بەڕێكەوتن تاوەكو گەیشتنە موعان لەخاكی شام، هەوالّ بەخەڵكەكە گەیشت كە هیرقەل دابەزیووەتە مەئاب لەخاكی بەلقاء و سەد هەزار ڕۆمی لەگەڵە، سەد هەزار عەرەبی لەخم و جوزام و بەلقین و بەهراء و بەلی،پیاوێكی بەلیی سەركردایەتی سوپای عەرەب دەكات و لەدوای ئەویش كابرایەكی ئیراشە كە پێیدەوترێت مالیكی كوڕی رافلە.

ئەو هەوالّە بەموسڵمانەكان گەیشت و دوو شەو لەموعان مانەوە و چاوەڕێیان دەكرد چی بكەن، وتیان: با نامە بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بنێرین و هەواڵی ژمارەی دوژمنی پێ بگەیەنین، یان بەسەربازی تر هاوكارییمان دەكات یان بڕیاری خۆیمان پێ دەدات كە چی بكەین. عبداللەی كوڕی رەواحە هانی موسڵمانەكانی دا و

وتی: ئەی قەوم سوێند بەخوا ئێوە حەز ناکەن بەوە بگەن کە لەپێناویدا دەرچوون و بریتی بوو لەشەهیدبوون، ئێمە بەژمارە و زۆری و کەمیی و هێز شەپی ئەو خەڵکە ناکەین،ئێمە بەم ئایینە شەپی ئەوانە دەکەین کە خوای گەورە بەهۆی ئەو ئایینەوە ڕێزی لێناوین، دە بەڕێکەون، ئێمە یەکێك لەو دوو چاکە و گرانبەهاییەمان بۆ هەیە، یان سەرکەوتن یان شەهیدبوون. خەڵکەکەش وتیان: دەی سوێند بەخوا کوڕی ڕەواحە ڕاستی وت. ئینجا بەڕێکەوتن.

موسڵمانان بەڕێکەوتن تاوەکو گەیشتنە ناوچەکانی سنووری بەلقاء و کۆمەڵێکی سوُپای هیرقەل لەڕۆم و عەرەب لەدێیەك لەدێهاتەکانی بەلقاء بوون کە پێیدەوترا(مشارف)، موسڵمانەکانیش لایاندایە دێیەك پێیدەوترا موئتە،موسڵمانەکان ئامادەسازییان کرد و پیاوێکیان کردە بەڕێرسی لای ڕاستی سوپا لەنەوەی عوزرە بوو پێیدەوترا قوتبەی کوڕی قەتادە، لای چەپیشیان سپاردە پیاوێکی ئەنساریی کە پێیدەوترا عەبایەی کوڕی مالیك، خەڵکەکە بەیەکگەیشتن، زەیدی کوڕی حاریسە بەئالای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) شەپی کرد تاوەکو بەڕمی ڕۆم کوژرا، پاشان جەعفەری کوڕی ئەبو تالێب ئالاکەی هەڵگرت و شەڕەکە ئەوەندە سەخت هاتەوە، لەسەر ئەسپەکەی دابەزی و ئەسپەکەی سەربڕی و شەپی کرد تاوەکو کوژرا، جەعفەر بووە یەکەمین موسڵمانێك لەئیسلامدا ئەسپەکەی سەربڕیبێ.

باوکم بۆی باسکردم کە بەخێوی کردم و یەکێك بوو لەنەوەی موڕەی کوڕی عەوف و لەغەزای موئتەدا بەشدار ببوو، وتی: سوێند بەخوا وەك ئەوەیە ئێستا بڕوانمە جەعفەر کە چۆن لەسەر ئەسپە سوورباوەکەی دابەزی و سەربڕی و شەپی ئەو قەومەی کرد تاوەکو کوژرا. کاتێك جەعفەر کوژرا، عبدالله‌ی کوڕی ڕەواحە ئالاکەی هەڵگرت و پاشان بەسەر ئەسپەکەیەوە چووە پێش و کەمێ دوودڵ بوو پاشان وتی:

أقسمْتُ يا نَفْسُ لَتَنزِلنَّهْ طَائِعَةً أوْ فَلَتُكْرَهِنَّهْ

إن أجْلَبَ الناسُ وشَدُّوا الرَّنَّهْ ما لِي أراكِ تَكْرَهِين الجَنَّهْ!

قد طَالمَا قـد كنْـتِ مُطْمَئِنَّـهْ هَلْ أنْتِ إلا نُطْفَةٌ في شَنَّهْ!
يـا نَفْس إلّـا تُقْتَلـي تَمُـوتي هذَا حِمَامُ المَوْتِ قد صَلِيتِ
ومـا تَمَنَّيـتِ فقـدْ أعْطِيـتِ إنْ تَفْعَلـي فِعْلَهُمَـا هُـدِيتِ

وتا:ئەی دەروونی من، سوێندم خواردووە بەخۆشیی بێ یان تاڵی، دەبێ دابەزی بۆ جەنگ، چیبە دەبینم حەزت بەبەهەشت نییە! تۆ کە هەمیشە ئارام و دڵنیابووی، تۆ جێگۆپە ئاوێك زیاتر هیچ نییت! ئەی دەروون ئەگەر نەکوژرێی ئەوە هەر دەمری، ئەمە مەرگ و وا پێیگەیشتووی، ئەوەی خۆزگەت خواستووە وا پێت بەخشراوە و رێگەی نەوەت پیشان دراوە.

وتی: کە دابەزی، کوڕە مامێکی ئێسکێکی هێنا کە گۆشتی پێوە بوو، پێیووت: کەمێکی لێ بخۆ تاوەکو هێزت بێتەوە بەر، چەند رۆژێکە ماندووی. ئەویش لێی وەرگرت و گازێکی لێگرت، پاشان گوێی لەشەڕێکی سەخت بوو لەلایەکی ئەو خەڵکەوە، وتی:هێشتا تۆ لەدونیای! گۆشتەکەی دەستی فڕێ دا و شمشێرەکەی هەڵگرت و چووە پێش و شەڕی کرد تاوەکو کوژرا، پاشان سابتی کوڕی ئەقرەمی برای بلعیجلان ئالاکەی هەڵگرت و وتی:ئەی کۆمەڵی موسڵمانان لەنێو خۆتاندا رێککەون یەکێك لەخۆتان بکەنە ئەمیر. وتیان: تۆ ئەمیر بە. وتی: من ئەوە ناکەم. خەڵکەکە لەسەر دەستنیشانکردنی خالید یەکدەنگ بوون، کە خالید ئالاکەی هەڵگرت، وردە وردە لەبەردەم رۆم و عەرەبەکان دووریخستنەوە.

قەتادەی شۆڕەسواری پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)بۆی باسکردین وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سوپاکەی رەوانە کرد و فەرمووی: زەیدی کوڕی حاریسە سەرکردەتان بێ. ئەگەر کوژرا، جەعفەری کوڕی ئەبو تاڵیب سەرکردەتان بێ، ئەگەر ئەویش کوژرا، عبداللەی کوڕی رەواحە سەرکردەتان بێ. جەعفەر کەمێ راوەستا و وتی: ئەی پەیامبەری خوا دایك و باوکم بەفیدات بێ، حەزناکەم زەید سەرکردەم بێ. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: بەڕێکەوە تۆ نازانی خێر و خۆشیی

لەچیدایە. هەتا ئەوەی خوای گەورە ویستی لێ هەبوو مانەوە، پاشان پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) چووە سەر مینبەر و فرمانی دا کۆببنەوە. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: هەواڵتان پێ بدەم ئەم سوپایەتان هەواڵی چییە؟ رۆیشتن و بەدوژمن گەیشتن و شەڕیان کرد، زەید شەهید بوو، داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەن. خەڵکیی داوای لێخۆشبوونیان بۆ کرد. پاشان فەرمووی: پاشان جەعفەری کوڕی ئەبو تاڵیب ئاڵاکەی هەڵگرت و پەلاماری دان و شەڕی کرد تاوەکو شەهید بوو، داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەن. خەڵکییش داوای لێخۆشبوونیان بۆ کرد. پاشان فەرمووی: پاشان عەبدوللەی کوڕی رەواحە ئاڵاکەی هەڵگرت، پێیەکانی دامەزراو کرد تاوەکو شەهید بوو. شایەتیی شەهیدبوونی بۆ دەدەم، ئێوەش داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەن. خەڵکییش داوای لێخۆشوونیان بۆ کرد. پاشان فەرمووی: پاشان خالیدی کوڕی ئەلوەلید ئاڵاکەی هەڵگرت، یەکێك نەبوو لەئەمیرەکان، خۆی خۆی کردە ئەمیر. پاشان پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)هەردوو دەستی بەتەواویی بەرزکردەوە و فەرمووی: خولیە گیان ئەوە شمشێرێکە لەشمشێرەکانی خۆت، تۆڵەی پێ بکەرەوە. ئیتر خالید ناونرا شمشێری خوا(سیف الله). پاشان فەرمووی: بڕۆن هاوکاریی براکانتان بکەن و کەس دوانەکەوێ، خەڵکیی لەگەرمای سەخت بەپیادە و سوارەوە دەرچوون بۆ هاوکاریکردنیان.

لەعبدوللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە ئەڵێ: کاتێ هەواڵی کۆڕانی جەعفەر بەپەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) گەیشت، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"دوێنێ جەعفەر لەگەڵ چەند فریشتەیەکدا تێپەڕی و دوو باڵی هەبوو. قاچەکانی خوێنیاویی بوون، ئەیانەویست بگەنە بیشە لەخاکی یەمەن". ئەڵێ: قوتبەی کوڕی قەتادە ئەلعوزریی کە بەرپرسی لای راستی موسڵمانان بوو، پەلاماری مەلیکی کوڕی رافیلەی فەرماندەی موستەعرەبەکانی دا و کوشتی. ئەڵێ: ژنە جاوودبازێکی حەدەس کاتێ گوێبیست بوو وا سوپای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەڕێگاوەیە و دێت،بەحەدەسی قەومی خۆی وت کە تیرەکەی خۆی لەو قەومە پێیدەوترا غەنەم:

هێـــرییتان پێ دەدەم لەقەومێك بەتەنگە چاویی تەماشا دەکەن و لەسواربیدا ئەسپ ـــەخەن و گۆمی خوێن دروست دەکەن.

ـوخێش قسەی ئەو ژنە جاوودبازەیان وەرگرت و لـەنێوان لەخەمـدا خۆیـان کـەنارگیر ـرـ ئەوانەی لەو رۆژەدا بەو جەنگە گەیشتن، نەوەی سەعلەبەی تیرەی حەدەس بـوون ـ هێشتا رێژەیان کەم بوو. خالیدی کوڕی وەلید خەڵکەکەی بەڕێخست و هێنایانییەوە.

ـەوروەی کوڕی زوبـەیرەوە ئـەڵێ: کـاتێ نزیکبوونـەوە بچنە مەدینـەوە، پـەیامبـەری ـو (صلی الله علیه وسلم) و موسـڵمانان هاتنـە پێشـوازییان و منـدالأنیش هـاتن و تووند ـێکـەڵبوون، پـەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) پێشـوازیی لەسـوپا کـرد و بەسـەر ـڵخەکانیانەوە بوون،فەرمووی:"منداڵەکان هەڵبگرن و کوڕەکەی جەعفەرم پێ بـدەن". ـەڵەی کوڕی جەعفەریان بۆ هێنا و لەبەردەستی خۆیدا داینیشاند. خـەڵکیی خۆڵیـان ـەسـەر سوپاکەدا دەکرد و ئەیانووت: ئەی ئەوانەی لەجیهاد لـەپێناوی خـوا هـەڵهاتوون. ـەیامبەری خوا(صلی الله علیـه وسـلم) ئەیفەرموو:"نـەخێر ئەوانـە هەڵنـەهاتوون، بـەڵکو ـەدەسکەوتەوە گەڕاونەتەوە پشت بەخوا".

لەئوم سەلەمەی خێزانی پەیامبـەری خواوە(صـلی الله علیـه وسـلم) کـە بەخێزانەکـەی سەلەمەی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرەی وتووە: ئەوە چـیـیە نـابینم سـەلەمە ئامـادەی نوێژ بێ و لەگەڵ پەیامبەری خوا و موسڵمانان نوێژ بکات؟ ئەویش وتوویەتی: هەرچکاتێ ئەیەوێ دەربچێ، خەڵکیی هاوار دەکەن و ئەڵێن: ئەی ئەوانەی لەجیهاد لەپێناوی خـوای گەورە هەڵهاتوون. ئەو قسەیە وەهای لێکردووە لەماڵدا دابنیشێ و دەرنەچێ.

لەو ساڵەدا پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) غەزای خەڵکی مەککەی کرد.

باس و هەواڵ لەبارەی فەتحی مەککەوە

ئیبن ئیسحاق باسی کـردووە و ئـەڵێ: پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) لـەدوای ناردنی سوپا بۆ موئتـە، جـەمادی دووەم و رەجـەب لەمەدینـە مایـەوە، پاشـان نـەوەی بەکری کوڕی عەبد مەناتی کوڕی کینانە دەستدرێژییان کـردە سـەر خوزاعـە کـە لەسـەر

ئاوێکی خۆیان بوون لەخواروی مەککەوە پێیدەوترا ئەلوەتیر. ئەو کەسەی گڕی شەڕێ خستە نێوان نەوەی بەکر و نەوەی خوزاعەوە، پیاوێکی بەلحەزرەمیی بوو پێیدەوتر مالیکی کوڕی عەبباد. ئەو رۆژانە هاوپەیمانێتی ئەلحەزرەمیی لای ئەلئەسوەدی کوڕی رەزن بوو، بەبازرگان دەرچوو، کاتێک گەیشتە ناوە ڕاستی خاکی خوزاعە. دەستدرێژییان کردە سەری و کوشتیان و سەروەت و سامانەکەیان برد، نەوەی بەکریش پەلاماری پیاوێکی خوزاعەیان دا و کوشتیان. خوزاعە لەماوەیەکی کەمی پێش ئیسلام دەستدرێژییان کردە سەر نەوەی ئەلئەسوەدی کوڕی رەزن ئەلدەیلەمی کە گەورەکانی نەوەی بەکر بوون لەنەوەی سەلما و کەلسوم و زوئەیب و هەمویانیان لەعەرەفە کوشت لای کۆڵەکەکانی حەرەم.

ئیبن حومەید بۆی باسکردین و وتی: سەلەمە بۆی باسکردین وتی: موحەممەدی کوڕی ئیسحاق بۆی باسکردم لەپیاوێکی نەوەی ئەلدەیلەمەوە وتی: نەوەی ئەلئەسوەد لەسەردەمی نەفامییدا دوو خوێنبابیان دەدا بەهۆی ئەو فەزڵ و گەورەیی لەنێوامان هەیانبوو، نەوەی بەکر و خوزاعە لەسەر دوژمنایەتیی خۆیان بوون هەتا ئیسلام دەرکەوت و خەڵکیی بەئیسلامەوە سەرقاڵ بوون، جا کاتێک ئاشتەوایی حودەیبیە لەنێوان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و قورەیش هاتەدی و هەردوولا کۆمەڵی مەرجیان لەسەر یەکتر وەرگرت. ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە ئەویش لەموحەممەدی کوڕی موسلیمی کوڕی عبداللەی کوڕی شیهل ئەلزوهرییەوە ئەویش لەعوروەی کوڕی زوبەیرەوە ئەویش لەئەلمیسوەری کوڕی مەخرەمە و مەروانی کوڕی حەکیم و زانایانی ترمانەوە:لەحودەیبیەدا ئەو بەندە دانرا:هەرکەسێک حەز دەکات بچێتە پەیمانی هاوپەیمانێتی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، ئەوە ئازادە، هەرکەسێکیش ئەیەوێ لەگەڵ قورەیشدا هاوپەیمان بێ، ئەوە ئازادە. نەوەی بەکر چوونە پاڵ قورەیش. خوزاعەش بوونە هاوپەیمانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، نەوەی ئەلدەیلی تیرەی نەوەی بەکر ئەو ئاگربەست و رێککەوتنەیان قۆستەوە بۆ لێدانی خوزاعە و

کۆشتنی ئەوانەی لەنەوەی ئەلئەسوەدی کوڕی رەزنیان کوشت. نەوفەلی کوڕی موعاویە منەوەی ئەلدەیل کە ئەو رۆژگارە سەرکردەیان بوو، دەرچوو، هەموو نەوەی بەکر دوای بکەوتن. دەرچوو تاوەکو خوزاعە لەسەر ئەلوەتیر کە ئاوێکیان بوو خەوتن، کوشتاری نەولنیان کرد، قورەیش وتی: موحەممەد بەمە نازانێ و شەوە و کەس ئاگای لێ نابێ کە بەلاماریان بدەین،بەچەك و بەقەڵغان هاوکاریی نەوەی بەکریان کرد، بەڕقبوون بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەخوزاعەیان کوشت، عەمری کوڕی سالمیش هات بۆ مەدینە و بەم شیعرە قسەی کرد لەگەڵ پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم):

اللَّهُمَّ إِنِّي ناشِدٌ محمَّدا حلفَ أبينا وأبيكَ الأتْلَدا
فانصرْ هداكَ اللهُ نصراً أعتدا وادعُ عبادَ اللهِ يأتوا مَدَدَا

واتا:خوایە گیان وا تکامان هێنایە لای موحەممەد، کە لەنێوان ئێمە و باوك و باپیرانیدا هاوپەیمانی و دۆستایەتیی هەبووە، ئەی پەیامبەر، خوای گەورە ڕێنماییت بکات سەرمان بخە و پشتیوانمان بە، بانگ بکە لەبەندەکانی خوا و بۆ هاوکاریی بێن.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"وا سەرخرای و پشتیوانیی کرای ئەی عەمری کوڕی سالم".

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی ئامادەسازییان کرد بۆ دەرچوون بۆ مەککە، هەواڵەکەیان شاردەوە، لەخوای گەورە پاڕایەوە قورەیش بەمە نەزانێ تاوەکو تووشی سەرسوڕمان بن بەهاتنی سوپای موسڵمانان و فەتحکردنی مەککە. قورەیش ترسا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بزانێ چی ڕووی داوە، بۆیە ئەبو سوفیان لەمەککەوە دەرچوو بۆ لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و وتی: ئەی موحەممەد، ڕێککەوتنەکە با بەردەوام بێ و ماوەکەی زیاتر بکرێتەوە .

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"تۆ بۆ ئەوە هاتووی؟ هیچ شتێك لەلایەن ئێوەوە ڕووی داوە ؟"

ئەبو سوفیان وتی: پەنا بەخوا! ئێمە لەحوودەیبییە لەگەڵ ئێوەدا رێککەوتین و هیچ شتێکمان لەو رێککەوتنە نەگۆڕیووە و لا نەداوە. دەرچوو بۆ لای هاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم).

ئەبو سوفیان داوای لەئەبو بەکر کرد(خوای لێ رازیی بێ) کە رێککەوتنەکە تازە بکرێتەوە و ماوەی زیاتریان پێ بدرێت. ئەبو بەکر وتی: منیش هەمان بۆچوونی پەیامبەری خوام هەیە(صلى الله عليه وسلم)، سوێند بەخوا ئەگەر ببینم خۆڵ و تۆزێک شەڕی ئێوە دەکات، لەدژی ئێوە پشتیوانیی دەکەم .

ئەبو بەکری سدیق(خوای لێ رازیی بێ) چووە لای عائیشە و بینی گەنمی دەهاوێ- پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فرمانی پێ دابوو کە ئەو هەواڵە بشارێتەوە ئەبو بەکر پێیووت: کچە شیرینەکەم، ئەم خواردنە بۆچی دروست دەکەی؟ عائیشە قسەی نەکرد. ئایە ئەیەوێ شەڕ بکات؟ عائیشە قسەی نەکرد. وتی: ئەیەوێ شەڕی بەنی ئەلئەسفەر بکات(واتا رۆم)؟ عائیشە قسەی نەکرد. وتی: رەنگە بیەوێ شەڕی خەڵکی نەجد بکات؟ عائیشە قسەی نەکرد. وتی: رەنگە بیەوێ شەڕی قورەیش بکات. عائیشە قسەی نەکرد، لەوکاتەدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هاتە ژوورەوە و ئەبو بەکری سدیق پێیووت: ئەی پەیامبەری خوا، ئەتەوێ دەربچی؟ فەرمووی:"بەڵێ". وتی رەنگە بتەوێ بچیتەسەر رۆم؟ فەرمووی:"نە". وتی: ئەتەوێ بچیتە سەر خەڵکی نەجد؟ فەرمووی:"نە". وتی: ئەتەوێ بچیتە سەر قورەیش؟ فەرمووی:"بەڵێ". ئەبو بەکر وتی ئەی نێردراوی خوا، ئایە لەنێوان تۆ و ئەواندا رێککەوتن نییە؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی هەواڵت پێنەگەیشتووە چی شتێکیان بەسەر نەوەی کەعبد هێناوە؟" لێرەدا ئەبو بەکر ملکەچی پەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم) و خۆی ئامادەکرد تاوەکو لەو ئەرکە گەورەیەدا لەگەڵ سەرکردەی موسڵمانانداا بێ کە پەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم). کۆچەران و پشتیوانان هەموویان لەگەڵ پەیامبەری خوادا رۆیشتن و کەسیان لێ دوانەکەوت.

حەبی کوڕی ئەبی بەلتەعە کە زانی پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) پێداگرە بۆ حەنکەوتن بۆ سەر قورەیش،منداڵ و خێزانەکەی لەمەککەدا بیرکەوتەوە کە لەوێدا کەسێك نییە پشتیوانی و پەنایان بدات و ئەشیزانی خوای گەورە سەرخەری پەیامبەرەکەیەتی،بۆیە نووسراوێکی بۆ قورەیش نووسی تاوەکو ئاگاداریان بکاتەوە حەیزی پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) و لەگەڵ ئافرەتێکی موزەینەدا سەریخستەسەر یشترەکەی و بەڕێیخستِ تاوەکو نامەکە بەقورەیش بگەیەنێ، بەڵام وەحی خوایی پێشی کەوت،بۆیە پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و زوبەیری کوڕی عەولمی نارد تاوەکو نامەکەی لێ وەربگرن پێش ئەوەی بە مەککە بگات، بەدوایدا -مرچوون،پێیگەیشتن و نامەکەیان لێ سەند،ئەمەش وەرگرتنی پاڕانەوەکەی پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) بوو کە فەرمووی:"خوایە گیان وریایی چاوساغ و سیخوڕەکانی قورەیش نابینا بکەی تاوەکو لەولاتی خۆیاندا گەیشتنی ئێمەیان بۆ کتوپڕ نەبێ".

حاتەب هێنرایە بەردەم پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) و خۆشەویست فەرمووی:"چی شتێك وەهای کرد ئەمە بکەی؟" وتی: سوێند بەخوا من باوەڕدارم بەخواو پەیامبەرەکەی و لەئیسلام هەڵنەگەڕاومەتەوە،بەڵام ژن و منداڵم لەدەستی ئەوانداید و هۆز و پشتیوانێکم نییە بەرگرییان بکات، بۆیە ناچار بووم بۆ سەلامەتییان ئەوە بکەم. عومەر وتی: ئەی پەیامبەری خوا بهێڵە با بدەم لەگەردنی،چونکە ئەمە دوورووە،پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"تۆ چوزانی ئەی عومەر،خوای گەورە روانینە ئەهلی بەدرو فەرمووی: چۆن کار دەکەن بیکەن،من لێتان خۆش بوومە".

کاتێك قورەیش بەو ناپاکییەی کردیان، ئاشتەوایی حودەیبییەیان هەڵوەشاندەوە و لەو مەترسییە ترسان کە لەمەدینەوە بێت،ئەبو سوفیانیان نارد بۆ نوێکردنەوە و تووندوتۆڵکردنی ئەو ڕێکەوتنە و درێژکردنەوەی ماوەکەی، رووی کردە لای پەیامبەری خوا، هاتە لای ئوم حەبیبەی کچی کە خێزانی پەیامبەری خوا بوو(صلی الله علیه وسلم)، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، ناچار رووی کردە لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)،

پەیامبەری ئازیزیش هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، بۆیە رۆیشتە لای ئەبو بەکر تاوەکو لە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەوڵێکی بۆ بدات، ئەبو بەکریش وتی: من ئەوە ناکەم. پاشان هات بۆلای عومەری کوڕی خەتاب(خوای لێ رازیی بێ)، قسەی لەگەڵ کرد، عومەر وتی: من لای پەیامبەری خوا بۆ ئێوە تکا بکەم؟! سوێند بەخوا ئەگەر هیچ شتێکم دەستنەکەوێ تەنیا خۆڵ و وردە بەرد نەبێ، بەوە جیهادی ئێوە دەکەم .

کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دابەزیە مر ئەلزەهران و ئەبو سوفیان لەخۆی ترسا، عەباسی مامی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێشنیاری بۆ کرد لەپەیامبەری خوا سەلامەتیی وەربگرێت، ئەویش لەسەر ئەوە رازیی بوو. عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب وتی: لەبار دایکت بچی ئەی ئەبو سوفیان! ئەوە پەیامبەری خوایە(صلى الله عليه وسلم) بەو خەڵکەوە هاتووە، بەیانیی چی بەیانییەکی سەخت دەبێ بۆ قورەیش! ئەبو سوفیان وتی: چارە چییە بەدایك و باوکەوە بەفیدات بم؟ عەباس وتی سوێند بەخوا ئەگەر بکەویتە بەر دەستیان لەگەردنت دەدەن، بۆیە لەپشتمەوە سەر بکەوە سەر ئەم ئێستڕە تاوەکو بتگەینمە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و سەلامەتییت بۆ داوا بکەم. عەباس ئەڵێ: ئەبو سوفیان لەپشتمەوە سەرکەوت و هێندە بەلای هەر ئاگرێکی موسڵمانانداڕ تێپەڕ دەبووین ئەیانوت: ئەمە کێیە؟ کە دەیانبینی ئێستڕەکەی پەیامبەری خوایە و منی بەسەرەوەم، ئەیانووت: مامی پەیامبەری خوایە و بەسەر ئێستڕەکەی پەیامبەری خواوەیە، هەتاوەکو بەلای ئاگری عومەری کوڕی خەتاب تێپەڕبووین و وتی: ئەمە کێیە؟ هەڵسا بۆلام، کە ئەبو سوفیانی لەپشت من بینی بەسەر ئێستڕەکەوە، وتی: ئەمە ئەبو سوفیانی دوژمنی خوایە، سوپاس بۆ ئەو خوایەی بەبێ هیچ پەیمان و بەڵێنێك کەوتوویتە بەردەستم، پاشان دەرچوو خێرای دەکرد بۆ گەیشتنە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)،عومەر هاتە ژوورەوە بۆلای پەیامبەری خوا و وتی: ئەی پەیامبەری خوا، ئەمە ئەبو سوفیانە، خوای گەورە بێ هیچ بەڵێن و پەیمانێك خستوویەتییە بەردەستمان، بهێڵە لەگەردنی بدەم.

منیش وتم: ئەی پەیامبەری خوا من دالّدەم داوە. کە عومەر هەر پێداگریی دەکرد، منیش وتم: لەسەرخۆبە ئەی عومەر، سوێند بەخوا ئەگەر لەنەوەی عەدی بووایە وەهات نەدەوت! ئەزانی لەنەوەی عەبد مەنافە بۆیە وەها دەکەی. عومەریش وتی: لەسەرخۆبە ئەی عەباس، سوێند بەخوا موسڵمانبوونی تۆ لە ئەمڕۆدا بەلامەوە خۆشترە ئەگەر وەختی خۆی خەتاب موسڵمان ببووایە، تەنیا لەبەر ئەوەی دەزانم موسڵمانبوونی تۆ بەلای پەیامبەری خواوە خۆشتر دەبوو لەموسڵمانبوونی خەتاب،پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلّم) فەرمووی: "ئەی عەباس بیبە بۆلای کۆڵۆباری خۆت و بەیانیی بیهێنەوە لام" .

لەعبداللەی کوڕی ئەبی نەجیحەوە لەباسکردنیدا ئەڵێ: پەیامبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فرمانی بەخالید کرد لە(اللیط) لەخواروی مەککەوە بچێتە نێو مەککەوە،خالید بەرپرسی لای راستی سوپا بوو، ئەسلەم و غەفار و موزەینە و جوهەینە و هۆزەکانی تری عەرەبی تێدابوو، ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاحیش بەشێکی موسڵمانانی هێنا و لەبەردەستی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رووی کردە مەککە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەئەزاخیرەوە چووە مەککەوە تاوەکو لەبەرزترین شوێنی مەککەدا دابەزی و لەوێدا کەپری بۆ لێ درا.

لەعبداللەی کوڕی نەجیح و عبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە، کە سەفوانی کوڕی ئومەییە و عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل و سوهەیلی کوڕی عەمر خەڵکانێکیان لای ئەلخەندەمە کۆکردبووەوە بۆ شەڕکردن، حەماسی کوڕی قەیسی کوڕی خالید چەکی دەژمار و ئامادەی دەکردن پێش ئەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بێتە مەککەوە، ژنەکەی پێیووت: ئەوە چی دەکەی دەبینم خەریکی ئامادەکردنی چەکی؟ وتی: بۆ موحەممەد و هاوەڵەکانی ئامادەی دەکەم. ئەویش وتی: دەی سوێند بەخوا وەهای نابینم بەرانبەر بەموحەممەد و هاوەڵەکانی شتێکی پێ بکرێت. ئەویش وتی: سوێند بەخوا ئەمەوێ بەکوشتنی هەندێکیان حزمەتت بکەم. من چی دەرد و کێشەیەکم هەیە ئەگەر ئەمڕۆ ئەوانە قبوڵ بکرێن، وا چەك و کەرەستەی تەواومان لەبەردەستدایە.

پاشان لەگەڵ سەفوان و سوهەیلی کوڕی عەمر و عیکریمەدا بەشداری ئەلخەندەمە بوو کاتێك موسڵمانەکان لەسەربازەکانی خالیدی کوڕی وەلید پێیانگەیشتن، هەندێ شەڕی سووك رووی دا، کورزی کوڕی جابری کوڕی حسلی کوڕی ئەلئەجەبی کوڕی حەبیبی کوڕی عەمری کوڕی شەیبانی کوڕی موحاریبی کوڕی فیهر و حەبیشی کوڕی خالید کوژران کە ئەلئەشعەری کوڕی رەبیعەی کوڕی ئەسرەمی کوڕی زەبیسی کوڕی حەرملی کوڕی حەبەشییەی کوڕی کەعبی کوڕی عەمری هاوپەیمانی نەوەی مونقیز بوو، لەنێو سوارەکانی خالید بوون، رێگەیەکی تری جگە رێگەی خالیدیان گرتەبەر، هەردووکیان کوژران، پێش کورز، خونەیس کوژرا، تەرمی خونەیس لەپێش کورز بوو، کورز بەم شیعرەوە شەڕی کرد و ئەیووت:

قد علمتْ صَفْوَاءُ من بني فِهَر نَقِيَّةُ الوَجْهِ نَقِيَّةُ الصَّدرْ

لأضْرِبنَّ اليومَ عن أبي صَخرْ

واتا: پاڵفته و هەڵبژاردەکانی نەوەی فیهر ناسراون کە رووەت پاك و دەروون پاکن- ئەمڕۆ لەجیاتیی ئەبو سەخر شمشێر دەوەشێنم.

خونەیس کونیەی ئەبو سەخری هەبوو، لەجوهەینە، سەلەمەی کوڕی ئەلمەیلاء کوژرا کە لەڕیزی سوارەکانی خالیدی کوڕی وەلیددا بوو، لەهاوبەش پەیداکەرانیش نزیکەی دوانزە کەس یان سیانزە کەس کوژران،پاشان دۆڕان و حەماس بەدۆڕاوییەوە دەرچوو تاوەکو چووە مالّی خۆی و بەخێزانەکەی وت: دەرگاکەم لەسەر دابخە. ژنەکەی وتی- ئەو قسەیە چی بوو کە پێشتر دەتووت؟! ئەویش وتی:

إنك لو شهدتِ يوم الخَنْدَمَهْ إذْ فرَّ صفوان وفرَّ عِكْرِمَهْ

وأبو يزيدَ قائمٌ كالمؤتمهْ واستْقَبَلَتْهُم بالسيوف المُسْلِمَهْ

يَقْطَعن كلَّ ساعِدٍ وجُمْجُمَهْ ضرْبًا فَلَا يُسْمَعُ إلَّا غَمْغَمَهْ

لهم نهيتٌ خَلْفَنَا وهَمْهَمَهْ لم تَنْطِقِي في اللَّوْمِ أدْنَى كَلِمَهْ

ـَ ئەگەر تۆ رۆژی خەندەمەت دەبینی کە سەفوان و عیکریمە هەڵهاتن و ئەبو ـِیش وەك هەتیوبار راوەستابوو، بەشمشێرەوە هاتن و هەموو بازو و ئێسکێکیان ـِجە پارچە دەکرد و لەدەنگی شمشێر زیاتر هیچ دەنگێکی دیکەت گوێ لێ نەدەبوو، ـِە هیچ وشەیەکی تر مەڵێ.

ـەنین ئیسحاقەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی بەئەمیرە ـِسڵمانەکان کرد لەچوونە نێو مەککەوە، هیچ کەسێ نەکوژن مەگەر کەسێك کە شەڕیان ـَت. تەنیا فرمانی دا بەکوشتنی چەند کەسێك و ناوی هێنان ئەگەر خۆیشیان ـکەعبەدا هەڵواسی، بکوژرێن، لەوانە عبداللەی کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی سەرحی ـَبی حەبیبی کوڕی جوزەیمەی کوڕی نەسری کوڕی مالیکی کوڕی حیسلی کوڕی عامری ـَبی لوئەی. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی کرد بکوژرێت، چونکە پێشتر ـِوە موسڵمان و دوایی لەئیسلام هەڵگەڕایەوە و بووە هاوبەش پەیداکەر، بۆیە هەڵهات ـۆلای عوسمان، چونکە برای شیریی عوسمان بوو، عوسمانیش ئەوی شاردەوە تاوەکو ـِنای بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، ئەمە و دوای ئەوەی خەڵکی مەککە ـەر ژیانی خۆیان سەلامەت هەڵهێنرانەوە. هێنای و لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) داوای سەلامەتیی بۆ کرد. باسدەکرێت کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ـۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو، پاشان فەرمووی:"باشە". کاتێك عوسمان کوڕی سەرح ـرد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەو هاوەڵانەی لەدەوروبەریدا بوون فەرمووی:"سوێند بەخوا بۆیە بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بووم، تاوەکو یەکێکتان بۆی هەڵبستێ و لەگەردنی بدات". پیاوێکی ئەنساریی وتی: ئەی پەیامبەری خوا خۆزگە ـامازە یەکت بە من دەدا. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"پەیامبەر بەئامازە کەس ناکوژێت". هەروەها عبداللەی کوڕی خەتەل کە یەکێك بوو لەنەوەی تەیمی کوڕی غالیب، فرمانی کوشتنی ئەو عبداللەیەشی دا، چونکە پێشتر موسڵمان بوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ کۆکردنەوەی زەکات ناردی، پیاوێکی ئەنساری لەگەڵدا نارد و خزمەتکارێکیش کە خزمەتی دەکرد، خزمەتکارەکەش موسڵمان بوو،

دابەزییە شوێنێك و فرمانی بەخزمەتکارەکەی کرد کە سابرێنێکی بۆ سەربڕێ و خواردنێکی بۆ ساز بکات، خەوت و لەخەو هەڵسا، بینی خزمەتکارەکە هیچی بۆ نەکردووە، بۆیە خزمەتکارەکەی کوشت و لەئیسلام هەڵگەڕایەوە و بووە هاوبەش پەیداکەر، دوو ژنە کۆیلەی گۆرانییبێژی هەبوو، گۆرانییان بۆ دەوت و قسە و جنێوی بەپەیامبەری خوا دەدا، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فرمانی دا لەگەڵ نەمرد دوو ژنە کۆیلەیەدا بکوژرێن. هەروەها ئەلحوەیریشی کوڕی نەقیزی کوڕی وەهبی کوڕی عەبدی کوڕی قوسەی، یەکێك بوو لەوانەی لەمەککەدا ئازاری پەیامبەری خوای دەدا(صلى الله عليه وسلم)، هەروەها میقیەسی کوڕی سوبابە، بۆیە فرمانی دا ئەویش بکوژرێت، چونکە ئەو ئەنساریییەی کوشتبوو کە بەهەڵە براکەی کوشتبوو، بەهەڵگەڕاوە لەئیسلام گەڕایەوە لای قورەیش، هەروەها عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل و سارە کە ژنە خزمەتکاری یەکێکی نەوەی عەبدولموتەڵیب بوو، یەکێك بوو لەوانەی لەمەککەدا ئازاری پەیامبەری خوای دەدا(صلى الله عليه وسلم). عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل هەڵهات بۆ یەمەن و ژنەکەی بووە موسڵمان کە ئوم حەکیمی کچی ئەلحاریسی کوڕی هیشام بوو. لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) داوای سەلامەتیی کرد بۆ عیکریمەی میردی. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) سەلامەتیی پێ دا، ئینجا ئوم حەکیم بەدوویدا رۆیشت و هێنای بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم). وەك باس دەکەن عیکریمە باسی ئەوەی کردووە، وتوویەتی: لەدوای دەرچوونم بۆ یەمەن، ویستم سەربکەومە دەریا و خۆم بگەیەنمە حەبەشە، کاتێك گەیشتمە لای کەشتییەك بۆ ئەوەی سەرکەوم. خاوەنی کەشتییەکە وتی: ئەی بەندەی خوا سەرمەکەوە تاوەکو دان بەیەکتاناسیی خۆی گەورەدا دەنێیت و پشت دەکەن لەهاوار و پشت بەستن بەغەیری خوا، من دەترسێم ئەگەر ئەوە نەکەی، بەهۆی تۆوە کەشتییەکە نوقم بێت و ئێمەش تیابچین. منیش وتم هیچ کەسێك سەرناکەوێ تاوەکو دان بەیەکتایی خوادا نەنێت و پشت لەغەیری خوا نەکات؟ وتی: بەڵێ،تەنیا کەسێك سەردەکەوێ کە دان بەیەکتایی خوادا دەنێت. منیش وتم: کەوابوو بۆچی لەموحەممەد دووریکەمەوە، ئەوە ئەوە ئەو پەیامەی بۆ هێناوین.

سوێند بەخوا، خواوەندی دەریا هەمان خواوەندی وشکانییە. ئەوکات ئیسلامم ناسی و ئیسلام چووە دڵمەوە. هەرچی عبداللەی کوڕی خەتەڵە، ئەوە سەعیدی کوڕی حورەیس ئەلمەخزومیی کوشتی و ئەبو بەرزە ئەلئەسلەمیی لەگەڵیدا کوشتی، هەرچی میقیەسی کوڕی سوبابەیە، ئەوە نومەیلەی کوڕی عبداللە کە لەقەومی خۆی بوو، کوشتی. خوشکەکەی میقیەس وتوویەتی:

لَعَمْرِي لَقَدْ أَخزَى نُمَيلةُ رهْطَهُ وفَجَّعَ أضيافَ الشتَاءِ بمقيسِ

فللّهِ عَيْنًا مَن رأي مثلَ مِقْيَسٍ

واتا:سوێند بەخوا نومەیلە خزم و دەستەی خۆی شەرمەزار کرد، میوانانی دێوەخانی زستانانی بەکوشتنی میقیەس تۆقاند، سوێند بەخوا هیچ چاوێك نمونەی میقیەسی نەبینیووە لەجوانییدا.

هەرچی دوو ژنە کۆیلەکەی کوڕی خەتەڵ بوون، ئەوە یەکێکیان کوژرا و ئەوی تریان هەڵهات تاوەکو لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) داوای سەلامەتیی بۆ کرا و سەلامەتیی پێ دا. هەرچی سارەیە، ئەوە داوای سەلامەتیی بۆ کرا و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سەلامەتیی پێ دا، لەژیاندا مایەوە تاوەکو پیاوێك لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا لەئەلئەبتەحدا بەئێستڕەکەی شێڵای و کوشتی. هەرچی ئەلحوەیریسی کوڕی نوقەیزە، ئەوە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب(خوای لێ رازیی بێ) کوشتی.

واقیدیی ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی کرد سێ پیاو و چوار ژن بکوژرێن. ئیبن ئیسحاق ناوی ئەو پیاوانەی هێناوە، لەنێو ژنەکانیشدا، هیندی کچی عوتبەی کوڕی رەبیعە بوو کە بووە موسڵمان و بەیعەتی دا، هەروەها سارەی ژنە خزمەتکاری عەمری کوڕی هیشامی کوڕی عەبدولموتەڵیبی کوڕی عەبد مەناف بوو، ئەو ڕۆژە کوژرا، هەروەها قەریبە کە ئەو ڕۆژە کوژرا، فەرتەنا کە تاوەکو سەردەمی خیلافەتی عوسمان ژیا.

لەقەتادە ئەلسدوسییەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەبەر دەرگەی کەعبە وەستاو فەرمووی:"لا إله إلا الله وحده،صدق وعده،ونصر عبده،وهزم الأحزاب وحده"،واتا:هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە تەنیا الله نەبێ،بەڵێنی خۆی بەدیهێنا و بەندەی خۆی سەرخست و بەتەنیا کۆمەڵەکانی تێکشکاند،هەموو خوێن و تۆڵەکردنەوە و سەروەتێکی سەردەمی نەفامیی لەژێر ئەم دوو پێیەمدایە جگە کلیلی کەعبە و ئاودانە حاجیان،کوشتنی هەڵە و شێوە ئەنقەست بەهۆی قامچی و گۆچانەوە خوێنبایەکی سەختی لەسەرە:سەد وشتر یان چل دانەیان ئاوس بن. ئەی کۆمەڵی قورەیش!خوی گەورە شکۆمەندیی سەردەمی نەفامی و نەریتی خۆهەڵکێشان بەباوباپیرانی بۆ نەهێشتن،هەموو خەڵکی نەوەی ئادەمن و ئادەمیش لەخۆڵە،پاشان فەرمووی:"ئەی کۆمەڵی قورەیش گومان دەکەم چیتان بەرانبەر بکەم؟" وتیان: گومانی چاکەمان لێت هەیە،تۆ براو برازایەکی بەخشندەی،فەرمووی:"بڕۆن ئێوە ئازادن". لێیانخۆش بوو دوی ئەوەی خوای گەورە بەسەریاندا زاڵ و تواناداری کرد و بووە نمونە لەلێبووردن و بەخشینی تاوانباران لەدوای توانای تۆڵەکردنەوە. ئیتر خەڵکی مەککە ناویان بەئازادان(الطلقاء)، پاشان خەڵکیی لەمەککەدا کۆبوونەوە بۆ بەیعەتدان بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ بوونە موسڵمان. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ ئەوە دانیشت، وەك پێمگەیشتووە لەسەر سەفا دانیشت، عومەری کوڕی خەتاب لەخارووی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) دانیشت و خەڵکەکە بەیعەتیان دا لەسەر گوێگرتن و گوێڕایەڵیکردنی خوا و پەیامبەرەکەی تا ئەوەی لەتوانایاندا بێت. خەڵکیی بەیعەتی موسڵمانبوونیان دا. کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەبەیعەتی پیاوان بووبەوە، بەیعەتی ژنانی وەرگرت، ژنانی قورەیش لای کۆبوونەوە. هیندی کچی عوتبەشیان تێدا بوو لەبەر ئەوەی تازە ببووە موسڵمان و بەهۆی ئەوەی بەحەمزەی کردبوو، دەموچاوی داپۆشیبوو، دەترسا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تۆڵەی لێ بکاتەوە. کاتێك نزیکبوونەوە بۆ بەیعەتدان بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بەیعەتم پێ دەدەن لەسەر

ئەوەی بەهیچ شتێك هاویەش بۆ خوا بڕیار نەدەن". هیند وتی: سوێند بەخوا ئەرکێکمان دەخەیتەسەر بەسەر پیاواندا نایدەی، وا پابەند دەبین. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"دزییش ناکەن". هیند وتی: سوێند بەخوا لەسەروەتی ئەبو سوفیان ئەوەندە کەمم بەردەکەوێ، نازانم حەلاڵە یان حەرام. ئەبو سوفیان لەوێدا بوو، وتی: ئەوەی لەڕابردوودا لەماڵی من دەستت کەوتووە، حەلاڵ بووە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"وا دیارە تۆ هیندی کچی عوتبەی". هیندیش وتی: بەڵێ هیندی کچی عوتبەم، ببوورە سەبارەت بەوەی رایبوورد خوا لێت ببوورێت. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"داوێنپیسییش نەکەن". هیند وتی: ئاخۆ ژنی سەربەست داوێنپیسیی دەکات؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"منداڵەکانیشتان مەکوژن". هیند وتی: ئێمە بەبچووکیی ئەوانمان پێگەیاند و تۆ لەبەردرا بەگەورەیی ئەوانت کوشت و لەئێمە باشتر بەوە دەزانی. عومەری کوڕی خەتاب بەو قسەیەی سەیری پێهات و پێکەنی. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بوختان مەکەن". هیند وتی: سوێند بەخوا بوختان کردن کارێکی قێزەونە، هەندێ چاوپۆشیی باشترە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"لەچاکەدا سەرپێچییم مەکەن". هیند وتی: لەم مەجلسەدا بۆ ئەوە دانەنیشتووین پێچەوانەت بکەین. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەعومەری فەرموو:"بەیعەتیان لێ وەربگرە، پەیامبەری خوا لێیان خۆشبوو". عومەر بەیعەتی لێیان وەرگرت. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تەوقەی لەگەڵ ئافرەتاندا نەکرد و دەستی لێیان نەدا، تەنیا خێزانەکانی و ئەو ئافرەتانە نەبێ کە مەحرەمی بوون.

لەئەبانی کوڕی سالحەوە کە بەیعەتدانی ژنان بەدوو جۆر بوو وەك ئەوەی هەندێ ئەهلی زانست باسیان کردووە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەستی دەخستە قاپێکەوە کە ئاوی تێدا بوو لەکاتی وەرگرتنی بەیعەتی ژناندا، پاشان دەستی دەردەکرد و پاشان ژنان دەستیان تێدا دەکرد و دوای وەرگرتنی بەیعەت فەرمووی:"بڕۆن وا بەیعەتتان دا". لەوە زیاتری نەدەکرد.

لەعوروەی کوڕی زوبەیرەوە ئەڵێ: سەفوانی کوڕی ئومەییە دەرچوو بەمەبەستی گەیشتنە جدە تاوەکو لەوێوە لەدەریاوە بگاتە یەمەن. عومەیری کوڕی وەهب وتی: ئەی پەیامبەری خوا، سەفوانی کوڕی ئومەییە گەورەی قەومی خۆیەتی و لەترسی تۆ هەڵهاتووە تاوەکو خۆی بخاتە دەریاوە و، داوای سەلامەتیی بۆ کرد. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سەلامەتیی پێ دا. ئەویش وتی: ئەی پەیامبەری خوا شتێکم پێ بدە بەهۆیەوە بزانێ تۆ سەلامەتییت پێ داوە. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) ئەو عەمامەیەی خۆی پێ دا کە پێیەوە هاتە مەککەوە. عومەیر بەو عەمامەیەوە دەرچوو تاوەکو لەجدە بەسەفوان گەیشت لەکاتێکدا ئەیەویست بچێتە دەریاوە. وتی: ئەی سەفوان دایك و باوکم بەفیدات بێ دەرهەق بەخۆت خوات بێر دەهێنمەوە، تکایە خۆت مەفەوتێنە، ئەمە نیشانەی سەلامەتیی پەیامبەری خوایە بۆ تۆ. ئەویش وتی: لەباردایکت بچی قسەم لەگەڵ مەکە. ئەویش وتی: ئەی سەفوان دایك و باوکم بەفیدات بێ، ئەو بەڕێزترینی خەڵکی و چاکترینی خەڵکی و نەرمونیانترینی خەڵکە، کوڕە پووری خۆتە، شکۆی ئەو شکۆی تۆیە، شەرەفی ئەو شەرەفی تۆیە. سەفوان وتی: ئەترسم بمکوژێ. وتی: لەوە بەسۆزتر و بەڕێزترە کە تۆ لێی دەترسێی. ئینجا سەفوانی هێنایەوە و هێنای بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم). سەفوان وتی: ئەمە وەهای دادەنێت کە سەلامەتییت پێم داوە. فەرمووی:"راستی کردووە". سەفوانیش وتی: دوو مانگ مۆڵەتم بدە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەوە چوار مانگ بۆ تۆ".

لەئەلزوهرییەوە کە ئوم حەکیمی کچی ئەلحاریسی کوڕی هیشام و فاخیتەی کچی ئەلولید، فاخیتە خێزانی سەفوانی کوڕی ئومەییە بوو، ئوم حەکیمیش خێزانی عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل بوو، بوونە موسڵمان. ئوم حەکیم لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) داوای سەلامەتیی کرد بۆ عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) سەلامەتیی پێ دا، خۆی گەیاندە یەمەن بۆلای عیکریمە.

عیکریمەی هێنا، جا کاتێك عیکریمە و سەفوان بوونە موسڵمان، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەسەر هاوسەرگیریی سەرەتا هێشتنییەوە.

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێ: کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چووە مەککەوە، هەبیرەی کوڕی ئەبی وەهب ئەلمەخزومی و عبداللەی کوڕی ئەلزوبعەری ئەسەهمیی هەڵهاتن بۆ نەجران.

لەسەعیدی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی حەسسانی کوڕی سابت ئەلئەنساریيەوە:حەسسان دێڕە شیعرێکی هاوێشتەسەر عبداللەی کوڕی ئەلزەبعەرییەوە کە لەنەجران بوو:

لا تَعْدَمَنْ رجلًا أحَلَّكَ بُغْضُهُ نَجْرَانَ فِي عَيشٍ أَحَذَّ لئِيم

واتا:ئیتر بەمەرد دانانرێت ئەو کەسەی رقی تۆی خستە سەر خۆی، کە ئێستا لەنەجراندا ژیانێکی مەمرە و مەژیی ریسوایانە دەکات.

کاتێ ئەوە بەکوڕی ئەلزەبعەریی گەیشت، گەڕایەوە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و بووە موسڵمان.

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: تەواوی ئەوانەی لەموسڵمانان بەشداری فەتحی مەککە بوون، دە هەزار کەس بوون،لەنەوەی غەفار چوارسەد کەس بوون، چوار سەد لەوانەی بوونە موسڵمان و لەموزینەش هەزار و سێ کەس و لەنەوەی سولەیمیش چوارسەد کەس و لەجوهەینەش هەزار و چوارسەد پیاو و تەواویان لەقورەیش و ئەنسار و هاوپەیمانەکانیان و تەواوی عەرەب لەنەوەی تەمیم و قەیس و ئەسەد.

ئەڵێ: لەو ساڵەدا خالیدی کوڕی وەلید بتی ئەلعوزای لەدۆڵی نەخلە شکاند، پێنج شەو لەمانگی رەمەزان مابوو وردو خاشی کرد، بتی نەوەی شەیبان بوو کە لقێکی سولەیمانی هاوپەیمانی نەوەی هاشم و نەوەی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوزا بوون. ئەیانووت: ئەمە بتی ئێمەیە. خالید بۆی دەرچوو. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێیفەرموو:"ئایە وردو خاشت کرد؟ هیچ شتێکت بینی؟" وتی: نە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بگەڕێرەوە و وردو خاشی بکە". خالیدیش گەڕایەوە بۆ سەر پەیکەرەکە و

خانووەکە و پەیکەرەکەشی تێکشکاند. دەرگاوانەکە دەیووت: ئەی عوزا تووڕە بە و هەندێ تووڕەیی خۆتی پیشان بدە. ئافرەتێکی حەبەشیی ڕووت و قووت دەرچوو بۆ سەر خالید و خالید کوشتی و زیوو و ئالتوونەکانی نێو خانووەکەی برد و هاتەوە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و ئەو هەواڵەی پێ گەیاند، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەوە عوزایە و ئیتر هەرگیز عوزا پەرستن ناکرێت".

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) خالیدی کوڕی وەلیدی نارد سەر عوزاً و ڕووخاندی،عوزا خانوویەك بوو دەرگاوانی هەبوو،لەنەخلە بوو لەنێوان مەککە و تائیف و قورەیش و کینانە و موزەڵ مەزنیان ڕادەگرت،دەرگاوانەکەی کە بیستی خالید بۆ ڕووخاندنی بەڕێکەوتووە، شمشێرەکەی پێدا هەڵواسی و دەستیکردە دواندنی:

أيا عُزّ شدي شدةً لا شوى لها على خالد ألقي القناعَ وشمّري

واتا:ئەی عوزا بەجۆرێ بازووت دڕ بەخالید هەڵماڵە، ڕووپۆش فڕێ بدە و لەنێوی بدە.

کە خالید پێیگەیشت، دەرگاوانەکەی دەیووت:هەندێ لەتووڕەییەکانت دەربخە،ئافرەتێکی ڕەشی ڕووت و قووت دەرچوو،خالید کوشتی و بتەکەی شکاند و ئەو خانووەشی ڕووخاند کە بتەکەی تێدابوو، پاشان گەڕایەوە مەدینە و ئەوەی بۆ پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) گێڕایەوە کە کردبووی،پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم)یش فەرمووی:"ئەو عوزایە ئیتر هەرگیز پەرستن ناکرێت". عەمری کوڕی عاصیش بتی سواعی وردو خاشکرد کە لەنێو هوزەیلدابوو،کە عەمر سواعی وردو خاشکرد دەرگاوانەکەی موسڵمان بوو،سەعدی کوڕی زەیدی ئەشهەلیش مەناتی لە المشلل وردو خاشکرد.

لەئەبو جەعفەرەوە موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی حوسێن، ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کاتێك مەککەی فەتح کرد، خالیدی کوڕی وەلیدی بەبانگەوازکار ڕەوانە کرد نەك بەجەنگاوەر، لەهۆزەکانی عەرەبیش سولەیم و مودلیج و هۆزەکانی تری لەگەڵبوو،جا کە دابەزینە ئەلغومەیساء کە ئاوێك بوو لەئاوەکانی نەوەی

جەرەیمەی کوڕی عامری کوڕی عەبد مەناتی کوڕی کینانە و چوونەسەریان، نەوەی جەرەیمە لەسەردەمی نەفامییدا عەوف کوڕی عەوف ئەبو عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف و نەفاکیەی کوڕی موغیرەیان کوشتبوو کە لەبازرگانییەوە لەیەمەنەوە گەڕابوونەوە و سەرزیبوونە لای ئەوان و ئەوانیش هەڵسابوون هەردووکیانیان کوشتبوو، سەروەت و سامانەکانیان بردبوو، بەڵام کاتێك ئیسلام هات و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خالیدی کوڕی وەلیدی نارد، خالید بەڕێکەوت تاوەکو دابەزییە سەر ئەو سەرچاوە ئاوە، کە ئەوان خالید و موسڵمانەکانیان بینی، چەکیان هەڵگرت. خالید پێیوتن: چەکەکانتان بنێن ئەو خەڵکە وا بوونەتە موسڵمان.

لەپیاوێکی نەوەی جوزامەوە ئەڵێ: کاتێك خالید فرمانی پێکردین چەك دابنێین. پیاوێك بەئێمە کە پێیدەوترا جەحدەم وتی: لەباردایکتان بچن ئەی نەوەی جوزەیمە، ئەوە خالیدە! لەدوای چەك دانان دیلمان دەکات و لەدوای ئەوەش لەگەڕدانمان دەدات. سوێند بەخوا من چەکی خۆم دانانێم. پیاوانێ لەقەومەکەی چوون بەگژیدا و وتیان: ئەی جەحدەم ئەتەوێ خوێنمان بڕێژرێت! ئەو خەڵکە وا بوونەتە موسڵمان و شەڕ کۆتاییهاتووە و سەلامەتیی بەخەڵکیی دراوە. هەر لەگەڵیدا بەردەوام بوون تاوەکو چەکەکەیان پێ دانا و ئەو قەومەش لەسەر قسەی خالید چەکیان دانا. کە چەکیان دانا، خالید فرمانی کرد قۆڵبەست بکرێن، پاشان هەتا توانی لێیانی کوشت، کاتێك ئەو هەواڵە بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەیشت، دەستی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و فەرمووی:"خوایە گیان من بەری و دوورم لەو کارەی کە خالیدی کوڕی وەلید کردوویەتی". پاشان عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبی بانگکرد و فەرمووی:"ئەی عەلی دەربچۆ بۆ لای ئەو خەڵکە و بڕوانە چی ڕووی داوە، هەموو کارێکی سەردەمی نەفامیی بخەرە ژێر پێیەکانتەوە". عەلیش دەرچوو تاوەکو گەیشتە لای نەوەی جوزەیمە و سەروەتێکی پێ بوو کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەگەڵیدا ناردبووی. خوێنبایی کوژراوەکانیانی دا و ئەو سەروەتانەی بژارد کە فەوتابوون و هەر خوێن و مالێ فەوتانێك ڕووی دابوو، قەرەبووی دا. کەمێ سەروەت مایەوە و دوای ئەوەی هەموو شتێکیانی

بژارد، عەلی پێیووتن:ئاخۆ هیچ خوێن و سەروەتێك ماوەتەوە نەمبژاردبێ؟ وتیان: نە عەلی وتی: دەی ئەوەی ماوەتەوە وەك ئەگەرێك بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم بەئێوەی دەدەم لەسەر شتێك كە ئەو و ئێوە نەیزانن. عەلی ئەوەی پێ دان و پاشان گەڕایەوە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و هەواڵەكەی پێ گەیاند و پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"باشت كرد و پێكات". پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەڵسا و رووی كردە قیبلە و دەستی بەرزكردەوە تاوەكو سپیایی بن باڵی دەركەوت و سێ جار فەرمووی:"خوایە گیان من بەری و دوورم لەوەی خالیدی كوڕی وەلید ئەنجامی داوە".

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: هەندێ لەوانەی عوزریان بۆ خالید هێناوەتەوە وتوویانە: خالید وتوویەتی: من ئەوانم نەكوشت تاوەكو عبداللەی كوڕی حوزافەی ئەلسەهمیی ئەو فرمانەی پێكردم. ئەویش وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی پێكردی كاتێك شەڕیان بكەی كە نەبنە موسڵمان.

جا كاتێك چەكیان دانا و خالید ئەوەی بەسەریاندا هێنا، جەحدەم بەنەوەی جوزەیمەی وت: ئەی نەوەی جوزەیمە لەدەستتان چوو بەرگریی لەخۆتان بكەن، من لەوەی بەسەر ئێوەدا هاتووە وریاییم بە ئێوە دا.

ئیبن حومەید بۆی باسكردین وتی: سەلەمە بۆی باسكردین لەئیبن ئیسحاقەوە وتی: عبداللەی كوڕی ئەبو سەلەمە بۆی باسكردم وتی: وەك ئەوەی پێمگەیشتووە، لەو بارەیەوە دەمەقاڵێ لەنێوان خالیدی كوڕی وەلید و عەبدولڕەحمانی كوڕی عەوفدا رووی داوە. عەبدولڕەحمان پێیووتووە: تۆ لەئیسلامدا بەهەڵسوكەوتی سەردەمی نەفامیی كارت كرد. خالیدیش وتوویەتی: من تۆڵەی باوكی تۆم كردووەتەوە. عەبدولڕەحمانی كوڕی عەوفیش وتوویەتی: نەخێر، تۆ بكوژی باوكی منت كوشت، بەڵام لەتۆڵەی مامەتد ئەلفاكیهەی كوڕی ئەلموغیرە. ناكۆكییەك لەنێوانیاندا رووی دا و ئەوە بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەیشت، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی خالید لەسەرخۆبە و دەست لەهاوەڵانم هەڵبگرە، سوێند بەخوا ئەگەر

محمود ئوحود ئالّتوون بێ و هەمووی لەپێناو خوا ببەخشی، بەکردەوەی بەیانیانێك یان ئێوارەنێکی یەکێك لەهاوەلانم ناگەی".

ەعوبەیدوللەی کوڕی عبداللەی کوڕی عوتبەی کوڕی مەسعودەوە وتی: پەیامبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەدوای فەتحی مەککە، پانزە شەو لەمەککەدا مایەوە و نوێژی کورت دەکردەوە. ئیبن ئیسحاق وتوویەتی: فەتحی مەککە دە شەو لەمانگی رەمەزان ماببوو رووی دا، لەسالّی هەشتی کۆچییدا بوو.

باسکردنی غەزوەی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بۆ سەر هوازن لەحونەین

لەهەوالّی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و موسلّمانان و هوازن، ئەوەیە کە ەعوروەوە گێڕدراوەتەوە، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەسالّی فەتحدا نیو مانگ لەمەککەدا مایەوە و هیچی تری نەکرد، هەوالّی پێگەیشت هوازن کە هەوالّی فەتحی مەککەی پێگەیشتووە لەترسی ئەوەی نەوەك دوای فەتحی مەککە جەنگی ئەوان بکرێت، ملاکی کوڕی عەوفی النصری نەوەی نەصری کوڕی موعاویەی کوڕی بەکر کۆیکردوونەتەوە تائەوەی دەستی خۆیان پێش بخەن لەپەلاماردانی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) پێش ئەوەی پەلامار بدرێن،سەقیفیش چوونە پالّیان بەسەرکردایەتی قاربی کوڕی ئەسوەدی کوڕی مەسعودی گەورەی ئەحلاف و زو الخمار سوبەیعبی کوڕی حاریس و براکەی کە ئەحمەری کوڕی حاریسی گەورەی نەوەی مالیك بوو،لەقەیسی عیلانیش تەنیا نەسر و جوشەم و سەعدی کوڕی بەکر و نەوەی هیلال بەشداربوون و کەعب و کیلاب بەشدار نەبوون،لەجوشەمدا دورەیدی کوڕی ئەلسممەی ئامادەبوو کە پیاو ماقوڵێکی خاوەن بۆچوون بوو.

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: کاتێك هوازن هەوالّی پێگەیشت کە خوای گەورە مەککەی بۆ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەتحکردووە، مالیکی کوڕی عەوف ئەلنەسریی کۆیکردنەوە، تەواوی سەقیف لەگەڵ هوازندا کۆبوونەوە، نەسر و جوشەم و سەعدی کوڕی بەکر و خەڵکانێك لەنەوەی هیلال کە کەم بوون کۆبوونەوە، لەقەیس تەنیا عیلان

کۆبوونەوە. لەهوازندا کەعب و کیلاب ئامادە نەبوون، کەسێکیان ئامادە نەبوو ناوی هەبێ. لەجوشەمدا دورەیدی کوڕی ئەلسەممە ئامادە بوو کە پیاوێکی بەتەمەن بوو. خاوەن بۆچوون و شارەزای جەنگ بوو، بەتەمەنێکی خاوەن ئەزموون بوو، لەسەقیفیشد دوو گەورەی ئەحلاف هەبوون کە قاریبی کوڕی ئەلئەسوەدی کوڕی مەسعود و لەنەوەی مالیکی زو ئەلخیماریش سوبەیعی کوڕی ئەلحاریس و براکەی بوو ئەلئەحمەری کوڕی ئەلحاریس لەنەوەی هیلال، کۆکەرەوەی ئەو خەڵکە لای مالیکی کوڕی عەوف ئەلنەسریی بوو. کاتێکُ مالیك بۆ سەر پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەڕێکەوت، ژن و منداڵ و سەروەت و سامانی ئەو خەڵکەشی لەگەڵ خەڵکەکەدا هێنا. ئەوانی هێنا تاوەکو دابەزیبە ئەوتاس. لەوێدا خەڵکیی لای کۆبوونەوە. دورەیدی کوڕی ئەلسەممەیان تێدا بوو. دورەید وتی: ئێوە لەچی شوێنێ دابەزیوون؟ وتیان: لەئەوتاس. ئەویش وتی: شوێنێك کە بواری جوڵەی ئەسپی تێدا نییە، من دەنگی وشتر و زەرینی گوێدرێژ و باعەی مەڕ و گریانی منداڵم گوێ لێیە. وتیان: مالیکی کوڕی عەوف لەگەڵ ئەو خەڵکەدا، ژن و منداڵ و سەروەتی ئەو خەڵکەشی هێناوە.

وتی: مالیك لەکوێیە؟ وترا: ئەوە مالیکە. مالیکی بۆ بانگکرا. وتی: ئەی مالیك تۆ ئێستا بوویتە بەسەرۆکی قەومەکەت، ئەمڕۆ رۆژێکی سەختە،چارەنووسە، گوێم لەدەنگی وشتر و زەرینی گوێدرێژ و باعەی مەڕ و گریانی منداڵە. مالیك وتی: لەگەڵ خەڵکەکەدا ژن و منداڵ و سەروەتەکانیشیانم هێناوە تاوەکو لەپێناو ژن و منداڵ و سەروەتەکانیانیشد بجەنگن. دورەید وتی: ئەوانە بگێڕەرەوە، ئەوانە سوود بەدۆڕاو ناگەیەنن، ئەوەی سوود بەتۆ دەگەیەنێ، جەنگاوەرێکە بەشمشێر و رمەکەیەوە سوودت پێ دەگەیەنێ،ئەگەر بدۆڕێی، بەلەدەستچوونی ژن و منداڵ و سەروەتەکەتەوە شەرمەزار دەبی. وتی: ئەی کەعب و کیلاب بڕیاری چییان دا؟ وتیان: هیچ کەسێکیان بەشدار نەبوو. ئەویش وتی: پەرۆشی و تێکۆشان نەما، ئەگەر ئەمە رۆژی سەرکەوتن بووایە،ئەوە کەعب و کیلاب دووڕەڕێز نەدەبوون. خۆزگە دەخوازم وەك کەعب و کیلاب ئێوەش بەشداری ئەم کارە نەدەبوون. وتی: کێی تر لەئێوە بەشدار بووە؟ وتیان: عەمری کوڕی عامر و عەوفی کوڕی

عمر. وتی: ئەوە دوو تازە پێگەیشتووی نەوەی عامرن، هیچ سوود و زیانێکیان نییە. ئەی مالیك تۆ هیچت دەستناکەوێ، باشترە قەومەکەت ببەیتە بەرزترین شوێنی ولاتی حوت و پاشان بەئەسپسوارەکانتەوە پەلامار بدەی، ئەگەر سەرکەوتووبووی، ئەوە ئەوتی تر پێت دەگەن و ژن و منداڵ و سەروەتەکانیشت پارێزراو دەمێنێتەوە. مالیك وتی: سوێند بەخوا ئەوە ناکەم، تۆ بەسالاچووی و بیرت باش نەماوە، ئەی کۆمەڵی هوازن یان بەگوێم دەکەن یان خۆم دەدەم بەسەر نوکی ئەم شمشێرەدا تاوەکو بەپشتەوە دەردەچێ. حەزی نەدەکرد لەو کارەدا باسی دورەید هەبێ. دورەیدی کوڕی ئەلسەممەش وتی:

هذا يوم لم أشهده ولم يَفُتْني

يا ليتَني فيها جذَعْ أخُبّ فيها وأضَعْ

أقُودُ وَطْفَاءَ الزَّمَعْ

واتا: ئەمە رۆژێکە و نەمبینیووە و لەدەستم دەرنەچووە، خۆزگە لەم رۆژەدا گەنج دەبووم و ئەسپەکەم تاو دەدا.

دورەید سەرۆکی نەوەی جوشەم بوو، بەڵام بەسالاچوو بوو تاوەکو فەوتا، دورەیدی کوڕی ئەلسەممەی کوڕی بەکری کوڕی عەلقەمەی کوڕی جوداعەی کوڕی غەزییەی کوڕی جوشەمی کوڕی موعاویەی کوڕی بەکری کوڕی هوازن بوو.

پاشان مالیك بەخەڵکەکەی وت: ئەگەر ئەو قەومەتان بینی، کێڵانی شمشێرەکانتان بشکێنن و بەیەکجار پەلاماریان بدەن.

لەئومەییەی کوڕی عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی عوسمانی کوڕی عەفانەوە، کە بۆی باسکراوە مالیکی کوڕی عەوف هەندێ سیخوڕی ناردووە تاوەکو بڕوانن و هەواڵی ئەو خەڵکەی بۆ بهێنن. گەڕانەوە لای و ریخۆڵەیان پچڕابوو، وتی: لەبارداێکتان بچن ئەوە چیتان بەسەرهاتووە؟! وتیان: پیاوانێکمان بینی بەسەر ئەسپی بەڵەکەوە وەخت بوو بمانکوژن و تاوەکو ئێستا نمونەی ئەوانمان نەبینیووە. ئەو قسەیە کاری نەکردە سەری و بەدەم نیازی خۆیەوە رۆیشت.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) هەواڵی پێگەیشت هوازن هاتوون، عبداللەی کوڕی ئەبی حەدرەد ئەلئەسلەمیی نارده لایان و فرمانی پێکرد تێکەڵیان بێ و هەواڵیان بزانێ و بڕوانێ نیازیان چییە. ئیبن ئەبی حەدرەد ڕۆیشت و تێکەڵیان بوو، لەنێویاندا مایەوە و زانیی کۆبوونەتەوە بۆ شەڕکردنی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و زانیی نیازی مالیك و هوازن چییە. پاشان گەڕایەوە لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و هەواڵەکەی پێگەیاند، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بانگی عومەری کرد و هەواڵەکەی ئیبن ئەبی حەدرەدی پێگەیاند. عومەر وتی: درۆ دەکات. ئیبن ئەبی حەدرەد وتی: ئەی عومەر ئەگەر من بەدرۆزن بزانی، ئەوە ڕاستییت ڕەتکردووەتەوە. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"تۆش گومڕ بووی و خوای گەورە هیدایەتتی دا ئەی عومەر".

ئەبو جەعفەر موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی حوسێن ئەڵێ:کاتێك پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) سوپای کۆکردەوە بۆ بەرێکەوتن بۆ هوازن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان، بۆی باسکرا کە لای سەفوانی کوڕی ئومەییە قەڵغان و چەك هەیە. ئەو ڕۆژگارە سەفوان هاوبەش پەیداکەر بوو، بۆیە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم فەرمووی:"ئەی ئەبا ئومەییە، چەکەکانت بەئەمانەت پێمان بدە تاوەکو بەیانیی پێیەوە ڕووبەڕووی دوژمنمان بینەوە". سەفوان وتی: ئەمە بەزۆر ئەی موحەممەد؟ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"نەخێر، بەڵکو بەکرێ و بەسەلامەت بۆت دەیگەڕێنینەوە". ئەویش وتی: دەی کێشە نییە. سەد قەڵغان و چەکی گونجاوی بەپەیامبەری خوا دا(صلی الله علیه وسلم). وەهایان داناوە کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) داوای لێکردووە ئەوەندەی پێ بدات کە هەڵبگیردرێت و ئەویش ئەوەی کردووە. ئەبو جەعفەر موحەممەدی کوڕی عەلی ئەڵێ: لەوەدا بووە سوونەت کە ئەمانەت(عاریە) دەبێ بپارێزرێ و بگێڕدرێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

لەعبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە ئەڵێ:پاشان پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دەرچوو دوو هەزار خەڵکی مەککەی لەگەڵبوو لەگەڵ دە هەزار لەو هاوەڵانەی کە خوای

محەمەدی کوڕی جابرەوە ئەویش لەباوکییەوە ئەڵێ: ڕوومان کردە دۆڵی حونەین و لەدۆڵێکی توهامەوە لاماندا و خوارایی تێدا هەبوو، لەبەرەبەیاندا ئەو قەومە هەموو دۆڵە گەیشتبوون و لەهەموو لایەکییەوە بۆسەیان دانابوو، خۆیان ئامادەساز کردبوو، سوێند بەخوا هەر ئەوەندەمان زانی لەهەموو لایەکەوە پەلامار دراین،کەس نەیدەپەڕژا بەسەر هیچ شتێکدا، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لای دایە لای ڕاست و پاشان فەرمووی:" ئەی خەڵکینە وەرنەلای من،من پەیامبەری خوام،موحەممەدی کوڕی عبدالله)سێ جار ئەمەی فەرموو،پاشان وشترەکان لەگۆڕەپانی جەنگەکەدا بەسەر یەکدا کەوتن،تەنیا چەند کەسێکی کۆچەری و ئەنصاری و بنەماڵەی خۆی لەدەوری پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم)مایەوە،لەوانە ئەبو بەکر و عومەر و عەلی و عەببباس و فەزڵی کوڕی و ئەبو سوفیانی کوڕی حاریس و ڕەبیعەی کوڕی حاریس و ئەیمەنی کوڕی ئوم ئەیمەن و ئوسامەی کوڕی زەید بوون. لەپێشڕەوی هوازندا پیاوێك هەبوو بەسەر وشترێکی سوور و ئاڵایەکی ڕەشی بەدەستەوەبوو،بەهەرکەسێ بگەشتبایە بەڕمەکەی لێیدەدا و ئەگەر خەڵکی لەدەست دەرچووبایە ئاڵاکەی بەرزدەکردەوە بۆ ئەوانەی دوای خۆی و شوێنی دەکەوتن،عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب(خوای لێ ڕازی بێ)بەری پێگرت و کوشتی و خەڵکی لەدەست حەساندەوە.

لەوانەی خەڵکی مەککە کە هێشتا ڕقیان لەدڵدا مابوو بەرانبەر پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کە ئەو حاڵەتەیان بینی، ئەبو سوفیان وتی:بەم شکستەیان ناتوانن تا ئەودیوو دەریا خۆیان ڕابگرن،تیرەکان لەتیراندا بوون،جەبلەی کوڕی الحنبل وتی: سیحرەکە پووچەڵ بوویەوە،صەفوانی کوڕی ئومەییەش کە هێشتا هاوبەش پەیداکەر بوو،ئەو ماوەیەی مابوو کە پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) پێیدابوو تا موسڵمان ببێ یاخود بڕوات یان دەکوژرێ—بەجەبلەی بڕای وتی: بێدەنگ بە،دەمت بشکێ،پیاوێکی

قورەیشی گەورەم پێ باشترە لەپیاوێکی هوازن،شەیبەی کوڕی عوسمانیش وتی: ئەمڕۆ بەتۆڵە کردنەوەی خۆم لەموحەممەد دەگەم،چونکە باوکی لەجەنگی ئوحوددا بەهاویەش پەیداکەریی کوژرابوو،بەکرداریش ویستی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بکوژێ،بەڵام کە بەرەو رووی رۆیشت دڵی هاتەلەرزین و نەیتوانی،وتی: کە دەمویست بیکوژم، هۆشم لەدەست دەدا، ئەوکات زانییم پارێزراوە و دەستم پێی ناگات.

لەکەسیری کوڕی عەباسەوە ئەویش لەعەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیبەوە کە باوکێتی وتی: لەگەڵ پەیامبەر بووم(صلى الله عليه وسلم) جڵەوی ئێستڕەکەییم گرتبوو(دلدل)و پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) بەسەر ئێستڕەکەیەوە بوو،پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:" ئەی عەبباس هاواربکە ئەی کۆمەڵی ئەنصاری خاوەن رەچەڵەک،عەببباس هاواری کرد و ئەوانیش وتیان: لبيك لبيك و نەیاتووانی لەسەر وشترەکانیان خۆڕاگرێ خێرا دابەزین و بەشمشێرەوە رووەو دەنگی عەببباس دابەزین،سەد کەس لای پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) کۆبوونەوە و کەوتنە جەنگکردنی هوازن و ئەیفەرموو:

أنا النبي لا كذب أنا ابن عبدالمطلب

واتا: من پەیامبەرم و درۆ ناکەم، من کوڕی عەبدولموتەڵیبم. ئەوانیش وەڵامیان دایەوە وتیان:لبيك لبيك. ئەڵێ: هەریەکە و لەسەر وشترەکەی خۆی فڕێ دەدایە خوارەوە و خۆی دەگەیاندە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و تاوەکو بوونە سەد کەس. ئینجا رووبان کردە خەڵکەکە و شەڕیان کرد،بانگی یەکەم بۆ ئەنسار بوو، پاشان بۆ خەزرەج، لەکاتی ئەو شەڕەدا خۆڕاگربوون، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەسەر ولاخەکەیەوە ئەیڕوانییە جەنگەکە و فەرمووی:"جەنگ بڵێسە دەدات".

لەئەلبەڕائەوە ئەڵێ: ئەبو سوفیانی کوڕی ئەلحاریس لەڕۆژی حونەیندا ئێستڕەکەی پەیامبەری خوای بەڕێدەخست و جڵەوەکەی گرتبوو، کاتێک هاوبەش پەیداکەران دەورەی پەیامبەری خوایان دا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دابەزی و ئەمەی دەفەرموو:

أنا النبي لا كذب أنا ابن عبدالمطلب

وتا: من پەیامبەرم و درۆ ناکەم، من کوڕی عەبدولموتەلیبم.

ەو خەڵکە کەسم نەبینی لەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) جەنگاوەرتربێ.

ـەجابری کـوڕی عبداللـەوە ئـەڵێ: پیـاوێکی هـوازن کـە ئالاهـەڵگریان بـوو بەسـەر وشترەکەیەوە لێدانی سەختی موسڵمانەکانی دەکرد، عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و پیـاوێکی ئەنساریی دەرچوون بپکوژن، عەلی لەپشتەوەی هات و لەدەماری پاژنەی وشترەکەی دا و خستی و ئەنساریيەکەش هەڵیکوتایە سەر کابرا و یەك لێدانی کرد، نیوەی رانـی بـڕی، ئیتر خەڵکەکە پاشەکشەیان کرد بەهۆی ئەو دۆڕانەیانەوە، دیلـەکانیان قۆڵبەست کـران. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لای کردەوە بەلای ئەبو سوفیانی کوڕی ئەلحاریسی کوڕی عەبدولموتەلیبدا کە یەکێك بوو لەوانەی ئەو رۆژە خۆڕاگربوون لەگـەڵ پەیامبـەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) و بـەجوانترین شـێوە موسـڵمان بـوو، جلـەوی ئێسـترەکەی پەیامبەری خوای گرتبوو، پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەمە کێیە؟" وتی: خزمەتکارەکەتە ئەی پەیامبەری خوا.

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەویش لەعبداللەی کوڕی ئـەبو بـەکرەوە پەیامبەر(صـلى الله عليـه وسلم) لایکردەوە ئوم سولەیمی کچی ملحانی بینی لەگەڵ ئەبو تەڵحەی مێردیدا بوو لەنێو قەدیدا عەباکەی بەستبوو،سکپڕبوو بەعبداللـەی کـوڕی ئـەبو تەڵحە،وشـتری مێردەکـەی لەگەڵدابوو ترسا بکەوێ بەسەریدا،بۆیە سەری بۆ نزمکردەوەو موو لوولدراوەکـەی کـردە لووتی وشترەکەدا،پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی ئوم سـولەیم؟" وتـی: بەڵێ دایك و باوکم بەفیدات بێ ئەی پەیامبـەری خـوا ئـەو کەسـانە بکـوژە کـە دەدۆڕێـن لەبەرانبەرتـدا وەك چـۆن ئەوانـە دەکـوژی کـە شـەڕت دەکەن،ئـەوان بـۆ کوشـتن باشن،پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم):" ئەوە بەس نییە بۆ خوای گەورە ئەی ئـوم سولەیم"،ئوم سولەیم خنجەرێکی پێ بوو،ئەبو تەڵحە پێیوت:ئەم خنجەرە چـیيە کـە بـە تۆیـە ئـەی ئـوم سـولەیم؟وتی:بۆیە هـەڵمگرتووە ئەگـەر هاوبـەش پەیداکـەرێك لـێم نزیکبوویەوە بیکەم بەسکیدا و بیکوژم،ئەبو تەڵحە وتی:گوێت لێیە ئەی پەیامبـەری خـوا ئوم سولەیم چی دەڵێ؟!

لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ئەڵێ: ئەبو تەڵحە لەڕۆژی حونەیندا بەتەنیا هەر خۆی بیست پیاوی کوشت.

لەجوبەیری کوڕی موتعیمەوە ئەڵێ: پێش شکستی ئەو قەومە، لەئاسمانەوە نمونەی خەت دارم بینی کەوتە نێوان ئێمە و ئەوان، روانیم مێروولەی رەشە و پڕ بەو شیوە بوویەوە، گومانم نەبوو ئەوانە فریشتەن، یەکسەر ئەو قەومە دۆڕان.

ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە وتی: کە هوازن دۆڕا، حەفتا پیاو لەسەقیف لەنەوەی مالیک کوژرا، لەنێویاند عوسمانی کوڕی عبداللەی کوڕی ڕەبیعەی کوڕی ئەلحاریسی کوڕی حەبیب هەبوو باپیری کوڕی ئوم حەکەمی کچی ئەبو سوفیان، لەگەڵ زی ئەلخیماردا لەژێر بەیداخ و ئالای ئەواندا بوون.

لەئەنەسەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەڕۆژی حونەیندا بەسەر ئێستڕێکی سپییەوە بوو کە پێیدەوترا دولدول، کاتێك موسڵمانەکان دۆڕان، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەئێستڕەکەی فەرموو:"ئەی دولدول بچەمێرەوە". ئێستڕەکە سکی خستە سەر زەوی و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چنگێ خۆڵی هەڵگرت و فڕێی دا بەڕووی ئەو قەومەدا و فەرمووی:"حم لا ينصرون"، ئیتر هاوبەش پەیداکەران هەڵهاتن و نە شمشێرێکیان بەکارهێنا و نە ڕم و تیرێکیان هاوێشت.

لەیەعقوبی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەلموغیرەی کوڕی ئەلئەخنەسەوە ئەڵێ: لەگەڵ عوسمانی کوڕی عبداللەدا خزمەتکارێکی گاوری خەتەنە نەکراو کوژرا. پیاوێکی ئەنسار بەنێو کوژراوانی سەقیفدا دەگەڕا، کۆیلەیەکی کوژراوی بینی پشکنیی، بینی خەتەنە نەکراوە، بەوپەڕی دەنگی بەرزی هاواری کرد: خوای گەورە دەزانێ کە سەقیف خەتەنە ناکەن. موغیرەی کوڕی شوعبە ئەڵێ: دەستم گرت و ترسام لای عەرەب شەرمەزارمان بکات، وتم: دایك و باوکم بەفیدات بێ وەها مەڵێ، ئەوە خزمەتکارێکی ئێمەیە و گاورە. پاشان بەنێو کوژراوەکانماندا دەمسوڕاند و پێشانم دەدا و ئەمووت: ها نابینی خەتەنەکراون!

ئەڵێ: ئاڵای ئەحلاف لای قاریبی کوڕی ئەلئەسوەدی کوڕی مەسعود بوو، کاتێك حەلکەکە دۆڕان، ئاڵاکەی پاڵ دایەوە بەدرەختێکەوە و خۆی و ئامۆزاکانی و قەومەکانی ئەحلاف هەڵهاتن، تەنیا دوو پیاوی نەوەی غیەرەیان لێ کوژرا، یەکێکیان پێیدەوترا وەهب و ئەوی تر لەنەوەی کنانە بوو پێیدەوترا ئەلجولاح. کاتێ هەوالّی کوژرانی ئەلجولاح بەپەیامبەری خوا(صلیٰ الله علیه وسلم) گەیشت، فەرمووی:"ئەمڕۆ گەورەی گەنجانی سەقیف کوژرا، تەنیا کوڕی هونەیدە نەبێ"، کوڕی هونەیدە ئەلحاریسی کوڕی ئەوس بوو.

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: کاتێك هاوبەش پەیداکەران شکستیان هێنا، هاتن بۆ تائیف و مالیکی کوڕی عەوف و سەربازەکانیان لەگەڵدا بوو لەوانەی ئەوتاس، هەندێکیان ڕوویان کردە نەخلە، ئەوانەی ڕوویان کردە نەخلە، تەنیا نەوەی غیرەی سەقیف بوون،ئەسپسوارەکانی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دوای ئەوانەیان کەوت کە ڕوویانکردە نەخلە، ڕەبیعی کوڕی ڕەفیع بەدورەیدی کوڕی ئەلسەممە گەیشت کە بەسەر وشترەکەیەوە بوو،جلّەوی ئەسپەکەی گرت و بەڕێیدەخست وەهایزانی ئافرەتی لەسەرە،وشترەکەی دانیشاندەوە بینی سواری وشترەکە پیاوێکی نابینای بەتەمەنە و ڕەبیعی کوڕی ڕەفیع نەیناسیەوە و پرسی تۆ کێیت؟ وتی:دورەیدم تۆ چیت لەمن دەوێ؟وتی:دەتکوژم،وتی: تۆ کێیت؟وتی: من ڕەبیعی کوڕی ڕەفیعی سولەمیم،پاشان شمشێرێکی لێداو هیچی پێ نەکرد،دورەید وتی: دایکت بەشێوەیەکی خراپ چەکی پێ هەڵگرتووی،شمشێرەکەم لەدواوەی باری وشترەکەمە بەوە لێم بدە،لەسەرووی ئێسك و خوار دەماغەوە(گەردن) لێم بدە،من بەو شێوە لەخەڵکیم دەدا و دەمکوشتن،پاشان کە ڕۆیشتیتەلای دایکت پێی بڵێ دورەیدی کوڕی ئەلسەممەم کوشتووە کە ڕۆژێك بووە ئافرەتانی تۆی ڕزگارکردووە،کە گەڕایەوە و بەدایکی وت دورەیدی کوشتووە،وتی: سوێند بەخوا سێ جار دایکانی تۆی ئازادکردووە.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: پەیامبەری خوا ڕەبیعی کوڕی ڕەفیع بەدورەیدی کوڕی ئەلسەممە گەیشت کە بەسەر وشترەکەیەوە بوو،جلّەوی ئەسپەکەی گرت و بەڕێیدەخست وەهای

زانی ئافرەتی لەسەرە،وشترەکەی دانیشاندەوە بینی سواری وشترەکە پیاوێکی نابینای بەتەمەنەو رەبیعی کوڕی رەفیع نەیناسییەوە و پرسی تۆ کێیت؟ وتی:دورەیدم تۆ چیت لەمن دەوێ؟وتی:دەتکوژم،وتی: تۆ کێیت؟وتی: من رەبیعی کوڕی رەفیعی سولەمیم،پاشان شمشێرێکی لێداو هیچی پێ نەکرد،دورەید وتی: دایکت بەشێوەیەکی خراپ چەکی پێ هەڵگرتووی،شمشێرەکەم لەدواوەی باری وشترەکەمە بەوە لێم بدە،لەسەرووی ئێسک و خوار دەماغەوە(گەردن) لێم بدە،من بەو شێوە لەخەڵکیم دەدلو دەمکُوشتن،پاشان کە رۆیشتیتەلای دایکت پێی بڵێ دورەیدی کوڕی ئەلسەمم کوشتووە کە رۆژێك بووە ئافرەتانی تۆی رزگارکردووە،کە گەڕایەوەو بەدایکی وت دورەیدی کوشتووە،وتی: سوێند بەخوا سێ جار دایکانی تۆی ئازادکردووە.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێشتر کەسانێکی نارد بۆ ئەوتاس، موسای کوڕی عەبدولڕەحمان ئەلکیندیی بۆی باسکردم وتی: ئەبو ئوسامە بۆی باسکردین لەبورەیدی کوڕی عبداللەوە ئەویش لەئەبو بوردەوە ئەویش لەباوکیەوە وتی: کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەحونەینەوە هاتەوە، ئەبو عامری بەسەرۆکایەتیی سوپایەك نارد ئەوتاس، بەدورەیدی کوڕی ئەلسەمە گەیشت و دورەیدی کوشت، خوای گەورە هاوڕێکانی دورەیدی دۆڕاند.

ئەبو موسا وتی: لەگەڵ باوکمدا منی نارد و وتی: ئەبو عامر تیری گرت لەئەژنۆی و پیاوێکی نەوەی جوشەم تیرێکی تێگرت و ئەژنۆی پێکا، گەیشتمە لای و وتم: مامە کێ تیری تێگرتی. ئەبو عامر ئاماژەی کردە ئەبو موسا و وتی: ئەو کەسە تیری گرتە من و منی کوشت. ئەبو موسا ئەڵێ: بۆی رۆیشتم، کە منی بینی، هەڵهات و منیش دوایکەوتم و پێم دەوت:ئاخۆ شەرم ناکەی! ئە تۆ عەرەب نیت و بیر و فیکرێکت نییە! بەیەکگەیشتین و شمشێرمان لەیەکتر هەڵکێشا، بەشمشێر لێم دا و پاشان گەڕامەوە لای ئەبو عامر و وتم: خوای گەورە کوشت. ئەویش وتی: ئەم تیرە دەربهێنە. تیرەکەم لەجەستەی دەرهێنا و عەرەقی لێ دەچۆڕا. ئینجا وتی: ئەی برازا برۆ بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و سەلامی منی پێ بگەیەنە و پێی بڵێ: داوای لێخۆشبوونم بۆ

بکات. خەڵکیی ئەبو عامریان هەڵگرت و کەمێك بەرێگەدا رۆیشتن ئینجا کۆچی دوایی کرد.

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق وتی: یەکێك لەنەوەی سەعدی کوڕی بەکر بۆی باسکردم وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەو رۆژە بەئەسپسوارەکانی فەرموو کە ڕەوانەی کردن:"ئەگەر تواناییتان سەرکەون بەسەر بجاد لەنەوەی سەعدی کوڕی بەکر، مەهێڵن لەدەستتان دەربچێت". بجاد کێشەیەکی نابوویەوە، موسڵمانەکان چنگیان خست و خۆی و ماڵ و منداڵی و خوشکەکەشی کە شەیمائی کچی ئەلحاریسی کوڕی عبداللەی کوڕی عەبدولعوزا بوو خوشکی شیریی پەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم)، هەموویانیان هێنا. لەبەرێکردندا موسڵمانەکان خێرایان پێکرد و لەگەڵیدا تووند بوون، ئەویش بەموسڵمانەکانی وت: ئەی نازانن! سوێند بەخوا من خوشکی شیریی پەیامبەری خوام. موسڵمانەکان بەڕاستیان نەزانی تاوەکو هێنایانە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم).

لەئەبو وەجزەوە یەزیدی کوڕی عوبەیدوللەی ئەلسەعدی ئەڵێ: کاتێك ئەلشەیماء هێنرایە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)،وتی: ئەی پەیامبەری خوا من خوشکی تۆم. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"نیشانەی خوشکایەتیی تۆ چییە؟". وتی: ئەوەیە وەختی خۆی گازێکت لەپشتم گرتووە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەو نیشانەیە ئەوی ناسییەوە و عەباکەی خۆی بۆ راخست و پاشان فەرمووی:"ئا لێرە دابنیشە". لەسەر عەباکەی خۆی داینیشاند و ڕێزی لێگرت. پێیفەرموو:"ئەگەر دەتەوێ لام بمێنەرەوە بەڕێزدارانە، ئەگەریش دەتەوێ ئەوە بەچاکەوە دەتگەڕێنمەوە لای قەومەکەت؟" ئەویش وتی: بەڵکو ڕێزم لێ بگرە و بمگێڕەوە بۆلای قەومەکەم. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) دیاریی پێ دا و گەڕاندییەوە لای قەومەکەی.

نەوەی سەعدی کوڕی بەکر وەهایان داناوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خزمەتکارێکی بەو خوشکە شیرییەی داوە پێیووتراوە مەکحول و ژنە خزمەتکارێکیش کە

دواتر ئەو دوو کۆیلەیە بوونە ژن و مێرد و وەچەیان لەنێویاندا ماوەتەوە. ئیبن سەعد ئەڵێ: لەڕۆژی حونەیندا لەقورەیش پاشان لەنەوەی هاشمدا، ئەیمەنی کوڕی عوبەید شەهید بوو، واتا کوڕی ئوم ئەیمەنی ژنە خزمەتکاری پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، لەنەوەی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوزاش یەزیدی کوڕی زەمعەی کوڕی ئەلئەسوەدی کوڕی عەبدولموتەڵیبی کوڕی ئەسەد شەهید بوو، لەئەنساریش سوراقەی کوڕی ئەلحاریسی کوڕی عەدی کوڕی بلعجلان و لەئەشعەرییەکانیش ئەبو عامری ئەلئەشعەری،پاشان سەبایە و سەروەتی حونەین بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کۆکرایەوە، مەسعودی کوڕی عەمر ئەلقاریی سەرپەرشتیاری دەسکەوتەکان بوو،پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی کرد سەبایە و سەروەتەکان ببردرێنە جەعرانە و لەوێدا گلدرانەوە.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: کاتێ پاشماوە و هەڵهاتووەکانی تائیف گەیشتن، دەرگاکانی شارەکەیان داخست و ئامادەساز بوون بۆ جەنگ، عوروەی کوڕی مەسعود و غەیلانی کوڕی سەلەمە بەشداری حونەین و گەمارۆدانی تائیف نەبوون،بەڵکو سەرقاڵی دروستکردنی زرپێش و مەنجەنیق بوون.

لەعوروەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەرکە لەحونەین رۆیشت. دابەزییە تائیف، نیو مانگ مایەوە و خۆی و هاوەڵانی شەپی تائیفیان کرد، سەقیف لەپشت قەڵاکانەوە شەپیان کرد و کەسیان دەرنەچووە دەرەوەی قەڵاکان، تەواوی خەڵکی دەوروبەریان بوونە موسڵمان، شاندیان هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەڕایەوە و تەنیا نیو مانگ گەمارۆی دان، پاشان دابەزییە جەعرانە کە سەبایە و منالانی حونەینی تێدا بوو، وەهایان داناوە کە سەبایەکانی ئەو رۆژەی هوازن، شەش هەزار ژن و منداڵ بوونە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کاتێك گەڕایەوە جەعرانە، شاندی هوازن بەموسڵمانێتیی هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) تەواوی ژن و منداڵەکانیانی ئازاد کرد. لەجەعرانەوە نییەتی عومرەی هێنا و ئەوەش

ـەمانگی زی ئەلقەعیدەدا بوو. پاشان پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئەبو بـەکری بەجێهێشت(خوای لێ رازیی بێ) بەسەرپەرشتیاری خەڵکی مەککە و فرمانی پێکرد حـەج بەخەڵکیی بکات و ئیسلام فێری خەڵکیی بکات و سەلامەتیی بداتە هەرکەسێك کـە حـەج بکات. گەڕایەوە مەدینە، لەگەڕانەوە مەدینـەدا شـاندی سـەقیف هاتنـەلای، لەسـەر ئـەو باسـەی کـە باسـکراوە، لەگـەڵ پەیامبـەری خوادا(صـلی الله علیـە وسـلم) رێککـەوتن و بەیعەتیان دا.

لەعەمری کوڕی شوعەیبەوە کە پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـە وسـلم) لەحونەینـەوە رێگەی تـائیفی گرتەبـەر بەسـەر نەخلـە ئەلیەمانییـەدا تێپـەڕی ئینجـا قـەرەن و پاشـان لەوێوە بەئەلمولەیح و پاشان بەحرە ئەلڕەغاء لە لییەوە، لەوێدا مزگەوتێکی دروستکرد و نوێژی تێدا کرد، لەوێدا تۆڵەی خوێنی کردەوە و ئەوەش یەکەمین تۆڵەکردنەوەیـەك بـوو لەئیسلامدا، تۆڵەی لەپیاوێکی نەوەی لەیس کـردەوە کـە پیـاوێکی هـوزەیلی کوشـتبوو، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەتۆڵەی کوژراوەکەدا بکوژی کوشت، لەلییەدا بـوو فرمانی کـرد قەلاکـەی مـالیکی کـوڕی عـەوف بڕوخێنرێـت، پاشـان رێگەیـەکی گرتەبـەر پێیدەوترێ ئەلزەیقە. کاتێك ئەو رێگەیەی گرتەبەر، لەبارەی ناوی ئەو رێگەیەوە پرسی، وتیـان پێیـدەوترێت رێگـەی ئەلزەیقـە(الضـیقة – ناڕەحـەتی)، فەرمووی:"بـەڵکو ئاسانە(الیسری). پاشان پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دەرچـوو بەسـەر نەخبـدا تێپەڕی تاوەکو دابەزییە ژێر دار نەبگێك پێیدەوترێ ئەلسادیرە و نزیك بـەمالّی پیـاوێکی سەقیف. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) هەوالّی بۆ نارد یان دەردەچیتە دەرەوە یان خانووەکەت بەسـەردا دەڕوخێـنین. کـابرا رەتیکـردەوە دەربچـێ، بۆیـە پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـە وسـلم) فرمـانی کـرد خانووەکـەی بڕوخێنرێـت. پاشـان پەیامبـەری خوا(صلی الله علیه وسلم) رۆیشت تاوەکو دابەزییە نزیك تائیف و لەوێدا سـەربازگەی لـێ دا، ئەوانـەی تـائیف هـاوەلانی پەیامبـەری خوایـان تیربـاران کـرد، چـونکە سـەربازانی موسـڵمانان نزیـك بـەدیوارەکانیان دابـەزین و ئـەوان تیریـان بـەکارهێنا، دەرگاکانیـان داخستبوو دەرنەدەچوونە دەرەوە.

جا کاتێك ئەو چەند هاوەڵەی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەتیری خەڵکی سەقیف پێکران، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئەوانی دوورخستەوە و سەربازگەکەی گواستەوە لای مزگەوتەکەی کە لەتائیف دروستی کردبوو، بیست و شتێ شەو گەمارۆی دان، دووان لەهاوسەرەکانی لەگەڵیدا بوون، یەکێکیان ئوم سەلەمەی کچی ئەبو ئومەییە بوو، هاوسەرێکی تریشی لەگەڵدا بوو، واقیدیی ئەڵێ زەینەبی کچی جەحش بووە. دوو گومەزی(کەپری) بۆ دروستکردن و لەنێوان هەردوو گومەزدا نوێژی دەکرد هەتا ئەوکاتەی لەوێدا مایەوە. کاتێ سەقیف بووە موسڵمان، ئەبو ئومەییە عەمری کوڕی وەهبی کوڕی موعەتیبی کوڕی مالیك لەشوێنی نوێژکردنی پەیامبەری خوادا(صلی الله علیه وسلم) مزگەوتێکی دروستکرد.

وەك دەڵێن رۆژێ تێنەپەڕی گوێبیستی پێچەوانە بوون، بۆیە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) گەمارۆی دان و شەڕێکی سەختی کردن، موسڵمانانیان تیرباران کرد و رۆژی سەخت بوو لای دیواری تائیف. هەندێ لەهاوەڵانی پەیامبەری خوا لەژێر زرپێوشدا خۆیانیان گەیاندە دیواری تائیف، سەقیفیش ئاسنی داخکراویان کرد بەسەریاندا، ناچار لەژێر زرپێوشەکە دەرچوون و تیرباران کران و پیاوانێکیان لەموسڵمانەکان کوشت، بۆیە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فرمانی کرد رەز و ترێی سەقیف ببڕنەوە و دەستیانکردە بڕینەوەی. ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب و موغیرەی کوڕی شوعبە چوونە پێشەوە بۆلای تائیف، هاواریان کردە سەقیف و وتیان: سەلامەتییمان پێ بدەن تاوەکو قسەتان لەگەڵدا بکەین. سەلامەتییان بەهەردووکیان دا. داوایان کرد ئافرەتانی قورەیش و نەوەی کینانە دەربچنە لایان. ئەترسان بکرێنە سەبایە. ئافرەتەکان ئەوەیان رەتکردەوە، تیایاندا ئامینەی کچی ئەبو سوفیان هەبوو کە ژنی عوروەی کوڕی مەسعود بوو، دایکی داوودی کوڕی عوروە. ژنانی تریش هەبوون.

واقیدیی ئەڵێ: کەسێری کوڕی زەید بۆی باسکردم ئەویش لەئەلوەلیدی کوڕی رەباحەوە ئەویش لەئەبو هورەیرەوە وتی: کە پانزە شەو لەگەمارۆدانی تائیف تێپەڕی. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) راوێژی بەنەوفەلی کوڕی موعاویە ئەلدەیلیی کرد و

وتی: ئەی نەوفەل بۆچونت چییە لەسەر ئەم گەمارۆیەی خستوومانەتە سەریان؟ ئەویش وتی: ئەی پەیامبەری خوا، وەك رێوییەکە لەکونی خۆیدا، ئەگەر لەسەر سەری بووەستی، ئەوە لەکونەکەیدایە، ئەگەر بەرەلاشی بکەی زیانت لێ نادات.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: پێمگەیشتووە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەئەبو بەکری کوڕی ئەبی قوحافەی وتووە لەو کاتەی کە سەقیفی لەتائیفدا گەمارۆدابوو:"ئەی ئەبو بەکر، لەخەودا بینیم گومەزێکی پڕ بەکەرەم پێشکەش کرا، کەڵەشێرێك دەنوکی لێ دا و هەرچی تێدا بوو رژاندی". ئەبو بەکر وتی: ئەی پەیامبەری خوا وەهای دەبینم ئەمڕۆ هیچت چنگ ناکەوێ بەرانبەر سەقیف. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"منیش وەهای دەبینم".

پاشان خەولەی کچی حەکیمی کوڕی ئومەییەی کوڕی حاریسەی کوڕی ئەلئەوقەسی سولەمیی کە ژنی عوسمانی کوڕی مەزعون بوو وتی: ئەی پەیامبەری خوا ئەگەر خوای گەورە تائیفی بۆت فەتحکرد، ئەوە زێڕ و خشڵەکانی بادیەی کچی غەیلانی کوڕی سەلەمە یان فاریعەی کچی عەقیلم پێ بدە. دوو جوانترین ژنانی سەقیف بوون. ئەڵێ: بۆم باسکرا کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێیفەرموو:"ئەی خوەیلە ئەگەر لەسەقیفیشدا مۆڵەتی ئەوەم پێ نەدرابێ؟ خوەیلە دەرچوو ئەوەی بۆ عومەری کوڕی خەتاب باس کرد. عومەر رۆیشت بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و وتی: ئەی پەیامبەری خوا تۆ ئەوەت بەخوەیلە فەرمووە؟ فەرمووی:"بەڵێ". عومەر وتی: ئەی جارێ رۆیشتن بدەم؟ فەرمووی:"بەڵێ". کاتێك خەڵکیی ویستیان بەرێبکەون، سەعیدی کوڕی عوبەیدی کوڕی ئەسیدی کوڕی ئەبی عەمری کوڕی ئەلعیلاج ئەلسەقەفیی هاواری کرد:ئەرێ سەقیف لەشوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە! عوبییەینەی کوڕی حیصن وتی: بەڵێ، سوێند بەخوا شکۆدارانە لەشوێنی خۆیاندا دەمێننەوە.

پیاوێکی موسڵمان وتی: ئەی عویەینە خوا بتکوژێ، ئەرێ تۆ پیاهەڵدانی قەومێکی هاوبەش پەیداکەر دەکەی کە نەهاتنە سەر قسەی پەیامبەری خوا! تۆ هاتووی بۆ سەرخستنی ئەوان! عویەینە وتی: سوێند بەخوا بۆ ئەوە نەهاتووم لەپاڵ ئێوەدا شەڕی

سەقیف بکەم، بەڵکو ویستم کاتێك موحەممەد تائیف فەتح دەکات، ژنە جاریيەکە دەستکەوێ و منداڵێك لێ بێتە دونیاوە، چونکە سەقیف قەومێکی ئازا و سەرسەختن.

لەتائیفدا دوانزە هاوەڵی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) شەهید بوون، حەوت قورەیشی و پیاوێکی نەوەی لەیس و چوار ئەنساری.

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کە لەتائیف ڕۆیشت، بەسەر دەحنادا تێپەڕی تاوەکو لەگەڵ ئەو موسڵمانانەی لەگەڵیدا بوون. دابەزیيە جەعرانە. لەجەعرانەدا شاندی هوازن هاتنە لای و سەبایەی هوازن لەژنان و منداڵان لای پەیامبەری خوا بوون(صلى الله عليه وسلم) و شەش هەزار وشتر و مەڕ و مالاتێکی زۆری لەژمارە نەهاتوو.

لەعبداللەی کوڕی عەمری کوڕی ئەلعاصەوە ئەڵێ: شاندی هوازن هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کە لەجەعرانەدا بوو، بەموسڵمانێتیی هاتن و وتیان: ئەی پەیامبەری خوا ئەو بەڵێەمان بەسەردا هاتووە کە لای خۆت شاراوە نییە. منەتمان بخەرە سەر هەروەك چۆن خوای گەورە منەتی خستووەتە سەرت. پیاوێکی هوازن لەنەوەی سەعدی کوڕی بەکر هەڵسا، لەوانەی بەمنداڵیی شیریان بەپەیامبەری خو دابوو، پێیدەوترا زوهەیری کوڕی سورەد و خاوەن کونیەی ئەبو سورەد، هەڵسا و وتی: ئەی پەیامبەری خوا، ئەو ئافرەتانەی گیراون و لەوێدا گەمارۆن، پووز و ئەو دایەنانەی خۆتن کە لەمنداڵییدا تۆیان گەورە کرد، ئەگەر ئەوەمان بەرانبەر ئەلحاریسی کوڕی شەمەر یان نوعمانی کوڕی ئەلمونزیر بکردبایە و پاشان ئەوەمان بەسەردا بهاتبایە کە ئێستا بەسەرماندا هاتووە، ئەوە ئومێدی سۆز و بەخشینی ئەوان دەبووین، تۆ لەهەموو ئەوانە باشتری. پاشان ئەم هۆنراوەیەی وت:

امنُن عَلينا رسولَ اللهِ في كَرَمٍ فإنَّكَ المرْءُ نرْجُوه ونَدَّخِرُ

امنُنْ علَى بَيضةٍ قد عاقَها قدرٌ مُمَزَّقٌ شَمْلُهَا، في دهرِهَا غِيَرُ

وتـ :ئەی پەیامبەری خوا لەبەخشندەییدا منەتمان بخەرە سەر، تۆ ئەو مرۆڤەی کە حەیی بەخشندەییت لێ دەکەین، منەت بخەرە سەر ئافرەتانێك کە قەدەر ئازاری داون و تووشی دەردەسەریی هاتوون.

کە ئەو دێرە هۆنراوانەی وت، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێیفەرموو:"ژن و منداڵەکانتان بەلاوە شیرینە یان سەروەت و سامانەکانتان؟" وتیان: ئەی پەیامبەری خوا تۆ ئێمەت سەرپشك کرد لەنێوان پشت و سەروەت و سامانماندا، بەڵکو ئەمانەوێ ژن و منداڵەکانمان بۆ بگێڕیتەوە و ئەوانمان بەلاوە شیرینترە. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:" ئەوەی کەوتە بەشی من و نەوەی عەبدولموتەڵیب بۆ خۆتانی بەنەوە"،پاشان فەرمووی:"ئەگەر نوێژم بەخەڵکیی کرد بڵێن:ئێمە لای موسڵمانەکان پەیامبەری خوا دەکەینە تکاکارو لای پەیامبەریش موسڵمانەکان تاوەکو ژن و منداڵەکانمان ئازاد بکەن،ئەوجار من تکاتان قبوڵدەکەم و بۆ ئێوەش قسە لەگەڵ موسڵمانەکاندا دەکەم". کە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) نوێژی نیوەڕۆی بەخەڵکی کرد،ئەوەیان کرد کە خۆشەویست پێیفەرموبوون،پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەوەی بەشی من و عەبدولموتەڵیب بێ بیبەنەوە بۆ خۆتان"،کۆچەرو پشتیوانەکانیش وتیان: ئەوەشی بۆ ئێمە بێ بۆ پەیامبەری خوایە. ئەقرەعی کوڕی حابس وتی: ئەوەی بەشی خۆم و نەوەی تەمیم بێ نایگێڕمەوە، عوییینەی کوڕی حصنیش وتی: ئەوەی بەشی خۆم و فزارە بێ نایگێڕمەوە،عەببباسی کوڕی مرداسیش وتی:ئەوەی بەشی خۆم و سولەیم بێ نایگێڕمەوە،بەڵام نەوەی سولەیم وتیان:بەشی ئێمەش بۆ پەیامبەری خوایە(صلى الله عليه وسلم) ،عەببباس وتی:ڕوو زەردو خەجاڵەتمتان کرد! ! پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم)فەرمووی:"هەرکەسێ سەبیەکەی خۆی بداتەوە، ئەوە بەرانبەر بەهەر یەکێکیان شەش پشکی فەیئی پێ دەدەم" بۆیە ژن و منداڵەکانیان بۆ خەڵکەکە گێڕایەوە.

لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە وتی: یەزیدی کوڕی عوبەید ئەلسەعدیی ئەبو وەجزە بۆی باسکردم وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەسەبایەی حونەین

جاریەیەکی بەعەلی کوڕی ئەبو تالّیب دا پێیدەوترا رەیتەی کچی هیلالی کوڕی حەییانی کوڕی عومەیرەی کوڕی هیلالی کوڕی ناسیرەی کوڕی قوسەییەی کوڕی نەسری کوڕی سەعدی کوڕی بەکر و جاریەیەکی دا بەعوسمانی کوڕی عەفان کە پێیدەوترا زەینەبی کچی حەییانی کوڕی عەمری کوڕی حەییان، جاریەیەکیش دا بەعومەری کوڕی خەتاب و عومەر دای بە عبداللەی کوڕی.

لە عبداللەی کوڕی عەومەرەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەسەبایەی هوازن جاریەیەکی دا بەعومەری کوڕی خەتاب، عومەریش بەدیاریی دای بە من. جاریەکە ناردبووی بۆلای خاڵوانم لەنەوەی جومەح تاوەکو لەبارەیەوە لەگەڵمدا رێکبکەوێ. بەدەوری کەعبەدا تەوافم دەکرد و ئەمەویست کە گەڕامەوە ماڵ، نزیکی ببمەوە. لەمزگەوت دەرچووم و تەماشام کرد خەڵکیی دەورەیان لێ دام، وتم: چیتان دەوێ؟ وتیان: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ژن و منداڵەکانی بۆ گێڕاوینەتەوە. وتم: دەی ئەوە ئافرەتەکەی ئێوەیە لەنەوەی جومەح و بڕۆن ببەن. ئەوانیش رۆیشتن و بردیان. هەرچی عویەینەی کوڕی حیصنە، ئەوە پیرەژنێکی هوازنی بەرکەوتبوو، کە ئەو ئافرەتەی بەرکەوت، سەیری کرد پیرەژنە، بەڵام خاوەن بنەماڵەیە و ئومێدی کرد لەبری رزگارکردنی، پارەی باشی دەستکەوێ، جا کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سەبایەکانی گێڕایەوە، عویەینە رەتیکردەوە بەشەش وشتر ئەو ئافرەتە ئازاد بکات. بۆیە زوهەیر ئەبو سورەد پێیووت: دەی با بۆ خۆت بێ، سوێند بەخوا تڵپی تەڕی تیا نەماوە، نە دەمێکی تەڕ و نە سنگێکی تووندی نەماوە و لەمنداڵبوونیش کەوتووە و مێردیشی نەماوە. بۆیە بەشەش وشتر ئازادی کرد.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەشاندی هوازنی پرسی لەبارەی مالیکی کوڕی عەوفەوە کە چی بەسەرهاتووە؟ وتیان: لەتائیفە لەگەڵ سەقیف. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: "هەوالّ بەمالیك بدەن، ئەگەر بەموسڵمانێتیی بێتە لام، ئەوە ژن و منداڵ و سەروەتەکەی بۆ دەگێڕمەوە و سەد وشتریشی پێ دەدەم".

ئەو هەواڵە بەمالیك درا، لەتائیف دەرچوو بەرەو لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم). مالیك لەسەقیف ترسا، ترسا ئەگەر بزانن پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەوەی لەبارەوە فەرمووە و ئەو بەڵێنەی داوە، ئەوە بەندی بكەن، بۆیە فرمانی كرد وشترێكی بۆ ئامادە بكرێت و ئەسپێكیشی بۆ بهێنرێتە تائیف، ئەسپەكەی بۆ هێنرایە تائیف و لەشەودا دەرچوو هەتا دەرچووە لای وشترەكەی كە فرمانی كردبوو بۆی ئامادە بكرێت، سەركەوتەسەر وشترەكە و لەجەعرانە یان لەمەككە بەپەیامبەری خوا گەیشت، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) ژن و منداڵ و سەروەتەكەی بۆ گێڕایەوە و سەد وشتریشی پێ بەخشی،بووە موسڵمان و بەجوانترین شێوەی موسڵمانێتیی ژیا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) كردیە بەرپرسی قەومی خۆی و ئەوانەی بەدەوروبەری تائیف دەبوونە موسڵمان لەسەماڵە و سەلەمە، شەڕی سەقیفی پێ دەكردن، هەر ولاێخێكیان دەربچوویایە پەلامارى دەدا، هەتا ئەوەی تەنگی پێ هەڵچنین و ئەبو میحجین كوڕی حەبیبی كوڕی عەمری كوڕی عومەیری سەقەفیی وتوویەتی:

هابَتِ الأعداءُ جَانِبَنا ثمَّ تَغْزُونا بَنو سَلَمَهْ
وأتانــا مالــكٌ بِهِــمُ ناقِضًا لِلعَهْدِ والحُرُمَهْ
وأتوْنا فِي منَازِلنا

واتا: دوژمن لەپەنامان رۆیشت، كەچی ئینجا نەوەی سەلەمە پەلامارمان دەدات. مالیك ئەوانی هێناوەتە سەرمان و بەڵێن و پەیمانی هەڵوەشاندووەتەوە. لەماڵی خۆمان هاتووەتە سەرمان.

لەعبداللەی كوڕی ئەبو بەكرەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا شتی بەخشییە دڵڕاگیراوان كە گەورەی خەڵكیی بوون تاوەكو دڵیان كەمەندكێش بكات، سەد وشتری دا بەئەبو سوفیانی كوڕی حەرب، سەد وشتری دا بەموعاویەی كوڕی ئەبو سوفیان، سەد وشتری دا بەحەكیمی كوڕی حیزام، سەد وشتری دا بەئەلنەزیری كوڕی ئەلحاریسی كوڕی كلدەی كوڕی عەلقەمەی برای نەوەی عەبدولدار، سەد وشتری دا بەئەلعەلائی كوڕی جاریە

ئەلسەقەفیی هاوپەیمانی نەوەی زوهرە، سەد وشتری دا بەئەلحاریسی کوڕی هیشام و سەد وشتری دا بەسەفوانی کوڕی ئومەییە و سەد وشتری دا بەسوهەیلی کوڕی عەمر و سەد وشتری دا بەحوەیتی کوڕی عەبدولعوزای کوڕی ئەبی قەیس و سەد وشتری دا بەعویەینەی کوڕی حیصن و سەد وشتری دا بەئەلئەقرەعی کوڕی حابس ئەلتەمیمی و سەد وشتری دا بەمالیکی کوڕی عەوف ئەلنەسری، کەمتر لەسەد وشتریشی دا بەپیاوانێکی قورەیش، لەوانە مەخرەمەی کوڕی نەوفەلی کوڕی ئوهەیب ئەلزوهری و عومەیری کوڕی وەهب ئەلجومەحی و هیشامی کوڕی عەمر بۆ نەوەی عامری کوڕی لوئەی و کەسانی تریش.

وەك وەها دانراوە، خەڵکانێکی ناسراو کەمتر لەسەد وشتریان پێ دراوە، پەنجا وشتری داوە بەسەعیدی کوڕی یەربوعی کوڕی عەنکەسەی کوڕی عامری کوڕی مەخزوم، پەنجا وشتری بەئەلسەهمیی داوە، پشکێکی بەعەباسی کوڕی میرداس ئەلسولەمیی داوە، پێی رازیی نەبووە و تووڕە بووە و گلەیی لەپەیامبەری خوا کردووە و پشکەکەی بەدڵ نەبووە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:"بڕۆن ئەوەندەی پێ بدەن تاوەکو زمانی ببەستێ". ئەوەندەیان پێ داوە تاوەکو پێی رازیی بووە و دەمی داخستووە.

لەموحەممەدی کوڕی ئیبراهیم کوڕی ئەلحاریسەوە وتوویەتی: لەهاوڵان یەکێک وتوویەتی: ئەی پەیامبەری خوا، تۆ سەد سەدت بەعویەینەی کوڕی حیصن و ئەلئەقرەعی کوڕی حابس داوە و هیچت بەجوعەیلی کوڕی سوراقە ئەلزەمەریی نەدا؟ پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، جوعەیلی کوڕی سوراقە لەتەواوی ناودارانی سەر زەویی باشترە لەنمونەی عویەینەی کوڕی حیصن و ئەلئەقرەعی کوڕی حابس،بەڵام من هەوڵی دڵڕاگرتنی ئەو دووانەم داوە تاوەکو ببنە موسڵمان، جوعەیلی کوڕی سوراقەشم رادەستی موسڵمانبوونەکەی کردووە".

حەقسەم ئەبی ئەلقاسمی خزمەتکاری عبداللەی کوڕی ئەلحاریسی کوڕی نەوفەلەوە حەز من و تەلیدی کوڕی کیلاب ئەللەیسیی دەرچووین تاوەکو گەیشتینە عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی ئەلعاص کە تەواف کەعبەی دەکرد و نەعلەکانی بەدەستی هەڵگرتبوو، پێمانووت: ئایە لەڕۆژی حونەین کە ئەلتەمیمی قسەی لەگەڵ پەیامبەری خوا کرد(صلى الله عليه وسلم) تۆ لەوێ بووی؟ وتی: بەڵێ: پیاوێکی نەوەی تەمیم هات بۆمەوترا زو ئەلخوەیسرە، رأوەستا بەسەر سەری پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) کاتێك شتی بەخەڵکیی دەبەخشی، ئینجا وتی: ئەی موحەممەد بینییم ئەمڕۆ چۆنت کرد؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"چۆنت بینی؟". وتی: بینییم دادپەروەر نەبووی. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تووڕە بوو پاشان فەرمووی:" لەباردایکت بچی، ئەگەر دادپەروەریی لای من نەبێ، لای کێ هەیە؟". عومەری کوڕی خەتاب وتی: ئەی پەیامبەری خوا بیکوژین؟ فەرمووی:"وازی لێبهێنە، ئەمە لەداهاتوودا کۆمەڵێ شوێنکەوتەی دەبێت ئەوەندە لەئایبندا ڕۆدەچن تاوەکو لێی دەردەچن هەروەك چۆن تیر لەکەوان دەردەچێت".

ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین ئەویش لەئیبن ئیسحاقەوە ئەویش لەئەبو جەعفەر موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی ئەلحوسێنی کوڕی عەلییەوە ئەنمونەی ئەوەی بۆ باسکردین و ناوی برد بەزو ئەلخوەیسرە ئەلتەمیمی. ئەبو جەعفەر ئەڵێ: گێڕدراوەتەوە لەئەبو سەعیدی خودرییەوە، ئەو کەسەی ئەو قسەیەی لەگەڵ پەیامبەری خوادا کرد(صلى الله عليه وسلم)، قسەی کرد لەبارەی سەروەتێکەوە کە عەلی(خوای لێ ڕازیی بێ) لەیەمەنەوە بۆ پەیامبەری خوای نارد، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) لەنێوان کۆمەڵێکدا دابەشی کرد کە عویەینەی کوڕی حیصن و ئەلئەقرەع و زەید ئەلخەیلیان تێدابوو، زو ئەلخوەیسرەش ئەوکات ئەو قسەیەی کرد.

لەعبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە کە هاوەڵێکی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەوانەی بەشداری حونەین بوون وتی: لەپاڵ پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) بەسەر وشترەکەمەوە دەڕۆیشتم، نەعلێکی زبرم لەپێدابوو کە وشترەکەم لەوشترەکەی

پەیامبەری خوا نزیکبوویەوە، نەعلەکەم لەڕانی پەیامبەری خوا کشا و نازاری پێگەیاند،پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) قامچییەکی لەوشترەکەی خۆی دا و بەر من کەوت، لەبەیانییدا پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەدوای منـدا دەگەڕاو منی بینییەوە و فەرمووی:"بەهۆی ئەو قامچییەوە نازارم پێت گەیاند". لەبری ئەو قامچییە. هەشتا کاوڕی پێ دام.

لەئەبو سەعیدی ئەلخودرییەوە ئەڵێ:

کاتێ پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) سەروەتەکانی بەقورەیش و هوازن و تەمیم بەخشی و هیچی بەپشتیوانان نەدا،پشتیوانان لەدڵی خۆیاندا هەندێ شتیان بۆ دروستبوو،تا ئەوەی یەکێکیان وتی:پەیامبەری خوا بەقەومی خۆی گەیشت و پێویستی بەئێمە نەما ! !سەعدی کوڕی عوبادەش ئەو گازندەیەی بەپەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) گەیاند،خۆشەویست فەرمووی: تۆ لەکوێی ئەی سەعد؟وتی: من لەگەڵ قەومەکەمدام،فەرمووی:"قەومەکەتم بۆ کۆبکەرەوە"،ئەویش قەومەکەی کۆکردەوەو فەرمووی:"ئەو قسەو باسە چییە کە بەمن گەیشتووە ؟ئاخۆ ئێوە لەگومڕاییدا نەبوون خوای گەورە بەمن هیدایەتی دان،هەژار نەبوون بەمن دەوڵەمەندی کردن،دوژمنی یەک نەبوون خوای گەورە بەمن دڵەکانی بۆ یەکخستن؟" وتیان:بەڵێ وەهابوو ئەی پەیامبەری خوا،خوا و پەیامبەرەکەی فەزڵ و منەتیان بەسەرمانەوە هەیە،ئینجا فەرمووی:"ئاخۆ وەڵامم نادەنەوە ؟ئاخۆ وەڵامم نادەنەوە ؟" وتیان:بەچی وەڵامت بدەینەوە ؟فەرمووی:"سوێند بەخوا ئەگەر بتانەوێ بڵێن راستدەکەن ئەگەر بڵێن:کە هاتیت و خەڵکی بەدرۆتیان خستەوە ئێمە تۆمان بەڕاستخستەوەو پشتگیریمان کردی،خەڵکی لەهەوڵی شکست پێهێناتدا بوون ئێمە سەرمانخستیت،دەربانکردی و ئێمە دڵدەماندای،هەژاربووی دەوڵەمەندمان کردی،ئەی کۆمەڵی پشتیوانان دەبینم لەدڵتاندا حەزی دونیای هەڵوەریوو دروست بووە،من ئەو پشکەی دونیام بەقەومێك داوە تا موسڵمان بن،من ئێوەم بەئیسلامەکەتان داوە،سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر هیجرەت نەبوایە حەزمدەکرد منیش یەکێك بوایەم لەپشتیوانان،ئەگەر هەموو

هەنگی بەدۆڵێکدا بڕۆن و پشتیوانانیش بەدۆڵێکی تردا من دۆڵی پشتیوانان هگرمەبەر،خوایە گیان بەزەییت بێتەوە بەپشتیوانان و نەوەکانیان و نەوەی هوەکانیان"،ئینجا پشتیوانان گریان و ئەوەندە گریان تاوەکو ریشیان تەڕبوو یتین:پشکی پەیامبەری خوامان دەوێ(صلى الله عليه وسلم) و بلاوەیان لێکردو گەڕانەوە لای کۆڵوبارو ئەسپەکانیان.

هنیین عەباسەوە ئەڵێ: پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەجەعرانەوە هنییەتی عومرەوە دەرچوو،فرمانی کرد پاشماوەی دەسکەوتی فەیئ لەمەجەنەدا گل سرێتەوە کە لەناوچەی مورّ ئەلزەهران بوو. کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هعومرەکەی بوویەوە و گەڕایەوە بەرەو مەدینە،عەتتابی کوڕی ئەسیدی هسەرپەرشتیاری مەککە بەجێهێشت و موعازی کوڕی جەبەلیشی لەگەڵدا هێشتەوە تاوەکو خەڵکیی فێری ئیسلام و قورئان بکات. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پاشماوەی دەسکەوتی فەیئی لەگەڵ خۆیدا برد. ئەو عومرەیەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمانگی زی ئەلقەعیدەدا بوو. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەزی ئەلقەعیدە یان لەزی ئەلحیجە گەیشتەوە مەدینە، حەجی ئەو ساڵەی خەڵك وەك حەجکردنی کۆنی عەرەب بوو، ئەو ساڵە عەتتابی کوڕی ئەسید حەجی بەخەڵك کرد و ساڵی هەشت بوو، خەڵکی تائیف لەنێوان زی ئەلقەعیدەدا لەسەر هاوبەش پەیداکردنی خۆیان بوون و ملیان نەدەدا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تاوەکو رەمەزانی ساڵی نۆی کۆچیی لەوان دوورکەوتەوە و رۆیشت.

واقیدیی ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەجەعرانەدا دەسکەوتەکانی لەنێو موسڵمانەکان دابەشکرد، بۆ هەر پیاوێك چوار وشتر و چل مەڕی بەخشی، هەرکەسێ سواربوو، پشکی ولاخەکەشی وەرگرت. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چوار شەو لەمانگی زی ئەلحیجە مابوو هاتەوە مەدینە. ئاوەهای وتووە.

لەو ساڵەدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) عەمری کوڕی ئەلعاصی نارد بۆ جیفر و عەمری کوڕانی ئەلجولەندیی لەئەلئەزد، ئەوانیش باوەڕیان هێنا و سەرپشکی کرددن

لەوەرگرتنی زەکات لەدەولّەمەندەکانیان و دابەشکردنی بەسەر هەژارەکاندا،هەروەها وەرگرتنی جزیە لەو مەجوسییانەی لەوێدا بوون، خەلّکی ولاّتەکە بوون و عەرەبەکان لەدەوریان بوون. ئەلّێ: لەو ساڵەدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەو ئافرەتە کیلابییەی مارە کرد کە پێیدەوترا فاتیمەی کچی ئەلزەحاکی کوڕی سوفیان. لەسەرپشککردنیدا ئەو ئافرەتە دونیای هەلّبژارد. وتراوە: پەنای بەخوا گرتووە لەپەیامبەری خوا، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) لێی جیابووییەوە. باس دەکات کە ئیبراهیمی کوڕی وەسیمەی کوڕی مالیکی کوڕی ئەوسی کوڕی ئەلحەدەثان باسیکردووە لەئەبی وەجزەی ئەلسەعدییەوە، کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمانگی زی ئەلقەعیدەدا مارەی کردووە. ئەلّێ: لەو ساڵە و لەمانگی زی ئەلقەعیدەماریە، ئیبراهیمی هێناوەتە دونیاوە، بۆ شیرپێدانی، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) داوێتیە ئوم بوردەی کچی ئەلمونزیری کوڕی زەیدی کوڕی لەبیدی کوڕی خیداشی کوڕی عامری کوڕی غەنەمی کوڕی عەدی کوڕی ئەلنەجاڕ کە ئەلبەڕائی کوڕی ئەوسی کوڕی خالیدی کوڕی ئەلجەعدی کوڕی عەوف کوڕی مەبزوڵی کوڕی عەمری کوڕی غەنەمی کوڕی عەدی کوڕی ئەلنەجاڕ مارەی کردبوو. ئەلّێ: سولمای خزمەتکاری پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بۆلای ئەبو رافیع و ئەو هەواڵەی پێ دا کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کوڕیان بووە، ئەبو رافیع ئەو مزگێنییەی بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هێنا، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) کۆیلەیەکی بۆ کردیە دیاری. ئەلّێ: بەهۆی ئەوەی کوڕی هێنایە دونیاوە، خێزانەکانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) زۆر غیرەیان لەماریە کرد.

پاشان ساڵی نۆی کۆچیی هات

لەو ساڵەدا شاندی بەللیی هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، وتیان: ئەی پەیامبەری خوا خۆمان هاتین پێش ئەوەی نوێنەرمان بنێریتەلا. خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿ يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا ۖ قُل لَّا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُم ﴾ الحجرات: ١٧، واتا: ئەو

خوا منەت دەکەن بەسەر تۆدا(ئەی موحەممەد صلی الله علیه وسلم) کە موسڵمان بوون، تۆش بڵێ منەتی موسڵمان بوونی خۆتان بەسەر مندا مەکەن.

هەو ساڵەدا لەمانگی رەبیعی یەکەمدا شاندی بەلیی هاتن و دابەزینە لای رووەیفیعی کوڕی سابت ئەلبەلەوی. لەو ساڵەدا شاندی ئەلداریینی لوخەم هاتن کە دە کەس بوون. هەقسەی واقیدی، عوروەی کوڕی مەسعودی سەقەفیی بەموسڵمانێتیی هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم).

لەمەوڵی ئەو، ئەوەیە باسی کردووە لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە بەوەی کاتێك پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) گەمارۆی سەر خەڵکی تائیفی هەڵگرت و رۆیشت، عوروەی کوڕی مەسعودی کوڕی موعەتتەب شوێنی کەوت تاوەکو پێش ئەوەی بگاتە مەدینە، بەپەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) گەیشت و بووە موسڵمان،داوای کرد لەپەیامبەری خوا رێگەی بدات بەئیسلامەتییەوە بگەڕێتەوە بۆلای قەومەکەی. هەروەك قەومەکەی باسیان کردووە، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی:"دەتکوژن". پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) زانیوێتی دەمارگیرییان هەیە. عوروەش ئەڵێ: ئەی پەیامبەری خوا، من لای ئەوان لەهەموو شتێك خۆشەویسترم. کەسێکی خۆشەویست و گوێڕایەڵێکراوی نێو قەومەکەی بوو. عوروە دەرچوو بۆ ئەوەی قەومەکەی بانگەواز بکات بۆ ئیسلام و ئومێدی هەبوو بەهۆی ئەو رێزەی لەنێویاندا هەیبوو، پێچەوانەی نەکەن و دژایەتیی نەکەن، هەرکە ئاشکرای کرد بووەتە موسڵمان، لەهەموو لایەکەوە تیربارانیان کرد و تیرێك بەریکەوت و کوشتی. نەوەی مالیك وەهایان داناوە کە پیاوێکی خۆیان کوشتوویەتی بەناوی ئەوسی کوڕی عەوف برای سالمی کوڕی مالیك. ئەحلافەکانیش وەهایان داناوە کە پیاوێکی خۆیان کوشتوویەتی لەنەوەی عەتتابی کوڕی مالیك کە پێیووتراوە وەهبی کوڕی جابر. ئەوترێ بەعوروە وتراوە:بۆچوونت چییە بەرانبەر بەخوێنت،تۆڵەت بۆ بکەینەوە؟ ئەویش وتوویەتی: ئەمە رێزێکە خوای گەورە لێی ناوم و شەهادەتێکە خوای گەورە بەدیاریی پێی داوم و خوێنی منیش وەك خوێنی ئەو شەهیدانەی لەگەڵ پەیامبەری خوادا

کوژراون، پێش ئەوەی بەجێیان بهێڵن، منیش لەگەڵ ئەواندا بنێژن. لەگەڵ ئەواندا ناشتیان.

وەهایان داناوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)لەبارەیەوە فەرموویەتی:"نمونەی عوروە لەنێو قەومەکەیدا نمونەی هاوەڵی (یس)ە لەنێو قەومەکەیدا".

لەو ساڵەدا شاندی سەقیف هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، ئەوتریش لەمانگی رەمەزاندا هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم).

لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە ئەڵێ: لەدوای کوژرانی عوروە، سەقیف چەند مانگێ مانەوە، دواتر لەنێوخۆیاندا تاووتوێیان کرد کە توانای ئەوەیان نییە لەگەڵ عەرەبی دەوروبەریاندا بجەنگن، بۆیە بەیعەتیان دا و بوونە موسڵمان.

لەیەعقوبی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەلموغیرەی کوڕی ئەلئەخنەسی کوڕی شورەبێ ئەلسەقەفییەوە کە عەمری کوڕی ئومەییەی برای نەوەی عیلاج قسەی لەگەڵ عەبد یا لەیلی کوڕی عەمر نەبوو، پەیوەندییەکانی نێوانیان ئاڵۆز بوو، عەمری کوڕی ئومەییەی لەلێزانترینەکانی عەرەب بوو، رۆیشت بۆلای عەبد یا لەیلی کوڕی عەمر تاوەکو چووە ماڵەکەیەوە، پاشان یەکێکی ناردە لای کە عەمری کوڕی ئومەییە داوات لێ دەکات دەربچیتەلای. عەبد یا لەیل بەنێردراوەکەی وت: لەباردایکت بچی، ئاخۆ عەمر تۆی ناردووە؟ وتی: بەڵێ، وا لەنێو ماڵەکەتدا راوەستاوە. ئەویش وتی: ئەمە شتێکە لەعەمر گومانم نەدەکرد، ئەو لەوە لووتبەرزترە بێتە ماڵی من.

کە هاتەدەرەوە عەمری بینی، پێشوازیی لێ کرد و عەمر وتی: کارێکمان بەسەردا داباریووە کە ناکرێ نێوانمان ئاڵۆز بێ و لەیەك دووربین. وا دەبینی کاری ئەو پیاوە بەکوێ گەیشتووە، تەواوی عەرەب بوونەتە موسڵمان و ئێوەش توانای ئەوەتان نییە شەڕی هەموو عەرەب بکەن، بۆیە برواننە برپار و بۆچوونی خۆتان.

بەوە سەقیف لەنێوان خۆیاندا بابەتەکەیان تاووتوێکرد، بەیەکتریان وت: ئەی نابینن دەرچوونتان سەلامەت نییە و هەر پیاوێکتان لەقەڵاوە دەبچێ، دەکوژرێت. یەکدەنگ

جوون که پیاوێك بنێرنه لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، هەروەك عوروەیان نارد. قسەیان لەگەڵ عەبد یا لەیلی کوڕی عەمری کوڕی عومەیر کرد کە لەتەمەنی عوروەی کوڕی مەسعودی سەقەفییدا بوو، پێشنیاریان بۆ کرد ئەو بچێتەلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، بەڵام رەتیکردەوە و ترسا شتێکی بەسەردا بێ هەروەك بەسەر عوروەدا هات، بۆیە وتی: من ئەوە ناکەم تاوەکو کۆمەڵێ پیاوم لەگەڵدا نەنێرن. بۆیە یەکدەنگ بوون دوو پیاوی ئەحلاف و سێ پیاوی نەوەی مالیکی لەگەڵدا بنێرن کە ببنە شەش کەس، عوسمانی کوڕی ئەبی ئەلعاص کوڕی بەشیری کوڕی عەبد دوهمانی برای نەوەی یەسار و ئەوسی کوڕی عەوفی برای نەوەی سالم و نومەیری کوڕی خەرەشەی کوڕی رەبیعەی برای بیلحاریس، لەئەحلافەکانیش ئەلحەکەمی کوڕی عەمری کوڕی وەهبی کوڕی موعەتەب و شەرحەبیلی کوڕی غەیلانی کوڕی سەلەمەی کوڕی موعەتەبیان لەگەڵ عەبد یا لەیل نارد. عەبد یا لەیل ئەوانی بەڕێخست. عەبد یا لەیل گەورە و بڕیاردەریان بوو، بەتەنیا دەرنەچوو، ترسا وەك ئەوەی بەسەردا بێت کە بەسەر عوروەی کوڕی مەسعوددا هات. کاتێك لەمەدینە نزیکبوونەوە و دابەزیینە سەر چاوگە ئاوێك، لەوێدا بەئەلموغیرەی کوڕی شوعبە گەیشتن کە نۆرەی لەوەڕاندنی ولاخەکانی هاوەڵانی پەیامبەری خوای لەئەستۆدا بوو، نۆرەی ئەو بوو، جا کە ئەوانی بینی، ولاخەکانی بەجێهێشت و بۆ مزگێنیی دان بەپەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەوەی شاندی سەقیف هاتووە، ولاخەکانی بەجێهێشت،پێش ئەوەی بچێتە لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و هەواڵی گەیشتنی ئەو شاندەی پێ بدات کە ئەیانەوێ بەیعەت بدەن و ببنە موسڵمان و کۆمەڵێ مەرجیان بخاتەسەر و لەلایەن پەیامبەری خواوە نووسراو بۆ قەومەکانیان بنووسرێت، بەئەبو بەکری سدیق گەیشت،ئەبو بەکری سدیق بەئەلموغیرەی وت: سوێندت لەسەر دەخۆم دەبێ خۆم ئەو مزگێنییە بەپەیامبەری خوا بدەم و تۆ پێش من بەپەیامبەری خوا نەگەی. موغیرەش قبوڵی کرد.

ئەبو بەکر چووە لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و هەواڵی پێ دا لەبارەی هاتنی شاندی سەقیف، پاشان ئەلموغیرە دەرچوو بۆلای هاوەڵەکانی و فێری کردن چۆن

سلاو لەپەیامبەری خوا بکەن، بەلام ئەوان سلاوی سەردەمی نەفامییان کرد. کە هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، لەلایەکی مزگەوتی پەیامبەری خوادا خێوەتێکیان بۆ هەلدرا، هەروەك وەهای دادەنێن، خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی ئەلعاص لەنێوان ئەوان و پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) هاتووچۆی دەکرد تاوەکو نووسراویان نووسی. هەر خواردنێکیان لەلایەن پەیامبەری خواوە بۆ بهاتبایە. لێیان نەدەخوارد تاوەکو پێشتر خالید لێی نەخوات، ئەوە بەردەوام بوو تاوەکو بوونە موسڵمان و بەیعەتیان دا و لەنووسینەکە بوونەوە. چەند شتێکیان لەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) داوا کرد، یەکێك لەوانە بهێڵێت بۆ ماوەی سێ ساڵ پەیکەری ستەمکاریی لات بپەرستریت، بەلام پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەو داوایەی رەتکردەوە، پاشان داوای ماوەی یەك ساڵیان کرد، هەتا گەیشتە داوای یەك مانگ لەدوای گەڕانەوەیان، بەلام پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رەتیکردەوە بوار بدرێت هیچ پەیکەر و بەخواکراوێك بەڕاوەستاو بمێنێتەوە. داواکاریی ئەوان، بۆ ئەوە بوو بەئاسان لەلایەن نەفام و ژن و منداڵەکانیانەوە قبوڵی ئەو حاڵەتە بکرێت و بەڕووخاندنی ئەو پەیکەرە، قەومەکەیان نەتۆقێن،هەتا ئەوەی ئیسلام تێکەڵیان دەبێ، بەلام پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەو داوایەی رەتکردەوە و دەبێ ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب و موغیرەی کوڕی شوعبە بنێرێت بۆ ڕووخاندنی ئەو بتە. لەگەڵ بەسەلامەت هێشتنەوەی ئەو بتە، داوایان کرد نوێژیان لەسەر هەڵبگرێت، هەروەها بهێڵێ بەدەستی خۆیان بتەکەیان بڕوخێنن. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەوەی بەدەستی خۆتان بتەکەتان بڕوخێنن، ئەوە بەخۆتان دەسپێرێن. بەلام سەبارەت بەنوێژ، ئەوە خێر و خۆشیی لەئایینێکدا نییە نوێژی تێدا نەبێت". وتیان: ئەی موحەممەد ئەو مەرجەت جێبەجێ دەکەین ئەگەرچی قورس و نزمییە بۆ ئێمە.

کە بوونە موسڵمان، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نووسراوی فرمانکردنی نووسی، عوسمانی کوڕی ئەبی ئەلعاصی کردە گەورەیان ئەگەرچی لەهەموویان منداڵتر

خوا چونکە دەیبینی لەهەموویان پێداگرتربوو بۆ شارەزابوون لەئیسلام و فێربوونی قورئان.

ئەیەعقوبی کوڕی عوتبەوە ئەڵێ: کاتێک لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوون و رۆیان کردەوە ولاتی خۆیان، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب و مُوغیرەی کوڕی شوعبەی نارد بۆ ڕووخاندنی ئەو بتە، کەگەڵیاندا دەرچوون تاوەکو گەیشتنە تائیف، موغیرە ویستی ئەبو سوفیان پێشبخات، ئەبو سوفیان ئەوەی ڕەتکردەوە و وتی: بەڵکو تۆ بچۆرە لای قەومەکەت. ئەبو سوفیان ئەماڵەکەی خۆی لەزی ئەلهەرەم مایەوە.

کاتێک موغیرەی کوڕی شوعبە چووە ژوورەوە و پاچی هەڵگرت بۆ ڕووخاندنی، بەنو موعەتەبی قەومی هەڵسان و ڕاپەڕین و ترسان وەک ئەوەی بەسەربێت کە بەسەر عوروەدا هات، ژنانی سەقیف بەحەسرەت و گریانەوە دەرچوون.

موغیرە بەپاچ لێی دەدا و ئەبو سوفیانیش دەیووت: لەنێوبچی، لەنێوبچی. کاتێک موغیرە ڕووخاندی، سەروەت و خشڵەکانی ناوی هەڵگرت و ناردی بۆ ئەبو سوفیان. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی بەئەبو سوفیان کردبوو، لەسەروەتی بتی لات، خوێنی عوروە و ئەلئەسوەدی کوڕانی مەسعود بدات. ئەبو سوفیانیش لەو پارە و سەروەتە خوێنبایی هەردووکیانی دا.

لەو ساڵەدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) غەزای تەبوکی ئەنجام دا.

باسێک لەبارەی غەزای تەبوکەوە

لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دوای بەجێهێشتنی تائیف، لەماوەی نێوان زی ئەلحیجە بۆ ڕەجەب لەمەدینەدا مایەوە، پاشان فرمانی بەخەڵک کرد ئامادەساز بن بۆ شەڕی ڕۆم.

لەئەلزوهری و یەزیدی کوڕی ڕومان و عبداللەی کوڕی ئەبو بەکر و عاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادە و ئەوانی تریش، هەموویان بەوەی پێیان گەیشتووە باسیان

لەبارەی ئەو غەزایەوە کردووە، هەندێکیان شتانی تریان باسکردووە کە بەشێکیان باسیان نەکردووە، هەموویان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی بەهاوەڵانی کرد ئامادەساز بن بۆ شەڕی ڕۆم، ئەوەش لەکاتێکی سەخت و نەبوونەیی و وشکەسالّی و گەرمای سەخت و کاتی بەرووبوومی دار و خۆشیی سێبەری دار و دیوار بوو، خەڵکیی حەزیان دەکرد لەنێو ڕەز و باخەکانیان و لەسێبەردا بن. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەرچکاتێ نیازی دەرچوونی هەبووایە بۆ غەزایەک. بەدرکە(کینایە)ئاماژەی پێ دەکرد. هەوالّی دا ئەوانەی دەوێ کە ئارامگرن، تەنیا بۆ غەزای تەبوک نەبێ،ئەو غەزایەی بۆ خەڵکیی ڕوونکردەوە، چونکە ڕێگەکە دوور و کاتی زۆری دەوێ و ئەو دوژمنەش کە دەچنە سەری، ڕێژە زۆرن. ئەوەش بۆ ئەوەی خەڵکیی ئامادەسازیی خۆیان بکەن. بۆیە هەوالّی پێدان کە ئەیەوێ بچێتە سەر ڕۆم، فرمانی پێکردن ئامادەسازبن. خەڵکیی خۆیان ئامادە کرد ئەگەرچی لەدڵەوە حەزیان نەدەکرد،چونکە شەڕکردنی ڕۆمیان بەلاوە گەورە بوو. ڕۆژێکیان کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خۆی ئامادەساز دەکرد بۆ شەڕی ڕۆم، بەجدی کوڕی قەیسی برای نەوەی سەلەمەی فەرموو:"ئەی جد ئەتەوێ بەشداری شەڕی نەوەی ئەلئەسفەر ببی؟" جد وتی: ئەی پەیامبەری خوا ناکرێ مۆڵەتم بدەی بەشدار نەبم و تووشی فیتنەم نەکەی؟ سوێند بەخوا قەومەکەم دەمناسن کە زۆر سەرسامم بەئافرەتان و دەترسێم بەبینینی ئافرەتانی نەوەی ئەلئەسفەر خۆم ڕانەگرم. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پشتی تێکرد و فەرمووی:"وا مۆڵەتتم دا". جا لەبارەی جدی کوڕی قەیسەوە بوو ئەم ئایەتە دابەزی:﴿ وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ ٱئْذَن لِّي وَلَا تَفْتِنِّي ﴾ التوبة: ٤٩، واتا:هەندێك كەس لەوانە دەڵێن(ئەی موحەممەد صلى الله عليه وسلم)ڕوخسەتم بدە(با نەیەم بۆ جیهادکردن) و تووشی گوناهو خراپەم مەکە.

وەهای دادەنا لەترسی فیتنەی ئافرەتانی نەوەی ئەلئەسفەر لەو غەزایە خۆی بەدوور دەگرێت، بەڵام وەها نییە، ئەو فیتنەیەی بەخۆدواخستنی لەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەورەترە و دۆزەخی لەدوایە. دووپوویەکیش بەدووپووانی تری وت: لەم

گەرمایەدا مەچن بۆ جیهاد. ئەوەشی وت بەگومانکردن لەحەق و پشتتێکردنی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند:﴿وَقَالُوا۟ لَا تَنفِرُوا۟ فِى ٱلْحَرِّ ۗ قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا ۚ لَّوْ كَانُوا۟ يَفْقَهُونَ ﴿٨١﴾ فَلْيَضْحَكُوا۟ قَلِيلًا وَلْيَبْكُوا۟ كَثِيرًا جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٨٢﴾﴾ التوبة: ٨١ - ٨٢، واتا: بەئیماندارانیان دەووت لەم(وەرزە) گەرمایەدا دەرمەچن بۆ جیهاد(ئەی موحەممەد صلى الله عليه وسلّم) بڵێ: ئاگری دۆزەخ زۆر گەرمترە(لەم گەرمایە) ئەگەر ئەوانە تێبگەن و بزانن. دەی با کەم پێ بکەنن و زۆر بگرین(ئەو سزایە)تۆڵە و پاداشتی ئەو کردەوانەیە کە دەیان کرد.

پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چوست و چالاکبوویەوە بۆ سەفەرەکەی و فرمانی بەخەڵکیی کرد ئامادەساز بن، فرمانی بەدەوڵەمەندەکان کرد خەرجیی بکەن لەپێناو خوای گەورە و بۆ ئەوە هانی دان. دەوڵەمەندان لەسەروەتی خۆیانیان بەخشی، عوسمانی کوڕی عەفان ئەوەندەی بەخشی، هیچ دەوڵەمەندێك نمونەی ئەوی نەبەخشی. پاشان پیاوانێك لەموسڵمانان کە حەوت کەسی ئەنسار و ئەوانی تر بوون بەگریانەوە هاتن،داوایان کرد یارمەتییان بدات بەچەك و تفاق تاوەکو بەشداربن، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"هیچ شتێك شك نابەم پێی هاوکارییتان بکەم". رۆیشتن و چاویان پڕ فرمێسك بوو لەخەفەتدا کە هیچ شتێکیان شك نەدەبرد بۆ ئەو غەزایە.

ئەڵێ: پێمگەیشتووە کە یامینی کوڕی عومەیری کوڕی کەعب ئەلنەزریی بەئەبو لەیلا عەبدولڕەحمانی کوڕی کەعب و عبداللەی کوڕی موغەفەل گەیشتووە هەردووکیان گریاون. پێیووتوون: ئەوە بۆچی دەگرین؟ ئەوانیش ئەڵێن: هاتین بۆلای پەیامبەری خوا تاوەکو بەوەی لەدەستیدایە هاوکارییمان بکات بتوانین بەشداری جیهاد بین،بەڵام هیچی لەبەردەست نەبوو هاوکارییمان بکات، خۆیشمان شتێکمان نییە پێیەوە بتوانین دەربچین. بۆیە وشترێکی پێ داون بۆ سواربوون و هەندێ خورمای پێ داون. ئینجا هەردووکیان لەگەڵ پەیامبەری خوادا دەرچوون.

ئەڵێ: خەڵکانێك لەئەعراب هاتن و عوزر و بیانوویان هێنایەوە کە ناتوانن بەشدار بن بەڵام خوای گەورە عوزر و بیانووی پێ نەدان،بۆم باسکراوە کە ئەوانە لەنەوەی غەفار بوون، ئەمانەیان تێدا بوو: خەفاف کوڕی ئیمائی کوڕی رەحزە، پاشان تەوبەی کرد و خۆی بەسەفەرەکە گەیاند. چەند موسڵمانێك خۆیان دواخست و دەرنەچوون لەگەڵ پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) کە لەبەر گومان نەبوو، لەوانە کەعبی کوڕی مالیکی کوڕی ئەبی کەعبی بڕای نەوەی سەلەمە و موزارەی کوڕی ئەلڕەبیعی بڕای نەوەی عەمری کوڕی عەوف و هیلالی کوڕی ئومەییەی بڕای نەوەی واقیف و ئەبو خەیسەمەی بڕای نەوەی سالمی کوڕی عەوف. کەسانی راستگۆبوون و لەئیسلامەتییاند تۆمەتبار نەبوون. کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو، لەکەندەلانی سەنیەت ئەلوەداع سەربازگەی لێ دا، عبداللەی کوڕی سەلولیش سەربازگەکەی لەخۆر ئەوەوە لێ دا لەپەنای زباب کە چیایەك بوو لەجبانە لەخوارەوەی سەنیەت ئەلوەداع وەك وەهای دادەنێن سەربازگەیەکی بچووکتر نەبوو.

کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەڕێکەوت، عبداللەی کوڕی ئوبەی خۆی دواخست لەگەڵ دووڕووان و گومانکاراندا خۆیان دواخست و نەهاتن. عبداللەی کوڕی ئوبەی برای نەوەی عەوفی کوڕی ئەلخەزرەج بوو، عبداللەی کوڕی نەبتەلی برای نەوەی عەمری کوڕی عەوف و رەفاعەی کوڕی زەیدی کوڕی ئەلتابوتی برای نەوەی قینوقاع بوون، گەورە دووڕووەکان بوون و ئەوانەی پیلانیان لەدژی ئیسلام و موسڵمانان دەگێڕا. خوای گەورە ئەم ئایەتەی لەبارەیانەوە دابەزاند: ﴿لَقَدِ ٱبْتَغَوُا۟ ٱلْفِتْنَةَ مِن قَبْلُ وَقَلَّبُوا۟ لَكَ ٱلْأُمُورَ حَتَّىٰ جَآءَ ٱلْحَقُّ وَظَهَرَ أَمْرُ ٱللَّهِ وَهُمْ كَٰرِهُونَ ﴿٤٨﴾﴾ التوبة: ٤٨، واتا:سوێند بەخوا بەڕاستی دەستیان دابوویە ئاژاوە و (بشێوی)لەمەو پێش و جۆرەها فەرمان و پیلانیان بۆ(لاوازکردنت)بەکارهێنا هەتا ڕاستی هات وە کارو فەرمانی خوا سەرکەوت کە ئەوان پێیان ناخۆش بوو.

ئیسحاق ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) عەلی بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشت، دووپووەکان ئەوەیان بەهەل زانی تاوەکو رق و دووپوویی ناخیان دەرببڕن، دەستیانکردە قسە وتن بەعەلی کە ناخۆش و جێی خەفەت بوو، وتیان: بۆیە عەلی بەجێهێشت، لەشەڕدا دەبووە بار بەسەرییەوە. لەبەر ئەو قسەیەیان دەرهەق بەعەلی، عەلی خۆی گەیاندە سوپا و ویستی هەبوو بەشداری جیهاد بێ، وتی: ئەی پەیامبەری خوا لەگەڵ ژن و منداڵدا بەجێمدەهێڵی؟! پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: "ئەی ناتەوێ بۆ من، وەک نمونەی هارون بی بۆ موسا، تەنیا ئەوە هەیە لەدوای من، هیچ پەیامبەرێکی تر نایەت".

بۆیە عەلی گەڕایەوە مەدینە و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەڕۆیشتندا بەردەوام بوو،پاشان ئەبو خەیسەمە لەڕۆیشتن دواکەوتبوو،دوو ژنی هەبوو،هەموو ڕۆژێك کەپرەکەیان بۆ فێنك دەکردەوەو خواردنیان بۆ ئامادە دەکرد،کە خەیسەمە ئەوەی بینی،یەکسەر وتی:پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەبەر گەرماو گڕەو تۆز بێ و ئەبو خەیسەمەش لەژێر سێبەرو ئاو و فێنکی،ئەمە ئینصاف نییە،سوێند بەخوا ناچمە ژێر سێبەری هیچ کام لەخێزانەکانمەوە تا بەپەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) نەگەم،تۆشووی گەشتی ساز کرد و دەرچوو بۆلای وشترەکەی و سەرکەوت و بەشوێن پەیامبەری خوادا ڕۆیشت ،لەڕێگەدا بەعومەیری کوڕی وەهب ئەلجومەحیی گەیشت کە ئەویش بەدوای ئەوەوە بوو بەپەیامبەری خوا بگات(صلى الله عليه وسلم)،بوونە هاوسەفەر تاوەکو لەتەبوك نزیك بوونەوە، ئەبو خەیسەمە بەعومەیری وت:من تاوانێکم کردووە ئەوەندە گەورەیە خۆت دوامەخە لەگەڵ منداا. پاشان بەڕێکەوت تاوەکو لەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نزیکبوویەوە کە دابەزیبووە تەبوك،خەڵکیی لەدوورەوە بینیان وتیان:ئەی پەیامبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)سوارێك بەرەو ئێرە دێت،خۆشەویست فەرمووی:"بەڵکو ئەبو خەیسەمە بێ"،وتیان:سوێند بەخوا خۆیەتی ئەبو خەیسەمەیە،هاتەلای پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە،پەیامبەریش بۆی پاڕایەوەو پاڕانەوەی پەیامبەری خوای دەستخست.

پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کاتێ بەئەلحیجردا تێپەڕی، دابەزی و خەڵکیی دابەزین لەئاوەکەی بخۆنەوە، بۆیە فەرمووی:"لەئاوەکەی مەخۆنەوە و دەستنوێژی پێ مەگرن، ئەو هەویرەی بەئاوی ئێرە شێلاوتانە بیدەنە وشترەکانتان و خۆتان هیچی لێ مەخۆن و ئەمشەو هەریەکە و لەگەڵ هاوڕێیەکیدا لێی دەربچێت". خەڵکیی ئەوەیان کرد که پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فرمانی پێکردبوون، تەنیا دوو پیاوی نەوەی ساعیدە نەبێ کە یەکێکیان بۆ سەرئاوکردنەوە دەرچووبوو، ئەوی تریش بەدوای وشترەکەیدا رۆیشتبوو، ئەوەی بۆ سەرئاو رۆیشتبوو، لەڕێگەدا خنکابوو، ئەوی تریش کە بەدوای وشترەکەیدا رۆیشتبوو، رەشەبا بردبووی و خستبوویە چیای تەیئەوە. هەوڵی ئەوە بەپەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) گەینرا، فەرمووی:"ئەی فرمانم پێتان نەکرد بەتەنیا دەرنەچن؟" پاشان پارایەوە بۆ ئەوەیان کە خنکابوو، خوای گەورە شیفای دا. ئەوی تریش چیای تەیئ بەپەیامبەری خوای دایەوە لەهاتنەوە بۆ مەدینە. ئەبو جەعفەر ئەوەی وتووە.

لەئەلعەباسی کوڕی سەهلی کوڕی سەعد ئەلساعدییەوە: کاتێک خەڵکیی بەیانییان کردەوە و ئاویان پێ نەبوو، شەکوای ئەو حاڵەیان بردەلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) لەخوای گەورە پارایەوە، خوای گەورە هەورێکی هێنا و باران دایکرد تاوەکو خەڵکیی تێر ئاو بوون و پێویستیی خۆیانیان لەئاو هەڵگرت.

لەعاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادەوە ئەڵێ: بەمەحمودی کوڕی لەبیدم وت:ئایە خەڵکیی دووڕوویان دەناسی؟ وتی: بەڵێ، سوێند بەخوا مرۆڤ دووڕوویی لەبرا و باوک و مام و عەشیرەتی خۆی دەزانی، پاشان ئەو دووڕووانە عەیبەی یەکتریان دادەپۆشی. پاشان مەحمود وتی: پیاوانێک لەقەومەکەم هەواڵیان پێ داوم لەبارەی یەکێک لەو دووڕووانەی که دووڕوویان ناسراو بووە. ئەو دووڕووە لەگەڵ پەیامبەری خوادا جوڵەی دەکرد، کاتێ ئاو نەما و پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) پارایەوە و خوای گەورە

مەیی نارد و باران داباری و خەڵکیی تێرئاو بوون، رووەمان تێکرد و وتمان: لەبارەدایکت چی لەدوای ئەمە هیچ گومانێکت هەیە؟! وتی:هیچ نییە، هەورێك هات و تێپەڕی.

یەشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەڕێگەدا بوو، وشترەکەی وێڵ بوو، مەدیّ لەهاوەڵانی ڕۆیشتن بیدۆزنەوە، لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەوەڵێك دانیشتبوو پێیدەوترا عەمارەی کوڕی حەزم، بەشداربوویەکی بەدر و مامی هەوەی عەمری کوڕی حەزم بوو، لەکاروانەکەیدا زەیدی کوڕی لوسەیب ئەلقینوقاعیی هەبوو، پیاوێکی دووڕوو بوو، زەیدی کوڕی لوسەیب لەکاروانەکەی عەمارەدا بوو، عەمارەش لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دانیشتبوو، وتی: موحەممەد وەهای دەدەنێت کە پەیامبەرە و هەواڵی ئاسمانتان بۆ دەهێنێ، کەچی نازانێ وشترەکەی بەکوێیە! پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کە عەمارەی لادانیشتبوو فەرمووی:"پیاوێك ئەڵێ: موحەممەد وەهای دادەنێت کە پەیامبەرە و هەواڵی ئاسمانتان بۆ دەهێنێ، کەچی نازانێ وشترەکەی لەکوێیە! سوێند بەخوا من هەر ئەوە دەزانم کە خوای گەورە فێری کردووم، خوای گەورە شوێنی وشترەکەی پیشان داوم، لەفلانە شیودایە و ڕەشمەکەی لەدرەختێك گیر بووە، بڕۆن بیهێننەوە". ڕۆیشتن و هێنایانەوە. عەمارەی کوڕی حەزم گەڕایەوە لای کەسوکاری و وتی: سوێند بەخوا شتێکی سەیر بوو کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کەمێك پێش ئێستا بۆی باسکردنین. پیاوێك لەکاروانەی عەمارەدا بوو وتی: سوێند بەخوا زەیدی کوڕی لوسەیب ئەو قسەیەی کرد. عەمارە هاتەپێش و چنگی خستە قوڕگی زەید و ئەیووت: لەکاروانەکەی مندا فێڵباز هەیە و من پێم نەزانیووە، ئەی دوژمنی خوا لەکاروانی من دەربچۆ و هاوەڵێتییم مەکە.

هەندێ کەس وەهای دادەنێن کە زەید لەدوای ئەوە تەوبەی کردووە. هەندێکی تر وتوویانە: هەر بەخراپە تۆمەتبار بووە تاوەکو تیاچووە.

پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەڕۆیشتندا بەردەوام بوو، هەر پیاوێك دوابکەوتبایە ئەیانووت: ئەی پەیامبەری خوا فلانە کەس دواکەوت. ئەویش دەیفەرموو:"وازی لێبهێنن، ئەگەر خێری تێدا بێ، ئەوە خوای گەورە بەئێمەی

دەگەیەنێتەوە، ئەگەر وەهاش نەبوو، ئەوە خوای گەورە لەئێوەی دوورەخاتەوە و لەسەرئێشەی بەدوور دەبن". هەتا ئەوەی وترا: ئەی پەیامبەری خوا ئەبو زەرِ دواکەوت- پەیامبەریش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: "وازی لێبهێنن، ئەگەر خێری تێدا بێ- ئەوە خوای گەورە بەئێمەی دەگەیەنێتەوە، ئەگەر وەهاش نەبوو، ئەوە خوای گەورە لەئێوەی دوورەخاتەوە و لەسەرئێشەی بەدوور دەبن".

ئەڵێ: ئەبو زەرِ بەدەست وشترەکەیەوە دامابوو، کە هەر خاوە خاوی دەکرد، ناچاربوو کەلوپەلەکانی خۆی خستەسەر پشتی خۆی و دەرچوو بەشوێن پێی پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) و بەپیادە بەڕێکەوت، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەشوێنێك لای دا، یەکێك لەموسڵمانەکان تەماشای کرد و وتی: ئەی پەیامبەری خوا ئەوە پیاوێکە بەپیادەیی دێت. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"دەبێ ئەبو زەرِ بێ". کە موسڵمانەکان باش لێی وردبوونەوە وتیان: ئەی پەیامبەری خوا ئەوە ئەبو زەڕە. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"خوای گەورە بەزەیی بەئەبو زەڕدا بێتەوە، بەتەنیا ڕێگە دەبڕێ و بەتەنیا دەمرێ و بەتەنیاش زیندوو دەبێتەوە". پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەردەوام بوو لەڕۆیشتن بۆ تەبوك. دەستەیەك لەدوڕووان کە وەدیعەی کوڕی سابتی برای نەوەی عەمری کوڕی عەوفیان تێدا بوو، هەروەها پیاوێکی ئەشجەع هاوپەیمانی نەوەی سەلەمە کە پێیدەوترێ مەخشیی کوڕی حەمیر لەگەڵ پەیامبەری خوادا بەڕێگەدا دەڕۆیشتن، بەیەکتریان وت: وەهای دەزانن شەڕی نەوەی ئەلئەسفەر وەك شەڕکردنی کەسانی تر! سوێند بەخوا سبەینێ بەگوریس هەڵواسراون. ئەمەیان بۆ ترساندنی باوەڕداران دەوت. مەخشیی کوڕی حەمیر وتی: سوێند بەخوا حەز دەکەم هەریەکەمان سەد جەڵد بکرێت بەس رزگارم بێ لەوەی خوای گەورە ئایەتمان بەسەردا دابەزێنێ لەسەر ئەم قسەیەی کردتان. وەك ئەوەی پێمگەیشتووە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەعەماری کوڕی یاسری فەرموو:"فریای ئەوانە بکەوە وا سووتان، بپرسە چییان وتووە، ئەگەر نکۆڵییان کرد. ئەوە بڵێ بەڵکو ئەوە و ئەوەتان وت". عەمار ڕۆیشت بۆلایان و ئەوەی پێووتن. ئەوانیش

مەتن بۆلای پەیامبەری خوا و داوای لێبوردنیان کرد. وەدیعەی کوڕی سابت محەمەیسەر پێ و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەسەر وشترەکەی راوەستابوو، سەی دەکرد و گوریسی ناوقەدی وشترەکەی گرتبوو. ئەیووت: ئەی پەیامبەری خوا گیانمان کردووە، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی لەبارەیانەوە دابەزاند:﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ﴾ التوبة: ٦٥، واتا:سوێند بێت ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت بەڕاستی دەڵێن ئێمە هەر دەمەتەقێ و گاڵتە دەکەین.

مەخشیی کوڕی حەمیر ئەیووت: ناوی خۆم و ناوی باوکم عەبیداری کردووم. ئەو بوو بە ئایەتەدا بەر لێبووردن کەوت. بۆیە ناونرا عەبدولڕەحمان. داوای لەخوای گەورە کرد شەهیدبوونی پێ ببەخشێت و شوێنەواری تەرمی نەزانرێت. لەڕۆژی یەمامەدا کوژرا و شوێنەواری نەبینرایەوە.

کاتێک پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەیشتە یەرموک، یوحەننەی کوڕی روئبەی فەرمانڕەوای ئەیلە هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و لەگەڵ پەیامبەری خوادا ڕێککەوت لەسەر دانی جزیە، خەڵکی جەرباء و ئەزروعیش لەسەر پێدانی جیزیە ڕێککەوتن، پەیامبەری خوا بۆ هەریەکەیان نووسراوێکی نووسی و لایان بوو، پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نارەدلای ئەکیدەری کوڕی عەبدولمەلیکی فەرمانڕەوای دەومەوتولجەندەل، گاورێکی هۆزی کیندە بوو، بینی راوی مانگای کێوی ئەکات، هەروەک پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەوەی بۆ باسکردبوو، مانگا کێویەکە لەو شێو و دۆڵە بوو کە لەسریەکەی خالید ترساو ڕوویکردە دەومە، لەڕێگەدا مانگاکەی خۆی گرت و گەیشتە دەومەو شەو بەدیواری مالّی ئەکیدەر بەسترایەوە و ژنەکەی لەبەرانبەریدا وتی:

- هەرگیز نمونەی ئەمەت بینیووە؟

- وتی: نە.

- وتی: کێ ئەمە بەرەلاّ ئەکات؟

- وتی: هیچ کەس.

مانگە شەوێکی ساف و رۆشن بوو، لەگەڵ کۆمەڵێ لەهۆزو خزمی خۆیدا سوار وڵاخ بوون کە حەسسانی برایشی لەگەڵیاندا بوو دەرچوون، سوارەکانی خالید دایان بەسەریانداو ئەکیدەر دیل کراو حەسسان خۆی بەدەستەوە نەدا و شەڕیکرد تاوەکو کۆژراو ئەوانەی لەگەڵیان بوون هەڵهاتن و چوونە قەلاکەوە، خالید ئەکیدەری دەستبەسەرکردو مەرجی کرد تاوەکو پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بێت و قەلاکەی بۆ بکاتەوەو ئەویش ئەوەی کردو رێککەوت لەسەر دوو هەزارو سێسەد وشترو چوار سەد قەڵغان و چوار سەد تیرو بۆ پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) بەروویوومێکی پوختی دابڕی و پاشان غەنیمەتەکانی بەشکرد و پێنج یەکی لێ دەرکردو ئینجا بەسەر هاوەڵەکانیدا دابەشی کرد، هەر پیاوێك پێنج بەشی بەرکەوت، پاشان خالیدی کوڕی وەلید ئەکیدەرو مصادی برای بەڕێخست کە لەقەلاکەدا بوو بەوانەش کە لەسەری رێککەوتبوو بۆ مەدینە و ئەکیدەری هێنایەلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و دیاریپەکی پێ دا و رێککەوت لەسەر جیزیە دان و پاراستنی خۆێنی خۆی و براکەی و ئازاد کردنیان، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نووسراوێکی بۆ نووسی کە سەلامەتییانی تێدا بوو بەدەستی خۆیشی مۆری کرد".

ئەکیدەر عەبایەکی ئاورێشمیی بەئاڵتوون چنراو و نەخشکراوی لەبەر بوو، خالید لەبەری دایکەند و ناردی بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێش هێنانی ئەکیدەر. موسڵمانەکان دەستیان لێ ئەداو سەیریان پێ دەهات. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئایە بەم سەرسامن، سوێند بەو کەسەی گیانی موحەممەدی بەدەستە. دەستەسڕی موعازی کوڕی جەبەل لەبە هەشتدا لەمە جوانتر و باشترە".

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: پاشان خالید، ئەکیدەری هێنایە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)،پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خۆێنی پاراست و ئەکیدەر رێککەوت لەسەر دانی جیزیە، پاشان ئازادی کرد و گەڕایەوە دێیەکەی خۆی.

ئەگەرێنەوە لای باسەکەی یەزیدی کوڕی رومان لەسەرەتای غەزای تەبوکدا، ئەڵێ: ئیمەبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دە شەو و شتێك لەتەبوك مایەوە و ئەو شوێنەی ئێمەپەڕاند، پاشان کۆڵۆباری پێچایەوە بەرەو مەدینە. لەڕێگەدا ئاوێك هەبوو هەرزاییەکەوە دەڕژایە دۆڵێکەوە پێیدەوترێ دۆڵی ئەلموشفیق. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"هەرکەسێ پێش ئێمە گەیشتە سەر ئەو ئاوە، با ئاوی لێ هەڵنەگرێت تاوەکو ئێمە دەگەینە سەر ئەو ئاوە". چەند دووڕوویەك پێش پەیامبەری خوا گەیشتبوونە سەر ئەو ئاوە، لێیانخواردبووەوە، جا کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەیشتە سەر ئەو ئاوە، لەسەری راوەستاو هیچی نەبینی، فەرمووی:"کێ پێش ئێمە بە ئێرە گەیشت؟" وترا: ئەی پەیامبەری خوا فلاّن و فلاّنە کەس. فەرمووی:"ئەی نەمانووت هیچ کەسێك لێی نەخواتەوە تاوەکو ئێمە دەگەین؟" پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نەفرەتی لێکردن و لەدژیان پاڕایەوە، پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دابەزی و دەستی خستە ژێر ئاوەکە لەنێو دەستیدا دەڕژا تا ئەوەی خوای گەورە ویستی لێ هەبوو، دەستی بەتاوێرەکەدا هێنا و ئاوەکە خوڕەیەکی هات وەك ئەوەی گوێی لێبووە وتوویەتی، دەنگی خوڕەی ئەو ئاوە وەك هەورەتریشقە بوو،خەڵکیی لێیان خواردەوە و پێویستییەکانی خۆیانیان پێ جێبەجێ کرد، پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەوەی لەئێوە لەژیاندا بمێنێتەوە، گوێبیستی ئەوە دەبێ ئەم دۆڵە چەند لەشوێنانی تر پیتدارتر دەبێ".

پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەڕێکەوت بۆ گەڕانەوە تاوەکو دابەزییە زی ئەوان، شوێنێکە لەنێوان ئەوێ و مەدینەدا کاتژمێرێ ڕێگەیە. دەستەی مزگەوتی زەرار هاتنە لای لەوکاتەی ئامادەسازیی دەکرد بۆ تەبوك و وتیان: ئەی پەیامبەری خوا، ئێمە ئەم مزگەوتەمان دروستکردووە بۆ کەسانی پەککەوتە و شەوانی باران و زستانی سەخت، حەز دەکەین بێی بۆلامان و نوێژی تێدا بکەی بۆمان، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"من لەسەر ڕێگەی سەفەرم و سەرقاڵم" یان فەرموویووی:"پشت بەخوا ئەگەر گەڕاینەوە، دێینە لاتان و بۆتان نوێژی تێدا دەکەین".

جا کاتێك گەیشتە زی ئەوان و هەواڵی ئەو مزگەوتە دابەزی، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) مالیکی کوڕی ئەلدوخشومی بەرای نەوەی سالمی کوڕی عەوف و مەعنی کوڕی عەدی یان براکەی کە عاسمی کوڕی عەدی برای نەوەی ئەلعیجلان بوو بانگکرد و فەرمووی:"هەردووکتان بچن بۆ ئەو مزگەوتەی خەڵکەکەی ستەمکارن، مزگەوتەکە بڕوخێنن و بیسوتێنن و خێرا دەربچن تاوەکو دەگەنە لای نەوەی سالمی کوڕی عەوف" ئەوان دەستەی مالیکی کوڕی ئەلدوخشوم بوون. مالیك بەمەعنی وت: چاوەڕێم بکە تاوەکو لەماڵەوە ئاگرت بۆ دەهێنم. چووە ماڵەوە و چڵە خورمایەکی هەڵگرت و ئاگری تێبەردا و پاشان دەرچوون تاوەکو هاتنە مزگەوتەکەوە و خەڵکەکەی تێدا بوو، ئاگری تێبەردا و ڕووخاندیان، خەڵکەکە بلاوەیان لێکرد و ئەم ئایەتەی قورئانیان لەبارەوە دابەزی:﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًۢا بَيْنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾ التوبة: ١٠٧، واتە (لەناپاکان) ئەوانەی مزگەوتێکیان دروست کرد بۆ زیان گەیاندن(بە موسڵمانان و خوانەناسی و جیاوازی خستنە نێوان ئیمانداران.

تاوەکو کۆتایی چیرۆکەکە. ئەوانەی ئەو مزگەوتەیان دروستکرد دوانزە کەس بوون. خیزامی کوڕی خالید لەنەوەی عوبەیدی کوڕی زەید یەکێك بوو لەنەوەی عەمری کوڕی عەوف و لەماڵی ئەوەوە مزگەوتی دووبەرەکیی دروست بوو، هەروەها سەعلەبەی کوڕی حاتەب لەنەوەی عوبەید سەر بەنەوەی ئومەییەی کوڕی زەید و موعەتیبی کوڕی قوشەیر لەنەوەی زەبیعەی کوڕی زەید و ئەبو حەبیبەی کوڕی ئەلئەزعەر لەنەوەی زەبیەی کوڕی زەید و عەبادی کوڕی حەنیف برای سەهلی کوڕی حەنیف لەنەوەی عەمری کوڕی عەوف و جاریەی کوڕی عامر و هەردوو کوڕەکەی کە موجەمیعی کوڕی جاریە و زەیدی کوڕی جاریە بوون، هەروەها نەبتەلی کوڕی ئەلحاریس لەنەوەی زەبیعە و بەحەرزەج سەر بەنەوەی زەبیعە بوو، هەروەها بجادی کوڕی عوسمان لەنەوەی زەبیعە و وەدیعەی کوڕی سابت کە سەر بەنەوەی زەبیعە بوو، دەستەی ئەبو لوبابەی کوڕی عەبد ئەلمونزیر. ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) هاتەوە مەدینە و دەستەی دووڕووان خۆیان دواخست، هەندێ لەموسڵمانەکان بەبێ بوونی گومان و دووڕوویی خۆیان دواخستبوو

ـەگەڵیدا دەرنەچوو بوون، ئەوانیش کەعبی کوڕی مالیك و موورارەی کوڕی ئـەلڕەبیع و هیلالـی کـوڕی ئومەییـە بـوون. پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) فـەرمووی:"هیچ کەسێ لەگەڵ ئەو سێ کەسەدا قسە نەکات". ئەو دووڕوانەی خۆیان دواخستبوو، هـاتن و سـوێندیان بـۆ پەیامبـەری خـوا دەخـوارد و عـوزر و بیانوویـان دەهێنایـەوە، خـوا و پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بیانوویانی وەرنەگرت. موسڵمانان لەو سـێ کەسـە دوورییان گرت تاوەکو خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند:

﴿ لَّقَد تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلنَّبِيِّ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ فِى سَاعَةِ ٱلْعُسْرَةِ مِنۢ بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِّنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّهُۥ بِهِمْ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٧﴾ وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُوا۟ حَتَّىٰٓ إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّوٓا۟ أَن لَّا مَلْجَأَ مِنَ ٱللَّهِ إِلَّآ إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١١٨﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَكُونُوا۟ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١١٩﴾ ﴾ التوبة: ١١٧ - ١١٩.

واتا: بێگومان خوا تەوبەی وەرگرت لەپێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) و ئـەو کۆچـەرو یاریدەدەرانـەی کـە شـوێنی پێغەمبەر(صـلی الله علیـه وسـلم)کەوتن لـەکاتی سـەختی و ناڕەحەتیدا پاش ئەوەی نزیك بوو دڵی کۆمەڵێکیان لەهەق لابدات پاشان خوا تەوبەی لێ وەرگرتن بەڕاستی خوا لەگەڵیان دڵسۆزو میهرەبانە. هەروەها خوا تەوبەی وەرگرت لـەو سێ کەسەش کە دواخران(خوا دەربارەیان بڕیاری نەدابوو)هەتا ئەو کاتەی لێیان تەسـك بووبەوە زەوی بەو فراوانیەی کە هەیەتی و بێزاربـوون لـەگیانی خۆشیان و زانیـان هـیچ پەناگەیـەك نـی یـە لەسـزای خـوا مەگـەر پـەنای خـۆی پاشـان پەشـیمانی لـێ وەرگرتن(بەدابەزاندنی چەند ئایەتێك)بۆ ئەوەی تۆبە بکەن بەڕاستی خوا هەمیشە تۆبـە وەرگری میهرەبانـە. ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە خۆتـان بپـارێزن لە(تۆڵـەی)خوا وە لەگەڵ ڕاست گۆیاندا بن و لەڕیزی ئەواندابن.

ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەمانگی ڕەمەزاندا لەتەبوکـەوە گەڕایـەوە مەدینە، لەو مانگەشدا شاندی سەقیف هاتنەلای و پێشتر ئەو باسەمان کرد.

لەو ساڵەدا مەبەستم ساڵی نۆی کۆچی، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمانگی ڕەبیعی دووەمدا عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبی ڕەوانەی ولآتی تەیئ کرد، عەلی پەلاماری دان و سەبایەی دەستخست و دوو شمشێری دەستبەسەردا گرت کە لەبتخانەکەدا بوون. بەشمشێرێکیان دەوترا رسوب و بەوی تریان دەوترا: ئەلمیخزەم. ئەو دوو شمشێرە باس وخواسی خۆیان هەبوو. ئەلحاریسی کوڕی ئەبو شمر نەزری کردبوون بۆ ئەو بتخانەیە. خوشکی عەدی کوڕی حاتەمی بەسەبایە دەستخست. ئەبو جەعفەر ئەڵێ: ئەو هەوالآنەی لەبارەی عەدی کوڕی حاتەمەوە هاتوون، لای ئێمە بەبێ ڕوونکردنەوەی کات و جیاوازی لەوەیە کە واقیدیی وتوویەتی لەبارەی ئەوەی عەلی، خوشکی عەدی کوڕی حاتەمی بەسەبیی گرتووە.

لەعەدی کوڕی حاتەمەوە ئەڵێ: سوارەکانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هاتن، یان وتی: نێردراوانی پەیامبەری خوا هاتن و پوورەکەم(خوشکی باوکم) و خەڵکانێکیان گرت و هێنایان بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم). ئەڵێ: هەموویانیان ڕیز کرد. پوورم وتی: وتم: ئەی پەیامبەری خوا من لەمنداڵ بوون کەوتووم و پیرەژنێکی بەسالآچووم، منەتم بخەرە سەر و ئازادم بکە خوای گەورە منەتت بخاتەسەر. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی کێ وەرتدەگرێتەوە؟" وتم: عەدی کوڕی حاتەم. فەرمووی:"ئەوەی لەخوا و پەیامبەرەکەی هەڵهاتووە؟" وتم: تۆ منەتم بخەرە سەر. پیاوێك لەتەنیشتی بوو وا بزانم عەلی بوو(سەلامی خوای لەسەربێ). فەرمووی:"داوا بکە وشترێکی بۆ بهێنن". وشترێکیان بۆ هێنام و منیش وتم: کارێکت کرد باوکیشت ئەوەی نەکردووە! ئەڵێ: هەریەکە و دەهات داوای شتێکی لەپەیامبەری خوا دەکرد. عەدی ئەڵێ: هاتم بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ژنێك و دوو منداڵ یان منداڵێکی لا بوو، لەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نزیك خرانەوە و زانییم ئەو پادشایەك نییە وەك کیسرا و قەیسەر. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی عەدی کوڕی حاتەم، چی زیانێك دەکەی ئەگەر بڵێی لا إله إلا الله! ئاخۆ جگە لە الله هیچ خوایەکی دیکەی بەحەق بوونی هەیە! ئەوە چی زیانێك دەکەی ئەگەر

ـنی الله أكبر، ئاخۆ هیچ شتێکی تر هەیە لە الله گەورەتر بێ؟" عەدی ئەڵێ: منیش ووم موسڵمان و بینییم رووخساری پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)گەشایەوە.

ئەشەیبانی کوڕی سەعد ئەلتائییەوە ئەڵێ: عەدی کوڕی حاتەم تەیئ بوو، وەك پێمگەیشتووە ئەیووت: هیچ پیاوێکی عەرەب نەبوو بەقەد من رقی لەپەیامبەری خوا بێتەوە، من پیاوێکی گەورە و بەڕێز بووم لەنێو قەومەکەمدا، گاور بوون، وەك پادشا بووم، کاتێ ناوبانگیی پەیامبەری خوام گوێ لێبوو، رقم لێ بوویەوە، بەخزمەتکارێکم وت کە عەرەب بوو، وشترەکانمی دەلەوەڕاند، پێموووت: لەبardایکت بچی، وشترێکی قەڵە و تووند و تۆڵم بۆ ئامادە بکە، گوێبیست بووم کە سوپای موحەممەد دەیەوێت بێتە تەیئەوە. ئەو هەواڵە ئازاری دام. ئەویش ئەوەی کرد. بەیانیانێکی هات و وتی: ئەی عەدی چی دەکەی ئەگەر سوارەکانی موحەممەد بکوتن بەسەرتدا، دەی خۆت رزگار بکە، من کۆمەڵێ بەیداخم بینی و لەو بارەیەوە پرسیم، وتیان: ئەوە سوپاکانی موحەممەدە. منیش وتم: وشترەکەم بۆ بهێنە، ژن و منداڵەکانم خستەسەر و پاشان وتم: خۆت بگەیەنە بەگاورە ئایینداڕەکانم لەشام، خۆیشم رێگەی ئەلحوشیەم گرتەبەر و کچەکەی حاتەمم لەوێدا بەجێهێشت، گەیشتمە شام، سوارەکانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دوای من گەیشتبوون و کچەکەی حاتەمیان بردبوو لەگەڵ ئەوانەی چنگیان کەوتبوون، لەنێو سەبایەی تەیئدا هێنابوونی بۆلای پەیامبەری خوا، هەواڵی هەڵهاتنم بەپەیامبەری خوا گەیشتبوو. کچەکەی حاتەم لەدەرگای مزگەوت گلدرابوویەوە و سەبایەکان لەوێدا بوون، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەلایاندا تێپەڕ ببوو، خوشکەکەم هەڵسابوو رۆیشتبوو بۆلای، ئافرەتێکی سیسەڵەی لاواز بوو، وتبووی: ئەی پەیامبەری خوا من لەمنداڵ بوون کەووم و پیرەژنێکی بەسالاچووم، منەتم بخەرە سەر و ئازادم بکە خوای گەورە منەتت بخاتەسەر. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی کێ وەرتدەگرێتەوە؟" وتبووی: عەدی کوڕی حاتەم. فەرمووی:"ئەوەی لەخوا و پەیامبەرەکەی هەڵهاتووە؟" وتبووی: تۆ منتم بخەرە سەر. خوشکەکەم وتی: پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رۆیشت و لەبەیانییدا هاتەوە و بەلامدا

تێپەڕی، لێی بێ ئومێد بووم، پیاوێك لەپشتییەوە ئاماژەی پێکردم کە بڕۆم بۆلای و قسەی لەگەڵ بکەمەوە، منیش هەڵسام بۆلای و وتم: ئەی پەیامبەری خوا من لەمندالێ بوون کەوتووم و پیرەژنێکی بەسالاچووم، منەتم بخەرە سەر و ئازادم بکە خوای گەورە منەتت بخاتەسەر. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی کێ وەرتدەگرێتەوە؟" وتم: عەدی کوڕی حاتەم. فەرمووی:"ئەوەی لەخوا و پەیامبەرەکەی هەڵهاتووە؟" وتم: تۆ منتم بخەرە سەر.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"باشە ئەوە دەکەم، بەڵام پەلە مەکە بۆ دەرچوون تاوەکو کەسێکی متمانەدار لەقەومی خۆت دەدۆزیتەوە و بەوڵاتی خۆتت دەگەیەنێ، پاشان داوای مۆڵەتم بکە".

ئەڵێ: لەبارەی ئەو پیاوەم پرسی کە ئاماژەی پێ دام لەگەڵ پەیامبەری خوادا قسە بکەم، وترا: ئەوە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بوو. ئەڵێ: مامەوە تاوەکو سوارێ لەبەلی یان لەقوزاعە هات و وتم: ئەمەوێ بچمە لای براکەم لەشام. هاتم بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و وتم: ئەی پەیامبەری خوا، دەستەیەك لەقەومەکەم هاتوون و متمانەداریان تێدایە. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) کۆمەڵێ بەرگی پێ دام و خەرجییش. لەگەڵیاندا دەرچووم تاوەکو گەیشتمە شام. عەدی ئەڵێ: سوێند بەخوا لەنێو ژن و منداڵی خۆمدا دانیشتبووم، سەیرم کرد یەکێك بەرەو رووم دێت، وتم: کچەکەی حاتەم! وتی: بەڵێ خۆیەتی خۆیەتی. کە لەسەر سەرم راوەستا و دەستی کردە قسە پێووتنم و وتی: ئەی ستەمکار، تۆ ژن و کوڕی خۆتت رزگار کرد و کچە شیرینەکەی باوکتت بەجێهێشت! وتم: خوشکە شیرینەکەم وا مەڵێ و قسەی چاك بکە. سوێند بەخوا عوزر و بیانووم نییە. پاشان دابەزی و لام دانیشت، ژنێکی لێهاتوو و بیرتیژ بوو، پێموت: لەبارەی ئەو پیاوەوە چی دەڵێی؟ وتی: سوێند بەخوا بەبۆچوونی من بێ، خێرا خۆتی پێ بگەیەنی، ئەگەر ئەو پیاوە پەیامبەر بێ، ئەوە زوو خۆت پێ بگەیەنێ گەورەییە، ئەگەر پادشاش بێ، ئەوە لەشکۆداریدای، تۆ ئەوە و ئەوەی. وتم: سوێند بەخوا ئەمە بۆچوونێکی تەواوە. عەدی ئەڵێ: دەرچووم هاتمە لای پەیامبەری خوا(صلى

لله علیه وسلم) و سەلامم لێکرد و دەروونم ناسیەوەی و بردمیەوە بۆ ماڵەوەی خۆی و هەرێگەدا ئافرەتێکی لاواز رایگرت و زۆرێك لەگەڵیدا وەستاو پێویستیی خۆی بۆ عسکرد،لەدڵی خۆمدا وتم:ئەمە پادشا نییە کە بۆ ئافرەتێکی وەها راوەستاوە،ئینجا ینیفەرموم:"ئەی عەدی،تۆ چواریەکی دەسکەوتەکان دەبەیت و لەئایینەکەشتدا حەڵاڵ ییە،تۆ کە موسڵمان نابی لەبەر ئەوەیە کە دەبینی پێداویستییمان هەیە و دوژمنمان زۆرە،سوێند بەخوا ئەوەندە سەروەت بەسەر موسڵمانانداە دەڕژێ کەسێك نابێ لێی هەڵبگرێ،سوێند بەخوا دەبیستی ئافرەت بەتەنیا لەسەر وشترێکەوە دێتە ئەم ماڵەو تەنیا ترسی خوای لەدڵدایە،سوێند بەخوا دەبیستی کۆشکە سپیەکانی بابل فەتحدەکرێن". ئەڵێ: منیش موسڵمان بووم،بینیم کۆشکە سپیەکانی بابل فەتحکران و ئافرەتیشم بینی بۆ تەوافی کەعبە دەرچوو تەنیا ترسی خوای لەدڵدابوو،سوێند بەخوا سێیەمیش دێ کە ئەوەندە سەروەت بەسەر خەڵکیدا دەڕژێ تائەوەی کەس دەستی بۆ نەبات.

واقیدی ئەڵێ: لەو ساڵەدا شاندی تەمیم هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم). ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین ئەویش لەئیبن ئیسحاقەوە وتی: عاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادە و عبداللەی کوڕی ئەبو بەکر بۆیان باسکردم وتیان: ئەندامانی شاندەکە زیاتر لە دە کەس بوون و هەموویان گەورەیانی نەوەی تەمیم بوون،لەسەرووی هەموویانەوە عەتاردی کوڕی حاجبی کوڕی زارەی کوڕی عودەسی تەمیمی بوو،هەروەها لەنێویاندا ئەقرەعی کوڕی حابس و حجاب و زیبرقانی کوڕی بەدری کوڕی یەزیدی کوڕی دارمی کوڕی مالیك و عویەینەی کوڕی حیصن بوون. عویەینە و ئەقرەع لەگەڵ پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) دا بەشداری فەتحی مەککە و حونەین و تائیف بوون.

چوونە نێو مزگەوتی پەیامبەرەوە و لەودیوو دیوارەوە بانگی پەیامبەری خوایان کرد:بەوشکی و بێ ئەدەبییەوە بانگیان کرد:ئەی موحەممەد ئەی موحەممەد وەرە دەرەوە بۆلامان،بەو هاوارو دەنگ بەرزکردنەوەیان پەیامبەریان ئازار دا،پەیامبەر(صلی

الله علیه وسلم) دەرچووە لایان،وتیان:ئەی موحەممەد هاتووین شانازیت پێوە بکەین،مۆڵەت بەشاعیرو وتاربێژەکەمان بدە،خۆشەویست فەرمووی:"ئەوە مۆڵەتی وتاربێژەکەتانم دا با قسە بکات"،عەتاردی کوڕی حاجبی سەرۆکی شاندەکە هەستاو وتی:سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە فەزڵ و منەتی بەسەرمانەوە هەیەو خاوەن فەزڵە،کە کردوونی بەپادشاو سەروەت گەلێکی مەزنی پێ بەخشیوین و چاکەی پێ دەکەین و کردوونی بەسەربەرزترین خەڵکانی رۆژهەڵات و زۆرترین ژمارەمان هەیەو باشترین چەك و ئامادەییمان هەیە لەتەواوی خەڵکانی تری رۆژهەڵات،ئاخۆ لەنێو خەڵکیدا کێ هەیە لەنمونەی ئێمە بێ؟ئایە ئێمە گەورەو فەزڵدارتین خەڵکیی نین؟بۆیە هەرکەسێ دەیەوێ بەرانبەرمان خۆ هەڵکێشێ با وەك ئێمە شتەکانی خۆیمان بۆ بژمێرێ،ئەگەر بمانەوێ زۆرتر دەڵێین،بەڵام شەرم دەکەین لەزۆرکردنی ئەوەی پێمان بەخشراوە،ئەمەشم بۆیە وت تاوەکو نمونەی ئەوەمان بۆ باس بکەن کە ئێوە هەتانە و باشتر لەوەی ئێمەبێ،پاشان دانیشت،ئینجا پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) بەسابتی کوڕی قەیسی فەرموو:"وەڵامی ئەو پیاوە بدەرەوە"،سابت هەستاو وتی:سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ئەوەی لەئاسمانەکان و زەویدایە دروستکراوی ئەون و فەرمانی خۆی تیایاندا بەجێهێناوە و کورسیی خۆی فراوانکردووە،هەر شتێك بوونی هەبێ لەفەزڵی خۆیەتی،پاشان لەتوانای ئەودایە کردنی بەپادشا و باشترین مەخلوقی خۆی و پاکترین رەچەڵەك و رێزدارترین خەڵکیی هەڵبژارد بەپەیامبەر و نێردراوی خۆی،پەرتووکی بۆ دابەزاند و کردی بەمنەت بەسەر دروستکراویدا،موحەممەد باشترین هەڵبژاردەی خوایە لەنێو جیهانیاندا،پاشان خەڵکیی بانگەوازکرد بۆ باوەڕهێنان،لەوەشدا کۆچەرانی هۆزو نزیکانی خۆی باوەڕیان پێ هێنا کە رێزدارترین و باشترین و ناودارترینی خەڵکین و لەخەڵکانی تر باشترین کردارێکیان هەیە،پاشان سەرەتاترین خەڵکیی کە بەدەم بانگەوازەکەیەوە رۆیشتن ئێمە بووین،ئێمە پشتیوانی خواو پشتی نێردراوەکەین،شەڕی خەڵکیی دەکەین تاوەکو باوەڕ دەهێنن،بۆیە هەرکەسێ باوەڕی بەخواو پەیامبەرەکەی هێنا سەروەت و خوێنی

یـرێزراوە،هەرکەسێکیش بێباوەڕیی بکـات هەمیشـە لـەپێناو خـوادا جیهـادی دەکـەین و کوشتنی ئەو کەسەشمان بەلاوە ئاسانە،والسلام علیکم.

وتقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی ئوبەی مرد، لەشەوێك کـە لـەمانگی شـەوالدا مـبوو نەخۆشکەوت، لەزی ئەلقەعیددا مرد، بیست شەو نەخۆش بوو.

ئەو ساڵە و لەمانگی رەمەزانـدا نووسـراوی پادشـایانی حیمیـەر گەیشت بەپەیامبـەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەدانـنان بەئیسلام و بوونە موسڵمان، ئەو نووسراوەش لەگـەڵ نێردراوەکانیاندا هات کە ئەلحاریسی کوڕی عەبد کولال و نوعەیمی کـوڕی عەبـد کـولال و ئەلنوعمان بوو، وتراوە زی روعەین.

لەعبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە ئـەڵێ: لەگەڕانـەوەی پـەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسلم) لەتەبوك، نووسراوی پادشایانی حیمیەر بەپەیامبەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) گەیشت کە تیایدا موسـڵمانبوونی خۆیانیـان راگەیاندبوو، نووسـراوەکە لەگـەڵ ئەمانـەدا هێنرا: ئەلحاریسی کوڕی عەبد کولال و نوعەیمی کوڕی عەبد کـولال و ئـەلنوعمان وتـراوە زی روعـەین و هەمـدان و مـەعافیر. زورعـە زو یـەزن، مـالیکی کـوڕی مـوڕە ئـەلڕەهاویی بەموسڵمانبوونی خۆی ناردە لای پەیامبەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم)، رایگەیانـد کـه بوونەتـە موسـڵمان و خـۆی و کەسـوکارەکەی دەسـتبەرداری هاوبـەش پەیـداکردن هاتوون،پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) ئەم نووسـراوەی بۆیـان نـارد:" بـەناوی خوای گەورە،لەموحەممەدی پەیامبەرەوە بۆ حاریسـی کـوڕی کـولال و نوعـەیمی کـوڕی عەبد کولال و نوعمان وتراوە زی روعەین و مەعافر و هەمدان،پاشان،من ستایشـی خـوای گەورەتان بیردەخەمەوە کە هیچ خوایەکی بەحەق نییە ئەو نەبێ،پاشان لەگەڕانـەوەمان بۆ مەدینە نێردراوەکەتان لـەزەوی رۆمـەوە لەمەدینـەدا پێمانگەیشت و هـەوالّی پێـداین لەوەی ناردووتانە و ئـەوەی وتووتانە،هـەوالّی پێـداوین بەموسـڵمان بوونتـان و کوشـتنی هاوبەش پەیداکەران و خوای گەورە هیدایەتی داون بەهیدایـەتی خـۆی ئەگـەر شیاو بـن گوێڕایەڵی خواو پەیامبەرەکەی بن و بەچاکی نوێژ بکـەن و زەکـات بـدەن و پێـنج یـەکی دەسکەوتەکانی جەنگ بدەنە خواو پەیامبەر و بنەماڵەکەی و ئەو زەکات و صـەدەقەیەش

که لەسەر باوەڕداران پێویستە بیدەن. پاشان زەکاتی کشتوکاڵی و وشترو مانگاو مەڕو بزنی بۆ دیاریکردن و فەرمووی:هەرکەسێ زیاتری بکات ئەوە بۆی خێرترە،هەرکەسێ ئەنجامیبدات و شایەتی موسڵمانبوونی خۆی بدات و پشتگیری باوەڕداران بکات دڵ بە هاوبەش پەیداکەران،ئەوە بۆ باوەڕداران چی هەبێ بۆ ئەویش هەیە،ئەوەشی لەسەرە کە لەسەر موسڵمانانە لەسزاو ئەرک،هەرکەسێکیش لەسەر ئایینی جولەکە و گاورێتی بمێنێتەوە، زۆری لێ ناکرێت موسڵمان ببێ،بەڵکو لەسەر هەموو باڵغێکیان جیزیە پێویستە،نێرین یان مێ،ئازادبن یان کۆیلە پێویستە دینارێکی واق لەبەهای معافر بدەن یان لەجیاتیدا پۆشاک بدەن،هەرکەسێ ئەوەی کرد ئەوە ژیانی لەئەستۆی خواو پەیامبەرەکەیدایە و پارێزراوە،هەرکەسیش ئەوەی نەکرد ئەوە دوژمنی خواو پەیامبەری خوایە".

پاشان، موحەممەدی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نامەی بۆ زورعە زی یەزن نارد: "ئەگەر نێردراوەکانی من گەیشتنە لاتان، وەسێتتان پێ دەکەم باش بن لەگەڵیاندا کە موعازی کوڕی جەبەل و عبداللەی کوڕی زەید و مالیکی کوڕی عوبادە و عوقبەی کوڕی نەمیر و مالیکی کوڕی موڕە و هاوەڵانیانە، سەدەقەتان لەنێواندا کۆبکەنەوە و جیزیە وەربگرن لەوانەی پێچەوانەتانن، بەشاندەکەم بگەیەنن کە موعازی کوڕی جەبەل ئەمیریانە و بەڕازیبوون و کرداری رازیبوونەوە بگەڕێنەوە".

"پاشان، موحەممەد شایەتیی دەدات کە هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لە اللە و خۆیشی بەندە و نێردراوی خوایە، پاشان مالیکی کوڕی موڕە ئەلڕەهاویی بۆی باسکردووم کە تۆ یەکەمین کەسی لەحیمیەر بوویتەتە موسڵمان و شەڕی هاوبەش پەیداکەرانت کردووە، بۆیە مزگێنیی خێر و خۆشییت پێ دەدەم و فرمانت پێ دەکەم لەگەڵ حیمیەردا باش بی، خیانەت مەکەن و پشت هەڵمەکەن، بێگومان پەیامبەری خوا دۆستی دەوڵەمەند و هەژارەکانتانە، سەدەقە حەڵاڵ نییە بۆ موحەممەد و ئالوبەیتەکەی. بەڵکو ئەوە زەکاتێکە ئەیداتە هەژارانی باوەڕدار و رێبواران. وا مالیك هەواڵەکەی گەیاند و پاراستی و فرمانت پێ دەکەم لەگەڵیدا چاك بن. چاکترینی بنەماڵەکەم و سەرەتا

ئایینداڕترینیان و زاناترینیان دەنێرمە لاتان و فرمانت پێ دەکەم لەگەڵیدا چاك بن. والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته".

واقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵەدا سیانزە پیاوی شاندی بەهراء هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، دابەزیینە لای ئەلمیقدادی کوڕی عەمر.

ئەڵێ: لەو ساڵەدا شاندی نەوەی ئەلبوکاء هاتن بۆ لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، هەروەها شاندی نەوەی فەزارە هاتن کە دە پیاو و شتێك بوون، خاریجەی کوڕی حیصنیشیان تێدا بوو. ئەڵێ: لەو ساڵەدا پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) سەرەخۆشیی لەموسڵمانان کرد بەهۆی کۆچی دوایی نەجاشییەوە و نەجاشیی لەمانگی رەجەبی ساڵی نۆ، کۆچی دوایی کرد.

ئەڵێ: لەو ساڵەدا ئەبو بەکر حەجی بەخەڵکیی کرد، پاشان ئەبو بەکر بەسێسەد کەسەوە لەمەدینە دەرچوو، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بیست وشترێ لەگەڵدا نارد. ئەبو بەکر پێنج وشترێ سەربڕی. لەو ساڵەدا عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف حەجی کرد، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەدوای ئەبو بەکردا عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبی نارد(خوای لێ ڕازیی بێ)، لای ئەلعەرج بەئەبو بەکر گەیشت، لەڕۆژی قوربانییدا لای عەقەبە، بەرائەی بەسەردا خوێند. ئەلسودی ئەڵێ: کاتێك ئەو ئایەتانە تاوەکو سەرەتای ئایەتی چلی سورەتی بەرائە دابەزی، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەگەڵ ئەبو بەکردا ناردی و کردیە ئەمیری حەج، کاتێك ئەبو بەکر گەیشتە لای زی ئەلحەلیفە، عەلییشی بەدوادا نارد، ئەبو بەکر گەڕایەوە لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و وتی: ئەی پەیامبەری خوا بەدایك و باوکمەوە بەفیدات بم، ئایە هیچ شتێکی قورئان لەبارەی منەوە دابەزیووە؟ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"نە، بەڵام دەبێ خۆم یان کەسێکی خۆم ئەمە بگەیەنێ، ئەی ئەبو بەکر ڕازیی نییت تۆ هاوڕێی نێو ئەشکەوتم بوویت و هاوڕێی سەر حەوزی کەوسەریشم بی؟". ئەبو بەکر وتی: بەڵێ بێگومان ئەی پەیامبەری خوا.

ئیتر ئەبو بەکر بەڕێکەوت وەك ئەمیری حەج و عەلیش جارِی دەدا. لەڕۆژی قوربانییەد عەلی هەڵسا و جارِی دا و وتی: لەدوای ئەمسالْ، هیچ کەسێ بەهاوبەش پەیداکردن نزیکی مزگەوتی حەرام نەبێتەوە، بەڕووت و قووتییەوە تەوافی کەعبە نەکات، هەرکەسێ لەنێوان خۆی و پەیامبەری خوادا پەیمانێك هەیە، ئەوە تاوەکو ئەو کاتەی دیاریی کراوە کاری پێ دەکرێت. ئەم ڕۆژانە ڕۆژانی خواردن و خواردنەوەن، خوای گەورە کەسێك ناخاتە بەهەشتەوە موسڵمان نەبێ.

ئەوانیش وتیان: ئێمە خۆمان بەدوور دەگرین لەپەیمانی تۆ و پەیمانی کوڕە مامەکەت و تەنیا شەڕمان لەنێواندا هەیە. هاوبەش پەیداکەران لەم قسەیە پەشیمان بوونەوە و سەرزەنشتی یەکتریان کرد و وتیان: ئەوە ئێوە چی دەکەن، قورەیش وا بوونەتە موسڵمان! ئیتر ئەوانیش بوونە موسڵمان.

موحەممەدی کوڕی کەعب ئەلقورەزی و ئەوانی تر وتوویانە: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەبو بەکری بەئەمیری حەجی ساڵی نۆ نارد، عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بەسی یان چل ئایەتی بەرائەوە نارد و ئەویش بەسەر خەڵکییدا خوێندییەوە، چوار مانگ مۆڵەتی هاوبەش پەیداکەرانی دا بۆ خۆیان بەسەر زەوییدا بسوڕێنەوە. لەڕۆژی عەرەفەدا سورەتی بەرائەی بەسەریاندا خوێندەوە و بیست ڕۆژ مۆڵەتی هاوبەش پەیداکەرانی دا لەزی ئەلحیجە و موحەڕەم و سەفەر و مانگی ڕەبیعی یەکەم و دە ڕۆژی ڕەبیعی دووەم. لەشوێنی گردبوونەوەیاندا ئەوەی بەسەریاندا خوێندەوە کە دوای ئەو ساڵەیان بەهاوبەش پەیداکردن حەج نەکەن و بەڕووت و قووتییەوە تەوافی کەعبە نەکەن. ئەبو جەعفەر وتی: لەو ساڵەدا زەکات فەرز کرا، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کارمەندەکانی بۆ کۆکردنەوەی زەکات بلاوە پێکرد، لەو ساڵەدا ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿ خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا ﴾ التوبة: ١٠٣، واتا: وەربگرە لە مالْ و داراییان(زەکات و سەدەقە)تا بەهۆیەوە پاکیان بکەیتەوە(لە گوناهو تاوان) و (دڵیان)پوخت و خاوێن دەکەیت بەو مالْ بەخشینە.

هۆکاری دابەزینی ئەو باسە، کردەی سەعلەبەی کوڕی حاتەب بوو، ئەبو ئومامە صباهیلیی ئەوەی باسکردووە.

وتیدیی ئەڵێ: لەو سااڵە و لەمانگی شەعباندا ئوم کەلسومی کچی پەیامبەری خوا(صلی الله علیە وسلم) کۆچی دوایی کرد، ئەسمائی کچی عومەیس و سەفیەی کچی عەبدولموتەلیب شۆردیانەوە. ئەڵێ: وتراوە ژنانێکی ئەنسار شۆردوویانەتەوە، ژنەرەتێکیان لەنێواندا بووە پێیووتراوە ئوم عەتیە، ئەبو تەڵحە دابەزیووەتە نێو گۆڕەکەی.

لەو سااڵەدا شاندی سەعلەبەی کوڕی مونقیز هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، هەروەها شاندی سەعد هوزەیم هاتن.

لەعبداللەی کوڕی عەباسەوە ئەڵێ:شاندی نەوەی سەعدی کوڕی بەکر سەرۆکەکەشیان زەمامی کوڕی سەعلەبە بوو،هاتە پێشەوە و چەند پرسیارێکی لەپەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) کردو پرسیار گەلێك بوو رێساکانی ئایین و زۆرێك ئەرك و نەهی لەخۆگرت و ئینجا موسڵمان بوو،کە ئامادەی گەڕانەوە بوو بۆلای هۆزەکەی تاوەکو بانگەوازی خوای گەورەیان پێ بگەیەنێ،پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"ئەگەر ئەم پیاوە دووپرچدارە راستبکات دەچێتە بەهەشتەوە"،کە گەڕایەوە لای قەومەکەی لێی کۆبوونەوە و یەکەمین قسەیەك کردی ئەمە بوو:لات و عوزا هیچ نین و خوا نین،وریایان کردەوە وتیان:وریا بە تووشی بەڵەکی و گوڵی و شێتی نەبی ئەوان دوو خوان،زەمام پێیوتن:دایك رۆڵە رۆتان بۆ بکات،ئەم دوو بتە سوود و زیانیان بەدەست نییە،سوێند بەخوا خوای گەورە موحەممەدی بەپەیامبەر ناردووەو کتێبی بۆ دابەزاندووەو بەو پەیامە رزگاریکردوون لەو بت پەرستییە و موسڵمان بوونی خۆی بۆیان ئاشکراکرد،جا لەو ئێوارەیەدا ژن و پیاوێکی هاوبەش پەیداکەر نەماو هیچ شاندێك نەبوو بەقەد زەمامی کوڕی سەعلەبە بەرەکەتدارتربێ.

پاشان سالّی دە هات

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو ساڵە و لەڕەبیعی دووەم وتراوە لەڕەبیعی یەکەم وتراوە لەجەمادی یەکەم، خالیدی کوڕی وەلیدی بەئەمیری سریەیەکی چوارسەد کەسیی نارد نەوەی ئەلحاریسی کوڕی کەعب.

لەعبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمانگی ڕەبیعی دووەم یان جەمادی یەکەمی ساڵی دە، خالیدی کوڕی ئەلوەلیدی نارد بلحاریسی کوڕی کەعل لەنەجران، فرمانی پێکرد پێش ئەوەی شەڕیان بکات، سێ جار بانگەوازیان بکات بۆ ئیسلام، "ئەگەر بەدەم داواکەتەوە هاتن، ئەوە لێیانی قبوڵ بکە و تیایاندا بمێنەرەوە و فێری قورئان و فەرموودە و ڕێنماییەکانی ئیسلامیان بکە، ئەگەر ئەوەیان نەکرد، ئەوە شەڕیان بکە".

خالید دەرچوو تاوەکو چووە سەریان. سوارەکانی بەناوچەکەدا دابەش کرد و دەستیان کردە بانگەواز کردن بۆ ئیسلام و ئەیانووت: ئەی خەڵکینە ببنە موسڵمان سەلامەت دەبن. ئەوانیش بوونە موسڵمان. خالید کەسانێکی تیایاندا هێشتەوە تاوەکو فێری ئیسلام و قورئان و فەرموودەیان بکات.

خالید نامەی بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نووسی: بەناوی خوای گەورەی میهرەبان.. بۆ موحەممەدی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەخالیدی کوڕی وەلیدەوە..سەلامی خوات لێ بێ ئەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، من سوپاسی خوات پێ دەگەیەنم کە هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لە الله. پاشان: ئەی پەیامبەری خوا، منت نارد بۆ لای نەوەی ئەلحاریسی کوڕی کەعب و فرمانت پێکردم بچم بۆلایان و شەڕیان نەکەم تاوەکو سێ ڕۆژ بانگەوازیان بکەم بۆ ئیسلام، ئەگەر بوونە موسڵمان، ئەوە لێیانی قبوڵ بکەم و فێری ئیسلام و قورئان و فەرموودەیان بکەم، ئەگەر نەبوونە موسڵمان، ئەوە شەڕیان بکەم.

من وا ڕۆیشتم بۆ لایان و سێ ڕۆژ بانگەوازم کردن بۆ ئیسلام هەروەك ئەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی پێکردم، سوارەکانم لەنێویاندا بلاوە پێکرد

ـ وتیان: ئەی نەوەی ئەلحاریس ببنە موسڵمان سەلامەت دەبن. ئەوانیش بوونە موسڵمان ـ تەریان نەکرد، من لەنێویاندا ماومەتەوە فرمانیان پێ دەکەم هەروەك ئەوەی خوای گەورە فرمانی کردووە ئەنجام بدرێت، نەهی هەندێ کاریان لێ دەکەم کە خوای گەورە ـهی کردووە ئەنجام بدرێن، فێری رێنماییەکانی ئیسلام و سوونەتی پەیامبەری خوایان ـەکەم. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) بۆی نووسی:"بەناوی خوای گەورەی میهرەبان، لەموحەممەدی پەیامبەری خواوە بۆ خالیدی کوڕی ئەلوەلید، سلام علیك، من سوپاسی خوا دەکەم کە هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لە خۆی، پاشان: لەگەڵ ئیردراوەکەتدا نووسراوی تۆم پێگەیشت لەبارەی هەوالّی نەوەی ئەلحاریسەوە کە پێش ئەوەی شەڕ بکەن بوونەتە موسڵمان و بەدەم ئەو بانگەوازەی تۆوە هاتوون بۆ ئیسلام و شایەتیدان بەوەی هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لە الله و هیچ هاوبەشێکی نییە و موحەممەدیش بەندە و پەیامبەری خوایە، خوای گەورە هیدایەتی داون،بۆیە مزگێنییان پێ بدە و وریایان بکەرەوە و بگەڕێرەوە و لەگەڵ خۆتدا شاندێکیان بهێنە، والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاتە". بۆیە خالیدی کوڕی ئەلوەلید گەڕایەوە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و شاندی بیلحاریسی کوڕی کەعبی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە ئەمانەی تێدا بوو، قەیسی کوڕی ئەلحوصەینی کوڕی یەزیدی کوڕی قەنان زو ئەلقوسە و یەزیدی کوڕی عەبد ئەلمەدان و یەزیدی کوڕی ئەلموحەججەل و عبدالله‌ی کوڕی قورەیز ئەلزیادی و شەدادی کوڕی عبدالله ئەلقەنانی و عەمری کوڕی عبدالله ئەلزەبابی. کە هاتنە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و ئەوانی بینی، فەرمووی:"ئەم قەومە کێن؟ وەك ئەوەی بڵێی پیاوانی هیندن". وتیرا: ئەی پەیامبەری خوا ئەمانە نەوەی ئەلحاریسی کوڕی کەعبن. کاتێك لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) راوەستان، سەلامیان لێکرد و وتیان: شایەتیی دەدەین کە تۆ پەیامبەری خوای و هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لە الله. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"منیش شایەتیی دەدەم کە هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لە الله و منیش پەیامبەری خوام". پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەوە ئەوانەن لەترسی

شمشێر هاتوون ببنە موسڵمان؟" بێدەنگ بوون و قسەیان نەکرد. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئەو پرسیارەی لێ کردنەوە، هیچ کەسێکیان قسەی نەکرد، بۆ سێیەمجار دووبارەی کردەوە، هیچ کەسێکیان قسەی نەکرد، لەچوارەم جاردا یەزیدی کوڕی ئەلمەدان وتی: ئێمە ئەو قەومەین لەترسی شمشێر هاتووین ببینە موسڵمان. چوار جار ئەوەی وت.

پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"ئەگەر خالیدی کوڕی ئەلوەلید بۆی نەنووسیبایەم بوونەتە موسڵمان و شەڕتان نەکردووە، ئەو سەرتانم دەخستە ژێر قاچەکانتان". یەزیدی کوڕی ئەلمەدان وتی: ئەی پەیامبەری خوا، سوێند بەخوا لەبەر سوپاسی تۆ و خالید نەبوونەتە موسڵمان. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"ئەی سوپاسی کێتان کرد وا بوونە موسڵمان؟".

وتیان: سوپاس بۆ ئەو خوایەی بەهۆی تۆوە هیدایەتی ئێمەی دا ئەی پەیامبەری خوا. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"راستت وت". پاشان پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"لەسەردەمی نەفامییدا بەچی شتێك بەسەر ئەوانی تردا سەردەکەوتن؟" وتیان: بەسەر هیچ کەسێکدا سەرنەکەوتووین. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"بەچی شتێك بەسەر ئەوانەدا سەردەکەوتن کە شەڕی ئێوەیان دەکرد؟" وتیان: بەسەر ئەوانەدا سەردەکەوتین کە شەڕی ئێمەیان دەکرد، لەبەر ئەوەی یەکگرتووبووین و دووبەرەکییمان نەبوو، ستەممان لەهیچ کەسێکیش نەدەکرد. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"راستت وت". پاشان پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) قەیسنی کوڕی ئەلحوصەینی کردە ئەمیری بلحاریسی کوڕی کەعب. شاندی بلحاریسی کوڕی کەعب لەپاشماوەی کۆتایی شەوال یان سەرەتای زی ئەلقەعیدە گەڕانەوە لای قەومەکەیان. لەدوای گەڕانەوەیان بۆ لای قەومەکەیان، تەنیا چوار مانگ مانەوە و پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کۆچی دوایی کرد.

هەتا ئیسحاقەوە ئەڵێ: عبداللەی کوڕی ئەبو بەکر بۆی باسکردم وتی: پەیامبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دوای شاندی نەوەی ئەلحاریسی کوڕی کەعب گەڕانەوە لای قەومەکەیان، عەمری کوڕی حەزم ئەلئەنساریی پاشان کە یەکێك بوو لەنەوەی ئەلنەجار دەردە لای ئەو قەومە تاوەکو لەئایندا فێریان بکات و فێری سوونەت و رێنماییەکانی ئیسلامیان بکات و زەکاتەکانیان کۆبکاتەوە. نووسراوێکی بۆ نووسی و تیایدا فرمانی پێکرد: "بەناوی خوای گەورەی میهرەبان، ئەمە روونکردنەوەیەکە لەلایەن خوا و پەیامبەرەکەیەوە، ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەمەکدار بن بەپەیمانەکانەوە، ئەمە پەیمانێکە لەموحەممەدی پەیامبەرەوە بۆ عەمری کوڕی حەزم کاتێك رەوانەی کرد بۆ یەمەن، بەلەخواترسان لەهەموو شتێکدا، بێگومان خوای گەورە لەگەڵ ئەوانەیە کە لەخوا دەترسێن و چاکەکارن، فرمانی ئەوەیە حەق وەربگرێ وەك ئەوەی خوای گەورە فرمانی پێ کردووە، مژدەی خێر و خۆشیی بەخەڵك بدات و فرمانی ئەو کارەیان پێ بکات و خەڵکیی فێری قورئان بکات و لەئایین شارەزایان بکات، نەهی کاری خراپیان لێ بکات و تەنیا گەسانی پاك، دەست لەقورئان بدەن. ماف و ئەرکی خەڵك بەخەڵکیی بگەیەنێ و لەحەقدا بەرانبەر بەخەڵك نەرم بێ و لەستەمدا تووند بێ، بێگومان خوای گەورە رقی دەبێتەوە لەستەم و رێگریی لێ دەکات و فەرموویەتی: ﴿أَلَا لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ ﴿١٨﴾﴾ هود: ١٨، واتا: نەفرەتی خوا بۆ ستەمکارانە.

مزگێنیی بەهەشت بەخەڵکیی بدات و چی شتێك دەیانباتە بەهەشتەوە و وریایان بکاتەوە لەدۆزەخ و ئەو شتەی دەیانخاتە دۆزەخەوە، لەگەڵ خەڵکدا هۆگرانە مامەڵە بکات تاوەکو لەئایینەکەیان شارەزا بن و رێوشوێن و فەرز و سوونەتەکانی حەج بەخەڵکیی فێر بکات، ئەوەشی خوای گەورە فرمانی کردووە ئەنجام بدرێت لەحەجی گەورە و بچووك کە بریتییە لەعومرە، رێگریی بکات لەوەی کەسێك لەبەرگێکی بچووکدا نوێژ بکات، بەڵکو بەرگێکی بێت لەسەر شانیەوە شۆڕ بێتەوە و داوێنی بەدەرەوە نەبێ و هیچ کەسێك قژی نەتاشێ و پارانەوەیان تەنیا لەخوای گەورە بێ بەبێ هیچ هاوبەش بڕیاردانێك، هەرکەسێ بانگی خوای نەکرد و لەهۆز و عەشیرەتەکان پارایەوە، با

بەشمشێر لێی بدرێت تاوەکو پارانەوەیان تەنیا و تەنیا لەخوای گەورە ئەبێ بەبێ هیچ هاوبەشییەك، فرمان بەخەڵکیی بدات بەدەستنوێژگرتنێکی جوان و دەموچاو و دەستیان بشۆرن تاوەکو ئانیشك و قاچیان تاوەکو قولە پێ بشۆرن و سەریان مەسح بکەن هەروەك خوای گەورە ئاوەهای فرمان پێکردوون. فرمانیان پێ بکات لەکاتی خۆیە نوێژ بکەن و رکوعی تەواو ببەن و خشوعیان هەبێ، لەکاتی خۆرهەڵاتندا نوێژ نەکەن تاوەکو بەئەندازەی رمێك بەرز دەبێتەوە و لەکاتی خۆرئاوابووندا، نوێژی ئێوارە دوانەخرێت تاوەکو ئەستێرەکان دەرکەون، نوێژی عیشا لەسەرەتای شەودایە، لەبانگی بۆ نوێژی جومعە پەلە بکەن بۆ ئامادە بوونی جومعە و لەپێش رۆیشتن بۆ جومعە خۆیان بشۆرن. لەغەنیمەتدا پێنج یەکی خوا دەربکەن و زەکات لەموسڵمانان وەربگرێت. دە یەك لەوەی بەجۆگە ئاو دەدرێت و بیست یەك لەوەی بەئاوی باران دەڕوێت، لەهەموو دە وشترێك دوو شەك مەڕ و لەهەموو بیست وشترێك چوار شەك مەڕ، لەهەر چل مانگایەك یەك مانگا و لەهەر سی مانگایەك شەك مەڕێك و لەهەر چل مەڕێك یەك شەك مەڕ، ئەوە فەرزێکە خوای گەورە لەبارەی زەکاتەوە بەسەر باوەڕدارانەوە فەرزی کردووە. هەرکەسێك لەوە زیاتری کرد، ئەوە خێر و چاکەیەکە بۆی. هەر جولەکەیەك یان گاورێك لەدڵەوە دڵسۆزانە بووە موسڵمان و راستگۆیانە ئایینداریی پێ کرد، ئەوە وەك باوەڕدارانی تر ماف و ئەرکی خۆی هەیە،هەر کەسێکیش لەسەر گاورێتیی خۆی یان جولەکایەتیی خۆی مایەوە، ئەوە زۆری لێ ناکرێت، لەسەر هەر پێگەیشتوویەکی نێر یان مێنەیەکی ئازاد یان کۆیلەیەك، دەبێ دینارێ بدات، هەرکەسێ ئەوەی دا، ئەوە لەئەستۆی خوا و پەیامبەرەکەیدایە، هەرکەسێکیش ڕێگریی کرد، ئەوە دوژمنی خوا و پەیامبەرەکەی و تەواوی باوەڕدارانە.

واقیدیی ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کۆچی دوایی کرد و عەمری کوڕی حەزم هەڵسوڕێنەری بوو لەنەجراندا.

واقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵە و لەمانگی شەوالدا شاندی سەلامان هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کە حەوت کەس بوون، گەورەکەیان حەبیب ئەلسەلامانیی بوو.

ئەو ساڵە و لەمانگی رەمەزاندا شاندی غەسسان هاتن بۆلای و لەو ساڵە و لەمانگی رەمەزاندا شاندی غامد هاتن، لەو ساڵەدا شاندی ئەلئەزد هات بەسەرۆکایەتی سورەدی کوڕی عبد الله و دە کەس و شتێ بوون.

لە عبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە ئەڵێ: سورەدی کوڕی عبدالله ئەلئەزدیی هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و شاندی ئەلئەزدی لەگەڵ بوو، بەجوانترین شێوە بووە موسڵمان،پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) سورەدی کردە ئەمیری ئەوانەی لەهۆزەکەی موسڵمان ببوون و فەرمانی پێدا لەگەڵیاندا جیهادی هاوبەش پەیداکەران بکات،سورەدی ئەمیر بەڕێکەوت بۆ شاری جرش-هۆزەکانی یەمەنی لێ بوو لەوانە خەسعەم- بۆ ماوەی مانگێك گەمارۆی دان و ڕێگریان لێکرد،بۆیە کشایەوە تاوەکو گەیشتە چیای کشر،خەڵکی جرش وەهایان گومانکرد کە دۆڕاوە،بۆیە بەدوایدا دەرچوون و پێیگەیشتن،سورەد بۆیان هەڵگەڕایەوە و شەڕێکی سەختیکردن،خەڵکی جرش دوو پیاویان نارد‌ەلای پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) تا بڕوانن حاڵ و بڕیاری چییە،لای پەیامبەری خوا بوون،پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: :"کشر چی ولاتێکی خوایە؟ئێستا جەستەیان تیکە دەبێ و دەردوبەلایان بەسەردا ڕژاوە".

ئەبو بەکرو عوسمان بەو دوو کەسەیان وت:دایك ڕۆڵە ڕۆتان بۆ بکات،پەیامبەری خوا لەهۆزەکەتان دوعا دەکات،بۆیە لەپێغەمبەری خوایان داواکرد داوا لەخوای گەورە بکات بەلاکەیان لەسەر لابدات،پەیامبەریش پاڕایەوە فەرمووی:"خوایە گیان بەلاو نەخۆشییەکەیان لەسەر لابدە"، ئینجا ڕۆیشتن و گەڕانەوە لای هۆزەکەیان و بینیان لەهەمان ڕۆژو کاتدا تووشهاتوون کە پەیامبەری خوا حاڵەکەی باسکردن،شاندی جرش بۆلای پەیامبەری خوا بەڕێکەوتن و موسڵمان بوون.

لەو ساڵە و لەمانگی رەمەزاندا پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبی ڕەوانەی یەمەن کرد، پێشتر خالیدی کوڕی وەلیدی ناردبوو بۆ بانگەوازکردنیان بۆ موسڵمان بوون،شەش مانگ مایەوە بەڵام بەدەم داواکەی خالیدەوە نەڕۆیشتبوون،بۆیە پەیامبەری ئازیز(صلی الله علیه وسلم) عەلی ناردو فەرمانیدا خالید بنێرێتەوە مەدینە و

کام لەهاوەلانی کە خۆی بیەوێ،عەلیش ئەوەیکرد، بەرائی کوپی عازب ئەڵێ: یەکێك بووم لەو سریەیە، هەرکە گەیشتینە سەرەتاکانی یەمەن، ئەو قەومە بۆی کۆبوونەوە. عەلی نوێژی بەیانیی پێکردین، پاشان هاتە پێشمان و سوپاس و ستایشی خوای کرد و پاشان نووسراوی پەیامبەری خوای بۆ خەڵکی هەمدان خوێندەوە،بۆیە لەیەك رۆژدا تەواوی هەمدان موسڵمان بوون،هەواڵەکەی بەپەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) گەیاند،خۆشەویستیش فەرمووی:"سەلام لەهەمدان"،پاشان بەدوای یەکدا خەڵکی یەمەن موسڵمان بوون و عەلیش هەواڵی بەپەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) گەیاند،پەیامبەریش بۆ سوپاسی خوای گەورە چووە کڕنوش.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: لەو ساڵەدا شاندی زوبەید هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و هەواڵی موسڵمانبوونی خۆیانیان هێنا، ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین لەئیبن ئیسحاقەوە ئەویش لەعبداللەی کوپی ئەبو بەکرەوە وتی: عەمری کوپی مەعدی یەکریب لەگەڵ خەڵکانێکی زوبەید هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم). کاتێك هەواڵی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەخەڵکی زوبەید گەیشتبوو، عەمری کوپی مەعدی یەکریب بەقەیسی کوپی مەکشوح ئەلمورادیی وتبوو: ئەی قەیس، ئەمڕۆ تۆ گەورەی ئەم قەومەی، بۆمان باسکراوە پیاوێك لەقورەیش دەرچووە پێیدەوترێ موحەممەد، لەحیجاز دەرچووە و ئەڵێ کە پەیامبەرە، رەوانەی لای ئەومان بکە تاوەکو لەزانستەکەی بڕوانین، ئەگەر وەك ئەوەی ئەیڵێ پەیامبەر بێ، ئەوە تۆ دەیزانی و لێت شاراوە نییە و ئەوکات دوای دەکەوین، ئەگەر پەیامبەریش نەبێ، ئەوە دەیزانین. بەڵام قەیسی کوپی مەکشوح ئەوەی ڕەتکردەوە و بەبۆچوونێکی سووکی زانی. بۆیە عەمری کوپی مەعدی یەکریب سوار وڵاخ بوو دەرچوو تاوەکو گەیشتە لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و بەڕاستی زانی و باوەڕی پێهێنا، بەڵام کاتێك ئەو هەواڵە بەقەیس گەیشت، هەڕەشەی لەعەمر دا و ڕقی لەسەر هەڵگرت و وتی: پێچەوانەی منی کرد و لەقسەم دەرچوو.

لەو ساڵەدا مەبەستم ساڵی دە، پێش هاتنی عەمری کوڕی مەعدی یەکریب، فەرەوەی کوڕی موسیك ئەلمورادیی هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و بەپادشایانی کیندە دوورکەوتبووەوە. ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین ئەویش لەئیبن ئیسحاقەوە ئەویش لەعبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە وتی: فەرەوەی کوڕی موسیك ئەلمورادیی هات بۆ لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەدوورکەوتنەوەی لەپادشایانی کیندە و دوژمنایەتیکردنیان. بەماوەیەکی کەمی پێش ئیسلام، شەڕ کەوتبووە نێوان مووراد و هەمدانەوە، تیایدا هەمدان زەبری بەمووراد گەیاندبوو، هەتا ئەوەی لەڕۆژێکدا خەڵتانی خوێنیان کردبوون پێیدەوترا ئەلڕەزم. ئەوەی سەرکردایەتیی هەمدانی دەکرد بۆ سەر مووراد، ئەلئەجدەعی کوڕی مالیك بوو، ئەو رۆژە شەرمەزاری کردن، جا کاتێك فەرەوەی کوڕی موسیك رووی کردە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەجیابوونەوەی لەکیندە و گەیشتە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)،وەك ئەوەی پێمگەیشتووە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی فەروە، دڵگران بووی لەوەی رۆژی ئەلڕەزم بەسەر قەومەکەتدا هات؟" وتی: ئەی پەیامبەری خوا چی کەسێك دڵگران و خەفەتبار نابێ وەك ئەوەی لەڕۆژی ئەلڕەزمدا بەسەر قەومەکەمدا هات. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەوە بۆ قەومەکەت لەئیسلامدا خێر و چاکە زیاتر دەکات". پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کردیە سەرپەرشتیاری تەواوی مووراد و زوبەید و موزەحەج و لەگەڵیدا خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی ئەلعاصی بەئەمیری سەدەقە نارد و لەوڵاتەکەیدا لەگەڵیدا بوو تاوەکو کۆچی دوایی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم).

لەفەرەوەی کوڕی موسیکەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"حەزت بەو رۆژەی خۆت و رۆژی هەمدان نییە؟" وتم: ئەرێ واللە حەزم پێی نییە، کەسوکار و عەشیرەتی لەنێوبرد. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بەڵکو خێر و چاکەیە بۆ ئەوانەی ماونەتەوە".

لەو ساڵەدا شاندی عەبدولقەیس هات. ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین ئەویش لەئیبن ئیسحاقەوە وتی: ئەلجارودی کوڕی حەنەشی کوڕی ئەلموعەلا برای عەبد ئەلقەیس کە گاور بوو، لەگەڵ شاندێکی عەبد ئەلقەیس هاتە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم).

لەئەلحەسەنەوە ئەڵێ: کاتێ هاتەلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و قسەی لەگەڵدا کرد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێشنیاری موسڵمانبوونی بۆ کرد و ئارەزووی پێ دا بۆ موسڵمانبوون، ئەویش وتی:ئەی موحەممەد من لەسەر ئایینێکم، ئەگەر دەستبەرداری خۆم ببم، گرنتیی ئایینەکەم بۆ دەکەی؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بەڵێ من گرنتیی ئەوەت بۆ دەکەم، خوای گەورە تۆی هیدایەت داوە بۆ باشتر لەو ئایینەی ئایینداریی پێ دەکەی". ئیتر خۆی و ئەو هاوڕێیانەی لەگەڵیدا بوون بوونە موسڵمان. پاشان داوای وشتر و ولاخیان کرد لەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم). پەیامبەریش فەرمووی:"سوێند بەخوا ولاخم نییە تاوەکو ئێوەی لەسەر سوار بکەم". ئەوانیش وتیان: ئەی پەیامبەری خوا لەنێوان ئێمە و ولاتەکەماندا ولاخی ونبوو و وێڵی خەڵکیی هەیە، ئایە بەکاریبهێنین تاوەکو بگەینە ولاتی خۆمان؟ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئاممان ئەوە نەکەن، ئەوە سووتەمەنیی دۆزەخە". ئەڵێ: ئەلجارود لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بەگەڕانەوە لای قەومەکەی و بەجوانترین شێوە بووە موسڵمان و لەسەر ئاییندارییەکەی پتەو بوو تاوەکو تیاچوو. گەیشتە سەردەمی هەڵگەڕانەوە لەئیسلام، کاتێك هەندێ لەوانەی قەومەکەی دوای موسڵمانبوون گەڕانەوە سەر ئایینی سەرەتایان، ئەلجارود هەڵسا و شایەتومانی بەحەقی هێنا و بانگەوازی کرد بۆ ئیسلام و وتی: ئەی خەڵکینە، من شایەتیی دەدەم بەوەی هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لە الله و موحەممەدیش بەندە و نێردراوی خوایە.

پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەپێش فەتحی مەککە، ئەلعەلائی کوڕی ئەلحەزرەمیی نارد بۆلای ئەلمونزیری کوڕی ساوا ئەلعەبدی، ئەویش بەجوانترین شێوە

بووە موسڵمان و دوای کۆچ دوایی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، کۆچی دوایی کرد لەپێش هەڵگەڕانەوەی خەڵکی بەحرەین و ئەلعەلائیش لای ئەو ئەمیری پەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم) بەسەر بەحرەینەوە. هەر لەو ساڵەشدا شاندی ئەبو حەنیفە هاتن.

ئیبن حومەید بۆی باسکردین وتی سەلەمە بۆی باسکردین ئەویش لەئیبن ئیسحاقەوە وتی: شاندێکی بەنی حەنیفە کە موسەیلەمەی کوڕی حەبیب ئەلمەزابیان تێدا بوو، هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، شوێنی دابەزینیان ماڵی کچی ئەلحاریس بوو، ئافرەتێکی ئەنسار و پاشان لەنەوەی ئەلنەجار بوو.

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: هەندێ ئەهلی زانستمان لەخەڵکی مەدینە بۆی باسکردین وتیان: نەوەی حەنیفە، موسەیلەمەیان هێنا بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەبەرگ و پۆشاك دایانپۆشیبوو. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەنێو هاوەڵانیدا دانیشتبوو، چلە دارخورمایەکی پێ بوو، کاتێ گەیشتە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و بەبەرگ دایانپۆشیبوو، قسەی لەگەڵ پەیامبەری خوادا کرد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەگەر داوای ئەم چلە دارخورمایەش بکەی کە لەدەستمە، پێتی نادەم".

لەپیاوێکی بەتەمەنی بەنی حەنیفە لەخەڵکی یەمامەوە وتی: باسی موسەیلەمە جیاواز بوو، شاندی نەوەی حەنیفە هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و موسەیلەمەیان لەنێو کۆڵوبارەکانیاندا بەجێهێشتبوو،کاتێ بوونە موسڵمان، باسی پێگەی ئەویان کرد و وتیان:ئەی پەیامبەری خوا، ئێمە هاوڕێکەمان لەگەڵ کۆڵوبارەکانماندا بەجێهێشتووە و ئەبیارێزێ. ئەڵێ: پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) فرمانی دا نمونەی ئەوان شتی پێ بدرێت و فەرمووی:"لەهەموتان خراپتر نییە وا کەلوپەلی هاوڕێکانی پارێزگاریی لێ دەکات". پاشان رۆیشتن و دیاریی پەیامبەری خوایان بۆ موسەیلەمە هێنا، جا کاتێ گەڕانەوە یەمامە، ئەو دوژمنەی خوا هەڵگەڕایەوە و بانگەشەی پەیامبەرایەتیی کرد و درۆی بەسەریانەوە کرد و وتی: من لەگەڵ موحەممەددا

لەپەیامبەرایەتییدا هاوبەشییم کردووە. بەشاندەکەی نەوەی حەنیفەشی وت: ئەی پەیامبەری خوا بە ئێوە نەفەرموو:"لەهەموتان خراپتر نییە"؟ ئێ بۆیە ئەوەی فەرموو کە منی لەگەڵ خۆیدا هاوبەش کردووە. پاشان کۆمەڵێ پەخشان و قسەی سەجع ئامێزی دەوتەوە وەك چۆن بڵێی بەرانبەر بەقورئان بێ. نوێژی لەسەریان هەڵگرت و عەرەق و داوێن پیسی و ئەو شتانەی بۆیان حەڵاڵکرد. شایەتیی دا کە پەیامبەری خوا، پەیامبەرێکە و لەلایەن خواوە رەوانە کراوە. نەوەی حەنیفەش چوونە پاڵی.

لەئیبن شیُهاب ئەلزوهرییەوە ئەڵێ: بەسەرۆکایەتی ئەشعەسی کوڕی قەیس بەشەست سوارەوە لەکیندە هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەشعەس وتی:ئێمە و تۆ نەوەی(آكل المرار)ین. ئاخر نەوەی کیندە پێشتر پادشایان بوون. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئێمە نەوەی نەزری کوڕی کینانەین نە زیان لەکەسی سەلامەت پێدراو دەدەین و نە کەسی نێوانمان دوورەخەینەوە".

ئەشعەس ئەڵێ:سوێند بەخوا ئەمەم لەهەر کەس ببیستایە هەشتا دارم لێ دەدا،کە چوونەلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پەرچەمیان داهێنابوو،کلیان کردبوو،کەوای حبرەی ئاورێشمیان بەسەر شانەوە بوو،پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئاخۆ موسڵمان نەبوونە؟"وتیان:بەڵێ موسڵمان بووین،فەرمووی:"ئەی ئەم ئاورێشمە چییە بەسەر شان و گەردنتانداا؟لێیبکەنەوە و فرێی بدەن".

واقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵەدا شاندی موحاریب هات، هەروەها شاندی رەهاوییەکان، هەروەها شاندی ئەلعاقیب و ئەلسەید لەنەجران و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆیان نامەی ئاشتەوایی نووسی، هەر لەو ساڵەدا شاندی عەبس هات و شاندی سەدیفیش لەحەجی مانّاوابیدا هات، لەو ساڵە و لەمانگی شەعباندا عەدی کوڕی حاتەم هات. ئەڵێ: لەو ساڵەدا شاندی خەولان هاتن کە دە کەس بوون.

یەزیدی کوڕی ئەبی حەبیب باسیکرد وتی: لەئاگربەستی حودەیبیەدا پێش خەیبەر، ریفاعەی کوڕی زەید ئەلجوزامیی پاشان ئەلزەبیی هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خزمەتکارێکی بۆ کردە دیاری و

بەجوانترین شێوە بووە موسڵمان، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نووسراوێکی بۆ نووسی بۆ قەومەکەی کە تیایدا هاتبوو:"بەناوی خوای گەورەی میهرەبان، بەموحەممەدی پەیامبەری خواوە بۆ ریفاعەی کوڕی زەید، من زەیدم رەوانە کرد بۆلای تەواوی قەومەکەی و ئەوانەی دەچنە نێویان، بانگەوازیان بکات بۆلای خوا و پەیامبەرەکەی، هەرکەسێ بەدەم بانگەوزازەکەیەوە هات، ئەوە لەدەستەی خوا و پەیامبەرەکەیەتی، هەرکەسێکیش پشتی هەڵکرد، ئەوە بۆ دوو مانگ سەلامەتیی دەستەبەر دەکرێت". کاتێك ریفاعە هاتەوە لای قەومەکەی، بەدەم بانگەوازەکەیەوە رۆیشتن و بوونە موسڵمان و پاشان بەڕێکەوتن بۆ ناوچەی ئەلرەجلاء و لەوێدا دابەزین.

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەویش لەکەسێکەوە کە تۆمەتبار نییە و ئەویش لەپیاوانێکی جوازمەوە کە زانایان تێدا هەبووە، ئەوەیە کاتێك ریفاعەی کوڕی زەید بەنووسراوێکەوە لەلای پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) گەڕایەوە لای قەومەکەی و بانگەوازی کردن بۆ ئیسلام و بەدەم بانگەوازەکەیەوە رۆیشتن، زۆری نەخایاند دوحیەی کوڕی خەلیفە ئەلکەلبیی لای کۆشکی پادشای رۆمەوە هات کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ناردبووی و بازرگانیی ئەوی پێ بوو، گەیشتە دۆلێکی ئەو ناوچەیە کە پێدەوترێ شەنار، ئەلهونەیدی کوڕی عەوس و کوڕەکەی کە ناوی عەوسی کوڕی ئەلهونەید بوو پەلاماری دوحیەیان دا، هەرچی لەکاروانەکەی دوحیەدا بوو بردیان. ئەو هەواڵە بەچەند کەسێکی نەوەی ئەلزەبیب(الضبیب)ی قەومی روفاعە گەیشت لەوانەی ببوونە موسڵمان، بۆیە راپەڕین لەدژی ئەلهونەید و چوونە سەری و چی لەدەستی ئەلهونەید و عەوسی کوڕیدا هەبوو، بەزەبری شەڕ گەڕاندیانەوە بۆ دوحیە. دوحیە گەڕایەوە تاوەکو گەیشتە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)،ئەو هەواڵەی ئەلهونەیدی پێگەیاند، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) زەیدی کوڕی حاریسەی ناردە سەریان، ئەوە جوازمی گڕ دا. لەگەڵیدا سوپایەکی رەوانە کرد و غەتفان لەتەواوی جوزام و ئەوانەی لەسلامان و سەعدی کوڕی کاتێك ریفاعەی کوڕی زەید بەنووسراوی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هاتە لایان و دابەزینە دێ و ناوچەی ئەلرجلاء،ریفاعەی کوڕی زەید لەکراع ربە

بوو، بەوەی نەدەزانی و خەڵکێکی لەگەڵ بوو لەنەوەی ئەلزەبیب،هەموویان لەشیوێك بوون لەڕووی ئەو دێ و ناوچەیەوە، سوپای زەیدی کوڕی حاریسە لەڕووی ئەلئەولاجەوە هات و لەئەلفەزافز لەپێش ئەو دێیە پەلاماری دا، چی هەبوو لەسەروەت و سامان و خەڵك کۆیانکردەوە، ئەلهونەید و کوڕەکەی و دوو پیاوی نەوەی ئەلئەحنەفیان کوشت،هەروەها پیاوێکی نەوەی خەسیبیشیان کوشت،کاتێك نەوەی ئەلزەبیب گوێبیستی ئەو هەواڵە بوون و سُوپا لەفیفاء مودان بوو، حەسسانی کوڕی میللە سەر کەوتە سەر ئەسپێکی سوەیدی کوڕی زەید کە پێیدەوترا ئەلعیجاجە و ئەنیفی کوڕی میللەش سەر کەوتە سەر ئەسپێك پێیدەوترا ریغال و ئەبو زەیدی کوڕی عەمریش سەر کەوتە سەر ئەسپێك پێیدەوترا شمر و دەرچوون تاوەکو لەسوپا نزیکبوونەوە، ئەبو زەید بەئەنیفی کوڕی میللەی وت: لە ئێمە دووربکەوە، لەزمانی تۆ دەترسێین. ئەویش دوورکەوتەوە و نەهاتە پێش، ئەوان زۆر لێی دوورنەکەوتنەوە، ئەنیف رەشمەی ولاّخەکەی گرتبوو، هێواش هێواش بەدوایاندا چوو تاوەکو پێیان گەیشت. هەردووکیان پێیانووت: ئەرێ تۆ بۆ وا ئەکەی! زمانت لێمان دووربخەوە و ئەمڕۆ رەشبین و بەدبەختمان مەکە. رێککەوتن تەنیا حەسسانی کوڕی میللە قسە بکات. لەسەردەمی نەفامییدا قسەیەکی نێوان خۆیان هەبوو تەنیا خۆیان لێی تێدەگەیشتن ئەگەر یەکێك بیویستبایە شمشێر بووەشێنێ،ئەو قسەیە دەوترا . سەوریی ئەڵێ: کاتێ لەسوپا دەرکەوتن،لەنێو سوپادا بەرەو رووبان هاتن. حەسسان وتی: ئێمە قەومێکی موسڵمانین. یەکەمین کەسێك پێیانگەیشت، پیاوێکی بوو بەسەر ئەسپێکەوە و رمەکەی بەرزکردبووەوە و هات و دوایانکەوت و ئەوانی هێنا. ئەنیف سەوریی ئەڵێ: حەسسان وتی: لەسەرخۆبە. کاتێك لەسەر زەیدی کوڕی حاریسە راوەستان. حەسسان پێیووت: ئێمە قەومێکی موسڵمانین. زەید وتی: دەی سورەتی فاتیحا بخوێنە. حەسسانیش خوێندییەوە. بۆیە زەیدی کوڕی حاریسە جارێ دا بەنێو سوپادا: خوای گەورە حەرامی کردووە بێینە سەر ئەم قەومە، تەنیا بۆ ئەوانەیان نەبێ کە ستەمیان کردووە. خوشکەکەی حەسسانی کوڕی میللە باوەژنمە و وبری کوڕی عەدی کوڕی ئومەییەی کوڕی ئەلزەبیب لەنێو دیلەکانە. زەید پێیووت: بیبە. حەسسان

کچەکەی بـرد، ئـوم ئەلفـەزر ئەلزەلەیعییـە وتـی: کچـەکانتان دەبـەن و دایکتـان ـەجێدەهێڵن؟! یەکێکی نەوەی خەسیب وتی: ئەمە لەنـەوەی ئەلزەبیبـە. سـیحری دەم ـخستنە. لەنێو سوپادا گوێیان لەم قسەیە بوو، هەواڵەکە بەزەیدی کوڕی حاریسـە درا، بۆیە فرمانی دا دەستی خوشکەکەی حەسسـان ببەسـترێتەوە و پێیـووت: تـۆش لەگـەڵ کچە مامەکانتدا دابنیشە تاوەکو خوای گـەورە بڕیاریـان لـەبارەوە دەدات. ڕێگریـی کـرد سـوپا دابەزێتە ئەو شیوەی لێیەوە هـاتبوون. لـەنێو کەسـوکاریاندا ئێوارەیـان کـردەوە، ئەشەودا سەرکەوتنە سەر وڵاخ و ڕۆیشتن بۆلای ریفاعەی کوڕی زەید. لەوانەی ئەو شەوە ڕۆیشتن بۆلای ریفاعەی کوڕی زەید،ئەبو زەیدی کـوڕی عـەمر و ئـەبو شەمماسـی کـوڕی عەمر و سوەیدی کوڕی زەید و بیعجەی کوڕی زەید و بەرزەعی کوڕی زەید و سەعلەبەی کوڕی عەمر و مەخرەبەی کوڕی عەدی و ئەنیفی کوڕی میللە و حەسسانی کـوڕی سـابت بوون، ڕۆیشتن و بەیانییان لای ریفاعەی کوڕی زەید کردەوە لەسـەر بـیرە ئاوێـك لـەدێی لەیلا. حەسسانی کوڕی میللە پێیووت: لێرە دانیشتووی بزن دەدۆشی و ژنانی جوزامیش بەدیلیی بەڕێدەخرێن! زەیـدی کـوڕی ریفاعـەش داوای وشـترەکەی کـرد و سـەرکەوت و ئەیووت:ئەرێ تۆ زیندووی یان زیندوو دەدوێنی؟

پاشان ڕۆیشت و ئـەوانیش لەگەڵیـدا بـوون و بـەلای ئومەییـەی کـوڕی زەفـارەی بـرای ئەلخەسیبییدا تێپەڕبوون کە کـوژرا بـوو. سـێ شـەو بـەڕێگاوە بـوون تـاوەکو گەیشـتنە مەدینە، کە گەیشتنە مزگەوت، پیاوێك لەنێو خەڵکییدا تەماشایانی کـردن و پێیـانی وت: وشترەکانتان مەبەستنەوە، چونکە دەست و قاچـیان دەبڕدرێتـەوە. لەسـەر وشـترەکان دابەزین و وشترەکان بەپێوە ڕاوەسـتابوون، کاتێـك چـوونە ژوورەوە بـۆلای پەیامبـەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەوانی بینی، بەدەستی ئاماژەی کرد لەپشت خەڵکییەوە وەرن. کاتێك ریفاعەی کوڕی زەید قسەی دەستپێکرد، پیاوێك لەنێو خەڵکەکەدا هەڵسا و وتی: ئەی پەیامبەری خوا، ئەمانە قەومێکی ساحیرن، بۆیە دووجار بیروخێنە. ریفاعەش وتی: خوای گەورە بـەزەیی بـەو کەسـەدا بێتـەوە کـە لەمڕۆدا تەنیا چاکەمان لەگەڵدا دەکات. پاشان ریفاعە نووسراوەکەی پەیامبەری خوای دا

بەدەست پەیامبەرەوە و وتی: ئەی پەیامبەری خوا ئەمە نووسراوی خۆتە، کۆن نووسراوە و تازەش غەدرمان لێ کراوە. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:ئەی غولام بیخوێنەوە و رایبگەیەنە. کە نووسراوەکەیانی خوێندەوە و هەواڵەکەی پێیان دا. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) سێ جار فەرمووی:"چی لەکوژراوەکان بکەم؟" ریفاعە وتی: ئەی پەیامبەری خوا تۆ باشتر دەزانی، نە حەلاڵت لێ حەرام دەکەین و نە حەرامت بۆ حەلاڵ دەکەین. ئەبو زەیدی کوڕی عەمر ئەڵێ:ئەی پەیامبەری خوا، ئەوەی زیندووە بۆمان ئازاد بکە و خوێنی ئەوەشی کوژراوە با لەژێر ئەم دوو پێیەمدا بێ. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"ئەبو زەید راستی وت، ئەی عەلی لەگەڵیاندا سەرکەوە". عەلی وتی: ئەی پەیامبەری خوا، زەید گوێڕایەڵی من نابێ. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"شمشێرەکەی من هەڵبگرە". شمشێرەکەی پێ دا و عەلی وتی: ئەی پەیامبەری خوا ولاخم نییە تاوەکو سەربیکەوم. پەیامبەری خواش خستیەسەر وشترێکی سەعلەبەی کوڕی عەمر کە پێیدەوترا ئەلمیکحال. دەرچوون، بینییان وا نێردراوێکی زەیدی کوڕی حاریسە بەسەر وشترێکی ئەبو ویبرەوەیە کە پێیدەوترا ئەلشمر. لەسەری دایانبەزاند. ئەویش وتی: ئەی عەلی من چی بکەم؟ عەلی وتی: وشتری خۆیان ناسیوەتەوە و بردوویانە. پاشان بەڕێکەوتن تاوەکو لەفیفائدا بەسوپا گەیشتن و سەروەت و سامانیان لەسوپا وەرگرت، تەنانەت پەتی ژێر کۆڵوباریشیان وەرگرتەوە.

شاندی نەوەی عامری کوڕی سەعسەعە

لەعاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادەوە ئەڵێ: شاندی نەوەی عامر هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، عامری کوڕی توفەیلیشیان لەگەڵدابوو،هەروەها ئەربدی کوڕی قەیس و جبازی کوڕی سولمای کوڕی مالیکی کوڕی جەعفەر. عامر دەیەویست ناپاکیی لەپەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) بکات،هۆزەکەی پێیوت:خەڵکیی وا موسڵمان بوون،تۆش موسڵمان ببە،وتی:شوێن پێی ئەو لاوە هەڵناگرم،پاشان بەئەربدی

وت:ئەگەر بڕۆینەلای موحەممەد من سەرقاڵی دەکەم و تۆش لەپشتەوە شمشێری لێبدەو بیکوژە. کە ڕۆیشتن،عامر، پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم)ی دواندو سەرقاڵیدەکرد تاوەکو ئەربد کاری خۆی بکات،بەڵام ئەربد هیچی نەکرد،عامر بەپەیامبەر(صلی الله علیه وسلم)ی وت:ئەسپ و پیاو گەلێکی زۆرت دەخەمە خزمەت،کە ڕۆیشت پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"خوایە گیان عامرم لەکۆڵ بکەوە" کە دەرچوون و ڕۆیشتن عامر بەئەربدی وت:بۆچی نەتگوشت؟وتی:هەرکاتێ دەمەویست بیکوژم لەنێوان خۆم و ئەودا تەنیا تۆم دەبینی و تۆ دەکەوتیتە نێوانمانەوە،ئایە شمشێرەکەم لەتۆ بدابایە؟کە ئەربدو عامر هەندێ ڕێگەیان بڕی،خوای گەورە عامری کوڕی توفەیلی تووشی تاعون کرد و بەو هۆیەوە مرد و لەماڵی ئافرەتێکی سەلولی بوو،لەکاتی مردندا ئەیوت:ئەی نەوەی عامر وەک وشتر بەیانیت کردەوە و مردنی ماڵێکی سەلولییت کرد؟!!خوای گەورە هەورە بروسکەیەکی نارده سەر ئەربد و سووتاندی،ئەربدی کوڕی قەیس برای دایکیی لوبەیدی کوڕی ڕەبیعە بوو.

شاندی تەیئ هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)،زەید ئەلخەیلیان تێدا بوو کە گەورەیان بوو، کاتێک گەیشتنە لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، قسەیان لەگەڵدا کرد و پەیامبەریش پێشنیاری موسڵمانبوونی پێیان دا، ئەوانیش بوونە موسڵمان و بەجوانترین شێوە موسڵمان بوون، پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) ئەوەی فەرموو هەروەک ئێبن حومەید بۆی باسکردین وتی: سەلەمە بۆی باسکردین وتی: موحەممەدی کوڕی ئیسحاق بۆی باسکردین ئەویش لەپیاوانێکی تەیئەوە وتی: لەنێو عەرەبدا هیچ پیاوێك بەگەورەیی زەید ئەلخەیل نەگەیشتووە، تا ئەوەی ناونراوە زەیدی خێر و چاکە، دوو پارچە زەوی و شتی تری وەرگرت لەلایەن پەیامبەری خواوە(صلی الله علیه وسلم) و نووسراویشی بۆ نووسی، لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دەرچوو بۆ گەڕانەوە لای قەومەکەی، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"زەید لەتای مەدینە ڕزگاری نابێ" پەیامبەری خوا بە(الحمی)ناوی نەهێنا. زەید کە گەیشتە ولاتی نەجد لای ئاوێك لەئاوەکانی ئەو ولاتە کە پێیدەوترا فەردە،

تووشی تا و لەرز هات و لەوێدا کۆچی دوایی کرد، جا کاتێك زەید هەستی بەمەرگی خۆی کرد، وتی:

أُمُرتَحِلٌ قَوْمِي المَشَارِقَ غُدْوَةً وَأُترَكُ فِي بَيتٍ بِقَرْدَةَ مُنْجِدِ

واتا:لەبەیانییەکی زووادا قەوم و دۆستانم رۆیشتوون و منیش لەماڵێکدا لەفەردەی نەجد بەجێهێڵراوم؟

کاتێك کۆچی دوایی کرد، ژنەکەی ئەو نووسراوەی دەرهێنا کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) تیایدا ئەو شتانەی پێ دابوو، نووسراوەکەی سووتاند.

لەو ساڵەدا موسەیلەمەی درۆزن نامەی بۆ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) نووسی و بانگەشەی ئەوەی کرد کە لەپەیامبەرایەتییدا بووەتە هاوبەشی.

لەعبدالله‌ی کوڕی ئەبو بەکرەوە ئەڵێ: موسەیلەمەی کوڕی حەبیب کەزاب نامەیەکی بۆ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) نووسی: لەموسەیلەمەی پەیامبەرەوە بۆ موحەممەدی پەیامبەر: پاشان: نیوەی زەویی بۆ ئێمەیە و نیوەکەی تر بۆ قورەیشە. بەڵام قورەیش دادپەروەریی ناکەن.

لەسەلەمەی کوڕی نوعەیمی کوڕی مەسعودی ئەلئەشجەعییەوە ئەویش لەنوعەیمی باوکییەوە وتی: گوێم لەپەیامبەری خوا بوو(صلی الله علیه وسلم) کاتێ نامەکەی موسەیلەمەیان خوێندەوە بەهەردووکیانی فەرموو:"ئەوە هەردووکتان چی دەڵێن؟" وتیان: ئەوە ئەڵێین کە ئەو وتوویەتی. پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"ئەگەر ئەوە نەدەبوو کە نابێ نێردراو بکوژرێت، ئەوە لەگەردنی هەردووکتانم دەدا". پاشان پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بۆ موسەیلەمەی درۆزنی نووسی:"بەناوی خوای گەورەی میهرەبان، لەموحەممەدی پەیامبەرەوە بۆ موسەیلەمەی درۆزن، پاشان: زەوی، خوای گەورە ئەیکاتە میراتی هەر بەندەیەکی کە خۆی بیەوێ، سەرەنجامیش بۆ لەخواترساوانە، سەلام بۆ ئەو کەسەی شوێن هیدایەت دەکەوێ".

ئەڵێ: ئەوە لەکۆتایی ساڵە دە بوو.

ئەبو جەعفەر ئەلّێ: وتراوە بانگەشەی موسەیلەمە و ئەوانەی تر لەدرۆزنان کە بانگەشەی پەیامبەرایەتییان کرد لەسەردەمی پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم)، هەوای رۆیشتنی پەیامبەری خوا بوو(صلى الله عليه وسلم) لەو حەجەی ناودەبرێت حەجی مالّئاوایی و ئەو نەخۆشکەوتنەی کە تیایدا کۆچی دوایی کرد.

هەوبەیدی خزمەتکاری پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) ئەویش لەئەبو موهیبەی خزمەتکاری پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) ئەلّێ:دوای ئەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەڕایەوە مەدینە لەدوای حەج و هەواڵەکانی بڵاوبوویەوە و نەخۆشکەوت، ئەلئەسوەد لەیەمامە و موسەیلەمە لەیەمامە دەرکەوتن و هەواڵیان بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەیشت، پاشان تولّەیحە لەولاّتی نەوەی سەعد دەرکەوت، پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەموحەڕەمدا نازاری دەرکەوتەوە و لەو مانگەدا کۆچی دوایی کرد. ئەبو جەعفەر ئەلّێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کارمەندانی زەکاتی بەهەموو ئەو ولاّتانەدا بلاّوەپێکرد کە ئیسلام چووبووە ناویانەوە.

لەعبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە وتی:پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەمیر و کارمەندەکانی بۆ کۆکردنەوەی زەکاتی هەموو ئەو شوێنانە نارد کە ئیسلام چووبووە ناویانەوە،ئەلموهاجیری کوڕی ئەبو ئومەییەی کوڕی ئەلموغیرەی نارد بۆ سەنعا، ئەلعینسیی کە لەوێدا بوو لەدژی راپەڕی، زیادی کوڕی لەبیدی برای نەوەی بەیازەی ئەلئەنساریی نارد حەزرەمەوت بۆ کۆکردنەوەی زەکات، عەدی کوڕی حاتەمی نارد بۆ کۆکردنەوەی زەکاتی تەیئ و ئەسەد و مالیکی کوڕی نوەیرەی نارد بۆ کۆکردنەوەی زەکاتی نەوەی حەنزەلە و سەدەقەی نەوەی سەعدی دابەشکردە سەر دوو پیاوی خۆیان و ئەلعەلائی کوڕی ئەلحەزرەمیی نارد یەمەن و عەلی کوڕی ئەبو تالّیبی نارد بۆ نەجران بۆ کۆکردنەوەی زەکاتەکانیان و هێنانی جزیەکانیان. کە مانگی زو ئەلقەعیدەی ئەو ساڵە هات، مەبەستم ساڵی دە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئامادەسازیی کرد بۆ حەج و فرمانی بەخەڵکییش کرد ئامادەسازیی بکەن.

لەعائیشەی خێزانی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) ئەڵێ: پێنج شەو لەمانگی زو ئەلقەعیدە مابوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو، خۆی و خەڵکییش هەر باسی حەجیان دەکرد، هەتا گەیشتە سەرف و لەگەڵ خۆیدا ئاژەڵی قوربانیی هێنا. فرمانی بەخەڵکیی کرد نیەتی عومرە بهێنن، تەنیا ئەوانە نەبێ کە قوربانییان لەگەڵ خۆیاندا بەرێخستبوو،ئەو رۆژە کەوتمە حەیزەوە، هاتەلام و منیش دەگریام، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی عائیشە چیتە؟ کەوتوویتە حەیزەوە؟" وتم: بەڵێ، خۆزگە ئەم ساڵ لەم سەفەرەدا لەگەڵتاندا دەرنەدەچووم. فەرمووی:"وا مەکە و ئەوە مەڵێ، هەموو ئەوانە دەکەی کە حاجیی دەیکات، تەنیا ئەوە هەیە تەوافی کەعبە ناکەی". ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هاتە مەککەوە و هەموو ئەوانەی قوربانییان لەگەڵ خۆیاندا نەهێنابوو و خێزانەکانیشی عومرەیان ئەنجام دا، لەڕۆژی قوربانییدا گۆشتێکی زۆری گۆشتی مانگا هێنرایە ماڵەوەم، وتم: ئەمە چییە؟ وتیان: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ خێزانەکانی مانگای کردووەتە قوربانی. شەوی ئەلحصبە هات و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ براکەمدا عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبو بەکر ناردمی تاوەکو لەتەنعیمەوە کە عومرەم لەدەستچوو، عومرەکەم قەزا بکەمەوە.

لەئیبن ئەبی نەجیحەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) عەلی کوڕی ئەبو تالیبی بۆ نەجران نارد، لەمەککەدا پێیگەیشت کە ئیحرامی بەستبوو، عەلی چووە لای فاتیمەی کچی پەیامبەری خواوە و بینی خۆی ئامادە کردووە، وتی: ئەوە چیە ئەی کچی پەیامبەری خوا؟ فاتیمە وتی: پەیامبەری خوا فرمانی پێکردووین ئیحرامی عومرە ببەستین،ئێمەش ئیحراممان بەستووە. ئەڵێ: پاشان هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، کاتێ لەباسکردنی سەفەرەکەی بوویەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێیفەرموو:"برۆ تەوافی کەعبە بکە و ئیحرام ببەستە هەروەک چۆن هاوەڵەکانت ئیحرامیان بەستووە". عەلی وتی: ئەی پەیامبەری خوا، منیش نییەتم هێناوە هەروەک چۆن تۆ کردووتە. فەرمووی:"برۆ ئیحرام ببەستە هەروەک هاوەڵانت بەستوویانە". وتم:

ئەی پەیامبەری خوا کاتێ ئیحرامم بەست وتم: اللهم أهللت بما أهل بـه عبـدك ورسـولك". پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فـەرمووی:"هیچ قوربانییـەکت پێیـە؟". وتم: نـە. پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) لەقوربانییەکەی خۆیدا بەشداری کرد و لەگـەڵ پەیامبەری خوادا ئیحرامی بەست تاوەکو لەحەج بوونەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەبری خۆی و چەلی، قوربانیی کرد.

لە ئەبو سەعیدەوە ئەڵێ: خەڵکیی شکایەتیان لەعـەلی کـوڕی ئـەبو تاڵیـب کـرد، بۆیـە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەڵسا و وتـاری داو گـوێم لێبـوو ئەیفەرموو:"ئـەی خەڵکینە شکایەت لەعـەلی مەکـەن، سـوێند بـەخوا ئـەو زۆرتـر لـەخوا دەترسـێ لـەوەی شکایەتی لێ بکرێت".

لەعبداللـــەی کـــوڕی نەجیحـــەوە ئەڵێ:پەیامبـــەری خوا(صـــلى الله عليـــه وســـلم) فەرمووی:"ئەی خەڵکینە قسەی من ببیستن و گوێ راگرن:چونکە نازانم لەوانەیە سااڵێکی تر و لەم شوێنەدا پێتان نەگەمەوە. ئەی خەڵکینە !خوێن و ماڵ و ناموووستان بـۆ یـەکتر حەرامە وەك پیرۆزیـی ئـەم رۆژە و ئـەم مانگـەتان،ئێوە بەپـەروەردگارتان دەگەنـەوە و لـەکارو کردەوەتـان لێتـان دەپرسـێتەوە و منـیش گەیانـدم، هەرکەسـێ سـپاردەیەکی (ئەمانەتێکی) لایە با بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی،هەموو سوویەك پووچ و هـەڵگیراوە و تـەنیا سـەرمایەی تـەواوتان بـۆ هەیە،نـە سـتەم بکـەن و نەسـتەمتان لـێ بکرێ،هـەموو سـوویەکی عەبباسـی کـوڕی عەبدولموتـەڵیب هەڵگیراوە،هـەموو خـوێنێکی سـەردەمی نەفامیی هەڵوەشێنراوەیە و مافی داواکردنی بۆ نییە،یەکەمین خوێنێکیش لەوەدا خوێنی کوڕی رەبیعەی کوڕی حارسی کوڕی عەبدولموتەڵیبە کـە شـیرەخۆرە بـووە لای نـەوەی لەیس و هوزەیل کوشـتی،ئەوە یەکـەمین خـوێنێکی سـەردەمی نەفامیـە دەسـتبەرداریی لێدەکەم.

پاشان،ئەی خەڵکینە !شەیتان بـۆ هەمیشـە بـێ ئومێـد بـووە لـەم زەویـەتان پەرسـتن بکرێ،بەڵام دەکرێ لەهەندێ کاری خراپدا گوێڕایەڵی بکرێ و کارتان لا سووك بکات،بۆیە وریای ئایینی خۆتان بن لەبەرانبەریدا،ئـەی خەڵکینە !نەسـیئ زیادەیەکـە لـەبێباوەڕی و

شەیتان ئەوانەی پێ گومڕا کردووە کە بێ باوەڕن،سالێك حەلاڵێ دەکەن و سالێکیش حەرام تا هەندێ لەحەرامکراوەکانی خوای گەورە حەلاڵ بکەن و حەلاڵی خوای پێ حەرام دەکەن،زەمان ئەو شێوەیەی خۆی وەرگرتووە لەو رۆژەوەی خوای گەورە ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە،مانگەکانیش لای خوای گەورە دوانزە مانگن،چوار مانگیان مانگی پیرۆزن و سیانیان بەدوای یەکدا دێن،رەجەبی موزەریش کەوتووەتە نێوان مانگی جەماد و شەعبانەوە .

پاشان،ئەی خەڵکینە !ئێوە مافتان بەسەر ژنانتانەوە هەیە و ئەوانیش مافیان بەسەر ئێوەوە هەیە،ئێوە مافی ئەوەتان بەسەریانەوە هەیە کەس نەهێننە سەر جێگەتان،لەسەریان پێویستە تاوانێکی ئاشکراو روون ئەنجام نەدەن،ئەگەر ئەوەیان کرد،ئەوە خوای گەورە مۆڵەتی داون جێگەیان لێ جیابکەنەوەو لێدانیان بکەن کە شوێنی برین و ئازار جێنەهێڵێ،ئەگەر دەستیان هەڵگرت ئەوە پێویستە بەچاکەوە رۆزی و پۆشاکیان بۆ ئامادەبکەن،ئامۆژگاریتان دەکەم لەگەڵ ژناندا چاکەکاربن،ئەوان سپاردەی خوان لای ئێوە و بۆ خۆیان خاوەن هیچ نین،بەسپاردەی خوا بەئێوە دراون و بۆتان حەلاڵ بوونە،ئەی خەڵکینە لەقسەکانمدا رابمێنن و بیری لێ بکەنەوە و بیخەنە گوێتانەوە،من وا قسەکەم پێتان گەیاند،لەنێو ئێوەدا شتێکم بەجێهێشتووە ئەگەر دەستی پێوەبگرن هەرگیز گومڕا و سەرلێشێواو نابن،کارێکی رووتم بۆ بەجێهێشتوون ئەویش کتێبی خوا(قورئان)و رێبازی پەیامبەرەکەیەتی.

ئەی خەڵکینە قسەکانم ببیستن و فامی بکەن،بزانن هەموو موسڵمانان برای یەکن،شتی هیچ برایەك بۆ براکەی حەلاڵ نییە ئەگەر لەدڵەوە پێی رازی نەبێ،ستەم لەخۆتان مەکەن، پەیامی خوام پێتان گەیاند؟" خەڵکی وتیان:بەڵێ گەیاندت،پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"خوایە گیان تۆ شایەت بە پەیامی تۆم گەیاند".."ئەی خەڵکینە. خوای گەورە مافی هەموو خاوەن مافێکی داوە،نابێ بەبێ مۆڵەتی میراتبەرانی تر میراتبەرێ میراتەکان ببات،منداڵ رۆڵەی تێکەڵی باوك و دایکە،مرۆڤی داوێن پیسیش جگە لەپەشیمانی و دۆڕاویی هیچی دیکەی دەستناکەوێ،هەرکەسێ سەرچاوەی خۆی بداتەوە

پاڵ غەیری باوکی خۆی یان دۆستایەتی غەیری مەولاکەی(گەورەکەی) خۆی،ئەوە نەفرەتی خوا و فریشتان و تەواوی خەڵکیی لەسەرە و نوێژی فەرز و سوونەت و شایەتیی لێ قبوڵناکرێ تا تەوبە نەکات".

دوای ئەوەی خۆر لەنێوەڕاستی ئاسمان لایدا و بەخەڵکیی نوێژیکرد و وتاری بۆ دان،هاتەلای کێوی عەرەفە و لەشانەوەیدا وەستاو فەرمووی:"من لێرەدا وەستاوم و عەرەفەش هەمووی جێی وەستانە"،کە خۆرئاوا بوو سەرکەوت بۆ موزدەلیفە و دوای عیشا پێیگەیشت و شەو لەوێدا مایەوە،کە رۆژبوویەوە لەسەر چیای قزح وەستاو لەوێدا قوربانیی کرد و فەرمووی:"من لێرەدا وەستاوم و موزدەلیفەش هەمووی شوێنی وەستانە". کە لەوە بوویەوە هاتە جەمەرات و شەیتانی رەجمکرد و پاشان شوێنی سەربڕین و ئاژەڵی سەربڕی و پاشان فەرمووی:"من لێرەدا ئاژەڵەکەم سەربڕی و تەواوی مینا شوێنی قوربانیە"،رۆژەکەی لەوێدابوو،دواتر گەڕایەوە میناو سێ شەو لەوێدا مایەوە و دوای خۆرئاوابوونی هەموو رۆژێك هەرسێ جەمەراتی ئەنجامدا،سەرەتا لەجەمەراتی بچووك و کۆتاییەکەش جەمەراتی گەورە بوو،لەو رۆژانەی مینادا وتاری دەدا و ئوممەتی ئاشناکرد کە چییان پێویستە بۆ رۆژی قیامەت،بۆیە سلاوت لێ بێ ئەی پەیامبەر لەو رۆژەی لەدایکبووی و تێکۆشای و بانگەوازتکردو رۆژی حەج و عەمرەو رۆژی ماڵئاوایی و رۆژی کۆچی دوایی کردنی پەیامبەر بوو(صلى الله عليه وسلم) و حەجی گەیاندن بوو، چونکە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەدوای ئەو حەجە، حەجی تری نەکرد.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەخۆی بەشداری بیست و شەش غەزا بووە، هەندێکیان ئەڵێن بیست و حەوت، ئەوانەی وتوویانە بیست و شەش، وتوویانە ئەم غەزایانە بووە، خەیبەر و لەخەیبەرەوە بۆ وادی ئەلقورا یەك غەزا بووە، چونکە لەدوای لێبوونەوە لەخەیبەر، نەگەڕاوەتەوە مەدینە، بەڵکو لەوێوە رۆیشتووە بۆ وادی ئەلقورا، بۆیە بەیەك غەزایان ژماردووە، ئەوەشی وتوویەتی بیست و حەوت غەزا بووە، غەزای خەیبەری بەغەزایەك داناوە و غەزای وادی ئەلقوراشی بەغەزایەکی تر داناوە، بەوە کردوویەتییە بیست و حەوت غەزا.

لەعبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە ئەڵێ: تەواوی ئەو غەزایانەی کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەخۆی ئەنجامی داون، بیست و شەش غەزا بووە، یەکەمین غەزایەکی غەزای ودان بووە، کە ئەکاتە غەزای ئەلئەبواء و پاشان غەزای بوات لەناوچەی رەزوا پاشان غەزوەی ئەلعەشیرە لەشیوی یەنبوع و پاشان غەزای یەکەمی بەدر بەدوای کورزی کوڕی جابر، پاشان غەزای بەدری گەورە کە گەورەکانی قورەیشی تێدا کوژرا و هەندێگیان دیلکران، پاشان غەزای بەنی سولەیم تاوەکو گەیشتە ئەلکودر کە ئاوێکی تەوەی سولەیم بوو، پاشان غەزای ئەلسویق لەڕۆیشتن بەدوای ئەبو سوفیان تاوەکو گەیشتە قەرقەرەی ئەلکودر و پاشان غەزوی غەتفان بۆ نەجد کە غەزوەی زی ئەمەر بوو، پاشان غەزوەی بەحران مەعدەن لەحیجاز لەسەرووی ئەلفەرعەوە پاشان غەزای ئوحود پاشان غەزای حەمراء ئەلئەسەد و پاشان غەزای بەنو نەزیر و پاشان غەزای زات ئەلڕیقاع لەنەخل و پاشان غەزای دووەمی بەدر و پاشان غەزای دەومەت ئەلجەندەل و پاشان غەزای خەندەق و پاشان غەزای بەنی قورەیزە و پاشان غەزای بەنی لیحیان لەهوزەیل و پاشان غەزای زی قەرەد پاشان غەزای بەنی ئەلموستەلێق لەخوزاعە و پاشان غەزای حودەیبیە کە شەڕی نەدەویست لەحودەیبیە و هاوبەش پەیداکەران رێگرییان لێکرد، پاشان غەزای خەیبەر، پاشان عومرەی قەزای ئەنجام دا و پاشان غەزای فەتحی مەککە و پاشان غەزای حونەین و پاشان غەزای تائیف و پاشان غەزای تەبوک، لە نێو لەو غەزایانەدا شەڕی کرد، غەزای بەدر و ئوحود و خەندەق و قورەیزە و ئەلموستەلێق و خەیبەر و فەتحی مەککە و حونەین و تائیف.

موحەممەدی کوڕی یەحیای کوڕی سەهلی کوڕی ئەبی حەسمە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بیست و شەش غەزای ئەنجام داوە، پاشان نمونەی باسی ئیبن حومەیدی هێناوەتەوە ئەویش لەسەلەمەوە ئەڵێ: موحەممەدی کوڕی عەمەر وتی: غەزاکانی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ناسراون، کۆدەنگیی لەسەر هەیە و ناکۆکییان لەبارەوە نییە کە بیست و حەوت غەزایە، بەڵکو جیاوازیی هەیە لەبارەی ئەوەی هەندێ غەزا لەپێش یەکترەوەن.

لەموحەممەدی کوڕی سابت ئەلئەنساریيەوە ئەڵێ: پرسیار لەئیبن عومەر کرا: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چەند غەزای ئەنجام داوە؟ وتی: بیست و حەوت غەزا.

لەئیبن عومەریان پرسی: چەند غەزا لەگەڵ پەیامبەری خوادا بەشداربووی؟ وتی: بیست و یەك غەزا، یەکەمین غەزا کە بەشداربووم، غەزای خەندەق بوو، شەش غەزام ئەدەستچوو بوو، پێداگربووم و داوام لەپەیامبەری خوا کرد(صلى الله عليه وسلم) بەشداربم، رەتیدەکردەوە، هەر پێداگرییم کرد تاوەکو لەخەندەقدا رێگەی دام بەشداربم.

واقیدیی ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەیانزە غەزادا شەڕی کرد، لەوانە تۆ دانە یانی باسکردووە کە لەئیبن ئیسحاقەوە باسیکردوون و لەگەڵیدا غەزای وادی ئەلقوراشی باس کردووە، لەوادی ئەلقوراشدا شەڕی کرد، لەوێدا میدعەمی خزمەتکاری بەتیرێك کوژرا. هەروەها لەڕۆژی ئەلغابەدا شەڕی کرد و لەهاوبەش پەیداکەرانی کوشت و لەو ڕۆژەدا موحرزی کوڕی نەزلە کوژرا.

لەبارەی ژمارەی سریەکانی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) جیاوازیی هەیە، لەعبداللەی کوڕی ئەبو بەکرەوە ئەڵێ: سریە و ڕەوانەکردنەکانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەماوەی هاتنی بۆ مەدینە و گەڕانەوەی بۆلای خوای گەورە، سی و پێنج ڕەوانەکردن و سریە بووە، سریەی عوبەیدەی کوڕی ئەلحاریس بۆ ئەحیاء لەسەنییە ئەلمەرە کە ئاوێکە لەحیجاز، پاشان غەزای حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب بۆ کەنار دەریا لەڕووی ئەلعیس، هەندێ کەسی تریش غەزای حەمزە ئەخەنە پێش غەزای عوبەیدەوە، هەروەها غەزای سەعدی کوڕی ئەبو ئەلوەقاس بۆ ئەلخەڕار لەخاکی حیجاز و غەزای عبداللەی کوڕی جەحش بۆ نەخلە و غەزای زەیدی کوڕی حاریسە بۆ ئاوێك لەئاوەکانی نەجد و غەزای مەرسەدی کوڕی ئەبی مەرسەد ئەلغەنەویی بۆ ئەلڕەجیع و غەزای ئەلمونزیری کوڕی عەمر بۆ بیری مەعونە و غەزای ئەبو عوبەیدەی کوڕی ئەلجەڕاح بۆ زی ئەلقیسە لەڕێگەی عێراق و غەزای عومەری کوڕی خەتاب بۆ توربە لەخاکی نەوەی عامر و غەزای عەلی کوڕی ئەبو تالیب بۆ یەمەن و غەزای غالیبی کوڕی عبداللە

ئەلکەلبیی–کەلب لەیس– بۆ ئەلکەدید و لەئەلملوحدا کوژرا،غەزای عەلی کوڕی ئەبو تالێب بۆ نەوەی عبداللەی کوڕی سەعد لەئەهلی فەدەك و غەزای ئیبن ئەبی ئەلعەوجاء ئەلسولەمی بۆ خاکی نەوەی سولەیم و لەوێدا خۆی و تەواوی هاوڕێکانی کوژران، غەزای عوکاشەی کوڕی موحصین بۆ ئەلغەمرە و غەزای ئەبو سەلەمەی کوڕی عەبدولئەسەد بۆ قەتەنا کە ئاوێك بوو لەئاوەکانی نەوەی ئەسەد لەدەوروبەری نەجد و تیایدا مەسعودی کوڕی عوروە کوژرا، هەروەها غەزای موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی بۆ نەوەی ئەلحارس بۆ سەر ئەلقورەتاء لەهوازن و غەزای بەشیری کوڕی سەعد بۆ نەوەی موڕە لەفەدەك و غەزای بەشیری کوڕی سەعد بۆ یومن و جیناب لەخاکی خەیبەر، وتراوە یومن و جەبار زەوییەکە لەخەیبەر، غەزای زەیدی کوڕی حاریسە بۆ ئەلجەموح لەخاکی نەوەی سولەیم، هەروەها غەزای زەیدی کوڕی حاریسە بۆ جوازم لەخاکی حیسما و پێشتر باسکرا. هەروەها غەزای زەیدی کوڕی حاریسە بۆ وادی ئەلقورا و رووبەڕووی نەوەی فەزارە بوویەوە، غەزای عبداللەی کوڕی رەواحە بۆ خەیبەر لەدووجاردا، جاری یەکەمی ئەوەی کە خوای گەورە تیایدا یوسەیری کوڕی رزامی جولەکەی کوشت، یوسەیر لەخەیبەر بوو، غەتفانی کۆدەکردەوە بۆ پەلاماردانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، بۆیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) عبداللەی کوڕی رەواحەی لەگەڵ چەند هاوەڵێکدا نارد کە عبداللەی کوڕی ئەنەیسی هاوپەیمانی نەوەی سەلەمەیان تێدا بوو. کاتێ چوونەلای یوسەیر و قسەیان لەگەڵدا کرد و بەلێنیان پێ دا و وتیان: ئەگەر بێی بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، ئەوە ئەتکاتە بەرپرسی ئەم شوێنە و رێزت لێ دەگرێت. لەگەڵیدا بەردەوام بوون تاوەکو لەگەڵ چەند جولەکەیەکدا لەگەڵیاندا دەرچوو، عبداللەی کوڕی ئەنەیس لەپشتەوەی خۆی لەسەر وشترەکەی سەریخست، گەیشتنە ئەلقەرقەرە کە شەش میل لەخەیبەرەوە دووربوو، یوسەیر پەشیمان بوویەوە لەوەی بەڕێکەوتووە بۆ رۆیشتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، عبداللەی کوڕی ئەنەیس وریایی کرد کە ئەیەوێ شمشێر هەڵبکێشێ، بۆیە پەلاماری دا و بەشمشێر لێی دا و قاچی بڕییەوە، یوسەیریش بەشەنێك کە لەدەستی بوو لێی دا و سەری شکاند،

حوی گەورە یوسەیری کوشت، بۆیە هەر هاوەڵێکی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پەلاماری یەکێك لەو جولەکانەی دا کە لەگەڵیاندا بوون و هەموویانیان کوشت تەنیا یەك جولەکە نەبێ کە بەوڵاخەکەیەوە هەڵهات. جا کاتێك عبداللەی کوڕی ئەنەیس هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، تفێکی کردە سەر برینەکەی و بەدەرچوونی خوێن و چڵك رایگرت و ئازاری نەما. هەروەها غەزای عبداللەی کوڕی عەتیك بۆ خەیبەر، تیایدا ئەبو رافیع کوژرا. لەنێوان شەڕی بەدر و ئوحوددا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی نارد سەر کەعبی کوڕی ئەلئەشرەف و کوشتیان. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) عبداللەی کوڕی ئەنەیسی نارد سەر خالیدی کوڕی سوفیانی کوڕی نوبەیح ئەلهوزەلی کە لەنەخلە بوو یان لەعورنە و خەڵکی کۆدەکردەوە بۆ شەڕکردنی پەیامبەری خوا، بۆیە کوڕی ئەنەیس کوشتی.

لەعبداللەی کوڕی ئەنەیسەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بانگیکردم و فەرمووی:"هەواڵم پێگەیشتووە کە خالیدی کوڕی سوفیانی کوڕی نوبەیح ئەلهوزەلی خەڵکم لەدژ کۆدەکاتەوە تاوەکو پەلامارم بدات، لەنەخلەیە یان لەعورنە، بچۆرە سەری و بیکوژە". ئەڵێ: وتم: ئەی پەیامبەری خوا وەسفی ئەو پیاوەم بۆ بکە تاوەکو بیناسمەوە. فەرمووی:"کە بینییت، شەیتانت بیر دەهێنمەوە و ئەوە نیشانەی نێوان تۆ و ئەوە و لەرزینی لێ دەبینی". ئەڵێ: بەشمشێر هەڵکێشانەوە دەرچووم تاوەکو چوومە سەری و کاتی عەسر بوو،لەگەڵ منالێ و ژنەکانیدا لەماڵێك بوو، کە بینییم، وەسفەکەی پەیامبەری خوام بیرکەوتەوە، بۆیە بەرەو رووی رۆیشتم و ترسام قسە و هێنان و بردنمان لەنێواندا رووبدات و نوێژی عەسرم لەدەست دەربچێ، بۆیە نوێژی عەسرم کرد و بەسەر لەقاندن و ئاماژەوە بەرەو رووی رۆیشتم و گەیشتمە لای، وتی: تۆ کێی؟ وتم: پیاوێکی عەرەبم، بیستوومە خەڵکیی کۆدەکەیتەوە دژی ئەو پیاوە، بۆیە هاتووم. وتی: بەڵێ سەرقاڵی ئەو کارەم. کەمێك لەگەڵیدا رۆیشتم تاوەکو هەلم دەسکەوت و بەشمشێر پەلامارم دا و کوشتم. دەرچووم و ژنەکانی بەسەریەوە شیوەنیان دەکرد. کاتێ گەڕامەوە لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و سەلامم لێکرد و منی بینی،

فەرمووی:"روخساری سەرکەوتووت دیارە". وتم: بەڵێ کوشتم. فەرمووی:"راستت وت". پاشان پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) هەڵسا و چووە ماڵەوە و گاڵۆکێکی پێ دام و فەرموو:"ئەی عبدالله‌ی کوڕی ئەنەیس ئەم گاڵۆکە بگرە". ئەڵێ: بەگرتنی گاڵۆکەکەوە دەرچوومە لای خەڵکی، وتیان: ئەم گاڵۆکە چییە؟ وتم: پەیامبەری خوا پێی داوم و فرمانی پێکردووم لای خۆم بیگرم. وتیان: ئەی بۆ ناگەڕێیتەوە لای پەیامبەری خوا و لەو هۆکارە بپرسی؟ منیش گەڕامەوە لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و وتم: ئەی پەیامبەری خوا بۆچی ئەم گاڵۆکەت پێ داوم؟ فەرمووی:"ئەوە بەڵگە و نیشانەی نێوان من و تۆیە لەڕۆژی قیامەتدا". عبداللەش نووساندی بەشمشێرەکەیەوە و تاوەکو مرد لەگەڵیدا بوو، دواتر لەگەڵ کفنەکەیدا ناشتیان.

ئەگەڕێینەوە بۆلای باسەکەی عبدالله‌ی کوڕی ئەبو بەکر و وتی: غەزای زەیدی کوڕی حاریسە و جەعفەری کوڕی ئەبو تاڵیب و عبدالله‌ی کوڕی رەواحە بۆ مۆتە لەخاکی شام و غەزای کەعبی کوڕی عومەیر ئەلغەفار لەزات ئەتلاح لەخاکی شام و لەوێدا خۆی و هاوڕێکانی کوژران، غەزای عویەینەی کوڕی حیصنی کوڕی ئەلعەنبەر بۆ سەر نەوەی تەمیم.

لەعاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادەوە کە عائیشە بەپەیامبەری خوای وت:نەزرم کردووە کۆیلەیەکی نەوەی ئیسماعیل ئازاد بکەم. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"ئەمە سەبییەکی نەوەی ئەلعەنبەرە و ئێستا پێت دەدرێ و ئازادی بکە". ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: کاتێ سەبایەکانیان هێنرانە لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، شاندێکی نەوەی تەمیم هاتن تاوەکو گەیشتنە لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، رەبیعەی کوڕی روفەیع و سەبرەی کوڕی عەمر و ئەلقەعقاعی کوڕی مەعبەد و وەردانی کوڕی موحرز و قەیسی کوڕی عاسم و مالیکی کوڕی عەمر و ئەلئەقرەعی کوڕی حابس و حەنزەلەی کوڕی دارم و فیراسی کوڕی حابیسیان تێدا بوو، لەژنەکانیان لەو ڕۆژەی کرابوون بەسەبایە، ئەسمائی کچی مالیك و کەئسی کچی ئەروا و نەجوەی کچی نەهد و جومەیعەی کچی قەیس و عەمرەی کچی مەتەر هەبوون.

گەڕێنەوە لای باسەکەی عبدالله‌ی کوڕی ئەبو بەکر و وتی: غەزای غالیبی کوڕی لئە ئەلکەلبی-کەلب لەیس- بۆ سەر خاکی نەوەی موڕە، لەو غەزایەدا میرداسی ی نەهیك کە لەحورقەی جوهەینەی هاوپەیمانیان بوو، کوژرا، ئوسامەی کوڕی زەید و .وێکی ئەنساریی کوشتیان کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەبارەیەوە ئوسامەی فەرموو:"چی دەکەی بەرانبەر بە لا إلە إلا الله؟". هەروەها غەزای عەمری ڕی ئەلعاص بۆ سەر زات ئەلسەلاسیل و غەزای ئیبن ئەبی حەدرەد و هاوڕێکانی بۆ وڵی ئیزەم و غەزای ئیبن ئەبی حەدرەد ئەلسولەمیی بۆ ئەلغابە و غەزای ەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف و ناردنی سریەیەك بۆ سەیف ئەلبەحر کە ئەبو عوبەیدەی کوڕی ئەلجەڕاح ئەمیریان بوو ناسرا بەغەزای ئەلخەبت.

موحەممەدی کوڕی عومەر ئەڵێ: سریەکانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، چل و هەشت سریە بووە.

واقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵە و لەمانگی ڕەمەزاندا جەریری کوڕی عبدالله ئەلبەجەلی بەموسڵمانێتیی هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) ناردی بۆ سەر زی ئەلخەلەسە و ڕووخاندی. ئەڵێ: لەو ساڵەدا وەبری کوڕی یوحەنەس چوو بۆ لای ئەلئەبناء لەیەمەن و بانگەوازی کردن بۆ ئیسلام، دابەزییە لای کچانی ئەلنوعمانی کوڕی بوزرج و بوونە موسڵمان، ناردی بۆلای فەیروز ئەلدەیلەمی و بووە موسڵمان، ناردی بۆلای مرکبود و عەتائی کوڕی و وەهبی کوڕی مونەبیە. یەکەمین کەسێك لەسەنعائدا قورئانی کۆکردەوە، کوڕەکەی بوو، عەتائی کوڕی مرکبەد و وەهبی کوڕی مونەبیە. ئەڵێ: لەو ساڵەدا بازان بووە موسڵمان و هەواڵی موسڵمانبوونەکەی گەیاندە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم).

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: لەوەدا عبدالله‌ی کوڕی ئەبو بەکر پێچەوانەی ئەوەی کردووە کە وتوویەتی: غەزاکانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بیست و شەش غەزا بووە.

لەزەیدی کوڕی ئەرقەمەوە کە گوێم لێبووە ئەیووت: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نۆزدە غەزای ئەنجام داوە، لەدوای هیجرەت یەك حەجی ئەنجام داوە و ئەویش

حەجی مالئاویی بووە. ئیبن ئیسحاق باسی حەجێکی کردووە لەمەککەدا. ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: لەزەیدی کوڕی ئەرقەمم پرسی: لەگەڵ پەیامبەری خوادا چەند غەزات ئەنجام داوە؟ وتی: حەڤدە.

لەئەبو ئیسحاقەوە کە عبداللەی کوڕی یەزید ئەلئەنساریی دەرچوو نوێژە بارانە بەخەڵکیی بکات، دوو رکاتی کرد و لەخوا پاڕایەوە بۆ باران بارین. ئەڵێ: ئەو رۆژە بەزەیدی کوڕی ئەرقەم گەیشتم و کەسمان لەنێواندا نەبوو تەنیا پیاوێك نەبێ، وتم: پەیامُبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چەند غەزای ئەنجام داوە؟ وتی: نۆزدە غەزا. وتم: لەچەندیدا لەگەڵیدا بەشداربووی؟ وتی: حەڤدە غەزا. وتم:یەکەمین غەزا تیایدا بەشداربووی، چی غەزایەك بوو؟ وتی: زات ئەلعوسەیر یان ئەلعوشەیر. واقیدیی وەهای داناوە: بەلای منەوە ئەمە هەڵەیە، ئەلحاریس بۆی باسکردم وتی: ئیبن سەعد بۆی باسکردین وتی: موحەممەدی کوڕی عومەر هەوالّی پێداین وتی: ئیسرائیل هەوالّی پێداین لەئەبی ئیسحاق ئەلهەمەدانییەوە وتی: بەزەیدی کوڕی ئەرقەمم وت: لەگەڵ پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) بەشداری چەند غەزا بووی؟ وتی: نۆزدە غەزا.

ئەلحاریس ئەڵێ: ئیبن سەعد وتی: واقیدیی وتی:ئەم باسەم بۆ عبداللەی کوڕی جەعفەر باسکرد، ئەویش وتی: ئەمە ئیسنادی خەڵکی عێراقە و ئەوان وا ئەڵێن، بەڵکو یەکەمین غەزایەك کە زەیدی کوڕی ئەرقەم تیایدا بەشدار بوو، ئەلمورەیسیع بوو، تەمەنی منداڵ بوو، بەشداری موئتەش بوو لەپشتەوە عبداللەی کوڕی رەواحەوە سەرکەوتبوو، تەنیا سێ غەزا یان چوار غەزا لەگەڵ پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) بەشداربوو.

لەمەکحولەوە لەو بارەیەوە گێڕدراوەتەوە کە ئەلحاریس بۆی باسکردم وتی: ئیبن سەعد بۆی باسکردین وتی: ئیبن عومەر هەوالّی پێداین وتی:سوەیدی کوڕی عەبدولعەزیز بۆی باسکردم ئەویش لەئەلنوعمانی کوڕی ئەلمونزیرەوە ئەویش لەمەکحولەوە وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەژدە غەزای ئەنجام دا، لەهەشت دانەیاندا شەڕی کرد، سەرەتاکەیان بەدر و ئوحود و ئەحزاب و قورەیزە بوو، واقیدیی ئەڵێ: ئەم دوو

مەرموودە و باسە، لەزەیدی کوڕی ئەلئەرقەم و مەکحولەوەیە و هەردووکی تێکەڵ و مەخەن.

باسێك لەبارەی حەجی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم)

ەجابرەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سێ حەجی ئەنجام داوە، دوو حەج لەپێش کۆچکردن بۆ مەدینە و حەجێك لەدوای کۆچ و عومرەیەکیشی لەگەڵدا ئەنجام داوە.

ئەبین عومەرەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێش ئەوەی حەج بکات، دوو عومرەی ئەنجام داوە، ئەو هەواڵە بەعائیشە گەیشت، بۆیە وتی: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چوار عومرەی ئەنجام داوە، ئیبن عومەر بەیەك عومرەیانی زانیووە کە لەگەڵ حەجەکەیدا پەیامبەری خوا ئەنجامی داوە.

باسێك لەبارەی ئەو نەخۆشکەوتنەی کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تیایدا کۆچی دوایی کرد و رووداوەکانی کەمێك پێش ئەوە

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: خوای گەورە ئەفەرموویێت:

﴿ إِذَا جَآءَ نَصْرُ ٱللَّهِ وَٱلْفَتْحُ ﴿١﴾ وَرَأَيْتَ ٱلنَّاسَ يَدْخُلُونَ فِى دِينِ ٱللَّهِ أَفْوَاجًا ﴿٢﴾ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَٱسْتَغْفِرْهُ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابًا ﴿٣﴾ ﴾ النصر: ١ - ٣، واتا: کاتێك کە یارمەتی و کۆمەکی خوا هات لەگەڵ سەرکەوتن(شاری مەککە ئازاد کرا). وە خەڵکت بینی کە پۆل پۆل دێنە ناو ئاینی خواوە. ئەوسا بەسوپاس و ستایشی پەروەردگارت تەسبیحاتی ئەو بکە و داوای لێخۆشبوونی لێ بکە، چونکە ئەو زۆر گیراکەری پەشیمانیە.

پێشتریش باس ئەوەمان کرد کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەو حەجەی فێری هاوەڵانی کرد کە ناودەبرێت بەحەجی مالئاوایی(الوداع) و تەواو(التمام) و گەیاندن و پێ راگەیاندن(البلاغ)، لەو حەجەدا رێنماییەکانی فێر کردن و وەسێتی خۆی پێگەیاندن، ئەوەمان لەوتارەکەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو حەجەدا

باسکرد. پاشان دوای لێبوونەوەی لەو حەجە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەڕایەوە مەدینە و مالّی خۆی لەپاشماوەی ئەو رۆژانەی لەزی ئەلحیجە مابوویەوە. لەوەی لەزی ئەلحیجە و موحەڕەم و سەفەردا لەمەدینە مایەوە.

پاشان سالّی یانزە هات

ئەبو جەعفەر ئەلّێ: پاشان لەموحەڕەمی سالّی یانزەدا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خەلّکانێکی ڕەوانەی شام کرد، خۆشەویست و کوڕی خۆشەویستی خۆی کە ئوسامەی کوڕی زەیدی کوڕی حاریسە بوو، کردە ئەمیری ئەو سوپایە. لەعەبدوللڕەحمانی کوڕی ئەلحاریسی کوڕی عەیاشی کوڕی ئەبی ڕەبیعەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی بەئوسامە کرد کە سوارەکانی بگەیەنێتە سنووری بەلقاء و داروم لەخاکی فەلّەستین، خەلّکیی دەستیانکردە ئامادەسازیی، کۆچەرانی سەرەتاش بەشدار بوون لەگەلّ ئوسامەدا، خەلّکیی لەسەرەتای خۆئامادەکردندا بوون. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئازاری ئەو نەخۆشییەی لێ دەرکەوت کە تیایدا کۆچی دوایی کرد لەچەند شەوێك کە لەمانگی سەفەردا مابوون یان لەسەرەتای مانگی ڕەبیعی یەکەم.

لەئەبو موەیهیبەی خزمەتکاری پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) ئەلّێ: لەدوای ئەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)حەجی ئەلتەمامی ئەنجام دا، گەڕایەوە مەدینە، خەلّکانێکی ڕەوانە کرد و ئوسامەی کوڕی زەیدی کردە ئەمیریان و فرمانی پێکرد کە سوارەکانی بگەیەنێتە ئابل ئەلزەیت لەسەرەتای شام لەئوردن. دووڕووان لەو بارەیەوە قسەیان کرد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) وەلاّمی دانەوە کە "ئوسامەی کوڕی زەید شایستەیە بەوەی ئەمیری ئەو سوپایە بێ، ئەگەر لەبارەی ئەمەوە قسە دەکەن، ئەوە پێشتریش لەبارەی باوکیەوە هەر قسەتان کرد و بۆ ئەوە دروست کرابوو". هەوالّی نەخۆشکەوتنی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بلاّوبوویەوە، ئەلئەسوەد لەیەمەن و موسەیلەمە لەیەمامە دەرکەوتن و لەبۆسەدا بوون،

مەولی هەردووکیان بەپەیامبەری خوا گەیشت، پاشان باسی تولەیحە لەولاتی ئەسەد کویووبەوە لەدوای بەهۆشهاتنەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، پاشان مەوجەرەمدا ئەو ئازارەی دەرکەوت کە خوای گەورە تیایدا گەرانديەوە لای خۆی.

هیشامی کوڕی عوروە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەکۆتایی مەوجەرەمدا ئەو ئازارەی دەستپێکرد کە خوای گەورە پێیەوە گەرانديەوە لای خۆی.

واقیدیی ئەڵێ: لەدوو شەو کە لەمانگی سەفەردا مابوو، ئازارەکانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەستیان پێکرد.

ئەئەلزەحامی کوڕی فەیروزی کوڕی ئەلدەیلەمییەوە ئەویش لەباوکیەوە وتی: یەکەمین هەلگەڕانەوەیەك لەئیسلام، لەیەمەندا بوو لەسەردەمی پەیامبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم)، ئەویش لەسەر دەستی زی ئەلخیمار عەبهەلەی کوڕی کەعب بوو(ئەلئەسوەد) ئەتەواوی مزحیج، لەدوای حەجی مالئاواییدا دەرکەوت، ئەلئەسوەد جادووباز بوو، شتی سەیری پیشانی خەڵك دەدا و بەقسەکردن کەمەندکێشی دەکردن. یەکەمین جار لەئەشکەوتی خوببان بوو، پێشتر خانووی خۆی بوو، لەوێدا لەدایکبوو و پێگەیشت. مزحیج بەلێنیان پێ دا و نەجرانیش هاتنە پاڵی، عەمری کوڕی حەزم و خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی ئەلعاصیان لەوێ دەرکرد و ئەویان خستە شوێن ئەو دووانە. قەیسی کوڕی عەبد یەغوس پەماری فەرەوەی کوڕی مەسیکی دا کە گەورەی موراد بوو، فەرەوەی لەوێ دەرکرد و خۆی چووە جێگەکەی، عەبهەلە بەنەجرانەوە دەستی هەلنەگرت، بەڕێکەوت بۆ سەنعا و ئەویشی داگیر کرد، ئەو هەوالە بەپەیامبەری خوا گەیشت. یەکەمین شەڕێك رووبەڕووی ئەلئەسوەد بوویەوە، لەلایەن فەرەوەی کوڕی موسیکەوە بوو، ئەوانەی لەمزحیج لەسەر ئیسلامەتیی مابوونەوە، پەیوەندییان بەفەرەوەوە کرد و لەئەلئەحسییە بوون.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بڕیاری دا ئوسامە رەوانە بکات، بەهۆی ئازاری خۆی و هەلگەڕانەوەی موسەیلەمە و ئەلئەسوەدەوە سوپا دەرنەچوو، زۆربەی دووڕووان بەرهەڵستبوون لەبوونی ئوسامە بەئەمیری ئەو سوپایە،

پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دەرچووە لای خەڵکی و بەهۆی ئازاری سەریەوە. سەری تووند پێچابوویەوە، بەهۆی ئەو حاڵەتە و خەوێك کە لەمالّی عائیشە بینیبووی. دەرچووە دەر و فەرمووی:"شەوی رابردوو لەخەودا بینینم، دوو بازنی ئاڵتوونم لەدەست بوو، حەزم پێ نەکردن و فووم پێدا کردن و نەمان،لێکمدایەوە بەو دوو درۆزنە. فەرمانڕەوای یەمامە و ئەوەی یەمەن، پێمگەیشتووە کەسانێك تانەیان لەئیمارەتی ئوسامە داوە، سوێند بەخوا ئەگەر قسەیان لەبارەی ئەمیرێتیی ئوسامەوە وتبێ، ئەوە پێشتر لەئەمیرێتیی باوکی ئوسامەش تانەیان دا، بێگومان ئوسامە شایستەیە بەو کارە. ڕەوانە کردنی ئوسامە جێبەجێ بکەن". پاشان فەرمووی:"نەفرەتی خوا لەو کەسانەی گۆڕی پەیامبەرەکانیان دەکەنە مزگەوت". ئوسامە دەرچوو لەجورف سەربازگەی لێ دا. هەواڵ و ئەستێرەی تولّەیحە دەرکەوت، خەڵکیی خاوە خاویان کرد و ئازاری پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) قورستر بوویەوە، هەموویان چاوەڕێی یەکتریان دەکرد تاوەکو پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کۆچی دوایی کرد.

لەتولەیحەی کوڕی خوەیلدەوە ئەڵێ: ئازار و نەخۆشیی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ناڕەحەتیی بوو بۆ ئێمە، پاشان هەواڵمان پێگەیشت کە موسەیلەمە زاڵ بووە بەسەر یەمامە و ئەلئەسوەدیش بەسەر یەمەندا، پاشان زۆری نەخایاند تولّەیحەش بانگەشەی پەیامبەرایەتیی کرد و لەسەمیرائدا سەربازگەی لێ دا و خەڵکی نەخوێندەوار دوایکەوتن، کاروباری گەورە هاتەوە، حیبالی برازای نارده لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و هەواڵەکەی پێ دا و وتی: ئەوەی هەواڵ بۆ تولّەیحە دەهێنێ، زۆ ئەلنونە، منیش کوڕی خوەیلدم. پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:" خوا بتکوژێ و لەشەهیدیی بێ بەشت بکات".

لەحورەیسی کوڕی ئەلموعەلاوە، یەکەمین کەسێك هەواڵی تولّەیحەی بۆ پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) نووسی:سینانی کوڕی ئەبو سینان بوو، گەورەی نەوەی مالیك بوو، قوزاعیی کوڕی عەمریش گەورەی نەوەی ئەلحاریس بوو.

هیشامی کوڕی عوروە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەناردنی چەندراوەکان جەنگی ئەوانی کرد، کۆمەڵێ نێردراوی ناردەلای کەسانی ئەلئەبناء و نامەی بۆ نووسین و فرمانی پێکردن کۆمەڵێ پیاو بنێرن کە لەنەوەی تەمین و قەیس ناوی عینان،ئەوانیش بۆ فریاکەوتن رۆیشتن، رێگەی هەڵگەڕانەوە پچڕا، ئەلئەسوەد لەژیانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و پێش کۆچی دوایی پەیامبەر بەڕۆژێ یان حەشەوێ، لەنێوچوو. ئەو ئازارەی هەیبوو رێگر نەبوو لەوەی بەنێردراو وریایی بداتە تۆبەیحە و موسەیلەمە، بەئازاریشەوە بەرگریی لەئایینی خوای گەورە دەکرد، وەبەری کوڕی یوحەننەسی ناردە لای فەیروز و وجوشیش ئەلدەیلەمی و دازوەیە ئەلئیستیخری، جەریری کوڕی عبداللەی ناردەلای زی ئەلکەلاع و زی زولەیم، ئەلئەقرەعی کوڕی عبداللەی ئەلحیمیەریی ناردە لای زی زود و زی مورّان، فوراتی کوڕی حەییان ئەلعیجلیی ناردە لای سومامەی کوڕی ئەسال،زیادی کوڕی حەنزەلە ئەلتەمیمیی پاشان ئەلعومەریی ناردە لای قەیسی کوڕی عاسم و ئەلزززەبریقانی کوڕی بەدر، سەلسەلی کوڕی شەرحەبیلی ناردە لای سەبرە ئەلعەنبەری و وەکیع ئەلدارمی و بۆ لای عەمری کوڕی ئەلمەحجوب ئەلعامری و بۆلای عەمری کوڕی ئەلخەفاجی لەنەوەی عامر. زەراری کوڕی ئەلئەزوەر ئەلئەسەدیی ناردە لای عەوف ئەلزەرقانی لەنەوەی ئەلسەیداء و سینان ئەلئەسەدی و پاشان ئەلغەنەمی و قوزاعیی ئەلدوئەلی، نوعەیمی کوڕی مەسعود ئەلئەشجەعیی ناردە لای ئیبن ئەللوحیە و ئیبن مەشیمسە ئەلجوبەیری.

لەشەرعناسانی خەڵکی حیجازەوە، بەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەکۆتایی سەفەردا نەخۆشکەوت و لەماڵی زەینەبی کچی جەحشدا بوو.

لەئەبو موەیهیبەی خزمەتکاری پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەنیوەشەودا لەخەو هەڵیساندم و فەرمووی:"ئەی ئەبو موەیهیبە،فەرمانم پێکراوە داوای لێخۆشبوون بۆ مردووانی بەقیع بکەم،لەگەڵمدا وەرە" ،کە چووە گۆڕستانەکەوە و لەنێویاندا وەستا فەرمووی:"(السلام علیکم یا أهل المقابر لیهنئکم ما أصبحتم فیه بما أصبح الناس به،أقبلتُ الفتنُ کقطع اللیل المظلم،یتبع

أولَها آخرُها،الآخرةُ شر من أولها"،واتا:سەلامتان لێ بێ ئەی خەڵکی گۆڕستان،ئەوەی ئێوە تیایدان زۆرێك خۆشترە لەوەی خەڵکیی لەدونیادا تیایدایە،ئاشووب وەك شەوی تاریك رووبکردووەتە دونیاو بەدوای یەکدا دێت و دایدەپۆشێ،ئاشووبی دواین لەوەی یەکەم خراپترە. پاشان رووبکردە ئەبا موەیهیبە و فەرمووی:"ئەی ئەبو موەیهیبە،کلیلی دەسەلآت و گەنجینەکانی دونیا و نەمری و پاشان بەهەشتم پێدراو سەرپشتکرام کامیان هەڵبژێرم،بەڵام گەیشتن بەخوا و بەهەشتم هەڵبژارد". ئەبا موەیهیبە وتی:دایك و باوکم بەفیدات بێ،کلیلی گەنجینەکانی دونیاو نەمری و بەهەشت هەڵبژێرە. فەرمووی:"نەخێر،سوێند بەخوا گەیشتن بەخواو بەهەشتم هەڵبژاردووە". پاشان پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بۆ ئەهلی بەقیع پاڕایەوە و ئینجا ڕۆیشت. ئینجا ئەو ئازارەی دەستیپێکرد کە پێیەوە کۆچیکرد،دوای گەڕانەوەی لەبەقیع ڕۆیشتە دیوەکەی عائیشە و بینی عائیشە سەری نێشێ و ئەڵێ:ئایی سەرم!فەرمووی:"نەخێر عائیشە،بەڵکو سەری من زۆر دێشێ"،پاشان بەعائیشەی فەرموو:"ئەی عائیشە چی زیان دەکەی ئەگەر پێش من بمری،من دەتشۆرمەوە و کفنت دەکەم و نوێژت لەسەر دەکەم و ئینجا دەتخەمە گۆڕەوە؟". عائیشە وتی:سوێند بەخوا وا هەستدەکەم و دێنمە پێش چاو کە مردوم و تۆ ئەوانەت بۆ کردووم و دەگەڕێیتەوە ماڵەکەم و لەگەڵ هەندێ لەخێزانەکانتدا خەریکی کەیفخۆشیی خۆتی. عائیشە(خوای لێ ڕازی بێ) ئەڵێ:پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بزەیەکی کرد و ئازارەکە زۆری بۆ هێناو بەسەر خێزانەکانیدا دەسووڕایەوە،لەماڵی مەیمونەدا بوو خێزانەکانی بانگکرد و مۆڵەتی لێ وەرگرتن لەماڵی منداخزمەت بکرێ،ئەوانیش ڕەزامەندیبیان دا. دوای ئەوەی دایکانی باوەڕداران ڕازی بوون لەماڵی عائیشەدا(ڕەزای خوای لێ بێ)خزمەت بکرێ، پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) لەسەرشانی دووان لەبنەماڵەکەی کە عەبباس و عەلی بوون دەڕۆیشت و سەری بەستبووەوە کەم کەم هەنگاوی هەڵدەگرت تاوەکو ڕۆیشتە ماڵەکەی عائیشەوە(خوای لێ ڕازی بێ)،پاشان تای لێهات و ئازاری سەخت بوویەوە و فەرمووی:"حەوت جەوەندە ئاوم بەسەردا بکەن تاوەکو دەربچمەلای خەڵك و لەگەڵیاندا

ـلبنیشم". عائیشە ئـەڵێ: لەتەشـتێکی حەفصـەی کچی عومـەردا دامانیشـاند و ئاومـان بەسەردا کرد تا تەواو تەڕ بوو فەرمووی:"بەسە بەسە".

لەئەلفەزڵی کوڕی عەباسەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هـات بـۆلام و منیش دەرچووم بۆلای، بینیم ئازاری هەیە و سەری پێچاوەتەوە، فەرمووی:"ئەی فـەزڵ دەستم بگرە تاوەکو لەسەر مینبەرەکە دادەنیشم". پاشان فەرمووی:"جارِ بدە خەڵکیی کۆببنەوە". خەڵکیی لای کۆبوونەوە و ئینجا فەرمووی:"ئـەی خەڵکینـە، مـن سـوپاس و ستایشی خوا دەکـەم کـە هـیچ خوایـەکی بەحـەق بـوونی نییـە جگـە لـە اللە، هەرکەسـێ مافێکی لەسەرم هەیە و قامچییەکم بەری کەوتووە،ئەوە پشتی منـە و بـا تۆڵـەی خـۆی بکاتەوە، قسەم بەهەرکەسێ وتبێ، با تۆڵەی خۆیم لێ بکاتەوە، رق و کینە لەسرووشتی من نییە، خۆشەویسترینتان بەلای منەوە ئەوەتانە ئەگەر مـافێکی بەسـەرمەوە هەیـە بـا وەریبگرێتەوە یان گەردنم ئازا بکات، حەز دەکـەم کاتێ بـەخوا دەگەمـەوە، مـافی کەسـم بەسەرەوە نەبێت". فەزڵ ئەڵێ: پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دابـەزی و نوێژی نیـوەڕۆی کـرد و پاشـان گەڕایـەوە لەسـەر مینبـەر دانیشـت و وتـاری سـەرەتای دووبـارە کـردەوە لـەبارەی رق و کینـە و شـتانی تـرەوە، پیاوێـك هەڵسـا و وتـی: ئـەی پەیامبـەری خـوا مـن سـێ درهـەم لای تۆیـە. پەیامبـەری خوا(صـلى الله عليـه وسـلم) فەرمووی:"ئەی فەزڵ ئەو سێ درهەمەی بدەوە". منیش فرمانم بەکابرا کرد و دانیشـت. پاشان فەرمووی:"ئەی خەڵکینە هەرکەسێ هەرشتێکی لایە با بیگەڕێنێتەوە و نەڵێ ئەمە شەرمەزاریی دونیایە، بزانن شەرمەزاریی دونیا زۆر ئاسـانترە لەشـەرمەزاریی و ریسـوایی ئاخیرەت".

پیاوێـك هەڵسـاو وتـی: ئـەی پەیامبـەری خـوا، سـێ درهـەمی جیهـادم بـردووە؟ فەرمووی:"بۆچی بردووتە؟" کابرا وتی: پێویستم پێی هەبوو. پەیامبەری خوا(صـلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی فـەزڵ لێـی وەربگـرەوە". پاشـان هەڵسـاو فەرمووی:"ئـەی خەڵکینە هەرکەسێ لەهەر شتێك دەترسێ بەرانبەر بەنەفسی خۆی، با هەڵبسـتێ و بـۆی دەپارێمەوە". پیاوێـك هەڵسـاو وتی:ئـەی پەیامبـەری خـوا، سـوێند بـەخوا مـن درۆزنم،

خراپەکارم، هەمیشە خەوالّووم. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆی پاڕایەوە فەرمووی:"خوایە گیان راستگۆیی و ئیمانی پێ ببەخشە و خەوی لەسەر لابدە هەرچاکێ ویستی نەخەوێ". پاشان پیاوێك هەڵساو وتی: ئەی پەیامبەری خوا، سوێند بەخوا من درۆزنم، دووڕووم، هەر تاوانێك هەبێ ئەنجامم داوە. عومەری کوڕی خەتاب هەڵساو وتی: ئەی پیاو تۆ خۆتت ریسوا کرد. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەی کوڕی خەتاب، ریسوایی دونیا زۆر سووکتر و ئاسانترە بەراورد بەڕیسوایی و شەرمەزاریەکانی ئاخیرەت، خوایە گیان راستگۆیی و ئیمانی پێ ببەخشە و بەڕێبخە بۆ هەموو خێر و چاکەیەك". عومەر قسەیەکی وت پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەهۆیەوە پێکەنی، پاشان فەرمووی:"عومەر لەگەڵ منداید و منیش لەگەڵ عومەردام، لەدوای من عومەر لەکوێ بێ، حەق لەوێدایە".

لەئەیوبی کوڕی بەشیرەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو. سەری پێچابوویەوە و دەرچوو تاوەکو لەسەر مینبەر دانیشت، یەکەمین فەرمایشتێکی ئەوەبوو، داوای لێخۆشبوونی کرد بۆ شەهیدانی ئوحود، پاشان فەرمووی:"بەندەیەك لەبەندەکانی خوا، خوای گەورە سەرپشکی کرد لەنێوان هەڵبژاردنی دونیا و ئەوەی لای خوای گەورە هەیە، بەندەکەش ئەوەی لای خوای گەورەی هەڵبژارد". ئەبو بەکر تێگەیشت کە ئەو بەندەیە، پەیامبەری خوایە(صلى الله عليه وسلم)، بۆیە گریا و وتی: بەخۆمان و مالّ و منداڵمانەوە بەفیدات دەبین. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"لەسەرخۆبە ئەی ئەبو بەکر،هەموو دەرگاکانی شەقامەکە کە دێنە نێو مزگەوتەوە دابخەن جگە لەدەرگای مالّی ئەبو بەکر، چونکە لەنێو هاوەلاندا نابینم کەسێك هەبێ و لەئەبو بەکر فەزڵی زیاتر بێ بەلامەوە".

لەهەندێ لەبنەماڵەی ئەبو سەعیدی کوڕی ئەلموعەلاوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەفەرمایشتی ئەو رۆژەیدا ئەوەشی فەرموو:"ئەگەر لەنێو بەندەکاندا دۆست(خلیل)م هەڵبژاردبایە، ئەوە ئەبو بەکرم بەخۆشەویست هەڵدەبژارد، بەڵام هاوەڵێتی و برایەتیی ئیمانمان لەنێواندایە تاوەکو خوای گەورە کۆمان دەکاتەوە.

لەئەبو سەعیدی خودرییەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رۆژێك لەسەر مینبەر دانیشت و فەرمووی:"بەندەیەك خوای گەورە سەرپشکی کرد لەنێوان پێدانی گوڵی دونیا و ئەوەی لای خوای گەورە هەیە، بەندەکە ئەوەی لای خوای گەورەی هەڵبژارد" ئەبو بەکر گریا و پاشان وتی: بەباوك و دایکەوە بەفیدات دەبین ئەی پەیامبەری خوا. ئەڵێ: سەیرمان بەئەبو بەکر دەهات، خەڵکیی وتیان: سەیری ئەم پیاوە بەتەمەنە بکەن، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) باسی بەندەیەکی خوا دەکات کەچی ئەم ئەڵێ: بەدایك و باوکمانەوە بەفیدات دەبین! بەڵام ئەو بەندەیە، پەیامبەری خوا بوو کە خوای گەورە سەرپشکی کردبوو، ئەبو بەکر لەئێمە باشتر لەو مەبەستە تێگەیشتبوو. پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"ئەو هاوەڵەی بەهاوەڵێتیکردن و سەروەتەکەی لەگەڵمدا بوو، ئەبو بەکر بوو، ئەگەر بکرابایە خۆشەویستێك(خلیل) رابگرم، ئەوە ئەبو بەکرم بەخۆشەویست رادەگرت، بەڵام برایەتیی ئیسلاممان لەنێواندایە، هیچ کوخێك لەمزگەوتدا نامێنێتەوە جگە لەکلاو رۆژنەکەی ئەبو بەکر.

لەخەللاد ئەلئەسەدییەوە ئەڵێ: عبداللەی کوڕی مەسعود وتی: پەیامبەر و خۆشەویستی ئێمە، بەمانگێك پێش کۆچی دوایی کردنی، هەواڵی مردنی خۆی بەئێمە گەیاند، کاتێ دابڕان نزیکبوویەوە، لەماڵی عائیشەی دایکمان کۆیکردینەوە، تەماشایەکی کردین و فرمێسك بەچاوەکانیدا هاتە خوارەوە و فەرمووی:"بەخێر بێن، خوای گەورە بەزەیی پێتاندا بێتەوە و دااڵدەتان بدات و بتانپارێزێ، خوای گەورە پایەدارتان بکات و سوودبەخشتان بکات، خوای گەورە سەرتان بخات و سەلامەتتان بکات، وەسێتتان پێ دەکەم بەتەقوای خوا، ئێوە بەخوا دەسپێرم، من بۆ ئێوە وریاییدەر و مژدەدەرم، خۆتان بەگەورە دامەنێن بەرانبەر بەخوا لەبەرانبەر بەندە و زەوییەکەیدا،خوای گەورە بە من و ئێوەشی فەرمووە:﴿ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٦٠﴾ ﴾ الزمر: ٦٠، واتا:ئایا لەدۆزەخدا شوێنێك نیە بۆ خۆ بە گەورە زانان؟

وتمان: کەی کاتی کۆچی دوایی تۆیە ئەی پەیامبەری خوا؟ فەرمووی:"کاتی دابڕان و گەڕانەوە لای خوای گەورە و سیدەرەتولمونتەها نزیک بووەتەوە". وتمان: ئەی پەیامبەری خوا کێ بتشۆرێتەوە؟ فەرمووی:"بنەماڵەکەم، نزیکتر ئینجا نزیکتر". وتمان: ئەی بەچی کفنت بکەین ئەی پەیامبەری خوا؟ فەرمووی:"بەم بەرگەی خۆم ئەگەر ویستتان یان لەبەرگی سپیی میسر یان عەبای یەمانی". وتمان: ئەی کێ نوێژت لەسەر بکات ئەی پەیامبەری خوا؟ فەرمووی:"لەسەرخۆبن خوای گەورە لێتان خۆش بێ و دەرهەقی لەدەستچوونی پەیامبەرەکەتان، پاداشتی خێرتان بداتەوە". ئەڵێ: ئێمە گریاین و پەیامبەری خواش(صلى الله عليه وسلم) گریا. فەرمووی:"ئەگەر منتان شۆردەوە و کفنمتان کرد، لەم ماڵەمدا بمخەنە سەر تەختێك لەلێواری گۆڕەکەم، پاشان بۆ کاتژمێرێك بەجێمبهێڵن، چونکە یەکەمین کەسێك کە نوێژم لەسەر بکات، هاوڕێی دانیشتن و خۆشەویستەکەمە کە جبریلە، پاشان میکائیل و پاشان ئیسرافیل و پاشان فریشتەی گیانکێشان لەگەڵ تەواوی فریشتەکاندا نوێژم لەسەر دەکەن، پاشان پۆل پۆل بێن و نوێژم لەسەر بکەن، ئازارم مەدەن بەپیاهەڵدان و قیژە و هات و هاوار،با سەرەتا پیاوانی ئالوبەیتم نوێژم لەسەر بکەن ئینجا ئافرەتەکانیان، پاشان ئێوە نوێژم لەسەر بکەن". وتمان: ئەی کێ دابەزێتە نێو گۆڕەکەتەوە ئەی پەیامبەری خوا؟ فەرمووی:"لەئالوبەیتم و زۆرێك فریشتەش دادەبەزنە نێو گۆڕەکەم، ئەوان ئێوە دەبینن و ئێوە ئەوان نابینن".

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: کە رۆژی پێنجشەممە هات-پێش کۆچی دوایی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەچوار شەو-خەڵکانێك لەهاوەڵان لای کۆبوونەوە،تەماشای پەیامبەری خوام کرد(صلى الله عليه وسلم) فرمێسکەکانی وەك دەنکە گەوهەر بەسەر روومەتیدا دەهاتنە خوارەوە، فەرمووی:"ئێسك و حیبر بهێنن تاوەکو شتێکتان بۆ بنووسم کە دوای ئەوە هەرگیز گومڕا نەبن". لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)دەستیاندایە مشتومڕکردن تاوەکو جارێك کاتی نییە و نەخۆشە،فەرمووی:"وازم لێ بهێنن،ئەوەی من تیایدام و ئەمەوێ باشترە لەداوای ئێوە"،بەسێ شت

تەوژگاریکردن:"هاوبەش پەیداکەران لەدوورگەی عەرەب دەربکەن و پاداشتی شاندەکان بکەن وەك ئەوەی من پاداشتم دەکردن". سێیەمی نەفەرموو بێدەنگ بوو،کە رۆژی خووشەممە هات کە تیایدا کۆچی دواییکرد و خەڵکی لەنوێژی بەیانیدابوون و ئەبو بەکر پێشنوێژی بۆ دەکردن،هیچ شتێك بۆیان کتوپڕ نەبوو پەیامبەری خوا نەبێ(صلى الله عليه وسلم)پەردەی دیوەکەی عائیشەی لابرد و تەماشای دەکردن کە لەپڕی نوێژ خوێندندابوون،پاشان بزەیەکی کرد و پێدەکەنی و ئەبو بەکریش خۆی دواخست تاپەیامبەر(صلى الله عليه وسلم)بەپڕی نوێژ بگات،چونکە وەهایزانی کە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) دەیەوێ دەربچێتەلایان بۆ نوێژکردن،خەڵکی لەخۆشیاندا بەبینینی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) خەریك بوو نوێژەکەیان دوابخەن،بەڵام پەیامبەری خوا ئاماژەی پێدان نوێژەکەیان تەواو بکەن،پاشان رۆیشتە دیوەکەی عائیشەوە و پەردەکانی دایەوە یەکدا و خەڵکیش بلاوەیان لێکرد و وەهایان زانی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) لەئازارەکەی باش بووەتەوە،ئەبو بەکر گەڕایەوە لای خێزانەکەی لەسونح. عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبو بەکر هاتە ژوورەوە و سیواکێکی بەدەستەوە بوو،منیش پەیامبەری خوام بەسنگمەوە راگرتبوو،بینیم دەڕوانێتە عەبدولڕەحمان و زانیم سیواکەکەی دەوێ،وتم:لێی وەربگرم بۆت؟ئاماژەیدا بەڵێ،منیش سیواکەکەم بەددانەکانیدا هێنا ئازاری بۆ هەبوو،وتم:بۆتی نەرم بکەمەوە؟بەسەری ئاماژەیدا بەڵێ،بۆیم نەرمکردەوەو سیواکی پێکرد و بەسنگمەوە خۆی راگرتبوو،لەبەردەستیشیدا جەوەندەیەك ئاو هەبوو دەستی پێدا دەکرد و ڕوومەتی پێ فێنك دەکردەوە و ئەیفەرموو:"لا إله إلا الله مردن ئازاری خۆی هەیە". کۆتا وشەش فەرمووی ئەمەبوو: ((اللهم الرفيق الأعلى)). لەنەفامی و کەم تەمەنیمدا ئەوەبوو پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) لەدیوەکەمدا کۆچی دواییکرد پاشان سەریم خستەسەر سەرینێك و لەگەڵ ژناندا دەستمکردە لەڕوومەت دان. عائیشە(خوای لێ ڕازی بێ)ئەڵێ:یەکێك لەنیعمەتەکانی خوای گەورە بەسەرمەوە،ئەوە بوو پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) لەماڵی من و ڕۆژی من

و لەنێوان مل و قوورگمدا بوو کۆچی کرد و خوای گەورە تفی من و ئەوی کۆکردەوەو سیواکەکەم بۆ نەرمکردەوە و سیواکی پێکرد.

پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەڕۆژی دووشەممەی دوانزەی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی یانزەی پیرۆزی کۆچیدا کۆچی دواییکرد،هەمان ئەو کاتە بوو کە تیایدا هاتە مەدینەوە. هەر لەڕۆژی دوو شەممەی مانگی ڕەبیع لەدایك بوو،لەو ڕۆژەدا نیگای بۆ هات،لەو ڕۆژەدا بەمەدینەی خاکی هیجرەت گەیشت و لەو ڕۆژەشدا کۆچی دواییکرد،لەبەرئەوەش بوو لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو دەبوو دەیفەرموو:"لەڕۆژی دووشەممە لەدایکبووم و لەڕۆژی دووشەممەشدا نیگام بۆ کرا".

لەئەلئەرقەمی کوڕی شەرحەبیلەوە ئەڵێ: لەئیبن عەباسم پرسی: ئایە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) هیچ وەسێتیکی کرد؟ وتی: نە. وتم: ئەی چۆن بوو؟ وتی: پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"عەلیم بۆ بانگ بکەن". عائیشە وتی: خۆزگە بنێری بەدوای ئەبو بەکردا. حەفسەش وتی: خۆزگە بنێری بەدوای عومەردا. هەموویان لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کۆبوونەوە، پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"بڕۆن، ئەگەر پێویستییەکم هەبوو دەنێرم بەدواتاندا". ئەوانیش ڕۆیشتن. پەیامبەریی خوا(صلی الله علیه وسلم)فەرمووی:"کاتی نوێژ هاتووە؟" وتیان: بەڵێ. فەرمووی:" فەرمان بدەن ئەبو بەکر پێشنوێژی خەڵکیی بکات،عائیشە وتی:ئەبو بەکر ئەگەر لەشوێنی تۆدا بووەستێ دەگرێ و بەهۆی گریانەوە خەڵکی گوێیان لەهیچ نابێ،فەرمان بدە عومەر پێشنوێژی بکات،عائیشە ئەوەی دووبارە کردەوە،پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) هەر ئەوەی دەفەرموویەوە تا ئەوەی عائیشە بەحەفصەی وت:پێی بڵێ:ئەگەر ئەبو بەکر لەشوێنی تۆ پێشنوێژی بکات خەڵکیی تەنیا گوێیان لەگریانی دەبێ،فەرمان بدە عومەر پێشنوێژیان بۆ بکات،پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی:"بیبڕنەوە،ئێوە دەستە خوشکی ژنانی سەردەمی یوسفن،فەرمان بدەن با ئەبو بەکر نوێژ بەخەڵکی بکات". ئینجا ئەبو بەکر هەستا تاوەکو پێشنوێژی خەڵکی بکات،پەیامبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) حەزیکرد بەشداریان بێ،بۆیە عەباس و

عەلی چوونە ژێر بالّی تاوەکو نوێژی نیوەڕۆ بکات،کە ئەبو بەکر پەیامبەری بینی ونکەوت،بەلاّم پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) ئاماژەی پێدا خۆی دوانەخات و بچێتە پێشەوە بۆ پێشنوێژیکردن،بەعەبباس و عەلیشی فەرموو:"لەشانەوەی ئەبو بەکر مەنیشێنن"،ئەوانیش لەشانەوەی ئەبو بەکر دایانیشاند،ئەبو بەکر بەڕاوەستانەوە نوێژی دەکرد و پەیامبەریش(صلى الله عليه وسلم) بەدانیشتنەوە و خەڵکیش لەدوای ئەبو بەکرەوە نوێژیان دەکرد. ئەم لەفزە لەفەرموودە و باسەکەی عیسای کوڕی عوسماندا هاتووە.

لەبارەی واقیدییەوە بۆم باسکراوە وتوویەتی: لەئیبن ئەبی سەبرەم پرسی: ئەبو بەکر چەند نوێژی بەخەڵکیی کرد؟ وتی: حەڤدە نوێژ. وتم: کێ ئەم هەواڵەی بە تۆ دا؟

ئەیوبی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبی سەعسەعە ئەویش لەپیاوێکی هاوەڵی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) وتوویەتی و ئیبن ئەبی سەبرەش بۆی باسکردووین لەعەبدولحەمیدی کوڕی سوهەیلەوە ئەویش لەعیکریمەوە وتی: ئەبو بەکر، سێ ڕۆژ نوێژی بۆ کردن.

لەعائیشەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوام بینی(صلى الله عليه وسلم) لەگیانەلاّدا بوو، دەفرێکی ئاوی لا بوو، دەستی پێدا دەکرد و دەموچاوی بەو ئاوە دەسڕی و ئەیفەرموو:"خوایە گیان یارمەتییم بدە بەرانبەر ئازارەکانی مردن".

ئەنەسی کوڕی مالیك ئەڵێ: کاتێ ڕۆژی دووشەممە هات کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تیایدا کۆچی دوایی کرد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بۆلای خەڵکیی کە نوێژی بەیانییان دەکرد، پەردەی دیوەکەی عائیشەی هەڵدایەوە و دەرگاکەی کردەوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو لەبەردەرگاکەی عائیشە ڕاوەستا، وەخت بوو موسڵمانەکان نوێژەکەیان نەکەن بەبینی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، کە بینییان زۆر پێی خۆشحاڵ بوون و گەشانەوە، ئاماژەی پێدان کە لەنوێژی خۆیاندا بەردەوام بن، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کە شێوازیانی بینی وا ڕاوەستاون لەنوێژدا، بزەیەکی کرد، پاشان گەڕایەوە و خەڵکییش

بلاوەیان لێ کرد و وەهایان گومان کرد، کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەنەخۆشییەکەی چاك بووەتەوە، ئەبو بەکریش گەڕایەوە لای خێزانەکەی لە ئەلسونح.

لەئەبو بەکری کوڕی عبداللەی کوڕی ئەبو مەلیکەوە ئەڵێ: کە رۆژی دووشەممە هات، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بۆ نوێژی بەیانی و سەری بەستبووەوە. ئەبو بەکریش پێشنوێژیی بۆ خەڵك دەکرد، کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەرچوو، خەڵکیی گەشانەوە، ئەبو بەکر زانیی خەڵکەکە بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خۆشحاڵن، بۆیە لەشوێنی ئیمام هاتە دواوە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەستی خستە پشتی و فەرمووی:"پێشنوێژیی خەڵك بکە". پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەدانیشتنەوە لەلای راستی ئەبو بەکرەوە نوێژی کرد. کاتێ لەنوێژبوویەوە، رووبکردە خەڵکیی و بەدەنگی بەرز کە دەنگی دەچووە دەرەوەی مزگەوت، فەرمووی:"ئەی خەڵکینە دۆزەخ وا گڕ دەگرێت و فیتنەش وا رووی کردووەتە دونیا و وەك شەوە زەنگە، سوێند بەخوا هیچ شتێك لە منەوە وەرناگرن، من تەنیا ئەوەم بۆ حەڵاڵکردوون کە قورئان حەڵاڵی کردووە، ئەوەشم لێ حەرامکردوون کە قورئان حەرامی کردووە". جا کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەفەرمایشتەکانی بوویەوە، ئەبو بەکر وتی:ئەی پەیامبەری خوا، ئەبینم بەفەزڵی خوا زۆر باش بوویتە و تەندروستییت باشە، ئەمڕۆ رۆژی کچەکەی خارجەیە و من دەچم بۆلای ئەو. پاشان پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رۆیشتە ماڵەوە و ئەبو بەکریش دەرچوو بۆلای خێزانەکەی لە ئەلسونح. لەعائیشەوە ئەڵێ:لەو رۆژەی کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەمزگەوتەوە گەڕایەوە و لەدیووەکەی منداپاڵکەوت، پیاوێك لەبنەماڵەی ئەبو بەکر هاتەژوورەو سیواکێکی سەوزی بەدەستەوە بوو،منیش پەیامبەری خوام بەسنگمەوە راگرتبوو،بینیم دەپوانێت و زانیم سیواکەکەی دەوێ،وتم:لێی وەربگرم بۆت؟ئامارەیدا بەڵێ،منیش سیواکەکەم بەددانەکانیدا هێنا ئازاری بۆ هەبوو،وتم:بۆتی نەرم بکەمەوە ؟بەسەری ئامارەیدا بەڵێ،بۆیم نەرمکردەوە و سیواکی پێکرد و بەسنگمەوە خۆی راگرتبوو، لەبەردەستیشیدا جەوەندەیەك ئاو هەبوو دەستی پێدا

ـەکـرد و روومـەتی پـێ فێنـک دەکـردەوە و ئەیفـەرموو:"اللـهم الرفیـق الأعلـی". وتم: سەرپشك کرای و ئەوەت هەڵبژارد سوێند بەو کەسەی تۆی بەحەق ناردووە. پەیامبـەری خوا(صلی الله علیه وسلم)کۆچی دوایی کرد.

لەیەحیای کوڕی عـەببادی کـوڕی زوبـەیرەوە ئـەویش لەباوکیـەوە ئـەڵێ: گـوێم لێبـوو عائیشـە ئـەیووت: لەنـەقامی و کـەم تەمەنیمـدا ئـەوەبوو، پەیامبـەر(صـلی الله علیـه وسلم)لەدیوەکەم و لەباوەشمدا کۆچی دواییکـرد پاشـان سـەریم خستەسـەر سـەرینێك و لەگەڵ ژناندا دەستمکردە لێدانی رووەتم.

باسی ئەو هەواڵانەی لەبارەی ئەو رۆژەی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) تیایدا کۆچی دوایی کرد

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: سەبارەت بەو رۆژەی کـە پـەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) تیایدا کۆچی دوایی کرد،ئەوە لەنێوان زانایانی هەواڵدا جیاوازی و ناکۆکیی نییە بـەوەی، لـەڕۆژی دووشـەممەی مـانگی ڕەبیعـی یەکەمـدا بـووە، بـەڵام جیـاوازیی هەیـە چـی دووشـەممەیەکی ئـەو مانگـە بـووە. یـەکێکیان لـەو بارەیـەوە وتوویـەتی، ئـەوەی بـۆم باسکراوە لەهیشامی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەلسائیبەوە ئەویش لەئەبو موخنەفـەوە وتوویەتی: ئەلسەقعەبی کوڕی زوهەیر بۆی باسکردووم ئـەویش لەشەرعناسـانی خـەڵکی حیجـازەوە ئـەیانووت: پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) لـەنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممەدا کۆچی دوایی کرد، دوو شەو لەمانگی ڕەبیعی یەکەم تێپەڕیبوو، ئـەبو بـەکر لەڕۆژی دووشەممە بەیعەتی پێ کرا، لەو ڕۆژەی کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) تیایدا کۆچی دوایی کرد.

واقیدیی ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیـه وسـلم) ڕۆژی دووشـەممە کۆچـی دوایـی کـرد، دوانـزە شـەو لـەمانگی ڕەبیعـی یەکـەم تێپـەڕیبوو، لەبـەیانیی تـردا لـەنیوەڕۆ و لەبەرزبوونەوەی خۆردا نێژرا، لەڕۆژی سێشەممەدا بوو.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلی الله علیـه وسـلم) کۆچـی دوایـی کـرد و ئـەبو

بەکر ئەلسونح بوو، عومەر لەوێ ئامادە بوو. لەئەبو هورەیرەوە ئەڵێ: کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کۆچی دوایی کرد، عومەری کوڕی خەتاب هەڵسا و وتی: پیاوانێکی دووڕوو وەهای دادەنێن پەیامبەری خوا کۆچی دوایی کردووە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کۆچی دوایی نەکردووە، بەڵکو رۆیشتووە بۆلای خوای گەورە هەروەك چۆن موسای کوڕی عیمران رۆیشت بۆلای خوای گەورە و چل شەو لەقەومەکەی دوورکەوتەوە و پاشان گەڕایەوە دوای ئەوەی وتیان مردووە، سوێند بەخوا پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەگەڕێتەوە هەروەك چۆن موسا گەڕایەوە، ئەوکات دەست و قاچی پیاوانێك دەبڕێتەوە کە وەهایان داناوە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کۆچی دوایی کردووە.

کاتێك ئەبو بەکر هەواڵەکەی پێگەیشت، لەماڵەکەی لەسونحەوە سەر کەوتە سەر ئەسپەکەی و خۆی گەیاندە مزگەوت، قسەی لەگەڵ خەڵکدا نەکرد تاوەکو چووە لای عائیشە، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەعەبایەك داپۆشرابوو، روومەتی لابرد و خۆی دا بەسەریدا و ماچی کرد و گریا، پاشان وتی: دایك و باوکم بەفیدات بێ، سوێند بەخوا، خوای گەورە دوو مردنت بەسەردا کۆناکاتەوە، ئەو مردنەی بەسەرتدا هاتووە. مردنی واجیبە و بەجێتهێناوە. ئەبو بەکر دەرچوو، عومەر بۆ خەڵکیی قسەی دەکرد. وتی: ئەی عومەر دانیشە! عومەر هەر لەقسەکردنی خۆیدا بەردەوام بوو، تووڕەیی بەردەوام بوو، بۆیە ئەبو بەکر هەڵسا و دوای سوپاس و ستایشی خوا وتی: پاشان: هەرکەسێ موحەممەدی پەرست، ئەوە موحەممەد کۆچی دوایی کرد، هەرکەسێکیش خوای پەرستووە، ئەوە خوا زیندووە و هەرگیز نامرێت، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ ۚ أَفَإِين مَّاتَ أَوْ قُتِلَ ٱنقَلَبْتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَـٰبِكُمْ ۚ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيْـًٔا ۗ وَسَيَجْزِى ٱللَّهُ ٱلشَّـٰكِرِينَ ﴿١٤٤﴾﴾ آل عمران: ١٤٤. واتا: (موحەممەد صلى الله عليه وسلم)تەنها پێغەمبەرێکە(نەمر نیە) بێگومان لەپێش ئەو پێغەمبەرانی تر ڕابوردون جا ئایا ئەگەر وەفاتی کرد یان کوژرا دەگەڕێنەوە بۆ دواوەی خۆتان(پاشگەز دەبنەوە) هەرکەس هەڵگەڕێتەوە بۆ دواوەی خۆی(بۆ بت پەرستی) ئەوە هەرگیز(ئەو کەسە)هیچ

ـێنێك ناگەیەنێت بەخوا وە بەزوویی خوا پاداشتی سوپاس گوزاران دەداتەوە. خـەڵکیی ـەکوڵ دەستیان دایە گریان.

ئەبو هورەیرە ئەڵێ: عومەر وتی: سوێند بەخوا هەرکە ئەو ئایەتەم لەدەمی ئەبەو بەکر گوێ لێبوو، ئەژنۆم شکا و کەوتمە سەر زەوی و قاچم توانای راگرتنی منیان نەبوو، ئیتر ـێنیم بەڵێ پەیامبەری خوا کۆچی دوایی کردووە.

لەئەبو ئەیوبەوە ئـەویش لەئیبراهیمـەوە وتوویـەتی: کاتێـك پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیه وسلم) کۆچی دوایی کرد، ئەبو بەکر لەوێ نەبوو، هیچ کەسێ بوێریی نەدەکرد سەر چاوی لابدات، ئەبو بەکر هات و نێوچەوانی پەیامبەری خوای ماچ کرد و وتـی: بـەدایك و باوکەوە بەفیدات بم، بەپاکیی ژیای و بەپاکیی کۆچـی دواییـت کـرد. پاشـان ئـەبو بـەکر دەرچووە دەر و سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کرد و پاشان وتی:هەرکەسێ خـوای پەرستووە، ئەوە خوا زیندووە و نامرێ، هەرکەسێکیش موحەممەدی پەرسـتووە، ئـەوە موحەممەد کۆچی دوایـی کـرد، پاشـان ئـەم ئایەتـەی خوێنـدەوە:﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ ۚ أَفَإِيْن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ ٱنقَلَبْتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ ۚ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيْـًٔا ۗ وَسَيَجْزِى ٱللَّهُ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٤٤﴾ ﴾ آل عمران: ١٤٤، واتا: (موحەممەد صلی الله علیه وسلم) تەنها پێغەمبەرێکە(نەمر نیە) بێگومان لەپێش ئـەو پێغەمبـەرانی تـر ڕابـوردون جـا ئایـا ئەگەر وەفاتی کرد یان کوژرا دەگەڕێنەوە بۆ دواوەی خۆتان(پاشگەز دەبنەوە) هەرکەس هەڵگەڕێتەوە بۆ دواوەی خۆی(بۆ بـت پـەرسـتی) ئـەوە هـەرگیز(ئـەو کەسـە)هیچ زیانێـك ناگەیەنێت بەخوا وە بەزوویی خوا پاداشتی سوپاس گوزاران دەداتەوە.

عومەر هەر ئەیووت نـەمردووە و هەڕەشـەی کوشـتنی دەدا لەهەرکەسـێك ئـەو قسـەیە بڵێت، ئەنسار لەسـەقیفەی بـەنی ساعیدە کۆبوونـەوە بـۆ بەیعەتـدان بەسـەعدی کـوڕی عوبادە، بۆیە ئەبو بەکر و عومەری کوڕی خەتاب و ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح ڕۆیشتن بۆلایان، عومەر قسەی دەکرد، ئەبو بەکر بێدەنگی کرد. عومەر ئـەیووت: سـوێند بـەخوا بۆیە وەهام کرد، هەندێ قسەی گرنگم ئامادە کردبوو بیڵێم ترسام ئەبو بـەکر ئـەو قسـە

گرنگانە نەکات، بەلآم کە ئەبو بەکر قسەی کرد، رەوانەبێژانەترین کەسێك بوو قسەی کرد،لەقسەکانیدا وتی: ئێمە ئەمیر و ئێوە وەزیر. حەبابی کوڕی مونزیر وتی: نە سوێند بەخوا وەها ناکەین، بەڵکو ئەمیرێ لەئێمە و ئەمیرێ لەئێوە. بەلآم ئەبو بەکر وتی: نە. بەڵکو ئێمە ئەمیرین و ئێوە وەزیر، قورەیش لەڕووی بنەماڵەییەوە مامناوەندترینی عەرەب و بنەماڵەدارترن، بەیعەت بدەنە عومەر یان ئەبو عوبەیدە. عومەر وتی: بەڵکو بە تۆ یعەڵ دەدەین، تۆ گەورەی ئێمە و باشترینی ئێمە و لەهەموومان خۆشەویستری لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم). عومەر دەستی گرت و بەیعەتی پێ دا و خەڵکییش بەیعەتیان دا.

عومەر(خوای لێ رازیی بێ) کاتێ بینی لەسەقیفەدا دەنگەکان بەرزبوونەوە، ترسا ناکۆکیی دروست ببێ، چونکە بەپێدانی بەیعەت بەیەکێکی ئەنسار، ئاسان نەبوو لەبەیعەتی گشتییدا ئەو بەیعەتە وەربگیردرێت و خەڵکیی بەیعەت بدەن، بۆیە بۆ کوژاندنەوەی ئاژاوە، خێرای کرد بۆ بەیعەتدان بەئەبو بەکر، بەئەنسارەکانی وت:ئایە ئێوە نازانن پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی بە ئەبو بەکر کرد پێشنوێژیی خەڵك بکات، ئایە دڵتان ئارام نابێ ئەبو بەکر پێشبخرێت؟ ئەنسارەکان وتیان: پەنا دەگرین بەخوا لەوەی خۆمان پێش ئەبو بەکر بخەین، پاشان عومەر دەستپێشخەریی کرد و بەئەبو بەکری وت: دەستت بێنە، بەیعەتی پێ دا و کۆچەران بەیعەتیان پێ دا و پاشان ئەنساریش بەیعەتیان دا.

پاشان کە رۆژی سێ شەممە هات، ئەبو بەکر لەسەر مینبەر دانیشت و عومەر هەڵسا لەپێش ئەبو بەکر قسەی کرد، سوپاس و ستایشی شایستەی بەخوای گەورە وت، پاشان وتی: ئەی خەڵکینە، من دوێنێ قسەیەکم کرد لەقورئاندا نەبوو، هیچ بەڵێنێکی نەمریی بەپەیامبەری خوا نەدراوە، وەهام زانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەنێوماندا دەمێنێتەوە و کاروبارمان بەڕێوە دەبات و لەدوای هەموومان کۆچی دوایی دەکات، بەلآم خوای گەورە ئەو کتێبەی تیاتاندا بەجێهێشتووە کە پەیامبەرەکەی پێ ڕێنیشاندەریی کردووە، ئەگەر دەستی پێوە بگرن، ئەوە ڕێنیشاندەرییتان دەکات هەروەك چۆن

پەیامبەرەکەی پێ رێنیشاندەریی کرد،وا خوای گەورە کاروباری ئێوەی خستووەتە دەست هاوەڵی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، هاوەڵی نێو ئەشکەوت، بۆیە هەڵسن و بەیعەتی پێ بدەن، ئیتر خەڵکەکە بەیعەتیان دا بەئەبو بەکر و بەیعەتی گشتیی بوو لەدوای بەیعەتی سەقیفە.

باس و خواسی سەقیفە

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: قورئانم بۆ عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف ئەخوێند، وتی: عومەر حەجی کرد و ئێمەش لەگەڵیدا حەجمان کرد، وتی: لەمالێکدا بووم لەمینا، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف هات بۆلام و وتی: ئەمڕۆ ئەمیری ئیمانداڕانم بینی. پیاوێك هەڵسا بۆلای و وتی: من گوێم لەفلانە کەس بوو ئەیووت: ئەگەر ئەمیری ئیمانداران بمردبایە، ئەوە بەیعەتم بەفلانە کەس دەدا. وتم: ئەی ئەمیری ئیمانداران، لەم کاتەدا ئەوانە کۆدەبنەوە کە مایەی ترس و تۆقینی خەڵکن، ئەوانەی بەسەر مەجلیسی تۆدا زاڵ دەبن و ئەترسم ئەمڕۆ شتێك بڵێی خەڵکیی چاك لێی تێنەگەن و لەشوێنی خۆیدا داینەنێن، بەڵام مۆڵەت بدە تاوەکو دەگەیتەوە مەدینە، مەدینەی شوێنی هیجرەت و سوونەت و بەهاوەڵانی پەیامبەری خوا دەگەی لەکۆچەران و پشتیوانان و ئەوجار هەرشتێك بڵێی، لێی تێدەگەن و لەشوێنی خۆیدا دایدەنێن. ئەویش وتی: سوێند بەخوا هەر گەیشتمە مەدینە، یەکسەر رایدەپەڕێنم. ئەڵێ: کە گەیشتینە مەدینە و ڕۆژی جومعە هات و خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان خواربوویەوە، عومەر دەرچوو، بەسەعیدم وت کاتێ بەرەو ڕووم دەهات:ئەمڕۆ ئەمیری ئیمانداران لەسەر مینبەرەوە شتێك ئەڵێت کە پێشتر نەیووتووە. ئەویش تووڕە بوو وتی: چی قسەیەك کە پێشتر نەیووتووە! کە عومەر لەسەر مینبەر دانیشت و بانگ درا، عومەر هەڵسا و سوپاس و ستایشی خوای کرد و وتی: پاشان، ئەمەوێ قسەیەك بڵێم کاتی هاتووە بتوانم بیڵێم و لێی تێبگەن و فامی بکەن و بیگێڕنەوە، کەسێکیش لێی تێنەگات، ئەوە ڕەوا نییە درۆم بەسەرەوە بکات، بزانن خوای گەورە موحەممەدی بەحەق نارد و قورئانی بەسەردا دابەزاند، لەوەی

بەسەریدا دایبەزاند، ئایەتی رەجم بوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) رەجمی کرد و ئێمەش لەدوای ئەو رەجممان کرد، ترسام سەردەمێك بەسەر خەڵکییدا تێپەڕێ و تیایاندا هەبێ بڵێن: سوێند بەخوا لەقورئاندا رەجممان نەبینیووە و بەواز هێنان لەفەرزێك کە خوای گەورە دایبەزاندووە، گومڕا بن. ئێمە پێشتر ئەمانووت: پشت لەباوکانتان مەکەن و حاشایان لێ مەکەن، چونکە ئەوە بێباوەڕییە، پاشان پێمگەیشتووە کەسانێك لەنێوتانِدا هەبووە وتوویەتی: ئەگەر ئەمیری ئیمانداران بمرێت، ئەوە بەیعەت بەفلانە کەس دەدەم، قسەی ئەو کەسە لەخشتەتان نەبات کە ئەڵێ: بەیعەتدان بەئەبو بەکر لەدەست دەرچوون بووە، راستە خێرا بووە، بەڵکو خوای گەورە بە ئەبو بەکرەوە ئەم ئوممەتەی پاراست، هیچ کەسێ نییە بەنمونەی ئەبو بەکر ملی خەڵکیی بۆ کەچ ببێ. لەهەواڵ و باسی ئەو رووداوە، ئەوەیە کاتێ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کۆچی دوایی کرد، هەواڵمان پێگەیشت کە عەلی و زوبەیر و کەسانێك کە لەگەڵیدا بوونە لەماڵی فاتیمەدا دەرنەچوون و تەواوی ئەنسار جیابوونەتەوە، کۆچەران لای ئەبو بەکر کۆبوونەوە، بەئەبو بەکرم وت: بەڕێمان بخە بۆلای براکانمان لەئەنسار تاوەکو ئێمە ئەمرێتییان بکەین، بەدوو پیاوچاکی بەشداربووی بەدر گەیشتین، وتیان:ئەی کۆمەڵی کۆچەران ئەتانەوێ بۆ کوێ بچن؟ وتمان: ئەڕۆین بۆلای برایانمان لەئەنسار. وتیان: بگەڕێنەوە و لەنێو خۆتاندا بڕیاری لەسەر بدەن. وتمان: سوێند بەخوا دەچینە لایان. چوونە لایان و بینییمان لەسەقیفەی بەنی ساعیدەدا کۆبوونەتەوە، بینییمان پیاوێکیان لەنێواندا داپۆشراوە. وتم: ئەمە کێیە؟ وتیان: سەعدی کوڕی عوبادەیە. وتم: چییەتی؟ وتیان: ئازاری هەیە.

پیاوێکیان هەڵسا و سوپاسی خوای کرد و وتی:ئێمە پشتیوانان و سەربازی ئیسلامین. ئێوەش ئەی قورەیش دەستەی پەیامبەری خوان(صلى الله عليه وسلم). عومەر ئەڵێ: کە ویستم قسە بکەم، ئەبو بەکر وتی: بەیارمەتیت. حەزم نەکرد تووڕەی بکەم، ئەو لە من نەرم و لەسەرخۆتربوو، سوێند بەخوا وشەیەکی نەبوو جوانتر و بەهێزتر نەبێ لەوەی من دەمەویست بیڵێم، ئینجا وتی: هەر خێر و چاکەیەکی خۆتانتان باس کردبێ، ئێوە

ـەمی ئەوەن، بەڵام ئەم کارە گەرەکی قورەیش لێی دەزانن کە لەنێو عەرەبدا لـەرووی ـمچەڵەك و خانەدانییەوە لەوانی تر بەرزترن. وا من رازیی بـووم یـەکێك لـەم دوو پیـاوە ـێتە جێنشین و هەرکامەتان ویست بەیعەتی پێ بدەن، دەستی مـن و ئـەبو عوبەیـدەی کوڕی ئەلجەڕاحی گرت، سوێند بەخوا رقم لەقسـەکانی نـەبوو جگـە لـەو وشـەیە، حـەزم ـەکرد لەگەردنم بدرێت بەس پێش نەخرێم بۆ سەرۆکایەتی قەومێك کە ئەبو بەکریان تێدا ـێت. کە ئەبو بەکر لەقسەکانی بوویەوە، پیاوێك لەوان هەڵسا و وتی: ئـەمیرێ لەئێمـە و ـەمیرێ لەئێوە ئەی کۆمەڵی قورەیش. ئەڵێ: بەو قسەیە هات و هـەرا بـەرز بوویـەوە،بۆ ـەوەی ناکۆکیی تەشەنە نەسێنێ، وتم: ئەی ئەبو بەکر دەستت بێنە بەیعەتت پێ بـدەم، ـەستی هێنا و من و کۆچەران بەیعەتمان پێ دا و ئەنساریش بەیعەتی دا،پاشان چووینە ـای سەعد هەتا ئەوەی یەکێکیان وتی: ئێوە سەعدی کـوڕی عوبادەتـان کوشـت. منـیش وتم: خوا کوشتی، سوێند بەخوا شتێکی ترمان نەبینی گەورەتر بێ لەبەیعەتـدان بەئـەبو بەکر، ترساین لەم قەومە دووربکەوینەوە و بەیعەتێ لەئارادا نەبێت و دوای ئێمە بەیعەت بێتە ئاراوە.

لەعوروەی کوڕی ئەلزوبەیرەوە ئەڵێ: یەکێك لەو دووانەی چاویان بەپشـتیوانان کـەوت لەکاتی رۆیشتن بۆ سەقیفە، عوەیمی کوڕی ساعیدە و ئەوی تر مەعنی کوڕی عەدی برای نەوەی ئەلعجلان بوو، ئەوە عوەیم بوو کە بەئێمەی گەیاندووە: بەپەیامبـەری خوا(صـلی الله علیه وسلم) وترا: ئەی پەیامبەری خـوا ئەوانـە کـێن کـە خـوای گـەورە لەبارەیانـەوە فەرموویـــــەتی:﴿ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُواْ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُطَّهِّرِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾ التوبـــة: ١٠٨، واتا:پیاوانێکی تێدایە پێیان خۆشـە کـە خۆیـان خـاوێن و پـاك بکەنەوە(لـەژەنگ و ژاری سەردەمی نەفامی)خوایش ئەوانەی خۆش دەوێت کە دەیانەوێت خۆیان پاك بکەنەوە.

پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) فەرمووی:"باشـترین مرۆڤێـك عـوەیمی کـوڕی سـاعیدە و مەعنـە". پێمانگەیشـتووە خـەڵکانێك لـەکاتی کۆچـی دوایـی پەیامبـەری خوادا(صلی الله علیه وسلم) وتوویانە: خۆزگە ئێمـە لـەپێش پەیامبـەری خـوا دەمـردین، ئەترسین لەدوای ئەو، تووشی فیتنە ببین. مـەعنی کـوڕی عـەدیش وتـی: سـوێند بـەخوا

حەزم نەدەکرد پێش پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بمرم، حەزم دەکرد لەدوای کۆچی دواییشیدا بەڕاستی بخەمەوە هەروەك لەکاتی زیندووبوونیدا بەڕاستم دەخستەوە. مەعن لەڕۆژی یەمامەدا شەهید بوو، لەخیلافەتی ئەبو بەکری سدیق لەڕۆژی شەڕکردنی موسەیلەمەی درۆزندا.

عەمری کوڕی حورەیس بەسەعیدی کوڕی زەیدی وت: ئاخۆ ئامادەی کۆچی دوایی پەیامبەری خوا بووی(صلى الله عليه وسلم)؟ وتی: بەڵێ. وتی: کەی بەیعەت بەئەبو بەکر درا؟ سەعید وتی: رۆژی کۆچی دوایی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، حەزیان نەکرد بۆ کاتێکی کەمی رۆژێ بەبێ کۆمەڵ بمێننەوە. وتی: هیچ کەسێ هەبوو ناکۆك بێ بەرانبەری؟ سەعید وتی: نە، مەگەر کەسێکی هەڵگەڕاوە یان ئەوەی لەوەخت هەڵگەڕانەوەدا بوو. وتی: ئەی هیچ کۆچەرییەك هەبوو دابنیشێ و بەیعەت نەدات؟ وتی: نە، کۆچەران یەك بەدوای یەکدا هاتن بەبێ ئەوەی بانگەوازیش بکرێن.

ئەنەسی کوڕی مالیك ئەڵێ: کاتێ لەسەقیفەدا بەیعەت بەئەبو بەکر درا، لەبەیانیی رۆژی دواتردا ئەبو بەکر لەسەر مینبەر دانیشت، عومەر پێش ئەبو بەکر قسەی کرد، سوپاس و ستایشی خوای گەورە بەو جۆرەی شیاوی خوای گەورەیە، پاشان وتی:ئەی خەڵکینە، دوێنێ قسەیەکم کرد کە لەقورئان و سوونەتدا نەمبینیووە، بەڵام وەهام دەبینی کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ هەمیشە کاروبارمان بەڕێوە دەبات. خوای گەورە ئەو قورئانەی تیاتاندا هێشتووەتەوە کە رێنمایی و رێنیشاندەریی خوا و پەیامبەرەکەی تیایدایە،ئەگەر بێتو دەستی پێوە بگرن، ئەوە خوای گەورە هیدایەتتان دەدات، خوای گەورە کاری ئێوە لەسەر باشترینتان کۆکردووەتەوە، هاوەڵ و هاوەدەمی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەئەشکەوت و کۆچدا،هەڵسن بەیعەتی پێ بدەن، خەڵکیش هەڵسان بەیعەتیان پێ دا لەدوای بەیعەتی سەقیفە.

پاشان ئەبو بەکر قسەی کرد و ستایشی خوای کرد بەو جۆرەی شایستە بەخوا بێ، پاشان وتی: ئەی خەڵکینە، من کراومەتە گەورەی ئێوە و لەئێوەش باشتر نیم، ئەگەر چاکم کرد، ئێوەش پشتیوانییم بکەن، ئەگەر خراپیشم کرد، ئەوە راستمبکەنەوە،

ڕستگۆیی ئەمانەتە و درۆش خیانەتە، لاوازی ئێوە لای من بەهێزە هەتاوەکو مافی بۆ دەردەگرمەوە، بەهێزی ئێوە لای من لاوازە تاوەکو مافی لێ دەستێنم ئەگەر خوا ویستی لێ بێ، هەر قەومێك دەستبەرداری جیهادبێ، خوای گەورە سەرشۆڕییان بەسەردا دەهێنێ، بەدڕەوشتی و داوێنپیسیی لەنێو هەر قەومێکدا بلاوبێتەوە، خوای گەورە بەلاو ەگبەتییان بەسەردا دەهێنێ،گوێڕایەڵم بن لەوەی گوێڕایەڵیی خوا و پەیامبەرەکەی بم، ئەگەر لەقسەی خوا و پەیامبەرەکەی دەرچووم، ئەوە گوێڕایەڵییم مەکەن،هەڵسن بۆ ڕوێژەکانتان بەر ڕەحمەتی خوا کەون.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ:سوێند بەخوا لەخیلافەتی عومەردا لەگەڵ عومەردا دەڕۆیشتم و گاڵۆکە دووڕەکەی لەدەست بوو،تەنیا منی لەگەڵدا بوو، لەگەڵ خۆیدا هەندێ قسەی کرد و گاڵۆکەکەی لەپێی خۆی دا، پاشان لای کردەوە بەلامدا و وتی:ئەی ئیبن عەباس دەزانی چی شتێك وەهای کرد لەگەڵ خۆمدا ئەو قسەیە بکەم کە لەکاتی کۆچی دوایی پەیامبەری خوادا وتم؟ منیش وتم: نازانم ئەی ئەمیری ئیمانداران، خۆت باشتر دەیزانی. وتی: سوێند بەخوا ئەوەی منی هەڵنا ئەوە بڵێم، ئەم ئایەتە بوو کە ئەو کات دەمخوێندەوە:﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ ﴾ البقرة: ١٤٣، واتا:هەروەها کردمانن بەگەلێکی میانەڕەو مامناوەندی(هەڵبژاردە)تا ببنە شاهید و چاودێر بەسەر خەڵکەوە.

سوێند بەخوا وەهام گومان دەکرد کە پەیامبەری خوا هەتاوەکو کۆتا کەسی ئەم ئوممەتە دەمێنێتەوە و شایەت دەبێ بەسەر هەموو کارو کردەوەیەکیەوە، ئەوە وەهای کرد ئەو قسەیە بکەم.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: کاتێ بەیعەت بەئەبو بەکر درا، خەڵکیی ڕوویان کردە بابەتی ناشتنی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم). هەندێکیان وتیان: لەڕۆژی سێشەممەدا ئەوەیان کرد، بەیانیی دوای ڕۆژی کۆچی دوایی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم). هەندێکی تر وتوویانە: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دوای سێ ڕۆژ لەکۆچی دوایی کردنی، بەخاکسپێردراوە.

لەعبداللـەی کـوڕی عەباسـەوە کـە عـەلی کـوڕی ئـەبو تالّیـب و عەباسـی کـوڕی عەبدولموتەلّیب و فەزڵ و قوسەمی کوڕانی عـەباس و ئوسـامەی کـوڕی زەیـدو شـوقرانی خزمەتکاری پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بوون،عەباس و دوو کوڕەکەی ئەمدیوو ئەودیویان دەکرد،ئوسامە و شوقران ئاویان بەسـەردا دەکرد،عـەلیش بەدەستی لەسـەر پۆشاکەوە دەیشۆرد و هەرگیز دەستی لەجەستەی پێرۆزی نەدا، ئەوسی کـوڕی خـەولی یەکێك بوو لەنەوەی عەوفی کوڕی ئەلخەزرەج بەعەلی کوڕی ئەبو تالّیبی وت: ئـەی عـەلی بەخوا سوێندت دەدەم شانسی ئەوەمان پێ بدە بەشداربم لەشۆردنی پەیامبەری خـوادا. ئەوس بەشداربوویەکی بەدر بوو. عەلیش وتی: وەرە ژوورەوە. ئەویش ئامادەی شۆردنی پەیامبەری خوا بوو(صلی الله علیه وسلم). ئەو شتەی لەپێغەمبەر(صلی الله علیـه وسـلم) بینرا لەهیچ مردوویەکی تر نەبینرا،عەلی کە دەیشۆردەوە دەیووت:دایك و باوکم بەفیدات بێ چەندە بۆنخۆشی بەزیندوویی و مردویەتی.

لەعائیشەوە ئەڵێ: کاتێ ویستیان پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیـه وسـلم) بشـۆرنەوە. جیاوازییان لەنێواندا رووی دا، وتیان: سوێند بـەخوا نـازانین چـی بکـەین، ئایـە بـەرگ و پۆشاك لەبەر پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) نەهێڵین هەروەك لەگەڵ مردووەکـانی خۆماندا دەیکەین یان لەسەر بەرگەکەیەوە بیشـۆرینەوە؟ قسـەیان کـرد تـاوەکو یـەکێك لەپشـت مالّـەوە کـە نـازانرێ کـێ بـوو وتـی: بەبەرگـەوە پەیامبـەری خـوا بشـۆرنەوە. ئەڵێ:هەڵسان بۆ لای پەیامبەری خوا و قەمیسـەکەی لەبـەردا بـوو شـۆردیانەوە، ئاویـان بەسەردا دەکرد. عائیشە ئەڵێ: ئەگەر ئێستا بووایە، ئەوە وەهـام دەکـرد هـەر ژنـەکانی بیشۆرنەوە.

لەعەلی کوڕی حوسێنەوە ئەڵێ:کاتێ لەشۆردنی پەیامبەری خوا(صلی الله علیـه وسـلم) بوونـەوە، لەسـێ پۆشـاکدا کفنکـرا:دوو پۆشـاکی صـوحاری و عەبایـەکی رەش پێـی پێچرایەوە.

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە ئەڵێ: کاتێ ویستیان گۆڕ بـۆ پەیامبـەری خوا(صـلی الله علیه وسـلم) لـێ بـدەن، ئـەبو عوبەیـدەی کـوڕی ئەلجـەڕاح وەك گۆڕی خـەڵکی مەککـە

دروستی دەکرد، ئەبو تەڵحە زەیدی کوڕی سەهلیش کە گۆڕی بۆ خەڵکی مەدینە دروست دەکرد، لوحدی دەکرد، عەباس بانگی دوو پیاوی کرد و بەیەکێکیانی وت: بچۆ بۆلای ئەبو عوبەیدە و بەوی تریشی وت: بچۆ بۆلای ئەبو تەڵحە و خوایە گیان شتێك بۆ پەیامبەرەکەت هەڵبژێرە. ئەڵێ: ئەوەی رۆیشت بۆلای ئەبو تەڵحە، ئەبو تەڵحەی دۆزییەوە و هێنای، ئەبو تەڵحە لوحدی بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دروستکرد، کاتێ لەڕۆژێ سێشەممەدا تەرمی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئامادە بوو بۆ ناشتن، لەماڵەکەی خۆیدا لەسەر تەختەکەی دانرا، موسڵمانان جیاواز بوون لەبارەی شوێنی ناشتنیەوە،ئەبو بەکر هات و وتی:بیستومە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: "هەموو پێغەمبەرێك لەو شوێنەدا نێژراوە کە لێی مردووە". ئینجا جێگەکەی بەرزکرایەوە و لەشوێنی جێگەی کۆچکردنەکەیدا گۆڕێك کەندرا،ئەبو تەڵحەی ئەنصاریی لوحدی دەکرد،خەڵکیش دەهاتنە ژوورەوە نوێژیان لەسەر دەکرد:پیاوان و ژنان،پاشان منداڵان،پاشان کۆیلەکان،کە لەنوێژکردنی بوونەوە لەنیوە شەوی چوار شەممەدا پێغەمبەری ئازیز(صلى الله عليه وسلم) نێژرا.

لەعائیشەی دایکی ئیمانداران‌ەوە ئەڵێ: بەدەنگی پاچ و خاکەناسەوە زانییمان پەیامبەری خوایان ناشتووە و لەنیوە شەوی شەوی چوار شەممەدا بوو.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ:ئەوانەی دابەزینە نێو گۆڕەکەی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم)، عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و ئەلفەزڵی کوڕی عەباس و قوسەمی کوڕی عەباس و شوقرانی خزمەتکاری پەیامبەری خوا بوون(صلى الله عليه وسلم). ئەوسی کوڕی خەولی وتی: ئەی عەلی بەخوا تکات لێ دەکەم ئێمەش شانسداربین لەم کارەدا. عەلی وتی: دابەزە. لەگەڵیاندا دابەزی. کاتێك پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خرایە نێو گۆڕەوە ویستیان خۆڵی بەسەردا بکەن، شوقرانی خزمەتکاری پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)پارچە قەتیفەیەکی هەڵگرت کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەبەری دەکرد و لەسەری دەخەوت، فڕێی دایە نێو گۆڕەکەوە و وتی: سوێند بەخوا لە دوای تۆ

نابێ هیچ کەسێك لەبەری بکات. ئەڵێ: ئەو پارچە قەتیفەیە لەگەڵ پەیامبەری خوادا نێژرا.

موغیرەی کوڕی شوعبە دەیووت: کۆتا کەسێك دەستی بەر جەستەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کەوتبێ، ئەو بووە. ئەڵێ: ئموستیلەکەم دەرکرد و خستمە نێو گۆڕەکەوە و وەهام دانا کە لەدەستم کەوتووە، بەئەنقەست لەدەستم خستم، تاوەکو دابەزمە نێو گۆڕەکە و کۆتا کەس بم دەستم بەر جەستەی پەیامبەری خوا بکەوێ.

لەعائیشەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) خەمیصەیەکی رەشی لەبەردا بوو، کاتێك ئازارەکەی زۆری بۆ هێنا،جارێك ئەیخستە سەر دەموچاوی و جارێك لای دەبرد و ئەیفەرموو:"خوا قەومێك بکوژێ کە گۆڕی پەیامبەرانیان کردووەتە مزگەوت". بەوە وریایی بەئوممەتەکەی دەدا.

لەعائیشەوە ئەڵێ: کۆتا بەڵێنێکی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، ئەوە بوو ناهێڵێ لەدوورگەی عەرەبدا دوو ئایین بوونیان هەبێ. ئەڵێ: دوانزە شەو لەمانگی رەبیعی یەکەم تێپەڕیبوو پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کۆچی دوایی کرد، لەو رۆژەی بەکۆچەریی هاتە مەدینە و تاوەکو کۆچی دوایی کردنی دە ساڵ بوو. جیاوازیی هەیە لەبارەی تەمەنی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو کاتەی کۆچی دوایی کردووە، هەندێکیان ئەڵێن: شەست و سێ ساڵی تەمەن بووە.

بەڕێخستنی سوپای ئوسامەی کوڕی زەید

لەئەلحەسەنی کوڕی ئەبو ئەلحەسەنی ئەلبەسرییەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) پێش ئەوەی کۆچ بکات، سوپایەکی ئامادە کرد کە عومەری کوڕی خەتابیشیان تێدا بوو، ئوسامەی کوڕی زەیدی کردە ئەمیریان، خەندەقیان تێنەپەڕاند پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کۆچی دوایی کرد. ئوسامە خەڵکەکەی راگرت و پاشان بەعومەری وت: بگەڕێرەوە بۆلای جێنشینی پەیامبەری خوا و بۆ من داوای لێ بکە خەڵکەکە بگێڕێتەوە، چونکە گەورە پیاوانی خەڵکم لەگەڵدایە و دڵنیا نیم

ئەسەلامەتیی جێنشینی پەیامبەری خوا. بەکۆچی دوایی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) موسڵمانان کۆستیان کەوتووە، ئەترسێم هاوبەش پەیداکەران پەلاماری مەدینە بدەن. ئەنسارەکانیش وتیان: داوای لێ بکە کەسێکی ترمان بۆ بکاتە ئەمیر کە لەئوسامە بەتەمەنتر بێ. عومەری،کوڕی خەتابیان نارد تاوەکو لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ ئەبو بەکردا بکات. عومەر(خوای لێ رازیی بێ) وتی: پشتیوانان داوا دەکەن کەسێکی بەتەمەنتر لەئوسامە بکەیتە فەرماندەی سوپاکە. ئەبو بەکر(خوای لێ رازیی بێ) دانیشتبوو، هەڵسایە سەر پێ و ریشی عومەری گرت و وتی: لەباردایکت بچی ئەی کوڕی خەتاب! ئەو پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەفەرماندەی ئەو سوپایە هەڵبژاردووە و تۆش داوام لێ دەکەیت لایبدەم! عومەر دەرچوو بۆلای خەڵکەکە و وتیان: چیت کرد؟ ئەویش وتی:بڕۆن لەباردایکتان بچن! بەهۆی ئێوەوە خەلیفەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) چی پێکردم. پاشان ئەبو بەکر(خوای لێ رازیی بێ) دەرچوو تاوەکو پێیان گەیشت، قسەی بۆ کردن، بەپیادە دەڕۆیشت و ئوسامەش لەسەر ولاخەوە بوو، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف جلەوی وشترەکەی ئەبو بەکری بەدەستەوە بوو، ئوسامە(خوایان لێ رازیی بێ) پێیووت: ئەی جێنشینی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، سوێند بەخوا یان سەردەکەوی یان منیش دادەبەزم. ئەبو بەکریش(خوای لێ رازیی بێ) وتی: سوێند بەخوا نە تۆ دادەبەزی و نە منیش سەردەکەوم، چی دەبێ ئەگەر کەمێك بۆ خوا پێم خۆلاوێی بێ.

پاشان ئەبو بەکری سدیق(خوای لێ رازیی بێ) بەئوسامەی وت: ئەگەر پێت باش بێ با عومەر لای من بمێنێتەوە هاوکارییم بکات. ئەویش ئەوەی کرد. پاشان ئەبو بەکری سدیق(خوای لێ رازیی بێ) رووی کردە سوپاکە و وتی: بووەستن، بە دە شت ئامۆژگارییتان دەکەم و لەمنەوە بیپارێزن:

خیانەت مەکەن، دزیی مەکەن، غەدر مەکەن، تەرم مەشێوێنن، منداڵێکی بچووك مەکوژن، پیاوی بەتەمەن مەکوژن،ئافرەت مەکوژن، دار خورما مەبڕنەوە و نەیسووتێنن، داری بەردار مەبڕنەوە، بۆ خواردن نەبێ، ئەگینا مەڕ و مانگا و وشترێ سەر مەبڕن،

بەلای کەسانێکدا تێپەڕدەبن کە لەکوخ و قولەکاندا خۆیانیان تەرخان کردووە بۆ پەرستش و بانگەوازیان بکەن، بەلای کۆمەڵێ قەومدا تێپەڕ دەبن لەقاپێکدا خۆراکتان بۆ دەهێنن جۆرەها خواردنی تێدایە، ئەگەر لێتان خوارد، بسم الله بکەن، بەلای کۆمەڵێ قەومدا تێپەڕ دەبن ناوەڕاستی سەریانیان تاشیووە و ئەملاو ئەولای ماوەتەوە و وەک دەستە و چەتەن، بەشمشێرەوە تووند لێیان بدەن و بەناوی خواوە بچنە پێش.

ئوسامە بەزی ئەلمەروە و وادییدا دەستی پێکرد و بەو شوێنە گەیشت کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فرمانی پێکردبوو، سوارەکانی بەهۆزەکانی قوزاعەدا بڵاوە پێکرد و پەلاماری ئابلی دا و خەڵکانێکی کردە موسڵمان و دەسکەوتیشی هەبوو، چل رۆژی پێچوو جگە لەمانەوە و گەڕانەوەی.

پاشماوەی باسی ئەلعەنسیی درۆزن

وەک پێمان گەیشتووە، کاتێ بازام بووە موسڵمان، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هەموو کاروباری یەمەنی پێ سپارد، هەتاوەکو لەژیاندا بوو لای نەبرد و کەسی نەکردە هاوبەشی، بەڵام کاتێك بازام کۆچی دوایی کرد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەسەلاتەکەی ئەوی لەنێوان هاوەڵانیدا دابەش کرد.

لەعوبەیدی کوڕی سەخری کوڕی لوزان ئەلئەنساریی ئەلسولەمییەوە کە یەکێك بوو لەو هەڵسوڕاوانەی کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەسالّی دە لەدوای حەجی مالّئاوایی بۆ یەمەنی ناردن، ئەڵێ: بازام کۆچی دوایی کرد، بۆیە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کارەکانی بازامی دابەشکرد لەنێوان شەهری کوڕی بازام و عامری کوڕی شەهر ئەلهەمەدانی و عبدالله‌ی کوڕی قەیس ئەبو موسای ئەشعەری و خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی ئەلعاص و ئەلتاهیری کوڕی ئەبو هاله و یەعلای کوڕی ئومەییە و عەمری کوڕی حەزم، بۆ ولاّتی حەزرەمەوەتیش زیادی کوڕی لەبید ئەلبەیازیی،عوکاشەی کوڕی سەوری کوڕی ئەسفەر ئەلغەوسیی کردە بەرپرسی ئەلسکاسك و ئەلسکون، هەروەها

موعاویەی کوڕی کیندەشی نارد، موعازی کوڕی جەبەلیشی بە مامۆستا و ڕێنیشاندەری خەڵکی هەردوو وڵات(یەمەن و حەزرەمەوت) نارد.

عوبەیدوالله بۆی باسکردم وتی: مامم هەوالّی پێدام وتی: سەیف بۆی باسکردم واتا سەیفی کوڕی عومەر ئەویش لەئەبو عەمری خزمەتکاری ئیبراهیمی کوڕی تەڵحە ئەویش لەعەبادەی کوڕی قورسی گُوڕی عەبادەوە ئەویش لەقورس ئەللەیسییەوە، کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دوای بەجێهێنانی حەجی ئیسلام، گەڕایەوە مەدینە و ئیمارەتی یەمەنی لەنێوان هەندێ پیاودا دابەشکرد، هەر بەرپرسیارێتییەکی بەپیاوێك سپارد، ئیمارەتی حەزرەمەوتی لەنێوان سێ کەسدا دابەشکرد، عەمری کوڕی حەزمی کردە بەرپرسی نەجران و خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی ئەلعاسیشی کردە بەرپرسی نشوێنەکانی نێوان نەجران و عامری کوڕی شەهری کردە بەرپرسی هەمدان و ئیبن بازامیش بەبەرپرسی سەنعا و ئەلتاهری کوڕی ئەبی هالەشی کردە بەرپرسی ئەشعەرییەکان و عك و ئەبو موسای ئەشعەرییشی کردە بەرپرسی مەئریب و یەعلای کوڕی ئومەییەشی کردە بەرپرسی سەربازان، موعازیش مامۆستا و ڕێنماییکار بوو بەشوێنانی یەمەن و حەزرەمەوتدا دەسووڕایەوە. عوکاشەی کوڕی سەوری کردە هەڵسوڕێنەری حەزرەمەوت لەسکاسك و سکون. عبدالله یان ئەلموهاجیری کردە بەرپرسی نەوەی موعاویەی کوڕی کیندە،بەهۆی ئازارەوە نەڕۆیشت، دواتر ئەبو بەکر ڕەوانەی کرد و زیادی کوڕی لەبید ئەلبەیازیشی کردە بەرپرسی حەزرەمەوت. زیاد کاری ئەلموهاجیری دەکرد، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کۆچی دوایی کرد و ئەو کارمەندانە کاری خۆیانیان دەکرد لەیەمەن و حەزرەمەوت، تەنیا ئەوانە نەبێ کە لەشەڕی ئەلئەسوەد کوژران یان کۆچی دواییان کرد. بازام کۆچی دوایی کرد و پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کارەکانی دابەشکرد، شەهر کوڕی بازام بوو، ئەلئەسوەد چووە سەری و شەڕی کرد تاوەکو کوژرا.

لەئیبن عەباسەوە ئەڵێ: یەکەمین کەسێك رێی بەئەلعەنسیی گرت و شەڕی کرد، عامری کوڕی شەهر ئەلهەمدانیی بوو لەلای خۆیەوە بەری پێگرت، هەروەها فەیرەز و دازەوەیهییش لەلای خۆیانەوە رێگرییان لێکرد، پاشان ئەوانی تر هاتن.

لەعوبەیدی کوڕی سەخرەوە ئەڵێ: ئێمە لەنێو سەریازاندا بووین و کاری پێویستی خۆمانمان رادەپەراند، لەنێوان ئێمە و ئەواندا کۆمەڵێ نووسراو ئاڵوگۆڕ کران. نووسراوێکمان لەئەلئەسوەدەوە بۆ هات کە تیایدا هاتبوو:ئەی ئەوانەی هاتوونەتە سەرمان، دەستمان لەسەر هەڵبگرن و خاکەکەمان رادەست بکەنەوە، ئێمە لەئێوە لەپێشترین بەم خاك و سەروەتە. بەنێردراوەکەمان وت: لەکوێوە هاتووی؟ وتی: لەئەشکەوتی خوببانەوە(کهف خبان). پاشان رووی کردە نەجران. ئێمە لەچاوەڕوانییدا بووین، هەواڵ هات کە ئەلئەسوەد خەڵکێکی زۆری هێناوە، شەهری کوڕی بازام بۆی دەرچوو، بیست شەو بوو ئەلعنسیی دەرکەوتبوو، چاوەڕێی وەڵام بووین و بزانین رووداوەکە بەکوێ گەیشتووە، هەواڵ هات کە شەهر کۆڕاوە و ئەبنائەکانیش شکستیانهێناوە، ئەلئەسوەد دەستی گرتووە بەسەر سەنعادا و موعاز هەڵهاتووە و بەلای ئەبو موسادا تێپەڕبووە کە لەمەئریب بووە و خۆیان گەیاندووەتە حەزرەمەوت، موعاز لەئەلسکون دابەزیبوو، ئەبو موساش لەئەسکاسك کە شیو و بیابانی سەخت لەنێوان ئەوان و مەئریب هەبوو. تەواوی ئەمیرەکانی یەمەن دابەزیبوونە لای ئەلتاهیر،تەنیا عەمر و خالید نەبێ گەڕابوونەوە مەدینە. ئەلتاهیر لەو رۆژگارانە لەناوەڕاستی وڵاتی عك بوو بەرانبەر بەسەنعا، ئەلئەسوەد دەستی گرتبوو بەسەر ناوچەکانی سەهید لەدەشتی حەزرەمەوت بۆ تائیف و لەوێوە بۆ بەحرین لەپێش عەدەن. حەوسەد سواری لەگەڵ بوو لەو رۆژەی رووبەڕووی شەهر ببووەوە، ئەمە و جگە لەوانی تر،فەرماندەکانیشی بریتی بوون لەقەیسی کوڕی عەبد یەغوس ئەلمورادی و موعاویەی کوڕی قەیس ئەلجەنبی و یەزیدی کوڕی موحەڕەم و یەزیدی کوڕی حوصەین ئەلحاریسی و یەزیدی کوڕی ئەلئەفکەل ئەلئەزدی. دەسەلاتەکەی جێگیر کرد و تەواوی کەناراوەکانی کەوتە ژێر دەست تاوەکو ئەلئەحسیە و علیب. بەهەڵگەڕاوە لەئیسلام مامەڵەیان لەگەڵدا کرا،

عەمری کوڕی مەعدی یەکریب لەموزەحەج جێنشینی بوو، کاروبارەکەی بەچەند کەسێك سپارد، قەیسی کوڕی عەبد یەغوسی کردە فەرماندەی سەربازەکان، کاری ئەبنائی سپاردە فەیروز و دازەویهی، قەیس و فەیروز و دازەویعیی ترساند و ژنەکەی شەهری مارە کرد کە ئامۆزای فەیروز بوو. ئێمە لەحەزرەمەوت بووین و سەلامەت و بێ خەم نەبووین کە ئەلئەسوەدِ بەڕێدەکەوێ تاوەکو بێتە سەرمان یان سوپایەکمان لەدڕ رەوانە بکات، یان لەحەزرەمەوتدا کەسێك دەرپەڕێت و هەمان بانگەشەی ئەلئەسوەد بکات. ئا لەو حاڵەدا بووین موعاز ژنێکی لەنەوەی بەکرە مارە کرد کە گەڕەك و دێیەك بوو لەئەلسکون و لەماڵە خاڵوانی بوو لەنەوەی زنکبیل پێیدەوترا رملە، موعاز پێی سەرسام بوو، هەمیشە لەدوعاکانیدا دەیووت:خوایە گیان لەڕۆژی قیامەتدا لەگەڵ ئەلسکون زیندووم بکەرەوە. هەندێ جاریش دەیووت: خوایە گیان لە ئەلسکون خۆشبە.

لەو حاڵەتەدا بووین و نامەی پەیامبەری خوامان بۆ هات(صلى الله عليه وسلم) کە فرمانی پێدەکردین پیاوانێك بنێرین رێی پێ بگرێت. موعاز هەڵسا بەجێبەجێکردنی ئەو فرمانە، هێزی فێر کردین و متمانەی سەرکەوتنی بۆمان تووند و تۆڵ کرد.

لەجوشنەسی کوڕی ئەلدەیلەمییەوە ئەڵێ: وەبری کوڕی یوحەننەس بەنامەی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) هات بۆلامان، فرمانی پێ دەکردین بەرگریی لەئاییەنەکەمان بکەین و بەهەر رێگە چارەیەك بێ سنووڕێك بۆ ئەلئەسوەد دابنێین و بەهەر رێگەیەك بێ، ئاییەنەکەمان بپارێزین.

بۆ ئێمە دەرکەوت کە ئەلعنسیی بۆچوونی گۆڕاوە بەرانبەر قەیسی کوڕی عەبد یەغوسی فەرماندەی سوپاکەی و قەیس لەخۆی دەترسێت،بۆیە بانگەوازمان کرد و لەبارەی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) قسەمان پێگەیاند، وەك ئەوەی لەئاسمانەوە کەوتبین بەسەریدا و لەخەم و پەژارەیەکی سەختدا بوو، بەدەم داواکەمانەوە هات بەو جۆرەی حەزمان دەکرد، وەبری کوڕی یوحەننەس هات بۆلامان و نووسراومان بۆ خەڵکیی نووسی و بانگەوازی خەڵکمان دەکرد، شەیتان شتێکی بەگوێدا چپاندبوو کە قەیست بەشوێنێك گەیاندووە وەك تۆ حەزی دەسەڵآت و پادشایەتیی هەیە

و سووکی کردووی، ئەیەوێ هەموو تاج و دەسەلاتت ببات. لەقەیسی پرسیبوو بۆ ئەو حاڵەتە، قەیس وتبووی: سوێند بەخوا درۆ دەکات، لەدەروونی مندا تۆ لە خودی خۆم گەورەتر و بەڕێزتری. ئەلئەسوەدیش وتبووی: تۆ فریشتە بەدرۆزن دەزانی لەکاتێکدا راستی وتووە، ئێستا دەزانم تەوبەت کردووە لەبارەی ئەو نهێنییەی لەسەر تۆ ئاشکرای کردووە. پاشان دەرچوو هات بۆلامان و وتی: ئەی جوشەیش و ئەی فەیروز و ئەی دلزەویهی، ئەو ئەوەی وت و منیش ئەوەم وت، چارە چییە؟ ئێمەش وتمان: ئێمەش لەوریاییداین. نامەی بۆ ئێمە نارد و وتی: ئەی من ئێوەم نەکردە گەورەی قەومەکانتان کەچی هەواڵی ئێوەم بۆ دەهێنیێ! ئێمەش وتمان:ئەم جارە چاوپۆشییمان لێ بکە. ئەویش وتی: کارێك نەکەن جارێکی تر هەواڵی ئێوەم پێ بگەیەنێ، ئەگینا دەتانکوژم. ئەو لەئێمە و قەیس بەگومان بوو، ئێمەش لەخۆمان سەلامەت نەبووین، هەواڵمان بۆ هات کە عامری کوڕی شەهر و زی زود و زی موڕان و زی ئەلکلاع و زی زولەیم لەدژی راپەڕیوون، نووسراویان بۆ ئێمە نووسی و سەرکەوتنیان بۆ ئێمە مسۆگەر کرد، ئێمەش نامەمان بۆیان نارد کە هیچ شتێك نەکەن تاوەکو کاروبارەکە تەواو تاووتوێ دەکەین. گەیشتنی نامەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) جۆش و خرۆشی بۆیان دروستکردبوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نامەی بۆ خەڵکی نەجران ناردبوو بەعەرەب و غەیرە عەرەبیانەوە، ئەوانیش لەیەك شوێندا یەکیانگرتبوو، بۆیە ئەو هەواڵە بە ئەلعەنسیی گەیشتبوو، هەستیکردبوو تیاچوونی نزیکە، بۆیە بەرانبەرمان نەرم ببوو. چوومە لای ئاذاد کە خێزانی بوو، وتم: ئەی کچە مام، بەلای ئەم پیاوە بۆ سەر قەومەکەت و کوشتنی مێردەکەت دەزانی، دەزانی چەندی لێ کوشتن و ئافرەتانی ئەتك کرد،ئایە لەدژی دەبی؟ وتی: لەسەر چی شتێك؟ وتم: دەرکردنی. وتی: ئەی کوشتنی؟ وتم: کوشتنی. وتی: بەڵێ، سوێند بەخوا هیچ مەخلوقێکی خوا نییە بەقەد ئەمە رقم لێ بێ، نە ماڵی خوا ئەپارێزێ و نە رێز و پیرۆزییەك دەزانێت، ئەگەر پێداگربوون بۆ کوشتنی، هەواڵم پێ بدەن تاوەکو چۆن چۆنی بیکوژن. بڕۆ وا فەیروز و دازەویهیی چاوەڕوانی منن. قەیس هات و ویستمان بیدوێنین، پیاوێك هات و وتی: پادشا چاوەڕوانی

تۆیە. قەیس هات و ئێمەش نیازی پەلاماردان بووین، پێش ئەوەی لامان دابنیشێ پیاوێك پێیووت: پادشا بانگت دەکات. لەگەڵ کۆمەڵێکی مەزحیج و هەمدان چووە ژوورەوە بۆلای و نەیتوانی بیکوژێ.

هەواڵمان پێ دا و لێمان دڵنیابوویەوە و وتی: کاری خۆتان بکەن. لەنێو کۆمەڵێکدا دەرچوو بۆلامان و ئێمەش لەبەر پێی هەڵساین، لەبەر دەرگادا سەد وشتر و مانگا هەبوو، هەڵسا و هەندێ هەنگاوی نا و منیش لەدوایەوە بووم، هەموویانی سەربڕی، شتی لەوە سەیرتر و ترسناکتر و دڕندەترم نەبینیووە. پاشان وتی: ئەی فەیروز ئەوە راستە لەبارەی تۆوە بە من گەیشتووە؟ حەربەکەی بەدەستەوە بوو وتی: ویستم سەرت ببڕم،منیش وتم: تۆ ئێمەت کردە خەزووری خۆت و فەزڵی ئێمەت دا بەسەر ئەبنائەکاندا، ئەگەر تۆ پەیامبەر نەبووایەی، ئەوە ئێمە تۆمان هەڵنەدەبژارد،ئێمە کاری دونیا و ئاخیرەتمان بە تۆ سپاردووە.

رۆیشتم و بینییم پیاوێك لەگەڵ فەیروز قسە دەکات و پلان دادەڕێژن بۆ ئەوەی بەیانیی بیکوژن، ناردمان بەشوێن قەیسدا و هات، دەرچووم تاوەکو هەواڵ بەژنەکەی بگەیەنم، هاتم و هەواڵەکەم پێگەیاند. وتم: کێت لایە؟ وتی: لەکۆشکدا تەنیا ئەلعنسی و پاسەوانەکانی دەوروبەرین، دەگەڕێتەوە فلانە شوێن، ئێوارە لەوێدا پەلاماری بدەن و کەس لەو شوێنەدا نییە و بەئاسانیی دەیکوژن. وتیشی:لەوێدا چرا و چەکیش هەیە. دەرچووم و لەنێو کۆشکەکەیدا ئەلئەسوەد پێمگەیشت و وتی: چی شتێك تۆی هێناوەتە لای من! دای بەسەرمدا کەوتم. پیاوێکی بەهێز بوو، بۆیە ژنەکەی هاواری کرد و لە منی دوورخستەوە، ئەگەر ئەو نەبووایە دەیکوشتم. وتی: کوڕە مامە و هاتووەتە سەردانم. وتی: بێدەنگ بە، ئەوە لەبەر تۆ دەیبەخشم. منیش دەرچووم و خۆمم گەیاندە هاوڕێکانم و وتم: هەڵبێن و خۆتان رزگار بکەن. هەواڵەکەم پێیان گەیاند. ئاوا لەدۆشدامانیدا بووین ئافرەتەکە یەکێکی نارده لامان و وتی: مەترسن، من سەرقاڵی دەکەم. بەفەیروزمان وت: تۆ بچۆ بۆلای و دڵنیایی لێ وەربگرە، چونکە دوای ئەو رووداوە ناتوانم بچمە ژوورەوە. ئەویش چوو، لە من وریاتربوو،کە هەواڵەکەی پێگەیاندبوو، وتبووی: چۆن دەکرێ

ێیە. قەیس هات و ئێمەش نیازی پەلاماردان بووین، پێش ئەوەی لامان دابنیشێ پیاوێك بێیووت: پادشا بانگت دەکات. لەگەڵ کۆمەڵێکی مەزحیج و هەمدان چووە ژوورەوە ۆلای و نەیتوانی بیکوژێ.

هەواڵمان پێ دا و لێمان دڵنیابوویەوە و وتی: کاری خۆتان بکەن. لەنێو کۆمەڵێکدا ەرچوو بۆلامان و ئێمەش لەبەر پێی هەڵساین، لەبەر دەرگادا سەد وشتر و مانگا هەبوو، هەڵسا و هەندێ هەنگاوی نا و منیش لەدوایەوە بووم، هەموویانی سەربڕی، شتی لەوە سەیرتر و ترسناکتر و دڕندەترم نەبینیووە. پاشان وتی: ئەی فەیروز ئەوە راستە ەبارەی تۆوە بە من گەیشتووە؟ حەربەکەی بەدەستەوە بوو وتی: وێستم سەرت ببڕم،منیش وتم: تۆ ئێمەت کردە خەزووری خۆت و فەزڵی ئێمەت دا بەسەر ئەبنائەکاندا، ئەگەر تۆ پەیامبەر نەبووایەی، ئەوە ئێمە تۆمان هەڵنەدەبژارد،ئێمە کاری دونیا و ئاخیرەتمان بە تۆ سپاردووە.

رۆیشتم و بینییم پیاوێك لەگەڵ فەیروز قسە دەکات و پلان دادەڕێژن بۆ ئەوەی بەیانیی بیکوژن، ناردمان بەشوێن قەیسدا و هات، دەرچووم تاوەکو هەواڵ بەژنەکەی بگەیەنم، هاتم و هەواڵەکەم پێگەیاند. وتم: کێت لایە؟ وتی: لەکۆشکدا تەنیا ئەلعنسی و پاسەوانەکانی دەورووبەرین، دەگەڕێتەوە فلانە شوێن، ئێوارە لەوێدا پەلاماری بدەن و کەس لەو شوێنەدا نییە و بەئاسانیی دەیکوژن. وتیشی:لەوێدا چرا و چەکیش هەیە. دەرچووم و لەنێو کۆشکەکەیدا ئەلئەسوەد پێمگەیشت و وتی: چی شتێك تۆی هێناوەتە لای من! دای بەسەرمدا کەوتم. پیاوێکی بەهێز بوو، بۆیە ژنەکەی هاواری کرد و لە منی دوورخستەوە، ئەگەر ئەو نەبووایە دەیکوشتم. وتی: کوڕە مامە و هاتووەتە سەردانم. وتی: بێدەنگ بە، ئەوە لەبەر تۆ دەیبەخشم. منیش دەرچووم و خۆم گەیاندە هاوڕێکانم و وتم: هەڵبێن و خۆتان رزگار بکەن. هەواڵەکەم پێیان گەیاند. ئاوا لەدۆشدامانیدا بووین ئافرەتەکە یەکێکی نارده لامان و وتی: مەترسن، من سەرقاڵی دەکەم. بەفەیروزمان وت: تۆ بچۆ بۆلای و دڵنیایی لێ وەربگرە، چونکە دوای ئەو رووداوە ناتوانم بچمە ژوورەوە. ئەویش چوو، لە من وریاتربوو،کە هەواڵەکەی پێگەیاندبوو، وتبووی: چۆن دەکرێ

خانوویەکی پتەو کون بکەین! وەك سەردانیکار لای ئافرەتەکە دانیشتبوون،ئەلئەسوەد هاتبووە ژوورەوە و ئەو پیاوەی لای ژنەکەی بینیبوو، غیرەت گرتبووی و تووڕە ببوو. بەلآم ژنەکەی وتبووی پێکەوە شیریان خواردووە و خوشك و برای شیریین. ئەویش هاواری کردبوو دەری کردبوو. هەواڵەکەمان پێگەیشت،بیرمان کردەوە لەکاری ئێوارەمان و دەبوو نامە بۆ هەمدانی و حیمیرییەکان بنێرین، بۆیە لەدەرەوە خانووەکەمان کون کرد و پاشان چووینە ژوورەوە، چرایەکی تێدا هەبوو پاڵماندا بوویە فەیروزەوە کە لەهەموومان ئازاتر و بەهێزتربوو، وتمان: بڕوانە بزانە چی دەبینی. دەرچوو کەوتە نێوان ئێمە و پاسەوانەکانەوە لەژوورێکی بچووکدا کە لەدەرگای ماڵەکە نزیك بووینەوە، گوێمان لەپرخە پرخێکی تووند بوو، ژنەکە دانیشتبوو، کە ئەو هەڵسا بۆ دەرگاکە، شەیتان داینیشاند و لەسەر زمانی قسەی کرد و بەدانیشتنەوە دەیپرخاند، وتیشی: من و تۆ لەکوێ ئەی فەیروز، بۆیە ترسا ئەگەر بگەڕێتەوە، خۆی و ئەو ئافرەتە تیابچن، بۆیە وەك وشتر پەلاماری دا و سەری گرت و کوشتی، ئەژنۆی خستەسەر پشتی، پاشان هەڵسا دەربچێ، ژنەکە چمکی کراسی فەیروزی گرت و وەهای دەبینی نەکوژراوە. بەفەیروزی وت: بۆ کوێ دەچی؟ وتی: ئەڕۆم هەواڵی کوشتنی بەهاوڕێکانم دەدەم. هات بۆلامان و ئێمەش لەگەڵیدا ڕۆیشتین، ویستمان سەری لەجەستەی بکەینەوە، شەیتان جولآندی. بەجۆرێ کەوتە جولّە رانەدەگیرا، منیش وتم: دەی لەسەر سینگی دابنیشن. دووان لەسەر سنگی دانیشتن، ئافرەتەکە قژی گرت و چەقۆ لەملی گیر کرا وەك گا بۆڕاندی، پاسەوانەکان کە لەدەوری قەلآیەکەدا بوون گوێیان لەو دەنگە بوو، وتیان: ئەو دەنگە چی بوو؟ ژنەکە وتی: ئەوە دەنگی پەیامبەرە وەحی بۆ هاتووە. ئەو شەوە بێدار ماینەوە و بیرم دەکردەوە چۆن هاوڕێکانمان بەو هەواڵە تێبگەیەنین،ئێمەی سێ کەس کە فەیروز و دازەویهی و قەیس بووین، یەکدەنگبووین لەسەر وتنەوەی ئەو دروشمەی لەنێوان ئێمە و هاوڕێکانماندا بوو، کە بەیانیی بوویەوە، دازەویهیی بانگی دا، موسلّمانان و بێباوەڕان لەخەو راچەنین و پاسەوانەکان کۆبوونەوە و دەورەیان لە ئێمە دا، پاشان بانگێکی ترم دا، ئەسپەکانیان بەرەو پاسەوانەکان هاتن و بانگم دا بەوەی شایەتیی

-ەدەم کە موحەممەد پەیامبەری خوایە و عەبهەلە درۆزنە، سەری ئەلئەسوەدمان بۆیان فڕێ دا و ئەو قەومە پەلاماریان هێنا، بانگمان کرد: ئەی خەڵکی سەنعا وەرن، هاتن و هەموو ئەو منداڵانەیان رزگار کرد کە رفێنرابوون، کۆشکیان تاڵان کرد و دەرچوون، ئێمەش سەلامەت دەرچووین، سەنعا و شوێنانی تر رزگار کران و خوای گەورە ئیسلام و موسڵمانانی شکۆدار کرد،لەسەر دەسەڵات ناکۆك بووین، هاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەڕانەوە سەر کارەکانی خۆیان و ڕێککەوتین لەسەر موعازی کوڕی جەبەل، ئەو نوێژی بۆ دەکردین، ئەو هەواڵەمان بەنووسراو بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) نارد، چونکە لەژیانی پەیامبەری خوادا ئەوە ڕووی دا،لەو شەوەی کە بەیانییەکەی کۆچی دوایی کرد، هەواڵەکەی پێگەیشت. شەو نامەکەی پێگەیشت و بەیانیی زوو کۆچی دوایی کرد، ئەبو بەکر (بەڕەحمەت بێ) وەڵامی داینەوە.

لەئیبن عومەرەوە ئەڵێ: ئەو شەوەی کە ئەلعنسیی تیایدا کوژرا، لەئاسمانەوە ئەو هەواڵە بەپەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەیشت تاوەکو مزگێنیی بە ئێمە بدات،فەرمووی:"دوێنێ ئەلعنسیی کوژرا، پیاوێکی پیرۆز لەبنەماڵەیەکی پیرۆز کوشتی". وترا: ئەو کەسە کێیە؟ فەرمووی:"فەیروز، فەیروز براوە بوو".

لەئەلزەحاکەوە ئەویش لەفەیروزەوە وتی: ئەلئەسوەدمان کوشت و کاروبارمان وەك پێشووی لێ هاتەوە، نامەمان بۆ موعاز نارد و لەسەر ئەو رازیی بووین، لەسەنعائدا نوێژی بۆمان دەکرد، سوێند بەخوا سێ نوێژی پێ کردین و هەموومان وەك جارانمان لێ هاتەوە و ڕقمان لەنێواندا نەما، جگە لەڕقبوونەوە لەو سوارانەی لەنێوان ئێمە و نەجراندا هاتووچۆیان دەکرد تاوەکو هەواڵی کۆچی دوایی پەیامبەری خوامان پێگەیشت(صلى الله عليه وسلم). دواتر بارودۆخ شێوا.

لەعبداللەی کوڕی فەیروز ئەلدەیلەمییەوە کە باوکی بۆی باسکردووە، پەیامبەری خوا نوێنەرێکی نارد لایان پێیدەوترا وەبری کوڕی یوحەننەس ئەلئەزدی، لای دازەویهی ئەلفارسیی دادەبەزی، ئەلئەسوەد جادووبازێك بوو شەیتانێکی لەگەڵدا بوو، شوێنکەوتەی بوو، دەرچوو چووە سەر پادشای یەمەن و پادشای یەمەنی کوشت و

ژنەکەی مارە کرد،بازام پێشتر پادشا بوو، کوڕەکەی چووە جێگەکەی و ئەلئەسوەد کوڕەکەی کوشت و ژنەکەی مارە کرد، من و دازەویهی و قەیسی کوڕی ئەلمەکشوح ئەلمورادیی کۆبووینەوە و وەبری کوڕی یوحەننەسی نێردراوی پەیامبەری خوایشی لا بوو،پلانمان دادەنا بۆ کوشتنی ئەلئەسوەد، ئەلئەسوەد فرمانی بەخەڵکیی کرد و لەدەشتێکی فراوانی سەنعائدا کۆبوونەوە، پاشان خۆی دەرچوو لەناوەڕاستیان راوەستا و حەربەی پادشای پێ بوو،پاشان داوای ئەسپی پادشای کرد، حەربەکەی کرد بەسکیدا و ئەسپی پادشا بەڵێ چۆڕینی خوێنەوە چووە شارەوە و خوێنی لێ دەچۆڕا تاوەکو تۆپی، خۆیشی لەناوەڕاستی ئەو گۆڕەپانەدا بوو داوای کرد وشترەکان بهێنن، هەموویانی سەربڕی، پاشای خۆی دا بەزەویدا و پاشان سەری بەرزکردەوە و وتی: ئەڵێ(واتا شەیتانەکەی که لەگەڵیدا بوو) ئەڵێ: ئەی ئەسوەد، کوڕی ئەلمەکشوح لەستەمکار و دەرچووانە و لەسەری بدە و سەری ببڕە. پاشان سەری نەوی کردەوە و ئەیڕوانی و پاشان سەری بەرزکردەوە و وتی: ئەڵێ، کوڕی ئەلدەیلەمی لەستەمکاران و دەرچووانە، ئەی ئەسوەد سەری لەجەستەی بکەرەوە، دەستی راست و قاچی راستی لێ بکەرەوە.

که گوێم لەو قسانەی بوو، وتم: سوێند بەخوا دڵنیانیم بانگم بکات و وەك ئەو وشترانە بەحەربەکەی سەرم ببڕێت. لەنێو خەڵکەکەدا خۆمم شاردەوە تاوەکو نەمبینێ و دەربچم. جا که لەماڵی خۆم نزیکبوومەوە، پیاوێکی قەومەکەی پێمگەیشت و گەردنی گرتم و وتی: پادشا داوی تۆ دەکات و تۆش هەڵدێی! بگەڕێرە دواوە. منی گەڕاندەوە.

که ئەوەم بینی، ترسام بمکوژێ، بۆیە که هیچ کەسێ لەئێمە بێ خنجێر نەبوو، دەستم خستە لای خنجێرەکەم و بەرەو رووی رۆیشتم، ویستم پەلاماری بدەم و خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدایە بکوژم، بەڵام کە لەڕووخسارمدا خراپەی بینی، وتی: لەشوێنی خۆت رابووەستە، تۆ لەهەموو ئەمانەی ئێرە گەورەتری و گەورەی ئەوانی، وەرە ئەو وشترانەی سەرم بڕیوون بەسەریاندا دابەش بکە، منیش دەستمکردە دابەشکردنی گۆشت لەنێوان خەڵکی سەنعا، ئەوەی که دای بەسەر ملمدا هات و داوای پشکی گۆشتی کرد، منیش وتم: سوێند بەخوا پارچەیەکیشت پێ نادەم، ئەی هەر تۆ نەبووی دات بەپشتە

ملمدا! ئەویش بەتووڕەییەوە رۆیشت تاوەکو گەیشتە لای ئەلئەسوەد و ئەو قسەیەی منی پێگەیاند. کە لەدابەشکردنەکە بوومەوە، رۆیشتم گوێم لێبوو ئەلئەسوەد بەکابرای وت: سوێند بەخوا ئەبێ بەجۆرێ سەری ببڕم باس نەکرێت. بەئەلئەسوەدم وت: کاتێ ئەمە هات بۆلام پشکی پێ بدەم، لێببوومەوە لەدابەشکردنی ئەو گۆشتەی فرمانت پێم کردبوو. ئەویش وتی: باشت کرد بڕۆ.

منیش رۆیشتم، نامەمان بۆ ژنی پادشا نارد کە دەمانەوێ ئەلئەسوەد بکوژین، چۆن دەتوانین بیکوژین؟ ئەویش ناردی بەشوێنمدا تاوەکو بڕۆم بۆلای، رۆیشتم بۆلای و جاریەیەك لەبەر دەرگا بوو تاوەکو ئەگەر ئەلئەسوەد هات، ئاگادارمان بکاتەوە، من و ئەو لەخانووەکەی تر بووین و چاڵمان کرد تاوەکو کونێکمان لەخانووەکە کرد، پاشان لەخانووەکە دەرچووین و کونەکەمان داپۆشی. وتم: ئەمشەو دەیکوژین. وتی: دەی وەرن. هەر ئەوەندەی پێچوو ئەلئەسوەد هاتەژوورەوە و ئێمەی بینی، غیرەیەکی سەخت گرتی و بەمشتێکی قورس دای بەسەر سنگمدا، ئافرەتەکە لە منی دوورخستەوە و منیش دەرچووم و خۆمم گەیاندە لای هاوڕێکانم و گومانم بۆ دروست بوو کە هیچ رێگە چارەیەکمان نییە. ئا لەوەدا بووین نێردراوی ئافرەتەکە هات بۆلامان و وتی: لەکارەکەتان پەشیمان مەبنەوە، دوای ئەوەی تۆی دەرکرد پێموت: ئەی ئێوە نالێن کەسانێکی سەربەست و خاوەن رێز و رەچەڵەکین؟! ئەلئەسوەد وتی: بەڵێ بێگومان. منیش وتم: براکەم هات سەلامێکی لێکردم و رێزی لێگرتم، کەچی تۆ لێدانت کرد تاوەکو رۆیشت، ئا ئەوە رێزگرتنی تۆیە! هەر سەرزەنشتم کرد تاوەکو خۆی سەرزەنشت کرد و وتی: ئەوە براتە؟ وتم: بەڵێ. وتی: هەستم پێ نەکردووە.

کەوابوو ئەمشەو وەرن بۆ سەر کاری خۆتان. ئەلدەیلەمیی ئەڵێ: دڵنارامی کردینەوە و بۆ ئەوە کۆبوونەوە، لەشەودا من و دازەویهی و قەیس هاتین تاوەکو لەوپەڕی خانووەکەوە لەو کونەی دروستمان کردبوو، هاتینە ژوورەوە. وتم: ئەی قەیس تۆ شۆڕەسواری عەرەبی، دەی بچۆرە ژوورەوە ئەو پیاوە بکوژە. ئەویش وتی: لەکاتی تووڕەییدا لەرزینێکی تووند دەمگرێ، دەترسێ کاتێ لێی دەدەم لێدانێك نەبێ بیپێکی،

بەڵام ئەی فەیروز تۆ بچۆرە ژوورەوە، تۆ لەهەموومان بەهێزتر و بەزەبر تری. ئەڵێ: شمشێرەکەم لایان دانا و چوومە ژوورەوە تاوەکو بڕوانم سەری ئەلئەسوەد لەکوێدایە. چرایەکە ئیشی دەکرد و ئەویش لەسەر جێگەکە خەوتبوو، نەمدەزانی قاچی لەکوێیە و سەری لەکوێیە. ژنەکە لای دانیشتبوو هەناری پێ دەدا تاوەکو خەوی لێکەوتبوو. ئاماژەم پێ دا کە سەری لەکوێیە؟ ئاماژەی کرد کە ئەوە سەرێتی. منیش رۆیشتم تاوەکو لای سەری راوەستام تاوەکو تەماشایەکی بکەم، نازانم سەیری رووەتیم کرد یان نە، هەر ئەوەندەم زانی چاوەکانی کردەوەوە و سەیرم دەکات،وتم: ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ شمشێرەکەم، دەترسێم لەدەستم هەڵبێ و سەربازەکان بانگ بکات و ئیتر دەستم پێ نەگات، شەیتانەکەی لەخەوی هەڵساندبوو لە منی ئاگادار کردبووەوە، بەدەستم کەوتمە لێدانی و بەدەستێکم سەریم گرت و بەدەستێکیشم ریشیم گرت و خۆم دا بەسەر گەردنید و خنکاندم. پاشان رووەکردە لای هاوڕێکانم، ژنەکە بەرگەکەی گرتم و وتی: خوشکەکەتان بەجێ مەهێڵن. وتم: سوێند بەخوا وا کوشتم و تۆم لەدەستی رزگار کرد. رۆیشتم بۆلای هەردوو هاوڕێکەم و ئەو هەواڵەم پێیان دا، وتیان: بگەڕێرەوە سەری ببڕە. منیش چوومە ژوورەوە و سەریم بڕی و سەرم هێنا بۆ هەردووکیان و دەرچووین تاوەکو گەیشتینە شوێنی کۆبوونەوەمان و وەبەری کوڕی یوحەننەس ئەلئەزدییشمان لا بوو. لەگەڵماندا هەڵسا تاوەکو چووینە سەر بەرزترینی قەڵاکان و وەبەری کوڕی یوحەننەس بانگی نوێژی دا و پاشان وتمان: خوای گەورە ئەلئەسوەدی درۆزنی کوشت.

خەڵکیی لای ئێمە کۆبوونەوە و سەری ئەلئەسوەدمان بۆیان فڕێ دا، کاتێ ئەو قەومە ئەوەیان بینی، ئەسپەکانیان ئامادە کرد و هەریەکە و منداڵێکی ئێمەیان لەگەڵ خۆیاندا برد، لەتاریکاییدا ئاگام لێیان بوو هەریەکە و منداڵێکی لەپشتەوەی خۆی سەردەخست، هاوارم کردە برایەکم کە لەخۆم منداڵتربوو لەگەڵ خەڵکەکەدا بوو، وتم: چیتان لەتوانادایە بیکەن بەرانبەر بەوانە، ئەی نابینن چی بەمنداڵەکانمان دەکەن، هەندێکیانیان لێ دەستگیرکردن، حەفتا پیاویان سی منداڵی ئێمەیان بردبوو، کاتێك بۆیان دەرکەوت

حەفتا پیاویان لێ ونبووە، هاتن بۆلامان و وتیان: ئەوانەی ئێمە بەرەڵا بکەن ئێمەش ئەوانەی ئێوە بەرەڵا بکەن.

ئێمەش وتمان: منداڵەکانمان بۆ بنێرن، ئێمەش منداڵ و کەسەکانی خۆتانمان بۆ دەنێرینەوە.

ئەڵێ: پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بەهاوەڵانی فەرموو:"خوای گەورە، ئەلئەسوەد درۆزنی ئەلعەنسیی کوشت، بەدەستی پیاوێك لەبرایانی ئێوە و قەومێك کوشتی کە بوونە موسڵمان و ئیسلامیان بەڕاستخستەوە" ئیتر خەڵکیی گەڕانەوە بۆ ئیسلام و داوای لێبووردنیان کرد، چونکە نزیك بەسەردەمی نەفامیی بوون.

لەئەلزەحاکی کوڕی فەیروزەوە ئەڵێ: لەنێوان دەرچوونی ئەلئەسوەد لەئەشکەوتی خوبان و کوژرانی، چوار مانگ کات هەبوو، پێشتر شاراوە بوو دواتر خۆی ئاشکرا کرد.

وتوویانە: ئەبو بەکر لەکۆتایی رەبیعی یەکەمدا سوپای ئوسامەی کوڕی زەیدی بەڕێخست، لەکۆتایی رەبیعی یەکەمدا هەواڵی کوژرانی ئەلعەنسیی گەیشت،لەدوای دەرچوونی ئوسامە، ئەوە یەکەمین فەتح بوو بەئەبو بەکر گەیشت کاتێ لەمەدینەدا بوو.

واقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵەدا،مەبەستم ساڵی یانزە و لەنیوەی موحەڕەمدا شاندی ئەلننەخەع هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، لەسەرووی هەموویانەوە زورارەی کوڕی عەمر، کۆتا شاند بوون هاتن بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم).

لەو ساڵە و لەشەوی سێشەممە کە سێ رۆژ لەمانگی رەمەزان رۆیشتبوو، فاتیمەی کچی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەتەمەنی بیست و نۆ ساڵی یان نزیك بەوە کۆچیی دواییی کرد. باس دەکات کە ئەبو بەکری کوڕی عبداللە بۆی باسکردووە ئەویش لەئیسحاقی کوڕی عبداللەوە ئەویش لەئەبانی کوڕی سالحەوە ئەوەی بۆ باسکردووە و وەهای داناوە کە ئیبن جەریج بۆی باسکردووە ئەویش لەعەمری کوڕی دینارەوە ئەویش لەئەبو جەعفەرەوە وتوویەتی: فاتیمە(خوای لێ رازیی بێ) سێ مانگ لەدوای کۆچیی دواییی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کۆچی دوایی کرد. ئەڵێ: ئیبن جەریج بۆی باسکردین ئەویش لەئەلزوهرییەوە ئەویش لەعوروەوە وتی: فاتیمە بەشەش مانگ لەدوای

پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کۆچی دوایی کرد. واقیدیی ئەڵێ و لای ئێمە سەلماوترە، ئەڵێ: عەلی(خوای لێ رازیی بێ) و ئەسمائی کچی عومەیس فاتیمەیان شۆردەوە. ئەڵێ: عەبدولڕەحمانی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی عبدالله‌ی کوڕی عوسمانی کوڕی حەنیف بۆی باسکردم ئەویش لەعبدالله‌ی کوڕی ئەبو بەکری کوڕی عەمری کوڕی حەزم ئەویش لەعەمرەی کچی عەبدولڕەحمانەوە ئەڵێ: عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب نوێژی لەسەر کرد.

لەئەبو مەعشەرەوە ئەڵێ: عەباس و عەلی و فەزڵی کوڕی عەباس دابەزینە نێو گۆڕەکەی. ئەڵێ: عبدالله‌ی کوڕی ئەبو بەکری کوڕی ئەبو قوحافە لەو ساڵەدا کۆچی دوایی کرد، لەتائیف لەگەڵ پەیامبەری خوادا بوو(صلی الله علیه وسلم) تیرێکی بەرکەوت و بەو تیرە کۆچی دوایی کرد، ئەبو مجن تێیگرت، برینەکەی دومەڵی کرد تاوەکو لەمانگی شەوالدا بەهۆیەوە کۆچی دوایی کرد.

وتوویانە: لەو ساڵەی کە تیایدا بەیعەت بەئەبو بەکر درا، یەزدەگوردی پادشای فارس تیاچوو. ئەبو جەعفەر ئەڵێ: هەر لەو ساڵەدا ئەبو بەکر(بەڕەحمەت بێ) چاوی کەوت بەخاریجەی کوڕی حیصنی ئەلفەزاریی. ئەبو زەید بۆی باسکردم وتی: عەلی کوڕی موحەممەد بەئیسنادی خۆی بۆی باسکردین کە پێشتر باسم کرد، وتی: وتیان: لەدوای کۆچی دوایی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و ڕەوانەکردنی ئوسامە بەسوپاکەیەوە تاوەکو باوکی لەخاکی شامدا کوژرا کە زەیدی کوڕی حاریسە بوو لەو شوێنەی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بۆی دانابوو، ئەبو بەکر لەمەدینەدا مایەوە، هیچ شتێکی نەکرد، شاندی هەڵگەڕاوانی عەرەبی هاتەلا، رازیبوون نوێژ بکەن بەس زەکات نەدەن، بەڵام ئەوەی لێیان قبوڵ نەکرد. ئەبو بەکر مایەوە تاوەکو ئوسامەی کوڕی زەیدی کوڕی حاریسە دوای چل ڕۆژ بەڕۆیشتنی، گەڕایەوە مەدینە، ئەوترێ دوای حەفتا ڕۆژ. کاتێك ئوسامەی کوڕی زەید گەڕایەوە، ئەبو بەکر ئەوی کردە سەرپەرشتیاری مەدینە، ئەوترێ سینان ئەلزەمەریی کردە سەرپەرشتیاری مەدینە و خۆی بەڕێکەوت و لەجەمادی یەکەم دابەزییە زی ئەلقیسسە، ئەوترێ لەجەمادی دووەم.

پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) نەوفەلی کوڕی موعاویە ئەلدەیلەمیی ڕەوانە کردبوو، خاریجەی کوڕی حوصن لەئەلشەرەببە پێیگەیشتبوو،دەستی گرتبوو لەوەی نەچێتە سەر نەوەی فەزارە، نەوفەلیش گەڕایەوە لای ئەبو بەکر لەمەدینە پێش ئەوەی ئوسامەی کوڕی زەید بگەڕێتەوە لای ئەبو بەکر.

یەکەمین جەنگێکی هەڵگەڕانەوە لەدوای کۆچی دوایی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، جەنگی ئەلعەنەسیی بوو، جەنگی ئەلعەنەسیی لەیەمەن بوو، پاشان جەنگی خاریجەی کوڕی حوصن و مەنزوری کوڕی زەببان لەغەتفان. موسڵمانان هێرشیان دەبرد، ئەبو بەکر لای دایە لای ئەجەممە و لەوێدا خۆی شاردەوە، پاشان خوای گەورە هاوبەش پەیداکەرانی دۆڕاند.

باس و خواسی نەوەی تەمیم و کاری سەجاحی کچی ئەلحاریسی کوڕی سوەید

یەکێك لەبەسەرهاتەکانی نەوەی تەمیم، ئەوەبوو پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کۆچی دوایی کرد و کارمەند و هەڵسوڕاوانی خۆی لەنێویاندا بلاوە پێکردبوو،ئەلزیبرقانی کوڕی بەدر سەرپەرشتیاری ئەلڕیباب و عەوف و ئەلئەبناء.

ئەلسسەپیی باسیکردووە لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەئەلسعەبی کوڕی عەتیەی کوڕی بیلالەوە ئەویش لەباوکیەوە کە سەهمی کوڕی منجاب و قەیسی کوڕی عاسم سەرپەرشتیاری موقاعیس و ئەلبتون بوون، سەفوانی کوڕی سەفوان و سەبرەی کوڕی عەمریش سەرپەرشتیاری نەوەی عەمر بوون، ئەم سەرپەرشتیاری بەهدا و ئەوی تر سەرپەرشتیاری خەززەم بوو—دوو هۆزی نەوەی تەمین بوون— وەکیعی کوڕی مالیك و مالیکی کوڕی نویرەش سەرپەرشتیاری نەوەی حەنزەلە و نەوەی مالیك بوون، سەفوان کاتێ هەوالّی کۆچی دوایی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) پێگەیشت، زەکاتەکانی نەوەی عەمری گەیاندە ئەبو بەکر، سەبرەش بەهۆی ڕووداوێکەوە لەنێو قەومەکەیدا مایەوە، قەیسیش ئەیڕوانی کە ئەلزیبرقان چی دەکات. ئەلزیبرقان سەرزەنشتی کردبوو، قەیس دەیڕوانی ئەو چی دەکات تاوەکو پێچەوانەی بکات و ئەیووت: هەی هاوار

لەدەست کوپی ئەلعوکلییە، ئەو منی پارچە پارچە کردووە و نازانم چی بکەم! بۆیە قەیس پێداگربوو لەئەلموقاعیس و ئەلبتوندا دابەشی بکات، ئەلزبیرقانیش پێداگربوو ئەمەکداریی بکات، سەفوان زەکاتەکانی ئەلڕیباب و عەوف و ئەبناء بەڕێخست تاوەکو گەیاندیە مەدینە.

ئا لەو حاڵەدا عەوف و ئەبناء بەئەلبتون و ئەلڕیباب بەموقاعیسەوە سەرقاڵ بوون. خەزڕەم بەمالیك و هەداش بەیەربوعەوە سەرقاڵ بوون. سەبرەی کوپی عەمر سەرپەرشتیاری خەزڕەم بوو، ئەلحوصەینی کوپی نیاریش گەورەی هەدا و ئەلڕیباب. عبداللەی کوپی سەفوانیش گەورەی زەبە و عیسمەی کچی ئەبیریش سەرپەرشتیاری عەبد مەنات و عەوفی کوپی ئەلبلادی کوپی خالید لەنەوەی غەنەم ئەلجوشومی سەرپەرشتیاری ئەلئەبناء و عەوف. سیعری کوپی خوفافیش گەورەی ئەلبتون بوو. سومامەی کوپی ئوسال لەنەوەی تەمیمەوە هاوکاریی پێ دەگەیاند، جا کاتێك ئەو رووداوانەیان لەنێواندا رووی دا، گەڕانەوە لای عەشیرەتەکانیان،ئەوە زیانی بەسومامەی کوپی ئوسال گەیاند و عیکریمە هاتە سەری و هیچ شتێکی پێ نەکرا. خەڵکیی لەوڵاتی تەمیمدا بەیەکترەوە سەرقاڵ بوون، موسڵمانەکانیان لەلایەك و ئەوانی تر لەلایەك، گومان باڵی کێشابوو، ئا لەو حاڵەدا لەجەزیرەوە سەجاحی کچی ئەلحاریس هات، دەستە و کۆمەڵەکەی لەنەوەی تەغەلوب بوو، ئا لەو جیاوازی و ناکۆکییەیاندا سەجاح هاتەسەریان و زەبری تووندی پێیان گەیاند.

سەجاحی کچی ئەلحاریسی کوپی سوەیدی کوپی عوقفان، خۆی و نەوەی عوقفانی باپیرەی لەنەوەی تەغەلوب بوون، لەدوای کۆچی دوایی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەحەزیرە لەنەوەی تەغەلوب خۆی بەپەیامبەر ناساند، هوزەیل دوایکەوتن و دەستبەرداری گاوریی بوون. خۆی و ئەو سەرۆکانەی لەگەڵیدا بوون، هاتن بۆ شەپی ئەبو بەکر، جا کاتێك سەرەنجام خراپ بوو، نامەی بۆ مالیکی کوپی نوەیرە نارد و داوای لێکرد بچێتە پاڵی، ئەویش بەدەمیەوە رۆیشت، نەوەی مالیکیش بەدەمیەوە رۆیشتن. بۆیە وەکیع و مالیك و سەجاح پێکەوە کۆبوونەوە بۆ شەرکردنی ئەو خەڵکە، وتیان:

سەرەتا لەکێوە دەستپێبکەین، لەخەزنەم یان هەدا یان عەوف یان ئەلئەبناء یان ئەلڕیباب؟ دەستیان لەقەیس هەلگرت، چونکە دەیانبینی دوودلّە و تەماحیان خستە بەردەمی. سەجاح وتی: سوارەکان ئامادە بکەن و لەسەرپێ بن بۆ تالآنی، پاشان پەلاماری ئەلڕیباب بدەن، چونکە سەنگەریان نییە. سەجاح، مالیکی کوڕی نوەیرەی ناردە سەر ئەلبدجانی، بۆیە کاتێ ئەلڕیباب گوێی لەو هەواڵە بوو، بەزەبە و عەبد مەناتیەوە کۆبوونەوە بۆ رووبەڕووبوونەوە، سەماعە و وەکیع و قەعقاعیان دەستگیر کرد و کوشتارێکی زۆریان لێکردن، بۆیە سەجاح رۆیشت.

سەجاح بەسەربازەکانی جەزیرەوە دەرچوو تاوەکو گەیشتە ئەلننەباج، ئەوسی کوڕی جوزەیمە ئەلجوهەینیی هێرشی کردە سەریان، کۆمەڵێ دیلیان دەسکەوت و بەمەرجی گەڕانەوە، ئەوانیان ئازاد کرد. تاوەکو کوژرانی عوسمانی کوڕی عەفان، رقی هوزەیل لەمازن هەبوو.

جا کاتێك هوزەیل و عەققە و سەرانی خەڵکی جەزیرە لای کۆبوونەوە و بەسەجاحیان وت: فرمانی چیت هەیە بۆ ئێمە وا مالیك و وەکیع لەگەڵ قەومی خۆیان رێککەوتوون و پشتمان ناگرن؟ نامێڵن بەخاکەکەیاندا تێپەڕبین. ئەویش وتی: پشت بەیەمامە ببەستن. ئەوانیش وتیان: خەڵکی یەمامە هێزێکی پتەویان هەیە و کاری موسەیلەمەش گەورە هاتووەتەوە. ئەویش وتی: بچنە سەر یەمامە، ئەگەر بەسەر ئەوێدا سەرکەوین، ئیتر شکست روو لەئێمە ناکات. ئەو هەواڵە بەموسەیلەمە گەیشت، ترسا بەسەرقاڵبوونی بەسەجاحەوە، سەمامە یان شەرحەبیلی کوڕی حەسەنە زاڵ بن بەسەر حیجر و هۆزەکانی دەوروبەریاندا. بۆیە دیاریی بۆ سەجاح ناردو داوای لێکرد سەلامەتیی پێ بدات تاوەکو سەردانی بکات. سەربازەکانی هێنایە ئەلئەمواهو سەجاح سەلامەتیی پێ دا و موسەیلەمەش بەچل کەسی نەوەی حەنیفەوە هاتەلای. سەجاح لەگاورێتییدا تەواو شارەزا بوو، زانستی گاورانی تەغەلوبی وەرگرتبوو، موسەیلەمە وتی: نیوەی زەویی هی ئێمەیە و نیوەکەی تری هی قورەیشە، ئەگەر خوای گەورە ئەو نیوەیەی قورەیشی بە تۆ دا، ئەوە پیرۆزبایی ئەوەت لێ دەکەین. ئەویش نیوەکەی قبوڵکرد.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: جگە لەسەیف ئەم هەواڵەی بۆ باسکردووین، کاتێ سەجاح چووە سەر موسەیلەمە، موسەیلەمە قەلاکەی بەڕوودا داخست، سەجاح پێیووت: دابەزە قسە بکەین. موسەیلەمەش وتی: ئەوانەی دەوروبەرت دووربخەرەوە. ئەویش وەهای کرد. موسەیلەمە وتی: دەواریکی بۆ هەڵبدەن. دەواریان هەڵدا، کە سەجاح چووە ناویەوە. موسەیلەمەش دابەزی و وتی: با لێرە دە کەس رابووەستێ و لەوێش دە کەس. پاشان چووە ژوورەوە و وتی:چی شتێك بۆ تۆ بەوەحی هاتووە؟ سەجاح وتی: ئافرەتان سەرەتا قسە ناکەن، بەڵکو تۆ بڵێ چی شتێکت بۆ بەوەحی بۆ هاتووە؟ ئەویش وتی: ئەی ناڕوانیتە پەروەردگارت چی کردووە بەئاژەڵی ئاوس، شیری لێ دەرهێناوە. خوای گەورە وەحی بۆ کردووم کە داوێنی بۆ ئافرەتان دروست کردووە و پیاوانیشی بۆ گێڕاون بەمێرد، ئێمەش ئەندامی نێرینەمان دەخەینە زێیانەوە و ئەوانیش منداڵمان بۆ دەخەنەوە. ئەویش وتی: دەی شایەتیی دەدەم تۆ پەیامبەری،چی دەڵێی مێردت پێ بکەم و بەقەومی خۆم و قەومی تۆ هەموو عەرەب بخۆین؟ ئەویش وتی: باشە. با هەر لێرەدا جووت بین یان لەنێو جێگەی خەو، یان ئەگەر ویستت لەماڵدا...ئەگەر ویستت کەوڵت دەکەم وەگەر ویستت لەسەر چوار پەل... ئەگەر ویستت لەسەر دوو قول...ئەگەر ویستت لەسەر هەمووی...

ئەویش وتی: بەڵکو بەهەمووی. موسەیلەمەش وتی: بەوە وەحیم بۆ دێت. سێ رۆژ لای موسەیلەمە مایەوە و پاشان گەڕایەوە لای قەومەکەی و وتیان: هەواڵی چیت پێیە؟ وتی: موسەیلەمە حەقە، شوێنی کەوتم و شووم پێ کرد. وتیان: ئەی هیچ مارەبیەکی پێت دا؟ وتی: نە. وتیان: دەی بگەڕێوە لای، ناشیرینە نمونەی تۆ بەبێ مارەیی بگەڕێتەوە. سەجاح گەڕایەوە. کاتێ موسەیلەمە ئەوی بینی، دەرگای قەلاکانی داخست، وتی: چیت دەوێ؟ وتی: مارەبیەکم پێ بدە. موسەیلەمە وتی: کێ جارپەری تۆیە؟ وتی: شەبەسی کوڕی رەعیی ئەلڕیاحی. وتی: بۆمی بانگ بکە. وتی: لەنێو شوێنکەوتەکانتاندا جار بدە کە موسەیلەمەی کوڕی حەبیب پەیامبەری خوا، دوو نوێژی لەسەر هەڵگرتوون لەوەی موحەممەد هێناوێتی، ئەویش نوێژی عیشا و نوێژی بەیانییە.

ئەڵێ: لەشوێنکەوتە و ئەوانەی دەوروبەری سجاح، ئەلزیبرقانی کوڕی بەدر و عەتاردی کوڕی حاجیب و هاوشێوەکانیان بوون. ئەلکەلبیی باسیکردووە کە پیاوانی بەتەمەنی نەوەی تەمیم بۆیان باسکردووە، کە تێکڕای نەوەی تەمیم لەئەلڕەمل ئەو دوو نوێژەیان نەدەکرد. سجاح ڕۆیشت و شوێنکەوتەکانیشی ڕۆیشتن کە ئەلزیبرقان و عەتاردی کوڕی حاجیب و عەمری کوڕی ئەلئەهتەم و غەیلانی کوڕی خەرەشە و شەبەسی کوڕی ربیعییشیان تێدا بوو،[1] عەتاردی کوڕی حاجیب وتوویەتی:

أَمْسَتْ نَبِيَّتُنا أُنْثى نُطيفُ بها وأَصْبَحَتْ أنبياءُ النّاس ذُكْرانا

واتا: پەیامبەرەکەی ئێمە ئافرەتێک بوو بەدەورییدا دەسووڕاینەوە، پەیامبەرانی خەڵکییش لەپیاوان بوون.

ئەگەڕێینەوە لای باسەکەی سەیف، لەگەڵ سەجاحدا ڕێککەوت نیوەی داهاتی یەمامەی پێ بدات، بەڵام سەجاح ڕەتیکردەوە، تەنیا بەوە ڕازیی بوو داهاتی سااڵی داهاتووی پێ بدات، موسەیلەمەش بەوە ڕازیی بوو، وتی: بۆ ئەوە کەسێ بەجێبهێڵە بۆ تۆی کۆبکاتەوە و نیوەی ئەوەی ئەمسااڵ هەڵبگرە و بڕۆ. سەجاح نیوەکەی برد و ڕۆیشت بۆ جەزیرە. هوزەیل و عەقە و زیادی بەجێهێشت تاوەکو پشکی سااڵی داهاتوو وەربگرن، زۆری نەخایاند خالیدی کوڕی ئەلوەلید لێیان نزیکبوویەوە، سەجاح هەر لەنێو نەوەی تەغەلوبدا بوو تاوەکو موعاویە لە(عام الجماعة)لەسەردەمی خۆیدا ئەوانی گواستەوە.

خەڵکی عێراق لەدوای عەلی(سەلامی خوای لەسەربێ) دڕ بەموعاویە بوون،موعاویە کە لایەنگرانی عەلی لەکوفە دەبینی،لەخۆی سەرسام و پێی سەیر دەبوو خەڵکی شام و بەسرە و جەزیرە ئەوەی بۆ دەکەن! ئەوانەی کە پێیان دەوترا(النواقل–گوازەرەوەکان) لەشار و ناوچەکاندا، لەکوفەدا قەعقاعی کوڕی عەمری کوڕی مالیکی گواستەوە بۆ ئیلیا لەفەڵەستین و داوای لێکرد دابەزێتە شوێنی نەوەی عەققان و بیانگوازێتەوە بۆلای نەوەی تەمیم. ئەوانیشی لەجەزیرەوە گواستەوە کوفە بۆ شوێنانی ئەلقەعقاع و بەنی ئەبیەر. سەجاح لەگەڵیاندا هات و بەشێوەیەکی جوان بووە موسڵمان. ئەلزیبرقان و ئەلئەقرەع دەرچوون بۆلای ئەبو بەکر و وتیان: خەڕاجی بەحرەین بە ئێمە بدە و ئێمەش گرنتیی

ئەوەت بۆ دەکەین هیچ کەسێ لەقەومەکەمان وەك پێشوو نەکات و هەڵگەڕانەوە روونەدات.

ئەلئەقرەع و شەرحبیل تاوەکو شەپی یەمامەش لەگەڵ خالیددا بەشدار بوون، پاشان ڕۆیشتن بۆ دەومەتولجەندەل.

باسی موسەیلەمەی درۆزن و قەومەکەی لەخەڵکی یەمامە

لەئەلقاسمی کوڕی موحەممەدەوە ئەڵێ: کاتێ ئەبو بەکر، عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهلی ناردە سەر موسەیلەمە، شەرحەبیلیشی بەدوادا نارد، عیکریمە ویستی ناوبانگیی دەربکات و بەوە تووشی کارەساتی کردن. شەرحەبیل لەڕێگەدا بوو هەواڵەکەی پێگەیشت. عیکریمە نامەی بۆ ئەبو بەکر نووسی، ئەبو بەکریش وەڵامی دایەوە کە نەگەڕێیتەوە، چونکە بەگەڕانەوەت ورەی خەڵکیی دەشکێت، بەڵکو لەڕۆیشتندا بەردەوام بە تاوەکو بەفریای حوزەیفە و عەرفەجە دەگەی و شان بەشانیان شەڕی خەڵکی عومان و مەهرە بکە. ئەگەر ئەوان سەرقاڵ مانەوە، خۆت و سەربازەکان بڕۆن و شەڕ مەکەن تاوەکو دەگەن بەئەلموهاجیری کوڕی ئەبو ئومەییە لەیەمەن و حەزرەمەوت. فرمانی بۆ شەرحەبیلیش نارد کە لەشوێنی خۆیدا بمێنێتەوە تاوەکو فرمانی پێ دەگات، ئەمە و بەچەند ڕۆژێك پێش ئەوەی خالید ئاراستە بکات ڕووە و یەمامە. ئەگەر خالید پێتگەیشت و خوای گەورە ویستی لەفەتحی ئەو شوێنانە بوونەوە، بگە بەقوزاعە تاوەکو لەگەڵ عەمری کوڕی ئەلعاص بچنە سەر ئەوانەی پێچەوانەتانن. کاتێك خالید لەئەلبوتاحەوە هاتەوە بۆلای ئەبو بەکر، ئەبو بەکر لەخالید ڕازیی بوو، گوێی لەعوزر و بیانووی گرت و قبوڵی کرد و ئاراستەی کرد ڕووە و موسەیلەمە و خەڵکیی لەگەڵدا ئامادە کرد، سەرپەرشتیاری ئەنساریش سابتی کوڕی قەیس و ئەلبەرائی کوڕی فولان بوون، کۆچەرانیش ئەبو حوزەیفە و زەید، بۆ هەر هۆزێکیش کەسێك بووە سەرپەرشتیار و بەرپرس. خالید پەلەی کرد تاوەکو لەئەلبوتاحدا بەسەربازەکان گەیشت، چاوەڕێی

هاوکاری و فرمان بوو، کاتێك فرمانی پێگەیشت، راپەڕی تاوەکو هاتە یەمامە و نەوەی حەنیفە ئەوکات خەڵکێکی زۆر بوون.

ئەلسسەڕیی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەئەبو عەمری کوڕی ئەلعەلائەوە ئەویش لەپیاوانێکەوە وتوویانە: ئەو رۆژە نەوەی حەنیفە چل هەزار جەنگاوەری هەبووە. خالید رۆیشت تاوەکو گەیشتە یەمامە، شەرحەبیل هەمان هەڵەی عیکریمەی دووبارە کردەوە و پێش ئەوەی خالید بگاتە جێ، شەڕی موسەیلەمەی دەستپێکرد، بۆیە تووشی شکست هات، کاتێك خالید گەیشت، سەرزەنشتی شەرحەبیلی کرد.

ئەلسسڕیی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەعبداللەی کوڕی سەعیدی کوڕی سابت و ئەویش لەو کەسەی بۆی باسکردووە و ئەو کەسەش لەجابری کوڕی فولانەوە وتوویەتی:ئەبو بەکر، سەلیتی بەهاوکاریی بۆ خالید نارد تاوەکو لەپشتەوە پارێزگاریی لێ بکات، ئەبو بەکر ئەیووت:ئەهلی بەدر بەکارناهێنم تاوەکو بەباشترین ئەو کردەوەیەی کردوویانە، بەخوای گەورە بگەنەوە، خوای گەورە بەوان و چاکەکاران بەڵا لا دەدات. عومەری کوڕی خەتابیش ئەیووت: سوێند بەخوا دەبێ لەدەسەڵاتدا هاوبەشییان پێ بکەم و دڵدانەوە و هاوکارییم بکەن.

ئەلسسەڕیی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەتەڵحەی کوڕی ئەلئەعلەمەوە ئەویش لەعوبەیدی کوڕی عومەیرەوە ئەویش لەئوسال ئەلحەنەفییەوە کە لەگەڵ سومانەی کوڕی ئوسالدا بووە وتوویەتی: موسەیلەمە لەگەڵ هەموو کەسێکدا رێکدەکەوت و خەمی نەبوو ناشیرینییەکانی بۆ خەڵکیی دەرکەوێ، نەهار ئەلڕەجالی کوڕی عونفوەی لەگەڵ بوو کە کۆچی کرد بۆلای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) قورئانی دەخوێندەوە و لەئایین شارەزابوو، پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بەمامۆستایی ناردیەلای خەڵکی یەمامە و سەخت بێ لەسەر موسەیلەمە و کاری موسڵمانان تۆکمە بکات، کەچی بووە پشتیوانی موسەیلەمە لەبانگەشەکردنی پەیامبەرێتیدا و پشتی گرت بەوەی گوێی لەموحەممەد بووە وتوویەتی: موسەیلەمەی

لەگەڵدا کراوەتە هاوبەش، خەڵکی یەمامەش بەڕاستیانخستەوە و بەدەمیەوە رۆیشتن. بۆیە گەورەترین فیتنەیەکی نەوەی حەنیفە لەلایەن موسەیلەمەوە بوو. نەهار ئەڵڕەیجال هەرشتێکی بووتبایە، ئەو دوای دەکەوت، بۆ پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) شایەتیی دەدەم و لەبانگدا دەیووت: أشهد أن محمدا رسول الله. عبداللەی کوڕی ئەلنەواحە بانگی بۆ دەدا.

ئافرەتێکی نەوەی حەنیفە خاوەن کونیەی ئوم ئەلهەیسەم دێتەلای موسەیلەمە و ئەڵێ: دارخورماکانمان بەر ناگرن و بیرەکانیشمان وا وشك دەکەن، بۆ ئاو و خورماکانمان داوا لەخوا بکە هەروەك موحەممەد بۆ خەڵکی هەزمان پاڕایەوە.

وتی: ئەی نەهار ئەمە چی دەڵێ؟ وتی: خەڵکی هەزمان هاتن بۆلای موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) و شەکوای ئەوەیان کرد ئاو لەبیرەکانیاندا نەماوە، دارخورماکانیشیان وشك بوونەتەوە، ئەویش بۆیان پاڕایەوە، بیرەکانیان پڕ ئاو بوون و دارخورماکانیشیان بووژانەوە و خورمایان گرت و هێشووی خورمایان شۆڕ بوویەوە و لەزەویی دەخشا و بیرەکانیش لافاویان دروست کرد. وتی: ئەی چی لەبیرەکان کرد؟ وتی: داوای کرد سەتڵێکی بۆ بهێنن. بەسەریدا خوێندی و ئاوی لەدەم وەر دا و پاشان کەمێکی کردەوە ناو سەتڵە ئاوەکە و فەرمووی:"بڕۆن و بیکەنە نێو بیرەکان و پاشان ئاوی دارخورماکانتانی پێ بدەن". ئیتر بیرەکان لەئاستی خۆیاندا ئاویان راگرت و دارخورماکانیش وەك جاران باش بوونەوە.

موسەیلەمەش داوای سەتڵە ئاوێکی کرد، تیایدا بۆیان پاڕایەوە و لەئاوەکەی لەدەم وەردا و پاشان کردیەوە ناوی، ئەوانیش بردیان کردیانە بیرەکانیانەوە، یەکسەر وشك بوون و ئاوەکانیان چوو بەناخی زەویدا، دارخورماکانیش پووکانەوە. نەهار پێیووت: منداڵنی نەوەی حەنیفە بەرەکەتدار بکە. موسەیلەمە وتی: چۆن بەرەکەتدار بکرێن؟ نەهار وتی: خەڵکی حیجاز ئەگەر منداڵێکی تازەیان بهاتبایەتە دونیاوە، ئەیانهێنا بۆلای موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) و ئەویش خورمای دەخستە مەڵاشووی و دەستی بەسەر سەریدا دەهێنا. منداڵێکیان هێنا بۆلای موسەیلەمە، خورمای خستە مەڵاشووی و

دەستی بەسەر سەریدا هێنا، یەکسەر موو بەسەر منداڵەکەوە نەما و مرد. وتیان: بچۆرە لای باخ و بێستانەکانی خەڵك هەروەك چۆن موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) ئەوەی دەکرد، ئەویش رۆیشتە باخێك لەباخەکانی یەمامەوە و دەستنوێژی گرت، نەهار بەخاوەن باخ و بێستانەکەی وت: چی شتێك دەبێتە رێگرت لەوەی ئەلڕەحمان دەستنوێژێك بگرێت و بێستانەکەتی پێ ئاو بدات تاوەکو پاراو بێ و بەرهەمدار بێ هەروەك نەوەی ئەلمەهرییەی بنەماڵەیەك لەبنەماڵەکانی نەوەی حەنیفە دەیانکرد؟ پیاوێکی مەهریی هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و ئاوی دەستنوێژەکەی پەیامبەری خوای هەڵگرت و بردی بۆ یەمامە، کردیە نێو بیرەکەیەوە و پاشان ئاوی لەبیرەکەی هەڵگۆزی، زەوییەکەی بەجۆرێ پیتدار بوو نمونەی نەبێ، بووە باخ و بێستانێکی هەمیشە سەوز. کابراش وتی: باشە با ئەوە بکات. موسەیلەمە ئەوەی کرد، زەوییەکە بووە رووتەڵ و ئیتر تاڵە گیایەکی سەوز نەکرد.

پیاوێك هات بۆلای و وتی: لەخوای گەورە بپارێرەوە بۆ زەوییەکەم، زەوییەکی شۆرەکاتە هەروەك پەیامبەری خوا بۆ کابرای سولەمیی پاڕایەوە.

موسەیلەمە بەنەهاری وت: ئەمە چی دەڵێ؟ نەهار وتی:پیاوێکی سولەمیی هات بۆلای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)، زەوییەکەی شۆرەکات بوو، سوێر بوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆی پاڕایەوە و سەتڵە ئاوێکی پێ دا و کەمێ وردە تفی تێ کرد، کابرا رۆیشت و ئاوی سەتڵەکەی کردە نێو بیرەکەیەوە، ئیتر بووە ئاوێکی سازگار. موسەیلەمەش ئەوەی کرد، کابرا رۆیشت و سەتڵە ئاوەکەی کردە بیرەکەیەوە و هاوشێوەی کابرای سولەمیی کرد، کەچی زەوییەکەی رۆچوو لەئاو و خوێ و هیچ بەرهەم و شوێنەوارێکی نەما.

ئەلسسەڕیی بۆی نووسیم وتی: شوعەیب بۆی باسکردین ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەخولەیدی کوڕی زەفرە ئەلننەمرییەوە ئەویش لەعومەیری کوڕی تەڵحە ئەلننەمەرییەوە ئەویش لەباوکیەوە کە هاتووە بۆ یەمامە و وتوویەتی: موسەیلەمە لەکوێیە؟ وتوویانە: بێدەنگ بە، بڵێ پەیامبەری خوا. ئەویش وتوویەتی: نەخێر وەها ناڵێم تاوەکو نەیبینم.

کە هاتووەتە لای وتوویەتی: تۆ موسەیلەمەی؟ ئەویش ئەڵێ: بەڵێ. ئەڵێ: کێ پەیامت بۆ دەهێنێ؟ موسەیلەمە ئەڵێ: رەحمان. ئەڵێ: لەڕووناکییدا دەیهێنێ یان لەتاریکاییدا؟ موسەیلەمە ئەڵێ: لەتاریکاییدا. ئەویش ئەڵێ: دەی شایەتیی دەدەم تۆ درۆزنی و موحەممەد راستگۆیە، بەڵام درۆزنی ڕەبیعە بەلامانەوە شیرینترە لەڕاستگۆی مەزەر. لەڕۆژی عەرقەباء لەگەڵ موسەیلەمەدا کوژرا.

ئەلسسەجیی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەتەڵحەی کوڕی ئەلەئەعلەوە ئەویش لەعوبەیدی کوڕی عومەیرەوە ئەویش لەپیاوێکی خۆیانەوە وتی: کاتێ هەوازن نزیکبوونەوەی خالید بەموسەیلەمە گەیشت، لەعەرقەباء سەربازگەی لێ دا، هانی خەڵکیی دا ڕاپەڕن، خەڵکیی دەرچوونەلای، مەجاعەی کوڕی موراڕەش بەسریەیەکەوە دەرچوو بۆ تۆڵەکردنەوە لەنەوەی عامر و نەوەی تەمیم و ترسا دەرفەتی تۆڵەکردنەوەی لەدەست دەربچێ. تۆڵەکردنەوەی لەنەوەی عامر بەهۆی خەولەی کچی جەعفەرەوە بوو، نەیانهێشت مارەی بکات، تۆڵەکردنەوەشی لەنەوەی تەمیم، بەهۆی ئەوەوە بوو وشترەکانیان بردبوو.

خالید، پێشوازیی لەشەرحەبیلی کوڕی حەسەنە کرد، پێشیخست، خالیدی کوڕی ئەلفولان ئەلمەخزومیی کردە سەرپەرشتیاری پێشەوەی سوپا، زەید و ئەبو حوزەیفەشی کردە بەرپرسی هەردوو لاشانەوەی سوپا،موسەیلەمەش ئەلمەحکەم و ئەلڕجالی کردە بەرپرسی هەردوو لاشانەوەی سوپاکەی. خالید بەڕێکەوت و شەرحەبیلیشی لەگەڵدا بوو تاوەکو لەشەودا پەلاماری لەناکاوی بردە سەر جوبەیلە و کوشتارێکی سەختیان کرد، ئەڵێن چل کەس یان شەست کەس بوونە و لەوانی نەوەی عامرەوە دەگەڕانەوە،خەولەی کچی جەعفەریان لەنێویاندا دەرکرد. لەنزیک دەلاقەی یەمامە شەویان کردەوە و خەوتن، هەر ئەوەندەی پێچوو کەوتنە دیلی موسڵمانەکانەوە،پێیان وترا: ئێوە کێن؟ وتیان: ئەمە مەجاعەیە و ئەوەش حەنیفە. وتیان: ئەوە ئێوەن، یاخوا بەخێر نەیەن! دیلکران و هێنرانە لای خالید،خالید وەهای زانی ئەوان هاتوون بۆ پێشوازیی سوپای موسڵمانان، وتی: کەی ئاگاداربوون ئێمە هاتووین؟ وتیان: هەستمان بەهاتنی ئێوە نەکردووە، بەڵکو

هەتووین بۆ تۆڵەکردنەوەی خۆمان لەوانەی دەوروبەرمان لەنەوەی عامر و تەمیم. جا ئەگەر ژیربوونایە دەیانووت: کە گوێبیستنی هاتنی تۆ بووین، هاتین بۆ پێشوازیکردنت.

بۆیە خالید فرمانی کرد بکوژرێن و تەنیا مەجاعەی هێشتەوە، وەك بارمتەیەکی لێ کرد.

ئەلسپرپی بۆی نووسیم و وتی: شوعەیب بۆی باسکردم ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەتەڵحەوە ئەویش لەعیکریمەوە ئەویش لەئەبو هورەیرەوە و عبداللەی کوڕی سەعیدەوە ئەویش لەئەبو سەعید و ئەویش لەئەبون هورەیرەوە وتی: ئەبو بەکر ناردی بەشوێن ئەلڕیجالدا. ئەبو ئەلڕیجال هات بۆلای، ئەبو بەکریش وەستێنکی پێ کرد و پاشان ڕەوانەی کرد بۆلای خەڵکی یەمامە و وەهای زانی هەڵسەنگاندن و بڕیاری بۆ دەدات. ئەبو هورەیرە ئەڵێ: لەگەڵ چەند کەسێك لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دانیشتبووین و ئەلڕیجال کوڕی عونقوەشمان لەگەڵ بوو، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"پیاوێکتان لەنێواندایە کەڵپەی لەنێو دۆزەخدا گەورەترە لەچیای ئوحود". هەموو ئەوانەی لەو مەجلیسەدا بوون کۆچی دواییان کرد و تەنیا من و ئەلڕیجال زیندوو ماینەوە، دەترسام ئەو کەسە من بم تاوەکو ئەلڕیجال دەرچوو لەگەڵ موسەیلەمەدا و شایەتیی پەیامبەرایەتیی بۆ دا، بێگومان فیتنەی ئەلڕیجال گەورەتر بوو لەفیتنەی موسەیلەمە.

ئەبو بەکر، خالیدی نارد سەریان، خالید بەڕێکەوت تاوەکو گەیشتە کەندەلانی چوونە نێو یەمامە، مەجاعی کوڕی مورارە کە گەورەی نەوەی حەنیفە بوو، لەنێو چیایەکی قەومەکەیدا پێشوازیی کرد کە نیازی هەبوو پەلاماری نەوەی عامر بدات و داوای خۆێن بکات، بیست و سێ سوار بوون، خەویان لێکەوتبوو خالید لەشەودا قۆڵبەستی کردن. خالید وتی: کەی گوێبیست بوون کە ئێمە هاتووین؟

وتیان: گوێبیستی هاتنی ئێوە نەبووینە، بەڵکو هاتووین بۆ تۆڵەکردنەوەی خۆێن لەنەوەی عامر، خالیدیش فرمانی دا و لەگەردنیان درا و تەنیا مەجاعەی بەزیندوو هێشتەوە.

پاشان بەڕێکەوت بۆ یەمامە، کە موسەیلەمە و نەوەی حەنیفە بەهاتنی خالید ئاگادارببوون، دەرچوون و دابەزینە عەرقەباء، کە لەدەوری یەمامە بوو، دێهاتەکانی یەمامە کەوتنە پشتیانەوە، شەرحەبیلی کوڕی موسەیلەمە وتی: ئەی نەوەی حەنیفە، ئەمڕۆ ڕۆژی غیرەتە،ئەگەر ئەمڕۆ بدۆڕێن، ئەوە ژنەکانتان دەکرێنە سەبایە و بەبێ خوازبێنی و مارەیی لەگەڵیاندا جووت دەبن، بۆیە لەبەر ڕەچەڵەک و شەرەفی خۆتان بجەنگن وبەرگریی لەژنەکانتان بکەن. لەعەرقەبائدا شەڕیان کرد، ئالای کۆچەران لای سالمی خزمەتکاری ئەبو حوزەیفە بوو، وتیان: لەخۆت دەترسێی. ئەویش وتی: ئەگەر بەو جۆرە بێ کە ئێوە ئەیڵێن، ئەوە خراپترین هەڵگرێکی قورئانم. ئالای ئەنساریش بەدەست سابتی کوڕی قەیسی کوڕی شەمماسەوە بوو، بوونی عەرەب بەئالاکانیانەوە بوو،هەر هۆزێك ئالای خۆی هەبوو، مەجاعەش دیل بوو لەگەڵ ئوم تەمیمدا بوو لەنێو دەوارەکەی ئوم تەمیمدا. موسڵمانەکان یەك پەلاماریان برد و خەڵکانێکی نەوەی حەنیفە چوونە دەوارەکەی ئوم تەمیمەوە و ویستیان بیکوژن، مەجاعە بەرگریی لێکرد و وتی: من دالّدەدەری ئەم ئافرەتەم و باشترین ئافرەتێکە، بۆیە موسڵمانەکان پەلاماڕێکی تریان بردە سەر نەوەی حەنیفە و نەوەی حەنیفەیان دۆڕاند، ئەلموحەکیمی کوڕی ئەلتوفەیل وتی: ئەی نەوەی حەنیفە بچنە نێو باخەکەوە، من لەپشتەوە بەرگرییتان لێ دەکەم. بۆ کاتژمێرێك شەڕی کرد و خوای گەورە کوشتی، لەلایەن عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبو بەکرەوە کوژرا. بێباوەڕان ڕۆیشتنە باخەکەوە، وەحشیی موسەیلەمەی کوشت و پیاوێکی ئەنساریش لەو کوشتنەدا لەگەڵیدا بەشداربوو.

لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە نزیك بەم باسەی سەیفی گێڕاوەتەوە، تەنیا ئەوە نەبێ ئەڵێ: لەبەیانییدا خالید بانگی مەجاعە و ئەوانەی لەگەڵیدا دەستگیراکرابوون کرد و وتی: ئەی نەوەی حەنیفە چی دەڵێن؟ وتیان: ئەڵێین پەیامبەرێك لەئێمە و پەیامبەرێك لەئێوە. ئەویش دەستی کردە کوشتنیان تاوەکو پیاوێکیان لێ مایەوە پێیدەوترا ساریەی کوڕی عامر و مەجاعەی کوڕی مورارەشی نەکوشت. ساریە پێیووت: ئەی پیاو ئەگەر بەیانیی خێر یان شەڕت ویست بەرانبەر بەم دێیە، ئەوە ئەم پیاوە مەکوژە، واتا

مەجاعە. بۆیە خالید فرمانی کرد بەکەلەپچە بیبەستنەوە و پاشان خستیە لای ئوم تەمیمی خێزانی و وتی: ڕێنماییت دەکەم چاك بی لەگەڵ ئەم پیاوەدا. پاشان ڕۆیشت تاوەکو چووە سەر تەپۆڵکەیەك کە دەیڕوانیە یەمامە.

لەوێدا سەربازگەی لێ دا و خەڵکی یەمامەش لەگەڵ موسەیلەمەدا دەرچوون و ئەلڕیجال لەپێشەوەی پیاوانی موسەیلەمەوە بوو. ئەبو جەعفەر وەهای وت، ئیبن حومەید وتی بالحائی کوڕی عونفوەی کوڕی نەهشەل، ئەلڕیجال یەکێك بوو لەپیاوانی نەوەی حەنیفە، بووە موسڵمان و سۆرەتی ئەلبەقەرەی خوێند، کە هاتە یەمامە، شایەتیی دا بۆ موسەیلەمە بەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەپەیامبەرایەتییدا هاوبەشی کردووە. بۆیە فیتنەی ئەلڕیجال بەسەر خەڵکی یەمامەوە گەورەتر بوو لەفیتنەی موسەیلەمە.

خالیدی کوڕی ئەلولید لەسەر تەختی خۆی دانیشتبوو، گەورەکانی خەڵکییش لای دانیشتبوون، چەخماخەیەکی لەنەوەی حەنیفەی بینی و وتی: مزگێنیی بدەن ئەی موسڵمانان، بێگومان خوای گەورە دوژمنەکەتانی بۆ لەکۆڵ کردنەوە، ئەگەر خوای گەورە ویستی لێ هەبێ، وا ناکۆکییان کەوتە نێوانەوە. مەجاعە کە بەئاسنەوە کەلەپچە کرابوو، سەیرێکی کرد و وتی: نەخێر سوێند بەخوا ئەوە شمشێری ئەلهندوانییە و ترسان تێکبشکێ، بۆیە ڕووە و خۆر دایانناتاوەکو نەرم بێتەوە. کاتێك موسڵمانەکان ڕووبەڕوویان بوونەوە، یەکەمین کەسێك کە ڕووبەڕوویان بوونەوە، ئەلڕیجالی کوڕی عونفوە بوو، خوای گەورە کوشتی.

لەئەبو هورەیرەوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ڕۆژێك ئەوەی فەرموو کە خۆی و ریجالی کوڕی عونفوە لەمەجلیسێکدا لای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دانیشتبوون، فەرمووی: "یەکێك لەئێوە لەم مەجلیسە، لەڕۆژی قیامەتدا لەنێو دۆزەخدایە و کەلپەی لەچیای ئوحود گەورەترە". ئەبو هورەیرە ئەڵێ: هەموو ئەوانەی نێو ئەو مەجلیسە ڕێگەی قیامەتیان گرتەبەر و من و ریجالی کوڕی عونفوە لەدونیا مابووینەوە، هەمیشە دەترسام ئەو کەسە من بم، تا ئەوەی گوێم لێ بوو ریجال لەئیسلام

هەڵگەڕاوەتەوە،ئەوکات باوەڕم بەهێزترببوویەوە و دڵنیابوومەوە ئەوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویووی، حەق بووە. پاشان خەڵکیی بەیەکگەیشتن و عەرەب لەپێشتردا نمونەی ئەو شەپەی نەکردبوو، خەڵکیی شەپێکی سەختیان کرد. موسڵمانەکان شکستیان هێنا و نەوەی حەنیفە خۆیان گەیاندە مەجاعە و خالید، خالید لەدەوارەکەی دوورخرایەوە و خەڵکیی هاتنە نێو دەوارەکەوە و مەجاعەش لەنێو دەوارەکەدا بوو لای ئوم تەمیم، پیاوێك بەشمشێر هەڵمەتی بردەسەر ئوم تەمیم،مەجاعە وتی: وا مەکە، من پەنای ئەم ئافرەتەم داوە و ئافرەتێکی بەڕێزە. بەزەبری شمشێر دەوارەکەیان درێ و شێواند،پاشان موسڵمانەکان هەڵمەتیان هێنا و سابتی کوڕی قەیس وتی: ئەی کۆمەڵی موسڵمانان ئەمە خراپترین کارێکە خۆتانتان لەسەر راهێناوە بدۆڕێن، خوایە گیان من بەری بوونی خۆمت دەهێنمە لا لەوەی ئەمانە دەیپەرستن(واتا خەڵکی یەمامە)، بەریی بوونی خۆمت دەهێنمەلا لەوەی موسڵمانان بێ توانایی دەردەخەن. پاشان بەشمشێرەوە هەڵمەتی بردە تاوەکو کوژرا. کاتێك خەڵکیی لەکۆڵوباریان دوورکەوتنەوە، زەیدی کوڕی خەتاب وتی: ئێتر ئەو کۆڵوبارەم ناوێ. شەڕی کرد تاوەکو کوژرا. ئەلبەرائی کوڕی مالیك و موسڵمانەکان پەلاماریان بردە تاوەکو گەیشتە ئەلموحەکەمی ئەلیەمامە کە موحەکەمی کوڕی توفەیل بوو، کاتێ شەڕەکەی پێگەیشت وتی: ئەی کۆمەڵی بەنو حەنیفە، سوێند بەخوا نزیکبووەتەوە ژنانی بەڕێز بکرێنە کۆیلە، هەرکەسێ رێز و بنەماڵەی هەیە، با ئافرەتانی خۆی رزگار بکات، شەڕێکی سەختی کرد و عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبو بەکری سدیق تیرێکی تێگرت و دای لەگەردنی و کوشتی. پاشان موسڵمانەکان پەلاماریان بردە تاوەکو ئەوانیان خستە نێو باخ و باخچەکەوە، باخچەی مەرگ و موسەیلەمەی درۆزنی دوژمنی خوای تێدا بوو،ئەلبەراء وتی: ئەی کۆمەڵی موسڵمانان من هەڵبدەنە نێویان بۆ نێو باخەکە. خەڵکیی وتیان: ئەو کارە مەکە ئەی بەراء. ئەویش وتی: سوێند بەخوا دەبێ من هەڵبدەنە نێویان. هەڵیانگرت و لەسەر دیوارەوە هەڵیاندایە ئەو دیووەوە، لەدەرگای باخچەکەوە شەڕی کرد تاوەکو دەرگای بۆ موسڵمانەکان کردەوە. موسڵمانەکان هاتنە ژوورەوە بۆ سەریان تاوەکو خوای گەورە

موسەیلەمەی دوژمنی خوای کوشت. لەکوشتنیدا پیاوێکی ئەنساریی هاوبەشی وەحشیی خزمەتکاری جوبەیری کوڕی موتعیم بوو، وەحشیی بەحەربەکەی لێی دا و ئەنساریيەکەش بەشمشێر لێی دا. وەحشیی دەیووت: تەنیا پەروەردگار دەزانێ کام لەئێمە موسەیلەمەی کوشت.

لەعبداللەی کوڕی عومەرەوە ئەڵێ: ئەو رۆژە گوێم لەپیاوێك بوو هاوار و قیژەی دەکرد و ئەیووت:کۆیلەیەکی رەش ئەوی کوشت.

ئەلسسرپی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەیوسفەوە ئەویش لەتەڵحەوە ئەویش لەعوبەیدی کوڕی عومەیرەوە ئەڵێ: ئەلڕیجال بەرانبەر بەزەیدی کوڕی ئەلخەتاب بوو، کاتێ لەیەك نزیکبوونەوە، زەید وتی: ئەی ریجال، سوێند بەخوا تۆ دەستبەرداری ئایین بووی، ئەوەی من، تۆی بۆ بانگەواز دەکەم، باشترە بۆ تۆ و چاکترە بۆ دونیات. کەچی ئەلڕیجال رەتیکردەوە و شەڕی کرد و بەنو حەنیفەکان شەڕیان کرد، بەجۆرێ شەڕیان کرد کە بێزار بوون، موسڵمانەکانیش هەڵمەتیان بردە سەریان، پاشان پیاوانی بەنو حەنیفە هەڵمەتیان هێنا و ویستیان ئوم تەمیم بکوژن، مەجاعە بەرگریی لێ کرد، زەید و خالید و ئەبو حوزەیفە بێزار هاتبوون، خەڵکیی قسەیان دەکرد، رۆژێکی پڕ تەپۆتۆز و تەم بوو، زەید وتی: سوێند بەخوا ئەمڕۆ هیچ قسەیەك ناکەم تاوەکو تێکیاندەشکێنین یان بەخوا دەگەمەوە و بەڵگەی خۆم دەخەمە بەردەم خوای گەورە. ئەی خەڵکینە هەڵمەت بەرن و دوژمنەکانتان بشکێنن. موسڵمانەکانیش هەڵمەتیان برد تاوەکو دوورتر لەشوێنی خۆیان، نەوەی حەنیفەیان دوورخستەوە، زەید بەڕەحمەت بێ کوژرا، سابت وتی: ئەی کۆمەڵی موسڵمانان ئێوە دەستەی خوان و ئەوان دەستەی شەیتانن، شکۆمەندیی بۆ خوا و پەیامبەر و دەستەی باوەڕدارانێتی، پیشانم بدەن چۆن شەڕ دەکەن هەروەك من پیشانی ئێوەی دەدەم. هەڵمەتی برد تاوەکو نەوەی حەنیفەی لەسەنگەرەکان هەڵکەند. ئەبو حوزەیفە وتی: ئەی قورئانخوێنان، بەکردەوە قورئان بڕازێننەوە و هەڵمەتی برد، بەڕەحمەت بێ پێکرا. خالیدی کوڕی ئەلوەلیدیش هەڵمەتی برد و چاوەڕێی دەرفەتی دەکرد و چاوی لەسەر موسەیلەمە بوو.

ئەلسسرپیی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەموبەشیری کوڕی ئەلفوزەیلەوە ئەویش لەسالمی کوڕی عبداللەوە وتی: کاتێ ئەو رۆژە ئالاکە درایە دەستی سالم، سالم وتی: نازانم لەبەر چی شتێك ئەم ئالایەتان بەمن دا. وتیان: تۆ هەڵگری قورئانی و دامەزراوی، چۆن قورئان دەپارێزی، ئاوەهاش ئالاکە دەپارێزێ و تاوەکو مردن بەرگریی لێ دەکەی. ئەویش وتی: دەی من خراپترین قورئان خوێنێکم ئەگەر دامەزراو نەبم. لەپێش ئەو، ئالاهەڵگر بریتی بوو لە عبداللەی کوڕی حەفسی کوڕی غانم. عبداللەی کوڕی سەعیدی کوڕی سابت و ئیبن ئیسحاق وتوویانە: مەجاعە بەنەوەی حەنیفەی وت:هەڵمەتیان ببەنە سەر، وا موسڵمانەکان بێزارن و پرتەوبۆڵەیانە لەنێوان خۆیاندا. پیاوانێك لەهاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) قسەیان کرد، زەیدی کوڕی خەتاب وتی: سوێند بەخوا نابێ هیچ قسەیەك بکەم، یان سەردەکەوم یان دەکوژرێم، ئێوەش ئەوە بکەن کە من دەیکەم. هەڵمەتی برد و هاوەڵەکانیشی هەڵمەتیان برد. سابتی کوڕی قەیس وتی: ئەی کۆمەڵی موسڵمان، ئەمە خراپترین خووە پەیداتان کردووە، دەی توانای خۆتان پیشانی دوژمن بدەن. زەیدی کوڕی خەتاب(بەڕەحمەت بێ) کوژرا.

ئەلسسرپیی بۆی نووسیم و وتی: شوعەیب بۆی باسکردین ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەموبەشیرەوە ئەویش لەسالمەوە وتی: عومەر بەعبداللەی کوڕی عومەری وت کاتێ عبدالله گەڕایەوە: زەید کوژرا و تۆش زیندووی؟ عبدالله وتی: پێداگربووم من شەهید بم، بەڵام دەروونم دواکەوت و خوای گەورە بەشەهیدبوون رێزی لەو گرت. سەهل ئەڵێ: عومەر پێیووت: زەید کوژرا و تۆش گەڕایتەوە؟ ئەی بۆ رووم لێ ناگێڕی! عبدالله وتی: ئەو داوای شەهیدبوونی کرد لەخوای گەورە، خوای گەورە پێی بەخشی، منیش هەوڵمدا پێی بگەم، بەڵام خوای گەورە بە منی نەبەخشی.

ئەلسسرپیی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەتەڵحەی کوڕی ئەلئەعلەمەوە ئەویش لەعوبەیدی کوڕی عومەیرەوە کە کۆچەران و پشتیوانان لەگەڵ دەشتنیشاندا یەکتریان دەترساند، هەندێکیان بەیەکتریان دەوت، با شتانێك

بکەین پێیەوە شەرم بکەین ئەمڕۆ هەڵبێین و خۆمان بناسێنین لەکوێوە هاتووین. بۆیە ئەوەیان کرد، دێهاتنشینەکان وتیان: ئەی دەشتنشینان، ئێمە لەئێوە شارەزاترین بۆ شەڕکردن. دەشتنشینانیش بەخەڵکانی دێهات وتیان: خەڵکانی دێهات نازانن باش شەڕ بکەن و نازانن شەڕ چییە ! با رووبەڕووببینەوە، ئەوکات دەردەکەوێ کام لەئێمە پیاوی شەڕ و گۆڕەپانین. کە شەڕێك رووی دا، شەڕێك رووی دا توانای هیچ یەکێ لەو دوو کۆمەڵەیە دەرنەکەوت، بەڵام کۆست و بەڵای نێو کۆچەران و پشتیوانان زۆرتر بوو لەکۆستی دەشتنشینان. عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبو بەکر، تیرێکی گرتە ئەلموحەکەم و کوشتی لەکاتێکدا وتاری دەدا. زەیدی کوڕی خەتابیش، ئەلڕیجالی کوڕی عونفوەی کوشت.

ئەلسسڕیی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەئەلزەحاکی کوڕی یەربوعەوە ئەویش لەباوکیەوە ئەویش لەپیاوێکی نەوەی سوحەیمەوە کە لەگەڵ خالیددا بەشداری ئەو شەڕە بوو وتی: کاتێ شەڕ سەخت هاتەوە، جارێك موسڵمانەکان دەدۆڕان و جارێکیش بێباوەڕان. خالید وتی:ئەی خەڵکینە،دەی هەڵمەت ببەن و هەر کۆمەڵ و دێیەك توانای خۆی دەربخات، ئیتر خەڵکی دێهات و دەشتنشین و شارنشینەکان هەر کۆمەڵە و ئاڵای خۆیانیان هەڵگرت، شەڕێکی سەخت رووی دا و موسەیلەمە خۆی گرت و دەستاڕی شەڕ لەدژی دەسووڕایەوە، خالید بۆی دەرکەوت سەرەنجام موسەیلەمە دەکوژرێت و نەوەی حەنیفە فریای کوژراوەکانیان نەدەکەوتن. خالید وتی: کێ دێتە بەرانبەرم، من کوڕی ئەلوەلیدم، کوڕی عامر و زەیدم. دروشمی ئەوکاتی موسڵمانانی دەوتەوە کە (یا محمداه) بوو، ئیتر هەرکەسێ بهاتبایەتە پێشی، دەیکوشت و ئەم شیعرەی دەوتەوە:

أنا ابن أشياخ وسيفي السخت أعظم شيء حين يأتيك النفت

واتا: من کوڕی گەورەکانم و لەکاتی تووڕەیی و سەختبوونی جەنگدا، شمشێرەکەم تووند و بەزەبەرە و لەهەموو شتێکی تر سەختتر و بەهێزترە.

دەستاڕی موسڵمانان ئەوانی دەهاڕی، پاشان کاتێك خالید لەموسەیلەمە نزیکبوویەوە، بانگیکرد و پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) فەرموویووی:"موسەیلەمە شەیتانێکی لەگەڵدایە کاتێ بیگرێت، هەردوو شەویلگەی وەك مێوژ رەش هەڵدەگەڕێن،ئەگەر کەلێنێکتان لێ دۆزییەوە، بواری مەدەن". جا کاتێك خالید لێی نزیکبوویەوە، ویستی کەلێنێك لەموسەیلەمە بدۆزێتەوە، داوایەکی لێکرد، شتانێکی خستەبەردەم موسەیلەمە کە موسەیلەمە ئارەزووی دەکرد و حەزی لێ دەکرد. وتی: ئەگەر نیوەمان قبوڵ بێ، چی نیوەیەکمان پێ دەدەن؟ بۆ وەڵامدانەوە ڕووی وەردەگێڕا و شەیتانەکەی ڕێگریی لێ دەکرد کە ئەوە نەکات. جارێکی تر ڕووی وەرگێڕا، خالید پەلاماری دا و بریندار کرد. هەڵهات و ئەوانیش دوورکەوتنەوە، خالید بەخەڵکەکەی وت: بواریان مەدەن و پەلاماریان بدەن. ئەوە بووە هۆکاری شکستی نەوەی حەنیفە. کاتێ خەڵکیی لەموسەیلەمە دوورکەوتنەوە و هەڵهاتن، بەخەڵکەکەی وت: ئەوە بۆ کوێ هەڵدێن! ئەی ئێوە بەڵێنی چیتان بەئێمە دا؟ وتیان: شەڕ دەکەین بۆ ڕزگارکردنی ژنان و شەرەفمان. ئەلموحەکەم هاواری کرد: ئەی نەوەی حەنیفە خۆتان بگەیەننە باخچەکە باخچەکە. وەحشیی هاتەسەر موسەیلەمە کە خۆی دابووە پەنای دیوارێکدا، حەربەکەی لێ گیر کرد و کوشتی، خەڵکیی هاتنەسەریان لەباخچەی مەرگدا، لەسەر دیوار و دەرگاکانییەوە هاتنە سەریان، لەو جەنگە و لەباخچەی مەرگدا دە هەزار جەنگاوەر کوژران.

ئەلسسرپی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەهارونەوە و تەڵحەش لەعەمری کوڕی شوعەیبەوە و ئیبن ئیسحاق کە وتوویانە:کاتێك موسڵمانەکان خۆڕاگرانە جەنگان، نەوەی حەنیفە هەڵهاتن ڕووەو باخچەی مەرگ و موسڵمانەکانیش دوایانکەوتن،ئەوکات لەبارەی کوژرانی موسەیلەمەوە جیاوازییان لەنێواندا دروست بوو، موسڵمانەکان دەورەیان لێیان دا، ئەلبەرائی کوڕی مالیك هاواری کرد:ئەی کۆمەڵی موسڵمانان هەڵمبگرن و بمخەنە سەر دیوارەکە تاوەکو بچمە سەری. ئەوانیش بەرزیان کردەوە، کە خستیانە سەر دیوارەکە، سەیرێکی کرد و ترسا و وتی: دامگرن. پاشان وتی بەرزمبکەنەوە. چەند جارێك ئەوەی کرد، پاشان وتی: لەنێوبچێ ئەم ترسە، دەی

هەڵمبگرن. کە هەڵیانگرت و خستیانە سەر دیوارەکە، چووە ئەودیووەوە و لای دەرگای باخچەکە شەپی بەنو حەنیفەی کرد تاوەکو دەرگاکەی بۆ موسڵمانەکان کردەوە کە ئەودیوو دەرگاکەوە لەچاوەڕوانییدا بوون. موسڵمانەکان هاتنە ژوورەوە، دەرگاکەی بەسەریاندا داخست، شەڕێکی بێ وێنە رووی دا، شەڕێکی سەخت. خوای گەورە موسەیلەمەی کوشت، نەوەی حەنیفە وتیان:ئەی ئەو بەڵێنە لەکوێیە کە بە ئێمەت دەدا؟! ئەویش وتی: بۆ رزگارکردنی شەرەفی خۆتان بجەنگن.

لەهارون و تەڵحە و ئیبن ئیسحاقەوە وتیان: کاتێ یەکێ هاواری کرد: کوێلە رەشەکە موسەیلەمەی کوشت. خالید، مەجاعەی بەکۆتی ئاسنینەوە هێنا تاوەکو موسەیلەمە و گەورەکانی سوپاکەی پیشان بدات و هاتەسەر تەرمی ئەلڕیجال و وتی: ئەمە ئەلڕیجالە.

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: کاتێ موسڵمانەکان لەکوشتنی موسەیلەمە بوونەوە، ئەو هەوالّە بەخالید گەینرا، بۆیە مەجاعەی بەکۆتی ئاسنینەوە هێنا تاوەکو موسەیلەمەی پیشان بدات. کوژراو بەکوژراو تەماشای دەکردن تاوەکو بەلای تەرمی موحەککەمی کوڕی ئەلتوفەیلدا تێپەڕی، پیاوێکی چوارشانەی قۆز بوو. کە خالید موحەککەمی بینی، وتی: ئەمە گەورەکەتانە؟ وتی: نە، سوێند بەخوا ئەم لەو باشتر بوو، ئەمە موحەکەمی یەمامەیە. ئەڵێ: پاشان خالید رۆیشت و کوژراوانی باخچەکەی دەپشکنی و رووی پیشان دەدا، تەرمی نیوە پیاوێکی کەپوو شۆڕ بوو، مەجاعە وتی: ئەمە خۆیەتی وا لەکۆڵتان بووەتەوە. خالید بەمەجاعەی وت: ئەمە ئەو گەورەیەی ئێوەیە کە ئەوە و ئەوەی بەسەرتاندا هێنا!

لەئەلزەحاکەوە ئەویش لەباوکیەوە وتی: پیاوێکی نەوەی عامری کوڕی حەنیفە پێیدەوترا ئەلئەغلەبی کوڕی عامری کوڕی حەنیفە، تووندترین گەردنێکی هەبوو بەراورد بەخەڵکی تر، کاتێ ئەو رۆژە هاوبەشی پەیداکەران دۆڕان و موسڵمانەکان لەهەموولایەکەوە ئەوانیان گەمارۆ دا،پیاوێکی ئەنساریی خاوەن کونیەی ئەبو بەسیرەیان بانگکرد و چەند کەسێکی لەگەڵ بوو، کە ئەلئەغلەبیان لەنێو کوژراواندا بینی، وهایان زانی کوژراوە، وتیان: ئەی ئەبو بەسیرە تۆ وەهای دادەنێی شمشێرەکەت بڕەرە، ئەگەر

وەهایە لەملی ئەلئەغلەبی مردوو بدە و ملی بپەڕێنە، ئەگەر وەهابوو، ئەوە ئەوەی لەبارەی تۆوە وتراوە، راستە. وەهایان دەزانی کوژراوە، بەڵام کاتێ ئەبو بەسیرە لێی نزیك بوویەوە، راستبوویەوە و هەڵهات، ئەبو بەسیرە دوایکەوت و ئەیووت: من ئەبو بەسیرەی ئەنساریم، وەهای کرد ئەلئەغلەب بەتووندییەوە هەوڵی خۆ رگارکردن بدات و زیاتر هەڵبێت.

لەکۆچەران و پشتیوانانی مەدینە، ئەو رۆژە سێسەد و شەست کەس کوژران. سەهل و لەکۆچەرانی جگە خەڵکی مەدینە و تابیعین وتوویانە: لەمان سێسەد کەس و لەوان شەسەد یان زیاتر کوژرا. پیاوێکی بێباوەڕ سابتی کوڕی قەیسی کوشت. لەدەشتی عەقربائدا حەوت هەزار لەنەوەی حەنیفە کوژرا، لەباخچەی مەرگیشدا حەوت هەزار و لەدوای هەڵهاتنیش نزیك بەو ئاستە کوژران.

سالّی دوانزەی کۆچی

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: دوای ئەوەی خالید لەکاری یەمامە بوویەوە، ئەبو بەکری سدیق(بەڕەحمەت بێ) نامەی بۆ نووسی و خالید لەیەمامە بوو:بەڕێبکەوە بۆ عێراق و بچۆرە عێراقەوە، سەرەتا لەسەر رێگەی هیندەوە دەستپێبکە کە ئەلئوبللەیە و هەوڵی راکێشانی خەڵکی فارس و ئەو نەتەوانە بدە لەدەسەلاّتی ئەواندان.

لەو کەسانەی لەوەدا ناوم هێنان، کە ئەبو بەکر(خوای لێ رازیی بێ) خالیدی کوڕی وەلیدی ئاراستە کرد رووەو زەویی کوفە، هەروەها موسەنای کوڕی حاریسەی ئەلشەیبانیشیان تێدا بوو، بۆیە لەموحەڕەمی سالّی دوانزەی کۆچییدا کەوتەڕێ و رێگەکەی خستەسەر بەسرە، هەروەها قوتبەی کوڕی قەتادەی ئەلسسەدوسییشی تێدا بوو.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: هەرچی واقیدییە، ئەوە وتوویەتی: لەبارەی کاری خالیدی کوڕی وەلیدەوە جیاوازیی هەیە، کەسی وا هەیە ئەڵێ: لەیەمامەوە رووی کردووەتە عێراق،

هەندێکی تر ئەڵێن: لەیەمامەوە گەڕاوەتەوە مەدینە و لەمەدینەوە ڕووی کردووەتە عێراق بەڕێگەی کوفە تاوەکو گەیشتووەتە حیرە.

لەسااڵی کۆڕی کیسانەوە کە ئەبو بەکر(بەڕەحمەت بێ) نامەی بۆ خالیدی کۆڕی وەلید نووسیووە و فرمانی پێکردووە ڕوو بکاتە عێراق، خالیدیش بەڕێکەوتووە بەمەبەستی گەیشتنە عێراق تاوەکو دابەزیووەتە هەندێ دێهاتی زەویی ڕەش(السواد) پێیانووتراوە: بانیقیا و باروسما و ئەللەیس،لەگەڵ خەڵکەکەیدا ڕێککەوتووە، ئەوەی لەگەڵیدا ڕێککەوتووە ئیبن سەلوبا بووە و لەسااڵی دوانزەدا بووە، خالید جیزیەی لێ قبوڵکردوون و نووسراوێکی بۆ نووسیوون کە تیایدا هاتووە:بەناوی خوای گەورەی میهرەبان، لەخالیدی کۆڕی ئەلوەلیدەوە بۆ ئیبن سەلوبا ئەلسەوادی کە شوێنی نیشتەجێبوونی لەکەناری فوراتە، تۆ لەسەلامەتییدای بەسەلامەتی و ئەمانی خوای گەورە، بەپێدانی جیزیە، خوێنی پارێزراوە، تۆ لەبری خۆت و کەسوکارەکەت و دوورگەکەت و ئەوانەی لەدێیەکەتدایە لەبانیقیا و باروسما جیزیەی هەزار درهەمت داوە، من لە تۆم قبوڵکرد و ئەو موسڵمانانەی لەگەڵمدان بەوە لێت ڕازیی بوون، پاراستنی ئێوە لەئەستۆی خوا و موحەممەدی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و موسڵمانانە. هیشامی کۆڕی عەبدولمەلیك شایەتیی دا، پاشان خالیدی کۆڕی ئەلوەلید بەوانەی لەگەڵیدا بوون هاتن تاوەکو دابەزینە حیرە، گەورەکانیان لەگەڵ قەبیسەی کۆڕی ئیاسی کۆڕی حەییەی ئەلتائی کە کیسرای کۆڕی ئەلنوعمانی کۆڕی ئەلمونزیر ئەوی کردبووە بەڕپرسی ئەو شوێنە، خالید بەخۆی و هاوڕێکانی وت:بانگەوازتان دەکەم بۆڵای خوا و بۆڵای ئیسلام، ئەگەر بەدەم بانگەوازەکەمەوە هاتن، ئەوە یەکێك دەبن لەموسڵمانان و وەك موسڵمانان ماف و ئەرکی خۆتانتان لەسەر دەبێ، ئەگەر ئەوەشتان ڕەتکردەوە، ئەوە جزیە بدەن، بزانن بەخەڵکانێکەوە هاتوومەتە سەرتان، پێداگرترن بۆ مەرگ زیاتر لەپێداگریی ئێوە بۆ ژیان و شەڕتان دەکەین تاوەکو خوای گەورە بڕیار لەنێوان ئێمە و ئێوە دەدات. قەبیسەی کۆڕی ئیاس وتی: ئێمە پێویستمان بەوە نییە جەنگی ئێوە بکەین،بەڵکو لەسەر ئایینی خۆمان دەمێنینەوە و جزیەت پێ دەدەین.

خالید لەسەر نۆسەد هەزار درهەم لەگەڵیاندا رێککەوت، یەکەمین جزیەیەک لەعێراقدا رووی دا، لەدێهاتەکان بوو کە ئیبن سلوبا لەگەڵیدا رێککەوت.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: هەرچی هیشام بن ئەلکەلبییە، ئەوە ئەڵێ: کاتێك ئەبو بەکر نامەی بۆ خالیدی کوڕی ئەلوەلید نووسی کە لەیەمامە بوو، پێیووت: بەڕێکەوە بۆ شام. فرمانی پێکرد لەعێراقەوە دەستپێبکات، بەعێراقدا تێپەڕی تاوەکو دابەزییە ئەلنیباج. هیشام ئەڵێ: ئەبو موخنەف وتی: ئەبو ئەلخەتاب حەمزەی کوڕی عەلی بۆی باسکردم ئەویش لەپیاوێکی بەکری نەوەی وائیلەوە، کە موسەنای کوڕی حاریسە ئەلشەیبانیی بەڕێکەوت تاوەکو هاتەلای ئەبو بەکر(بەڕەحمەت بێ) و وتی: بمکەرە بەرپرسی قەومەکەم تاوەکو شەڕی ئەودیووی خۆم بکەم لەخەڵکی فاس و ناوچەکەی خۆمت لەکۆڵ بکەمەوە. ئەویش ئەوەی کرد. موسەننناش هات و قەومەکەی کۆکردەوە و دەستیکردە پەلاماردان، جارێك بۆ رووی کەسکەر و جارێك بۆ خواروویی فورات، خالیدی کوڕی ئەلوەلید دابەزییە ئەلنیباج و موسەنای کوڕی حاریسەش دابەزییە خەففان، خالیدی کوڕی ئەلوەلید نامەی بۆ نارد کە بچێتەلای و نامەی ئەبو بەکری بۆ نارد کە تیایدا فرمانی پێ دەکرد گوێڕایەڵی خالید بێت. ئەسپێکی بۆ نارد تاوەکو پێیەوە پێی بگات.

نەوەی عیجا وەهایان داناوە کە لەگەڵ موسەنای کوڕی حاریسەدا پیاوێکی نەوەی عیجل دەرچوو پێیدەوترا مەزعوری کوڕی عەدی، رکەبەریی کرد لەگەڵ موسەنای کوڕی حاریسەدا، هەردووکیان نامەیان بۆ ئەبو بەکر نووسی، ئەبو بەکریش نامەی بۆ ئەلعیجلیی نووسی و فرمانی پێکرد لەگەڵ خالیددا بەڕێبکەوێت بۆ شام، موسەنای لەدۆخی خۆیدا هێشتەوە، ئەلعیجلیی گەیشتە میسر و لەوێدا دەسەلآت و کاروباری گەورە بوویەوە و ماڵەکەی لەمڕۆدا لەمیسردا بەناوبانگە. خالیدی کوڕی ئەلوەلید هات و جابانی فەرمانڕەوای ئەللەیس بەرەهڵستیی کرد، ئەویش موسەنای کوڕی حاریسەی نارده سەر و شەڕی کرد و جابانی شکست پێهێنا، لەتەنیشت رووبارێکدا زۆربەی شوێنکەوتەکانی کوشت و دواتر ئەو رووبارە ناسرا بەڕووباری خوێن(نهر دم)، خەڵکی ئەللەیس رێککەوتنیان کرد. ئینجا هات تاوەکو لەحیرە نزیك بوویەوە، سوارەکانی

ئازادزبەی بەرپرسی سوارەکانی کیسرا کە لەمەسالیح بوو لەنێوان ئەو و عەرەبدا بۆی دەرچوو، لەیەکگرتنی رووبارەکاندا پێیان گەیشت،موسەنای کوڕی حاریسە بۆیان بەڕێکەوت و خوای گەورە ئەوانی دۆڕاند. جا کاتێك خەڵکی حیرە ئەوانیان بینی، دەرچوون بۆ پێشوازیکردنیان کە ئەمانەیان تێدا بوو:عەبدولمەسیحی کوڕی عەمری کوڕی بوقەیلە و هانیئی کوڕی قەبیسە. خالید بەعەبدولمەسیحی وت: لەکوێوە سەرچاوەت گرتووە؟ وتی: لەپشتی باوکم. وتی: ئەی لەکوێوە دەرچووی؟ عەبدولمەسیح وتی: لەسکی دایکم. خالید وتی: لەباردایکت بچی ئەی لەسەر چی راوەستاوی؟ وتی: لەسەر زەوی. خالید وتی: لەباردایکت بچی ئەی لەنێو چیدای؟ عەبدولمەسیح وتی: لەنێو بەرگ و پۆشاکەکەمدام. خالید وتی: تۆ عاقڵی؟ عەبدولمەسیح وتی: بەڵێ بێگومان. خالید وتی: من تەنیا پرسیارت لێ دەکەم. ئەویش وتی: دەی منیش وەڵامت دەدەمەوە. خالید وتی: تۆ حەزت بەئاشتییە یان جەنگ؟ عەبدولمەسیح وتی: ئاشتی. خالید وتی: ئەی ئەم قەڵایانە چین کە من دەیانبینم؟ وتی:دروستمان کردوون بۆ بەندکردنی گەمژەیەك تاوەکو ژیرێك بێت و رێگریی بکات لەخراپە. خالید وتی: منیش بانگەوازت دەکەم بۆلای خوا و پەرستنی خوا و موسڵمانبوون، ئەگەر قبوڵتان کرد، ئەوە ئێمە چی مافێکمان هەبوو، ئێوەش ئەو مافەتان هەیە، چی ئەرکێکیشمان لەسەرە، ئێوەش وەك ئێمە هەمان ئەرکتان دەکەوێتەسەر، ئەگەر قبوڵیشتان نەکرد، ئەوە دەبێ جیزیە بدەن، ئەگەر جیزیەش نەدەن، ئەوە قەومێکمان هێناوەتە سەرتان کە حەزیان بەمەرگە بەقەد حەزکردنی ئێوە بەخواردنەوەی عەرەق. ئەوانیش وتیان: پێویستمان بەجەنگکردنی ئێوە نییە. بۆیە رێککەوتن لەسەر سەد و نەوەد هەزار درهەم، ئەوەش یەکەمین جیزیەیەك بوو لەعێراقەوە برا بۆ مەدینە، پاشان دابەزییە سەر بانیقیا و بوسبوهریی کوڕی سلوبا لەگەڵیدا رێککەوت لەسەر هەزار درهەم. خالید نووسراوێکی بۆیان نووسی. خالید لەگەڵ خەڵکی حیرەدا رێککەوت کە بۆی ببنە هاوکار و یارمەتیدەر، ئەوانیش ئەوەیان کرد.

لەئەلشەعبییەوە ئەڵێ: نەوەی بوقەیلە نووسراوێکی خالیدی کوڕی ئەلوەلید بۆ خەڵکی مەدائینیان بۆ خوێندمەوە:لەخالیدی کوڕی ئەلوەلیدەوە بۆ مەرازبەی خەڵکی فارس،

سەلام بۆ ئەو کەسەی شوێنی هیدایەت دەکەوێ، پاشان: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە کۆتایی هێنا بەوەی خزمەت بکرێن و دەسەلآتی لەدەست وەرگرتنەوە و فێڵ و پیلانتانی لاواز کردووەتەوە، هەرکەسێ نوێژی ئێمە بکات و ڕوو بەقیبلەی ئێمە بکات و سەربڕاوی دەستی ئێمە بخوات، ئەوە ئەو موسڵمانەیە کە ئەرك و مافی ئێمەی هەیە،پاشان: ئەگەر ئەم نووسراوەی منتان پێگەیشت، چەند بارمەتەیەکی خۆتانم بنێرنە لا و لەئەستۆی مندا دەبن، ئەگینا سوێند بەو کەسەی هیچ خوایەکی بەحەق بوونی نییە جگە لە خۆی. قەومێکتان دەنێرمەسەر حەزیان بەمردنە هەروەك چۆن ئێوە حەزتان بەژیان هەیە. کاتێ ئەو نووسراوەیان خوێندەوە، سەرسامیی گرتنی، ئەوەش لەسالّی دوانزەدا بوو.

لەئەلشەعبییەوە ئەلّێ:کاتێك خالیدی کوڕی ئەلوەلید لەکاری یەمامە بوویەوە، ئەبو بەکر(بەڕەحمەت بێ) بۆی نووسی: خوای گەورە فەتحی بۆت هێنایەدی، بەڕێکەوە تاوەکو بەعەییاز دەگەی، نامەی بۆ عەییازی کوڕی غەنەمیش نارد کە لەنێوان ئەلنیباج و حیجازدا بوو، بەڕێکەوە تاوەکو دەگەیتە ئەلموسەییەخ، لەوێوە دەستپێبکە و پاشان لەبەرزاییەکانی عێراقەوە بچۆرە عێراقەوە، دواتر بەڕێکەوە تاوەکو بەخالید دەگەی، مۆڵەت بەهەرکەسێ بدە داوای گەڕانەوەی کرد و زۆر لەکەس مەکە.

کاتێك نامەی ئەبو بەکر بەخالید و عەییاز گەیشت، ئەبو بەکر بەخەڵکی مەدینە و دەوروبەری هاوکاریی بۆیان نارد، ئەلقەعقاعی کوڕی عەمر ئەلتەمیمی بۆ هاوکاریی خالید نارد، بەئەبو بەکریان وت: تۆ لەجیاتیی سوپایەك، قەعقاعی بۆ دەنێری؟ ئەویش وتی: سوپایەك نادۆڕێ نمونەی ئەمەی تێدا بێت. عەبدی کوڕی عەوف ئەلحیمیەرییشی بۆ هاوکاریی عەییاز نارد، نامەشی بۆ هەردووکیان نووسی: بانگی ئەوانە بکەن کە شەڕی هەڵگەڕاوانیان کرد و لەدوای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەسەر ئیسلامەتیی جێگیر مانەوە،هیچ یەکێ لەوانەی لەئیسلام هەڵگەڕانەوە لەگەڵتاندا بەشداری جیهاد نەبن تاوەکو بۆچوونی خۆم دەردەبڕم. بۆیە لەو ڕۆژانەدا هەڵگەڕاوان بەشدار نەبوون. کاتێك نامە بۆ خالید هات و فەرمانی پێ درا ببێتە ئەمیری عێراق، نامەی بۆ حەرمەلە و سەلمە و موسەنا و مەزعور نارد تاوەکو پەیوەندیی پێوەی بکەن و فەرمانی پێدان

سەربازەکانیان ببەنە ئوبولە، چونکە ئەبو بەکر لەنامەکەیدا فەرمانی بەخالید دابوو ئەگەر چووە عێراقەوە بەرزگارکردنی دەروازەی خەڵکی سیند و هیند دەست پێبکات کە لەو رۆژگارەدا ئوبولە ئەو شوێنە بوو، پاشان خالید ئەوانەی لای خۆی و لەنێوان رێگەی عێراقیشدا هەشت هەزار کەسی کۆکردەوە لەخەڵکی رەبیعە و موزەر و بە دوو هەزار کەسی تر کە لەگەڵیدا بوون و بوونە دە هەزار و هەشت هەزار سەربازی دیکەی چوار ئەمیرەکە، مەبەستمان موسەنا و مەزعور و سەلمە و حەرمەلە، بۆیە بە هەژدە هەزار سەربازەوە بەرانبەر هورموز بوویەوە.

لەئەلموغیرەی کوڕی عوتەیبەوە کە وتوویەتی: ئەبو بەکر نامەی بۆ خالیدی کوڕی ئەلوەلید نووسی و فرمانی پێکرد ئەمیری جەنگ بێ لەعێراقدا و لەخوارەوەی عێراقەوە بچێتە ئەو ولاتەوە، فرمانی بەعەییازیش کرد ئەمیری جەنگ بێ لەعێراق و لەسەرەوە بێتە عێراقەوە، پاشان پەلە بکەن بۆ گەیشتنە حیرە،هەرکامیان پێشتر گەیشتە حیرە، ئەوە ئەمیری ئەوی تریان بێ. وتیشی: ئەگەر لەحیرە بەیەکگەیشتن و دێهاتەکانی فارستان کۆنترۆڵ کرد و ئاسایشییتان دەستەبەر کرد لەپشتەوە پەلاماری موسڵمانەکان نەدرێت، ئەوە با یەکێکتان بەبەرگریکاری موسڵمانەکان بمێنێتەوە لەحیرەدا و ئەوی ترتان پەلاماری دوژمنی خوا و دوژمنی ئێوە بدات لەئەهلی فارس، لەشار و ناوچەی خۆیاندا پەلاماری بدات.

لەئەلشەعبییەوە ئەڵێ: خالید نامەی بۆ هورمز نووسی پێش ئەوەی هورمز لەگەڵ ئازازبەی ئەبی ئەلزیازبە دەربچێ کە لەیەمامە بوون و ئەوکات هورمز فەرمانڕەوای سنوور بوو، بۆی نووسی: موسڵمان بە سەلامەت دەبی، یان بۆ خۆت و قەومەکەت زیممە وەربگرە و جیزیە بدە، ئەگەرنا تەنیا سەرزەنشتی خۆت بکە، بەقەومێك دێمە سەرت کە حەزیان بەمردنە هەروەك چۆن ئێوە حەزتان بەژیان هەیە.

سەیف لەتەڵحەی کوڕی ئەلئەعلەمەوە ئەویش لەئەلموغیرەی کوڕی عوتەیبەوە کە دادوەری خەڵکی کوفە بووە، ئەڵێ: خالید لەدەرچوونی لەیەمامەوە بەرەو عێراق، سەربازەکانی کردە سێ تیمەوە و هەموویانی بەیەك رێگەدا نەبرد، دوو رۆژ پێش ئەوەی

بەرێکەوێت، ئەلموسەنای بەرێخست و زەفەر چاوساغی رێگەی بوو، هەروەها عەدی کوڕی حاتەم و عاسمی کوڕی عەمری بەرێخست و مالیکی کوڕی عەببباد و سالمی کوڕی نەسر چاوساغی رێگەیان بوون،رۆژێ پێشتر بەرێکەوتن، خالید خۆیشی دەرچوو رافیع چاوساغی رێگەی بوو، پێیووتن لەئەلحوفەیر پێی بگەنەوە،لەوێدا دوژمنەکەیان تووشی سەرسوڕمان بکەن، رێگەی هیند بوو، گەورەترین رێگەیەکی فارس بوو لەڕووی گرنگییەوە، شوێنێکی سەخت و بەهێزی فارس بوو، فەرمانڕەواکەی لەوشکانییدا شەڕی عەرەبی دەکرد و لەدەریاشدا شەڕی هیند. ئەلێ: ئەلموهەللەبی کوڕی عوقبە و عەبدولڕەحمانی کوڕی سیاە ئەلئەحموریی کە ئەلحەمرائی نەسەب دەدرێتەوە پاڵ، هاوبەشی بوون. ئەوترێ: حەمراء سیاە. ئەلێ: هورمز ئەو هەواڵەی بۆ شیری کوڕی کیسرا و ئەردەشیری کوڕی شیری نووسی و داوای لێیان کرد پەلە بکەن لەفریاکەوتنی شوێنکەوتەکانی کە خالید نیازی کەوازمی هەیە و زانیی موسڵمانەکان لەحەفیر کۆدەبنەوە بۆیە پێش ئەوان بەوێ گەیشت و پێشڕەوی سوپاکەشی دیاریکرد بەهەردوو برا کە قوباد و ئەنوشجان بوون(کە کوڕانی ئەردەشیری گەورە بوون) بۆ ئەوەی بگەنە لای هورموز و شوێنکەوتەکانی و خۆیان بەزنجیر بەستەوە نەوەك هەڵبێن، کە هەواڵ بەخالید گەیشت کە ئەوان نیازی حەفیریان هەیە لەو رێگەیە لایدایە سەر رێگەی کازیمە و هورموز پێشی کەوتبوو بۆ ئەو شوێنە و دابەزیبووە سەر ئاوەکە و شوێنی گونجاو بەسوپاکەی دیاریی کردبوو، خالیدیش هات و لەشوێنێکی جگە ئاوەکە دابەزی. موسڵمانەکان رووبەڕووی دوژمنەکانیان بوونەوە.

لەئەلموقەتیعی کوڕی ئەلهەیسەم ئەلبوکائییەوە ئەلێ: هورمز لەبەیانییدا شوێنکەوتەکانی نارد تاوەکو غەدر لەخالید بکەن، هورموز دەرچوو بانگی خالیدی کرد بۆ زۆرانبازی، لەگەڵ شوێنکەوتەکانیدا رێککەوتبوو ناپاکیی لەخالید بکات، خالید بۆی دەرچوو، زۆرانبازییان کرد و خالید دای بەزەویدا و پەلاماری شوێنکەوتەکانی، خالیدیان لەکوشتنی دوور نەخستەوە، بەڵکو لەو پەلامارەی شوێنکەتەکانی هورموز سڵی نەکردەوە، کە ئەمە رووید قەعقاعی کوڕی عومەری تەمیمی لەگەڵ کۆمەڵێ

لەموسڵمانەکان پەلاماری دان و سەربازەکانی هورموزیان دوورخستەوە و ئەوانیان بەدۆڕان گەیاند و خوای گەورە لەوەدا موسڵمانەکانی سەرخست و فارس دۆڕا و موسڵمانەکان لەشەودا سواری کۆڵی فارس بوون، خالید زنجیر و کۆتەکانی کۆکردەوە و ناونرا شەڕی زات ئەلسەلاسیل، قوباز و ئەنو شجان رزگاریان بوو هەڵهاتن.

لەئەلشەعبییەوە ئەڵێ: فارسەکان بەپێی رەچەڵەک و خانەدانییان کلاوێان لەسەر دەنا، بەها و نرخی کلاوی خەڵکی رێزدار و خانەدانیان سەد هەزار بوو، هورموز یەکێك بوو لەخانەدانەکانی فارس، بۆیە نرخی کلاوەکەی سەد هەزار بوو، ئەبو بەکر ئەوەی بەخشییە خالید و بەگەوهەر رازێنرابووەوە، بەڕێزترینی کەسی فارس، ئەوەبوو لەخانەدانەکان بێ.

لەحەنزەڵەی کوڕی زیادی کوڕی حەنزەڵەوە ئەڵێ: کاتێ لەو رۆژەدا بارودۆخ ئارام بوویەوە، جارپەڕی خالید جارپی دا بۆ رۆیشتن، خەڵکیی بەڕێکەوتن و باری قورسیش بەدوایاندا بەڕێکەوت تاوەکو دابەزییە شوێنی پردی گەورەی ئەمڕۆی بەسرە(الجسر الأعظم)،قوباز و ئەنوشجان رزگاریان ببوو، خالیدیش دەسکەوتی فەتح و پێنجیەك و فیلەکانی نارد و سورەتی(الفتح)ی خوێندەوە بەسەر خەڵکیدا. کاتێك زیری کوڕی کولەیب پێنج یەك و فیلەکانی برد بۆ مەدینە، بەمەدینەدا فیلەکانی سووڕاندەوە، هەندێ ئافرەتی کەم عەقڵ بەبینینی ئەو فیلانە وتیان: ئاخۆ ئەمە خوا دروستی کردوون یان دروستکراوی دەستی مرۆڤن!

ئەبو بەکر لەگەڵ زیردا ئەوانەی گەڕاندەوە. ئەڵێ: کە خالید دابەزییە شوێنی (الجسر الأعظم)ی ئەمڕۆی بەسرە، موسەنای کوڕی حاریسەی بەدوای ئەو قەومەدا نارد و مەعقیلی کوڕی موقەرینی ئەلموزنیی نارده ئەلئوبولە تاوەکو سەروەت و سەبایەکانی بۆ کۆبکاتەوە، مەعقیل رۆیشت و دابەزییە ئەلئوبولە و سەروەت و سەبایەکانی کۆکردەوە. ئەبو جەعفەر ئەڵێ: ئەم باسە لەبابەت ئەلئوبولە و فەتحی ئەو شوێنە، پێچەوانەی ئەوەیە کە سەربووردەناسان دەیناسن و لەگێڕانەوەی راستدا هاتووە، چونکە ئەلئوبولە

لەسەردەمی عومەردا(بەرەحمەت بێ) و لەسەردەستی عوتبەی کوڕی غەزوان لەسالّی چواردەی کۆچییدا فەتح کراوە.

ئەگەرێینەوە بۆلای باسی سەیف لەموحەممەدی کوڕی نوەیرەوە ئەویش لەحەنزەلّەی کوڕی زیادەوە ئەلّێ: موسەنا دەرچوو تاوەکو گەیشتە رووباری(المرأة) و گەیشتە ئەو قەلاّیەی کە ئەو ژنەی تێدا بوو، ئەلموعەننای کوڕی حاریسەی بەجێهێشت و ئەلموعەننای ئەو ئافرەتەی لەکۆشکەکەیدا گەمارۆ دا، موسەنا رۆیشت بۆ سەر پیاوێك و گەمارۆی دا و ناچاری کردن خۆیان بەدەستەوە بدەن و هەموویانی کوشت، سەروەتەکەیانی هەلّگرت، جا کاتێك ئەو هەوالّە بەو ئافرەتە گەیشت،لەگەلّ موسەننادا رێککەوت و بووە موسلّمان و ئەلموعەننا مارەی کرد. خالید و ئەمیرەکانی، جوتیارانیان لەسەر کاری خۆیان هێشتەوە، پشکی سوار لەرۆژی زات ئەلسەلاسیلدا هەزار درهەم بوو، پیادە یەك لەسەر سێی ئەوە بوو. شەڕی ئەلمەزار(المَذار) لەسەفەری سالّی دوانزەدا بوو، خەلّکیی تیایدا دەیانووت:(صفر الأصفار فیه یقتل کل جبار علی مجمع الأنهار)سەفەری ئەسفار، هەموو ستەمکارێك لەو رۆژەدا لای یەککڕتنی رووبارەکاندا دەکوژرێت.

لەئەلموهەللەبی کوڕی عوقبە و زیادی کوڕی سەرجس ئەلئەحموری و عەبدولڕەحمانی کوڕی سیاهی ئەلئەحموری و سوفیان ئەلئەحموریيەوە وتوویانە: هورموز نامەی بۆ (ئەردەشیر و شیر)ی نارد و هەوالّی بەڕێکەوتنی خالیدی بۆ نارد کە لەیەمامەوە بەڕێکەوتووە، بۆیە یارمەتیی درا بەقارینی کوڕی قریانس، قارین لەمەدائینەوە دەرچوو وەك یارمەتیدەرێك بۆ هورموز تاوەکو گەیشتە ئەلمەزار و لەوێدا شکستیهێنا و شەڕکەران پێیگەیشتن، بێزار بوون، شەڕکەرانی ئەهواز و فارس بەشەڕکەرانی خاکی رەش و چیایان وت: ئەگەر ئێستا ناکۆك و پەرتەوازە بن، ئیتر هەرگیز کۆنابنەوە، بۆیە یەککگرتووبن و یەکجار پەلامار بدەن، ئەمە یارمەتیدەری پادشایە، ئەمە قارینە بەلّکو خوای گەورە بەوەوە دوژمنمان بۆ لەکۆلّ بکاتەوە و کەمێ تۆلّەی ئازاری خۆمان بکەینەوە. ئەوانیش وەهایان کرد و لای ئەلمەزار سەربازگەیان کردەوە، قارین هەلّسا و قوباز و ئەنو شجانی

کردە بەرپرسی لاشانەکانی سوپاکەی، موسەنا و ئەلموعەنناش ئەو هەواڵیان بۆ خالید نارد، کاتێك ئەو هەواڵە لەبارەی قارینەوە بەخالید گەیشت، خالید دەسکەوتەکانی بەسەر سوپاکەیدا دابەشکرد و پێنج یەك و ئەوەی لەدەسکەوتەکان مابوویەوە لەگەڵ هەواڵی فەتحدا ناردی بۆ ئەبو بەکر. لای رووباری(المغیث والمغاث) لەگەڵ ئەلوەلیدی کوڕی عوقبە کۆبوویەوە. خالید بەڕێکەوت تاوەکو بگاتە ئەلمەزار بۆ سەر قارین و سوپاکەی،بەیەکگەیشتن و شەڕێکی سەختیان کرد، قارین دەرچوو داوای زۆرانبازیی و رووبەڕووبوونەوەی کرد، خالید بۆی دەرچوو، عاسم، ئەنو شجانی کوشت و عەدیش قوبازی کوشت، گەورەیی قارین کۆتاییهات و کوشتارێکی سەختی فارسەکان کرا و هەڵهاتن، ئاوی رووبارەکە رێگەی بەموسڵمانەکان نەدا دوایان بکەون، چونکە بەبەلەم هەڵهاتن.

خالید، ئەلمەزار مایەوە و دەسکەوتەکانی دابەشکرد و پێنج یەکی لەگەڵ سەعیدی کوڕی ئەلنوعمانی برای نەوەی عەدی کوڕی کەعبدا نارد.

لەئەبو عوسمانەوە ئەڵێ: لەشەوی ئەلمەزاردا سی هەزار فارس کوژرا جگە لەوانەی لەئاودا خنکان، ئەگەر ئاوەکە نەدەبوو، ئەوە هەموویان دەکوژران و کەسیان رزگاری نەدەبوو، ئەوەی رزگاری بوو، بەڕووت و قووتیی و شێوە رووت بوو. سەیف لەعەمر و ئەلموجالیدیش لەئەلشەعبییەوە ئەڵێن: یەکەمین کەسێك لەدابەزینی خالید لەعێراقدا بەخالید گەیشت و رووبەڕووی بوویەوە، هورموز بوو لەکەوازمدا بوو، پاشان دابەزییە فەران لەکەناری دیجلە و رووبەڕووی هیچ شەڕێك نەبوویەوە، لەدوای هورموز تووشی شەڕی تر نەهات جگە لەو رووداوەی دواتر کە لەوەی پێشتری گەورەتر بوو، هاتە دەومەتولجەندەل و پشکی هەر سوارێك لەو رۆژەی زات ئەلسەلاسیلدا زیاتر بوو، خالید لەسەر ئەو رووبارە مایەوە و کەسوکار و یارمەتیدەری شەڕکەرانی بەسەبایە دەکرد، جوتیارەکانی لەسەر کاری خۆیان هێشتەوە و خەراجی لێ وەرگرتن، بوونە ئەهلی زیمە و زەوییەکانیان بۆ خۆیان بوو. حەبیبی باوکی حەسەن واتا باوکی ئەلحەسەنی بەسریی

لەنێو سەبایەکاندا بوو، گاور بوو، هەروەها وەمافەننەی خزمەتکاری عوسمان و ئەبو زیادی خزمەتکاری موغیرەی کوڕی شوعبەش لەنێو سەبایەکاندا بوون.

سەعیدی کوڕی ئەلنوعمانی کردە ئەمیری سەربازەکان و سوەیدی کوڕی موقەڕین ئەلموزنیش بەئەمیری پاداشت و فرمانی پێ دا دابەزێتە ئەلحوفەیر. هەروەها فرمانی پێ دا کارمەندەکانی بلاوە پێ بکات و دەست بخاتەسەر باج و هەواڵی دوژمن کۆبکاتەوە، پاشان کاروباری ئەلوەلەجە هات لەسەفەری ساڵی دوانزەدا، ئەلوەلەجە لەو دوێوو کەسکەرەوەیە لەڕووی وشکانییدا.

لەئەلشەعبییەوە ئەڵێ: کاتێک خالید لەکاروباری ئەلسەنیی بوویەوە و هەواڵ بەئەردەشیر گەیشت، ئەندەزەغەری ڕەوانە کرد، ئەندەزەغەر فارسێکی لەدایکبووی خاکی ڕەش(السواد) بوو.

لەعەبدولڕەحمانی کوڕی سیاهەوە ئەڵێ: لەوەی ئەلسسرپیی تیایدا بۆی نووسیم و وتی: شوعەیب بۆی باسکردین وتی: سەیف بۆی باسکردین ئەویش لەئەلموهەللیبی کوڕی عوقبە و زیادی کوڕی سەرجس و عەبدولڕەحمانی کوڕی سیاهەوە وتیان: کاتێ هەواڵی کوژڕانی قارین و خەڵکی ئەلمەزار بەئەردەشیر گەیشت، ئەندەرزەغەری نارد کە فارسێکی لەدایکبووی خاکی ڕەش بوو، لەوانە نەبوو کە لەمەدائین گەورە بوون و پێگەیشتن، بەهمەن جازوەیەییشی بەسوپایەکەوە بەدوایدا ڕەوانە کرد، فرمانی پێکرد کە بەڕێگەی ئەندەرزەغەردا بڕوات. ئەندەرزەغەر پێشتر لەسەر سنووری خۆراسان بوو، لەمەدائینەوە بەڕێکەوت تاوەکو هاتە کەسکەر و لەوێوە ڕۆیشت بۆ ئەلوەلەجە، بەهمەن جازوەیەیی بەدوایدا دەرچوو، ڕێگەیەکی تری گرتەبەر کە ڕێگەی ناوەڕاستی خاکی ڕەش بوو، لەنێوان حیرە و کەسکەر لەعەرەبی ئەو دەوروبەرە و دەهقانەکانی کۆکردەوە لەپاڵ سوپاکەیدا لەئەلوەلەجە، بەوەی کردی سەرسام بوو، بۆیە بەڕێکەوت بۆ سەر خالید. خالید لەئەلسەنیی بوو هەواڵی ئەندەرزەغەر و دابەزینی بەئەلوەلەجەی پێگەیشت،جاڕی ڕۆیشتنی دا، سوەیدی کوڕی موقەڕینی بەجێهێشت و فرمانی پێکرد لەئەلحوفەیردا بمێنێتەوە و لەخوار دیجلەوە بن و وریا و بەئاگا بن. خۆیشی

بەسەربازەکانەوە رووە و ئەلوەلەجە دەرچوو تاوەکو دابەزییە سەر ئەندەرزەغەر و سەربازەکانی و ئەوانەی هاتبوونە پاڵی، شەڕێکی سەختیان کرد کە گەورەتر بوو لەشەڕی رووباری ئەلسەنی.

لەموحەممەدی کوڕی ئەبو عوسمانەوە ئەڵێ: خالید لەمانگی سەفەردا دابەزییە سەر ئەندەرزەغەر لەئەلوەلەجە، شەڕێکی ئەوەندە سەختیان کرد، هەردوولا وەهایان گومان کرد ئیتر خۆڕاگریی کۆتاییهاتووە، خالید بۆسەیەکی پتەوی بۆیان دانابوو لەدوو لایەنەوە کە بوسرئ کوڕی ئەبو روهم و سەعیدی کوڕی موڕە ئەلعیجلیی سەرپەرشتیی ئەو دوو بۆسەیەیان دەکرد، سەربازەکانی دوو بۆسەکە لەدوو رووەوە دەرچوون و ریزەکانی عەجەمەکانیان شکاند، عەجەمەکان هەڵهاتن، خالید لەپێش و پاشەوە کوشتاری لێیان کرد، ئەندەرزەغر بەشکستەوە رۆیشت و لەتینوێتییدا مرد. خالید جوتیارەکانی لەشوێنی خۆیاندا هێشتەوە و بەجیزیە مامەڵەی لەگەڵیاندا کرد و کەسوکاری جەنگاوەرانی بەسەبایە برد، ئەوانەشی کە هاوکارییان کردبوو.

لەئەلشەعبییەوە ئەڵێ: لەڕۆژی ئەلوەلەجەدا پیاوێکی فارس دەرچووە بەرانبەر خالید کە بەرانبەر بوو بەهەزار پیاو، خالید ئەوی کوشت.

پاشان ساڵی سیانزە هات/ باسکردنی رووداوەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا لەدوای ئەوەی لەمەککەوە گەڕایەوە مەدینە، ئەبو بەکر(بەڕەحمەت بێ) سوپاکانی ئاراستەی شام کرد.

لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە ئەڵێ: کاتێک ئەبو بەکر لەساڵی دوانزەدا لەحەج بوویەوە، سوپاکانی ئامادەساز کرد بۆ شام،عەمری کوڕی ئەلعاصی بەئاراستەی فەڵەستین ڕەوانە کرد، عەمر ڕێگەی ئەلموعریقە بەسەر ئەیلەدا گرتەبەر،یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان و ئەبو عوبەیدەی کوڕی ئەلجەڕاح و شەرحەبیلی کوڕی حەسەنەشی ڕەوانەکرد کە ڕێگەی تەبوک بگرنەبەر بەسەر بەلقائدا رووەو بەرزاییەکانی شام.

هەوالّی یەرموك

ئەبو جەعفەر ئەلّێ: ئەبو بەکر بۆ هەر ئەمیرێکی شام شوێنێکی ناساند و ناوی لێنرا کورە، جیمسی دەستنیشان کرد بۆ ئەبو عوبەیدەی کوڕی عبداللەی کوڕی ئەلجەڕاح. دیمەشقیش بۆ یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان، ئوردنیش بۆ شەرحەبیلی کوڕی حەسەنە و فەلّەستینیش بۆ عەمری کوڕی ئەلعاص و عەلقەمەی کوڕی موجەززیز، دوای ئەوە لەیەك شوێندا کۆببینەوە، خالید گەیشتە شام و بوسرای فەتح کرد، لەگەلّ سەرکردە موسلّمانەکاندا کۆبوویەوە لەنمونەی ئەبو عوبەیدە و شەرحەبیلی کوڕی حەسنە و یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان و دۆخی سەربازیی لێکۆلّینەوە کرد و تەواوی وردەکارییەکەی بۆ روونبوویەوە. خالید بەباشی زانی لەیەرموکەوە خواربێتەوە بۆ دەشتی فەلّەستین و لای ئەجنادەین سوپای عەمری کوڕی ئەلعاس بێتە پالّی، ئا لەوێدا یەکەمین جەنگی گەورەی نێوان موسلّمانەکان و رۆم رووی دا و رۆم دۆڕا و سەرکردەکەیان کوژرا، بەگەیشتنی هەوالّی ئەو شکستە بەهیرقەلی قەیسەری رۆم کە ئەوکات لەحیمس بوو، هەستی بەوپەڕی کارەساتەکە کرد.

سوپاکانی موسلّمانان لەیەرموك گردبوونەوە، گردبوونەوەی رۆمیش هات تاوەکو دابەزییە واقوسەی نزیك بەیەرموك. لەوێدا خالیدی کوڕی وەلید شێوازێکی نوێی گرتەبەر کە عەرەب پێش ئەوە بەکاری نەهێنابوو، ئەویش کەرادیس بوو، بۆ هەر کەرادیسێك هەزار جەنگاوەر و فەرماندە و ئەمیرێك هەبێ. خالید ئەوکات چل کەرادیسی هەبوو، دانووستانی نێوان موسلّمانەکان و رۆم هیچ سوودێکی نەبوو، بۆیە شەڕ لەنێوان رۆم و موسلّمانەکاندا بەرپا بوو، لەم حالّەتەدا جەرجەی گەورە میری رۆم لەپیزەکەدا دەرچوو، بانگیکرد لەخالیدی کوڕی وەلید، خالید هات و تاوەکو ملی ئەسپەکانیان بەیەك گەیشت، جەرجە وتی: ئەی خالید! بۆم باس بکە و راستگۆ بە و درۆم لەگەلّدا مەکە، کەسی ئازاد درۆ ناکات،هەلّم مەخەلّەتێنە، چونکە کەسی بەڕێز فێڵ و هەلّخەلّەتاندنی نییە، بەخوا سوێندت دەدەم: ئایە خوا لەئاسمانەوە شمشێرێکی دابەزاندووە بۆ پەیامبەرەکەتان و بەر هەر کەسێك بکەوێ ئەیدۆڕێنن؟ وتی: نە. وتی: ئەی بۆچی ناونراوی شمشێری خوا؟

وتی: خوای گەورە پەیامبەرێکی لەخۆمان بۆ ناردین و بانگەوازی کردین، ئێمە دوورمان لێ گرت، پاشان هەندێکمان بەڕاستی زانی و شوێنی کەوت، هەندێکی تریشمان بەدرۆزنمان زانی و دوورمان لێگرت، منیش یەکێك بوو لەوانەی بەدرۆزنم زانی و دوورم لێگرت، پاشان خوای گەورە دلّ و میّشکی بۆ نەرمکردین و بەوەوە هیدایەتمان وەرگرت، ئیتر ناوی لێنام بەشمشێری خوا:"تۆ شمشێرێکی لەشمشێرەکانی خوا و کێشاوێتی بۆ سەر هاوبەش پەیداکەران". دوعای سەرکەوتنی بۆ کردم، ئیتر ناونرام شمشێری خوا، منیش سەختترینی نێو موسڵمانانم بۆ سەر هاوبەش پەیداکەران. جەرجە وتی: ئەی خالید! بۆچی شتێك بانگەواز دەکەن؟ وتی: بۆ شایەتومان(أن لا إله إلا الله وأن محمداً عبده ورسوله) و دانان بەوەی لای خوای گەورە هاتووە. وتی: ئەی ئەگەر کەسێ بەدەم داوایەتانەوە نەهات چی؟ خالید وتی: دەبێ جیزیە بدات. وتی: ئەی ئەگەر جیزیەی نەدا؟ خالید وتی: جاپی شەپی لەدژ دەدەین و پاشان شەپی دەکەین.

وتی: ئەو کەسەی بەدەم بانگەوازەکەتانەوە بێ چی شوێن و پێگەیەکی هەیە و ئەمڕۆ ببێتە موسڵمان؟ خالید وتی: شوێن و پێگەی هەروەك یەکێك لەئێمەیە، خوای گەورە وەك یەك کۆمەڵێ شتی فەرزکردووە بەسەرماندا، گەورە و بچووك و خانەدان و بێ خانە وەك یەکە. جەرجە وتی: ئەوەی ئەمڕۆ ببێتە نێو ئێوە، وەك ئێوە هەمان پاداشتی لای خوا هەیە؟ خالید وتی: بەڵێ و باشتریش. جەرجە وتی:ئەی چۆن لەگەڵ ئێوەدا یەکسان دەبێ لەکاتێکدا ئێوە پێش ئەو کەوتوون بۆ موسڵمانبوون؟ خالید وتی:ئێمە بەخۆمان بووینە موسڵمان و بەیعەتمان بەپەیامبەرەکەمان دا و ئەو زیندوو بوو لەنێوماندا و هەواڵی ئاسمانی بۆ دەهات، قورئانی پێ دەگەیاندین و نیشانەکانی پیشان دەداین، ئەوەی دەیبینی و ئەوەی دەیبیست، ماف بوو بەسەریەوە ببێتە موسڵمان و بەیعەت بدات بەهۆی ئەو راستییانەوە کە دەیبینی و گوێی لێ دەبوو،بەڵام ئەمڕۆ ئێوە ئەوە نابینن کە ئێمە دەمانبینی و ئەوەتان گوێ لێ نابێ لەو شتە سەیر و بەڵگانەی ئێمە گوێمان لێ دەبوو، جا هەریەکێ لەئێوە بەڕاستی و نییەتەوە ببێتە موسڵمان، ئەوە لەئێمە باشترە. جەرجە وتی: بەخوا سوێندت دەدەم، ئەوەی بۆ منت باس کرد راست بوو فێڵم لێ

ناکەی؟ خالید وتی:سوێند بەخوا راستم لەگەڵتدا کردووە، خوا ئاگادارە بەڕاستیی وەڵامی پرسیارەکانتم داوەتەوە.

ئەوکات جرجە قەڵغانەکەی لابرد و رۆیشت بۆلای خالید و وتی: فێری ئیسلامم بکە، خالیدیش بردی بۆلای رەشمالەکەی و گۆزە ئاوێکی کرد بەسەریدا و دوو رکات نوێژی پێکرد. کە جەرجە رۆیشت بۆلای خالید، رۆم لەداخدا ئاوس بوو، رقی گڕی گرت و بەیەکجار هەڵمەتیان برد، موسڵمانەکان بەهۆی سەختیی دۆخەکەوە لەشوێنەکانی خۆیان هەڵکەنران جگە لەپاسەوانەکانیان کە عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل و ئەلحارسی کوڕی هیشام بوون.

شەڕ هەڵگیرسا، موسڵمانەکانیش بەیەکجار پەلاماریان دا و ڕێگەکەیان کردەوە،لای راستی موسڵمانەکان بەڕووی رۆمدا کەلێنەکانیان داخست، لەنێوان دۆڵی یەرموک و رووباری زەرقائدا گەمارۆ بوون، دەستاڕێ جەنگ دەسووڕا، موسڵمانەکان شەڕێکی بێ وێنەیان کرد، توانییان سوارەکانی رۆم لەپیادەکانیان دابڕن و ئینجا پەلاماری رۆمیان دا و کوشتاری سەختیان لێیان کرد، سوارەکانی رۆم بەشوێن دەروازەی هەڵهاتنەوە بوون، بۆیە خالید، فرمانی بەعەمری کوڕی ئەلعاص کرد ڕێگەی هەڵهاتنیان بۆ بکەنەوە، سوارەکانی رۆم هەڵهاتن،بەو جۆرە پیادەڕەوی رۆم بەبێ پارێزەربەندیی سوارەکانیان جولانەوە، بەکۆتکراوییەوە گەیشتنەلای سەنگەرە هەڵکەندراوەکانیان و وەک دیوار کەوتنە ناویەوە و مردن، موسڵمانەکان لەتاریکایی شەودا هاتن بینییان هەموویان مردوون. موسڵمانەکان لەو شەڕەدا سەد و بیست هەزار سەربازیان لەڕۆم کوشت، ئەوانەیان کە رزگاریان بوو، هەندێکیان کشانەوە بۆ فەحل و ئەوانی تر بۆ دیمەشق لەنێو ولاتی شام.

ئەلسسرپیی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەئەبو عوسمان ئەلغەسسانییەوە ئەویش لەباوکیەوە وتی: عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل لەو ڕۆژەدا وتی: من لەهەموو شوێنێکدا شەڕی پەیامبەری خوام کرد(صلى الله عليه وسلم) ئەی ئێستا لەبەردەم ئێوە هەڵبێم! پاشان بانگیکرد: کێ بەیعەتی مەرگ دەدات؟

ئەلحاریسی کوڕی هیشام و زیراری کوڕی ئەلئەزوەر لەگەڵ چوارسەد کەسی بەناوبانگی موسڵمانانداو بەیعەتیان پێ دا، لەبەردەم دەوارەکەی خالیددا شەڕیان کرد و هەموویان بریندار بوون و لێیان کوژرا، تەنیا زیراری کوڕی ئەلئەزوەر سەلامەت بوو. ئەڵێ: لەبەیانییدا عیکریمەیان بەبریندارییەوە هێنا بۆلای خالید، سەری خستەسەر رانی و سەری عەمری کوڕی عیکریمەی خستەسەر قاچی و دەموچاویانی دەسڕی و دڵۆپە ئاوی دەکرد بەدەمیاندا.

ئەلسسڕیی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەئەبو عومەیسەوە ئەویش لەئەلقاسمی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە ئەویش لەئەبو ئومامەوە کە بەشداری یەرموک بووە و عوبادەی کوڕی سامتیش کە ئافرەتان لەڕۆژی یەرموکدا گەڕێك شەڕیان کردووە، جوەیرییەی کچی ئەبو سوفیان لەگەڕێکدا لەگەڵ مێردەکەیدا شەڕی کردووە، دوای شەڕێکی سەخت پێکراوە، ئەو ڕۆژە چاوێکی ئەبو سوفیان بریندار بوو، ئەبو حەسمە تیرەکەی لەچاوی دەرکرد.

لەئەلموستەنیری کوڕی یەزیدی کوڕی ئەرتەئەی کوڕی جوهەیشەوە ئەڵێ: ئەلئەشتەر بەشداری یەرموک بوو، بەڵام بەشداری قادسیە نەبوو، ئەو ڕۆژە پیاوێکی ڕۆم دەرچوو وتی: کێ دێتە مەیدان؟ ئەلئەشتەر بۆی دەرچوو، شەڕیان کرد و ئەلئەشتەر دوو لێدانی کرد و بەڕۆمییەکەی وت: بیگرە من تازە لاوی ئەلئیادییم. کابرای ڕۆمیی وتی: خوای گەورە نمونەی تۆ لەقەومەکەمدا زۆر بکات، ئەگەر تۆ ڕۆمیی بووایەی، ئەوە قەومەکەم بەهێز دەبوو، بەڵام من توانای ئەوەم نییە شتێکی بۆ بکەم.

ئەلسسڕیی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەئەبو عوسمانەوە، لەوانەی لەڕۆژی یەرموکدا شەهید بوون، عیکریمە و عەمری کوڕی عیکریمە و سەلەمەی کوڕی هیشام و عەمری کوڕی سەعید و ئەبانی کوڕی سەعیدیان تێدا بوو، خالیدی کوڕی سەعید دامەزراو بوو نەزانرا لەکوێدا مرد. جوندوبی کوڕی عەمری کوڕی حومەمە ئەلدەوسی و ئەلتوفەیلی کوڕی عەمر و زەراری کوڕی ئەلئەزوەر دامەزراو

مانەوە، مایەوە تولەیبی کوڕی عومەیری کوڕی وەهب لەنەوەی عەبدی کوڕی قوسەی و هەباری کوڕی سوفیان و هیشامی کوڕی ئەلعاص.

لەئەلموستەنیری کوڕی یەزیدی کوڕی ئەرتەئەی کوڕی جوهەیشەوە ئەلّێ: خالید ئەو رۆژە وتی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بەمردن، ئەبو بەکری بردەوە بۆلای خۆی، ئەبو بەکر بەلای منەوە خۆشەویستر بوو لەعومەر، سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە عومەری کردە خەلیفە و پێشتر زۆرتر رقم لێی بوو، بەلأم دوایی لەدڵمدا خۆشەویستی کرد.

لەموحەممەد و تەڵحە و عەمری کوڕی مەیمونەوە وتوویانە: هیرقەل حەجی بەیت ئەلمەقدیسی کرد، لەوێدا بوو هەوالّی پێگەیشت کە سەربازەکان لێی نزیکبوونەتەوە، بۆیە رۆمی کۆکردەوە و وتی: من بۆچوونێکم هەیە، ئەویش ئەوەیە شەڕی ئەو قەومە نەکرێت و لەگەڵیاندا ڕێککەوتن بکرێت، نیوەی شامیان پێ بدرێت، چیاکانی رۆمتان بۆ بمێنێتەوە باشترە لەوەی شامتان لەدەست دەربکەن و لەچیاکانی رۆمیشدا هاوبەشتان بکەن. بەو قسەیە، براکەی و زاواکەی بۆڵەیان دەستپێکرد، ئەوانەی دەوروبەری تووڕە بوون، جا کە بینی بەگوێی ناکەن و دژی دەوەستنەوە، براکەی و ئەمیرەکانی نارد، کاتێ موسڵمانەکان کۆبوونەوە، فرمانی پێکردن لەیەك شوێندا کۆببنەوە، شەڕ ڕووی دا و رۆم شکستی هێنا. هیرقەل وتی: ئەی من بە ئێوەم نەوت ئەمە سەرەتای زەلیلییە! ئێتر شام لەدەستچوو، تیاچوون بۆ رۆم.

ئەبو بەکر لەتەمەنی شەست و سێ ساڵی و لەمانگی جەمادی دووەم لەڕۆژی دوو شەممەدا کە هەشت رۆژ لەو مانگە مابوو، کۆچی دوایی کرد. هۆکاری کۆچی دوایی ئەبو بەکر ئەوە بوو، جولەکە ژەهری بۆ کردبووە برنجەوە، وتراوە کرابووە جەزیزەوە(ئاردەوا). ئەلحاریسی کوڕی کلدە لەگەڵیدا خواردی و پاشان دەستی هەڵگرت و بەئەبو بەکری وت: تۆ خواردنێکی ژەهراوییت خواردووە. دوای ساڵێك کۆچی دوایی کرد، پانزە رۆژ نەخۆشکەوت. پێیووترا: چی دەبێ بنێری بەدوای پزیشکدا؟ ئەویش وتی: منی بینی. وتیان: ئەی چی وت؟ وتی: وتی: چیم بووێ ئەوە دەکەم.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ:عەتتابی کوڕی ئوسەید لەمەککەدا کۆچی دوایی کرد لەهەمان ئەو رۆژەی کە ئەبو بەکر کۆچی دوایی کرد. هەردووکیان ژەهر خوارد کرابوون. جیاواز لەوە لەبارەی کۆچی دوایی ئەبو بەکرەوە وتراوە، وتراوە: سەرەتای دەرکەوتنی نەخۆشییەکەی ئەبو بەکر،ئەوەیە خۆی شۆرد و رۆژێکی سارد بوو، تا و لەرزێك گرتی پانزە رۆژ نەیتوانی دەربچێ بۆ نوێژ، فرمانی کرد عومەر ئیمامەتیی نوێژ بکات، سەردانیان دەکرد، لەهەموویان زیاتر، عوسمان لەگەڵیدا مایەوە. ئەبو بەکر لەئێوارەی سێشەممە کە هەشت رۆژ لەمانگی جەمادی دووەم مابوو لەساڵی سیانزەی کۆچییدا کۆچی دوایی کرد، ماوەی خیلافەتەکەی دوو ساڵ و سێ مانگ و دە شەو بوو. ئەبو مەعشەر ئەیووت: ماوەی خیلافەتەکەی ئەبو بەکر، دوو ساڵ و چوار مانگ بوو، چوار شەوی مابوو بۆ چوار مانگ، تەمەنی شەست و سێ ساڵ بوو، هەموو گێڕانەوەکانیش لەسەر ئەوە یەکدەنگن. تەمەنی پەیامبەری خوای تەواو کرد(صلى الله عليه وسلم). ئەبو بەکر سێ ساڵ دوای ساڵی فیل لەدایکببوو.

بەخەلیفەبوونی عومەری کوڕی خەتاب(خوای لێ ڕازیی بێ)

ئەبو بەکر لەو نەخۆشییەی تیایدا کۆچی دوایی کرد، خیلافەتی لەدوای خۆی سپاردە عومەری کوڕی خەتاب. باسکراوە کاتێ ئەبو بەکر ویستی خەلیفەی دوای خۆی دەستنیشان بکات، بانگیکردە عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف و وتی: لەبارەی عومەری کوڕی خەتابەوە بۆم باس بکە. ئەویش وتی: لەهەر شتێك پرسیارم لێ بکەی، لە من باشتر وەڵامەکەی لەبارەوە دەزانی. ئەبو بەکر وتی: ئەگەر. عەبدولڕەحمان وتی: سوێند بەخوا باشترین کەسێکە بۆچوونت چووەتەسەری. پاشان بانگی عوسمانی کوڕی عەفانی کرد و وتی: لەبارەی عومەری کوڕی خەتابەوە بۆم باس بکە. ئەویش وتی: تۆ لەهەموومان باشتر دەیناسی. وتی: لەسەر ئەوە ئەی باوکی عبدالله. عوسمانیش وتی: خوایە گیان شارەزایی و زانینی من بە عومەر ئەوەیە، شاراوەییەکانی باشترە

لەئاشکراکانی، نمونەی ئەو لەنێو ئێمەدا نییە. ئەبو بەکر وتی: خوای گەورە بەزەیی پێتدا بێتەوە.

پاشان بانگی ئوسەیدی کوڕی حوزەیری کرد و پرسیارەکانی ئەوانی تری لێکرد، ئوسەیدیش وتی: من وەهای دەبینم دوای تۆ ئەو باشترینە، بۆ رازیبوون و چاکە رازییە و بۆ تاوان تووڕەیە و کەسی تر نییە لەو باشتر توانای بەسەر ئەم کارەدا بشکێ.

هەروەها راوێژی بەسەعیدی کوڕی زەید و کۆمەڵێ لەپشتیوانان و کۆچەران کرد، بەنزیکیی هەموویان بۆچوونیان لەسەر هەڵبژاردنی عومەر بوو، تەنیا یەك هاوەڵ نەبێ کە تەڵحەی کوڕی عوبەیدوالله بوو، لەتووندییەکەی عومەر ترسا، بەئەبو بەکری وت: ئەگەر خوای گەورە لەبارەی بەجێنشینکردنی عومەر بەسەر ئێمەوە لە تۆی پرسی، چی وەڵامێکی دەدەیتەوە لەکاتێکدا دەزانی تووڕەیە؟ ئەبو بەکر وتی: دامنیشێنن، ئایە بەخوا دەمترسێنن؟ خەسارۆمەندە ئەو کەسەی بەستەمەوە کاری ئێوە راپەڕێنێ، من بەخوا دەڵێم: خوایە گیان لەباشترین بەندەکانی تۆم لەدوای خۆم بەجێنشین بەجێهێشتووە.

لەئەبو ئەلسەفەرەوە ئەڵێ: ئەبو بەکر هات بۆلای خەڵك و ئەسمائی کچی عومەیس گرتبووی و دەستەکانی ئەلەرزین و ئەیووت: ئاخۆ رازین بەوەی جێنشینی دوای خۆم بۆ ئێوە دیاریی کردووە؟ سوێند بەخوا رەچاوی خزمایەتی و نزیکایەتییم نەکردووە، من عومەری کوڕی خەتابم کردووەتە خەلیفە و بەگوێی بکەن. ئەوانیش وتیان: وا بەگوێمان کرد و لەقسەی دەرناچین.

لەقەیسەوە ئەڵێ: عومەری کوڕی خەتابم بینی دانیشتبوو و خەڵکیش لەگەڵیدا بوون، چڵە دارخورمایەکی بەدەستەوە بوو ئەیووت: ئەی خەڵکینە بەگوێی خەلیفەی پەیامبەری خوا بکەن(صلى الله عليه وسلم) کە ئەڵێ: لەبەر خزمایەتیی عومەرم نەکردووەتە خەلیفە. خزمەتکارێکی ئەبو بەکر کە پێیدەوترا شەدید لەگەڵ عومەر بوو، ئەو پەڕەیەی پێ بوو کە تیایدا عومەر بەخەلیفە کرابوو.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: ئەو شەوەی ئەبو بەکر کۆچی دوایی کرد، هەر ئەو شەوە نێژرا، بەیانیی زووی ئەو شەوە، عومەر یەکەمین کارێك کردی، ئەوە بوو چووە سەر مینبەر و وتی: چەند قسەیەك دەکەم دڵنیابن لەسەری. یەکەمین قسەیەك کە وتی، ئەوە بوو: عەرەب نمونەی وشترێکی لووتبەرزە شوێن ئەو کەسە کەوتبێ کە رایدەدات، وشترەوانەکە بۆ کوێ چوو، ئەویش روو دەکاتە ئەو شوێنە، بەڵام من، سوێند بەخوای کەعبە دەیانخەمە سەر رێگەکە.

لەسااڵحی کوڕی کیسانەوە ئەڵێ: یەکەمین نووسراوێك لەکاتی بوون بەخەلیفەدا عومەر نووسی، نووسراوی بوو بۆ ئەبو عوبەیدە و کردیە ئەمیری سەربازەکانی خالید:وەسێتت پێ دەکەم بە لەخواترسان کە دەمێنێتەوە و شتانی تر نامێننەوە، بەترسان لەخوا کە ئێمەی لەگومڕایی دەرهێنا بۆ رووناکی، وا تۆم کردە ئەمیری سەربازەکانی خالیدی کوڕی ئەلوەلید، ئەو ئەرکەی لەسەر شانتە و مافی ئەوانە، جێبەجێی بکە، موسڵمانان رووە و تیاچوون نەبەیت بەئامانجی غەنیمەت ،دانەبەزیتە شوێنێك پێش وەختە زانیاریت لەسەر نەبێ، بزانە خوای گەورە تۆی بە من تاقیکردووەتەوە و منیشی بە تۆ تاقیکردووەتەوە، چاوت لەئاست دونیا لابدە و چاوت لەسەر دونیا نەبێ.

وتوویانە: شەدادی کوڕی ئەوسی کوڕی سابت ئەلئەنساری و مەحمیەی کوڕی جەزء هەواڵی کۆچی دوایی ئەبو بەکریان بەشام گەیاند، هەواڵەکەیان لەخەڵك شاردەوە تاوەکو موسڵمانەکان سەرکەوتن و لەیاقوسە بوون لەشەڕی رۆمی دوژمنیاندا، لەمانگی رەجەبدا بوو، هەواڵیان بەئەبو عوبەیدە گەیاند کە ئەبو بەکر کۆچی دوایی کردووە و خۆیشی کراوەتە ئەمیری جەنگی شام، عومەر ئەمیرەکانی تری خستەژێر دەست و خالیدی کوڕی ئەلوەلیدی لەئەمیرێتی لابرد.

لەئیبن ئیسحاقەوە ئەڵێ: کاتێك موسڵمانەکان لەئەجنادەین بوونەوە، بەڕێکەوتن بۆ فەحل لەخاکی ئوردن، لەوێدا رەتکەرەوانی رۆم و موسڵمانەکان کۆبوونەوە و خالید لەپێشەوەی خەڵکییەوە بوو، رۆم دابەزیبووە بیسان و رووبارەکانیان بەردابوویەوە و ئەو دەشت و دەرە قووڕ و لیتە بوو، بۆیە دابەزینە فەحل، بیسان لەنێوان فەڵەستین و

ئوردنە، بەڵام کاتێك موسڵمانەکان دابەزینە ئەوێ، نەیانزانی رۆم چی کردووە، بۆیە جموجوڵی ئەسپەکانیان سەخت هاتەوە، خوای گەورە ئەوانی پاراست، بیسان ناسرا بە(ذات الردغة–قووڕاو)بەهۆی ئەو چەرمەسەرییەی موسڵمانەکان لەوێدا تووشی هاتن، پاشان لەفەحلەوە ڕاپەڕین بۆ شەڕی رۆم، رۆم دۆڕا و موسڵمانەکان ڕۆیشتنە فەحلەوە و هەڵهاتووانی رۆم خۆیان گەیاندە دیمەشق. شەڕی فەحل لەمانگی زی ئەلقەعیدەدا ڕووی دا لەساڵی سیانزە و لەشەش مانگی سەرەتای خیلافەتی عومەر. حەجی ئەو ساڵە لەلایەن عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوفەوە سەرپەرشتی کرا. پاشان بەڕێکەوتن بۆ دیمەشق و خالیدیش لەپێشڕەویی سوپادا بوو،ڕۆم سەرۆکایەتییەکەیان بەپیاوێکی خۆیان سپارد پێیدەوترا باهان و لەدیمەشقدا بوو، عومەریش خالیدی کوڕی ئەلوەلیدی لەئەمیرێتی لابردبوو، ئەبو عوبەیدەی کردبووە ئەمیری تەواوی ئەو خەڵکە، لەدەوروبەری دیمەشق موسڵمانەکان و ڕۆمەکان ڕووبەڕووبوونەوە، شەڕێکی سەختیان کرد، پاشان خوای گەورە ڕۆمەکانی دۆڕاند، موسڵمانەکان زەبرێکی سەختیان بەڕۆم گەیاند، ڕۆمەکان ڕۆیشتنە دیمەشقەوە و دەرگاکانیان داخست، موسڵمانەکان پەلاماریانیان دا و کۆڵیان نەدا تاوەکو دیمەشقیان فەتح کرد و خەڵکی فەتح جیزیەیان دا. پاشان نووسراوی بەئەمیر دەستنیشانکردنی ئەبو عوبەیدە و لابردنی خالید هات، ئەبو عوبەیدە شەرمی کرد ئەو نووسراوە بۆ خالید بخوێنێتەوە تاوەکو دیمەشق فەتحکرا و لەسەر دەستی خالید ڕێککەوتن کرا و بەناوی خالیدەوە نووسراوەکە ئەنجام درا.

کاتێك خەڵکی دیمەشق ڕێککەوتنیان کرد، باهانی فەرمانڕەوای ڕۆم کە شەڕی موسڵمانەکانی کرد، خۆی گەیاندە هیرقەل. فەتحی دیمەشق لەساڵی چواردە و لەمانگی ڕەجەبدا بوو. ئەبو عوبەیدە ئەوکات دەریخست کە عومەر ئەوی کردووەتە ئەمیر و خالیدی لەئەمیرێتی لابردووە. موسڵمانەکان و ڕۆمەکان لەشارێکدا بەرانبەر بوونەوە کە پێیدەوترێ عەین فەحل و لەنێوان فەڵەستین و ئوردندایە، شەڕێکی سەختیان کرد، پاشان ڕۆمەکان خۆیانیان بەدیمەشق گەیاندبوو، هەرچی سەیفە وەك ئەوەی ئەلسسرپی باسیکردووە لەشوعەیبەوە ئەویش لەئەبو عوسمانەوە و ئەویش لەخالید و عەبادەوە،

وەك ئەوەی باسیکردووە، کاتێ هەواڵ لەمەدینەوە گەیشتە موسڵمانەکان کە ئەبو بەکر کۆچی دوایی کردووە و ئەبو عوبەیدەش کراوەتە ئەمیر، موسڵمانەکان لەیەرموك بوونە، کاتی شەڕی سەختی نێوان موسڵمانەکان و ڕۆم بووە. ئەڵێن: کاتێك خوای گەورە سەربازەکانی یەرموکی تێکشکاند و خەڵکی وەقواسە کردیانە هەرا و دەسکەوتەکان دابەشکرا و پێنج یەك ڕەوانە کرا و شاندەکان بەڕێخران، ئەبو عوبەیدە هەڵسا بەشیری کوڕی کەعبی کوڕی ئەلحیمیەریی کردە سەرپەرشتیاری یەرموك تاوەکو هەڵگەڕانەوەیەك ڕوو نەدات و ڕۆم دەستی بەو شوێنە نەگات. ئەبو عوبەیدە دەرچوو تاوەکو دابەزێتە ئەلسسوففەر و ئەیویست دوای هەڵهاتووان بکەوێت، نەیدەزانی ئەو هەڵهاتووانەی ڕۆم جارێکی تر کۆدەبنەوە یان بلاوەی لێ دەکەن، ئا لەو کاتەدا هەواڵی پێگەیشت کە هەڵهاتووان پەنایان بردووەتە بەر فەحل و لەحیمسەوە هاوکاریی بەخەڵکی دیمەشق گەیشتووە، ئیتر نەیزانی سەرەتا لەدیمەشقەوە دەستپێبکات یان لەفەحل لەخاکی ئوردنەوە، بۆیە نامەی بۆ عومەر نووسی و لەئەلسسوففەر مایەوە و چاوەڕێی وەلامی عومەر بوو. کاتێك هەواڵی فەتحی یەرموك بەعومەر گەیشت، ئەمیرەکانی سەردەمی ئەبو بەکری هێشتەوە جگە لەلابردنی عەمری کوڕی ئەلعاص و خالیدی کوڕی ئەلوەلید، خالیدی کردە سەربازێکی ژێر دەستی ئەبو عوبەیدە و فرمانی بەعەمریش کرد یارمەتیی ئەو خەڵکە بدات تاوەکو جەنگ بگاتە فەڵەستین و پاشان شەڕی فەڵەستین بەڕێوە ببات. لەدیمەشقەوە دەستپێبکەن و بۆی ئامادەبن، چونکە قەڵای شام و مالی پادشانشینەکەیانە و لەخوارەوەش خەڵکی فیحل بەئەسپەکانتانەوە لەگەردنیان بدەن و بەخۆتانەوە سەرقاڵیان بکەن".

ئەبو عوبەیدە بۆ فەرمانەکە ڕاپەڕی، دە فەرماندەی نارد فەحل بەسەرکردایەتیی(عمارة ابن مخش) و خەڵکی نارد نێوان دیمەشق و حیمس تا ببنە بەربەست، عەلقەمەی کوڕی حەکیم و مەسروقیشی نارد بۆ نێوان دیمەشق و فەڵەستین، بەوە جۆرە ئەبو عوبەیدە دڵنیابوو لەنەگەیشتنی هاوکاریی بەدیمەشق، خۆیشی بەوانەی لەگەڵیدا بوو بەڕێکەوتن تاوەکو گەمارۆی دیمەشقیان داو دابەزینە دەرگاکانی: عەمری

کوڕی عاص دابەزیە دەرگای(القرادیس) و شورحەبیلیش دابەزیە دەرگای(توما) و قەیسی کوڕی هوبەیرەش دابەزیە دەرگای (الفَرَج) و ئەبو عوبەیدەش دابەزیە دەرگای(الجابیة) و خالیدیش دابەزیە دەرگای(رۆژهەلآت – الشرقي) و موسڵمانەکان گەمارۆیەکی تونديان خستە سەر ئەو دەرگاو گەڕەکانە و نزیکەی حەفتا شەو بەو جۆرە بەردەوام بوون و هەوڵیان دەدا بەشوشە و تیرهاوێشتن و مەنجەنیق فەتحی بکەن، خەڵکەکان گەمارۆ بوون و تکاو هاواریان بوو هیرقەل فریایان بکەوێ، جا کە لەفریاکەوتن بێ ئومێد بوون و دڵنیابوون کە هاوکارییان پێ ناگات، دەست و قاچیان شکاو ترس و لاوازیی زیاتریان بۆ دروست بوو گومانیشیان بەبادا رۆیشت کە وەهایان گومان دەکرد بەفرو سەرما دەستپێبکات، موسڵمانەکان قوفڵ ئەبن و هیچیان پێ ناکرێ و ئەم ئومێدەشیان نەما.

خالید بەبێ ئامادەسازیی و لەسەرپێ وەستان خەو نەدەچووە چاوانی و فرتوفێڵ و پلانی دوژمنی لێ شاراوە نەبوو، چاوی بەئاگا بوو، گرنگیی بەدواوەی ئەدا، هەواڵی پێگەیشت کە بەتریکەکەیان منداڵی بووە و خواردنی ساز داوە و خەڵکی بانگکردووە بۆ چێشتخواردن و خواردنەوە و لەشوێنەکانیان بێ ئاگان، بۆیە کۆمەڵێ پەت و گوریسی هێنا وەک زنجیر وەهابوون، کە ئێوارەی لێهات ئەم هەلەی قۆستەوە و لەگەڵ ئەو سەربازانەی لەعێراقدا لەگەڵی بوون راپەڕین، خۆی و قەعقاعی کوڕی عەمر و مەزعوری کوڕی عەدی و هاوشێوەکانی تریان پێش ئەو سەربازانە کەوتن و وتیان: ئەگەر لەسەر شوراکانەوە دەنگی(الله أكبر)ی ئێمەتان بیست، بەرەو لای ئێمە بێن و بڕۆنە بەردەم دەرگاکە.

کە گەیشتە لای دەرگاکە لەڕووی خوارەوە لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، حەبلەکانیان هەڵدایە سەرەوە – لەسەر پشتیان شتێکیان دانابوو کە لەخەندەقەکەوە پێی پەڕیبوونەوە– کە حەبل و گوریسەکان لەشوراکە گیربوون، قەعقاع و مەزعور بەحەبلەوە سەرکەوتنە سەر شوراکە و هەموو پەت و حەبل و گوریسەکانیان ڕێك دامەزراو و جێگیر کرد، ئەو شوێنەی کە ئەوان چووبوونە ناوێەوە باشترین قەڵایەك بوو دەورەی دیمەشقی دابوو، ئاوی زۆر و سەختترین دەروازەکانیشی بوو، هەموویان هاتن تاوەکو چوونەسەر

شوراکان و خالید لەگەڵیاندا خواربوویەوە ناو قەڵاکە و لەدوای خۆیشیانەوە کەسانێکی بەجێهێشت بۆ پارێزگاریکردنی ئەوانەی پێیدا هەڵدەشاخێن و دێنە سەر شوراکەوە و فەرمانی دا(الله أكبر) بڵێنەوە، کە موسڵمانەکان(الله أكبر)یان وتەوە، موسڵمانەکان راپەڕین بۆلای حەبل و گوریسەکان و پێیدا هاتنە سەرەوە و خالید شەڕیکرد و ئەوانەی خوارەوەی دەرگاکەیان کوشت و گەیشتە نزیک دەرگاکە و دەرگاوانەکانیشی کوشت، خەڵکی شارەکە هەڵچوون و ترس کەوتە نێوانیانەوە و شوێنی خۆیانیان گرت و نەیاندەزانی کارەکە چۆنە، خەڵکی هەرشوێنێك بەدەرگای خوار خۆیەوە سەرقاڵ بوو، خالید و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون بەشمشێرەکانیان دەرگاکانیان داخست و رێگەیان بۆ موسڵمانەکان کردەوە و بەشمشێر شەڕیان ئەکرد تاوەکو لەپشت دەرگاکە هیچ جەنگاوەرێك نەمێنێ، ئەوانەی وا لەدەستی رزگاریان بوو پەنایان بردە بەر خەڵکی دەرگاکانی تر.

موسڵمانەکان خەڵکی دیمەشقیان بانگەواز کردبوو بۆ هاوبەشییکردن، بەڵام رەتیانکردبووەوە، کە شمشێری خالید کەوتە گەردنیان، پێشنیاری ئەوەیان کرد کە رەتیانکردبووەوە و هەوڵی ئاشتییان دا، موسڵمانەکانیش بەدەم داواکەیانەوە رۆیشتن و رۆمەکان دەرگاکانیان بۆ موسڵمانەکان کردەوە وتیان :بێنە ژوورەوە و بمانپارێزن لەخەڵکی ئەو دەرگایە.

خەڵکی دەرگاکان بەشداری ئەو رێکەوتنە بوون، ئەوانەی رەتیانکردەوە، خالید بەزۆر چووە ناویەوە و لەگەڵ هەندێکیان بەرێکەوتن و سەلامەتی و هەندێکی تریشیان بەدەستبەسەراگرتن.

رێکەوتن و ئاشتییان لەسەر دابەشکردنی پارەو موڵك و هەر کەسەو دینارێك بدات، موسڵمانەکان شتەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد، سەربازەکانی خالید هەریەکەو بەشی فەرماندەیەکی وەرگرت و بۆ هەر پارچە زەویەك(جریب) ئەندازەیەك دیاریی بکرێ تەنیا هی پادشا و هاوشێوکانیان نەبێ کە بە دەستکەوت وەقفی کرد.

دەسکەوتەکانیان دابەشکرد و مزگێنیی فەتح بۆ عومەر نێردرا، نووسراوی عومەر بەئەبو عوبەیدە گەیشت، سەربازانی عێراق بگەڕێنەوە عێراق و هیشامی کوڕی عوتبەی کردە ئەمیری سەربازانی عێراق، ئەلقەعقاعی کوڕی عەمریش بەپێشڕەویی ئەو سوپایە و عەمری کوڕی مالیك ئەلزوهری و ربیعی کوڕی عامریش بەسەرپەرشتیاری هەردوولاشانی سوپا و ئینجا خۆیان بگەیەنن بەسەعدی کوڕی مالیك. لەدوای دیمەشق بەڕێکەوتن بۆلای سەعد، هاشم بەسەربازانی عێراقەوە ڕووە و عێراق دەرچوو، فەرماندەکانیش ڕووە و فەحل دەرچوون. سەربازەکانی هاشم دە هەزار کەس بوون، ئەوانەیان کە لێ کوژرابوو، بەخەڵکی تر شوێنیان پڕ کرابوویەوە، قەیس و ئەلئەشتەریان تێدا بوو، عەلقەمە و مەسروق دەرچوون بەرەو ئیلیاء و لەڕێگەی ئیلیاء دابەزین، خۆی لەدیمەشقدا مایەوە لەگەڵ یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان و فەرماندەکانی خەڵکی یەمەن کە عەمری کوڕی شیمری کوڕی غەزییە و سەهمی کوڕی ئەلموسافیری کوڕی هەزمە و موشافیعی کوڕی عبداللەی کوڕی شافیعیان تێدا بوو. لەدوای فەتحی دیمەشق،یەزیدی کوڕی دوحیەی کوڕی خەلیفە ئەلکەلبیی بەکۆمەڵێ سوارەوە نارد بۆ تەدمور، ئەبو ئەلزەهراء لەقوشەیریشی نارد بۆ ئەلبەسەنییە و حوران، خەڵکی ئەو دوو شوێنە بەنمونەی ڕێککەوتنی دیمەشق لەگەڵیدا ڕێککەوتن. سەرپەرشتیی ئەو فەتحەی کرد کە پێی سپێردرابوو.

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێ: لەمانگی ڕەجەبی سااڵی چواردەدا فەتحی دیمەشق کرا. هەروەها ئەڵێ: شەڕی فەحل لەپێش فەتحی دیمەشق بوو. ئەوە هەیە هەڵهاتووانی دیمەشق ڕوویانکردە فەحل و موسڵمانان بەرەو فەحل دوایانکەوتن. وەهای داناوە کە ڕووداوی فەحل لەمانگی زی ئەلقەعیدەی سااڵی سیانزەدا ڕووی داوە،ئیبن حومەیدیش ئەوەی باسکردووە و ئەڵێ: سەلەمە لەبارەیەوە بۆی باسکردین. هەرچی واقیدییە وەهای داناوە کە لەسااڵی چواردەدا دیمەشق فەتح کراوە،هەروەك ئیبن ئیسحاق وەهای داناوە. وەهای داناوە کە موسڵمانەکان بۆ ماوەی شەش مانگ گەمارۆیان داوە. هەروەها وەهای داناوە کە شەڕی یەرموك لەسااڵی پانزەدا ڕووی داوە، هیرقەلیش لەدوای شەڕی یەرموك

و لەو ساڵەدا لەمانگی شەعباندا لەئەنتاکیاوە رۆیشتووە بۆ قوستەنتینییە و لەدوای یەرموك، شەڕی دیکە رووی نەداوە.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: گێڕدراوەتەوە لەسەیفەوە ئەویش لەو کەسەی کە لێیەوە گێڕاوێتییەوە، کە شەڕی یەرموك لەساڵی سیانزەدا رووی داوە، موسڵمانەکان لەیەرموك و لەو رۆژەی رۆم تیایدا دۆڕاوە و لەدوای شەڕ، هەواڵی کۆچی دوایی ئەبو بەکر بەموسڵمانەکان دراوە،لەدوای لێبوونەوەیان لەیەرموك، عومەر فرمانی پێکردوون بەڕێبکەون بۆ دیمەشق. وەهای داناوە کە شەڕی فەحل لەدوای فەتحی دیمەشق بووە، دواتریش لەنێوان موسڵمانەکان و رۆمدا هەندێ شەڕی رووی داوە، ئەوەش پێش ئەوەی هیرقەل بەرەو قوستەنتینییە بڕوات.

لەو ساڵەدا مەبەستم ساڵی سیانزە، عومەری کوڕی خەتابی خەلیفە، ئەبو عوبەیدی کوڕی مەسعودی ئەلسەقەفیی ئاراستە کردووە رووە و عێراق و واقیدییش وەهای وتووە، هەرچی ئیبن ئیسحاقە، ئەوە وتوویەتی: رۆژی شەڕی ئەلجیسر لەساڵی چواردەدا بووە و شەڕی فەحلی لەگێڕانەوەی سەیفدا باسکردووە. ئەبو جەعفەر ئەڵێ: ئێستا باسی فەحل دەکەین، لەو هەواڵەدا جیاوازیی هەیە لەبابەت فتوحاتی سەربازانی شام، ئەو شتانەی کە رەتدەکرێنەوە، بوونی ئەو جیاوازییانەیە کە لەکاتی خۆیدا باسم کردوون، چونکە لەیەکەوە نزیکن. سەبارەت بەگێڕانەوەی ئەلسسرپیی، ئەو باسە هەیە کە بۆ شوعەیبی نووسیووە ئەویش لەسەیف و ئەویش لەئەبو عوسمان یەزیدی کوڕی ئوسەید ئەلغەسسانی و ئەبو حاریسە ئەلعەبشەمی کە وتوویانە: لەدوای فەتحی دیمەشق، خەڵکانێك بەسەرپەرشتیی یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان بەئەسپەوە لەدیمەشقەوە دەرچوون بەرەو فەحل و شەرحەبیلی کوڕی حەسەنە بەسەرپەرشتیاری خەڵك مایەوە، خالیدی بەپێشڕەوی سوپا نارد و ئەبو عوبەیدە و عەمریشی بەسەرپەرشتیاری هەردوولاشانی سوپا رەوانە کرد،زەراری کوڕی ئەلئەزوەری کردە سەرپەرشتیاری ئەسپسوارەکان و عەییازیش بەسەرپەرشتیاری پیادەڕەوان. حەزیان نەکرد رووبەڕووی هیرقەل ببنەوە و هەشتا هەزار کەسیان بەدواوەیە. زانییان بەتەنیشتنی فەحل بەهەشتی

رۆم هەیە و شام لەدوای ئەوان وەك پەیژەیەکە، بۆیە کاتێك گەیشتنە لای ئەبو ئەلئەعوەر، پێشیانخست بۆ تەبەریە، گەمارۆیانی دا و دابەزینە فەحل لەئوردن. کاتێك ئەبو ئەلئەعوەر گەیشتە فەحل، خەڵکی فەحل هەڵهاتن و پەنایان بردەبەر بیسان. شەرحەبیلیش خەڵکەکەی دابەزاندە فەحل و رۆمەکانیش لەبیسان بوون، لەنێوان ئەوان و موسڵمانانداو ئاو و قووڕ و لیتە هەبوو،بۆیە نامەیان بۆ عومەر نووسی و ئەو هەواڵیان بۆ روونکردەوە، خۆیشیان لەفەحل مانەوە و نیازی رۆیشتنیان نەبوو تاوەکو فرمانی عومەریان پێ دەگات،بەهۆی قووڕو لیتەشەوە نەیاندەتوانی بچنە پێشەوە، عەرەب ئەو شەڕەی ناونا فحل و ذات الردغة(قووڕ و لیتە). موسڵمانەکان لەدێهاتەکانی ئوردن باشتر لەهاوبەش پەیداکەرانیان پەیدا کرد، سەقەلیاری کوڕی میخراق بەخەڵکانی دێهاتنشین پەلاماری موسڵمانەکانی دا، ئەمەو لەکاتێکدا شەرحەبیل هەمیشە وریایی خۆی وەردەگرت، بۆیە کاتێ پەلاماری موسڵمانەکانی دا لەفەحلدا، موسڵمانەکان بەوریاییەوە لێیان هاتنە دەست و شەو و رۆژێك شەڕی سەخت رووی دا،دێهاتنشینەکان شەویان بەسەردا هات و سەرگەردان بوون، دۆڕان، سەرۆکەکەیان کە سەقەلیاری کوڕی میخراق بوو کوژرا، نوستورس جێگەی گرتەوە، موسڵمانەکان سەرکەوتنێکی نایابیان چنگخست، بەجۆرێ دوژمنیان تووشی ناڕەحەتی و پەرێشانیی کرد رووبانکردە دەشتی قووڕ لیتە، هەشتا هەزار کەس لەدوژمن کوژراو و تاك و تەرا لێیان رزگاری بوو. خوای گەورە موسڵمانەکانی بەسەر دوژمناندا سەرخست تاوەکو زیاتر بەرچاوڕوونتر و پەرۆشتر بن. موسڵمانەکان لەنێو خۆیاندا دەسکەوتەکانیان دابەشکرد،ئەبو عوبەیدە لەگەڵ خالیددا لەفەحلەوە رۆیشت بۆ حیمس، سەمیری کوڕی کەعبیشیان لەگەڵ خۆیاندا بەرێخست و بەزی ئەلکلاع و ئەوانەی لەگەڵیان بوون رۆیشتن، شەرحەبیل و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لەوێدا بەجێهێشت.

باس و خواسی قادسیە

لەعەبدولڕەحمانی کوڕی سابات ئەلئەحموریییەوە هەموویان وتوویانە:خەڵکی فارس بەڕۆستەم و فەیروزان وت کە سەرۆکاری خەڵکی فارس بوون:ئەگەر ئێوە لەناکۆکی و دووبەرەکییدا بن سەرەنجامتان چی دەبێ؟! ئێوە خەڵکی فارستان لاواز کردووە و ئەوانتان خستووەتە بەردەم تەماحی دوژمنەکانیان، ئێوە لەدوای کەوتنی بەغدا و سابات وا مەدائین ماوە بیفەوتێنن، دەی سوێند بەخوا یان یەکدەگرن یان بەکوشتنی هەردووکتان دەستپێدەکەین پێش ئەوەی هیچ ناحەزێ بەتیاچوون و کەوتنمان خۆشحاڵ بێ.

ئەلسسرپی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەعوبەیدواللەی کوڕی موحەفیزەوە ئەویش لەباوکیەوە وتی: خەڵکی فارس بەڕۆستەمیان وت لەکاتێکدا کە موسڵمانەکان بەخاکی ڕەشدا دەسووڕانەوە:ئەرێ ئێوە چاوەڕێی چی دەکەن! سوێند بەخوا وا تیاچوونمان نزیکە و تەنیا ئێوە بوون ئەم لاوازییەتان بەسەردا ئێمەدا هێنا، ئەی دەستەی فەرماندەکان ئێوە خەڵکی فارستان پەرتەوازە کرد و سست و خاوکردووە بەرانبەر دوژمنەکانیان، سوێند بەخوا ئەگەر کوشتنی ئێوە مایەی تیاچوونی ئێمە نەدەبوو، ئەوە هەر ئێستا ئێوەمان دەکوشت، دەی سوێند بەخوا ئەگەر کۆتایی بەناکۆکییتان نەهێنن، ئەوە ئێوە لەنێو دەبەین ئینجا خۆمان لەنێو دەبەین، وا بەدەست ئێوەوە گیرۆدە هاتووین.

ئەلسسرپی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەموحەممەد و تەڵحە و زیادەوە کە وتوویانە: فەیروزان و ڕۆستەم بەبورانی کچی کیسرایان وت:نامەمان بۆ بنووسە ژنان و دڵبەرانی کیسرا و ئافرەتانی بنەماڵەکەی کۆبکرێنەوە. ئەویش ئەوەی کرد و نووسراوی پێدان، هەموو ئەو ئافرەتانەیان هێنا و کەسیان لێ نەمایەوە، دەستکرایە ئەشکەنجەدانیان تاوەکو شوێنی کوڕانی کیسرا ئاشکرا بکەن. هیچ کوڕێکی کیسرایان لا نەبوو، وتیان، یان یەکێکیان وتی: لەکوڕانی کیسرا تەنیا تازە پێگەیشتوویەك لەژیاندا ماوە ناوی یەزدەگوردی کوڕی شەهریاری کوڕی کیسرایە و

دایکی خەڵکی بادوریایە. ئەوانیش ناردیان بەدوای ئەو ژنەدا و بەمندالەکەوە هێنایان کە لەڕۆژگاری (شیری)دا هێنابووی بۆ ئەو شوێنە، ئەوکاتەی شیریی لەکۆشکی سپیدا هەموو ژنانی کیسرای کۆکردبووەوە نێرینەکانی کوشتن. ئافرەتەکە یەزدەگوردی لای خاڵوانی دانابوو، پاشان ناونیشانی بۆیان ئاشکرا کرد، یەزدەگوردیان هێنا کە لەتەمەنی بیست و یەک ساڵییدا بوو کردیان بەپادشای خۆیان. لەدەوری کۆبوونەوە و فارس دڵنیا و ئارام بوویەوە و هەموو سەرۆکەکان گوێڕایەڵی و ملکەچییان بۆ دەرخست و سەرباز و سەنگەرەکانیش دیاریی کران.

موسەنا و موسڵمانەکان بۆ سەر یەزدەگورد کۆبوونەوە، نامەیان بۆ عومەر نووسی کە چاوەڕێی چی دەکەن، نامەکە بەعومەر نەگەیشت، خەڵکی خاکی رەش(السواد) لەبەڵێن و پەیمانی خۆیان لەگەڵ موسڵمانەکان هەڵگەڕانەوە. موسەنا لەشارپارێزەکەیدا دەرچوو تاوەکو دابەزییە زی قار، خەڵکییش لەیەک سەربازگەدا دابەزین.

لەموحەممەد و تەڵحە و زیادەوە بەئیسنادی خۆیان وتوویانە: یەکەمین کارێک عومەر ئەنجامی دا کاتێک هەواڵی پێگەیشت کە فارس هەڵساون و یەزدەگوردیان کردووەتە پادشای خۆیان، ئەوەی کرد نامەی بۆ هەڵسوڕێنەرانی عەرەب نارد لەناوچە و هۆزەکان و لەمانگی زی ئەلحیجەی ساڵی سیانزەدا کە خۆی دەردەچوو بۆ حەج و هەموو ساڵێک حەجی دەکرد:هەرکەسێ چەکی هەیە یان ئەسپ یان توانای فریاکەوتن و بۆچوونی هەیە، بۆ لای منی بنێرن. نێردراوان رۆیشتن بۆلای ئەوانەی نامەیان بۆ نووسرا بوو، ئەوانەی خەڵکی مەدینە بوون لەگەڵ ئەوانەی تردا چوونە لای عومەر، بەڵام ئەوانەی خوارتر رۆیشتنە لای موسەنا. ئەوانەی رۆیشتنەلای عومەر، هەواڵیان پێ دا کە چی لەودیوو ئەوانەوە رووەدات.

ئەبو مەعشەر ئەڵێ: وەک ئەوەی ئەلحاریس بۆی باسکردم ئەویش لەئیبن سەعدەوە. ئیبن ئیسحاقیش ئەڵێ: وەک ئەوەی ئیبن حومەید بۆی باسکردین و وتی:سەلەمە بۆی باسکردین و وتی: عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف سەرپەرشتیی حەجی ساڵی سیانزەی کرد.

لەئیبن عومەرەوە ئەڵێ: عومەر لەو ساڵەی بووە خەلیفە،عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف کردە سەرپەرشتیاری حەج، پاشان بەخۆی هەموو ساڵێك حەجی کرد. ئەو ساڵە، وەك باسکراوە، عومەر، عەتابی کوڕی ئوسەیدی کوردە والیی مەککە، عوسمانی کوڕی ئەبی ئەلعاصی کردە والیی تائیف، یەعلای کوڕی مونیەی کردە والیی یەمەن، حوزەیفەی کوڕی میحصەنی کردە والیی عومان و یەمامە، ئەلعەلائی کوڕی ئەلحەزرەمیی کردە والیی بەحرەین،ئەبو عوبەیدەی کوڕی ئەلجەڕاحی کردە والیی شام، موسەننای کوڕی حاریسەی کردە والیی سنووری کوفە و زەوییە فەتحکراوەکانی، وەك باسدەکرێ عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبی کردە دادوەر.

پاشان ساڵی چواردە هات

لەموحەممەد و تەڵحە و زیادەوە بەئیسنادی خۆیان: عومەر دەرچوو تاوەکو گەیشتە سەر ئاوێك پێیدەوترا:سیرار(صرار)، لەوێدا سەربازگەی لێ دا و خەڵکیی نەیاندەزانی بەڕێدەکەوێ یان لەوێدا دەمێنێتەوە. ئەگەر بیانوویستبایە پرسیاری شتێکی لێ بکەن، ئەوە عوسمانیان دەنارد لای یان عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوفیان دەنارد لای. عوسمان لەخیلافەتی عومەردا پێیدەوترا رەدیف، بەزمانی عەرەب، رەدیف بەو کەسە دەوترێ کە لەدوای سەرۆك، رۆڵی ئەو دێت. جا ئەگەر ئەو دوو پیاوە نەیانتوانیبایە زانیارییەکیان دەستکەوێ، دەچوون عەباسیان بەکاردەهێنا.

عوسمان بەعومەری وت: نیازی چیت هەیە؟ ئەو وتی: جارێ کۆبوونەوە بدەن. خەڵکیی لای کۆبوونەوە و هەواڵەکەی پێیان دا. پاشان روانیی خەڵکیی چی دەڵێن؟ تێکڕای خەڵك وتیان: بەڕێکەوە و ئێمەش لەگەڵ خۆتدا بەڕێبخە. عومەریش بۆچوونی ئەوانی وەرگرت. وتی: ئامادەسازین، من بەڕێدەکەوم تەنیا مەگەر بۆچوونێکی باشتر لەم بۆچوونەی من دروست ببێ. پاشان ناردی بەشوێن ئەوانەی خاوەن بۆچوون بوون،گەورە هاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و ناودارانی عەرەب لای کۆبوونەوە،وتی: بۆچوونم پێ بدەن، من دەمەوێ بەڕێکەوم. ئەوانیش دوای تاووتوێکردنێکی چڕ و پڕ،

هاتنە سەر ئەوەی یەکێك لەهاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بنێرێ و بەسەرباز هاوکاریی بکات. عومەر جارێ کۆبوونەوەی دا، ناردی بەشوێن عەلیدا(سەلامی خوای لەسەربێ) کە کردبوویە سەرپەرشتیاری مەدینە و عەلی هات بۆلای، ناردی بەشوێن تەڵحەدا و کردیە سەرپەرشتیاری پێشەوی سوپا، زوبەیر و عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف و هەردووکیانی کردە بەرپرسی هەردوولای سوپا، ئینجا هەڵسا و لەنێو خەڵکەکەدا وتارێکی دا و وتی: خوای گەورە هەموو موسڵمانەکانی بۆ ئیسلام کۆکردووەتەوە، دڵەکانی خستووەتە پاڵ یەك و هۆگری یەکتری کردوون و هەموویانی کردووەتە برا، موسڵمانان لەنێو خۆیاندا وەك یەك جەستەن، ئازاری یەکێکیان ئازارە بۆ ئەوی تر، مافە بەسەر موسڵمانانەوە بەڕاوێژ کار بکەن، خەڵکیی دوای ئەوە دەکەون کە بەم کارە هەڵدەستێ و لەسەری کۆدەبنەوە و لەشەڕ و ئاشتییدا سوودی لێ دەکەن. ئەی خەڵکینە من وەك یەکێك لەئێوە بووم تاوەکو خەڵکانی خاوەن بۆچوون منیان خستەسەر رێی دەرچوون، منیش وەهای دەبینم خۆم بمێنمەوە و یەکێکی تر بنێرم.

لەعومەری کوڕی عەبدولعەزیزەوە ئەڵێ: کاتێ هەواڵی کوژرانی ئەبو عوبەیدی کوڕی مەسعود و هەڵبژاردنی پیاوێکی بنەماڵەی کیسرا بەپادشای فارس لەلایەن خەڵکی فارسەوە بەعومەر گەیشت، جارێ دا بەنێو کۆچەران و پشتیواناندا دەرچوو تاوەکو گەیشتە سیرار،تەڵحەی کوڕی عوبەیدواللەی پێشخست تاوەکو بگاتە ئەلئەعوەس، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف کردە بەرپرسی لای راستی سوپا و زوبەیریش بەبەرپرسی لای چەپی سوپا، عەلی بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشت، راوێژی خەڵکی کرد و ئاماژەی تەواوی خەڵك بەڕێکەوتن بوو رووە و فارس. هیچ راوێژێکی نەکرد تاوەکو گەیشتە سیرار، تەڵحە گەڕایەوە راوێژی خەڵکی کرد و بەعومەری وت: دایك و باوکم بەفیدات بێ بگەڕێوە و تۆ لەگەڵ ئێمەدا مەیە، ئەگەر بکوژرێی، ئەترسم ئیتر موسڵمانان(الله أكبر)ی سەرکەوتن نەکەن و ئیتر بۆ هەمیشە شایەتیی نەدرێت بە(لا إله إلا الله).

عومەر لەبیرکردنەوەدا بوو کێ هەڵبژێرێ، نامەی بۆچوونی سەعد گەیشت کە لەکۆکردنەوەی زەکاتی نەجدا بوو. عومەر وتی: پێم بڵێن کێ دەستنیشان بکەم؟ عەبدولڕەحمان وتی: من ئەو کەسەم دۆزییەوە. عومەر وتی: کێیە؟ عەبدولڕەحمان وتی: زەبری شێر لەوەشاندنی چرنوکیدایە. سەعدی کوڕی مالیك، ئەو خاوەن بۆچوونە.

لەخوەلیدی کوڕی زەفەرەوە ئەویش لەباوکیەوە ئەڵێ: موسەنا هەواڵی بۆ عومەر نووسی کە فارسەکانُ بەکۆی دەنگ یەزدەگوردیان بەپادشای خۆیان هەڵبژاردووە، هەواڵی ئەهلی زیممەشی بۆ نارد، بۆیە عومەر بۆی نووسی کە: لابدەرە لای وشکانی و ئەوانی تریش نزیك بەسنووری خاکی خۆت دابنێ تاوەکو فرمانی منت بۆ دێت، پەلاماری عەجەمەکان بدە.

موسەنا دەرچوو خەڵکەکەی هێنا و دایبەزاندن بەناوچەکانی کیسرادا و پەلاماری لەناکاویان دەبرد.

لەئەلقاسمی کوڕی موحەممەدەوە ئەڵێ: ئەبو بەکر، سەعدی کردبووە بەرپرسی کۆکردنەوەی زەکاتی هوازن لەنەجد، عومەریش لەشوێنی خۆیدا هێشتیەوە و وەك هەڵسوڕاوانی تر نامەی بۆ ئەویش نارد کە ئەسپسوارەکان و چەك هەڵگران و خاوەن بۆچوون و کەسانی ئازای بۆ بنێرێت. بەکۆکردنەوەی زەکاتەوە نامەی سەعد بۆ عومەر گەڕایەوە و ئەویش هاودەنگی عومەر بوو کاتێ کەسانێك بۆچوونیان لەسەر هەڵبژاردنی سەعد بوو.

ئەلسسرپی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەموحەممەد و تەڵحەوە بەئیسنادی خۆیان وتوویانە: سەعدی کوڕی ئەبو وەقاس بەرپرسی زەکاتی هوازن بوو، عومەر بۆ ئەویش نامەی نارد کە خەڵکانی خاوەن بۆچوون و ئازای بۆ هەڵبژێرێت،لەوانەی چەکیان هەیە یان ئەسپ. نامەی سەعدی بۆ هات کە: من هەزار سوارم بۆ هەڵبژاردووی، هەموویان کەسانی ئازا و خاوەن بۆچوون و وریا و پارێزەر و بەڕێزن، خاوەن رەچەڵەك و بنەماڵەن، سوود لەبۆچوونیان دەکەی. ئەوانیش وتیان: بێگومان ئەو کەسەت دۆزییەوە کە بیکەیتە ئەمیری سەربازانی عێراق. وتی: ئەو کەسە

کێیە؟ وتیان: شێرەکە دەرکەوت. وتی: ئەو شێرە کێیە؟ وتیان: سەعد. ئەویش بۆچوونی ئەوانی پەسەند کرد، ناردی بەدوایدا و ئەویش هات و کردیە ئەمیری جەنگی عێراق و وەسێتی پێکرد و وتی: ئەی سەعد سەعدی نەوەی وهەیب، لەخۆ بایی نەبی ئەگەر وتیان: تۆ خاڵۆی پەیامبەری خوای(صلى الله عليه وسلم)، خراپە بەخراپە لاناچێت، بەڵکو بەچاکە، خراپە لادەچێت، لەنێوان خوا و هیچ کەسێکدا خزمایەتیی نییە، بەڵکو گوێڕایەڵیی هەیە، گەورە و رێزداری خەڵک و نزمترینیان لای خوای گەورە وەک یەکە، خوا پەروەردگاری هەموویانە و ئەوانیش بەندەی خوان، بەسەلامەتی و عافیێتەوە بەسەریەکەوە هەیانە، بەخواپەرستییەوە بەپاداشتی لای خوای گەورە دەگەن، بڕوانە ئەو کارەی کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەسەری بووە لەو کاتەوەی بەپەیامبەری نێردرا تاوەکو بەجێیهێشتین، چی کردووە پێیەوەی پابەندبە و ئەوە فەرمانە. ئەوە ئامۆژگاریی منە، وریابە ئەگەر پشتی تێبکەی و کاری پێ نەکەیت، بەوە کارو کردەوەت پووچ دەبێت و ئەچیتە ریزی زیانمەندانەوە. من تۆم کردووەتە ئەمیری شەڕی عێراق، بۆیە وەسێت و ئامۆژگارییم بپارێزە، تۆ بەرەو کارێکی زۆر سەخت دەچی، تەنیا راستیی تۆی تیادا رزگار دەکات،کەوابوو خۆت و ئەوانەی لەگەڵتن رابهێنە لەسەر چاکە، بشزانە: هەموو نەریتێك ئامادەسازییەکی هەیە، ئامادەسازیی خێر و چاکەش بریتییە لەئارامگرتن، ئارامبگرە لەسەر هەر شتێك دێتە رێگەت، بەوە ترسی خوات بۆ کۆدەبێتەوە، بشزانە: ترسی خوا لە دوو شتدا کۆدەبێتەوە: گوێڕایەڵیکردنی خوای گەورە و دوورگرتن لەسەرپێچی کردنی، گوێڕایەڵیی بریتییە لەڕقبوونەوە لەدونیا و خۆشویستنی ئاخیرەت، سەرپێچیکردنیشی، ئەوەیە کەسێك دونیای خۆشبوێ و رقیبێتەوە لەئاخیرەت. دڵەکان کۆمەڵێ راستەقینەیان هەیە کە خوای گەورە دروستی دەکات، هەندێکیان نهێنین و هەندێکیانیش ئاشکران، هەرچی ئاشکرایە، ئەوەیە ستایشکراو و سەرزەنشتکراوی لەحەق و راستییدا وەک یەك بن، هەرچی نهێنییە، بەوە دەناسرێت کاتێك حیکمەت و دانایی لەدڵییەوە دەکەوێتە سەر زمانی کەسەکە و خەڵکیی خۆشیان دەوێ، پشت مەکە لەخۆشویستنی خەڵکیی بۆ تۆ، چونکە پەیامبەران داوایان

لەخوای کردووە لای خەڵکیی خۆشەویست بن، خوای گەورە ئەگەر بەندەیەکی خۆشویست، لای خەڵکییش خۆشەویستی دەکات، ئەگەر رقیشی لەبەندەیەك بوو، لای خەڵکیی خۆشەویستی ناکات، پێگەی خۆت لای خوا، بپێوە بەپێگەی خۆت لای خەڵکی، لەوانەی لەم کارەدا لەگەڵتدان.

بۆیە سەعدی کوڕی ئەبو ئەلوەقاس لەمەدینەوە دەرچوو بەمەبەستی گەیشتنە عێراق و چوار هەزار سەربازی لەگەڵ بوو، سێ هەزاری هی یەمەن و ئەلسڕات بوو، حومەیزەی کوڕی ئەلنوعمانی کوڕی حومەیزە ئەلبارقیی بەرپرسی خەڵکی ئەلسڕات بوو، باق و ئەلمەع و غامد و تەواوی برایانیان بوون بەحەوسەد کەسی خەڵکی ئەلسڕات و دوو هەزار و سێ سەد کەسی خەڵکی یەمەن، کە ئەلنەخەعی کوڕی عەمریشیان تێدا بوو، هەموویان چوار هەزار جەنگاوەر بوون، ژن و منداڵیشیان لەگەڵ بوو. لەسەربازگەکەیاندا بوون عومەر هات بۆلایان،ویستی بچن بۆ عێراق، بەڵام ئەوان دەیانویست بچن بۆ شام، ئەوە بوو عومەر بەوە رازیی نەبوو، دواتر نیوەیانی نارد بۆ عێراق و نیوەکەی تریان بۆ شام.

ئەلسسڕپیی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیب و ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەحەنەش ئەلنەخەعییەوە ئەویش لەباوکی و کەسانی تریانەوە، کە لەسەربازگەی خۆیاندا بوون عومەر هات بۆلایان و وتی:ئەی کۆمەڵی نەخەع چییە رێز و شەرفداریی لەنێو ئێوەدا پاڵی لێ داوەتەوە ! لەگەڵ سەعددا بەڕێکەون، بەڵام ئەوان پێداگرییان دەکرد بۆ رۆیشتن بۆ شام و عومەریش دەیووت: نەخێر بڕۆن بۆ عێراق. پێداگریی ئەوانیش لەسەر شام بوو، ئیتر ئەویش نیوەیانی نارد بۆ عێراق و نیوەی دیکەیان بۆ شام.

ئەلسسڕپیی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەعوبەیدەوە ئەویش لەئیبراهیمەوە وتی: خەڵکی قادسیە لەمەدینەوە دەرچوون، چوار هەزار کەس بوون، سێ هەزاریان خەڵکی یەمەن و هەزار کەسی تریان خەڵکەکەی تر بوو.

ئەلسسڕپیی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەموحەممەد و تەڵحە و سەهلی کوڕی ئەلقاسمەوە وتوویانە: عومەر لەسیرارەوە بۆ ئەلئەعوەس خواحافیزیی لێکردن و بەڕێیکردن، پاشان هەڵسا و وتارێکی بۆ خەڵکەکە دا و وتی:

بزانن، بێگومان خوای گەورە کۆمەڵێ پەند و نمونەی بۆ هێناونەتەوە تاوەکو دڵەکانی پێ زیندووبێتەوە، دڵەکان لەسینگدا مردوون و خوای گەورە بەهەندێ زانست زیندوویان دەکاتەوە، دەی با سوود لەو پەند و وانانە وەربگرن، بزانن دادپەروەریی کۆمەڵێ ئاماژە و نیشانەیان هەیە، شەرم و سەخاوەتی و نەرم و نیانی نیشانەی دادپەروەرین، بەزەییش ئاماژە و مزگێنییەکانێتی، خوای گەورە بۆ هەموو کارێك دەرگایەکی داناوە، کلیلی کردنەوەی هەموو دەرگایەکیشی داناوە، ئیعتیبار دانان و گرنگیی پێدان دەرگای دادپەروەرییە، دونیانەویستیی و پەند وەرگرتن بەمردن کلیلی دادپەروەرییە. بەباسی مردن و خۆئامادەکردن بۆ مردن، هەموو مافەکان دەچنە جێگەی خۆیان، هەرکەسێ مافی کەسانی تر نەدات، ئەوە هیچ شتێك سوودی پێ ناگەیەنێ، خوای گەورە پابەندی کردووم مافی خاوەن مافتان بۆ بگێڕمەوە، بۆیە شەکواکانتان بگێڕنەوە بۆلای ئێمە و ئێمەش مافی بۆ وەردەگرینەوە. ئینجا فرمانی بەسەعد کرد بەڕێکەوێت.

سەعد ئومێدی دەکرد موسەنا یارمەتیدەری بێ، بەڵام موسەنا بەهۆی برینەکەی رۆژی ئەلجیسر کۆچی دوایی کرد، موسەنا هەڵسا و بەشیری کوڕی ئەلخەساسیەی کردە بەرپرسی خەڵکەکەی، سەعد ئەوکات لەزەرود بوو، ئەو رۆژە گەورە پیاوانی خەڵکی عێراق لەگەڵ بەشیردا بوون. شاندی عێراق لەگەڵ سەعد بوون، ئەوانەی هاتبوونە لای عومەر کە ئەمانەیان تێدا بوو:فوراتی کوڕی حەیان ئەلعیجلی و عوتەیبە. عومەر ئەوانی لەگەڵ سەعددا گەڕاندەوە.

ئەلسسڕیی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەموحەممەدەوە بەئیسنادی خۆی و زیادیش لەماهانەوە وتوویانە:ئا لەبەر ئەوە، خەڵکیی لەژمارەی بەشداربووانی قادسیەدا جیاوازن، هەندێکیان ئەڵێن: لەدەرچوون لەمەدینەوە چوار هەزار کەس بوونە. ئەوەی وتوویەتی هەشت هەزار کەس بوونە، لەکاتی کۆبوونەوەیان لەبەزرود ئەوەی وتووە. ئەوەی وتوویەتی نۆ هەزار کەس بوونە، باسی ئەوکاتەی کردووە کە قەیسییەکانیشیان تێکەڵ بووە. ئەوانەی وتوویانە دوانزە هەزار کەس بوونە، بەهۆی ئەوەوە وتوویانە کاتێ لدفوفی نەوەی ئەسەد بەسێ هەزار کەسەوە

چوونەتە ریزەکانیانەوە. سەعد فرمانی رۆیشتنی دا رووەو عێراق ئەشعەسی کوڕی قەیس بەهەزار و حەوسەد کەسی شراق خەڵکی یەمەنەوە تێکەڵیان بوون، تەواوی ئەوانەی بەشداری قادسیە بوون، سی هەزار و شتێ کەس بوون، دەسکەوتەکانی قادسیەی دابەشکرد بەسەر نزیکەی سی هەزار کەسدا.

ئەلسسرپی نامەی بۆ نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەعەبدولمەلیکی کوڕی عومەیرەوە ئەویش لەزیادەوە ئەویش لەجەریرەوە وتی: خەڵکی یەمەن حەزیان دەکرد بۆ شام بچن، موزەرەیش حەزیان دەکرد رووەو عێراق بچن، عومەریش وتی: سۆز و خزمایەتیی ئێوە پتەوترە لەخزمایەتیی ئێمە، ئەوە موزەر چییەتی و چی زیانێك دەکات باوباپیرانی خۆی لەخەڵکی شامی بیربێتەوە!

لەموحەممەدی کوڕی حوزەیفەی کوڕی یەمانەوە ئەڵێ: هیچ عەرەبێك وەك رەبیعە بوێریی نەدەکرد بەرانبەر فارس، موسڵمانەکان بەوانیان دەوت رەبیعەی شێر. عەرەب لەسەردەمی نەفامییدا دەیووت: فارسی شێر، رۆمی شێر.

ئەلسسرپی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەتەڵحەوە ئەویش لەماهانەوە ئەڵێ: عومەر وتی: سوێند بەخوا بەرانبەر بەهەر پادشایەکی عەجەم، پادشایەکی عەرەب دادەنێم. هەموو سەرۆك و خاوەن بۆچوون و بنەماڵە و وتاربێژ و شاعیرانی بەرانبەر بەیەکێ لەفارس دانا لەهاوتای خۆی و بەوە وردەی بەرزکردنەوە.

ئەلسسرپی بۆی نووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە ئەویش لەعەمرەوە ئەویش لەئەلشەعبییەوە وتی: عومەر بۆ سەعدی نووسی کاتێ سەعد لەڕۆیشتندا بوو لەزەرود: پیاوێك لەوانەی لێی رازییت بنێرە بۆ سەر سنووری هیند، تاوەکو پارێزەرت بێ لەوەی لەو سنوورەوە زیانت پێ بگات.

ئەویش موغیرەی کوڕی شوعبەی بەپێنجسەد کەسەوە نارد سنووری ئەلئوبلە لەخاکی عەرەب و گەیشتە غوزەییا و دابەزیە لای جەریر کە ئەو رۆژە لەوێدا بوو. کاتێ سەعد دابەزییە شراف، نامەی بۆ عومەر نووسی کە گەیشتووەتە ئەوێ و خەڵکییش دابەزیوونەتە نێوان غوزەییا بۆ ئەلجەببانە. ئینجا عومەر نامەی بۆ نووسی: ئەگەر ئەم

نامەیەم پێت گەیشت، ئەوە خەڵکەکە دابەش بکە و ئەمیرەکانیان دیاریی بکە و ئامادەسازیان بکە، فرمان بکە سەرۆکە موسڵمانەکان بەشداربن و رووە و قادسیە بیانبە، موغیرەی کوڕی شوعبەش بەسوارەکانیەوە پێت بگەن. سەعدیش ناردی بەشوێن موغیرەدا هاتەلای و بۆلای سەرۆك هۆزەکانیش، ئەوانیش هاتن و خەڵکیی ئامادەسازکرد لەشەرافەوە، ئەمیرەکان و عەریفەکانی ناساند و بۆ هەر دە پیاوێك عەریفێکی دەستنیشان کرد، پیاوانێکی موسڵمان دێرینی کردە ئالاهەڵگر و کەسانێکی بەئەمیری جەنگ هەڵبژارد، پێشرەوی سوپا و شانەکانی و ریزەکانی دەستنیشان کرد،سوار و پیادەکانی ڕێکخست. زوهرەی کوڕی عبداللەی کوڕی قەتادەی کوڕی ئەلحویەی کوڕی مەرسەدی کوڕی موعاویەی کوڕی مەعنی کوڕی مالیکی کوڕی ئەرسەمی کوڕی جوشەمی کوڕی ئەلحاریس ئەلئەعرەج کە پێشتر پادشای هەجەر بوو و هاتبووە سەردانی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، سەعد کردیە بەرپرسی پێشەوەی سوپا. عبداللەی کوڕی ئەلموعتەمی کردە بەرپرسی لای راستی سوپا کە یەکێك بوو لەهاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و یەکێك بوو لەو نۆ کەسەی هاتنە لای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و بەتەڵحەی کوڕی عوبەیدوالله ئەبوونە دە کەس. شەرحەبیلی کوڕی ئەلسسیمتی کوڕی شەرحەبیل ئەلکیندیی کردە بەرپرسی لای چەپی سوپا، گەنج بوو، شەڕی هەڵگەڕاوانی کردبوو، کەسێکی لەخواترس بوو. لەڕۆیشتن رووەو عێراق هەموو ئەو ئامادەسازییانە کرا. ئەبو بەکری سدیق لەشەڕەکاندا هەڵگەڕاوان و عەجەمی بەکارنەدەهێنا، بەڵام عومەر ئەوانی بەکارهێنا کە گەڕابوونەوە بۆ ئیسلام، بەڵام بەرپرسیارێتیی پێ نەدان.

حەفتا و شتێ بەشداربووی بەدر لەو سوپایەدا بەشداربوو، سێ سەد و شتێ لەوانەی لەنێوان بەیعەتی رزوان بۆ ماوەی پێشوو بوونە هاوەڵ، بەشداربوون، سێسەد کەس لەوانەی بەشداری فەتحی مەککە بوون، حەوسەد کەسیش لەکوڕانی هاوەڵان. لەشەراف بوون فرمانی عومەر گەیشت کە ئەبو عوبەیدە بەسوپا شەش هەزار کەسییەکەیەوە پەیوەندیی بکاتە سەعدەوە. نامەیەکیشی بۆ سەعد بوو کە تیایدا هاتبوو: لەشەرافەوە

بەو موسڵمانانەی لەگەڵتدان رووەو فارس بڕۆ و پشت بەخوا ببەستە بۆ هەموو کارێکت، بزانە تۆ دەچیتە سەر نەتەوەیەك کە ژمارە و تفاقی زۆرە و بەهێزن و شار و ولاتیان قایمە، دەشت و بانیان وەك دەریایە، ئەگەر بەوان یان بەیەکێکیان گەیشتن، لێدانی سەختیان بکەن، ئاممان نەکەن بەراورد بکەن و بتانخەڵەتێنن، ئەوان فێڵبازن، ئەوان وەك ئێوە نین. ئەگەر بەقادسیە گەیشتی(لەسەردەمی نەفامییدا قادسییە دەرگای فارس بوو)بزانە گرنگترین دەروازەی ولاتەکەیانە. شوێنێکی سەخت و بەپیت و لەودیووەوە رووبار و پردی سەخت هەیە، خەڵکیی لەشار و دەشت و دەریدا دەژین و فراوانە. پاشان لەشوێنی خۆت مەجوڵێ نەوەك بەیەکجار پەلامارت بدەن، ئەگەر لەبەرانبەر دوژمنەکانتاندا ئارامگربوون و بۆ شەڕکردنیان چاو لەپاداشتی خوا بوون، ئەوە ئومێد دەکەم بەسەریاندا سەرکەون و جارێکی تر بەو شێوەیە لەدژتان کۆنەبنەوە،ئەوکات ئێوە شارەزاتر و بوێرتر دەبن بەسەریاندا تاوەکو خوای گەورە فەتحی ولاتی ئەوانتان بۆ دەهێنێ.

داوای لەسەعد کرد ئەگەر دابەزینە هەر شوێنێك، باسی ئەوەی بۆ بنێرێت و سیفەتی ئەو شوێن و ولاتەی بۆ روونبکاتەوە.

سەعد نامەی بۆ نووسی کە ئەلقادسیە کەوتووەتە نێوان خەندەق و ئەلعەتیقەوە لەلای چەپی قادسیە دەریایەکی سەوز هەیە رووەو حیرە و لەنێوان دوو رێگەدایە، رێگەیەکی لەکەنار رووبارێکدایە پێیدەوترێت ئەلحەزوز و ئەو کەسەی ئەو رێگەیە بگرێتەبەر، لەنێوان ئەلخەوەرنەق و حیرەوە سەر دەردەهێنێ، لەلای راستی قادسیە بۆ ئەلوەلەجە ئاوە، ئەوانەی خەڵکی ئەلسەواد کە لەگەڵ موسڵمانەکاندا رێکەوتبوون، چوونە پاڵ فارس لەدژی ئێمە، دوژمنیش نمونەی رۆستەمی هێناوەتە پێشمان تاوەکو بمانترسێنن، ئێمەش هەوڵی ترساندنی ئەوان دەدەین و دەچینە گۆڕەپانەوە، بێگومان قەزا و قەدەری خوا چی بێ هەر ئەوە دەبێ، ئێمەش ملکەچی قەزا و برپاری خوای گەورەین. خێر لەوەدایە کە خوای گەورە بۆ ئێمەی نووسیووە.

عومەریش نامەی بۆ نووسی: نوسراوی تۆم پێگەیشت و لێی تێگەیشتم، لەشوێنی خۆت بمێنەرەوە تاوەکو خوای گەورە دوژمنت بۆ لەکۆڵ دەکاتەوە، بزانە لەدوای ئەم قۆناغە، خوای گەورە شوێنانی ترت پێ دەبەخشێ، لێیان دوورمەکەوە تاوەکو لەمەدائین دەچیتە سەریان، بێگومان ئەگەر خوای گەورە ویستی لێ هەبێ، کاولبوونی نزیکە.

عومەر بەتایبەت بۆ سەعد و بەگشتیی بۆ موسڵمانان دەپارایەوە. سەعد لەپێشدا زوهرەی نارد تاوەکو لەعوزەیب ئەلهیجانات سەربازگەی کردەوە، پاشان بەدوایدا رۆیشت تاوەکو دابەزیە لای زوهرە لەو شوێنەدا، ئینجا زوهرەی نارد و زوهرە دابەزییە قادسیە لەنێوان ئەلعەتیق و خەندەقدا. خەندەق بەتەنیشت پردەکەوە بوو، قدیسیش ئەوکات میلێ لەخوارەوەیەوە بوو.

پاشان سالّی پانزە هات

ئیبن جەریر ئەڵێ:هەندێکیان وتوویانە: لەو ساڵەدا سەعدی کوڕی ئەبو وەقاس شاری کوفەی دروستکردووە، ئیبن بوقەیلە ئەوەی پیشان دان و وتی: ئایە زەوییەکتان پیشان بدەم نە بەرز بێ و نە نزم؟ ئیتر شوێنی کوفەی ئەمڕۆی پیشان دان.

باسکردنی فەتحی بەیت ئەلمەقدیس

لەسالمی کوڕی عبداللەوە ئەڵێ: کاتێ عومەر(بەڕەحمەت بێ) هات بۆ جابیە، پیاوێکی جولەکە پێیووت:ئەی ئەمیری ئیمانداران مەگەڕێوە ولاّتی خۆت تاوەکو خوای گەورە ئیلیائت بۆ فەتح دەکات. عومەری کوڕی خەتاب لەوەدا بوو روانی وا پێڕی سوار دێن، کە نزیکبوونەوە، شمشێرەکانیان دانا. عومەر وتی: ئەو کۆمەڵە داوای سەلامەتیی دەکەن، ئێوەش سەلامەتییان پێ بدەن. بۆیە هاتنە پێشەوە و خەڵکی ئیلیاء بوون،لەگەڵ عومەردا رێککەوتن لەسەر جیزیە و کردنەوەی دەروازەی شار بۆی. جا کاتێك شارەکەی بۆ فەتح بوو، عومەر بانگی ئەو جولەکەیەی کرد. وتراوە: زانستی هەبووە،لەبارەی دەجالەوە لێی پرسی، لەو بارەوە پرسیاری زۆری کرد، کابرای جولەکە وتی: ئەی

ئەمیری ئیمانداران بۆ زۆر لەبارەیەوە دەپرسی؟ سوێند بەخوا ئێوەی عەرەب لای دەرگای لود دەیکوژن کە دە باڵ و شتێ لەوێوە دوورە دەیکوژن.

لەسالمەوە ئەڵێ: کاتێک عومەر چووە شامەوە، پیاوێکی جولەکەی دیمەشق پێیگەیشت و وتی: سەلامت لێ بێ ئەی فاروق، سوێند بەخوا تۆ گەورەی ئیلیائی، سوێند بەخوا ناگەڕێیتەوە تاوەکو خوای گەورە ئیلیائت بۆ فەتح نەکات.

پێشتر هەوڵ درابوو نە ئیلیاء و نە رملەش فەتح نەکرا و لەتوانادا نەبوو فەتح بکرێن، عومەر لەسەربازگەی جابیەدا بوو خەڵکیی پەلاماری چەکیان دا. عومەر وتی: چی بووە؟ وتیان: ئەو کۆمەڵە سوار و شمشێر بەدەستانە نابینی. روانی، وا کۆمەڵە سوارێکن و شمشێرەکانیان دەبریسکێتەوە. عومەر وتی: ئەوە داوای سەلامەتیی دەکەن، سەلامەتییان پێ بدەن و مەیانترسێنن، ئەگەر خەڵکی ئیلیاء بوون، ئەوە نووسراویان لەگەڵدا بکەن، هەروەها بەشێکیشی بۆ رملە. ئیتر فەڵەستین بووە دوو بەشەوە،بەشێکی لەگەڵ خەڵکی ئیلیاء و بەشەکەی تریشی لەگەڵی خەڵکی رملە کە دە ناوچە بوو. فەڵەستین بەرانبەر بوو بەتەواوی شام.

کابرای جولەکە بەشداری ئەو رێکەوتنە بوو، عومەر لەبارەی دەجالەوە لێی پرسی. ئەویش وتی: لەنەوەی بنیامینە، سوێند بەخوا ئێوەی عەرەب لەدووریی دە باڵ و شتێ لەدەرگای لوددەوە دەیکوژن.

لەخالید و عەبادەوە وتوویانە: ئەوەی رێککەوتنی کرد لەخەڵکی ئیلیاء و رملە، خەڵکەکەی بوون، چونکە ئەرتەبون و تەزارق خۆیان بەمیسر گەیاندبوو پێش ئەوەی عومەر بگاتە جابیە. وتراوە: هۆکاری ئەوەی عومەر هات بۆ شام، ئەوە بووە خەڵکی بەیت ئەلەقدیس هاتوون بۆلای ئەبو عوبەیدە و داوایان لێکردووە بەنمونەی خەڵکی شارەکانی شام، لەگەڵیاندا رێکبکەوێ و عومەری کۆپی خەتابیش سەرپەرشتیی ئەو رێککەوتنە بکات، ئەبو عوبەیدەش ئەوەی بۆ نووسیووە و عومەریش لەمەدینەوە بەڕێکەوتووە.

لەعەدی کوڕی سەهلەوە ئەڵێ: کاتێ خەڵکی شام داوای هاوکارییان کرد لەعومەر لەدژی خەڵکی فەڵەستین، عومەری کوڕی خەتاب، عەلی بەجێهێشت و دەرچوو بۆ هاوکاریی خەڵکی فەڵەستین، عەلی پێیووت: ئەوە بۆ چی شوێنێك بەخۆت دەردەچێ، ئەتەوێ دوژمن پەلامارت بدات! ؟ عومەر وتی: ئەمەوێ بەنمونەی مەرگی عەباس، دەستپێشخەریی بکەم بۆ جیهادی دوژمن.

لەجابیەدا عەمر و شەرحەبیل بەعومەر گەیشتن کاتێك رێککەوتنیان لەنێواندا ئەنجام دەدرا.

لەرێکەوتنەکەدا هاتووە: بەناوی خوای گەورەی میهرەبان،ئەمە ئەو پەیمانەیە کە بەندەی خوا عومەری ئەمیری ئیمانداران بەخەڵکی ئیلیائی داوە لەسەلامەتیی بۆ خۆیان و سەروەت و سامان و کڵێسا و خاچ و تەواوی خەڵکەکەی: بەوەی کڵێساکانیان نەکرێتە شوێنی نیشتەجێبوون و نەڕوخێنرێت و هیچی لێ کەم نەکرێتەوە و خاچیان نەڕوخێنرێت و هیچ سەروەتێکیان نەبرێت و لەئایینی خۆیاندا زۆریان لێ نەکرێت دەستبەرداریی لێ بکەن و ئازاری هیچ کەسێکیان نەدرێت، هیچ جولەکەیەکیان لەگەڵدا نیشتەجێ نەکرێت، پێویستە جیزیە بدەن هەروەك چۆن خەڵکی مەدائین جیزیە دەدەن، پێویستە رۆمی و دزەکان تیایدا دەربچن، هەرکەسێکیان دەرچوون، ئەوە بۆ خۆیان و سەروەتەکەیان سەلامەتیی هەیە تاوەکو دەگەنە جێگەی خۆیان، هەرکەسێکیش مایەوە، ئەوە سەلامەتە و دەبێ وەك خەڵکی ئیلیا جیزیە بدات، هەر کەسێکی خەڵکی ئیلیائیش حەزی کرد لەگەڵ رۆمییەکاندا دەربچێ و خاچ و سەروەت و سامانی ببات، ئەوە سەلامەتیی پێ دەدرێت تاوەکو بەشوێنی خۆی دەگات، هەرکەسێکیانیش مایەوە، دەبێ جیزیە بدات، جا ئەگەر جیزیەیان دا، ئەوە لەپەیمانی خوا و ئەستۆی پەیامبەری ئیسلام و خەلیفە و موسڵمانانداید. بۆ ئەوە خالیدی کوڕی وەلید و عەمری کوڕی ئەلعاص و عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف و موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان بوونەتە شایەت، ئەم نووسراوە ساڵی پانزەی کۆچی، ئامادە کراوە و نووسراوە.

نووسراوی عومەری کوڕی خەتاب بۆ خەڵکی لود: ئەمە پەیمانی بەندەی خوا عومەری ئەمیری ئیماندارانە بۆ خەڵکی لود و ئەوانەی خەڵکی فەڵەستین کە لەگەڵیاندا دێنە ئەم رێککەوتنەوە، سەلامەتیی بۆ خۆیان و سەروەت و سامان و کڵێسا و خاچ و تەواوی میللەتەکەیان، کڵێساکانیان ناکرێتە شوێنی نیشتەجێ بوون و ناڕوخێنرێن و هیچیان لێ کەم ناکرێتەوە، زۆریان لێ ناکرێت بۆ دەستبەرداربوون لەئایینەکەیان و زیان بەهیچ کەسێکیان نادرێت لەخەڵکی لود و ئەوانەی خەڵکی فەڵەستین کە لەگەڵیاندا دێنە نێو ئەو رێککەوتنەوە، دەبێ جیزیە بدەن هەروەک خەڵکانی شارەکانی شام جیزیە دەدەن. فەڵەستین دابەش دەکرێت بەسەر دەسەلاتی دوو پیاودا، عەلقەمەی کوڕی حەکیم دەبێتە بەرپرسی نیوەی و لەڕەمله دادەبەزێ، عەلقەمەی کوڕی موجەززەیش دەبێتە بەرپرسی بەشەکەی تری و دادابەزێتە ئیلیا و هەریەکە و لەنێو سەربازاندا کاری خۆی دەکات. لەسالمەوە ئەڵێ: عەلقەمەی کوڕی موجەززەی کردە بەرپرسی ئیلیاء و عەلقەمەی کوڕی حەکیمیشی کردە بەرپرسی ڕەمله بەو سەربازانەشەوە کە لەگەڵ عەمر بوون، عەمر و شەرحەبیلی خستە پاڵی لەجابیەدا، کە گەیشتنە جابیە، بەعومەر گەیشتن(بەڕەحمەت بێ) و عومەر هەردووکیانی لەباوەش گرت.

پاشان سالّی شانزە هات

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: لەو سالّەدا موسڵمانەکان رۆیشتنە شاری(بەهورسیر)ەوە و مەدائینیان فەتحکرد، لەوێوە یەزدەگوردی کوڕی شەهریار هەڵهات.

پاشان سالّی حەڤدە هات

لەو سالّەدا نەخشەی کوفە کێشرا، سەعد خەڵکیی لەمەدائینەوە بۆ هێنا، ئەوەش لەقسە و گێڕانەوەیەکی سەیفی کوڕی عومەرەوە.

لەو سالّەدا مەبەستم سالّی حەڤدە، عومەر دەرچوونی کۆتایی کرد بۆ شام و ئیتر بۆی نەگەڕایەوە، ئەوەش لەقسەیەکی سەیفدا.

لەو ساڵەدا بەپێی قسە و گێڕانەوەیەکی سەیف، توستەر فەتحکرا، واتا ساڵی حەڤدە. هەندێکی تر وتوویانە: بەڵکو ساڵی شانزە فەتحکرا، بەپێی قسەی هەندێکی تریان، ساڵی نۆزدە فەتحکراوە.

لەو ساڵەدا و مەبەستم ساڵی حەڤدەیە، موسڵمانەکان لەڕووی بەحرەینەوە پەلاماری فارسیان دا، وەک سەیف ئەوەی گێڕاوەتەوە.

لەو ساڵەدا مەبەستم ساڵی حەڤدە، رامهورمۆز و سوس و توستەر فەتحکران، تیایدا هورموزان دیلکرا وەک لەگێڕانەوەیەکی سەیفدا هاتووە.

لەو ساڵەدا مەبەستم ساڵی حەڤدە،خەڵکی جوندی سابوور لەگەڵ موسڵمانەکان رێککەوتن.

رووداوەکانی ساڵی هەژدە

لەو ساڵەدا مەبەستم ساڵی هەژدە،برسێتییەکی سەخت و بێ بارانی و وشکە ساڵێی رووی کردە خەڵکی، ئەو ساڵەیە کە ناونرا بەساڵی خۆڵەمێش(عام الرمادة).

لەموحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە ئەڵێ: ساڵی هەژدە هات، کە ساڵی خۆڵەمێش و تاعونی عەمەواس بوو کە خەڵکانێك لەو ساڵەدا تیاچوون.

رووداوەکانی ساڵی نۆزدە

لەئیسحاقی کوڕی عیساوە کە لەساڵی نۆزدە و لەسەر دەستی سەعد، جەلەولا فەتحکرا، هەروەها واقیدییش ئەوەی وتووە.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: لەساڵی نۆزدەدا جەزیرە و رەهاء و حەران و رەئس ئەلعەین و نەسیبین فەتحکرا. ئەبو جەعفەر ئەڵێ: قسەی ئەوانەشمان هێناوەتەوە کە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیان وتووە.

ئەبو مەعشەر ئەڵێ: لەو ساڵەدا مەبەستم ساڵی نۆزدە، قیساریيە فەتحکرا، موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانیش ئەمیری بوو.

سالّی بیست و هەوالّی غەزای موسلّمانان لەو سالّەدا

لەئەبو مەعشەرەوە کە وتوویەتی: سالّی بیست میسر فەتحکرا و عەمری کوڕی ئەلعاص ئەمیری بوو. ئەحمەدی کوڕی سابت بۆی باسکردم ئەویش لەو کەسەی لەئیسحاقی کوڕی عیساوە باسیکردووە و ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە وتی: ئیسکەندەرییە لەسالّی بیست و پێنج فەتحکرا. واقیدیی ئەلّێ: وەك ئەوەی بۆم باسکراوە لەئیبن سەعدەوە کە میسر و ئیسکەندەرییە لەسالّی بیستدا فەتحکراون، هەرچی سەیفە وەهای داناوە کە ئەلسسرپیی بۆی نووسیووم ئەویش لەشوعەیبەوە ئەویش لەسەیفەوە، کە میسر و ئیسکەندەرییە لەسالّی شانزەدا فەتحکراون.

سالّی بیست و یەك

ئەبو جەعفەر ئەلّێ: لەو سالّەدا شەڕی نەهاوەند رووی دا، ئەوەش بەپێی قسەی ئیبن ئیسحاق کە ئیبن حومەید ئەوەی بۆ باسکردین و وتی: سەلەمە لێیەوە بۆی باسکردین، هەروەها ئەبو مەعشەر وتوویەتی: ئەحمەدی کوڕی سابت بۆی باسکردم ئەویش لەو کەسەی گێڕاوێتییەوە لەئیسحاقی کوڕی عیساوە، هەروەها واقیدییش وەهای وتووە، هەرچی سەیفی کوڕی عومەرە، ئەوە ئەلّێ: شەڕی نەهاوەند لەسالّی هەژدەدا رووی دا لەشەش سالّەی خیلافەتی عومەردا. ئەلسسرپیی ئەوەی بۆ نووسیووم ئەویش لەشوعەیب و ئەویش لەسەیفەوە.

لەو سالّەدا عومەر داوای لەسوپاکانی عێراق کرد، بچنە سەر سوپاکانی فارس ئەگەر لەهەر شوێنێك هەبن بەدوایاندا بچن. فرمانی بەهەندێ لەو سەربازە موسلّمانانەی لەبەسرەو دەوروبەریدا بوو کرد کە بەڕێکەون بۆ خاکی فارس و کرمان و ئەسپەهان،هەروەها فرمانی بەوانەی رووی کوفە کرد بچن بۆ ئەسپەهان و ئازەربێجان و رەی، هەندێکیان وتوویانە:بەلّکو عومەر لەسالّی هەژدەدا ئەوانەی کردووە، ئەوەش قسەی سەیفی کوڕی عومەرە.

ساڵی بیست و دوو

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: لەو ساڵەدا ئازەربێجان فەتحکرا، وەك ئەوەی ئەبو مەعشەریش باسیکردووە، ئازەربێجان ساڵی بیست و دوو فەتحکرا، موغیرەی کوڕی شوعبەش ئەمیری بوو، واقیدییش وەهای وتووە، بەڵام سەیفی کوڕی عومەر وتوویەتی: ئەلسسرپیی بۆی ئووسیم ئەویش لەشوعەیبەوە کە ئازەربێجان ساڵی هەژدەی کۆچیی فەتحکراوە، لەدوای فەتحی هەمەزان و رەی و جرجان و لەدوای رێککەوتنی ئیسبەهبەزی تەبرستان لەگەڵ موسڵمانەکاندا، ئەوەش لەساڵی هەژدەدا بوو.

رووداوەکانی ساڵی بیست و سێ

لەو ساڵەدا ئیستەخر فەتحکرا، ئەوەش لەقسەی ئەبو مەعشەردا هاتووە: ئەحمەدی کوڕی سابت ئەلرازیی ئەوەی بۆ باسکردم وتی: کەسێك بۆی باسکردین ئەویش لەئیسحاقی کوڕی عیساوە ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە کە وتوویەتی: ساڵی بیست و سێ ئیستیخەر و هەمەزان فەتحکران، واقیدیش وەهای وتووە.

عومەر لەو ساڵەدا حەجی بەهاوسەرەکانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)کرد، ئەوە کۆتا حەج بوو بەخەڵکیی ئەنجامی دا، ئەلحاریس ئەوەی بۆ باسکردم و وتی: ئیبن سەعد بۆی باسکردم ئەویش لەواقیدییەوە، کە لەو ساڵەدا عومەری کوڕی خەتاب کۆچی دوایی کردووە.

چیرۆك و باسی راوێژ(شورا)

لەعەمری کوڕی مەیمون ئەلئەودییەوە کە عومەری کوڕی خەتاب کاتێ خنجەری لێ درا وترا: ئەی ئەمیری ئیمانداران چی دەبێ ئەگەر یەکێك بەجێنشین دیاریی بکەی؟ ئەویش وتی: ئەگەر ئەبو عوبەیدە زیندووبایە، ئەوە بەجێنشین دیارییم دەکرد. ئەگەر پەروەردگاریشم لێمی بپرسیبایەتەوە، ئەوە دەموت: خوایە گیان گوێم لەپەیامبەرەکەت بووە(صلى الله عليه وسلم) کە دەیفەرموو:" هەموو ئوممەتێك ئەمینداریکی هەیە،

ئەمینداری ئەم ئوممەتەش ئەبو عوبەیدەی کوڕی ئەلجەڕاحە". ئەگەر سالمی خزمەتکاری نەوەی حەنیفە زیندووبایە، ئەوە ئەوم دەکردە جێنشین، ئەگەر پەروەردگاریش لەو بارەیەوە لێپرسینەوەی منی بکردبایە دەمووت: گوێم لەپەیامبەرەکەت بوو دەیفەرموو:"سالم زۆر خوای خۆشدەوێت". کابرایەك وتی: سوێند بەخوا من ناونیشانی ئەو کەسەت پێ دەدەم، ئەویش عبداللەی کوڕی عومەرە. عومەر وتی: خوا بتکوژێ، سوێند بەخوا من ئەوەم مەبەست نەبووە. چۆن پیاوێك دەکرێتە جێنشین کە بێ توانایە لەتەلاقدانی ژنەکەیدا، ئەوەی من کردوومە بەسە، ئەگەر خێر و چاکە بێ بۆ بنەماڵەکەشم بەسە، ئەگەر خراپەش بووبێ، با لەکۆڵ بنەماڵەی عومەر بێتەوە و تەنیا یەك پیاویان لێپرسینەوە بکرێت لەبارەی کاروباری ئوممەتی موحەممەدەوە. هەوڵی خۆمم داوە و بنەماڵەکەم بێ بەشکردووە و تاوانی کەسی تر ناخەمە سەر خۆم، خوای گەورە ئایینی خۆی نافەوتێنێ و کەسی باشترتان بۆ دەهێنێ.

ئەوانەی لای دەرچوون و پاشان گەڕانەوە وتیان: ئەی ئەمیری ئیمانداران چی دەبێ شتێ بنووسی و پەیمانی وەربگری؟ ئەویش وتی:دوای ئەو قسەیەم بۆ ئێوە، هاتمە سەر ئەو بۆچوونەی شیاوترین پیاوتان هەڵبژێرم کە بەڕێگەی حەقدا هەنگاوتان پێ هەڵبگرێ. ئاماژەی کردە عەلی. خەو بردمییەوە و لەخەودا پیاوێك چووە بەهەشتەوە و داریکی چاند و دەستی کردە چنینەوەی بەرهەمی جوان، ئەوکات زانیم کە خوای گەورە کاری خۆی بەجێدەهێنێ و عومەریش دەمرێت، من نامەوێ بەزیندوویی یان مردوویی بچمە ژێر باری ئەو بەرپرسیارێتییە و ئەو دەستەیەتان تێدا ماوە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"بەهەشتیین". سەعیدی کوڕی زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیل یەکێکە لەو دەستەیە و من نایخەمە ریزی ئەوانەی هەڵیاندەبژێرن،بەڵام لەو شەشەی تر هەڵبژێرن کە عەلی و عوسمان و عەبدولڕەحمان و سەعدی خاڵوانی پەیامبەری خوان(صلى الله عليه وسلم) و زوبەیری کوڕی عەوامی حەواریی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) و کوڕە پووڕێتی(خوشکی باوکی) و تەڵحەی خێری کوڕی عوبەیدوالله، لەوانە

پیاوێك هەڵبژێرن، جا ئەگەر یەکێك لەوانتان هەڵبژارد، بەجوانترین شێوە هاوکاریی بکەن و ئەو کەسە ئەمانەتی خۆی بەجوانیی بەجێبگەیەنێ.

دەرچوون و عەباس بەعەلی وت: لەگەڵیاندا تێکەڵ مەبە. عەلی وتی: حەزم بەدووبەرەکی و ناکۆکیی نییە.

کاتێ عومەر بەیانیی کردەوە، بانگی کردە عەلی و عوسمان و سەعد و عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف و زوبەیری کوڕی عەوام و وتی: من روانییم، بۆم دەرکەوت ئێوە سەرۆك و فەرماندەی خەڵکیین، دەبێ ئەم کارە لەنێوان ئێوەدا بێ، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کۆچی دوایی کرد و لەئێوە رازیی بوو، من لەوە دەترسم ئەگەر ناکۆکیی کەوتە نێوان ئێوەوە، ئەوە دەکەوێتە نێوان خەڵکیشەوە، بۆیە هەڵسن و بچنە ژوورەکەی عائیشە و بەمۆڵەتی خۆی و راوێژ بکەن و کەسێك لەخۆتان هەڵبژێرن. پاشان وتی: مەچنە ژوورەکەی عائیشە، بەڵکو لەنزیکی دابنیشن. سەری خستە زەوی و خوێنی لێ دەچۆڕا، چوونە ژوورەوە و چپە چپیان کرد و پاشان دەنگیان بەرزبوویەوە، بۆیە عبداللەی کوڕی عومەر وتی: سوبحان الله جارێ ئەمیری ئیمانداران نەمردووە. عومەر گوێی لەو قسەیە بوو بەئاگا هاتەوە و وتی: ئەمەم لێ دووربخەنەوە. ئەگەر مردم، ئەوە سێ رۆژ لەنێوان خۆتاندا راوێژ بکەن و سوهەیب پێشنوێژیی خەڵك بکات، لەڕۆژی چوارەمدا دەبێت یەکێك لەئێوە خەلیفە بێت، عبداللەی کوڕی عومەر ئامادە بێ و تەنیا راوێژی پێ بکرێت و بۆی نییە خۆی هەڵبژێرێت، تەڵحەش لەو کارەدا هاوبەشتانە. لەڕۆژی سێیەمدا کاری خۆتان یەکلایی بکەنەوە، ئەی کێ دەستەبەری تەڵحە دەکات؟ سەعدی کوڕی ئەبو وەقاس وتی: من دەیکەم و پشت بەخوا جیاوازیی نابێت. عومەر وتی: ئومێد دەکەم ناکۆکییتان نەبێ پشت بەخوا، وەها گومان دەکەم یەکێك لەو دوو پیاوە دەبنە خەلیفە عەلی یان عوسمان، ئەگەر عوسمان ببێتە خەلیفە، ئەوە پیاوێکی نەرمە، ئەگەر عەلیش بێ، ئەوە تووندو تۆڵە و دەتانخاتەسەر رێگەی حەق. ئەگەر سەعدیش بێ ئەوە شیاوی خەلیفە بوونە، بەڵام با هاوکاریی بکرێت، من لەبەر خیانەت و لاوازیی لەوالێتیی لام نەبرد، باشترین خاوەن بۆچوونێکیش عەبدولڕەحمانی کوڕی

عەوفە، لەلایەن خواوە هاوکاریی کراوە بەبۆچوونی بەجێ، گوێی لێ بگرن. بەئەبو تەلّحەی ئەنساریشی وت: ئەی ئەبو تەلّحە کە خوای گەورە ئیسلامی بەئێوە شکۆدار کردووە،پەنجا پیاو لەئەنسار هەلّبژێرە و ئەو دەستەیە راسپێرە یەکێك لەخۆیان هەلّبژێرن، بەمیقدادی کوڕی ئەسوەدی وت: ئەگەر منتان خستە گۆڕەوە، ئەوە ئەو دەستەیە لەمالّێکدا کۆبکەنەوە تاوەکو یەکێك لەخۆیان هەلّدەبژێرن. بەسوهەیبیشی وت: سێ رۆژ پێشنوێژیی بۆ خەلّك بکە، عبداللەی کوڕی عومەر لەئەنجومەنەکەدا ئامادە بێ، بەلّام بۆی نەبێ خۆی هەلّبژێرێت، ئەگەر سێ کەس لەسەر پیاوێك یەکدەنگن بوون و سێ کەسی تر لەسەر پیاوێك، با دەنگی عبداللەی کوڕی عومەر وەربگرن، دەنگی بەکام لەو دوو پیاوە دا، ئەو پیاوە هەلّبژێرن، ئەگەر بەدەنگی عبداللەی کوڕی عومەریش رازیی نەبوون، ئەوە لەگەلّ ئەو دەستەیەدا بن کە عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوفیی تێدایە، وەسفی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف کرد بەوەی وریا و یەکا و یەکە. وتی: باشترین خاوەن بۆچوونێکە، لەلایەن خواوە پارێزراوە، بۆیە گوێی لێبگرن. ئەگەر لەدوای ئەوە هەرکەسێك ناڕازیی بوو، ئەوە بیکوژن مادام نایەوێ ڕێك بێ لەگەلّ بۆچوونی خەلّکەکەدا.

هەرکە خەلّکیی لەناشتنی عومەری کوڕی خەتاب بوونەوە، دەستەی شورا و ئەندامانی ئەنجومەنی بالای دەولّەت خێرا لەمالّی عائیشەی دایکی ئیمانداران کۆبوونەوە، وتراوە:لەمالّی فاتیمەی کچی قەیس فیهرییدا کۆبوونەتەوە کە خوشکی ئەلزەحاکی کوڕی قەیس بوو. کۆبوونەوە بۆ تاووتوێکردنی گەورەترین بابەتێك لەدوای کۆچی دوایی عومەردا بۆ موسلّمانان هاتەپێش، دەستەی راوێژ قسەیان کرد و بۆچوونی خۆیان خستەڕوو، بەیارمەتیی خوای گەورە بەوە گەیشتن لەبەرژەوەندیی تەواوی موسلّمانانداً بێت.

کاتێك دەستەی راوێژ کۆبوونەوە، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف داوای لێکردن و پێیانی وت: هەلّبژاردنتان بدەنە سێ کەستان. زوبەیر وتی: فرمانی خۆم دەخەمە دەست عەلی. تەلّحە وتی: فرمانی خۆم دەخەمە دەست عوسمان. سەعد وتی: فرمانی خۆم دەخەمە دەست عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف، بەوە پالاوتن کەوتە لای سێ کەس: عەلی کوڕی ئەبو تالّیب و عوسمانی کوڕی عەفان و عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف. عەبدولڕەحمان وتی: کام لەئێوە

دەستهەڵدەگرێت تاوەکو دەسەلآت بەیەکێك بسپێرین، با هەریەکێ لەئێوە کامەیان بەباشتر زانی بۆ ئەم کارە، ئەوە دەستنیشان بکات. عەلی و عوسمان بێدەنگ بوون. عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف وتی: ئایە کاری هەڵبژاردن بە من دەسپێرن؟ سوێند بەخوا دەبێ باشترینتان هەڵبژێرم؟ عەلی و عوسمان وتیان: باشە. عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف دوابەدوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەی شەش پالێوراوەکە لەبەیانیی رۆژی شەممەدا، پەیوەندییەکانی و راوێژپێکردنەکانی دەستیان پێکرد و سێ رۆژ بەردەوام بوون، لەبەیانیی زووی چوارەم رۆژی موحەڕەمدا که کۆتا مۆڵەت بوو که عومەر داینابوو، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف سەرەتا لەعەلییەوە دەستیپێکرد و وتی: من بەیعەت بە تۆ ناکەم، بۆیە پێم باشێ کێ بۆ خیلافەت هەڵدەبژێری؟ عەلی وتی: عوسمانی کوڕی عەفان. کوڕی عەوف ڕۆیشت بۆلای عوسمان و وتی: من بەیعەتت پێ ناکەم، پێم باشێ کێ بۆ خیلافەت هەڵدەبژێری؟ عوسمان وتی: عەلی کوڕی ئەبو تالێب... کوڕی عەوف ڕۆیشت بۆلای هاوەلانی تر و راوێژی پێکردن، راوێژی بەهەموو ئەو گەورە هاوەلآنە کرد که لەمەدینە مابوون و گەورەکان و ئەمیرەکانی سوپا و ئەوانەی دەهاتنە مەدینە، راوێژی ئافرەتانیشی کرد لەپشت پەردەوە و ئەوانیش بۆچوونی خۆیانیان خستەڕوو، بۆچوونی منداڵان و کۆیلەکانیشی گرتەوە لەمەدینەدا.

ئەنجامی راوێژەکان بەم جۆرە بوون: زۆرینەی موسڵمانان لەگەڵ هەڵبژاردنی عوسمانی کوڕی عەفاندا بوون، هەندێکیشیان لەگەڵ هەڵبژاردنی عەلی کوڕی ئەبو تالێبدا بوون. لەنیوەی شەوی چوارشەممەدا، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف ڕۆیشت بۆ ماڵی خوشکەزاکەی: میسوەری کوڕی مەخرەمە و لەدەرگای دا، میسوەر خەوتبوو،عەبدولڕەحمان ئەوەندە لەدەرگای دا تاوەکو لەخەوی هەڵساند و وتی: ئەبینم خەوتووی، سوێند بەخوا ئەمشەو چاوم لەسەریەك نەناوە! بڕۆ زوبەیر و سەعد بانگ بکە. ڕۆیشتم زوبەیر و سەعدم بانگکرد و راوێژی پێکردن و پاشان بانگیکردم و وتی: عەلییم بۆ بانگ بکە، لەگەڵ عەلییدا تاوەکو نیوەشەو قسەی کرد، پاشان عەلیی ڕۆیشت...پاشان وتی: عوسمانم بۆ بانگ بکە. عوسمانم بانگ کرد و قسەی لەگەڵدا کرد تاوەکو بانگی بەیانیی لەیەکی جیاکردنەوە.

لەدوای نوێژی بەیانیی رۆژی بەیعەت کە سوهەیبی ڕۆمیی پێشنوێژی خەڵك بوو، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف هات و ئەو مێزەرەی بەستبوو که پەیامبەری خوا(صلى الله عليه

وسلم) دەیبەست، کە بۆ خەڵکیی نوێژی بەیانیی کرد و دەستەی راوێژ لای مینبەر کۆبوونەوە، ناردی بەشوێن ئەوانەی ئامادەبوون لەکۆچەران و پشتیوانان و ئەمیری سەربازان کە لەحەج لەگەڵ عومەردا هاتبوون بۆ مەدینە، کە کۆبوونەوە، عەبدولڕەحمان شایەتومانی هێنا و وتی: پاشان: ئەی عەلی، روانییمە کاروبار و فرمانی خەڵک، بینینم عوسمانیان دەوێ، بۆیە ئەم کارە بۆ خۆت دامەنە و بوار بەدەروونت مەدە. وتی:ئەی عوسمان وا بەیعەتت پێ دەدەم لەسەر سوونننەتی خوا و پەیامبەرەکەی و دوو خەلیفەی دوای خۆی.. خەڵکییش لەکۆچەران و پشتیوانان و ئەمیرەکانی سوپا و موسڵمانان بەیعەتیان دا. عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب لەدوای عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف، یەکەمین کەس بوو بەیعەتی بەعوسمان دا.

سااڵی بیست و چوار و رووداوە بەناوبانگەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا بەیعەتی خیلافەت بەعوسمان درا، جیاوازیی هەیە لەبارەی ئەو کاتەی کە تیایدا بەیعەتی پێ دراوە، لەیەعقوبی کوڕی زەیدەوە ئەویش لەباوکییەوە کە وتوویانە: رۆژی دووشەممە بەیعەت بەعوسمان درا، یەك شەو مابوو لەمانگی زی ئەلحیجەی ساڵی بیست و سێ، لەموحەڕەمی ساڵی بیست و چواردا پێشوازیی لەخیلافەتەکەی کرا.

ئەوی تر وتوویەتی: ئەوەی ئەحمەدی کوڕی سابت ئەلڕازیی بۆی باسکردم ئەویش لەو کەسەی کە لەئیسحاقی کوڕی عیساوە باسیکردووە و ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە وتوویەتی: لەساڵی (الرعاف–لووت پژان)لەبیست و چواردا بەیعەت بەعوسمان درا، ناونراوە ساڵی لووت پژان(الرعاف)، چونکە لەو ساڵەدا لەنێو خەڵکیدا بەزۆریی خوێنی لووت دەپژا.

سااڵی بیست و پێنج و رووداوەکانی ئەو ساڵە

لەئیسحاقی کوڕی عیساوە کە لەساڵی بیست و پێنجدا ئەسکەندەرییە فەتح کرا. واقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵەدا خەڵکی ئەسکەندەرییە لەپەیمانی خۆیان هەڵگەڕانەوە، بۆیە عەمری کوڕی ئەلعاص چووە سەریان و کوشتاری لێیان کرد. ئەبو مەعشەر لەبارەی ئەو مێژووە لەگەڵ واقیدییدا ناکۆکە.

واقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی سەرح سوارەکانی بردە سەر مەغریب. ئەڵێ: پێش ئەوە، عەمری کوڕی ئەلعاص کەسانێکی نارد مەغریب و کۆمەڵێ دەسکەوتیان هەبوو. عبدالله داوای لێکرد رێگەی بدات بچێتە ئەفریقیا، ئەویش رێگەی دا. لەو ساڵەدا عوسمان حەجی بەخەڵک کرد و کەسی تری بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشت. لەو ساڵەدا سوپا بەسەرۆکایەتی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان کۆمەڵێ قەلایان فەتح کرد. لەو ساڵەدا یەزیدی کوڕی موعاویە لەدایکبوو. لەو ساڵەدا سابووری یەکەم فەتحکرا.

ساڵی بیست و شەش و رووداوە بەناوبانگەکانی ئەو ساڵە

بەپێی قسەی ئەبو مەعشەر و واقیدی، لەو ساڵەدا سابوور فەتحکرا. واقیدیی ئەڵێ: لەو ساڵەدا عوسمان فرمانی دا پایەکانی حەرەم نوێبکرێنەوە. لەو ساڵەدا عوسمان مزگەوتی حەرەمی فراوان کردەوە و خانووی کۆمەڵێکی کڕی بۆ ئەو فراوان کردنە، خەڵکانێکیش رەتیانکردەوە خانووەکانیان بفرۆشن، ئەو بەزۆر رووخاندی و خستیە سەر حەرەم و پارەکەی خستە بەیت ئەلمالەوە. هاوار و هەرایان کرد و عوسمان بەندی کردن و وتی: ئەزانن تەنیا نەرموونیانییەکەمە وەهای کردووە بەرانبەرم بوێریی بکەن! عومەر وەهای پێکردن کەچی وشەیەکتان لەدەم دەرنەدەهات، پاشان عبداللەی کوڕی خالیدی کوڕی ئوسەید لەبارەیانەوە قسەی لەگەڵ عوسماندا کرد و ئەویش ئازادی کردن. لەو ساڵەدا عوسمان حەجی بەخەڵکیی کرد، لەو ساڵەدا سەعدی لەویلایەتی کوفە لابرد و بەقسەی واقیدی، ئەلوەلیدی کوڕی عوقبەی خستە شوێن، بەڵام بەپێی قسەی سەیف، سەعد لەساڵی بیست و پێنج لابرا و ئەلوەلید خرایە جێگەکەی، وەهای داناوە لابردنی موغیرەی کوڕی شوعبە لەکاتی کۆچی دوایی عومەر بووە و سەعد بەرەو ئەوێ نێردراوە و ساڵێك و چەند مانگێ والیی کوفە بووە.

ساڵی بیست و حەوت و رووداوە بەناوبانگەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا لەسەر دەستی عبداللەی کوڕی ئەبی سەرح فەتحی ئەفریقیا هاتەدی، هەروەها ئەحمەدی کوڕی سابت بۆی باسکردم وتی: یەکێك لەئیسحاقی کوڕی عیساوە بۆی باسکردین ئەویش لەئەبو مەعشەرە و ئەوە قسەی واقیدییشە.

لەو ساڵەدا عوسمانی کوڕی عەفان حەجی بەخەڵکیی کرد، لەو ساڵەدا ئیستیخەری دووەم لەسەر دەستی عوسمانی کوڕی ئەبی ئەلعاص فەتحکرا. لەو ساڵەدا موعاویە غەزای قینەسرینی ئەنجام دا.

رووداوەکانی بیست و هەشت و رووداوە بەناوبانگەکانی ئەو ساڵە

وەك باسدەکرێت، لەو ساڵەدا قوبرس لەسەر دەستی موعاویە و بەفرمانی عوسمان فەتح کراوە، عوسمان فرمانی پێکردبوو، ئەوە لەقسەی واقیدییدا هاتووە. هەرچی ئەبو مەعشەرە ئەڵێ: قوبرس لەساڵی سی و سێدا فەتحکراوە. کەسانی تر وتوویانە: ساڵی بیست و حەوت فەتحکراوە و کۆمەڵێك لەهاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەو فەتحەدا بەشداربوونە، کە ئەبو زەر و عوبادەی کوڕی سامت و ئوم حەرامی خێزانی و ئەلیمقداد و ئەبو ئەلدەرداء و شەدادی کوڕی ئەوس تیایدا بەشداربوونە.

لەو ساڵەدا، عوسمانی کوڕی عەفان، نائیلەی کچی ئەلفەرافیسەی کەلبیی مارە کرد، پێشتر گاور بوو پێش ئەوەی بیگوازێتەوە، بووە موسڵمان. لەو ساڵەدا خانووەکەی لەمەدینە دروست کرد. لەو ساڵەدا فارسی یەکەم و ئیستیخەری دووەمی فەتحکرا، ئەمیری سوپاکەش هیشامی کوڕی عامر بوو. لەو ساڵەدا عوسمان حەجی بەخەڵکیی کرد.

ساڵی بیست و نۆ و رووداوە گەورەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا، عوسمان هەڵسا بەلابردنی ئەبو موسای ئەشعەریی لەویلایەتی بەسرە کە بۆ شەش ساڵ هەڵسوڕێنەری بوو لەو شارەدا، عبداللەی کوڕی عامری کوڕەیزی

کردە والیی کە تەمەنی بیست و پێنج سالآن بوو. وتراوە: ئەبو موسای ئەشعەریی بۆ ماوەی سێ سالآ هەڵسوڕێنەری کاروباری بەسرەی ئەنجام داوە بۆ عوسمان. عەلی کوڕی موحەممەد باسیکردووە کە جەنگاوەرێك هەواڵی پێ داوە ئەویش لەعەوف ئەلئەعراباییەوە وتوویەتی: غەیلانی کوڕی خەرەشە ئەلزەبیی دەرچووە بۆلای عوسمانی کوڕی عەفان و وتوویەتی: ئاخۆ گەنج و تازە پێگەیشتوویەکتان نییە بینێرن بەسرە بەرێوە ببات؟ هەتاکەی ئەم پیاوە بەتەمەنە(واتا ئەبو موسا) بەسرە بەرێوە دەبات؟ ئەبو موسا لەدوای کۆچی دوایی عومەر، شەش سالآ بەسرەی بەرێوە برد. ئەڵێ: عوسمانیش ئەبو موسای لابرد و عبداللەی کوڕی عامری کوڕی کورەیزی کوڕی رەبیعەی کوڕی حەبیبی کوڕی عەبد شەمسی نارد کە دایکی ناوی دوجانەی کچی ئەسمائ ئەلسولەمیی بوو، کوڕە پوور(خوشکی دایکی) عوسمانی کوڕی عەفان بوو.

مەسلەمە ئەڵێ: عبداللەی کوڕی کورەیز لەسالآی بیست و نۆدا هات بۆ بەسرە و تەمەنی بیست و پێنج سالآن بوو.

سالآی سی و رووداوە بەناوبانگەکانی ئەو سالآە

لەو سالآەدا سەعیدی کوڕی ئەلعاص غەزای تەبرستانی ئەنجام دا، ئەوەش بەپێی قسەی ئەبو مەعشەر، ئەحمەدی کوڕی سابت بۆی باسکردم ئەویش لەو کەسەی بۆی باسکردبوو لەئیسحاقی کوڕی عیساوە. هەرچی سەیفی کوڕی عومەرە، ئەوە باسیکردووە کە ئیسبەهبزا لەبری سەروەتێك لەگەڵ سوەیدی کوڕی موقەرینـدا رێککەوتووە کە پەلاماری نەدات. ئەوترێ لەسەردەمی عومەردا غەزای کراوە، بەڵآم عەلی کوڕی موحەممەد ئەلمەدائینیی وتوویەتی: بۆم باسکراوە کە هیچ کەسێك غەزای ئەو شوێنەی نەکردووە تاوەکو عوسمانی کوڕی عەفان فرمانی کرد و لەسالآی سییدا سەعیدی کوڕی ئەلعاص غەزای کرد.

لەو ساڵەدا مەبەستم ساڵی سی، ئموستیلەکەی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەدەستی عوسمان کەوتە نێو بیری ئەریس کە دوو میل لەمەدینەوە دوورە، لەهەموو بیرەکانی تر ئاوی کەمترە.

ساڵی سی و یەك و رووداوە بەناوبانگەکانی ئەو ساڵە

جەنگی ئەلصوٰاری

ئەبو مەعشەر ئەڵێ: وەك ئەوەی ئەحمەدی کوڕی سابت ئەلزازیی بۆی باسکردم ئەویش لەو کەسەی باسیکردووە لەئیسحاقی کوڕی عیساوە، کە جەنگی ئەلصواری لەساڵی سی و چواردا رووی داوە. وتوویەتی: لەساڵی سی و یەکدا رووی داوە و ئەلئەساودەش لەدەریادا ئەنجامیان داوە. واقیدیی وتوویەتی: غەزای ئەلصواری و ئەلئەساودە هەردووکیان لەساڵی سی و یەکدا رووبان داوە.

باس و خواس لەبارەی ئەو دوو جەنگەوە

لەعاسمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادەوە کە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان بەئەمیرێتی خەڵکی شام دەرچوو. هەموو شام لەژێر دەستی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیاندا بوو.

لەو ساڵەدا مەبەستم ساڵی سی و یەك، عبدالله‌ی کوڕی عامر دەرچوو بۆ خۆراسان و ئەبر شەهر و توس و بیوردونسای فەتحکرد تاوەکو گەیشتە سەرخەس، لەو ساڵەدا لەگەڵ خەڵکی مەرو رێککەوت.

ساڵی سی و دوو، رووداوە دیارەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا موعاویە پەلاماری نۆکەندی قوستەنتینییەی دا و خێزانەکەی لەگەڵدا بوو کە عاتیکەی کچی قورەتەی کوڕی عەمری کوڕی نەوفەلی کوڕی عەبد مەناف بوو،

وتراوە: ناوی فاخیتە بووە. ئەحمەدی کوڕی سابت بۆی باسکردم لەو کەسەی ئەویش لەئیسحاقەوە گێڕاوێتییەوە ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە و قسەی واقیدییە.

لەو ساڵەدا سەعیدی کوڕی ئەلعاص، سەلمانی کوڕی ڕەبیعەی کردە بەرپرسی سنووری بەلەنجەر و یارمەتیی ئەو سوپایەی دا کە لەوێدا لەگەڵ حوزەیفە و لەخەڵکی شام گیرسابوونەوە و حەبیبی کوڕی مەسلەمەی ئەلفیهریی بەرپرسیان بوو–لەقسەی سەیفدا– و ناکۆکیی کەوتە نێوان سەلمان و حەبیب و لەوەدا خەڵکی شام و خەڵکی کوفە ناکۆکییان بۆ دروست بوو.

لەو ساڵەدا ئەبو تەڵحە کۆچی دوایی کرد(بەڕەحمەت بێ). لەو ساڵەدا ئەبو زەڕ(خوای لێ ڕازیی بێ) کۆچی دوایی کرد. لەساڵی سی و دووداکوڕی عامر، مەر و رود و تاڵقان و فاریاب و جوزوجان و تەخارستانی فەتح کرد. لەو ساڵەدا ڕێککەوتن لەنێوان ئەلئەحنەف و خەڵکی بەلخدا ڕووی دا.

ساڵی سی و سێ

لەو ساڵەدا موعاویە پەلاماری قەلای ئەلمەرئەی دا لەخاکی ڕۆم لەڕووی مەڵتییەوە بەقسەی واقیدی. هەر لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی سەرح بۆ جاری دووەم غەزای ئەفریقیای ئەنجام دایەوە، چونکە خەڵکی ئەفریقیا لەپەیمانی نێوانیان هەڵگەڕابوونەوە. لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی عامر، ئەلئەحنەفی کوڕی قەیسی ناردە خۆراسان بەهۆی هەڵگەڕانەوەی خەڵکی خۆراسان لەو پەیمانەی دابوویان. هەردوو مەروی فەتحکرد، مەروی شاهجان بەڕێکەوتن و مەروی روز لەدوای شەڕێکی سەخت. عبداللەی کوڕی عامر بەدوایدا هات و دابەزییە ئەبرشەهر و بەڕێکەوتن فەتحی کرد، ئەوەش بەپێی قسەی واقیدی، هەرچی ئەبو مەعشەرە، ئەوە وتوویەتی: وەك ئەوەی ئەحمەدی کوڕی سابت ئەلڕازیی بۆی باسکردم ئەویش لەو کەسەی بۆی باسکردبوو لەئیسحاقی کوڕی عیساوە ئەویش لەوەوە وتوویەتی: ساڵی سی و سێ فەتحی قوبرس

ئەنجام دراوە. لەو ساڵەدا عوسمانی کوڕی عەفان لەخەڵکی عێراقی ڕەوانەی شام کردووە.

لەو ساڵەدا عوسمانی کوڕی عەفان حەجی بەخەڵکیی ئەنجام دا، ئەبو مەعشەر وەهای داناوە کە لەو ساڵەدا قوبرس فەتحکراوە و خەڵکی تریش هەیە بۆچوونی جیاوازیان هەیە.

ساڵی سی و چوار و ڕووداوە بەناوبانگەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا خەڵکی کوفە، سەعیدی کوڕی ئەلعاصیان لەکوفە دوورخستەوە و نەیانهێشت بچێتە ئەو شارەوە. لەو ساڵەدا خەڵکانێکی خراپەکار نامەیان بەدەم عوسمانی کوڕی عەفانەوە هەڵبەست و ویستیان لەگەڵیدا کۆببنەوە و کێشەیان بۆ سازاند و ڕق و کینەیان دەڕهەقی بلاوکردەوە و لەئەلجەرعەدا کۆبوونەوە.

لەقەیسی کوڕی یەزید ئەلنەخەعییەوە ئەڵێ: کاتێك موعاویە سەربازەکانی گەڕاندەوە، ئەوان وتیان: نە عێراق و نە شام بۆ ئێمە نابنە ماڵ و شوێنی نیشتەجێ بوون، بۆیە دابەزنە جەزیرە، هاتنە جەزیرە،عەبدولڕەحمانی کوڕی خالید چووە سەریان، ناچاری کردن دوای بکەون، ئەلئەشتەر هات بۆ لای عوسمان و پێیووت: چۆنت دەوێ بڕۆ. ئەویش وتی: ئەگەڕێمەوە لای عەبدولڕەحمان. گەڕایەوە. ساڵی یانزەهەمی خیلافەتی عوسمان، سەعیدی کوڕی ئەلعاص هات بۆلای عوسمان. پێش دەرچوونی سەعیدی کوڕی ئەلعاص بۆلای عوسمان بەساڵێك و هەندێ زیاتر، ئەلئەشعەسی کوڕی قەیسی نارد بۆ سەرپەرشتیکردنی ئازەربێجان و سەعیدی کوڕی قەیسیش بۆ ڕەی کە پێشتر بەرپرسی هەمەزان بوو، لەوێ لایبرد و ئەلئنوسەیر ئەلعیجلیی خستە شوێن، ئەلسائیبی کوڕی ئەلئەقرەع بەرپرسی ئەسپەهان بوو، مالیکی کوڕی حەبیب ئەلیەربوعیییش بەرپرسی ماھ بوو، حەکیمی کوڕی سەلامە ئەلخوزاعییش بەرپرسی موسڵ بوو، جەریری کوڕی عبداللەش بەرپرسی قەرقیسیاء بوو،سەلمانی کوڕی ڕەبیعەش بەرپرسی ئەلباب بوو، قەعقاعی کوڕی عەمریش بەرپرسی جەنگ و عوتەیبەی کوڕی ئەلئنەهاسیش

بەرپرسی حەلوان بوو. کوفە لەبەرپرس و سەرۆکەکان چۆڵ بوو، جگە لەوانەی بەفیتنەدا چووبوون.

یەزیدی کوڕی قەیس لەکوفە دەرچوو بەمەبەستی لەسەرکارلابردنی عوسمان، هاتە مزگەوت و دانیشت و سەبەئییەکانیش بەدەوریدا دانیشتن کە ئیبن ئەلسەوداء لەمیسرەوە نامەی بۆ نووسیبوون، کاتێ لەمزگەوت دەرچوون، قەعقاعی کوڕی عەمر سەرکردەی سوپا بەکارەکەیانی زانی و دەستگیری کردن و یەزیدی کوڕی قەیسی سەرکردەیانی لەگەڵ خۆیدا برد،کاتێ یەزید تووندی و بیرتیژیی قەعقاعی بینی، ئامانج و پلانی خۆیانی ئاشکرا نەکرد کە دەیانەوێ دژ بەعوسمانی خەلیفە راپەڕن و لەسەرکاری لابدەن، ئەوەی خستەڕوو هەموو ئەوەی ئەوان دەیانەوێ، لەسەرکارلادانی والیی کوفەیە سەعیدی کوڕی ئەلعاص و یەکێکی تر بخرێتە جێگەکەی، ئەویش بەدەم داواکەیانەوە ڕۆیشت و کۆمەڵەکەی بەرەڵاکرد، پاشان بەیەزیدی وت: بۆ ئەم کارە لەمزگەوت دانەنیشی و هیچ کەسێ لای تۆ کۆنەبێتەوە، لەماڵی خۆتدا دابنیشە و چیت دەوێ لەخەلیفەی داوا بکە و ئەویش بۆت جێبەجێ دەکات.

یەزیدی کوڕی قەیس لەماڵی خۆیدا دانیشت و وەهای دەرخست کە دەستی هەڵگرتووە، هات پیاوێکی بەکرێ گرت و هەندێ درهەم و ئێستێرێکی پێ دا و فرمانی پێکرد بەنهێنی و خێرایییەوە خۆی بگەیەنێتە ئەو سەبەئییانەی کە عوسمان بۆ شام گواستبوونییەوە و پاشان لەوێوە بۆ جزیرە و لەوێ لای عەبدولڕەحمانی کوڕی خالیدی کوڕی ئەلوەلید بوون و بەڕوالەت تەوبە و پەشیمانییان دەرخستبوو، یەزید لەنوسراوەکەیدا بەبرا شەیتانەکانی وتبوو: کە ئەم نووسراوەم بەئێوە گەیشت، لەدەستی دامەنێن و یەکسەر خۆتان بگەیەننە لای من، ئێمە نووسراومان بۆ برایانمان ناردووە لەمیسر–سەبەئییەکانی میسر– و لەگەڵیاندا ڕێککەوتووین بۆ دەرچوون. کاتێ ئەشتەر ئەوەی خوێندەوە و یەزیدیش هاواری کرد بەئاژاوەگێڕەکان، لەناو مزگەوت و دەرەوەیدا کەوتنە جوڵە. یەزید وتی: من دەچمە دەرەوەی شار و ناهێڵم سەعیدی کوڕی ئەلعاص بێتە کوفەوە، هەرکەسێ دەیەوێ دەربچێ و نەهێڵێ سەعید بێتە کوفەوە، با بێتە

ریزەوە،ئێمە والییەکی ترمان دەوێ. سەبەئی و ساویلکەکان کە نزیکەی هەزار کەس دەبوون، لەگەڵیدا دەرچوون.

عەمری کوڕی حورەیسی جێگری والیی چووە سەر مینبەر و داوای برایەتی و یەکڕیزیی لەموسڵمانان کرد و ڕێگریی کردن لەدووبەرەکی و جیاوازی و ئاژاوە و هەڵگەڕانەوە، داوای لێکردن بەدەم داوای هەڵگەڕاوان و ئەوانەوە نەچن کە دەرچوونە لەبڕیاری خەلیفە.

یەزیدی کوڕی قەیس و ئەشتەری نەخەعیی لەگەڵیدا بەهەزار کەسەوە دەرچوون بۆ سەر ڕێگەی مەدینە لەشوێنێك پێیدەوترێ ئەلجەرەعە، لەوێدا سەربازگەیان لێ دا و سەعیدی کوڕی ئەلعاصیان لێ دەرکەوت کە لای عوسمانەوە دەگەڕایەوە، پێیانووت: لەکوێوە هاتووی بۆ ئەو شوێنە بگەڕێرەوە، ئێمە پێویستمان بە تۆ نییە و ناهێڵین بێیتە مەدینەوە، بەعوسمانیش بڵێ: ئێمە نامانەوێ تۆ والیی ئێمە بی، ئەمانەوێ عوسمان، ئەبو موسای ئەشعەرییمان بۆ بکاتە والی. سەعید پێیووتن: ئێوە بەهەزار کەسەوە دەرچوونە بۆ ئەوەی ئەم قسەیە بڵێن؟ ئەوەندە بەس بوو یەك پیاو بنێرنە لای ئەمیری ئیمانداران و ئەم داوایە بکات، یان یەك پیاوتان لەسەر ڕێگە دابنابایە و ئەم هەواڵەی پێ بدابایەم، ئاخۆ هەزار پیاوی عاقڵ دەردەچێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یەك پیاو؟ سەعیدی کوڕی ئەلعاص بەعاقڵیی زانی کە ڕووبەڕوویان نەبێتەوە و ئاگری فیتنەکە گەرم نەکات، بەڵکو هەوڵبدات خامۆشی بکات یان بەلای کەمەوە گرگرتنی دوابخات، ئەوەش بۆچوونی ئەبو موسای ئەشعەری و عەمری کوڕی حورەیس و قەعقاعی کوڕی عەمر بوو لەکوفە.

سەعیدی کوڕی ئەلعاص گەڕایەوە لای عوسمان و ئەو هەواڵەی پێ دا کە ئەو خەڵکە دەرچوونە. عوسمانیش پێیووت: چی شتێکیان دەوێ؟ دەرچوون لەدژی خەلیفە؟ سەعید وتی: نە، ئەوان ئەڵێن نایانەوێ من ببمە والییان و والییەکی تریان دەوێ. عوسمان وتی: چی کەسێکیان دەوێ؟ سەعید وتی: ئەبو موسای ئەشعەرییان دەوێ. عوسمانیش وتی: وا ئەبو موسامان کردە والییان، سوێند بەخوا بیانوو بەهیچ کەسێك ناهێڵین، بەوەی پێویست بێ ئارامییان لەسەر دەگرین تاوەکو حەقیقەتی ئەوە دەزانین کە دەیانەوێ. عوسمان نامەی بۆ ئەبو موسای ئەشعەریی نارد و کردیە والیی کوفە. ئەبو

موسای ئەشعەری(خوای لێ رازیی بێ) هەڵسا بەئارامکردنەوەی بارودۆخەکە و رێگریی خەڵکی کرد لەیاخیبوون و پێیووتن: ئەی خەڵکینە، لەنمونەی ئەم ناکۆکییەدا دەرمەچن و جارێکی تر بۆ یاخیبوونی لەم جۆرە مەگەرێنەوە، پابەندی کۆمەڵی موسڵمانان و گوێڕایەڵیی بن، ئاممان پەلە مەکەن، ئارام بگرن وەك ئەوەی ئەمیر بن. وتیان: دەی نوێژمان پێ بکە. وتی: نە، ئیللا کاتێ گوێڕایەڵی عوسمانی کوڕی عەفان بن. ئەوانیش وتیان: وا گوێڕایەڵی عوسمان بووین. بەڵام لەوەدا راستیان نەکرد، بەڵکو دەیانەویست ئامانجی راستەقینەیان لەخەڵکی تر بشارنەوە، ئەبو موسا پێشنوێژیی بۆیان دەکرد تاوەکو نووسراوی عوسمانی پێگەیشت و بەوالیی کوفە دەستنیشانی کرد.

لەعەبدولمەلیکی کوڕی عومەیری ئەلزوهرییەوە ئەڵێ: عوسمان هەڵسا ئەمیرەکانی سەربازانی کۆکردەوە لەموعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان و سەعیدی کوڕی ئەلعاص و عبداللەی کوڕی عامر و عبداللەی کوڕی ئەبی سەرح و عەمری کوڕی ئەلعاص و پێیووتن: پێم بڵێن چی بکەم، وا خەڵکیی بەخراپ لێم گەیشتوون؟ موعاویە پێیووت: بۆچوونی من ئەوەیە دەسەڵات بەئەمیری سەربازانت بدەی، هەریەکە و کاری خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆیت بۆ لەکۆڵ دەکاتەوە، کاری خەڵکی شام لەسەر من.

عبداللەی کوڕی عامر وتی:بۆچوونی من وەهایە بەم کۆمەڵانە بیانترسێنی و وەهایان لێ بکەی کێشەت بۆ نەسازێنن. عبداللەی کوڕی سەعد وتی: بۆچوونی من وەهایە بڕوانی چی شتێك بووەتە هۆکاری تووڕە کردنیان و رازییان بکەی و ئەم سەروەتەیان بۆ دەربکە و پێی رازییان بکەی. پاشان عەمری کوڕی ئەلعاص وتی: ئەی عوسمان تۆ وەکو بەنی ئومەییەی بەرانبەر بەخەڵکی، یان باش بە یان دەست لەخیلافەت هەڵبگرە. عوسمانیش پێیووت: ئەوە چییتە! ئیتر عەمر بێدەنگ بوو هەتاوەکو بلاوەیان لێکرد و عەمر وتی: نەخێر سوێند بەخوا ئەی ئەمیری ئیمانداران، سوێند بێ تۆ لە من بەڕێزتری بۆ ئەوە، بەڵام خەڵکانێك لەبەر دەرگا بوون زانییان ئێمەت کۆکردووەتەوە تاوەکو بۆچوونمان وەربگری، منیش ئەو قسەیەم کرد تاوەکو وەها بزانن ئەوە قسەی منە و بەوە خێرێکت بۆ بهێنم یان خراپەیەکت لەسەر لابدەم.

سەعیدی کوڕی ئەلعاص بەئەمیری کوفە گەڕایەوە، کەچی خەڵکی شام بەچەکەوە بۆی دەرچوون و ڕێگەیان لێگرت بچێتە کوفەوەوە و وتیان: نەخێر، سوێند بەخوا هەتاوەکو ئەم شمشێرەمان بەدەستەوە بێ، ناهێڵین فرمانمانڕەواییمان بکات.

لەئەبی یەحیا عومەیری کوڕی ئەلسەعد ئەلنەخەعییەوە ئەڵێ: ئێستا ئەڵێی ئەوکاتەیە وا ئەڕوانمە ئەلئەشتەر مالیکی کوڕی ئەلحاریس ئەلنەخەعی و خۆڵ و تۆزی بەدەموچاوەوەیە و ئەوان شمشێریان هەڵکێشاوە و ئەڵێن: نەخێر سوێند بەخوا هەتاوەکو شمشێرەکانمان بەدەستەوەیە نابێت بێتە کوفەوە، واتا سەعید. ئەو ڕۆژەش ڕۆژی ئەلجەڕەعە بوو، ئەلجەڕەعە شوێنێکە نزیك بەقادسیە، لەوێدا خەڵکی کوفە ڕێیان بەسەعید گرت.

لەنێو مزگەوتی کوفەدا دوو هاوەڵی پەیامبەری خوا هەبوون(صلى الله عليه وسلم) کە حوزەیفەی کوڕی یەمان و ئەبو مەسعود عوقبەی کوڕی عەمری ئەنساریی بەدریی بوون، ئەبو مەسعود تووڕە بوو دژ بەو هەڕا و دەرچوونە و لەسەرکارلادانی سەعیدی والی و یاخیبوونی ئەو خەڵکانە، بەڵام حوزەیفە دووربین بوو، بەبابەتی و بیرکردنەوەوە لەگەڵ ڕووداوەکەدا جوڵایەوە.

ئەبو مەسعود بەحوزەیفەی وت: ئەمانە بەقسەی خۆش عاقڵ نابن، بۆیە خەلیفە سوپایەك بۆ تەمبێکردنیان دەنێرێ و خوێنێکی زۆریش دەڕێژێت. حوزەیفەش وەڵامی دایەوە و وتی: سوێند بەخوا دەگەڕێنەوە کوفە و هیچ پێکدادان و شەڕێك ڕوو نادات و خوێنیش ناڕێژرێت، من لەمڕۆ لەم فیتنەیە نەگەیشتووم، بەڵکو کاتێ زانیوومە کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) زیندوو بوو، هەواڵی پێداوین لەبارەی ئەو فیتنەیەی کە ئەمڕۆ دەیبینم، پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:"مرۆڤی وا هەیە بەیانیی دەکاتەوە موسڵمانە و ئێوارە دەکاتەوە موسڵمان نەماوەتەوە، پاشان شەڕی موسڵمانان دەکات و ئینجا هەڵدەگەڕێتەوە و خوای گەورە لەبەیانییدا دەیکوژێت". لەمەولا ئەمە ڕوودەدات.

حوزەیفەی کوڕی یەمان(خوای لێ رازیی بێ) شارەزا بوو لەزانستی فیتنە و ئاژاوە، بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ فیتنەی سەبەئییەکان کرد لەکوفەدا کە لەپەیامبەری خوای گوێ لێ بووە،ئەوانەی هێنایە پێش چاوی خۆی کە بیستبووی، بەوە حەقیقەتی ئەو شتانەی دەبینی کە لەدەوروبەری رووبان دەدا، نە بەدووری دەزانی و نە پێی سەیر بوو، بەڵکو هەوڵی دەدا بەپێی توانا چاکسازیی و ئاشتەوایی بکات.

کاتێ لەسااڵی سی و چواردا کاروبارەکان لەکوفە ئارامبوونەوە، حوزەیفەی کوڕی یەمان گەڕایەوە ئازەربێجان و ئەلباب و لەوێدا سەرکردایەتیی سوپای موسڵمانانی دەکرد و هەڵسوڕاوان و والییەکانیشی گەڕاندەوە ناوچەکانی فارس.

عوسمانی کوڕی عەفان نامەیەکی بۆ دەرچووان لەکوفە نارد و تیایدا حیکمەتی بەدەمەوەچوونی داواکەیانی ڕوونکردەوە لەلابردنی سەعید و دەستنیشانکردنی ئەبو موسا لەجێگەکەی. نامەیەکی گرنگ و شێوازی عوسمان ڕوونەکاتەوە لەڕووبەڕووبوونەوەی ئەو فیتنەیە و هەوڵی دواخستنی بڵێسەکەی بەوەی لەتوانایدا بووبێ، ئەگەرچی یەقینانە دەیزانی: ئەو فیتنەیە بەڕێوەیە و بێ توانایە لەڕووبەڕووبوونەوەی، ئەوە ئەوەیە کە لەپەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) فێری ببوو، بۆیە عوسمان لەنامەکەیدا پێیووتن:پاشان، من ئەوەم کردە والیی بۆ ئێوە کە خۆتان هەڵتانبژاردبوو، سەعیدم لابرد، سوێند بەخوا بەرانبەرتان نەرم دەبم و ئەوپەڕی ئارام دەگرم، بەتوانای خۆم چاکەتان لەگەڵدا دەکەم و چی شتێکتان حەز لێ بوو داوای بکەن،ئەگەر تاوان نەبوو، ئەوە پێتان دەبەخشم، هەرشتێك حەزتان پێ نەکرد و تاوان نەبوو، ئەوە لەکۆڵتانی دەکەمەوە، ئەوە دەکەم کە ئێوە دەتانەوێ تاوەکو بەڵگە و بیانووتان لەسەرم نەمێنێ. هەمان شتی بۆ شوێنەکانی تر نووسی. خوای گەورە لەعوسمانی ئەمیری ئیمانداران رازیی بێ، چی مرۆڤێکی چاك و دەست و دڵ فراوان بووە ! سەبەئی و قین لەدڵەکانیش چەند درۆزن و بێ فەڕ بوونە.

لەو ساڵەدا ئەبو عەبسی کوڕی جەبر لەمەدینەدا کۆچی دوایی کرد، بەشداربوویەکی بەدر بوو، هەروەها میستەحی کوڕی ئوساسە و عاقلی کوڕی ئەبی ئەلبوکەیر لەنەوەی

سەعدی کوڕی لەیس لەنەوەی عەدی کۆچی دواییان کرد، هەردووکیان بەشداربووی بەدر بوون. لەو ساڵەدا عوسمانی کوڕی عەفان(خوای لێ رازیی بێ) حەجی بەخەڵکیی کرد.

ساڵی بیست و پێنج و رووداوەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا عوسمانی کوڕی عەفان(خوای لێ رازیی بێ) کوژرا.

لەو ساڵەدا بەیعەتی خیلافەت بەعەلی کوڕی ئەبو تاڵیب درا لەمەدینەدا

باس و خواسی بەیعەتدان بە عەلی و ئەوانەی بەیعەتیان پێ دا

ئەهلی سەلەف لەشارەزایانی سەربووردە لەوەدا جیاوازن، هەندێکیان ئەڵێن: لەهاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) داوایان لەعەلیی کرد جڵەوی دەسەڵات بۆ ئەوان و موسڵمانان بگرێتە دەست، بەڵام عەلی رەتیکردەوە، کاتێ هەر زۆر پێداگرییان لەسەر کرد، خیلافەتی قبوڵکرد. ئەوە لەموحەممەد بن ئەلحەنەفییەوە گێڕدراوەتەوە ئەڵێ: کاتێ عوسمان کوژرا(خوای لێ رازیی بێ)، لەگەڵ باوکم بووم، چووە مااڵی خۆیەوە، هاوەڵانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) هاتن بۆاڵی و وتیان: ئەو پیاوە وا کوژراوە، خەڵکییش دەبێ پێشەوای هەبێ و لەمڕۆدا لە تۆ شایستەتر بەو کارە نادۆزینەوە، کە تۆ لەوانەی هەر زوو بوویتە موسڵمان و خزم و کەسی پەیامبەری خوایشی(صلى الله عليه وسلم). عەلیش وتی: وەها مەکەن، من وەزیرێ بم باشترە لەوەی ئەمیر بم. ئەوانیش وتیان: دەی سوێند بەخوا دەستهەڵناگرین تاوەکو بەیعەتت پێ نەدەین. ئەویش وتی: باشە، بەس دەبێ بەیعەتدانەکە لەمزگەوتدا بێ، نابێ شاراوە بێ، دەبێ بەڕازیبوونی موسڵمان بێ. سالمی کوڕی ئەلجەعد ئەڵێ: عبداللەی کوڕی عەباس وتی: حەزم نەکرد بێت بۆ مزگەوت لەترسی ئەوەی پەلامار بدرێت. بەڵام ئەو هەر رەتیکردەوە و دەبێ لەمزگەوتدا بەیعەتی پێ بدرێت. کاتێ هاتە مزگەوتەوە، کۆچەران و پشتیوانانیش هاتنە مزگەوتەوە و بەیعەتیان پێ دا و پاشان خەڵکییش بەیعەتیان پێ دا.

لەئەبو بەشیر ئەلعابیدییەوە ئەڵێ: لەمەدینە بووم کاتێك عوسمان کوژرا(خوای لێ رازیی بێ)، کۆچەران و پشتیوانان کۆبوونەوە و تەڵحە و زوبەیریشیان تێدا بوو هاتن بۆلای عەلی و وتیان: ئەی ئەبا ئەلحەسەن وەرە بەیعەتت پێ بکەین. عەلیش وتی: من پێویستم بەو کارەی ئێوە نییە، من لەگەڵتداندام چی کەسێکتان هەڵبژارد، من پێی رازییم. سوێند بەخوا ئەوانیش وتیان: تەنیا تۆ هەڵدەبژێرین نەك کەسی تر.

ئەڵێ: لەدوای کوژرانی عوسمان(خوای لێ رازیی بێ) چەند جارێك هاتن بۆلای و پاشان کۆتا جار هاتن بۆلای و وتیان: تەنیا بەبوونی دەسەلآت خەڵکیی رێك دەبنەوە، کاروبارەکەش درێژەی کێشا. ئەویش وتی: من چەند جارێك بەئێوەم وتووە، ئەگەر ئەوەتان قبوڵکرد، منیش داوای ئێوە قبوڵ دەکەم، ئەگەرنا ئەوە پێویستم بەدەسەلآت نییە. ئەوانیش وتیان: پشت بەخوا هەرچی تۆ بیڵێی، ئەوە ئێمەش قبوڵی دەکەین. عەلیش هات و چووە سەر مینبەر و خەڵکییش لەدەوری کۆبوونەوە،وتی: من حەزم نەکرد کار و دەسەلآتی ئێوە وەربگرم و ئێوە زۆرتان لێ کردم، من بۆم نییە دەست بخەمە کارتانەوە مەگەر بەو کلیلانەی هی ئێوەیە، بۆم نییە بەبێ رازیبوونی ئێوە درهەمێکی لێ هەڵبگرم، ئایە رازیین؟ وتیان: بەڵێ. عەلیش وتی: خوایە گیان بەسەریانەوە ببەرە شایەت. پاشان لەسەر ئەوە، بەیعەتی لێیان وەرگرت.

ئەبو بەشیر ئەڵێ: ئەو رۆژە من لای مینبەری پەیامبەری خوا بووم(صلى الله عليه وسلم) و راوەستابووم و گوێم لەقسەکانی دەگرت.

لەئەبو ئەلموله‌یحەوە ئەڵێ: کاتێ عوسمان کوژرا(خوای لێ رازیی بێ) عەلی دەرچوو بۆ بازاڕ و رۆژی شەممە بوو، هەژدە شەو لەمانگی زی ئەلحیجە رۆیشتبوو، خەڵکیی شوێنی کەوتن و ئەویش چووە بێستانەکەی نەوەی عەمری کوڕی مەبزولەوە و بەئەبو عەمرەی کوڕی عەمری کوڕی موحصینی وت: دەرگاکە دابخە. خەڵکیی هاتن و لەدەرگایان دا،هاتنەژوورەوە و تەڵحە و زوبەیریشیان تێدابوو، تەڵحە و زوبەیر بەعەلییان وت: دەستت بێنە. بەیعەتیان پێ دا. حەبیبی کوڕە زوئەیب روانییە تەڵحە کاتێ بەیعەتی دا، وتی: یەکەمین کەسێك بەیعەتدانی دەستپێکرد، دەستێکی ئیفلیج بوو، بۆیە ئەم کارە

رێك دانامەزرێت. عەلی دەرچوو بۆ مزگەوت و چووەسەر مینبەر و رووپۆشێکی لەبەردا بوو، مێزەرێکی خز و جووتە نەعلەکەی بەدەستەوە بوو خۆی دابوو بەسەر گاڵۆکێکدا.

لەشەعبییەوە ئەڵێ: کاتێ عوسمان کوژرا(خوای لێ رازیی بێ) ، خەڵکی هاتنەلای عەلی کە لەبازاڕی مەدینەدا بوو، پێیان وت: دەستت بێنە بەیعەتت پێ بدەین، وتی: وەها مەکەن، عومەر پیاوێکی پیرۆز بوو ،وەسێتی کرد ئەم کارە بەڕاوێژ بکرێ، مۆڵەت بدەن تا خەڵکی کۆببنەوە و راوێژ بکەن، خەڵکیی پشتیان لەعەلی کرد و پاشان هەندێکیان وتیان: ئەگەر خەڵکی بەکوشتنی عوسمان بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان و خەلیفە دیاری نەکرابێ، دڵنیا نابین لەدروستنەبوونی دووبەرەکی نێوان خەڵك و خراپبوونی ئوممەت، بۆیە گەڕانەوە لای عەلی، ئەشتەر بەدەستی گرتی و عەلی دەستی نووقاند و وتی: سوێند بەخوا ئەگەر وازی لێبهێنی کاتی خۆی ناڕەحەتیت بۆ دێت و توانات نابێ،ئیتر خەڵکیی بەیعەتیان پێ دا. خەڵکی کوفەش ئەڵێن: یەکەمین کەسێك بەیعەتی پێدا ئەشتەر بوو.

لەئەبو حاریسە و ئەبو عوسمانەوە وتوویانە: کە رۆژی پێنجشەممە هات بەسەرەتای پێنج رۆژ لەکوشتنی عوسمان(خوای لێ رازیی بێ)، خەڵکی مەدینە کۆبوونەوە و بۆیان دەرکەوت سەعد و زوبەیر لەدەرەوەی مەدینەن، تەڵحەش لەنێو دیواری باخێکی خۆیدایە، نەوەی ئومەییەش هەڵهاتوون و تەنیا بێ تواناکانیان ماونەتەوە، ئەلوەلید و سەعید یەکەمین جار هەڵهاتبوون و دواتر مەروان بەدواياندا ئیتر ئەوانی تریشیان هەڵهاتن. کاتێ خەڵکی مەدینە کۆبوونەوە، خەڵکانی میسر پێیانیان وت:ئێوە ئەهلی راوێژ و خاوەن ئەم کارەن و ئوممەت دوای ئێوە دەکەوێ، بڕوانن پیاوێك بۆ خەلیفایەتیی هەڵبژێرن و ئێمەش دوای ئێوە دەکەوین. تێکڕا وتیان: ئەو کەسە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبە و ئێمە پێی رازیین. لەعەوفەوە ئەڵێ: من شایەتی ئەدەم کە لەموحەممەدی کوڕی سیرینم بیست ئەیووت: عەلی هات و بەتەڵحەی وت: دەستت بێنە تەڵحە با بەیعەتت پێ بدەم، تەڵحە وتی: تۆ مافدارتری، تۆ ئەمیری باوەڕدارانی، دەستت بێنە بەیعەتت پی بدەم، عەلیش دەستی درێژکرد و تەڵحەش بەیعەتی پێ دا.

لەشوعەیبی کوڕی سەیفەوە ئەویش لەموحەممەد و تەلحەوە کە وتوویانە: هەڵچووەکان هەڕەشەی کوشتنی خەڵکی مەدینەیان کرد و وتیان: دوو ڕۆژ مۆڵەتتان دەدەین ئەی خەڵکی مەدینە،سوێند بەخوا ئەگەر خەلیفە دیاری نەکەن، بەیانی عەلی و تەلحە و زوبەیر و خەڵکانێکی زۆر دەکوژین، خەڵکی لەم کارەساتەدا عەلیان ترساند و وتیان: بەیعەتت پێ دەدەین، خۆت دەزانی چی بەسەر ئیسلامدا هاتووەو چۆن تاقیکردنەوەیەکمان بەسەردا هاتووە، عەلی وتی: وازم لێ بهێنن، بەدوای کەسێکی تردا بگەڕێن، ئێمە ڕووەو شتێك دەچین هەمە ڕوو ڕەنگە و دڵەکانی لەسەر کۆنابێتەوە و عەقڵ و هۆشەکانی لەسەر ناچەسپێ، وتیان: بەخوا سوێندت دەدەین ئەم کارە ئەنجامبدە، ئاخۆ ئەوە نابینی کە ئێمە ئەیبینین و نابینی چی بەسەر ئیسلامدا هاتووە؟ نابینی؟ ئاشووبە نابینی؟لەخوا ناترسی؟ئەویش وتی: باشە لەوەی ئەیبینم داواکەتان بەجێدەهێنم.

پاشان بڵاوەیان لێکرد و لەبەیانییدا هاتنەوە سەر وەخت و ڕاوێژیان کرد،وتیان: ئەگەر تەلحە و زوبەیریش بەشداری ئەم بەیعەتە بکەن، ئەوە دەبێتە بەیعەتێکی جێگیر و تۆکمە. بۆیە خەڵکانی بەسرە پیاوێکی خەڵکی بەسرەیان نارده لای زوبەیر و وتیان: وریابە لەگەڵی یەکبگری. نێردراوەکەیان حوکەیمی کوڕی جەبەلە ئەلعەبدیی بوو بەچەند کەسێکەوە ناردیانە لای زوبەیر و بەشمشێر هەڵکێشانەوە هێنایان. کەسێکی خەڵکی کوفەشیان نارده لای تەلحە و وتیان:وریابە لەگەڵیدا یەکبگری. ئەلئەشتەریان بەچەند کەسێکەوە نارده لای و بەشمشێر هەڵکێشانەوە هێنایان. خەڵکی کوفە و بەسرە چاویان بڕیبووە گەورەکەیان، میسرییەکانیش خۆشحاڵ بوون بەو یەکدەنگییەی خەڵکی مەدینە.

خەڵکی کوفە و بەسرە دەترسان ببنە پاشکۆ و ملکەچی میسرییەکان، بۆیە زیاتر زبر بوونەوە بەرانبەر بەتەلحە و زوبەیر. جا کاتێك بەیانیی ڕۆژی جومعە هات و خەڵکیی لەمزگەوتدا کۆبوونەوە، عەلی هات و چووە سەر مینبەر و وتی:ئەی خەڵکینە ئەمە کاری ئێوە و تەنیا ئێوە مافی ئەوەتان هەیە کەسێکی بۆ دەستنیشان بکەن، دوێنێ لەسەر بڕیارێك جیابووینەوە، ئەگەر پەشیمان بوونەتەوە و لەسەر کەسی تر ڕێککەوتوون، ئەوە بڕیار لای خۆتانە. وتیان: لەسەر ئەو بەڵێن و ڕێکەوتنەین کە دوێنێ داومانە. خەڵکەکە

بەیعەتیان دا قورئان جێبەجێ بکرێت بەسەر خزم و بێگانە و دەسەلآتدار و بێ دەسەلآتدا. دوای ئەوەی تەلّحە و زوبەیر و کۆمەلّێ هاوەلّ لای عەلی کۆبوونەوە، وتیان: ئەی عەلی، ئێمە مەرجی ئەوەمان خستەسەرت کە حدود جێبەجێ بکەی، ئەوانەش بەشدارن لەڕشتنی خوێنی ئەو پیاوەدا و بەخۆیان تۆلّەکردنەوەیان لەسەر خۆیان حەلآلکردووە. ئەویش وتی: برا شیرینەکانم من ئەوەم لەبیر نەکردووە کە ئێوە دەیزانن، بەلآم من چی بکەم بەرانبەر خەلّکانێك ئەوان بەسەر ئێمەدا زالّن و ئێمە بەسەر ئەواندا زالّ نین. ئەوانە خەلّکانێکن کە کۆیلەکانی ئێوە و ئەعرابەکانیش رۆیشتوونەتە پالّیان، وا لەنێوتاندان و بیانەوێ ئازارتان دەدەن، ئاخۆ رێگە چارەیەك دەبینن تاوەکو ئەنجامی بدەین؟ وتیان: نە سوێند بەخوا رێگەیەك نابینییەوە و ئێمەش بۆچوونی تۆمان هەیە، سوێند بەخوا ئەمەی هاتووەتە پێش کارێکی سەردەمی نەفامانەیە و ئەو خەلّکەش کەرەستەی ئەو کارەن، شەیتانیش هەرگیز نەیهێشتووە شەریعەت بەئارامییەوە لەسەر زەوییدا پەیڕەو بکرێت، وا پەرتەوازەیی بالّی کێشاوە، ئەوەستین تاوەکو خەلّکیی ئارام دەبنەوە و دلّەکان دەچنەوە جێگەی خۆیان. ئەویش وتی:ئێوە چاوەڕێی بکەن و لەسەرم رابووەستن و پەلەم لێ مەکەن. بەلآم ئەو کارە بەسەر قورەیشدا سەخت هاتەوە، دەرچوون و هەلّهاتنی نەوەی ئومەییە حالّەتەکەی سەختتر کرد، وەهای لێهات بەیەکتریان دەوت: سوێند بەخوا ئەگەر کپ دابنیشێن و کارێك نەکەین، ئیتر ناتوانین بەسەر ئەو خراپەکارانەدا سەرکەوین، سەبەئی و ئەعرابەکانیش ترسیان لێ نیشت و دەستیانکردە پیلانگێڕیی دژ بەعەلی.

سالّی سی و یەك

کە سالّی سی و یەك هات،عەلی هەلّسا و هەلّسوڕاوەکانی دابەشکرد، عوسمانی کوڕی حەنیفی نارد بۆ یەسرە، عەمارەی کوڕی شیهابیشی نارد بۆ والێتیی کوفە و هیجرەتی هەبوو، عوبەیدوالّلەی کوڕی عەباسیشی نارد بۆ یەمەن و قەیسی کوڕی سەعدیش بۆ میسر و سەهلی کوڕی حەنیفیش بۆ شام، بەلآم هەرکە سەهلی کوڕی حەنیف نزیکی

سنووری شام بوویەوە، ئەسپسوارەکانی موعاویە دەستگیریان کرد و پێیانووت: ئەگەر عوسمان تۆی ناردووە، بەخێر بێی، ئەگەر کەسی تر تۆی ناردووە، ئەوە بگەڕێوە دواوە. سەهل وتی:ئەی گوێتان لێ نەبووە ئەوەی وتراوە؟ وتیان: بەڵێ، بگەڕێوە لای عەلی.

هەرچی قەیسی کوڕی سەعد بوو، ئەوە کاتێک لە ئەیلە نزیکبوویەوە، کۆمەڵێک ئەسپسوار پێیگەیشتن و وتیان: تۆ کێی؟ لەوانەی عوسمانیان کوشتووە؟ ئەویش وتی: من هاتووم بۆ تۆڵەکردنەوە لەوانەی بەشداری کوشتنی بوونە و تۆڵەی خوێنی عوسمان دەکەمەوە. وتیان: تۆ کێی؟ وتی: قەیسی کوڕی سەعد. وتیان: دەی برۆ. قەیس ڕۆیشت تاوەکو چووە میسرەوە، خەڵکی میسر بوونە چەند کۆمەڵێکەوە، کۆمەڵێک لەگەڵ دەستەی موسڵمانان مایەوە و چوونە خربتا، وتیان:ئەگەر تۆڵەی خوێنی عوسمان دەکەنەوە، ئەوە ئێمە لەگەڵتان دەبین، ئەگەرنا ئەوە ئێمە پێویستمان بەئێوە نییە. کۆمەڵێکیش وتیان: ئێمە لەگەڵ عەلییداین ئەگەر تۆڵە لەبراکانمان نەکرێتەوە. قەیسیش ئەو هەواڵەی بۆ ئەمیری ئیمانداران نارد. هەرچی عوسمانی کوڕی حەنیف بوو چووە بەسرەوە و کەس ڕێگەی پێ نەگرت، بینیی کۆمەڵێ گرووپ دروستبوونە.

عوبەیدوواللەی کوڕی عەباسیش ڕۆیشت بۆ یەمەن، یەعلای کوڕی ئومەییە هەموو شتێکی کۆکردەوە و دەرچوو بەرەو مەککە. کاتێک سەهلی کوڕی حەنیف لەڕێگەی شامەوە گەڕایەوە و هەواڵەکانی پێگەیشت، عەلی بانگی تەڵحە و زوبەیری کرد و وتی: ئەوەی من هۆشدارییم بەئێوە دەدا لەبارەیەوە، وا ڕووی داوە، حاڵەتەکە بەجۆرێ گەیشتووە ئەگەر دانەمرکێتەوە چارەسەر نابێ، ئەمە فیتنەیەکە وەک ئاگر وایە، هەتا زیاتر بسووتێ گڕی زیاتر دەبێ. هەردووکیان پێیانووت: مۆڵەتمان بدە لەمەدینە دەربچین،یان پێشمان بکەوە و ئێمە ئەمە ڕەتدەکەینەوە یان وازمان لێ بهێنە، عەلیش وتی: هەتا پێم بکرێ جڵەوی دەگرم، ئەگەر چارەسەریش نەبوو، ئەوە داخ کردن کۆتا قۆناغی چارەسەرکردنە.

نامەی بۆ موعاویە و بۆ ئەبو موسا نووسی، ئەبو موسا وەڵامی دایەوە کە خەڵکی کوفە ڕازیی بوونە و بەیعەتیان داوە، کێ نابەدڵە و کێیش ڕەزامەندە. مەعبەد ئەلئەسلەمیی

نێردراوی عەلی بوو بۆلای ئەبو موسا، سەبرە ئەلجوهەنیی نێردراوی عەلی بوو بۆلای موعاویە.

موعاویە نە بەنووسراوێك وەلآمی عەلی دایەوە و نە هیچ پەیامێکیشی بەنێردراوەکەیدا ناردەوە.

تاوەکو مانگی سێیەم،لەدوای کوژرانی عوسمان هات لەمانگی سەفەردا موعاویە بانگیکرد لەپیاوێکی نەوەی عەبس و پیاوێکی نەوەی رەواحە بەناوی قوبەیسە و نووسراوێکی مۆرکراوی پێ دا بەناونیشانی: لەموعاویەوە بۆ عەلی، وتی: ئەگەر چوویتە مەدینەوە، خوارەوەی نووسراوەکە بگرە. پاشان وەسێتی پێکرد قسەکان وەربگرێت. هەردوو پیاو لەسەرەتای رەبیعی یەکەمدا دەرچوون بەرەو مەدینە، کە هاتنە مەدینەوە، ئەلعەبسیی نامەکەی بەرزکردەوە وەك ئەوەی موعاویە فرمانی پێکردبوو، خەلکیی دەرچوون و دەیانڕەوانی، ئینجا بلآوەیان لێکرد و گەڕانەوە مالآکانیان و بۆیان دەرکەوت کە موعاویە بەرهەلستکارە، ئینجا کابرا رۆیشت تاوەکو چووەلای عەلی و نووسراوەکەی پێ دا. مۆرەکەی لەسەر کردەوە بینی هیچ نووسراوێکی لەسەر نەنووسراوە. بەنێردراوەکەی وت: هەوالی چیت پێیە؟ کابرا وتی: سەلامەتییم پێ دەدەی؟ عەلی وتی: بەلێ، نێردراو ناکوژرێت. ئەویش وتی: قەومێکم لەدوای خۆم بەجێهێشتووە کە تەنیا بەتۆلەکردنەوە رازیین، شەست هەزار پیرەپیاوم لەدوای خۆم بەجێهێشتووە بەدیار کراسی خوێناویی عوسمانەوە دەگرین، کراسەکە لەمینبەری دیمەشقدا بۆیان هەلواسراوە. عەلی وتی: داوای خوێنی عوسمان لە من دەکەن، سوێند بەخوا من بەری و بێ تاوانم لەڕژانی خوێنی عوسمان. سوێند بەخوا بکوژانی عوسمان رزگاریان بووە مەگەر خوای گەورە ویستی هەبێ، خوای گەورە ویستی هەرشتێکی هەبێ ئەوە روودەدات.

وتی: دەرچۆ. کابرا وتی: سەلامەتییم هەیە. عەلی وتی: بەلێ. ئەلعەبسیی دەرچوو، سەبەئییەکان هاواریان کرد: ئەم سەگە نوێنەری سەگەکانە، دەی بیکوژن.

دەرچوونی عەلی بۆ ئەلڕەبەزە بەمەبەستی گەیشتنە بەسرە

لەموحەممەد و تەڵحەوە کە وتوویانە: تەڵحە و زوبەیر مۆڵەتیان لەعەلی خواست تاوەکو بچن بۆ عومرە، ئەویش مۆڵەتی دان، بۆیە هەردووکیان خۆیان گەیاندە مەککە. لەئەلقاسمی کوڕی موحەممەدەوە ئەڵێ:لەبارەی تەڵحە و زوبەیر و دایکی ئیمانداراندوە هەواڵ بەعەلی گەیشت، بۆیە ئەویش تەمامی کوڕی عەباسی بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشت و قوسەمی کوڕی عەباسیشی نارد بۆ مەککە بەئومێدی ئەوەی نەهێڵێ دەربچن، بەڵام لەئەڕەبەزە زانیی ئەوان تێپەڕیوون، عەتائی کوڕی ریئاب خزمەتکاری ئەلحاریسی کوڕی حەزن ئەو هەواڵەی بۆ هێنا.

لەموحەممەد و تەڵحەوە ئەڵێن: عەلی لەمەدینە بوو هەواڵی پێگەیشت کە دەرچوونە بەرەو بەسرە، ئەوانەشی کە دەرچوونە تەڵحە و زوبەیر و عائیشەشیان لەگەڵدایە. قسەی عائیشەی پێگەیشتبوو، بۆیە عەلی ویستی پێیان بگات و باسی ئامادەسازیی بکات بۆ شام و بەحەوسەد پیاوی کوفی و بەسرییەکانەوە دەرچوو بەئومێدی ئەوەی پێیان بگات و نەهێڵێ دەربچن، عبداللەی کوڕی سەلام پێیگەیشت و جڵەوی ولاخەکەی گرت و وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران دەرمەچۆ، سوێند بەخوا ئەگەر لەمەدینە دەربچی، ئیتر هەرگیز بەسوڵتانی موسڵمانان بۆ ئەم شارە ناگەڕێیتەوە. خەڵکانێك قسەیان پێ وت. عەلیش وتی: قسەی پێ مەڵێن، ئەو باشترینی هاوەڵانی موحەممەد(صلى الله عليه وسلم). جا کاتێك ئەمیری ئیمانداران گەیشتە ئەلڕەبەزە، هەواڵی پێگەیشت کە تێپەڕیوون.

لەموحەممەد و تەڵحەوە وتوویانە: کاتێ عەلی ویستی لەئەلڕەبەزەوە دەربچێ بۆ بەسرە، کوڕێکی ریفاعەی کوڕی رافیع هەڵسا بۆلای و وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران نیازی چیت هەیە و ئەتەوێ ئێمە بۆ کوێ ببەی؟ عەلی ئەمیری ئیمانداراندیش وتی: ئەوەی نیازمان هەیە و مەبەستمانە، تەنیا ئاشتەواییە بەڵکو بەدەم داوای ئێمەوە بێن. وتی: ئەی ئەگەر بەدەم داوای ئاشتەواییەوە نەهاتن چی؟ وتی: وازیان لێ دەهێنین بەعوزری خۆیانەوە و حەقیان پێ دەدەین و ئارام دەگرین. وتی: ئەی ئەگەر بەوەش رازیی نەبوون چی؟ عەلی وتی: هەتا ئەوان وازمان لێ بهێنن، ئێمەش وازیان لێ

دەهێنین. وتی: ئەگەر وازیان لێ نەهێناین چی؟ عەلی وتی: بەرگریی لەخۆمان دەکەین. وتی: زۆر باشە.

ئەلحەجاجی کوڕی غزییە ئەلئەنساریی وتی: چۆن ئێمەت بەقسە رازیی کرد، ئێمەش بەکردار تۆ رازیی دەکەین. پێش ئەوەی کار لەکاربترازێ فریاکەوە. ئەمیری ئیمانداران دەرچوو، ئەبو لەیلای کوڕی عومەری کوڕی ئەلجەڕاح پێشڕەوی سوپاکەی بوو، ئالا لای موحەممەد بن ئەلحەنەفییە بوو، عبداللەی کوڕی عەباس بەرپرسی لای ڕاستی سوپا بوو، عومەری کوڕی ئەبو سەلەمە یان عەمری کوڕی سوفیان بەرپرسی لای چەپی سوپا بوو، بەحەوسەد و شەست کەسەوە دەرچوو، ئەم دێڕە شیعرانەی دەوتەوە:

سیروا أبابیلَ وحُثُّوا السَّیْرَا إذْ عَزَمَ السَّیْرَ وقولوا خَیْرا

حتَّی یُلاقوا وتُلاقوا خیْرا نغزو بها طَلْحَةَ والزُّبَیرا

واتا:وەك باڵندەی ئەبابیل بەڕێکەون و خێر و چاکە بڵێن، تاوەکو بەیەکگەیشتنمان خێر و خۆشیی بێ و بەخێر و خۆشییەوە تەڵحە و زوبەیر لەخۆبگرین. لەڕێگەدا بەعامری کوڕی مەتەر گەیشتن و قسە و باسیان کرد تاوەکو ئەمیری ئیمانداران لەبارەی ئەبو موساوە لێی پرسی، ئەویش وتی: ئەگەر ئاشتەواییت دەوێ، ئەوە ئەبو موسا پیاوی ئاشتییە، ئەگەر شەڕیشت دەوێ، ئەوە ئەبو موسا پیاوی شەڕ نییە. عەلی ئەمیری ئیمانداران وتی: من تەنیا ئاشتەواییم دەوێ. ئەویش وتی: دەی من هەواڵم پێت دا.

هەوڵەکان و ڕوودانی شەڕ

عەلی ئەمیری ئیمانداران نێردراوەکانی ناردە لای هۆزەکان و خەڵکی بەسرە و کوفە و شوێنانی تر بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخەکە

قەعقاعی کوڕی عەمر بۆ خەڵکی ڕوونکردەوە کە دڵسۆزانە پێیان ڕادەگەیەنێ و عەلی ئەمیری ئیمانداران نیازی ئاشتەوایی هەیە، بەڵام خەڵکانێك تۆڵەکردنەوەی یەکسەرییان دەویست کە داوایەکی سەخت بوو، خەڵکانێکی سەبەئییش شەڕ و دووبەرەکییان دەویست تاوەکو ئاڕاوەی نێوان موسڵمانان دانەمرکێتەوە و لەپیلانی بەردەوامدا بوون.

لەموحەممەد و تەڵحەوە وتوویانە: عەلی، لەئێوارەوە عبداللەی کوڕی عەباسی نارد لای تەڵحە و زوبەیر و ئەوانیش موحەممەدی کوڕی تەڵحەیان نارد لای عەلی و قسە و باسیان کرد و ڕێککەوتن، لەجەمادی دووەمدا تەڵحە و زوبەیر نێردراویان نارد لای سەرۆك و بەرپرسانی خۆیان و عەلیش نوێنەری نارد لای شوێنکەوتەکانی خۆی، تەنیا ئەوانە نەبێ کە هاندەری کوشتنی عوسمان بوون و حەزیان بەڕێکەوتن نەبوو،ئەو شەوە خەڵك لەسەر نیازی ئاشتیی پاڵیان لێ دایەوە بۆ خەوتن، گومانیان نەبوو کە ڕێککەوتن بەدیهاتووە، بەڵام ئەوانەی فیتنەچی و بەشداری کوشتنی عوسمان بوون، بۆیان دەرکەوت کە تیاچوونیان نزیکە، تەواوی شەوەکە لەگفتوگۆدا بوون، یەکێکیان وتی: ئەوە ئەزانین تەڵحە و زوبەیر چی شتێکیان دەوێ، بەڵام نازانین عەلی نیازی چییە و تاوەکو ئەمڕۆ نازانین ئەیەوێ چی بکات، بۆیە لەسەر ئەو بۆچوونە ڕێککەوتن کە بەشاراوەیی شەڕ هەڵبگیرسێنن،بێ ئەوەی ئەوەی پەنایان بزانن، چوونە پەنایان و پەلاماریان دا، خەڵکی بەسرە ڕاپەڕین، تەڵحە و زوبەیر بەرپرسانی سوپاکانیان نارد بزانە هەواڵ چییە؟ خەڵکی بەسرە وتیان: لەشەودا خەڵکی کوفە پەلاماریان داوین. خەڵکی بەسرە تیربارانی ئەوانەیان کرد تاوەکو گەڕانەوە سەربازگەی خۆیان.

عەلی و خەڵکی کوفە گوێیان لەدەنگ و هەرا بوو، سەبەئییەکان بۆ ئەوە پیاوێکیان لەنزیك عەلی دانابوو تاوەکو ئەو هەواڵەیان پێ بدات کە خۆیان نیازیان بوو. کاتێ عەلی وتی: ئەو دەنگ و هەرایە چییە؟ ئەو پیاوە وتی: ئەو قەومە هاتنە سەرمان و پەلاماری ئێمەیان دا و ئێمەش بەرپەرچەمان دانەوە. بۆیە عەلی بەوانەی لای ڕاست وتی: بگەڕێنەوە لای ڕاست و بەوانەی لای چەپی سوپای وت: بگەنەوە لای چەپ، شەڕ نەکەن تاوەکو پەلامار دەدرێن. هەموویان لەگەڵ ئەوەدا بوون پەلاماری یەکتر نەدەن، هەڵهاتوو نەکوژرێت و نەچنە سەر بریندار بۆ کوشتنی، هەردوولا بانگیان لەسەربازانی خۆیان دەکرد و ئەوەیان دەوتەوە.

لەموحەممەد و تەڵحە و ئەبو عەمرەوە وتوویانە: کەعبی کوڕی سور هات بۆلای عائیشە(خوای لێ رازیی بێ) و وتی: فریای ئەو قەومە بکەوە وا شەڕی یەکتر دەکەن بەڵکو خوای گەورە بەهۆی تۆوە ئاشتەواییان بخاتە نێوانەوە.

عائیشە سەرکەوتە سەر وشترەکەی و ئەوانیش وشترەکەیان بۆ ئامادە کرد و ناردیان، یەعلای کوڕی ئومەییە سەری خست و ئەو وشترەی بەدوو سەد دینار کڕیبوو. جا کاتێک عائیشە دەرکەوت و گوێی لەهات و هەرا بوو، راوەستا و گوێی لەهەرایەکی سەخت بوو. وتی: ئەوە چییە؟ وتیان: هەرای سەربازگەکەیە. وتی: خێرە یان شەڕ؟ وتیان: شەڕ. وتی: هەرای کام لەو دوو گرووپەیە؟ وتیان: هەرای دۆڕاوەکانە. راوەستا بوو، سوێند بەخوا هەر ئەوەندەی زانی دۆڕاوان رژان بەسەریدا، زوبەیر بەڕێگەی خۆیدا ڕۆیشت بۆ دۆڵی ئەلسوباع و تیرێکیش بەر ئەژنۆی تەڵحە کەوت و خوێناویی بوو، بەخزمەتکارەکەی وت: لەپشت خۆتەوە سەرم بخە و بمگرە و بەشوێنێکم بگەیەنە. بردیە بەسرەوە.

بەئازاربوونی عەلی بۆ کوژراوانی جەمەل و ناشتنیان و کۆکردنەوەی ئەوەی لەسەربازگەکەدا هەبوون و ناردنیان بۆ بەسرە

لەموحەممەد و تەڵحەوە وتوویانە: عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەسەربازگەکەیدا مایەوە و نەچووە بەسرەوە،خەڵکیی هاتن بۆلای کوژراوانیان و کوژراوەکانیان ناشت، عەلی بەنێو کوژراواندا سووڕایەوە، کاتێک بەلای تەرمی کەعبی کوڕی سوردا تێپەڕی وتی: وەهاتان دانا کە تەنیا نەفامەکان لەگەڵیاندا دەرچوونە، وا دەبینن ئەمە یەکێکە لەزانا دیارەکان. هات بۆلای تەرمی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەتتاب و وتی: ئەمە پادشا و گەورەی ئەو قەومەیە.

عەلی بەلای هەر کوژراوێکدا تێدەپەڕی، بەخێر و چاکە ناوی دەهێنا و باسی دەکرد. وتی: کەسانێک وەهایان دانابوو کە تەنیا نەفام و ئازاوەچییەکان هاتوون، ئەمە زانای خواناسە. نوێژی لەسەر کوژراوانی بەسرە و کوفە کرد و نوێژی لەسەر قورەیشی و خەڵکانی مەککە و مەدینە کرد و هەموویانی لەگۆڕستانێکی گەورەدا نێژا، دواتر هەموو

کەلوپەلەکانی کۆکردەوە ناردنی بۆ مزگەوتی بەسرە و هەرکەسێك شتی خۆی و کەسوکارەکەی دەناسێتەوە هەڵیبگرێت، تەنیا چەك نەبێ کە خرایە کۆگای سوڵتانەوە.

چوونی عەلی بۆلای عائیشە و فرماندانی بەسزادانی هەرکەسێك قسەی بەعائیشە وتبێ

لەموحەممەد و تەڵحەوە ئەڵێن: عەلی لەڕۆژی دووشەممەدا ڕۆیشتە مزگەوتەوە، گەیشتە مزگەوت و نوێژی تێدا کرد و پاشان ڕۆیشتە بەسرەوە و خەڵکیی هاتن بۆلای و پاشان بەسەر ئێستردەکەیەوە ڕۆیشت بۆلای عائیشە، کاتێك گەیشتە مالّی عبداللەی کوڕی خەڵەف کە گەورەترین مالّێك بوو لەبەسرەدا، بینیی ئافرەتان لەگەڵ عائیشەدا بۆ عبدالله و عوسمانی کوڕانی خەڵەف دەگرین، سەفیەی کچی ئەلحاریسیش سەرپۆشی بەسەر ڕوومەتیدا داوە و دەگری، کە عەلی بینی، سەفیە وتی: ئەی عەلی، ئەی بکوژی خۆشەویستان، ئەی لەیەکدابڕی خەڵکی، خوا منداڵت هەتیوو بکات هەروەك کوڕی عبداللەت هەتیوو کرد. عەلی وەڵامی نەدایەوە و ڕۆیشت تاوەکو چووە لای عائیشە و سەلامی لێکرد و لای دانیشت و پێیووت: سەفیە هێرشی کردینەسەر، من کاتێ ئەوم بینی تازە پێگەیشتوویەك بوو. کە دەرچوو، جارێکی تر سەفیە هەمان کاری پێ کردەوە. پیاوێکی ئەزد ویستی پەلاماریان بدات و بیانکوژێ. عەلی ئەمیری ئیمانداران وتی: پەلاماریان نەدەن و قسەیان پێ مەکەن ئەگەر قسەیان بەشەرەف و ناوبانگییشتان کرد و جنێویان بەئەمیر و چاکەکارەکانیشتان وت، ئەوانە لاوازن، ئێمە فرمانمان پێکراوە بەرانبەر هاوبەش پەیداکەرەکانیشیان هیچ نەکەین. ئا لەمەدا کەسێك بەئەمیری ئیمانداران گەیشت و وتی: دوو پیاو لەبەردەم دەرگای ئەو ماڵە قسەیان وتووە بەسەفیە. وتی: لەباردایکت بچی ڕەنگە قسەیان بەعائیشە وتبێ. وتی: بەڵێ. یەکێك لەو دوو پیاوە وتی: تۆ ئێمەت ئازار دا. ئەوی تریان وتی: دایکە گیان تەوبە بکە، تۆ هەڵەت کردووە.

عەلی ئەمیری ئیماندارن، ئەلقەعقاعی کوڕی عەمری نارد بۆ دەستگیرکردنی هەر پیاوێك لەوێ بێ. ڕۆیشتن و دوو پیاویان هێنا، وتی: بەرگیان لەبەر داکەنن و یەکی سەد قامچییان لێ بدەن.

لەئەبو ئەلکەنودەوە ئەڵێ: ئەو دوو پیاوە لەئەزدی کوفە بوون، پێیان دەوترا عیجل و سەعدی کوڕانی عبدالله.

دەرچوونی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بۆ صەفین

لەئەبو بەکر ئەلهوزەلییەوە کە عەلی کاتێ عبداللەی کوڕی عەباسی بەسەرپەرشتیاری بەسرە بەجێهێشت، لەبەسرەوە بەڕێکەوت بۆ کوفە،لەوێوە ئامادەسازیی کرد بۆ صەفین و ڕاوێژی بەخەڵکی کرد، هەندێکیان بۆچوونی ئەوەیان پێ دا کە سەربازان بنێرێ و خۆی لەکوفە بمێنێتەوە. هەندێکی تر وتیان:بەڕێکەوە. ئەویش دەستی کردە ئامادەسازیی، ئەو هەواڵە بەموعاویە گەیشت، موعاویەش بانگی عەمری کوڕی ئەلعاصی کرد و ڕاوێژی پێکرد. عەمر وتی:ئەگەر هەواڵت پێگەیشووە بەخۆی بەڕێکەوتووە، تۆش بەڕێکەوە و لەئامادەبوونیدا ئامادەبە بەبۆچوون و فێڵی خۆی. ئەویش وتی: منیش ئەوە ئەکەم ئەی ئەبو عبدالله. خەڵکیی ئامادەکرد و عەمر هات و خەڵکیی هان دا و باسی لاوازیی عەلی و شوێنکەوتەکانی کرد و وتی:خەڵکی عێراق وا پەرتەوازە بوونە و هێزیان لاواز بووە، خەڵکی بەسرە پێچەوانەی عەلین، لێی کوشتوون و گەورەکانی کوفەش لەڕۆژی جەمەلدا تیاچوون، بۆیە بەخەڵکێك زۆر کەم و پەرتەوازەوە بەڕێکەوتووە، خەڵکانێك لەڕیزەکانیاندان کە خەلیفەی ئێوەیان کوشتووە، دەی لەبەر خوا مەهێڵی خوێنی خەلیفە بفەوتێ.

نامەی بۆ سەربازانی شام نووسی و ئالاکەی دایە عەمر، هەروەها ئالای دایە دەست وەردانی خزمەتکاری و عبدالله و موحەممەدی کوڕانی و بەڕێکەوت.

عوانە ئەڵێ: عەلی، زیادی کوڕی ئەلنەزەر ئەلحاریسیی لەپێشەوەدا بەهەشت هەزار کەسەوە نارد، شورەبیحی کوڕی هانیئیشی لەگەڵدا نارد بەچوار هەزار کەسەوە. عەلی

لەئەلنەخیلەوە بەوانەی لەگەلیدا بوون دەرچوو، کە چووە مەدائینەوە، سەربازەکانی رێکخست، سەعدی کوڕی مەسعود ئەلسەقەفیی بەوالیی مەدائین راسپارد کە ئەیکردە مامی ئەلموختاری کوڕی ئەبو عوبەیدە، عەلی لەمەدائینەوە مەعقیلی کوڕی قەیسی بەسێ هەزار کەسەوە نارد و فرمانی پێکرد دەستبگرێت بەسەر موسڵدا تاوەکو پێیدەگات.

سالّی سی و حەوت و رووداوەکانی نێوان عەلی و موعاویە لەو سالّەدا

لەیەکەمین مانگی ئەو سالّەدا کە مانگی موحەڕەم بوو،رێککەوتن لەنێوان عەلی و موعاویەدا هاتەدی کە شەڕ نەکەن لەو مانگەدا بەمەبەستی هاتنەدیی ئاشتەوایی. ئەلموحەلی کوڕی خەلیفە ئەلتائی ئەڵێ: کاتێ لەڕۆژی صەفیندا رێککەوتن لەنێوان عەلی و موعاویەدا هاتەدی، نێردراوەکانیان سەردانی یەکتریان دەکرد بەئومێدی هاتنەدیی ئاشتەوایی، عەلی، عەدی کوڕی حاتەم و یەزیدی کوڕی قەیس ئەلئەرحەبیی و شەبەسی کوڕی ربیعی و زیادی کوڕی خەسەفەی نارده لای موعاویە.

عەدی کوڕی حاتەم سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کرد و پاشان وتی: پاشان، ئێمە هاتووین بۆلای تۆ، بانگەوازت دەکەین بۆ شتێك کە خوای گەورە بەهۆیەوە یەکدەنگییمان بەدیدەهێنێ و ناهێڵێ خوێنڕێژیی روو بدات و مەترسیی نابێ و پەیوەندییەکان باش دەبن، کوڕە مامەکەت گەورەی موسڵمانانە، فەزڵی لەپێشینەیی موسڵمانێتی و سەربوردەی جوانی هەیە لەئیسلامدا،وا خوای گەورە خەڵکیی بۆ کۆکردووەتەوە و رێنمایی کردوون، ئەبینی تەنیا خۆت و ئەوانەی لەگەڵتن نەچوونەتە پاڵی، ئەی موعاویە کۆتایی بهێنە بەم باسە تاوەکو خوای گەورە وەك نمونەی رۆژی جەمەل بەسەر خۆت و شوێنکەوتەکانتدا نەهێنێ.

موعاویە وتی: وەك ئەوەی بەهەڕەشە هاتووی بۆ لای من نەك بۆ ئاشتەوایی، نەخێر ئەی عەدی، بزانە من رۆڵەی جەنگ و شمشێرم ماندوو نابێ، سوێند بەخوا تۆ یەکێك

بووی لەوانەی خەڵکت هان دا بۆ چوونەسەر کوڕی عەفان و یەکێکی لەوانەی کوشتت، ئومێد دەکەم یەکێك بی لەوانەی لەتۆڵەی عوسماندا خوای گەورە بتکوژێت.

شەبەسی کوڕی ربیعیی و زیادی کوڕی خەسەفە قسەیان کرد و وتیان: ئەوەمان بۆ هێناوی کە بۆ ئێمە و تۆ باشە، واز لەقسە بهێنە، ئەوە قبوڵ بکە کە پەیوەندیی بەهەموومانەوە هەیە. یەزیدی کوڕی قەیس وتی: ئێمە تەنیا ئەوەمان هێناوە پێتی بگەیەنین و ئەو قسانەی تۆ بگەیەنین کە لە خۆتەوە گوێمان لێ دەبێ. بگەڕێرەوە بۆلای موسڵمانان و دەستەی موسڵمانان، تۆ و موسڵمانان فەزڵی گەورەی ئێمە دەزانن، لە تۆ شاراوە نییە کە ئاییندار و ئەهلی فەزڵ تۆ بەراورد ناکەن بەعەلی، بۆیە ئەی موعاویە لەخوا بترسە و دژی عەلی مەبە، سوێند بەخوا هەرگیز کەسێکمان نەبینیووە بەنمونەی عەلی، کار بەتەقوا بکات و دونیانەویست بێ و هەموو تایبەتمەندییە چاکەکان لەخۆیدا کۆبکاتەوە.

موعاویەش سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کرد و وتی: ئێوە منتان بانگ کرد بۆ گوێڕایەڵی و جەماعەی(یەکدەستی)موسڵمانان، ئەو یەکدەستییەی ئێوە باسی دەکەن، ئەوە لەگەڵ ئێمەدایە نەك ئێوە، سەبارەت بەوەی گوێڕایەڵیی بۆ گەورەکەی ئێوەیە، ئەوە ئێمە وەهای نابینین، چونکە داڵدەی ئەوانەی داوە کە خەلیفەیان کوشتووە، ئەی نابینن بکوژانی خەلیفە لەڕیزی سوپای ئەودان، دەی با ئەوانەمان رادەست بکات و ئێمەش لەتۆڵەی خوێنی خەلیفەدا بیانکوژین، ئەوجار بەدەم داوای ئێوەوە دێین.

رووداتی شەڕ

ئەبو رەوق ئەلهەمەدانیی ئەڵێ:یەزیدی کوڕی قەیس ئەلئەرحەبیی هانی خەڵکی دا بۆ شەڕ، شەڕ رووی دا، عبداللەی کوڕی بودەیل لەلای راستەوە شەڕێکی سەختی کرد تاوەکو گەیشتە خێوەتی موعاویە، پاشان ئەوانەی بەیعەتی مەرگیان دابوو، رووبان کردە لای موعاویە، ئەویش فرمانی پێکردن رووبەڕووی کوڕی بودەیل ببنەوە و ناردی بۆلای حەبیبی کوڕی مەسلەمە لەلای چەپ و فرمانی پێکرد بەوانەی لەگەڵیدان و بەوانەی لەلای

راستن، بەیەکجار پەلامار بدەن، ئیتر خەڵکی عێراق لەلای راستەوە شکان و تەنیا کوڕی بودەیل بەدووسەد یان سێ سەد قورئانخوێنەوە مانەوە،پشتیان دایە یەکتر، عەلیش فرمانی بەسەهلی کوڕی حەنیف کرد بەوانەی لەگەڵیدا بوون لەخەڵکی مەدینە بباتە پێشەوە،بەوە سەهل رووبەڕووی سوپای گەورەی شام بوویەوە. ئەلئەشتەر و هەردوو کوڕانی عەلیش رۆڵی گەورەی گێڕا لەپاراستنی عەلییدا.

بەرزکردنەوەی قورئان و داوای ناوبژیوانیی

هەموو ئەوەی لەبابەت بەرزکردنەوەی قورئانەوە هاتووە لەلایەن قورئانخوێنانەوە بۆ ئاشتەوایی و کۆتاییهێنان بەشەڕ لەنێوان موسڵمانان، گێڕانەوەی ئەبو موخنەفن و هەوڵی داوە لەپایەی هاوەڵانی بەڕێز کەم بکاتەوە و لەووتوێژی نێوانیاندا شتانی نارێکی تێهەڵکێشك کردوون.

ئەوەندە هەیە لەنێوان هەردوولادا دوو ناوبژیوان دەستنیشان کران، ئەبو موسای ئەشعەری عبداللەی کوڕی قەیس و عەمری کوڕی ئەلعاص ئەلقورەیشی، کە بەپێی قورئان بڕیار بدەن، ئەگەر لەقورئاندا دەقێکی تایبەتیان سەبارەت بەبابەتێك نەدۆزییەوە، ئەوە بەپێی سوونەت کار بکەن، هەردوو ناوبژیوان پەیمانیان لەعەلی و موعاویە و سەربازانی هەردوولا وەرگرت کە سەلامەتیی بەخۆیان و کەسوکاریان بدرێت و ئوممەت پشتیوانیان بێ لەو بڕیارەی کە دەیدەن. ئەمانە بەشداری تاووتوێکردن و بڕیاری هەردوو ناوبژیوان بوون، لەلایەن عەلییەوە: ئەلئەشعەسی کوڕی قەیس ئەلکیندی و عبداللەی کوڕی عەباس و سەعیدی کوڕی قەیس ئەلهەمدانی و وەرقائی کوڕی سومەی ئەلبەجەلی و عبداللەی کوڕی موحەل ئەلعیجلی و حیجری کوڕی عەدی ئەلکیندی و عبداللەی کوڕی ئەلتوفەیل ئەلعامری و عوقبەی کوڕی زیاد ئەلحەزرەمی و یەزیدی کوڕی حوجەییە ئەلتەیمی و مالیکی کوڕی کەعب ئەلهەمدانی، لەهاوەڵانی موعاویەش ئەبو ئەلئەعوەر ئەلسولەمی عەمری کوڕی سوفیان و مەحبیبی کوڕی مەسەلەمە ئەلفیهری و ئەلموخاریقی کوڕی ئەلحاریس ئەلزوبەیدی و زەملی کوڕی عەمر ئەلعوزری و حەمزەی

کوڕی مالیك ئەلهەمدانی و عەبدولڕەحمانی کوڕی خالید ئەلمەخزومی و سوبەیعی کوڕی یەزید ئەلئەنساری و عەلقەمەی کوڕی یەزید ئەلئەنساری و عوتبەی کوڕی ئەبو سوفیان و یەزیدی کوڕی ئەلحر ئەلعەبسی.

جیابوونەوەی خەواریج لەعەلی و شوێنکەوتەکانی و دواتر گەڕانەوەیان

لەو ساڵەدا خەواریجەکان لەعەلی و شوێنکەوتەکانی جیابوونەوە، پاشان عەلی قسەی لەگەڵدا کردن و گەڕانەوە کوفە.

کۆبوونەوەی هەردوو بڕیاردەر لەدەومەتولجەندەل

لەو ساڵەدا هەردوو ناوبژیوان و بڕیاردەر کۆبوونەوە.

باسکردنی کۆبوونەوەی هەردوو ناوبژیوان

ئەبو موخنەف ئەڵێ: ئەبو جەنابی کەلبیی بۆی باسکردم کە عەمرو ئەبو موسا لەدەومەتولجەندەل بەیەکگەیشتن، عەمر پێش ئەبو موسا کەوت لەقسەکردنداو وتی: تۆ هاوەڵی پەیامبەرای خوای(صلی الله علیه وسلم)و لە من بەتەمنتری، کەوابوو تۆ قسە بکە و ئینجا من قسە دەکەم.

عەمر، ئەبو موسای راهێنا لەهەموو شتێکدا پێشتر بدوێ، مەبەستی بەوە، پێشخستنی بوو تاوەکو بە لەکارلادانی عەلی دەستپێبکات، ئەڵێ: روانیان، عەمر وبستی موعاویە بەخەلیفە بکرێ، بەڵام ئەبو موسا رەتیکردەوە، کوڕەکەی موعاویەی پێشنیار کرد، هەر رەتیکردەوە، ئەبو موسا داوای لەعەمر کرد عەبدوالڵەی کوڕی عومەر بەخەلیفە بکرێ، عەمر رەتیکردەوە و وتی: پێم بڵێ بۆچوونت چییە و ئەتەوێ کێ دیاری بکەی؟ وتی: بۆچوونم وەهایە هەردوو ئەم پیاوە لەدەسەڵات لابدرێن و خیلافەت بکەینە شورای نێو موسڵمانان و موسڵمانان کێیان پێ خۆش بوو ئەوە هەڵبژێرن، عەمر پێیوت: بەڕاستی ئەمە بۆچوونە، دەرچوونە لای خەڵکیی کە کۆهاتبوونەوە، وتی: ئەی ئەبو موسا! پێیان رابگەیەنە کە بۆچوونمان چۆنەو لەسەر چی شتێك رێککەوتووین، ئەبو موسا وتی:

بۆچوونی من و عەمر ئەوەیەو یەکدەنگین لەسەر کارێك ئومێدمانە خوای گەورە ئەم ئوممەتەی پێ رێکبخاتەوەو ئاشتی بخاتە نێوانەوە، عەمر وتی: راستدەکات، ئەی ئەبو موسا بچۆرە پێش و قسە بکە، ئەبو موسا چووە پێش تاوەکو قسە بکات، ئیبن عەببباس وتی: دایك رۆڵە رۆت بۆ بکات!سوێند بەخوا دەزانم هەڵی خەڵەتاندووی، ئەگەر لەسەر کارێك رێککەوتبن ئەوە پێشت دەکەوت و قسەی دەکرد و پاشان دەیهێشت دواتر تۆ قسە بکەی، بەڕاستی عەمر مرۆڤێکی ستەمکارو ناپاکەو وەهای نابینم بەوەی لەنێواناندا روویداوە رەزامەندی کردبی، کە لەنێو خەڵکیشدا هەستابای پێچەوانەی دەکردی، ئەبو موسا بێ ئاگابوو پێیوت: ئێمە رێککەوتووین، ئەبو موسا چووە پێش و سوپاس و ستایشی خوای کردو وتی: ئەی خەڵکینە !بێگومان روانیمانە کاری ئەم ئوممەتە و بۆچوونێکمان نەبینیەوە دۆخەکەی چاکبکات و من و عەمر لەسەری یەکدەنگبین، بۆچوونی یەکدەنگیمان لەسەرکارلابردنی عەلی و موعاویەیەو ئوممەت خۆی کەسێك هەڵبژێرێ بۆ خەلیفایەتی کردن، من وا عەلی و موعاویەم لەسەر کارلابرد، بۆیە بەدەم کاری خۆتانەوە بڕۆن و کێ دەبینن بۆ خیلافەت شیاوبێ ئەوە هەڵبژێرن، پاشان لاچوو، عەمر هاتەپێش و لەشوێنەکەی ئەبو موسادا راوەستاو سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کردو وتی:بیستتان کە ئەبو موسا چی وت و بڕیاری لەسەر کارلادانی فەرمانڕەواکەی خۆی دا، منیش بڕیاری لادانی فەرمانڕەواکەی دەدەم و فەرمانڕەوایی ئەو کەسە جێگیر دەکەم کە لەلایەن ئەوەوە بۆ ئەم دادوەریە نێردراوم کە موعاویەیەو بڕیاردەدەم خیلافەت بۆ ئەوبێ، خزمی عوسمانی کوڕی عەفان و داواکەری خوێنکەیەتی، شیاوترین کەسە بەجێگرتنەوەی عوسمان، ئەبو موسا وتی: ئەمە چییە خوا سەلامەتت نەکات، سوێند بەخوا ناپاکی و خراپەت کرد.

عەمر و خەڵکی شام گەڕانەوە لای موعاویە و بەرگی خیلافەتیان پێداو سڵاوی خەلیفەییان لێکرد، ئیبن عەببباس و شورەیحی کوڕی هانیئیش گەڕانەوە لای عەلی.

ساڵی سیِ و هەشت و رووداوەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا موحەممەدی کوڕی ئەبو بەکر لەمیسر کوژرا، هەڵسوڕێنەری کاروباری میسر بوو.

ساڵی سی و نۆ و رووداوەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا موعاویە سوپاکانی بەدەروویەری عەلییدا بلاوەپێکرد. لەو ساڵەدا عەلی ئەمیری ئیمانداران، زیادی کوڕی ئەبیهی کردە بەرپرسی خەراج و ئەبو ئەلئەسوەدی ئەلدوئەلییشی کردە بەرپرسی دادوەریی.

ساڵی چل و رووداوەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا موعاویە، بوسری کوڕی ئەرتەی بەسێ هەزار جەنگاوەرەوە رەوانەی حیجاز کرد. لەو ساڵەدا و لەدوای کۆمەڵێ ئالۆگۆڕکردنی نووسراو، ئاگربەست لەنێوان عەلی و موعاویە هاتەدی. عەلی لەعێراق بێ و موعاویەش لەشام و هیچ کەسێکیان نەچێتەسەر ئەوی تر،نە بەسوپا و نە بەپەلاماردان.

لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی عەباس لەبەسرە دەرچوو گەیشتە مەککە، ئەوەش لەقسەی تەواوی سەربووردەناسان،بەڵام هەندێ کەس ئەوەیان رەتکردووەتەوە، بەوەی عبداللەی کوڕی عەباس تاوەکو دوای کوژرانی عەلی ئەمیری ئیمانداران(سەلامی خوای لەسەربێ) لەبەسرە ماوەتەوە و تاوەکو ئەوکاتەش کە ئەلحەسەن لەگەڵ موعاویەدا ڕێککەوت، ئەوکات دەرچوو بەرەو مەککە.

لەو ساڵەدا عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب(سەلامی خوای لەسەربێ) کوژرا

بەیعەتدان بەحەسەنی کوڕی عەلی

لەو ساڵەدا مەبەستم ساڵی چل، بەیعەتی خیلافەت بەحەسەنی کوڕی عەلی درا. وتراوە: یەکەمین ئەو کەسەی بەیعەتی بەحەسەن دا، قەیسی کوڕی سەعد بووە. بەحەسەنی وت: دەستت بهێنە بەیعەتت پێ دەکەم لەسەر قورئان و سوونەتی

پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) و شەڕی ئەوانەی نایەنە ژێر بار. حەسەن(خوای لێ رازیی بێ) وتی: بەڵکو لەسەر قورئان و فەرمووده. ئیتر قەیسیش بەیعەتی دا و خەڵکییش بەیعەتیان دا.

ئیسماعیلی کوڕی راشید ئەڵێ:خەڵکیی بەیعەتی خیلافەتیان بەحەسەنی کوڕی عەلی کرد(سەلامی خوای لەسەربێ) پاشان حەسەن خەڵکیی دەرکرد تاوەکو دابەزییە مەدائین، قەیسی کوڕی سەعدی لەپێشەوەی دوانزە هەزار کەسەوە نارد، موعاویەش بەخەڵکی شامەوە هات تاوەکو دابەزییە مەسکین، حەسەن لەمەدائین بوو لەنێو سەربازگەدا هاوار کرا وا قەیسی کوڕی سەعد کوژرا، دەی راپەڕن. سەربازگەکە هەموو راپەڕین و دەستیان دایە تالانکردنی سەربازگەکەی خۆیان و راخەرەکەی ژێر حەسەنیشیان تالان کرد کە خودی حەسەنی بەسەرەوە بوو. حەسەن رۆیشتە کۆشکی سپییەوە لەمەدائین و مامەی ئەلموختاری کوڕی ئەبو عوبەید هەڵسوڕێنەری بوو لەمەدائیندا و ناوی سەعدی کوڕی مەسعود بوو. ئەلموختار گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بوو وتی: ئاخۆ دەوڵەمەندی و گەورەییت ناوێ؟ وتی: بەچی جۆرێ؟ وتی: حەسەن قۆڵبەست بکە و رادەستی موعاویەی بکە. سەعد پێیووت: نەفرەتی خوات لێ بێ، کچەزای پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)قۆڵبەست بکەم و رادەستی بکەم!

کاتێک حەسەن(سەلامی خوای لەسەربێ) ئەو پەرتەوازەییەی بینی و زانیی پێی کۆنترۆڵ ناکرێت، نامەی بۆ موعاویە نارد و داوای ئاشتەوایی لێکرد، موعاویەش هەڵسا عبدالله‌ی کوڕی عامر و عەبدولڕەحمانی کوڕی سەمرەی کوڕی حەبیبی کوڕی عەبد شەمسی ڕەوانەی لای حەسەن کرد. هەردووکیان هاتنە لای حەسەن لەمەدائین، چی ویست، ئەوەیان پێ دا، لەگەڵیدا ڕێککەوتن لەبەیت ئەلمالی کوفە پێنج هەزاری پێ بدەن. پاشان حەسەن بەخەڵکی عێراقی وت: ئەی خەڵکی عێراق لەماڤ خۆم لەسەر ئێوە لەسێ شت وازم هێنا: کوشتنی باوکم و پشت تێکردنتان لە من و ئەوەی کەلوپەلەکانمتان تالان کرد.

خەڵکیی چوونە ژێر فرمانڕەوایی موعاویە، موعاویە چووە شامەوە و خەڵکیی بەیعەتیان پێ دا.

حەسەن نامەی بۆ موعاویە نووسی لەبارەی ئاشتەوایی و داوای سەلامەتی.

موغیرەی کوڕی شوعبە سەرپەرشتی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

ساڵی چل و یەك و رووداوەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا حەسەنی کوڕی عەلی(سەلامی خوای لەسەربێ) خیلافەتی رادەستی موعاویە کرد و موعاویە چووە کوفەوە و خەڵکی کوفە بەیعەتی خیلافەتیان بەموعاویە دا.

ساڵی چل و دوو، رووداوەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا موعاویە، مەروانی کوڕی ئەلحەکەمی کردە والیی مەدینە

لەو ساڵەدا ئەو خەوایجانەی لەنەهرەواندا بریندار و دیلبوون و عەلی کوڕی ئەبو تالێب(خوای لێ رازیی بێ) لێیان خۆش بوو، کەوتنەوە جموجوڵ.

ساڵی چل و سێ و رووداوەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا بوسەری کوڕی ئەرتە پەلاماری رۆمی دا تاوەکو گەیشتە قوستەنتینییە وەك ئەوەی واقیدیی وەهای داناوە.

لەو ساڵەدا عەمری کوڕی ئەلعاص لەجەژنی رەمەزاندا کۆچی دوایی کرد، پێشتر لەوێدا چوار ساڵ والیی بوو بۆ عومەری کوڕی خەتاب(خوای لێ رازیی بێ) و سێ ساڵ و دە مانگیش بۆ عوسمان والیی بوو، بۆ موعاویەش ساڵێك و یانزە مانگ والیی میسر بوو.

لەو ساڵەدا موعاویە، عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی ئەلعاصی کردە والیی میسر لەدوای کۆچی دوایی عەمری باوکی، وەك واقیدیی وەهای داناوە، نزیکەی دوو ساڵ والیی میسر بووە.

لەو ساڵە و لەمانگی سەفەردا موحەممەدی کوڕی مەسلەمە لەمەدینە کۆچی دوایی کرد و مەروانی کوڕی ئەلحەکەم نوێژی لەسەر کرد.

لەو ساڵەدا ئەلموستەوریدی کوڕی عولفە ئەلخاریجیی کوژرا، وەك ئەوەی هیشامی کوڕی موحەممەد وەهای داناوە. کەسی تر وەهای داناوە کە لەساڵی چل و دووەدا کوژراوە.

لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی عامر بووە والیی خۆراسان.

ساڵی چل و چوار و رووداوەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا موسڵمانەکان لەگەڵ عەبدولڕەحمانی کوڕی خالیدی کوڕی ئەلوەلید چوونە خاکی ڕۆمەوە. هەر لەو ساڵەدا بوسەری کوڕی ئەرتە شەڕی دەریایی کرد.

لەو ساڵەدا موعاویە، عبداللەی کوڕی عامری لەوالێتیی بەسرە لابرد.

لەو ساڵەدا، موعاویە هەڵسا ڕەچەڵەکی زیادی کوڕی ئەبیهی خستە پاڵ باوکی خۆی، وەك وتراوە.

لەو ساڵە موعاویە حەجی بەخەڵك کرد.

ساڵی چل و پێنج و رووداوەکانی ئەو ساڵە

موعاویە،ئەلحاریسی کوڕی عبدالله ئەلئەزدیی کردە والیی بەسرە.

ساڵی چل و شەش و رووداوەکانی

لەو ساڵەدا مالیکی کوڕی عبدالله چووە خاکی ڕۆمەوە،وتراوە:بەڵکو عەبدولڕەحمانی کوڕی خالیدی کوڕی ئەلوەلید چووە خاکی ڕۆمەوە، وتراوە: بەڵکو مالیکی کوڕی هوبەیرەی ئەلسسەکونیی بووە چووەتە خاکی ڕۆمەوە.

لەو ساڵەدا عەبدولڕەحمانی کوڕی خالیدی کوڕی ئەلوەلید لەخاکی ڕۆمەوە ڕۆیشت بۆ حیمس، کوڕی ئوسالی گاور خواردنەوەیەکی ژەهراویی پێ دا، وەك وتراوە کە خواردوویەتییەوە مردووە.

لەو ساڵەدا عوتبەی کوڕی ئەبو سوفیان حەجی بەخەڵك کرد.

ساڵی چل و حەوت و رووداوەکانی

لەو ساڵەدا مالیکی کوڕی هوبەیرە چووە خاکی ڕۆم و ئەبو عەبدولڕەحمان ئەلقەینیی چووە ئەنتاکیاوە. لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی ئەلعاص لەویلایەتی میسر لابرا و موعاویەی کوڕی حودەیج بووە والی، وەك واقیدیی باسیکردووە بەڕێکەوتووە بۆ مەغریب و لایەنگری عوسمان بووە.

سەربوورەناسان ئەڵێن: لەو ساڵەدا زیاد ئەلحەکەمی کوڕی عەمر ئەلغەفاریی بەئەمیرێتی بەڕێکەوت بۆ خۆراسان و چیاکانی ئەلغور و فراوەندەی بەزەبری شمشێر فەتح کرد و زۆرێك دەسکەوت و سەبایەی تێدا دەسکەوت، بەڵام پێچەوانەی ئەوەش وتراوە.

کەسی وا هەیە وتوویەتی: ئەلحەکەمی کوڕی عەمر لەغەزاکانی گەڕایەوە و لەمەرو کۆچی دوایی کردووە. جیاوازیی هەیە لەبارەی ئەو کەسەی لەو ساڵەدا حەجی بەخەڵکیی کردووە،واقیدی وتویەتی: عوتبەی کوڕی ئەبو سوفیان لەو ساڵەدا حەجی بەخەڵکیی کردووە. جگە لە ئەویش وتوویەتی: بەڵکو عەنبەسەی کوڕی ئەبو سوفیان حەجی ئەو ساڵەی بەخەڵکیی کردووە.

ساڵی چل و هەشت و رووداوەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا ئەبو عەبدولڕەحمان ئەلقەینیی ڕۆیشتە ئەنتاکیاوە.

هەندێ وتوویانە: لەو ساڵەدا زیاد، غالبی کوڕی فوزالەی ڕووەو خۆراسان نارد و هاوەڵێتیی پەیامبەری خوای هەبووە(صلى الله عليه وسلم).

بەپێی قسەی تێکڕای سەربوورده ناسان، مەروانی کوڕی ئەلحەکەم حەجی ئەو ساڵەی بەخەڵکیی ئەنجام داوە.

ساڵی چل و نۆ و رووداوەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا مالیکی کوڕی هوبەیرە ئەلسسکونیی ڕۆیشتە خاکی ڕۆمەوە.

لەو ساڵدا فالەی کوڕی عوبەید پەلاماری جەربەی دا و فەتحی کرد.

لەو ساڵەدا یەزیدی کوڕی شەجەرە ئەلڕەهاویی لەدەریادا غەزای ئەنجام دا و خەڵکی شام لەگەڵیدا بەشداربوون.

لەو ساڵەدا عوقبەی کوڕی نافیع لەدەریادا غەزای ئەنجام دا و خەڵکی میسری تیادا بەشدار کرد.

لەو ساڵەدا یەزیدی کوڕی موعاویە غەزای رۆمی ئەنجام دا تاوەکو گەیشتە قوستەنتینییە و ئیبن عەباس و ئیبن عومەر و کوڕی زوبەیر و ئەبو ئەیوبی ئەنساریی لەگەڵ بوو.

لەو ساڵە و لەمانگی رەبیعی یەکەمدا، موعاویە هەڵسا بەلابردنی مەروانی کوڕی ئەلحەکەم لەوالێتیی مەدینە و لەمانگی رەبیعی دووەمدا وتراوە لەمانگی رەبیعی یەکەمدا، سەعیدی کوڕی ئەلعاصی کردە والیی مەدینە.

تەواوی والێتیی مەروان بۆ موعاویە، هەشت ساڵ و دوو مانگ بووە، مەروان دادوەرێتیی مەدینەی بەڕێوەبردووە وەک ئەوەی واقیدیی وەهای داناوە. کاتێ سەعیدی کوڕی ئەلعاص بووەتە والیی مەدینە، ئەبو سەلەمەی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف کردووەتە دادوەر.

لەو ساڵەدا تاعون لەکوفەدا بلاوبووەتەوە، موغیرەی کوڕی شوعبە لەتاعون هەڵهاتووە، پێیووتراوە: باشترە بگەڕێیتەوە کوفە، ئەویش گەڕاوەتەوە کوفە و تووشی تاعون هاتووە و لەساڵی پەنجادا کۆچی دوایی کردووە. موعاویەش هەڵساوە دەسەلاتی کوفەشی بەزیاد داوە، ئەوەش یەکەمین لێکدان و کۆکردنەوەیەکی کوفە و بەسرە بووە لەدەسەلاتێکدا.

لەو ساڵەدا سەعیدی کوڕی ئەلعاص حەجی بەخەڵکیی ئەنجام داوە.

والی و کارهەڵسوڕێنەرانی ئەم ساڵە هەمان ئەوانەی ساڵی پێشوو بوون، جگە لەموغیرەی کوڕی شوعبە کە کۆچی دوایی کرد،سەربووردەناسان جیاوازن ئایە لەساڵی چل و نۆدا کۆچی کردووە یان ساڵی پەنجا.

سالّی پەنجا و رووداوەکانی

لەو سالّەدا غەزای بوسەری کوپڕە ئەرتە و سوفیانی کوپڕی عەوف ئەلئەزدیی رووی دا بۆ خاکی رۆم. وتراوە: لەو سالّەدا فەزالەی کوپڕی عوبەیدی ئەنساریی لەدەریادا غەزای ئەنجام داوە.

بەقسەی واقیدی و ئەلمەدائینی، لەو سالّەدا موغیرەی کوپڕی شوعبە کۆچی دوایی کردووە. موحەمّەدی کوپڕی عومەر ئەلّێ: موحەممەدی کوپڕی ئەبو موسای ئەلسەقەفیی بۆی باسکردم ئەویش لەباوکیەوە وتی: موغیرەی کوپڕی شوعبە پیاوێکی بالاّبەرزبوو، لەشەڕی یەرموکدا چاوێکی لەدەست دابوو، لەمانگی شەعبانی سالّی پەنجا و لەتەمەنی حەفتا سالّییدا کۆچی دوایی کرد. هەرچی عوانەیە، ئەوە وتوویەتی: وەك ئەوەی بۆم باسکراوە لەهیشامی کوپڕی موحەممەدەوە کە موغیرە سالّی پەنجا و یەك کۆچی دوایی کردووە. هەندێکی تر وتوویانە: سالّی چل و نۆ کۆچی دوایی کردووە. لەو سالّەدا موعاویە، حودەیجی لەوالێتیی میسر لابرد و مەسلەمەی کوپڕی موخەللەدی کردە والیی میسر و ئەفریقیا. موعاویەی کوپڕی ئەبو سوفیان پێش ئەوەی مەسلەمە بکاتە والیی میسر، عوقبەی کوپڕی نافیعی نارد بۆ ئەفریقیا و عوقبە ئەفریقیای دروست کرد و قەیرەوانی دروستکرد. شوێنەی بێشەلاّن بوو وەك ئەوەی موحەممەدی کوپڕی عومەر وەهای داناوە، پڕ بووە لەئاژەلّی دڕندە و مار، لەخوا پاڕاوەتەوە و خوای گەورە ئەو دڕندە و مارانەی لەوێدا نەهێشتووە، مار و دڕندەکان هەلّهاتوون، هەرێەکە و بەبێچووی خۆیەوە هەلّهاتووە.

لەپیاوێك کە یەکێك بووە لەسەربازانی میسر ئەلّێ: لەگەلّ عوقبەی کوپڕی نافیعدا هاتین، ئەو یەکەمین کەسێك بوو نەخشەی ئەو شارەی دانا و شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ خەلّکیی دیاریکرد و مزگەوتی قەیرەوانی دروست کرد، لەگەلّیدا ماینەوە تاوەکو لەسەرکارلابرا، ئەو باشترین مرۆڤ و کەسوکار و باشترین ئەمیرێك بوو.

پاشان لەو سالّەدا مەبەستم سالّی پەنجا، موعاویە هەلّسا بەلابردنی موعاویەی کوپڕی حودەیج لەوالێتیی میسر و عوقبەی کوپڕی نافیع لەئەفریقیا و مەسلەمەی کوپڕی

موخەللەدی کردە والیی تەواوی میسر و مەغریب، یەکەمین کەسێك بوو کە تەواوی مەغریب و میسر و بەرقە و ئەفریقیا و تەرابلوسی بۆ کۆکردەوە. مەسلەمەی کوڕی موخەللەدی کردە والیی ئەو شوێنانە، بەمەسلەمە دەوترا ئەبو ئەلموهاجیر ئەفریقی. والیی میسر و ئەفریقیا بوو تاوەکو موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان کۆچی دوایی کرد.

لەو ساڵەدا ئەبو موسای ئەشعەریی کۆچی دوایی کرد. وتراوە کۆچی دوایی ئەبو موسا لەساڵی پەنجا و دوودا بووە. جیاوازیی هەیە لەبارەی ئەو کەسەی ئەو ساڵە حەجی بەخەڵکیی کردووە، هەندێك وتوویانە: موعاویە سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کردووە. هەندێکی تر وتوویانە: بەڵکو یەزیدی کوڕی سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کردووە. سەعیدی کوڕی ئەلعاص والیی مەدینە بووە، زیادیش والیی بەسرە و رۆژهەلآت و سجستان و فارس و سند و هیند بووە.

لەو ساڵەدا زیاد داوای دەستگیرکردنی فەرزەدەقی کرد، نەوەی نەهشەل دەستگیریان کرد، هەڵهات بۆلای سەعیدی کوڕی ئەلعاص کە ئەوکات والیی مەدینە بوو بۆ موعاویە و داوای پەنای کرد، سەعیدیش پەنای دا.

ساڵی پەنجا و یەك و رووداوەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا فەزاڵەی کوڕی عوبەید چووە خاکی رۆمەوە، بوسەری کوڕی ئەرتە غەزای سائیفەی[1] ئەنجام دا،حوجری کوڕی عەدی و هاوەلآنی کوژران.

لەو ساڵەدا زیاد،ئەلڕەبیعی کوڕی زیاد ئەلحاریسیی بەئەمرێتی بۆ خۆراسان نارد لەدوای مردنی ئەلحەکەمی کوڕی عەمر ئەلغفاری. ئەلحەکەم بۆ دوای خۆی، ئەنەسی کوڕی ئەبو ئوناسی راسپاردبوو بۆ ئەنجامدانی کارەکانی. ئەنەس بوو نوێژی لەسەر تەرمی ئەلحەکەم کرد. لەخانووەکەی خالیدی کوڕی عبداللەی بۆ خولەیدی کوڕی

[1] –الصائفة(هاوینە): خیلافەت لەوەرزی هاویندا سوپایەکی ئامادە دەکرد و رەوانەی خاکی رۆمی دەکرد بۆ جیهاد، ئیتر ئەو شەڕە بە(الصائفة)دەناسرا.

عبدالله ئەلحەنەفیی نێژرا، ئەلحەکەم ئەوەی بۆ زیاد نووسیبوو،بەڵام زیاد هەڵسا ئەنەسی لابرد و خوەلیدی کوڕی عبدالله ئەلحەنەفیی خستە جێگەکەی.

لەسەرەتای ئەو ساڵەدا رەبیعی کوڕی زیاد ئەلحاریسیی کردە والیی خۆراسان، خەڵکیی مالّ و منداڵیان گواستەوە خۆراسان و لەوێدا نیشتەجێبوون، پاشان ئەلڕەبیع لەسەرکارلابرا.

عومەر بۆیُ باسکردم وتی: عەلی بۆی باسکردم ئەویش لەمەسەلەمەی کوڕی موحاریب و عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبان ئەلقورەشییەوە وتیان: ئەلڕەبیع هاتە خۆراسان و بەئاشتیی بەلخی فەتحکرد دوای ئەوەی دایانخستبوو، ئەلئەحنەفی کوڕی قەیس لەگەڵیاندا رێککەوتبوو. قوهیستانی بەزەبری هێز فەتحکرد، لەو دەورووبەر و ناوچەیەدا کۆمەڵێ تورك هەبوون، شەڕی کردن و لێی کوشتن و تێکیشکاندن، لەوانەی لێیان مابوویەوە نیزەك تەرخان بوو کە قوتەیبەی کوڕی موسلیم لەکاتی ویلایەتی خۆیدا کوشتی.

عومەر بۆی باسکردم وتی: عەلی بۆی باسکردم وتی: ئەلڕەبیع غەزای کرد و رووباری بڕی، فروخی خزمەتکار و شەریفەی جاریەی لەگەڵدابوو، کۆمەڵێ دەسکەوتی هەبوو، بۆیە فروخی ئازاد کرد، لەپێش ئەویش ئەلحەکەمی کوڕی عەمر لەویلایەتی خۆیدا ئەو رووبارەی بڕی و فەتحی نەکرد.

عومەری کوڕی عەلی کوڕی موحەممەد بۆی باسکردم وتی: یەکەمین موسڵمانێك لەئاوی رووباری خواردبێتەوە، خزمەتکارێکی ئەلحەکەم بوو بەقەڵغانەکەی ئاوی خواردەوە، پاشان دای بەئەلحەکەم و ئەویش لێی خواردەوە و دەستنوێژی لێگرت و لەودیوو رووبارەکەوە دوو رکات نوێژی کرد، یەکەمین کەسێك بوو ئەوەی کرد، پاشان رۆیشت.

ئەو ساڵە یەزیدی کوڕی موعاویە حەجی بەخەڵکیی کرد.

سەعیدی کوڕی ئەلعاص ئەو ساڵە والیی مەدینە بوو، زیادیش والیی کوفە و بەسرە و رۆژهەڵآت بوو، شورەبیح دادوەری کوفە و عەمیرەی کوڕی یەسرِیبیی دادوەری بەسرە بوو.

ساڵی پەنجا و دوو

واقیدیی وەهای داناوە، لەو ساڵەدا سوفیانی کوڕی عەوف ئەلئەزدیی غەزای ئەنجام داوە و چووەتە خاکی رۆمەوە و لەوێدا کۆچی دوایی کردووە، عبداللەی کوڕی مەسعەدە ئەلفەزاریی لەشوێنی خۆی داناوە. کەسانی تر ئەڵێن: بەڵکو ئەو کەسەی لەو ساڵەدا چووبێتە خاکی رۆمەوە، بوسەری کوڕی ئەرتە بووە و سوفیانی کوڕی عەوف ئەلئەزدیی لەگەڵ بووە. لەو ساڵەدا موحەممەدی کوڕی عبداللە ئەلسەقەفیی غەزای سائیفەی ئەنجام داوە.

بەپێی قسەی ئەبو مەعشەر و واقیدی و کەسانی تریش، حەجی ئەو ساڵە لەلایەن سەعیدی کوڕی ئەلعاصەوە ئەنجام دراوە.

هەڵسوڕێنەرانی کاروبارەکانی ساڵی پەنجا و دوو، هەمان ئەوانەی ساڵی پەنجا و یەک بوونە.

ساڵی پەنجا و سێ

لەو ساڵەدا عەبدولڕەحمانی کوڕی ئوم ئەلحەکەم ئەلسەقەفیی چووە خاکی رۆمەوە. لەو ساڵەدا رودس فەتحکرا کە دوورگەیەک بوو لەدەریادا. جونادەی کوڕی ئەبو ئومەییە ئەلئەزدیی فەتحی کرد، موسڵمانەکان دابەزینە ئەوێ وەک ئەوەی موحەممەدی کوڕی عومەر باسیکردووە. لەوێدا دار و درەختیان چاندووە و مەڕ و مالاتیان پێکەوە ناوە، قەڵایان دروستکردووە، پاسەوانیان هەبووە بۆ ئاگاداربوون لەهەر پیلان و پەلامارێک بکرێتە سەریان. سەختترین شتێک بوونە بەسەر رۆمەوە،لەدەریادا رێیان بەڕۆم گرتووە، کەشتیەکانیان تێکشکاندووە. موعاویە خواردن و بەخششی بۆ ناردوون، دوژمن لێیان ترساوە، کاتێک موعاویە کۆچی دوایی کرد، یەزیدی کوڕی موعاویە ئەوانی هێنایەوە.

لەو ساڵەدا ئەلڕەبیعی کوڕی زیاد ئەلحاریسیی کۆچی دوایی کرد کە کارەهەڵسوڕێنەری زیاد بوو لەسەر خۆراسان.

لەو ساڵەدا بەپێی قسەی ئەبو مەعشەر و واقیدی و کەسانی تر، سەعیدی کوڕی ئەلعاص حەجی بەخەڵك کرد.

والیی مەدینە سەعیدی کوڕی ئەلعاص بوو. لەدوای کۆچی دوایی زیاد، والیی کوفە عبداللەی کوڕی خالیدی کوڕی ئوسەید بوو، والیی بەسرەش لەدوای کۆچی دوایی زیاد، سەمرەی کوڕی جوندوب بوو، خولەیدی کوڕی عبدالله ئەلحەنەفیش والیی خۆراسان بوو.

ساڵی پەنجا و چوار

لەو ساڵەدا موحەممەدی کوڕی مالیك چووە خاکی رۆمەوە، مەعنی کوڕی یەزید ئەلئەسلەمییش سائیفەی ئەنجام دا.

واقیدیی وەهای داناوە کە جونادەی کوڕی ئەبو ئومەییە دوورگەیەکی لەدەریادا نزیك بەقوستەنتینییەی فەتحکردووە پێی وتراوە: ئەرواد. موحەممەدی کوڕی عومەر باسیکردووە کە موسڵمانەکان بۆ ماوەیەك لەوێدا نیشتەجێبوونە و ئەوترێ بۆ ماوەی حەوت ساڵ و موجاهیدی کوڕی جەبریش لەوێ بووە. ئەڵێ: توبەیعی کوڕی ژنەکەی کەعب وتی:ئەم قولەیە دەبینن، ئەگەر کەوت، ئێمەش دەگەڕێینەوە. ئەڵێ: بایەکی تووند هەڵیکرد و ئەو قولەیەی لەبنا هەڵکەند، هەواڵی کۆچی دوایی موعاویە و فرمانی یەزید هات کە هەموو شتێك بپێچینەوە و بگەڕێینەوە، ئیتر ئەو شوێنە بووە کاولە و رۆمیش ئارامیی بۆ گەڕایەوە.

لەو ساڵەدا، سەعیدی کوڕی ئەلعاص لەلایەن موعاویەوە لابرا و مەروانی کوڕی ئەلحەکەمی کردە والیی مەدینە.

لەو ساڵەدا سەمورەی کوڕی جوندوب لەلایەن موعاویەوە لەویلایەتی بەسرە لابرا و عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی غەیلانی کردە والی، عبداللەش عبداللەی کوڕی حوصنی کردە بەرپرسی پۆلیس. لەو ساڵەدا عوبەیدوداللەی کوڕی زیاد لەلایەن موعاویەوە کرایە والیی خۆراسان.

لەو ساڵەدا مەروانی کوڕی ئەلحەکەم والیی مەدینە بووە، عبداللەی خالیدی کوڕی ئوسەید والیی کوفە بوو، هەندێکی تر وتوویانە بەڵکو ئەلزەحاکی کوڕی قەیس والیی کوفە بووە، عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی غەیلانیش والیی بەسرە بووە.

ساڵی پەنجا و پێنج

لەو ساڵەدا سوفیانی کوڕی عەوف ئەلئەزدیی چووە خاکی رۆمەوە، بەپێی قسەیەکی واقیدی. هەندێکی تر وتوویانە: بەڵکو ئەو کەسەی چووەتە خاکی رۆمەوە،عەمری کوڕی موحریز بووە. هەندێکی تر وتوویانە: بەڵکو ئەوە عبداللەی کوڕی قەیس ئەلفەزاریی بووە. هەندێکی تر وتوویانە: بەڵکو مالیکی کوڕی عبدالله بووە.

لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی غەیلان لەلایەن موعاویەوە لەویلایەتی بەسرە لابراوە و عوبەیدوللەی کوڕی زیاد خراوەتە شوێنەکەی.

ئەو ساڵە مەروانی کوڕی ئەلحەکەم حەجی بەخەڵکیی ئەنجام داوە، ئەحمەدی کوڕی سابت ئەوەی بۆ باسکردم ئەویش لەو کەسەی بۆی باسکردووە لەئیسحاقی کوڕی عیساوە ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە.

ساڵی پەنجا و شەش

لەو ساڵەدا جونادەی کوڕی ئەبو ئومەییە چووە خاکی رۆمەوە، وتراوە عەبدولڕەحمانی کوڕی مەسعود بووە.

لەو ساڵەدا یەزیدی کوڕی شەجەرە ئەلڕەهاویی لەدەریا و عەیازی کوڕی ئەلحاریس لەوشکانییدا غەزایان ئەنجام داوە. ئەو ساڵە ئەلوەلیدی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبو سوفیان حەجی بەخەڵکیی ئەنجام داوە وەك ئەوەی ئەحمەدی کوڕی سابت ئەوەی بۆ باسکردم، ئەویش لەو کەسەی بۆی باسکردووە لەئیسحاقی کوڕی عیساوە ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە.

لەمانگی رەجەبی ئەو ساڵەدا موعاویە عومرەی ئەنجام دا، لەو ساڵەدا بانگەوازی خەڵکی کرد لەدوای خۆی بەیعەت بەیەزید بدەن و یەزیدی کردە جێنشینی خۆی.

ساڵی پەنجا و حەوت

لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی قەیس چووە خاکی رۆمەوە.

لەمانگی زی ئەلقەعیدەی ئەو ساڵەدا مەروان لەوالێتیی مەدینە لابرا بەپێی قسەی واقیدی.

واقیدیی ئەڵێ: کاتێ موعاویە هەڵسا بەلابردنی مەروان لەوالێتیی مەدینە، ئەلوەلیدی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبی سوفیانی کردە والی.

والیی ئەو ساڵەی کوفە، ئەلزەحاکی کوڕی قەیس بوو، والیی بەسرەش عوبەیدوواللەی کوڕی زیاد و والیی خۆراسانیش سەعیدی کوڕی عوسمانی کوڕی عەفان بوو.

ساڵی پەنجا و هەشت

بەپێی قسەی ئەبو مەعشەر، لەو ساڵە و لەمانگی زی ئەلقەعیدەدا، موعاویە هەڵسا بەلابردنی مەروان لەوالێتیی مەدینە و ئەلوەلیدی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبو سوفیانی خستە شوێنەکەی، ئەوەش ئەحمەدی کوڕی سابت بۆی باسکردم ئەویش لەو کەسەی لەئیسحاقی کوڕی عیساوە لێیەوە گێڕاوێتییەوە.

لەو ساڵەدا مالیکی کوڕی عبدالله ئەلخەسعەمیی غەزای لەخاکی رۆمدا ئەنجام دا.

لەو ساڵەدا یەزیدی کوڕی شەجەرە لەدەریادا لەنێو کەشتییدا کوژرا، بەپێی قسەیەکی واقیدی و ئەڵێ: ئەوترێ: عەمری کوڕی یەزید ئەلجوهەنیی بوو پەلاماری خاکی رۆمی دا. وتراوە: ئەو کەسەی لەو ساڵەدا شەڕی دەریایی کرد، جونادەی کوڕی ئەبو ئومەییە بووە. لەو ساڵەدا ئەلوەلیدی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبو سوفیان حەجی بەخەڵکیی کرد. هەروەها ئەحمەدی کوڕی سابت بۆی باسکردم ئەویش لەو کەسەی لەئیسحاقی کوڕی

عیساوە گێڕاوێتییەوە ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە، هەروەها واقیدی و کەسانی تریش وەهایان وتووە.

لەو ساڵەدا ئەلوەلیدی کوڕی عوتبە حەجی بەخەڵکیی کردووە. هەروەها ئەبو مەعشەر و واقیدییش ئەوەیان وتووە.

ساڵی پەنجا و یەک

لەو ساڵەدا عەمری کوڕی موڕەی ئەلجوهەنی لەوشکانییەوە چووە خاکی ڕۆمەوە. واقیدیی وتوویەتی: لەو ساڵەدا لەدەریادا شەڕ نەکراوە. بەڵام کەسی تر وتوویەتی:بەڵکو جونادەی کوڕی ئەبو ئومەییە لەدەریادا شەڕی کردووە.

لەو ساڵەدا عەبدوڵڕەحمانی کوڕی ئوم ئەلحەکەم لەوالێتیی کوفە لابرا، ئەلنوعمانی کوڕی بەشیر ئەلئەنساریی خرایە جێگەکەی.

لەو ساڵەدا عەبدوڵڕەحمانی کوڕی زیادی کوڕی سومەییە لەلایەن موعاویەوە کرایە والیی خۆراسان.

لەو ساڵەدا عوبەیدوواللەی کوڕی زیاد لەگەڵ گەورە پیاوانی بەسرە هاتە سەردانی موعاویە، پاشان لەدەسەلآتی بەسرە لای دا و پاشان گەڕاندیەوە دەسەلآتی بەسرە و ویلایەتەکەی بۆ گەڕاندەوە.

لەو ساڵەدا عوسمانی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەبو سوفیان سەرپەرشتیی حەجی خەڵکیی کرد، ئەحمەدی کوڕی سابت بۆی باسکردم ئەویش لەو کەسەی لەئیسحاقی کوڕی عیساوە گێڕاوێتییەوە ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە، هەروەها واقیدی و کەسانی تریش وەهایان وتووە.

ئەلوەلیدی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبو سوفیان والیی مەدینە بوو، ئەلنوعمانی کوڕی بەشیر والیی کوفە بوو، شورەبیح دادوەری کوفە بوو، عوبەیدوواللەی کوڕی زیاد والیی بەسرە بوو، هیشامی کوڕی هوبەیرە دادوەری بەسرە بوو. عەبدوڵڕەحمانی کوڕی زیاد

والیی خۆراسان بوو،عەببادی کوڕی زیاد والیی خۆراسان بوو، شورەیکی کوڕی ئەلئەعوەر والیی کرمان بوو لەلایەن عوبەیدوللەی کوڕی زیادەوە.

سالّی شەست

لەو سالّەدا مالیکی کوڕی عبدالله غەزای سوریای ئەنجام دا، جونادەی کوڕی ئومەییە چووە رودسەوە و شارەکەی خاپوور کرد، بەپێی قسەی واقیدی.

لەو سالّەدا موعاویە بەیعەتی لەو شاندانە وەرگرت کە دەهاتنە سەردانی، بەیعەتی وەرگرت بۆ یەزیدی کوڕی و بۆ یەزیدی روون کردەوە کە ئەو کەسانە کێن وا بەیعەتت پێ ناکەن.

لەو سالّەدا موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان لەدیمەشقدا کۆچی دوایی کرد، جیاوازیی هەیە لەکاتی مردنیدا، بەلاّم هەموویان یەکدەنگن لەوەی لەسالّی شەستی کۆچی و لەمانگی رەجەبدا کۆچی دوایی کردووە. هیشامی کوڕی موحەممەد ئەلّێ: موعاویە لەسەرەتای مانگی رەجەبی سالّی شەست کۆچی دوایی کرد. واقیدیی ئەلّێ: لەنیوەی رەجەبدا موعاویە کۆچی دوایی کرد.

عەلی کوڕی موحەممەد ئەلّێ: موعاویە لەسالّی شەست و لەڕۆژی پێنجشەممەدا لەدیمەشق مرد، هەشت ڕۆژ لەمانگی رەجەب مابوو. ئەلحاریس لەوەوە ئەوەی بۆ باسکردم.

خیلافەتی یەزیدی کوڕی موعاویە

لەو سالّە و لەنیوەی مانگی رەجەب لەدوای مردنی موعاویەی باوکی، بەیعەت بەیەزیدی کوڕی موعاویە درا.

یەزید هەلّسا و عوبەیدوللەی کوڕی زیادی بەوالیی بەسرە هێشتەوە، هەروەها ئەلنوعمانی کوڕی بەشیریشی بەوالیی کوفە هێشتەوە.

لەو سالّەدا حوسێنی کوڕی عەلی لەمەککەوە دەرچوو بەرەو کوفە.

سالّی شەست و یەك و رووداوەكانی ئەو سالّە

لەو سالّەدا حوسێن(خوای لێ رازیی بێ) شەهید كرا، لەمانگی موحەرەم كە دە رۆژ لەو مانگە تێپەڕیبوو،هەروەها ئەحمەدی كوڕی سابت بۆی باسكردم و وتی: كەسێك بۆی باسكردم ئەویش لەئیسحاقی كوڕی عیساوە ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە، هەروەها واقیدیْ و هیشامی كوڕی ئەلكەلبییش وەهایان وتووە.

سەرەتای دەرچوونی حوسێن لەمەككەوە بەئاراستەی عێراق، لەسالّی شەست بوو.

لەو سالّەدا كوڕی زوبەیر لەدژی یەزید دەرچوو، خۆی بەخەلیفە ناساند و بەیعەتی پێ درا.

سالّی شەست و دوو

لەو سالّەدا شاندی خەلّكی مەدینە هاتنە لای یەزیدی كوڕی موعاویە.

لەو سالّەدا ئەلوەلیدی كوڕی عوتبە سەرپەرشتیی حەجی خەلّكی كرد، والی و هەلّسوڕێنەرانی ئەو سالّی عێراق و خۆراسان، هەمان ئەوانەی سالّی شەست و یەك بوون. لەو سالّەدا وەك باسكراوە، موحەممەدی كوڕی عبداللەی كوڕی عەباس لەدایكبووە.

سالّی شەست و سێ و رووداوەكانی ئەو سالّە

لەو سالّەدا خەلّكی مەدینە هەلّسان بەدەركردنی والیی یەزیدی كوڕی موعاویە كە عوسمانی كوڕی موحەممەدی كوڕی ئەبو سوفیان بوو، لەمەدینە دەریانكرد و بەیعەتیان لەیەزید داماڵی و گەمارۆی ئەوانەی بەنو ئومەییەیان دا كە لەمەدینەدا بوون. لەو سالّەدا عبداللەی كوڕی زوبەیر سەرپەرشتیی حەجی خەلّكیی كرد.

سالّی شەست و چوار و سووتانی كەعبە

لەو سالّەدا كەعبە سووتا. موحەممەدی كوڕی عومەر ئەڵێ: كەعبە لەڕۆژی شەممەدا سووتا كە سێ شەو لەمانگی رەبیعی یەكەمی سالّی شەست و چوار تێپەڕیبوو، پێش

ئەوەی بە بیست و نۆ رۆژ هەواڵی مردنی یەزیدی کوڕی موعاویە بلاوبێتەوە. هەواڵی مردنی یەزید لەسەرەتای رەبیعی دووەم و لەڕۆژی سێشەممەدا بوو.

موحەممەد ئەڵێ: ریاحی کوڕی موسلیم بۆی باسکردین و ئەویش لەباوکیەوە وتی: بەدەوری کەعبەدا ئاگریان دەکردەوە، پزیسکێکی لێ کەوت و با خستیە سەر بەرگی کەعبە و تەختەی کەعبە سووتا، ئەوەش لەڕۆژی شەممەدا بوو کە سێ شەو لەمانگی رەبیعی یەکەم رۆیشتبوو.

لەئیسحاقی کوڕی عیساوە ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە وتوویەتی: یەزیدی کوڕی موعاویە لەڕۆژی سێشەممەدا کۆچی دوایی کرد و چواردە شەو لەمانگی رەبیعی یەکەم تێپەڕببوو، ماوەکەی خیلافەتەکەی دوو ساڵ و هەشت مانگ بوو، هەشت شەوی مابوو هەشت مانگەکە تەواو بکات، موعاویەی کوڕی یەزید نوێژی لەسەر یەزیدی باوکی کرد.

خیلافەتی موعاویەی کوڕی یەزید

لەو ساڵەدا بەیعەت درا بەموعاویەی کوڕی یەزیدی کوڕی موعاویە، بەیعەتی خیلافەتی پێ درا لەشام، هەروەها لەحیجازدا بەیعەتی خیلافەت درا بەعبداللەی کوڕی زوبەیر.

کاتێ یەزیدی کوڕی موعاویە مرد، ئەلحوصەینی کوڕی نومەیر و خەڵکی شام بەردەوامبوون لەشەڕکردنی کوڕی زوبەیر و شوێنکەوتەکانی لەشامدا، وەك هیشام لەعەوانەوە باسیکردووە چل رۆژ شەڕیان کردوون و گەمارۆیەکی سەختیان خستبووە سەریان،تەنگیان پێ هەڵچنین تاوەکو هەواڵی مردنی یەزید بەکوڕی زوبەیر و شوێنکەوتەکانی گەیشت و بەحوصەینی کوڕی نومەیر و شوێنکەوتەکانی نەگەیشتبوو.

ئیسحاقی کوڕی ئیسرائیل بۆی باسکردین وتی: عەبدولعەزیزی کوڕی خالیدی کوڕی رۆستەم ئەلسەنعانیی ئەبو موحەممەد بۆی باسکردین وتی: زیادی کوڕی جیل بۆی باسکردین وتی: حوصەینی کوڕی نومەیر شەڕی کوڕی زوبەیری دەکرد هەواڵی مردنی یەزید گەیشت، کوڕی زوبەیر هاواری لێ کردن و وتی: وا زۆردارەکەتان مرد، هەرکەسێ لەئێوە ویستی بێتە نێو ئەو بەیعەتەی خەڵکیی داوێتی، با بێتە نێو ئەو بەیعەتەوە،

ئەوەشی نایەوێ با بڕوات و بگاتەوە شام. کوڕی زوبەیر بەحوصەینی کوڕی نومەیری وت: لێم نزیک بەرەوە قسەت بۆ دەکەم. لێی نزیکبوویەوە و ئەسپی یەکێکیان تەرسەقولی کرد، کۆتری حەرەم هات و لێی بخوات، حوصەین ئەسپەکەی لێ دوورخستەوە، کوڕی زوبەیر وتی: بۆچی ئەسپەکەت دوورخستەوە؟ حوصەین وتی:ئەترسم ئەسپەکەم کۆتری حەرەم بکوژێت. کوڕی زوبەیر وتی: خۆت دەپارێزی لەکوشتنی کۆترێك کەچی موسڵمانان دەکوژی! ئەویش وتی: من شەرت ناکەم، بەڵکو رێگە بدە تەوافێکی کەعبە بکەم و بڕۆم. ئەویش رێگەی دا و دواتر رۆیشتن.

عەوانە ئەڵێ: یەزیدی کوڕی موعاویە لەدوای خۆی کوڕەکەی بەجێهێشت کە موعاویەی کوڕی یەزید بوو،تەنیا چل رۆژ مایەوە و مرد.

سااڵی شەست و پێنج

تەوبەکاران(التوابین)بەڕێکەوتن بۆ تۆڵەکردنەوەی خوێنی حوسەین لەعوبەیدواللەی کوڕی زیاد و کوژرانی سولەیمانی کوڕی سورەد و ئەو تەوبەکارانەی لەگەڵیدا بوون لە عەین ئەلوەردە لەمانگی رەبیعی دووەمدا.

لەو ساڵانەدا مەروانی کوڕی ئەلحەکەم فرمانی بەخەڵکی شام کرد لەدوای خۆی بەیعەت بدەنە هەردوو کوڕەکەی کە عەبدولمەلیك و عەبدولعەزیز بوون و هەردووکیانی کردە شازادەی جێنشین.

لەو ساڵە و لەسەرەتای مانگی رەمەزاندا مەروانی کوڕی ئەلحەکەم لەدیمەشق مرد. لەو ساڵەدا هێز و بانووی خەواریجەکان لەبەسرە بەهێزبوویەوە و لەو ساڵەدا نافیعی کوڕی ئەلئەزرەق کوژرا.

لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی زوبەیر، عبداللەی کوڕی یەزیدی لەسەر کوفە لابرد، عبداللەی کوڕی موتیعی کردە والیی ئەو شارە، عوبەیدەی کوڕی ئەلزوبەیری لەسەر مەدینە لابرد کە برای خۆیشی بوو، برایەکی تری کردە والیی کە موسعەبی کوڕی زوبەیر بوو، هۆکاری ئەوەی عوبەیدەی برای لەسەرکارلابرد، ئەوە بوو کە واقیدیی باسیکردووە،

عوبەیدە لەنێو خەڵکدا هەڵسا و وتی: خۆ بینییتان لەبەر وشترێك کە نرخەکەی پێنجسەد درهەم بوو چی بەقەومێك کرد؟ ناوی ئەو کەسەی هێنا کە ئەو نرخەی لەسەر دانابوو، ئەو باسە بەکوڕی زوبەیر گەیشت، ئەویش وتی: ئەمە زۆر لەخۆکردنە.

لەو ساڵەدا کوڕی زوبەیر کەعبەی بوونیاتنایەوە و حیجری خستە پاڵ.

لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی زوبەیر حەجی بەخەڵکیی کرد و براکەی کە موسعەبی کوڕی عومەیر بوو، والیی مەدینە بوو. والیی کوفە لەکۆتایی ئەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی موتیع بوو، والیی بەسرەش ئەلحاریسی کوڕی عبداللەی کوڕی ئەبو رەبیعە ئەلمەخزومیی بوو کە پێیدەوترا ژیشك(القباع)، هیشامی کوڕی هوبەیرەش دادوەری بەسرە بوو، عبداللەی کوڕی خازمیش والیی خۆراسان بوو. لەو ساڵەدا نەوەی تەمیم لەخۆراسان لەگەڵ عبداللەی کوڕی خازمدا کەوتنە ناکۆکییەوە تاوەکو لەنێواندا کۆمەڵێ شەڕ رووی دا.

ساڵی شەست و شەش

لەو ساڵەدا ئەلموختاری کوڕی ئەبو عوبەید لەکوفە راپەڕی بۆ تۆڵەکردنەوەی خوێنی حوسێنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و دەرکردنی والیی کوڕی زوبەیر لەو شارەدا، کە عبداللەی کوڕی موتیع ئەلعەدەویی بوو. ئەلموختار بانگەوازی شیعەی کوفەی ئاشکرا کرد.

ساڵی شەست و حەوت

لەو ساڵەدا عوبەیدوواللەی کوڕی زیاد و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لەخەڵکی شام کوژران.

لەو ساڵەدا موسعەبی کوڕی زوبەیر بەڕێکەوت بۆ سەر ئەلموختار و کوشتی.

ساڵی شەست و هەشت و رووداوە گەورەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی زوبەیر، موسعەبی برای بەئەمیرێتیی ناردەوە عێراق.

لەو ساڵەدا قەلای ئەزاریقەکان لەفارسەوە گوازرایەوە عێراق و نزیککەوتنەوە لەکوفە و چوونە مەدائینەوە.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: لەو ساڵەدا وشکەساڵییەکی سەخت لەشامدا رووی دا، ئەوەندە سەخت بوو نەیانتوانی هیچ پەلامارێ بدەن. عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان لەبوتنان حەبیب لەخاکی قینەسرین سەربازگەی لێ دا، لەوێدا باران باری و بووە قوڕو قوڕاوێك ناونرا بوتنان قوور(الطین). عەبدولمەلیك لەوێدا پەلاماری دا و پاشان گەڕایەوە دیمەشق و لەو ساڵەدا عوبەیدوللەی کوڕی ئەلحوڕ کوژرا.

ساڵی شەست و نۆ

وەك واقیدیی وەهای داناوە، لەو ساڵەدا رۆیشت بۆ عەین وەردە، سەعیدی کوڕی ئەلعاصی بەسەرپەرشتیاری دیمەشق بەجێهێشت، کوڕی ئەلعاص لەوێدا سەنگەری گرت و ئەو هەواڵە بەعەبدولمەلیك گەیشت، بۆیە گەڕایەوە دیمەشق و گەمارۆی دا. ئەڵێ: ئەوترێ سەعید لەگەڵ عەبدولمەلیك دەرچوو تاوەکو گەیشتنە بوتنان حەبیب، لەوێ گەڕایەوە دیمەشق و سەنگەری گرا و عەبدولمەلیکیش گەڕایەوە دیمەشق.

هەرچی عەوانەی کوڕی ئەلحەکەمە وتوویەتی: هیشامی کوڕی موحەممەد باسیکردووە کە عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان کاتێ لەبوتنان حەبیبەوە گەڕایەوە دیمەشق، هەتاوەکو خوای گەورە ویستی لێ هەبوو لەدیمەشق مایەوە، پاشان بەڕێکەوت بۆ چوونە قەرقیسیاء، زوفری کوڕی ئەلحاریس ئەلکیلابیی تێدا بوو، عەمری کوڕی سەعیدیشی لەگەڵبوو،لەبوتنان حەبیب بوون عەمری کوڕی سەعید فێڵی کرد و شەو گەڕایەوە و حەمیدی کوڕی حورەیسی کوڕی بەحدەل ئەلکەلبی و زوهەیری کوڕی ئەلئەبرەد ئەلکەلبیی لەگەڵدا بوو تاوەکو گەیشتە دیمەشق، عەبدولڕەحمانی کوڕی ئوم ئەلحەکەم ئەلسەقەفیی سەرپەرشتیاری دیمەشق بوو کە عەبدولمەلیك داینابوو، کاتێك هەواڵی گەڕانەوەی عەمری کوڕی سەعیدی پێگەیشت، هەڵهات و کارەکەی بەجێهێشت و عەمر هاتە دیمەشقەوە و دەستی گرتە سەر دیمەشق و گەنجینەکانیدا.

سالّی حەفتا

لەو سالّەدا رۆمەکان هەڵچوون و هاتنـە سـەر موسـڵمانەکان لەشـام،بۆیە عەبدولمـەلیك لەگەڵ پادشای رۆمدا رێککەوت هـەموو جومعەیـەك هـەزار دیناریـان پـێ بـدات، ئـەوەش لەترسی تیاچوونی موسڵمانان بوو.

موحەممەدی کوڕی عومەر ئەڵێ: موسعەبی کوڕی زوبەیر بەسەروەت و سامان و وشـتر و ئاژەڵی زۆرەوە هاتە مەککە و لەنێو قەومەکەی و خەڵکی تردا دابەشیکرد، سەروەتێکی زۆریشی نارد بۆ عبداللەی کوڕی سـەفوان و جوبـەیری کـوڕی شـەبیە و عبداللـەی کـوڕی موتیع و زۆرێك وشتری سەربڕی. ئەو سالّە عبداللەی کوڕی زوبەیر سەرپەرشتیی حـەجی خەڵکی کرد، والی و کارهەڵسوڕێنەرانی ئەو سالّەی،هەمان ئەوانـەی سـالّی رابـردوو بـوو، بەیاریدەدەر و دادوەرانیشەوە.

سالّی حەفتا و یەك

لەو سالّەدا عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان بەڕێکەوت بۆ عێراق بۆ شەڕی موسعەبی کوڕی زوبەیر. وەك دەوترێت عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان نزیکی موسعەب دەبوویەوە تـاوەکو دەگەیشتە بوتنان حەبیب و موسعەب دەردەچوو بـۆ بـاجمیرا، ئینجـا بـەهۆی سـەختیی زستانەوە هەریەکە و دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی و دواتر دەگەڕانەوە شەڕکردن.

سالّی حەفتا و دوو

لەو سالّەدا عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان، حەجاجی کوڕی یوسف دەنێرێـت بـۆ مەککـە بۆ شەڕی عبداللەی کوڕی زوبەیر. هۆکاری ئەوەی حەجاجی نارده سەر نـەك کەسـی تـر ،ئەوەیە باس دەکرێت کاتێـك عەبدولمـەلیك وێستی بگەڕێتـەوە شـام، حـەجاجی کـوڕی یوسف هات بۆلای و وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران مـن لەخـەودا بینیـنم عبداللـەی کـوڕی زوبەیرم گرت و پێستم کەند، بۆیە بمنێرە سەری و شەڕکردنی بـە مـن بسـپێرە. ئـەویش بەسوپایەکی گەورەی خەڵکی شامەوە ڕەوانەی کرد. حەجاج بەڕێکەوت تاوەکو گەیشتە

مەککە. عەبدولمەلیك نامەی سەلامەتیی نووسیی بۆ هەمووان ئەوانەی لای عبداللەی کوڕی زوبەیر کە دێنە ژێر فرمان و گوێڕایەڵیی ئەوەوە. ئەڵێ: کاتێ موسعەبی کوڕی زوبەیر کوژرا، عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان هەڵسا لەجەمادی سانی حەفتا و دوودا حەجاجی کوڕی یوسفی بەدوو هەزار سەربازی خەڵکی شامەوە نارده سەر عبداللەی کوڕی زوبەیر. حەجاج ڕێگەی مەدینەی نەگرتەبەر، بەڵکو ڕێگەی عێراقی گرتەبەر و دابەزییە تائیف، کۆمەڵێ ئەسپسواری دەنارده عەرەفە و کوڕی زوبەیریش کۆمەڵێ سەربازی دەنارد و لەوێدا شەڕیان دەکرد، لەهەموو ئەوانەدا سوارەکانی کوڕی زوبەیر دەشکان و سوارەکانی حەجاج بەسەرکەوتنەوە دەگەڕانەوە. پاشان حەجاج نامەی بۆ عەبدولمەلیك نووسی و داوای لێکرد مۆڵەتی بدات گەمارۆی کوڕی زوبەیر بدات و بچێتە سەری لەحەرەمدا. هەوانی پێ دا کە هێزی کوڕی زوبەیر لەپووکانەوەدایە. داوای لێکرد سەربازی بۆ بنێرێت. نامەی عەبدولمەلیکی بۆ هات. عەبدولمەلیك نامەی بۆ تاریقی کوڕی عەمر نووسی و فرمانی پێکرد بەخۆی و ئەو سەربازانەی لەگەڵیدایە، پەیوەندیی بکاتە حەجاجەوە، ئەویش بەپێنج هەزار شوێنکەوتەوە بەڕێکەوت تاوەکو گەیشتە لای حەجاج. حەجاج لەشەعبانی سانی حەفتا و دوو بەتائیف گەیشت، کاتێ زو ئەلقەعیدە هات، حەجاج لەتائیف دەرچوو تاوەکو دابەزییە بیری مەیمون و گەمارۆی کوڕی زوبەیری دا.

لەو ساڵەدا حەجاج حەجی بەخەڵکیی کرد و کوڕی زوبەیر گەمارۆ بوو. تاریق لەسەرەتای زی ئەلحیجەدا گەیشتە مەککە، تەوافی کەعبەی نەکرد و بەمەککە نەگەیشت و ئیحرامی بەستبوو. چەکی هەڵدەگرت و نزیکی ئافرەت نەدەکەوتەوە و بۆنی لەخۆی نەدەدا تاوەکو عبداللەی کوڕی زوبەیر کوژرا. لەڕۆژی قوربانییدا کوڕی زوبەیر لەمەککەدا وشترێکی کرده قوربانی، خۆی و شوێنکەوتەکانی حەجیان نەکرد، چونکە گەمارۆ بوون.

لەنافیعی خزمەتکاری نەوەی ئەسەدەوە ئەڵێ: کوڕی زوبەیر لەسەرەتای شەوی زی ئەلقەعیدەی سانی حەفتا و دوو گەمارۆ درا.

سالّی حەفتا و سێ و رووداوی گەورەی ئەو سالّە

لەو سالّەدا عبداللەی کوڕی زوبەیر کوژرا.

سالّی حەفتا و چوار

ئەبو جەعفەر ئەلّێ: لەو سالّەدا عەبدولمەلیك، تاریقی کوڕی عەمری لەویلایەتی مەدینە لابرد و حەجاجی کوڕی یوسفی کردە والیی ئەو شارە. وەك دەوترێت حەجاج مانگێ گەیشتبووە مەدینە، دەرچوو رۆیشت بۆ ئەنجامدانی عومرە.

سالّی حەفتا و پێنج

لەوە، موحەممەدی کوڕی مەروان غەزای سائیفەی ئەنجام دا کاتێك رۆمەکان لەپووی مەرعشەوە دەرچووبوون. لەو سالّەدا عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان، یەحیای کوڕی ئەلحەکەمی کوڕی ئەلعاصی کردە والیی مەدینە. لەو سالّەدا عەبدولمەلیك، حەجاجی کوڕی یوسفی کردە والیی عێراق بەبێ خۆراسان و سجستان.

حەجاج هاتە کوفە و بەفرمانی عەبدولمەلیك بووە والیی عێراق لەدوای مردنی بیشری کوڕی مەروان، بەدوانزە سوارەوە هاتە کوفە، لەڕۆژدا بوو گەیشت. بیشر ئەلموهەللەبی ناردبووە حەوریە. بۆیە حەجاج سەرەتا لەمزگەوتەوە دەستپێکرد. چووە مزگەوتەوە و چووە سەر مینبەر و دەموچاوی پێچابوویەوە بەعەمامە سوورەکەی و وتی خەڵکییم بۆ کۆبکەنەوە. خەڵکیی کۆبوونەوە و دەموچاوی دەرخست و وتی: من کوڕی دەشت و دەر و کەندەلانم، کە مێزەرم لابرد ئەوکات دەمناسن. سوێند بەخوا من شەرم هەڵگرتووە و بەبەرانبەر وەلاّم دەدەمەوە، من ئەبینم کۆمەڵە سەرێك کاتی لێکردنەوەیان هاتووە، سوێند بەخوا وەك ئەوەیە بڕوانمە ئەو خوێنەی لەنێوان مێزەر و ریشەکاندا دەتکێ. ئەی خەڵکی عێراق بزانن، عەبدولمەلیکی خەلیفە وا کەوانەکەی کردووەتەوە و تیرەکانی بلاّوە پێکردووە، منی رەوانە کردووەتە لای ئێوە، ئەگەر دەست لەفیتنە و ئاژاوە هەڵنەگرن، ئەوە بەشمشێر لێتان دەدەم هەروەك چۆن لەوشتر دەدرێت. لەوتی وتی دەستهەلبگرن،

یان دەگەڕێنەوە بۆ حەق و راستی، یان بەبڕین و ئازاری جەستەی خۆتانەوە سەرقاڵتان دەکەم.

کۆمەڵێ قسەی بۆ کردن هەموو هەڕەشە و وریاکردنەوە بوو. ئەبو جەعفەر ئەڵێ: عومەر بۆی باسکردم وتی: موحەممەدی کوڕی یەحیا بۆی باسکردم ئەویش لەعبداللەی کوڕی ئەبو عوبەیدەوە وتی: کە رۆژی سێیەم هات، دەنگی(الله أكبر)هات لەبازاڕدا، حەجاج دەرچوو چووە سەر مینبەر و وتی: ئەی خەڵکی عێراق، خەڵکی دووبەرەکی و دووڕوویی و رەوشت ناشیرینی، من وا گوێبیستی(الله أكبر)بووم، ئەو تەکبیرەی کە ویستی خواپەرستیی پێوە نەبوو، بەڵکو تەکبیری ترساندن بوو، ئایە شوێنی خۆتان نازانن و فام ناکەنەوە، سوێند بەخوا دەبێ کارێکتان بەسەر بهێنم نە لەپێشدا رووی دابێ و نە دواتریش نمونەی ئەوە ببیسترێتەوە.

ساڵی حەفتا و شەش

لەو ساڵەدا ساڵحی کوڕی موسەڕیح دەرچوو.

ساڵی حەفتا و حەوت

لەو ساڵەدا شەبیب، عەتتابی کوڕی وەرقاء ئەلڕیاحی و زوهرەی کوڕی حەیوەی کوشت.

لەو ساڵەدا قەتری و عوبەیدەی کوڕی هیلال و عەبد رەب ئەلکەبیر و ئەو ئەزاریقانەی لەگەلیاندا بوون کوژران.

ساڵی حەفتا و هەشت

لەو ساڵەدا عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان، ئومەییەی کوڕی عبداللەی لەوالیی خۆراسان لابرد و خۆراسان و سجستانیشی خستە ژێر دەست حەجاجی کوڕی یوسف، ئینجا حەجاجیش هەڵسوڕاوانی خۆی لەو ناوچانەدا بلاوەپێکردەوە.

لەو ساڵەدا ئەلوەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك حەجی بەخەڵکیی کرد، ئەوەش ئەحمەدی کوڕی سابت بۆی باسکردم ئەویش لەئیسحاقی کوڕی عیساوە ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە.

ئەمیری ئەو ساڵەی مەدینە، ئەبانی کوڕی عوسمانی کوڕی عەفان بوو، ئەمیری مەککە و بەسرە و خۆراسان و سجستان و کرمانیش، حەجاجی کوڕی یوسف بوو، جێگرەوەشی لەخۆراسان بریتی بوو لەئەلموهەللەب و لەسجستانیش جێگرەکەی بریتی بوو لەعوبەیدوواللەی کوڕی ئەبو بەکرە، شورەبیح دادوەری کوفە بوو، وەك وتراوە دادوەری بەسرەش موسای کوڕی ئەنەس بووە. لەو ساڵەدا عەبدولمەلیك پەلاماری یەحیای کوڕی ئەلحەکەمی داوە.

ساڵی حەفتا و یەك

لەو ساڵەدا خەڵکی شام تووشی تاعون هاتوون، ئەوەندە سەخت بووە هیچ کەسێك نەیتوانیووە لەو ساڵەدا شەڕ بکات. بەهۆیەوە مردنی زۆر بووە و خەڵکی ئەنتاکیەی رۆمیش زۆریان لێ مردوون. لەو ساڵەدا عوبەیدوواللەی کوڕی ئەبو بەکرە غەزای رووتبیلی ئەنجام داوە.

لەو ساڵەدا ئەلموهەللەب بەئەمیرێتیی هاتە خۆراسان و ئومەییەی کوڕی عبداللە لەئەمیرێتیی ئەوێ نەما. ئەوترێ: لەو ساڵەدا شورەبیح لەدادوەرێتی خۆی بەخشی، ئاماژەی کرد کە ئەبو بورده بکرێتە دادوەر، حەجاجیش ئەوی بەخشی و ئەبو بوردەی کردە دادوەر.

لەو ساڵەدا ئەبانی کوڕی عوسمان حەجی بەخەڵکیی کرد وەك ئەوەی ئەحمەدی کوڕی سابت بۆی باسکردم ئەویش لەو کەسەی لەئیسحاقی کوڕی عیساوە گێڕاوێتییەوە ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە، واقیدی و سەربووردەناسانیش وەهایان وتووە.

ئەبان لەو ساڵەدا ئەمیری مەدینە بوو لەلایەن عەبدولمەلیکی کوڕی مەروانەوە، ئەمیری عێراق و تەواوی رۆژهەڵاتیش حەجاجی کوڕی یوسف بوو، ئەلموهەللەبیش هەڵسوڕێنەری حەجاج بوو لەخۆراسان.

وتراوە ئەلموهەللەب بەرپرسی کاروباری جەنگ بووە، موغیرەی کوڕیشی بەرپرسی خەراج بووە، ئەبو بوردەی کوڕی ئەبو موسا دادوەری کوفە بووە، موسای کوڕی ئەنەسیش دادوەری بەسرە بووە.

ساڵی هەشتا

لەو ساڵەدا وەک بۆم باسکراوە لەئیبن سەعدەوە ئەویش لەموحەممەدی کوڕی عومەری واقیدییەوە، ئەو ساڵە لەمەککەدا حاجیان نوقمی لافاو بوونە و کەعبە پڕ بووە بەئاو، بۆیە ناونراوە ساڵی(الجحاف–رامالێن)، چونکە لافاوەکە بەر هەر شتێک کەوتبێ، رایمالێیووە.

لەو ساڵەدا تاعوونێکی سەخت لەبەسرەدا بڵاوبووەتەوە بەپێی قسەی واقیدی.

ساڵی هەشتا و یەک

لەو ساڵەدا قالیقلا فەتح کراوە. عومەری کوڕی شەببە بۆی باسکردم وتی: عەلی کوڕی موحەممەد بۆی باسکردم وتی: عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان لەساڵی هەشتا و یەکدا عوبەیدوللەی کوڕی نارد و فەتحی قالیقلای کرد. لەو ساڵەدا بەحیری کوڕی وەرقاء لەخۆراسان کوژرا.

بەپێی قسەی ئەبو موخنەف، لەو ساڵەدا عەبدولڕەحمانی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەلئەشعەس بەوانەی لەگەڵی بوون لەسەربازانی عێراق، لەدژی حەجاج هەڵگەڕانەوە و هاتن بۆ شەڕکردنی، بەڵام واقیدیی ئەڵێ: ئەوە لەساڵی هەشتا و دوودا رووی داوە.

لەو ساڵەدا سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیک حەجی بەخەڵکیی ئەنجام دا، ئەحمەدی کوڕی سابت وەهای بۆ باسکردم ئەویش لەو کەسەی بۆی گێڕاوەتەوە لەئیسحاقی کوڕی

عیساوە ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە، هەروەها واقیدییش وەهای وتووە، وتوویەتی: لەو ساڵەدا ئیبن ئەبی زیئب لەدایکبووە.

هەڵسوڕێنەری ئەو ساڵەی مەدینە ئەبانی کوڕی عوسمان بووە، حەجاجی کوڕی یوسفیش هەڵسوڕێنەری کاروباری عێراق و رۆژهەلآت بووە، ئەلموهەللەبیش بەرپرسی جەنگی خۆراسان و موغیرەی کوڕی ئەلموهەللەبیش بەرپرسی خەراج بووە لەلایەن حەجاجەوە، دادوەری کوفەش ئەبو بوردەی کوڕی ئەبو موسا بووە، دادوەری بەسرەش عەبدولڕەحمانی کوڕی ئوزەینە بووە.

ساڵی هەشتا و دوو

لەو ساڵەدا لەزاویە لەنێوان حەجاج و عەبدولڕەحمانی کوڕی موحەممەددا کۆمەڵێ شەڕ رووی داوە.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: بەپێی قسەی هەندێکیان لەو ساڵەدا لەنێوان حەجاج و کوڕی ئەشعەسدا جەنگی دەیر ئەلجەماجم رووی داوە. واقیدیی ئەڵێ: لەشەعبانی ئەو ساڵەدا شەڕی دەیر ئەلجەماجم رووی داوە. لەقسەی هەندێکی تریشدا لەساڵی هەشتا و سێ بووە.

لەو ساڵەدا خەڵکی کیس لەگەڵ ئەلموهەللەبدا رێککەوتن بۆ پێدانی خوێنبایی و لەوێوە رۆیشتووە بۆ مرو.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: لەو ساڵەدا ئەلموهەللەبی کوڕی ئەبو سوفرە کۆچی دوایی کردووە.

ساڵی هەشتا و سێ

لەو ساڵەدا عەبدولڕەحمانی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەلئەشعەس لەدەیر ئەلجەماجم شکستیهێنا.

لەو ساڵە و لەدوای شکستی دەیر ئەلجەماجم، لەمیسکن لەنێوان حەجاج و کوڕی ئەلئەشعەسدا شەڕ ڕووی دا.

ساڵی هەشتا و چوار

لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی عەبدولمەلیك شەڕی ڕۆمی کرد و لەو شەڕەدا ئەلمەسیسەی فەتحکرد، واقیدییش وەهای باس کردووە.

لەو ساڵەدا حەجاج، ئەیوبی کوڕی قیریەی کوشت. کوڕی قەریە یەکێك بوو لەوانەی لەگەڵ کوڕی ئەلئەشعەسدا بوو. هۆکاری کوشتنەکەشی ئەوە بوو، کوڕی قیریە دوای شکستی دەیر ئەلجەماجم، دەچووە لای حەوشەبی کوڕی یەزید کە بەرپرسی کوفە بوو لەلایەن حەجاجەوە،حەوشەبیش دەیووت: سەیر ئەمە بکەن کە لەگەڵ مندا ڕاوەستاوە، جا ئەمڕۆ بێ یان بەیانیی لەلایەن ئەمیرەوە نامەم پێ دەگات و ناچار دەبم فرمانەکەی جێبەجێ بکەم. ئەو هەواڵە بەحەجاج گەیشت، بۆیە نامەیەکی بۆ حەوشەب نووسی: پاشان: تۆ وا بوویتە بەئەشکەوتی خۆ حەشاردانی دووڕووانی خەڵکی عێراق و پەنای ئەوان، ئەگەر ئەم نووسراوەی من بە تۆ گەیشت، کوڕی قیریەم بەقۆڵبەستراوییەوە لەگەڵ متمانەدارێکی خۆتدا بۆ بنێرە. کە حەوشەب نامەکەی خوێندەوە، فرێی دایە بەردەم کوڕی قیریە، کە کوڕی قیریە خوێندییەوە، وتی: وا گوێڕایەڵم و فرمانەکەی جێبەجێ بکە. ئەویش بەقۆڵبەستراوییەوە بۆ حەجاجی نارد.

کاتێ هێنرایە لای حەجاج، حەجاج پێیووت: ئەی کوڕی قیریە چیت ئامادە کردووە بۆ ئەم کات و شوێنە؟ ئەویش وتی: ئەی ئەمیر خوای گەورە چاکت بۆ بکات، سێ قسەم ئامادە کردووە، ئەویش وەستانی دونیا و ئاخیرەت و چاکەیە. حەجاج وتی: ئەوە شیبکەرەوە کە وتت. وتی: ئەوەی دونیا سەروەتێکی چاکە و باش و خراپ لێی دەخۆن، ئاخیرەتیش تەرازوویەکی دادپەروەرانە و دیمەن و شایەتییەکە باتڵ و ناڕەوای تێدا نییە. هەرچی چاکەکەشە، ئەگەر خەتاکار بووم، ئەوە دانی پێدا دەنێم، ئەگەر خاوەن مافیش بووم ئەوە وەریدەگرم. حەجاج وتی:ئەگەر خەتاکار بووی، ئەوە بەشمشێر تۆڵەت لێ

دەکەمەوە. ئەویش وتی: خوا چاکت بۆ بکات ئەی ئەمیر، لەهەڵم ببوریێ، گەرووم تەڕ بکە، هەموو ئەسپێ هەلخلیسکانی هەیە و هەموو پاڵەوانێکیش تۆزاویی دەبێ. حەجاج وتی: نەخێر، سوێند بەخوا دەبێ دۆزەخت پیشان بدەم. ئەویش وتی: بمبەخشە من ئێستا هەست بەتینی دۆزەخ دەکەم. حەجاج وتی: ئەی پاسەوان بیهێنە پێش و لەگەردنی بدە. کاتێ حەجاج تەماشای کرد وا لەنێو خوێنی خۆیدایە، وتی: خۆزگە کوڕی قیریەمان نەدەکوشت تاگوێببیستی قسەکانی بووبنایە.

سالّی هەشتا و پێنج

لەو ساڵەدا حەجاج هەڵسا بەلابردنی ئەلموهەللەب لەخۆراسان و لەجێگەیدا ئەلموفەزەلّی کوڕی ئەلموهەللەبی برای یەزیدی دانا.

لەو ساڵەدا ئەلموفەزڵ پەلاماری بازغیسی دا و فەتحی کرد.

لەو ساڵەدا عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان ویستی عەبدولعەزیزی کوڕی مەروان لەدەسەلآت لابدات کە برایشی بوو.

سالّی هەشتا و شەش

لەو ساڵەدا عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان کۆچی دوایی کرد، کۆچکردنەکەی لەنیوەی شەوالدا بوو،ئەحمەدی کوڕی سابت بۆی باسکردم لەو کەسەی کە گێڕاوێتییەوە لەئیسحاقی کوڕی عیساوە ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە وتی: عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان لەڕۆژی پێنجشەممە لەنیوەی شەوالی سالّی هەشتا و شەش کۆچی دوایی کرد، ماوەی خیلافەتەکەشی سیانزە سالّ و پێنج مانگ بووە.

خیلافەتی ئەلوەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك

لەو ساڵەدا بەیعەتی خیلافەت بەئەلوەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك درا. باسکراوە کاتێك باوکی نێژا، لای گۆڕی باوکی رۆیشت و چووە سەر مینبەر، خەڵکیی لای کۆبوونەوە، دەستی کردە وتار و وتی: إنا لله وإنا إليه راجعون، تەنیا پشت بەخوا دەبەستین بەم

کۆستەمان، کۆستی کۆچی دوایی ئەمیری ئیمانداران، سوپاسی خوا دەکەم کە نیعمەتی خیلافەتی پێ داوین، هەڵسن و بەیعەت بدەن.

یەکەمین کەسێك کە هەڵسا بۆ ئەوەی بەیعەتی پێ بدات، عبداللەی کوڕی هەمام ئەلسەلولیی بوو ئەیووت: ئەوە خوایە کە هیچ شتێك لەسەرووی ئەوەوە نییە ئەم خیلافەتەی بە تۆ داوە، خەڵکانی تر ویستیان بە تۆ نەگات، بەڵام خوای گەورە ویستی ئەوە بوو بە تۆ بگات و ناچاری کردن وەك خەڵات لەگەردنتی بکەن.

خەڵکییش بەدوای ئەودا هاتن و بەیعەتیان دا.

سالّی هەشتا و حەوت

لەو سالّەدا ئەلوەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك، هیشامی کوڕی ئیسماعیلی لەئەمیرێتیی مەدینە لابرد. لەشەوی یەکشەممە کە حەوت شەو لەمانگی رەبیعی یەکەمی سالّی هەشتا و حەوت تێپەڕببوو، فرمانی لابردنی پێگەیشت، سێ سالّ و یانزە مانگ یان نزیك بەوە ئەمیری مەدینە بوو.

وەك ئەحمەدی کوڕی سابت بۆی باسکردم لەو کەسەی کە گێڕاوێتییەوە لەئیسحاقی کوڕی عیساوە ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز سەرپەرشتیی حەجی ئەو سالّەی کرد، ئەوکات ئەمیری مەدینە بوو.

ئەبو بەکری کوڕی عەمری کوڕی حەزم دادوەری مەدینە بوو لەلایەن عومەری کوڕی عەبدولعەزیزەوە.

حەجاجی کوڕی یوسف ئەمیری عێراق و تەواوی رۆژهەڵات بوو، جێگرەکەی لەبەسرە لەو سالّەدا وەك وتراوە:ئەلجەڕاحی کوڕی عبدالله ئەلحەکەمیی بوو، دادوەری بەسرەش عبداللەی کوڕی ئوزەینە بووە،زیادی کوڕی جەریری کوڕی عبداللە هەڵسوڕێنەری کاروباری کوفە بووە بۆ حەجاج، ئەبو بەکری کوڕی ئەبو موسای ئەشعەرییش دادوەری کوفە بووە، قوتەیبەی کوڕی موسلیمیش والیی خۆراسان بووە.

سالّی هەشتا و هەشت

لەو سالّەدا خوای گەورە بۆ موسڵمانەکان قەلاّیەك لەقەلاّکانی رۆمی فەتحکرد کە پێیدەوترا توانە، لەجەمادی دووەمدا فەتحکرا، فەرماندەی ئەو سوپایەی کە فەتحی ئەو قەلاّیەی کرد، مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیك و عەباسی کوڕی ئەلوەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك بوون.

موحەممەدی کوڕی عومەر ئەلواقیدیی باسیکردووە کە سوری کوڕی یەزید لەلایەن هاوەڵەکانیەوە باسی کردووە، کە توانە لەسەردەستی مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیك و عەباسی کوڕی ئەلوەلیدەوە فەتحکراوە، موسڵمانەکان ئەو رۆژگارە دوژمنیان تێکشکاند،بەجۆرێ دوژمن شکا وەهایان گومان کرد ئیتر جارێکی تر خۆیان ناگرنەوە. عەباس کۆمەڵێ کەسی لەگەڵ بوو کە موحەیریزی ئەلجومەحیشییان لەنێواندا بوو، عەباس بەکوڕی موحەیریزی وت: ئەو قورئانخوێنانە لەکوێن کە بەهەشتیان دەوێ؟ کوڕی موحەیریز وتی: بانگیان بکە دێن بۆلات. عەباسیش بانگی کرد: ئەی ئەهلی قورئان وەرن. ئەوانیش هاتنە پێش و خوای گەورە دوژمنی شکاند تاوەکو چوونە توانەوە.

لەو سالّەدا ئەلوەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك فرمانی دا مزگەوتی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) گەورەتر بکرێتەوە، خانووی خێزانەکانی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بڕوخێنرێن و تێکەڵ بەمزگەوتەکە بکرێن. موحەممەدی کوڕی عومەر باسدەکات کە موحەممەدی کوڕی جەعفەری کوڕی وەردان ئەلبەناء وتوویەتی:ئەو نێردراوەم بینی کە ئەلوەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك ناردی و لەمانگی رەبیعی یەکەمی سالّی هەشتا و هەشت هات و بەنووسراوی ئەلوەلیدەوە رۆیشتە لای عومەری کوڕی عەبدولعەزیز و فرمانی پێکرد ژوورەکانی خێزانەکانی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) بخاتە سەر مزگەوتەکەی پەیامبەری خوا و خانووەکانی دەوروبەری بکرێت بەئەندازەی دووسەد بالّ پانی و دووسەد بالّ درێژی و ئەگەر توانیت قیبلە ببەرە پێش و دەتوانی شوێنی خالّوانتی تێکەڵ بکەی، چونکە دژت نابن، ئەگەر رازییش نەبوون، ئەوە نرخێکی باشیان بۆ دابنێ و خانووەکانیان بڕوخێنە و نووسراوەکەی ئەلوەلیدیان بۆ بخوێنەرەوە. ئەو

خەڵکە بەدەم داواکەیەوە هاتن و لەسەر نرخێك رێککەوتن و نرخەکەی پێ دان و خانووەکانی خێزانەکانی پەیامبەری خواشی رووخاند و تێکەڵ بەمزگەوتەکەی کردن.

موحەممەدی کوڕی عومەر ئەڵێ و موسای کوڕی یەعقوبیش بۆی باسکردم ئەویش لەمامەیەوە وتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیزم بینی مزگەوتەکەی دەڕووخاند و ناودارانی خەڵکیشی لەگەڵ بوو وەك ئەلقاسم و سالم و ئەبو بەکری کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەلحاریس و عوبەیدوواللەی کوڕی عبداللەی کوڕی عوتبە و خاریجەی کوڕی زەید و عبداللەی کوڕی عبداللەی کوڕی عومەر و ئینجا بناغەکەیان دانا.

ساڵی هەشتا و نۆ

لەو ساڵەدا موسڵمانەکان قەڵای سوریایان فەتحکرد، مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیکیش سەرکردەی سوپا بوو، واقیدیی وەهای داناوە کە مەسلەمە لەو ساڵەدا پەلاماری خاکی ڕۆمی دا و عەباسی کوڕی ئەلوەلیدیشی لەگەڵدا بوو، هەموویان پێکەوە چوونە خاکی ڕۆمەوە، پاشان بڵاوەیان لێکرد، مەسلەمە قەڵای سوریای فەتحکرد و عەباسیش ئەزرولیەی فەتحکرد، ڕووبەڕووی گردبوونەوەیەکی ڕۆم بوویەوە و هەمویانی تێکشکاند.

کەسانی جگە لەواقیدی وەهایان داناوە کە مەسلەمە ڕووی کردووەتە عموریە و لەوێدا ڕووبەڕووی گردبوونەوەیەکی ڕۆم بووەتەوە، خوای گەورە ڕۆمی تێکشکاندووە و مەسلەمە هیرقەلە و قمودیەی فەتحکردووە.

لەو ساڵەدا عەباس پەلاماری سائیفەی ئەنجام داوە لەڕووی بدندونەوە.

ساڵی نەوەد

لەو ساڵەدا مەسلەمە پەلاماری خاکی ڕۆمی داوە، وەك موحەممەدی کوڕی عومەر باسیکردووە کە پەلامارەکە لەڕووی سوریاوە بووە، ئەو پێنج قەڵایەی فەتحکردووە کە لەسوریادا بوونە.

لەو ساڵەدا عەباسی کوڕی ئەلوەلید هێرشی بردووە، هەندێکیان ئەڵێن گەیشتووەتە ئوردن، هەندێکی تریان ئەڵێن گەیشتووەتە سوریا. موحەممەدی کوڕی عومەر ئەڵێ: ئەوەی گەیشتووەتە سوریا، تەواوترە.

لەو ساڵەدا موحەممەدی کوڕی ئەلقاسم ئەلسەقەق، داهری کوڕی سەسەی پادشای سیندی کوشتووە،[1] کوڕی ئەلقاسم فەرماندەی سوپایەك بووە لەلایەن حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفییەوە نێردراوە.

لەو ساڵەدا ئەلوەلید، قوڕەی کوڕی شەریکی کردووەتە والیی میسر لەشوێنی عبداللەی کوڕی عەبدولمەلیك.

لەو ساڵەدا رۆمەکان، خالیدی کوڕی کیسانی گەورەی دەریایان دەستگیرکرد و بردیان بۆلای پادشاکەیان، پادشاکەشیان کردیە دیاریی بۆ ئەلوەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك.

لەو ساڵەدا قوتەیبە، بوخارای فەتحکرد و گردبوونەوەی دوژمنی تێدا شکاند.

ساڵی نەوەد و یەك و رووداوەکانی

لەو ساڵدا عەبدولعەزیزی کوڕی ئەلوەلید غەزای سائیفەی ئەنجام داوە، گەورەی سوپاکەش مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیك بووە.

هەر لەو ساڵەدا مەسلەمە پەلاماری تورکەکانی داوە تاوەکو گەیشتووەتە ئەلباب لەپووی ئازەربێجان، کۆمەڵێ شار و قەڵای ئەو شوێنانە لەسەر دەستی فەتح کراون. لەو ساڵەدا قوتەیبە،نیزەك تەرخانی کوشتووە.

لەو ساڵەدا مەبەستم ساڵی نەوەد و یەکە، قوتەیبە پەلاماری شومان و کیسی داوە و لەگەڵ توخاندا رێککەوتووە.

ئەلوەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کردووە، ئەحمەدی کوڕی سابت بۆی باسکردم لەو کەسەی کە گێڕاوێتییەوە لەئیسحاقی کوڕی عیساوە ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە ئەڵێ: ئەلوەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك حەجی ساڵی نەوەد و یەکی سەرپەرشتیی کردووە.

ئەمیر و هەڵسوڕێنەرانی کاروباری ئەو ساڵە، هەمان ئەوانەی ساڵی نەوەد بوونە، جگە لەمەکە کە بەپێی قسەیەکی واقیدی، هەڵسوڕێنەری کاروباری ئەو ساڵەی مەککە، خالیدی کوڕی عبداللە ئەلقەسریی بووە، کەسانی تریش وتوویانە، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بووە.

ساڵی نەوەد و دوو، رووداوەکانی ئەو ساڵە

لەوانە: مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیك و عومەری کوڕی ئەلوەلید پەلاماری خاکی رۆمیان داوە، لەسەر دەستی مەسلەمە، سێ قەڵاً فەتحکراوە، خەڵکی سوسنە هەڵاتوون بۆ ناوجەرگەی خاکی رۆم.

لەو ساڵەدا تاریقی کوڕی زیادی خزمەتکاری موسای کوڕی نەسیر بەدوانزە هەزار کەسەوە پەلاماری ئەندەلوسی داوە، رووبەڕووی پادشای ئەندەلوس بووەتەوە کە واقیدیی وەهای داناوە پێیووتراوە ئەدرینوق و پیاوێکی خەڵکی ئەسپەهان بووە. ئەڵێ: ئەوان پادشایانی عەجەمی ئەندەلوس بوونە. تاریق بەتەواوی ئەوانەی لەگەڵیدا بووە بۆی کشاوە، ئەدرینوقیش لەتەختی پادشاییدا بۆی کشاوە و تاج و گاڵوك و تەواوی ئەو شتانەی هەبووە کە پادشایان لەبەریان کردووە و لەگەڵ خۆیدا هەمووی هێناوە، شەڕێکی سەختیان کرد تاوەکو خوای گەورە ئەدرینوقی کوشت و ساڵی نەوەد و دوو ئەندەلوس فەتحکرا.

ساڵی نەوەد و سێ و رووداوەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا عەباسی کوڕی ئەلوەلید پەلاماری خاکی رۆمی دا و خوای گەورە سەمەستییەی لەسەر دەستی فەتحکرد.

لەو ساڵەدا مەروانی کوڕی ئەلوەلید پەلاماری دا تاوەکو گەیشتە خەنجەرە. لەو ساڵەدا مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیك پەلاماری خاکی رۆمی دا و ماسەی فەتحکرد، هەروەها قەڵای ئەلحەدید و غەزالە و برجمە لەڕووی مەڵتییە.

لەو ساڵەدا قوتەیبە، جردی پادشای خامی کوشت، جارێکی تر پادشای خوارزمیش رێککەوتنی کردەوە.

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: لەو ساڵەدا قوتەیبەی کوڕی موسلیم لەڕۆیشتنی لەخوارزم، پەلاماری سەمەرقەندی دا و فەتحیکرد.

لەو ساڵەدا عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لەوالێتیی مەدینە لابرا.

ساڵی نەوەد و چوار

لەو ساڵەدا حەجاج، سەعیدی کوڕی جوبەیری کوشت.

ساڵی نەوەد و پێنج

لەو ساڵەدا عەباسی کوڕی ئەلوەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك پەلاماری خاکی رۆمی دا، خوای گەورە سێ قەڵای لەسەر دەست فەتح کرد، وەك وتراوە بریتیی بوون لەقەڵای تولّس، مەرزبانین، هیرقەلە. تیایدا هیند فەتحکرا و تەنیا کێرج مندل نەبێ، لەو ساڵەدا واسیتی قامیش لەمانگی رەمەزامدا دروستکرا. لەو ساڵەدا موسای کوڕی نەسیر لەئەندەلوسەوە رۆیشت بۆ ئەفریقیا ز دەستبەرداری کۆشکی ئەلماء بوو وەك وتراوە کە میلێ لەقەیرەوانەوە دوور بووە. لەو ساڵەدا قوتەیبەی کوڕی موسلیم غەزای ئەلشاشی ئەنجام داوە.

لەو ساڵە و لەمانگی شەوالدا حەجاج لەتەمەنی پەنجا و چوار ساڵییدا مردووە، وتراوە لەتەمەنی پەنجا و سێ ساڵییدا، وتراوە لەو ساڵەدا مردووە و پێنج شەو لەمانگی رەمەزان مابوو مرد. حەجاج لەسەرەمەرگدا وەسێتی کرد کوڕەکەی نوێژی لەسەر بکات کە عبداللەی کوڕی حەجاج بوو. وەك ئەوەی واقیدیی وتوویەتی، حەجاج بیست ساڵ والیی عێراق بووە.

لەو ساڵەدا عەباسی کوڕی ئەلوەلید قینەسرینی فەتحکردووە.

لەو ساڵەدا ئەلوەزاحیی لەخاکی رۆمدا کوژرا و نزیکەی هەزار لەپیاوەکانیشی لەگەڵیدا کوژران.

وەك باسکراوە، لەو ساڵەدا ئەلمەنسور عبداللەی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی لەدایکبووە.

لەو ساڵەدا ئەلوەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك، یەزیدی کوڕی ئەبی کەبشەی کردووەتە ئەمیری حەجنگ و نوێژی خەڵکانی هەردوو شاری کوفە و بەسرە و یەزیدی کوڕی ئەبو موسلیمیشی کردووەتە والیی خەراجی ئەو دوو شارە.

ساڵی نەوەد و شەش

لەو ساڵەدا وەك واقیدیی وتوویەتی، بیشری کوڕی ئەلوەلید غەزای ئەلشاتیەی ئەنجام داوە، گەڕایەوە چونکە ئەلوەلید مردبوو.

لەو ساڵە و لەڕۆژی شەممەی نیوەی جەمادی دووەمی ساڵی نەوەد و شەش، ئەلوەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك مرد، ئەوەش بەپێی قسەی تەواوی سەربووردەناسان.

جیاوازیی هەیە لەبارەی ماوەی خیلافەتەکەی، ئەلزوهریی وتوویەتی: بۆم باسکرا لەلایەن ئیبن وەهبەوە ئەویش لەیونسەوە لێیەوە وتوویەتی: ئەلوەلید نۆ ساڵ و یانزە مانگ پادشایەتیی کردووە.

ئەبو مەعشەر لەبارەیەوە وتوویەتی وەك ئەوەی ئەحمەدی کوڕی سابت بۆی باسکردم ئەویش لەکەسێکەوە ئەویش لەئیسحاقی کوڕی عیساوە کە ماوەی خیلافەتەکەی ئەلوەلید، نۆ ساڵ و حەوت مانگ بووە.

هیشامی کوڕی موحەممەد ئەڵێ: دەسەلاتەکەی ئەلوەلید هەشت ساڵ و شەش مانگ بووە.

واقیدیی ئەڵێ: خیلافەتەکەی ئەلوەلید نۆ ساڵ و هەشت مانگ و دوو شەو بووە.

لەبارەی تەمەنیشیەوە جیاوازیی هەیە، موحەممەدی کوڕی عومەر ئەڵێ: لەدیمەشق کۆچی دوایی کردووە و چل و شەش ساڵ و چەند مانگێ تەمەنی هەبووە.

لەو ساڵەدا قوتەیبەی کوڕی موسلیم لەخۆراسان کوژراوە.

ساڵی نەوەد و حەوت

لەو ساڵەدا سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك سوپاکانی ئامادە کرد بۆ قوستەنتینییە و کوڕەکەی کردە بەرپرسی سائیفە کە داوودی کوڕی سولەیمان بوو، قەلای(المرأة)ی فەتحکرد.

وەك واقیدیی باسیکردووە، لەو ساڵەدا مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیك غەزای خاکی رۆمی ئەنجام داوە و ئەو قەلایەی فەتحکردووە کە ئەلوەزاحی فەرمانڕەوای وەزاحییە فەتحی کردبوو.

لەو ساڵەدا عومەری کوڕی هوبەیرە ئەلفەزاریی لەدەریادا پەلاماری خاکی رۆمی دا.

لەو ساڵەدا عەبدولعەزیزی کوڕی موسای کوڕی نەسیر لەئەندەلوس کوژرا.

لەو ساڵەدا سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك، یەزیدی کوڕی ئەلموهەللەبی کردە والیی خۆراسان.

ساڵی نەوەد و هەشت و رووداوەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك،براکەی خۆی کە مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیك بوو ئاراستەی قوستەنتینییە کرد و فرمانی کرد فەتحی بکات یان تیایدا پەلامار بدات. موحەممەدی کوڕی عومەر باسیکردووە کە ئسوری کوڕی یەزید باسیکردووە ئەویش لەسولەیمانی کوڕی موساوە وتوویەتی: کاتێ مەسلەمە لەقوستەنتینییەوە نزیك بوویەوە، فرمانی بەهەر سوارێك کرد دوو مود خواردن لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت بۆ قوستەنتینییە و ئینجا فرمانی کرد خواردنەکە دابنرێت و وەك چیا بەرزبوویەوە، پاشان فرمانی بەموسڵمانەکان کرد کە هیچ شتێك لەو خواردن و دانەوێلەیە نەخۆن و پەلاماری خاکی دوژمن بدەن و بچێنن و لەتەختە و دار کۆمەڵێ خانوو دروست بکەن. خەڵکیی دەستیان کردە چاندن و لەبەرهەمەکەیان دەبردە بیابان و پەلامارياں

دەدا و دەگەڕانەوە ئەو شوێنەی چاندنیان تێدا کردبوو،مەسلەمە مابوویەوە و تەنگی بەخەڵکی قوستەنتینییە هەڵچنیبوو، گەورە پیاوانی شامی لەگەڵدابوو لەنمونەی خالیدی کوڕی مەعدان و عبداللەی کوڕی ئەبو زەکەریا ئەلخوزاعی و موجاهیدی کوڕی جوبەیر تاوەکو هەواڵی مەرگی سولەیمانی پێگەیشت.

ساڵی نەوەد و نۆ و ڕووداوەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك کۆچی دوایی کرد. وەك ئەوەی لەهیشامەوە بۆم باسکرا ئەویش لەئەبو موخنەفەوە کە لەدابق لەخاکی قینەسرین کۆچی دوایی کردووە، لەڕۆژی جومعەدا کە دە شەو لەمانگی سەفەر مابوو، ماوەی ویلایەتەکەشی دوو ساڵ و هەشت مانگ و پێنج ڕۆژ کەم بووە،وتراوە: دە شەو لەمانگی سەفەر ڕۆیشتبوو کۆچی دوایی کرد، ماوەی خیلافەتەکەشی دوو ساڵ و حەوت مانگ بووە. وتراوە: دوو ساڵ و هەشت مانگ و پێنج ڕۆژ بووە.

ئەلحەسەنی کوڕی حەماد باسیکردووە ئەویش لەتەڵحە ئەبو موحەممەدەوە ئەویش لەمامۆستاکانیەوە کە وتوویانە: لەدوای ئەلوەلید، سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك، بۆ ماوەی سێ ساڵ بووەتە خەلیفە، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز نوێژی لەسەر کردووە.

خیلافەتی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز

لەو ساڵەدا عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی مەروانی کوڕی ئەلحەکەم بووەتە خەلیفە.

ساڵی سەد

لەو ساڵەدا خەواریجەکان کە لەعێراق بوون، لەدژی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەرچوون.

لەو ساڵەدا یەزیدی کوڕی ئەلموهەلەب لەبەندیی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز هەڵهات.

لەو ساڵەدا عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کۆچی دوایی کرد. ئەحمەدی کوڕی سابت بۆی باسکردم ئەویش لەو کەسەی بۆی باسکردبوو لەئیسحاقی کوڕی عیساوە ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە وتی: چوار شەو لەمانگی رەجەبی ساڵی سەد و یەك مابوو، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کۆچی دوایی کرد.

خیلافەتی یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان

لەو ساڵەدا یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان خاوەن کونیەی ئەبو خالید لەتەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا بووە خەلیفە، ئەوە لەقسەی هیشامی کوڕی موحەممەدا هاتووە. جا کاتێك بووە خەلیفە، ئەبو بەکری کوڕی موحەممەدی کوڕی عەمری کوڕی حەزمی لەوالێتیی مەدینە لابرد و عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەلزەحاکی کوڕی قەیس ئەلفیهریی کردە والیی مەدینە. وەك واقیدیی وتوویەتی: والیی نوێ لەڕۆژی چوارشەممەدا هاتە مەدینە کە چەند شەوێك لەمانگی رەمەزان مابوو. عەبدولڕەحمانی والیی نوێی مەدینە، سەلەمەی کوڕی عبداللەی کوڕی عەبد ئەلئەسەد ئەلمەخزومیی کردە دادوەری مەدینە.

ساڵی سەد و یەك

لەو ساڵەدا عەباسی کوڕی ئەلوەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك و مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیك بەفرمانی یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك بەڕێکەوتن بۆ سەر یەزیدی کوڕی ئەلموهەللەب بۆ شەڕکردنی.

لەو ساڵە و لەمانگی سەفەردا یەزیدی کوڕی ئەلموهەللەب کوژرا.

لەو ساڵەدا موسڵمانەکان غەزای سەغد و تورکیان ئەنجام دا و لەکۆشکی ئەلباهیلیی شەڕیان لەنێواندا رووی دا.

لەو ساڵەدا سەعید خوزەینە،شوعبەی کوڕی شوعبەی کوڕی زەهەیری لەسەمەرقەند لابرد.

لەو ساڵەدا مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیك لەدەسەلاتی عێراق و خۆراسان لابرا و رۆیشت بۆ شام.

لەو ساڵەدا عومەری کوڕی هوبەیرە پەلاماری رۆمی دا لەئەرمینیا و شکستی بەسەردا هێنان و خەڵکێکی زۆری لێیان دیلکرد، وتراوە حەوسەد دیل بووە.

سالّی سەد و سێ

لەو ساڵەدا عومەری کوڕی هوبەیرە هەڵسا بەلابردنی سەعید خوزەینە لەدەسەلاتی خۆراسان بەهۆی گازندەی ئەلمەجشیری کوڕی مەزاحیم ئەلسولەمی و عبداللەی کوڕی کوڕی عومەیر ئەللەیسییەوە لەدەست سەعید.

تەبەری ئەڵێ: لەو ساڵەدا عەباسی کوڕی ئەلوەلید غەزای رۆمی ئەنجام دا و شارێکی فەتحکرد پێیدەوترا رسلە. لەو ساڵەدا لەپاڵ ویلایەتی مەدینە، دەسەلاتی مەککەش خرایە دەست عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەلزەحاك ئەلفیهری. لەو ساڵەدا عەبدولواحید ئەلنەزری بووە والیی تائیف و عەبدولعەزیزی کوڕی عبداللەی کوڕی خالیدی کوڕی ئوسەید لەدەسەلاتی مەککە لابرا.

لەو ساڵەدا عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەلزەحاکی کوڕی قەیس ئەلفیهریی سەرپەرشتی حەجی ئەو ساڵەی کرد، ئەبو مەعشەر و واقیدییش وەهایان وتووە.

والیی ئەو ساڵەی عێراق عومەری کوڕی هوبەیرە بوو، سەعیدی کوڕی عەمر ئەلحەرەشی هەڵسورێنەری کاروباری خۆراسان بوو لەلایەن عومەری کوڕی هوبەیرەوە، دادوەری کوفە ئەلقاسمی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی عبداللەی کوڕی مەسعود بوو، دادوەری بەسرەش عەبدولمەلیکی کوڕی یەعلا بوو.

لەو ساڵەدا لەکاتی چوونی سەعیدی کوڕی عەمر ئەلحەرەشی بەرەو سەغد، خەڵکی سەغد رۆیشتن و خۆیان گەیاندە فرغانە و داوایان لەپادشای فرغانە کرد هاوکارییان بکات دژ بەموسڵمانەکان.

سالّی سەد و چوار

لەو سالّەدا ئەلحەرەشیی پەلاماری سەغدی دا و لەگەورەکانی ئەو شوێنەی کوشت:

لەو سالّەدا یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك، عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەلزەحاکی کوڕی قەیس ئەلفیهریی لەدەسەلاّتی مەککە و مەدینە لابرد، ئەوەش لەنیوەی مانگی ڕەبیعی یەکەمدا بوو، بۆ سێ سالّ والیی مەدینە بوو. لەو سالّەدا یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك، عەبدولواحید ئەلنەزریی کردە والیی مەدینە.

لەو سالّەدا ئەلجەڕاحی کوڕی عبدالله ئەلحەکەمی کە ئەمیری ئەرمینیا و ئازەربێجان بوو، غەزای خاکی تورکی ئەنجام دا، بەلەنجەر لەسەر دەستی فەتح کرا و تورکەکان تێکشکان و بەخۆیان و مالّ و منداڵیانەوە لەئاودا خنکان و تەواوی قەلاّکانی ئەودیوو بەلەنجەریشی فەتحکرد.

سالّی سەد و پێنج

لەو سالّەدا ئەلجەڕاحی کوڕی عبدالله ئەلحەکەمیی غەزای ئەنجام دا تاوەکو گەیشتە کۆمەلّێ شار و قەلاّی ئەودیوو بەلەنجەر و هەندێکی فەتحکرد و خەلّکەکەی هەلّهاتن و دەسکەوتی زۆری هەبوو.

لەو سالّەدا سەعیدی کوڕی عەبدولمەلیك پەلاماری خاکی ڕۆمی دا، سوپایەکی هەزار کەسیی نارد و وەك باسکراوە، هەموویان تیاچوون.

لەو سالّەدا موسلیمی کوڕی سەعید غەزای تورکی ئەنجام دا و هیچی فەتح نەکرد، پاشان پەلاماری ئەفشینەی دا کە شارێك بوو لەشارەکانی سەغد لەدوای ئەو سالّە و پادشا و خەلّکی ئەو شارە لەگەلّیدا ڕێککەوتن.

خیلافەتی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك

لەو سالّەدا کە چەند شەوێك لەمانگی شەعبان مابوو، هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك بووە خەلیفە، ئەوکات تەمەنی سی و چوار سالّ و چەند مانگێك بوو.

ئەبو موحەممەد ئەلقورەشی و ئەبو موحەممەد ئەلزیادی و ئەلمینهالی کوڕی عەبدولمەلیك و سوحەیمی کوڕی حەفس ئەلعوجەیفیی وتوویانە: هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك لەسالّی کوژرانی موسعەبی کوڕی عومەیردا لەدایکبووە لەسالّی حەفتا و دوو، دایکی ناوی عائیشەی کچی هیشامی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی هیشامی کوڕی ئەلوەلیدی کوڕی ئەلموغیرەی کوڕی عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی مەخزومە. ئافرەتێکی گێل و گەمژە بوو، کەسوکارەکەی فرمانیان پێکردبوو لەگەڵ عەبدولمەلیکدا قسە نەکات تاوەکو منداڵێك دێنێتە دونیاوە، سواری سەرین دەبوو وەك ئەوەی ولاخی لەژێر بێت و لەسەر باڵیف و سەرین پەیکەری دروست دەکرد و ناوی لێ دەنان و بانگی دەکردن. بەهۆی ئەو گەمژەییەوەی، عەبدولمەلیك تەلاقی دا. عەبدولمەلیك بەڕێکەوت بۆ کوشتنی موسعەب،لەکوشتنی موسعەبدا هەواڵی لەدایکبوونی پێگەشت، بۆیە ناوی لێنا مەنصور(سەرکەوت) و پێی گەشبین بوو، بەڵام دایکی ناوی لێنا هیشام بەناوی باوکی خۆیەوە، عەبدولمەلیك ئەوەی ڕەتنەکردەوە. هیشام کونیەی ئەبو ئەلوەلیدی هەبوو.

موحەممەدی عومەر باسیکردووە لەو کەسەی بۆی باسکردووە کە هیشام لەمانگی خۆیدا بوو لەزەیتونە هەواڵی بوون بەخەلیفەی پێگەیشت. گاڵتۆك و مۆری خیلافەتی بۆ هێنرا، هیشامیش لەڕەسافەوە سەر ولاخ کەوت تاوەکو هاتە دیمەشق.

سالّی سەد و شەش

لەم ساڵەدا هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك هەڵسا بەلابردنی عەبدولواحیدی کوڕی عبداللە ئەلنەزەریی لەویلایەتی مەدینە و مەککە و تائیف و خاڵۆی خۆی کردە والیی کە ئیبراهیمی کوڕی هیشامی کوڕی ئیسماعیل ئەلمەخزومیی بوو، ڕۆژی جومعە هاتە مەدینە کە حەڤدە ڕۆژ لەمانگی جەمادی دووەمی سالّی سەد و شەش تێپەڕیبوو. ویلایەتی ئەلنەزەریی لەسەر مەدینە، سالێك و هەشت مانگ بوو.

لەو ساڵەدا سەعیدی کوڕی عەبدولمەلیك غەزای سائیفەی ئەنجام دا.

سالّی سەد و حەوت

لەو سالّەدا عەبباد ئەلرۆعەینی لەیەمەن دەرچوو، یوسفی کوڕی عومەر خۆی و تەواوی شوێنکەوتەکانی کوشت کە سێسەد کەس بوون.

لەو سالّەدا موعاویەی کوڕی هیشام غەزای سائیفەی ئەنجام دا، بەرپرسی سوپای شام مەیمونی کوڕی میهران بوو، دەریای تێپەڕاند تاوەکو پەرییەوە قوبرس. مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیکیش شەڕی وشکانیی ئەنجام دا.

لەو سالّەدا تاعونێکی سەخت لەشامدا بلاّوبوویەوە.

سالّی سەد و هەشت

لەو سالّەدا ئیبراهیمی کوڕی هیشام غەزای ئەنجام دا و کۆمەلّێ قەلاّی رۆمی فەتحکرد.

لەو سالّەدا ئیبراهیمی کوڕی هیشام کە والیی مەدینە و مەککە و تائیف بوو، حەجی ئەو سالّەی بەخەلّکیی ئەنجام دا. ئەحمەدی کوڕی سابت بۆی باسکردم ئەویش لەو کەسەی گێڕاوێتییەوە لەئیسحاقی کوڕی عیسا ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە، هەروەها موحەممەدی کوڕی واقیدییش وەهای وتووە. هەلّسوڕێنەرانی ئەو سالّەی نوێژ و جەنگ و دادوەریی، هەمان ئەوانەی سالّی رابردوو بوونە.

سالّی سەد و نۆ

لەو سالّەدا عبداللەی کوڕی عوقبەی کوڕی نافیع ئەلفیهریی بەسەرۆکایەتی سوپایەك غەزای دەریایی ئەنجام دا، موعاویەی کوڕی هیشامیش پەلاماری خاکی رۆمی دا و قەلاّیەکی تێدا فەتحکرد پێیدەوترا قەلاّی تەیبە و کۆمەلّێ خەلّکی ئەنتاکیەش کوژران.

لەو سالّەدا هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك هەلّسا بەلابردنی خالیدی کوڕی عبداللە لەسەر خۆراسان.

سالّی سەد و دە

لەو سالّەدا مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیك پەلاماری تورکی دا و بۆیان بەڕێکەوت رووە و باب ئەللان تاوەکو بە خاقان گەیشت و نزیك بەمانگێك شەڕیان کرد، بارانێکی سەختیان تووش هات و خوای گەورە خاقانی تێکشکاند و ئینجا مەسلەمە ڕۆیشت و ڕێگەی مزگەوتی زی ئەلقەڕنەینی گرتەبەر.

سالّی سەد و یانزە

لەو سالّەدا موعاویەی کوڕی هیشام غەزای سائیفەی چەپی ئەنجام دا، سەعیدی کوڕی هیشامیش سائیفەی لای ڕاست تاوەکو گەیشتە قیساریە.

واقیدی ئەڵێ: لەو سالّەدا سوپای دەریا بەفەرماندەیی عبداللەی کوڕی ئەبو مەریەم غەزای ئەنجام دا، هیشام هەڵسا ئەلحەکەمی کوڕی قەیسی کوڕی مەخرەمەی کوڕی عەبدولموتەلّیبی کوڕی عەبد مەناف کردە سەرپەرشتیاری تێکڕای خەڵکی شام و میسر.

لەو سالّەدا تورکەکان بۆ ئازەربێجان بەڕێکەوتن،ئەلحاریسی کوڕی عەمر پێیان گەیشت و تێکیشکاندن. لەو سالّەدا هیشام، ئەلجەڕاحی کوڕی عبدالله ئەلحەکەمیی کردە ئەمیری ئەرمینیا.

لەو سالّەدا ئەشرەسی کوڕی عبدالله ئەلسولەمیی لەلایەن هیشامەوە لەدەسەلاّتی خۆراسان لابرا، ئەلجونەیدی کوڕی عەبدولڕەحمان ئەلمورِیی کردە والیی ئەو شوێنە.

سالّی سەد و دوانزە

لەو سالّەدا موعاویەی کوڕی هیشام غەزای سائیفەی ئەنجام دا، خەرشەنەی فەتحکرد و فرندیەی لەناوچەی مەلّتییە سووتاند.

لەو سالّەدا تورکەکان لەئەللانەوە بەڕێکەوتن و ئەلجەڕاحی کوڕی عبدالله ئەلحەکەمیی بەوانەی لەگەلّیدا بوون لەخەلّکی شام و ئازەربێجان ڕووبەڕووی بوونەوە، سوپاکەی دەرقەتیان نەهات، خۆی و ئەوانەی لەگەلّیدا بوون لەمەرج ئەردەبیل شەهید بوون،

تورکەکان چوونە ئەردەبیلەوە. ئەلحەجاجی کوڕی عبداللە کە بۆ بوو، کردبوویە سەرپەرشتیاری ئەرمینیا.

لەو ساڵەدا هیشام هەڵسا بۆ ئەوەی کە دەیکردە مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیك، ڕەوانە کرد بەدوای تورکەکاندا، لەزستانێکی سەخت و باران و بەفردا دەرچوو بەدوایاندا تاوەکو ئەلبەبابی تێپەڕاند و ئەلحاریسی کوڕی عەمر ئەلتائیی بەسەرپەرشتیاری ئەلباب بەجێهێشت.

لەو ساڵەدا جونەید لەگەڵ تورکەکاندا شەڕی کرد کە خاقانی سەرۆکیشیان لەگەڵدا بوو، لەو شەڕەدا سورەی کوڕی ئەلحورٍ کوژرا، وتراوە ئەو شەڕە لەساڵی سەد و سیانزەدا ڕووی داوە.

ساڵی سەد و سیانزە

لەو ساڵەدا عەبدولوەهابی کوڕی بوخت تیاچوو، ئەو لەگەڵ ئەلبەتال عبداللە بوو لەخاکی ڕۆمدا. لەو شەڕەدا کە خەڵکیی هەڵهاتن، عەبدولوەهاب کلاوە ئاسنینەکەی لەسەری لابرد و هاواری کرد: من عەبدولوەهابی کوڕی بوختم، ئاخۆ ئێوە لەبەهەشت هەڵدێن!؟ پاشان چووە پێشەوە ڕووە و دوژمن، بەلای پیاوێکدا تێپەڕی کە دەیووت: ئای چی تینوویەکمە! ئەویش وتی: بچۆرە پێش وا ئاو لەپێشتە و تێرئاوبوونت لێوە نزیکە. تێکەڵی ڕۆم بوو شەڕی کرد تاوەکو خۆی و ئەسپەکەشی کوژران.

لەو ساڵەدا مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیك سوپاکانی بەولاتی خاقاندا بلاوەپێکرد، کۆمەڵێ شار و قەڵا لەسەر دەستی فەتح کران و کۆمەڵێ کوژرا و دیل و سەبایە هەبوون و زۆرێك لەتورکەکان بەدەستی خۆیان، خۆیانیان سووتاند. ئەودیوو چیاکان بلەنجەر کەوتنە دەست مەسلەمە و کوڕی خاقان کوژرا.

هەروەها لەو ساڵەدا موعاویەی کوڕی هیشام پەلاماری خاکی ڕۆمی دا، لەڕووی مەرعەشەوە سەنگەری گرت و پاشان گەڕایەوە

سالّی سەد و چواردە

لەو سالّەدا موعاویەی کوڕی هیشام پەلاماری سائیفەی چەپی دا، سولەیمانی کوڕی هیشامیش پەلاماری سائیفەی راستی دا، باس دەکرێت کە ئەلبەتالّ و قوستەنتین رووبەڕوو بوونەتەوە، ئەلبەتالّ ئەوانی دۆڕاندووە و قوستەنتینی دیلکردووە، سولەیمانی کوڕی هیشامیش بەقیساریە گەیشتووە.

سالّی سەد و پانزە

لەو سالّەدا موعاویەی کوڕی هیشام لەخاکی رۆمدا غەزای ئەنجام دا،لەو سالّەدا لەشام تاعون رووی دا.

لەو سالّەدا موحەممەدی کوڕی هیشامی کوڕی ئیسماعیل کە ئەمیری مەککە و تائیف بوو، حەجی ئەو سالّەی بەخەلّکیی ئەنجام دا، ئەبو مەعشەر وەهای وتووە وەك ئەحمەدی کوڕی سابت بۆی باسکردووم لەو کەسەی گێڕاوێتییەوە لەئیسحاقی کوڕی عیساوە ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە.

سالّی سەد و شانزە

لەو سالّەدا موعاویەی کوڕی هیشام سائیفەی خاکی رۆمی ئەنجام دا. لەو سالّەدا لەعێراق و شام تاعون بلاّوبوویەوە، وەك ئەوەی باسکراوە، سەختترین تاعونێك لەواسیت بووە.

لەو سالّەدا ئەلجونەیدی کوڕی عەبدولڕەحمان کۆچی دوایی کرد و لەو سالّەدا عاسمی کوڕی عبداللەی کوڕی یەزید ئەلهیلالیی لەخۆراسان بووە والی.

سالّی سەد و حەفدە

لەو سالّەدا موعاویەی کوڕی هیشام غەزای سائیفەی چەپی ئەنجام دا، سولەیمانی کوڕی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك پەلاماری سائیفەی راستی دا لەڕووی جەزیرەوە و سریەکانی لەخاکی رۆمدا بلاّوە پێکرد.

لەو سالّەدا مەروانی کوڕی موحەممەد کە ئەمیری ئەرمینیا بوو، دوو شاندی رەوانە کرد، یەکێك لەو سریانەی کە ناردی، سێ قەلاّیان لە ئەللان فەتحکرد و ئەوی تریش دابەزییە سەر تومانشاە و خەلّکەکەی رێککەوتنیان هەلّبژارد.

لەو سالّەدا هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك، عاسمی کوڕی عبداللەی لەئەمیرێتی خۆراسان لابرد و خستیە پالّ خالیدی کوڕی عبداللە، ئەویش سپاردیە براکەی خۆی کە ئەسەدی کوڕی عبداللە بوو.

سالّی سەد و هەژدە

لەو سالّەدا موعاویە و سولەیمانی کوڕانی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك پەلاماری خاکی رۆمیان دا.

لەو سالّەدا بوکەیری کوڕی ماهان، عەماری کوڕی یەزیدی بەوالیی بۆ سەر لایەنگران و شیعەی نەوەی عەبای ناردە خۆراسان، دابەزییە مرو و ناوی خۆی خۆی گۆڕی بەخیداش و بانگەوازی کرد بۆ موحەممەدی کوڕی عەلی، خەلّکیی خێرا هاتنە لای و بانگەوازەکەیان قبوڵ کرد و گوێڕایەڵی بوون، پاشان بانگەوازەکەی گۆڕی و درۆی کرد و ئایینی خوڕەمییەی دەرخست و بانگەوازی بۆ کرد، رێگەی دان لەگەڵ ژنی یەکترردا داوێنپیسیی بکەن و پێیووتن ئەوە فرمانی موحەممەدی کوڕی عەلییە. ئەو هەواڵەی بەئەسەدی کوڕی عبداللە گەیشت و ئەویش کۆمەڵێ سیخوڕی بۆ تەرخان کرد تاوەکو دەستگیر کرا و هێنرایە لای. ئامادەسازیی کردبوو بۆ پەلاماردانی بەلخ، بۆیە لەحاڵی پرسی، بەلاّم خیداش زبر وەلاّمی دایەوە، ئەویش فرمانی دا هەردوو دەستی ببڕدرێتەوە و زمانی بکێشرێت و هەردوو چاوی هەلّبکۆلّرێت.

ساڵی سەد و نۆزدە

لەو ساڵەدا ئەلوەلیدی کوڕی ئەلقەعقاع ئەلعەبسیی غەزای خاکی ڕۆمی ئەنجام دا.

لەو ساڵەدا ئەسەدی کوڕی عبداللە ئەلخوتتەل غەزای ئەنجام دا و قەلای زغرزکی فەتحکرد و لەوێوە بەڕێکەوت بۆ خیداش و دەستی پڕکرد لەسەبایە و مەرو مالأت. سوپا هەڵهاتبوو بۆ چین، ئەسەد بەخاقانی پادشای تورك گەیشت و کوشتی، بیشریش زۆرێك لەشوێنکەوتەکانی خاقانی دەستگیر کرد و ئەسەد و موسڵمانەکانیش سەلامەت بوون و بەدەسکەوتی زۆرەوە گەڕانەوە.

ساڵی سەد و بیست

لەو ساڵەدا سولەیمانی کوڕی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك غەزای سائیفەی ئەنجام دا و سندرەی فەتحکرد، ئیسحاقی کوڕی موسلیم ئەلتەعقیلیی لەغەزایەکدا قەلاکانی تومانشاهی فەتکرد و تەختی زەویی کردن. لەو ساڵەدا مەروانی کوڕی موحەممەد غەزای خاکی ڕۆمی ئەنجام دا. لەو ساڵەدا ئەسەدی کوڕی عبداللە کۆچی دوایی کرد بەپێی قسەی ئەلمەدائینی.

ساڵی سەد و بیست و یەك

لەو ساڵەدا زەیدی کوڕی عەلی کوڕی حوسێنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب لەمانگی سەفەر کوژرا، بەپێی قسەی واقیدی. هەرچی هیشامی کوڕی موحەممەدە، ئەوە وەهای داناوە کە لەمانگی سەفەری ساڵی سەد و بیست و دوودا کوژراوە.

لەو ساڵەدا نەسری کوڕی سییار دووجار غەزای ئەودیوو ڕووباری ئەنجام داوە، لەجاری سێیەمدا کورسوڵی کوشتووە.

سالّی سەد و بیست و دوو

لەو ساڵەدا کەلسومی کوڕی عەبیاز ئەلقەشەیری کوژرا کە هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك لەگەڵ سواركانی خەڵکی شامدا بۆ ئەفریقیای نارد لەکاتی دروستبوونی ئاژاوەی بەربەر.

لەو ساڵەدا عەبدالله ئەلبەتال لەگەڵ کۆمەڵێ لەموسڵمانەکان لەخاکی رۆمدا کوژرا.

لەو ساڵەدا ئەلفەزڵی کوڕی ساڵح و موحەممەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی لەدایکبوون.

لەو ساڵەدا یوسفی کوڕی عومەر، ئەلحەکەمی کوڕی ئەلسەڵتی نارده لای هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك و داوای لێکرد خۆراسانی بخاتە پاڵ و نەسری کوڕی سەییار لەسەرکار لابدات.

لەو ساڵەدا نەسر بۆ جاری دووەم پەلاماری فرغانەی دا، مەغرائی کوڕی ئەحمەر رۆیشت بۆ عێراق و لای هیشام خراپ باسی کرد.

لەو ساڵەدا کۆمەڵێکی شیعە و لایەنگری نەوەی عەباس(عەباسییەکان) لەکوفەوە دەرچوون بەمەبەستی چوونە مەککە و بوکەیری کوڕی ماهانیش بەپێی قسەی هەندێ سەربوورەناس، ئەبو موسلیمی خاوەن بانگەوازی عەباسییەکانی لەعیسای کوڕی مەعقیل ئەلعیجلیی کڕی.

لەو ساڵەدا سولەیمانی کوڕی هیشام غەزای سائیفەی ئەنجام دا و رووبەڕووی ئەلیونی پادشای رۆم بوویەوە، سەلامەت و بەدەسکەوتەوە گەڕایەوە.

لەو ساڵەدا و بەپێی قسەی واقیدی، موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عبداللەی کوڕی عەباس کۆچی دوایی کرد. موحەممەدی کوڕی هیشام سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

ساڵی سەد و بیست و پێنج

لەو ساڵەدا هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان کۆچی دوایی کرد. واقیدی و ئەلمەدائینی و کەسانی تریش وەهایان وتووە، تەنیا ئەوە نەبێ کە وتوویانە لەڕۆژی چوارشەممە کە شەش شەو لەمانگی ڕەبیعی یەکەم تێپەڕیبوو، کۆچی دوایی کرد. بەپێی قسەی هەموویان، ماوەی خیلافەتەکەی نۆزدە ساڵ و حەوت مانگ و بیست و یەک ڕۆژ بووە،ئەوە بەپێی قسەی ئەلمەدائینی و ئیبن ئەلکەلبی، بەقسەی ئەبو مەعشەریش هەشت مانگ و نیو بووە. بەپێی قسەی واقیدییش حەوت مانگ و دە شەو بووە.

لەو ساڵەدا ئەلوەلیدی کوڕی یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان بووە خەلیفە.

ساڵی سەد و بیست شەش و ڕووداوەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا یەزیدی کوڕی ئەلوەلید کوژرا.

خیلافەتی ئەبو ئیسحاق ئیبراهیمی کوڕی ئەلوەلید

پاشان ئیبراهیمی کوڕی ئەلوەلیدی کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان هات، پاشان کارەکەی بۆ ڕێك نەهات،ئەحمەدی کوڕی زوهەیری بۆی باسکردم ئەویش لەعەلی کوڕی موحەممەدەوە وتی: خیلافەت بۆ ئیبراهیم نەهاتەدی، جومعەیەك سلاوی خیلافەتیان لێ دەکرد و جومعەیەك بۆیان نەدەکرد تاوەکو مەروانی کوڕی موحەممەد هات و لەخیلافەت لایبرد. عەبدولعەزیزی کوڕی ئەلحەجاجی کوڕی عەبدولمەلیك لەو ساڵەدا کوژرا.

ساڵی سەد و بیست و حەوت

لەو ساڵەدا مەروانی کوڕی موحەممەد بۆ شام بەڕێکەوت و جەنگی نێوان خۆی و سولەیمانی کوڕی هیشام لە عەین ئەلجەڕ ڕووی دا.

خیلافەتی مەروانی کوڕی موحەممەد

لەو ساڵەدا لەدیمەشق، بەیعەتی خەلیفەیی بەمەروانی کوڕی موحەممەد درا.

سالّی سەد و بیست و نۆ

لەو سالّەدا شەیبانی کوڕی عەبدولعەزیز ئەلیەشکوری ئەبو ئەلدلفاء تیاچوو.

لەو سالّەدا ئیبراهیمی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عبداللەی کوڕی عەباس فرمانی بەئەبو موسلیم کرد و لەخۆراسانەوە دەرچوو تاوەکو گەیشتە قومس تاوەکو بچێتە لای لایەنگرانی لەخۆراسان و فرمانی کرد بانگەوازەکە ئاشکرا بکرێت و گردبوونەوەی بۆ بکرێت.

سالّی سەد و سی

لەو سالّەدا ئەبو موسلیم چووە باخ و بێستانی مرو دابەزییە خانەی ئیمارەتی ئەوێ و عەلی کوڕی جدیع ئەلکرمانیی لەگەڵیدا رێککەوت بۆ شەڕکردنی نەسری کوڕی سەییار.

سالّی سەد و سی و یەك

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: لەو سالّەدا ئەبو موسلیم لەمروەوە بەڕێکەوت بۆ نیسابوور و دابەزییە ئەوێ.

سالّی سەد و سێ و دوو

ئەبو جەعفەر ئەڵێ: لەو سالّەدا بەیعەت درا بەئەبو ئەلعەباس عبداللەی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عبداللەی کوڕی عەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیبی کوڕی هاشم لەشەوی جومعەدا کە سیانزە شەو لەمانگی ڕەبیعی دووەم تێپەڕببوو،ئاوەهای بۆ باسکردم ئەحمەدی کوڕی سابت ئەویش لەو کەسەی بۆی گێڕاوەتەوە لەئیسحاقی کوڕی عیساوە ئەویش لەئەبو مەعشەرەوە، هیشامی کوڕی موحەممەدیش وەهای وتووە، هەرچی واقیدییە، ئەوە ئەڵێ: لەجەمادی یەکەمی سالّی سەد و سی و دوودا لەمەدینە، بەیعەتی خیلافەت بەئەبو ئەلعەباس درا. واقیدیی ئەڵێ:ئەبو مەعشەر پێیووتم، جێگیر و سەلماو ئەوەیە لەمانگی ڕەبیعی یەکەمی سالّی سەد و سی و دوودا بووە.

خیلافەتی ئەبو ئەلعەباس عبداللەی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عبداللەی کوڕی عەباس

لەو ساڵەدا مەروانی کوڕی موحەممەد لەزابدا شکا.

لەو ساڵەدا مەروانی کوڕی موحەممەدی کوڕی مەروانی کوڕی ئەلحەکەم کوژرا.

ساڵی سەد و سی و سێ

لەو ساڵەدا ئەبو ئەلعەباس، مامی خۆی کە دەیکردە سولەیمانی کوڕی عەلی، بەوالیی بۆ بەسرە نارد و هەڵسوڕێنەرانی کاروبارەکانی نارده دێهاتەکانی دیجلە و بەحرەین، هەروەها مامەکەی تری بەناوی ئیسماعیلی کوڕی موحەممەدەوە نارده ناوچەکانی ئەهواز.

لەو ساڵەدا داوودی کوڕی عەلی لەمانگی رەبیعی یەکەمدا لەمەدینە کوژرا، وەک موحەممەدی کوڕی عومەر ئەڵێ: ماوەی ئەمیرێتییەکەی سێ مانگ بووە.

ساڵی سەد و سی و چوار

لەو ساڵەدا حازمی کوڕی خوزەیمە رووی کردە عومان و لەوێدا سەرکوتی خەواریجەکانی کرد و دەستیگرتەسەر ناوچەکانی ئەوێ و شەیبان ئەلخاریجییشی کوشت.

عەلی کوڕی ئەلڕەبیع ئەلحاریسیی والیی بەسرە و ناوچەکانی دیجلە و بەحرەین و عومان و ئەلعەرز و مەهرجا نقزف بوو،عەبادی کوڕی مەنسور دادوەر بوو، موسای کوڕی کەعب والیی سند بوو، ئەبو موسلیم والیی خۆراسان و چیاکان(جبال) بوو، ساڵحی کوڕی عەلی والیی فەڵەستین بوو، ئەبو عەون والیی میسر بوو، ئیسماعیلی کوڕی عەلی والیی موسڵ بوو، یەزیدی کوڕی ئوسەید والیی ئەرمینیا بوو،موحەممەدی کوڕی سول والیی ئازەربێجان بوو. خالیدی کوڕی بەرمەک بەرپرسی خەراج بوو، عبداللەی کوڕی موحەممەد

ئەبو جەعفەر والیی جەزیرە بوو، عبداللەی کوڕی عیل والیی قینەسرین و حیمس و دێهاتەکانی دیمەشق و ئوردن بوو.

سالّی سەد و سی و پێنج

لەو سالّەدا زیادی کوڕی سالّح لەودیوو رووباری بەلخ دەرچوو.

سالّی سەد و سی و شەش

لەو سالّەدا ئەبو موسلیم لەخۆراسانەوە هات بۆ عێراق بۆلای ئەبو ئەلعەباسی ئەمیری ئیمانداران.

لەو سالّەدا ئەبو جەعفەر ئەلمەنسور حەجی بەخەلّکیی کرد و ئەبو موسلیمیش لەگەلّیدا حەجی کرد.

خیلافەتی ئەبو جەعفەری ئەلمەنسور کە عبداللەی کوڕی موحەممەدە

لەو سالّەدا بەیعەتی خیلافەت بەئەبو جەعفەری ئەلمەنسور کرا، ئەوەش لەو رۆژەدا بوو کە ئەبو ئەلعەباسی برای مرد، ئەو رۆژە ئەبو جەعفەر لەمەککە بوو، ئەو کەسەی لەعێراقدا دوای مردنی ئەبو ئەلعەباس بەیعەتی بۆ ئەبو جەعفەر وەرگرت، عیسای کوڕی موسا بوو، عیسا نامەی بۆ نووسی و هەوالّی پێدا کە ئەبو ئەلعەباسی برای مردووە و خۆی کراوەتە خەلیفە.

سالّی سەد و سی و حەوت

لەو سالّەدا ئەبو جەعفەر لەمەککەوە هات و دابەزییە حیرە و بینی عیسای کوڕی موسا رۆیشتووە بۆ ئەنبار و تەلّحەی ئیسحاقی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەلئەشعەسی بەسەرپەرشتیاری کوفە بەجێهێشتووە. ئەبو جەعفەر لەڕۆژی جومعەدا رۆیشتە کوفە بۆلای خەلّکەکەی و وتاری بۆ دان و پێیوتن کە دەڕوات. ئەبو موسلیم لەحیرەدا

پێیگەیشت،ئینجا ئەبو جەعفەر رۆیشت بۆ ئەنبار و لەوێدا مایەوە و دەورووبەری کۆکردەوە.

لەو ساڵەدا ئەبو موسلیم کوژرا.

ساڵی سەد و سی و هەشت

لەو ساڵەدا قوستەنتینی ستەمکاری رۆم بەزەبری هێز رۆیشتە مەڵتییەوە و خەڵکەکەی سەرکوت کرد و شوراکانی رووخاند.

بەپێی قسەی واقیدی، لەو ساڵەدا ئەلعەباسی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عبداللەی کوڕی عەباس لەگەڵ ساڵحی کوڕی عەلی کوڕی عبدالله غەزای سائیفەی ئەنجام دا و پێیگەیشت، ساڵح بەچل هەزار دینارەوە لەگەڵیدا دەرچوو، عیسای کوڕی عەلی کوڕی عبداللەش بەهەمان جۆر لەگەڵیاندا دەرچوو، ساڵحی کوڕی عەلی هەموو ئەوانەی ئاوەدانکردەوە کە رۆم لەمەڵتیەدا رووخاندبوویان.

حەجی ئەو ساڵە لەلایەن ئەلفەزڵی کوڕی ساڵحی کوڕی عەلی کوڕی عبداللەی کوڕی عەباسەوە سەرپەرشتیی کرا، واقیدی و کەسانی تریش وەهایان وتووە. لای باوکیەوە لەشام هات بۆ حەج و لەوەرزی حەجدا کرایە والیی و لەڕێگەدا حەجی بەخەڵکیی ئەنجام دا، بەمەدینەدا تێپەڕی و لەوێوە ئیحرامی بەست.

ساڵی سەد و سی و نۆ

لەو ساڵەدا رێککەوتن لەنێوان ئەلمەنسور و گەورەی رۆمدا ئەنجام درا و ئەلمەنسور هەموو دیلە موسڵمانەکانی رزگار کرد، وەك وتراوە تاوەکو ساڵی سەد و چل و شەش موسڵمانەکان نەچوونە سائیفەوە، چونکە ئەبو جەعفەر سەرقاڵ بوو بەهەردوو کوڕەکەی عبداللەی کوڕی ئەلحەسەنەوە، بەڵام هەندێك وتوویانە کە ئەلحەسەنی کوڕی قەحتەبە لەگەڵ عەبدولوەهابی کوڕی ئیبراهیم ئەلئیمام لەساڵی چلدا غەزای سائیفەی ئەنجام داوە و قوستەنتینی گەورەی رۆمیش بەسەد هەزار سەربازەوە هاتووە و دابەزیووەتە جیجان،

لەوێدا هەواڵی پێگەیشتووە کە رێژەی سوپای موسڵمانەکان زۆرە، بۆیە خۆی بەدوور گرتووە لەپووبەپووبوونەوەیان، پاشان هەتاوەکو ساڵی سەد و چل و شەش پەلامارێکی تر بۆ ئەو ناوچەیە دووبارە بووەتەوە.

ساڵی سەد و چل

لەو ساڵەدا ئەبو جەعفەر بۆ حەج دەرچوو، لەحیرەوە ئیحرامی بەست، پاش بەجێهێنانی حەج رۆیشت بۆ مەدینە و لەوێوە رووبکردە بەیت ئەلمەقدیس.

والی و کارهەڵسوڕێنەرانی ئەو ساڵە هەمان ئەوانەی پێشوو بوون جگە لەخۆراسان کە عەبدولجەبار والیی بوو.

ئەبو جەعفەر کە گەیشتە بەیت ئەلمەقدیس، لەمزگەوتەکەیدا نوێژی کرد و پاشان رێگەی شامی گرتەبەر تاوەکو دابەزییە رقە، مەنسوری کوڕی جعونەی کوڕی ئەلحاریس ئەلعامریی لەنەوەی عامری کوڕی سەعسەی هێنرایە لا و کوشتی، پاشان لەوێوە رێگەی فوراتی گرتەبەر و گەیشتە هاشمیەی کوفە.

ساڵی سەد و چل یەك

لەو ساڵەدا راوەندییە دەرچوو. هەندێکیان وتوویانە: بابەتی راوەندییە و ئەبو جەعفەر لەساڵی سەد و سی و حەوت بووە، وتراوە لەساڵی سەد و سی و شەش.

لەو ساڵەدا ئەبو جەعفەر ئەلمەنسور، موحەممەدی کوڕی کە ئەوکات شازادەی جێنشین بوو، بەسەربازانەوە نارد خۆراسان و فرمانی پێکرد دابەزێتە رەی و موحەممەدیش ئەو کارەی کرد.

ساڵی سەد و چل و دوو

لەو ساڵەدا ئەلمەنسور بۆ خەڵکی بەسرە لە ئەلحممانداً قیبلەی دروست کرد کە لەجەژنەکانیاندا لەوێ کۆدەبوونەوە، سەلەمەی کوڕی سەعیدی کوڕی جابر کە ئەوکات

والیی فورات و ئەلئوبولە بوو لەلایەن ئەبو جەعفەرەوە، ئەوەی بۆیان دروستکرد. ئەبو جەعفەر مانگی رەمەزانی گرت و لەوێدا نوێژی جەژنی کرد.

لەو ساڵە و لەشەوی شەممە کە نۆ شەو لەمانگی جەمادی دووەم مابوو، سوولەیمانی کوڕی عەلی کوڕی عبدالله لەتەمەنی پەنجا و نۆ ساڵییدا لەبەسرە مرد، عەبدولسەمەدی کوڕی عەلی نوێژی لەسەر کرد.

ساڵی سەد و چل و سێ

لەو ساڵەدا ئەلمەنسور ئامادەسازییکرد بۆ چوونە سەر دەیلەم.

حەجی ئەو ساڵە لەلایەن عیسای کوڕی موسای کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عوبەیدوللەی کوڕی عەباسەوە ئەنجام درا، ئەو رۆژگارە والیی کوفە و دەشتی کوفە بوو.

والیی مەککە ئەلسڕیی کوڕی عبداللەی کوڕی ئەلحاریس بوو، والیی بەسرەش سوفیانی کوڕی موعاویە بوو، دادوەری بەسرە سواری کوڕی عبداللە بوو، والیی میسر یەزیدی کوڕی حاتەم بوو.

ساڵی سەد و چل و چوار

لەو ساڵەدا موحەممەدی کوڕی ئەبو ئەلعەباسی کوڕی عبداللەی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی بەخەڵکی کوفە و بەسرە و واسیت و موسڵ و جەزیرەوە شەڕی دەیلەمی ئەنجام دا.

لەو ساڵەدا موحەممەدی کوڕی ئەبو جەعفەر ئەلمەهدی لەخۆراسانەوە رۆیشت بۆ عێراق و ئەبو جەعفەریش رۆیشت بۆ قەرماسین و، لەوێدا بەموحەممەدی کوڕی گەیشت کە لەخۆراسانەوە دەهات و هەموویان رۆیشتن بۆ جەزیرە.

لەو ساڵەدا ئەبو جەعفەر ئەلمەنسور حەجی بەخەڵکیی کرد، خازمی کوڕی خوزەیمەی بەسەرپەرشتیاری سوپا و میرە بەجێهێشتبوو. لەو ساڵەدا ئەبو جەعفەر، ریاحی کوڕی

عوسمان ئەلموڕیی کردە والیی مەدینە و موحەممەدی کوڕی خالیدی کوڕی عبداللە ئەلقەسریی لەوالێتیی ئەو شارە لابرد.

سالّی سەد و چل و پێنج

لەو سالّەدا موحەممەدی کوڕی عبداللەی کوڕی حەسەن لەمەدینەدا دەرچوو، براکەشی لەدوای ئەو لەبەسرە دەرچوو کە ئیبراهیمی کوڕی عبداللە بوو، هەردووکیان لەو سالّەدا کوژران.

عیسای کوڕی موسا، کوسەیری کوڕی حوصەینی بەسەرپەرشتیاری مەدینە بەجێهێشت لەدوای کوژرانی موحەممەدی کوڕی عبداللەی کوڕی حەسەن و بۆ مانگێك بەوالیی مایەوە، پاشان عبداللەی کوڕی ئەلڕەبیع ئەلحاریسیی بەوالێتیی لەلایەن ئەبو جەعفەر ئەلمەنسورەوە هاتە مەدینەوە.

لەو سالّەدا بناغەی شاری بەغدا دامەزرێنرا کە پێیدەوترێت شاری ئەلمەنسور.

لەو سالّەدا ئیبراهیمی کوڕی عبداللەی کوڕی حەسەن لەبەسرەدا دەرکەوت کە بۆ موحەممەدی کوڕی عبداللەی کوڕی حەسەن بوو، شەڕی ئەبو جەعفەری کرد و لەو سالّەدا کوژرا.

ئەلسسەریی کوڕی عبداللەی کوڕی ئەلحاریسی کوڕی ئەلعەباسی کوڕی عەبدولموتەلّیب سەرپەرشتیی حەجی ئەو سالّەی کرد، والیی ئەبو جەعفەر بوو لەمەککە.

سالّی سەد و چل و شەش

لەو سالّەدا ئەبو جەعفەر شاری بەغدای تەواو کرد. موحەممەدی کوڕی عومەر باسدەکات کە ئەبو جەعفەر لەسەفەری سالّی سەد و چل و شەشدا لەشارەکەی کوڕی هوبەیرەوە ڕۆیشت بۆ بەغدا و لەوێ دابەزی و بوونیاتینا.

لەو سالّەدا ئەلمەنسور هەلّسا بەلابردنی سەلمی کوڕی قوتەیبە و کردنی موحەممەدی کوڕی سولەیمانی کوڕی عەلی بەوالیی ئەو شارە.

حەجی ئەو ساڵە لەلایەن عەبدولوەهابی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عبداللەی کوڕی عەباسەوە بەڕێوەبرا، موحەممەدی کوڕی عومەر و کەسانی تریش وەهایان وتووە.

ساڵی سەد و چل و حەوت

لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی عەلی کوڕی عەباس تیاچوو.

لەو ساڵەدا ئەلمەنسور هەڵسا بەلابردنی عیسای کوڕی موسا و بەیعەتدانی بەئەلمەهدیی کوڕی و کردنی بەشازادەی جێنشینی دوای خۆی. هەندێك وتوویانە: لەدوای ئەلمەهدی، عیسای کوڕی موسای بەجێنشین کردووە.

ساڵی سەد و چل و هەشت

لەو ساڵەدا ئەلمەنسور، حومەیدی کوڕی قەحتەبەی ڕەوانەی ئەرمینیا کرد بۆ شەڕکردنی ئەوانەی کە حەبی کوڕی عبداللەیان کوشت و تەفلیسیان وێران کرد، حومەیدیش بۆ ئەرمینیا بەڕێکەوت، بینیی تورکەکان لەوێ نەماون و ڕۆیشتوون، بۆیە گەڕایەوە بێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ یەکێکیان بێتەوە.

لەو ساڵەدا ساڵحی کوڕی عەلی لەدابوق سەربازگەی لێ دا و پەلاماری ئەنجام نەدا.

ئەبو جەعفەر ئەلمەنسور حەجی ئەو ساڵەی سەرپەرشتیی کرد. والییەکانی ئەو ساڵەش هەمان والییەکانی ساڵی پێشوو بوون.

ساڵی سەد و چل و نۆ

لەو ساڵەدا عەباسی کوڕی موحەممەد غەزای سائیفەی خاکی ڕۆمی ئەنجام دا، ئەلحەسەنی کوڕی قەحتەبە و موحەممەدی کوڕی ئەلئەشعەسی لەگەڵدا بوو، موحەممەدی کوڕی ئەلئەشعەس لەڕێگەدا تیاچوو.

لەو ساڵەدا ئەلمەنسور شورای شاری بەغدای دروستکرد و تەواوی خەندەقەکانی دروستکرد و کاروبارەکانی ئەو شارەی هەموو ڕێکخست.

حەجی ئەو ساڵە لەلایەن موحەممەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عبداللەی کوڕی عەباسەوە ئەنجام درا.

ساڵی سەد و پەنجا

لەو ساڵەدا مامۆستا سیس بەخەڵکی هیرات و بازغیس و سجستان و تەواوی خۆراسانەوە دەرچوو.

ساڵی سەد و پەنجا و یەك

لەو ساڵەدا کورك لەدەریاوە پەلاماری جدەی دا، موحەممەدی کوڕی عومەر ئەوەی باسکردووە.

لەو ساڵەدا عومەری کوڕی حەفسی کوڕی عوسمانی کوڕی ئەبو سەفرە بووە والیی ئەفریقیا و لەسیند لادرا و هیشامی کوڕی عەمر ئەلتەغەلوبیی خرایە شوێنەکەی.

لەو ساڵەدا ئەلمەهدیی کوڕی ئەلمەنسور لەخۆراسانەوە لەمانگی شەوالدا هاتەوە بۆلای ئەلمەنسور، ئەلمەنسوریش بەتەواوی بنەماڵەکەیەوە لەوانەی شام و کوفە و بەسرە و شوێنانی تر ئامادەساز بوو بۆ پێشوازیکردنی و دیاری و پێشوازییەکی گەورەی لییان کرد و بۆ هەر پیاوێك پێنجسەد درهەم دیاریی دا.

لەو ساڵەدا ئەمەنسور دەستی کردە دامەزراندنی ئەلڕەسافە لەتەنیشتی رۆژهەلاتی شاری ئەلسەلام بۆ موحەممەد ئەلمەهدیی کوڕی.

ساڵی سەد و پەنجا و دوو

لەو ساڵەدا لەبست سجستان لەخەواریجەکان کوژران، لەنێویاندا مەعنی کوڕی زائیدە ئەلشەیبانی بوو.

لەو ساڵەدا حومەیدی کوڕی قەحتەبە غەزای کابولی ئەنجام دا، ئەلمەنسور لەساڵی سەد و پەنجا و دوو کردبوویە والیی خۆراسان.

عەبدولوەهابی کوڕی ئیبراهیم پەلاماری سائیفەی دا، وتراوە: بەڵکو موحەممەدی کوڕی ئیبراهیم بووە کە ئەو ساڵە پەلاماری سائیفەی ئەنجام داوە.

ساڵی سەد و پەنجا و سێ

لەو ساڵەدا ئەلمەنسور سوپایەکی ئامادەکرد بۆ شەڕی کورك لەدەریادا، ئەوەش دوای لێبوونەوەی لەحەج و هاتنی لەمەککەوە بۆ بەسرە. کورکییەکان پەلاماری جدەیان دابوو. کاتێ ئەلمەنسور لەو ساڵەدا هاتە بەسرە، سوپایەکی پێکهێنا بۆ شەڕی کورکییەکان. ئینجا لەبەسرە کۆشکێکی دروستکرد و پاشان رۆیشت بۆ شاری ئەلسەلام(بەغدا).

ساڵی سەد و پەنجا و چوار

لەو ساڵەدا ئەلمەنسور دەرچوو بۆ شام و بەڕێکەوت بۆ بەیت ئەلمەقدیس، یەزیدی کوڕی حاتەمیشی بەپەنجا هەزار سەربازەوە نارد بۆ ئەفریقیا بۆ شەڕی ئەو خەواریجانەی کە عومەری کوڕی حەفسی والییان کوشتبوو. باسدەکرێت کە شەست و سێ هەزار هەزاری بۆ ئەو سوپایە خەرج کرد.

لەو ساڵەدا وەك ئەوەی باس دەکرێت کە ئەلمەنسور پێداگربوو بۆ دروستکردنی شاری ئەلڕافیقە، باسدەکرێت لەموحەممەدی کوڕی جابرەوە ئەویش لەباوکیەوە، کاتێك ئەبو جەعفەر وێستی شاری ئەلڕافیقە دروست بکات، خەڵکی رقە دژی وەستانەوە و وتیان: بەم کارە بازاڕمان نامێنێ و بژێوییمان دەکەوێتە ناڕەحەتییەوە،ئەلمەنسوریش وێستی شەڕیان بکات، ناردی بۆلای راهیبێك لەقولەیەکیدا خواپەرستیی دەکرد و پێیوت: ئایە هیچ زانستێکت هەیە کە پیاوێك لەم شوێنەدا شارێك دروستی بکات؟ وتی: بەڵێ، پیاوێك دروستی دەکات پێیدەوترێت:مقلاص. ئەبو جەعفەر ئەلمەنسور وتی: دەی سوێند بەخوا من (مقلاص)م.

سالّی سەد و پەنجا و پێنج

لەو سالّەدا یەزیدی کوڕی حاتەم ئەفریقیای فەتحکرد و ئەبو عاد و ئەبو حاتەم و ئەوانەی کوشت کە لەگەلّیاندا بوون، ولاّتی مەغریب سەقامگیر بوویەوە و یەزیدی کوڕی حاتەمیش رۆیشتە قەیرەوانەوە.

لەو سالّەدا ئەلمەنسور، ئەلمەهدیی کوڕی ئاڕاستە کرد بۆ بوونیاتنانی شاری ئەلڕافیقە و لەسەر شێوەی شاری بەغدا دروستی کرد، بەشەقام و بەش و دەروازە و شورا و خەندەقەکانییەوە، ئینجا رۆیشت بۆ شارەکەی خۆی.

لەو سالّەدا هەروەك موحەممەدی کوڕی عومەر باسیدەکات، ئەبو جەعفەر خەندەقی بەدەور کوفە و بەسرەدا لێ داو شورای بۆیان دروست کرد و لەپارە و سامانی خەلّکی ئەو دوو شارە، ئەوانەی دروستکرد.

سالّی سەد و پەنجا و شەش

لەو سالّەدا ئەلهەیسەمی کوڕی موعاویە هەلّسوڕێنەری کاروباری بەسرە بۆ ئەبو جەعفەر، عەمری کوڕی شەدادی هەلّسوڕێنەری کاروباری ئیبراهیمی کوڕی عبدالله لەفارس دەستگیر کرد و لەبەسرە کوشتی و هەلّیواسی.

لەو سالّەدا زوفەری کوڕی عاسیم ئەلهیلالیی پەلاماری سائیفەی دا.

حەجی ئەو سالّە لەلایەن ئەلعەباسی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلییەوە سەرپەرشتیی کرا.

سالّی سەد و پەنجا و حەوت

لەو سالّەدا ئەلمەنسور ئەو کۆشکەی خۆی دروست کرد کە لەسەر رۆخی دیجلە بوو پێیدەوترا کۆشکی ئەلخولد و دروستکردنەکەی سپاردە خزمەتکارەکەی خۆی کە ئەلڕەبیع و ئەبانی کوڕی سەدەقە بوون.

لەو سالّەدا یەحیای کوڕی ئەبو زەکەریاء ئەلموحتەسیب کوژرا.

لەو ساڵەدا ئەلمەنسور بازاڕەکانی لەشاری سەلامەوە گواستەوە باب ئەلکەرخ.

لەو ساڵەدا ئەلمەنسور، جەعفەری کوڕی سولەیمانی کردە والیی بەحرەین، ویلایەتەکەی تەواو نەکرد و سەعیدی کوڕی دەعلەجی بۆ نارد و سەعیدیش هەڵسا تەمیمی کوڕی خۆی نارد بۆ ئەوەی ببێتە والیی بەحرەین.

لەو ساڵەدا ئەلمەنسور لەشوێنی دانیشتنی لەسەر رۆخی دیجلە، چەك و ئەسپی بەسەر کەسوکارەکەیدا دابەشکرد بۆ پاسەوانێتیکردن. خۆیشی چەك و کڵاوی سپیی ئاسنینی بەست.

ساڵی سەد و پەنجا و هەشت

لەو ساڵەدا ئەلمەنسور دابەزییە ئەو کۆشکەی خۆی کە ناودەبرا بە ئەلخولد.

لەو ساڵەدا ئەلمەنسور لەئەلموسەیبی کوڕی زوهەیر تووڕە بوو، لەپۆلیسیی لایبرد و فرمانی کرد کۆت و بەند بکرێت، هۆکاری ئەوەش، ئەوە بوو ئەلموسەیب بەقامچیی ئەبانی کوڕی بەشیری کوشت بەهۆی رقەوە، هاوبەشی عەمری کوڕی زوهەیر بوو لەویلایەتی کوفە و خەراجی کوفەدا، عەمر بۆی ئەلموسەیب بوو. ئەلمەنسور هەڵسا ئەلحەکەمی کوڕی یوسفی بەرپرسی جەنگی خستە شوێن ئەلموسەیب. پاشان ئەلمەهدیی لەگەڵ ئەلمەنسوری باوکیدا قسەی کرد لەبارەی ئەلموسەیبەوە و رازیی کرد لێیخۆش بێ لەدوای ئەوەی بەندی کردبوو، ئینجا گەڕاندییەوە سەر کاری بەرپرسی پۆلیسی.

خیلافەتی ئەلمەهدی موحەممەدی کوڕی عبداللەی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عبداللەی کوڕی ئەلمەباس

لەو ساڵەدا ئیبراهیمی کوڕی یەحیای کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی، سەرپەرشتیی حەجی کرد و ئەلمەنسور ئەوەی پێ سپاردبوو.

سالّی سەد و پەنجا و نۆ

لەو سالّەدا ئەلعەباسی کوڕی موحەممەد غەزای سائیفەی ئەنجام دا تاوەکو گەیشتە ئەنکەرە. فەرماندەی پێشڕەویی سوپاکەی ئەلعەباس، ئەلحەسەن ئەلوەسیف بوو، مەوالیی بوو، ئەلمەهدیی کۆمەلّێ فەرماندەی خەلّکی خۆراسان و شوێنانی تری خستە پالّ. ئەلمەهدیی سەربازەکانی دەرکردە بەردان و لەوێدا مایەوە تاوەکو عەباسی کوڕی موحەممەد کارەکانی ئەنجام دا. لەو پەلامارانەدا ئەو شارەی فەتحکرد و سەلامەت گەڕانەوە و هیچ موسڵمانێك نەکوژرا.

لەو سالّەدا حومەیدی کوڕی قەحتەبە کوژرا، هەڵسوڕێنەری کاروباری ئەلمەهدیی بوو لەخۆراسان، ئەلمەهدیی دواتر ئەبو عەون عەبدولمەلیکی کوڕی یەزیدی خستە شوێن.

سالّی سەد و شەست

لەو سالّەدا یوسفی کوڕی ئیبراهیم کە پێیدەوترا یوسف ئەلبەرم بەخۆی و شوێنکەوتەکانییەوە لەدژی ئەلمەهدیی دەرچوو، خەلّکێکی زۆر لای کۆبوونەوە، یەزیدی کوڕی مەزید بۆی دەرچوو، شەڕێکی سەختیان کرد تاوەکو گەیشتە زۆران گرتن و یەزید دەستگیری کرد و بەقۆڵبەستراوییەوە ناردی بۆلای ئەلمەهدی، بەخۆی و گەورەکانی دەوروبەرییەوە ڕەوانەی کردن تاوەکو گەینرانە لای نەهرەوان، لەوێدا یوسف ئەلبەرم لەسەر وشترەکە ڕووی وەرگێڕدرا بۆلای کلکی وشترەکە و بەو جۆرە برایە ڕەسافەوە، برایە بەردەم ئەلمەهدی، ئەویش فرمانی کردە هەرسەمەی کوڕی ئەعیون و هەردوو دەست و هەردوو قاچی یوسفی بڕی و لەگەردنی خۆی و هاوڕێکانی دا و لەسەر پردی بەرزی دیجلە لەو دیوو سەربازگەی ئەلمەهدیی هەڵواسرا. بۆیە فرمانی کرد هەرسەمە یوسف بکوژێ، چونکە یوسف برایەکی هەرسەمەی کوشتبوو لەخۆراساندا.

سالّی سەد و شەست و یەك

لەو سالّەدا حەكیم ئەلموقەنیع لەخۆراسان لەدێیەك لەدێهاتەكانی مەرو دەرچوو، بانگەشەی گیان گۆڕكێی(تناسخ الأرواح) دەكرد. خەلّكێكی زۆری لەپێ دەركرد تاوەكو ئەوەی هێزی پەیداكرد و بەڕێكەوت بۆ ئەودیوو رووبار، ئەلمەهدیش كۆمەلّێ لەفەرماندەكانی نارد بۆ شەڕكردنی كە موعازی كوڕی موسلیمیشیان تێدا بوو، ئەوكات والیی خۆراسان بوو، هەروەها عوقبەی كوڕی موسلیم و جبرەئیلی كوڕی یەحیا و لەیسی خزمەتكاری ئەلمەهدییشی لەگەلّ بوو. پاشان ئەلمەهدی، سەعید ئەلحەرەشیی نارد بۆ شەڕكردنی و ئەو فەرماندانەشی خستەپاڵ، ئەلموقەنیعیش دەستی كردە كۆكردنەوەی خۆراك بۆ خۆ قایمكردن لەقەلاّی بەكش.

سالّی سەد و شەست و دوو

لەو سالّەدا عەبدولسەلام ئەلخاریجیی لەقینەسرین كوژرا.

لەو سالّەدا ئەلمەهدیی دیوانەكانی تەنگەژەی دامەزراند و عومەری كوڕی بەزیعی كردە ئەمیری ئەو دیوانە كە خزمەتكاری بوو، عومەریش هەلّسا ئەلنوعمانی كوڕی عوسمان ئەبو حازمی كردە بەرپرسی خەراجی عێراق.

ئیبراهیمی كوڕی جەعفەری كوڕی ئەلمەنسور سەرپەرشتیی حەجی ئەو سالّەی خەلّكی كرد.

والی و هەلّسوڕێنەرانی كاروباری ئەو سالّە، هەمان ئەوانەی سالّی پێشوو بوون، جگە لەوەی جەزیرە لەو سالّەدا خرایە دەست عەبدولسەمەدی كوڕی عەلی و تەبرستان و رویانیش بۆ سەعیدی كوڕی دەعلەج و جرجانیش بۆ موهەلهیلی كوڕی سەفوان.

سالّی سەد و شەست و سێ

لەو سالّەدا ئەلموقەنیع تیاچوو، چونکە سەعید ئەلحەرەشیی لەبەکش گەمارۆی دابوو، گەمارۆیەکەی بەسەردا سەخت هاتەوە، جا کە هەستی کرد تیاچوونی نزیکە، خۆی و ژنەکانی و کەسوکاری ژەهر خوارد کرد و هەموویان مردن، موسلّمانەکان چوونە قەلاکەوە و سەریان بڕی و ناردیان بۆ ئەلمەهدی کە لەحەلەبدا بوو.

سالّی سەد و شەست و پێنج

لەو سالّەدا هارونی کوڕی موحەممەد ئەلمەهدی، پەلاماری سائیفەی دا و باوکی بۆ ئەو کارە ئاراستەی کرد، ئەوەش وەک باسدەکرێت لەڕۆژی شەممەدا بووە کە یانزە شەو لەمانگی جەمادی دووەمدا مابوو، دەرچوو بۆ ولاّتی رۆم و ئەلڕەبیعی خزمەتکاری چووە پالّی. هارون چووە نێو ولاّتی رۆمەوە و ماجیدەی فەتحکرد و سوارەکانی نەقیتی قەومەس رووبەڕووی بوونەوە.

سالّی سەد و شەست و شەش

لەو سالّەدا هارونی کوڕی ئەلمەهدی و ئەوانەی لەگەلّیدا بوون چوونە نۆکەندی قوستەنتینییەوە، ئەوەش لەمانگی موحەڕەمدا بوو کە سیانزە شەو لەو مانگە رۆیشتبوو، رۆمەکان جیزیەیان دا، وتراوە شەست و چوار هەزار دیناری رۆمی و دوو هەزار و پێنجسەد دیناری عەرەبی بوو.

سالّی سەد و شەست و حەوت

لەو سالّەدا ئەلمەهدی، بەسوپایەکی زۆر و ئامادەوە موسای کوڕی ئاراستە کرد بۆ جرجان بۆ شەڕی وندادهرمز و شرویني فەرمانڕەوای تەبرستان. ئەلمەهدی کاتێ موسای ئامادەساز کرد، ئەبانی کوڕی سەدەقەی کردە بەرپرسی نامە و موحەممەدی کوڕی جەمیلیشی کردە فەرماندەی سەربازەکان و نوفەیعی خزمەتکاری ئەلمەنسوریشی کردە بەرپرسی دەرگاوانەکانی و عەلی کوڕی عیسای کوڕی ماهانیشی کردە بەرپرسی

پاسەوانەکانی و عبداللەی کوڕی خازمیشی کردە بەرپرسی پۆلیسەکانی. موسا، سەربازەکانی نارده سەر وانداهرمز و شروین و یەزیدی کوڕی مەزیدی کرده فەرماندەی سوپاکە و هەردووکیانیان گەمارۆ دا.

لەو ساڵەدا ئەلمەهدی دەستی کرده دەستگیرکردنی زەندیقەکان و لەهەموو لایەکدا بەدواياندا دەگەڕا و دەیکوشتن، عومەر ئەلکلوازیی سەرپەرشتیی زەندیقەکانی دەکرد. بەند کرا و پاشان لەبەندیخانە هەڵهات.

ساڵی سەد و شەست و هەشت

لەو ساڵەدا رۆمەکان لەپەیمانی نێوان خۆیان و هارونی کوڕی مەهدیی هەڵگەڕانەوە. لەماوەی سەرەتای رێکەوتنەکە تاوەکو کاتی پەشیمان بوونەوەیان، سی و دوو مانگ هەبوو، بۆیە عەلی کوڕی سولەیمان کە ئەوکات والیی جەزیرە و قینەسرین بوو، یەزیدی کوڕی بەدری کوڕی ئەلبەتالی بەسریەیەکەوە نارده خاکی رۆم و بەدەسکەوتی زۆرەوە گەڕایەوە.

لەو ساڵەدا ئەلمەهدی، بەچل هەزار پیاوەوە سەعید ئەلحەرەشیی نارده تەبرستان.

لەو ساڵەدا عومەر ئەلکوازیی گەورەی زەندیقەکان مرد و حەمدەویهیی جێگەی گرتەوە کە موحەممەدی کوڕی عیسا و لەخەڵکی میسان بوو.

لەو ساڵەدا ئەلمەهدیی لەبەغدا زەندیقەکانی کوشت.

ئەو کەسەی ئەو ساڵە سەرپەرشتیی حەجی خەڵکی کرد، عەلی کوڕی موحەممەد ئەلمەهدیی بوو کە پێیدەوترا ئیبن رەیتە.

ساڵی سەد و شەست و نۆ

لەو ساڵەدا یەزیدی کوڕی حاتەم لەئەفریقیادا مرد و لەدوای خۆی روحی کوڕی حاتەم جێگەی گرتەوە، هەر لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی مەروانی کوڕی موحەممەد لەئەلمەتبەق مرد.

خیلافەتی هارون ئەلڕەشید

لەو ساڵە و لەشەوی جومعە لەو شەوەی موسا ئەلهادیی بـرای هـارون ئەلڕەشـید مـرد، بەیعەتی خیلافەت بـەهارونی کـوڕی موحەممـەدی کـوڕی عبداللـەی کـوڕی موحەممـەدی کوڕی عەلی کوڕی عبداللەی کوڕی ئەلعەباس درا، ئەو کاتەی بەیعەتی پـێ درا، بیسـت و دوو ساڵ تەمەنی بوو، وتراوە: ئـەو رۆژەی بەیعـەتی خیلافـەتی پـێ درا، بیسـت و یـەك سالآن بووە.

ساڵی سەد و حەفتا و یەك

لەو ساڵەدا ئەبو ئەلعەباس ئەلفەزڵی کوڕی سـولەیمان ئەلتوسـیی لەخۆراسـانەوە هاتـە بەغدا. ئەوکاتەی ئەو هات، مـۆری خیلافـەت لای جەعفـەری کـوڕی موحەممـەدی کـوڕی ئەلئەشعەس بوو، بەڵام کاتێ ئەبو ئەلعەباس ئەلتوسیی هات، ئەلڕەشید لێـی وەرگـرت و دایە ئەبو ئەلعەباس، ماوەیەکی کەمی بەسەردا رۆیشت ئەبو ئەلعەباس کۆچی دوایی کرد و مۆرەکە خرایە لای یەحیای کوڕی خالید و دوو وەزارەت بۆ یەحیا کۆبوویەوە.

لەو ساڵەدا هارون، ئەبو هورەیرە موحەممەدی کوڕی فروخی کوشت کە والیی جەزیرە بوو. هارون، ئەبو حەنیفەی کوڕی قەیسی لـەدژ نارد،ئـەویش گرتـی و هێنـای بـۆ شـاری ئەلسەلام و لەکۆشکی ئەلخولد لەگەردنی دا.

ساڵی سەد و حەفتا و دوو

لەو ساڵەدا ئەلڕەشید رۆیشتە مرج ئەلقەلعە.

ساڵی سەد و حەفتا و سێ

لەو ساڵە و لەمانگی جەمادی دووەمدا کە چەند شەوێك لەو مانگە مابوو، موحەممـەدی کوڕی سولەیمان لەبەسرە کۆچی دوایی کرد.

ئـەو سـاڵە هـارون حـەجی بەخـەڵکیی کـرد، دەوتـرێ بەنییـەتی ئیحرامـەوە لەشـاری ئەلسەلامەوە دەرچووە.

سالّی سەد و حەفتا و چوار

لەو سالّەدا کێشەی دەمارگیریی لەشامدا رووی دا. لەو سالّەدا هارون، ئیسحاقی کوڕی ئیسماعیلی کردە ئەمیری سند و مەکران. لەو سالّەدا روحی کوڕی حاتەم مرد.

لەو سالّەدا هارون ئەلڕەشید حەجی بەخەڵکیی کرد، سەرەتا بەمەدینەدا دەستیپێکرد و پارەیەکی زۆری بەسەر خەڵکی مەدینەدا دابەشکرد. لەو سالّەدا پەتایەك لەمەککەدا بلاّوبوویەوە و وەهای کرد هارون درەنگێ بچێتە ئەو شارەوە و لەڕۆژی تەرویەدا چووە مەککەوە و تەواف و سەعی کرد و لەمەککە دانەبەزی.

سالّی سەد و حەفتا و پێنج

لەو سالّەدا ئەلڕەشید لەشاری ئەلسەلامدا بۆ دوای خۆی شازادەی جێنشینی دیاریی کرد کە موحەممەدی کوڕی بوو، لەفەرماندە و سەربازان بەیعەتی بۆ وەرگرت و ناوی لێنا ئەلئەمین کە ئەوکات تەمەنی پێنج ڕۆژە بوو. هۆکاری ئەو کارەی، ئەوەیە کە ڕوحی خزمەتکاری ئەلفەزڵی کوڕی یەحیای کوڕی خالید باسیدەکات بەوەی بینی عیسای کوڕی جەعفەر ڕۆیشت بۆلای ئەلفەزڵی کوڕی یەحیا و وتی: بەخوا سوێندت دەدەم بەڵکو کار بکەی بەیعەت بەخوشکەزاکەم بدرێت واتا موحەممەدی کوڕی زوبەیدەی کچی جەعفەری کوڕی ئەلمەنسور، ئەوە کوڕی خۆتە و خیلافەتەکەشی بۆ تۆیە. ئەویش بەڵێنی پێ دا هەوڵی بۆ بدات و بۆ ئەوە دەستی کردە کارکردن. کۆمەڵێکی تری عەباسییەکانیش ملیان درێژ کردبوو تاوەکو دوای هارون ئەلڕەشید خۆیان ببنە خەلیفە، چونکە هارون کوڕی نەبوو جێگەی بگرێتەوە، جا کاتێك ئەو منداڵەی هاتە دونیاوە و بەیعەتی بۆ وەرگرت، بەهۆی ئەوەی منداڵ بوو، ئەو کارەیان پێ پەسەند نەبوو.

سالّی سەد و حەفتا و شەش

لەو سالّەدا ئەلڕەشید، ئەلفەزڵی کوڕی یەحیای کردە ئەمیری کور و تەبرستان و دنباوەند و قومس و ئەرمینیە و ئازەربێجان.

لەو ساڵەدا یەحیای کوڕی عبداللەی کوڕی حەسەنی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب لەدەیلەم دەرکەوت.

ساڵی سەد و حەفتا و حەوت

لەو ساڵەدا وەک باسدەکرێت، ئەلڕەشید هەڵسا بەلابردنی جەعفەری کوڕی یەحیا لەویلایەتی میسر و ئیسحاقی کوڕی سولەیمانی لەوێدا کردە والی. حەمزەی کوڕی مالیکی لەویلایەتی خۆراسان لابرد و ئەلفەزڵی کوڕی یەحیای کردە والیی ئەو شوێنە و ناوچەکانی رەی و سجستان. لەو ساڵەدا عەبدولڕەزاقی کوڕی عەبدولحەمید ئەلتەغەلوبیی غەزای سائیفەی ئەنجام دا.

واقیدیی باسیکردووە، لەو ساڵە و لەشەوی یەکشەممە کە چوار رۆژ لەمانگی موحەڕەم مابوو، بای تووند و تاریکی و سوورایییەکی توند لەدونیادا بلاوبوویەوە، پاشان لەشەوی چوارشەممەدا کە دوو شەو لەمانگی موحەڕەمی ئەو ساڵەدا مابوو، تاریکاییەکی زۆر باڵی کێشابوو، پاشان لەشەوی جومعەدا کە شەوێک لەمانگی سەفەر تێپەڕیبوو، بای تووند و تاریکایی سەخت باڵی کێشابوو.

هارون ئەلڕەشید حەجی ئەو ساڵەی خەڵکی سەرپەرشتیی کرد.

ساڵی سەد و حەفتا و هەشت

لەو ساڵەدا حوفییەکان لەمیسر لەقەیس و قوزاعە و ئەوانی تر لەدژ هەڵسوڕێنەری کاروبارەکانی ئەلڕەشید راپەڕین کە ئیسحاقی کوڕی سولەیمان بوو، ئیسحاقیان کوشت، ئەلڕەشید یەکێک لەگەورە فەرماندەکانی خۆی ناردە سەریان، کە هەرسەمەی کوڕی ئەعیون بوو تاوەکو خەڵکی حوفی ملکەچ کرد بێنە ژێر بار و ئەو ئەرکە بەجێبگەیەنن کە سوڵتان خستبوویە سەریان.

هەرسەمە هەڵسوڕێنەری کاروباری فەڵەستین بوو بۆ ئەلڕەشید، جا کاتێك کێشەی حوفییەکان کۆتاییهات، نزیکەی مانگێك هەرسەمە ویلایەتی میسری بەڕێوەبرد، پاشان ئەلڕەشید هەڵسا عەبدولمەلیکی کوڕی سالّحی کردە والی.

سالّی سەد و حەفتا و نۆ

لەو ساڵەدا ئەلفەزڵی کوڕی یەحیا لەویلایەتی خۆراسان ڕۆیشت و عەمری کوڕی شەرحەبیلی لەدوای خۆی بەجێهێشت.

لەو ساڵەدا ئەلڕەشید، مەنسوری کوڕی یەزیدی کوڕی مەنسور ئەلحیمیەریی کردە والیی خۆراسان، لەو ساڵەدا حەمزەی کوڕی ئەتروك ئەلسجستانیی پەلاماری خۆراسانی دا.

لەو ساڵەدا ئەلڕەشید، موحەممەدی کوڕی خالیدی کوڕی بەرمەکی لەبەرپرسیارێتیی دەرگاوانیی لابرد و ئەلفەزڵی کوڕی ئەلڕەبیعی بۆ ئەو کارە ڕاسپارد.

سالّی سەد و هەشتا

لەو ساڵەدا ئەو دەمارگیرییە دەرکەوت کە خەڵکی شامی بەیەکترەوە سەرقاڵ و داخ کرد.

لەو ساڵەدا موسای کوڕی عیسای کوڕی موسای کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی حەجی بەخەڵکیی کرد.

سالّی سەد و هەشتا و یەك

لەو ساڵەدا ئەلڕەشید لەخاکی ڕۆمدا غەزای ئەنجام دا، بەزەبری هێز قەڵای ئەلسەفساف فەتحکرد.

سالّی سەد و هەشتا و دوو

لەو سالّەدا ئەلڕەشید لەمەککەوە رۆیشت بۆ رقە و بەیعەتی بۆ کوڕەکەی وەرگرت کە عبدالله ئەلمەئمون بوو بۆ دوای موحەممەد ئەلئەمینی کوڕی. لەسەربازانی رقە بەیعەتی وەرگرت و لەوێوە بەکەسوکارییەوە کە جەعفەری کوڕی ئەبو جەعفەر ئەلمەنسور و عەبدولمەلیکی کوڕی سالّح بوو گەڕایەوە شاری ئەلسەلام، لەفەرماندەکانیشی عەلی کوڕی عیسای لەگەڵدا بوو، لەشاری ئەلسەلامدا بەیعەتی بۆ وەرگرت کاتێ باوکی کردیە والیی خۆراسان تاوەکو هەمەزان و باوکی ناوی لێنا ئەلمەئمون.

سالّی سەد و هەشتا و سێ

لەو سالّەدا بەهۆی کچی خاقانەوە،خەزەرەکان دەرچوون، لەباب ئەلئەبواب دەرچوون و لەوێدا زیانیان بەموسلّمانان و ئەهلی زیممە دا و کۆمەڵێ ئافرەتیان برد. وەک دەوترێت زیاتر لەسەد هەزار کەس بوون، بۆیە ئەتکێکی گەورە و زیانێکی گەورەیان دا کە لەئیسلامدا نمونەی نەبیسترابوو،بۆیە ئەلڕەشید هەڵسا یەزیدی کوڕی مەزیدی کردە والیی ئازەربێجان و بەسەربازەوە هاوکاریی کرد، خوزەیمەی کوڕی خازم دابەزییە نەسیبین بۆ پاراستنی خەڵکی ئەرمینیا. شتی تر ئەوترێ لەبابەت ئەوەی خەزەرەکان دابەزینە ئەرمینیا،ئەویش ئەوەیە کە موحەممەدی کوڕی عبدالله باسی دەکات کە باوکی بۆی باسکردووە، خەزەرەکان لەسەردەمی هارونەوە چوونە ئەرمینیاوە، لەبەر ئەوەی سەعیدی کوڕی سەلم بەتەور لەگەردنی ئەلمونجەم ئەلسولەمیی دا، کوڕی کوژراو چووە ولاّتی خەزەرەوە و هانی دان دژی سەعید، ئەویش لەو کەلێنەی هەیبوو هاتنە ئەرمینیاوە، سەعید شکا و ئەتکی ئافرەتانی موسلّمانانیان کرد، ماوەیەک تیایدا مانەوە وا گومان دەکەم حەفتا رۆژ بوو، بۆیە هارونیش هەڵسا خوزەیمەی کوڕی خازم و یەزیدی کوڕی مەزیدی نارده ئەرمینیا و هەموو ئەوانەیان چاککردەوە کە سەعید خراپی کردبوو، خەزەرەکانیان دەرکرد و کەلێنەکەیان داخست.

سالّی سەد و هەشتا و چوار

لەو سالّە و لەجەمادی یەکەمدا هارون ئەلڕەشید گەیشتەوە شاری ئەلسەلام کە لەبەرقەوە هاتبوو، لەفوراتەوە بەبەلەم گەیشت.

سالّی سەد و هەشتا و پێنج

لەو سالّەدا خەلّکی تەبرستان، مەهرویە ئەلڕازیی والیی تەبرستانیان کوشت، ئەلڕەشیدیش عبداللەی کوڕی سەعید ئەلحەرەشیی خستە شوێن.

سالّی سەد و هەشتا و شەش

لەو سالّەدا عەلی کوڕی عیسای کوڕی ماهان لەمەروە دەرچوو بۆ نسا بۆ شەڕی ئەبو ئەلخەسیب، لەوێدا کوشتی و ژن و منداڵەکانی برد و لەخۆراساندا سەقامگیر بوو.

لەو سالّەدا ئەلڕەشید هەڵسا بەبەندکردنی سەمامەی کوڕی ئەشرەف لەبەر درۆکردنی لەبارەی ئەحمەدی کوڕی عیسای کوڕی یەزیدەوە.

لەو سالّەدا جەعفەری کوڕی ئەبو جەعفەر ئەلمەنسور لای هەرسەمە کۆچی دوایی کرد، ئەلعەباسی کوڕی موحەممەدیش لەبەغدا کۆچی دوایی کرد.

سالّی سەد و هەشتا و حەوت

لەو سالّەدا ئەلڕەشید، جەعفەری کوڕی یەحیای کوڕی خالیدی کوشت و بەرمەکییەکانی لەنێوبرد.

سالّی سەد و هەشت

لەو سالّەدا ئیبراهیمی کوڕی جبرەئیل غەزای سائیفەی ئەنجام دا و لەڕێگەی ئەلسەفسافەوە رۆیشتە خاکی رۆمەوە و دەرچوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی نقفوز، بەلاّم شتێ رووی دا و ناچاربوو بگەڕێتەوە. بەلای کۆمەلّێك لەموسلّمانان تێپەڕبوو، سێ

بریندارییی لێ دروست بوو، شکا، وەك دەوترێت نزیکەی چل هەزار و حەوسەد کەسی لەڕۆمەکان کوشت، چوار هەزار ولاّخی دەستکەوت.

سالّی سەد و هەشتا و نۆ

لەو سالّەدا هارون ئەلڕەشیدی ئەمیری ئیمانداران ڕۆیشت بۆ ئەلڕەی.

لەو سالّەدا ئالّوگۆڕی دیلی نێوان موسلّمانان و ڕۆم کرا، لەخاکی ڕۆمدا موسلّمانێکی دیلکراو نەمایەوە.

لەو سالّەدا ئەلعەباسی کوڕی موسای کوڕی عیسای کوڕی موسا حەجی بەخەلّکیی کرد.

سالّی سەد و نەوەد

لەو سالّەدا رافیعی کوڕی لەیسی کوڕی نەسری کوڕی سەییار لەسەمەرقەند دژ بەهارون دەرچوو، داوای دەکرد واز لەخەلیفایەتیی بهێنێ و لەگوێڕایەلّیی دەرچوو.

سالّی سەد و نەوەد و یەك

لەو سالّەدا کەسێکی خەواریج بەناوی سەروانی کوڕی سەیف لەناوچەی حولایا دەرچوو و بەخاکی ڕەشدا دەسووڕایەوە، تەوقی کوڕی مالیك بۆی دەرچوو، تەوق ئەوی دۆڕاند و بریندارێ کرد و تەواوی شوێنکەوتەکانیشی کوشت، وەهای گومان کرد کە سەروانی کوشتووە، بۆیە هەوالّی فەتحی نووسی. سەروان بەبریندارییی هەلّهات.

لەو سالّەدا ئەبو ئەلنیداء لەشام دەرچوو،بۆیە ئەلڕەشید، یەحیای کوڕی موعازی نارد بۆ دەستگیرکردنی، دەسەلاّتی شامی پێ دا. لەو سالّەدا ئەلڕەشید فرمانی دا کلّێسەکانی سەر سنوور بڕوخێنرێت، نامەی بۆ ئەلسندیی کوڕی شاهك نارد و فرمانی پێکرد ئەهلی زیممەی شاری ئەلسەلام دەستگیر بکات لەبەر ئەوەی لەبەرگ و سواربیدا خۆیان لەموسلّمانان جیاواز ناکەن.

سالّی سەد و نەوەد و دوو

لەو سالّەدا لەنێوان موسڵمانان و رۆمدا ئالّوگۆڕی دیلکرا، لەلایەن موسڵمانانەوە لەسەر دەستی سابتی کوڕی نەسری کوڕی مالیك ئەنجام درا.

لەو سالّەدا ئەلڕەشید نەخۆشکەوت و لەڕقەوە گەڕایەوە بەغدا و نەیتوانی بچێ بۆ خۆراسان.

سالّی سەد و نەوەد و سێ

لەو سالّە و لەمانگی موحەڕەمدا ئەلفەزلّی کوڕی یەحیای کوڕی خالیدی کوڕی بەرمەك لەبەندیخانە لەڕقە کۆچی دوایی کرد، پێنج مانگ پێش کۆچی هارون ئەلڕەشید و لەتەمەنی چل و پێنج سالّییدا کۆچی کرد. خەڵکێکی زۆر بۆی بەداخ بوون، براکانی و خەڵکییش نوێژیان لەسەر کرد.

لەو سالّەدا هارون ئەلڕەشید کۆچی دوایی کرد.

خیلافەتی ئەلئەمین

لەو سالّەدا و لەسەربازگەی ئەلڕەشییدا بەیعەتی خیلافەت بەموحەممەد ئەلئەمینی کوڕی هارون درا، ئەو رۆژگارە عبداللەی کوڕی هارون ئەلمەئمون لەمەرو بوو.

لەو سالّەدا ناکۆکی لەنێوان ئەلئەمین موحەممەد و مەئمونی بۆ دەستپێکرد و پێچەوانەی ئەو نووسراوە کاریان دەکرد کە باوکیان لەنێوانیاندا نووسیبووی.

لەو سالّەدا داوودی کوڕی عیسای کوڕی موسای کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کە والیی مەککە بوو، حەجی بەخەڵکیی کرد.

سالّی سەد و نەوەد و چوار

لەو سالّەدا موحەممەد فرمانی کرد لەسەر مینبەرەوە دوعا بۆ موسای کوڕی بکرێت.

لەو سالّەدا موحەممەد ئەلئەمین و عبداللە ئەلمەئمون دژ بەیەك پیلانیان دەگێڕا و عاجزییان کەوتە نێوانەوە.

لەو ساڵە و لەمانگی ڕەبیعی یەکەمدا موحەممەدی کوڕی هارون پەیمانی بۆ موسای کوڕی وەرگرت بۆ دوای خۆی و بەرپرسیارێتیی کارەکانیشی هەموو خستە دەست عەلی کوڕی عیسای کوڕی ماهان و، موحەممەدی کوڕی عیسای کوڕی نەهیکی کردە بەپرسی پۆلیس و عوسمانی کوڕی عیسای کوڕی نەهیکی کردە بەرپرسی پاسەوانەکانی، عبداللەی کوڕی عوبەیدەش بەبەرپرسی خەراج و عەلی کوڕی ساڵحی بەرپرسی شوێنی نوێژی کردە بەرپرسی دیوانی نامەکان.

ساڵی سەد و نەوەد و پێنج

لەو ساڵەدا موحەممەدی کوڕی هارون وێستی ئەو دینار و درهەمانە لەبازاڕ بخات کە ناوی براکەیان هەڵگرتبوو(عبدالله ئەلمەئمون) لەخۆراساندا.

ئەلئەمین قەدەغەی کرد لەسەر مینبەرەکانەوە دوعا بۆ ئەلمەئمون و ئەلقاسم بکرێت، فرمانی دا تەنیا دوعا بۆ خۆی و موسای کوڕی بکرێت کە جێنشینی بوو، ئەوەش لەمانگی سەفەری ئەو ساڵەدا بوو، ئەوکات موسای کوڕی منداڵێکی بچووک بوو ناوی لێنا(الناطق بالحق–حەقبێژ).

ساڵی سەد و نەوەد و شەش

لەو ساڵەدا موحەممەدی کوڕی هارون، ئەسەدی کوڕی یەزیدی کوڕی مەزیدی بەندکرد و ئەحمەدی کوڕی مەزید و عبداللەی کوڕی حومەیدی کوڕی قەحتەبەشی نارد بۆ حەلوان بۆ شەڕی تاهیر.

لەو ساڵەدا ئەلمەئمون پایە و پێگەی ئەلفەزڵی کوڕی سەهلی بەرزکردەوە.

ساڵی سەد و نەوەد و حەوت

لەو ساڵەدا ئەلقاسمی کوڕی هارون ئەلڕەشید و مەنسور ئەلمەهدیی پەیوەندییان کردە ئەلمەئمونەوە لەعێراقدا، ئەویش ئەلقاسمی ڕەوانەی جرجان کرد و لەو ساڵەدا تاهیر و

هەرسەمە و زوهەیری کوڕی ئەلموسەیب لەبەغدا گەمارۆی موحەممەدی کوڕی هارونیان دا.

لەو ساڵەدا تاهیر هەڵسا بەبڵاوەپێکردنی فەرماندەکانی لەدەوروبەری بەغدا. ئەلعەلائی کوڕی ئەلوەزاح ئەلئەزدیی بەشوێنکەوتەکانی و ئەو وەزاحییانەی پەیوەندییان پێوەی کرد بوو لەئەلمەحول ئەلکەبیر دانا، نوعەیمی کوڕی ئەلوەزاحی بڕای و بەو تورك و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لەڕۆخی ئەلسوڕات بلاوەپێکرد، بۆ چەند مانگێك شەڕ بەردەوام بوو،هەردوولا خۆڕاگرانە جەنگان و لەو شەڕەدا زۆرێك لەشوێنکەوتەکانی موحەممەد کوژران.

ساڵی سەد و نەوەد و هەشت

لەو ساڵەدا ناکۆکیی کەوتە نێوان خوزەیمەی کوڕی خازم و موحەممەدی کوڕی هارون، لەموحەممەدی کوڕی هارون جیابوویەوە و چووبە پاڵ تاهیری کوڕی ئەلحوسێن و هەرسەمەش هاتە لاشانی ڕۆژهەلاتەوە.

خیلافەتی ئەلمەئمونی کوڕی هارون

لەو ساڵەدا جەنگی نێوان موحەممەد و عبداللەی کوڕانی هارون ئەلڕەشید کۆتاییهات و خەڵکیی لەڕۆژهەلات و عێراق و حیجازدا گوێڕایەڵیی خۆیان بۆ عبدالله ئەلمەئمونی کوڕی هارون ئەلڕەشید دەربڕی.

ساڵی سەد و نەوەد و نۆ

لەو ساڵەدا ئەلحەسەنی کوڕی سەهل لەبەغداوە لەلایەن ئەلمەئمونەوە هات و ئەمیر و هەڵسوڕاوانی لەناوچەکاندا بلاوە پێکرد.

لەو ساڵە و لەجەمادی یەکەمدا تاهیر ڕۆیشت بۆ ڕقە و عیسای کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەبو خالیدی لەگەڵدا بوو، هەر لەو ساڵەدا هەرسەمە ڕۆیشت بۆ خۆراسان.

سالّی دووسەد

لەو سالّەدا ئەبو ئەلسەرایا لەکوفە هەلّهات و هەرسەمە چووە کوفەوە. لەو سالّەدا ئەبو ئیسحاقی کوڕی ئەلڕەشید حەجی بەخەلّکیی کرد.

سالّی دووسەد و یەک

لەو سالّەدا خەلّکی بەغدا مەنسوری کوڕی ئەلمەهدییان هەلّنا ببێتە خەلیفە، بەلاّم کاتێ ئەوەی رەتکردەوە، داوایان لێکرد مەئمون خەلیفە نەبێت، ئەوەی قبولّکرد.

لەو سالّەدا خەلّکی بەغدا بەیعەتی خیلافەتیان بەئیبراهیمی کوڕی ئەلمەهدیی دا و مەئمونیان لەخەلیفایەتیی لابرد.

لەو سالّەدا ئیسحاقی کوڕی موسای کوڕی عیسای کوڕی موسای کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی حەجی بەخەلّکیی کرد.

سالّی دووسەد و دوو

لەو سالّەدا خەلّکی بەغدا بەیعەتی خیلافەتیان بەئیبراهیمی کوڕی ئەلمەهدیی دا و ناویان لێنا ئەلموبارەك(پیرۆز). وتراوە: لەیەکەم رۆژی موحەڕەمدا بەیعەتی خیلافەتیان پێکرد و ئەلمەئمونیان لەخەلیفایەتیی لابرد. ئیبراهیم چووە سەر مینبەر و یەکەمین کەسێك کە بەیعەتی پێ دا، عوبەیدوللەی کوڕی ئەلعەباسی کوڕی موحەممەد ئەلهاشمیی بوو، پاشان مەنسوری کوڕی ئەلمەهدی و پاشان تەواوی نەوەی هاشم و پاشان فەرماندەکان. ئەو کەسەی سەرپەرشتیی وەرگرتنی بەیعەتی دەکرد، ئەلموتەلّیبی کوڕی عبداللەی کوڕی مالیك بوو،ئەو بوو هەولّی ئەوەی دا. ئەلسندی و سالّحی بەرپرسی موسەلاّ و منجاب و نەسیر ئەلوەسیف و تەواوی خزمەتکارەکان(مەوالی) سەرپەرشتییان دەکرد. ئەوانە هەموویان سەرۆك و فەرماندە بوون، ئەوەیان کرد لەڕقی ئەلمەئموندا کاتێ ویستی خیلافەت لەدەست کوڕانی عەباس دەربکات و بیخاتە دەست کوڕانی عەلی و دەستبەرداری پۆشاکی رەشی باوباپیرانی بوو، پۆشاکی سەوزی دەپۆشی.

کە لەبەیەتدان بوویەوە، بەڵێنی بەسەربازان دا خۆراکی شەش مانگیان پێ بدات، کە ئەوەی پێ دا و بینییان چی لا هەیە، ڕژان بەسەریدا و زۆریان بۆ هێنا تاوەکو هەریەکە و دوو سەد درهەمی پێدان. بەهەر شوێنێکدا تێدەپەڕین تالأنیان دەکرد، تەواوی نسێبینییان برد. ئیبراهیم لەگەڵ خەڵکی بەغدایا زاڵبوون بەسەر خەڵکی کوفە و تەواوی زەویی ڕەشدا، لەمەدائین سەربازگەیان کردەوە، ئەلعەباسی کوڕی موسا ئەلهادیی بووە بەرپرسی لایەنی ڕۆژهەلأتی بەغدا و ئیسحاقی کوڕی موسا ئەلهادیی بووە بەرپرسی ڕووی ڕۆژئاوا.

ساڵی دووسەد و سێ

لەو ساڵەدا عەلی کوڕی موسای کوڕی جەعفەر کۆچی دوایی کرد.

لەو ساڵەدا ئەلمەئمون لەتوس ڕۆیشت بۆ چوونە بەغدا.

لەو ساڵەدا ئەلسەوداء بەسەر ئەلحەسەنی کوڕی سەهلدا زاڵبوو،لەهۆکاری ئەوەدا ئەوتریێ، ئەلحەسەن نەخۆشییەکی سەختی گرت و بەهۆیەوە عەقڵی لەدەست دا و بەئاسن کۆت و بەندکرا لەماڵێکدا. فەرماندەکانی ئەلحەسەن ئەو هەواڵیان بۆ ئەلمەئمون نووسی، وەلأمی ئەلمەئمونیشیان پێگەیشت بەوەی دینناری کوڕی عبداللە گەورەی سەربازەکانی بێت و پێیان بڵێت بەدوای ئەو نوسراوەدا دێتەلایان.

لەو ساڵەدا ئیبراهیمی کوڕی ئەلمەهدی، لەعیسای کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەبو خالیدی دا و بەندی کرد.

ساڵی دووسەد و چوار

لەو ساڵەدا ئەلمەئمون هاتە بەغدا و هۆکارەکانی ئاژاوەی بەغدا کۆتاییپێهات.

سالّی دووسەد و پێنج

لەو سالّەدا ئەلمەئمون، تاهیری کوڕی ئەلحوسێنی کردە بەرپرسی شاری ئەلسەلام تاوەکو ئەوپەڕی رۆژهەلاّت. پێش ئەوەش کردبوویە والیی جەزیرە و پۆلیس و هەردوولای بەغدا.

لەو سالّەدا ئەلمەئمون، عیسای کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەبو خالیدی کردە ئەمیری ئەرمینیا و ئازەربێجان و شەڕکردنی بابەك.

لەو سالّەدا ئەلسسڕیی کوڕی ئەلحەکەم لەمیسر مرد کە والیی ئەوێ بوو.

لەو سالّەدا عوبەیدواللەی کوڕی ئەلحەسەن کە والیی هەردوو حەرەم بوو، سەرپەرشتیی حەجی ئەو سالّەی کرد.

سالّی دووسەد و شەش

لەو سالّەدا ئەلمەئمون، داوودی کوڕی متسجوری کردە ئەمیری شەپی ئەلزەت و کارەکانی بەسرە و دێهاتەکانی دیجلە و یەمامە و بەحرەین.

لەو سالّەدا ئەو لافاوە رووی دا کە خاکی رەش و کەسکەر و قەتیعەی ئوم جەعفەر و ئەلعەباسی نوقم کرد و زۆرێك خەڵکی کوشت.

لەو سالەدا ئەلمەئمون، عبداللەی کوڕی تاهیری کردە ئەمیری رقە بۆ شەپی نەسری کوڕی شەبەس و مەزەپ.

لەو سالّەدا عوبەیدواللەی کوڕی ئەلحەسەن کە والیی حەرەمەین بوو، حەجی ئەو سالّەی بەڕێوەبرد.

سالّی دووسەد و حەوت

لەو سالّەدا عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عبداللەی کوڕی موحەممەدی کوڕی عومەری کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالّیب لەولاّتی عەك لەیەمەن دەرچوو، دەستی کردە بانگەوازکردن بۆ ئەلڕەزا لەبنەماڵّەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم).

لەو ساڵەدا تاهیری کوڕی ئەلحوسێن کۆچی دوایی کرد.

ئەبو عیسای کوڕی ئەلڕەشید سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

ساڵی دووسەد و هەشت

لەو ساڵەدا ئەلحەسەنی کوڕی ئەلحوسێنی کوڕی موسعەب لەخۆراسانەوە دەرچوو بۆ کرمان و لەوێدا سەنگەری گرت، ئەحمەدی کوڕی خالید بۆی دەرچوو تاوەکو لێی وەرگرتەوە و هێنای بۆلای ئەلمەئمون و ئەلمەئمونیش لێی خۆش بوو.

ئەلمەئمون لەو ساڵە و لەمانگی موحەڕەمدا موحەممەدی کوڕی عەبدولڕەحمان ئەلمەخزومیی کردە دادوەری سەربازگەی ئەلمەهدی.

لەو ساڵەدا موحەممەدی کوڕی سەماعە ئەلقازیی لەدادوەرییکردن بەخشی و ئیسماعیلی کوڕی حەمادی کوڕی ئەبو حەنیفەی خستە شوێن.

ساڵحی کوڕی ئەلڕەشید سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

ساڵی دووسەد و نۆ

لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی تاهیر هەڵسا بەگەمارۆدانی نەسری کوڕی شەبەس و گەمارۆی دا، بەجۆرێ تەنگی پێهەڵچنی کە داوای سەلامەتیی کرد.

لەو ساڵەدا ساڵحی کوڕی ئەلعەباسی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی والیی مەککە بوو، حەجی ئەو ساڵەی بەخەڵکیی ئەنجام دا.

ساڵی دووسەد و دە

لەو ساڵەدا نەسری کوڕی شەبەس گەیشتە بەغدا و عبداللەی کوڕی تاهیر ئاراستەی کردبوو بۆلای، رۆژی دووشەممە کە حەوت رۆژ لەمانگی سەفەر تێپەڕببوو، هاتە بەغداوە. دابەزێنرایە شاری ئەبو جەعفەر و کەسێکی راسپارد بیپارێزێ.

لەو ساڵەدا ئەلمەئمون، ئیبراهیمی کوڕی عائیشەی کوشت و هەڵیواسی.

لەو ساڵە و لەمانگی رەمەزاندا ئەلمەئمون، بورانی کچی ئەلحەسەنی کوڕی سەهلی گواستەوە.

ساڵی دووسەد و یانزە

لەو ساڵەدا عوبەیدوواللەی کوڕی ئەلسسرپیی بەگەیاندنی سەلامەتیی دەرچوو بۆلای عبداللەی کوڕی تاهیر، عبداللەی کوڕی تاهیریش هاتە میسرەوە. وتراوە ئەوە لەساڵی دووسەد و دە بووە.

ساڵی دووسەد و دوانزە

لەو ساڵەدا ئەلمەئمون هەڵسا بەناردنی موحەممەدی کوڕی حەمید ئەلتوسی بۆ سەر بابەک بۆ شەڕکردنی لەسەر رێگەی موسڵ و ئەلمەئمونیش یارمەتیی دا بەکۆمەڵێ فەرماندە لەئازەربێجان.

عبداللەی کوڕی عبداللەی کوڕی ئەلعەباسی کوڕی موحەممەد سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

ساڵی دووسەد و سیانزە

لەو ساڵەدا عەبدولسەلام و ئیبن جەلیس لەدەسەلآتی میسر لابران.

لەو ساڵەدا ئەلمەئمون هەڵسا ئەبو ئیسحاقی بۆ شەڕکردنی لەسەر رێگەی موسڵ و ئەلمەئمونیش یارمەتیی دا بەکۆمەڵێ فەرماندە لەئازەربێجان.

عبداللەی کوڕی عبداللەی کوڕی ئەلعەباسی کوڕی موحەممەد سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

ساڵی دووسەد و چواردە

لەو ساڵەدا موحەممەدی کوڕی حەمید ئەلتووسیی لەلایەن بابەکەوە لەبەهەشتادسر کوژرا لەڕۆژی شەممە کە پێنج ڕۆژ لەمانگی ڕەبیعی یەکەم مابوو. زۆرێک لەو سەربازانەشی کە لەگەڵیدابوون، کوژران.

سالّی دووسەد و پازدە

لەو سالّەدا ئەلمەئمون لەشاری ئەلسەلامەوە دەرچوو بۆ شەڕی رۆم، ئەوەش لەڕۆژی شەممەدا بوو، وتراوە سێ رۆژ لەمانگی موحەڕەم مابوو دەرچوو، ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی موسعەبی بەسەرپەرشتیاری دوای خۆی بەجێهێشت و لەگەڵ بەغدایا سەرپەرشتیی خاکی رەش و حەلوان و دێهاتەکانی دیجلەشی گرتە ئەستۆ. کاتێک ئەلمەئمون گەیشتە تکریت،لەمانگی سەفەری شەوی جومعەی ئەو سالّەدا موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی موسای کوڕی جەعفەری کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی ئەلحوسێنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالّیب(بەڕەحمەت بێ) لەشاری مەدینەوە هات و لەتکریت پێی گەیشت. رێگەی دا کچەکەی بگوازێتەوە کە ئوم ئەلفەزڵ بوو. لەمالّی ئەحمەدی کوڕی یوسف کە لەسەر رۆخی دیجلە بوو، ئوم ئەلفەزڵ چووە لای و لەوێدا چووە لایەوە. لەڕۆژانی حەجدا بەژن و منداڵیەوە دەرچوو تاوەکو گەیشتە مەککە و پاشان هات و دابەزییە خانووەکەی لەمەدینە و لەوێدا مایەوە، پاشان ئەلمەئمون رێگەی موسڵی گرتەبەر تاوەکو گەیشتە مەنبەج و پاشان بۆ دابق و ئەنتاکیە و پاشان ئەلمەسیسە و پاشان لەوێوە دەرچوو بۆ تەرسوس و پاشان لەتەرسوسەوە لەنیوەی جەمادی یەکەمدا چووە ولاّتی رۆمەوە. ئەلعەباسی کوڕی ئەلمەئمون لەمەڵتییەوە رۆیشت و ئەلمەئمونیش دەستی گرت بەسەر قەڵایەکدا پێیدەوترا قوڕە و بەزەبری هێز فەتحی کرد و فرمانی دا بڕوخێنرێت، ئەوەش لەڕۆژی چوارشەممەدا بوو کە چوار رۆژ لەمانگی جەمادی یەکەمدا مابوو. پێش ئەوەش قەڵایەکی فەتحکردبوو پێیدەوترا قەڵای ماجیدە و منەتی کردە سەر خەڵکەکەی.

سالّی دووسەد و شانزە

لەو سالّەدا ئەلمەئمون پەلاماری خاکی رۆمی دا.

ئەلمەئمون لەموحەڕەمی ئەو سالّەدا هاتە میسر و عەبدوس ئەلفیهریی هێنرایە لای و لەگەردنی دا و ئینجا رۆیشت بۆ شام.

لەو ساڵەدا تـوفیلی فـەرمانڕەوای رۆم نامـەی بـۆ ئەلمـەئمون نـارد و تیایـدا داوای ئاشتەوایی کرد، بەخۆی نامەکەی نووسی و بەوەزیرێکی خۆیدا نارد و داوای ئاشتیی کرد و پێشنیاری کرد جیزیە دەدەن.

ساڵی دووسەد و هەژدە

خیلافەتی ئەبو ئیسحاق ئەلموعتەسەم موحەممەدی کوڕی هارون ئەلڕەشید

لەو ساڵەدا بەیعەتی خیلافـەت درا بەئـەبو ئیسـحاق موحەممـەدی کـوڕی هـارون ئەلڕەشیدی کوڕی موحەممەد ئەلمەهدی کـوڕی عبداللـە ئەلمەنسـور، ئـەو ڕۆژەش ڕۆژی پێنجشەممە بوو، دوانزە شەو لەمانگی ڕەجەبی ئەو ساڵە تێپەڕببوو. بـاس دەکرێـت کـە خەڵکیی ترسان لەسەرەنجامی ململانێی ئەلعەباسی کوڕی ئەلمەئمون لەگەڵیـدا لـەبارەی بوون بەخەلیفە، باش بوو کێشە ڕووی نەدا.

باس دەکرێت کە سەربازان ئالۆزی و هەرایان نایەوە کاتێك بەیعەتی خیلافـەت بەئـەبو ئیسحاق درا، داوایان لەئەلعەباس کرد و بەناوی خەلیفەوە بانگیـان کـرد. ئـەبو ئیسـحاق پەیامی بۆ ئەلعەباس نارد تاوەکو ئامادە بێ، ئامادە بوو بەیعەتی پێ دا، پاشان دەرچوو بۆلای سەربازان و وتی: ئەم سارددییە چییە! بەیعەتم بەمامم داوە و خیلافـەتم ڕادەسـتی کردووە، ئیتر سەربازەکانیش ئارام بوونەوە.

لـەو سـاڵەدا ئەلموعتەسـەم فرمـانی کـرد بەڕووخانـدنی ئـەوەی ئەلمـەئمون لەتوانـە دروستیکربوو، هەموو ئەوەی تێدا دانرابوو لەچەك و کەرەستە و ئەوەی توانای هەڵگرتنی بێ، گواستییەوە و ئەوەشی توانای گواستنەوەی نەبوو، سووتاندی.

لەو ساڵەدا ئەلموعتەسەم گەڕایەوە بەغدا و ئەلعەباسـی کـوڕی ئەلمەئمونیشـی لەگـەڵ بوو، هەردووکیان لەڕۆژی شەممەی سەرەتای ڕەمەزان گەیشتنە بەغدا.

لەسالّی دووسەد و نۆزدە

لەو سالّەدا موحەممەدی کوڕی ئەلقاسمی کوڕی عومەری کوڕی عەلی ئەلحوسێنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالّیب لەتالّقان لەخۆراسان دەرچوو بانگەوازی بۆ ئەلڕەزا کرد لەبنەمالّەی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، خەلّکێکی زۆر لای کۆبوونەوە و لەنێوان خۆی و فەرماندەکانی عبدالله‌ی کوڕی تاهیردا کۆمەلّێ شەڕ لەناوچەی تالّقان و چیاکانیدا رووی دا، خۆی و شوێنکەوتەکانی شکستیانهێنا و هەلّهات بەمەبەستی گەیشتنە هەندێ دێهاتی خۆراسان، چونکە خەلّکی ئەوێ نامەیان بۆ ناردبوو، کە گەیشتە بنسا و باوکی یەکێ لەوانەی لەگەلّیدا بوو لەگەلّیدا هات،ئەو پیاوەی کە خەلّکی نسا بوو لەگەلّیدا بوو رۆیشت بۆلای باوکی تاوەکو سەلامی لێ بکات. کە چاوی بەباوکی کەوت، هەوالّی پرسی. ئەویش هەوالّی پێ دا و ئەیانەوێ پەلامارێ فلاّنە دێهات بدەن، باوکی ئەو پیاوە رۆیشت بۆلای هەلّسورێنەری نسا و هەوالّی موحەممەدی کوڕی ئەلقاسمی پێ دا. باس دەکرێت کە هەلّسورێنەری نسا دە هەزار دیناری پێ داوە لەسەر ئەوەی شوێنی موحەممەدی کوڕی ئەلقاسمی بۆ ئاشکرا کردووە. هەلّسورێنەری کاروباری نسا هاتە سەر موحەممەدی کوڕی ئەلقاسم و دەستگیری کرد و قۆلّبەستی کرد و ناردی بۆلای عبدالله‌ی کوڕی تاهیر، عبداللەی کوڕی تاهیریش رەوانەی لای ئەلموعتەسەمی کرد، رۆژی دووشەممە کە چواردە شەو لەمانگی رەبیعی دووەم مابوو هێنرایە لای ئەلموعتەسەم. لەسامر لای مەسروری خزمەتکاری گەورە لەبەندیخانەیەکی بەرتەسکدا بەندی کرد. سێ باڵ بەدوو باڵ بوو. سێ رۆژ تیایدا مایەوە و پاشان خرایە شوێنێکی بەرفراوانتر، خۆراکی بۆ دابین کرا و کەسانێکی بۆ تەرخان کرا بیپارێزێن. کە شەوی جەژنی رەمەزان هات و خەلّکیی بەجەژن و پیرۆزباییەوە سەرقاڵ بوون، ئەوەی بەکارهێنا بۆ هەلّهاتن لەبەندیخانە، لەشەودا هەلّهات و لەسەرووی خانووەکەوە گوریسێکی بۆ هەلّدرا لەو رۆشناییەی لەنێو خانووەکەدا هەبوو، لەبەیانییدا کە خۆراکیان بۆ هێنا، زانییان هەلّهاتووە. ئەوترێ سەد هەزار کراوەتە دیاریی بۆ ئەو کەسەی ناونیشانی ئاشکرا دەکات. جارێدەر جارێ ئەوەی دا، بەلاّم هەوالّی نەبوو.

سالّی دوو سەد و بیست

لەو سالّەدا عوجەیف ئەلزەتیی هاتە بەغداوە و سەرکوتی خەلّکەکەی کرد، خەلّکەکەی داوای سەلامەتییان لێ کرد، ئەویش سەلامەتیی پێ دان، لەزی ئەلحیجەی دووسەد و نۆزدەدا هاتن بۆلای و داوای سەلامەتییان لێ کرد بۆ خوێن و سەروەت و سامانیان. وەك باس دەکرێت سەد و بیست و حەوت هەزار بوونە، دوانزە هەزاریان جەنگاوەر بوونە. عەجیف سەرژمێریی کردوون بیست و حەوت هەزاری ژن و پیاو بوونە، پاشان خستوونێتییە نێو کەشتی و بەلەمەوە و هێناونی تاوەکو لەزەعفەرانییە دایبەزاندبوون، هەر شوێنکەوتەیەکی دوو دینار دوو دینار دیاریی پێ دابوو،رۆژێك لەوێ هێشتنیەوە و پاشان بەشێوەی جەنگاوەریی خستنیە نێو بەلەمەکانیان و بۆقی و زوپنایان لەگەلّدابوو تاوەکو لەرۆژی عاشورای سالّی دووسەد و بیست هێنانییە بەغداوە، ئەلموعتەسەم لەشەماسییە لەبەلەمێکدا بوو پێیدەوترا ئەلزەو. زەتییەکان بەبۆقی و زوپناوە بەلایدا تێپەڕین. سێ رۆژ لەکەشتی و بەلەمەکانیاندا بوون پاشان پەڕاندنیەوە لای رۆژهەلّات و چوون بۆلای بیشری کوڕی ئەلسومەیدە، ئەویش بردنی بۆ خانەقین و پاشان رۆیشتن بۆ سەر سنوور لای عەین زەربە، لەوێدا رۆم پەلاماری دان و هیچ کەسێکیان رزگاری نەبوو.

سالّی دوو سەد و بیست و یەك

لەو سالّەدا شەڕی نێوان بابەك و بوغا ئەلکەبیر رووی دا لەهەشتادسر، بوغا شکستیهێنا و سەرباوگەکەی تالآن کرا. لەو سالّەدا فەرماندەیەکی بابەك کوژرا کە پێیدەوترا تەرخان.

لەو سالّەدا موحەممەدی کوڕی داوودی کوڕی عیسای کوڕی موسای کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عبداللەی کوڕی عەباس کە والیی مەککە بوو، سەرپەرشتیی حەجی ئەو سالّەی کردبوو.

سالّی دوو سەد و بیست و دوو

لەو سالّەدا ئەلموعتەسەم، جەعفەری کوڕی دینار ئەلخەیاتی وەك یارمەتیی نارده لای ئەلئەفشین. لەو سالّەدا شەڕ رووی دا لەنێو شوێنکەوتەکانی ئەلئەفشین و فەرماندەیەکی بابەك بەناوی ئازەدین.

لەو سالّەدا ئەلبەزی شاری بابەك فەتحکرا و موسلّمانەکان لەڕۆژی جومعەدا کە دە رۆژ لەمانگی رەمەزانی ئەو سالّە مابوو، رۆیشتنە نێو ئەو شارەوە.

لەو سالّە کە دە شەو لەمانگی شەوال تێپەڕببوو، لەنێوان بوزبارە و دیودادزدا، بابەك بەئەلئەفشین گەیشت.

ئەو سالّە موحەممەدی کوڕی داوود حەجی بەخەلّکیی کرد.

سالّی دوو سەد و بیست و سێ

لەو سالّەدا ئەلئەفشین هاتەسەر بابەك و براکەی.

لەو سالّەدا ئەلموعتەسەم بەشەڕکردنەوە رۆیشتە خاکی رۆمەوە.

ئەو سالّە موحەممەدی کوڕی داوود حەجی بەخەلّکیی کرد.

سالّی دوو سەد و بیست و چوار

لەو سالّەدا مازیاری کوڕی قارینی کوڕی وندادهر لەتەبرستان لەدژی ئەلموعتەسەم دەرچوو، شەڕی خەلّکی دەشت و دەر و شارەکانی ئەو ناوچەیەی کرد.

موحەممەدی کوڕی داوود سەرپەرشتیی حەجی ئەو سالّەی کرد.

سالّی دوو سەد و بیست و پێنج

لەموحەڕەمی ئەو سالّەدا ئەلوەرسانیی بەداوای سەلامەتیی هاتە لای ئەلموعتەسەم. لەو سالّەدا بوغا ئەلکەبیر هاتە سامەڕا. لەو سالّەدا ئەلموعتەسەم دەرچوو ئەلسین و ئەشناسی بەسەرپەرشتیار بەجێهێشت. لەو سالّەدا ئەلموعتەسەم ئەشناسی لەسەر کورسیی دانیشاند و لەو سالّەدا مەڕو مالاّتی هەلّگەڕاوانی سووتاند.

لەو ساڵەدا ئەلموعتەسەم لەئەلئەفشین تووڕە بوو، بەو هۆیەوە بەندی کرد.
موحەممەدی کوڕی داوود سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

ساڵی دوو سەد و بیست و شەش

لەو ساڵەدا ئەلئەفشین کۆچی دوایی کرد، کۆچکردنەکەشی لەمانگی شەعبانی ئەو ساڵە بوو.

موحەممەدی کوڕی داوود بەفرمانی ئەشناس حەجی ئەو ساڵەی سەرپەرشتییکرد و خودی ئەشناسیش حەجی کرد لەو ساڵەدا. بچووبایەتە هەر شارەدێیەکەوە، سەرپەشتیارێکی بۆ دیاریی دەکرد. ئەو بوو لەسەر مینبەری کوفەوە لەلایەن موحەممەدی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی عیسای کوڕی موسا دوعای بۆ کرا. لەسەر مینبەرەوە هارونی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەبو خالید ئەلمروروزیی بەخشی. موحەممەدی کوڕی ئەیوبی کوڕی جەعفەری کوڕی سولەیمان لەسەر مینبەری مەدینە بوو، موحەممەدی کوڕی داوودی کوڕی عیسای کوڕی موسا لەسەر مینبەری مەککە بوو.

ساڵی دوو سەد و بیست و حەوت

لەو ساڵەدا ئەلموعتەسەم کۆچی دوایی کرد، مردنەکەی لەڕۆژی پێنجشەممەدا بوو. وتراوە هەژدە شەو لەمانگی ڕەبیعی یەکەم تێپەڕیبوو، دوو کاتژمێری ڕۆژ تێپەڕیبوو کۆچی دوایی کرد.

خیلافەتی هارون ئەلواسیق ئەبو جەعفەر

لەو ڕۆژەی ئەلموعتەسەم کۆچی دوایی کرد،بەیعەت بەکوڕی ئەلموعتەسەم درا، کە هارون ئەلواسیقی کوڕی ئەلموعتەسەم بوو، ئەوەش لەڕۆژی چوارشەممەدا بوو کە هەشت شەو لەمانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی سەد و بیست و حەوت تێپەڕیبوو، هەڵگری کونیەی ئەبو جەعفەر بوو، دایکیشی ئوم وەلەدێکی ڕۆمیی بوو بەناوی قیراتیس. لەو ساڵەدا تۆفیلی پادشای ڕۆم مرد، پادشایەتییەکەی دوانزە ساڵ بوو،

لەدوای خۆیشی تەزورەی خێزانی و میخائیلی کوڕی کە میخائیلی کوڕی توفیل بوو بوونە پادشا، میخائیلی کوڕی منداڵ بوو. ئەو ساڵە جەعفەری کوڕی ئەلموعتەسەم سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد. دایکی ئەلواسیق لەگەڵیدا دەرچوو بەمەبەستی حەج، بەڵام لەحیرەدا کۆچی دوایی کرد کە چوار شەو لەمانگی زی ئەلقەعیدەی تێپەڕیبوو، لەکوفەدا نێژرا لەماڵی داوودی کوڕی عیسا.

ساڵی دوو سەد و بیست و هەشت

لەو ساڵە و لەمانگی رەمەزاندا ئەلواسیق دوو مەدالیای گەوهەرداری بەخشییە ئەشناس.

لەو ساڵە و لەماڵی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم ئەلموسڵی، ئەبو ئەلحەسەن ئەلمەدائینیی کۆچی دوایی کرد.

لەو ساڵەدا حەبیبی کوڕی ئەوس ئەلتائیی ئەبو تەمام ئەلشاعیر کۆچی دوایی کرد.

لەو ساڵەدا سولەیمانی کوڕی عبداللەی کوڕی تاهیر حەجی کرد.

لەو ساڵەدا لەڕێگەی مەککە نرخەکان زۆر بەرزبوونەوە، هەتا ئەوەی نرخی رەتڵێ نان گەیشتە درهەمێك و خەڵکیی لەعەرەفەدا تووشی گەرمایەکی سەخت هاتن، ئینجا بارانێکی بەلێزمە باری کە تەرزەی تێدا بوو، زیانی زۆریان بەرکەوت، لەیەك کاتژمێردا گەرمای سەخت و سەرمای سەخت، لەڕۆژی قوربانییدا بارانێکی ئەوەندە بەلێزمە باری کە نمونەی نەبینرابوو، پارچەیەك لەچیای لای عەقەبە کەوت و هەندێ حاجیی بەهۆیەوە مردن.

موحەممەدی کوڕی داوود سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

ساڵی دوو سەد و بیست و نۆ

لەو ساڵەدا ئەلواسیق باللە نووسەرانی دەستگیر کرد و ناچاری کردن پارە بدەن بەهۆی ئەو کارانەی کردبوویان. مافی بۆ خەڵکیی گێڕایەوە.

ئەو ساڵە موحەممەدی کوڕی داوود سەرپەرشتیی حەجی خەڵکیی کرد.

ساڵی دوو سەد و سی

لەو ساڵەدا ئەبو ئەلعەباس عبداللەی کوڕی تاهیر لەڕۆژی دووشەممەدا لەنیسابوور کۆچی دوایی کرد، یانزە شەو لەمانگی رەبیعی یەکەم تێپەڕیبوو، نۆ ڕۆژ لەدوای کۆچی دوایی ئەشناسی تورکی. لەدوای عبداللەی کوڕی تاهیر، ئەلواسیق هەڵسا هەموو دەسەلاتەکانی دایە تاهیری کوڕی.

ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی موسعەب ئەو ساڵە حەجی کرد، موحەممەدی کوڕی داوود سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

ساڵی دوو سەد و سی و یەک

لەو ساڵە و لەمانگی موحەڕەمدا لەسەر دەستی خاقان ئەلخادیم لەنێوان موسڵمانان و ڕۆمەکاندا ئاڵوگۆڕی دیل کرا، ژمارەی موسڵمانە دیلەکان وەک وتراوە: چوار هەزار و سێسەد و شەست و دوو کەس بووە.

موحەممەدی کوڕی داوودی کوڕی عیسا سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

ساڵی دوو سەد و سی و دوو

لەو ساڵەدا ئەلواسیق کۆچی دوایی کرد.

خیلافەتی جەعفەر ئەلموتەوەکیل عەلە اللە(علی الله)

بەیعەتی خیلافەت درا بەجەعفەر ئەلموتەوەکیل، کە جەعفەری کوڕی موحەممەدی کوڕی هارونی کوڕی موحەممەدی کوڕی عبداللەی کوڕی زی ئەلسسەفناتی کوڕی عەلی ئەلسەجادی کوڕی عبداللەی کوڕی ئەلعەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب بوو.

موحەممەدی کوڕی داوود حەجی ئەو ساڵەی بەخەڵکیی ئەنجام دا.

سالّی دوو سەد و سی و سێ

لەو ساڵەدا ئەلموتەوەکیل لەموحەممەدی کوڕی عەبدولمەلیك ئەلزیات تووڕە بوو، بەندی کرد.

لەو ساڵەدا ئەلموتەوەکیل هەڵسا موحەممەد ئەلمونتەسیری کردە والیی هەردوو حەرەم و یەمەن و تائیف.

لەو ساڵەدا یەحیای کوڕی هەرسەمە کە والیی رێگەی مەککە بوو، عەلی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی ئەلڕەزای کوڕی موسای کوڕی جەعفەری لەمەدینەوە هێنا بۆ مەککە.

لەو ساڵەدا میخائیل کوڕی تەوفیل دژی تەزورەی دایکی خۆی ڕاپەڕی و لەکڵێسەیەکدا بەندی کرد و لەغیسی کوشت، چونکە هەردووکیانی تۆمەتبار کرد، دایکی بۆ ماوەی شەش ساڵ فەرمانڕەوایی کرد. موحەممەدی کوڕی عەلی سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

سالّی دوو سەد و سی و چوار

لەو ساڵەدا ئەلموتەوەکیلی خەلیفە، حەمدەویهیی کوڕی عەلی کوڕی ئەلفەزڵ ئەلسەعدیی کردە والیی ئازەربێجان و لەسامەڕاوە ڕەوانەی ئەو ولاتەی کرد.

سالّی دوو سەد و سی و پێنج

لەو ساڵەدا ئیتاخ ئەلخەزەریی کوژرا.

موحەممەدی کوڕی داوود سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

سالّی دوو سەد و سی و شەش

لەو ساڵەدا موحەممەدی کوڕی ئیبراهیم کوڕی موسعەبی کوڕی زورەیق برای ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم لەفارس کوژرا.

لەو ساڵەدا موحەممەد ئەلمونتەسیر حەجی کرد و داپیرەی کە شوجاع دایکی ئەلموتەوەکیل بوو لەگەڵیدا حەجی کرد و ئەلموتەوەکیل بۆ نەجەف بەڕێیخست.

موحەممەدی کوڕی جەعفەر ئەلموتەوەکیل سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

ساڵی دوو سەد و سی و حەوت

لەو ساڵەدا خەڵکی ئەرمینیا دژ بەیوسفی کوڕی موحەممەد راپەڕین.

عەلی کوڕی عیسای کوڕی جەعفەری کوڕی ئەبو جەعفەر ئەلمەنسور کە والیی مەککە بوو، حەجی ئەو ساڵەی بەخەڵکیی کرد.

ساڵی دوو سەد و سی و هەشت

لەو ساڵەدا بوغا لەتەفلیسدا ئیسحاقی کوڕی ئیسماعیلی خزمەتکاری ئومەوییەکانی دەستگیر کرد و شاری تەفلیسیشی سووتاند.

عەلی کوڕی جەعفەری کوڕی ئەبو جەعفەر سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

ساڵی دوو سەد و سی و نۆ

لەو ساڵەدا ئەلموتەوەکیل بڕیاری دا لەمانگی موحەڕەمدا ئەهلی زیممە تەنیا ئیستر و گوێدرێژ بەکاربهێنن.

لەو ساڵە و لەجەمادی دووەمدا لەباب ئەلعامە فەرمانڕەوای ئەلسەناریە کوژرا.

ساڵی دوو سەد و چل

لەو ساڵەدا خەڵکی حیمس لەهەڵسوڕاوی کاروبارەکانیان راپەڕین.

لەو ساڵەدا عبداللەی کوڕی موحەممەدی کوڕی داوود سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

سالّی دوو سەد و چل و یەك

لەو سالّەدا خەلّکی حیمس بەهۆی خۆراکەوە لەموحەممەدی کوڕی عەبدەویعیی هەلّسوڕاو راپەڕین.

لەو سالّەدا وەك وتراوە هەزار قامچیی لەعیسای کوڕی جەعفەری کوڕی موحەممەدی کوڕی عاسمی دەسەلاّتداری خان دراوە لەبەغدا.

لەو سالّەدا لەنێوان موسلّمانەکان و رۆمدا ئالّوگۆڕی دیل کراوە.

عبداللەی کوڕی موحەممەدی کوڕی داوود سەرپەرشتیی حەجی ئەو سالّەی کردووە و جەعفەری کوڕی دیناریش کە والیی مەککە بووە، ئەو سالّە حەجی کردووە.

سالّی دوو سەد و چل و دوو

لەو سالّەدا ڕۆم لەڕووی شیمشاتەوە دەرچوو،ئەوەش لەدوای دەرچوونی عەلی کوڕی یەحیای ئەلئەرمەنییەوە بوو لەسائیفەدا تاوەکو نزیکی ئامەد بوونەوە، پاشان لەسنوور دەرچوون و کۆمەلّێ دێهاتیان تالاّن کرد و نزیکەی دە هەزار کەسیشیان دیل کرد. هاتنە ناوەوەیان لەڕووی ئەبریقەوە بوو دێیەکی قربیاس بوو، پاشان گەڕانەوە ولاّتەکەیان. قربیاس و عومەری کوڕی عبدالله ئەلئەقتەع و کۆمەلّێکی خۆبەخش بەدوایاندا دەرچوون و بەهیچ کەسێکیان نەگەیشتن.

سالّی دوو سەد و چل و سێ

لەو سالّەدا کە دە رۆژ لەمانگی زی ئەلقەعیدە مابوو، ئەلموتەوەکیل دەرچوو بەرەو دیمەشق.

لەو سالّەدا ئیبراهیمی کوڕی ئەلعەباس کۆچی دوایی کرد. لەو سالّە و لەمانگی زی ئەلحیجەدا هاشمی کوڕی بنجور کۆچی دوایی کرد. عەبدولسەمەدی کوڕی موسا سەرپەرشتیی حەجی ئەو سالّەی کرد، جەعفەری کوڕی دینار کە والیی ڕێگەی مەککە بوو، ئەو سالّە حەجی کرد.

سالّی دوو سەد و چل و چوار

لەو سالّە و لەمانگی سەفەردا ئەلموتەوەکیل چووە دیمەشقەوە، نەوەد و حەوت رۆژ و وتراوە حەفتا و حەوت رۆژ تیایدا ماوەتەوە و نیازی بووە لەوێ بمێنێتەوە و دیوانەکانی پادشایەتیی بۆ ئەوێ بگوازێتەوە و، فرمانی داوە کۆشك و تەلاری تیادا دروست بکرێت، بەلاّم تورکەکان بۆ خواردنی خۆیان و مالّ و منداڵیان کەوتوونەتە جولّە، ئەویش فرمانی داوە پشکیان پێ بدرێت بەجۆرێ پێی رازیی بن، پاشان لەو ولاّتەدا پەتا بلاّوبوویەوە بەهۆی هەوای سارد و هەڵکردنی رەشەبای سەخت و سارد لەعەسراندا و بوونی کێچی زۆر و ئەو سالّە نرخەکان زۆر بەرزبوونەوە و بەفریش رێگەکانی دادەخست.

عەبدولسەمەدی کوڕی موسا سەرپەرشتیی حەجی ئەو سالّەی کرد.

سالّی دوو سەد و چل و پێنج

لەو سالّەدا پادشای رۆم میخائیلی کوڕی توفیل دیلە موسڵمانەکانی ئازاد کرد و نێردەیەکی بەتەمەنی بەناوی ئەترو بیلیس بەحەفتا و حەوت پیاوی دیلی موسڵمانانەوە ناردەوە لای ئەلموتەوەکیل و ئازادبوونیانی کردە دیاریی و داوای کرد ئەلموتەوەکیلی خەلیفەش دیلەکانی ئەوان ئازاد بکات.

پێنج رۆژ لەمانگی سەفەر مابوو ئەو شاندەی پادشای رۆم گەیشت و دابەزیە لای شەنیفی خزمەتکار و پاشان ئەلموتەوەکیل، نەسری کوڕی ئەلئەزهەر ئەلشیعیی لەگەڵ نێردراوی پادشای رۆمدا نارد و لەسالّی دووسەد و چل و شەشدا دیلەکانی لای خۆی ئازاد کرد.

سالّی دوو سەد و چل و شەش

لەو سالّەدا عومەری کوڕی عبداللەی کوڕی ئەلئەقتەع پەلاماری سائیفەی ئەنجام دا، بەحەوت هەزار کەسەوە دەرچوو، قربیاسیش شەڕی کرد. ئەلفەزّلی کوڕی قارینیش

بەبیست کەشتییەوە شەڕی دەریایی کرد و قەڵای ئەنتاڵیای فەتحکرد. بلکاجۆریش پەلاماری دا. عەلی کوڕی یەحیای ئەلئەرمەنییش شەڕی سائیفەی ئەنجام دا.

ساڵی دوو سەد و چل و حەوت

لەو ساڵەدا ئەلموتەوەکیل کوژرا.

شەش شەو لەمانگی ربیعی دووەم تێپەڕیبوو، دایکی ئەلموتەوەکیل لەئەلجەعفەرییەدا مرد، ئەلمونتەسیر نوێژی لەسەر کرد و لای مزگەوتی(الجامع) نێژرا.

خیلافەتی ئەلمونتەسیر موحەممەدی کوڕی جەعفەر

لەو ساڵە و لەڕۆژی چوارشەممەدا کە چوار ڕۆژ لەمانگی شەوال تێپەڕیبوو، وتراوە سێ شەو، بەیعەتی بوون بەخەلیفە بەئەلمونتەسیر موحەممەدی کوڕی جەعفەر درا کە بیست و پێنج ساڵ تەمەنی بوو، کونیەی ئەبو جەعفەر بوو، لەئەلجەعفەرییەدا بەیعەتی پێ درا، لەدوای بەیعەت دە ڕۆژ لەوێ مایەوە، ئینجا بەخۆی و مااڵن و منداڵ و فەرماندە و سەربازانییەوە ڕۆیشت بۆ سامەڕا. لەشەوی چوارشەممەدا بەیعەتی پێ درا، هەندێك وتوویانە: کە بەیانیی زووی ڕۆژی چوارشەممە هات، خەڵکیی لەفەرماندە و نووسەر و گەورە پیاوان و سەربازان و ئەوانی تر لەئەلجەعفەرییە کۆبوونەوە، ئەحمەدی کوڕی ئەلخەسیب نووسراوێکی بۆیان خوێندەوە تیایدا هەواڵی دا لەبارەی ئەمیری ئیماندارانەوە، بەوەی ئەلفەتحی کوڕی خاقان جەعفەر ئەلموتەوەکیلی باوکی خەلیفەی کوشتووە و خەلیفەش لەتۆڵەیدا ئەوی کوشتووە. خەڵکیی بەیعەتیان دا و یەحیای کوڕی خاقانیش بەیعەتی دا و پاشان ڕۆیشت.

موحەممەد کوڕێ سولەیمان ئەلزەینەبیی سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

ساڵی دوو سەد و چل و هەشت

لەو ساڵەدا ئەلمونتەسیر، وەسیف ئەلتورکیی ڕاسپارد بۆ شەڕی سائیفە لەخاکی ڕۆم.

لەو ساڵەدا ئەلموعتەز و ئەلموئەیەد دەستبەرداری دەسەاڵت بوون.

لەو ساڵەدا ئەلمونتەسیر کۆچی دوایی کرد.

لەو ساڵەدا بەیعەتی خیلافەت درایە ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەلموعتەسەم، ئەلموستەعین و خاوەن کونیەی ئەبو ئەلعەباس.

موحەممەدی کوڕی سولەیمان ئەلزەینەبیی سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

ساڵی دوو سەد و چل و نۆ

لەو ساڵەدا جەعفەری کوڕی دینار پەلاماری سائیفەی ئەنجام دا و کۆمەڵێ قەڵا و شوێنی فەتحکرد. عومەری کوڕی عوبەیدوالله ئەلئەقتەع مۆڵەتی لێ خواست رێگەی بدات بچێتە خاکی رۆمەوە، ئەویش مۆڵەتی دا. عومەری کوڕی عوبەیدوالله بەخەڵکێکی زۆری خەڵکی مەڵتییەوە رۆیشت و لەشوێنێکدا کە پێیدەوترێت ئەرەز، پادشای رۆم بەسوپایەکی گەورەی رۆمەوە پێیگەیشت، شەڕێکی سەختیان کرد و هەردوولا زۆریان لێ کوژرا، رۆمەکان بەپەنجا هەزار کەسەوە دەورەیان لێیان دا، عومەر و دوو هەزار پیاوی موسڵمان کوژران، ئەوەش لەڕۆژی جومعەدا بوو لەنیوەی مانگی رەجەبدا.

ساڵی دوو سەد و پەنجا

لەو ساڵەدا یەحیای کوڕی عومەری کوڕی یەحیای کوڕی حوسێنی کوڕی زەیدی کوڕی عەلی کوڕی حوسێنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب(خوای لێ رازیی بێ) خاوەن کونیەی ئەبو ئەلحوسێن، لەکوفە دەرکەوت و لەوێدا کوژرا(خوای لێ رازیی بێ).

لەو ساڵەدا بەلکاجور پەلاماری سائیفەی ئەنجام دا.

جەعفەری کوڕی ئەلفەزڵ بشاشات کە والیی مەککە بوو، سەرپەرشتیی حەجی ئەو ساڵەی کرد.

ناساندن و بەرهەمەکانی دکتۆر / رجب محمود إبراهيم بخيت:

-لەپارێزگای بوحەیرە لەشاری ئیتای ئەلبارود،کۆماری میسری عەرەبی لەدایکبووە لەسالّی(١٣٩٣ك/١٩٧٣ز).

-لیسانسی بەدەستهێناوە(پسپۆڕی مێژوو)لەسالّی١٩٩٦ز و پاشان پسپۆڕیی لەتوێژینەوەی مێژوو و شارستانییەتی ئیسلامی و بڕوانامەی بالآی بەدەستهێناوە(پسپۆڕیی لەتوێژینەوەی مێژوو و شارستانییەتی ئیسلامی)لەسالّی١٩٩٦ز.

-ماستەری بەدەستهێناوە لەمێژوو و شارستانییەتی ئیسلامی(زۆرهەلاتی ئیسلامی-پسپۆڕیی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز)سالّی٢٠٠١ و ناونیشانی نامەکەی(التاريخ السياسي و الحضاري لإقليم الرحاب في صدر الإسلام١٧-١٣٢م(أرمينية-أران-أذربيجان).

-دکتۆرای بەدەستهێناوە لەمێژوو و شارستانییەتی ئیسلامی لەبەشی مێژوو(لقی مێژووی ئیسلامی) لەکۆلێژی ئاداب زانکۆی عەین شەمس لەسالّی٢٠٠٦ز، بەناونیشانی(مدينة أردبيل-تاريخها السياسي والحضاري من الفتح الإسلامي حتى نهاية العصر السياسي الأول:٢٢-٢٣٠هـ):

ئەمەی خوارەوەش بەشێك لەدانراو و کارەکانێتی:

ب	ناونیشانی کتێب	خانەی چاپ و بلاوکردنەوە
١	تاريخ دولة المماليك	دار الإيمان بالمنصورة
٢	تاريخ الدولة الأيوبية	دار الإيمان بالمنصورة
٣	الشيعة ..... التاريخ الكامل	دار الإيمان بالمنصورة
٤	تاريخ المغول	دار الإيمان بالمنصورة
٥	تاريخ الإسلام في الأندلس	دار الإيمان بالمنصورة
٦	الفتح الإسلامي لبلاد القوقاز	دار العلم والإيمان

٧	الفتح الإسلامي لأذربيجان	دار العلم والإيمان
٨	معارك فاصلة في التاريخ الإسلامي	دار الإيمان بالمنصورة
٩	سلاح المؤمن (الذكر والدعاء)	دار الإيمان بالمنصورة
١٠	شهداء العلماء	دار الإيمان بالمنصورة
١١	فاعتبروا يا أولي الأبصار	دار الإيمان بالمنصورة
١٢	الظالمون في الدنيا وكيف كان نهايتهم	دار الإيمان بالمنصورة
١٣	ماذا يعني حب النبي صلي الله عليه وسلم ؟	دار العلم والإيمان
١٤	مطالب الظالمين في الآخرة	دار الإيمان بالإسكندرية
١٥	مختصر سير أعلام النبلاء	دار الإيمان بالمنصورة
١٦	مختصر تاريخ الإسلام للذهبي	دار الإيمان بالمنصورة
١٧	مختصر المنتظم لابن الجوزي	دار الإيمان بالمنصورة
١٨	مختصر الطبقات الكبري لابن سعد	دار الإيمان بالمنصورة
١٩	مختصر النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة	دار الإيمان بالمنصورة
٢٠	مختصر السلوك في معرفة دول الملوك	دار الإيمان بالمنصورة
٢١	مختصر نفح الطيب للمقري	دار الإيمان بالمنصورة
٢٢	ألف حكمة وحكمة من حكم الحكماء ومواعظ الصالحين	دار الإيمان بالمنصورة
٢٣	١٠٠٠ قصة من حياة الأئمة الأربعة	دار الإيمان بالإسكندرية
٢٤	قصص ونوادر الأنام في الرؤي والأحلام	دار الإيمان بالمنصورة
٢٥	قصص ونوادر من حياة الطفيليين والبلاغيين والنحاة	دار الإيمان بالمنصورة
٢٦	قصص ونوادر من حياة البخلاء	دار الإيمان بالإسكندرية (تحت الطبع)
٢٧	مختصر تاريخ الطبري	دار الإيمان بالمنصورة
٢٨	مختصر وفيات الأعيات لابن خلكان	دار الإيمان بالمنصورة
٢٩	من مشاهير أعلام المسلمين	دار الإيمان بالمنصورة
٣٠	أعلام التابعين	دار الإيمان بالمنصورة
٣١	أعلام الفقهاء	دار الإيمان بالمنصورة

پێڕست

پێشەکی وەرگێڕ ٣
پێشەکی ٥
تەبەری و ژیانە زانستییەکەی ٨
دانراوەکانی تەبەری ٩
شێوازی لەنووسینەوەی کتێبدا ١١
ستایش و پیاهەڵدانی زانایان بۆ تەبەری: ١٣
کۆمەڵێ هەڵوێستە لەژیانی تەبەریدا ١٣
کۆچی دوایی کردنی ١٧
حەقیقەتی شیعەگەریی تەبەری ١٨
لەبەر رۆشنایی ئەوەی رایبوورد، دەتوانین ئەم ئەنجامانەی خوارەوە پوخت بکەینەوە ٢١
حەقیقەتی تۆمەتبارکردنی تەبەری بەوەی لەگێڕەرەوانی لاوازی تۆمەتبار لەلایەن زانایانی جەرح و تەعدیلەوە گواستووەتەوە، لەنمونەی ئەبو موخنەف و موحەممەدی کوڕی ئەلسائیب ئەلکەلبی و ئیبن هیشام و ئەوانی تر ٢٣
ئەبو موخنەف، لوگی کوڕی یەحیا(ك١٥٧ك) ٢٥
سەبارەت بەموحەممەدی کوڕی ئەلسائیب ئەلکەلبی(ك١٤٦ی کۆچی) ٢٦
سەبارەت بەئیبن هیشامی کوڕی ئەلسائیبی ئەلکەلبی(کۆچکردووی٢٠٤)ی کۆچی ٢٦
پوختەی قسە ٢٧
باسکردنی لەدایکبوونی پەیامبەری خوا(ﷺ) ٢٩
باسکردنی رەچەڵەکی پەیامبەری خوا(ﷺ)و باسکردنی هەندێ هەواڵی باوباپیرانی ٤٠
باسی هاوسەرگیریکردنی پەیامبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ خەدیجەدا(خوای لێ رازیی بێ) ٤٤
باسی هەواڵ و باسی پەیامبەری خوا(ﷺ)پێش بوونی بەپەیامبەر ٤٦
پلان و نەخشەی دوژمنەکانی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ پەیامبەر و بەڵگەی پەیامبەری خواش بۆ ناکۆکەکانی ٧٧
باسکردنی ئەو کاتەی کە مێژووی تێدا بەکارهێناوە ١١٧
باسکردنی ئەو کاروبارانەی لەیەکەم ساڵی کۆچییدا باسکراون ١١٨

پوختەی مێژووی تەبەری

وتاری پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) لەیەکەمین جومعەی لەمەدینەدا..... ۱۱۸
ساڵی دووەمی کۆچی..... ۱۲۵
پاشماوەی ئەو رووداوانەی لەساڵی دووەمی کۆچییدا رووبان دا..... ۱۳۰
باسی شەڕی گەورەی بەدر..... ۱۳۲
غەزوەی بەنو قینوقاع..... ۱۷۸
غەزای ئەلسەویق..... ۱۸۲
پاشان ساڵی سێی کۆچیی هات..... ۱۸۵
هەواڵی کەعبی کوڕی ئەشرەف..... ۱۸۵
غەزای ئەلقەردە..... ۱۸۹
کوژرانی ئەبو رافیعی جولەکە..... ۱۹۱
غەزای ئوحود..... ۱۹۷
باسکردنی ئەو رووداوانەی لەساڵی چوارەمی کۆچییدا رووبان داوە..... ۲۲۹
باسکردنی هەواڵ لەبارەی عەمری کوڕی ئومەییەی ئەلزەمری کە پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) رەوانەی کردبوو بۆ کوشتنی ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب:..... ۲۳٤
باسکردنی هەواڵی بیری مەعونە..... ۲۳۷
دەرکردنی بەنو نەزیر..... ۲٤۱
باسی غەزای ئەلسەویق کە غەزای دووەمی بەدر بوو پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئەنجامی دا بۆ چوونەسەر وەختی بەڵێنی ئەبو سوفیان:..... ۲٤۸
ساڵی پێنجەمی کۆچی..... ۲۵۱
باسێك لەبارەی غەزای خەندەقەوە..... ۲۵۲
غەزای بەنو قورەیزە..... ۲٦۸
باسکردنی ئەو رووداوانەی لەساڵی شەشی کۆچییدا رووبان داوە، غەزای بەنی لیحیان..... ۲۸۰
غەزای زی قەردە..... ۲۸۱
باسکردنی غەزای نەوەی ئەلموستەڵیق..... ۲۸۷
رووداوی ئیفك..... ۲۹۱
باسی ئەو عومرەیەی پەیامبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کە هاوبەش پەیداکەران ڕێگریبان لێکرد و بەسەرهاتی حودەیبییەی لێ دروستبوو..... ۲۹۵

پوختەی مێژووی تەبەری

باسکردنی رووداوەکانی سالّی حەوتی کۆچی ٣٢٧
غەزای خەیبەر ٣٢٧
باسکردنی غەزای پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ سەر وادی ئەلقورا ٣٣٤
پاشان سالّی هەشتەمی کۆچیی هات ٣٤٥
باسکردن لەبارەی غەزای مۆتەوە ٣٥٤
باس و هەوالّ لەبارەی فەتحی مەککەوە ٣٥٩
باسکردنی غەزوەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بۆ سەر هوازن لەحونەین ٣٧٧
پاشان سالّی نۆی کۆچیی هات ٤٠٠
باسێك لەبارەی غەزای تەبوکەوە ٤٠٥
پاشان سالّی دە هات ٤٢٨
شاندی نەوەی عامری کوڕی سەعسەعە ٤٤٢
باسێك لەبارەی حەجی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) ٤٥٧
باسێك لەبارەی ئەو نەخۆشکەوتنەی کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تیایدا کۆچی دوایی کرد و رووداوەکانی کەمێك پێش ئەوە ٤٥٧
پاشان سالّی یانزە هات ٤٥٨
باسی ئەو هەوالانەی لەبارەی ئەو رۆژەی پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تیایدا کۆچی دوایی کرد ٤٧١
باس و خواسی سەقیفە ٤٧٥
بەڕێخستنی سوپای ئوسامەی کوڕی زەید ٤٨٢
پاشماوەی باسی ئەلعەنسیی درۆزن ٤٨٤
باس و خواسی نەوەی تەمیم و کاری سەجاحی کچی ئەلحاریسی کوڕی سوەید ٤٩٧
باسی موسەیلەمەی درۆزن و قەومەکەی لەخەلّکی یەمامە ٥٠٢
سالّی دوانزەی کۆچی ٥١٦
پاشان سالّی سیانزە هات/ باسکردنی رووداوەکانی ئەو سالّە ٥٢٧
هەوالّی یەرموك ٥٢٨
بەخەلیفەبوونی عومەری کوڕی خەتاب(خوای لێ رازیی بێ) ٥٣٣
باس و خواسی قادسیە ٥٤٣

پاشان سالّی چواردە هات ٥٤٥
باسکردنی فەتحی بەیت ئەلمەقدیس ٥٥٤
پاشان سالّی شانزە هات ٥٥٧
رووداوەکانی سالّی هەژدە ٥٥٨
رووداوەکانی سالّی نۆزدە ٥٥٨
سالّی بیست و هەوالّی غەزای موسلّمانان لەو سالّەدا ٥٥٩
سالّی بیست و یەک ٥٥٩
سالّی بیست و دوو ٥٦٠
رووداوەکانی سالّی بیست و سێ ٥٦٠
چیرۆک و باسی راوێژ(شورا) ٥٦٠
سالّی بیست و چوار و رووداوە بەناوبانگەکانی ئەو سالّە ٥٦٥
سالّی بیست و پێنج و رووداوەکانی ئەو سالّە ٥٦٥
سالّی بیست و شەش و رووداوە بەناوبانگەکانی ئەو سالّە ٥٦٦
سالّی بیست و حەوت و رووداوە بەناوبانگەکانی ئەو سالّە ٥٦٧
رووداوەکانی بیست و هەشت و رووداوە بەناوبانگەکانی ئەو سالّە ٥٦٧
سالّی بیست و نۆ و رووداوە گەورەکانی ئەو سالّە ٥٦٧
سالّی سی و رووداوە بەناوبانگەکانی ئەو سالّە ٥٦٨
سالّی سی و یەک و رووداوە بەناوبانگەکانی ئەو سالّە ٥٦٩
جەنگی ئەلصواری ٥٦٩
باس و خواس لەبارەی ئەو دوو جەنگەوە ٥٦٩
سالّی سی و دوو، رووداوە دیارەکانی ئەو سالّە ٥٦٩
سالّی سی و سێ ٥٧٠
سالّی سی و چوار و رووداوە بەناوبانگەکانی ئەو سالّە ٥٧١
سالّی بیست و پێنج و رووداوەکانی ئەو سالّە ٥٧٧
باس و خواسی بەیعەتدان بە عەلی و ئەوانەی بەیعەتیان پێ دا ٥٧٧
سالّی سی و یەک ٥٨١
دەرچوونی عەلی بۆ ئەلرەبەزە بەمەبەستی گەیشتنە بەسرە ٥٨٤

هەوڵەکان و رووداوانی شەڕ..... ٥٨٥
بەئازاربوونی عەلی بۆ کوژراوانی جەمەل و ناشتنیان و کۆکردنەوەی ئەوەی لەسەربازگەکەدا هەبوون
و ناردنیان بۆ بەسرە ٥٨٧
چوونی عەلی بۆلای عائیشە و فرماندانی بەسزادانی هەرکەسێك قسەی بەعائیشە وتبێ ٥٨٨
دەرچوونی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بۆ صەفین..... ٥٨٩
ساڵی سی و حەوت و رووداوەکانی نێوان عەلی و موعاویە لەو ساڵەدا ٥٩٠
رووداوانی شەڕ..... ٥٩١
بەرزکردنەوەی قورئان و داوای ناوبژیوانیی ٥٩٢
جیابوونەوەی خەواریج لەعەلی و شوێنکەوتەکانی و دواتر گەڕانەوەیان..... ٥٩٣
ساڵی سی و هەشت و رووداوەکانی ئەو ساڵە ٥٩٥
ساڵی سی و نۆ و رووداوەکانی ئەو ساڵە ٥٩٥
ساڵی چل و رووداوەکانی ئەو ساڵە..... ٥٩٥
بەیعەتدان بەحەسەنی کوڕی عەلی ٥٩٥
ساڵی چل و یەك و رووداوەکانی ئەو ساڵە..... ٥٩٧
ساڵی چل و دوو، رووداوەکانی ئەو ساڵە ٥٩٧
ساڵی چل و سێ و رووداوەکانی ئەو ساڵە..... ٥٩٧
ساڵی چل و چوار و رووداوەکانی ئەو ساڵە..... ٥٩٨
ساڵی چل و پێنج و رووداوەکانی ئەو ساڵە..... ٥٩٨
ساڵی چل و شەش و رووداوەکانی..... ٥٩٨
ساڵی چل و حەوت و رووداوەکانی ٥٩٩
ساڵی چل و هەشت و رووداوەکانی ئەو ساڵە..... ٥٩٩
ساڵی چل و نۆ و رووداوەکانی ئەو ساڵە ٥٩٩
ساڵی پەنجا و رووداوەکانی..... ٦٠١
ساڵی پەنجا و یەك و رووداوەکانی ئەو ساڵە ٦٠٢
ساڵی پەنجا و دوو ٦٠٤
ساڵی پەنجا و سێ..... ٦٠٤
ساڵی پەنجا و چوار..... ٦٠٥

سالّی پەنجا و پێنج ٦٠٦
سالّی پەنجا و شەش ٦٠٦
سالّی پەنجا و حەوت ٦٠٧
سالّی پەنجا و هەشت ٦٠٧
سالّی پەنجا و نۆ ٦٠٨
سالّی شەستِ ٦٠٩
خیلافەتی یەزیدی کوڕی موعاویە ٦٠٩
سالّی شەست و یەك و رووداوەکانی ئەو سالّە ٦١٠
سالّی شەست و دوو ٦١٠
سالّی شەست و سێ و رووداوەکانی ئەو سالّە ٦١٠
سالّی شەست و چوار و سووتانی کەعبە ٦١٠
خیلافەتی موعاویەی کوڕی یەزید ٦١١
سالّی شەست و پێنج ٦١٢
سالّی شەست و شەش ٦١٣
سالّی شەست و حەوت ٦١٣
سالّی شەست و هەشت و رووداوە گەورەکانی ئەو سالّە ٦١٣
سالّی شەست و نۆ ٦١٤
سالّی حەفتا ٦١٥
سالّی حەفتا و یەك ٦١٥
سالّی حەفتا و دوو ٦١٥
سالّی حەفتا و سێ و رووداوی گەورەی ئەو سالّە ٦١٧
سالّی حەفتا و چوار ٦١٧
سالّی حەفتا و پێنج ٦١٧
سالّی حەفتا و شەش ٦١٨
سالّی حەفتا و حەوت ٦١٨
سالّی حەفتا و هەشت ٦١٨
سالّی حەفتا و نۆ ٦١٩

پوختەی مێژووی تەبەری

سالّی هەشتا ٦٢٠
سالّی هەشتا و یەك ٦٢٠
سالّی هەشتا و دوو ٦٢١
سالّی هەشتا و سێ ٦٢١
سالّی هەشتا و چوار ٦٢٢
سالّی هەشتا و پێنج ٦٢٣
سالّی هەشتا و شەش ٦٢٣
خیلافەتی ئەلوەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك ٦٢٣
سالّی هەشتا و حەوت ٦٢٤
سالّی هەشتا و هەشت ٦٢٥
سالّی هەشتا و نۆ ٦٢٦
سالّی نەوەد ٦٢٦
سالّی نەوەد و یەك و رووداوەکانی ٦٢٧
سالّی نەوەد و دوو، رووداوەکانی ئەو سالّە ٦٢٨
سالّی نەوەد و سێ و رووداوەکانی ئەو سالّە ٦٢٨
سالّی نەوەد و چوار ٦٢٩
سالّی نەوەد و پێنج ٦٢٩
سالّی نەوەد و شەش ٦٣٠
سالّی نەوەد و حەوت ٦٣١
سالّی نەوەد و هەشت و رووداوەکانی ئەو سالّە ٦٣١
سالّی نەوەد و نۆ و رووداوەکانی ئەو سالّە ٦٣٢
خیلافەتی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ٦٣٢
سالّی سەد ٦٣٢
خیلافەتی یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروا ٦٣٣
سالّی سەد و یەك ٦٣٣
سالّی سەد و سێ ٦٣٤
سالّی سەد و چوار ٦٣٥

سالّی سەد و پێنج ٦٣٥
خیلافەتی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك ٦٣٥
سالّی سەد و شەش ٦٣٦
سالّی سەد و حەوت ٦٣٧
سالّی سەد و هەشت ٦٣٧
سالّی سەد و نۆ ٦٣٧
سالّی سەد و دە ٦٣٨
سالّی سەد و یانزە ٦٣٨
سالّی سەد و دوانزە ٦٣٨
سالّی سەد و سیانزە ٦٣٩
سالّی سەد و چواردە ٦٤٠
سالّی سەد و پانزە ٦٤٠
سالّی سەد و شانزە ٦٤٠
سالّی سەد و حەڤدە ٦٤١
سالّی سەد و هەژدە ٦٤١
سالّی سەد و نۆزدە ٦٤٢
سالّی سەد و بیست ٦٤٢
سالّی سەد و بیست و یەك ٦٤٢
سالّی سەد و بیست و دوو ٦٤٣
سالّی سەد و بیست و پێنج ٦٤٤
سالّی سەد و بیست شەش و رووداوەکانی ئەو سالّە ٦٤٤
خیلافەتی ئەبو ئیسحاق ئیبراهیمی کوڕی ئەلوەلید ٦٤٤
سالّی سەد و بیست و حەوت ٦٤٤
خیلافەتی مەروانی کوڕی موحەممەد ٦٤٤
سالّی سەد و بیست و نۆ ٦٤٥
سالّی سەد و سی ٦٤٥
سالّی سەد و سی و یەك ٦٤٥

سالّی سەد و سیّ و دوو ٦٤٥
خیلافەتی ئەبو ئەلعەباس عبداللەی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عبداللەی کوڕی عەباس
..... ٦٤٦
سالّی سەد و سی و سیّ ٦٤٦
سالّی سەد و سی و چوار ٦٤٦
سالّی سەد و سی و پێنج ٦٤٧
سالّی سەد و سی و شەش ٦٤٧
خیلافەتی ئەبو جەعفەری ئەلمەنسور کە عبداللەی کوڕی موحەممەدە ٦٤٧
سالّی سەد و سی و حەوت ٦٤٧
سالّی سەد و سی و هەشت ٦٤٨
سالّی سەد و سی و نۆ ٦٤٨
سالّی سەد و چل ٦٤٩
سالّی سەد و چل یەک ٦٤٩
سالّی سەد و چل و دوو ٦٤٩
سالّی سەد و چل و سیّ ٦٥٠
سالّی سەد و چل و چوار ٦٥٠
سالّی سەد و چل و پێنج ٦٥١
سالّی سەد و چل و شەش ٦٥١
سالّی سەد و چل و حەوت ٦٥٢
سالّی سەد و چل و هەشت ٦٥٢
سالّی سەد و چل و نۆ ٦٥٢
سالّی سەد و پەنجا ٦٥٣
سالّی سەد و پەنجا و یەک ٦٥٣
سالّی سەد و پەنجا و دوو ٦٥٣
سالّی سەد و پەنجا و سیّ ٦٥٤
سالّی سەد و پەنجا و چوار ٦٥٤
سالّی سەد و پەنجا و پێنج ٦٥٥

پوختەی مێژووی تەبەری

سالّی سەد و پەنجا و شەش ٦٥٥
سالّی سەد و پەنجا و حەوت ٦٥٥
سالّی سەد و پەنجا و هەشت ٦٥٦
خیلافەتی ئەلمەهدی موحەممەدی کوڕی عبداللەی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عبداللەی
کوڕی ئەلعەباس ٦٥٦
سالّی سەد و پەنجا و نۆ ٦٥٧
سالّی سەد و شەست ٦٥٧
سالّی سەد و شەست و یەک ٦٥٨
سالّی سەد و شەست و دوو ٦٥٨
سالّی سەد و شەست و سێ ٦٥٩
سالّی سەد و شەست و پێنج ٦٥٩
سالّی سەد و شەست و شەش ٦٥٩
سالّی سەد و شەست و حەوت ٦٥٩
سالّی سەد و شەست و هەشت ٦٦٠
سالّی سەد و شەست و نۆ ٦٦٠
خیلافەتی هارون ئەلڕەشید ٦٦١
سالّی سەد و حەفتا و یەک ٦٦١
سالّی سەد و حەفتا و دوو ٦٦١
سالّی سەد و حەفتا و سێ ٦٦١
سالّی سەد و حەفتا و چوار ٦٦٢
سالّی سەد و حەفتا و پێنج ٦٦٢
سالّی سەد و حەفتا و شەش ٦٦٢
سالّی سەد و حەفتا و حەوت ٦٦٣
سالّی سەد و حەفتا و هەشت ٦٦٣
سالّی سەد و حەفتا و نۆ ٦٦٤
سالّی سەد و هەشتا ٦٦٤
سالّی سەد و هەشتا و یەک ٦٦٤

سالّی سەد و هەشتا و دوو..... ٦٦٥
سالّی سەد و هەشتا و سێ ٦٦٥
سالّی سەد و هەشتا و چوار ٦٦٦
سالّی سەد و هەشتا و پێنج ٦٦٦
سالّی سەد و هەشتا و شەش..... ٦٦٦
سالّی سەد و هەشتا و حەوت..... ٦٦٦
سالّی سەد و هەشتا و هەشت ٦٦٦
سالّی سەد و هەشتا و نۆ ٦٦٧
سالّی سەد و نەوەد..... ٦٦٧
سالّی سەد و نەوەد و یەك..... ٦٦٧
سالّی سەد و نەوەد و دوو ٦٦٨
سالّی سەد و نەوەد و سێ..... ٦٦٨
خیلافەتی ئەلئەمین..... ٦٦٨
سالّی سەد و نەوەد و چوار..... ٦٦٨
سالّی سەد و نەوەد و پێنج..... ٦٦٩
سالّی سەد و نەوەد و شەش..... ٦٦٩
سالّی سەد و نەوەد و حەوت ٦٦٩
سالّی سەد و نەوەد و هەشت..... ٦٧٠
خیلافەتی ئەلمەئمونی کوڕی هارون..... ٦٧٠
سالّی سەد و نەوەد و نۆ..... ٦٧٠
سالّی دووسەد..... ٦٧١
سالّی دووسەد و یەك ٦٧١
سالّی دووسەد و دوو..... ٦٧١
سالّی دووسەد و سێ ٦٧٢
سالّی دووسەد و چوار ٦٧٢
سالّی دووسەد و پێنج ٦٧٣
سالّی دووسەد و شەش ٦٧٣

پوختەی مێژووی تەبەری

سالّی دووسەد و حەوت ٦٧٣
سالّی دووسەد و هەشت ٦٧٤
سالّی دووسەد و نۆ ٦٧٤
سالّی دووسەد و دە ٦٧٤
سالّی دووسەد و یانزە ٦٧٥
سالّی دووسەد و دوانزە ٦٧٥
سالّی دووسەد و سیانزە ٦٧٥
سالّی دووسەد و چواردە ٦٧٥
سالّی دووسەد و پانزدە ٦٧٦
سالّی دووسەد و شانزە ٦٧٦
سالّی دووسەد و هەژدە ٦٧٧
خیلافەتی ئەبو ئیسحاق ئەلموعتەسەم موحەممەدی کوڕی هارون ئەلڕەشید ٦٧٧
لەسالّی دووسەد و نۆزدە ٦٧٨
سالّی دوو سەد و بیست ٦٧٩
سالّی دوو سەد و بیست و یەك ٦٧٩
سالّی دوو سەد و بیست و دوو ٦٨٠
سالّی دوو سەد و بیست و سێ ٦٨٠
سالّی دوو سەد و بیست و چوار ٦٨٠
سالّی دوو سەد و بیست و پێنج ٦٨٠
سالّی دوو سەد و بیست و شەش ٦٨١
سالّی دوو سەد و بیست و حەوت ٦٨١
خیلافەتی هارون ئەلواسیق ئەبو جەعفەر ٦٨١
سالّی دوو سەد و بیست و هەشت ٦٨٢
سالّی دوو سەد و بیست و نۆ ٦٨٢
سالّی دوو سەد و سی ٦٨٣
سالّی دوو سەد و سی و یەك ٦٨٣
سالّی دوو سەد و سی و دوو ٦٨٣

خیلافەتی جەعفەر ئەلموتەوەکیل عەلە اللە(علی الله) ٦٨٣
سالّی دوو سەد و سی و سێ ٦٨٤
سالّی دوو سەد و سی و چوار ٦٨٤
سالّی دوو سەد و سی و پێنج ٦٨٤
سالّی دوو سەد و سی و حەوت ٦٨٥
سالّی دوو سەد و سی و هەشت ٦٨٥
سالّی دوو سەد و سی و نۆ ٦٨٥
سالّی دوو سەد و چل ٦٨٥
سالّی دوو سەد و چل و یەك ٦٨٦
سالّی دوو سەد و چل و دوو ٦٨٦
سالّی دوو سەد و چل و سێ ٦٨٦
سالّی دوو سەد و چل و چوار ٦٨٧
سالّی دوو سەد و چل و پێنج ٦٨٧
سالّی دوو سەد و چل و شەش ٦٨٧
سالّی دوو سەد و چل و حەوت ٦٨٨
خیلافەتی ئەلموئتەسیر موحەممەدی کوڕی جەعفەر ٦٨٨
سالّی دوو سەد و چل و هەشت ٦٨٨
سالّی دوو سەد و چل و نۆ ٦٨٩
سالّی دوو سەد و پەنجا ٦٨٩
ناساندن و بەرهەمەکانی دکتۆر / رجب محمود إبراهیم بخیت ٦٩٠

لەم کتێبەدا:

* مێژووی تەبەری، سەرچاوەی هەموو ئەو کتێبە مێژووییانەیە کە سەربوورەی پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) و مێژووی هاوەڵانیان باس کردووە و دایکی کتێبەکانی مێژووی ئیسلامییە.

* پوختەی گێڕانەوە دروستەکان وەرگیراوە و خەونی ئیمام تەبەریی بەدیهێنراوە لە جیاکردنەوەی ڕاست و دروستیی هەواڵەکان.

* ناساندنێکی باش بۆ ئەو کەسانە کراوە کە هەواڵەکانی ئەو سەردەمانەیان لێ وەرگیراوە، خوێنەر بە بەرچاوڕوونییەوە تێکەڵ بەڕووداوەکان ئەبێت.

ناوەندی تیشک
سلێمانی: بازاڕی ئاوباریک / دوکانی ژمارە: ٦٩ - ٧٠
٠٧٧٠١٤٣٢١١٣ - ٠٧٥٠١١٧٨٦٨٠
13000
9 642024 000126